# کەمینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست
# کۆمەڵی کورد ١٩١٨-١٩٧٤

**بەرگی چوارەم: ١٩٦٨-١٩٧٤**

ئامادەکردنی

**ب. دەستانی**

وەرگێڕانی

**هیوا مەجید خەلیل**

**لە بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان**

**٢٠٢٤**

**ناوی کتێب**

کەمینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کۆمەڵی کورد،

بەرگی چوارەم: ١٩٦٨-١٩٧٤

**ئامادەکردنی:** ب. دەستانی

**وەرگێڕانی:** هیوا مەجید خەلیل

**دیزاینی بەرگ:** دیار سەعید شێخۆ پیرانی

**دیزاینی ناوەڕۆک:** هێما ئەحمەد شێخۆ

**سەرپەرشتی چاپ:** مستەفا نەجم فەیلی

**ساڵ و شوێنی چاپ:** هەولێر-٢٠٢٤

**چاپخانە:** دانیشفەڕ

**تیراژ:** ١٠٠٠

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٤١٩) ساڵی ٢٠٢٤ پێدراوە.**

# ناوەڕۆک


١. نووسراوێکی نهێنی بە ژمارە (1/2/IRQ) لەلایەن بەڕێز ئێچ. ست. ج. ب. ئارمیتاژ (Mr H. St. J. B. Armitage)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەیروت، بۆ بەڕێز د. مۆنتگۆمێری (Mr D. Montgomery)، بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٢٦ی شوبات ١٩٦٨، بە ناونیشانی ‹کورد-عێراق› لەبارەی چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ شەوکەت ئاکرەیی کەسایەتی نیشتمانیی کورد [FCO17/408].

٢. نووسراوێکی نهێنی بە ژمارە (1/2/IRQ) لەلایەن بەڕێز ئێچ. ست. ج. ب. ئارمیتاژ (Mr H. St. J. B. Armitage)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەیروت، بۆ بەڕێز د. مۆنتگۆمێری (Mr D. Montgomery)، بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ١١ ی ئادار١٩٦٨، بە ناونیشانی ‹کورد-عێراق› لەبارەی چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ شەوکەت ئاکرەیی کەسایەتی نیشتمانیی کورد [FCO17/408].

٣. نامەیەک لەلایەن نووسینگەی کاروباری دەرەوە بۆ بەڕێز ئە. م. پالیسێر (Mr A. M. Palliser)، نووسینگەی مستەعمەرات، ٢٢ی ئاداری ١٩٦٨؛ نامەی بەڕێز ج. عەلەمدار (Mr J. Alemdar)، سوید، باس لە چارەنووسی کورد لە سووریا دەکات؛ نامەیەک بە ناونیشانی ‹کورد لە سووریا› کە باس لە ڕاپۆرتێکی کوردە پەنابەرەکانی سوید دەکات لە ڕێکەوتی ١٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٧، بە ناونیشانی ‹قسەیەک لەسەر بارودۆخی کوردی سووریا›؛ پەرتوکێکی چاپکراوی عیسمەت شەریف وانلی بەناونیشانی «کێشەی کورد لە سووریا: پلانێک بۆ جینۆسایدکردنی کەمینەیەکی نەتەوەیی›، کە لەلایەن کۆمیتەی بەرگریکردن لە مافەکانی گەلی کورد لە کانوونی دووەمی ١٩٦٨ چاپکراوە. پاشکۆیەک بە ناونیشانی ‹بەڵگەنامەکان›: پاشکۆی (I): ڕاپۆرتێک لەسەر پلانی دروستکردنی کێڵگەی دەوڵەتی لە پارێزگای حەسەکە. پاشکۆی (II)، ڕاپۆرتێکی تایبەت لەسەر هەرێمی عەفرین. پاشکۆی (III): چاپەمەنییەکانی جیهان: کە تیشک دەخاتەسەر [باس لە کورد کردن لەم چاپەمەنییانەی خوارەوەدا]: ‹La Tribune de Genève› ٢٠-٢١ی مەی ١٩٦٧؛ ڕۆژنامەی ‹Yeni Gazete›ی تورکی، ١٠، ١١ و ١٤ی مەی ١٩٦٧، ڕۆژنامەی ‹Le Monde›ی پاریس،

١٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٧، ڕۆژنامەی ‹The Evening Standard›ی لەندەن، ١٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٧. هەروەها نامەیەک لەلایەن سکێرتێری شەخسی و سیاسی سەرۆک وەزیران بۆ بەڕێز ج عەلەمدار، سوید، بەبێ ڕێکەوت، سوپاسی نامەکەی عەلەمدار دەکات. یاداشتی نهێنی نووسینگەی کاروباری دەرەوە لەلایەن بەڕێز ئە. ر. مۆر (Mr A. R. Moore)، بۆ بەڕێز دێی (Mr Day)، ١٢ی ئاداری ١٩٦٨، بە ناونیشانی ‹کورد لە سووریا› [FCO17/699].

٤. نووسراوێکی نهێنی بە ژمارە (1/2/IRQ) لەلایەن بەڕێز ئێچ. ست. ج. ب. ئارمیتاژ (Mr H. St. J. B. Armitage)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەیروت، بۆ بەڕێز د. مۆنتگۆمێری (Mr D. Montgomery)، بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ١٠ی نیسانی ١٩٦٨، بە ناونیشانی ‹کورد-عێراق›، باس لە پەیوەندییەکی ئەمیر قاسمی، کە لە تاران نوێنەری مەلا مستەفا بارزانییە، نووسراوەکە تایبەتە بە بارودۆخی کورد لە عێراق [FCO17/408].

٥. نووسراوێکی نهێنی بە ژمارە (1/2/IRQ) لەلایەن بەڕێز ئێچ. ست. ج. ب. ئارمیتاژ (Mr H. St. J. B. Armitage)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەیروت، بۆ بەڕێز د. مۆنتگۆمێری (Mr D. Montgomery)، بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ١٧ی نیسانی ١٩٦٨، بە ناونیشانی ‹کورد-عێراق›، ڕاپۆرتێکی ڕادیۆ بەغدا لە ڕێکەوتی ١٣/١٢ی نیسانی ١٩٦٨ باس لە ڕووداوەکانی کوردستان دەکات [FCO17/408].

٦. نووسراوێکی نهێنی بە ژمارە (1/2/IRQ) لەلایەن بەڕێز ئێچ. ست. ج. ب. ئارمیتاژ (Mr H. St. J. B. Armitage)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەیروت، بۆ بەڕێز د. مۆنتگۆمێری (Mr D. Montgomery)، بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٢٥ی نیسانی ١٩٦٨، بە ناونیشانی ‹کورد-عێراق›، باس لە هێرشی حکومەتی [عێراق] بۆسەر بەتالیۆنێکی پێشمەرگە دەکات [FCO17/408].

٧. یاداشتێکی نهێنی لەلایەن بەڕێز ئێچ. ست. ج. ب. ئارمیتاژ (Mr H. St. J. B. Armitage)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەیروت، بۆ بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست،

نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، ٥ی ئابـی ١٩٦٨، بـە ناونیشـانی ‹کورد-عێـراق›، بـاس لەسـەردانی بابـا عەلـی شـێخ مەحمـود بـۆ ئەوروپـا دەکات؛ هەروەها باس لـەوە دەکات کـە گومانێکـی زۆر لەسـەر نیەتـی حکومەتـی ئێسـتای عێـراق هەیـە [FCO17/408].

٨. نووسراوێکی نهێنی بە ژمارە (٨/١) لەلایەن بەڕێز ئە. ئی. ساوندێر (Mr A. E. Saunders)، باڵیۆزخانـەی بەریتانیـا، بەغـدا، بـۆ بەڕێـز د. ج. مەکینسـۆن (Mr D. J. Makinson.)، بەشـی ڕۆژهەڵات، نووسـینگەی کاروباری دەرەوە، ٧ی ئابی ١٩٦٨، بە ناونیشـانی ‹کورد›، باس لە یاداشـتنامەیەکی (communiques) ئەنجوومەنی سـەرکردایەتی شـۆڕش دەکات لەبـارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشـەی کـورد [FCO17/408].

٩. یاداشـتێکی نهێنـی بـە ژمـارە (٦/١٢٥) لەلایـەن بەڕێـز ئـە. ب. یورویـک (Mr A. B. Urwick)، باڵیوزخانـەی بەریتانیـا، واشـنتن، بـۆ بەڕێـز د. مۆنتگۆمێـری، بەشـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، ١٣ی ئابـی ١٩٦٨، بەناونیشـانی ‹سـەردانی نوێنـەری کـوردی عێـراق بـۆ ویلایەتـە یەکگرتـووەکان› [FCO17/408].

١٠. نـووسراوی نهێنـی بـە ژمـارە (٣٨/٢) لەلایـەن بەڕێـز ج. ل.ی. سـاندێر (Mr J. L. Y Sanders)، باڵیـۆزی بەریتانیـا، بەیـروت، بـۆ بەڕێـز ئـە. ئـی. سـاوندێر (Mr A. E. Saunders)، بەغـدا، ١٧ی ئەیلوولـی ١٩٦٨، تایبەتـە بـە گفتوگـۆی نێـوان ئـەو و مەحمود بابـان لەسـەر دۆخـی ئێسـتای نێـوان عێـراق، میـسر و سـووریا [FCO17/408].

١١. نـووسراوی نهێنـی بـە ژمـارە (٦/١) لەلایـەن بەڕێـز پ. گ. د. ئادامـز (Mr P.G. D Adams)، باڵیۆزخانـەی بەریتانیـا، عەمـان، بـۆ بەڕێـز ئـە. ر. مـۆر (Mr A. R. Moore)، بەشـی ڕۆژهـەڵات، نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، بـە ناونیشـانی ‹کـورد›، بـە ڕێکەوتی ١٨ی ئەیلوولـی ١٩٦٨، تایبەتـە بـە گفتوگـۆی نێـوان ئـەوەی شـای ئـەردەن، شـا حسـێن، لەبـارەی داواکاری ژەنـەڕاڵ حەمـدان تکریتـی لـە شـا حسـین کـە ئێرانییـەکان هـان بـدات لەبـارەی پرسـی کوردسـتان باشـتر هەڵسـوکەوت بکـەن [FCO17/408].

١٢. پرۆفایلـی جـەلال تاڵەبانـی، سـەرۆکی باڵـی چەپـڕەوی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان (پ.د.ک)، ئەیلـوول [FCO17/408].

١٣. یاداشتی نهێنی نووسینگەی کاروباری دەرەوە لەلایەن بەڕێز مۆر، بەشی ڕۆژهەڵات لە ڕێکەوتی ٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٨، بۆ بەڕێز بۆرۆوز (Mr Burroughs) و سێر دێنیس ئالێن (Sir Denis Allen)، بە ناونیشانی ‹پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران: کوردستان›، هاوپێچ لەگەڵ نامەیەکی نهێنی (EQ3/1) لەلایەن سێر د. ئالێن بۆ بەڕێز ت. ئیڤانس (Mr T. Evans)، باڵیۆزی بەریتانیا، بەغدا، بەبێ ڕێکەوت، [FCO17/408]؛ یاداشتنامەیەکی نهێنی لەلایەن بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٨، بە ناونیشانی ‹کوردستان: ئێران و عێراق: هەڵوێستی بەریتانیا-هەڵوێستی فەرمی حکومەتی خاوەنشکۆ لەهەمبەر یاخیبوونی کورد› [FCO17/872].

١٤. نووسراوێکی نهێنی بە ژمارە (٨/١) لەلایەن بەڕێز ئە. ئێ. ساوندێر (Mr A. E. Saunders)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا، بۆ بەڕێز د. ج. مەکینسۆن (Mr D. J. Makinson)، بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٨، بە ناونیشانی ‹پرسی کورد›؛ یاداشتێکی نهێنی لە ڕێکەوتی ٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٨، بە ناونیشانی ‹پرسی کورد›، لەلایەن بەڕێز ت. ی. ئیڤانس (Mr T. E. Evans) باڵیۆزی بەریتانیا، تایبەتە بە گفتوگۆی نێوان ئەو و باباعەلی شێخ مەحمود و زیاد عوسمان لە ٣٠ی ئەیلوولی ١٩٦٨ [FCO17/408].

١٥. نووسراوی نهێنی بە ژمارە (EQ1/4) لەلایەن بەڕێز د. ج. مەکینسۆن (Mr D. J. Makinson)، بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، بۆ بەڕێز ج. ل. ی. ساوندێرس (Mr J. L. Y. Saunders)، بەیروت، ٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٨، بەناونیشانی ‹کورد›، کە بریتییە لە وەڵامی نووسراوی ژمارە (٣٨/٢)ی ١٧ی ئەیلوولی ١٩٦٨، بەڵگەنامەی ١٠، [FCO17/408].

١٦. نووسراوی نهێنی ژمارە (١٩/٤/٤) لەلایەن بەڕێز ج. دۆدس، (Mr J. Doddas)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، ئەنقەرە، بۆ بەڕێز ئۆ. م. ئۆبرێن (Mr O. M. O'Brein)، بەشی باشووری نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ١٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٨، بەناونیشانی ‹کاروباری کوردستان›، باس لە زنجیرەیەک وتار دەکات کە لەلایەن هۆلۆسی تۆرگۆت (Hulusi

Turgut) نووسراوە و لە ڕۆژنامەی ئاکشام (Aksam) بڵاوکراوەتەوە [FCO17/872].

١٧. نووسراوێکی نهێنی بە ژمارە (٨/١) لەلایەن بەڕێز ئە. ێ. ساوندێر (Mr A. E. Saunders)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا، بۆ بەڕێز د. ج. مەکینسۆن (Mr D. J. Makinson.)، بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ١٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٨، بە ناونیشانی ‹کورد›، باس لە ئاگادارکردنەوەی مەلامستەفا بارزانی بۆ حکومەتی عێراق دەکات [FCO17/872].

١٨. نامەیەک لەلایەن ئەمیر دکتۆر کامەران، ئە. بەدرخان، کە لەلایەن ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لە کوردستانی عێراق، بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک لە ڕێکەوتی ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٨ نێردراوە و داوا لە ناوبژیوانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چارەسەریی کێشەی کورد دەکات؛ یاداشتنامەیەک لەسەر پرسی کورد کە لە تشرینی دووەمی ١٩٦٨، ئاڕاستەی نەتەوە یەکگرتووەکان کراوە [FCO17/872].

١٩. نووسراوێکی نهێنی بە ژمارە (٨/١) لەلایەن بەڕێز پ. مەککێرنی (Mr P. McKearney) باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا، بۆ بەڕێز پ. ر. م. هینچکلیف (Mr. P. R. M Hinchcliffe) بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٤ی نیسان ١٩٦٩، بەناونیشانی «هێرشی عێراق بۆسەر کورد› [FCO17/872].

٢٠. نووسراوێکی نهێنی بە ژمارە (٨/١) لەلایەن بەڕێز پ. مەککێرنی (Mr P. McKearney) باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا، بۆ بەڕێز پ. ر. م. هینچکلیف (Mr. P. R. M Hinchcliffe) بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٥ی نیسان ١٩٦٩، بەناونیشانی «هێرشی عێراق بۆسەر کورد› [FCO17/872].

٢١. نووسراوێکی نهێنی بە ژمارە (٨/١) لەلایەن بەڕێز ج. ئێچ. سیامۆنس (Mr J. H. Symons) باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا، بۆ بەڕێز پ. ر. م. هینچکلیف (Mr. P. R. M Hinchcliffe) بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٦ی نیسان ١٩٦٩، بەناونیشانی «هێرشی عێراق بۆسەر کورد› [FCO17/1236].

٢٢. نامەیـەک لەلایـەن بەڕێـز د. ێ. ت. لـوارد (Mr D. E. T. Luard)، جێگـری وەزیـری کاروبـاری دەرەوە لـە پەرلەمـان، بـۆ بەڕێـز لان تانێـر (Mr Lan Tanner)، لیـدز، ٩ی کانوونـی دووەمـی ١٩٧٠، کـە وەڵامـی نامەیەکـی لـۆرد کالفۆنـت (Lord Chalfont) ی لـە ڕێکەوتـی ١٢ی کانوونـی یەکەمـی ی ١٩٦٩ داوەتـەوە کـە لەسـەر پرسـی کـورد بـووە لـە عێـراق [FCO17/1236].

٢٣. نامەیەکـی سـنووردار لەلایـەن بەڕێـز ج. ئێـچ. سـیامۆنس (Mr J. H. Symons) باڵیۆزخانـەی بەریتانیـا، بەغـدا، بـۆ بەڕێـز پ. ر. م. هینچکلیـف (Mr. P. R. M Hinchcliffe) بەشـی ڕۆژهەڵاتـی نزیـک، نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، ١٢ی کانوونـی دووەمـی ١٩٧٠، بەناونیشـانی «کێشـەی کـورد›› بـاس لـە دەنگـۆی پەیوەندیـی نێـوان حکومەتـی عێـراق و مەلامسـتەفا بارزانـی دەکات [FCO17/1236].

٢٤. وتارێـک لەلایـەن وای. پریماکـۆڤ (Y. Primakov) کـە لـە ٢٩ی کانوونـی دووەمـی ١٩٧٠ لـە پراڤـدا (Pravda) بـڵاو بووەتـەوە، بەناونیشـانی عێـراق: لـە دەروازەی بڕیارێکـی چارەنووسسـازدا›، [FCO17/1236].

٢٥. نامەیەکـی نهێنـی بـە ژمـارە (٤/١) لەلایـەن بەڕێـز ج. ئێـچ. سـیامۆنس (Mr J. H. Symons) باڵیۆزخانـەی بەریتانیـا، بەغـدا، بـۆ بەڕێـز پ. ر. م. هینچکلیـف (Mr. P. R. M Hinchcliffe) بەشـی ڕۆژهەڵاتـی نزیـک، نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، ٣١ی کانوونـی دووەمـی ١٩٧٠، بەناونیشـانی ‹کێشـەی کـورد› [FCO17/1236].

٢٦. یاداشـتی نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە بـۆ بـۆ بەڕێـز پ. ر. م. هینچکلیـف، لەلایـەن بەڕێـز ک. ئـە. بایشـۆپ (Mr K. A. Bishop)، بەشـی سـۆڤیەت (Soviet Section)، بەشـی توێژینـەوە، ٥ی شـوبات ١٩٧٠، بەناونیشـانی ‹عێـراق و پرسـی کـورد›، ئـەم نامەیـە هاوپێـچ نەکـراوە، تایبەتـە بـە وتـاری ی. پریماکـۆڤ کـە لـە ٢٩ی کانوونـی دووەمـی ١٩٧٠ لـە پراڤـدا (Pravda) بـڵاو بووەتـەوە [FCO17/1236].

٢٧. نامەیەکـی نهێنـی لەلایـەن بەڕێز ج. ئێـچ. سیامۆنس (Mr J. H. Symons) باڵیۆزخانەی بەریتانیـا، بەغـدا، بـۆ بەڕێـز پ. ر. م. هینچکلیـف (Mr. P. R. M Hinchcliffe) بەشـی

ڕۆژهەڵاتی نزیک، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٧ی شوباتی ١٩٧٠، بەناونیشانی «کێشەی کورد»» [یاداشتی بەڕێز د. هاولێی (Mr D. Hawley) کە تایبەت بوو بە گفتوگۆی نێوان ئەو و مەعروف عارف، هاوپێچ نەکراوە] [FCO17/1236].

٢٨. نامەیەکی نهێنی بە ژمارە (٤/١) لەلایەن بەڕێز ج. ئێچ. سیامۆنس (Mr J. H. Symons) باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا، بۆ بەڕێز پ. ر. م. هینچکلیف (Mr. P. R. M Hinchcliffe) بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٧ی ئاداری ١٩٧٠، بەناونیشانی «کێشەی کورد»» [FCO17/1236].

٢٩. نامەیەکی فەرمی (compliment slip) لەلایەن جێگری وەزیری کاروباری دەرەوە لە پەرلەمان، بۆ بەڕێز پ. ر. م. هینچکلیف، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ١٣ی ئاداری ١٩٧٠؛ تۆمارێکی نهێنی لە گفتوگۆی نێوان جێگری وەزیری کاروباری دەرەوە لە پەرلەمان لەگەڵ باڵیۆزی عێراق، کە لە ١٢ی ئاداری ١٩٧٠ لە نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس بەڕێوەچوو [وەرگێڕانی یاداشتنامەی ڕێککەوتنی نێوان کورد و حکومەتی بەغدا هاوپێچ نەکراوە] [FCO17/1236].

٣٠. کورتەیەک لەسەر ‹ڕاپۆرتێکی تایبەت› لە ڕۆژنامەی جیهانی عەرەب بە ناونیشانی ‹کۆتایی هاتنی کێشەی کورد لە عێراق››، ١٢ی ئاداری ١٩٧٠، «دوایین [هەواڵەکان] لەسەر چارەسەری کێشەی کورد: جێگری سەرۆک لە ڕێککەوتنێ نێوان پ.د.ک و بەعس، کورد پێنج وەزیریان دەبێت››، ١٣ی ئاداری ١٩٧٠، ‹دەگۆترێت ڕێککەوتننامەی نێوان [حکومەتی] و کوردی عێراق هەندێك مەرجی نهێنی تێدان، سەرژمێری لە ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت ‹، ١٣ی ئاداری ١٩٧٠، [FCO17/1236].

٣١. تەلەگرامێکی نهێنی بە ژمارە ٢٨٨، لەلایەن نووسینگەی کاروباری دەرەوە بۆ بەغدا، ١٦ی ئاداری ١٩٧٠، ناردنی پەیامێک بۆ حکومەتی عێراق لەبارەی کێشەی کورد [FCO17/1236].

٣٢. یاداشتێک لەلایەن بەڕێز ج. پ. تریپ (Mr J. P. Tripp)، بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک، ١٨ی ئاداری ١٩٧٠، کە بۆ وەزیری کاروباری دەرەوە نێردراوە تا لە کۆبوونەوەی

وەزارەت لـە ١٩ی ئـاداری ١٩٧٠ سـوودی لێوەربگرێـت؛ خاڵەکانـی گفتوگـۆی نهێنـی لەگـەڵ باکگراوندێـک لەسـەر چارەسـەری کێشـەی کـورد لـە نێوانـی کـورد و حکومەتـی عێراقـدا، بـە ناونیشـانی ‹عێـراق چارەسـەریی لەگـەڵ کـورد ڕاگەیانـد› [FCO17/1236].

٣٣. وتارێـک لەلایـەن ڤ. کودریاڤتسـێڤ (V. Kudryavtsev) کـە لـە ٢٣ی ئـاداری ١٩٧٠ لــە ئیزڤێســتا (Izvestia) بڵاوبووەتــەوە، بەناونیشــانی ‹کۆمــاری عــەرەب و کــورد] [FCO17/1237].

٣٤. نووسراوێکــی ســنووردار بــە ژمــارە (٦/١٨) لەلایــن بەڕێــز ر. ج. شــۆرت (Mr R. G. Short)، باڵیۆزخانــەی بەریتانیــا، ئەنقــەرە، بــۆ بەڕێــز پ. ر. فیێــرن (Mr P. R. Fearn)، بەشــی باکــووری ئەوروپــا، نووســینگەی کاروبــاری دەرەوە، ٢٥ی ئــاداری ١٩٧٠، بەناونیشــانی ‹ڕێککەوتنــی نێــوان کــورد و حکومەتــی عێــراق›، بــاس لــە بەرپەرچدانــەوەی تورکیــا بــۆ ڕێککەوتننامەکــە دەکات [FCO17/1237].

٣٥. ڕاپــۆرت و پوختەیەکــی نهێنــی بــە ژمــارە (٧٠/٢٣٤) لەلایــەن باڵیــۆزی بەریتانیــا لــە عێــراق، بەغــدا، بــۆ وەزیــری کاروبــاری دەرەوە و کۆمۆنوێلــس، ٢٧ی ئــاداری ١٩٧٠، بەناونیشــانی ‹چارەســەری حکومەتــی بەعــس لەگــەڵ کــورد›، وەرگێڕانێــک لــە ڕاگەیێنــدراوی ئەنجوومەنــی ســەرکردایەتی شــۆڕش لــە ١١ ی ئــاداری١٩٧٠، هاوپێچکــراوە [FCO17/1237].

٣٦. تەلەگرامێکــی نهێنــی بــە ژمــارە ٢٤٧، لەلایــەن بەغــدا بــۆ نووســینگەی کاروبــاری دەرەوە، ٣١ی ئــاداری ١٩٧٠، بــاس لــە کۆنفرانســێکی ڕۆژنامەوانــی ســەرۆک بەکــر لــە ٢٨ی ئــاداری ١٩٧٠ دەکات، کــە تیشــک دەخاتەســەر ئــەو بەرەوپێشــچوونانەی تــا ئێســتا لــە جێبەجێکردنــی بەیاننامــەی ١١ی ئــادار لەبــارەی چارەســەری کێشــەی کــورد بەدیهاتــوون [FCO17/1237].

٣٧. نــووسراوی ســنووردار لەلایــەن بەڕێــز ت. ل. ئــە داونــت (Mr T. L. A. Daunt) کۆمیســیۆنی بــاڵای بەریتانیــا، نیکۆســیا (Nicosia)، بــۆ بەڕێــز پ. ر. فیێــرن (Mr P. R. Fearn)، بەشــی باکــووری ئەوروپــا، نووســینگەی کاروبــاری دەرەوە، ١ی نیســان

١٩٧٠، داوای وردەکارییەکانی چارەسەرییەکەی نێوان حکومەتی عێراق و کورد دەکات [FCO17/1237].

٣٨. یاداشتنامەی نهێنی بە ژمارە (RR 6/14) لەلایەن بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەشی توێژینەوە، نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس، ٢ی نیسان. ١٩٧٠، بەناونیشانی ‹چارەسەری کێشەی کورد: بەراوردێک لە نێوان پێشنیازەکانی ساڵی ١٩٦٦ و ١٩٧٠›. پاشکۆیەک لەسەر: شیکردنەوەی پێشنیازەکانی ساڵی ١٩٧٠. یاداشتێکی سنووردار لەلایەن بەڕێز س. ل. ئیگێرتۆن (Mr S. L. Egeron) بۆ بەڕێز پاول (Mr Paul) لە ١٦ی ئاداری ١٩٧٠، بە ناونیشانی «کورد لە عێراقدا›، کە داوای شیکردنەوەی هەردوو بەیاننامەی ساڵی ١٩٦٦ و ١٩٧٠ی حکومەتەکای عێراق دەکات؛ هاوپێچ لەگەڵ تێبینییەکانی سەر ئەم دوو بەیاننامەیە [DCO51/147].

٣٩. یاداشتێکی زۆر نهێنی، بەناونیشانی ‹کورد›، لەلایەن بەڕێز س. ل. ئیگێرتۆن (Mr S. L. Egeron)، بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٢ی نیسان ١٩٧٠. ڕاپۆرتێکی زۆر نهێنی بەناونیشانی ‹عێراق: چارەسەریی لەگەڵ کورد ڕاگەیاند›، هەروەها بۆچوونی بەشی توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتی نزیک لەسەر چارەسەری نێوان حکومەتی عێراق و کوردی سەر بە بارزانی، ٢ی نیسان ١٩٧٠ [FCO17/1237].

٤٠. نامەیەکی نهێنی بە ژمارە (٤/١) لەلایەن بەڕێز ج. ئێچ. سیامۆنس (Mr J. H. Symons) باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا، بۆ بەڕێز پ. ر. م. هینچکلیف (Mr. P. R. M Hinchcliffe) بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٣ی ئاداری ١٩٧٠، بەناونیشانی «کێشەی کورد››، باس لەو خاڵانە دەکات کە لە کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانی سەرۆک بەکر لەسەر چارەسەری پرسی کورد وروژێنران [FCO17/1237].

٤١. هەڵێنجانی بەشێک لە ڕاپۆرتی جیهانی عەرەب (The Arab World)، ٣ی نیسان ١٩٧٠، بەناونیشانی ‹بارزانی گوتویەتی، کورد ملکەچی بڕیارەکانی حکومەت دەبن› [FCO17/1237].

٤٢. پوختەیەک لە ڕاپۆرتی ‹Middle East News Report› بە ژمارە (ME/3345/A/6)، ٣ی نیسان ١٩٧٠، [FCO17/1237].

٤٣. نووسراوێکی نهێنی بە ژمارە (NEQ 1/2)لەلایەن بەڕێز س. ل. ئیگێرتۆن (Mr S. L. Egerton)، بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، بۆ بەڕێز پ. مەککێرنی (Mr P. McKearney)، بەغدا، ٧ی نیسان ١٩٧٠، بەناونیشانی ‹چارسەری کورد›، پەیوەستە بە ڕاپۆرتێکی زۆر نهێنی بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک، ٢ی نیسان ١٩٧٠، بە ناونیشانی ‹عێراق: چارەسەری لەگەڵ کورد ڕاگەیاند›، [بەڵگەنامەی ژمارە ٣٩] [FCO17/1237].

٤٤. نووسراوێک لەلایەن بەڕێز ن. ئێچ. لیڤنگستۆن (Mr N. H. Livingston)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، مۆسکۆ، بۆ بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٨ی نیسان ١٩٧٠. وەرگێڕانی وتاری بەڕێز ی، بێلییێڤ (Mr I. Belyaev) و بەڕێز ێ. پریماکۆڤ (E. Primakov) کە لە پراڤدا لە ٦ی نیسان ١٩٧٠ بڵاوبووەتەوە، بە ناونیشانی ‹عێراق: سەرکەوتن بەسەر بەرەیەکی سەختدا›، [FCO17/1237].

٤٥. یاداشتی نووسینگەی کاروباری دەرەوە بۆ بەڕێز پ. ر. م. هینچکلیف (Mr. P. R. M Hinchcliffe)، لەلایەن بەڕێز ک. ئە. بایشۆپ (Mr K. A. Bishop)، بەشی توێژینەوە، بەشی سۆڤیەت، ٣٠ نیسان ١٩٧٠، بەناونیشانی ‹لێدوانی نوێنەری پارتی [دیموکراتی] کوردستان لە جەژنەکانی لینین لە مۆسکۆ› [FCO17/1237].

٤٦. ڕاپۆرتی نووسینگەی کاروباری دەرەوە، نیسان ١٩٧٠، بەناونیشانی ‹مۆسکۆ و کورد› [FCO17/1237].

٤٧. پوختەیەک لە ڕاپۆرتی ‹Middle East News Report› بە ژمارە (ME/3375/A/5)، ٨ی مەی ١٩٧٠، [FCO17/1237].

٤٨. پوختەیەکی نهێنی بە ژمارە (c(i) 5). یاداشتێکی نهێنی لەسەر قسە و باکگراوندی کۆبوونەوەی وەزیرانی سەنتۆ لە واشنتن، ١٤-١٥ی مەی ١٩٧٠ [FCO17/1237].

٤٩. نامەیەکی نهێنی بە ژمارە (٤/١) لەلایەن بەڕێز ج. ئێچ. سیامۆنس (Mr J. H.

Symons) باڵیۆزخانــەی بەریتانیــا، بەغــدا، بــۆ بەڕێــز پ. ر. م. هینچکلیــف (.Mr P. R. M Hinchcliffe) بەشــی ڕۆژهەڵاتــی نزیــک، نووســینگەی کاروبــاری دەرەوە، ١٣ی حوزەیرانــی ١٩٧٠، بەناونیشــانی «کێشــەی کــورد»، بــاس لــە پێشــکەوتنەکانی جێبەجێکردنــی ڕێککەوتنامــەی چارەســەری لەگــەڵ کــورد دەکات [FCO17/1237].

٥٠. یەکــەم: پوختەیــەک لەســەر ڕاپۆرتــی تایبەتــی هەواڵگریــی بەریتانیــا (British Intelligence Special Report)، بــێ ڕێکــەوت، بــە ناونیشــانی ‹پرســی کــورد›، دووەم: ١٧ی حوزەیرانــی ١٩٧٠، بەناونیشــانی ‹پێشــکەوتنەکانی باکــوور› [FCO17/1237].

٥١. نامەیەکــی نهێنــی بــە ژمــارە (٤/١) لەلایــەن بەڕێــز ج. ئێــچ. ســیامۆنس (.Mr J. H Symons) باڵیۆزخانــەی بەریتانیــا، بەغــدا، بــۆ بەڕێــز پ. ر. م. هینچکلیــف (.Mr. P R. M Hinchcliffe) بەشــی ڕۆژهەڵاتــی نزیــک، نووســینگەی کاروبــاری دەرەوە، ٢٧ی تەمــووزی ١٩٧٠، بەناونیشــانی «کــورد»، بــاس لــە کۆنگــرەی ٨ی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان دەکات [FCO17/1238].

٥٢. نامەیەکــی نهێنــی بــە ژمــارە (٤/١٣) لەلایــەن بەڕێــز م. ک. جێنێــر (.Mr M. K Jenner) باڵیۆزخانــەی بەریتانیــا، بەغــدا، بــۆ بەڕێــز پ. ر. م. هینچکلیــف (.Mr. P. R M Hinchcliffe) بەشــی ڕۆژهەڵاتــی نزیــک، نووســینگەی کاروبــاری دەرەوە، ٢٨ی ئەیلوولــی ١٩٧٠، بەناونیشــانی «چاپەمەنــی عێــراق»، بــاس لــە ناوەڕۆکــی ســەروتاری ڕۆژنامــەی کــوردی ئەلتەئاخــی دەکات، ئەنجوومەنــی نیشــتیمانی ئامــاژەی بــەوە کــردووە کــە دەســتوری کاتــی نــوێ هــەر یەکســەر لــە دوای ســەرژمێری جێبەجــێ دەکرێــت. بــاس لــە داخســتنی ١٠ قوتابخانــە لــە پارێــزگای نەینــەوا و بێــکاری لــە کوردســتان دەکات [FCO17/1238].

٥٣. نووسراوێکــی نهێنــی بــە ژمارە (٦/١٣) لەلایەن بەڕێز م. ک. جێنێـر (Mr M. K. Jenner) باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا، بۆ بەڕێز پ. ر. م. هینچکلیف (Mr. P. R. M Hinchcliffe) بەشـی ڕۆژهەڵاتـی نزیـک، نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، ٣ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٧٠، بەناونیشـانی ‹ڕەخنەگرتنی ڕۆژنامـەی ئەلتەئاخی لە حکومەت› [FCO17/1238].

٥٤. یاداشــتی زۆر نهێنــی نووســینگەی کاروبــاری دەرەوە کــە لەلایــەن بەڕێــز پ. ر. م. هینچکلیــف (Mr. P. R. M Hinchcliffe) نــووسراوە، ١٣ی تشرینــی یەکەمــی ١٩٧٠، بەناونیشــانی ‹کــوردی عێــراق›، پەیوەســتە بــە دواخســتنی ئەنجامدانــی ســەرژمێری لــە کوردســتانی عێــراق ئامــاژە بــەوەی کــە ڕێککەوتنــی ١١ ی ئــادار لــە نێــوان کــورد و حکومەتــی عێــراق، ڕووبــەڕووی ئاســتەنگی جیــددی بووەتــەوە [FCO17/1238].

٥٥. نــووسراوی نهێنــی بــە ژمــارە (١٢/١) لەلایــەن بەڕێز ئــە. س. د. س. مەکرێــی (Mr A. C. D. S. MacRea) باڵیۆزخانــەی بەریتانیــا، بەغــدا، بــۆ بەڕێــز پ. ر. م. هینچکلیــف (Mr. P. R. M Hinchcliffe) بەشــی ڕۆژهەڵاتــی نزیــک، نووســینگەی کاروبــاری دەرەوە، ١٤ی تشرینــی دووەمــی ١٩٧٠، بەناونیشــانی ‹یاســای ئەنجوومەنــی نیشــتیمانی›، بــاس لــەوە دەکات کــە حاڵیحــازر کۆمیتــەی دادوەری ســەر بــە ئەنجوومەنــی ســەرکردایەتی شــۆڕش خەریکــی نووســینی یاســای ئەنجوومەنــی نیشــتیمانییە [FCO17/1238].

٥٦. ڕاپــۆرت و پوختەیەکــی نهێنــی بــە ژمــارە (٧٠/٥١٣) لەلایــەن باڵیــۆزی بەریتانیــا لــە عێــراق، بەغــدا، بــۆ وەزیــری کاروبــاری دەرەوە و کۆمۆنوێلــس، ١٣ی تشرینــی دووەمــی ١٩٧٠، بەناونیشــانی ‹هەڵســەنگاندنەوەی چارەســەری [کێشــەی] کــورد›، [FCO17/1238].

٥٧. یاداشــتێکی نهێنــی بــۆ ســیر پ. ئادامــز (Sir P. Adams)، لەلایەن بەڕێــز س. ل. ئیگرتۆن (Mr S. L. Egerton)، بەشــی ڕۆژهەڵاتــی نزیــک، نووســینگەی کاروبــاری دەرەوە، ٢٤ی تشرینــی دووەمــی ١٩٧٤، بەناونیشــانی ‹عێراق و کــورد› [FCO17/1238].

٥٨. یاداشــتێکی نهێنــی لەلایــەن ســیر پ. ئادامــز (Sir P. Adams)، بــۆ بەڕێــز ئێــچ. ج. بالفۆر-پــاول (Mr H. G. Balfour-Paul)، بەغــدا، بەشــی ڕۆژهەڵاتــی نزیــک، نووســینگەی کاروبــاری دەرەوە، ٢٦ی تشرینــی دووەمــی ١٩٧٤، بەناونیشــانی ‹دووبــارە هەڵســەنگاندنەوەی چارەســەری [کێشــەی] کــورد›، لەبــارەی ڕاپۆرتەکــەی ١٣ی تشرینــی دووەمــی، [بەڵگەنامــەی ٥٦] [FCO17/1238].

٥٩. ڕاپۆرتێکــی نهێنــی لەلایــەن بەڕێــز د. ف. هاولێــی (Mr D. F. Hawley)، ڕاوێــژکاری

بازرگانی، ١٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٠، باس لە گەشتێک بۆ پارێزگاکانی باکوور دەکات، ٢١-٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩٧٤ [FCO17/1238].

٦٠. نووسراوی نهێنی بە ژمارە (٤/١) لەلایەن بەڕێز ئە. س. د. س. مەکرێی (Mr A. C. D. S. MacRea) باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا، بۆ بەڕێز پ. ر. م. هینچکلیف (Mr. P. R. M Hinchcliffe) بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ١١ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٠. یاداشتێکی نهێنی لەلایەن ئێچ. ج. بالفۆر-پاول (Mr H. G. Balfour-Paul)، لەبارەی پەیوەندییەکەی لەگەڵ وەزیرە کوردەکەی کاروباری باکوور، کانوونی یەکەمی ١٩٧٠، [FCO17/1238].

٦١. نووسراوێکی سنووردار بە ژمارە (٤/١) لەلایەن بەڕێز م. ک. جێنێر (Mr M. K. Jenner) باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا، بۆ بەڕێز پ. ر. م. هینچکلیف (Mr. P. R. M Hinchcliffe) بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ١٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٠، پەیوەستە بە هێرشکردنە سەر سەرکردەیەکی کورد بە ناوی حەمید بەرواری [FCO17/1238].

٦٢. یاداشتێکی نهێنی نووسینگەی کاروباری دەرەوە بۆ بەڕێز ئێلوێل (Mr Elwell) و بەڕێز داکێر (Mr Ducker) لەلایەن بەڕێز پ. ر. م. هینچکلیف (Mr. P. R. M Hinchcliffe) بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ١٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٠، بەناونیشانی ‹یارمەتیدان بۆ دووبارە بونیاتنانەوەی کوردستان›، [نامەکەی بەڕێز مەکرێی هاوپێچ نەکراوە] [FCO17/1238].

٦٣. نووسراوێکی نهێنی لەلایەن بەڕێز ی. مەککلۆنی (Mr I. McCluney)، باڵیۆزی بەریتانیا، کوێت، بۆ بەڕێز ج. س. بۆرتن (Mr G. S. Burton)، بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٨ی ئایاری ١٩٧٣، تایبەتە بە بارودۆخی باکووری عێراق [FCO8/2092].

٦٤. نووسراوێکی سنووردار لەلایەن بەڕێز ی. مەککلۆنی (Mr I. McCluney)، بەشی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا، باڵیۆزخانەی پاشایەتی سوید، بەغدا، بۆ بەڕێز ج. س.

بۆرتـن (Mr G. S. Burton)، بەشـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، ٢٨ی حوزەیرانـی ١٩٧٣، بەناونیشـانی ‹کورد-عێـراق›، بـاس لـە پێکدادانـی نێـوان بەعـس و کـورد دەکات. وتارێکـی بەڕێـز هۆگلەنـد (Mr Hoagland) کـە تایبەتـە بـە چاوپێکەوتنێـک لەگـەڵ ژەنـەڕاڵ بارزانـی، بەبـێ ڕێککـەوت، بـە ناونیشـانی ‹ئەگـەر ڕێککەوتـن لەگـەڵ حکومەتـی عێـراق هەڵبوەشـێتەوە، کـورد ئامـادەی دووبـارە شـەڕکردنن›. پشـتگوێ خسـتنی وتارێکـی هۆگلەنـد لەلایـەن پارتـی شۆڕشـگێڕی کـورد، ٢٦ی حوزەیرانـی ١٩٧٣ [FCO8/2092].

٦٥. تەلەگرامـی سـنووردار بـە ژمـارە ٣٣٣، لەلایـەن نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە بـۆ تـاران، ٢ی تەمـووزی ١٩٧٣، بـاس لـە شـەڕی نێـوان کـورد و هێزەکانـی حکومەتـی عێـراق دەکات [FCO8/2092].

٦٦. تەلەگرامـی سـنووردار بـە ژمـارە ٥٥٢، لەلایـەن تـاران بـۆ نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، ٩ی حوزەیرانـی ١٩٧٣، بـاس لـە ڕاپۆرتـی ڕۆژنامـەکان لەسـەر شـەڕی نێـوان کـورد و هێزەکانـی حکومەتـی عێـراق دەکات [FCO8/2092].

٦٧. نووسراوێکـی سـنووردار لەلایـەن بەڕێـز ی. مەککلۆنـی (Mr I. McCluney)، بەشـی بەرژەوەندییەکانـی بەریتانیـا، باڵیۆزخانـەی پاشـایەتی سـوید، بەغـدا، بـۆ بەڕێـز ج. س. بۆرتـن (Mr G. S. Burton)، بەشـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، ٦ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٧٣، بەناونیشـانی ‹ئۆتۆنۆمـی بـۆ کـورد›. وتارێکـی ڕۆژنامـەی جیهانـی عـەرەب، ١٤ی ئەیلوولـی ١٩٧٣ بەناونیشـانی ‹ئایـا کـوردی عێـراق بـەرەو جیابوونـەوە دەڕۆن؟› [FCO8/2092].

٦٨. نووسراوێکـی سـنووردار لەلایـەن بەڕێـز ی. مەککلۆنـی (Mr I. McCluney)، بەشـی بەرژەوەندییەکانـی بەریتانیـا، باڵیۆزخانـەی پاشـایەتی سـوید، بەغـدا، بـۆ بەڕێـز ج. س. بۆرتـن (Mr G. S. Burton)، بەشـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، ٢٠ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٧٣، بەناونیشـانی ‹عێراق-کـورد›، بـاس لـە هەوڵەکانـی حکومەتـی بەغـدا دەکات بـۆ دۆزینـەوەی بنەمایـەک بـۆ ئۆتۆنۆمـی کـورد

کـە لـە ئـاداری ١٩٧٤ ڕاگەیێنـدرا. وەرگێڕانـی وتارێکـی ڕۆژنامـەی ئەلتەئاخـی، ١٦ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٧٣، بەناونیشـانی ‹ڕەشنووسـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـۆ خود-موختـاری[FCO8/2092] .

٦٩. نـووسراوی ژمـارە (٢/١) لەلایـەن بەڕێـز ی. مەککلۆنـی (Mr I. McCluney)، بەشـی بەرژەوەندییەکانـی بەریتانیـا، باڵیۆزخانـەی پاشـایەتی سـوید، بەغـدا، بـۆ بەڕێـز ج. س. بۆرتن (Mr G. S. Burton)، بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ١٩ی کانوونـی دووەمـی ١٩٧٤، بەناونیشـانی ‹کـورد و کۆمۆنیسـتەکان› [FCO8/2307].

٧٠. نـووسراوی ژمـارە (٢/١) لەلایـەن بەڕێـز ی. مەککلۆنـی (Mr I. McCluney)، بەشـی بەرژەوەندییەکانـی بەریتانیـا، باڵیۆزخانـەی پاشـایەتی سـوید، بەغـدا، بـۆ بەڕێـز ج. س. بۆرتـن (Mr G. S. Burton)، بەشـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، ٥ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٧٣، بەناونیشـانی ‹عێراق-کـورد›، تایبـەت بـە پرسـی ئۆتۆنۆمـی بـۆ کـورد [FCO8/2307].

٧١. نووسراوێکـی نهێنـی لەلایـەن بەڕێـز ی. مەککلۆنـی (Mr I. McCluney)، باڵیۆزخانـەی بەریتانیـا، کوێـت، بـۆ بەڕێـز ج. س. بۆرتـن (Mr G. S. Burton)، بەشـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، ١٣ی شـوباتی ١٩٧٤، بەناونیشـانی [ئاسـۆی ئۆتۆنۆمـی کـورد› [FCO8/2307].

٧٢. نووسراوێکـی سـنووردار بـە ژمـارە (٤/٣)، لەلایـەن بەڕێـز ی. مەککلۆنـی (Mr I. McCluney)، بەشـی بەرژەوەندییەکانـی بەریتانیـا، باڵیۆزخانـەی پاشـایەتی سـوید، بەغـدا، بـۆ بەڕێـز ج. س. بۆرتـن (Mr G. S. Burton)، بەشـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، ٤ی ئـاداری ١٩٧٤، بەناونیشـانی ‹عێراق-کـورد›، بـاس لـە ڕاگەیاندنێـک لـە بەغـدا دەکات گوایـە دوایـن فۆڕمـی ئۆتۆنۆمـی بـۆ ناوچـە کوردییـەکان لـە کۆبونەوەیەکـدا داڕێـژراوە و بـۆ بەیاسـاییکردنی بـۆ ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی شـۆڕش نێـردراوە [FCO8/2307].

٧٣. نووسراوێکـی سـنووردار لەلایـەن بەڕێـز ی. مەککلۆنـی (Mr I. McCluney)، بەشـی

بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا، باڵیۆزخانەی پاشایەتی سوید، بەغدا، بۆ بۆ بەڕێز ج. س. بۆرتن (Mr G. S. Burton)، بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ١٠ی ئاداری ١٩٧٤، بەناونیشانی ‹ئۆتۆنۆمی کورد›، وەرگێڕانی وتارێکی ڕۆژنامەی ئەلسەورە. ١٠ی ئاداری ١٩٧٤، باس لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی باڵای بەرەی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز دەکات بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی یاسای ئۆتۆنۆمی لە کوردستان [FCO8/2307].

٧٤. نووسراوێکی سنووردار لەلایەن بەڕێز ی. مەککلۆنی (Mr I. McCluney)، بەشی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا، باڵیۆزخانەی پاشایەتی سوید، بەغدا، بۆ بەڕێز ج. س. بۆرتن (Mr G. S. Burton)، بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ١٢ی ئاداری ١٩٧٤، بەناونیشانی ‹ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان› [FCO8/2307].

٧٥. ڕاپۆرتێکی ئاژانسی هەواڵی عێراق (Iraq News Agency) ١٢ی ئاداری ١٩٧٤، باس لە تەلەگرامی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات کە پەیوەست بە ڕاگەیاندنی یاسای خود-حوکمڕانی بۆ کوردستان بۆ سەرۆک ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر نێردراوە [FCO8/2307].

٧٦. وتارێکی پاڤێل دێمچێنکۆ (Pavel Demchenk) لە ١٤ی ئاداری ١٩٧٤ لە پراڤدا بڵاوبووەتەوە، بە ناونیشانی ‹ئۆتۆنۆمی بۆ کوردی عێراق› [FCO8/2307].

٧٧. تەلەگرامێکی سنووردار بە ژمارە ٠٨٠، لەلایەن بەغدا بۆ نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ١٦ی ئاداری ١٩٧٤، بە ناونیشانی«کێشەی کورد»[FCO8/2307] (Kurdish Trouble) .

٧٨. نووسراوێکی سنووردار بە ژمارە (٢/١)، لەلایەن بەڕێز ی. مەککلۆنی (Mr I. McCluney)، بەشی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا، باڵیۆزخانەی پاشایەتی سوید، بەغدا، بۆ بەڕێز ج. س. بۆرتن (Mr G. S. Burton)، بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ١٨ی ئاداری ١٩٧٤، بەناونیشانی ‹کوردی عێراق›. ڕاپۆرتێکی نهێنی لە ئاژانسی هەواڵی عێراق لە ١٢ی ئاداری ١٩٧٤، بڵاو بووەتەوە؛ بە ناونیشانی ‹ ١٥ ڕۆژ مۆڵەت بە نوێنەرانی پ.د.ک دراوە بچنە ناو بەرەی نیشتیمانی و پابەندی یاسای ئۆتۆنۆمی بن›، [FCO8/2307].

٧٩. نووسراوی نهێنی بە ژمارە (DA/40) لەلایەن لیوا ئێچ. ئێچ. م. مارستۆن (H. H. M Marston) بۆ سەرۆکی فرۆکەوانی ئە. ئ. شێفێرد (Sq Ldr A. E. Shepherd)، وەزارەتی بەرگری، ١٩ی ئاداری ١٩٧٤، باس لەو ڕێکارانە دەکات کە حکومەتی تورکیا بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لە ئەگەری کشانەوەی کورد لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا گرتووەتەبەر [FCO8/2307].

٨٠. نووسراوێکی سنووردار بە ژمارە (٢/١)، لەلایەن بەڕێز ی. مەککلۆنی (Mr I. McCluney)، بەشی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا، باڵیۆزخانەی پاشایەتی سوید، بەغدا، بۆ بەڕێز ج. س. بۆرتن (Mr G. S. Burton)، بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٣١ی ئاداری ١٩٧٤، بەناونیشانی ‹ئەنجوومەنی یاسادانان بۆ کوردستان›. بڵاوکردنەوەی یاسای نوێی [ئەنجوومەنی یاسادانان] لە ڕۆژنامەی بەغدا ئۆبزیرڤێر (The Baghdad Observer)، ٢٧ی ئاداری ١٩٧٤، هەروەها چوار بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش [FCO8/2307].

٨١. نووسراوێکی سنووردار لەلایەن بەڕێز ی. مەککلۆنی (Mr I. McCluney)، بەشی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا، باڵیۆزخانەی پاشایەتی سوید، بەغدا، بۆ بەڕێز ج. س. بۆرتن (Mr G. S. Burton)، بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٢٩ی نیسان ١٩٧٤، بەناونیشانی ‹کورد-عێراق›، باس لەوە دەکات ماوەی لێبوردنی کورد بۆ گەڕانەوەی بۆ سەر کارە ئاساییەکانیان درێژ دەکرێتەوە [FCO8/2307].

٨٢. نووسراوێکی سنووردار لەلایەن بەڕێز ر. ب. بۆن (Mr R. B. Bone). مۆسکۆ، بەڕێز ج. س. بۆرتن (Mr G. S. Burton)، بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ١٥ مەی ١٩٧٤، بەناونیشانی ‹عێراق و ڕووسیا: کورد›. وەرگێڕانی وتارێکی بەڕێز پ. نادزدین (Mr P. Nadezhdin) کە لە ١٤ی ئایاری ١٩٧٤ لە پراڤدا بڵاوبووەتەوە، بە ناونیشانی پێکدادانی چەکداری لە باکووری عێراق› [FCO8/2307].

٨٣. نووسراوێک لەلایەن بەڕێز ئە. د. هاریس (Mr A. D. Harris)، بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس، بۆ سکرتێری شەخسی سێر ئە. دۆگلاس-هۆم (Sir A. Douglas-Home)، ئەنجوومەنی گەل (House of Commons)، ٢٠ی ئایاری ١٩٧٤، تایبەت بە نامەیەک بە زمانی عەرەبی لەلایەن یەقزان محەمەد، کوێت، کە ئاڕاستەی سێر دۆگلاس-هۆم کراوە، باس لەوە دەکات هەر لە بنەڕەتدا جوو داهێنەری چەمکی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆن لە باکووری عێراق [نامەیەک لەلایەن کوێتەوە هاوپێچ نەکراوە]. یاداشتی نووسینگەی کاروباری دەرەوە لەلایەن بەڕێز ج. پ. بەنێرمەن (Mr J. P. Bannerman)، ١٤ی ئایاری ١٩٧٤، دابینکردنی زانیاری لەسەر ئەم نامەیە [FCO8/2307].

٨٤. نووسراوێکی سنووردار بە ژمارە (٢/١)، لەلایەن بەڕێز ی. مەککلۆنی (Mr I. McCluney)، بەشی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا، باڵیۆزخانەی پاشایەتی سوید، بەغدا، بۆ بەڕێز ج. س. بۆرتن (Mr G. S. Burton)، بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٢١ی ئاداری ١٩٧٤، بەناونیشانی ‹عێراق-کورد› تایبەتە بە وتارێکی ڕەخنەیی کە لە ڕۆژنامەی ئەلسەورە بڵاوبووەتەوە و باس لە سەرکردەی کورد و ڕۆڵی ئێران لە پشتیوانی دەکات [FCO8/2307].

٨٥. نووسراوی ژمارە (٨/١) لەلایەن بەڕێز ف. گالاگێر (Mr F. Gallagher)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەیروت، بۆ میس پ. ئە. ئێ. لۆنگ (Mrs P. A. E. Long)، بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک و باکووری ئەفریقیا، ٢٥ی مەی ١٩٧٤، پەیوەستە بە وتارێکی ڕۆژنامەی ئەلئەنوار لە ٢١ی ئایاری ١٩٧٤، باس لەوە دەکات کە تۆڕی تێکدەری کوردی لایەنگری بارزانی ئاشکرا بووە [وتارەکە هاوپێچ نەکراوە] [FCO8/2307].

٨٦. نووسراوی ژمارە (PBM5/505/2) لەلایەن بەڕێز ج. ئێچ. ئە. ئێمک، (Mr J. H. A. Emck) بەشی سیاسەتی ڕێنمایی و زانیاری، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، بۆ بەڕێز ی. مەککلۆنی (Mr I. McCluney)، بەغداد، ٣١ی مەی ١٩٧٤، بەناونیشانی «بەشی عەرەبی بی.بی.سی». نامەی بەڕێز س. ج. مەککلێلەند (Mr C. J. McLelland)، سەرۆکی بەشی عەرەبی، کۆمپانیای پەخشی بەریتانی، بۆ بەڕێز ج. ئێچ. ئە.

ئێمــک، (Mr J. H. A. Emck)، بەشــی سیاســەتی ڕێنمایــی و زانیــاری، نووســینگەی کاروبــاری دەرەوە، ٢٣ی ئایــاری ١٩٧٤، تایبەتــە بــە تێبینــی شــازیل تەقــە (Shadhil Taqa) لەســەر بەشــی عەرەبــی بی.بی.ســی و پرســی کــورد [FCO8/2307].

٨٧. نووسراوێکــی ســنووردار لەلایــەن بەڕێــز ی. مەککلۆنــی (Mr I. McCluney)، باڵیۆزخانــەی بەریتانیــا، بەغــدا، بــۆ بەڕێــز ج. س. بۆرتــن (Mr G. S. Burton)، بەشــی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت، نووســینگەی کاروبــاری دەرەوە، ٨ی حوزەیرانــی ١٩٧٤، بەناونیشــانی ‹کێشــەی کــورد› [FCO8/2307].

٨٨. نــووسراوی نهێنــی بــە ژمــارە (٢/٣) لەلایــەن بەڕێــز ئێــچ. ج. ئاتبۆســنۆت (Mr H. J. Arbuthnott)، باڵیۆزخانــەی بەریتانیــا، تاران، بــۆ بەڕێز ت. ج. کلارک (Mr T. J. Clark)، بەشــی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت، نووســینگەی کاروبــاری دەرەوە،١٣ی حوزەیرانــی ١٩٧٤، بەناونیشــانی ‹ئێــران و کــورد›، بــاس لــە کۆبوونەوەیەکــی نێــوان باڵیــۆز و شــای ئێــران دەکات، گفتوگــۆ لەبــارەی بارودۆخــی کوردســتان بکــەن [FCO8/2307].

٨٩. نــووسراوی ژمــارە (٨/٤٤/١٨)، لەلایــەن بەڕێــز س. س. ر. باتیســکۆمب (Mr C. C. R. Battiscombe)، شــاندی شانشــینی یەکگرتــوو لــە نەتــەوە یەکگرتــووەکان، نیویــۆرک، بــۆ بەڕێــز ج. س. بۆرتــن (Mr G. S. Burton)، بەشــی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت، نووســینگەی کاروبــاری دەرەوە، ١٧ی حوزەیرانــی ١٩٧٤، بــە ناونیشــانی ‹کوردســتان›، بــاس لــە پێشــێلکردنی مافــی مــرۆڤ لــە کوردســتان دەکات. نامەیەکــی مــەلا مســتەفا بارزانــی، فەرماندەی گشــتی هێزی شۆڕشــگێڕی کوردســتان و ســەرۆکی پارتــی دیموکراتی کوردســتان، بۆ ســکرتێری گشــتی نەتەوە یەکگرتــووەکان، ٢٨ی ئایــار. دوو نامە لەلایەن م. عەبدولرەحــمان، ئەندامــی مەکتــەب سیاســی پارتــی دیموکراتی کوردســتان، بۆ ســکرتێری گشــتی نەتــەوە یەکگرتــووەکان، ٦ و ٧ی حوزەیرانــی ١٩٧٤، لەگــەڵ وەڵامــی ئــەم نامانــە. نــووسراوی نهێنــی بــە ژمــارە (NBR 1/2) لەلایــەن بەڕێز س. س. ر. باتیســکۆمب (Mr C. C. R. Battiscombe)، شــاندی شانشــینی یەکگرتوو لە نەتــەوە یەکگرتووەکان، نیویۆرک، ٢٠ی حوزەیرانی ١٠٧٤، بەناونیشــانی ‹کوردســتان›، باس لە ترســی کورد دەکات، لەوانەیە عێــراق پەنــا بــۆ بەکارهێنانــی چەکــی کیمیــاوی ببــات [FCO8/2307].

٩٠. تەلەگرامێکـی زۆر نهێنـی لەلایـەن بەغـدا بـۆ وەزارەتـی بەرگـری، ١٧ی حوزەیرانـی ١٩٧٤، تایبەتـە بـە بارودۆخـی کوردسـتان [FCO8/2307].

٩١. ڕاپۆرتـی کۆمیتـەی دۆزینـەوەی ڕاسـتییەکان لەلایـەن چارلـۆت دێنێـت (Charlotte Dennett) و بەڕێـز د. هـەژار (Mr D. hajjar)، بـۆ کۆمەڵـەی نێودەوڵەتـی ئافرەتـان بـۆ ئاشـتی و ئـازادی، بەشـی لوبنـان (Lebanese Section)، تەمـووزی ١٩٧٤، بەناونیشـانی ‹یاخیبـوون و ئۆتۆنۆمـی لـە کوردسـتانی عێـراق› [FCO8/2308].

٩٢. نووسراوێـک لەلایـەن بەڕێـز ن. ف. کایرینکـرۆس (Mr N. F. Cairncross)، وەزارەتـی ناوخـۆ، بـۆ بەڕێـز س. پ. سـکۆت (Mr C. P. Scott)، نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، ٢ی تەمـووزی ١٩٧٤، بـاس لـە چۆنیەتـی وەرگرتنـی قوتابیانـی کـورد لـە شانشـینی یەکگرتـوو دەکات [FCO8/2307].

٩٣. یاداشـتی نهێنـی بۆ بەڕێـز پ. ر. ئێچ. رایت (Mr P. R. H. Wright)، بەشـی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت، ٥ی تەمووزی ١٩٧٤، بەناونیشـانی ‹سـەردانکەرانی کورد›. نووسراوێکی نهێنی لەلایـەن بەڕێـز ج. س. بۆرتـن (Mr G. S. Burton)، بەشـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، بـۆ بەڕێـز ر. گیدێنـز (Mr R. Giddens) بەغـدا، ٨ی تەمـووزی ١٩٧٤، بەناونیشـانی ‹سـەردانکەرانی کـورد› [FCO8/2307].

٩٤. یاداشـتی نهێنـی وەزارەتـی بەرگـری بـە ژمـارە (IQ707/5)، بەبـێ ڕێکـەوت، تایبـەت بـە نەخشـەیەک کـە پێگـەی (disposition) عێـراق نیشـان دەدات [FCO8/2307].

٩٥. تەلەگرامـی نهێنـی بـە ژمـارە ٢١٤، لەلایـەن نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە بـۆ کوێـت، ١١ی تەمـووزی ١٩٧٤، بـاس لـە شـەڕ لـە کوردسـتان و گفتوگۆکانـی سـەدام حسـێن لـە حەلـەب دەکات [FCO8/2307].

٩٦. یاداشـتی نهێنـی لەلایـەن بەڕێـز ڕینێـی (Mr Rigney) بـۆ بەڕێـز ج. ئێـچ. مالێـت (Mr J. H. Mallett)، بەشـی ڤیـزا و کـۆچ، ١٩ی تەمـووزی ١٩٧٤، تایبـەت بـە پێدانـی ڤیـزا بـە قوتابیانـی کـورد [FCO8/2307].

٩٧. نامەیـەک لەلایـەن بەڕێـز ر. جۆنسـتۆن (Mr R. Johnston) ئەنجوومەنـی گـەل،

بـۆ رت. هـۆن ج. کالـگان (Rt. Hon. J. Callaghan) [(St. Hon)]پێشـناوێکە بـۆ ڕێزلێنانـە لـە هەندێـك وڵات کـە زمانـی ئینگلیزیـی بەکاردێـت. وەرگێـڕ]، وەزیـری کاروبـاری دەرەوە و کۆمۆنوێلـس، ٢٢ی تەمـووزی ١٩٧٤. یاداشـتنامەیەک لەلایـەن م. م. عەبدولرەحـمان و م. دزەیـی، ئەندامانـی مەکتـەب سیاسـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، بەبـێ ڕێککـەوت، لەبـارەی بارودۆخـی کوردسـتان، بەناونیشـانی ‹جارێکیـتر حکومەتـی عێـراق شـەڕی لـە دژی کـورد هەڵگیرسـاند› [FCO8/2307].

٩٨. نـووسراوی سـنووردار بـە ژمـارە (٥/٣) لەلایـەن بەڕێـز ئـە. پرۆسـێر، ئادێـن (Mr A. Prosser، Aden)، بـۆ بەڕێـز ج. ر. یۆنـگ (Mr J. R. Young)، بەشـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، ٢٤ی تەمـووزی ١٩٧٤، بـە کـوردی عێـراق پەیوەسـتە [FCO8/2307].

٩٩. تەلەگرامـی نهێنـی بـە ژمـارە ٢٥٩ لـە بەغـداوە بـۆ نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، ١٤ی تەمـووزی ١٩٧٤، بـاس لـە چالاکـی کـوردە بەرهەڵسـتەکارەکانی حکومەتـی عێـراق لـە لەنـدەن دەکات [FCO8/2307].

١٠٠. یاداشـتی نهێنـی لەلایـەن بەڕێـز ویێـر (Mr Weir) و بەڕێـز کلۆیـس (Mr Cloes) لەلایـەن بەڕێـز پ. ر.ئێـچ. رایـت (Mr P. R. H. Wright)، بەشـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، ٢٦ی تەمـووزی ١٩٧٤، بەناونیشـانی ‹کـورد لـە عێراقـدا› [FCO8/2307].

١٠١. نـووسراوی ژمـارە (٨/١) لەلایـەن بەڕێـز ف. گالگێـر (Mr F. Gallagher)، بەیـروت، بـۆ بەڕێـز ج. ج. ب. ویلیامـس (Mr G. J. B. Williams)، ڕۆژهەڵاتـی نزیـک و باکـووری ئەفریقیـا، ٢٧ی تەمـووزی ١٩٧٤، بەناونیشـانی ‹چاوپێکەوتنێـک لەگـەڵ عوسـمان بارزانـی›، سـەرکردەی ئایینـی کـورد [FCO8/2307].

١٠٢. نووسراوێـک لەلایـەن وەزیـری کاروبـاری دەرەوە، نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە و کۆمۆنوێلـس، بـۆ بەڕێـز ر. جۆنسـتۆن (Mr. R. Johnston)، ئەنجوومەنـی گـەل، ٢٩ی تەمـووزی ١٩٧٤، لـە وەڵامـی نامەکـەی لـە ڕێکەوتـی ٢٢ی تەمـووزی ١٩٧٤، کـە

تایبـەت بـوو بـە بارودۆخـی کوردسـتان [بەڵگەنامـەی ۹۷] [FCO8/2307].

١٠٣. تەلەگرامـی نهێنـی بـە ژمـارە ١٧٩، لەلایـەن نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە بـۆ بەغـدا، ٢ی ئابـی ١٩٧٤، بـاس لەچالاکـی سـەردانکەرانی کـورد بـۆ شانشـینی یەکگرتـوو دەکات [FCO8/2307].

١٠٤. نـووسراوی نهێنـی (٢/١) لەلایـەن بەڕێـز ر. گیدێنـز (Mr R. Giddens)، باڵیۆزخانـەی بەریتانیـا، بەغـدا، بـۆ مسـت ت. ج. کلارک، بەشـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، ٦ی ئابـی ١٩٧٤، بەناونیشـانی ‹چالاکـی کـوردە بەرهەڵسـتکارەکان لـە لەندەن› [FCO8/2307].

١٠٥. دەستنیشـانکردنی پوختـەی سـێ ڕاپۆرتـی بەشـی ‹Tehran Home Services›، ٢٧ی ئابـی ١٩٧٤ کـە بـە پرسـی ئێـران و کوردسـتانی عێـراق پەیوەسـتە [FCO8/2307].

١٠٦. نـووسراوی نهێنـی لەلایـەن بەڕێـز پ. ک. ویلیامـس (Mr P. K. Williams)، نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە و کۆمۆنوێلـس، بـۆ بەڕێـز ر. گیدێنـز (Mr R. Giddens)، بەغـدا، ٣ی ئەیلوولـی ١٩٧٤، بەناونیشـانی ‹شـاندنی بـەرەی عێـراق› کـە بـە سـەردانی شـاندنی بـەرەی نیشـتیمانی عێـراق بـۆ لەنـدەن پەیوەسـتە [FCO8/2307].

١٠٧. یاداشـتی نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە بـۆ بەڕێـز ویلیامـس بـۆ بەڕێـز پ. ر.ئێـچ. رایـت (Mr P. R. H. Wright)، بەشـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، ١٠ی ئەیلوولـی ١٩٧٤، بەناونیشـانی ‹قوتابیانـی کـورد› [FCO8/2307].

١٠٨. نامەیـەک لەلایـەن بەڕێـز ر. جۆنسـتۆن (Mr. R. Johnston)، ئەنجوومەنـی گـەل، وەزیـری کاروبـاری دەرەوە، نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە و کۆمۆنوێلـس، ١٠ی ئەیلوولـی ١٩٧٤، تایبـەت بـە پێگـەی کـوردی عێـراق [FCO8/2308].

١٠٩. نـووسراوی نهێنـی بـە ژمـارە (٢/١) لەلایـەن بەڕێـز ر. گیدێنـز (Mr R. Giddens)، بەغـدا، بـۆ بەڕێـز پ. ک. ویلیامـس (Mr P. K. Williams)، نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە و کۆمۆنوێلـس، بـۆ ١٠ی ئەیلوولـی ١٩٧٤، بەناونیشـانی ‹شـاندنی بـەرەی عێـراق›، [FCO8/2308].

١١٠. تەلەگرامی زۆر نهێنی بە ژمارە ٤٨٩ لەلایەن تارانەوە بۆ نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ١١ی ئەیلوولی ١٩٧٤، باس لە گفتوگۆیەک لەگەڵ عالەم دەکات لەسەر بارودۆخی کوردستان [FCO8/2308].

١١١. تەلەگرامی نهێنی بە ژمارە ٤٩٤ لەلایەن تارانەوە بۆ نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ١٢ی ئەیلوولی ١٩٧٤، تایبەت بە ڕاپۆرتێکی دەستەیەک لەلایەن بەڕێز ئە. مۆرێی (Mr A. Murray)، ڕۆژنامەنووسێکی ئازاد کە بۆ ‹The Sunday Times› دەنووسێت، باس لە سەردانێک بۆ ناوچەی جەنگ لە ژێر دەسەڵاتی کورد و بوێری کورد و جیدیەتی کورد لە دەستگرتنی ئەم دواییەی عێراق بەسەر هەندێـك ناوچەدا دەكات [FCO8/2307].

١١٢. یاداشتی نهێنی لەلایەن بەڕێز پ. ک. ویلیامس (Mr P. K. Williams)، بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ١٣ی ئەیلوولی ١٩٧٤، نارەزایی دەربڕین لە وڵاتانی دیکە لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ هاووڵاتیانیان› [FCO8/2308].

١١٣. تەلەگرامی زۆر نهێنی بە ژمارە ٤٩٨ لەلایەن تارانەوە بۆ نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ١٦ی ئەیلوولی ١٩٧٤، باس لە جیاوازی نێوان وەسفی عالەم لەگەڵ وەسفەکەی مۆرێی لەسەر بارودۆخی کوردستان دەکات [FCO8/2308].

١١٤. یاداشتێکی نهێنی لەلایەن بەڕێز بۆرتن بۆ بەڕێز س. ج. س. ڕاندل (Mr C. J. S. Rundle)، بەشی توێژینەوە، ١٧ی ئەیلوولی ١٩٧٤، بەناونیشانی ‹بەڵێنی حکومەتی خاوەنشکۆ بۆ کورد› [FCO8/2308].

١١٥. تەلەگرامی ژمارە ٤٩٩ لەلایەن تارانەوە بۆ نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ١٧ی ئەیلوولی ١٩٧٤، تایبەت بە ڕاپۆرتێکی ڕادیۆی دەنگی کوردستان لەسەر بەرەو پێشچوونەکانی کورد لە شەڕدا [FCO8/2308].

١١٦. یاداشتێک بۆ بەڕێز بۆرتن، لەلایەن بەڕێز د. ێ. س. بلاسریک (Mr. D. E. S. Blatherwick) بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک و باکووری ئەفریقیا، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ١٩ی ئەیلوولی ١٩٧٤، بەناونیشانی ‹پەنابەرانی کورد› [FCO8/2308].

١١٧. نووسراوێکی نهێنی لەلایەن بەڕێز ج. س. بۆرتن (Mr G. S. Burton)، بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، بۆ بەڕێز ر. گیدێنز (Mr R. Giddens)، بەغدا، ٢٠ی ئەیلوولی ١٩٧٤، بەناونیشانی ‹کورد›. نامەیەک لە کۆمەڵەی مانگی سووری کوردستان، ئابی ١٩٧٤. هاوپێچ لەگەڵ پەرتووکێکی بچووک بە ناوی ‹یارمەتی قوربانیانی شەڕی کوردستان بدەن›، ئەم پەرتووکە پوختەیەک لەسەر ڕەوشی پزیشکیی ئێستای کوردستانی عێراق دەخاتەبەرچاو. نووسراوێکی نهێنی بە ژمارە (٢/١) لەلایەن بەڕێز ر. گیدێنز بۆ بەڕێز ج. س. بۆرتن، ١ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٤، داوای کۆپییەکی پەرتووکەکە دەکات [FCO8/2308].

١١٨. تەلەگرامێکی نهێنی بە ژمارە (DIG FOH) لەلایەن بەغدا بۆ وەزارەتی بەرگری، ٢٤ی ئەیلوولی ١٩٧٤ کە پوختەیەکی حەوتانە لەسەر بارودۆخی کوردستان دەخاتەڕوو [FCO8/2308].

١١٩. تەلەگرامی نهێنی بە ژمارە ٣٩٩ لەلایەن نووسینگەی کاروباری دەرەوە بۆ تاران، ٢٦ی ئەیلوولی ١٩٧٤، تایبەتە بە دابینکردنی کەرەستەی پزیشکی بۆ کورد [FCO8/2308].

١٢٠. تەلەگرامی نهێنی بە ژمارە ٣٤٥ لەلایەن بەغداوە بۆ نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٢٦ی ئەیلوولی ١٩٧٤، تایبەت بە کوردە بەرهەڵستکارەکانی [حکومەتی عێراق] لە لەندەن [FCO8/2308].

١٢١. نووسراوی سنووردار بە ژمارە (٢/١) لەلایەن بەڕێز ک. د. تێمپڵ (Mr K. D. Temple)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا، بۆ بەڕێز ج. س. بۆرتن (Mr G. S. Burton)، بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ١ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٤، بەناونیشانی ‹ئەنجوومەنی یاسادانان بۆ کوردستان› [FCO8/2308].

١٢٢. نامەیەکی هەمەلایەنە (Circular letter) لەلایەن مس ن. رایس-جۆنز (Miss N. Rice-Jones)، سکرتێر، کۆنفرانسی بەردەوامی ڕێکخراوەکانی بەریتانیا بۆ یارمەتیدانی پەنابەرەکان، ٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٤، بانگهێشتی ئەو کەسانە دەکات کە نیگەرانی دۆخی کوردن و گرنگی بە کورد دەدەن، ئامادەی کۆبوونەوەیەکی

تایبـەت بـن کـە لـە ١٠ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٧٤ گـرێ دەدرێـت [FCO8/2308].

١٢٣. ڕاپۆرتــی [بەشــی] ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت بــە ژمــارە (٣/A/٤٧٢١) لــە ڕاپۆرتــی ئاژانســی هەواڵــی عێــراق (Iraq News Agency Report) وەرگیــراوە، ٣ی تشرینــی یەکەمـی ١٩٧٤، بەناونیشـانی ‹ڕێکارەکانـی حکومەتـی عێـراق بـۆ ئیـدارەی ناوچـەی ئۆتۆنۆمــی لــە کوردســتان› [FCO8/2308].

١٢٤. نــووسراوی نهێنــی لەلایــەن بەڕێــز ر. گیدێنــز (Mr R. Giddens)، باڵیۆزخانــەی بەریتانیـا، بەغـدا، بـۆ بەڕێز پ. ک. ویلیامـس (Mr P. K. Williams)، بەشـی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت، نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە و کۆمۆنوێلـس، بـۆ ١٠ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٧٤، بەناونیشـانی ‹ئەنجوومەنـی یاسـادانان بـۆ کوردسـتان› [FCO8/2308].

١٢٥. نـووسراوی نهێنـی لەلایـەن بەڕێز ج. ئە. ن. گراهـام (Mr J. A. N. Graham) بۆ بەڕێز گیدێنز، ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٤، بە پرسـی کورد پەیوەسـتە [FCO8/2308].

١٢٦. تەلەگرامـی نهێنـی بـە ژمـارە (DIG FOH) لەلایـەن بەغـدا بـۆ وەزارەتـی بەرگـری، ١٤ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٧٤ کـە پوختەیەکـی حەوتانـە لەسـەر بارودۆخـی کوردسـتان دەخاتـەڕوو [FCO8/2308].

١٢٧. تەلەگرامێکـی نهێنـی بـە ژمـارە ١٢٢٩، لەلایـەن تـاران بـۆ وەزارەتـی بەرگـری، ١٦ی تشرینــی یەکەمــی ١٩٧٤، بــاس لــەوە دەکات بەگوێــرەی ڕاپۆرتەکــەی بەڕێــز هێرســت (Mr Hirst) ئەسـتەمە کـورد بشـکێنرێن و بـاس لـە سـەردانێک بـۆ فێرگـەی تۆپخانـەی کوردســتان دەکات [FCO8/2308].

١٢٨. یاداشـتێک لـە بەڕێـز بۆرتـن بـۆ بەڕێـز د. ئـە. مەکلیـود (Mr D. A. MacLeaod)، بەشـی هەواڵـەکان، ١٦ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٧٤، بـاس لـە هەسـتی بەڕێـز ی. کۆلڤیـن (Mr I. Colvin) دەکات کـە بـۆ ڕۆژنامـەی دێلـی تەلەگـراف (Daily Telegraph) کار دەکات و بـاس لـە سـەردانەکەی بـۆ بەغـدا دەکات [FCO8/2308].

١٢٩. نووسراوێک بە ژمارە (NBR 1/2) لەلایەن بەڕێز پ. ک. ویلیامس (Mr P. K. Williams)، بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس،

بۆ بەڕێز ن. برۆن (Mr N. Browne)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، تاران، ١٨ی تشرینی یەکەمی، بەناونیشانی ‹کوردستان›، باس لە بارودۆخی کوردستان دەکات [FCO8/2308].

١٣٠. نووسراوی نهێنی بە ژمارە (NBR 1/2) لەلایەن بەڕێز ج. س. بۆرتن (Mr G. S. Burton)، بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، بەڕێز ر. گیدێنز (Mr R. Giddens)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا، ١٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٤، بەناونیشانی ‹کوردستان›، باس لە هەوڵێک دەکات بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەوشی باکوور و ئەگەری کاریگەری ئەم هەڵسەنگاندنە لەسەر دۆخی ناوخۆی حیزبی بەعس لە دەسپێکی حەوتەی یەکەم لە دوای ١٠ی تشرینی دووەمی ١٩٧٤ [FCO8/2308].

١٣١. تەلەگرامی نهێنی بە ژمارە (DIG FOH) لەلایەن بەغدا بۆ وەزارەتی بەرگری، ٢١ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٤، پوختەیەکی حەوتانە لەسەر بارودۆخی کوردستان دەخاتەڕوو [FCO8/2308].

١٣٢. نووسراوی نهێنی لەلایەن بەڕێز ئە. د. پارسۆنز (Mr A. D. Parons) باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا، بۆ بەڕێز پ. ر. ئێچ. رایت (Mr P. R. H. Wright)، بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٤، تایبەتە بە گفتوگۆیەک لەگەڵ شای [ئێران] لەسەر بارودۆخی کوردستان [FCO8/2308].

١٣٣. تەلەگرامی نهێنی بە ژمارە ٣٨٨، لەلایەن بەغدا بۆ نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٢٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٤، تایبەت بە مانگی سووری کوردستان [FCO8/2308].

١٣٤. وەرگێڕانی نامەی ژمارە (٣١٤٣٨/١٠/٣١/٤) لەلایەن وەزارەتی کاروباری دەرەوە، بەشی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و کۆنفرانسەکان، حکومەتی عێراق، ، بۆ باڵیۆزخانەی شانشینی یەکگرتوو، بەغدا، ٢٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٤، تایبەت بە دامەزراندنی کۆمیتەیەک لە شانشینی یەکگرتوو بە ناوی مانگی سووری کوردستان [FCO8/2308].

١٣٥. نامەیەکی فەرمی (compliment slip) لەلایەن کۆمەڵەی منداڵپارێزی کوردستان، لەندەن، ٢٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٤، هاوپێچ لەگەڵناميلكەيەك (booklet) بەناونیشانی ‹منداڵانی کوردستان بپارێزن›، تشرینی یەکەمی ١٩٧٤،[FCO8/2308] .

١٣٦. تەلەگرامی نهێنی بە ژمارە (DIG FOH) لەلایەن بەغدا بۆ وەزارەتی بەرگری، ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٤ کە پوختەیەکی حەوتانە لەسەر بارودۆخی کوردستان دەخاتەڕوو [FCO8/2308].

١٣٧. یاداشتی نهێنی بۆ بەڕێز فێیسی (Mr Facey)، بەشی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەلایەن بەڕێز ج. س. بۆرتن (Mr G. S. Burton)، بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ١ی تشرینی دووەمی ١٩٧٤، بەناونیشانی ‹کۆمەڵەی مانگی سووری کوردستان›، لەگەڵ وەڵامی یاداشتەکە، ٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٤ [sic] [FCO8/2308].

١٣٨. تەلەگرامی نهێنی بە ژمارە ٥٨١، لەلایەن تارانەوە بۆ نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٣ی تشرینی دووەمی ١٩٧٤، باس لە کۆبوونەوەیەک لەگەڵ عالەم دەکات کە باس لە نیگەرانی شا دەکات لەو قسانەی لە بەرنامەی ‹ITV› لەسەر کوردستان بڵاوکرایەوە، ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٤ [FCO8/2308].

١٣٩. یاداشتی نووسینگەی کاروباری دەرەوە بۆ بەڕێز کلارک و بەڕێز بۆرتن، لەلایەن بەڕێز پ. ر. ئێچ. رایت (Mr P. R. H. Wright)، بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٥ی تشرینی دووەمی ١٩٧٤. نامەی سوپاسالار سێر ئە. درۆمۆند (Lt.-Gen. Sir A. Drummond). لەندەن، ٢ی تشرینی دووەمی ١٩٧٤، یاداشتی سەردانی بەڕێز درۆمۆند بۆ تاران، بەبێ ڕێکەوت، ڕاپۆرتێکی شەخسی و زۆر نهێنی بەناونیشانی ‹ڕاپۆرتەک لەسەر دۆخی تەندروستی پەنابەرانی کورد لە کەمپەکانی زێوە، ئاغ بلاغ و مەلیوان [نەلیوان] کە سەر بە هەرێمی ڕەزایەن و دەکەونە باکووری ڕۆژئاوای ئێران›، تشرینی یەکەمی ١٩٧٤، لە ژێر چاودێری ئەنجوومەنی ’شێر خورشید و خۆری ئێران، تشرینی یەکەمی ١٩٧٤، لەگەڵ تۆمارێک لەو نەخۆشیانەی ئەگەری بوونیان لە باکووری عێراق لە ئارادایە و چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشییانە لەلایەن پرۆفیسۆر و. ئۆبرێن (W. O’Brien)، لە کۆلێژی پاشایەتی پزیشکی سوپا (Royal Army Medical College)، لەندەن. دەستنیشان کراوە [FCO8/2308].

١٤٠. تەلەگرامی نهێنی بە ژمارە ٤٠٦، لەلایەن بەغداوە بۆ نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٦ی تشرینی دووەمی ١٩٧٤، لەبارەی کوردستان [FCO8/2308].

١٤١. نووسراوێک لەلایەن بەڕێز ج. س. بۆرتن (Mr G. S. Burton)، بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، بۆ بەڕێز ر. ج. گیدێنز (Mr R. G. Giddens) بەغدا، ٧ی تشرینی دووەمی ١٩٧٤، بەناونیشانی ‹دابینکردنی کەرەستەی پزیشکی بۆ کورد›، پەیوەست بە ڕووپێوی ژەنەڕاڵ سێر ئە، درۆمۆند[FCO8/2308] .

١٤٢. نووسراوێک لەلایەن بەڕێز ج. س. بۆرتن (Mr G. S. Burton)، بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، بۆ بەڕێز ن. و. برۆن (Mr N. W. Bowne) تاران، ٧ی تشرینی دووەمی ١٩٧٤، بەناونیشانی ‹دابینکردنی کەرەستەی پزیشکی بۆ کورد›، پەیوەستە بە سەردانی ژەنەڕاڵ سێر ئە. درۆمۆند بۆ کوردستان [FCO8/2308].

١٤٣. یاداشتێکی نهێنی بۆ بەڕێز بۆرتن لەلایەن بەڕێز م. ر. ئیتۆن (Mr M. R. Eaton)، ڕاوێژکاری یاسایی، بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٨ی تشرینی دووەمی ١٩٧٤، بەناونیشانی ‹کۆمەڵەی مانگی سووری کوردستان› [FCO8/2308].

١٤٤. نووسراوی نهێنی بە ژمارە (NBR 1/2) ، لەلایەن بەڕێز پ. ر. ئێچ. رایت (Mr P. R. H. Wright)، بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، بۆ بەڕێز ج. ئە. ن. گراهام (Mr J. A. N. Graham)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا، ١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٧٤، بەناونیشانی ‹کۆمەڵەی مانگی سووری کوردستان›. هەروەها ڕێکارەکانی داننان بە ئەنجومەنە نەتەوەییە تازە دامەزراوەکانی خاچی سوور و چۆنیەتی وەرگرتنی ئەم ئەنجوومەنانە لە کۆمەڵەی ئەنجوومەنەکانی خاچی سوور [FCO8/2308].

١٤٥. تەلەگرامی زۆر نهێنی بە ژمارە (DIG FOH) لەلایەن بەغدا بۆ وەزارەتی بەرگری، ١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٧٤ کە پوختەیەکی حەوتانە لەسەر بارودۆخی کوردستان دەخاتەڕوو [FCO8/2308].

١٤٦. نامــەی ژمــارە ٦٨٥، لەلایــەن باڵیۆزخانــەی کۆمــاری عێــراق، لەنــدەن، بــۆ نووســینگەی کاروبــاری دەرەوە و کۆمۆنوێلــس، لەنــدەن، ١٣ی تشرینــی دووەمــی ١٩٧٤، تایبــەت بــە دامەزراندنــی کۆمیەتەیەکــی نــوێ لــە شانشــینی یەکگرتــوو بــە نــاوی ‹ مانگــی ســووری کوردســتان› [FCO8/2308].

١٤٧. نامەیــەک لەلایــەن بەڕێــز ئــە. ب. هۆگســۆن (Mr A. B. Hodgson)، کۆمەڵــەی خاچــی ســووری بەریتانیــا، لەنــدەن، بــۆ بەڕێــز پ. ر. ئێــچ. ڕایــت (Mr P. R. H. Wright)، بەشــی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت، نووســینگەی کاروبــاری دەرەوە، ١٤ی تشرینــی دووەمــی ١٩٧٤، بەناونیشــانی ‹کۆمەڵــەی مانگــی ســووری کوردســتان› بــاس لــە یاســایی بوونــی [یــان نەبوونــی] نازنــاوی کۆمەڵــەی مانگــی ســووری کوردســتان دەکات [یاداشــتەکە هاوپێــچ نەکــراوە] [FCO8/2308].

١٤٨. یاداشــتێکی نهێنــی بــۆ بەڕێــز بۆرتــن لەلایــەن بەڕێــز س. ج. س. ڕانــدل (Mr C. J. S Rundle)، بەشــی توێژینــەوە، ١٥ی تشرینــی دووەمــی ١٩٧٤، بەناونیشــانی ‹بەڵێنــی حکومەتــی خاوەنشــکۆ بــۆ کــورد ١٩١٩-١٩٣٢›. ســەرنجێکی نهێنــی بەناونیشــانی ‹بەڵێــن بــە کــورد ١٩١٩-١٩٣٢› (ســەرنجەکە پشــت بەســتراوە بــە ڕاپۆرتــی ســاڵانەی موستەعمەرات لــە عێراق، دۆسیەکانی نووسینگەی تۆماری گشتی، پەرتووکی کــورد، تــورک و عــەرەب لــە نووســینی بەڕێــز س. ج. ئێدمۆنــدز (Mr C. J. Edmonds) [س. ١٩٦٠] هەروەهــا یاداشــتێکی ســاڵی ١٩٤٦)، بەبــێ ڕێکــەوت [FCO8/2308].

١٤٩. نووسراوێکــی نهێنــی لەلایــەن بەڕێــز ر. ج. گیدێنــز (Mr R. G. Giddens)، باڵیۆزخانــەی بەریتانیــا، بەغــدا، بــۆ بەڕێــز ج. س. بۆرتــن (Mr G. S. Burton)، بەشــی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت، نووســینگەی کاروبــاری دەرەوە، بــۆ ١٨ی تشرینــی دووەمــی ١٩٧٤، بەناونیشــانی ‹کوردســتان› پەیوەســتە بــە هەڵســەنگاندنی بارودۆخــی باکــووری کوردســتانی [عێــراق] [FCO8/2308].

١٥٠. تەلەگرامــی زۆر نهێنــی بــە ژمــارە (DIG FOH) لەلایــەن بەغــدا بــۆ وەزارەتــی بەرگــری، ١٩ی تشرینــی دووەمــی ١٩٧٤، پوختەیەکــی حەوتانــە لەســەر بارودۆخــی کوردســتان دەخاتــەڕوو [FCO8/2308].

١٥١. تەلەگرامی نهێنی بە ژمارە ٤٢٩ لەلایەن بەغدا بۆ نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ١٩ی تشرینی دووەمی ١٩٧٤، باس لەوە دەکات کە پاشکۆی سەربازی [باڵیۆزخانەی بەریتانیا] و هاوڕێکانی [لە باڵیۆزخانەکانی دیکە ] بانگێشتی گەشتێک کراون بۆ باکووری [عێراق] [FCO8/2308].

١٥٢. تەلەگرامی نهێنی بە ژمارە ٤٣٣ لەلایەن بەغدا بۆ نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٧٤، تایبەتە بە ڕاپۆرتێک لەسەر بەرنامەیەکی بەشی جیهانی بی.بی.سی لەسەر شەڕی کوردستان [FCO8/2308].

١٥٣. نووسراوێک بە ژمارە (NBR1/2) لەلایەن بەڕێز ج. س. بۆرتن (Mr G. S. Burton)، بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، بۆ بەڕێز ر. ج. گیدێنز (Mr R. G. Giddens) باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا، ٢١ی تشرینی دووەمی ١٩٧٤، بەناونیشانی ‹کۆمەڵەی مانگی سووری کوردستان› [FCO8/2308].

١٥٤. نووسراوێک بە ژمارە (NBR1/2) لەلایەن بەڕێز ج. س. بۆرتن (Mr G. S. Burton)، بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، بۆ بەڕێز ر. ج. گیدێنز (Mr R. G. Giddens) باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا، ٢١ی تشرینی دووەمی ١٩٧٤، بەناونیشانی›بەڵیندان بە کورد› [FCO8/2308].

١٥٥. یاداشتێکی نهێنی لەلایەن بەڕێز پ. ر. ئێچ. رایت (Mr P. R. H. Wright)، بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، بۆ بەڕێز ج. س. بۆرتن (Mr G. S. Burton)، ٢٥ی تشرینی دووەمی ١٩٧٤، بەناونیشانی ‹چارسەریی پزیشکی بۆ کورد› [FCO8/2308].

١٥٦. تێبینییەکی نهێنی بۆ [هەڵگرتن] لە دۆسیەکان، لەلایەن بەڕێز پ. ر. ئێچ. رایت (Mr P. R. H. Wright)، بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، بۆ بەڕێز ج. س. بۆرتن (Mr G. S. Burton)، ٢٥ی تشرینی دووەمی ١٩٧٤، بەناونیشانی ‹کورد و بەڕێز هاوسێر (Mr Hauser)› [FCO8/2308].

١٥٧. یاداشتێک لەلایەن بەڕێز ئە. ج. کلۆیس (Mr A. J. Coles) وەزیری کاروباری

دەرەوە، بـــۆ بەشـــی ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـت، ٢٥ی تشرینـــی دووەمـــی ١٩٧٤، بەناونیشـانی ‹بارودۆخـی کـورد›. نامەیـەک لەلایـەن بەڕێـز ک. ئـە. لـی (Mr K. A. Lee)، سـەنتەری مافەکانـی مـرۆڤ و بەرپرسـیارێتی، بـۆ وەزیـری کاروبـاری دەرەوە، ١٩ی تشرینـی دووەمـی ١٩٧٤، داوای یەکـتر بینیـن دەکات بـۆ گفتوگۆکـردن لەبـارەی بارودۆخـــی کـورد [FCO8/2308].

١٥٨. تەلەگرامـی زۆر نهێنـی بـە ژمـارە (DIG FOH) لەلایـەن بەغـدا بـۆ وەزارەتـی بەرگـری، ٢٦ی تشرینـی دووەمـی ١٩٧٤، پوختەیەکـی حەوتانـە لەسـەر بارودۆخـی کوردســتان دەخاتــەڕوو [FCO8/2308].

١٥٩. نامەیەکـی زۆر نهێنـی لەلایـەن بەڕێـز پ. ر. ئێـچ. رایـت (Mr P. R. H. Wright)، بەشـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، ٢٦ی تشرینـی دووەمـی ١٩٧٤، بەناونیشـانی ‹سـندوقی ڕزگارکردنـی منـداڵان› [FCO8/2308].

١٦٠. تەلەگرامـــی ســـنووردار بـــە ژمـــارە ٤٩١ لەلایـــەن نووســـینگەی کاروبـــاری دەرەوە بـــۆ تـــاران، ٢٦ی ئەیلوولـــی ١٩٧٤، بەناونیشـــانی ‹ســـندوقی ڕزگارکردنـــی منـــداڵان و کـــورد› [FCO8/2308].

١٦١. تەلەگرامـــی نهێنـــی بـــە ژمـــارە ٤٤٦ لەلایـــەن بەغـــدا بـــۆ نووســـینگەی کاروبـــاری دەرەوە، ٢٧ی تشرینـی دووەمـی ١٩٧٤، تایبـەت بـە هەڵسـەنگاندنی بارودۆخی ئێسـتای سـەربازیی لـە کوردسـتان [FCO8/2309].

١٦٢. تەلەگرامـی نهێنـی بـە ژمـارە ٣٠٠ لەلایـەن تـاران بـۆ نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، ٢٨ی تشرینـی دووەمـی ١٩٧٤، تایبەتـە بـە بارودۆخی کوردسـتان [FCO8/2309].

١٦٣. تەلەگرامـی نهێنـی بـە ژمـارە ٤٥٥ لەلایـەن بەغـدا بـۆ نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، ١ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٧٤، تایبەتـە بـە گفتوگۆیـەک لەگـەڵ ڕاوێـژکاری سـۆڤیەت، خانـۆڤ (Khanov) لەبـارەی پێویسـتی بـە چارەسـەرکردنی ئاشـتیانەی [کێشـەی] کوردســتان[FCO8/2309] .

١٦٤. نووسراوێـــک لەلایـــەن بەڕێـــز ف. گالگێـــر (Mr F. Gallagher)، باڵیۆزخانـــەی

بەریتانیـــا، بەیـــروت، بـــۆ بەڕێـــز ج. ج. ب. ویلیامـــس (Mr G. J. B. Williams)، ڕۆژهەڵاتـی نزیـک و باکـووری ئەفریقیـا، نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، ٥ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٧٤، بەناونیشـانی ‹عێـراق: شۆڕشـی کـورد›، بـاس لـە شۆڕشـی کـورد و ڕاپۆرتێکـی ڕۆژنامـەی ئەلسـەیاد (Al-sayyad) لـە ڕێکەوتـی ٤ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٧٤ دەکات کـە مسـتەفا بارزانـی وەفاتـی کـردووە [FCO8/2309].

١٦٥. تەلەگرامـی زۆر نهێنـی بـە ژمـارە (DIG FOH) لەلایـەن بەغـدا بـۆ وەزارەتـی بەرگـری، ١٠ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٧٤ کـە پوختەیەکـی حەوتانـە لەسـەر بارودۆخـی کوردسـتان دەخاتـەڕوو [FCO8/2309].

١٦٦. یاداشـتێک بـۆ بەڕێـز ویێـر (Mr Weir) لەلایـەن بەڕێـز ت. ج. کلارک (Mr T. J. Klark)، بەشـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، ١٠ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٧٤، بەناونیشـانی ‹شـەڕی کـورد› [FCO8/2309].

١٦٧. نامەیـەک لەلایـەن بەڕێـز ی. ئـۆ. مەکدۆنالـد (Mr I. O. Macdonald)، ‹شـەڕ لەسـەر خواسـت›، هەڵمەتـی دژی برسـێتیی جیهانـی، بـۆ بەڕێـز ت. دەلیـل (Mr T. Dalyell)، ئەنجوومەنـی گـەل، ١٣ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٧٤، پەیوەسـت بـە ڕەوشـی پەنابـەران لـە کوردسـتانی عێـراق؛ ڕاپۆرتێـک لەسـەر چەکێکـی کیمیـاوی (phosphoric projectile) کـە لەلایـەن سـوپای عێراقـەوە بـەکار دەهێنرێـت و دەبێتـە هـۆی ژەهـراوی کردنـی خانەکانـی (tissue) لەشـی مـرۆڤ، بەکارهێنانـی ئـەم چەکـە پێشـێلرکدنی ئاشـکرای پەیماننامـەی جنێڤـە، بەبـێ ڕێککـەوت [FCO8/2309].

١٦٨. هەڵێنجانێـک لـە ڕاپۆرتـی هەواڵگریـی بەریتانیـا (Britrish Intelligence Report)، بەبـێ ڕێکـەوت [FCO8/2309].

١٦٩. تەلەگرامـی نهێنـی بـە ژمـارە ٦٩٥ لەلایـەن تـاران بـۆ نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، ١٨ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٧٤، تایبـەت بـە کۆبوونەوەیـەک لەگـەڵ عالـەم و گفتوگۆکـردن لەسـەر شـەڕی کوردسـتان، خسـتنەخوارەوەی دوو فڕۆکـەی جەنگـی عێـراق و هەوڵەکانـی حکومەتـی ئێـران لـە یارمەتیدانـی کـورد تـا لـە وەرزی زسـتاندا

پێگەکانیـان بەهێـز بکـەن و لـە وەرزی بەهـاردا بتوانـن لەهەمبـەر هێرشـە تازەکانـی سـوپای عێـراق بەرگـری بکـەن [FCO8/2309].

١٧٠. تەلەگرامـی نهێنـی بـە ژمـارە ٤٩٣ لەلایـەن بەغـدا بـۆ نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، ١٩ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٧٤، تایبـەت بـە کۆبوونەوەیـەک لەگـەڵ وەزیـری کاروبـاری دەرەوەی [عێـراق] و ناڕەزایـی دەربڕینـی وەزیـر لەبـارەی ئـەوەی شـاندێکی پزیشـکی بەریتانـی لـە کوردسـتان دامـەزراوە [FCO8/2309].

١٧١. یاداشـتێکی نهێنـی لەلایـەن بەڕێـز ت. ج. کلارک (Mr T. J. Klark)، بەشـی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت، ١٩ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٧٤، لەبـارەی نامەکـەی شـەڕ لەسـەر خواسـت، [بەڵگەنامـەی ١٦٧]، هاوپێـچ لەگـەڵ نامەکـەی بەڕێـز ت. دەلیـل (Mr T. Dalyell)، کـە تایبـەت بـە پەنابەرانـی کـوردە، هەروەهـا سـەرنجەکانی بەڕێـز م. س، ویێـر (Mr M. S. Weir)، ٢٠ی کانوونـی یەکەمی ١٩٧٤ [FCO8/2309].

١٧٢. تەلەگرامـی نهێنـی بـە ژمـارە ٧٠٠ لەلایـەن تـاران بـۆ نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، ١٩ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٧٤، بـاس لـە یارمەتـی سـندوقی پاراسـتنی منـداڵان بـۆ کـورد (Save the Children Fund aid to the Kurds) دەکات [FCO8/2309].

١٧٣. نامەیــەک لەلایــەن وەزیــری کاروبــاری دەرەوە، نووســینگەی کاروبــاری دەرەوە و کۆمۆنوێلــس، بــۆ بەڕێــز ت. دەلیــل (Mr T. Dalyell)، ئەنجوومەنــی گــەل، ٣١ی کانوونــی یەکەمــی ١٩٧٤، تایبــەت بــە نامەیەکــی بەڕێــز ی. ئــۆ. مەکدۆنالــد (Mr I. O. Macdonald)، ‹شـەڕ لەسـەر خواسـت› کـە بـاس لـە بارودۆخـی باکـووری عێـراق دەکات [بەڵگەنامــەی ١٦٧] [FCO8/2309].

١٧٤. تەلەگرامــی زۆر نهێنــی بــە ژمــارە (DIG FOH) لەلایــەن بەغــدا بــۆ وەزارەتــی بەرگـری، ٣٠ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٧٤ کـە پوختەیەکـی حەوتانـە لەسـەر بارودۆخـی کوردســتان دەخاتــەڕوو [FCO8/2309].

١٧٥. تەلەگرامـی زۆر نهێنـی بـە ژمـارە (DIG FOH) لەلایـەن بەغـدا بۆ وەزارەتـی بەرگری، ٣١ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٧٤، باس لـە بارودۆخی کوردسـتان دەکات [FCO8/2309].

١٧٦. پێشـینەیەکی پوخـت (background brief) لەلایـەن نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە و کۆمۆنوێلـس بەناونیشـانی ‹کێشـەی کـورد›، ئـاداری ١٩٧٩، لەگـەڵ نەخشـەیەک کـە چـڕی دانیشـتووانی کـورد نیشـان دەدات [FO973/32].

١٧٧. پێداچوونـەوەی پێشـینەیەکی پوخـت لەلایـەن نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە و کۆمۆنوێلـس بەناونیشـانی ‹کێشـەی کـورد›، حوزەیرانـی ١٩٨٣، لەگـەڵ نەخشـەیەک کـە چـڕی دانیشـتووانی کـورد نیشـان دەدات [FO973/319].

١٧٨. پێشـینەیەکی پوخـت لەلایـەن نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە و کۆمۆنوێلـس بەناونیشـانی ‹کێشـەی کـورد لـە عێراقـدا›، ئایـاری ١٩٩٢، لەگـەڵ نەخشـەیەک کـە بـە پرۆتۆکۆڵـی نهێنـی ڕێککەوتنامـەی ئـاداری ١٩٧٤ و چۆنیەتـی مامەڵەکـردن لەگـەڵ شـەڕکەرانی کـورد (پێشـمەرگە) و قەدەغەکردنـی هێـزە خۆجێیەکانـی دژی پێشـمەرگە پەیوەسـتە [FO973/687].

نهێنی (ل٢-١)

IRQ/٢/١

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەیروت

٢٦ی شوباتی ١٩٦٨

**کوردی عێراق**

١. لـە ٢٣ی شـوبات، لەگـەڵ نیشـتمانیی کـورد، شـەوکەت ئاکرەیـی (ژمـارەی کەسـایەتی عێراقـی، ١٦٥ لەسـەر ١٩٦٥)، پێکـەوە نانـی نیوەڕۆمـان خـوارد. ئـەو لـە دۆخێکـی باشـدا بـوو، وەهـا دەردەکـەوت کـە لەسـەر بابەتـە ئاسـاییەکان تووشـی ناکۆکـی نەبیـن. ئـەم نـان خواردنەمـان لـە (تراڤێلێـرز) بـوو، ئەمـەش یەکەمیـن جـۆری دان پێدانـی بەریتانیایـە بـە کـورد.

٢. شـەوکەت گوتـی لـە سـەرەتای شـوباتەوە گۆڕانکارییەکـی بەرچـاو لـە سیاسـەتەکانی حکومـەت [عێـراق] لەهەمبـەر کـورددا هاتوەتـە ئـاراوە. تـا پێـش ئـەو ڕێکەوتـە، کـورد خۆیـان بـۆ ڕووبەرووبوونـەوەی هێرشـەکانی حکومـەت ئامـادە دەکـرد. لـە نیسـان، مەلامسـتەفا بارزانـی بـەرەو ناوچـەی ڕوانـدز لـە سـلێمانی پاشەکشـەی کـردووە. لـە کۆتاییەکانـی کانوونـی دووەم، تاهیـر یەحیـا، خەریکـی ڕێکخسـتنی کۆبوونەوەیەکیـتر بـووە لەگـەڵ بارزانیـدا، بـەڵام مەلامسـتەفا ئـەم کۆبوونەوەیـەی ڕەتکردووەتـەوە، چونکـە حکومـەت هیـچ ئاماژەیەکـی بـۆ جێبەجێکردنـی بەڵێنەکانـی پێشـان نـەداوە. دوو حەوتـە لەمەوبـەر، لـە کۆبوونـەوەی کۆمیتـەی ناوەنـدی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لەگـەڵ مەلامستەفادا (کـە شـەوکەت دەڵێـت تێیـدا ئامـادە بـووە)، گەیشـتوونە ئـەو ئەنجامـەی حکومـەت ئاڕاسـتەیەکیتری گرتووەتەبـەر. تاهیـر یەحیـا، هەوڵـی گۆڕینـی وەزیـری بەرگـری، سـەرۆک ئـەرکان و زۆربـەی فەرمانـدەی کەرتەکانـی داوە، واتـە [جێگۆڕکێـی] ئـەو کەسـانە هاوکاتـی دەسـتپێکردنەوەی ئۆپەراسـیۆن لـە دژی کـورد بـوون بـەو کەسـانەی لەگـەڵ کـورد

میانڕەوتــرن. ئــەم کارە ئیبراهیــم ئەلئەنســاریش دەگرێتــەوە کــە وەک ســەرۆک ئــەرکان، فەرمانــدەی دوو کەرتــە. (ئەمــەش ئــەو دەنگۆیانــە پشتڕاســت دەکاتــەوە کــە گۆڕانکارییەکانــی نــاو ســوپا لەبــری بەهێزکردنــی ســەرۆک دەبێتــە هــۆی بەهێــز کردنــی تاهیــر، کــە مــن لــە نامەکــەم لــە ٣٠ی کانوونــی دووەمــدا ڕاپۆرتــم کردبــوو). هەندێــك ئامــاژە هــەن لەبــارەی ئــەو یەکانــەی بــەرەو ناوچــە کوردییــەکان لــە ئەردەنــەوە جوڵێــنراون و خەریکــە ئــەم ناوچانــە بەجێدەهێڵــن و ئــەو یەکانــەی لــە جەلــەولا جێگیــر کــراون پاشەکشــەیان کــردووە. (شــەوکەت ناتوانــێ ئەمــە پشتڕاســت بکاتــەوە، ئایــا هێزەکانــی عێــراق لــە ئــەردەن ســەر لــە نــوێ ئامادەکــراون یــان نــا). ســەرۆک، بارزانــی بانگهێشــت کــردووە ســەردانی بەغــدا بــکات. ئەگــەر چــی ئــەم بانگهێشــتە لەلایــەن بارزانییــەوە ڕەتکراوەتــەوە، بــەڵام [بارزانــی] ئامــادە بــووە یەکێــک لــە کوڕەکانــی بنێرێتــە بەغــدا. دواجــار نــەک دواییــن جــار، لــە کۆبوونــەوەی ئەنجومەنــی وەزیــران لــە ١٤ی شــوباتدا بــۆ دانــی مۆڵەتــی بــێ مــەرج بــە [ڕۆژنامــەی] ئەلتەئاخــی بڕیــار دراوە و دەســتبەجێ بڕیارەکــەش جێبەجێکــراوە.

٣. شــەوکەت گوتــی، تــا هەنوکــەش کــورد لــەم بارودۆخــە نیگەرانــن، بــەڵام هەســتی گشــتی ئەوەیــە ڕێگــری لــە ســەرهەڵدانی پێکدادانێکیــتر کراوە-بەلانیکەمــەوە لــە کاتــی ئێســتادا. لــە کاتێکــدا کــورد خەریکــی دامەزراندنــی پەیوەندیــن لەگــەڵ هەمــوو لایەنێــک، کەچــی پەیوەنــدی نزیکیــان لەگــەڵ هیــچ گروپێکــدا نییــە. مــن لــە شــەوکەتم پرســی، بۆچــی وەهــا دەردەکەوێــت کــە تاهیــر یەحیــا هەوڵــی چارەســەرکردنی کێشــەی کــورد دەدات. ئامــاژەی بــەوەدا تاهیــر زۆر بــە جیــددی هــەوڵ دەدات نــاسر خۆشــحاڵ بــکات کــە داوای لــە یەحیــا کردبــوو پێــش دامەزراندنــی یەکێتــی عــەرەب، یەکێتــی نەتەوەیــی بەرقــەرار بــکات. ئــەو زۆر پێداگــری لەســەر ئــەوەی دەکــرد کــە نایەوێــت نــاسر بەعێراقــەوە ســەرقاڵ بێــت.

٤. شــەوکەت پێــی گوتــم لــە پاییــزی ڕابــردوودا، ئــەو وەک سەرنووســەری ڕۆژنامــەی ئەلتەئاخــی دەســتی لــە کار کێشــاوەتەوە، ئــەم کارەش تەنیــا بــە مەســتی خانەنشــین بــوون بــووە. ئــەو بــۆ مــاوەی ١٤ ســاڵ و نیــو خزمەتــی حکومــی هەیــە کــە خوێنــدن

لە دەرەوەش لە خۆ دەگرێت. دوای گەڕانەوە بۆ وەزارەتی شارەوانی، بۆ ماوەی شەش مانگ وەک سەرۆکی ئەندازیاران لە بەشی کارەبا و میکانیک دەبێت، ئەو شمولی خانەنشین بوون دەبێت لە جۆری (I. D. 80. P.m). شەوکەت تا هەنوکەش لە نووسین بۆ ئەلتەئاخی بەردەوامە، لە کاتی زیادەشدا لە نووسینگە ئەندازیارییەکەیدا کاردەکات و هیواداره مانگی داهاتوو کاتێک کە دەوامی حکومەت بەجێ دەهێڵێت لەم کاره بەردەوام بێت.

٥. کۆپیەک لەم نامەیە بۆ نووسینگەی پاراستنی زانیارییەکان (Chancery) لە تاران دەنێرم.

(H. St. J. B. Armitage)

David Montgomery Esq.

بەشی ڕۆژهەڵات

نووسینگەی دەرەوە

S. W. 1

نهێنی ( ل٣-٥) IRQ/٢/١

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەیروت

٢٦ی شوبات ١٩٦٨

**کوردی عێراق**

١. مەحمــود بابــان لــە ٩ی ئـادار، تەلەفۆنــی بــۆم کــرد تــا گەنجێکــی کــورد بــە نــاوی ‹دارا عەتــار›م پــێ بناســێنێت کــە لــە بەغــداوە هاتبــوو وگوتــی دارا ســەرۆکی کۆمیتــەی پێشــکەوتنی کــوردە (C. A. K)؛ ڕێکخراوێکــی قوتابیانــی کــوردە لــە شانشــینی یەکگرتــوو، کــورد پشــتگیرییەکی تــەواوی لێدەکــەن. ئــەو، لەلایــەن مــەلا مســتەفاوە ئــەو دەســەڵاتەی پێــدراوە وەک گوتەبێــژ بــە نــاوی ئــەو لــە شانشــینی یەکگرتــوو چالاکــی بگێڕێــت.

٢. دواتــر دارا دەســتی بــە قســە کــرد و گوتــی لەســەرەتای کانوونــی دووەم گەڕاوەتــەوە بەغــدا و لــە نێــوان ١٣-٢٤ کانوونــی دووەم لەگــەڵ حەبیــب عەبدولکەریــم، ســکرتێری گشــتی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان ســەردانی کوردســتانی کــردووە. ئــەوان بــۆ مــاوەی پێنــج ڕۆژ لەگــەڵ مەلامســتەفادا ماونەتــەوە. بارودۆخــی کــورد هــەروەک خــۆی ماوەتــەوە و نەگــۆڕاوە. کــورد هەوڵیانــدا حکومــەت هــان بــدەن پلانــی چارەســەری جێبەجــێ بــکات، بــە بــڕوای ئــەوان [حکومەتــی بەغــدا] وەهــا نیشــان دەدات کــە پلانەکەیــان جێبەجــێ کــردووە، بــەڵام هیــچ ئەنجامــی نەبــووە. پلانەکــەی بــەزاز، ئــەو شــتە نییــە کــە شۆڕشــی کــورد لــە پێناویــدا خەباتــی کــردووە، بــەڵام خاڵەکانــی پلانەکــە لەلایــەن کــوردەوە پەســەند کــراوە، چونکــە کــورد لــەو بڕوایــەدان پلانەکــە وەهــا دێتــە بەرچــاو کــە نیەتــی حکومــەت بــە ئاڕاســتەیەکی دروســتدا دەبــات. کــورد وەهــا نیشــان دەدەن کــە بــە تەمــای هاوکاریــن و هــەژدە مانــگ لەمەوبــەر بەشــێک لــە ڕێککەوتنەکەیــان جێبەجێکــردووە، ئەویــش بــە داخســتنی ڕادیۆکەیــان و ڕادەســتکردنەوەی ئــەو چەکــە قورســانەی لــە شــەڕی

هندرێــن دەســتیان بەســەردا گرتــووە و ڕێگەیانــداوە فەرمانگەکانــی حکومــەت بگەڕێنــەوە بــۆ هەندێــك لــەو ناوچانــەی لەژێــر قەڵەمــڕەوی ئەوانــدان. حکومــەت بــە بەردەوامــی هانــی کــورد دەدات چەکەکانیــان ڕادەســت بکــەن. ئەمــەش بــە مانــای خــۆ بەدەســتەوەدانی پێشــمەرگە دێــت، چونکــە چــەک تاکــە گەرەنتییــە کــە بــۆ مانــەوەی کــورد بــە جێــماوە.

٣. دارا ئامــاژەی بــەوە کــرد لــەم دواییانــەدا، حکومــەت کۆمەڵێــک پێشــنیازی نوێــی خســتۆتەڕوو و دوو لــە داواکارییەکانــی کــوردی بەجێگەیانــدووە- ئەویــش مۆڵەتــی داوە ئەلتەئاخــی ســەر لــە نــوێ دەســت بــە چــاپ بکاتــەوە و هەروەهــا ئەحمــەد توفیــق دوور خراوەتــەوە. حاڵیحــازر ، مەترســی ســەر لــە نــوێ دەســتپێکردنەوەی دوژمنــکاری [شــەڕ] نەمــاوە، لەوانەیــە تــا ســاڵی داهاتــوو [بــەردەوام بێــت]، چونکــە هــەردوو لایــەن لــەو دۆخــەدا نیــن بتوانــن شــەڕ بکــەن، بــەڵام شــەڕ هــەر ڕوو دەدات، چونکــە وەهــا دەردەکەوێــت کــە چارەســەری لەســەر بنەمــای پەســەندکراو لەلایــەن هەردوولایەنــەوە لــە ئــارادا نییــە.

٤. دواتــر دارا گوتــی کــورد، واتــە «ســوپای کــورد»، دەتوانێــت ڕۆڵێکــی گرنــگ لــە ســەقامگیریی ڕۆژهەڵاتــی ناڤینــدا بگێڕێــت. هەســتێکی قــوڵ بەتایبــەت لەنــاو پێشــمەرگەدا هەیــە، هەروەهــا لەلایــەن مەلامستەفاشــەوە ئــەم هەســتە نیشــان دراوە کــە دانپێدانانــی پێویســت بــە دۆزی کــورد لەلایــەن بەریتانیــاوە بوونــی نییــە. کــورد داوای هــاوکاری لــە (H. M. G) [حکومەتــی بەریتانیــا Her Majesty Government] کــردووە. پێــش ئــەوەی مــن وەڵام بدەمــەوە (کــە تێکــەڵ بــە هاوســۆزی تایبەتــی خــۆم بــوو بــۆ دۆزی کــورد) دارا گوتــی هــەژاری و نەخۆشــی فــرەوان لــە کوردســتاندا تەشــەنەی کــردووە. هەروەهــا نــەوەی نــوێ نەخوێنــدەوارە، چونکــە لــە ســاڵی ١٩٦٠ەوە چوونــە قوتابخانــە نەبــووە.

٥. لێرەدا، بە دڵنیاییەوە لەسەر هاوکارییە تەکنیکی و بەرنامە کلتورییەکانمان و زەماڵەی (C. B. I) و بابەتیتر قسەم کرد. ئامـاژەم بـەوەدا پێویسـتە لـە بیرمـان بێـت، هـەر کاتێـک پەیوەندییـەکان ئاسـایی بوونـەوە [لـە نێـوان کـورد و بەغـدا]، ئێمـە هەندێـك

هاریــکاری بــۆ حکومەتــی بەغــدا دەنێریــن کــە کوردیــش دەتوانــن داوای بەشــی خۆیـان لـە حکومەتـی بەغـدا بکـەن. باسـم لـەوە کـرد کـە مومکیـن نییـە حکومەتـی خاوەنشــکۆ(H. M. G) بتوانێــت تەنانــەت ئــەم جــۆرە هاوکاریانــەی ســەرەوەش ڕاســتەوخۆ بداتــە کــورد. پێشــنیازی ئــەوەم کــرد لــە بەرژەوەنــدی کــورددا نییــە لــە عێـراق جیـا ببێتـەوە. بـە درێژایـی ژیانـی تـا هەنوکـە، لاوازی شۆڕشـی کـورد لـەوەدا بـووە کـە تەنیـا بـە دوای خەیاڵـی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ بوونـە (autonomous). بـە دڵنیاییـەوە کـورد دەبـێ ئـەو هێڵـە لـە نـاوەوە و لـە دەرەوە بگرنەبـەر کـە ئـەوان وەک عێراقیـەک مافـی دادپەروەرانـەی خۆیـان بـە دەسـت نەهێنـاوە (!)نـە مەحمـود کـە زانیـاری لەسـەر یارمەتییەکانـی حکومەتـی خاوەنشـکۆ بـۆ کـورد هەیـە، نەیدەویسـت ئـەم بۆچوونانـە قبـوڵ بـکات، نـە دارا نارەزاییـان دەرنەبـڕی.

٦. لــە دارام پرســی ئــەو کەســانەی لــە لەنــدەن پەیوەندنیــان پێــوە دەکات کێــن. وەک هاوسـۆزەکانیان ئامـاژەی بـە ناوەکانـی کریسـتۆفەر مێیهێـو (Christopher Mayhew)، جولیــان ئامێــری (Julian Amery) ئێڤێلیــن کینــگ (Evelyn King) ســتانلی ئۆرمــا (Stanley Orme) و لــۆرد کیلبراکێــن (Kill bracken) کــرد. هەروەهــا ئامــاژەی بــە نــاوی جێفــری ڕۆبینســۆن (Jeffrey Robinson)یــش کــرد، وەک پەیوەندیکارێــک لــە نووســینگەی کاروبــاری دەرەوە (F.O). پێشــنیازی ئــەوەم کــرد کــە دەتوانێــت لەگــەڵ هاوڕێکانــی بــاس لــە کێشــەی نەخۆشــی و ئــەم جــۆرە بابەتانــە بــکات، لەوانەیــە ئــەوان هەندێـك بیرۆکەیـان لەبـارەی چۆنیەتـی هـاوکاری خاچـی سـووری نێودەوڵەتــی هەبێــت. کاتێــک مــن پرســیاری یارمەتــی ئەمریــکام کــرد بــۆ باکــوور [ی عێـراق] کـە لەلایـەن C. A. R. E دابیـن کـراون، بـە توڕەییـەوە گوتـی، گشـت یارمەتیـەکان بـۆ جاشـەکان چـووە. هەروەهـا یارمەتییەکانـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان بەخراپــی بــەکار هاتــوون و ئــەو نامەیــەی دامــان بــە لقــی لێژنــەی نەتــەوە یەکگرتـووەکان بـۆ ڕێگـە گرتـن لـە جیـاکاری (تبعیـض) و پاراسـتنی کەمایەتییـەکان پشـتگوێ خـراوە. ئـەو نامانـە هـاوکات بـۆ لێژنـەی هەرێمەکانیـش نێـردراون؛ بـۆ نموونــە بــۆ وڵاتانــی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت کــە دوو لەســەر ســێی ئەندامەکانــی

عەرەبـن. (بـە دڵنیاییـەوە، بەرنامـەی خۆراکـی جیهانـی لـە عێـراق دەرگای کراوەیـە بـۆ گوێگرتـن لـە ڕەخنـەکان (بـۆ نموونـە، ئـەو جوتیارانـەی سـەر بـە پـڕۆژەی ‹موسـیبەی گـەورە›ن و کار ناکـەن و بەرهەمەکانـی خۆیـان دەفرۆشـنەوە و لـە دەرەوەی بەرنامـەی خۆراکـی جیهانـی دەژیـن- ئێمـە ئـەم خـراپ بەکارهێنانـەی هاوکاریـمان لەلایـەن بەغـداوە، بـۆ [لایەنـی پەیوەندیـدار] بـەرز کردووەتـەوە).

٧. دارا دوێنـێ لـە ڕێگـەی زەمینییـەوە بـەرەو لەنـدەن بـەڕێ کەوتـووە. ئـەو مـاوەی چەنـد سـاڵێکە بـۆ خوێنـدن لـەوێ دەژیـت و لـە ژووری ژمـارە ٢١ لـە Onslow) (Gardens، S.W.7 نیشـتەجێیە. لەوانەیـە ئـەم شـوێنە بەجـێ بێڵێـت، بـەڵام هەمیشـە لـە ڕێگـەی تۆفیـق وەهبیـەوە بەردەسـت دەبێـت کـە لـە 7 Ferry Road، Barnes،) (S.W. 13 دەژییـت. (پێداچوونـەوە ٨٣٣٠). هـەوڵ دەدەم لەڕێگـەی مەحمـودەوە زانیـاری زۆرتـر لەسـەر پێشـینەی ئـەو کۆبکەمـەوە.

٨. دارا هەڵسـەنگاندنی شـەوکەت ئاکرەیـی بـۆ بارودۆخەکـەی پشتڕاسـت کـردەوە. (نامەکـەم لـە ٢٦ی شـوبات ئامـاژەی پێـدەکات)، بـەڵام وەهـا دەردەکەوێـت وەک ئـەوەی شـەوکەت خسـتیەڕوو، لـەم سـاڵەدا هیـچ کۆبوونەوەیەکـی لێژنـەی ناوەنـدی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان گـرێ نەدرابێـت. بـەڵام پ.د.ک ئـەم سـاڵە لـە مانگـی کانوونـی دووەم لـە سـووریا کۆبوونەوەیەکـی گرێـدا.

٩. ئەمـڕۆ کاتێـک زەیـد ئەحمـەد عوسـمان تەلەفۆنـی کـرد تـا باسـی کێشـە بازرگانیەکـەی بـکات کـە پەیوسـت بـوو بـە کارگەکـەی (کارگـەی بابـا عەلـی)، لەبـارەی کۆمیتـەی پێشـکەوتنی کـورد (C. A. K)گفتوگۆیەکـی کورتـم لەگەڵـدا کـرد. زۆر پەرۆشـی ئـەم باسـە نەبـوو، بـەڵام دواتـر کـە هێـدی هێـدی گـەرم بـوو بـۆ باسـکردن لەبـارەی ئـەم بابەتـە مـن گوشـارم بـۆ نەهێنـا. ئێمـە سـبەی بـۆ خواردنـی ئێـوارە یەکـتر دەبینیـن و بۆچوونەکـەی وەردەگـرم. هەروەهـا ئـەو ڕاپۆرتـەی پشتڕاسـت کـردەوە کـە جێمـز شـاتر (Mr James Shatter) مـاوەی ٢٤ کاتژمێـر مۆڵەتـی پێـدراوە عێـراق بەجـێ بهێڵێـت. شـاتر پێشـتر لـە سلێمانی و دواتـر لەگـەڵ I.P.C لـە نێوان سـاڵانی ١٩٥٥-٥٩؟ ئەفسـەری سیاسـیی بـووە، هەنوکـە خەریکـی کاری بازرگانییـە. لـە کۆتایـی شـوبات بـۆ مـاوەی

چەنـد ڕۆژێـک سـەردانی بەغـدای کـردووە و بابـا عەلـی خوانێکـی بـۆ ئـەو گێـڕاوە. (یەحیـا قاسـم پێـی گوتـم ئـەو پەیوەنـدی کـردووە، یـان هەوڵـی پەیوەندیکردنـی داوە، لەگـەڵ کۆمەڵێـک لـە هاوڕێیانـی کۆنـی).

١٠. کۆپیـەک لـەم نامەیـە بـۆ نووسـینگەی پاراسـتنی زانیارییـەکان (Chancery) لـە تـاران دەنێـرم.

(H. St. J. B. Armitage)

David Montgomery Esq.

بەشی ڕۆژهەڵات

نووسینگەی دەرەوە S. W. 1

**تێبینـی:** زیـاد ئامـاژەی بـەوەدا دوێنـێ ئێـوارە لەگـەڵ نـاسر ئەلهانـی و کازم ئەلخەلەفـدا بـووە؛ هەردووکیـان نەفرەتیـان لـە حکومـەت بـە گشـتی و ئیسـمائیل خەیـروڵا بـە تایبەتـی، دەکـرد. لـە مـاوەی جەژنـدا بـە ڕێکـەوت ئـەم دوو کەسـەم بینیـووە. هەردووکیـان ڕەفتارێکـی زۆر دۆسـتانەیان هەبـوو و کازم پرسـیاری کـرد کـەی لـە بەغـدا دەگەڕێمـەوە. لـە وەڵامـدا گوتـم ئەمـە بەنـدە بـە حکومەتەکـەی ئێـوەوە [حکومەتـی عێـراق]. کاتێـک ئامـاژەم بـە نووسـینگەی پەیوەندییەکانـی دەرەوە کـرد، پرسـی «نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوەی کێ؟-هـی ئێـوە- ئەمـە تەنیـا پەیوەنـدی بـە کاتـەوە هەیـە، ئێمـەش شـتێکمان گوتـووە».

٢٢ی ئاداری ١٩٦٨ (ل ٦-٧)

لەلایــەن ئێــوە نووسراوێکــمان بەدەســت گەیشــتووە (کۆپیــەک هاوپێچکــراوە) کــە نامەیەکــی بەڕێــز عەلەمــدار (Alemdar) لەگەڵیــدا هاوپێچکــراوە و تایبەتــە بــە چارەنووســی کــوردی ســووریا. ئــەم نامەیــە بــە ژێــدەری زۆر نهێنــی لــە نووســینگەی کاروبــاری دەرەوە (top NA/FO) پۆلینکــراوە. هــاوکات ئێمــە هاوپێچــی کەیســەکەی ســەرۆک وەزیرانیشــمان بەدەســت گەیشــتووە بــە ژمــارە ٧٧٤ کــە هەمــان نامــەی ســەرەوەیە. نامەکــە ڕێــز و پێزانینــی خــۆی دەردەخــات و داوا دەکات وەڵامــی ســکرتێری شەخســی و سیاســی ســەرۆک وەزیــران بدەینــەوە.

ئێمــە لەســەر دووڕیانێــک وەســتاوین و نازانیــن چ هەنگاوێــك بگرینەبــەر، بــەڵام پێویســتە وەڵامــی مســتەر عەلەمــدار بدەینــەوە. ڕەشنووســێکتان بــۆ ڕەوانەدەکــەم کــە زانیــاری بەســوودی تێدایــە.

هــەروەک بەڕێزتــان ئــاگادارن، کــورد کەمینەیەکی ســەرەکی لە ســووریا پێکدێنــن. ئەوان لەنــاو ســنوورە سیاســییەکانی ئێــران، عێــراق و تورکیــادا بڵاوبوونەتــەوە. بــە درێژایــی مێــژوو ئــەوان لــە دژی ئــەو کەســانە وەســتاونەتەوە کــە هەوڵیانــداوە ســەربەخۆیی خێڵایەتیــان زەوت بکــەن. زۆرێــک لــەو گلەییانــەی لــەم داواکاریــەدا خراونەتــەڕوو، پێشــینەیەکی دوورودرێژیــان هەیــە و گلەیــی تواندنــەوەی نەتــەوەی کــورد لەنــاو کۆمەڵــگای نەتەوەیــدا (national community) دەخاتــەڕوو. کــوردی ســووریا خاڵــی ســەرەکی هاوســۆزی باڵــە چەپڕەوەکانــی وڵاتانــی دراوســێن. خالیــد بەکتــاش (Khalid Bikdash) یەکەمیــن کۆمۆنیســتی هەڵبژێــردراو بــۆ پەرلەمانێکــی عەرەبــی، بــە ڕەچەڵــەک کــوردە.

ئێمــە هیــچ زانیارییەکــمان لەســەر دامــەزراوەی ‹پەنابەرانــی کــورد لــە ســوید› (The Kurdish Refugees in Sweden) نییــە. بەهەرحــاڵ نووســەری بابــەت، بەڕێز ج. عەلەمدار، هاووڵاتــی عێــراق و لایەنگــری کۆمۆنیســتە و ئەندامــی ئەنجوومەنێکــی نهێنــی قوتابیانــی کــوردە لــە ئیســتانبۆل کــە لەلایــەن دەســەڵاتدرانی تورکیــا لــە ســاڵی ١٩٣٦، بــە تۆمەتــی ئەنجامدانــی چالاکــی نایاســایی کــورد لــە تورکیــا دەســتگیر کــراوە.

کێشــەی کــورد، کێشــەیەکی زۆر ئاڵــۆزە. ئێمــە نامانەوێــت ئامۆژگاریتــان بکەیــن کــە پێویســتە وەڵامێکــی جیــدی (substantive replay) بەڕێــز عەلەمــدار بدرێتــە و بــاس لــە ١٩ی ئــادار بکرێــت. هــەر جــۆرە دەبڕینێــک و هاوســۆزی نیشــاندانێک لەســەر [پرســی کورد لــە ســووریا]، لەلایــەن وەرگــری [نامەکــەوە] بــە هەڵــە لێکدەدرێتــەوە و وەک پەیامێکــی پشــتگیریی ســەرۆک وەزیــران بــۆ کێشــەی کــورد هەژمــار دەکرێــت.

A. M Palliser، Esq، C. M.C. 10 Dowing Street

بەڕێز..

ئێمــە دەمانەوێــت ســەرنجتان بــۆ کێشــەیەکی لەبیرکــراو ڕاکێشــین کــە لــە ویــژدان و هــزری مرۆڤــدا جێیگرتــووە؛ واتــە پرســی ســەرکوتی نەتەوەیــی و جیــاکاری لــە دژی کــورد لە ســووریا، بــە دڵنیاییــەوە، بــە خوێندنــەوەی زانیاریــی هاوپێچکــراوە دەگەنــە ئــەو ئەنجامــە کــە [کردەوەکانــی حکومەتــی ســووریا لەهەمبــەر کــورد] دەگاتــە ئاســتی جینۆســایدکردن.

هیواداریــن ئێــوە گشــت هەوڵەکانتــان وەگەڕبخــەن تــا ئــەم پێشــلکارییەی مافــە ســەرەتاییەکانی مــرۆڤ بوەســتێنن.

لەبری پەنابەرانی کورد لە سوید

ج، عەلەمدار

Studentbacken، 27/705 c

Stockholm-Sweden

March 1968

کوردی سووریا (ل ٨-١٧)

- نەتەوەیەکی هەژار و بێ پشتیوانی پێویستییان بە یارمەتی ئێوە هەیە.
- جیاکاری لە ناشرینترین شێوازیدا
- ویژدانی جیهان لەهەمبەر تاقیکردنەوەدایە
- ناڕەزایەتی دەربڕین لەدژی حکومەتی سووریا
- سەرنجی حکومەتەکەتان بۆ کێشەکە ڕادەکێشین
- سەرنجی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کێشەکە ڕادەکێشین
- زۆر بە وردی ئەم بابەتە بخوێنەوە و تا ئەو شوێنەی دەکرێت ناوەڕۆکەکەی بڵاوبکەوە.

**ڕاگەیاندراوێک لەبارەی بارودۆخی کوردی سووریا**

**Statement on The Situation of the Kurds in Syria**

بیست ساڵی ڕابردوو شایەتی چەندین نووسین لەباری پێناسە و ڕێککەوتنەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ بووە. هەروەها شایەتی ئەوەش بووە کە حکومەتە یەک لە دوا یەکەکان پێشێلی ئەم مافانەیان کردووە؛ ئەمەش لەپێناو هێشتنەوەی بەرژەوەندی دەسەڵاتداران (raison d'etat)؛ ڕەشبینییەکی هاوشێوەی ڕەشبینی سەدەی هەژدەیەم لەهەمبەر ئەم مافانەدا بەدی دەکرێت؛ دڕندایەتییەک لەلایەن ئەم حکومەتە و دراوسێکانیانەوە لەهەمبەر [مافەکانی تایبەت بە] تاک و کۆمەڵەکاندا پیادەکراوە کە لەهیچ سەردەمێکی مێژووی مرۆڤایەتیدا نەبینراوە. مرۆڤ دەترسێت بگەڕێتەوە سەردەمی بەربەری.

یەکێک لە ڕەهەندەکانی ئەم گەڕانەوەیە پشتگوێخستنی ئازادیە. وادیارە زیندانیکردنی سیاسی بووە بە دیاردەیەکی جیهانی و لە زۆربەی ناوچەکانی ئەم جیهانەدا بە بابەتێکی ئاسایی هەژمار دەکرێت، بەڵام سەردەمی ئەوە هاتووە دیموکراتەکانی جیهان گرنگی بەم بابەتە بدەن و هەڵوێست لەهەمبەر ئەم ستەمکارییە وەرگرن. زیندانیکردنی سەرکردە سیاسییەکان یەکێک لەو ئارگیۆمێنتانەیە کە بە فرەوانی لەلایەن دیموکراتەکانەوە لە دژی کۆلۆنیالیزم بەکاردەهینرێت؛ بەڵام کاتێک ناسیۆنالیستەکان دەسەڵات دەگرنە دەست زیاتر لە ئاغا کۆلۆنالیستەکانیان پەنا بۆ ئەم ئامرازە دەبەن.

بەراورد لەگەڵ سەردەمی ڕۆشنگەریدا، توندوتیژی ئاشکرا، خەسڵەتی بەرجەستەی سەردەمی ئێمەیە. بەچاوپۆشین لە نازیزم، دەتوانین بڵێین هیتلەر یەکێک بوو لە هەڵگەڕاوەکانی مێژوو. دوای ئابی ساڵی ١٩٤٥ کە بە لەناوبردنی ١٠٠،٠٠٠ هاووڵاتی مەدەنی ژاپۆنی دەستیپێکرد، ئەم سەردەمە دوو پرۆسەی ڕەشەکوژی بەخۆوە بینیووە؛ ڕەشەکوژی دووسەرەی مووسڵمان و سیک و هیندووەکان لە وڵاتی هیند؛ هەروەها لەناوبردنی سیستماتیکانەی کۆمۆنیستەکانی ئەندۆنیزیا، دوو ساڵ لەمەوبەر. ئەم دوو ڕووداوە لوتکەی ڕەشەکوژییەکانی ئەم بیست ساڵەی ڕابردوو بوون، بەڵام حاڵیحازر، بەشێک لەم دڕندایەتیە بەردەوامە و بە شتێکی ئاسایی لە قەڵەم دەدرێت.

بەرجەستەترین خاڵ لەبارەی ئەم دڕندایەتیەوە بریتی نییە لە ڕوودانی خودی دڕندایەتی، بەڵکو قبوڵکردنی دڕندایەتییە [بە شتێکی ئاسایی]. ویژدانی ئازاد کە لەماوەی بیست بۆ سی ساڵی ڕابردوو زۆر چالاک بوو، وەها ڕاهێنراوە ئەو شتانەی لە سەردەمانێکدا بوونە هۆی سەرهەڵدانی ئەم ویژدانە ئازادە، پشتگوێ بخات. ئەوروپا بەیاننامە دەردەکات لەبارەی ئەو دڕندایەتیەی کە نەوەد ساڵ لەمەوبەر لە بولگاریا ڕوویداوە، کەچی ئەو دڕندایەتیەی دوو ساڵ لەمەوبەر لە ئەندۆنیزیا ڕوویدا، بە هیچ شێوەیەک نەبووە مایەی نیگەرانی چاپەمەنی جیهانی یان نیگەرانی سیاسەتمەدارەکان.

خەڵکێکی زۆر لایەنگری لە [دەستێوەردانی] ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڤێتنام ناکەن، تەنانەت ڕقیشیان لێدەبێتەوە، بەڵام چەند کەس لەم خەڵکە هەوڵی گۆڕینی ئەم سیاسەتەیان داوە.

جیهان ‹غاز›ی قەدەغە کرد و بە چەکێکی نامرۆڤانە هەژماریکرد، ئەم قەدەغەیە تا ئەوکات بەردوام بوو کە ئەمریکییەکان چوونە ناو ڤێتنام، ئەوروپییەکان چوونە ناو یەمەن و حکومەتی عێراقیش ئەم چەکەی لە کوردستان بەکارهێنا. ئێستاش جیهان خەریکی گفتوگۆ کردنە لەسەر مەترسییە فرە ڕەهەندەکانی چەکی ناوەکی، کەچی دە خولەک لەکاتی خۆیان تەرخان ناکەن بۆ قەدەغەکردنی ئەم چەکانە. یان باس لەوە

دەکەن کە بەکارهێنانی ناپاڵم کارێکی هەڵەیە. چەند خەڵک گرنگیان بە جینۆسایدی باشووری سوداندا؛ ئایا تەنانەت گوێبیستی ئەم جینۆسایدە بوونە؟ چەند لەسەدی دژە-نەژداپەرەستەکان، زۆر بە جیدییانە قۆڵیان هەڵماڵیوە تا بە هەر شێوەیەک بێت یارمەتی قوربانییەکانی ئەفریقیای باشوور بدەن؟

بێبێجگە لە چەند نموونەیەکی ڕێژپەڕ نەبێت، ئێمە ناچارین دان بەوەدا بنێین کە توندوتیژی لە دژی تاکەکان و کۆمەڵانی خەڵک بەکار دەهێنرێت، ئەشکەنجە، کوشتن، زیندانیکردنی سیاسی، سەرکوتکردنی دەستەجەمعی، بەداخەوە، حەقیقەتی ژیانن.

کێشەی کورد لە سووریا یەکێکە لە نموونەی ئەم کێشە بێ ژمارانەی لە جیهاندا هەن. کەمینەیەکی ٥٠٠،٠٠٠ کەسی کە ١٠٪ کۆی گشتی دانیشتووانی سووریا پێکدێنێت و لە سێ هەرێمی باشووری سووریادا نیشتەجێن (جزیرە، کورداغ و عەین عەرەب) و زۆرینەی هەرە زۆری دانیشتوانی ئەم هەرێمە پێکدێنن. زۆر لە پێش ئەوەی عەرەب لە سووریا و میزۆپۆتامیادا نیشتەجێ بێت، کورد لەسەر خاکی خۆیان نیشتەجێ بوونە. مافی زمان، کلتور، پەروەردە، دامەزراندن، پێکهێنانی ڕێکخراوەکان و ئازادیی سیاسی کورد زەوتکراوە و جیاکارییان (تبعیض) لە دژ دەکرێت، کورد لە شوناسی نەتەوەیی خۆیان بێ بەشکراون، بە کۆمەڵ لە زێدی خۆیان دەردەکرێن و شوناسیان [لەناو شوناسی عەرەبدا] دەتوێنرێتەوە. کردەوە سەرکوتکارییەکانی حکومەتی سووریا لە دژی گشت ئەم پەیماننامە و ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتییانەی خوارەوەیە:

١. پەیماننامەی ساڵی ١٩٦٦ بۆ مافە کلتوریی، ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان.

٢. پەیماننامەی ساڵی ١٩٦٦ بۆ مافە مەدەنی و سیاسییەکان.

٣. بڕیاری ساڵی ١٩٦٢ی ئەنجوومەنی گشتی [نەتەوە یەکگرتووەکان]، تایبەت بە ڕێگەگرتن و نەهێشتنی جیاکاری نەژادیی و توندوتیژی ئایینی و نەتەوەیی.

٤. بەیاننامەی ساڵی ١٩٦٠ تایبەت بە مافی نەتەوەکان لە مافی چارەی خۆ-نووسین (self-determination).

٥. پەیماننامەی ساڵی ١٩٦٦ تایبەت بە نەهێشتنی گشت جۆرەکانی جیاکاری نەژادیی.

٦. پەیماننامەی ساڵی ١٩٥٩ی (ILO)، تایبەت بە جیاکاریی لە دامەزراندن و پیشە.

٧. بەیاننامـەی سـاڵی ١٩٥٩ی ئەنجوومەنـی گشـتی [نەتـەوە یەکگرتـووەکان] تایبـەت بـە مافـی منـداڵان.

٨. جاڕنامەی گشتی مافی مرۆڤی لە ساڵی ١٩٤٨.

٩. پەیماننامەی ساڵی ١٩٤٨ تایبەت بە ڕێگەگرتن و سزادانی تاوانی جینۆساید.

١٠. پەیماننامە و ڕاسپێردراوی یونسکۆ لە دژی جیکاری لە پەروەردە و فێربوون.

١١. بنەمـا سـەرەکییەکانی مافـی گشـت مرۆڤـەکان، لـە ئازادبـوون لـە ڕەشـبگیری، زیندانیکـردن و نەفـی کـردن.

١٢. ڕەشـنووی بەیاننامـە و ڕەشنووسـی ڕاگەیێنـدراوی ئـازادی لـە دەسـت گەیشـتن بـە زانیارییـەکان.

ئایـا نەتـەوە یەکگرتـووەکان، کۆمیسـیۆنی نێودەوڵەتـی بـۆ مـافی مـرۆڤ، کۆمیتـە لاوەکییەکانـی سـەر بـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان کـە تایبەتـن بـە ڕێگـری لـە جیـاکاری و پاراسـتنی کەمینـەکان، یـان ڕای گشـتی جیهانـی هیـچ کارێکـی لـەم بـارەوە ئەنجـام داوە؟ ئێمـە گومانمـان هەیـە.

لەوانەیـە بـۆ جیهـان باشـتر بێـت نەتەوەیەکـی بچووکـی وەک کـورد لەنـاو ببردرێـت. بەلایەنیکـەم کێشـەیەکی جیهـان بنبـڕ دەکرێـت، گرنگیـش نییـە ئـەم کارە بـە چ ئاسـتێک لـە بەربەریـەت، دڕندایەتـی و نادادپەروەرانـە ئەنجـام بدرێـت.

کـوردی سـووریا ناتوانـن لـەدژی سـەرکوتکردنیان لـە ڕێگـەی شۆڕشـی چەکـداری و سـەرهەڵدانی مەدەنییـەوە بەرگریـی بکـەن...... چونکـە هـەر یـەک لـەم کارانـە بیانـوو دەداتـە دەسـت حکومەتـی سـووریا کـە بـێ هیـچ دوو دڵییـەک، لەجیاتـی بـەزۆر تواندنـەوەی کـورد، ئەمجـارە کـورد بـە تەواوەتـی لەنـاو ببـات.

ئەگەرچـی لەخسـتنەڕووی ئـەم داواییـە لەبـەردەم ویژدانـی جیهانـدا، ئێمـە دڵنیایـن

هەڵوێستێکی ئەوتۆ ناگیرێتەبەر، بەڵام هیواداریـن بنەما ئەخلاقییەکان ڕەچاوبکرێن کە کۆمەڵگای مرۆڤی پاراستووە و بە شۆڤێنیستی تازەپێگەیشتووی حکومەتی سووریا نیشان بدات کە ئەم حکومەتە ناتوانێت پەنا بۆ بەکارهێنانی هەر جۆرە ئامرازێک ببات.

گاڵتەجاڕترین شت لەبارەی بارودۆخی کوردی سووریا ئەوەیە کە ئەوان کەوتوونەتە دەست حکومەتێک بە حکومەتی سۆشیالیستی پێشکەوتنخواز ناودەبردرێت. ئێمە بە خستنەڕووی ئەم بابەتانەی خوارەوە کە باس لە سەرکوتکردنی کورد دەکات، هاوکات لەگەڵ وتارێک کە لە ڕۆژنامەی پارتی دەسەڵاتداری سووریا بڵاو بووەتەوە، خوێنەران سەر پشک دەکەین خۆیان دادوەر بن، ئایا ئەم کردارانە دەچنە خانەی بڕوا و پێوەرەکانی سۆشیالیستی یان سۆشیالیزمی نەتەوەییەوە.

سەبارت بە بنەماکانی سۆشیالیزم ئێمە تەنیا ئاماژە بە قسەیەکی لینین دەکەین (کە بە بڕوای ئێمە لە سەردەمی خۆیدا ئەم بنەمایە کەمێک پەیڕەوکراوە)، ئەمەش بەسە کە پەردە لەسەر ڕوخساری کردەوە فاشیستییەکانی حکومەتی سووریا لابدەین:

«کەسی سۆشیالیست، کە ئەندامی نەتەوەی سەردەستە، لە کاتی شەڕ و لە کاتی ئاشتیدا، ئەگەر پشتگیریی لە مافی نەتەوەی سەرکوتکراو نەکات بۆ جیابوونەوە؛ ئەو نە کەسێکی سۆشیالیستە و نە ئینتێر ناسیۆنالیستە، بەڵکو کەسێکی شۆڤێنیستە».

بێجگە لەمەش، ئەمە ڕۆژێکی خەمبارە بۆ گشت بیرۆکە ڕاگەیێنراوەکانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی، کاتێک [سنوورەکانی] ئەم ناسیۆنالیزمە هێندە فرەوان دەکرێت تا مافی مرۆیی و کلتوریی و نەتەوەیی کورد لە خۆیدا بتوێنێتەوە. ئەگەر عەرەب بڕوایان بە مافی بنەڕەتی گشت گەلان لە مافی چارەی خۆنووسین هەبێت، کەواتە چۆن لە ڕووی ئەخلاقییەوە ئەوان دەتوانن پاساو بۆ ئەم کارە بهێننەوە؟

**ئەمـەی خـوارەوە پوختەیەکـە لـە چەندیـن وتـاەر کـە لەلایـەن حکومەتـە جۆراوجۆرەکانـی سـووریا لـە نێـوان سـاڵانی ١٩٥٩-١٩٦٧، لـە دژی کـورد نـووسراون:**

**ا** لـە هاوینـی سـاڵی ١٩٦٠دا حکومەتـی سـووریا پـتر لـە ٧٠ کـوردی نیشـتیمانپەروەری دەسـتگیرکرد کـە زۆریـان لـە ئەندامانـی سـەرکردایەتی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـوون. هـۆکاری دەسـتگیرکردنی ئەمانـەش تەنیـا ئەوەبـوو کـە ڕێکخراوگەلێکـی کوردیان دامەزراندبـوو و بـە نهێنیـەوە ڕۆژنامـە و ناملکەیـان بـە زمانـی کـوردی چـاپ و بـڵاو دەکـردەوە. ئـەم کەسـانە بـۆ مـاوەی شـەش مانـگ بـێ دادگاییکـردن بـە دڕندانەتریـن شـێواز ئەشـکەنجە دران. لەهەمانکاتـدا بـە سـەدان کـوردی نیشـتیمانپەروەر خۆیـان لـە کێڵگـە و شـاخ و گوندەکانـدا لـە ترسـی ئـادار و ئەشـکەنجە حەشـارداوە.

**ب** دە کـوردی نیشـتیمانپەروەر بـێ دادگاییکـردن لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٥٩ تـا کۆتایـی سـاڵی ١٩٦٠، خراونەتـە بەندیخانــەوە، تەنیـا بەهــۆی بڕوابوونیــان بــە مافــی ڕەوای گەلـی کـورد.

**ج** لـە نێـوان سـێپتەمبەری ١٩٦١ بـۆ کانوونـی یەکەمـی ١٩٦٢دا، نزیکـەی ٥٠٠ کـورد، کـە ١٠٠ کەسـیان قوتابـی بـوون، بـێ دادگایکـردن و بـێ هیـچ تۆمەتێـک ئەشـکەنجە دران و خرانـە بەندیخانـەوە.

**د** لـە سـاڵی ١٩٦٢ بـە سـەرەوە، سـاڵانە لـە ٢١ی ئـادارەوە، کـە دەکاتـە ڕۆژی نەتەوەیـی کــورد و ڕۆژی نێودەوڵەتــی بــۆ نەهێشــتنی جیاکاریــی نــەژادی، بــە ســەدان کــورد دەخرێنــە بەندیخانەکانــەوە.

**ه** لـە هاوینی سـاڵی ١٩٦٢دا، حکومەت سیاسـەتێکی بـێ بەزەییانەی جیـاکاری پەیڕەو کرد. پلانێکـی ئەنقەسـت (پشـتێنی عەرەبـی) داڕێـژرا، کـە لەلایـەن حکومەتـە یـەک لـە دوای یەکەکانـی سـووریا بـۆ توندانـەوەی زۆردارەکـی کـورد گیرابایەبـەر لە ڕێگەی: ڕاگواسـتنی دەسـتەجەمعی، وەرگرتنـەوەی مافـی هاووڵاتیبـوون، دابەشـکردنی زەوی کـورد بەسـەر عەرەبـەکان، بەڕێوەبردنـی سـەرژمێری گشـتی، تەنیـا لـە ناوچـەی جزیـرە لـە تشرینـی دووەمـی ١٩٦٢دا بـە مەبەسـتی جێبەجێکردنـی سیاسـەتی پشـتێنی عەرەبـی.

**ڕژێمی بەعس، ئاداری ١٩٦٣:**

- لـە کاتـی هەڵمەتـی ڕژێمـی بەعـس لـە دژی کـوردی عێـراق (حوزەیرانـی ١٩٦٣)، حکومەتـی بەعسـی سـووریا بـە دارِشـتنی یاسـای ئاوارتـە بـۆ پشـکنینی خانـووەکان، دەستبەسـەرکردنی خەڵـک و ترسـاندنیان لـە هـەر کاتێکـی شـەو ڕۆژدا، ژیانـی لـە کـوردی دانیشـتووی سـووریا تاڵکـرد.
- هـەر منداڵێکـی تـازە لەدایکبـووی کـورد ئەگـەر نـاوی عەرەبـی لێنەنرابـا، لـە مافـی هەبوونـی ناسـنامەی سـووریا بێبـەش دەبـوو.
- هـەر کوردێـک ئەگـەر پەرتووکێکـی بـە زمانـی کـوردی هەبووبـێ یـان لەسـەر کـورد و بـە هـەر زمانێـک بوایـا، تەنانـەت ئەگـەر پەرتووکەکـە تایبـەت بـە ئەلـف و بێـی کـوردی بـا، ئـەم کەسـە ئەشـکەنجە دەدرا و بـۆ ماوەیـەک بەنـد دەکـرا کـە لـە ساڵێک کەمـتر نەبووایـە.
- کرێـکاری کـورد لەسـەر کارەکانیـان دەردەکـران و لەبـوون بـە ئەندامـی یەکێتییـە بازرگانییـەکان بێبـەش دەکـران، بـە بیانـووی ئـەوەی عـەرەب نیـن.
- قوتابییـانی کـورد لەبـوون بـە ئەندامـی یەکێتـی قوتابیەکانـی سـووریا بێبـەش دەکـران. بـۆ نموونـە، ٢٨ داواکاریـی بـۆ بـوون بـە ئەندامـی یەکێتـی قوتابیـان لـە حەسـەکە ڕەتکرانـەوە و بـە ڕەنگـی سـوور هێڵێکـی ڕاسـت و چـەپ بەسـەر ئـەم داواکارییانـەدا کێـشراو و لەسـەریان نـووسرا «ڕەتکرایـەوە، چونکـە کـوردن».
- زەماڵەی خوێندن بە قوتابیانی کورد نەدرا.
- تەنانەت ڕێگری لە کورد کرا بچنە قوتابخانەی سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندی.
- ڕێگە نەدرا جوتیارانی کورد ببنە ئەندامی ڕێکخراوە جوتیارییەکان.
- ڕێگـە بـە کـورد نادرێـت بۆنـە نەتەوەییەکانیـان بکەنـە جـەژن و هـەر کاتێکیـش بـە نهێنـی ئـەم کارەیـان کردبێـت بـە سـەدان کـورد بەنـد کـراون.
- ڕێگـە نادرێـت کـورد بچنـە کۆلێـژی سـەربازیی و ئەفسـەری کـوردی سـوپاش لـە کارەکانیـان دوور خرانەتـەوە. چەندیـن حاڵـەت هـەن لـە دەرکردنـی کـوردی پلـە نـزم لـە سـوپادا، تەنیـا هـۆکار بریتیـی بـووە لـەوەی کـە کـوردن.

- چەندیـن فەرمانبـەری کـورد لـە کەرتـە جیاوازەکانـی حکومـەت لـە کارەکانیـان دوور خراونەتــەوە، ئــەو ژمــارە کەمــەش کــە ماونەتــەوە بــۆ ناوچــە دووره دەســتەکانی ســووریا گوازراونەتــەوە.
- لــە دوای ســاڵی ١٩٦٣ تــا ئێســتا هیــچ مامۆســتایەکی کــورد لەلایــەن حکومەتــەوە دانەمــەزراوە و ژمــارەی ئــەو مامۆســتایانەش ڕۆژ لــە دوای ڕۆژ زۆرتــر دەبێــت.
- بــە ئەنقەســت ناوچــە کوردییــەکان پشــتگوێ خــراون و هیــچ پلانێــک بــۆ گەشــەی ئــەم ناوچانــە لــە ئــارادا نییــە. دانیشــتوانی ئــەم ناوچانــە لــە برســێتی و نەخۆشــی و خراپتریــن دۆخــی ژیانــدا دەژیــن.
- جوتیارانــی کــورد لــە ســوودەکانی سیســتەمی چاکســازیی زەوی بــێ بەشــکراون و لــە گوندەکانیــان دەرکــراون. هەندێــك لــە گونــدەکان وەبــەر سیســتەمی چاکســازیی زەویــی ســاڵی ١٩٥٩، کەوتــوون.
- لــە شــوباتی ســاڵی ١٩٦٤دا، لــە شــاری عەیــن عــەرەبی کــوردی، ســەد کــورد لــە یەککاتــدا دەستبەســەرکران و بــە خراپتریــن شــێواز لــە بەندیخانەکانــدا ئەشــکەنجەدران و بــۆ مــاوەی دوو ڕۆژ یاســای ســەربازیی بەســەر ئــەم شــارەدا ســەپێنرا، ئەمــەش بــە بیانــووی ســەرهەڵدانی کــورد کــە لەلایــەن ڕۆشــنبیرانی کــوردەوە هــان دراوە. لــەو ســەد کــوردەی دەستبەســەر کرابــوون، زۆربەیــان لــە دوای چەنــد حەوتەیــەک ئــازاد کــران، بــەڵام ئیبراهیــم عەبــدۆ، محەمــەد عەلــی، عەلــی حەمــێ زیــزێ، ماهــۆ ئەحمــەد حاجــی عەلــی و مەحمــود مســتەفا، بــۆ مــاوەی شــەش مانــگ لــە بەندیخانــەدا هێڵرانــەوە.
- لــە شــوبات ســاڵی ١٩٦٤دا، لــە گونــدی میراتــە ‹Mirate›، کــە دانیشــتووانی کــوردن، مامۆســتایەکی عــەرەب بــە نــاوی ســەمیر جابــری، کــە ڕازی نەبــوو لــە گوندێکــی بچوکــدا بژییــت؛ ڕۆژێــک چــووە لای بنکــەی پۆلیســی ناوچەکــە و بانگەشــەی ئــەوەی کــرد کــە لەلایــەن گوندنشــینانەوە هێرشــی کراوەتــە ســەر (تــا بــەم شــێوەیە بــۆ قوتابخانەیەکیــتر بگوازرێتــەوە). لــە ڕاســتیدا، هیــچ شــتێکی لــەم چەشــنە ڕووی نەدابــوو. ئەفســەری پۆلیســی ناوچەکــە لەبــری ئــەوەی لێکۆڵینــەوە لەبــارەی ڕووداوەکــە بــکات، چــووە نــاو گوندەکــە و بــە هەڕەمەکــی لــە هــەر کەســێکی

دەدا و زمانێکـی زبـر و دوور لـە شارسـتانیەتی بەکاردێنـا. دواتـر ئەفسـەرەکە دوو ژنـی گوندەکـەی هێنایـە ماڵـی موختـاری گوندەکـە و لـە پێـش چـاوی دانیشـتوانی گوندەکـە بـە بنـی پێڵاوەکانـی و بـە داری دەسـتەکەی، لـەم دوو ژنـەی دەدا.

* **سیاسەتی پشتێنەی عەرەبی (ئەلحزام ئەلعەرەبی)**

ئـەم سیاسـەتە لەلایـەن حکومـەت و لـە دوای تێکچوونـی پەیوەندییەکانـی نێـوان میـسر و سـووریا لـە ئەیلوولـی ١٩٦١، گیرایەبـەر. ئامانـج لـەم سیاسـەتە بریتـی بـوو لـە داڕشـتنی پلانێـک کـە لەلایـەن حکومەتـە یـەک لـە دوا یەکەکانـی سـووریاوە پیـادە بکرێـت لـە ڕێگـەی گرتنەبـەری ڕێـکاری وەک بەزۆرەدارەکـی تواندنـەوەی کـورد و لەناوبردنیـان لـە ڕێگـەی گواسـتنەوەی دەسـتەجەمعی کـورد، وەرگرتنـەوەی ناسـنامەی سـووریا لـە کـورد، دابەشـکردنی زەوییەکانیـان بەسـەر خێڵـە عەرەبەکانـدا و کۆچـی خێڵـە عەرەبـە نیمچـە-بیاباننشـینەکانی سـووریا، بـۆ ناوچـە کوردییـەکان.

لـە ٢٣-٨-١٩٦٢، حکومـەت فەرمانێکـی یاسـایی بـە ژمـارە ٩٣ دەرکـرد بـە مەبەسـتی ئەنجامدانـی سـەرژمێرییەکی ڕێزپەڕانـە لـە ناوچـەی جزیرەی کوردنشـین. ئەم سـەرژمێرییە تەنیـا لەپێنـاو جێبەجێکردنـی سیاسـەتی پشـتێنی عەرەبـی لـەم ناوچەیـەدا ئەنجامـدرا.

تاقمـە فەرمانڕەواکـەی ئەمـڕۆی سـووریا، ئەنجامـە درۆینەکـەی ئـەم سـەرژمێرییەیان خسـتە بـواری جێبەجێکردنـەوە، ئەویـش لـە ڕێگـەی؛ یەکـەم، دەرکردنـی فەرمانێکـی تایبـەت لـە ١٠-٤-١٩٦٦، بـۆ ڕاگواسـتنی ژمارەیەکـی فرەوانـی کـورد؛ دووەم، پـتر لـە ١٠٠،٠٠٠ کـەس لـە مافـی هاوولاتیبـوون بێبـەش کـران بـە بیانـووی ئـەوەی ناویـان لـە تۆمـاری مەدەنـی سـاڵی ١٩٢٤دا تۆمـار نەکرابـوو؛ سـێیەم، گەمـارۆی ئابـوری خستەسـەر ئـەم ناوچەیـە؛ چـوارەم، کـورد بـە بـێ بیانـوو و بـە هەڕەمەکـی دەسـتگیر دەکـران تـا بـەم شـێوەیە کـورد بترسـێنرێن و سـووریا بەجێبهێڵـن؛ هـەروەک چـۆن لـە ٢١-٨-١٩٦٦دا، ١٥٠ کـورد بـۆ مـاوەی نـۆ مانـگ بـێ هیـچ تۆمەتێـک و دادگاییکردنێـک، خرانـە بەندیخانـە و ئەشـکەنجەدران.

حکومـەت زۆربـەی کوردەکانـی ئـەم ناوچەیـەی بـە ‹پەنابـەر› یـان ‹بێگانـە›

هەژمـار دەکات؛ چەندیـن خێـزان لێکجیـا کراونەتـەوە. ئـەم نموونانـەی خـوارەوە بـە شـێوەیەکی هەڕەمەکـی هەڵبژێـردراون و خراونەتـەڕوو، چونکـە بـە هـەزاران نموونـەی لـەم شـێوەیە هـەن:

بـۆ نموونـە: حوسـێن داود (Husain Daud)، هاووڵاتـی سـووریایە، کەچـی بـاب، دایـک و براکانـی بـە بێگانـە هەژمـار کـراون. ئەحمـەد شـەوزی (Ahmed Shouzi)، کـە خەڵکـی قامشـلۆیە، بەشـێک لـە ئەندامانـی خێزانەکـەی بـە بێگانـە هەژمـار کـراون؛ مـەلا تاهیـر چەنـد کوڕێکـی بـە بێگانـە هەژمـار کـراون لـە کاتێکـدا خـۆی ناسـنامەی سـووری هەیـە. خەڵکێکـی زۆر کـە لـە سـوپادا خزمەتیـان کـردووە یـان لـە قوتابخانـەی دواناوەنـدی بوونـە، بـە بێگانـە هەژمارکـراون؛ بـۆ نموونـە، جەمیـل میکـران کـە یاسـاناس و مامۆسـتای قوتابخانەیـە و ئەندامـی یەکێـک لـە کۆمیتەکانـی سـەرژمێری سـاڵی ١٩٦٢ بـووە، مافـی هاووڵاتیبوونـی لـێ زەوتکـراوە و بـە بێگانـە پۆلێـن کـراوە. هەندێکجـار تـەواوی دانیشـتوانی گوندێـک لـە مافـی هاووڵاتیبـوون بێبەشـکراون؛ بـۆ نموونـە ،گونـدی ‹حـاج نـاسر› (نزیکـەی ٥٠٠ کـەس)، گونـدی هیلۆلـی ‹Hiloly›، (نزیکـەی ١٥٠٠ کـەس)، بەشـێک لـە گوندنشـینانی گونـدی غەزالیـک (Ghezalike)، تربەسـپی (Tirbe Sippi)، هەندێـك لـە دانیشـتوانی گونـدی کامچیلتـە (Kamichlte)، دەرکرانـە تورکیـا، بـەڵام حکومەتـی تورکیـا ئـەم کەسـانەی وەرنەگـرت بـە بیانـووی ئـەوەی هاووڵاتـی تورکیـا نیـن.

لـە ڕاسـتیدا، سـەرژمێرییەکە دەریخسـت ژمـارەی ئـەو عەرەبانـەی لـە سـاڵی ١٩٢٤دا ناویـان تۆمـار نەکـراوە، ڕێژەیـان گەلێـک زۆرتـرە لـە ژمـارەی کـوردە تۆمـار نەکـراوەکان، بـەڵام حکومـەت بڕیاریـدا لـە پلانەکـەی بـەردەوام بێـت و ڕایگەیانـد لـە کۆمیتەکانـی تایبـەت بـە سـەرژمێریدا هەندێـك فەرمانبـەر هەبوونـە کـە لەگـەڵ کـورد هاوسـۆزیان هەیـە و لـە ٢٨-٨-١٩٦٦دا ڕایگەیانـد وەزارەتـی ناوخـۆ لێکۆڵینـەوە لەسـەر تۆمارەکانـی تایبـەت بـە خـۆی دەکات. ئەمـەش بـووە هـۆی ئـەوەی مافـی هاووڵاتیبـوون لـە پـتر لـە ١٥٠،٠٠٠ کوردیـتر وەربگیرێتـەوە.

**ئەمانـــەی خـــوارەوە کۆمەڵێـــک ڕووداون کـــە بـــۆ جێبەجێکردنـــی پلانـــی پشـــتێنەی عـــەرەب لەلایـــەن حکومەتـــەوە گیراونەتەبـــەر**

- شـێخ دەهـام ئەلهـادی، سـەرۆکی خێڵـی شـەمەڕ، بـە پشـتیوانی حکومـەت و بـەزۆر دەسـتی بەسـەر سـێ گونـدی کـورددا (شـەبەک، ئەبـرا و کافـر دینـە) گرتـووە و چـوار جوتیـاری کوشـتووە و چواریـتری برینـدار کـردووە؛ بـێ ئـەوەی ڕووبـەڕووی هیـچ لێپێچینەوەیـەک ببێتـەوە.
- حکومـەت دانیشـتوانی نزیکـەی ١٠٠ گونـدی کـوردی سـەر سـنوورەکان (بـە درێژایـی ١٥ کیلۆمەتـر لەسـەر سـنوور) ئـاگادار کردووەتـەوە کـە گوندەکانیـان چـۆڵ بکـەن. کەچـی حکومەتـی سۆشیالیسـتی!! هێنـدە سـەخی نییـە پێیـان بڵێـت بـۆ کـوێ بـڕۆن و چـۆن بـڕۆن؟ کەمپێکیشـی بـۆ ئـەو کەسـانە ئامـادە نەکـردووە، تەنانـەت ئەگـەر کەمپەکـە دووریـش بـێ.
- کۆمیسـیۆنی چاکسـازیی زەوی، مۆڵەتـی بـە جوتیارانـی گونـدی ‹عەلـی فـارۆ› نـەداوە زەویەکانیـان بکێڵـن، بـە بیانـووی ئـەوەی گوندەکەیـان کەوتووەتـە نـاو ناوچـەی پشـتێنەی عـەرەب.
- لـە سـاڵی ١٩٦٧دا حکومـەت دەسـتی بەسـەر زەویـی جوتیارانـی گوندەکانـی ‹تـەل جەمیـل›، ‹گـر کافـک› و ‹گـر زیـارەت›، گـرت. ئـەم زەویانـە بـە پێـی سیسـتەمی چاکسـازی زەوی لـە سـاڵی ١٩٥٩دا بەسـەر ئـەم جوتیارانـەدا دابەشـکرا بـوون. دواتـر حکومـەت ئـەم زەویانـەی بەخشـییە شـێخە دەربەگەکانـی عـەرەب.
- لـە کانوونـی دووەمـی سـاڵی ١٩٦٧دا، جوتیارانـی کـوردی گونـدی ‹خـەراب کـورت› کـە دەکەوێتـە نزیـک قامشـلۆ زەوییەکانیـان زەوتکـرا، چونکـە ئـەو زەویانـە دەکەوتنـە چوارچێـوەی پشـتێنی عـەرەب. دواتـر کۆمیسـیۆنی چاکسـازی زەوی، ئـەم زەویانـەی بـە کـرێ دایـە زەویدارێکـی گـەورەی عـەرەب بـە نـاوی جـۆرج زینیـب (George Zizinb) و ئـەم کەسـەش ڕەتیکـردەوە چـاوی بـە شـاندێکی جوتیارانـی خـاوەنی زەوییـەکان بکەوێـت. مـرۆڤ هـزر لـەوە دەکاتـەوە ئەمـە چ جـۆرە سۆشیالێسـتێکە کـە پشـتیوانی لـە دەرەبەگـەکان لـە دژی جوتیـاران دەکات.

چەندیــن گونــد هــەن هاوشــێوەی گوندەکانــی ســەرەوە لــە خاوەنــە یاســاییەکانیان زەوتکــراون و لەلایــەن خــودی کۆمیســیۆنی چاکســازیی زەوییــەوە نەخراونەتــە کار (exploited). لــە کاتێکــدا جوتیــاری کــورد لــە قاتوقــڕی و بارودۆخــی ســەختی ژیانــدا دەژیــن، ئــەم گوندانــە یــان بــە کــرێ دراونەتــە زەویــدارە دەوڵەمەنــدەکان یــان بــێ ســوود بەجێهێڵــراون.

- لـە ٢٥-١٢-١٩٦٦، جوتیـاری کـورد شـاندێکیان بـۆلای سـەرۆک کۆمـار نـارد، تـا گلەیـی لـەو ڕەفتـارە نادادپەروەرانـە و ناخۆشـە بکـەن کـە لەگەڵیانـدا ئەنجـام دەدرێـت. سـەرۆک ڕەتیکـردەوە بیانبینێـت یـان داواکەیـان قبـوڵ بـکات.
- لە ساڵی ١٩٦٥دا، بەڕێوەبـەری ناحیـەی جـەل ئاغـا (Jel Agha) کـە شـارێکی کوردییـە، چەندیـن گوندنشـینی دەستبەسـەر کـرد (ئافرەتیشـیان تێدابـوو) و گشـتیانی بـە ڕووتـی پێکـەوە گرێـدا و بـە دڕندانـە لێیانـدرا و ئەشـکەنجە دران.
- لە ٧-٨-١٩٦٦، بەڕێوەبـەری ناحیـەی عامـودا، لـە بەرەبەیانـی، بـە بیانـووی ئەنجامدانـی کاری قاچاغچێتـی، هێرشـی کـردە سـەر چەنـد خانووێـک، دەرگا و پەنجەرەکانـی شـکاند و دەیقیڕانـد و منداڵەکانـی دەترسـاند، دواتـر پیـاو و هاوسـەرەکانیان دەستبەسـەر کـرد و لـە بەندیخانـەی ناوچەکـەدا ئەشـکەنجە دران. دواتـر بەڕێوەبـەری ناحیەکـە سـەری ئافرەتـی ئـەم پیاوانـەی تراشـی (عزەدیـن جەلـی، بەشـیر جـوان، خەلیـل کالحوزەیرانـی ، محەمـەد عەلـی باشـی و محەمـەد سـەبوها).
- لـە هەمـان کات و لـە سـاڵی ١٩٦٦دا، ئەفسـەرانی گومـرک ئافرەتێکیـان لـە ‹دەرباسـیا› (Derbasia) لـە کاتـی پشـکنینی ماڵەکەیـدا کوشـت، دوای ئـەوەی بـە دڕندانەتریـن شـێوە ئەشـکەنجەیاندا.

**دوایین ڕووداوەکانی ئەیلوولی ١٩٦٧**

- سیاسەتی پشتێنی عەرەب، بەرفراونکرا تا ناوچە کوردییەکانی وەک کورداغ، عەین عەرەب و شارە کوردییەکانی دیکە بگرێتەوە.
- لە حوزەیرانی ١٩٦٧دا، ڕۆژنامەی ‹ئەلسەورە›ی سەر بە بەعسییەکان، بڕیارێکی وەزارەتی ناوخۆی بڵاوکردەوە کە ناوی سێ گوندی کوردی بۆ ناوی عەرەبی گۆڕیوە ، ئەوانیش ئەمانە بوون:
- ‹تەل جیهان› بووە بە ‹تەل جیهاد›.
- ‹شۆریک› (Shorik) بووە بە یەرموک.
- ‹چاغیر بازاڕ› (Chaghir Bazzar) بووە بە ‹هیتن› (Hittin).

(بێ گومان، ئەمەش سەرکەوتنێکی شکۆدارە بۆ نەتەوەی عەرەب).

- زۆر خێزانی کورد بەرەو تورکیا کۆچیان کرد؛ بۆ نموونە، خالید بەکر، موسلم هیلۆ و بوزۆ دودکی (هەرسێکیان بران) لە گوندێکی نزیک سەرێ کانێ؛ حەجی محەمەد سەعید لە گوندی ‹تەل عابود›، نزیک دەرباسیا؛ ‹ئاغاش› لە گوندی ‹هوبکانلی› نزیک عەفرین.
- نووسینگەی بەرژەوەندی کشتوکاڵی (Agricultural Interests) کە لەلایەن کۆمیسیۆنی چاکسازیی زەوییەوە لە حەسەکە دامەزرابوو، دەستیکرد بە کێڵانی گشت ئەو زەویانەی لەلایەن حکومەتەوە زەوتکرابوو و دەکەوتە ناو پشتێنی عەرەب. هەروەها ئەم نووسینگەیە گشت زەویەکانی ‹بهور› (Bhor)ی کێڵا، تا کوردی ئەم ناوچەیە لە لەوەڕگاکان بێبەش بکات و بەمجۆرەش نەتوانن مەڕوماڵات بەخێو بکەن.

* **وتاری ڕۆژنامەی ‹ئەلمونازل›**

ئەمەی خوارەوە دەقی وتارێکە کە لە ناوەڕاستی مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٦٦دا لە ڕۆژنامەی ئەلمونازل ژمارە ١١، زمانحاڵی سەرکردایەتی نێودەوڵەتی ‹پارتی سۆشیالیستی بەعسی عەرەبی›یە، بڵاوبووەتەوە. خوێنەر تێبینی ئەوە دەکات بەعسییەکان بێوچان هەوڵ دەدەن سیاسەتە ڕەگەزپەرستیەکەیان، سیاسەتی پشتێنی

عـەرەب، بـە پەسـەندکراوترین شـێواز بخەنـەڕوو و سیاسـەتەکە بـە ‹پێشـنیازی دامەزراندنی کێڵگەکانـی سـەر بـە دەوڵـەت لـە جزیـرە› نـاو نـراوە.

**دەقی وتارەکە:**

## پێشنیازی بنیاتنانی کێڵگەی میری لە جزیرە

ئــەو مەترســییەی تــا هەنوکــەش لــە باکــووری عێــراق هەڕەشــە لــە نەتــەوەی عەرەبمـان دەکات، لـەم چەنـد سـاڵەی دواییـدا لـە پارێـزگای جزیـرەش خـۆی مـەڵاس داوە. ئــەم هەڕەشــە و مەترســییانە لــە دەســتکردی ئیمپریالیســتەکانە. زۆر پێویســتە مامەڵــە لەگـەڵ ئـەم کێشـەیەدا بکرێـت، چونکـە ئـەم کێشـەیە لەلایـەن حکومەتەکانـی ڕابـردووە پشــتگوێ خــراوە و نەیانتوانیــوە چارەســەرییەکی ڕیشــەیی بــۆ ئــەم کێشــەیە بدۆزنــەوە. ئـەم ڕاپۆرتـەی خـوارەوە لەلایـەن نووسـینگەی نیشـتیمانی جوتیـاران (National Peasent Bureau) بڵاوکراوەتـەوە و ئـەو ڕێکارانـە دەخاتـەڕوو کـە گیراونەتەبـەر و ڕاسـپاردەکانیان دەخەنـەڕوو تـا لـە داهاتوییەکـی نزیکـدا جێبەجـێ بکرێـن:

«لـە نێـوان ١٣-٢٩-١١-١٩٦٠، هـاوڕێ نـازم جمعـە لەلایـەن نووسـینگەی نیشـتیمانی جوتیارانــەوە بــەرەو جزیــرە نێــردرا تــا لەســەر ڕاپۆرتەکــەی لقــی جزیــرەی پارتــی [سۆشیالیســتی بەعســی عەرەبــی] بــە ناونیشــانی «هێڵـە سـەرەکییەکانی دامەزراندنــی کێڵگەکانـی سـەر بـە دەوڵـەت لـە جزیـرە»، لەگـەڵ سـەرکردە و پارێـزگاری [جزیـرە] گفتوگـۆ بکـەن. دوای گفتوگـۆکان، بـە پێویسـت زانـرا زۆر زەرووره کێڵگـە زەوتکراوەکانـی سـاڵی ١٩٦٦-٦٧ و زەوییەکانـی سـەر بـە دەوڵـەت بەکاربهێنرێـن».

وتارەکـە بـەردەوام دەبێـت و بیرۆکەیـەک لەسـەر لایەنـی سروشـتی، بەرهەمهێنـەر، کۆمەڵایەتـی و سیاسـی پارێزگاکـە دەخاتـەڕوو.

**لایەنی سیاسی پارێزگاکە:**

لـــەم ناوچەیـــەدا [سیســـتەمی] دەرەبەگایەتـــی زاڵـــە، ئەمـــەش پەیوەنـــدی بـــە ئیمپریالیســـەکانەوە هەیـــە. دانیشـــتوانی ناوچەکـــە بـــە پلـــەی یەکـــەم غەیـــرە عەرەبـــن و کـــوردن کـــە بـــە پاڵپشـــتی ئیمپریالیســـتەکان گشـــت هەوڵـــی خۆیـــان وەگەڕخســـتووە بـــۆ دامەزراندنـــی دەوڵەتێکـــی نەتەوەیـــی لەســـەر ســـنوورەکانی باکـــووری وڵاتەکەمـــان. هەروەهـــا ئـــەوان خەریکـــی پیلانگێـــڕی و ســـیخوڕی کردنـــن، ئەمـــەش کارێکـــی ئاســـانە بەهـــۆی سروشـــتی ســـنوورەکانی ئـــەم ناوچەیـــە و بەهـــۆی ئـــەوەی کـــورد لـــە ناوچەکانـــی دراوســـێی ئـــەم ناوچەیـــە لـــە ئێـــران و تورکیـــا نیشـــتەجێن. ئێمـــە لـــەو بڕوایەدایـــن لەوپـــەڕی پێویســـتیدایە ئـــەم ناوچانـــە تەعریـــب بکرێـــن، ئەمـــەش تەنیـــا ڕێـــکاری دڵنیاکەرەوەیـــە بـــۆ پاراســـتنی ســـنووری وڵات و ئەمنیەتـــی دەوڵەتەکەمـــان. بەگشـــتی مـــرۆڤ دەزانێـــت بـــە ئاســـانی هاتووچۆکـــردن لـــە نێـــوان ســـنووری ئێمـــە و تورکیـــا دەبێتـــە هـــۆی هاندانـــی ســـیخوڕیکردنی کـــورد و کۆچکردنـــی کـــوردی زۆرتـــر لـــە تورکیـــاوە [بـــۆ ســـووریا]، چونکـــە دانیشـــتووی ئـــەم ســـنوورانە لـــە دیـــوی تورکیـــاوە کـــوردن، ئەمـــەش دەبێتـــە هـــۆی ئـــەوەی بەبەردەوامـــی هێـــرش و مەترســـی بـــۆ ســـەر نەتـــەوەی شـــکۆداری عـــەرەب دروســـت بکرێـــت؛ ئـــەم ناوچانـــە لـــە ڕووی کشـــتوکاڵی و پیشەســـازییەوە زۆر گرنگـــن، بـــە تایبەتیـــش لـــە دوای دۆزینـــەوەی نـــەوت لـــەم ناوچەیـــەدا.

حاڵیحـــازر، ئـــەم ڕێکارانـــەی خـــوارەوە لەلایـــەن دەســـەڵاتی خۆجێیـــی و پارتـــی [سۆشیالیســـتی بەعســـی عەرەبی]یـــەوە جێبەجـــێ کـــراون:

١. پارێـزگار، پێـش هاتنـی وەرزی کێـڵان و چاندنـی دانەوێڵـە، ئاگادارییەکـی دەرکـردووە نابێـت ئـەو زەویانـەی دەکەونـە نـاو پشـتێنی عەربیـەوە [لەلایـەن کـوردەوە] بکێڵدرێـن.

٢. نووسـینگەی زەویـە دەسـت بەسـەرگیراوەکان و مومتەلەکاتـی دەوڵـەت نەخشـەیەکی لەبـارەی ناوچەکانـی پشـتێنی عەرەبـی کێشـاوە و دەخرێتـە بـەردەم سـەرکردایەتی حیـزب.

٣. نووسـینگەی چاکسـازیی زەوی پلانێکـی بـۆ گواسـتنەوەی ٤٠٠٠ خێزانـی [کـوردی] دانیشـتووی گوندەکانـی نـاو پشـتێنی عەرەبی ئامادە کـردووە تا لـە ناوچەکانی دەرەوەی

پشـتێن نیشـتەجێ بکرێـن. ئـەم کارەش دەکـرێ بە ئاسـانی و بەبێ هیـچ گرفتێک ئەنجام بدرێـت. نزیکـەی ٥٠٠٠ خێزانیتریـش هەن کـە خاوەن زەوییەکانـن و ناکرێت بەبێ پلانی حکومـەت و ئاسانکاریکردن لەلایەن حکومەتەوە بە ئاسـانی بگوازرێنـەوە. نزیکەی ٢٥٠ هـەزار بێگانـەش هـەن (بـە گوێرەی سـەرژمێری سـاڵی ١٩٦٢).

٤. بۆچوونـی حیـزب و دەسـەڵاتدارە خۆجێییـەکان لەبـارەی ئـەم بێگانانـەوە ئەوەیـە کـە بـە هەمـوو شـێوازێک گرفتیـان بـۆ دروسـت بکرێـت و هێزیـان لـە دژ بـەکار بهێنرێـت تـا ناوچـە سـنوورییەکان چـۆڵ بکـەن. نابـێ بـە هیـچ جۆرێـک ئـەو کەسـانە دابمەزرێـن و مۆڵەتـی نیشـتەجێ بوونـی کاتیـان بـۆ دەربکـرێ تـا وردە وردە ئـەم ناوچانـە چۆڵبکـەن و بـۆ مـاوەی پێنـج سـاڵ بـۆ دەرەوەی سـووریا کـۆچ بکـەن.

٥. حیـزب و یەکێتـی جوتیـاران هاوکاریـی یەکـتر دەکـەن بـۆ دۆزینـەوەی ئـەو کەسـانەی بـڕوای پتەویـان بـە ناسـیۆنالیزمی عەرەبـی هەیـە و وەک کرێـکاری چەکـدار لـە ناوچەی پشـتێندا دادەمەزرێـن.

٦. بەڕێوەبردنــی ســیمیناری جەمــاوەری بــۆ ئاگادارکردنــەوەی خەڵــک لــەو بڕیارانــە و ئاگادارکردنەوەیــان لــە مەترســییەکانی دەرەبەگایــەتی و ئیمپریالیــزم.

دوای گفتوگۆکـردن لەسـەر بابەتەکانـی سـەرەوە، نووسـینگەی نیشـتیمانی جوتیـاران ئـەم خاڵانـەی خـوارەوەی ڕاگەیانـد:

ا ئۆلتیماتۆمـی دەسـەڵاتدارانی خۆجێیـی بـۆ دانیشـتوانی [ناوچـەی پشـتێنەی عەرەبـی] کاری ئـەم نووسـینگەیەی ئاسـانکردووە و بۆچوونیـان بریتییـە لـەوەی قەرەبـووی خاوەن زەوییـەکان بکرێتـەوە [ئەوانـەی عەرەبـن] بـە بەخشـینی زەوییەکانـی دەوڵـەت لـە ناوچـەی جزیـرە بـەو کەسـانەی خـاوەن گونـدی خۆیانـن [واتـە تـەواوی گوندەکـە موڵکـی شەخسـی ئەوانـە]، بـەڵام ژمـارەی ئـەو گوندانـەی دەسـتیان بەسـەردا گیـراوە ٣١٩ گونـدن و ژمـارەی گونـدە شەخسـییەکان ٦٦ گونـدن. ئەمـەش گرفتـی زۆر دروسـت دەکات. بۆیـە ئێمـە، نووسـینگەی نیشـتیمانی جوتیـاران ئـەم پێشـنیازانەی خـوارەوە دەخەینـەڕوو:

١. دەرکردنی بڕیارێکی حکومی کە گشت زەوییەکانی ئەم ناوچەیە دەستی بەسەردا بگیرێت و حکومەت ئەم زەویانە بە هەر شێوازێک بێت بەکار بهێنێت؛ چونکە ناکرێت بارودۆخەکە بەم شێوەیە بەردەوام بێت و ناکرێت و ناشبێت گوندەکانی دەوڵەت بە گوندە شەخسییەکان ئاڵۆگۆڕ بکرێن، بە تایبەتی ئەو گوندە شەخسیانەی هی غەیرە عەرەبەکانن.

٢. گۆڕینی سروشتی دانیشتووانی ناوچەکە لە ڕێگەی گواستنەوەی دانیشتووانەکەی و ڕاگواستنی غەیرە عەرەبەکانی دانیشتووی سەر سنوورەکان.

**چەند سەرنجێک لەسەر ئەم وتارە:**

هیچ پێویست ناکات سەرکۆنەی ئەم وتارە بکەین، چونکە خودی وتارەکە بە خستنەڕووی کۆمەڵێک حەقیقەتی شێوێنراو و گاڵتەئامێز سەرکۆنەی خۆی دەکات.

- لە تەواوی مێژووی سووریادا تەنیا یەک حاڵەتی سیخوڕیکردن بۆ هیچ هێز و دەوڵەتێکی ناوچەکە نادۆزرێتەوە.
- هەر لە ساڵی ١٩٤٥ەوە، سروشتی سنووری نێوان سووریا و تورکیا، یەکێک لە بەربەستەکانی بەردەم هاتوچۆکردنی دانیشتووانی ئەم ناوچەیە بووە، تا بەمجۆرە ڕێگریی بکرێت لە پەیوەندیی نێوان کوردی هەردوودیوی سنوور. ئەم سنوورە یەکێکە لە توندترین سنوورەکانی جیهان، چونکە هەر لە ساڵی ١٩٤٥ەوە، سێ هێڵی تێلدڕ کێشراون و کێڵگەیەکی مین لە نێوان سنووری سووریا و تورکیا چێنراوە. کەواتە سیخوڕیکردن و کۆچی کورد بۆ ناو سووریا، بابەتێکە دوورە لە ڕاستی.
- لەبارەی تۆتبارکردنە گاڵتەجارییەکە، گوایە کورد هەمیشە پەیوەندیان لەگەڵ ئیمپریالیستەکاندا هەبووە؛ ئەمە خەسڵەتی گشت ئەو حکومەتانەیە کە کێماسیان لە سیستەمی [حوکمڕانی] خۆیاندا هەیە؛ لە سیاستەکانیاندا شکستیان هێناوە و ڕژێمەکەیان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ناپەسەند دەبێت، گشت ئەم هۆکارانەش وا دەکەن ئەم حکومەتانە بە دوای دەروازەیەک بۆ خۆ دەربازکردن [لە کێماسییەکانی ناوخۆدا] بگەڕێن.

- ساکارترین حەقیقەت ئەوەیە کە ئەو کەسانەی لەناو حکومەتی سووریادا بەرپرسی داڕشتنی ئەم جۆرە سیاسەتانەن نەژاد پەرستن و لە ڕووی دەروونییەوە نەخۆشن.

لە کۆتایدا، هیواداریـن هەر کەسێکی هزر-دیموکرات لەم جیهانەدا، دەنگی خۆی بخاتە پاڵ دەنگی کوردە بێ پاڵپشتەکانی سووریا بۆ ڕاگرتنی ئەم هێرشە نەژادپەرستانە لەسەر مافە سەرتاییەکانی کورد و یارمەتیان بدەن تا مافی مرۆیی، نەتەوەیی و کلتوریی خۆیان دەستەبەر بکەن، کە لە ڕاستیدا لەم ڕۆژگارەدا ئەم مافانە کەمترین مافن. هەروەها ڕێگری بکەن لە جیاکاری نەژادی، نەهێشتنی سەرکوتکردنی نەتەوەیی، مافی چاپکردن بە کوردی، خوێندن بە زمانی کوردی لەو ناوچانەی کە دانیشتووانی کوردن، دەستەبەرکردنی ئازادی سیاسی، مەدەنی، کۆمەڵایەتی و ئابوری.

پەنابەری کورد لە سوید

١٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٠

بیستەمین ساڵوەگەری جارنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ و یەکەمین ڕۆژ لە ساڵی مافە نێودەوڵەتییەکانی مرۆڤ.

کێشەی کورد لە سووریا (ل ١٨-٤٠)

پلانی جینۆسایدکردنی کەمینەیەک

نووسینی: عیسمەت شەریف وانلی

چاپکراو لەلایەن: کۆمیتەی بەرگریکردن لە مافی کورد

کانوونی دووەمی ١٩٦٨

**داواکاریی بۆ:**

حکومەتەکان

گشت ئەو کەسانەی بڕوایان بە مافی مرۆڤ هەیە

پارتە سیاسییەکان

گەنجان، ئافرەتان، قوتابیان، ڕێکخراوە نەتەوەیی و نێودەوڵەتییەکان

یەکێتیە بازرگانییەکان لە سەرتاسەری جیهاندا

**بۆ ناردنی ناڕەزایی دەربڕین لەهەمبەر:**

حکومەتی سووریا

کۆمەڵەی عەرەبی

نەتەوە یەکگرتووەکان

کۆمەڵەی مافی مرۆڤ

لەپێناو پاراستنی کەمینەی کورد لە سووریا لە لەناوبردنیان وەک کۆمەڵەیەکی نەژادیی و کلتوریی.

هیوادارین حکومەتی سووریا پلانی جینۆسایدکردنی [کورد] بوەستێنیت.

کۆمیتەی بەرگریکردن لە مافی کورد

## بارودۆخی تراژیدی کوردی سووریا

### ئاماری گشتی

ژمارەی کوردی سووریا نزیکەی نیو ملیۆن کەسە (١٠٪ی کۆی گشتی دانیشتوانی سووریا). بە گشتی کورد لە سێ ناوچەی سەرەکی لە باکووری سووریا نیشتەجێن:

- هەرێمی جزیرە، کە بەشی باکووری پارێزگای حەسەکەیە و دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا و نزیکەی ٣٠٠،٠٠٠ کورد لەم ناوچەیەدا نیشتەجێن (کۆی گشتی دانیشتوانی ئەم پارێزگایە ٣٩٠،٠٠٠ کەسە).
- هەرێمی کورداغ، کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای حەلەب، گشت دانیشتوانەکەی کوردن و نزیکەی ١١٠،٠٠٠ کەسن.
- هەرێمی عەین عەرەب کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی حەلەب؛ نزیکەی ٥٠،٠٠٠ کورد تێیدا نیشتەجێن.

هەرسێ هەرێمەکە بە سنووری تورکیا و کوردی تورکیاوە گرێدراون. هەروەها کەمینەیتری کوردیش هەن کە لە ناوچەکانی دیکەی سووریا دەژین، بۆ نموونە، نزیکەی ١٢٠٠٠ کورد لە دیمەشق نیشتەجێن. کورداغ تەنیا ناوچەی شاخاویی سووریایە و کورد تێیدا نیشتەجێن.

زۆربەی هەرە زۆری کوردی سووریا جوتیارن (نزیکەی ٨٠٪). بەهۆی کاری ئەم جوتیارانەوە هەرێمی جزیرە بووە بە سەبەتەی خۆراک (bread-basket)ی گشت سووریا، بەڵام کوردی شارنشینیش هەن کە لە پێنج شاردا نیشتەجێن و چوار لەم شارانە سەر بە هەرێمی جزیرەن کە بریتین لە: قامشلۆ (٤٠،٠٠٠ دانیشتوو)، عامودا (١٥،٠٠٠)، دەرباسیا (١٥،٠٠٠) و دێرک (٦،٠٠٠) کە لە سنووری عێراق نزیکە. پێنجەم شار، عەفرینە (نزیکەی ١٨،٠٠٠ کورد) کە سەر بە هەرێمی کورداغە. پیشەی کوردە شارنشینەکان بازرگانی بچووک وکاری دەستییە.

بۆ ماوەی چەندین سەدەیە کورد لەم هەرێمانەدا نیشتەجێن. ئەوان بەهۆی ڕێککەوتنی نێوان فەرەنسا و تورکیا لە لەندەن لە ٩ی ئاداری ١٩٢١، لە کوردستانی

عوسـمانی جیابوونـەوە؛ ڕێککەوتنێـک کـە سـنوورەکانی تورکیـای کەمالیسـت و دەوڵەتـی سـووریای نوێـی لـە ژێـر ئینتیدابـی فەرەنسـیدا، داڕشـت.

**پارتی دیموکراتی کوردستان-سووریا (پ.د.ک-س)**

لـە سـاڵی ١٩٦٧ دا پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە سـووریا (پ.د.ک-س) دامـەزرا، بـە پێـی پرۆگرامێـک کـە ئامانجەکـەی بریتـی بـوو لـە دەسـتەبەرکردنی مافـە کلتورییەکانـی کــورد لــە چوارچێــوەی گەلــی ســووریادا. هەروەهــا ئــەم پارتــە بــۆ بەدیهێنانــی چاکســازی لــە زەوی و دامەزراندنــی ڕژێمێکــی دیموکراتــی لــە دیمەشــق هەوڵیــدا کــە سەرتاســەری وڵات لــە خــۆ بگرێــت. لــە ســاڵی ١٩٥٩دا، زۆرێــک لــە ســەرکردە و ئەندامانــی ئــەم حیزبــە دەســتگیر کــران و ئەشــکەنجە دران و بــەوە تۆمەتبارکــران کــە لەپێنــاو دامەزراندنــی کوردســتانی ســەربەخۆ تێکۆشــاون. ئەمــەش لــە ژێــر دەســەڵاتی U. R. A[کۆمــاری عەرەبــی یەکگرتــوو] ڕوویــدا (ڕژێمــی کۆلۆنێــل ســەراج).

**پلان بۆ جینۆسایدێکی یاسایی**

لــە ســاڵی ١٩٦١، دوای جیابوونــەوەی ســووریا لــە میــسر، ڕژێمــی نوێــی ســووریا (قودســی عــەزم) ئــەم هەنگاوانــەی خــوارەوەی بــۆ ســڕینەوەی گەلــی کــورد لــە ســووریا وەک گروپێکــی ئەتنیــی و کەمایەتــی نەتەوەیــی، گرتەبــەر:

- داڕشــتنی ئــەو پلانــەی بــە فەرمــی بــە «پشــتێنی عەرەبــی» نــاو دەبردرێــت لــە ناوچــەی جەزیــرە (بڕوانــە خــوارەوە)، لــە ســاڵی ١٩٦٢؛
- بڕیـاری یاسـایی ژمـارە ٩٣، لـە ١٩٦٢/٨/٢٣، بـۆ ڕێزبەڕکردنـی سـەرژمێری دانیشـتووان لـە ناوچـەی جەزیـرە. سـەرژمێریەکە لـە مانگـی تشرینـی دووەمـی هەمـان سـاڵ ئەنجــام درا. بــە گوێــرەی ئەنجامــە دەســتکاریکراوەکانی ئــەم ســەرژمێرییە، ژمارەیەکـی بەرچـاوەی کـورد لـە مافـی بـوون بـە هاووڵاتـی سـووری بێبـەش کـران (بڕوانــە خــوارەوە)؛
- هەڵمەتێکــی فرەوانــی ســەرکوتکردنی سەرتاســەری و جیــاکاری ڕەگــەزی لــە دژی کــورد بەرپــا کــرا (بڕوانــە خــوارەوە).

بڕیاردرا ئـەم پلانانـەی سـەرەوە بابەتـی نەتەوەییـن و گشـت حکومەتـە یـەک لـە دوا یەکەکانـی سـووریا پێویسـتە ڕەچـاوی بکـەن. بـۆ هەڵگیرسـاندنی ڕقـی نەتەوەیـی لەلایـەن زۆرینـەی عـەرەب لـە دژی دانیشـتوانی کـورد، هەڵمەتێکـی چـڕی پڕوپاگەنـدە لـە ڕۆژنامـە عەرەبیەکانـی سـووریا بـۆ ئـەم مەبەسـتە ئەنجـام دراوە.

**لە ژێر دەسەڵاتی بەعسییەکاندا**

بەعسـییەکان لـە ئـاداری ١٩٦٣ و لـە ڕێگـەی کودەتـای سـەربازییەوە لـە سـووریا دەسـەڵاتیان گرتـە دەسـت. هەروەهـا سیسـتەمێکی تـاک پارتـی دیکتاتۆریـان دامەزرانـدووە کـە نوێنەرایەتـی تاقمێکـی بچووکـی عەرەبـە ناسیۆنالیسـتە شـۆڤێنییەکان دەکات و گشـت ئازادییــە دیموکراتیکەکانیــان قەدەغــە کــردووە و ئــەم پلانــەی ســەرەوەیان گرتەبــەر و فرەوانیـان کـردووە و بـە شـێوەیەکی بەرچـاو بارودۆخـی کوردیـان بـەرەو دۆخێکـی خراپـتر بـردووە. هەروەهــا لــە پاییــزی ســاڵی ١٩٦٣دا، ســوپایەکی گــەڕان و پشــکنینیان بــەرەو کوردسـتانی عێـراق نـارد. ئـەم چالاکییـە پشـتگیریی سـەربازی، سیاسـی و ئابوورییـە بـۆ بەعسـییەکانی عێـراق لـە دژی شۆڕشـی کـورد. ئـەوان بەردەوامـن لـە حوکمکردنـی سـووریا و داڕشـتنی پلانـی فاشیسـتانە بـۆ لەناوبردنـی کـوردی ئـەم وڵاتـە. بەرنامـەی ئـەوان کـە بـە «سۆشـیالیزمی عـەرەب» نـاو دەبردرێـت تەنیـا ڕووکەشـێکی ئایدیۆلۆژیانەیـە. ئەمـەی خـوارەوە بریتییـە لـە بارودۆخـی کـوردی سـووریا لـە کانوونـی یەکەمـی ١٩٦٧دا، واتـە دوای پـتر لـە چـوار سـاڵ حوکمڕانـی بەعسـییەکان:

**پلانی پشتێنەی عەرەب**

بـە پێـی ڕۆژنامـە عەرەبیـەکان، پلانەکـە لـە بنەڕەتـدا «بـۆ پاراسـتنی عەرەبیـزم لـە جزیـرەدا» داڕێـژراوە؛ بـە واتایەکیـتر بـۆ لەناوبردنـی دانیشـتووانی کـوردی ئـەم ناوچانـە، واتـە گرنگتریـن و دەوڵەمەندتریـن ناوچـەی وڵات. گشـت کوردانی لادێنشـین کـە بەدرێژایی سـنووری نێـوان تورکیـا و عێراقـدا دەژیـن پێویسـتە بـە زەبـری هێز ئـەم ناوچانـە بەجێبێڵن. ئـەم جوتیارانـە یـان دەبـێ بـەرەوە وڵاتێکیـتر کـۆچ بکـەن؛ یـان لەلایـەن حکومەتـەوە بـە شـێوەی کۆمـەڵ بگوازرێنـەوە بـۆ ناوچـەی ئەلـراد، یـان بـۆ ناوچـە بیابانییەکانـی حەسـەکە.

واتـە ئـەو شـوێنەی زۆر بـە سـەختی ڕووەک تێیـدا دەڕوێـت، ئەمـەش بەهـۆی سروشـتی سـووری خـاک لـەو ناوچەیـەدا و کەمـی سـەرچاوەکانی ئـاو. عەرەبـە بەدەوییـەکان «فەلاحیـن›› لـە ناوچەکانـی دیکـەوە هێـنراون تـا لـە گونـدی کـورد نیشـتەجێ بکرێـن.

ناوچـەی «پشـتێنی عـەرەب›› کـە لەلایەن حکومەتـەوە دیار کـراوە، لە جزیرەوە دەسـت پێـدەکات بـە درێژایـی شریتێـک لە زەوی بەراو و خـاوەن بەرهەمی کشـتوکاڵی بە پیت درێژ دەبێتـەوە، واتـە بـە درێژایـی ٢٨ کیلۆمەتـر لەگـەڵ سـنووری تورکیا و بـە پانـی ١٠ کیلۆمەتر بـۆ نـاو سـووریا. پێویسـت بـوو قوڵاییەکـە ١٥ کیلۆمەتـر بێـت؛ بـەڵام بەهـۆی دۆزینـەوەی نـەوت، لەلایـەن ڕۆژنامەکانـی عەرەبـی سـووریاوە وەها نووسراوە کە «پێویسـتە سێگۆشـەی نـەوت بـۆ عـەرەب پارێـزراو بێـت››. بۆیـە ئـەم قوڵاییـە کـەم کرایەوە. ژمـارەی گونـدی کورد لەم ناوچەیە ٣٣٢ گوندە. ژمارەی گشـتی دانیشـتوان نزیکەی ١٤٠،٠٠٠ دانیشـتووە. گشـتیان جوتیـار و وەرزێـر و خـاوەن موڵکـی بچوکـن. ژمارەیەکـی زۆر کەمیـان خـاوەن موڵکـی گـەورەن. دوای دامەزراندنـی ڕژێمـی بەعـس، پ.د.ک-س، زۆر بـە ڕوونـی ئەمەیـان دەربڕی کـە کـورد بـە تەواوەتـی پشـتگیریی لـە چاکسـازیی زەوی دەکات، بـەڵام پێویسـتە زەوەی بـۆ جوتیـارەکان بگەڕێتـەوە. حکومـەت ئـەوەی ڕەتکـردەوە کـە نوێنەرێکـی ئـەم حیزبە یان نوێنـەری جوتیـارەکان لـە [لێژنەی چاکسـازی زەویـدا] هەبێت، ئـەوان بەو هیوایـە هاتبوونە دیمەشـق بۆئـەوەی بتوانـن لەگـەڵ بەرپرسـان لەسـەر ئـەم بابەتـە گفتوگـۆ بکـەن. دەهـام ئەلهـادی لەگـەڵ سـەرۆک [عەشـیرەتەکانی دیکـە ] و عەشـیرەتی کۆچەریـی شـەمەڕ لـەم دۆخـە سـوودمەند بوونـە و بـە زەبری هێز دەسـتیان بەسـەر هەندێك لـە گوندەکانی کورددا گرتـووە. ئەویـش زۆرتـر لـە ڕێگـەی یارمەتـی هێـزە ئەمنییەکانی سـووریاوە.

کاتێـک بەعسـییەکان بـە خەسـتتر دەسـتیان کـرد بـە پەیڕەوکردنـی ئـەو سیاسـەتەی کـە ئـەوان بـە «سۆشـیالیزمی عـەرەب›› نـاوی دەبن-هیـچ پەیوەندییەکـی بـە سۆشـیالیزمەوە نییـە- ئـەوان نـاوی «پشـتێنەی عەرەب››یـان گـۆڕی بـۆ «پلانـی دامەزراندنـی مۆدێلـی کێڵگەکانـی دەوڵـەت›› لـە جزیـرە (بڕوانـە بەڵگەنامـەکان، پاشـکۆی I)، لـە ژێـر پـەردەی ئـەم جـۆرە لـە ناسیۆنال-سۆشـیالیزم، وەهـا دێتـە بەرچـاو کـە کەمینـەی کـورد لـە سـووریا دەبـێ لەگـەڵ مـەرگ ڕووبـەڕوو ببنـەوە.

هــەر لــە ســاڵی ١٩٦٦ەوە، ڕژێــم زۆر بــە جیــددی ئــەم پلانــە جێبەجــێ دەکات و فراوانــی دەکات تــا دوو ناوچەیــتری گرنگــی کــورد لــە باکــوور لەخــۆ بگرێــت: کــورد-داغ ( کــە جێبەجێکردنەکــەی لــە دەڤــەری گینــدرش دەســتی پێکــرد)، لــە ناوچــەی عەرەب-پینــار.

لــە ســاڵی ١٩٦٧، حکومــەت بــە گوندنشــینانی «پشــتێنی عــەرەب›› ڕاگەیانــد ئــەوان هیــچ مافێکیــان بەســەر زەوی و گوندەکانیانــدا نەمــاوە، دەبــێ خۆیــان ئامــادە بکــەن تــا جێیانبێڵــن. ئــەوان لــە پیشــەی چانــدن و دوروێنــەوە قەدەغــە کــران. جوتیــارە کــوردە بــێ پشــتیوانەکان، ڕێچکــەی بەرگــری ناچــالاک (passive resistance)یــان گرتەبــەر. گوتەبێژەکەیــان بــە حکومەتــی ڕاگەیانــد «ئێمــە [ئێــرە] چــۆڵ ناکەیــن! ئێمــە بــە باشــتری دەزانیــن لــەم شــوێنە لــە برســان بمریــن نــەک گوندەکانمــان بەجــێ بهێڵیــن! لەوانەیــە ئێــوە ســوپای خۆتــان بهێنــن و ئێمــە بکــوژن، بــەڵام ئێمــە [ئێــرە بەجــێ ناهێڵیــن]!››.

دواتــر دەســەڵاتداران بانگەشــەی ئەوەیــان کــرد گوایە «پشــتێن››، خاکی خــودی دەوڵەت بــووە و تیمێــک لــە فەرمانبەرانــی حکومــەت، تەدارەککــراو بــە تراکتــۆر و پاســەوانکراو بــە هێــزە ئەمنییەکانــەوە، بــەرەو شــوێنەکە نێــردران تــا زەوییــەکان بــۆ حکومــەت بکێڵــن و دابچێنــن. گونــدی نــوێ لــە دراوســێی گونــدەکانی کــورددا بــۆ ئــەم فەرمانبەرانە دروســتکران. کــوردە جوتیــارەکان بــەردەوام بــوون لــە ڕەتکردنــەوەی چۆڵکردنــی گونــد و زەویەکانیــان، بــەڵام ئــەوان چیــتر ناتوانــن لەســەر زەویەکانیــان بژیــن. بارودۆخــی ئــەوان زۆر نالەبــارە، چونکــە لەوانەیــە لــە برســان یــان بەهــۆی نەخۆشــییەکانەوە بمــرن. ئــەوان نــە کاریــان هەیــە، نــە خەســتەخانە، نــە دکتــۆر و نــە قوتابخانــە بــۆ منداڵەکانیــان. زۆریــان و زۆرێــک لــە ئەندامانــی حیــزب [پ.د.ک-س] بــێ دادگاییکــردن دەستبەســەر کــراون و ئەشــکەنجە دراون. هەندێــك لــە خێزانــەکان بــەرەو لوبنــان یــان تورکیــا کۆچیــان کــردووە.

کــوردە شارنشــینەکانی قامشــلۆ، عامــودا و دێرباســیە، کــە لەنــاو ناوچــەی «پشــتێنی عــەرەب››دا نیشــتەجێن، تاکــو ئێســتا داوایــان لێنەکــراوە چۆڵــی بکــەن، بــەڵام هــەروەک لــە خــوارەوە دەبینیــن ئــەوان بــە دەســت جۆرێکیــتر لــە ســەرکوتکردنی نەتەوەیــی و جیاکاریــی ڕەگەزییــەوە دەناڵێنــن. نــۆرەی ئــەوان ئــەو کاتــە دێــت کــە حکومەتــی دیمەشــق سیاســەتی «دواییــن چارەســەری›› لــە دژی کــوردە جوتیــارەکان بەجــێ گەیاندبێــت.

### کاتێک کوردی سووریا سووری نین

بـۆ «پاراسـتنی عەرەبیـزم لـە جزیـرە»دا- کـە کەمـتر لـە ٢٠٪ی دانیشـتووانی پێـک دێنـن و بـە شـێوەی سـەرەکی عەرەبـە کۆچەرییەکانـن- گرنگـە بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان کـورد کـە زۆرینـەن لەنـاو ببرێـن. پلانـی «پشـتێنەی عـەرەب» یەکێـک لـەو ڕێگایانەیـەی گەیشـتن بـەم ئامانجـە، بـەڵام ڕێگەیتریـش هـەن.

پێــش ســەرژمێری ســاڵی ١٩٦٢، کــوردی جزیــرە، نزیکــەی ٣٠٠،٠٠٠ کــەس بــوون و گشــتیان خــاوەن ناســنامەی هاووڵاتــی ســووریا بــوون. دوای ســەرژمێری، حکومەتــی دیمەشــق بانگەشــەی ئــەوەی کــرد کــە تەنیــا ٦٠٪ ئــەم کوردانــە ســوورین. ئەوانــی دی، سـووری نیـن، «چونکـە ئـەوان بـە شـێوازی نایاسـایی لـە ڕێگـەی تورکیـا و عێراقـەوە بـە هـاوکاری ئیمپریالیـزم بـۆ نـاو سـووریا دزەیـان کـردووە، ئەویـش بـە مەبەسـتی لەناوبردنـی عەرەبیزمـی جزیـرە و دامەزراندنـی دەوڵەتـی کوردسـتانی عەمیـل». لـە چەنـد ڕۆژێکـی کەمـدا ناسـنامەی سـووری لـە نزیکـەی ١٢٠،٠٠٠ کـورد سـەندرایەوە. ئەمـەش کارێکـی زۆر سـادە بـوو: ئیـدارەی حکومـەت لیسـتێکی ئامـادە کـرد کـە نـاوی ئـەو کەسـانەی لەخـۆ گرتبـوو بـە سـووری هەژمـار دەکـران، خەڵـک بانگهێشـت کـرا بێـن و ناسـنامەی نـوێ لـە حکومـەت وەرگـرن، ناسـنامە کۆنەکـە پوچـەڵ کرایـەوە. تەنیـا ئـەو کەسـانەی ناویـان لـە لیسـتەکەدا هەبـوو دەیانتوانـی ناسـنامەی نـوێ وەربگـرن. پێویسـت بـە گوتـن نـاکات لیسـتی نـوێ بـە هەڕەمەکـی داڕێـژرا بـوو، تـا ئامانجـی [لـە ناوبردنـی کـورد] دەسـتەبەر بـکات. زۆرجـار لەنـاو خێزانێکـدا تەنـێ بـاوک بـە سـووری هەژمـار دەکـرا، بـەڵام هاوسـەر و منداڵـەکان بـە سـووری هەژمـار نەدەکـران، یـان بـە پێچەوانـەوە. لـە ناوچـە دەوڵەمەندەکانـدا، تـەواوی گونـد و دانیشـتوان ناسـنامەی نوێیـان ڕەتکـردەوە.

نزیکـەی ئـەو ١٢٠،٠٠٠ کـوردەی ناسـنامەی سـووریان لەدەسـتدا، یـان جوتیـار بـوون، یـان نیشـتەجێی شـارەکان، یـان لـە نـاوەوە یـان لـە دەرەوەی ناوچـەی «پشـتێنی عـەرەب» بــوون، ئــەوان بەردەوامییانــدا بــە ژیانیــان لەنــاو ســووریادا، بــەڵام لەمەوبــەدوا وەک بێگانەیـەک یـان کەسـێکی گومـان لێکـراو، بارودۆخەکەیـان زۆر نالەبـار لێهـات:

- ناتوانــن وەک فەرمانبــەری مەدەنــی لەلایــەن حکومەتــەوە دابمەزرێــن یــان بــبن بــە ئەفســەر لــە ســوپا و پۆلیســدا.
- تەنانــەت ناتوانــن لــە کەرتــی ئابــووری تایبەتــدا دابمەزرێــن، ناتوانــن ببنــە خــاوەن ناســنامەی پێویســت بــۆ کارکــردن.
- ناتوانن زەوی بکڕن و بفرۆشن.
- ناتوانــن بــە بــێ مۆڵەتــی تایبــەت لەلایــەن حکومەتــەوە خانووەکانیــان نــۆژەن بکەنــەوە، کــە زۆر ســەخت بــوو ئــەم مۆڵەتــە بەدەســت بهێنــن.
- ناتوانــن منداڵەکانیــان بنێرنــە قوتابخانــە حکومییــەکان- ئەویــش ئەگــەر قوتابخانەیــەک لــە ناوچەکەیــان هەبێــت، بــەڵام هەندێــك جــار هەندێــك قوتابخانــەی ئەهلــی لــە ناوچەکانیانــدا هەبــوون. ئەگــەر منداڵــەکان چووبانــە قوتابخانەیەکــی ئەهلــی یــان ئایینــی، نەیاندەتوانــی بەشــداریی لــە تاقیکردنەوەکانــی حکومەتــدا بکــەن تــا بتوانــن ‹بڕوانامــە› بەدەســت بهێنــن جــا بڕوانامــەی ســەرەتایی بــا یــان بەکالۆریــۆس یــان بڕوانامــەی دواناوەنــدی.
- ناتوانــن ســوود لــە هیــچ خەســتەخانەیەکی حکومــی وەربگــرن، هەروەهــا عیــادەی تایبەتیــش لــە ناوچەکانیانــدا بوونــی نییــە. نزیکــەی ٣٠٠٠ نەخۆشــی ســیل و ژمارەیەکــی زۆرتــر لــە مالاریــا لــە جەزیــرەدا دیــار کــراون.
- ناتوانــن لــە ناوچەیــەک بــۆ ناوچەیەکیــتر بــڕۆن، لــە گوندێــک بــۆ گوندێکیــتر، تەنیــا ئــەو کاتــە نەبێــت کــە ‹مۆڵەتــی تایبەت›یــان هەبێــت، کــە زۆر ســەختە ئــەم مۆڵەتــە بەدەســت بهێنــن.
- ئــەوان ناتوانــن بــە یاســایی هاوســەرگیری بکــەن و تەنانــەت ناتوانــن بــە یاســایش بمــرن، ئــەو منداڵــەی لــە ئــەوان لــە دایــک دەبێــت، لەلایــەن حکومەتــەوە وەک ئادەمیــزاد دانــی پێدانانرێــت، کەواتــە ئــەوان [لــە تۆمــارە فەرمییەکانــدا] ناونووســیش ناکرێــن.
- بەڵام کورد لە ڕووی یاساییەوە، دەبێ خزمەتی سەربازی ناچارەکی ئەنجام بدەن.

**سەرکوتکردنی ستەمکارانە**

کوردی سووریا، جا ئەگەر وەک سووری هەژمار کرابن یان نا، ئەگەر لە ناوەوە یان لە دەرەوەی ناوچەی «پشتێن»دا بژین، بە ئامانجکراون بۆ پیسترین و ستەمکارترین شێوازی سەرکوتکردنی نەتەوەیی:

- هەبوونی ئەوان وەک کۆمەڵێکی نەتەوەیی لەلایەن حکومەتەوە دان پێنەنراوە. ئەوان وەک کورد هیچ مافێکیان نییە، قوتابخانەی کوردیان نییە، ناسنامەی کوردیان نییە.
- پارتەکەی ئەوان پ.د.ک-س نایاساییە و خەباتی ژێرزەمینی دەکات.
- هەموو پەرتووکێکی کوردی، یان هەر پەرتووکێک کە بە زمانی بێگانە لەسەر کورد نووسرا بێت، تەنانەت ئەگەر پەرتووکێکی کلاسیک و سەرەتایی بێت، بە توندی قەدەغە کراوە.
- ئەگەر کوردێک بە ڕاشکاوی بڵێت کوردە و عەرەب نییە، بە بیانووی ئەنجامدانی تاوانی «ورژاندنی ڕق و ڕەگەزپەرستی»، بە ئاشکرا ئیهانە دەکرێت و دەستبەسەر دەکرێت. هەروەها داوای لێدەکرێت «بچێتەوە بۆ وڵاتی خۆی»، چونکە سووریا «تەنیا وڵاتی عەرەبییە کە هیچ شوێنێکی بۆ نەتەوەکانی دیکە تێیدا نابێتەوە».
- هەموو دەربڕینە کوردییە فلکلۆرییەکان و نەتەوەییەکان، تەنانەت بۆنەی کۆنی نەورۆزیش، بە تووندی قەدەغە کراون.
- هەروەها گۆرانی و مۆسیقای کوردیش قەدەغەیە. هەر کوردێک گوێ لە وێستگەیەکی بێگانە بگرێت، بۆ گوێگرتن لە هەواڵەکان یان بیستنی گۆرانی، ئەگەر ئاشکرا بکرێت، دەستبەسەر دەکرێت. لەلایەن ئەفسەرە سوورییە دەمارگرژەکانەوە یان لەلایەن پۆلیسەوە لە قاوەخانەکانی قامشلۆدا شریتی مۆسیقا و گۆرانی کوردی لەپێش چاوی خەڵک دەشکێنرێت.
- حکومەت، سوپا و هێزە ئەمنییەکان لە ئەفسەری کورد و فەرمانبەری حکومی پاک دەکرێتەوە. تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە ناوبراو ‹وەفاداری› خۆی بسەلمێنێت و بڵێت ئەو عەرەبە. کورد چیتر لە کۆلێژی سەربازی وەرناگیرێن.

- داواکارییەکانی پۆلیس لە شەودا بۆ پشکنینی خانووی کورد وەک ئەرکی ڕۆژانە هەژمار دەکرێن. ئەگەر هەر پەرتووکێکی کوردی یان لەسەر کورد و کوردستان بدۆزرێتەوە، کەسەکە دەستگیر دەکرێت و لێیدەدرێت «کوردی پیس، کوردی سەگ». ئەگەر کەسی گومانلێکراو لە ماڵ نەبێت، هاوسەرەکەی زۆر بە دڕندانە لێیدەدرێت، منداڵەکان دەترسێنرێن و کەلوپەلی ناو ماڵ تێکدەدرێن. زۆرێک لە ئافرەتی کورد لە میانەی ئەم جۆرە پشکنینانەدا گیانیان لە دەستداوە.
- ئەگەر کوردێک لە دامودەزگای کارگێڕیدا کارێکی هەبێت و بە عەرەبی قسە نەکات دەردەکرێت و جنێوی پێدەدرێت و پێی دەگوترێت بڕوات بۆ دۆزەخ. ئەگەر ئەو نەڵێت سوورییە، ئیهانە دەکرێت، چونکە پێویستە بڵێت ئەو کەسێکی ‹عەرەب›ە.

**چەند نموونەیەکی پوخت**

ئێمە لێرەدا، چەند نموونەیەکی پوخت دەخەینە بەردەم ڕای گشتی جیهاندا؛ ئەم نموونانە لە نێوان سەدان سیاسەتی هاوشێوەدا هەڵبژێردراون:

**گواستنەوەی دانیشتوان**

- لە دەڤەری دێرک، (دێرک ناوی کوردی شارەکەیە و ئێستا ناوەکە بووە بە ‹ئەلمەلیکیە (Al Maliquieh) کە ناوێکی عەرەبییە)، سەر بە جزیرە: دەسەڵاتداران مافی خاوەندارێتی زەویان لە چەندین جوتیاری کوردی دانیشتووی گوندەکانی تەل جەمالا (Tel Jemala)، گر کەهفیک (Guerkahfik) و گرزیارەت (Guerziyaret) وەرگرتووە. ئەم جوتیارانە مافی خاوەندارێتی [ئەم زەویانەیان] لە ساڵی ١٩٥٠ و لە کاتی یەکگرتنی نێوان سووریا و کۆماری یەکگرتووی عەرەبی، بە پێی یاسایی چاکسازیی زەویی، پێبەخشراوە. زەوی ئەم جوتیارانە بە کۆمەڵە کەسێکی عەرەبی سەر بە خێڵی شەممەڕ کە سەرۆک خێڵەکەیان دەرەبەگێکە بە ناوی دەهام ئەلهادی، دراوە.
- لە باژێڕۆکی شەلاگە (Tchalaga) (ناوکەی بۆ ئەلجەوادیە گۆڕدراوە)

دەســەڵاتداران دەســتیان بەســەر زەوی کۆمەڵێــک جوتیــار لــە هەندێــك گونــدی کوردیــدا گرتــووە، لــە میانــەی بەرگــری گوندنشــینان لەهەمبــەر ئــەم کارەدا، چەندیــن کــەس کــوژراو و برینــدار بوونــە کــە لــە نێوانیانــدا ئافــرەت و منداڵیــش هــەن. ئــەم گوندانــەش بریتیــن لــە: شــەبیک، ئەبیــرا، کەڤیر-دینــە، جەوادیــە و گربــەکل. عــەرەب لــە هەمــوو ئــەم گوندانــەدا نیشــتەجێکراون،

- لـە دەڤـەری قامشـلۆ: لـە کۆتایـی تشرینـی یەکەمـی ١٩٦٦، ‹کۆمیسـیۆنی چاکسـازیی زەویـی›، سـەردانی گوندێکـی کـوردی بـە نـاوی هیلالیـە کـرد و داوای لـە دانیشـتووانی گوندەکـە کـرد ناویـان لـە تۆمـاری نـاوی ئـەو کەسـانەدا تۆمـار بکـەن کـە بـۆ بیابانێـک لـە باشـووری هەرێمـی ئەلـراد کـە بەشـێکە لـە حەسـەکە دەگوازرێنـەوە. لـە ڕاسـتیدا لـە کـۆی ٧٠٠ خێـزان تەنیـا ٢٦ خێـزان لـەم «سـوودە›› بەهرەمەنـد بـوون. دواتـر بـە پشـت بەسـتن بـە سـەرژمێری سـاڵی ١٩٦٢، گشـت خێزانەکانـی دیکـە بـە ‹غەیـرە سـووری› هەژمـار کـران و زەوییەکانیـان زەوتکـرا. لەڕاسـتیدا، ئـەم جوتیارانـە زۆر پێـش ئـەوەی سـووریا ببێـت بـە دەوڵەتێکـی سـەربەخۆی، بـە پێـی یاسـا بـە سـووری هەژمـار دەکـران. گونـدی هیلالیـە دەکەوێتـە ڕۆژئـاوای قامشـلۆ و لەسـەر سـنووری تورکیایـە.
- لـە قـەزای عامـودا: لـە تەمـووزی ١٩٦٦، مـلازم ڕەمـەزان عوبەیـدی بانگێشـتی ئـەم گوندانـە خـوارەوەی کـرد تـا گوندەکانیـان چـووڵ بکـەن و یەکێـک لـە هەرێمەکانـی باشـووری حەسـەکە هەڵبژێـرن و تێـدا نیشـتەجێ بـن: ئـەم گوندانـە بریتـی بـوون لـە: سـورکا، غازلیـک، مـۆزان، توبـس، حەسـیدە-جۆر، قەرەقـۆپ، سـیمەنکس-جۆر، باب-خەیـر و کـوردۆ. ئـەو هەرێمانـەی ئـەم گوندنشـیانانە دەبوایـە کۆچیـان بـۆ کردبـا، بیابانـە و بەهـۆی سـوێری خاکەکـەی هیـچ ڕووەکێکـی تێـدا ناڕوێـت. ئـەم گونـدە کوردییانـە بەشـێک بـوون لـە پلانـی پشـتێنی عـەرەب.
- لـە قـەزای داربەیـزا: لـە کۆتایـی ئەیلوولـی ١٩٦٦، دەسـەڵاتداران بنەماڵـەی گوێـر (Guer) کـە پـتر لـە ١٠٠ کەسـن ئـاگادار کـردەوە، تەنیـا مـاوەی دوو مانـگ مۆڵەتیـان هەیـە سـووریا بـەرەو یەکێـک لـە وڵاتانـی دراوسـێ جێبهێڵـن. بنەماڵـەی گوێـر لـە داربەیـزا و لـە گونـدی تـەل ئیلـۆن، خـاوەن خانـوو و زەویـن. سـەرۆکی ئـەم

بنەماڵەیـە محەمـەد خالیـد سـەعید لەگـەڵ خێزانەکـەی لـە گونـدی تـەل ئیلۆنـدا دەژیـن کـە خـودی خـۆی ئـەم گونـدەی بونیاتنـاوە.

- لـە قـەزای داربەیـزا: دەسـەڵاتداران داوایـان لـە خەڵکـی گوندێکـی سـەر سـنووری نێـوان سـووریا و تورکیـا کـردووە گوندەکەیـان بـۆ عەرەبـەکان چـووڵ بکـەن و بـۆ ناوچـە بیابانییەکانـی باشـووری خابـور و جەبـەل عەبدولعەزیـز کـۆچ بکـەن.
- لـە تشرینـی یەکەمـی ١٩٦٦، کۆمیسـیۆنی دووبـارە دابەشـکردنەوەی زەوییـەکان سـەردانی گوندەکانـی شـۆر-ڕۆژهەڵات و شـۆر-ڕۆژئاوای کـرد؛ دوای سـەر لـە نـوێ دابەشـکردنی زەوییـەکان لـە کـۆی گشـتی ٣٥ خێـزان، تەنیـا ٤ خێـزان پارچـە زەویـان وەرگـرت.
- هەمـان کۆمیسـیۆن دەسـتی بەسـەر زەوی ٤٠ جوتیـاری نیشـتەجێی گونـدی گوێرسـین، فەیـەج (Fayej) و ئوم-حەزامـدا گـرت کـە سـەر بـە قـەزای تـەل ئەبـراک (Tel- Abrak)ە و بەخشـیە بـە عەرەبەکانـی سـەر بـە خێڵـی جبـور.

ئـەم زانیارییانـەی سـەرەوە لەلایـەن خـودی خێڵـە عەرەبەکانـی نیشـتەجێ یـان کۆچـەری کـە لـە جزیـرەدا دەژیـن، وەک جبـور، شـەممەڕ، تـای و بەتایبەتیـش لەلایـەن ئـەو کەسـانەی لـە گوندەکانـی سـەبهەد-مەربەد (Sabhed-Mabrad)، هەولـوا (Houlwa)، برێـر (Brer)، لازقیـە (Lazzakeh)، تـەل فـەراس (Tel al-Farass)، هالـۆش (Halloush)، جەفـاف (Djefef) و ئاول-میـخ (Aoul-Mikh) و پۆلیسـەکانی بنکـەی تـەل ئەبـراک دا دەژیـن، پشتڕاسـت دەکرێنـەوە.

لـە ڕاسـتیدا، حکومـەت فەرمانـی بـەم عەرەبانـە کـردووە گوندەکانـی خۆیـان بەجێبهێڵـن و لـەو گونـدە کوردیانـەدا نیشـتەجێ بـن کـە لەسـەر سـنوورەکانی نێـوان سـووریا و تورکیـادا هەڵکەوتـوون.

**وەزارەت و مامۆستا کورد**

نزیکـەی ٣٠ مامۆسـتای کـورد کـە لـە کۆتایـی سـاڵی خوێندنـی ١٩٦٥-٦٦، بڕوانامـەی دپلۆمیان لە قوتابخانەی مامۆسـتایانی حەسـەکە بەدەسـتهێنابوو، بە پێچەوانەی ڕێنماییەکانی وزراەتـی پـەروەردە، ڕێگـە نـەدرا لـە زێـدی سـەرەکی خۆیان، لـە جزیرە، بـبن بـە فەرمانبەر. دوای چەندیـن مانـگ چاوەڕوانـی دەبـا ئـەوان ڕازیـبن لـە قوتابخانەکانی سـەر بـە حومس و حەمـا، بـە بـێ ئـەوەی پـارەی گواسـتنەوەیان بـۆ تەرخـان بکرێـت، بن بە مامۆسـتا.

**دەستبەسەرکردن و ئەشکەنجەدان**

- لـە١ ی حوزەیرانـی ١٩٦٦، محەمـەد هیتـۆ، خەڵکـی گونـدی تەل-ئەحمـەر، سـەر بـە دەڤـەرداری عامـودا و عەبدولحەیـد عەبوللەتیـف، کـە لـە هۆتێـل نـاسر لـە قامشـلۆ کاریـان دەکـرد دەستبەسـەرکران؛ بـە بیانـووی ئـەوەی پەرتوکـی پێداچوونـەوەی ئەدەبی بـە نـاوی چیـا (Cia)یـان پێبـووە کـە بـە زمانـی کـوردی لـە ئەوروپـا بڵاوبووەتـەوە. ئـەم دوو کەسـە بـۆ بەندیخانـەی سـەربازی ‹مـەزە› گوازراونەتـەوە و بەبـێ دادگایکـردن ڕۆژانـە ئەشـکەنجە دەدرێـن و سەردانکرانیشـیان قەدەغـە کـراوە.
- لـە ٢١ی ئابـی ١٩٦٦، دوای پشـکنینی پۆلیـس، ١٧٠ کورد دەستبەسـەرکران و بۆ بەندیخانەی حەسـەکە گوازرانەوە، تۆمەتەکەش بریتی بوو لە گومانی کۆکردنەوەی پارە وەک هاوسـۆزی دەربڕینێـک بـۆ جوڵانـەوەی نەتەوەی کـورد، ئەو کەسـانە لەبەرچـاوی بەندکراوەکانی دیکە ، ڕۆژانـە لێیـان دەدرێـت و جنێویـان پێدەدرێـت. دوای دوو مانـگ لـەم جـۆە مامەڵەکردنە، دەسـەڵاتداران بڕیاریانـدا زۆرێـک لـەم کەسـانە ئـازاد بکـەن، بـەڵام ئەوانـی دی بـێ هیـچ دادگایکردنێـک تا ئێسـتاش لـە بەندیخانەدا ماونەتـەوە؛ کە بریتین لە: دەهـام میرۆ، جەمیل حاجۆ، سـەبقەت فەتحولا، سـەید شـێخموس حەسـۆ، سـاڵح سـوش، مسـتەفا محەمەد بەگ جەمیـل پاشـا، کەنعان عەگیـد، عەبدولفەتـاح کەریم، عەبدولعەزیز حەسـۆ.

لـە مانگـی نیسـان و هەروەهـا لـە ٢٥-١٢-١٩٦٦، سـەرۆک وەزیرانـی سـووریا دکتـۆر یوسـف زوەیـن (Yusuf Zuain)، ڕەتیکـردەوە چـاوی بـە شـاندێکی کـوردی بکەوێـت کـە هاتبـوون تـا داوای دادپـەروەری لـە حکومـەت بکـەن.

گشت ئەم نموونانەی سەرەوە، بارودۆخی تراژیدی کوردی سووریا دەخەنەڕوو. ئەم کوردانە بێ پەنان، ئەوان ناتوانن لەهەمبەر ئەم بەربەریەتەدا، هاوشێوەی کوردی عێراق کە چەکیان لە شانکرد، چەک هەڵگرن و بەرگری لە خۆیان بکەن. ئەوان چەکیان نییە و ئەگەر چەک بەکاربهێنن، ڕووبەڕووی ڕەشەکوژی دەبنەوە.

بەڵی بۆ چاکسازیی زەوی لە سووریا

نا بۆ تاڵانکردنی جوتیارانی کورد بە بیانووی چاکسازیی زەوی

بەڵی بۆ خواستی گەلی عەرەب بۆ پێشکەوتن و بوژانەوە

نا بۆ شۆڤێنیزمی عەرەب

نا بۆ گواستنەوەی دەستەجەمعی گەلی کورد لە سووریا

نا بۆ پلانی جینۆسایدکردنی گەلی کورد لە سووریا

زەوی هی جوتیارەکانە، هی ئەو کەسانەیە کە دەیکێڵن، جا کورد بێت یان عەرەب

کانوونی دووەمی ١٩٦٨

بەڵگەنامەکان (ل ٤١-٥٥)

**پاشکۆی ١:**

ئەمەی خوارەوە لە ‹ڕاپۆرتی پلانی دامەزراندنی کێڵگەکانی سەر بە دەوڵەت لە پارێزگای حەسەکە (جزیرە) ‹Report on the State Farm in the Hasaka (Jazirah) Province›، کە ڕاپۆرتێکی فەرمی حکومەتی سووریایە، وەرگیراوە. ڕاپۆرتەکە بە هاوکاری نووسینگەی هەرێمایەتی جوتیاران (Regional Peasant Office) نووسراوە. ئەم ڕاپۆرتە لە ڕۆژنامەی ‹ئەلمونازل› ژمارە ١١، لاپەڕەکانی ١٢-١٣ لە ناوەڕاستی کانوونی یەکەمی ١٩٦٦دا بڵاوکرایەوە. ئەم ڕۆژنامەیە ڕۆژنامەیەکی زۆر تایبەتە کە لەلایەن ‹نووسینگەی چاپ و بڵاوکردنەوە› (Office of publications and publicity) سەر بە ‹ڕێبەرایەتی نەتەوەیی پارتی سۆشیالیستی بەعسی عەرەبی› (The National Direction of the Socialist Arab Baath Party) بڵاودەکرێتەوە. داتاکانی پەیوەست بە کورد لەناو ئەم ڕاپۆرتە، دوورن لە ڕاستییەوە، بەڵام لە ژێر دەستەواژەی ‹سۆشیالیزمی عەرەبی›، و بە ڕووکەش ‹زانستییانە›، نیەتی ناپاکی ئەم ڕاپۆرتە بریتییە لە نەک تەنیا ڕاگواستنی نەتەوەی کورد [لە زێدی خۆی لە سووریا]، بەڵکو بریتییە لەناوبردنی نەتەوەی کورد.

**ڕاپۆرتی پلانی دامەزراندنی کێڵگەکانی سەر بە دەوڵەت لە پارێزگای حەسەکە**

«ئەو مەترسییەی لە باکووری عێراق ڕووبەڕووی نەتەوەکەمان بووەتەوە و حاڵیحازر هەر بەردەوامە، مەترسییەک کە لەلایەن ئیمپریالیزمەکانەوە دروستکراو، چەند ساڵ لەمەوبەر لە حەسەکەش سەریهەڵداوە و هەڕەشە لە ئێمەش دەکات. حکومەتەکانی ڕابردوو ئەم مەترسییەیان پشتگوێ خستووە، بەڵام ئەمڕۆکە ئەم مەترسیانە پێویستیان بە چارسەریی ئاشکرا و ڕیشەیی هەیە (....).

لە نێوان ٢٣ بۆ ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٦٦، نووسینگەی جوتیارانی هەرێمایەتی حیزب داوای لە هاوڕێ ‹نەعیم جومعە› کرد سەردانی پارێزگای حەسەکە بکات و خوێندنەوەیەک بۆ ئەو ڕاپۆرتە بکات کە لەلایەن ڕێبەرایەتی هەرێمایەتی لە جزیرە

(Regional Direction of Jazireh) بـە هـاوکاری نووسـینگە بەرپرسـەکانی ئـەم پارێزگایـە بــە ناونیشــانی ‹چۆنیەتــی جێبەجێکردنــی پلانــی دامەزراندنــی کێڵگەکانــی ســەر بــە دەوڵـەت لـە پارێـزگای حەسـەکە› (The outline for implementation of the plan for on the State Farm in the Hasaka (Jazirah) ئاڕاسـتەی ڕێبەرایەتـی نیشـتیمانی کرابـوو.

دوای تاوتوێکردنــی ڕاپۆرتەکــە لەگــەڵ هــاوڕێ پارێــزگاری حەســەکە، ئــەم ئەنجامــە بەدەســتهات کــە زۆر پێویســتە بــۆ ســاڵی کشــتوکاڵی ١٩٦٦-٦٧، زەوییــە زەوتکــراوەکان و کێڵگەکانــی دەوڵــەت، لەلایــەن خــودی دەوڵەتــەوە بەکاربهێنرێــن، بــەڵام پێویســتە ڕێبەرایەتــی نیشــتیمانی خوێندنــەوە بــۆ ئــەم کێشــەیە بــکات و بنەمایەکــی زانســتی بــۆ بەکارهێنــانی ســەرکەوتووانەی ئــەم زەویانــە دابڕێژێــت (...). ڕووپێــوی ئــەو بەشــەی پشــتێنی عەرەبــی کــە ئێمــە لێکۆڵینەوەمــان لەســەر کــردووە ٣،٠٠١،٩١١ دۆنمــە. ئــەم بەشـە لـە ناوچـەی ‹مەلیـک› لەسـەر سـنووری عێـراق و سـووریا، لـە باکـووری ڕۆژهـەڵات درێــژ دەبێتــەوە تــا دەگاتــە تەنگەبــەری نێــوان پارێــزگای حەســەکە و پارێــزگای ڕەقــە، لـە نێـوان گونـدی تەل-کەلیـە (Tel- Kalia) و ڕاژان. قوڵایـی ئـەم بەشـە ١٠ کیلۆمەتـرە.

خەڵکــی غەیــرە عــەرەب بەتایبەتیــش کــورد، بــە پێــی پلانێکــی ئیمپریالیســتی بــۆ دروسـتکردنی ئیسرائیلـی دووەم لەسـەر خاکـی ئێمـەی عـەرەب لـە ڕێگـەی یەکخسـتنی کــوردی ســووریا و عێــراق و تورکیــا، لــە تورکیــا و عێــراق بــۆ ئــەم ناوچەیــە کۆچیــان کــردووە. ئــەم پلانــە بــە هــاوکاری ئیمپریالیــزم داڕێــژراوە و لەلایــەن ئیمپریالیزمــەوە خـۆراک و هـان دەدرێـت (...). هاتنـی کـورد [بـۆ ئـەم ناوچەیـە]، بەهـۆی ناکۆکـی نێـوان خێڵــە کوردییــەکان بووەتــە هــۆی ئــەوەی خێڵەکانــی بەخــاری (Bakkarah)، شــەممەڕ، تــای، حــەرب و خێڵەکانــی دیکــەی عــەرەب لەگــەڵ ئاژەڵــەماڵییەکانیــان بــەرەو باشــوور کــۆچ بکــەن و کوردیــش کــە بێگانــەن، دەستبەســەر ئــەم ناوچــە بەپیتــەدا بگــرن (...).

«لە کۆی گشتی ٣،٠٠١،٩١١ دۆنم لە خاکی پشتێنی عەرەبی لە جزیرە، ٩٠١،٥٢٤ دۆنم خاکی دەستبەسەرداگیراو [لەلایەن دەوڵەتەوە] ئەو خاکەیە کە لە ڕێگەی بارانەوە بەراو دەکرێت و ١٦،٤٩٠ دۆنمیش خاکی بەراوە. زەوییەکانی دەوڵەت (زەویی گشتی) لە ناوچەی پشتێنی عەرەبدا کە نزیکەی ٢٠٤،٣٢٥ دۆنمە، زۆرتر لە ڕێگەی بارانەوە ئاودێری دەکرێت.

بەهــۆی زاڵبوونــی سیســتەمی دەرەبەگایەتــی لــەم ناوچەیــە و بەهــۆی بوونــی دانیشــتووانی غەیــرە عــەرەب بــە تایبەتیــش کــورد کــە گشــت توانــای خۆیــان وەگەڕخســتووە کــە دەوڵەتێکــی نەتەوەیــی بــۆ خۆیــان لەســەر ســنوورەکانی باکــووری خاکــی ئێمــە دروســت بکــەن، ئەویــش بــە یارمەتــی ئیمپریالیــزم، هەروەهــا چونکــە لەودیــو ســنووری عێــراق و ئێــران کــورد نیشــتەجێن و خــاوەن پارچــە زەویــن، بۆیــە پیلاندارێــژەر و ســیخوڕەکان لــە دژی ئێمــە لــەم ناوچــە ســنووریانەدا چالاکــی ئەنجــام دەدەن، بەهــۆی گشــت ئــەم هۆکارانــەوە زۆر زەرورە ڕێکارێــک بــۆ پاراســتنی عەرەبیــزم لــەم ناوچەیــەدا بگیرێتەبــەر (...).

دەتوانیــن بڵێیــن ئەگــەر بارودۆخەکــە لــەم ناوچەیــەدا وەک خــۆی بمێنیتــەوە، کۆچــی کــورد بــۆ ئــەم ناوچەیــە زیــاد دەکات، ئەمــەش دەبێتــە هــۆی مەترســی خستنەســەر نەتــەوە و ســنوورەکانی ئێمــە، ســەرەڕای گرنگــی ئــەم ناوچەیــە لــە ڕووی کشــتوکاڵی و پیشەســازییەوە، بــە تایبەتــی لــە دوای دۆزینــەوەی نــەوت لــەم ناوچەیــەدا.

لەپێنــاو بەکارهێنانــی زەوییەکانــی دەوڵــەت لــە ناوچــەی پشــتێنی عــەرەب، ئــەم ڕێکارانــەی خــوارەوە لــە لایــەن دەســەڵاتدارانی ناوچەکــە و حیــزب، گیراوەتەبــەر:

١. هـاوڕێ پارێـزگای حەسـەکە ئۆلتیماتۆمـی بە دانیشـتووانی ناوچـە گوندییـەکان، جوتیاران و خــاوەن زەوییەکانــداوە، کــە بەهیــچ جۆرێــک کار لەســەر زەوییــە زەوتکــراوەکان (دەستبەســەرداگیراو) نەکــەن. دوای ئــەم ئۆلتیماتۆمــە ئێمــە دەســتمانکرد بــە کێــڵان و چاندنــی دانەوێڵــە لــەم زەویانــەدا.

٢. نووســینگەی دەستبەســەرداگرتنی زەوی (Office of Land Confiscation)، زەوییــە زەوتکراوەکانــی خســتە نــاو نەخشــە (...).

٣. نووســینگەی چاکســازیی زەوی دەســتیکردووە بــە گواســتنەوەی ٤٠٠٠ خێــزان لــە ناوچـەی پشـتێن بـۆ ناوچەکانـی دیکـە (...). هیوارداییـن ئـەم ئۆپەراسـیۆنە بـە بـێ هیـچ کێشــەیەک ئامانجەکانــی بپێکێــت.

بـەڵام، لەلایەکـی دیکـەوە، نزیکـەی ٢٥،٠٠٠ کـەس وەک بێگانـە[1] ناونـووس کـراون. حیـزب و دەسـەڵاتداران لـە پارێـزگای حەسـەکە لـەو بڕوایـەدان نابـێ ڕێگـە بدرێـت ئـەم بێگانانـە لـە ناوچـە سـنوورییەکاندا نیشـتەجێ بکرێـن. باشـترین ڕێگـە بـۆ مامەڵەکـردن لەگـەڵ ئـەم کەسـانە ئەوەیـە کـە بەهیـچ شـێوەیەک کاریـان پێنەدرێـت و دانەمەزرێـن، بـەم جـۆرەش لـە مـاوەی پێنـج سـاڵدا ئـەوان بـۆ وڵاتیـتر کـۆچ دەکـەن. ئەگـەر پێویسـت بـوو دەبـێ ئێمـە هێـز لـە دژی ئـەم کەسـانە بـەکار بهێنیـن.

٤. حیـزب و نووسـینگەی جوتیـاران هـەوڵ دەدات ئـەو گەنجـە عەرەبانـەی بڕوایـان بـە عەرەبیـزم و ناسـیۆنالیزمی عەرەبـی هەیـە وەک کرێـکاری چەکـدار بـۆ پاراسـتنی بەروبومـی کشـتوکاڵی لـە ناوچـەی پشـتێنی عـەرەب، دابمەزرێنێـت.

٥. ڕێبەرایەتـی حیـزب لـە جزیـرە، داوای لـە بـە تواناتریـن هاوڕێکانـی نـاو حیـزب کـردووە لـە ناوچـە کوردییـە سـنوورییەکان سـیمناری جەمـاوەری ئەنجام بـدەن و دانیشـتووان لە مەترسـییەکانی ئیمپریالیـزم ئـاگادار بکەنـەوە، بـەم جـۆرەش زەمینـەی جیبەجێکردنـی پلانـی [زەوتکردنـی زەویـی کـورد و دامەزراندنـی پشـتێنی عەرەبـی] ئاسـان بکـەن.

بــەڵام گرفتــی چــۆن جوتیــارەکان لــە ڕێگــەی پاســەوانی چەکــدارەوە پاســەوانی بکرێــن، دێتەکایــەوە، ئەمــەش بــە ڕەچاوکردنــی ئــەوەی کــە زەوییــە زەتکراوەکانــی و زەوییــە گشــتییەکان (زەوییەکانــی دەوڵــەت) تیکــەڵ بــەو زەویانــە کــراون کــە تــا ئێســتاش کێڵگــەی شەخســین. بــۆ نموونــە، لــە ناوچــەی ســەرێکانی، ١٨١ گونــد هــەن کــە ٦٦ گونــد، گونــدی دەستبەســەرداگیراون و ١٤ گوندیــش، موڵکــی دەوڵەتــن (...). لــە ناوچــەی مەلیکیــە ١٨٢ گونــد هــەن ١٠٥ گونــد گونــدی دەستبەســەرداگیراون و ٣٠ گوندیــش موڵکــی دەوڵەتــن. کــۆی گشــتی گونــدی دەستبەســەرداگیراو لــەم ناوچەیــەدا ٣١٩ گونــدن و ٦٦ گوندیــش موڵکــی دەوڵەتــن، واتــە کــۆی گشــتی هەردووکیــان ٣٨٥ گونــدە. بەکارهێنانــی ئــەم گوندانــە [لەلایــەن کــوردەوە]، لــە داهاتــوودا کێشــەی گــەورە دروســت دەکات. بۆیــە ئێمــە پێشــنیاز دەکەیــن:

(١) بێگانـەکان (foreigners)ی ناوچـەی پشـتێنی عـەرەب کـوردن کـە لـە دوای سـەرژمێری سـاڵی ١٩٦٢، لـە بـوون بـە هاوڵاتـی سـوریا بێبـەش کـران.

١. حکومەت دەتوانێت فەرمانێکی نوێ دەربکات و ڕایبگەیێنێت گشت گوندەکانی ئەم ناوچەیە، موڵکی دەوڵەتن. دەوڵەت بە هەر شێوازێک بۆی گونجاو بێت دەتوانێت سوود لەم زەویانە وەربگرێت (...).

٢. داڕشتنی پلانێکی پراکتیکی و زانستی بۆ بەکارهێنانی گشت ناوچەکە لە داهاتوودا (...).

٣. دەبێ ئامانجی ئەم پلانە بریتی بێت لە: (ئەم بەشەی ڕاپۆرتەکە، تەکنیکییە).

٤. پێویستە لە ڕێگەی گواستنەوە و دەرکردنی دانیشتووە غەیرە عەرەبەکان، پێکهاتەی نەژادیی ناوچەکە بگۆڕدرێت.

٥. دروستکردنی گوندی نموونەیی (model village) لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ ئەو کەسە [عەرەبانەی] بۆ ئەم هەرێمە دەهێنرێن و لەو ناوچانەی کە خەڵکی ڕەسەنەکە دەگوازرێنەوە (...). ئێمە داوا دەکەین ١،... ٢،... ٣،... (ئەم داواکارییانە، داواکاری تەکنیکین) ٤، پێویستە فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان فەرمان بە فەوجە سنوورییەکان بکات هەر کاتێک پێویست بوو [بۆ جێبەجێکردنی پلانەکە] یارمەتی دەسەڵاتە خۆجێییەکان بدەن. پێویستە ئاماژە بەوە بکەین تا ئێستا فەرماندەی ئەو فەوجە گشت داواکارییەکانی ئێمەی جێبەجێکردووە (...).

**پاشکۆی ٢:**

ئەمەی خوارەوە پوختەیەکە لە «ڕاپۆرتێکی تایبەت لەسەر هەرێمی عەفرین»، کە لەلایەن نووسینگەی چاکسازیی زەوی، لقی حەلەب (Aleppo) نووسراوە. عەفرین سەر بە کورداغە و ناوەندی ئیداریی ئەم هەرێمەیە. بەراورد لەگەڵ ڕاپۆرتەکەی جزیرە، ڕاپۆرتی عەفرین زۆر میانڕەوتر و کەمتر دژە کوردە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئامانج لە پرۆژەی چاکسازیی زەویی و سیستەمی پەروەردە، بریتییە لە بەعەرەبکردنی ناوچە کوردییەکان.

**ڕاپۆرتێکــی تایبــەت لەبــارەی هەرێمــی عەفریــن (Special Report on the Afrin Region)**

«لـە نێـوان ١٠-١٣ی تەمـووزی ١٩٦٦، سـەرۆکی نووسـینگەی دووبـارە دابەشـکردنەوەی زەویـی، بەڕێوەبەرایەتـی لقـی عەفرینـی نووسـینگەی چاکسـازیی زەوی و سـەرۆکی زەوییـە دەستبەسـەرداگیراوەکانی حەلـەب، سـەردانی عەفرینیـان کـرد. مەبەسـت لەسـەردانەکە پشـکنینی بارودۆخـی کشـتوکاڵی و کۆمەڵایەتـی گوندەکانـی ئـەم هەرێمـە بـوو کـە دەکەونـە چوارچێـوەی بڕیارەکانـی یاسـای چاکسـازیی زەویـی (...).

(...) ئـەم ناوچەیـە کـە بـە کـورداغ نـاسراوە (واتـە چیـای کـورد) ناوچەیەکـی شـاخاوییە و لـە باکـوور بـە خاکـی تورکیـا و لـە ڕۆژهەڵاتـەوە بـە هەرێمـی ئەسـکەندەرون دەگات (...). زۆربـەی زەوییـە دەستبەسـەرداگیراوەکان لـە ناوچـەی گێندرێـس (Gindres) هەڵکەوتـوون (...). کـۆی گشـتی ئـەم زەویانـە ١٠٪ی خاکـی ناوچەکـە پێکدێنێـت (...). ٨٠٪ زەوی کشـتوکاڵی لـە کێڵگـەی بچـووک پێکهاتـوون و خاوەنەکانیـان ئـەو جوتیارانـەن کـە بـۆ بەدەسـتهێنانی بژێـوی ژیـان، بـە شـێوەیەکی سـەرەکی پشـت بـە زەوییەکانیـان دەبەسـتن. بۆیـە [لـەم ناوچەیـە] چارەسـەرکردنی کێشـەی نەتەوەیـی لـە میانـەی چاکسـازی زەویـدا، چارەسـەرییەکی پراکتیکـی نییـە (...).

کـورد زۆرینـەی هـەر زۆری دانیشـتوانی ئـەم ناوچەیـە پێکدێنـن (...).زمانـی عەرەبـی نازانـن (...). چەنـد خێزانێکـی عـەرەب لـە نێوانیانـدا دەژیـن، بـە تایبەتـی لـە ناوچـەی گێندرێـس، بـەڵام ئـەم خێزانـە عەرەبانـە بـە کـوردی قسـە دەکـەن. ئێمـە چاومـان بـە چەنـد منداڵێکیـش کـەوت کـە دەیانتوانـی بـە عەرەبـی قسـە بکـەن، ئەمـەش بـەو هۆیـەی قوتابـی بـوون (...). هیـچ هەسـتێکی ڕق لێبوونـەوە لـە نێـوان کـورد و عەرەبـدا بوونـی نییـە. ئـەم خەڵکـە، خەڵکێکـی بـاش و ئاشـتیخوازان (...).

ئـەم خەڵکـە کـە بـۆ مـاوەی چـوار سـەدەیە لـەم ناوچەیـەدا دەژیـن، ئـەم دەرفەتەیـان بـۆ نەڕەخسـاوە لەنـاو عەرەبەکانـدا لـە قاڵـب بدرێـن، بـەڵام ئەمـەش هەڵـەی ئـەوان نەبـووە. ئەمـە بەرپرسـیارێتی ئێمەیـە یارمەتـی ئـەم کوردانـە بدەیـن کـە پێشـکەون و

لەنـاو عەرەبەکانـدا لـە قاڵـب بدرێـن (...) [واتـە لەنـاو عەرەبەکانـدا بتوێنـەوە].

ئـەم ناوچەیـە، ناوچەیەکـی ئارامـە، لەوانەیـە ئارامتریـن ناوچـەی پارێـزگای حەلـەب بێـت. لـەم بـارەوە لەوانەیـە بەڕێوەبەرایەتـی ناوچەکـە و هێـزە ئەمنییەکانـی ئـەم پارێزگایە لەگـەڵ ئێمـەدا هـاوڕا نەبـن، ئەویـش بەهـۆی چالاکییەکانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی [سـووریا] لـەم ناوچەیـەدا.

ئێمـە دەزانیـن ئـەم چالاکیانـە ئەنجـام دەدرێـن، بـەڵام مەترسـییەکەی وەک مەترسـی جزیـرە نییـە. ئـەم چالاکیانـە زۆرتـر لەنـاو ڕۆشـنبیران و منداڵـە خوێندەوارەکانـی خێزانـە دەوڵەمەندەکانـە. چالاکـی ئـەم کەسـانە و ئـەو ژمـارە کۆمۆنیسـتە کەمـەی کـە لـەم ناوچەیـەدا هـەن، لـەو ڕادەیـە نییـە خەڵکـی ناوچەکـە بوروژێنێـت (...).بۆیـە هەڵەیـە لـە ڕووی سیاسـییەوە دەسـت لـەم ناوچەیـەدا وەر بدەیـن، پێـش ئـەوەی دەرفەتـی بـوون بـە هاووڵاتییەکـی ‹بەعـەرەب بـووی ئاسـایی›، یـان بـۆ بڕەخسـێنین. ئەمـەش ئامانجێکـی سـەخت نییـە، ئەگـەر حکومـەت پلانێکـی دروسـت بـۆ ئـەم مەبەسـتە دابڕێژێـت.

ئەگـەر لـەم ناوچەیـەدا ژمارەیـەک جیاخـواز و دوژمنـی ناسـیۆنالیزمی عەرەبـی بوونـی هەبێـت، پێویسـت نـاکات وا بیـر بکەینـەوە کـە گشـت خەڵـک لەگـەڵ بۆچـوونی ئـەوان هاوڕایـە. ئـەم دوژمنانـە لـە کۆمەڵـگادا دەبنـە مەترسـی، بۆیـە ئـەم بابەتـە بووەتـە هـۆی ترسـی دەسـەڵاتە ئەمنییـەکان.

پێویسـتە ئێمـە هـەوڵ بدەین ئـەم کۆمەڵگایە لەبوون بە بەسـتێنێکی بە پیت بۆ گەشـەی کاری تێکدەرانـە بگۆڕیـن بـۆ کۆمەڵگایـەک کـە لـە دژی کەسـە تێکـدەرەکان بوەسـتنەوە. بۆ نموونـە، نیشـتەجێکردنی خیزانێکـی جوتیـاری عـەرەب لـە گوندێکـدا، دوای ئـەوەی خەڵکـە ڕەسـەنەکە گوازرایـەوە، یـان ڕێگـە نـەدرا لەسـەر زەوییەکانیـان کار بکـەن، ئـەو جـۆرە هەنگاوانـە دەبنـە هـۆی دروسـتکردنی زەمینەیـەک بـۆ گەشـەی چالاکـی تێکدەرانـە.

ئێمـە بـاش ئـاگاداری حاڵەتـی گونـدی ‹محەمەدیە›یـن، کـە پێنـج خێزانـی عـەرەبی تێـدا نیشـتەجێکران، ئەمـەش هەنگاوێکـی بـاش نەبـوو، چونکـە ئـەم خێزانـە عەرەبانـە، خێزانـی بەدنـاو بـوون و بەهـۆی کاری دزییـەوە تـازە لـە بەندیخانـە ئازادکـرا بـوون. ئەمـەش

کارێکـی بـاش نەبـوو و بـووە هـۆی بڵاوبوونـەوەی دەنگـۆی [نیشـتەجێکردنی خێزانـی عـەرەب لـە گونـدە کوردییـەکان و زەوتکردنـی زەویـی کـورد بـۆ عەرەبـەکان] بەتایبەتـی بەسـەدان جوتیـاری کـورد لـە دراوسـێی ئـەم گونـدەدا خـاوەن هیـچ زەوییـەک نیـن. ئێمـە ناڵێیـن نابـێ پرۆسـەی نیشـتەجێکردنی عـەرەب جێبەجـێ نەکرێـت، بـەڵام دەبـێ ئـەم پلانـە زۆر بـە وردییـەوە خوێندنـەوەی بـۆ بکرێـت و خێزانـە عەرەبـە نیشـتەجێ بووەکانـی [نـاو گونـدە کوردییـەکان] دەبـێ لـە بنەڕەتـدا جوتیـار بـن.

واژوو:

عەبدوڵا شەمسەدین عیسا

سەرۆکی نووسینگەی زەوییە دەستبەسەرداگیراوەکان، حەلەب

عەبدولڕەزاق ئەلحەسەن

سەرۆکی نووسینگەی چاکسازیی زەوی، لقی حەلەب

عەدنان سەبری

سەرۆکی نووسینگەی دووبارە دابەشکردنەوەی زەویی لە وەزارەتی [کشتوکاڵ]

(ئـەم ڕاپۆرتـە، ڕاپۆرتێکیتریـش لەبـارەی هەرێمـی گێندرێـس لەخـۆ دەگرێـت، کـە تێیـدا کێڵگەکانـی دەوڵـەت بریتییـە لـە زەویـی زەوتکـراوی جوتیـاری کـورد)

**پاشکۆی ٣:**

لە چاپەمەنی جیهاندا (In the World Press)

THE EVENING STANDARD، London، of 14 December 1967، under the signature of Lord Kilbracken، wrote:

«چەنـد ڕاپۆرتێـک لـە سـەرچاوە کوردییـەکان گەیشـتوونەتە لەنـدەن بـاس لـە سـەرهەڵدانی نائارامـی فـراوان و توندوتیـژی چەکدارانـە لـەو ناوچانـەی سـووریا دەکـەن کـە زۆرینـە دانیشـتووانی کـوردن و دەکەونـە سـەر سـنوورەکانی تورکیـا».

«ئـەم ئاڵۆزییـە بەهـۆی سیاسـەتەکانی حکومەتـی سـووریا سـەریهەڵداوە کـە هـەوڵ دەدات لەڕێگـەی گواسـتنەوەی زۆردارەکـی دانیشـتوانی [کـورد لـەم ناوچەیـەدا] ژمـارەی کـورد لـە باکـووری ئـەم وڵاتـەدا کـەم بـکات. سیاسـەتێک کـە ژیانـی نزیکـەی ٢٤٠،٠٠٠ کەسـی عـەرەب و کـورد دەگرێتـەوە.

ئـەم سیاسـەتە هـاوکات بـووە لەگـەڵ گرتنەبـەری ڕێـکاری سـەرکوتکارانەی تونـد لـە دژی قوتابخانـە کوردییـەکان، بەکارهێنانـی زمانـی کـوردی، دابونەریـت و کلتـوری کـوردی. پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان قەدەغەکـراوە (...). ژمـارەی کـورد نزیکـەی نیو ملیۆن کەسـە، یـان نزیکـەی ٨٠٪ی ئـەو کەسـانە لـە ناوچـە سـنوورییەکاندا دەژیـن. پـتر لـە نیـوەی ئـەم ژمارەیـە دانیشـتووی حەسـەکەن، کـە هاوسـنووری تورکیـا و عێراقـە. ئـەم ناوچەیـە بەهـۆی هەبوونـی نـەوت، گرنگیەکـی تایبەتـی هەیـە».

نهێنی (ل ٥٦)

جۆر: +١

لەلایەن: سکرتێری شەخسی و سیاسی سەرۆک وەزیران

بۆ: بەڕێز ج. عەلەمدار (J. Alemdar)،

Studentbacken، 25/705 C، Stockholm، weden.

سـەرۆک وەزیـران داوای لێـم کـردووە پێتان ڕابگەیێنـم کە نامەکەتان لـە ڕێکەوتی مانگی ئـادار زۆر بـە وردییەوە خوێندراوەتەوە و تێبینییەکانی سـەر ناوەڕۆکەکەی تۆمارکراون.

نهێنی (ل ٥٧-٥٨)

بەڕێز دێی (Mr. Day)

**کوردی سووریا**

١. نووسینگەی سەرۆک وەزیران داوای کردووە وەڵامی نامەکەی دامەزراوەی پەنابەری کورد لە سوید بدرێتەوە.

٢. هەروەک دەزانن، کورد یەکێکن لە کەمینە سەرەکییەکانی سووریا. ئەوان دانیشتووی ناوچەیەکی شاخاوین کە حاڵیحازر بەسەر سنوورە سیاسییەکانی ئێران، تورکیا و عێراق دابەش بوونە. کورد بەدرێژایی مێژوو، زۆر سەرسەختانە لەهەمبەر هەر کەسێکدا وەستاون کە هەوڵیداوە سەربەخۆیی خێڵایەتیان زەوتبکەن. زۆرێک لەو گلەییانەی لەم دواییەدا [داواکاری پەنابەرانی کورد لە سوید] ئاماژە پێکراون، مێژوویەکی دوورودرێژیان هەیە و ئاماژە بە مەترسی هەوڵەکانی تواندنەوەی کورد لە کۆمەڵە نەتەوەییەکانی [تورک، عەرەب و فارس] دەدات. کوردی سووریا خاڵی سەرەکی هاوسۆزی باڵە چەپڕەوەکانی وڵاتانی دراوسێن. خالید بەکتاش (Khalid Bikdash) یەکەمین کۆمۆنیستی هەڵبژێردراو بۆ پەرلەمانێکی عەرەبی، لە ڕاستیدا بە ڕەچەڵەک کوردە.

٣. ئێمە هیچ زانیاریەکمان لەسەر دامەزراوەی ‹پەنابەرانی کورد لە سوید› (The Kurdish Refugees in Sweden) نییە. بەهەرحاڵ نووسەری بابەت، بەڕێز ج. عەلەمدار، هاووڵاتی عێراق و لایەنگری کۆمۆنیستە و ئەندامی ئەنجوومەنێکی نهێنی قوتابیانی کوردە لە ئیستانبۆل کە لەلایەن دەسەڵاتدرانی تورکیا لە ساڵی ١٩٣٦، بە تۆمەتی ئەنجامدانی چالاکیی نایاسایی کورد لە تورکیا، دەستگیر کرا.

٤. کێشەی کورد، کێشەیەکی زۆر ئاڵۆزە. ئێمە نامانەوێت ئامۆژگاریتان بکەین کە پێویستە وەڵامێکی جیدی بەڕێز عەلەمدار بدرێتەوە و باس لە ١٩ی ئادار بکرێت. هەر جۆرە دەبڕینێک و هاوسۆزی نیشاندانێک لەسەر [پرسی کورد لە سووریا]، لەلایەن وەرگری [نامەکەوە] بە هەڵە لێکدەدرێتەوە و وەک پەیامێکی

پشتگیریی سەرۆک وەزیران بۆ کێشەی کورد هەژمار دەکرێت. بەهەرحاڵ ئەگەر بە پێویست زانرا دەبێ وەڵامی نامەکە بدرێتەوە، تکایە تەنیا ئەو دەستەواژانە بەکاربهێنین کە لە ڕەشنووسی هاوپێچکراودا ئاماژەیان بۆ کراوە. هەروەها بەشی [ڕۆژهەڵات] نامەیەکی هاوشێوەی لە بالیۆزخانەکەمان لە ستۆکهۆڵم بۆ سەرۆک وەزیران نێردراوە، کەواتە وادیارە ئەم نامەیە بۆ چەندین لایەن نێردراوە.

٥. بەشی ڕۆژهەڵات، دەقی ڕەسەنی نامەکەی بەڕێز عەلمداری بەدەست گەیشتووە کە لەلایەن نووسینگەی سەرۆک وەزیرانەوە بۆیان نێردراوە. هەروەک دەزانن، بۆیە ئەم نامەیە [لەلایەن نووسینگەی سەرۆک وەزیرانەوە] بۆ ئێمە نێردراوە تا بە شێوازی گونجاو مامەڵەی لەگەڵدا بکەین و ئاماژە بەوە دراوە هیچ وەڵامێک بۆ نامەکە لەلایەن ‹NO، 10 Downing Street› [شوێنی نیشتەجێ بوونی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا]، نەدراوەتەوە. بەهەرحاڵ، بە بۆچوونی من لە گشت حاڵەتێکدا باشترە وەڵامی بەڕێز عەلەمدار نەدرێتەوە.

A. R. Moore

٢١ی ئاداری ١٩٦٨

نهێنی ( ل ٥٩-٦٠) 1/2/IRQ

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەیروت

١٩٦٨ /٤/١٠

**کوردی عێراق**

١. مەحمود بابان کە بەم دواییانە گەڕاوەتەوە بەیروت، شەوی سێشەممە تەلەفۆنی بۆم کرد تا هاوکارێکی کورد بە ناوی ئەمیر قاسمیم پێ بناسێنێت. ئەو گوتی ئەمیر لە چیای سەفین فەرماندەی بەتالیۆنێکی کورد بووە و ئێستا نوێنەری مەلامستەفا بارزانیە لە تاران. لە هەولێر شارەزایەکی یاساییە، ناوی ڕاستەقینەکەی شەمسەدین موفتیە و کوڕەخاڵی زەید ئەحمەد عوسمانە. ئەمیر کە بە پاسپۆرتی ئێرانی سەفەر دەکات بانگەشەی ئەوەی دەکرد پەیوەندی باشی لەگەڵ ساڤاکدا هەیە. بە تایبەتی لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەی ژەنەڕاڵ نەسیری، کە بە وتەی ئەو، بە بەردەوامی سەردانی کوردستان دەکات. هەروەها ئەوەی ڕوونکردەوە کە لەگەڵ ساڤاک سەردانی کونسوڵی وڵاتانی بێگانەشی کردووە. ئەمیر، لەبارەی یارمەتییەکانی خاچی سوور بۆ کوردستان ئاماژەی بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ سوید کرد، هەروەها باسی لە گەیاندنی نامەی مەلامستەفا بۆ ویلسۆن، کۆنسوڵی ئێمەی کرد (نامەی تیم 1023A/67 لە ٢٨ تشرینی دووەمی ١٩٦٧).

٢. ئەمیر ئاماژەی بەوەدا بارودۆخ لە کوردستان هەروەک خۆی ماوەتەوە و گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە. حکومەت هیچ نیەتێکی نییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد. هەروەها، وا دەرکەوت تاهیر پشتگیری لە کورد دەکات و عارف دژە کوردە. ئەمەش هەر ئەو هەڵسوکەوتەیە کە حکومەتە یەک لەدوا یەکەکانی عێراق پەیڕەویان کردووە. وەبیری هێنامەوە کاتێک ناجی تاڵب سەرۆک وەزیران بوو، عارف پشتگیریی کورد بوو و لە ڕێگەی عەبدولوەهاب ئەمین، کازم شۆبار و شیعەکانی دیکە ەوە هەوڵی دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ کورد دەدا. لە ڕاستیدا

تاهیـر یەحیـا بەرپرسـیارە لـە بەدەسـتهێنانی پشـتگیریی حکومـەت بـۆ تاڵەبانـی. واتـە ئـەو کەسـەی هەڕەشـەی پەیوەندیکردنـی بـە سـوورییەکانیەوە کردبـوو (لەگـەڵ ئـەو کەسـانەی بـە وتـەی ئـەو تێگەیشـتنێکی باشـیان هەیـە) ئەمیـر بانگەشـەی ئـەوە دەکات حکومـەت چـەک و خـۆراک و ئامـرازی گواسـتنەوە و پاسـەوان و پـارەی زۆری بـۆ تاڵەبانـی دابیـن کـردووە. زۆرتـر لـەوەی مەلامسـتەفا بتوانێـت لـە ڕێگـەی ئابوونـەی کـوردەوە بـۆ شـۆڕش دابینـی بـکات.

٣. مەحمـود و ئەمیـر وتیـان کـورد لـە سیاسـەتی ئەو کوردانـە نیگەرانـە کە لـە کۆبوونەوەی کۆشـک (palace meeting) لـە نێـوان ئەفسـەرە خانەنشـین کراوەکانـدا گیراوەتەبـەر (نامەکـەی مـن ٣/٢ لـە ٣ نیسـان ئامـاژە بـەوە دەکات). لەبـارەی بەشـداریی کـورد لـە حکومەتـی داهاتـوودا، وادیـارە، [حکومـەت] بـە دوای نوێنەریـتردا بگەڕێـت جیـا لـە نوێنـەرە تەقلیدییـەکان [لەوانەیـە مەبەسـت مەلامسـتەفا بێـت]. بـە وتـەی مەحمـود ئەمـە ئاماژەیـە بـۆ نیەتـی حکومـەت لـە پشـتگیریکردنی زۆرتـر لـە تاڵەبانـی و کەمـتر گرنگیـدان بـە بابـا عەلـی، زەیـد ئەحمـەد و مـەلا مسـتەفا. بـە هەرحـاڵ، کـورد لـەم مەترسـییە تێدەگـەن و هەوڵـی پوچەڵکردنـەوەی دەدەن. بارودۆخـی ئێسـتا لـە عێـراق زۆر شـڵۆقە بەهـۆی بەسـەرچوونی مـاوەی دەسـتووری کاتـی لـە مانگـی داهاتـوودا. لەوانەیـە ئەمـەش ببێتـە ساتەوەختێکی بـاش بـۆ دەستپێشـخەری سیاسـی لەلایـەن مەلا مسـتەفاوە بـۆ پشـتگیریی کـردن لـە بیرۆکـەی دامەزراندنـی ئەنجوومەنـی ڕاوێـژکاری یـان دەزگایەکـی هاوشـێوە لـە ئەگـەری درێژکردنـەوەی مـاوەی دەسـتوری کاتیـی لـە داهاتـوودا. حکومـەت بـە سـەختی دەتوانێـت ئـەم ‹هەماهەنگییـە› ڕەت بکاتـەوە کـە بەلانیکـەم دەبێتـە هـۆی بەرزکردنـەوەی ئامادەبوونـی کـورد (بارزانـی) لـە بەغـدا. ئـەم پێشـنیازەش ڕەگەزێکـی بەهێـزە بـۆ نـاو جیهانـی سیاسـەتی نەخۆشـی بەغـدا، واتـە ئەگـەری گرتنەبـەری تاکتیکـی «ئەگـەر نەتوانـی شکسـتیان بدەیـت، ببـە هاوبەشـیان››، لەوانەیـە ئـەم تاکتیکـە وەک چارەسـەرێک بێـت.

٤. لەبـارەی پێکدادانەکانـی کۆیسـنجەق پرسـیارم کـرد (کـە لەلایـەن نیکـۆلاس هێربێرتـەوە لـە ڕۆژنامـەی تایمـز لـە ١٢ی ئـادار ڕاپۆرتـی لەسـەر کـراوە). ئەمیـر ئامـاژەی بـەوەدا

بۆ پێشمەرگە ئەمە شێوازێکی نوێی پێکدادانە. ئەوان چەندین ساڵە هەوڵیانداوە حەوێزی مامە ئاغا بکوژن (یەکێک لە بەدناوترین جاشەکان کە پەیوەندی و پشتگیرییەکی باشی لەلایەن تاهیرەوە هەیە). بەڵام لەلایەن هێزی عێراقەوە بە باشی پاسەوانی کراوە. لەم ڕووداوەدا ئەو بە ترومبێلە پڕ چەک و پاسەوانەکانی لە هەولێرەوە بۆ کویسنجەق دەگەڕایەوە. پێشمەرگە لە دەروازەی کۆیسنجەق سێ بۆسەیان بۆ دانابوو و کاروانی حەوێزیان لە کاتی چوونە ناو شاردا دەستبەسەر کرد، ئەو و شانزدە کەس لە پیاوەکانی لەناو ئۆتۆمۆبێلەکانیاندا کوژران. ئۆپەراسیۆنەکە لەلایەن بیست و حەوت کەس لە یەکەکانی پێشمەرگەوە ئەنجامدراوە کە مەشق و ڕاهێنانیان لەسەر چۆنیەتی جەنگی شەقامەکان و هەژمونی درێژخایەنیان ئەنجام داوە. ئەمە یەکەم ئۆپەراسیۆنیان بووە و پشتگیرییەکی زۆری خەڵکی کۆیسنجەقیان بەدەست هێناوە.

٥. ئەمیر هەروەها ئاماژەی بەوە کرد سێ ڕۆژ بەر لە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکەی کۆیسنجەق، جەلال تاڵەبانی هەوڵی گرتنی بیارەی داوە (لە نێوان هەڵەبجە و تەوێڵەدا). واتە یەکێک لە هێڵەکانی مستەفا بارزانی بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ سنوورەکانی ئێران. تاڵەبانی بە ئۆتۆمۆبێلە پڕ چەکە سەربازییەکانی عێراق، بە هاوەن و ئەمبولانس پشتیوانی کرابوو. ئەوان جلی کۆماندۆکانی عێراقیان لەبەر کردبوو، بەڵام بەشداربووانی ئەم هێزانەی تاڵەبانی، مەلامستەفا و هێزەکانی ئەویان لە هێرشەکە ئاگادارکردووەتەوە. قوربانیانی هێزەکانی تاڵەبانی ٣٦ کوژراو و ٣٠-٥٠ برینداارن. سێ شۆفێری ئیسعافی عێراقیش کوژراون. ئەمیر ئەمەشی خستەڕوو ئەم ئۆپەراسیۆنە بەشێک بووە لە پلانێکی کۆنی حکومەتی عێراق کە بەهۆی شەڕی مانگی حوزەیران دواخرابوو تا بتوانن هێڵی پەیوەندی لەگەڵ سنوورەکانی ئێران بپارێزن، بۆئەوەی ئاژاوە لە کوردستانی ئێران دروست بکەن و پەیوەندییە باشەکانی مەلامستەفا لەگەڵ شای ئێراندا بپچڕن. تاڵەبانی پشتگیری ژمارەیەک لە کوردە توندڕەوەکانی ئێرانی هەیە کە بە بەردەوامی سەردانی سلێمانی دەکەن و لەوێ چەک و تفاق و جلوبەرگ لە سوپای عێراق وەردەگرن.

٦. ئەمیر هەروەک دارا عەتا (نامەکەی من IRQ/۲/۱ کە لە یەکی ئادار ئاماژەم پێداوە) وتی کورد پێویستیان بە هاوکاری هەیە و داوای دابینکردنی خۆراک و پۆشاک و پەرتووکی قوتابخانەی کرد. هەمان وەڵامم دووبارە کردەوە کە بە دارام دابوو. دارا لەلایەن جێمز شۆتەر (James Shotter)ەوە زۆر بە باشی ناسراوە و پێی گوتم پەیوەندی باشی لەگەڵ خێزانی بابا عەلی هەیە (ئەو کەسەی هیچ ناڕەزایی دەربڕینەبڕی لەبارەی ۲٤ کاتژمێر مۆڵەت بۆ بەجێ هێشتنی عێراق-بەڕێوەبەری گشتی مرۆڤێکی بە ئەدەب و یارمەتیدەر بوو). ئەمیر وەک قوتابیەک خاوەن بۆچوونی چەپگەرایە و زۆر لایەنگریی تاڵەبانی دەکات. بەهەرحاڵ، بارزانی ڕازیکرد کاتێک کە سێ ساڵ لەمەوبەر سەردانی ئەوی کردبوو و دەمەقاڵێیەکی توندی لەگەڵ تاڵەبانیدا هەبوو لەبارەی ئەوەی بۆچی پەیوەندییەکانی لەگەڵ مەلا مستەفادا پچڕاندووە و پەیوەندی بە حکومەتی عێراقەوە کردووە.

٧. ئەمیر گوتی ڕادیۆی کوردی تەنیا خاوەنی چل وات پەخشە. کەرتی دوو و چوار دەتوانن بێ کێشە بە بەردەوامی لەسەر شەپۆلی ٤٥-٤٩ گوێ لە بەرنامەکانی بگرن. زۆرجار دروشمی «هەنگوین ماچم کە، ماچم کە هەنگوین›› بڵاو دەکرێتەوە.

٨. کۆپیەک لەم نامەیە بۆ نووسینگەکەمان لە تاران دەنێرم.

(H. St. J. B. Armitage)

David Montgomery Esq.

بەشی ڕۆژهەڵات

نووسینگەی کاروباری دەرەوە، S. W. 1

نهێنی ( ل٦١-٦٣) 1/2/IRQ

باڵیۆزخانەی بەریتانیا- بەیروت ١٧/٤/ ١٩٦٨

## کوردی عێراق

١. هەروەک لە ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی ڕۆیتەرز بینیتان، لە ١٤ی نیسان، ڕادیۆی بەغدا ڕایگەیاندووە لە کوردستان لە ١٢ و ١٣ی ئەم مانگەدا ڕووداوێک ڕوویداوە. گوتەبێژێکی سەربازی ئاماژەی بەوە داوە لە ١١ی مانگ، ئۆتۆمۆبێلێکی سەربازی کەوتووەتە بۆسە و چوار سەرباز کوژراون و نۆ سەربازیش بریندار بوونە. لە ڕۆژی دواتردا، لە ٢٠ کیلۆمەتری باشووری هەولێر دوو ئۆتۆمبێلی مەدەنی کەوتوونەتە ناو بۆسە. شەش کەس کوژراون و دووانیتریش بریندار بوونە. گوتەبێژەکە ڕایگەیاندووە «تاقمێک لە سەرهەڵداوان کە پەیوەندیان بە ئیمپیریالیزمەوە هەیە و خزمەت بە ئامانجەکانی زایۆنیزم دەکەن، دەیانەوێت سەقامگیری و ئارامی لە باکووری عێراق لە ناوبەرن بە مەبەستی لاوازکردنی یەکێتی نیشتیمانی [عێراق] و سەقامگیریی بۆئەوەی سەرنجی سوپاکەمان لە ئەرکە گەورە و پیرۆزەکەیان لابدەن ئەم کارەیان ئەنجام داوە››. هەروەها بە وتەی ئەو، دەسەڵات «گشت ڕێوشوێنە پێویستیەکانی گرتووتەبەر بۆ نەهێشتنی لە یاسا دەرچووەکان و هێنانیان بۆ بەردەم دادگا››.

٢. لە ١٥ی نیسان، ڕۆژنامەی ئەلئەنوار کە لایەنگری کۆماری یەکگرتووی عەرەبیە و لە بەیروت دەردەچێت، مانشێتێکی بە ناونیشانی «بەغداد: گروپێکی گومانلێکراو دەستی بە چالاکی چەکداری کردووە، ڕووداوە تارماوییەکان لە عێراقدا›› نووسیووە. باس لەوە دەکات ئەمە ڕووداوێکی جیددیە و پێشبینی دەکرێت بەرە و پەرچەکرداری جیددیتر تەشەنە بکات››. ئەمڕۆکە لە گوتارێکیتردا، گۆشەنووسێک لە ئەلئەنواردا نووسیوویەتی، ئامانج لە ئەنجامدانی ئەم جۆرە چالاکیانە دوور خستنەوەی عێراقە لە شەڕی دژ بە ئیسرائیل. ئەم جۆرە ئەنجامگیرییەش لەو کاتەدایە کە حکومەتی عێراق

سیاسەتی پاراستنی سەقامگیریی لە باکووری عێراقدا گرتووتەبەر. عێراق لە دە مانگی ڕابردوودا، لە بەهێزکردنی هێزە چەکدارەکانی پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەدەستهێناوە. هەروەها تیشکی خستووەتە سەر ئامانجە دوژمنکارییەکانی ئیسرائیل لە دژی عێراق و خۆشکردنی ئاگری مەترسیداری پیلانگێڕی و داوای لە یەک نزیکبوونەوەی چین و توێژە نەتەوەییەکانی عێراقی کردووە پشتی حکومەتەکەی ئێستا بگرن.

٣. بە پێی (M. E. N) و (A. F. P) لە ١٦ی نیسان، ڕۆژنامەی ئەلتەئاخی ئەم مانشێتەی نووسیووە «تەکتیکەکانی توندوتیژیی». بە پێی ڕۆژنامەی ئەلجمهوریەی بەغدا، وا دیارە ئەم ڕووداوە هاوکات بووە لەگەڵ هەڕەشە تازەکانی ئیسرائیل لەدژی وڵاتانی عەرەبی بۆئەوەی عێراق سەرقاڵی پرسە لاوەکییەکان بکات.

٤. لە ئاگربەستی حوزەیرانی ١٩٦٦ەوە، ئەمە یەکەم ڕووداوە کە حکومەت پشتڕاستی کردووەتەوە. پێکدادان لە نێوان پێشمەرگە و پیاوەکانی تاڵەبانی (هەروەها هەندێك جار لەگەڵ پاسەوانەکانیان لە هێزی عێراق) بە بەردەوامی ڕوودەدات و چەندین ڕووداویتریش ڕوویانداوە، بەتایبەتی ڕووداوەکانی کۆیسنجەق و بیارە (نامەکەی من 1/2 IRQ لە نیسان ئاماژە بەوە دەکات). ئەگەر ڕاپۆرتەکان لەسەر دوایین پێکدادان دروست بێت، شتێکی سەرسوڕهێنەر نییە، ئەمەش لەخۆیدا، هیچ بیانوویەک ناداتە دەست حکومەت دوور بکەوێتەوە لە سیاسەتی خۆی کە بریتییە لە ڕاگرتنی ئاشتی و سەقامگیریی لە باکووری عێراق و پشتگوێ خستنی ئەم جۆرە «قسەلۆکە بێ بنەمایانە».

٥. کۆمەڵێک عێراقی کە لە بەغداوە هاتوون پێیان گوتم ڕاگەیاندنی فەرمی حکومەت کار بۆ ڕەخساندنی کەشێکی [ئارام] دەکات بۆ سەردانی شا حسێن بۆ عێراق لە ١٥ی نیسان، نەک ئەنجامدانی جوڵەیەک لە دژی کورد. هەڵسوکەوتی هێزەکانی عێراق لە ئەردەن هەر لە کاتی هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر کەرامە، ڕای گشتی (نامەکەی من 1/2 IRQ لە نیسان ئاماژە بەوە دەکات) ناوخۆ و دەرەوەی تووڕە کردووە و حکومەتی عێراقی خستۆتە ژێر بارودۆخێکی

شـەرمەزاری. بۆیـە لـە بەرامبـەر شـا حسـێن بـۆ پەردەپۆشـکردنی شکسـتەکەیان لـە پشـتگیری کردنـی ڕاسـتەقینەی سـوپای ئـەردەن، بیانـووی دروسـت کـردن پشـێوی لەلایـەن کـوردەوە، تەنیـا ڕێگەیـە بـۆ پاراسـتنی کەرامەتـی حکومەتـی عێـراق.

٦. کاتێـک ئەمـڕۆ بەیانـی مەحمـود بابانـم بینـی لەسـەر ئـەم بۆچوونـە هـاوڕام بـوو و هەوڵـە بـێ سـوودەکانی حکومەتـی لـەوەدا کـورت کـردەوە کـە حکومـەت هەوڵـی داوە مەلامسـتەفا پەلکێشـی نـاو ڕووداوگەلێـک بـکات کـە بوونەتـە هـۆی هەڵگیرسـانی شـەڕی مانگـی حوزەیـران و گوتـی، پەیامـی بارزانـی لـە ٥ی حوزەیـران بـۆ پشـتگیریی کـردن لـە عـارف لـە چوارچێـوەی کەمکردنـەوەی ئەگەرەکانـی تۆمەتبارکردنـی بـە یارمەتیدانـی ئیسرائیـل بـووە. بەهەرحـاڵ، کاتێـک سـەرۆک لـە کۆتایـی ئـاب سـەردانی ئەردەنـی کـرد، بـە شـای گـوت کێشـەی کـورد بریتییـە لـە «ئیسرائیلـی دووەم›› و عەرەبسـتانی سـعوودیە پشـتگیریی بارزانـی دەکات، بـەڵام بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەم کێشـەیە عێـراق دەتوانێـت زۆرتـر هـاوکاری ئـەردەن بـکات. بـۆ ماوەیـەک، شـا بیـری لـە نێوانگیریـی دەکـردەوە، بـەڵام دڵسـارد بـووەوە، چونکـە سـەعد جومعـە هەنـگاوی کردەیـی نەهاوێشـت. دواتـر سـەرۆک وەزیـران و وەسـفی تێـل هەردووکیـان لەسـەر ئـەم بابەتـە لەگـەڵ مەحمـود گفتوگۆیـان کـردووە، مەحمـود پێیانـی ڕاگەیانـدووە، ئـەم جـۆرە دەستپێشـخەرییە زیـان بـە پێگـەی شـا لـە عێراقـدا دەگەیەنێـت؛ بـە تایبەتـی لەلایـەن کـورد و شـیعەکانەوە. مەحمـود دڵنیایـە لـەوەی بەهـۆی ئـەو خۆنیشـاندانە لاوازەی سـوپای عێـراق لـە ئـەردەن نیشـانیدا، دووبـارە کـورد دەبنـە قوربـان و گوتـی، ئەگـەر ڕووداوەکان ڕاسـت بـن، ڕۆژنامـەی ئەلتەئاخـی سـەرکۆنەی ئـەم ڕووداوانـەی کـردووە و ئامـاژەی بـەوەداوە بەیاننامـەی حکومـەت دوورە لـە ڕاسـتییەوە، یـان بارزانـی بەرپرسـیار نییـە لـە ڕووداوەکان-ڕۆژنامەکـە ناتوانێـت سیاسـەتی دژی بارزانـی بگرێتـە بـەر.

٧. کۆپیەک لەم نامەیە بۆ نووسینگەکەمان لە تاران و عەمان دەنێرم.

(H. St. J. B. Armitage)

دوای نووسـینی ئـەم نامەیـەی سـەرەوە، دووبـارە هەندێـك هەواڵـم لـە مەحمـود بابانـەوە بیسـتووە. دوایین هەواڵـی ئـەو لـە بەغـداوە ئـەوە بـوو کـە شـێخی خێڵـی تـای لـە بۆسـەیەکدا لـە ١٣ی ئـادار کـوژراوە. هێزەکانـی عێـراق لـە ١٥ی مانـگ تۆڵەیـان کردووەتـەوە. سـوپا و هێـزی ئاسـمانی هێرشـیان کردووتـە سـەر بەتالیۆنێکـی پێشـمەرگە لـە دەوروبـەری گوندێکـی نزیـک سـلێمانی. شـەڕێکی قـورس ڕوویـداوە و هـەردوولا بەرکەوتـە (بریندار)یـان هەیـە.

David Montgomery Esq.

بەشی ڕۆژهەڵات

نووسینگەی دەرەوە

S. W. 1

نهێنی ( ل ٦٤) 1/2/IRQ

باڵیۆزخانەی بەریتانیا- بەیروت ٢٥/٤/ ١٩٦٨

**کوردی عێراق**

١. هەندێك زانیاریترم لەبارەی هێرشەکەی حکومەت بۆ سەر بەتالیۆنی پێشمەرگە هەیە (نامەکەی من 1/2 IRQ لە ١٧ی نیسان ئاماژەی بۆ کردووە). هێرشەکە لە ناوچەیەکی نزیک گوندی گوێر (Gowaire) بووە کە زیانی زۆری بەرکەوتووە. شێخ حەنەش سەربە خێڵی تەی، لە ١٣ی نیسان لە بۆسەیەک کوژرا کە یەکێک بووە لە سەرکردەکانی خالد ئەلوەلید.

٢. هیچ ئاماژەیەک نییە مەلامستەفا قسەکانی لە ٢١ی نیسان لە ڕۆژنامەی ئەلتەئاخیدا باسی کرد بوو بەجێ بگەیێنێت کە بانگهێشتی پێکهێنانی هاوپەیمانیەکی نیشتیمانی کردبوو (ئەو ڕاپۆرتەی بۆ ئێوەم ناردبوو پێیدادەچمەوە)، بەڵام دڵنیام مەلامستەفا بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر درێژکردنەوەی ماوەی دەستوری کاتی و ئامادە بوون بۆ بەشداریکردن لە حکومەتی هاوپەیمانیدا نیەتی هاوکاری کردنی لەگەڵ حکومەتی هەیە.

٣. مەحمود بابان شەوی ڕابردوو پێی گوتم لە بابا عەلیەوە بیستوویەتی مەلامستەفا خەریکی خۆ ئامادەکردنە بۆ سەردانێکی نهێنی بۆ تاران لە داهاتوویەکی نزیکدا. هەروەها چاوەڕوانی پەیامێکە کە ئەمڕۆ یان سبەی بەدەستی دەگات و زانیاری زۆرتری لە خۆ گرتووە. مەحمود ئاماژەشی بەوە کرد سزای لە سێدارەدان کە لە ساڵی ١٩٤٦ بۆ مەلامستەفا لەلایەن ئێرانیەکانەوە دەرکراوە، لە ساڵ ١٩٦٥ کاتێک شاندێکی کورد سەردانی تارانی کرد، پووچەڵ کراوە. شا دڵنیایی پێیان داوە، مەلامستەفا هەر کاتێک ویستی ئازادە سەردانی ئێران بکات.

٤. کۆپیەک لەم نامەیە بۆ نووسینگەکەمان لە تاران دەنێرم.

David Montgomery Esq.

بەشی ڕۆژهەڵات

نووسینگەی دەرەوە، S. W. 1

نووسینگەی بەغدا (ل ٦٥-٦٦)

بەشی ڕۆژهەڵات

نووسینگەی دەرەوە

**کوردی عێراق**

١. بابا عەلی شێخ مەحمود ئەمڕۆ بەیانی تەلەفۆنی کرد تا بەر لەچوونی بۆ پشوودان لە ئەوروپا خوا حافیزی بکات، گوتی بە تەمایە لە نێوان ١٣-١٦ی ئاب یان لە ٢٣ تا ٢٧ی ئاب لە بەریتانیا بێت. لەوانەیە سێر ڕێچارد بیۆمۆنت (Sir Richard Beaumont) ببینێت و سەردانی نووسینگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە بکات. ئەمەشی پشتڕاست کردەوە، کە ناو و ژمارە تەلەفۆنی هەر یەک لە مۆر (Mr Moore) و مۆنتگۆمێری (Mr Montgomery) هەیە تا سەردانیان بکات کە لە سەرەتای ئەمساڵ بەداخەوە نەیتوانی لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا [بۆ بینینیان] ئامادە بێت، چونکە هەندێك بە هەڵە لێکتێگەیشتن لەبارەی دیاریکردنی کات هەبوو. ناونیشانی ئەو لە لەندەن ئەمەی خوارەوەیە: (c/o Mr. Ward، Ward Blenkinsop، Fulton house، Wembley park، Tel no: 8686).

٢. بابا عەلی ئاماژەی بەوەدا بەوپەڕی گومانەوە سەیری نیەتەکانی سەرۆکی عێراق دەکات. بەیاننامەکەی ئەوان لەبارەی کردنەوەی ڕێکخراوێکی کلتووری بۆ کورد و زانکۆیەک لە سلێمانی تەنیا پەردەپۆشکردنی پرسەکانە. وڵات وێران بووە و پێش ئەوەی کورد بڕوایان بە پابەندی نیەتەکانی حکومەت بێت، پێویستە هەنگاوی کردەیی بهاوێژرێت. هەلومەرجی دامەزراندنی وەزیری کورد گوماناوییە، ئەمەش لە دوایین ژمارەکانی ڕۆژنامەی ئەلتەئاخیدا دووپات کراوەتەوە و ئاماژەی بەوەداوە بەر لەوەی کورد لەگەڵ حکومەت کار بکەن، پێویستە حکومەت هەندێك گۆڕانکاری سەرەتایی ئەنجام بدات. هەروەک بابا عەلی دڵنیایە، ئاماژەیەکە بە ئامادەبوونی تەها محێدین کە لەلایەن مەلامستەفاوە نەفرەتی لێکراوە.

٣. تـا هەنوکـەش لەسـەر دامەزراندنـی ئیحسـان شـێرزاد و محسـن دزەیـی وەک وەزیـر ڕەزامەنـدی نیشـان نـەدراوە. ئیحسـان ئەندامـی شـاندی نوێنەرایەتـی بـوو کـە لـە بەغـدا گەڕایـەوە تـا لەگـەڵ مەلامسـتەفا لەسـەر بارودۆخەکـە قسـە بـکات. وا دیـارە ئەحمـەد بەکـر لیسـتێکی لـە نـاوی دە کـورد بـە ئـەوان نیشـان داوە لـەو کەسـانەی کـە دادەمەزرێـن، واتـە سـێ کـەس سـەر بـە بارزانـی، دوو کـەس سـەر بـە حکومـەت یـان کـوردە بـێ لایەنـەکان (بـۆ نموونـە ئەحمـەد کەمـال). لیسـتەکەی بارزانـی سـاڵح یوسـفی لـە ئەلتەئاخـی لەخـۆ دەگرێـت. نـاوی تەهـا محیەدەیـن لـە لیسـتەکەدا نییـە و دامەزراندنـی سـەمەرە بـوو. دامەزراندنـی ئـەو وەک بەرتیلـەک بـۆ جـەلال تاڵەبانـی و جاشـەکان دێـت و هەروەهـا بـەو مانایـەش دێـت کـە حکومـەت بیـر لـە ئەگـەری چارەسـەری ململانێیـەکان دەکاتـەوە. ناکرێـت چارەسـەرییەکی ئاشـتیانەی کـوردی تـر لەخـۆ نەگرێـت، [بـەڵام] سـەختە ئاشـتی بـە بـێ پاراسـتنی ئاشـتی لەگـەڵ مـەلا مسـتەفادا دەسـتەبەر بکرێـت.

٤. لـە بابـام پرسـی, ئایـا خـۆی یـان هیـچ هاوڕێیەکـی بـە تەمایـە بچێتـەوە نـاو حکومـەت، گوتـی ئەمـە مومکیـن نییـە تـا ئەوکاتـەی ئەنجوومەنـی نیشـتیمانی لـە سـەرکردایەتی شـۆڕش دەسـەڵاتی بـاڵای هەبێـت و بتوانێـت بـێ گەڕانـەوە بـۆ خـودی وەزیـر، گۆڕانـکاری لـە دەسـتەی ئیـداری لەنـاو وەزارەتەکانـدا بـکات، هـەروەک لـە سـاڵی ١٩٦٣دا ڕوویـدا.

٥. بابـا بـەردەوام بـوو و گوتـی، بـەراورد لەگـەڵ ١٩٦٣ هەنوکـە بەعـس لەوپـەڕی لاوازیدایـە، چونکـە ئۆپۆزیسـیۆن دەزانێـت لاوازییەکانـی چیـن. بۆیـە ئـەوان زۆر بـە خێرایـی دەجوڵێنـەوە تـا کۆنترۆڵـی ئیـداری بگرنـە دەسـت، ئەمـەش لەبـری فراوانکردنـی بنکـەی جەماوەریـان بووەتـە هـۆی بەرتەسـک کردنـەوەی بنکـەی جەماوەرییـان. لەوانەیـە ژمارەیەکـی زۆری جەماوەریـان هەبێـت، بـەڵام خەڵکـی بەئەزموونیـان نییـە بـە تەواوەتـی کۆنترۆڵـی حکومـەت یـان سـوپا بـکات و سیاسـەتی ئێسـتایان لـە بەرهەڵسـتیکردنی خەڵـک، بـە دڵنیاییـەوە دەبێتـە هـۆی خێراترکردنـی بەهێزبوونـی ئۆپۆزیسـیۆن. خەڵـک هیـچ ئاماژەیـەک بـە پاکسـازییەکانی ئێسـتای

حکومــەت نــاکات، بــەڵام ئــەم کارە زۆر بــە خێرایــی برەودەســێنێت و لــە نێــوان قوربانیانــدا مەدحــەت ئەلســیری (ئەمیــن ئەلئەرســیما) هەیــە کــە لــە بیــروت بەشــداریی لــە کۆنفرانسێکدا کردبــوو. بابــا ئامــاژەی بــەوەدا کابینــەی حکومــەت پــڕە لــە توونــدڕەوەکان. هەروەهــا ئامــاژەی بــەودا عەبدولکەریــم شــاکلی لــە ســەردەمی ڕژێمــی بەعســی ڕابــردوودا، لــە قــەسر نیهایــی یەکێــک بــوو لــە ســەرۆکە ئەشــکەنجەدەرەکان. لــە ڕووی خوێنــەوە وەک عەلــی ســاڵح ســەعدی کــوردە (کــە لــە کوردســتان لــە دایــک بــووە). بابــا ئامــاژەی بــەوە دا دوای ئــەوەی ئەحمــەد حەســەن کۆبوونــەوەی کابینــەی جێهێشــت، حــەردان تکریتــی کۆبوونــەوەی کابینــەی بەڕێوەبــردووە. ئەمــەش بــەو مانایــە دێــت کــە حاڵیحــازر پێگــەی حــەردان لــە عەمــاش بەهێزتــرە.

(H. St. J. B. Armitage)

5th August، 1968

نهێنی (ل٦٧-٦٨)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا (٨/١)

بەغدا ١٩٦٨/٨/٧

**کورد**

١. ڕاگەیاندنی فەرمی ژمارە ٣٥، کە لەلایەن ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە دەرچووە (نامەکەمان ٣/١ لە ٣ی ئاب)، ڕایگەیاندووە لەبارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی کورد حکومەت پشتگیریی پێشنیازەکانی ساڵی ١٩٦٦ی بارزانی دەکات.

٢. ئەمەش دوو ڕاگەیاندنی فەرمیتری لەبارەی [کێشەکانی] باکووری [عێراقی] بەدوادا هات. ڕاگەیاندنی فەرمی ژمارە ٣٧، ڕایگەیاندووە کە پێشنیازەکانی بەندی ٦ لە ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦، بەم شێوەی خوارەوە جێبەجێ دەکرێن:

ا ڕاسپاردەی پەروەردەیی، تێچوونی خوێندن و زەماڵەی قوتابخانەکان لە گشت بوارەکان و لە گشت قۆناغەکاندا بۆ کورد دەستەبەر دەکرێت، تا بتوانن خوێندنی پسپۆری لە دەرەوە تەواو بکەن.

**ب** ئەکادیمیای زمانی کوردی دادەمەزرێت.

**ج** زانکۆیەک لە سلێمانی دەکرێتەوە.

٣. ڕاگەیاندنی فەرمی ژمارە ٣٩، ئەم پێوەرانەی خوارەوەی گرتووەتەبەر کە لەلایەن ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە فەرمانی لەسەر کراوە:

- لێبوردنی گشتی بۆ گشت ئەو کەسانەی لە ڕووداوەکانی باکووردا بەشداربوونە، جا سەربازیی بن یان مەدەنی.
- پاکانەکردنی ئەندامانی هێزە چەکدارەکان لە هەر جۆرە بەڵێننامەیەکی پەیوەست بەو چەک و تفاقەی لە بەردەستیاندایە و لە هەموو ئەو ئەنجامە مادی و یاساییانەی بەدوایدا دێت.

- دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان لە دوای دەست نیشانکردنیان، دەبێ بە زووترین کات کەسە [دەرکراوەکان] بۆ سەر پیشە کۆنەکەیان بگەڕێننەوە.

٤. لە کاتێکدا شاندی نوێنەرایەتی باکووری [عێراق] لەلایەن سەرۆک بەکرەوە پێشوازی لێکراوە، ئەوان پیرۆزبایی و پشتیوانی خۆیان نیشانداوە. سەرۆک بەکر پێیانی ڕاگەیاندووە پرسی باکوور، واتە چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەی زۆری خایاندووە، بە پێی پێشنیازە ڕاگەیێندراوەکەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ چارەسەر دەبێ و پێداگری لەوە کردووە چارەسەریەکە بە ڕێگای ئاشتیانە دەبێت.

٥. بەڕێوەبەری گشتی پۆلیس بە ڕۆژنامەی کوردی زمانی ئەلتەئاخی ڕایگەیاندووە دەستەی پۆلیسی کورد کە بەسەر عەرەب و ناوچە باشوورییەکانی عێراقدا دابەشبووە، بۆ سەر پۆستەکانیان دەگەڕێنەوە لەو ناوچانەی پێشتر خزمەتیان کردووە.

٦. وا دەردەکەوێت کوردی بارزانی تا هەنوکەش ڕەزامەند نین. بە پێی زانیارییەکانی ئێمە تا هەنوکەش دوو وەزیرەکەی بارزانی سوێندی دەست بەکاربوونیان نەخواردووە و خودی بارزانیش گوتویەتی ئەو لە بەشداربوونی تەها محێدین مارف لە کابینەدا نیگەرانە، کە بۆ کاروباری سەفارەت لە لەندەن ڕاسپێردراوە و لایەنگری تاڵەبانییە.

(A. E. Saunders)

هاوپێچ بۆ نووسینگەکانی: عەمان، ئەنکەرە، بەیروت، قاهیرە، کوێت، تاران، واشنتۆن، نووسینگەی بەحرێن (نیویۆرک UKMIS)

نهێنی (ل٦٩)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا I 25/6

نووسینگەی واشنگتۆن دی. سی.

١٣ی ئابی ١٩٦٨

**سەردانی نوێنەری کوردی عێراق بۆ ولایەتە یەکگرتووەکانی [ئەمریکا]**

١. لەلایــەن وەزارەتــی دەرەوە ئــاگادار کراومەتــەوە کــە کۆنســولی ویلایەتــە یەکگرتــووەکان لــە بەیــروت، لــە ڕێگــەی مەحمــوود بابانــەوە ئــاگادار کراوەتــەوە نوێنــەری مەلامســتەفا بارزانــی لــە بەیــروت، واتــە بابــا عەلــی شــێخ مەحمــوود، بــۆ مــاوەی یــەک حەوتــە وەک نێــردراوی بارزانــی، لــە ١٥ی ئــاب دەگاتــە واشــنتۆن و لەلایــەن نووســینگەی کاروبــاری ڕۆژهەڵاتــی نزیکــەوە لــە وەزارەتــی دەرەوە پێشــوازی لێدەکرێــت تــا لەســەر کێشــەی کــورد گفتوگــۆ بکــەن.

٢. وەزارەتـی دەرەوە لـەو بڕوایەدایـە، ئەگـەر هەوڵەکانـی گەیشـتن بـە ئاشـتەوایی کـورد/ عێـراق تووشـی شکسـتهات، لەوانەیـە بابـا عەلـی دووبـارە داواکارییەکـی درێژخایـەن لەلایــەن مەلامســتەفاوە لەبــارەی [دابینکردنــی] چــەک و پــارە و پشــتگیریی دیپلۆماسـی پێشکەشـی حکومەتـی ئەمریـکاوە بـکات. وەڵامەکـە هـەروەک جـاران بریتییــە لــە ‹هیــچ ناکرێــت›.

(A. B. Urwick)

Montgomery، Esq.

بەشی ڕۆژهەڵات

نووسینگەی دەرەوە

لەندەن S. W. I

هاوپێچ: بەغدا، بەیروت، تاران، نیویۆرک، UKMis

نهێنی (ل ٧٠-٧١)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا (٣٨/٢)

بەیروت

١٧ی ئەیلوولی ١٩٦٨

١. لە ١٦ی ئەیلوول مەحمود بابان سەردانی کردم و بە درێژی باسی لە بارودۆخی ئێستای نێوان عێراق، میسر و سووریا کرد.

٢. بە پێی زانیارییەکانی ئەو، حاڵیحازر میسر و سووریا زۆر لە نزیکەوە لە دژی عێراق هاوکاری یەکتر دەکەن بە مەبەستی دەستەبەرکردنی دوو ئامانج؛ هەم بۆ ڕێگەگرتن لەهەر جۆرە کودەتایەک لە دژی ڕژێمی بەرقەرار لە دیمەشق و هەروەها بۆ هێنانە سەرکاری ڕژێمێکی نوێی ناسری-بەعسی لە عێراقدا. هەروەها ئاماژەی بەوە کرد بڕە پارەیێکی زۆر لەلایەن میسر بە ڕێگەی بەیروتەوە بۆ عەبدولڕەزاق عارف نێردراوە. بەڵام نازانێت ڕێژەی دروستی ئەم بڕە پارەیە چەندە، تەنیا دەزانێت بڕێکی زۆرە. هەروەها دەزگای هەواڵگریی میسر لەبارەی چالاکی سوورییە نەفیکراوەکان بۆ عێراق، زانیاریی زۆر وردی بە دەسەڵاتدارانی سووریا داوە. بە گوێرەی قسەکانی مەحمود بابان، پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و میسر زۆر سارد بووەتەوە. دوایین ڕووداو لە [پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە] لە کاتی پێشوازیکردن لە شێخلی (Sheikhly)، وەزیری دەرەوە، بێڕێزی پێکراوەو کە لە ئەنجوومەنی کۆمەڵەی عەرەب بەشداری کردبوو (Arab League Council).

٣. بە بۆچوونی بابان، یەکێتی سۆڤیەت لە پشت گشت ئەم کارانەوەیە. بە بڕوای ئەو، ئەو بڕە پارەیەی میسر بۆ عێراق ناردویەتی هی خۆی نییە، هەروەها هیچ هۆکارێکی مەعقولی بۆ هاوکاری سووریا و میسر نەدەبینی. هەروەها پاراستنی ڕژێمی سووریا و فراوانکردنی دەسترۆیی سووریا لە عێراقدا و لە میانەی دامەزراندنی ڕژێمێکی نوێی بەعسی، لە ڕاستیدا سیاسەتی یەکێتی سۆڤیەتە. ئەگەرچی میسرییەکان هۆکارگەلێکیان بۆ دژایەتیکردنی ڕژێمی ئێستای عێراق

هەیە، بەڵام ئەگەری زۆرە میسرییەکان لەبری ئەوەی بۆ خۆیان کار بکەن، لەبری یەکێتی سۆڤیەت کار دەکەن.

٤. بابان درێژەی بە قسەکانیدا کە خودی ڕژێمی ئێستای عێراق دەستی لە کاری تێکدەرانە لە سووریادا هەیە و بۆ ئەم مەبەستەش عێراق بڕە پارەیەکی زۆری لە بەیروتەوە بۆ سووریا ناردووە، بەڵام ڕژێمی بەغدا لە کۆنترۆڵکردنی گشت خاکی عێراق لاوازە و لەناو خۆیدا دابەش بووە. سەختە ڕژێمی عێراق بتوانێت تا ماوەیەکی زۆر لەم دۆخەی ئێستادا بمێنێتەوە، تا ئەوکاتەی پرسی کورد لە ئارادا بێت، ئەم ڕژێمە باشترین ڕژێمە، بۆیە لە بەرژەوەندیندایە [سووریا و میسر] ئەم ڕژێمە بمێنێتەوە و لەگەڵیدا ڕێکبکەون. یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی ڕژێم بریتییە لە پشت بەستن بە تاڵەبانی کە بووەتە هۆی ئەوەی دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ بارزانی زۆر ئەستەم بێت. هەروەها لە نێوان ‹عەماش› و ‹تکریتی›یشدا لەبارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کورددا ناکۆکی هەیە، ئەگەر چی لە ڕوانگەی کوردەوە ڕژێم لە سەرەتاوە بە باشی دەستی [بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد کردووە]، بەڵام سەختە لەسەر تواناکانی حکومەت یان ویستی حکومەت بۆ بەردەوامیدان بەم سیاسەتە گەشبین بینە.

٥. هەروەها بابان نیگەرانی خۆی لەبارەی ئەوە دەربڕی کە باباعەلی لەم سەردانەی دواییدا بۆ لەندەن نەیتوانیوە چاوی بە هیچ کەسێک لە نووسینگەی کاروباری دەرەوەدا بکەوێت. باباعەلی نووسینگەی کاروباری دەرەوەی ئاگادار کردووتەوە کە چۆن دەتوانن بیدۆزنەوە و پەیوەندی پێوە بکەن، بەڵام بەداخەوە لەلایەن [نووسینگەی کاروباری دەرەوە] وەڵامی نەدراوتەوە. هیوادارم ئەمە تەنیا هەڵەیەکی پەیوەندی پێوەکردن بێت، چونکە باباعەلی یەکێکە لە سەرچاوە دەگمەنەکانی ئێمە کە بۆ دەستەبەرکردنی زانیاری لەسەر کورد بە ڕاستەوخۆ پەیوەندی پێوە دەکەین. حاڵیحازر، ئەو لە عێراقە بۆیە باشە ڕاستەوخۆ پەیوەندی پێوە بکرێت، هەروەک چۆن چەند ساڵ لەمەوبەر پیرسی کرادۆک (Percy Cradock) پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵدا هەبوو.

٦. کۆپیەک لەم نامەیە بۆ جۆن ریچ (John Rich) لە بەشی ڕۆژهەڵات دەنێرم.

(J. L. Y. Sanders)

نهێنی (ل٧٢)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا، عەمان (٦/١)

١٨ی ئەیلوولی ١٩٦٨

**کورد**

١. کاتێـک شـا حسـێن لـە ١٧ی سـپتێەمبەر لـە نێـوان جەمـاوەردا پێشـوازی لێکـردم، پێـی گوتـم دوێنـێ کۆبوونەوەیەکـی لەگـەڵ ژەنـەڕاڵ حـەردان تکریتیـدا هەبـووە و کەوتووەتـە ژێـر کاریگەریـی ئـەو. شـا لێـی پرسـیم، ئایـا ئـەوم بینیـووە و ڕای مـن لەبـارەی ئـەو چییـە. بـە شـام گـوت شـەوی ڕابـردوو پێـش نـان خـواردن تەنیـا دە خولـەک گفتوگـۆم لەگـەڵ تکریتیـدا هەبـووە و ئـەو لـەو کەسـانەیە کـە بـۆ هەڵسـەنگاندن خـاوەن کەسـایەتیەکی ئاڵـۆزە. هـاوکات زۆر خەندانـە و دەبێتـە هـاوڕێ، دواتـر هـەر لـە نـاکاو دەگۆڕێـت و ڕووخسـارێکی ترسـناک نیشـان دەدات. وا دیاربـوو شـا لەگـەڵ بۆچوونەکـەم هاوڕابـوو، بـەڵام ئامـاژەی بـەوەدا کـە تکریتـی بـە مرۆڤێکـی بەهێـز دەزانێـت و دەتوانـێ لـەم کاتـەدا بـۆ ئـەردەن یارمەتیـدەر بێـت.

٢. شـا بەردەوامبـوو و گوتـی تکریتـی وەک هاوڕێیەکـی نزیکـی شـا، داواکارییەکـی بەهێـزی خسـتۆتەڕوو، تـا ئێرانییـەکان هـان بـدات لەبـارەی کـورد زۆرتـر هـاوکار بـن. ئـەو لـەو بڕوایەدایـە ئێـران و عێـراق دەتوانـن لەبـری خولقاندنـی کێشـە بـۆ یەکـتری لـە ڕێگـەی هاوکارییـەوە لـەم ناوچـە کێشـەزایەدا [ناوچـە کوردییـەکان] بەرژەوەنـدی زۆرتـر دەسـتەبەر بکـەن و زۆر خوازیـارە ئەگـەر شـا حسـین نامەیـەک لـەم بـارەوە ئاڕاسـتەی شـا[ی ئێـران] بـکات.

٣. شـا حوسـێن پێـی گوتـم لـەم بـارەوە لەگـەڵ شـای ئێـران قسـە دەکات و لێـی پرسـیم، ئایـا هیـچ زانیارییەکـی تـازەم لەبـارەی پەیوەندییەکانـی ئێران-عێـراق هەیـە. وەڵامـم دایـەوە کـە هیـچ زانیارییەکـم نییـە، بـەڵام دەزانـم حکومەتـی نوێـی عێـراق داوای لـە بەریتانیـا کـردووە لەبـارەی کێشـەی کـورد یارمەتـی بـدات.

(P. G. D. Adams)

A. R. Moore Esq.، C. M.G

بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی دەرەوە

هاوپێچ:

H. E. Sir Denis Wright K. C. M. G، Tehran

H. E. Mr. T. E. Evans، C. M. G.، Baghdad

پرۆفایلی جەلال تاڵەبانی (ل ٧٣-٧٤)

هەوڵەکانی حکومەتی نوێی عێراق بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەمینەی کورد لە باکووری عێراقدا، بووەتە هۆی هاتنەدی بەرژەوەندی نوێ بۆ باڵی چەپڕەوی پارتی دیموکراتی کوردستان (پ.د.ک) و سەرکردەکەی جەلالەدین تاڵەبانی .

تاڵەبانی کە لە تەمەنی ناوەڕاستی ساڵانی سییەکانیدایە، یاساناسە و بۆ یەکەمجار لە دوای شۆڕشی ١٩٥٨ وەک سەرنووسەری (ئێدیتۆر) ڕۆژنامەی خەبات وەدەرکەوت. واتە ئەوکاتەی شەڕ لە نێوان سەرهەڵدراوانی کورد و حکومەتی عێراق بە سەرکردایەتی سەرکردە کۆنەکەی، مەلامستەفا بارزانی لە ساڵی ١٩٦١دا هەڵگیرسا. تاڵەبانی پەیوەندی بە [شۆڕشی] کوردەوە کرد و ناوەکەی لەناو لیستی ئەنجوومەنی ڕۆژنامەنووسانی عێراقدا وەدەرکەوت، بەڵام کوردە چەپڕەوەکان لەو هیوایەدابوون کە سیاسەتەکانی سەرۆکی نوێی عێراق، عەبدولکەریم قاسم، دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی پرسی کورد و پرسی پ.د.ک کە لەلایەن قاسمەوە دانی پێدانراوە، هەروەها لەلایەن ئەو ئەندامانەشەوە کە لە دەسەڵاتی بارزانی توڕەبوون و بۆ ماوەی شەش مانگ لە بە تەواوەتی پشتگیریکردنی شۆڕشەکەی بارزانی دوودڵ بوون.

ئەم توڕەبوونە لە سەرکردە کۆنەکەی (تەقلیدی) شۆڕشی کورد لە نێوان ڕۆشنبیرە گەنجەکانی پ.د.ک، سەرچاوەی لەتبوونی داهاتووی ناو حیزبەکە بوو، کە بووە هۆی سەرهەڵدانی تاڵەبانی وەک سەرۆکی باڵی چەپی پ.د.ک. دوای کودەتای بەعسییەکان لە شوباتی ١٩٦٣، لە گفتوگۆکانی لە گەڵ حکومەتی نوێی [بەغدا] نوێنەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی دەکرد. دواتر سەرکردایەتی شاندێکی دەکرد کە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ جەمال عەبدولناسر بەرەو قاهیرە ڕۆیشت، بەڵام لە کۆتایی ساڵدا، پەیوەندییەکانی نێوان حکومەت و کورد بەرەو خراپی ڕۆیشت و سەر لەنوێ شەڕ دەستی پێکردەوە.

دواتر وەک نوێنەری تایبەتی مەلامستەفا بۆ بەرزکردنەوەی پرسی کورد بەرەو ئەورووپا ڕۆیشت، لەلایەن حکومەتی سۆڤیەتەوە پڕوپاگەندەیەکی بەرچاوی بۆکرا و توانی سوود لە بارودۆخی نائارامی لە عێراق وەربگرێت و لە دژی حکومەتی

بەعسی دژە کۆمۆنیست [بەکاری بهێنێت]. لە کۆنگرەی ئەنجوومەنی قوتابیانی کورد لە ئەوروپا کە لە میونیخ بەسترا، تاڵەبانی ئەم هەڵوێستەی یەکێتی سۆڤیەت و پارتەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتی ستایش کرد و ڕایگەیاند بە یارمەتی شاعیری کۆمۆنیست، محەمەد مەهدی ئەلجەواهیری کە نەفی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا کراوە، هەوڵی دامەزراندنی پارتێکی کوردی ئۆپۆزیسیۆن دەدات.

لە ١٩٦٤دا، بارزانی لەگەڵ حکومەتی عێراق، بە سەرکردایەتی عەبدولسەلام عارف گەیشتە ئاگربەست. وا دەردەکەوێت ئەم ئاگربەستە هۆکاری سەرەکی بێت لە تێکچوونی پەیوەندی نێوان مەلامستەفا و گروپەکەی تاڵەبانی لەناو پ.د.ک دا. لە کۆتایی ساڵ، دوای بەستنی کۆنگرەی پ.د.ک، تاڵەبانی و ١٤ کەسیتر دەرکران و لەگەڵ نزیکەی ٢٠٠ لایەنگریتر بەرەو ئێران هەڵاتن. لەمەبەدوا تواناکانی وەک قسەکەرێک و پڕوپاگەندەچییەک وەگەڕخست تا بتوانێت هاوکاری بۆ دۆزی کورد کۆ بکاتەوە. بۆ نموونە، لە ئایاری ١٩٦٥، سەردانی لەندەنی کرد و لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆن وەدەرکەوت.

بەهەرحاڵ، تاڵەبانی و باڵە کەمینەکەی لەناو پ.د.ک دا، نەیانتوانی تا حوزەیرانی ١٩٦٦، لەبارەی دۆزی کورد لەناو عێراقدا ڕۆڵێکی بەردەوام بگێڕن. واتە تا ئەوکاتەی سەرۆک وەزیرانی عێراق، عەبدولرەحمان ئەلبەزاز، لەبری بارزانی، دەرگای گفتوگۆی لەگەڵ باڵی تاڵەبانیدا کردەوە. ئەنجامی ئەم گفتوگۆیانەش بریتی بوو لە پلانێکی ئاشتی، کە تاڵەبانی پێشوازی لە پلانەکەی کرد، ئەم پێشوازیەش بە تەحەفوز بوو لەسەر پرسی وریابوون لە «مەترسی ئیمپریالیزم›› لە ناوچەکەدا. لێکدانەوەی ئەم پلانە بووە بناغەی گفتوگۆکانی داهاتووی نێوان حکومەتی عێراقی و کوردی داڕێشت.

جیا لەوەی ڕۆشنبیر و پڕۆپاگەندەچییەکی پسپۆرە، تاڵەبانی سەرکردەیەکی بەتوانا و بەئەزموونی سەربازییە، بەڵام بە پێچەوانەی هەندێك نەوەی کۆنی کورد، ڕەتی کردەوە چالاکییەکانی لە تێکۆشانێکی سادە بۆ مافەکانی کوردا کورت بکاتەوە. لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٦٧ لەبارەی سۆشیالیزمی عەرەب بەشداریی لە سیمیناری ئەلجەزیرەدا کرد و باسی لە کێشەی کورد نەکرد، بەڵکو ستایشی سۆشیالیزمی لە کۆماری یەکگرتووی عەرەبیدا کرد. ئەگەرچی ئەو کۆمۆنیست نییە، بەڵام لەوانەیە

بتوانێـت، وەک سـەرکردەیەکی تـازە پێگرتـوو لـە نێـوان یەکێـک لـە گرنگتریـن و ناڕازیتریـن کەمینەکانــی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا، لەنــاو کۆمۆنیســتەکاندا بەرژەوەنــدی [هاوبــەش] دروســت بــکات؛ کۆمۆنیســتەکان بەهــۆی ڕوانگــە چەپخوازییەکانــی تاڵەبانــی و بەهــۆی پڕوپاگەنــدەی کۆمۆنیســتەکان کــە لــە ڕابــردوودا بــۆ پرســی کــورد کردوویانــە هیــوادارن پشــتگیریی ئــەو بەدەســت بهێنــن.

ئەیلوولی ١٩٦٨

نهێنی (ل ٧٥-٧٦)

بەڕێز بۆرۆس (Mr. Burroughs)

سێر دێنیس ئالێن (Sir Denis Allen)

**پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و عێراق: کوردستان**

١. سێر د. ئالێن داوای لە بەشی [ڕۆژهەڵات] کردووە لێکۆڵینەوە لەسەر نامەکەی بەڕێز ئیڤانس (Mr. Evans) بکەن کە لە ١٤ی ئەیلوول بۆی هاتووە و بابەتەکەی بریتییە لە [پەیوەندی نێوان ئێراق و ئێران: کوردستان].

٢. لە تەلەگرامی بەغدا بە ژمارە ٢٣٠، بەڕێز ئێڤانس باس لەوە دەکات، ژەنەڕاڵ تکریتی هیواداره ئێمە خۆمان ئامادە بکەین تا شای ئێران هان بدەین پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراقدا باشتر بکات. لە تەلەگرامی بەغدا بە ژمارە ٢٣٢، پێشنیازی ئەوە دەکات کە گەڕانەوەی خێرای باڵیۆزی ئێران [لە بەغدا] بۆ تاران بە مەبەستی ڕاوێژکردن [لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێران] لەوانەیە دەرفەتێک بۆ سێر د. رایت (Sir. D. Wright) بڕەخسێنێت، لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەوە بکات، ئایا ئەم ڕەفتارە مانای گۆڕینی سیاسەتی ئێران لەهەمبەر عێراق دەدات. لە تەلەگرامی نووسینگەی کاروباری دەرەوە بە ژمارە ١٨١٩، کە بۆ تاران نێردراوە، ئەوەمان خستووەتەڕوو ئێمە داواییەک ناخەینە بەردەم ئێرانییەکان [بە مەبەستی گۆڕینی] سیاسەتی شا لەهەمبەر کورد، ئەگەرچی ئێمە دژی داواکاریی بەڕێز د. رایت نین لەبارەی لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان عێراق و ئێران و بۆچوونی ئێرانییەکان لەبارەی کێشەی کورد لە عێراقدا. ئێمە تا ئێستا نازانین، ئایا بەڕێز د. رایت ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیەی ئەنجامداوە. هەروەها لە تەلەگرامی تاران بە ژمارە ١٤٣٩، ڕوونە کە خودی بەڕێز رایت، لەو بڕوایەدا نییە هیچ بەڵگەیەکی (self-evident case) لەبەردەست بێت بۆ ئەنجامدانی ئەم جۆرە کارە.

٣. دوو خاڵی سەرەکی لە نامەکەی بەڕێز ئیڤانس ئەوەیە، لەوانەیە ئێرانییەکان پێشوازی لە دەرفەتی گفتوگۆکردن لەسەر سیاسەت و دونیابینی حکومەتی نوێی

عێراق لەگەڵ بەڕێز د. رایت (پەرەگرافی ٨) بکەن، هەروەها لەوانەیە لە میانەی گفتوگۆکاندا، بتوانرێت ئێرانییەکان هان بدرێن پەیوەندییەکی دۆستانە لەگەڵ حکومەتی عێراقدا دابمەزرێنن (پەرەگافی ١٢). بەڕێز رایت ئەو دەسەڵاتەی هەیە لەگەڵ ئێرانییەکان لەبارەی عێراق گفتوگۆ بکات (تەلەگرامی نووسینگەی کاروباری دەرەوە بە ژمارە ١٨٩، بۆ تاران)، بۆیە هیچ پێویست ناکات ئێمە تێبینییەکانمان لەسەر خاڵی یەکەم بخەینەڕوو. لەبارەی خاڵی دووەم، بە بڕوای من باشترە لە ئێرانییەکان بگەڕێین خۆیان [لەبارەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ عێراقدا] بڕیار بدەن. ئەمەش لەلایەک بەهۆی ئەوەی هێشتا زووە بڕیار بدەین ئایا حکومەتی بەکر لەو حکومەتانەیە تا ڕێنمایی ئێران بکەین کە پەیوەندی باشی لەگەڵدا دابمەزرێنێت؛ لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر ئێمە دەست لەم بابەتە وەربدەین، کارتی خۆمان (بەتایبەتی لەبارەی کورد) لە دەست دەدەین.

٤. ئارگیۆمێنتی ئێمە لەبارەی دوورکەوتنەوە لە پرسی کورد لە نامەکەی (self-evident case) بەڕێز ریچ، لە ٦ی ئەیلوولدا، باسکراوە. ئەم ئارگیۆمێنتانە، ئارگیومێنتی نوێ نین، بەڵام بە بڕوای ئێمە تا هەنوکەش بایەخی خۆیان لە دەست نەداوە. هاوکات نووسینگەی پاراستنی زانیارییەکانی بەغدا (Baghdad Chancery)، ئێمەیان ئاگادار کردووەتەوە دەستیان کردووە بە تیشک خستنەسەر هەر شتێک کە بە کوردستانەوە پەیوەستە. بۆیە یاداشتنامەیەکی پوختمان بۆ بەغدا ئامادە کردووە کە گشت خاڵە گرنگەکان لەخۆ دەگرێت. هەروەها وەڵامی زۆربەی ئەو خاڵانەم داوەتەوە کە بەڕێز ئیڤان لە نامەکەیدا باسیکردوون. کۆپیەک لە وەڵامەکانم بۆ ئێوە هاوپێچ کردووە و هەروەها پێشنیاز دەکەم دوو کۆپی لە وەڵامەکانی سێر دێنیس ئالێن هاوپێچ بکرێت.

٥. بەڕێز ئیڤانس ئاماژە بە بەرژەوەندییەکانی عێراق لە کەنداوی فارس دەدات. بەڕێز مەک کارسی (Mr McCarthy)، لە نامەیەکی تردا، لەگەڵ بەڕێز ئیڤان لەسەر ئەم بابەتە ڕوونیان کردووەتەوە کە بۆچی ئێمە نامانەوێت لەگەڵ عێراقدا [لەبارەی کێشەی کەنداوی فارس] بچینە ناو گفتوگۆیەکی ورد. بە بڕوای من پێویست

نـاکات کۆپیـەک لـە نامەکەیـان بـۆ ئێـوە هاوپێـچ بکـەم، لەوانەیـە ئێـوە بتانەوێـت لـە نامەکەتـان ئامـاژە بـەم خاڵـە بـدەن.

٦. وەڵامەکەم بۆ بەڕێز ئیڤانس بۆ ئێوە دەنێرم.

(A. R. Moore)

بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە

تەلەگرامی:٨٥

٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٨

هاوپێچ کۆپیەک بۆ:

Mr. McCarthy،…. J. R. R….R، N، E،….D، J، M

نهێنی (ل ٧٧-٧٩)

(EQ 3/1)

سێر دێنیس ئالێن(Sir Denis Allen)

بەڕێز ترێفۆر ئیڤانس (Mr. Trefor Evans) بەغدا

هاوپێچ بۆ: سێر د. رایت، تاران

**پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و عێراق: کوردستان**

١. سپاس بۆ نامەکەتان بە ژمارە (٨/١) لە ١٤ی ئەیلوول لەبارەی کوردستان.

٢. بۆچەندین ساڵ، سیاسەتی ئێمە بریتییە لە خۆ دوورگرتن لەم بابەتە. بۆیە ئێمە تا ئێستا خۆڕاگر بووینە لەسەر هەر جۆرە دوو دڵییەک تا داوایەکی نارەزایی بخەینە بەردەم شای ئێران، لەبارەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کوردی عێراقدا. هەروەها ئێمە گشت ئەو هۆکارانەی پشت ئەم سیاسەتەمان خستووەتەڕوو، کە تا هەنوکەش هۆکاری باشن. دوو کۆپی لە یاداشتنامەیەک لەسەر ئەم بابەتە و پرسیارە پەیوەندییدارەکان کە لەلایەن بەشی ڕۆژهەڵاتەوە ئامادەکراوە، بۆتان ڕەوانە دەکەم. نووسینگەی پاراستنی زانیارییەکانی سەر بە بەڕێزتان، بە جیا ئاماژەیان کردووە بە وەی ئێوە هیچ تێبینییەکتان لەسەر هەڵوێستی ئێمە لەبارەی پرسی کورد نییە و هیواداریـن ئەم یاداشتنامەیە وەک پوختەیەکی گشتی لەسەر ئەم بابەتە، کەڵکی هەبێت.

٣. بە بڕوای من باشترە ئێوە ئەم هێڵانەی خوارەوە بۆ هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ عێراق لەبارەی کورد بگرنەبەر: ئێمە لەگەڵ هیوای عێراقییەکان هاوسۆزین کە لە وڵاتێکی یەکگرتوو، ئاشتیخواز و بوژاوەدا بژین، هەروەها پەیوەندی باشی لەگەڵ دراوسێکانیدا هەبێت و ببێتە بەشێکی پێکهێنەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بوژاوە. هیواخوازین لەبەردەم ئەم خواستانەدا هیچ بەربەستێک دروست نەبێت، یان ببێتە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی و دروستبوونی نەهامەتی، بە تایبەتی

لەبارەی پرسی باکووری عێراق. بەهەرحاڵ، هەڵوێستی ئێمە لەبارەی پرسی کورد لە عێراقدا، هەمیشە ئەوە بووە کە ئەم پرسە بابەتێکی ناوخۆی عێراقە، بۆیە بۆ ئێمە گونجاو نییە دەست لەم بابەتە وەربدەین؛ هەروەها ئێمە دەزانین حکومەتی عێراق پاڵپشتی لەم هەڵوێستەی ئێمە دەکات.

لەبارەی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران، زۆر خوشحاڵ دەبین کاتێک ببینین کە ئەم پەیوەندییە لەسەر بنەمای دۆستایەتی دارێژراوە، هەروەها ئێمە دەزانین لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا هەردوو حکومەتەکە کاریان بۆ باشترکردنی ئەم پەیوەندییە کردووە، بەڵام بە بڕوای ئێمە ئەم بابەتەش [باشترکردنی پەیوەندییەکان]، بە پلەی یەکەم بەرپرسیارێتی هەردوو حکومەتەکە. لە ڕوانگەی ئێمەوە بەو مانایە دێت ئەگەر هەر کێشەیەک لە نێوان ئەم دوو حکومەتەدا هەبێت پێویستە لەڕێگەی کەناڵە دیپلۆماسییەکانەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

٤. لە پەرەگرافی ٩ی نامەکەتان، بە بۆچوونی ئێوە لەوانەیە پرسی کوردستان و پرسی کەنداوی فارس پەیوەندیان پێکەوە هەبێت؛ بەلانیکەمەوە، لەلایەن عێراقیەکانەوە و بە پێی کاتە جیاوازەکان. لە لایەکەوە، لەوانەیە ئێوە ڕاست بکەن، چونکە زۆربەی کێشە نێودەوڵەتیەکان، بە کێشە نێودەوڵەتیەکانی دیکە ەوە گرێدراون. بەهەرحاڵ دۆن مەک کارسی (Don McCarthy) لەوانەیە بۆ ئێوەی ڕوونکردبێتەوە، بۆچی ئێمە نامانەوێت لەبارەی کێشەی کەنداوی فارس لەگەڵ عێراقییەکاندا بچینە ناو گفتوگۆیەکی قووڵ یان کفتوگۆیەکی ورد، بەتایبەتی لە بارودۆخی ئێستادا. بۆیە هیواداریـن کاتێک عێراقییەکان لەبارەی سیاسەتی ئێمە لە کەنداو پرسیاریان لە بەڕێزتان کرد، تکایە ئاماژە بەو خاڵە گشتییانە بکەن کە بۆ ئێوەمان ناردووە.

٥. لەبارەی پشتیوانی ئیسرائیل لە کورد خاڵی (س)، پەرەگرافی ٢ی تەلەگرامەکەتان بە ژمارە ٢٣٠، بە بڕوای ئێمە باش نییە لەگەڵ تەلئەڤیڤ باس لەم بابەتە بکرێت. پێویستە ئێمە ئەو ڕق و کینەیەی حکومەتی بەکر، وەک هەر حکومەتێکی پێشووی عێراق، لە ئیسرائیلیەکان هەیانە لەبەرچاوبگرین، ئەمەش بەو مانایە دێت ئەوان پشتگیریی لە چالاکی تیرۆریستی لە هەرێمە

داگیرکـراوەکان و لەنـاو خـودی ئیسرائیلـدا دەکـەن. لـە پـاڵ ئەمەشـدا، ئێمـە لـە ڕوونکردنـەوەی ئـەوەی بۆچـی قسـەی عێراقـمان لەبـارەی چالاکـی ئیسرائیـل [لـە کوردسـتاندا] قبووڵکـردووە، ڕووبـەرووی کێشـە دەبینـەوە.

لەبـارەی پرسـی پەیوەندییەکانـی نێـوان ئیسرائیـل و دەوڵەتـە عەرەبییـەکان، هیـوادارم لـەو تەلەگرامـەدا کـە لـە وەڵامـی تەلەگرامەکەتـان ناردوومانـە، ئـەو زانیاریەتـان بخاتـە بەردەسـت کـە لەبـارەی سیاسـەتی ئێمـە [لەسـەر ئـەم پرسـە] و هەڵسـەنگاندنی ئێمـە لەسـەر ئـەم ڕووداوانـەی دوایـی، بـۆ عێراقییـەکان بـاس بکەیـت.

نهێنی (ل ٨٠- ٨٧)

## کوردستان: عێراق و ئێران: هەڵوێستی بەریتانیا

## هەڵوێستی فەرمی حکومەتی خاوەنشکۆ لەبارەی ڕاپەڕینی کورد

هەڵوێستی فەرمی حکومەتی خاوەنشکۆ (H. M. G) [Her Majesty Government]، لە میانەی وەڵامی سەرۆک وەزیران لەبارەی پرسیارێکی پەرلەمان لە حوزەیرانی ١٩٦٥دا، بەمشێوەی خوارەوە داڕێژراوە:

١. حکومەتی خاوەنشکۆ، وەک هەر جۆرە ناسەقامگیرییەکیتر لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا، سەرکۆنەی شەڕ لە کوردستان دەکات، بەڵام ئێمە پرسی کورد وەک بابەتێکی ناوخۆی عێراق هەژمار دەکەین، بۆیە بۆ ئێمە شایستە نییە دەستوەربدەینە ئەم لایەنە.

**بەدیلە بەردەستەکان (mutatis mutandis):** حاڵیحازر شەڕ لە کوردستان لەبری ئەوەی بە واقیعی ڕوو بدات، لە ترکزە دایە [واتە ئەگەری ڕوودانی زۆرە]، بۆیە هەڵوێستی فەرمی حکومەتی خاوەنشکۆ وەک خۆی دەمێنێتەوە.

**هۆکارەکانی ئەم هەڵوێستە:**

٢. هۆکارەکانی پشت ئەم هەڵوێستە دەتوانرێت بە شێوەی خوارەوە کورت بکرێتەوە:

**ا** کوردی عێراق لە دژی حکومەتێکی یاسایی لە بەغدا ڕاپەریون کە ئێمە دانمان پێداناوە و پەیوەندی دیپلۆماسی ئاساییمان لەگەڵیدا هەیە (یان لە ١٩٦٧/٦٨دا چاوەڕوان بوون کە پەیوەندییە ئاساییەکانمان دەست پێبکەنەوە).

**ب** بەرژەوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانمان لە ڕێگەی مامەڵەی ڕاستەخۆ بە حکومەتی بەغداوە باشتر دەستەبەر دەکرێن. مامەڵەی ڕاستەخۆ یان پشتگیریی کردنی کورد، تا ئەو ئاستەی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ حکومەتی بەغدا ئاڵۆز بکات، بە پێچەوانەی هاندان بۆ بەرژەوەندییەکانمان دەشکێتەوە.

**ج** ئەگەر ئێمە پشتگیریی کوردی عێراق بکەین، ئێران و تورکیا و سووریا کە کەمینەی کوردیان هەیە، لەوانەیە بە ئەنجامێکی ناخۆش بگەن.

د ئاڵۆزیــی بەســتێنی فیتنەگێــڕان و گۆڕانــی هاوپەیمانییەکانــی پەیوەســت بــە پرســی کــورد خــۆی لەخۆیــدا نیشــاندەری پێشــگیرییەکی بەهێــزە بــۆ هــەر جــۆرە دەســتێوەردانێک لەلایــەن ئێمــەوە. حکومەتەکانــی ئێــران و عێــراق و باڵەکانــی بارزانــی و تاڵەبانــی لــە نێــوان کــورددا، لایەنــی ســەرەکی ئــەم پرســەن، بــەڵام لایەنەکانــی دیکــەی وەک (بــۆ نموونــە کۆمــاری یەکگرتــووی عەرەبــی، ئیسرائیلییــەکان و شــا حســێن) جاروبــار گرنگــی بــەم بابەتــە دەدەن.

٣. لــە کاتێکــدا عێراقێکــی بوژاوەتــەوە، ســەقامگیر و یەکگرتــوو لەوانەیــە بــۆ ئێمــە باشــتر بێــت، چاوەڕوانــی درێژخایــەن بــۆ ئــەم مەبەســتە هــەر لــە ســاڵی ١٩٥٨ەوە، هەرگیــز وەک ئێســتا نەبــووە. هەبوونــی یاخیبــوونی کــورد بــە شــێوەیەکی جیــددی مەترســی بــۆ ســەر بەرژەوەندییەکانــی ئێمــە دروســت نــاکات و ئەزموونــەکان ئەمەیــان نیشــانداوە کــە خــودی کــورد کەمتریــن مەترســیان بــۆ ســەر ڕێــڕەوی نــەوت لــە کێڵگــە نەوتیەکانــی عێراقــدا دروســت کــردووە. تــا چ ڕادەیــەک ســەرهەڵدانی کــورد لــە توانــای هێــزە چەکدارەکانــی عێــراق کــەم دەکاتــەوە بــۆ هێــرش کردنــە ســەر کوێــت لــە بەرژەوەنــدی ئێمەدایــە. هۆکارەکــە تەنانــەت لــە مــاوەی نێــوان ئێســتا و ١٩٧١ هــەروەک خــۆی ماوەتــەوە، واتــە ئەوکاتــەی پابەنــدی ئێمــە لەهەمبــەر [پارێزگاریکــردن لــە] کوێــت کۆتایــی هــات، ســەرقاڵیی عێــراق (و عــەرەب بــە گشــتی) لەگــەڵ ئیسرائیــل لەوانەیــە فاکتــەری پێشــگیری ســەرەکی بێــت لەبــارەی پلانــی عێــراق بــۆ [هێــرش کردنــە ســەر] کوێــت.

**پەیوەندی لە نێوان بەریتانیا و کورد**

سیاســەتی دەســتێوەرنەدانی ئێمــە، نەبووەتــە ڕێگــر لــە دەربڕینــی هاوســۆزی تایبــەت بــۆ کــورد و ناڕەزایەتیەکانیــان لەســەر بنەمــای مرۆڤایەتــی، یــان لــە هەبوونــی پەیوەنــدی لەگــەڵ تاکەکانــی (ئەشــخاس) کــورد لەســەر بنەمــای تاکەکەســی ئەگــەر ئــەم پەیوەندییــە لــە دژی پەیوەندییەکانمــان لەگــەڵ حکومەتــی عێــراق یــان بەرپرســەکانی نەبێــت. دەســتەی دیپلۆتیکــی عێراقــی لــە دەرەوە، لــە نزیکــەوە چاودێــری چالاکــی کــورد و نێردراوەکانــی دەکات و بــە شــێوەیەکی پارادۆکســانە،

ئێمــە لــە مامەڵەکردنمــان لەگــەڵ کــورد لــە بەغــدا وریاییەکــی کەمــتر بــەکار دێنیــن، واتــە ئــەو شــوێنەی بــە پێچەوانــەی لەنــدەن یــان هــەر شــوێنەکیتر، کوردێــک کــە پەیوەنــدی لەگــەڵ ســەرهەڵدانی (تەمــەرود) کــورد هەیــە بــە ئازادانــە دێــن و دەچــن و تەنانــەت لــە حکومەتــدا بەشــدارن. نێردراوەکانــی مەلامســتەفا بارزانــی جــار نــا جــار بیــر لــەوە دەکەنــەوە، چــۆن ئــەو بیرۆکەیــە پێــش بخــەن کــە پرســی کــورد لــە پرســێکی ڕووتــی ناوخــۆی عێراقــەوە بکــەن بــە پرســێکی نێودەوڵەتــی و بــۆ پشــتگیری لــە ئارگیومێنتــی خۆیــان بــاس لــە هاوبەشــی بەریتانیــا دەکــەن لــە دوای جەنگــی یەکەمــی جیهانــی بــۆ لەباربردنــی پــڕۆژەی بونیاتنانــی دەوڵەتێکــی کــوردی ســەربەخۆ (پەیماننامــەی لــۆزان و ئەوانــی دی).

حکومەتــی خاوەنشــکۆ، لەســەر ئــەم بیرۆکەیــە بەردەوامــە کــە [کــورد] هیــچ پابەندیەکیــان لەلایــەن حکومەتــی بەریتانیــاوە نییــە و حکومەتــی بەریتانیــا ڕەتــی خۆهەڵقورتــان لــە دیبەیتــی تایبــەت بــە هەڵومەرجــی بونیاتــنراو بــە پێــی پەیماننامەکانــی دوای ســاڵانی ١٩٢٠ەکان دەکاتــەوە. دەم نــا دەم کــورد هــەوڵ دەدەن ڕای گشــتی لــە بەریتانیــا و وڵاتانــی دیکــە لەبــارەی پرســی خۆیــان بجوڵێنــن. (بــە تایبەتــی لــەو کاتانــەی شــەڕ بەردەوامــە و لــە هەواڵــەکان باســی لێدەکرێــت). کــورد لــەڕووی مرۆییــەوە ســەرکەوتوو بوونــە لــە دەســتەبەرکردنی پشــتیوانییەکی کــەم لەنــاو پەرلەمانــی بەریتانیــادا، لەوانەیــە لەلایــەن حکومەتــی عێراقــەوە لــە دژی کــوردە ســڤیلەکان چــەک بــەکار بهێنرێــت لەکاتــی خۆیــدا یەکێك لــە فاکتــەرە بەربەســتەکان بــووە لــە سیاســەتی دابینکردنــی چــەک بــۆ عێــراق و بــووە هــۆی ئــەوەی ئێمــە لــە جێبەجێکردنــی کۆنتراکتــی موشــەک و بۆمــب لــە ســاڵی ١٩٦٥، هەندێــك پاشــکەوتن لــە ڕێــکارە ئیدارییــەکان بگرینەبــەر. بــە لەبەرچاوگرتنــی پەیوەندیەکانمــان لەگــەڵ کەسایەتییەکانی کــورد، ڕێــکارە [سیاســییەکانی] ئێمــە بــەم شــێوەی خــوارەوەن:

١ لە بەغدا، پەیوەندییەکان لەسەر ئاستی دەسەڵاتی نێردراوی خاوەنشکۆ [حکومەتی شــاژنی بەریتانیــا] بەنــدە بــە هەلومەرجــی بەرقــەرار و پێگــەی ئــەو تاکانــەی پەیوەندیــمان لەگەڵــدا هــەن.

**ب** چاوپێکەوتنیان لەگەڵ هەندێك نێردراوی [کورد] هەبووە، ئەویش تەنیا لەسەر بنەمای ‹کۆمەڵایەتی› (بۆ نموونە خواردنەوەی چایەک لە یانەی ‹پال نال›) و چاوپێکەوتنەکەش لە دەرەوەی بەڵێندانێکی فەرمی بووە. هەوڵدانی [کورد] بۆ بینینی وەزیرەکان بەم تەکنیکەوە پوچەڵ کراوەتەوە. کاتێک بینراوە ئەم تەکنیکە ناشیاوە، ڤیزا بە کورد دراوە و ئاگادارکردنەوەیەکی ڕوونی زارەکیان پێ دراوە کە هیچ چالاکییەکی سیاسی لە بەریتانیا نەگێڕن. (بۆ نموونە دەرکەوتن لەسەر تەلەفزیۆنەکان بە گفتوگۆیەکی جەدەلئامێزەوە).

**ج** لە نووسینگەکانی دیکەی دەرەوە، نێردراوە کورد ئەگەر داوای چاوپێکەوتنیان کردبێت پێشوازیان لێکراوە. ئەگەر نامەیەکیان بۆ سەرۆک وەزیران یان وەزیرەکانی دیکە هەبوو بێت، نامەکە وەرگیراوە و بۆ نووسینگەی کاروباری دەرەوە نێردراوە، بەڵام هیچ سوپاس نامەیەکی نووسراو یان وەڵامێک نەدراوەتەوە.

**شای ئێران و کوردی عێراق**

٤. یەکێک لە «نهێنییە کراوەکانی›› ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەیە، حکومەتی ئێران لەم دەیەیەی ڕابردوودا، پشتگیریەکی فرەوانی بە کورد (بە تایبەتی لایەنگرانی بارزانی کە زۆرینەن) لە ڕووی پارە، تەدارەک، ڕاهێنان، دابینکردنی [چەک و بابەتیتر] و پەیوەندیکردن (ئیتسالات) بە یەکتریەوە لە دیوی ئێرانەوە بەخشیووە. شا لەبارەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی بەغدا، وەک بەکارهێنانی کارتێکی کوردی ئاماژەی بەم سیاسەتەی داوە. پەیوەندییە نزیکەکانی بارزانی لەگەڵ ئێرانییەکان وا دیارە هەندێك بەرزی و نزمی بەخۆوە بینیووە، بۆیە پشتیوانیەکە بەردەوامی نەبووە. ئەوە هەڵەیە ئەگەر بێت و بارزانی بە بەکرێگیراوی (عەمیل) ی شا هەژمار بکەین. هەرکامەیان هەوڵ دەدەن بۆ مەبەستی خۆیان ئەوەیتر بەکار بهێنن. کارایی ئەم پەیوەندیە دوولایەنەی نێوان شا و بارزانی بە ڕادەیەکی زۆر بەستراوەتەوە بە دۆخی گشتیی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی عێراق و ئێران و هەروەها نێوان حکومەتی بەغدا و بارزانی لە کاتی جیاوازدا.

### پەیوەندیەکانی ئێران/عێراق

٥. جیا لە پرسی کورد فاکتەرە سەرەکییەکانی دژی هەبوونی پەیوەندی باشی نێوان عێراق و ئێرانن بریتیین لەمانەی خوارەوە:

**ا** بێ متمانەیی و ڕق لێبوونەوەی بەهێزی شا لە ناسیۆنالیزمی شۆڕشگێڕیی عەرەبی، هەروەها عەرەبە «شۆڕشگێڕەکان›› متمانەیان بە شا نییە و ڕقیان لێدەبێتەوە و بە فەرمانڕەوایەکی تەقلیدیی و ناسەرکەوتووی دەزانن.

**ب** دوژمنایەتی کۆن و ڕق لێبوونەوە لە نێوان عەرەب و فارسەکاندا دوو لایەنەیە.

**ج** جار نا جار هەوڵە ناسەرکەوتووەکان، بەڵام مێژوویی، لەلایەن عێراقەوە بۆ دووبارە نویٚ کردنەوەی پرسی کەمینەی عەرەب لە خۆزستان.

**د** ناکۆکی قەڵەمڕەو لەسەر ڕێڕەوی (دەریاچەی) شەتولعەرەب و دەریای کەنداو و هەندێك ناوچە سەرحەدییەکان.

**ه** پرسە ئایینییەکان، ئەو ڕاستییەی شا هاوئایینی فارسەکانە، هاوتەریبە لەگەڵ ئایینی نیوەی دانیشتوانی هەژار و بێ ئیمتیازی عێراق. هەروەها ناکۆکی لەسەر سەردانی شوێنە پیرۆزەکانی شیعە لە هەردوو وڵات و نیشتەجێ بوونی سەرکردە گرنگە شیعەکانی ئێران لە عێراق کە لەلایەن شاوە دەرکراون.

**و** ململانێی شاراوە لە کەنداوی فارس. بۆ نموونە، ئێران هەر جۆرە دەستدرێژیەک بۆ سەر کوێت لەلایەن عێراقەوە وەک مەترسیەکی جیدی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی خۆی هەژمار دەکات.

٦. لە کاتێکدا هیچ جۆرە پرسیارێک لەسەر ئەو بابەتانەی تا هەنوکە چارەسەر کراون لە ئارادا نییە، هەردوو حکومەتی عێراق و ئێران، هەر لە زستانی ٦٦/١٩٦٥، بە بەردەوامی هەندێك کێشەیان هەبووە لە پاراستنی پەیوەندییەکانیان لەسەر ڕێڕەوێکی ڕاست و بە ڕووکەش دۆستانە. ئەمەش جەنگی ئیسرائیلی لە ١٩٦٧ بە زیندوویی هێشتەوە، کاتێک ئێرانییەکان بە سەرکەوتووانە خۆشحاڵی خۆیان لە شکستی عەرەبەکان [لەشەڕ لە دژی ئیسرائیلدا] شاردەوە و دەنگی لەسەر حەق

بوونی هاوئایینەکانی بەرز کردەوە (لە هەمانکاتدا بە ڕێژەیەکی بەرچاو پشکی خۆیان لە هەناردەکردنی نەوت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرز کردەوە).

**پرسی نێوانگیریی/نوێنەرایەتی لەلایەن حکومەتی خاوەنشکۆوە [حکومەتی بەریتانیا]**

٧. جار نا جار حکومەتی عێراق داوا لە حکومەتی بەریتانیا دەکات نوێنەر بۆ لای شای [ئێران] بنێرێت تا پشتیوانییەکانی بۆ کورد بپچڕێنێت. ئێمەش بەهۆی ئەم هۆکارانەی خوارەوە تا هەنوکە خۆمان بە دوور گرتووە لە ئەنجامدانی ئەم کارە:

ا ئەم جۆرە نوێنەرایەتیە وا نیشان نادات سەرکەوتوو بێت. شا لە سیاسەتی خۆی لەبارەی کورد پەیڕەوی لە تێگەیشتنی تایبەتی خۆی بۆ بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی دەکات؛ نەک لە ڕێگەی گوشارهێنان لە ڕێگەی ڕۆژئاواوە.

**ب** شا هەمیشە وا سەیری حکومەتی خاوەنشکۆی کردووە کە تا هەنوکە بە شێوەیەکی ناواقیع بینانە لەهەمبەر حکومەتە عەرەبیە شۆڕشگێڕەکانەوە «نەرمە».

**ج** هەر جۆرە نوێنەرایەتی کردنێک لەلایەن ئێمەوە، دەبێتە هۆی وروژاندنی شا.

**د** ئێمە گەلێک بەرژەوەندی سیاسی، ستراتیژیی، سەربازیی و ئابووریمان لە ئێران هەیە. (بۆ نموونە، فڕینی فڕۆکە سەربازییەکانمان لەلایەن هێزەکانمان لە کەنداوی فارس و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی دوور، هەروەها کێڵگەکانی نەوت لە ئێران کە سەرچاوەی سەرەکی نەوتی خاون لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ژێر دەستی عەرەبەکاندا نییە). ئەم بەرژەوەندیانەش بە تایبەتی لەسەر کاتە دژوارەکانی پێش و پاش بەجێهێشتنی کەنداو پیادە دەکرێت، واتە کاتێک هاوکاری و ڕەزامەندی ئێرانییەکان بۆ هەر جۆرە چارەسەریەکی درێژ خایەن دەبێتە پێویستی. ئێمە لەلایەن خۆمانەوە، بەراورد لەگەڵ ئەوەی ئێرانییەکان داوایان کردووە، کەمترمان بەخشیوە، هەروەها ئێمە ناتوانین لەسەر ئەو بابەتانەی هیچ بەرژەوەندیەکی براوەی بۆ حکومەتی بەریتانیا نییە، پەرە بە هیچ کام لە لایەنەکانمان لەگەڵ شای ئێراندا بدەین.

**ھ** هـەر رەسـیدێک کـە لەوانەیـە ئێمـە لەلایـەن حکومەتـی عێراقـەوە بەدەسـتی بهێنیـن، کورتخایـەن دەبێـت و سـەختە عێـراق تـا ماوەیەکـی بـڕاوە هانـی بەرژەوەندییـە درێـژ خایەنەکانمـان (بـۆ نموونـە نـەوت) بـدات.

سروشـتییە ئێمـە خوازیـاری پەیوەندیەکـی بـاش یـان بەلانیکەمـەوە دروسـتی ئێـران/عێراقی/ئیـران بیـن و خـودی شـاش ئەمـە دەزانێـت، بـەڵام ئێمـە خۆمـان بـە دوور دەگریـن لـە هـەر جـۆرە نوێنەرایەتیکردنێکـی تایبـەت بـە هەردوولایـەن، جیـا لـە زسـتانی ١٩٦٦/١٩٦٥. لەوکاتـەدا ڕووداوگەلـی توونـد لەسـەر سـنوورەکان هەبـوو کـە تایبـەت بـوو بـە دوژمنـکاری عێـراق لەهەمبـەر کـورد و هـەردوو وڵات لەسـەر لێـواری گـورز لـە یەکـتر وەشـاندن بـوون. ئێمـە ئـەوکات ئامـۆژگاری هـەردوو حکومەتمـان کـرد لەسـەر داواکارییەکانـی یەکـتر میانـڕەو بـن. تەنانـەت ئەوکاتیـش ئێمـە ئـەم کارەمـان لـە ئاسـتێکی نـزم ئەنجامـدا و لـەو کاتـەوە تـا هەنوکـە دۆخەکـە ئاڵـۆز نەبووەتـەوە.

بەشی ڕۆژهەڵات

نووسینگەی کاروباری دەرەوە.

٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٨.

نهێنی (ل ٨٨)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٨

**پرسی کورد**

١. کۆپییەک لە یاداشتی باڵیۆزی حکومەتی خاوەنشکۆتان بۆ ڕەوانە دەکەم کە بە گفتوگۆی نێوان ئەو لەگەڵ هەر یەکە لە باباعەلی شێخ مەحمود و زیاد عوسمان تایبەتە کە لە ٣٠ی ئەیلوولی ئەنجامدراوە.

٢. لە گفتوگۆیەک لەگەڵ دۆناڵد هاولی (Donald Hawley) باباعەلی، بە درێژی باسی لە هەمان بابەت کردووە کە لەگەڵ باڵیۆزدا باسی لێوەکردبوو. باباعەلی ئاماژەی بەوە دابوو بیرۆکەی ئەو بۆ چارەسەری کێشەی کورد بریتییە لەوەی حکومەت سیاسەتی گەشەپێدانی ناوچەی [باکوور ] ڕابگەیێنێت. لەوانەیە ئەم سیاسەتە کاریگەریی خێرا [لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی کورد] دروست نەکات، بەڵام ئەگەر هەوڵەکانی گەشەپێدانی [باکوور ] جیدی بێت، هێدی هێدی ئۆپۆزیسیۆن پێگەی خۆی لەدەست دەدات.

٣. دکتور کازم شەبر (Dr. Kadhim Shubr)، کە کەسێکی شیعە، ناسراو و بەرپرسیارە و لە کەسایەتییە دەستڕۆشتووەکانی ناو حکومەتە، پێی گوتم سیاسەتی حکومەت بریتییە لە خۆ دوورگرتن لە پێکدادان لەگەڵ کورد و گوتی حکومەت زۆر بە جیدیی هەوڵ دەدات ناکۆکی لەناو کورددا دروست بکات، بۆ نموونە، حکومەتی سیاسەتی پەرتکە و زاڵبەی گرتووەتەبەر. ئەمەش بەو مانایە دێت حکومەت چاوەڕوانە کورد یەکتر لاواز بکەن و دواتریش مەرجەکانی خۆی [بۆ چارەسەری کێشەی کورد بەسەریاندا] بسەپێنێت.

A. E. Saunders

D. J. Makinson، Esq

بەشی ڕۆژهەڵات

نهێنی (ل ٨٩)

## پرسی کورد

١. خاڵەکانــی خــوارەوە لــە گفتوگــۆی نێــوان مــن و بابــا عەلــی شــێخ مەحمــوود و زەیــد عەلــی شــێخ عوســمان، لــە ٣٠ی ئەیلــوول لــە بۆفیــەی نانــی ئێــوارەی بەڕێــز هانکــۆک (Hancock) وەدەرکەوتــن.

٢. بابـا عەلـی گوتـی لـە گەڕانەوەکـەی لـە دەرەوە، سـەرۆکی [عێراقـی] بینیـوە کـە لـە سـاڵی ١٩٦٣وە لـە حکومەتەکەیـدا خزمەتـی کـردووە. بـە داخـەوە هیـچ بابەتێـک ڕوون نەکرایـەوە. تەنیـا بابەتـە ناگرنگـەکان گفتوگـۆی لەسـەر کـرا. تاکـە ڕووناکـی ئۆمێدبەخـش ئـەوە بـوو سـەرۆک بەکـر گوتیەتـی پێیخۆشـە لەگـەڵ بابـا عەلـی لـە پەیوەندیـدا بێـت و هـەر کاتێـک ئـەوان توانیـان بـە ئازدانـە گفتوگـۆ بکـەن، بـە خۆشـحاڵییەوە چـاوی پێبکەوێـت، بـەڵام بابـا عەلـی گەشـبین نەبـوو و گوتـی پێکـدادان [لـە نێـوان کـورد و حکومەتـی عێـراق] هـەر لـە ئێسـتاوە ڕوویـداوە، کاتێـک یەکەیەکـی سـەربازی لـە ژێـر فەرمانـی، فەرماندەیـەک خاڵێکـی پشـکنین بـە پێچەوانـەی خواسـتی کـوردی دەڤەرەکـەی دامەزرانـدووە و لـە پێکدادانەکانـدا فەرماندەکـە و ژمارەیەکـی بـاش لـە پیاوەکانـی کـوژراون.

٣. وا دیـار بـوو بابـا عەلـی هیـچ دوودڵیەکـی نەبێـت کـە ئەمـە سیاسـەتی حکومـەت بـووە مەلامسـتەفا لاواز بـکات، ئەویـش بەشـێوەیەکی سـەرەکی بـە هاندانـی لایەنگرانـی تاڵەبانـی. مـن ئـەو بۆچونـەم هەبـوو کـە خـودی مەلامسـتەفا کاردانـەوەی هەبێـت. بابـا عەلـی بـەوە کۆتایـی بـە قسـەکانی هێنـا کـە گوتـی، هیـچ ئۆمێدێـک بـۆ ئاشـتبوونەوە لـە نێـوان لایەنگرانـی بارزانـی و تاڵەبانیـدا نەمـاوە و داهاتـوو زۆر مەترسـیدارە، چونکـە کوڕەکانـی مەلامسـتەفا بـەراورد بـە مەلامسـتەفا دانبەخـۆدا گرتنیـان کەمـترە. خـودی مەلامسـتەفا بـۆ مـاوەی چەنـد سـاڵە زۆر لەسـەرخۆ بـووە.

٤. لـە بـارەی جـەلال تاڵەبانیـەوە پرسـیارم لـە بابـا عەلـی کـرد. لەوەڵامـدا گوتـی، جـەلال تاڵەبانـی شـێخ نییـە، بـەڵام ڕەچەڵەکـی پیـرۆزی هەیـە و توانیویەتـی خـۆی خوێنـدەوار

بـکات. کاتێـک ئـەو و هەندێـك ئەندامـی دیکـەی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان ناکۆکیـان لەگـەڵ مـەلا مسـتەفادا هەبـوو، گشـتیان بـەرەو ئێـران چـوون و لـەوێ زۆر بـە باشـی مامەڵەیـان لەگەڵـدا کـرا. وا دیـارە ئیبراهیـم ئەحمـەد ڕۆڵێکـی گرنگـی لـە جوڵانـەوەی تاڵەبانیـدا گێـڕاوە. ئەگـەر پێویسـتیمان پـێ هەبـوو، لەوانەیـە لـە پێداچوونەوەکانـی داهاتـوودا زانیـاری لەسـەر کەسـایەتیەکانیش لـە خـۆ بگرێـت؟

٥. زەیـد عوسـمان گوتـی، ژەنـەڕاڵ تکریتـی تووڕەیـە لەسـەر گەیشـتن بـە چارەسـەری، بـەڵام هـەردوو دەسـتی بەسـتراون. ئـەو لـەو بڕوایەدایـە سیاسـەتەکانی تکریتـی و عەمـاش لەبـارەی کـورد هاوشـێوە نییـە. پرسـیاری ئـەوەم کـرد، بـە نەبوونـی وەزیـری کـورد لـە حکومەتـدا، لەوانـە کـورد نائومێـد بـکات کـە پرسـەکەیان وەک خـۆی بچێتـە پێشـەوە. ئـەو لـەوە دوو دڵ نەبـوو.

(T. E. Evans)

٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٨

نهێنی (ل٩٠)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

(E2 1/4)

نووسینگەی کاروباری دەرەوە، S. W. 1

٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٩

**کورد**

١. سوپاس بۆ ئێوە، کە کۆپیەک لە نامەکەتان (من ئێستا لەگەڵ عێراق مامەڵە دەکەم I now deal with Iraq) بە ژمارە (٣٨/٢) بە ڕێکەوتی ١٧ی ئەیلوولتان بۆ ئێمە ناردووە، کە بە گفتوگۆکەی نێوان ئێوە و مەحمود عوسمان تایبەتە.

٢. وادیارە پەرەگرافی ٢ لە نامەکەتان وەپێش ڕووداوەکان کەوتووە: ئێمە ڕاپۆرتێکمان لەسەر کودەتایەکی نەزۆکمان بە دەست گەیشتووە کە لەم حەوتەیەدا لە عێراق ڕوویداوە. (لە نێوان دوو کەوانەدا: عەبدولرەزاق عارف لەوانەیە عارف عەبدولرەزاق بێت).

٣. پەرەگرافی ٥، ڕووبەڕوی لوغزێکمان دەکاتەوە. ئێمە هیچ شتێکمان لەبارەی سەردانەکەی ئەم دواییەی باباعەلی نەبیستووە و هیچ پەیامێکیش لەلایەن ئەوەوە بۆ نووسینگەی کاروباری دەرەوە تۆمار نەکراوە. ئەو لە ساڵی ١٩٦٦دا پەیوەندی بە ویلیی مۆریس (Willie Morris)ەوە کردووە و تۆنی مۆر (Tony Moore) زۆر خۆشحاڵ دەبێت کە لە لەندەن چاوی بە کەسێکی عێراقی بەڕێزی وەک ئەو بکەوێت. ئەگەر ئەو دووبارە سەردانی لەندەنی کرد، دەتوانێت پەیوەندی بە مۆر یان بە منەوە بکات.

٤. کۆپیەک لەم نامەیە بۆ بێرتی ساندێرس (Bertis Saunders) لە بەغدا دەنێرم

D. J. Makinson

J. L. Y. Saundres، Esq. Beirut

نهێنی (ل٩١-٩٢)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

(١٩/٤/٤)

ئەنکارا

١٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٨

**کاروباری کورد**

١. وەک دۆزینـەوەی شـتێک لـە ئاسـۆدا، ڕۆژنامـەی چەپڕەوی ئاکشـام لـە چـوار حەوتـەی ڕابـردوو لـە ڕێگـەی پەیامنێرەکـەی بـە نـاوی هۆلۆسـی تۆرگـوت (Hulusi Turgut)، کـە لـەم دواییانـەدا لـە کوردسـتانی عێـراق بـووە زنجیـرە گوتارێکـی بڵاوکردۆتـەوە و بـە دوورودرێـژی گفتوگـۆی لەگـەڵ سـەرکردەی کـورد مەلامسـتەفا بارزانـی ئەنجامـداوە. هیـوادارم کورتەیـەک لـەم گوتارانەتـان بـۆ بخەمـەڕوو، بـەڵام وا دیـارە- هـەروەک پێتۆن پـلاس (peyton place)- بـە دڵنیاییـەوە ئـەم گوتارانـە بـەردەوام دەبـن، لەوانەیـە ئێـوە بتانەوێـت گرنگتریـن خاڵەکانـی ئـەم گوتارانـە بزانـن.

٢. بابەتـی گرنـگ بریتـی بـوو لـە بڵاوکردنـەوەی نامەگەلێک لـە ١٢ی ئەیلوول لـە ڕۆژنامەی ئاکشـام کـە هـەروەک هۆلۆسـی تۆرگـوت بانگەشـەی بـۆ دەکات بـە شەخسـی لەلایـەن بارزانیـەوە بـۆ سـەرۆک و سـەرۆک وەزیرانـی تورکیـای هێنـاوە. خاڵـە گرنگەکانـی ئـەم نامانـە بریتیـن لـە:

**ا** خواسـتی کـورد ئەوەیـە لـە عێراقـدا مافـی یەکسـانیان لەگـەڵ عەرەبـەکان هەبێـت و پشـت گوێخسـتنی جیهانـی دەرەوە بـۆ ئـەم پرسـە.

**ب** شکسـتی حکومەتـی عێـراق لـە جێبەجێکردنـی ڕێککەوتنـی ١٩٦٦، بۆیـە کـورد هیوایـان بـە حکومەتـی عێـراق نەماوە.

**ج** خواسـتی بەهێزکردنـی پەیوەندییـەکان لەگـەڵ گـەل و حکومەتـی تورکیـا کـە «بەردەوامیـدەری ئێمپراتـوری ئیسـلامی عوسـمانییە».

د ئاییـن و مێـژوو و ئامانجـی هاوبەشـی گەلـی تـورک و کـورد و ئـەو ڕاسـتییەی کۆمـاری تورکیـا باشـترین شـایەتی داگیرکردنـی خاکـی کـوردە لـە دوای جەنگـی یەکەمـی جیهانییـەوە.

ه بانگێشـتکردنی حکومەتـی تورکیـا بـۆ گوشـار خستنەسـەر عێـراق بـۆ کۆتایهێنـان بـە سـەرکوت و نادادپـەروەری.

و داواکاری ئـەوەی باشـترە بـە فەرمـی لەلایـەن حکومەتـی تورکیـاوە نوێنەرایەتـی کـورد وەربگیردرێـت، بـەم شـێوەیەش ئـەم نوێنەرایەتییـە دەتوانێـت بـە وردی بـاس لـە خاڵەکانـی سـەرەوە بـکات.

٣. بابەتێـک کـە هەسـتیاری تونـدی تورکەکانـی لەبـارەی کێشـەی کـورد جوڵانـدووە بریتـی بـوو لـە ڕەتکردنـەوەی هەبوونـی هـەر زانیارییـەک لەسـەر ئـەم نامانـە لەلایـەن وتەبێژەکانـی هـەر یـەک لـە سـەرۆک وەزیـران و وەزارەتـی دەرەوە. کاتێـک لەبـارەی نامـەکان پرسـیارم لـە جێگـری بەڕێوەبـەری گشـتی بەشـی ڕۆژهەڵاتـی ناڤیـن، لـە وەزارەتـی دەرەوە کـرد، ئـەو دەستەوەسـتان بـوو لـە وەڵامدانـەوە و گوتـی، بەشـەکەی مـن ئـەم نامانـەی نەبینیـوە و منـی بـۆ بەشـێکیتر نـارد.

٤. پێوسـتە حکومەتـی تورکیـا بیرۆکـەی جێگـرەوەی هەبێـت، بـەڵام کاتێـک لـە چاوپێکەوتنـی ڕۆژنامەوانـی لـە ١٤ی ئەیلـوول لەبـارەی نامـەکان پرسـیار لـە سـەرۆک وەزیـران کـرا، بوونـی نامەکانـی پشتڕاسـت کـردەوە، بـەڵام گوتـی ئـەم نامانـە بـە دەستپێشـخەری بارزانـی خراونەتـەڕوو و ئەوەشـی زیـاد کـرد کـە عێـراق وڵاتێکـی دۆسـتە و تورکیـا دەسـتێوەرنەداتە کاروبـاری ناوخـۆی ئـەم وڵاتـە و تورکیـا لایەنگـری هیـچ لایـەک نـاکات کـە زیـان بـە عێـراق بگەیێنێـت. «ئێمـە مامەڵـە لەگـەڵ ئـەو وڵاتانـەدا دەکەیـن کـە لـە ڕووی دیپلۆماسـییەوە دانمـان پێدانـاون، بـەڵام ئێمـە ناتوانیـن نامـە ڕەت بکەینـەوە کاتێـک [بـە دەسـتمان] دەگات››.

٥. سـکرتێری تایبەتـی وەزیـری دەرەوە بـە بەردەوامـی دڵنیـام دەکاتـەوە کـە لـە ڕاسـتیدا نامـەکان وەرگیـراون هـەروەک چـۆن بەرپرسـێک لـە نووسـینگەی ڕۆژهەڵاتـی

ناوەڕاسـت [ی بەریتانیـا] هەمـان کار دەکات و گوتـی، زنجیـرە گوتارەکانـی ئاکشـام وروژێنـەرە و ڕۆژنامەکـە لـە بڵاوکردنـەوەی نامـەکان پەلـەی کـردووە و هەڵوێسـتی حکومەتـی تورکیـا ڕێـک وەک ئـەوە بـووە کـە لەلایـەن سـەرۆک وەزیرانـەوە دیارکـراوە. ئـەو ئامـاژەی بەوەشـدا حکومەتـی تورکیـا بەتایبەتـی خوازیـارە ڕەفتـاری دروسـتی خـۆی نیشـانی حکومەتـی نوێـی عێـراق بـدات کـە تـا هەنوکـەش ئاسـتی ئـەم ڕەفتـارە دیـار نییـە.

(J. Dodds)

کۆپیەک بۆ نووسینگەی بەغدا، نووسینگەی تاران.

نهێنی (ل٩٣)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا - بەغدا

(٨/١)

١٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٩

**کورد**

١. شتێکی گرنگ بە من ڕاگەیێنرا، ئەو کەسانەی هەنوکە بۆ کاری بازرگانی دەچنە باکووری[عێراق]، ئاگادار کراونەتەوە کە لە ماوەی نێوان پازدە ڕۆژدا بگەڕێنەوە ئەو شوێنەی لێی هاتوون. ئەنجامی ڕوون لەم بارەیەوە ئەوەیە لەوانەیە لە ماوەی دوو حەوتەدا شتێک ڕوو بدات. هەروەها ڕاپۆرتێکی پشتڕاست نەکراوەم بیستووە کە مەلامستەفا بارزانی ئاگادارکردنەوەیەکی (ئینزار) لەبارەی ئەم پرسانەی خوارەوەی بە حکومەت داوە:

ا چەککردنی هەموو ‹فورسان›ە ناڕێکخراوەکان.

ب چەککردنی گشت لایەنگرانی تاڵەبانی.

ج گەشە پێدانی باکوور لە ماوەی یەک مانگدا.

مەلامستەفا ڕایگەیاندووە ئەگەر ئەم داواکاریانە جێبەجێ نەکرێن شەڕ دەست پێدەکاتەوە.

٢. لەو کاتەوە ئێمە لە مانگی ئایار گەیشتووینەتە ئێرە، ڕاپۆرتەکان لەبارەی سەرهەڵدانەوەی شەڕ بڵاو دەکرێنەوە. لەوانەیە ئەم جارە شتێکی زۆر جیدیتر ڕوو بدات. بەڵام بە بۆچوونی من ئەم دەمەی ساڵ، کاتێکی گونجاو نییە بۆ حکومەت خۆی لە شەڕی باکوور هەڵبقورتێنێت. لەوانەیە نیەتی حکومەت ئەوە بێت لەبری ئەوەی ڕاستەوخۆ کورد و عەرەب لەهەمبەر یەکتر بوەستنەوە، کورد لە کورد بەربدات.

(A. E. Saundere)

D. J. Makinson. Esq.

بەشی ڕۆژهەڵات

St. Moritz Hotel

(ل ٩٤)

50 Central Frank South

New York، N. Y.

November 18، 1968

پایەبەرز ‹یو. تانت›

U. Thant

سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان

New York N. Y

بەڕێز پایەبەرز

لـە یاداشـتنامەیەک لـە ١٥ی تشرینـی دووەمـی ١٩٦٨ مـن شـەرەفی ئامادەبوونـم هەبـوو، هەروەهـا سـەرنجی ئێـوەی بەڕێـزم بـۆ دۆخێکـی مەترسـیدار ڕاکێشـا لـە نێـوان کـورد و حکومەتـی عێراقـی، کـە لـە ئەنجامـی ڕەتکردنـەوەی حکومەتـە لـە پابەنـد بـوون بـە ئیلتیزاماتەکانـی خـۆی.

هەروەکـو ئێـوەی بەڕێـز ئـاگادارن، پـتر لـە نیـوەی خاکـی کـورد (ناوچەیـەک نزیـک بـە ٨٠٠،٠٠٠ هـەزار کیلۆمەتـری چـوار گۆشـە) بـە تـەواوی لـە ژێـر کۆنترۆڵـی کورددایـە. واتـە ئـەو شـوێنەی هـەر لـە سـاڵی ١٩٦١ەوە ئـەوان خاوەنـی خۆبەڕێوەبردنیـن بەواقیعـی. لـە ئەنجامـدا، ئـەم ناوچەیـە لـە ژێـر سـەروەری کورددایـە، ناوچەیـەک کـە هیـچ کـەس تەنانـەت وەزیرێکـی عێراقیـش بـێ ڕەزامەنـدی دەسـەڵاتدارنی کـورد ناتوانێـت بچێتـە ئـەم ناوچەیـە. بـۆ مـاوەی حـەوت سـاڵە ئـەم دۆخـە بەردەوامـە.

لـە ژێـر ڕۆشـنایی ئـەم حەقیقەتـە، ئەمـە بـۆ هـەر حکومەتێکـی عێراقـی ڕێـگا بەدەرکردنـە، کـە بانگەشـەی ئـەوە بـکات پرسـی کـورد کێشـەیەکی ناوخۆییـە. ئـەم حەقیقەتـە نیشـاندەری ئەوەیـە حکومەتـی عێـراق لـە توانایـدا نییـە ویسـتی گەلـی کـورد لەبـارەی دەسـتەبەر کردنـی تـەواوی مافـی ئۆتۆنۆمـی لەنـاو ببـات. تەنیـا کارێـک کـە ئـەو

حکومەتانـە کردوویانـە بریتیـە لـە کاولکـردن و نەهامەتـی هێنـان بـۆ خەڵکـی سـڤیل لـە میانـەی هێرشـە ئاسـمانییە بـێ جیاوزەکانیـان [لـە نێـوان خەڵکـی سـڤیل و سـەرباز].

ئێمــەی کــورد گەلێکــی ئاشــتی خوازیــن و ئێــوەی پایەبــەرز، مرۆڤێکــن کــە لــە بەرزتریــن پلــەی دەســەڵاتدان و بەرپرســیارن لــە پاراســتنی دادپــەروەری و ئاشــتی لــە سەرتاســەری جیهانــدا. بۆیــە بــە نــاوی ئەنجوومەنــی ســەرکردایەتی شۆڕشــی کــورد و ســەرکردەکەی، پایــە بــەرز، مەلامســتەفا بارزانــی، داوا لــە بەڕێزتــان دەکــەم داوای نێوانگیــری نەتــەوە یەکگرتــووەکان بکــەن، هــەروەک چــۆن ئێــوە لــە ڕووداوە هاوشــێوەکاندا ئــەم کارەتــان کــردووە، بۆئــەوەی بێنــە نــاو پرســی کــورد و چارەســەری ئــەم پرســە بکــەن لــە ڕێگەیەکــی داپــەروەر و ئاشــتیخوازانەوە.

داوا لە ئێوەی پایە بەرز دەکەم باڵاترین ڕادەی ڕێزی من قبوڵ بفەرموون.

لەگەڵ ڕێزدا.

ئەمیر د. کامران. ئە. بەدرخان

یاداشتنامەیەک لەسەر پرسی کورد (ل ٩٥-٩٩)

**لە تشرینی دووەمی ١٩٦٨، پێشکەش بە نەتەوە یەکگرتووەکان کراوە**

نەتــەوەی کــورد تــا هەنوکــەش لــە ژێــر سـێبەری مەترسـییەکی جیدیـدا دەژییێـت کــە هەڕەشــە لــە بوونــە بەرجەســتەکەی دەکات. کۆمەڵێــک هەڕەشــەی جیــدی هێشـتاش لەسـەر ئـەم نەتەوەیـە بوونـی هەیـە و لـە پشـت ئـەم ئارامیـە ڕێژەییـە، هیــچ شــتێک نییــە تەنیــا وەهمێــک نەبێــت، ئاســتێکی بــەرز لــە تەنگــەژە خــۆی مــەلاس داوە، کــە لەوانەیــە بــێ ئاگادارکردنــەوەی پێشــوەخت تەقینەوەیەکــی جیــدی لەگــەڵ خۆیــدا بهێنێــت و بــە نــۆرەی خــۆی دەبێتــە هــۆی دووبارەکردنــەوەی جینۆسـایدێک کـە حکومەتـە یـەک لـە دوایەکەکانـی عێـراق هـەر لـە ١٩٦١ەوە لـە دژی کــورد بەڕێــوەی دەبــەن.

مێــژووی کــورد بــۆ ســەردەمە کۆنــەکان دەگەڕێتــەوە. ئەمڕۆکــە، زانــراوە بــە درێژایــی مــاوەی نزیــک ٦٠٠٠ بــۆ ٩٠٠٠ ســاڵ پێــش زاییــن، کــورد بــۆ داننــان بــە خۆیــان لــە ئابــووری کۆکردنــەوەی [دانەوێڵــە و بەکاربــردن] بــەرەو ئابــووری بەرهەمهێنــان هەنگاویــان نــاوە.

گەلـی کـورد، کـە سـەر بـە هینـدو ئەوروپیەکانـن و لـە ڕووی زمانـەوە دەگەڕێنـەوە بــۆ گروپــی زمانــە ئێرانیــەکان، خــاوەن مێژوویەکــی پڕشــنگدارن کــە لەســەر بنەمــای بەهـا بەرزەکانـی نەریتـی مرۆڤایەتـی دامـەزراوە. ئـەم گەلـە بـە درێژایـی ٢٥ سـەدەی ڕابــردوو لەلایــەن بیســت و پێنــج پاشــای ســەر بــە یــەک خێــزان فەرمانڕەوایــی کــراون.

ئەمــڕۆ، لــە عێــراق نزیکــەی دوو ملیــۆن کــورد هــەن (کــۆی گشــتی دانیشــتوانی عێــراق نزیکــەی حــەوت ملیۆنــە)، کــە لــە ناوچەیەکــی نزیکــەی هەشــتا هــەزار کیلۆمەتـری چـوار گۆشـەدا دەژیـن. (کـۆی گشـتی خاکـی عێـراق ٤٤٤،٤٤٢ کیلۆمەتـری چــوار گۆشــەیە). مێــژووی کــورد بریتییــە لــە چیرۆکــی بوونێکــی قارەمانانــە و مێــژووی نوێیەکـەی شـایەتی ململانێیەکـی بەردەوامـە لەپێنـاو مافـی چـارەی خۆنووسـین.

مەبەســت لــەم نامەیــە بریتــی نییــە لــە بەشــداریکردن لــە هەڵســەنگاندنی

مێـژووی کـورد، بەڵکـو مەبەسـتیەتی بـە کورتـی جەنگـی جینۆسـاید ڕوون بکاتـەوە کـە حکومەتـی عێـراق بـە چاوپۆشـین لـە گۆڕینـی ڕژێمـەکان، لـە دژی کـورد هـەر لـە سـاڵی ١٩٦١ەوە گرتووتـە بـەر.

لـە سـاڵی ١٩٦١ و بـە درێژایـی دوو سـاڵی دوای ئـەو، هێـزە چەکدارەکانـی عێـراق، کـە بـە مۆدێرنتریـن چـەک پۆشـتە کـراون، هـەر لـە فڕۆکـەوە تـا تـۆپ، جەنگێکیـان بەرپـا کـردووە کـە مەبەسـت لێـی لەناوبردنـی گەلـی کـوردە. بۆیـە جێگـەی سەرسـوڕمان نییـە تـەواوی گەلـی کـورد لـە ژێـر ئـاڵای سـەرهەڵدان کـۆ بوونەتـەوە کـە لەلایـەن ژەنـەڕاڵ مەلامسـتەفا بارزانییـەوە بەڕێوەدەبرێـت.

بەهـۆی بەرگریکردنـی قارەمانانـە لـە خۆیـان لـە شـەڕێکدا کـە بەسـەریاندا سـەپاوە، کـورد، ئەنجوومەنـی نیشـتیمانی شۆڕشـی عێراقیـان ناچارکـرد لـە ئـاداری ١٩٦٣دا دان بـە «مافـە نەتەوەییەکانـی نەتـەوەی کـوردا بنێـت».

کـورد باوەڕیـان بـە بەڵێنەکانـی حکومەتـی عێـراق کـرد و دەسـتیان بـە دامەزراندنـی پەیوەنـدی کـرد بۆئـەوەی تێگەیشـتنی ئـەوان [لەسـەر پرسـی کـورد] تاقـی بکەنـەوە، بـەڵام ڕوون بووەتـەوە کـە گشـت پەیوەندییـەکان و گفتوگـۆکان بـە مەبەسـتی فێڵکـردن لـە کـورد بـووە. بـۆ نموونـە، لـە شـوباتی ١٩٦٥، وەزیـری ناوخـۆی عێـراق، سـوبحی عەبـد ئەلحامیـد، ڕایگەیانـد «عێـراق نـە لـە ئێسـتا و نـە لـە داهاتـوودا مەبەسـتی نییـە ئۆتۆنۆمـی بـە کـورد ببەخشـێت» و جەنگـی ئێسـتا کـە گەلـی کـورد بـە قارەمانانـە بەرپەرچـی دایـەوە، وەک جەنگێکـی دڕندانەیـە کـە لەلایـەن هێزەکانـی سـوپای عێراقـەوە سـەر لـە نـوێ بەرپـا بووەتـەوە.

بـە چاوپۆشـین لـە زیانێکـی قـورس کـە وەبـەر کـورد کەوتـووە، ئـەوان ڕەتیـان کـردەوە خـۆ بەدەسـتەوە بـدەن و سـەرکردایەتی عێراقیـان ناچـار کـرد دان بـە شکسـتە سـەربازییەکەی خـۆی و شکسـت لـە بـێ دەنـگ کردنـی دەنگـی کـورددا بێنێـت. لـە ٢٩ی حوزەیرانـی ١٩٦٦، وەزیـری ناوخـۆی پێشـووی عێـراق عەبدولرەحـمان بـەزاز ڕێککەوتنامەیەکـی لەگـەڵ سـەرکردەکانی شۆڕشـی کـورد مـۆر کـرد کـە لـە جەوهـەردا

بریتـی بـوو لـە دانپێدانـان بـە مافـی ئۆتۆنۆمـی بـۆ کـورد و بەڵێـن دان بـوو بـۆ ڕێزگرتـن و جێبەجـێ کردنـی ڕێککەوتنەکـە. کودەتایـەک بـەزازی لادا و حکومەتـە جێگـرەوەکان نکۆڵـی لـەم ئیلتیزامـە نوێیـە کـرد.

دوو سـاڵ تێپەڕیـوە، لـە عێـراق حکومـەت و ڕژێمـەکان گـۆڕدراون. سـەرکردەکانی عێـراق هەوڵیانـداوە نکۆڵـی لـە شوناسـی گەلـی کـورد بکـەن و بەردەوامـن لـە پشـتگوێ خسـتنی مافیـان لـە بەڕێوەبردنـی ژیانـی ئۆتۆنۆمـی. کـورد داوای جیـا بوونـەوە ناکـەن لـە عێـراق، تەنیـا داوای مافـی ژیـان وەک کەمینەیەکـی نەتەوەیـی دەکـەن (کـورد نزیکـەی ٣٠٪ لـە کـۆی گشـتی دانیشـتوان پێـک دێنـن)، بۆئـەوەی بـە زمانـی تایبـەت بـە خۆیـان قسـە بکـەن، بۆئـەوەی قوتابخانـەی تایبـەت بـە خۆیـان بکەنـەوە و بۆئـەوەی کاروبـاری تایبـەت بـە خۆیـان بەڕێـوە ببـەن. بـەڵام ئـەم مافـە سـەرەتاییانە لـە چـاوی حکومەتـە حوکمڕانەکانـی عێـراق وا دیـارە کـە مافگەلێکـن زیادەگۆیـی تێیدایـە.

لـەم شـەڕەدا کـە چەندیـن جـار لـە ١٩٦١ەوە ڕوویـداوە، گەلـی کـورد زۆرتـر لـە شەسـت هـەزار قوربانـی داوە و پـتر لـە سـێ هـەزار گونـدی خاپـوور کـراوە. ئـەم ژمارانـە خەیاڵـی نیـن. پەیامنێـرە بێگانـەکان و سـەردانکەرەکان کـە لـەم سـاڵانەی دواییـدا سـەردانی کوردسـتانیان کـردووە، شـایەتی بـۆ ئـەم حەقیقەتـە دەدەن.

لـە ٢ی تەمـووزی ١٩٦٣دا، کۆمـاری گەلـی مەنگۆلیـا بڕیاریـدا تاوانـی جینۆسـاید کـە لەلایـەن حکومەتـی عێراقـەوە لـە دژی کـورد ئەنجامـدراوە، پێـش ئەنجامدانـی دانیشـتنی داهاتـوو (هەژدەهەمیـن دانیشـتن)، بهێنێتـە بـەردەم ئەنجوومەنـی گشـتی نەتـەوە یەکگرتـووەکان. هەروەهـا لـە ٩ی تەمـووزی هەمـان سـاڵدا، سـەرۆکی شـاندی یەکێتـی سـۆڤیەت لـە سـی و شەشـەمین دانیشـتنی ئەنجوومەنـی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان کـە لـە جێنێـڤ بەڕێوەبـرا بـە نامەیەکـی فەرمـی داوای کـرد لـە بەرنامـەی کاری ئەنجوومەنـدا، «سیاسـەتی جینۆسـاید کـە لەلایـەن حکومەتـی کۆمـاری عێراقـەوە لـە دژی گەلـی کـورد پەیـڕەو کـراوە» بگونجێنرێـت. شـایانی بیـر هێنانەوەیـە وەزیـری پێشـووی بەرگـری ویلایەتـە یەکگرتـووەکان بەڕێـز ڕۆبێـرت ماکنامـارا (Mr. Rober Macnamara)، کـە لەسـەر ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت قسـەی دەکـرد، گوتـی

یەکێـک لـەو سـێ پرسـیارانەی حکومەتـی ولایەتـە یەکگرتووەکانـی نیگـەران کـردووە بریتییـە لـەو مامەڵـە خراپـەی کـە لەگـەڵ گەلـی کـورد ئەنجـام دەدرێـت.

مافـی گەلـی کـورد بۆئـەوەی وەک نەتەوەیـەک بژییـت لەلایـەن گەرەنتیـە یاسـاییە نیودەوڵەتیەکانـەوە، تەنانـەت لەسـەردەمی ئێسـتادا، دانـی پێدانـراوە. پەیماننامـەی سـیڤەر لـە ١٩٢٠، لـەو بەشـەی کـە ناونـراوە «کوردسـتان›› لە ژێـر بەنـدی ٦٢، ٦٣ و ٦٤دا، کۆمەڵێک ڕێـکاری بـۆ دامەزراندنـی دەوڵەتـی کـورد داڕشـتووە. بەنـدی ٦٤ لـەو پەیماننامەیـە دەڵێت، هیـچ ناڕەزاییـەک لەلایـەن نەتـەوە هاوپەیمانەکانـەوە بوونـی نابێـت لەبـارەی ئەندامێتـی خۆبەخشـانەی ئـەم دەوڵەتـە کوردییـە سـەربەخۆییە، بـۆ ئـەو کوردانـەی لـە باشـووری کوردسـتاندا (لـە عێـراق) دەژیـن. لـە میانـەی نمایشـێکی سیاسـیدا ئـەم بەشـەی کوردسـتان بـە پێچەوانـەی ئیـرادەی گەلـی کـورد بـە عێراقـەوە لکێـنرا.

لـە بەیاننامەیەکـی هاوبەشـی نێـوان حکومەتـی بەریتانیـا و ڕژێمـی بەغـدا، کـە لـە ڕێککەوتـی ٢٤ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٢٢دا دەرکـراوە و بـە فەرمـی ئاڕاسـتەی کۆمەڵـەی گـەلان کـراوە، ئـەم مەرجانـەی خـوارەوە لەبـارەی مافـی ئۆتۆنۆمـی بـۆ باشـووری کوردسـتان لـە چوارچێـوەی عێراقـدا خراوونەتـەڕوو:

«حکومەتـی خاوەنشـکۆی بەریتانیـا و حکومەتـی عێـراق دان دەنێـن بـە مافـی کـورد کـە لـە چوارچێـوەی سـنوورەکانی عێراقـدا دەژیـن، بۆئـەوەی حکومەتێکـی کـوردی لـە چوارچێـوەی ئـەم سـنوورانەدا دابمەزرێنـن. هیـوادارن گروپـە جیـاوازەکانی کـورد بـە زووتریـن کات لـە نێـوان خۆیانـدا لەسـەر شـێوازی ئـەو حکومەتـەی داوای دەکـەن بگەنـە ڕێکارێـک و بەربەسـتی بەردەمیـان تێپەڕێنـن. ئـەوان شـاندێکی بەرپـرس دەنێـرن تـا گفتوگـۆ لەسـەر پەیوەندییـە ئابـووری و سیاسـییەکان لەگـەڵ حکومەتـی خاوەنشـکۆی بەریتانیـا و حکومەتـی عێراقـدا بکـەن».

هیـچ کات، هیـچ هەنگاوێـک لەلایـەن حکومەتـی عێراقـەوە بـۆ جێبەجێکردنـی مەرجەکانـی بەیاننامەکـە نەهاوێـژراون و ئـەم مەرجانـە هەرگیـز جێبەجـێ نەکـراون. چەندیـن ڕاپەڕینـی کـوردی ڕوویانـداوە بـەو ئامانجـەی لەنـاو حکومەتـی عێراقـدا،

هەرێمێکـی ئۆتۆنۆمـی بـۆ کـورد دابمەزرێنـن، بـەڵام گشـت ئـەم سـەرهەڵدانانە لەلایـەن حکومەتــی عێراقــەوە بــە هێــز و بــە خوێنڕێشــتنێکی زۆر ســەرکوت کــراون.

سـەرکردەکانی نەتـەوەی کـورد بـۆ چەندیـن سـاڵ هەوڵیانـدا تـا بـە گریانـی خۆیـان سـەرنجی دامــەزراوە نێودەوڵەتیــەکان ڕاکێشــن بــۆ هــاوکاری و لەخــەو هەســتاندنی ویژدانــی نێودەوڵەتــی تــا بانگێشــتی حکومەتــی عێــراق بکــەن دان بنێــت بــە مافــە ســەرەتاییەکانی مــرۆڤ بــۆ گەلــی کــورد پێــش ئــەوەی زۆر درەنــگ بێــت و جەنگێکــی نــوێ لــە دژی ئــەوان بەرپــا بکرێــت.

ئەمیر کامران بەدرخان

نێردراوی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لە کوردستانی عێراق

نهێنی (ل ١٠٠-١٠١)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

(٨/١)

بەغدا

٤ی نیسان ١٩٦٩

**هێرشی عێراق بۆسەر کورد**

١. سوپاس بۆ نامەکەی ئێوە (NEQ 1//2) لە ١٢ی ئادار کە لەسەر دۆخی کوردی عێراق داوای هەڵسەنگاندنی ئێمەتان کردووە.

٢. هیچ بەڵگەیەک لە هیچ سەرچاوەیەک بوونی نییە لەبارەی سروشتی «شەڕی ناوخۆی تەمام عەیار›› کە دووبارە لە باکوور ڕوویدابێت، وەک ئەوەی ڕۆژنامەی دەیلی تەلەگراف بانگەشە دەکات. ڕاپۆرتی بەردەوام لەسەر ڕووداوە پچڕ پچڕەکان هەن، هەندێك لەوان کاریگەریان لەسەر کۆمپانیای نەوتی عێراق (I. P. C) هەبووە، بەڵام هێرش بۆ سەر بنکەکانی کۆمپانیای نەوتی عێراق لە کەرکووک (تەلەگرامی ئێمە بە ژمارە ٢٦٢) تا هەنوکەش گەورەترین هێرشە. ئێمە دەزانین لە دوای ئەو هێرشە، هێزەکانی ئاسمانی عێراق هێرشێکی تەمبێکارانەیان بۆ سەر گوندە کوردییەکاندا ئەنجامداوە و لەم هێرشەدا موشەک و ناپاڵمی بەکارهێناوە، ئەمەش بە وێرانکاری گوندەکان لەلایەن پەیامنێری دەیلی تەلەگرافەوە ڕاپۆرتکراوە و هانی دەدات کە بڕوا بەوە بێنێت ئەم جۆرە کارانە نموونەی ئاسایی ڕووداوەکانن. جیا لەم هێرشە ئاسمانیە تۆلەسەندنەوەیە، وا دیارە پێکدادان لە نێوان کوردی بارزانی لە لایەک و کوردی تاڵەبانی و حکومەت لە لایەکی دیکەوە، بە توندییەکەی جاران بەردەوام بێت. هیچ ڕاپۆرتێک نییە ئاماژە بەوە بکات حکومەتی عێراق چەکی قورس و تانکی بەکار هێنابێت، هیچ ڕاپۆرتێکیش لەبارەی قوربانییەکان بوونی نییە کە ئاماژە بەوە بکات شەڕێکی قورس ڕوویدا بێت.

٣. ئەمەش ئەو گریمانەیە پوچەڵ ناکاتەوە کە لەوانەیە پلانی هێرشی بەهاری داڕێژرابێت، هەروەها دەنگۆیەکی باو لەناو سوپادا هەیە کە پلانێکی لەم جۆرە لە ئارادایە. ڕاپۆرتەکان لە عەمانەوە باس لە داوای عێراقیەکان دەکەن کە بە شێوەیەکی کاتی سەربازەکانیان لە بەرەکانی جەنگی ئیسرائیل بکشێننەوە تا بەرەنگاری کورد ببنەوە (181135Z/D. A. Amman's telegram No. FOH MAR). وا دەردەکەوێت ئەم داواکارییە پشتگیری نیەتەکانی حکومەت بێت، بۆیە داواکاریی کشانەوەی هێزەکانیان لە ئەردەن، دژی ئەو شتەیە کە ئەوان بە ڕاشکاوی لەناو خەڵک و بە نهێنی [لە نێوان خۆیاندا] باسی لێوە دەکەن. ئەوان ئێستا سێ کەرتیان هەیە کە نزیکەی شەست هەزار سەرباز لە خۆ دەگرێت و بۆ باکوور نێردراون، لەوانەیە بەس بێت بۆ دەستپێکردنی هێرش بێ پێویست بوون بە هێزی زیاتر، بەڵام ئەگەر ئەم پلانە بۆ داهاتویەکی نزیک بێت، من بۆ پاساو هێنانەوە بۆ هێرشێکی چاوەڕوان نەکراو چاوەڕوانی کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیم، تەنیا ئەگەرێک ئاماژە بەوە دەکات ئەوەیە کە ئەلنور، ڕۆژنامەیەکی کوردی سەر بە تاڵەبانی، زۆر ڕاستەوخۆیانەتر لە ڕابردوو ئاماژەی بە یارمەتییەکانی ئیسرائیل بۆ بارزانی داوە و بەو ئەنجامە گەیشتووە کە ئەم جوڵانەوەیە یاخی بوونە و بەشێکە لە پیلانی ئیمپریالیست لە دژی عەرەب، بەڵام هاوسەنگیەکە پارێزراوە، ئەویش لە میانەی سەرنجێکی دۆستانەی ڕۆژنامەوانی کە وەک ڕێزگرتنێک لە نەریتی کورد لە ڕۆژی نەورۆز حکومەت پشووی گشتی ڕاگەیاندووە.

٤. نەبوونی ئاماژەیەکی ڕاستەقینە لەسەر نیەتەکانی حکومەت ڕەنگدەرەوەی دوو دڵی ئەوانە. کێشەی کورد جڵەو ناکرێت و جێگەی سەرسوڕمان نییە ئەگەر لەبارەی چۆنیەتی ئیدارەدانی ئەم پرسە بۆچوونی دژ بە یەک هەبێت.

(P. McKearney)

نهێنی (ل ١٠٢)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا

(٨/١)

٥ی نیسان ١٩٦٩

**هێرشی عێراق بۆسەر کورد**

١. لـە نامەکەمـدا (٨/١) لـە ٤ی نیسـان، ئامـاژەم بـەوەدا پێویسـتە ئێمـە هێمایـەک لـە [دەسـتپێکردنی] هەڵمەتـی ڕۆژنامەوانـی ببینیـن بـۆ پاسـاودان بـە هێرشـی تەمـام عەیـاری سـوپای عێـراق لـە دژی کـورد.

٢. لـــەم پێکبەســـتەدا لەوانەیـــە گرنـــگ بێـــت بەشـــێکی بەرچـــاوی چاوپێکەوتنـــە بڵاوکراوەکانـی تەلەفزیـۆن لەگـەڵ عەزیـز ئەلحـاج کـە بـۆ کێشـەی کـورد تەرخـان کـراوە (کۆپیـەک بـۆ ئێـوە بەنـاوی ئـەو موجامەلانـەی لـەدەم دەرچـوون نێـردراوە). لەبـارەی سـەرچاوەکانی یارمەتـی سـەربازی بـۆ کـورد، بەتایبەتـی پرسـیار لـە ئەلحـاج کـرا. کاتێـک پرسـیار کـرا ئایـا بارزانـی چەکـی لـە سـەنتۆ (CENTO) وەرگرتـووە، ئەلحـاج تەنیـا دابینکردنـی ئـەو یارمەتیانـەی پشتڕاسـت کـردەوە کـە لـە ئێرانـەوە هاتـوون. کاتێـک گوشـاریان بـۆ هێنـا، پشـتەوانی ئەوەشـی کـرد ڕاوێـژکاری ئێرانـی و لەوانەیـە ئەمریکیـش لـە کەمپەکـەی بارزانیـدا بوونیـان هەبێـت، بـەڵام سـەرەڕای گوشـارەکان، ئەلحـاج گوتـی هیـچ زانیارییەکـی تایبەتـی لەسـەر بوونـی ئەفسـەرکانی ئیسرائیـل نییـە.

٣. پرسـیارەکە زۆر بەتونـدی ئەلحاجـی خسـتبووە ژێـر گوشـارەوە تاکـو دان بنێـت بـە بوونـی پەیوەندیـی لـە نێـوان کـورد و ئیسرائیلـدا (سـەنتو). ئەمـەش هاوتـای ئـەو کۆمێنتـەی ڕۆژنامـەی ئەلنـورە کـە لـە نامەکەمـدا بـە ناونیشـانەوە ئامـاژەم پێـداوە، هەروەهـا هاوتـای ژمـارەی ئەمـڕۆی ئەلنـورە کـە گوتوویەتـی جوڵانـەوەی کـورد پەیوەنـدی لەگـەڵ ولایەتـە یەکگرتـووەکان و ئیسرائیـل هەیـە.

٤. ئەگـەر ئـەم [بیانـوە] ببێتـە هـۆی هێرشـکردن لـە وەرزی بەهـاردا لەلایـەن سـوپاوە یـان بەردەوامیـدان بێـت بـە هەوڵـەکان بـۆ مامەڵەکـردن لەگـەڵ بارزانـی لـە ڕێگـەی ئامـرازە سیاسـییەکانەوە، بـۆ نموونـە بەدناوکردنـی بارزانـی، بەتایبەتـی بـە لەزگـەی ئیسرائیلـی بوونیـەوە، شـتێکە دەبـێ چاوەڕوانـی بیـن. هەڵبـەت، شکسـت لـە گەیشـتن بـە ڕێکەوتنێـک لەگـەڵ ئێـران، لەوانەیـە ڕژێـم لـە بەکارهێنانـی بەهێزتریـن چەکـی خـۆی لـە دژی بارزانیـدا بێبـەش بـکات. ئـەوەش بـەو مانایـە نییـە ئـەوان هینـدە عاقـڵ نەبـن، بـە لەسـەرەخۆ نـەک دەمودەسـت کـردەوەی سـەربازی ئەنجـام بـدەن.

(P. McKearen) P. R. M. Hincheliffe، Esq.

بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک

سنووردار (ل ١٠٣-١٠٤)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

(٨/١)

بەغدا

٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٩

## کێشەی کورد

١. ماوەیەک تێپەڕیوە و باڵیۆزخانەی [بەریتانیا] هیچ ڕاپۆرتێکی فەرمی لەسەر کێشەی کورد لە عێراقدا نەناردووە. هۆکاری سەرەکی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حاڵیحازر لە بەغدا دەنگوباسی کەم لەسەر ئەم کێشەیە بوونی هەیە. بەهەرحاڵ، هەروەک ئاگادارن لە چاپەمەنی جیهاندا، بۆ نموونە لە لیمۆند (Le Monde) لە ٧ی تشرینی دووەم، هەواڵێک لەبارەی بەردەوام بوونی شەڕ لە کوردستان بڵاوکراوەتەوە و دەنگۆکانی بەغداش ئەم هەواڵە پشتڕاست دەکەنەوە، بێئەوەی هیچ بەڵگەیەکی کۆنکریتی لەسەر ئاستی فراونی شەڕەکە بەدەستەوە بدەن.

٢. لە خودی چاپەمەنی عێراقدا، کێشەی کورد پشتگوێ خراوە. بۆیە جێگەی سەرسوڕمانە لە ڕۆژنامەی ئەلجمهوریە لە ٢ی کانوونی یەکەمدا، فەرمانێکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڵاوکراوەتەوە کە بۆ جێبەجێکردنی گشت بڕیارەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، کۆمیتەیەکی پەیوەست بە پرسی کوردستان پێکهێناوە. کۆمیتەکە بە سەرکردایەتی ژەنەڕاڵ ‹عەماش›ە و هەریەک لە ژەنەڕاڵ سەعدون غێدان، سەعید عەبدوڵا سالۆم ئەلشەممەری و سەعید مورتەزا ئەلحەدیسی تێیدا ئەندامن. گشت وەزیرەکانی دیکە لە جێبەجێکردنی ئەم بڕیارانە بە زووترین کات و ‹بێ هیچ هێڵێکی سوور›› بەشدارن.

٣. هەردوو ڕۆژنامەی ‹بەغدا ئۆبسێرڤێر› و ‹ئەلنور›، لە هەمان ڕێکەوت [٢ی کانوونی یەکەم] لە سەروتارەکەیاندا پێشوازیان لە فەرمانەکەی ئەنجوومەنی

سەرکردایەتی شۆڕش کردووە. بەڵام ئەلنور، نیگەرانی خۆی لەبارەی نەبوونی هیچ کوردێک لە کۆمیتەکەدا دەربڕیوە، هەروەها، دووبارە جەختی لەسەر ئەم بیرۆکەیە کردووەتەوە کە پێویستە لەناو دامودەزگاکانی حکومەتدا شوێنی (پۆست) زۆرتر بۆ کورد بکرێتەوە.

٤. ئەم فەرمانە چەندین بڕیاری بەدواداهات کە لە ڕابردوو بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ناوچە کوردییەکاندا لەلایەن ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە دەرکراون. گرنگترینی بڕیارەکان، بریتین لە لێبوردنی کوردە دەستگیرکراوەکان، دامەزراندنی زانکۆی سلێمانی و ئاکادیمیای ئەدەبیاتی کوردی، بە فەرمی ناساندنی زمانی کوردی لەگشت قوتابخانەکانی ناوچەکانی باکوور تا دەگاتە قۆناغی خوێندنی باڵا، هەروەها لە میانەی سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی پارێزگاکان، پارێزگای دهۆکیش دامەزرێت.

٥. بەهۆی ئەم بڕیارانەوە شتێکی سروشتییە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڵێت، کێشەی کورد چارەسەر کراوە. بۆ نموونە، باڵیۆزی عێراق لە پاریس لە وەڵامی ڕۆژنامەی لیمۆند، لە وتارێکی ٧ی تشرینی دووەمدا، ئاماژە بەوە دەکات کە چیتر کێشەی کورد بوونی نەماوە. لە ڕاستیدا ئەمەش بانگەشەیەکی بێ بنەمایە، بەڵام پێکهێنانی کۆمیتەیەک لەم ئاستە باڵایەدا دەرخەری ئەوەیە کە بەراورد لەگەڵ حکومەتەکانی ڕابردوو، حکومەتی ئێستا زۆر جیدیترە لە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە. بەهەرحاڵ، تەواوی چارەسەرییەکە لە دەست ئەواندا نییە.

(J. H. Symons)

P. R. M. Hinchcliffe، Esq.

بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک

نووسینگەی کاروباری دەرەوە

نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس (ل ١٠٥)

لەندەن1 S. W.

لەلایەن: جێگری وەزیری کاروباری دەرەوە لە پەرلەمان

٩ی کانوونی دووەمی ١٩٧٠

چونکە لە نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس لەبارەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرپرسیارێتییەکی تایبەتم هەیە، بۆیە وەڵامی نامەکەتان دەدەمەوە کە لە ڕێکەوتی ١٢ی کانوونی یەکەم پەیوەست بە کێشەی کورد لە عێراق، بۆ لۆرد چالفۆنتان (Lord Chalfont) ناردبوو.

ئێوە لەبارەی هەڵوێستی حکومەتی خاوەنشکۆ لەمەڕ ناکۆکی نێوان حکومەتی عێراق و کورد، پرسیارتان کردبوو. شتێکی کەم هەیە کە بمەوێت بخەمە سەر قسەکانی سەرۆک وەزیران لەبەردەم ئەنجوومەنی گشتی (House of Common)، لە ١٧ی حوزەیرانی ١٩٦٥، کە لە وەڵامی پرسیارێکی پەرلەمانتار ستانلی ئۆرمێ (Stanley Orme) لەبارەی کورد [ئاڕاستەی سەرۆک وەزیرانی] کرد، کە شەڕ لە نێوان کورد و هێزەکانی حکومەتی عێراق لە ئارادایە؛ [وەڵامی سەرۆک وەزیران بەم شێوەیەی خوارەوە بوو]

«وەک هەرجۆرە ناسەقامگیرییەک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، حکومەتی خاوەنشکۆ نیگەرانی دووبارە سەرهەڵدانەوەی شەڕە لە کوردستان، بەڵام ئێمە پرسی کورد لە عێراقدا بە بابەتێکی ناوخۆیی هەژمار دەکەین و بەگونجاوی نابینین دەست لەم بابەتە وەربدەین››.

لەوکاتەوە تا ئێستا ئەم ناکۆکییە بە شێوەی پچڕ پچڕ بەردەوامە، بەڵام تا ئەوکاتەی ڕەگەزە سەرەکییەکانی ئەم کێشەیە گۆڕانی بەسەردا نەیێت، هیچ هۆکارێک نییە ئێمە هەڵوێستی خۆمان لەسەر ئەم بابەتە بگۆڕین.

هەروەها ئێوە ئاماژەتان بەو مەترسییە کردبوو، لەوانەیە کۆمۆنیستێک

سـەرکردایەتی جوڵانـەوەی کـورد بگرێتـە دەسـت. ئەوکاتـەی [لەلایـەن سـۆڤیەتەوە] پاڵپشـتی لـە کـورد دەکـرا، ئەمـە ئەگەرێکـی مومکیـن بـوو؛ وەک ئـەو کۆمـارە تەمـەن کورتـەی لـە باکـووری ڕۆژئـاوای ئێـران دامـەزرا، بـەڵام لـەم سـاڵانەی دواییـدا کۆمۆنیسـت زۆر بەکەمـی [لەنـاو جوڵانـەوەی کـورد] گەشـەی کـردووە، یـان کۆمۆنیسـت هیـچ جـۆرە بەرژەوەندییەکـی لـە پرسـی کـورددا نییـە.

بەهەرحـاڵ ئێمـە هیواداریـن ئـەم ناکۆکییـە درێژخایەنـە بـە کۆتـا بێـت. (لـە ڕاسـتیدا هەندێـك ڕاپـۆرت بـاس لـە دووبـارە دەسـتپێکردنەوەی پەیوەندییـەکان لـە نێـوان حکومەتـی عێـراق و سـەرکردەکانی کـورد دەکـەن). بەهەرحـاڵ، لـە بارودۆخـی ئێسـتادا، تەنیـا چارەسـەر بریتییـە لـە گەیشـتن بـە ڕێککەوتنێکـی دوولایانـە لـە نێـوان حکومەتـی عێـراق و کـورددا. دەسـتێوردان لـەم بابەتـە لەلایـەن حکومەتەکانـی دیکـەوە، یارمەتیـدەری [چارسـەرکردنی ئـەم کێشـەیە] نییـە.

خزمەتکارتان

(D. E. T. Luard)

Ian Tanner، Esq

2 Ladywood Mead

Asket Hill

LEEDS 8

نهێنی (ل ١٠٦)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

١٢ی کانوونی دووەمی ١٩٧٠

**کێشەی کورد**

١. لەکاتی ناردنی نامەکەم (٨/١) لە ٦ی کانوونی یەکەمدا، بەردەوام لێرە و لە بەیروت لەسەر پەیوەندی نێوان حکومەتی عێراق و مەلا مستەفا بارزانی دەنگۆیەک هەیە، بەڵام هیچ کام لەم دەنگۆیانە بە بەڵگەیەکی باوەڕ پێکراو پشتڕاست نەکراونەتەوە و تا هەنوکەش بەرپرسانی عێراقی نەیانتوانیوە تەئیدی ئەم دەنگۆیانە بکەن.

٢. لە میانەی سەردانی بەڕێز جۆرج براون، سێ ئەندامی وەزارەتی کاروباری دەرەوە بێ چوونە ناو وردەکارییەکان لەبارەی ئەو بابەتانەی گفتوگۆیان لەسەر کراوە یان ئەو بەرەوپێشچوونەی هاتووەتە کایەوە، ئەوەیان بۆ من پشتڕاست کردەوە کە ئەم جۆرە پەیوەندیگرێدانە لە بەرەوپێشچووندایە.

٣. زۆربەی ڕاپۆرتەکانی ئێستا، باس لەوە دەکەن شاندی نوێنەرایەتی بارزانی لە بەغدایە و بەجێهێشتنی باکوور لەلایەن ئەم شاندەوە هاودەمی ئاگربەستی باکوور بووە. بە گشتی، ئەو بڕوایە هەبوو کە ئەم ئاگربەستە، لە ڕۆژی سوپا (٦ی کانوونی دووەم) ڕابگەیێنرێت، بەڵام ڕانەگەیێندرا. ڕاپۆرتەکان لەبارەی پێکهاتەی شاندی کورد جیاوازن. هەندێك خەڵک دەڵێن ئیدریس بارزانی، کوڕی مەلامستەفا لێرەیە، بەڵام بازرگانێک لە بەغدا کە بانگەشەی ئەوە دەکات گوایە چاوی بە ئەندامانی شاندەکە کەوتووە ئەوەی ڕەتکردووەتەوە ئیدریس لەناو شاندەکەدا بێت و دەڵێت شاندەکە حەوت سەرکردەی کورد لە خۆ دەگرێت: دکتۆر مەحمود عوسمان، موحسن دزەیی (L. P. No. 105)، شەوکەت ئاکرەیی (L. P. No. 131)، ئیحسان شێرزاد (L. P. No. 71)، و ساڵح یوسفی (سەرنوسەری پێشووی ئەلتەئاخی). بەگوێرەی هەمان سەرچاوە، شاندەکە گفتوگۆ لەگەڵ تیمی حکومەت دەکەن کە

لەلایـەن حـەردان عەبدولغەفـار تکریتـی و سـاڵح عەمـاش سـەرکردایەتی دەکرێـت و هەریـەک لـە سـەعدون غێـدان، مورتـەزا ئەلحەدیسـی، عەبدولخالـق ئەلسـامرایی و تاریـق عەزیـز لـە خۆدەگرێـت. بـە گوتـەی ئـەو، هـەردوو لایـەن بەلانیکـەم لـە ڕووی مەبدەئیـەوە، گەیشـتوونەتە ئاسـتێکی بـاش لـە ڕێککەوتـن و ڕاگەیاندنـی ئـەم ڕێکەوتنـەش حەوتـەی داهاتـوو دەبـێ. ئێمـەش چاوەڕوانیـن.

٤. کاتێـک پێکهاتـەی تیمـی حکومـەت بـەراورد بکرێـت لەگـەڵ لێژنـەی کاروبـاری کـورد جێـی سـەرنجە، پێکهاتـەی ئـەو لێژنەیـەم لـە نامەکەمـدا لـە ٦ی کانوونـی یەکـەم بـۆ ئێـوە نـاردووە. بەهەرحـاڵ، لەخۆگرتنـی وەزیـری بەرگـری لەنـاو شـاندەکە بـۆ گفتوگـۆ لەسـەر کۆتایهێنـان بـە شـەڕ، بـە چاوپۆشـین لـە پێکهاتـەی لێژنـەی پەیوەندیـداری حکومـەت، شـتێکی چاوەڕوانکـراو بـوو.

٥. سـەرەڕای دروسـتی یـان نادروسـتی وردەکارییـەکان، ئێسـتا ڕوونـە گفتوگـۆکان لەبـەرەو پێشـچووندان و هـەروەک ئـەوان دەڵێـن بـە باشـی بەڕێـوە دەچـن. ئەگـەر گفتوگـۆکان سـەرکەوتوو بـن، تەنانـەت تاڕادەیەکـی کەمیـش، دەسـتکەوتێکی گرنـگ دەبێـت بـۆ ئـەم حکومەتـە و لێکەوتـەی گرنگـی لـێ دەکەوێتـەوە.

(J. H. Symons)

P. R. M. Hincheliffe، Esq.

بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک،

نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس

پێنج شەمە، ٢٩ی کانوونی دووەمی ١٩٧٠ (ل ١٠٧-١١٠)

عێراق: لەبەر دەم بڕیارێکی یەکلا کەرەوەدا

(Iraq: on threshold of vital decision)

ی. پریماکۆڤ (Y. Primakov)

لــە شــەوی ٢٠ی کانوونــی دووەم، گروپێــک لــە پیلانگێــڕان هەوڵیانــدا، بنکــەی ســەربازی ئەلرەشــید لــە دەوروبــەری بەغــدای پایتەختــی عێــراق کۆنتــڕۆڵ بکــەن.

کودەتاکــە ســەرکوتکرا و پیلانگێــڕەکان دەستبەســەرکران. کاراکتــەرە کۆنەپارێــزە تونــدڕەوەوەکان، بــە پلــەی ئەفســەری پێشــوی ســوپا تادەگاتــە ژەنەڕاڵــەکان، کــە چەنــد ســاڵ لەمەوبــەر خزمەتــی حکومەتــی پاشــایەتی نــوری ســەعیدیان کــردووە، تــا دەگاتــە ئــەو کەســانەی لــە کۆمپانیــا نەوتییــە بێگانەکانــدا کار دەکــەن و پەیوەنــدی کۆنیــان لەگــەڵ ویلایەتــە یەکگرتووەکانــی ئەمریــکا و بەریتانیــادا هەیــە، پەیوەندیــان بــە هێــزە بەشــداربووەکانی ئــەم هەوڵــە کــردووە تــا ڕژێمــی بەرقــەرار بروخێنــن. بــە گوتــەی ســەرکردەیەک لــە ســەندیکای یاساناســانی عێــراق، ئــەو پیلانگێڕانــەی لــە ڕۆژنامەکانــدا ناویــان هاتــووە، هیــچ گومانێــک هەڵناگــرن کــە پاڵنەرەکەیــان سروشــتی دژە-شۆڕشــگێڕیی هەیــە.

هــەر ئەوەنــدە بەســە بگوترێــت، ســەرکردە پلەدارەکــەی پیلانگێــڕەکان، لیــوای پێشــوو ژەنــەڕاڵ عەبدولغەنــی ئەلــڕاوی بــووە، بەدناوتریــن کۆنەپارێــزە و زۆر ڕقــی لــە هێــزە دیموکراتییــەکان دەبێتــەوە.

ژمارەیــەک لــە ســەرەڕۆکان لــە ئەفســەرە پلــە ناوەندەکانــی ســوپای ئێســتای عێــراق لــە کودەتــا نەزۆکەکــەدا بەشــدار بوونــە. پلانــی پیلانگێڕییەکــە ماوەیــەک پێشــتر داڕێــژراوە: هەنــگاوە بەراییــەکان لەبــارەی سیاســەتی نیشــتیمانی نــەوت، پێشــکەوتن لــە سیاســەتی چاکســازیی زەوی، داننــان بــە کۆمــاری دیموکراتــی ئەڵمانیــا، بەهێزکــردن و فراوانکردنــی هەمــوو جــۆرە هاوکارییــەک لەگــەڵ یەکێتــی ســۆڤیەت، گفتوگــۆ لــە نێــوان حیزبــی بەعســی فەرمانــڕەوا لەگــەڵ حیزبــی کۆمۆنیســتی عێــراق و گرتنەبــەری کۆمەڵێــک

پێـوەر بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد، گشـت ئەمانـە پێـش وەختـەوە بوونـە هـۆی هەڵسـوکەوتی دوژمنکارانــەی ئیمپریالیــزم و بەرپەرچدانــەوەی ســەرکردایەتی ئێســتای عێـراق. بەڵگەنامـە بەرجەسـتەکان کـە لـە بەغـدا خراونەتـەڕوو ئـەوە نیشـان دەدەن کـە کودەتـای دژە-حکومـەت لـە شـەوی ٢٠ی کانوونـی دووەم لەلایـەن بەشـی هەواڵگـری ولایەتـە یەکگرتـووەکان و هێـزە دەرەکیەکانـی دیکـەوە داڕێـژراوە.

سـەرکردە پلەدارەکانـی کودەتـا شکسـتخواردووەکە دەیانویسـت بچنـە نـاو کۆشـکی کۆمـاری. ڕۆژنامـەی ئەلسـەورەی بەغـدا، ئامـاژەی بـەوە داوە کـە چوونەتـە نـاو کۆشـک، بـەڵام لـە ژێـر هەڵومەرجێکـی گوماناویـدا، ئەفسـەرێکی نیشـتیمانپەروەر، پێشـوەختە خزاوەتـە نـاو تیمـی پیلانگێـڕەکان و «سـەرکردایەتی نوێـی» ئـاگادار کردووەتـەوە لەسـەر «سـەرکەوتنی تـەواوی» کودەتاکـە و پێشـنیازی ئـەوەی کـردوە لـە کۆشـکی کۆماریـدا «دەسـەڵات بگرنـە دەسـت». بەرپەرچدانـەوەی چـاوەڕوان نەکـراوی دژە-شۆڕشـگێڕەکان کـە لەنـاو سـوپادا پێگـەی نوێیـان وەرگرتبـوو، سـەلامی سـەربازیان لـە پاسـەوانانی سـەرۆکایەتی دەکـرد، بـەڵام ئەوانیـش دەسـت بەسـەرکران.

«ئێمـە گرفتـی کەمترمـان هەبـوو لـە پوچەڵکردنـەوەی ئـەم هەوڵـە مەترسـیدارە بـۆ ڕووخاندنـی ڕژێـم، چونکـە ئاژانسـە هەواڵگرییەکانـی بێگانـە ناچاربـوون [بـۆ ئەنجامدانـی کودەتاکـە] خێـرا بـن و نەیانتوانـی گشـت ئامادەکارییەکانـی پێویسـت فەراهـەم بکـەن»، عەبـدوڵا سـامەڕایی ئەندامـی سـەرکردایەتی حیزبـی بەعـس پێـی گوتم»ئـەوان زانیاریـان پێدرابـوو کـە لـە گەیشـتن بـە ڕێککەوتنێـک لەگـەڵ کـورد بـۆ چارسـەری لـە باکـوور نزیـک بووینەتـەوە».

لـە سـەرچاوە بـاوەڕ پێکراوەکانـەوە ئـاگادار کراینـەوە کـە بـۆ مـاوەی چەندیـن حەوتەیـە گفتوگـۆ لـە نێـوان نوێنەرانـی حکومـەت و جووڵانـەوەی کـورد بـە سـەرۆکایەتی مەلامسـتەفا بەردەوامـە. ئـەم گفتوگۆیانـە سـەرکەوتووانە بـەرەو پێشـەوە دەچـن. ڕێککەوتـن لەسـەر گشـت خاڵـە گرنگـەکان کـراوە. بـاوەڕ وایـە ئـەم گفتوگۆیانـە لـە مـاوەی نزیکـدا بگەنـە دوایـن قۆنـاغ، ئەگـەر هەردوولایـەن ئەوپـەڕی نیـەت باشـی خۆیـان نیشـان بـدەن، هـەم لەسـەر ئـەو شـتانەی تاهەنوکـە دەستنیشـان کـراون و

هەمیـش لەسـەر گرتنەبـەری پلانێکـی قۆناغبەنـدی بـۆ گەیشـتن بـە ڕێککەوتـن لەسـەر ئـەو پرسـانەی تـا هەنوکـە چارەسـەر نەکـراون.

هەندێـك کەیـس (حاڵـەت) هـەن، کـە لـە قۆناغێکـی تایبەتـی وڵاتـدا، دەبنـە بابەتـی ناوخۆیـی خـاوەن گرنگـی ڕێزپـەڕ، کاتێـک لـە هـەر پێنـج عێراقـی یەکێکیـان کـورد بێـت، کەواتـە بێگومـان پرسـی کـورد لـە سـەردەمی ئەمـڕۆی عێراقـدا لـەو جـۆرە کەیسـانەیە. نـۆ سـاڵ شـەڕی براکـوژی لـە باکـوور بـووە هـۆی لـە دەسـتدانی ژیانـی هـەزاران کـەس. وڵات کـە ئامانجـی نەهێشـتنی دواکەوتوویـی گرتووتەبـەر، کـە لەلایـەن دەسـەڵاتی کۆلۆنیـال و نیمچـە کۆلۆنیالـەوە بـۆی بـە میـرات ماوەتـەوە، تـا هەنوکـە شەسـەد میلیـۆن دینـار، یـان ١٥٠٠ ملیـۆن دۆلاری لـەم شـەڕەدا خـەرج کـردووە. چارەسـەرنەکردنی کێشـەی کـورد، ڕێـک لەوکاتـەدا عێراقـی لاواز کـرد کـە نەتـەوەی عـەرەب بـۆ نەهێشـتنی دەرهاوێشـتەکانی دوژمنکاریـی ئیسرائیـل، تووشـی ململانێیەکـی تونـدی دژی ئیمپریالیسـت بووتـەوە، بـەڵام ئەمـە بـە تەنیـا تـەواوی بابەتەکـە نییـە، ئەگەرچـی تـەواوی ئـەو شـتانەی لەسـەرەوە باسـکران بەسـە بۆئـەوەی چارەسـەرکردنی ئاشـتیانەی پرسـی کـورد لـە باکـوور گرنگییەکـی لـە ڕادەبـەدەری بـۆ دەوڵەتـی عێراقـی هەبێـت.

سـەدام حسـێن تکریتـی جێگـری سـەرۆکی ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی شـۆڕش لـە عێـراق پێـی گوتـم: «ڕێـک لـە کاتـی ئێسـتادا، وڵات گەیشـتووەتە خاڵێـک کـە تـەواوی چارەنووسـی شـۆڕش لـە عێراقـدا بەنـدە بـە چارەسـەرکردنی پرسـی کـورد».

مانایەکـی زۆر لـەم قسـانەدا هەیـە. ڕوونـە پەرچەکـردار لـە ئارادایـە و ئـەم پەرچەکـردارەش بـۆ سـەرهەڵدانی جەنگێـک لـە دژی کوردسـتانی عێـراق بـەردەوام دەبێـت. لەسـەر خاکێکـی سـاختە، ناپایەداریـی پرسـی کـورد چەکـەرەی داوە و دەتوانێـت دووبـارە چەکـەرە بداتـەوە. ئەندامـە کۆنەپارێزەکانـی نـاو سـوپا بۆئـەوەی وڵات بـەرەو دواوە بگەڕێننـەوە، ئێسـتا هەوڵـی بەهێزکردنـی خۆیـان لەنـاو سـەرکردایەتی دەوڵەتـدا دەدەن. سـەرەنجام، خەسـڵەتی بەرجەسـتەی کێشـەی کـورد لەبـەردەم دامەزراندنـی بەرەیەکـی نیشـتیمانیدا، بـە هاوبەشـی لـە نێـوان حیزبـی بەعـس، حیزبـی کۆمۆنیسـتی

عێـراق و ڕێکخـراوە پێشـکەوتنخوازەکانی دیکـە بەربەسـتی جیـددی دروسـت کـردووە؛ لـە کاتێکـدا بەهێـز کـردن یـان سـڕکردنی پێشـکەوتنی نەتەوەیـی تـا ڕادەیەکـی زۆر بەنـدە بـەوەی ئایـا گشـت هێـزە پێشـکەوتنخواز و نیشـتیمانپەروەرەکانی وڵات دەتوانـن پەیوەنـدی و هـاوکاری نزیـک لەگـەڵ یەکـتردا دابمەزرێنـن یـان نـا.

چارەسـەرنەکردنی پرسـی کـورد لەوانەیـە کاریگەریـی مەترسـیداری لەسـەر جووڵانـەوەی خـودی کـوردا هەبێـت. مانگێـک لەمەوبـەر دەرفـەت ڕێکـەوت دووبـارە سـەردانی باکـووری عێـراق بکـەم و چـاوم بـە سـەرکردەکانی کـورد کـەوت. یەکێـک لـەوان زۆر بـە ڕاشـکاوی ئامـاژەی بـەوەدا مەترسـی لـە هەوڵـە بێوچانەکانـی هێـزە دەرەکییـەکان هەیـە کـە دەیانەوێـت کاریگەریـی لەسـەر جووڵانـەوەی کـورد دروسـت بکـەن. ئـەم هێزانـە بـە هیـچ شـێوەیەک ڕەچـاوی ئـەو ئامانجـە دادپەروەرانـە ناکـەن کـە کـورد لـە پێناویـدا خەبـات دەکات. ئـەوان هـەوڵ دەدەن سـوود لـە جووڵانـەوەی کـورد وەربگـرن بۆئـەوەی بەربەسـت لەبـەردەم هەوڵەکانـی ڕژێمـی نیشـتمانی لـە بەغـدا بـۆ هێنانـەدی سـەقامگیری بگـرن. ئاڕاسـتە پێشـکەوتنخوازەکانی دژی ئیمپریالیـزم هـەر لەنـاو ماڵـدا بـێ دەنـگ بکـەن و سیاسـەتی دەرەوەی سـەرکردایەتی ئێسـتای عێـراق لاواز بکـەن و هەروەهـا لاوازکردنـی عێـراق وەک ئەکتەرێکـی سـەرەکی لـە گشـت بەرەکانـی عەرەبـدا لـە تێکۆشـان لـە دژی دوژمنـکاری ئیسرائیـل کـە لەلایـەن ئەمریـکاوە هانـدراوە.

سـەرەڕای ئـەوەی باسـمکرد، مەترسییەک لـە ئارادیـە- تەنانـەت ئەگـەر لـە قۆناغـی کۆڕپەڵـەداش بێـت- ئەویـش ئەوەیـە ئـەم هێـزە دەرەکیانـە کـە بەرژەوەنـدی کـورد بـە لای ئەوانـەوە غەریبـە، بـە گشـتی هەوڵـی گۆڕینـی خەسـڵەتەکانی جووڵانـەوەی کـورد دەدەن و لـە جەوهـەری دیموکراتـی خـۆی دووری دەخەنـەوە. لـە ئەنجامـدا، چارەسـەری ئاشـتییانە بـۆ پرسـی کـورد، هـەروەک گوتـم، لـە یـەک کاتـدا تێکۆشـانە بـۆ پێشـکەوتنی کـورد.

«دەبـێ چارەسـەری [پرسـی] کـورد، لـە کـۆی گشـتی پێشـکەوتنی دیموکراتییانـە لـە کۆمـاری عێراقـدا ببێـت بـە ڕەگەزێـک، بـەم جـۆرەش پێویسـتە لـە خزمەتـی بەهێزکردنـی

سـەربەخۆیی نیشـتمانی عێراقـدا بێـت››. هەروەهـا سـەرکردەی کـورد مەلامسـتەفا چاوەڕوانـی وەڵامـی ئێوەیـە [واتـە وەڵامـی حکومەتـی عێـراق].

ئـەوێ ڕۆژێ، ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی شـۆڕش بـە سـەرۆکایەتی ئەحمـەد حەسـەن بەکـر لەبـارەی کێشـەی کـورد سـەر لـە نـوێ تەئکیـدی لـە ناوەڕۆکـی بەیاننامـەی ٢٩ی حوزەیرانـی ١٩٦٦ کـردەوە. جەختـی لەسـەر پابەنـدی خـۆی لەسـەر فەراهەمکردنـی چارەسـەرییەکی دادپـەروەر و ئاشـتیانە بـۆ کێشـەی کـورد کـرد. ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی شـۆڕش بڕیـاری دەرکردنـی لێبوردنـی گشـتی بـۆ گشـت ئـەو کەسـە مەدەنـی و سـەربازییانە داوە کـە لـە ڕووداوەکانـی باکووردا بەشـداربوونە.

هـەروەک دەبینیـن کارەکتـەرە بەرپرسـیارەکان لەهـەردوو لایـەن گەیشـتوونە ئـەم خاڵـە هاوبەشـە و دەزانـن بـۆ گەرەنتـی کردنـی چارەسـەری کێشـەی کـورد پێویسـتە پێودانگێکـی بونیاتنـەر هەبـن. هەنوکـە ئایـا ئێمـە دەتوانیـن لـەو بڕوایـەدا بیـن کـە لەسـەر پرەنسـیپە سـەرەتاییەکانی چارەسـەر لێکتێگەیشـتنێک بەدەسـت هاتـووە ؟

سـەدام تکریتـی پێـی گوتم››بەڵـێ››. ئـەم گەنجـە کـە کەسـی ژمـارە دووی عێراقـە، وەڵامـی تـۆی [واتـە مەلامسـتەفا] بـە دەسـت گەیشـتووە لەهەمـان کۆشـکی کۆمـاری کـە چەنـد ڕۆژ لەمەوبـەر پیلانگێـڕەکان لـەو بڕوایـەدا بـوون سـواری ئەسـپی سـپی بوونـە.

بـە گوتـەی ئـەو، خاڵـی دەسـتپێکی چارەسـەری کێشـەی کـورد دەبـێ دانپێـدان بێـت بـە بوونـی نەتـەوەی کـورد لـە پـاڵ نەتـەوەی عـەرەب لـە عێراقـدا و گوتـی، ئـەم دوو نەتەوەیـە، لـە ڕووی خاکـەوە پێکـەوە بەسـتراونەتەوە و چارەنووسـی هاوبەشـیان هەیـە و نابێـت لـە بـەردەم دارشـتنی دەسـتورێک کـە تێیـدا مافـە نەتەوایەتیەکانـی کـورد گەرەنتیکـراو بێـت، هیـچ بەربەسـتێک دروسـت بکرێـت. هەروەهـا گوتـی، بۆئـەوەی نـەوەی داهاتـوو نەهامەتـی چارەسـەر نەکردنـی ئـەم پرسـە نەکێشـێت، ئێمـە بڕیارێکـمان ناوێـت بـۆ کات بەسـەربردن، بەڵکـو چارەسـەرییەکی یەکجـاری و هەتاهەتایـمان بـۆ پرسـی کـورد لـە عێراقـدا دەوێـت.

عێـراق لـە خاڵـی وەرچەرخاندایـە، گرنگییەکـی مێژوویـی بـۆ ئـەو هەیـە. ئەگـەر لـە بیرتـان بێـت یەکیتـی سـۆڤیەت هەمیشـە بـۆ ئـەم پرسـە سـەرەکییە چارەنووسـازە خوازیـاری چارەسـەرییەکی ئاشـتخوازانەی دیموکراتـی بـووە بـۆ عێـراق. لـەم بارەیـەوە گەلــی ســۆڤیەت خۆشــحاڵ دەبێــت بــە بینینــی هــەر جــۆرە پێشــکەوتنێک- لــە هەمانکاتـدا دەبێتـە هـۆی بەهێزکردنـی هـەم ڕژێمـی نیشـتمانی لـە عێـراق و هەمیـش بــەرەی عەرەبــی دژە ئیمپریالیســت- [گەلــی ســۆڤیەت] پەیوەندییەکــی دورودرێــژی لەگـەڵ هـەردوو نەتـەوەی عـەرەب و کـورد هەیـە.

(Pravda، January 29، in full)

نهێنی (ل ١١١-١١٢)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

(٤/١)

بەغدا

٣١ی کانوونی دووەمی ١٩٧٠

**پرسی کورد**

١. لـەدوای نامەکـەم (٤/١) لـە ١٢ی کانوونـی دووەم، لێـرە کۆمەڵێـک پێشـکەوتن ڕوویانـداوە. سـەدام حسـێن لـە چاوپێکەوتنێکـدا لەگـەڵ ڕۆژنامـەی ئەلئەحـراری بەیروتـی گوتوویەتـی، گفتوگـۆ لەگـەڵ کـورد بەردەوامـە، حـەردان عەبدولغەفـور لەبـارەی گفتوگـۆکان لێدوانـی داوە و ئێسـتا لـە سـەردانێکە بـۆ لوبنـان، هەروەهـا ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی شـۆڕش بـۆ گشـت ئـەو کەسـانەی لـە ڕووداوەکانـی باکـوور بەشـدار بوونـە، بەیاننامەیەکـی دەرکـردووە و لێبوردنـی گشـتی ڕاگەیانـدووە. لێـرە ڕۆژنامەکانـی حکومـەت دووبـارە بـە مانشـێت کورتەیەکیـان لـە گوتارەکـەی پریماکـۆڤ لـە پراڤـدا بڵاوکردووەتـەوە کـە بەشـێکی پشـتی بـە چاوپێکەوتنێـک لەگـەڵ سـەدام حسـێن بەسـتووە و بەشـێکیش پەیوەندیکردنـە لەگـەڵ کـورد. گوتارەکـە ستایشـی چاوەڕوانییـە بـەرەو پێشـچووەکانی چارەسـەری [کێشـەی کـورد] دەکات و ئـەوەش باسـکراوە کـە یەکێتـی سـۆڤیەت لـەم بەینـەدا نـاکارا نەبـووە.

٢. ئـەم هەنـگاوە ئەرێنیانـە هاوتەریـبن لەگـەڵ سـەرگوتاری ڕۆژنامـەکان کـە پشـتگیریی چارەسـەری کێشـەی کـورد دەکـەن و خوازیـارن گفتوگـۆکان ئەنجامێکـی سـەرکەوتوانەیان هەبێـت. زۆربـەی گوتـارەکان، هـەروەک چـاوەڕوان دەکـرا، لـە ئەلنـوردا بڵاوبوونەتـەوە؛ بـەڵام گرنگترینیـان گوتارێکـی دورودرێـژە کـە لـە ئەلسـەورە لـە ٢٦ی کانوونـی دووەمـدا بڵاوبووەتـەوە و بـاس لـە پێویسـتی گەلـی کـورد و عـەرەب لـە عێـراق دەکات کـە یەکـتر بگـرن تـا بتوانـن ئامانجـە ڕەواکانیـان لـە ڕێگـەی چارەسـەرییەکی ئاشـتیخوازانە و دیموکراتیـدا دەسـتەبەر بکـەن. گوتارەکـە

ئـەوە دەخاتـەڕوو هیـچ یـەک لەلایەنـەکان ناتوانـن لـە پێگەیەکـی بەهێـزەوە قسـە بکـەن، چونکـە داواکاری توندڕەوانـە لـە هەردوولایـەن دەبێتـە هـۆی لـە ناوبردنـی هــەر جــۆرە ڕێککەوتنێــک. ئەلســەورە، بانگەشــەی ئــەوە دەکات کــورد باشــترین شانسـیان هەیـە کـە لـە قۆناغـی ئێسـتادا لەگـەڵ حکومەتـی سۆشیالیسـتی بەعـس بگەنـە ڕێککەوتـن کـە خـۆی بـۆ هێنانـەدی یەکێتـی شۆڕشـگێڕی و دیموکراتیکـی وڵات تەرخـان کـردووە، کەچـی ڕێککەوتنەکانـی پێشـووی نێـوان کـورد و حکومەتـی ناوەنـدی لـە عێراقـدا لەسـەر بنەمـای کەسـایەتی یەکێـک لـە سـەرکردەکانی عێـراق بـووە. ڕۆژنامەکـە بـاس لـەم جـۆرە ڕێککەوتنـە دەکات لەگـەڵ هـەر یەکـە لـە قاسـم و عەبدولسـەلام عـارف و بـەزاز.

٣. جیـا لـەم کەشـەی پێشـوازیکردنە لـە هـەر جـۆرە پێشـکەوتنێک لـە گفتوگـۆی نێـوان هەردوولایەنــدا، حکومــەت هیــچ جــۆرە تۆمەتێکــی ئاراســتەی کــورد نەکــردووە لەبــارەی کودەتــا نەزۆکەکــەی ٢١/٢٠ی کانوونــی دووەم. ئەمــە لەلایــەن کــوردەوە گرنگیەکـی زۆری هەیـە کـە بـە پیلانگێڕییەکـە تۆمەتبـار نەکـراون، ئەمـەش مکـوڕی حکومەتـی بەعـس نیشـان دەدات و ئەگـەری سـەرکەوتنی گفتوگـۆکان لەگـەڵ کـورد تووشـی مەترسـی نـەکات.

٤. کارەکتــەرە چەپڕەوەکانــی ئــەو شــاندەی لەلایــەن بارزانیــەوە نێــردراوە ئامــاژە بـەوە دەدەن مـەلا مسـتەفا بـە خۆشـحاڵییەوە دەچێتـە نـاو گفتوگـۆکان بۆئـەوەی ڕێگەیــەک بــۆ ڕێککەوتــن لەگــەڵ حکومــەت بدۆزێتــەوە. ناردنــی کاراکتــەرە تونـدڕەوەکان [واتـە چەپـڕەوەکان] لەوانەیـە ببێتـە هـۆی هاتنـەدی ڕادەیـەک لـە سـەرکەوتن [لـە گفتوگـۆکان لەگـەڵ حکومەتـدا]. هەندێـك ئامـاژە هـەن لەبـارەی ئەگــەری خســتنەڕووی داواکارییــەکان لەلایــەن کــوردەوە بــۆ بــەردەم بەعــس.

وا بـاس کـراوە جیـا لـە چـوار پۆسـتە وەزارییـەکان، کـە دیـارە ڕەگەزێکـی هاوبـەش بێـت لـە نێـوان هەردوولایـەن ئەمـە مافـی کـوردە، کـورد داوای پێنـج پۆسـتیان لـە ئەنجوومەنــی ســەرکردایەتی شــۆڕش کــردووە. وەک قەرەبوویــەک بــۆ ئــەو زیانانــەی بەهــۆی شــەڕەوە بــە باکــوور گەیشــتوونە، بــاس لــە ژمــارەی جۆراوجــۆر دەکرێــت

بارزانــی خســتوویەتەڕوو کــە پێویســتە بــۆ گەشــەپێدانی باکــوور تەرخــان بکرێــت. لــە نێــوان ژمارەکانــدا ســاڵانە بــڕی ٧٠ ملیــۆن زۆر باســی لێــوە دەکرێــت. گریمانــە دەکرێــت بارزانــی داوای چــەک کردنــی گشــت هێــزە کوردییــە ناڕێکخــراوەکان بــکات کــە ســەر بــە تاڵەبانیــن، لەکاتێکــدا لەســەر تێچوونــی حکومــەت پێشــمەرگەکانی خــۆی بــەکار بهێنێــت، بــەڵام ئێمــە هیــچ بەڵگەیەکــی بەرجەســتەمان لەبــارەی ئــەم خاڵانــە لەبــەر دەســت نییــە. دەنگــۆی ئــەوە هەیــە زۆربــەی ئەندامانــی شــاندی نوێنەرایەتــی گەڕاونەتــەوە باکــوور تــا گفتوگــۆی زۆرتــر لەگــەڵ بارزانیــدا بکــەن.

٥. وەک ئاماژەیــەک بــۆ خواســتی حکومــەت لــە چارســەرکردنی کێشــەکانی باکــوور، ئەنجوومەنــی ســەرکردایەتی شــۆڕش ڕاگەیاندنێکــی بڵاوکردووەتــەوە و مافــی تــەواوی بــە تورکمانــەکان بەخشــیووە کــە لــە ناوچەکانــی خۆیانــدا مومارەســەی مافــە کلتورییەکانــی خۆیــان بکــەن. ئــەم ڕاگەیاندنــە بــە تەلەگرامێــک لــە مووســڵ و هەولێــرەوە پێشــوازی لێکــراوە، بــەڵام ئــەم جــۆرە تەلەگرامــە بــۆ پشــتگیریکردن لــە ناوچــە ســەرەکییەکانی تورکمانــەکان لــە کەرکــووک نەنێــردراوە. ســەختە بزانیــن بۆچــی ئــەم جــۆرە تەلەگرامــە نەنێــردراوە، ڕەنگــە یەکێــک لــە هــۆکارەکان لەســێدارەدانی ئــەو کەســانە بێــت کــە لــە پیلانگێــڕی ٢١/٢٠ی کانوونــی دووەم بەشــدار بوونــە، دکتــۆر نیزامەدیــن عــارف یەکێــک لــە بەشــداربووەکان بــووە کــە لــە خێزانێکــی نــاسراوی کەرکووکــن. ئێمــە زانیومانــە خێزانەکــەی بــۆ بەشــداریکردن لــە ڕێوڕەســمی زۆر گــەورەی ناشــتنەوە، لــە بەغــداوە بــەرەو کەرکــووک چوونــە.

٦. ســەرەڕای هەمــوو ئــەم پێشــکەوتنانە، بــەڵام بەڵگــەی کــەم هــەن لــە بڕیــاردان یارمەتیدەرمــان بــن لەبــارەی ئــەوەی ئایــا ئــەم جــارە حکومــەت ســەرکەوتوو دەبێــت لــە بەرقەرارکردنــی ئاشــتی لەگــەڵ کــورددا. ســەدام حســێن لــە گفتوگۆیــەک لەگــەڵ یەکێــک لــە هــاوڕێ ڕۆژئاواییەکانــی ئێمــە گەشــبینی خــۆی دەربڕیــوە کــە دەگەنــە ڕێککەوتــن، هەروەهــا هاوڕێکەمــان و یەکێتــی ســۆڤیەتیش گەشــبینن.

دەنگــۆی ئــەوە هەیــە لــەم نزیکانــەدا بەیاننامەیــەک دەردەکرێــت و ئامــاژە بــەوە دەکات کــە لــە ڕووی مەبدەئیــەوە ڕادەیــەک لــە ڕێککەوتــن لــە ئارادایــە. دواییــن

ڕێککەوت کە بۆ ئەم ڕاگەیاندنە دیارکراوە، ٨ی شوباتە، واتە چواردەیەمین ساڵوەگەری شۆڕشی ڕەمەزان. بەهەرحاڵ، بە هەبوونی ئەم هەموو ساڵوەگەڕە لە عێراقدا، هەمیشە دەنگۆی ئەوە هەیە کە چاوەڕوان دەکرێت ڕاگەیاندنێکی گرنگ لە ساڵوەگەڕی داهاتوودا ڕابگەیەنرێت. ئەم دەنگۆیانەش لەوانەیە ڕەنگدەرەوەی خووی هاوبەشی عێراقییەکان بێت. بە پێشبینیکردنی بەرەو پێشچوونێکی زۆر لەبارەی ئەم بابەتە کە لە ڕای گشتیدا کاری زۆری لەسەر کراوە، ئەگەر ئەم پێشبینییانە نەگەنە ئەنجام، بۆ حکومەت ئاسان نابێت پاساو بۆ شکستەکەی بهێنێتەوە.

(J. H. Symons)

پۆلین نەکراو (ل ١١٣-١١٤)

سەرچاوە....

بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک

Rm. W. 133

Mr. P. R. M. Hicheliffe

Downing St.، West

**عێراق و پرسی کورد**

ئیمە بە تەلەفۆن لەبارەی گوتارەکەی پریماکۆڤ کە لە ‹پراڤدا› لە ٢٩ی کانوونی دووەم بڵاوبووەتەوە، لەبارەی هەوڵەکانی ئەم دواییەی کودەتا لە عێراق و ئەگەری چارەسەری پرسی کورد گفتوگۆمان کرد. وەک بەڵێنم بە ئێوە دابوو ئەمەی خوارەوە یەک یان دوو تێهەڵکێشە لە گوتارەکە:

١. لە بەغدا بەڵگەی گرنگ خراونەتەڕوو، ئاماژە بەوە دەدەن کە بەیاننامەکەی دژی حکومەت لە ٢١ کانوونی دووەم لەلایەن بەشی هەواڵگری ئەمریکا و هێزە بێگانەکانەوە ئامادە کرابوو.

٢. لە سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانەوە ئاگادار کراوینەتەوە کە گفتوگۆکان بۆ ماوەی چەندین حەوتە لە نێوان نوێنەرانی حکومەت و جووڵانەوەی کورد بە سەرکردایەتی مستەفا بارزانی بەردەوامە. گفتوگۆکان بە سەرکەوتووانە بەرەوپێشەوە دەچن. ڕێککەوتن لەسەر چەندین پرس کراوە. وا چاوەڕوان دەکرێت بەم زوانە گفتوگۆکان بگەنە دوایین قۆناغ. هەڵبەت ئەگەر هەردوولایەن ئەوپەڕی نیەت باشی خۆیان بخەنەڕوو بۆ چارەسەرکردنی ئەو لێکتێگەیشتنەی تا هەنوکە پێی گەیشتوون و دیارکردنی پلانێکی قۆناغبەند بۆ ئەو پرسە تایبەتیانە کە تا هەنوکە ئەگەری چارەسەرکردنیان بوونی نییە. جاروبار وا دێتەپێش کە لە هەندێك قۆناغی دیاریکراودا هەندێك لە کێشە ناوخۆییە لێک جیاوازەکان بۆ

وڵات لـە ڕادەبـەدەر گرنـگ دەبـن. بـۆ عێراقـی ئەمـڕۆ بێگومـان ئـەم پرسـە، پرسـی کـوردە. ئـەو ڕاسـتییەی کـە کێشـەی کـورد چارەسـەر نەکـراوە ڕێـک لـەو کاتـەدا لاواز عێراقـی کـردووە کـە نەتـەوەی عـەرەب لـە خەبـات لـە دژی ئیمپریالیزمـدان بۆئـەوەی لێکەوتــەکانی دوژمنکاریــی ئیسرائیـل لەنــاو ببــەن.

«لەکاتـی ئێسـتا و لـەم چرکـە سـاتە هەسـتیارەدا، وڵاتـی ئێمـە بـە قۆناغێـک گەیشـتووە کـە چارەنووسـی گشـت شـۆڕش لـە عێراقـدا بـە چارەسـەرکردنی پرسـی کـورد بەنـدە». ئـەم قسـانە لەلایـەن سـەدام حسـێن تکریتـی جێگـری سـەرۆکی ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی شـۆڕش لـە عێـراق بـە نووسـەری ئـەم دێڕانـە گوتـراوە.

٣. دواجـار، حەقیقەتـی چارەسـەر نەکردنـی کێشـەی کـورد بووەتـە بەربەسـتێکی جیـددی لەبـەردەم دروسـتکردنی بەرەیەکـی نیشـتیمانی کـە هـەر یـەک لـە حیزبـی بەعـس و حیزبـی کۆمۆنیسـتی عێـراق و ڕێکخـراوە پێشـکەوتنخوازەکانی دیکـە لـە خـۆ دەگرێـت، یـان بـەردەوام بـوون یـان سـڕکردنی پێشـکەوتنی وڵات تـا ئەندازەیەکـی زۆر بەنـدە بـە دەسـتەبەرکردنی سـەرکەوتن یـان سـەرنەکەوتن و لێکنزیـک بوونـەوە و هـاوکاری نێـوان گشـت هێـزە نیشـتیمان پـەروەرە پێشـکەوتنخوازەکانی عێراقـدا››.

٤. عێــراق گەیشــتووەتە خاڵێکــی وەرچەرخانــی گرنگــی مێژوویــی. هــەروەک دەزانــن یەکێتـی سـۆڤیەت هەمیشـە خوازیـاری چارەسـەرییەکی ئاشـتیانەی دیموکراتـی بـووە کـە گرنگیەکـی زۆری بـۆ چارەنووسـی عێـراق هەیـە. گەلـی سـۆڤیەت خۆشـحاڵ دەبێـت هـەر جـۆرە سـەرکەوتنێک لـەم بارەیـەوە ببینێـت؛ بێگومـان دەبێتـە هـۆی بەهێزکردنـی ڕژێمــی نیشــتمانی لــە عێــراق و دووبــارە بەهێزکردنــەوەی بــەرەی عەرەبــی دژە ئیمپریالیســت.

(K. A. Bishop)

کەرتی سۆڤیەت

بەشی توێژینەوە

٥ی شوباتی ١٩٧٠

نهێنی (ل١١٥-١١٦)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا- بەغدا

٧ی شوباتی ١٩٧٠

## کێشەی کورد

١. کۆپییەکی یەک خولەک گفتوگۆ لەبارەی دوایین پێشکەوتنەکانی گفتوگۆکان [نێوان کورد و بەغدا] لەگەڵ مەعروف عارف (کوردێک) کە لەلایەن دۆناڵد هاولێی (Donald Hwaley)یەوە تۆمار کراوە، هاوپێچ دەکەم.

٢. عارف تاڕادەیەک زۆربەی ئەو شتانە پشتڕاست دەکاتەوە کە تا ئێستا ئێمە بە ڕاپۆرت ناردوومانە. خاڵە تازەکان بریتیین لەوەی ڕێککەوتن گەیشتووەتە ئەم ئاستە: بیرۆکەی فوئاد عارف (LP 1965، No 73) وەک جێگری سەرۆک و دانانی پێشمەرگە وەک پاسەوانی سنوور (حرس حدود).

٣. تا هەنوکەش زۆر خاڵی ناڕوون لەبارەی عارفەوە هەیە. لە ڕاستیدا، ئەمەش زانیارییەکی زۆر کەم بەدەستەوە دەدات لەبارەی ئەوەی کورد لەم ڕێککەوتنە چ دەسکەوتێکیان دەبێت، لەوانەیە بۆ کوردێک سروشتی بێت، بەڵام بە بۆچوونی من لاوازی حکومەت، بانگەشەیەکی لە ڕادەبەدەر گەورەکراوەیە. هەڵبەت ئاشکرایە تەها محێدین یەکەم قوربانی ڕێککەوتنی نێوان دوولایەنەکە دەبێت. ماوەیەکی درێژە ئەو بووەتە ئامانجی هێرشەکانی پڕۆپاگەندەی لایەنگرانی بارزانی.

٤. هۆکاری ڕاگەیێندراو بۆ شکستی عەبدولسەلام ئەلسامرایی بۆ بەدەستهێنانی پۆستی وەزاری ئاماژەیەکە بۆ گرنگی هۆشیاری کورد. ئێمە ئەگەرەکانی گۆڕینی ئەومان لە پۆستەکەی، ڕاپۆرت کردووە.

٥. دوو خاڵی گرنگ کە عارف بە لایدا نەچووە، بە بڕوای من پرسی دارایی پێشمەرگەیە- بۆ چ کەسێک، بۆ چەند کەس و لە کوێ ئەوان پارەکە وەردەگرن- هەروەها پرسی نوێنەرایەتی کورد لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، کە

سەرچاوەی سەرەکی دەسەڵاتە لە وڵاتدا. هەریەک لەم دوو پرسە گرنگی یەکجار زۆریان بۆ بارزانی هەیە و وەها دەردەکەوێت چارەسەرکردنیان سەخت بێت.

٦. ئێمە بە جیا لە وەزیری زانیاریی بیستوومانە کە ڕاگەیاندنێک لەبارەی پێشڤەچوونی گفتوگۆکان لە ٨ی شوبات بڵاو دەبێتەوە، بەڵام دەنگۆی بەربڵاو هەیە کە گفتوگۆکان دووبارە ڕووبەڕووی کێشە بوونەتەوە.

٧. پاشکۆی سەربازی تورکیا، لەبارەی ئەو سەردانەی لە سەرەتاکانی ئەم حەوتەیە بۆ باکوور[ی عێراق] کردوویەتی زانیاری بەسوودی بە ئێمە بەخشیووە. دوای سەردانی کەرکووک ئەو سەردانی جەلەولای کردووە کە لە نێوان بەغدا و سنووری ئێرانە و دەکەوێتە پشت خانەقین. لەلایەن فەرماندەی زرێپۆشی شەش کە بارەگای فەرماندەییەکەی لە جەلەولایە، بۆ نانی نیوەڕۆ بانگێشت کراوە، جەلال تاڵەبانی و فەرماندەی هێزی مەیدانی سەعید حەمۆ ئەلحاج ساڵح لە نێوان ئامادەبوواندا بوونە. تاڵەبانی لە باشترین دۆخدا (sipirits) بووە و وەها دیار بووە لەسەر ئاسۆی گفتوگۆکانی نێوان بارزانی و حکومەت خۆشحاڵ بێت. وەک بابەتێکی نائاسایی، زۆربەی چاودێران لێرە لەو بڕوایەدان کە ڕێککەوتن لەگەڵ کورد بە مانای کۆتایی هاتن بە مانەوەی تاڵەبانی دێت لەم وڵاتەدا، گەورەترین خەڵاتی هاوخەمی بۆی، بوون بە باڵیوزە.

(J. H. Symons)

هاوپێچ:

نووسینگەی تاران

نووسینگەی بەیروت

نهێنی (ل ١١٧-١١٨)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

(٤/١)

بەغدا

٧ی ئاداری ١٩٧٠

**کێشەی کورد**

١. باڵیـۆزی کەنـەدا بـۆ عێـراق (accredited) کـە لـە تـاران دادەنیشـێت بـە سـەردانێکی کـورت لـە بەغدایـە. کێشـەی کـورد، لـە نێـوان ئـەو بابەتانـەدا بـووە کـە لەگـەڵ ژەنەڕاڵ عەمـاش گفتوگۆیـان لەسـەر کـردووە.

٢. ژەنـەڕاڵ ئامـاژەی بـەوە داوە (بـە بۆچوونـی ئێمـە بـێ ئەگـەری بەدیهاتنی) سـەرەکیترین مەبەسـت لـە سـەردانی ئـەم دواییـەی بـۆ ئەنقـەرە لـە چوارچێـوەی پەیوەندییەکانـی نێـوان عێراق/ئێـران، گلەیـی کـردن نەبـووە لەبـارەی گردبوونـەوەی سـەربازەکانی ئێـران لەسـەر سـنوورەکانی عێـراق، بەڵکـو لـە ڕێگـەی تورکیـاوە گەیاندنـی نیگەرانـی عێـراق بـووە لـە یارمەتـی ئێرانیـەکان بـۆ کـورد. ئـەم داواکارییـە لەلایەن تورکیـاوە گەیەنـدراوە، بـە گوتـەی ژەنـەڕاڵ عەمـاش بـۆ ئـەوە بـووە پێویسـت نـاکات ئێرانییـەکان لـە ئەگـەری چارەسـەری لـە نێـوان بارزانـی و حکومەتـی عێـراق بترسـێن.

٣. ئـەو بەردەوامـی بـە قسـەکانیدا کـە هێشـتا گفتوگـۆکان لـە نێـوان هەردوولایـەن بەردەوامـن و تـا هەنوکـە ڕادەیەکـی بـاش لـە ڕێککەوتـن بەدەسـتهاتووە. بـە باڵیـۆزی کەنـەدای گوتـووە بەعـس ئامـادە نەبـووە لـە ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی شـۆڕش نوێنەرایەتـی بـە کـورد بـدات و هەروەهـا ئامـادەش نەبـووە کەرکـووک بخرێتـە سـەر ئـەو ناوچـە جوگرافیـەی کـە لـە ژێـر دەسـەڵاتی کـورددا بێـت. ئـەوان پێشـنیازی ئـەوە ناکـەن وڵات بەسـەر دوو بەشـی جـودا دابـەش بکرێـت، بەڵکـو لـە حکومەتـی خۆجێـی لـە ناوچەکانـی خۆیانـدا ڕادەیـەک لـە ئۆتۆنۆمـی بـە کـورد دەبەخشـن. بەرپرسـیارێتی

لـە بـواری سیاسـەتی سـەرەکی-بەرگری و کاروبـاری دەرەوە- لـە دەسـەڵاتی حکومەتـی ناوەندیـدا دەمێنێتـەوە. لــە لایەکــی دیکــەوە، بەعــس ئامادەیــە ژمارەیــەک لــە وەزارەتــەکان بــە کــورد ببەخشـێت، هەروەهــا بەخشــینی ڕێژەیەکــی گونجــاو بــە کـورد لـە «ئەنجوومەنـی نیشـتیمانی»دا، واتـە دامەزراندنـی دامەزراوەیـەک کـە بـە گوتـەی عەمـاش بەشـێک دەبێـت لـە بەرنامەکانـی حیزبـی بەعـس و جێبەجێکردنـی داوکارییەکانــی دیکــەی کــورد.

٤. ئەگـەر ئەمـە هەمـوو ئـەو شـتانە بێـت کە بەعـس ئامادەیـە بە کـورد ببەخشـێت، کەواتە ئاسـانە ببینیـن چـۆن گفتوگـۆکان ڕووبـەڕووی گرفـت دەبنـەوە. لـە لایەکـی دیکـەوە، عەمـاش لـەو بڕوایەدایـە گفتوگـۆکان بـە باشـی بەڕێوەدەچـن و لەوانەیـە بەیاننامەیـەک لـە داهاتوویەکـی نزیکـدا رابگەیەنرێـت. ئێمـە پێشـتریش ئەوەمـان بیسـتووە و پێموایـە دەبـێ بوەسـتین و چـاوەڕوان بیـن. ئێسـتا، عەمـاش تەنیـا خۆشـبینێکە لـە بەغـدا کـە بـڕوای بـە توانـای حکومـەت هەبێـت لەگـەڵ کـورد بـە ڕێککەوتنێـک بـگات.

٥. لەوانەیـە گرنگتریـن خـاڵ کـە عەمـاش لـە جێبەجێکردنـی ڕێککەوتنەکـە بـۆ باڵیـۆزی کەنــەدی خســتبێتەڕوو، پەیوەندییەکانــی عێراقــە لەگــەڵ دوو وڵاتــی دراوســێ، واتــە تورکیـا و ئێـران. ئـەو ئامـاژەی بـەوەداوە بەخشـینی هـەر جـۆرە ئۆتۆنۆمییەکـی تـەواو بـە کـورد دەبێتـە هـۆی هانـدان بـۆ هێرشـکردنە سـەر ناوچـەی ئۆتۆنۆمـی و ڕووخاندنی ئۆتۆنۆمیەکـە یـان لەلایـەن تورکەکانـەوە یـان لەلایـەن ئێرانیەکانـەوە، بەهـۆی نیگەرانی لـە سـەرهەڵدانی کێشـە لـە ناوچـە کوردییەکانـی خۆیـان. ئەمـەش سـادەترین هـۆکارە لــە ســنووردارکردنی بەخشــینی ئاســتی ئۆتۆنۆمــی بــە کــورد. لــە لایەکــی دیکــەوە، ئەگــەر ڕێککەوتــن دەســتەبەر بکرێــت حکومەتــی عێــراق ڕایگەیانــدووە [ئەگــەر ئێـران ئـەم کارە بـکات] ئەوانیـش لـە ناوخـۆی ئێـران هەمـان کار ئەنجـام دەدەن لـە ڕێگـەی نانـەوەی ئـاژاوە نـە تەنیـا لـەو ناوچـە کوردییەکانـی ئێـران، بەڵکـو لـە ناوچـە عەرەبیەکانیـش تـا ئـەو ڕادەی کـە» ئـەوان دەتوانـن جەنـگ بەرپـا بکـەن». دیـار نییـە ئایـا عەمـاش لەلایـەن خۆیـەوە هەنـگاوی کردەیـی بـۆ ئـەم کارەی هەیـە یـان تەنیـا فرەوانکردنــی پڕۆپاگەنــدەی جەنگــە.

٦. جێی سەرنجە باڵیۆزی ئیتاڵیا پێی ڕاگەیاندین، لە سەرەتای ئەم حەوتەیە لەلایەن سەدام حسێنەوە بانگێشتکراوە، ئەگەر پرسی کورد چارەسەر کرا، پلانی ئیتالیا بۆ هاوکاریکردن لە گەشەپێدانی باکوور بۆ حکومەتی عێراق بخاتەڕوو. ئەمە بۆ ئیتالیەکان پێشنیازێکی نوێ نییە؛ پێشنیازەکە هەر لە سەردەمی بەزاز کە پێدەچوو لەگەیشتن بە چارەسەری لەگەڵ کورد شانس بهێنێت، وەک خۆی ماوەتەوە. گەشەپێدانەکە تێچووی نزیکەی ٦٠ ملیۆن دیناری عێراقییە کە خودی عێراقیەکان ئەم تێچوونە دابین دەکەن بە ئامادەبوونی شارەزایانی ئیتاڵی لە گشت بوارەکاندا بۆ گەشەپێدان بە ناوچە کوردییەکان تا بگەنە ئاستی گەشەی کۆمەڵایەتی-ئابووری بەشەکانی دیکەی عێراق. باڵیۆزی ئیتالیا پەرچەکرداری سەدام حسێنی ئاشکرا نەکرد، بەڵام گوتی، سەدام دڵنیا یکردووتەوە کە گفتوگۆکان لەگەڵ کورد شکستی نەهێناوە.

(J. H. Symons)

نهێنی (ل ۱۲۰-۱۲۲)

تۆمارکراوی ژمارە ۱۰

۱۰ی ئاداری ۱۹۷۰

تۆماری گفتوگۆی لە نێوان بریکاری وەزارەتی دەرەوە و باڵیۆزی عێراق لە نووسینگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە و کۆمۆنوێلس کە پێنجشەمە ۱۲ی ئاداری ۱۹۷۰ کاتژمێر چواری ئێوارە بەڕێوەچوو.

ئامادەبووان:

بەڕێز ئیڤان لوارد، پەرلەمانتار. (Mr. Evan Luard M. P.)

ئێچ. ئ . بەڕێز کازم. م. خەلەف. (H. E. Mr. Kadhim M. Khalaf)

بەڕێز ک. ل. فێرگۆسۆن. (Mr. K. I. Ferguson)

١. بەڕێز خەلەف [کۆپیەک] لە وەرگێڕانی بەیاننامەی فەرمی کە لە بەغداوە بە دەستی گەیشتبوو لەبارەی ڕێککەوتنی نێوان حکومەتی عێراق و کورد، ڕادەستی بەڕێز لواردی کرد و بە کورتی باسی لە سەردێڕەکانی بەیاننامە فەرمیەکە کرد. بەڕێز لوارد پرسیاری ئەوەی کرد، ئایا ئەمە ئۆتۆنۆمی بۆ کورد لە عێراقدا دەستەبەر دەکات یان دەستەبەری لێکجیا کردنەوەی هێزەکان دەکات. بەڕێز خەلەف گوتی، بارزانی دەتوانێت لە ناوچەی ژێر فەرمانڕەوایی خۆیدا پارێزگاری لە هێزە تایبەتیەکانی خۆی بکات. ئەو ناتوانێت لەوە تێبگات بۆچی حکومەتی عێراق ڕەخنەی لە ڕێککەتنەکەی گرتووە.

٢. بەڕێز خەلەف گوتی، لە میانەی مانەوەی ئەم دواییانەی لە بەغدا، لەگەڵ ژەنەڕاڵ عەماش باسی لە ئیمتیازی نەوت کردووە بۆ حکومەتی عێراق لە کۆمپانیای نەوتی عێراق (I. P. C)، ژەنەڕاڵ عەماش لە سەردانەکەی کۆمپانیای نەوتی عێراق ناڕازییە، بەڵام خوازیاری چارەسەرکردنی گرفتەکە بوو. پێشنیازی ئەوەی کردووە کە کۆمپانیای نەوتی عێراق دەبوایا وەک نیشانێک بۆ ئامادەگیان، پشکی ۸۰

ملیۆن پاوەندی بە حکومەتی عێراقی دابا کە نزیکەی ٣٠ بۆ ٤٠ ملیۆن پاوەند قەرزدارن. بەڕێز لوارد گوتی، ئەم پرسیارە بۆ کۆمپانیا نەوتییەکان دەگەڕێتەوە. لەوە تێدەگات کە ئەوان ڕوونیان کردووتەوە فاکتەری سەرەکی لە گەیشتن بە ڕێککەوتن چارەسەرێکە کە حوکم لە مافی دووبارە فرۆشتنەوەی نەوت لە ناوچە جێناکۆکەکان بکات. کۆمپانیا نەوتییەکان ئامادەی گفتوگۆ کردنن، بەڵام هەنگاوی یەکەم پێویستە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بهاوێژرێت.

٣. دواتر بەڕێز خەلەف تیشکی خستەسەر گوتارێکی ڕۆژنامەی ساندێی تایمز، لە ١ی ئاداری لەبارەی باڵیۆزخانەی عێراق لە لەندەن، کە ئەو بە گوتارێکی شەرمەزارکەر ناوی برد و لە بەڕێز لواردی پرسی، نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس پێویست بوو ڕاستەخۆ وەڵامی ساندێی تایمزی بدابایەوە. بەڕێز لوارد وەڵامی دایەوە، لەوانەیە نەتوانین ئەم کارە بکەین، چونکە ئەوە بابەتێکە لە نێوان باڵیوزخانە[ی عێراق] و ساندێی تایمز. بەڕێز خەلەف دەتوانێ سکاڵایەک لە دژی ڕۆژنامەکە بەرزبکاتەوە، یان گوتارەکە بخاتە بەردەم ئەنجوومەنی ڕۆژنامەگەری، بەڵام بەدڵنیاییەوە زانیارییەکان تەنیا لەناو خودی باڵیوزخانەوە دزەی کردووە. بەڕێز خەلەف لە بەڕێز لواردی پرسی، باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە بەغدا چ هزرێکی دەکرد ئەگەر ئەم جۆرە گوتارە ئیهانەکارە لە بارەی ئەوانەوە لە ڕۆژنامەیەکی بەغدا نووسرابا. بەڕێز لوارد وەڵامی دایەوە، ئێمە نەماندەتوانی هیچ کارێک بکەین بۆ ڕێگری کردن لە ڕۆژنامەکە و جەختی لەوە کردەوە نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس ناتوانێت هیچ بکات لەباری گوتارەکەی ساندێی تایمز. بەڕێز خەلەف گوتی ڕۆژنامەکە دەستێوەردانی لە کاروباری باڵێوزخانەدا کردووە، ئەمەش شتێکە دەبوا نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمونووێلس ڕێگری بکەن.

٤. لەبارەی ململانێی نێوان عەرەب/ ئیسرائیل، بەڕێز خەلەف ئاماژەی بە ڕاپۆرتێکی ڕادیۆی بەناو فەرەنسی کرد کە لە سەرچاوەیەکی ئینگلیزی وەریگرتووە و ڕایگەیاندووە، ئەمریکا و رووسیا بۆ ڕاگرتنی ناردنی چەک بۆ ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاست ڕێککەوتوونە. بەڕێز لوارد گوتی، ئەمە لە ڕاستی دوورە. هەڵبەت شانشینی یەکگرتوو ئارەزوومەندی دابینکردنی زۆرتری چەک بۆ ئەم ناوچانە ڕابگیرێت و خودی سەرۆک وەزیرانیش لە وەڵامەکەی بۆ تێبینی بەڕێز کۆسیجن (Kosygin) ئاماژەی بەوە کردووەچ بە بیستنی ئەم جۆرە ڕێککەوتنە خۆشحاڵ دەبێت، هەروەها ئەو بە گومان بوو کە ڕاپۆرتەکە ڕاست بێت.

٥. بەڕێز خەلەف لە بەڕێز لواردی پرسی، ئایا هیچ ئاماژەیەکی هاندان لەلایەن نیویۆرکەوە هەبووە، ئایا ئەگەری ئەوە لە ئارادایە دکتۆر جێرینگ (Dr. Jerring) دووبارە دەست بە ئەرکی (mission) خۆی بکاتەوە. بەڕێز لوارد گوتی، تاڕادەیەک بەروپێشچوون هەبووە، هەرچەندە بێ ڕێککەوتنی پێشوەختەی نێوان چوار هێزەکە لەبارەی وردەکارییەکانی ئەرکەکە، چوونی دکتۆر جێرینگ بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهایەکی کەمی هەیە. هەندێك گرفت لە گفتوگۆکانی نێوان چوار هێزەکەدا هەبووە، بەڵام هەنوکە هەندێك ئاماژەی پێشکەوتن بەدی دەکرێن. لە وەڵامدانەوەی پرسیاری بەڕێز خەلەف لەبارەی ئەوەی، ئایا هەڵوێستی ڕووسیا نەرمتر بووە، بەڕێز لوارد گوتی، هەردوولایەن نەرمتر بوونە، یەکەمجار ئەمریکیەکان لە لێدوانی بەڕێز ڕۆگێرس (Mr Rogers) لەبارەی پاشەکشە و بەم دواییانەش ڕووسەکان لەبارەی پرسی پابەندبوونیان بە ئاشتی ڕێککەوتنێکی بەرچاو هەبوو لەبارەی پرسی ئیسرائیل/ کۆماری یەکگرتووی عەرەب و بەرەکانی ئیسرائیل/ئەردەن.

نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس

١٣ی ئاداری ١٩٧٠

جیهانی عەرەب The Arab world (١٢٣-١٢٦)

١٢ی ئاداری ١٩٧٠

**کورد، عێراق**

**کۆتایی هاتنی کێشەی کورد لە عێراق**

١. ڕاگەیاندنــی ئەنجوومەنــی ســەرکردایەتی شــۆڕش کــە لەلایــەن ســەرۆک بەکــر خوێندرایــەوە، «ئۆتۆنۆمــی» بــە کــورد بەخــشی.

٢. تەلەگرامی بارزانی پشتگیریی تەواوی خۆی بۆ ڕاگەیاندنەکە ڕاگەیاند.

٣. پشتگیریی سوپای عێراق بە تەلەگرام لەلایەن وەزیری بەرگریەوە بۆ بەکر نێردرا.

٤. تەلەگرامــی پشــتگیریی حیزبــی کۆمۆنیســتی عێــراق، لەلایــەن ڕادیــۆی بەغــداوە پەخشــکرا.

٥. ئەمــڕۆ عــەرەب و کــورد ڕێپێوانێــک ئەنجــام دەدەن، وەک ئاهەنــگ گێڕانێــک بــۆ «ڕۆژی ئاشــتی».

ئەمەی خوارەوە وردەکارییەکانن:

**کۆتایی هاتنی کێشەی کورد.**

شــەڕی نــۆ ســاڵەی کــورد لــە باکــووری عێــراق کۆتایهــات و «کێشــەی کــورد›› زۆر بــە باشــی چارەســەرکرا. ئەمــەش ناوەڕۆکــی ڕاگەیاندنەکــە بــوو کــە لــە بەغــداوە شــەوی ڕابردوو ڕاگەیێنــدرا و بــۆ یەکەمجــار لــە مێــژووی کێشــەی کــورد لــە عێراقــدا، وەک دانپێدانانێــک بــە مافــی گەلــی کــورد بــۆ خۆ-بەڕێوەبــردن لــە ناوچــەی باکــووری وڵات کــە کــورد تێیــدا زۆرێنــەن چەمکــی «ئۆتۆنۆمــی» بەکارهــات.

«بەیاننامەکــە»، لەلایــەن ئەنجوومەنــی ســەرکردایەتی شــۆڕش (RCC)، کــە باڵاتریــن دەســەڵاتە لــە وڵاتــدا دەرکــراوە و لەلایــەن ســەرۆک ئەحمــەد بەکــر خوێندرایــەوە و لــە ڕادیــۆ و تەلەفزیۆنــی بەغــدا و ڕادیــۆی کــوردی پەخشــکرا. ســەرۆک گوتــی،

«لاپەڕەیەکـی نـوێ لـە مێـژووی عێراقـدا هەڵدرایـەوە. ڕاگەیاندنکارەکـە کـە سـەرۆکی بـە بیسـەرانی ڕادیـۆ و تەلەفزیۆنـی ناسـاند، گوتـی: «قـەڵای برایەتـی کـورد و عـەرەب بونیاتـنرا». دواتـر، ڕادیـۆی بەغـدا لـە دووبـارە پەخشـکردنەوەی گوتـاری بەکـر، ڕاگەیاندنەکـەی بـە «مێژوویـی» ناوبـرد.

«مێژوویـی» وشـەیەک بـوو لەلایـەن سـکرتێری گشـتی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان (KDP)، مەحمـود عوسـمان، بەکارهـات کاتێـک لەسـەر تەلەفزیۆنـی بەغـدا تەلەگرامـی مەلامسـتەفا بارزانـی سـەرۆکی شۆڕشـی کـورد و سـەرۆکی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی خوێنـدەوە کـە بـۆ سـەرۆک بەکـر ناردبـووی و پابەنـدی تـەواوی کـوردی بـۆ «ڕاگەیاندنەکـە» ڕاگەیانـد.

سـەر لـە بەیانـی، سـەدام حسـێن تکریتـی، جێگـری سـەرۆکی ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی شـۆڕش و یاریـدەدەری سـکرتێری گشـتی سـەرکردایەتی نیشـتیمانی عێراقـی سـەر بـە حیزبـی بەعسـی دەسـەڵاتدار و ئـەو کەسـەی لـە دانوسـتانەکانی لەگـەڵ بارزانـی سـەرۆکایەتی لایەنـی عێراقـی دەکـرد، لـە لێدوانێکـی تۆمارکـراودا کـە لەلایـەن ڕادیـۆی بەغـداوە پەخشـکرا ڕایگەیانـد، ئـەو ڕێککەوتنـەی لەگـەڵ کـورددا بەدەسـتهاتووە «تەنیـا بریتـی نییـە لـە هێوربوونەوەیـەک بـۆ ئاگربەسـت» بەڵکـو «برایەتییەکـی بەخێـر لـە نێـوان کـورد و عـەرەب دادەمەزرێنێـت». هەروەهـا ئاژانسـی فەرمـی هەواڵـی عێراقـی کـە لێدوانەکـەی تکریتـی بڵاوکردووەتـەوە، گوتویەتـی، تکریتـی بـەم نزیکانـە لـە ناوچەکانـی باکـوور گەڕاوەتـەوە. ئەمـەش ئـەوە دەردەخـات کـە ڕێککەوتنـی کۆتایـی لـە شـەوی سێشـەممە لـە بـارەگای فەرماندەیـی بارزانـی لـە ڕوانـدز بەسـتراوە کـە لـە سـنووری ئێـران دوور نییـە.

شـەڕی کـورد هـەر لـە ١٩٦١ەوە لـە وەسـتان و دەسـتپێکردنەوەدایە. جەنگەکـە لـە ژێـر دەسـەڵاتی ڕژێمـی سـەرۆک وەزیرانـی پێشـوو، ژەنـەڕاڵ عەبدولکەریـم قاسـم دەسـتی پێکـرد؛ واتـە ئـەو کەسـەی لـە شـوباتی ١٩٦٣ لەلایـەن حیزبـی بەعـس کـە بـۆ یەکـەم جـار دەسـەڵاتی گرتەدەسـت، لـە دەسـەڵات لادرا و لـە سـێدارە درا.

**پشـــتگیریی بارزانـــی:** لــە تەلەگرامەکــەی خۆیــدا، بارزانــی گوتوویەتــی: «ئێمــە پابەنـدی تـەواوی خۆمـان بـۆ کارکـردن لەگـەڵ حیزبـی بەعـس و حکومەتـی نیشـتیمانی بــۆ جێبەجێکردنــی بەندەکانــی ڕاگەیاندنەکــە ڕادەگەیێنــن. پێویســتە ئێمــە لەپێنــاو پاراسـتنی بەرژەوەنـدی گەلـی عێـراق و بـۆ دەربـاز بـوون لـە ڕابـردووی تـاڵ هەمـوو کارێکــی مومکیــن ئەنجــام بدەیــن».

**پشــتگیریی ســوپا:** ڕادیـۆ و تەلەفزیۆنـی بەغـدا تەلەگرامێکیـان لەلایـەن سوپاسـالار حـەردان عەبدولغەفـور تکریتـی وەک وەزیـری بەرگـری و جێگـری فەرمانـدەی گشـتی هێـزە چەکـدارەکان بڵاوکـردەوە و ئامـاژەی بـەوە داوە، بـە پێـی توانـای خـۆی پشـتگیریی بـۆ سـەرۆک بەکـر و ژمارەیـەک لـە ئەندامانـی ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی شـۆڕش ڕاگەیانــدووە. تەلەگرامەکــە بەڕوونــی ئامــاژەی بــە پشــتیوانی هێــزە چەکدارەکانــی عێـراق لـە ڕێککەوتـن لەگـەڵ کـورد داوە. ئەمـەش گرنگـە، چونکـە ئەمـە ئـەو سـوپایە بـووە کـە لـە دژی سـەرهەڵدانی کـورد جەنـگاون.

**پشــتگیریی [حیزبــی] کۆمۆنیســت:** ڕادیــۆی بەغــدا، تەلەگرامێکــی پشــتگیریی لــە کۆمیتـەی ناوەنـدی حیزبـی کۆمۆنیسـتی عێراقـی لایەنگـری سـۆڤیەت بڵاوکردووەتـەوە. تەلەگرامەکـە لەلایـەن عەزیـز محەمـەد واژوو کـراوە کـە یەکەمیـن سـکرتێری کۆمیتـەی ناوەندییـە. تەلەگرامەکـە ڕایگەیانـدووە، حیزبـی کۆمۆنیسـت بـە پێـی توانـای خـۆی بـۆ جێبەجـێ کردنـی ڕێککەوتنەکـە لەگـەڵ کـورد هـەر کارێـک ئەنجـام دەدات. (شـایانی وەبیـر هێنانەوەیـە گومانـی ئـەوە هەیـە کـە کۆمۆنیسـتەکان ڕۆڵـی ناوەندگیریـان گێـڕا بێـت بـۆ پەیوەنـدی دروسـتکردن لـە نێـوان شۆڕشـگێڕان و حکومـەت. بـاس لـەوە دەکرێـت عەزیـز شـەریف، کۆمۆنیسـتێکی سـەربەخۆ و سـەرۆکی بزووتنـەوەی عێراقـی پارتیزانـی ئاشـتیخواز، کـە ئێسـتا وەزیـری دادە، ئـەم ڕۆڵـەی گێـڕا بێـت).

«ڕۆژی ئاشـتی»، سـەرۆک بەکـر لـە کۆتایـی قسـەکانیدا بـە بۆنـەی ڕێککەوتـن لەگـەڵ کـورد، لـە ئەمـڕۆوە تـا شـەممە بـۆ مـاوەی سـێ ڕۆژ پشـووی ڕاگەیانـد. ڕادیـۆی بەغـدا ئەمـڕۆ بەیانـی ڕایگەیانـد ئەمـڕۆ، پێنـج شـەممە، ١٢ی ئـاداری، بـە «ڕۆژی ئاشـتی» لـە نێـوان کـورد و عـەرەب ناونـراوە. ڕادیۆکـە هەروەهـا ڕایگەیانـدووە ئەمـڕۆ خۆپیشـاندانێکی

عەرەب-کورد لە بەغدا، وەک ئاهەنگگێڕانێک بۆ ئەم بۆنەیە بەڕێوە دەچێت.

**ڕێککەوتنەکە:** بە شێوەیەکی فەرمی، ئەو پێوەرانەی دوێنێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد ڕاگەیێندراون، بە ڕێککەوتن ناو نابردرێن، بەڵکو لەلایەن ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بە «بەیاننامە» ناو دەبردرێت، بۆئەوەی کۆمەڵێک هەنگاو بگرێتەبەر کە دەبێتە هۆی هێنانەدی خۆ-بەڕێوەبەری (self-government) بۆ کورد لەو ناوچانەی باکوور کە تێدا زۆرینە پێکدێنن.

«ڕاگەیاندن»ەکەی دوێنێ سوودی زۆرتر بە کورد دەگەیێنێت بەراورد لەگەڵ ئەو «ڕاگەیاندن»ەی کە لە حوزەیرانی ١٩٦٦ لەلایەن سەرۆک وەزیرانی پێشوو دکتۆر عەبدولرەحمان ئەلبەزاز ڕاگەیێندرا. ئەگەرچی ڕاگەیاندنەکەی بەزاز دانینابوو بە مافی نەتەوەیی بۆ کورد، بەڵام تا ئەو ڕادەیە نەچووەپێش کە «ئۆتۆنۆمی» بە کورد ببەخشێت، بەڵام ڕاگەیاندنە نوێیەکە لەچوارچێوەی کۆماری عێراقدا ئەم کارەی ئەنجام داوە. هەروەها ڕاگەیاندنەکەی دوێنێ، بە پێچەوانەی بەیاننامەکەی ١٩٦٦، جێگری سەرۆکی بە کورد بەخشیووە کە داواکارییەکی بەردەوامی بزاڤە نەتەواییەتیەکانی کورد بووە.

**حوکمە سەرەکییەکان:** بەندی ١٤ و ٤ حوکمە سەرەکییەکانی ڕاگەیاندنەکەن. ماددەی ١٤ دەڵێت: «دوای ڕاگەیاندنی ئەم ڕاگەیاندنە، بە هەماهەنگی لەگەڵ لێژنەی باڵا کە لە جێبەجێکردنی ڕاگەیاندنەکە بەرپرسیارە، ڕێکاری پێویست دەگیرێتەبەر بۆ یەکگرتنی ئەو پارێزگا و یەکە ئیداریانەی کورد تێیدا زۆرینەن، سەرژمێرییەکی فەرمی ئەنجام بدرێت. پێویستە حکومەت هەوڵی گەشەپێدانی ئەم یەکە ئیداریانە بدات، تا کورد بتوانن مومارەسەی تەواوی مافە نەتەوییەکانی خۆیان بکەن و دڵنیا بن کە لە ئۆتۆنۆمی سوودمەندن. تا ئەوکاتەی ئەم یەکگرتنە ئیدراییە ئەنجام دەدرێت، لە میانەی چاوپێکەتنە بەردەوامەکانی نێوان لێژنەی باڵا و پارێزگارەکان لە باکوور، هەماهەنگی لە کاروباری نەتەوەیی کورددا ئەنجام دەدرێت».

«چونکە ئۆتۆنۆمی لەچوارچێوەی کۆماری عێراقدا دەبێ، دەرهێنانی سەرچاوە

سروشـتییەکانی ئـەم ناوچەیـە لـە بەرپرسـیارێتی دەسـەڵاتەکانی کۆمـاری دەبێـت››.

**بەنـدی ٤ دەڵێـت:** «فەرمانبـەری کەرتـی مەدەنـی لـەو ناوچانـەی کـورد زۆرینـە پێکدێنـن لـە کـورد دەبێـت؛ ئەگـەر ژمـارەی پێویسـت لەبەردەسـت نەبـوو، فەرمانبـەری مەدەنـی (لـەو کەسـانە هەڵدەبژێردرێـت) کـە شـارەزای زمانـی کـوردی بـن. ئەمانـەش ئەرکــە ســەرەکییەکانی وەک پارێــزگار، قایمەقــام (جێگــری پارێــزگار)، بەڕێوەبــەری پۆلیـس و ئاسـایش دەگرێتـەوە».

لـە ڕاسـتیدا ئـەم دوو بەنـدە پێناسـەی [مافـی] ئۆتۆنۆمـی کـورد لـە عێراقـدا دەکـەن. هـەروەک لـە بەنـدی ٤ هاتـووە، ئـەو ناوچانـەی باکـوور کـە کـورد تێیـدا زۆرینـەن، دەبێتـە یـەک یەکـەی ئیـداری و لەلایـەن خـودی کـوردەوە بەڕێوەدەچێـت.

شــایانی وەبیــر هێنانەوەیــە، پێشــتر هەندێــك ڕاپــۆرت ئاماژەیــان بــەوە دابــوو دیارکردنـی سـنووری ناوچـە کوردییـەکان هـۆکاری دواکەوتنـی [گەیشـتن] بـە ئەنجامـی کۆتایـی ڕێککەوتنەکـە بـووە، کـە لـە بنەڕەتـدا وا بەرنامـەی بـۆ داڕێژابـوو لـە ٨ی شـوبات، واتـە لـە یەکەمیـن سـاڵوەگەری گەیشـتنی بەعـس بـۆ دەسـەڵات لـە عێراقـدا ڕابگەیێنرێـت. ڕاپۆرتـەکان ئامـاژە بـەوە دەکـەن کـورد پێداگریـان کـردووە کـە ناوچـە دەوڵەمەنـدە نەوتییەکانـی کەرکـووک پێویسـتە بخرێتـە نـاو سـنووری ناوچـەی کـورد. دانوسـتانکارانی حکومـەت ئەمەیـان ڕەت کردووەتـەوە و بـە پێـی سـەرژمێری حکومـەت، کـورد تەنیـا یـەک لەسـەر سـێی دانیشـتوانی کەرکـووک پێکدێنـن و عـەرەب و تورکمانـەکان دوو لەسـەر سـێی دانێشـتوان پێکدێنـن. کـورد ڕەتـی «ئامـارە فەرمییـەکان››ی کـردووە کـە لەلایـەن حکومەتـەوە خراوەتـەڕوو. دانوسـتانکارانی حکومـەت نیگەرانـن بەهـۆی ئـەو ڕاسـتییەی کـە کێڵگـە سـەرەکییەکانی نەوتـی وڵات لـە کەرکـووک دان.

بەنـدی ٤ پێشـنیاز دەکات بـەم شـێوەی خـوارەوە کێشـەکە چارەسـەر بکرێـت: بابەتـی نـەوت لـەم ناوچەیـەدا بەرپرسـیارێتی حکومەتـی بەغـدا دەبێـت. سـەرژمێری دانیشـتوان ئەنجـام دەدرێـت و بـە پێـی ئەنجامەکانـی سـەرژمێری هەردوولایـەن بڕیـار لەسـەر ئـەو ناوچانـە دەدەن کـە کـورد تێیـدا زۆرینـەن. شـایانی ئامـاژە پێدانە بەنـدی ٨ لـە ڕاگەیاندنەکە

بڕیـاری دووبـارە گەڕانـەوەی ئـەو خێزانـە عـەرەب و کوردانـەی بـۆ سـەر گونـدی خۆیـان داوە کـە بـە زۆر لـە شـوێنی خۆیـان لـە باکـوور دەرکـراون. کـورد پێداگـری لـەوە دەکات ژمارەیەکـی بەرچـاو لـە کـورد لـە قـەزای کەرکـووک لەلایـەن خـودی بەعسـییەکانەوە لـە میانـەی دوژمنکارییەکانـی سـاڵی ١٩٦٣دا دەرکـراون.

شـایانی لەبەرچاوگرتنـە لـە بەنـدی ١٤ ئامـاژەی بـۆ کـراوە، «لێژنەیەکـی بـاڵا›› پێکهێـنراوە تـا سەرپەرشـتی جێبەجێکردنـی ڕاگەیاندنەکـە بـکات. هێشـتا ئەندامانـی لێژنەکـە دەستنیشـان نەکـراون، بـەڵام هـەروەک ئاشـکرایە لێژنەکـە، نوێنەرایەتـی هەردوولایەنـی کـورد و حکومـەت دەکات.

**حوکمەکانـی دیکـە:** بـە پێـی بەنـدی ١٠، پێداچوونـەوە بـە دەسـتوری کاتـی دەکرێـت کـە لەلایـەن ڕژێمـی بەعسـەوە لـە دوای گرتنەدەسـتی دەسـەڵات لـە سـاڵی ١٩٦٨ دەرکـراوە. ئەویـش بـە مەبەسـتی ئامـاژەدان بـەوەی گەلـی عێـراق «لـە دوو نەتـەوەی عـەرەب و کـورد پێکهاتـووە›› و زمانـی کـورد لـە پـاڵ زمانـی عەرەبـی لـەو ناوچانـەی کـورد زۆرینـەن، زمانـی فەرمیـە. بەنـدی ١٢ دەڵێـت «یەکێـک لـە جێگرەکانـی سـەرۆک (کۆمـار) کـورد دەبێـت››.

بەنـدی ١٣ دەڵێـت یاسـای ئیـدارەی خۆجێیـی، کـە سـاڵی پـار لەلایـەن بەعسـییەکانەوە دەرکـراوە، پێداچوونـەوەی بـۆ دەکرێـت تـا لەگـەڵ ئـەم ڕاگەیاندنـە کۆکبێـت. ڕاگەیاندنەکـە حوکمەکانـی ئەنجوومەنـی یاسادانانی داهاتـووی دیـار کـردووە. بەنـدی ١٥ دەڵێـت، گەلـی کـورد لـە ئەنجوومەنـی نوێنەرانـدا، بـە پێـی ژمارەیـان لـە کـۆی گشـتی ژمـارەی دانیشـتوانی عێـراق نوێنـەری دەبێـت. (دەڵێـن لـە کـۆی گشـتی ٩ ملیـۆن دانیشـتووی عێـراق، کـورد ٥،١ ملیـۆن کەسـن).

بەنـدی ١٥ دەڵێـت، شۆڕشـگێڕانی کـورد وێسـتگەی نهێنـی ڕادیۆکەیـان و چەکـی قورسـیان ڕادەسـتی حکومـەت دەکـەن، بـەڵام ئەمـە لـە قۆناغـی دوای جێبەجێکردنـی حوکمەکانـی ڕاگەیاندنەکـە دەبێـت. ئەمـەش واتـە کـورد تەنیـا ئەوکاتـە ئـەم کارانـە دەکـەن کـە حوکمـەکان جێبەجێکـرا بـن. هەروەهـا شـایانی وردبوونەوەیـە ئاماژەکـە

تەنیـا «چەکـی قـورس» دەگرێتـەوە و هیـچ ئاماژەیـەک بـەو چەکـە سـوکانە نـەدراوە کـە کـورد هەیانـە. ئەمـەش بـەو مانایـە دێـت کـورد لـە بنەڕەتـدا بـە تەواوەتـی چـەک ناکرێـن. گومـان دەکرێـت سـوپا ناڕێکخراوەکـەی کـورد لـە ناوچەکانـی خۆیانـدا ببـەن بـە «پاسـەوانی نیشـتیمانی».

لەبـری بەدەسـتەوەدانی وێسـتگەی ڕادیۆکەیـان، کـورد دەیانەوێـت ڕێگـە بـە سـەرلەنوێ بڵاوکردنـەوەی ڕۆژنامـەی عەربـی زمانەکەیان-ئەلتەئاخـی- لـە بەغـدا بدرێـت. ڕۆژنامەکـە لـە کۆتایـی سـاڵی ١٩٦٨دا، کاتێـک شـەڕ لـە نێـوان شۆڕشـگێڕانی کـورد و ڕژێمـی بەعـس دەسـتی پێکـردەوە، لـە بڵاوبوونـەوە وەسـتا.

گشـت ئەمانـە لەگـەڵ ئـەو ڕاسـتیەی کـە هیـچ ئاماژەیـەک بـە داهاتـووی پێشـمەرگە نـەدراوە، یـان چـۆن بـەم نزیکانـە ئەنجوومەنـی نیشـتیمانی هەڵدەبژێردرێـت، وا دێتـە بەرچـاو لەوانەیـە هەندێـك بەنـدی نهێنـی لـە نێـوان ڕێککەوتنـی کـورد و حکومەتـدا هەبێـت. لـە سـەرەتای ئـەم مانگـەدا سـەرچاوە ئـاگادارەکان ڕایگەیانـد، بەعـس بەڵێنیـداوە هەڵبژاردنـی گشـتی لـە مـاوەی نێـوان دوو سـاڵدا بەڕێـوە بچێـت و تـا ئەوکاتـە ئەنجوومەنێکـی یاسـادانانی کاتـی دادەمەزرێـت کـە لـە پەنجـا کـەس پێکدێـت و ٢٥ ئەندامـی بەعسـین و ٢٥یـش کـورد، کۆمۆنیسـتەکان، ناسرییـەکان و چەپڕەوەکانـی دیکـە.

**کلتـور، گەشـەپێدان و قەرەبووکردنـەوە:** بەندەکانـی دیکـەی ڕاگەیاندنەکـە ئامـاژە بـە بەرزکردنـەوەی ئاسـتی ڕۆشـنبیریی و ئاسـتی قوتابخانـە کوردییـەکان لـە ناوچەکانـی خۆیانـدا، قەرەبـوو کردنـەوەی ئـەو کوردانـە دەدات کـە بەهـۆی شـەڕ برینـدار بوونـە یـان مـاڵ و موڵکیـان لەنـاو چـووە و هەروەهـا دەرکردنـی لێبوردنـی [گشـتی]. گشـت ئـەو کەسـە مەدەنـی و سـەربازیانەی بەهـۆی شـەڕی باکـوور کارەکانیـان لـە دەسـتداوە بـێ ڕەچاوکردنـی یاسـا بـەرکارەکان دەگەڕێنـەوە سـەر کارەکانیـان. لەپێنـاو لەناوبردنـی دەرەبەگایەتـی لـە ناوچـە کوردییـەکان یاسـای چاکسـازی زەوی جێبەجـێ دەکرێـت، بـەم جـۆرەش گشـت جوتیـارانی کـورد بـە یەکسـانی پارچـە زەوییەکیـان بـۆ تەرخـان دەکرێـت.

**گرنـگ:** تاهەنوکـە هیـچ تێبینییەکـی ڕۆژنامەوانـی لـە ڕۆژنامـە عەرەبییەکانـدا لەبـارەی

چارەسەری کێشەی کورد نەبینراوە. هەواڵەکە تەنیا لەلایەن ڕۆژنامە و ڕادیۆوە ڕوومال کراوە. میدیای زانیاری سووریا، کە لەلایەن باڵی ڕکابەری بەعسییەکان بەڕێوە دەچێت، هەواڵەکەی بێ هیچ تێبینییەک گواستووەتەوە.

(لەوانەیە بە شێوەیەکی هەمیشەیی، چارەسەری کێشەی کورد گۆڕانکاری ڕیشەیی لە پێگەی وڵاتدا بێنێتەدی، لە ماوەی نۆ ساڵی ڕابردوودا، شەڕی کورد گرنگترین سەرقاڵیی عێراق بووە. ئەم شەڕە بارگرانی لەسەر توانای حکومەت بۆ گەشەپێدانی ئابووری و لە ئەستۆگرتنی ڕۆڵی زیاتر لە بەرنگاربوونەوەی ئیسرائیلی دوژمندا دروست کرد. کاریگەریی خێرای چارەسەری کێشەی کورد چاوەڕوانکراو بوو، بەهەرحاڵ، گرنگترین کاریگەریی متمانە-بەخۆبوونی بەغدایە، لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئێستای لەگەڵ ئێراندا. کورد کە لە ڕابردوودا پشتیان بە یارمەتی ئێران بەستبوو، هەنوکە بوونەتە موڵکی بەغدا نەک بارگرانییەک بۆ بەغدا.

لە ڕاستیدا، بەخشینی ئۆتۆنۆمی بە کوردی عێراق لەوانەیە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی هەمان بیرۆکە لەلایەن ٤ ملیۆن کوردی ئێران؛ بابەتێک کە گرفت بۆ حکومەتی ئێران دروست دەکات. خاڵێک کە سەرۆک بەکر و بارزانی ئاماژەیان پێکرد بریتیی بوو لەوەی هەنوکە عێراق دەتوانێت هەوڵەکانی خۆی بۆ بەرپەرچدانەوەی مەترسی جیدی چڕبکاتەوە کە عەرەبەکان لە ئیسرائیل و شوێنی دیکە ڕووبەڕووی بوونەتەوە. بارزانی لە تەلەگرامی خۆیدا گوتوویەتی: «من لەم بۆنە مێژووییەدا جەخت لەسەر پشتیوانی گەلی کورد بۆ تێکۆشانی نەتەوەی عەرەب لە دژی دوژمنەکانی دەکەمەوە››).

جیهانی عەرەب (ل ١٢٧-١٢٩)

١٣ی ئاداری ١٩٧٠

عێراق، کورد

دواییــن [هەواڵــەکان] لەســەر [چارەســەری] کێشــەی کــورد: جێگــری ســەرۆک لــە ڕێککەوتنێــک لــە نێــوان بەعــس و پ.د.ک: کــورد پێنــج وەزیریــان دەبێــت

هەواڵــی ســەرەکی لەبــارەی چارەســەری کێشــەی کــورد لــە عێــراق (هەروەهــا بڕوانــە لاپــەڕەی ١١ و ١٢) ئەمانــەی خــوارەوەن:

- دکتۆر مەحمود عوسـمان سـکرتێری گشـتی پارتی دیموکراتی کوردسـتان (پ.د.ک) ئەمڕۆ بەیانـی لەلایـەن ڕادیـۆی بەغـداوە لێدوانەکانـی گوازرایـەوە، ڕایگەیانـدووە دیاریکردنـی جێگـری سـەرۆک [کۆمار] کە لـە بەیاننامەی ١١ی ئاداردا ئاماژەی پێـدراوە، بە ڕێککەوتن دەبێت لە نێوان پ.د.ک و حیزبی بەعسـی دەسـەڵاتداردا. لەوەڵامی پرسـیارێک لەبارەی مـاوەی دیارکـراو بـۆ جێبەجێکردنـی بەندەکانـی بەیاننامەکـە، مەحمـود ئامـاژەی بەوەدا دیاریکردنـی ماوەیەکـی دیارکـراو نامومکیـن نییـە، ئێسـتا لەسـەر بنەمـاکان ڕێککەوتـن کـراوە. دکتـۆر مەحمـود کـە لـە دانوسـتاندنەکاندا سـەرۆکایەتی شـاندی کـوردی دەکـرد، ئامـاژەی بـەوەدا ئێسـتا گفتوگـۆکان بـۆ دامەزراندنـی «بەرەیەکـی نیشـتیمانی» لەنێـوان هـەر یـەک لـە پ.د.ک و حیزبـی بەعـس و لایەنـە پێشـکەوتنخوازەکانی دیکـەی عێـراق بەردەوامـن (لەوانەیـە مەبەسـت حیزبی کۆمۆنیسـتی عێراق بێت کە لـە تەلەگرامێکدا بۆ سـەرۆک ئەحمـەد حەسـەن ئەلبەکـر پشـتگیریی خـۆی بـۆ بەکارهێنانی گشـت تواناکانی بـۆ جێبەجێکردنـی تەواوەتـی بەیاننامـەی کورد ڕاگەیاند- سـەیری سـەردێری هەواڵەکانی دوێنێـمان بکـە). هەروەهـا ڕۆژنامـەکان بڵاویـان کردووەتـەوە دکتـۆر مەحمود عوسـمان ڕایگەیانـدووە سـەرکردەی کـورد، مەلامسـتەفا بارزانـی، بـەم نزیکانـە سـەردانی بەغـدا دەکات تـا چـاوی بـە سـەرۆک ئەلبەکـر بکەوێت.
- لـە لێدوانێکـی فەرمـی بـۆ ڕۆژنامـەی ئەلئەنـواری بەغـدا کـە ڕۆژنامەیەکـی لایەنگـری کۆمــاری یەکگرتــووی عەرەبــی و لایەنگــری عێراقــە، لێدوانێکــی دکتــۆر عوســمان

بڵاوکراوەتەوە و بەم شێوەی خوارەوە شێوازی ئۆتۆنۆمی کوردی ڕوون کردووەتەوە: دەسەڵاتی ناوەندی و خۆجێیی بوونیان دەبێت. بەرگری، کاروباری دەرەوە، دارایی و کاروباری سەرۆکایەتی لە دەستی حکومەتی ناوەندی لە بەغدا دەبێت. کشتوکاڵ، پەروەردە، شارەوانی و بابەتەکانی نیشتەجێکردن لە دەست حکومەتی خۆجێییدا دەبێت (واتە لە دەسەڵاتی کورددا دەبێت). هەروەها ئاماژەی بەوەش کردووە: «ئۆتۆنۆمی کورد لە چوارچێوەی گەلی عێراق و کۆماری عێراق و یەکگرتوویی خاکی عێراقدا دەبێت؛ ئێمە هەر شتێکیتر ڕەتدەکەینەوە کە لەمە دەرباز ببێت». هەروەها لێدوانەکەی دکتۆر عوسمان کە لەلایەن ڕۆژنامەکەوە ئاماژەی پێدراوە بەشداری کورد لە کابینەی حکومەتدا بە پێنج وەزیر دەبێت.

**لێدوانەکان:** دکتۆر عوسمان بۆ جەماوەرێکی فراوان کە لە بەغدا گردببوونەوە تا بە بۆنەی «ئاشتی کورد-عەرەب›› خۆشی دەرببڕن، لە لێدوانێکیدا کە دوای کۆتایی هاتن بە لێدوانەکەی سەرۆک ئەلبەکر پێشکەش کرد. کاتێک دکتۆر عوسمان بە ناوی بارزانییەوە ڕایگەیاند، کورد بۆ بەرپەرچدانەوەی دوژمنی هاوبەش، واتە ئیسرائیل، لە پاڵ برا عەرەبەکانیان دەوەستن، سەرۆک بەکر داوای لێکرد ئەم قسەیە دووبارە بکاتەوە. دکتۆر عوسمان لەسەر شەرەفی جەماوەر ئەم کارەی ئەنجامدا. بۆنەکە لەلایەن ڕادیۆ بەغداوە پەخش دەکرا. لە لێدوانەکەیدا سەرۆک بەکر ڕایگەیاند لەمە بەدوا عێراق هێز و وزەی خۆی بۆ بەرەنگاربووەنەوەی دوژمنەکانی عەرەب تەرخان دەکات.

**ڕێککەوتنامەی کورد لە عێراق لەوانەیە بەندی نهێنی تێدابێت:** لەوانەیە سەرژمێری لە ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکاندا بکرێت.

بە گوتەی ئەو کەسانەی زانیارییان هەیە و سەردانی بەغدایان کردووە، هەندێك بەندی نهێنی لەو ڕێککەوتنەدا هەن کە لەنێوان حکومەتی عێراق و شۆڕشگێڕانی کورد بە سەرکردایەتی مەلامستەفا بارزانی گرێدراوە. هەروەها ئاماژە بەوە دەدەن چاوەڕوان ناکرێت ئەم بەندانە بۆ خەڵک ئاشکرا بکرێن.

یەکێک لەم بەندانە پەیوەستە بە جێگیرکردن و جوڵانەوەی هێزەکانی عێراق لە ئایندەدا لە ناوچە کوردییەکان. بەگوتەی سەردانکارەکان هەر لە ئێستاوە حکومەتی عێراق هەندێك لە هێزە ڕەمزییەکانی لە باکوور کشاندووەتەوە وەک نیشاندانی نیەت باشی. ئەوانی دییش لە داهاتوودا دەکشێنرێنەوە. لە داهاتوودا تەنیا هێزێکی ڕەمزی لە باکووردا دەمێنێتەوە، بەڵام لە کەرکووک بۆ پاسەوانی کردن لە کێڵگە نەوتییەکان و پاڵاوگەکانی نەوت، بارەگایەکی سەربازیی دەمێنێتەوە. بە قسەی ئەوان، جوڵانەوەی هێزەکان لە داهاتوودا، لە باکووری وڵات بە هۆکاری ئەمنییەوە، پێویستی بە ڕێگە پێدانی پێشوەختەی کورد هەیە.

هەروەها لە ڕووی سەربازییەوە، کورد پارێزگاری لە ١٢ هەزار پێشمەرگە دەکەن، هێزی ناڕێکخراوی کورد دەبن بە «پاسەوانی نیشتیمانی» یان «پاسەوانی سنوور». بەگوتەی سەردانکەرەکان، نزیکەی ٢٠ هەزار پێشمەرگە هەڵدەوەشێتەوە. لەبری ئەمەشدا حکومەت، «فورسانی سەلاحەدین» هەڵدەوەشێنێتەوە. واتە ئەو هێزە ناڕێکخراوەی کە لەو خێڵە کوردییانە پێکهاتوون دژی بارزانین و شەڕی شۆڕشگێڕانی کورد دەکەن. لایەنگرانی بارزانی بەو کەسانە دەڵێن جاش کە لە زمانی عەرەبیدا بە مانای کەری بچووک [جاشکە کەر] دێت. هەروەها بە گوتەی ئەم سەردانکەرانە بۆ بەغدا کە زانیاریان هەیە، حکومەت بە تەواوەتی لە پاڵپشتی باڵی دژە بارزانی کە سەر بە جەلال تاڵەبانیە دەکشێتەوە. واتە ئەو کەسەی مانگانە بڕی پێنج هەزار دینار ئابونە وەردەگرێت تا درێژە بە شەڕ دژی لایەنگرانی بارزانی بدات. هەندێك لەم پارەیەش بە ڕۆژنامەی ئەلنوری سەر بە تاڵەبانی دەدرێت کە لە بەغدا بە زمانی عەرەبی دەردەچێت.

**دەسەڵات لە دەست «کۆمیسیۆنی باڵا»دا** بە پێی هەمان سەرچاوە، کۆمیسیۆنی باڵا کە لە بەیاننامەی ڕۆژی چوارشەممە ئاماژەی پێدراوە، (بڕوانە هەواڵەکانی دوێنێمان) وەک دامەزراوەیێک کە چاودێری جێبەجێکردنی ڕێککەوتنامەکە دەکات، ئێستا لە باکووری عێراق بەرزترین دەسەڵاتە. ئەم کۆمیسیۆنە بە تەواوەتی لەو کوردانە پێکدێت کە لەلایەن بارزانی و لایەنگرانی هەڵدەبژێردرێن.

هــەر ئــەم کۆمیســیۆنەش کــورد لــە کەرتــی مەدەنــی لــە ناوچەکانــی ئۆتۆنۆمــی دادەمەزرێنێــت. دوای ئەنجامدانــی ســەرژمێری لــەو ناوچانــەدا، دوای زانینــی ئــەوەی کــورد زۆرینــەن، ئــەو ناوچانــە دەبنــە یــەک یەکــەی ئیــداری. ئەمــەش لــە بەیاننامەکــەدا ڕاگەیێنــدراوە کــە لەلایــەن ئەنجوومەنــی ســەرکردایەتی شــۆڕش و ســەرۆک ئەحمــەد حەســەن بەکــر خوێندرایــەوە.

**چاودێــری نەتــەوە یەکگرتــووەکان:** بــە پێــی ســەرچاوەکان، حکومەتــی عێــراق نامەیەکی بــۆ نەتــەوە یەکگرتــووەکان نــاردووە بەمەبەســتی سەرپەرشــتیکردنی پــڕۆژەی ســەرژمێری کــە لــە باکــووری عێــراق ئەنجــام دەدرێــت، داوای ناردنــی «شــارەزای ئامــار»ی کــردووە. وەک دیــارە ئەمــەش لەســەر داوای کــورد بــووە، بۆئــەوەی بــە ئامادەبوونــی چاودێرەکانــی نەتــەوە یەکگرتــووەکان ســەرژمێرییەکە دروســت و بــێ لایەنانــە بێــت.

ئەمــەش بابەتێکــی گرنگــە، چونکــە کــورد دان بــە ئامــاری فەرمــی حکومەتــی عێــراق نانێــن. بــە پێــی ڕاپۆرتــەکان کاتێــک کــورد داوایــان کــردووە کەرکــووک ببێتــە بەشــێک لــە ناوچــەی ئۆتۆنۆمــی ســەر بــە کــورد، گفتوگۆیەکــی چــڕ لــە نێــوان دانوســتانکارانی کــورد و حکومەتــی عێــراق ڕوویــداوە.

**جێگــری ســەرۆک کۆمــار:** بەگوتــەی ســەردانکەرەکان، جێگــری ســەرۆک کۆمــار کــە بــە پێــی ڕێککەوتنەکــە دادەمەزرێــت یەکێــک لــەم ســێ کەســانە دەبێــت: ئیدریــس بارزانــی کــوڕە گەورەکــەی مەلامســتەفا، فــواد عــارف، وەزیــری پێشــوو و مەحمــود عوســمان ســکرتێری گشــتی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان، واتــە ئــەو کەســەی لــە دانوســتانەکانی بەغــدا ســەرۆکایەتی شــاندی کــوردی دەکــرد.

مەلامســتەفا ڕایگەیانــدووە ئــەو حــەزی لــەم پۆســتە نییــە و لەوانەیــە ببێتــە ســەرۆکی ئەنجوومەنــی جێبەجێــکار کــە لــەدوای دیارکردنــی ســنوورەکانی یەکــەی ئیــداری کــورد پێــک دەهێنرێــت. هەروەهــا مەلامســتەفا ئامــاژەی بــەوە داوە نایەوێــت کوڕەکــەی ببێتــە جێگــری ســەرۆک کۆمــار، لەوانەیــە ئــەو بــۆ وەرگرتنــی ئــەم پۆســتە پشــتگیریی لــە دکتــۆر عوســمان بــکات.

دکتـۆر عوسـمان ئـەو کەسـە بـوو کـە تەلەگرامـی بارزانـی بـۆ پشـتگیری بەکـر لەبارەی بەیاننامـەی چارەسـەری کێشـەی کـورد لەسـەر تەلەفزیۆنـی بەغـدا، ئـەو شـەوەی بەیاننامەکـە ڕاگەیێنـدرا. هەروەهـا دوێنـێ لـە باڵکۆنـی کۆشـکی سـەرۆکایەتی لـە بەغـدا لە پـاڵ سـەرۆک بەکـر وەسـتا بـوو، بـۆ سوپاسـگوزاری کـردن لـە کۆبوونەوەیەکـی جەمـاوەری کـە بـۆ پشـتگیریی کـردن لـە چارەسـەریەکە گردببوونـەوە و بـۆ یەکەمجـار بـە هاتنـی ناوی بارزانـی دەنگـی خۆشـحاڵی بـەرز کرایـەوە. ئـەم خۆشـحاڵیەش لـەو کاتـەدا بـوو کـە دکتـۆر عوسـمان، بـۆ گردبوونەوەکـە، بـە نـاوی بارزانییـەوە ڕایگەیانـد کـورد پشـتگیریی تـەواوی عەرەبـەکان لـە خەباتیـان لـە دژی ئیسرائیـل و زایۆنیـزم دەکـەن.

**بـاس لـە گوشـاری سـۆڤیەت و بەریتانیـا دەکرێـت:** بەگوتـەی سـەردانکەرەکان هـەر یـەک لـە بەریتانیـا و یەکێتـی سـۆڤیەت بـە هـۆکاری جیـاواز، گوشـاریان هێنـاوە چارەسـەری کێشـەی کـورد بکرێـت.

بـە قسـەی ئـەوان، یەکێتـی سـۆڤیەت، هـەروەک زانـراوە هاوسـۆزە لەگـەڵ کـورد و نایەوێـت ئـەو چەکـەی بـە عێراقـی داوە تـا بـۆ شـەڕ لـە دژی ئیسرائیـل بـەکار بهێنرێـت، لـە دژی گەلـی کـورد بـەکار بهێنرێـت. سـەرچاوەکان دەڵێـن، سـۆڤیەت نیگەرانـی گەشـەی دوژمنایەتـی کردنـی عێراقـە لەلایـەن ئێرانـەوە. هەروەهـا لـەو بڕوایـەدان ئـەم کودەتایـەی دوایـی کـە بـۆ روخانـی ڕژێـم ئەنجامـدرا لەلایـەن باڵـی ڕاسـتڕەوی ئێرانـەوە پشـتگیریی کـراوە کـە لایەنگـری ئەمریـکا و دژی سـۆڤیەتن.

سـەرچاوەکان لەبـارەی ئـەو کەناڵانـە پشتڕاسـت نیـن کـە بەریتانیـا بـۆ گوشـارکردن بـەکاری هێنـاوە، بـەڵام بـە قسـەی ئـەوان فەرماندەیـی بەریتانیـا زۆر نیگەرانـە لـەوەی کـوردە ڕاپەڕیـوەکان لـە مانگـی ئایـاری سـاڵی ڕابـردوو بۆمبارانـی پاڵاوگـە نەوتییەکانـی کەرکووکیـان کـردووە و زیانیـان لێـداوە کـە سـەر بـە کۆمپانیـای نەوتـی عێراقـن و خاوەندارێتـی فـرە نەتەوەیـی هەیـە و بنکەکـەی لـە لەندەنـە.

**ئایـا ئەمـە ڕاسـتە؟** تەنیـا کات دەتوانێـت یارمەتیـمان بـدات لـە زانینـی ئـەوەی، ئایـا هیـچ ڕێککەوتنیـک بـۆ کۆتایهێنـان بـە کێشـەی کـورد هەیـە. بەهەرحـاڵ، لـە دوای

هەمـوو ئـەم شـتانە، بـە فەرمـی ئـەم ڕێککەوتنـە، بـە ڕێککەوتـن نـاو نەنـراوە، بەڵکـو تەنیـا بەیاننامەیەکـە بـۆ دەربڕینـی نیەتـی حکومـەت بـۆ گرتنەبـەری هەندێـك پێودانگـی جێبەجێکردنــی داوکاری کــوردە بــۆ ئۆتۆنۆمــی.

بەیاننامەیەکـی هاوشـێوە، بـەڵام نـەک لـەم ئاسـتە لـە حوزەیرانـی ١٩٦٦دا ڕاگەیێنـدرا، بــەڵام کۆتایــی بــە کێشــەی کــورد نەهێنــا. ئەمجــارە هــەروەک دیــارە، دامــودەزگای جێبەجێکردنـــی بەیاننامەکـــە دامـــەزراون تـــا بـــە پێـــی ڕاگەیێندراوەکـــە کارەکانیـــان راپەڕێنــن. لــە لایەکــی دیکــەوە، کــورد هێشــتاش بــە گومانــن، بــە پێــی بەیاننامەکــە کــورد وێســتگەی نهێنــی ڕادیۆکەیــان و چەکــە قورســەکەیان تەنیــا لــە دوا قۆناغــی جێبەجیکردنــی بەندەکانــی بەیاننامەکــە ڕادەسـتی حکومـەت دەکـەن. تەنانـەت کـورد هێــزە نارێکخراوەکەشــیان ڕادەســت ناکــەن.

تەنیـا شـتێک کـە تـا هەنوکـە ئاشـکرا بـووە بریتییـە لـەو حەقیقەتـەی کـە حیزبـی بەعـس هەنوکـە حوکمـی عێـراق دەکات، خوازیـاری هـاوکاری پارتـی دیموکراتی کوردسـتانە بــە ســەرۆکایەتی بارزانــی.

نهێنی (ل ١٣٠)

CYPHER/CAT A

لەلایەن: نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس، بە پەلە

بۆ: بەغدا

تەلەگرامی ژمارە ٢٨٨

١٦ی ئاداری ١٩٧٠ (NEQ)

وەڵامی تەلەگرامی بەغدا بە ژمارە ٢٨٨ لە ١٦ی ئادار بۆ مەبەستی بەرچاو ڕوونی بۆ تارانیش نێردراوە.

تەلەگرامەکەتان بە ژمارە ٢١١ (بۆ تاران نییە) لە ١٦ی ئادار

پەیامێک بۆ حکومەتی عێراق لەبارەی چارسەری پرسی کورد

١. ئێمە دەزانین ئێوە هاوڕای [ئەم بۆچوونە] نین، بەڵام ئەگەر زۆرێک لە وڵاتان [لەسەر ئەم پرسە] پیرۆزباییان [لە حکومەتی عێراق کرد] ئێمە نامانەوێت خۆمان دورەپەرێز بگرین؛ باشترە ئێمەش قسەیەکمان هەبێت.

٢. کەواتە ئێوە دەتوانن لە جێگەی من، هەرکاتێک چاوتان بە وەزیری کاروباری دەرەوەی [عێراق] کەوت، بەزارەکی خۆشحاڵی خۆتان لەسەر بابەتی چارەسەری [پرسی کورد] دەرببڕن.

٣. ئەگەر چاوتان بە شێخلی (Sheikhly) نەکەوت، ئێوە دەتوانن، هەروەک لە سەرەوە ئاماژەی بۆ کراوە، لە میانەی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانتان، لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی عێراق یان هەر بەرپرسێکی دیکەی دەستڕۆ قسە بکەن.

STEWART

DEPARTEMENTAL DISTRIBUTION

N. EADTERN D….ARAB D…. N. AFR. D…. RES. D (MIDDLE EAST SEC.)… I.P.D…I.R.D…NEWS D…M.O.D (INT)

زۆر نهێنی (ل ١٣١)

سکرتێری شەخسی

**کابینە**

هــەروەک داواکرابــوو، بابەتــی ‹خاڵەکانــی گفتوگــۆ› (Talking Points) و کورتەیــەک لەســەر ‹پێشــینەی ســەرنجەکان› (Background Note)، لەســەر چارەســەری کێشــەی کــورد لــە نێــوان کــورد و حکومەتــی عێراقتــان بــۆ دەنێــرم تــا وەزیــری کاروبــاری دەرەوە لــە کۆبوونــەی حکومەتــدا لــە ١٩ی ئــادار ســوودی لێوەربگرێــت.

(J. P. Tripp)

کۆپیەک بۆ:

Mr. Tickell، M، V، O

زۆر نهێنی (ل ١٣٢)

کابینە

١٩ی ئاداری ١٩٧٠

عێراق چارەسەری لەگەڵ کورد ڕاگەیاند

خاڵەکانی گفتوگۆ

١. ئێستا ڕوونە بەیاننامەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق لە ١١ی ئادار کە لەلایەن سەرکردەکانی کورد پەسەندکراوە، بەلانیکەمەوە ڕەنگدەرەوەی ڕێککەوتنێکە لەسەر ڕێککەوتنێک. سۆڤیەت گوشاری بەرچاوی خستووەتەسەر هەردوولایەن تا ڕێکبکەون.

٢. خاڵە سەرەکییەکانی ڕێککەوتنەکە بریتین لە: کورد پشکی دادپەروەرانەیان لە پۆستەکانی [حکومەتدا] دەبێت، وەک جێگری سەرۆکێکی کورد، پۆستە فەرمییەکان و پلە باڵاکانی سوپا، کورد بە پێی ڕێژەی دانیشتووانیان نوێنەریان لە ئەنجوومەنی نوێنەرایەتیدا دەبێت (کە تا ئیستا ئەم ئەنجوومەنە بوونی نییە)؛ لەو ناوچانەی کورد زۆرینەن فەرمانبەرەکان کورد دەبن؛ حکومەتی عێراق ڕێکاری فریاگوزاری (relief measures) و هاوکاری ئابوریی ئەو ناوچانە دەگرێتەبەر کە لە باکووری عێراقدا بەهۆی شەڕەوە زیانمەند بوونە. لەوانەیە گرنگترین بڕیار ئەوە بێت کە حکومەت یەکەیەکی ئیداری لە ناوچە کوردییەکاندا دروست دەکات و ڕادەیەک لە ئۆتۆنۆمی بۆ دابین دەکات.

٣. ڕێککەوتنەکە هەندێك خاڵی ناڕوونی تێدایە، بە دڵنیاییەوە هەر لەسەرەتاوە بەربەست لەبەردەم ئەم ڕێککەوتنەدا دروست دەکات؛ بۆ نموونە، سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی ، ئەو بڕە پارەیەی لەلایەن حکومەتی عێراق بۆ پەرەپێدانی باکوور تەرخان دەکرێت و ئایندەی هێزە نارێکخراوەکانی کورد [واتە پێشمەرگە].

٤. ئێمە لە سەرچاوەی باوەڕ پێکراوەوە ئاگادار کراینەتەوە کە شای [ئێران] زۆر

نیگەرانــی ڕێککەوتنەکەیــە، چونکــە بــە بۆچوونــی ئــەو، ئەگــەر ڕێککەوتنەکــە بــە ســەرکەوتووانە جێبەجــێ بکرێــت، حکومەتــی عێــراق دەســتکراوە دەبێــت بــۆ نانــەوەی ئــاژاوە لــە کوێــت [بــە تایبەتــی] و لــە کەنــداوی فــارس بــە گشــتی.

زۆر نهێنی (ل ١٣٣)

عێراق چارەسەری لەگەڵ کورد ڕاگەیاند

پێشینە (Background)

١. کـورد بـە درێژایـی دە سـاڵی ڕابـردوو لـە دژی حکومەتـە یـەک لـە دوا یەکەکانـی عێـراق، لـە شـەڕێکی پچـڕ پچـڕ دا بـووە. بەگشـتی [بارودۆخەکـە] بـە بنبەسـتێکی سـەربازیی گەیشـتووە و ژمارەیەکـی زۆری سـوپای ڕێکخـراوی عێـراق لـە باکـووردا چەقیـان بەسـتووە. هەندێـك لـە حکومەتـەکان لەگەیشـتن بـە چارەسـەریەک نزیـک بوونەتـەوە، بـە تایبەتـی حکومەتەکـەی دکتـۆر بـەزاز لـە ساڵی ١٩٦٦دا، بـەڵام هیـواکان بەهـۆی لـەکار لادانـی بـەزاز لەلایـەن عەبدولسـەلام عـارف لەبارچـوون؛ عـارف بـڕوای بـە گرتنەبـەری سیاسـەتێکی تونـد لـە دژی کـورد هەبـوو.

٢. ژمارەیەکـی زۆری کـورد لـە وڵاتـە دراوسـێکانی عێـراق، واتـە لـە سـووریا، تورکیـا و ئێـران و هەروهـا لـە یەکێتـی سۆڤیەتیشـدا هـەن، بـەڵام ئـەم کوردانـە پەیوەندییەکـی ناچالاکیـان لەگـەڵ حکومەتەکانیانـدا هەیـە .

بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک

دووشەممە ٢ی ئاداری ١٩٧٠ (ل١٣٤-١٣٩)

کۆماری عەرەب و کورد

ڤ. کودریاڤتسێڤ (V. Kudryavtsev)

١١ی ئاداری ١٩٧٠ لە مێژووی نوێی عێراقدا وەک ڕۆژێکی لەبیرنەکراو دەنووسرێت. ئەم ڕۆژە شایەتی واژووکردنی ڕێککەوتنێک بوو لەبارەی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد کە بە درێژایی نۆ ساڵ بووە هۆی شەڕی براکوژی لە نێوان کورد و عەرەب. جێگەی خۆشحاڵییە لە شار و گوندەکانی عێراق بیت و دڵخۆشی خەڵک لەبارەی ئەم ڕووداوە گرنگە ببینیت. لە هەموو شوێنێک خۆپیشاندان و کۆبوونەوەی چەندین هەزار کەسی دەبینی. سەرکردەکانی کۆمار و نوێنەرانی کورد لێداوانیان دەدا، لە نێوانیشیاندا هەردوو کوڕەکەی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان. ئەگەر کەسێک دابونەریتی ڕۆژهەڵات بخاتە بەرچاو، متمانەیەکی قوڵ لە ڕێککەوتنەکەدا بەدی دەکات. ئەمەش سیمبولێکە لە دەستپێکردنی کەمکردنەوەی دوژمنایەتی کە بۆ ماوەی چەندین ساڵ کەڵەکە بووە.

بۆ ماوەی سێ ڕۆژ عێراق جەژنی دامەزراندنی ئاشتییەکی ناوخۆیی گێڕا کە ماوەیەکی دوور و درێژە چاوەڕوانی بوو. لە گشت شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراقدا، مرۆڤ دەتوانێ کورد لەو جلوبەرگە سەربازییدا «پێشمەرگە»، ببینێت کە جاران بە مانای جیابوونەوە لە نیشتیمان دەهات و هەنوکە خۆیان بە هاووڵاتی خاوەن مافی تەواو لە کۆمارێکی دوو نەتەوەیدا دەبینن. خەڵک لەو بڕوایە دابوو واژوو کردنی ڕێککەوتنەکە ڕووداوێکی زۆر گرنگە.

بە وەبیر هێنانەوەی مێژووی عێراق و هەموو ئەو شتانەی وڵات لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوو، تێیدا دەرباز بووە، مرۆڤ دەتوانێت لەوە تێبگات لە ڕوانگەی عێراقیەک ئەم ڕێککەوتنە چەند گرنگە. ئەم هەڵسەنگاندنە کەم نییە، چونکە هەروەک عێراقییەکان بە ئێمەیان ڕاگەیاند، کارێکی زۆر پێویستە ئەنجام بدرێت تا بەندەکانی ڕێککەوتنەکە جێبەجێ بکرێن، چونکە ئیمپریالیزم و هێزە کۆنەپارێزە

(ڕەجعیــە) ناوخۆییــەکان بەردەوامــی بــە ململانێــی خۆیــان دەدەن تــا ئــەو کارتانــە بــە دەســت بهێننــەوە کــە بەهــۆی شۆڕشــی عێراقــەوە لــە دەســتیانداوە.

زۆر ئاسـانە لـە خۆشـی خەڵکـی عێـراق تێبگەیـن، چونکە مێـژووی گەشەسـەندنی وڵات، مێژوویەکـی زۆر دژوار بـووە. خاکێکـی بەپیـت لە نێوان دوو ڕووبـاری دیجلە و فوڕات هەیە کـە زۆر کـەس هەوڵـی دەسـت بەسـەردا گرتنـی داوە. زۆر کەسـیش لەپێنـاو بەدەسـتهێنانی میزۆپۆتامیا شـەڕیان کردووە. پێویسـت ناکات بە مێژووی ئاشـورییەکان و بابلییەکان دا شـۆڕ ببینـەوە. هـەر لـە فاتحـی بەهێز، سـیروس پاشـای فـارس، تـا دەگاتـە خەلیفـەی عەرەبەکان، مێزۆپۆتامیـا دەسـت بە دەسـت کرا. دواتـر مەغۆڵەکان ئـەم وڵاتەیان گرت. تەیمـوری بەهێز لەگـەڵ لەشـکرەکەی لـەم وڵاتـەدا دەربـاز بوو. لە سـەدەی هەڤدەیـەم عێراق بـووە وڵاتێکی داخـراو و دواکەوتـووی سـەر بـە ئیمپراتۆریـی عوسـمانی. دواتـر ئـەم وڵاتـە بـوو بـە نێچیری کۆمپانیـا بازرگانییەکانـی ئینگلیـزی و بە هینـدەوە گرێدرا.

دواتــر لەســەردەمی ئیمپریالیزمــدا مێزۆپۆتامیــا بــوو بــە ئامانجــی ململانێــی نێــوان بەریتانیــا و ئەڵمانیــا. بــەرەو ڕۆژهــەڵات، ئیمپراتــۆر قەیســەر، هێڵــی ئاســنینی ڕاکێشــا ئــەوکات بــە پــڕۆژەی سەرســوڕهێنەری ســێ «ب›› نــاو دەبردرا-بێرلین-بوتســوانا-بەغدا. جەنگـی یەکەمـی جیهانـی ئـەم خەونـەی قەیسـەری ئەڵمانیـای لەبەیـن بـرد. هەروەهـا بەریتانیـا چوارسـەد هـەزار سـەربازی بـۆ دەسـتگرتن بەسـەر مێزوپۆتامیـادا ڕەوانـە کـرد و ژیانـی زۆر کەسـی لـەم میانـەدا لەنـاو بـرد و نزیکـەی ١٥٠ ملیـۆن پاوەنـدی خـەرج کـرد کـە لـەو کاتـەدا پارەیەکـی لـە ڕادەبـەدەر زۆر بـوو.

لـە سـاڵی ١٩٢٠، ١٣٠ هـەزار کـورد و عـەرەب لـە دژی ئیمپریالیزمـی بەریتانیـا ڕاپەڕیـن. ئــەوان پێکــەوە خوێنیــان لەپێنــاو ئــازادی و ســەربەخۆییدا ڕشــت. ڕاپەڕینەکــە نــە تەنیــا لەلایـەن ١٢٠ هـەزار کـەس لـە سـوپای داگیرکـەری بەریتانیـا دامرکایـەوە، بەڵکـو سیاسـەتی فێڵبازانـەی کۆلۆنیالیسـتەکان کـە فویـان لـە ناکۆکـی نەتەوەیـی (لـە ڕێگـەی وروژاندنـی عـەرەب لـە دژی کـورد) و ئایینـی (زۆربـەی عەرەبـەکان شـیعەن و کـورد سـونەن) دەکـرد. پێویسـت بـە ئامـاژە پێـدان نـاکات ئیمپریالیسـتەکان لـە هەمـوو ڕێگەیەکـەوە جیـاوازی خێڵەکیـان بەرجەسـتە دەکـرد، تـا هـەم عـەرەب و هەمیـش کـورد لاواز بکـەن.

بەم جۆرەش لە ژێر کاریگەریی شکستی نازییەکان و بەهۆی بوژانەوەی توندی بزاڤە ڕزگاریخواز-نەتەوەییەکان لە نێوان خەڵکی ئاسیا و ئەفریقیا، ئەو شتەی بە ئینتدابی پاشایەتی هاشمی ناودەبردرا لە عێراق بە کۆتاهات، بەڵام تۆوی ژەهراوی ناکۆکی نەتەوەیی و ئایینی تا هەنوکەش هەستی پێدەکرێت. هەروەها لە دوای ١٩٦١ەوە، ئیمپریالیستەکان لە خستنە ژێر چاودێری عێراق و نەوتەکەی و پێگە ستراتیژیەکەی بەردەوامن، بۆئەوەی جەنگێکی برا کوژانە لە نێوان کورد و عەرەب بەرپا بکەن، جەنگەکە لە ئاداری ١٩٧٠دا بە کۆتاهات. لە ساڵی ١٩٦١ بۆ سەرەوە گشت هێزە کۆنەپارێزەکان و ڕژێمە ئیمپریالیستیەکان، کوردیان بۆ بەرژەوەندییە بەرتەسکەکانی خۆیان بەکارهێناوە. ئەویش بە بەرزکردنەوەی ئاستی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە باکوور یان بە کەمکردنەوەی ئەم ئۆپەراسیۆنانە بۆئەوەی پارێزگاری لە مانەوەی دەسەڵاتی خۆیان بکەن. ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە بناغەیەکی بەهێزی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا بونیات نەنرابوو. لە ئاداری ١٩٦٢، «فەرمانی لێبوردن بۆ ئەو کەسانە دەرچوو کە لە سەرهەڵدانی کورددا بەشدار ببوون». لە دوای ئەمەش بەیاننامەی حکومەت لەبارەی مەیلی حکومەتی بەرقەرار بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد دەرچوو. گشت ئەمانە فریودانێک بوو تا سەرکردەکانی بزاڤی ڕزگاریخواز و نەتەوەیی کورد بخەنە تەڵەوە. ئەنجامەکان بە دڵی گشت ئەو دەروون پیسانە بوو کە خوازیاری سەربەخۆیی عێراق بوون: بێ متمانەیی دوو لایەنە و لایەنگری بۆ لایەنێک زۆرتر لێهات و بە درێژایی چەندین دەیە کەڵەکە بوو.

لایەنی سێیەمش هەبوو کە خۆشحاڵ بوون، واتە ئیمپریالیزم، هەمیشە چاوی بڕیوەتە نەوتی عێراق و سوودە ستراتیژییەکانی. بەیاننامەیەکی دیکەیش لە ساڵی ١٩٦٦ دەرکرا کە خوازیاری چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد بوو، بەڵام هیچ شتێک لەم بەیاننامەیە بەدینەهات، ئەویش بەهۆی دژایەتیکردنی ئەکتەرە کۆنەپارێزە ناوخۆییەکان, بەمجۆرەش جەنگی براکوژی بەردەوام بوو و بێ متمانەیی دوو لایەنە برەوی سەند. دواجار شۆڕشی ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨ کە حیزبی بەعسی هێنایە سەر دەسەڵات، چارەسەریەک داڕێژرا تا کۆتایی بە

ئۆپەراسیۆنی سەربازیی بهێنێت. گفتوگۆکان کە سێ مانگ لەمەوبەر دەست پێکران، بووە هۆی هێنانەدی ڕێککەوتنی ١١ی ئادار. ئەمەش لە ئەنجامی هەوڵی بێوچانی گشت هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عێراق بوو. بەتایبەتی حیزبی کۆمۆنیست، ئەمەش سەرەڕای بارودۆخی دژواری ئەنجامدانی چالاکییە نهێنیەکانی و کوشتنی باشترین ئەندامەکانی ئەم حیزبە لە زیندانەکان و لە سێدارەدانیان؛ بەڵام بەردەوام بوون لە دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتیانە بۆ کێشەی کورد کە لەمپەری لەبەردەم هەلی گەشەسەندنی وڵاتy دروست دەکرد، دۆخێک کە لە خزمەتی بەرژەوەندی ئیمپریالیستەکان و داردەستەکەیان لە وڵاتدا بوو.

پارتی دیموکراتی کوردستان (پ.د.ک) لە ساڵی ١٩٤٦ لەسەر بناغەی تێکەڵ بوونی چەندین ڕێکخراوی نەتەوەیی و دیموکراتی دامەزراوە. هەر لە سەرەتای تێکۆشانیەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی یەکگرتوودا هەوڵی بۆ دەستبەرکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد داوە. جیابوونەوە کە دەبێتە هۆی لاوازکردنی هێزە دژە ئیمپریالیستەکانی گەلی عێراق، نامۆیە بەم حیزبە.

شایەنی وەبیر هێنانەوەیە کۆنگرەی چوارەمی پ.د.ک لە تشرینی یەکەمی ١٩٥٩، لە پەیڕەو و پرۆگرامیدا بانگەشەی بۆ وەگەڕخستنی تێکۆشان کرد بۆ زامنکردن و قایمکردنی دەوڵەتی عێراق وەک دەوڵەتێکی دوو نەتەوە کە لە کورد و عەرەب پێکدێت. هەروەها بانگەشەی دابینکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا کرد. هەروەها لە هەڵوێستە نموونەییەکانی ئەم حیزبە لە کۆنگرەی شەش لە ١٩٦٤دا، دەرکرکردنی سکرتێری پێشوی ئەم حیزبە ئیبراهیم ئەحمەد و لایەنگرەکانی بوو، ئەویش بەهۆی دژایەتیکردنیان لە چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد.

ڕێککەوتنەکەی ١١ی ئاداری ئەم ساڵە, نە تەنیا کۆتایی بە شەڕی براکوژی هێنا، بەڵکو بووە هۆی هەنگاونانی کردەیی لە مەیدانی مافە سیاسی، ئابووری و کولتورییەکانی گەل. هەروەک نیکۆلای پودگۆرنی (Nikolai Podgorny) و ئەلێکسی کۆسیگن (Alexei Kosygin) لە تەلەگرامی پیرۆزبایی خۆیان بۆ سەرۆک و سەرۆک وەزیرانی عێراق، ئەحمەد حەسەن بەکر، ڕایانگەیاندووە،

وەرگێڕانــی ئــەم هەنگاوانــە بــۆ ســەر ژیانــی واقیعــی «دەبێتــە هــۆی بەهێزکردنــی یەکێتــی نەتەوەیــی و برایەتــی لــە نێـوان دوو گەلــی بـرا - کـورد و عـەرەب- لـە کۆمـاری عێراقـدا. جێبەجێکردنــی ســەرکەوتووانەی وەرچەرخانــی کۆمەڵایەتــی و ئابــووری لــە وڵاتــدا لــە بەرژەوەنــدی گشــت گەلــی عێراقدایــە و دەبێتــە هــۆی بەرزکردنــەوەی ســتانداردەکانی ژیــان و خۆشــگوزەرانیان.

ڕێککەوتنەکـە لـە پێشـەکیدا ئامـاژە بـەوە دەکات کـە دەسـتوری کاتـی عێـراق ئامـاژە بـەوە دەدات گەلـی عێـراق لـە دوو نەتـەوەی سـەرەکی پێـک دێت-کـورد و عـەرەب.

دەسـتور دانـی بـە مافـە نەتەوەییەکانـی کـورد و کەمینەکانـی دیکـە لـە چوارچێـوەی یەکێتـی خاکـی عێـراق دانـاوە (کـورد ١٩٪ی دانیشـتوانی عێـراق پێکدێنن). هەروەهـا زمانی کـوردی لـە پـاڵ زمانـی عەرەبـی، بـە زمانـی فەرمـی ناسـێنراوە. یەکێـک لـە جێگرەکانـی سـەرۆکی وڵات کـورد دەبێـت. کـورد ڕاسـتەوخۆ لـە دەسـەڵاتی یاسـادانان و جێبەجێکـردن و دەسـەڵاتە خۆجێییەکانـدا بەشـدار دەبێـت.

لـە ڕێککەوتنەکـەدا، بـە گشـتی گرنگییەکـی زۆر بـە پرسـەکانی کلتـور دراوە. بـۆ نموونـە، لـە سـلێمانی زانکۆیەکـی کـوردی دەکرێتـەوە. هەروەهـا بەشـی کـوردی لـە پەیمانگـەی فەلسـەفە کراوەتـەوە. خوێنـدن لـە ناوچـە کوردییـەکان بـە زمانـی دایـک دەبێـت.

کۆمەڵێـک پێشـنیاز لـە ڕێککەوتنەکـەدا بـەو ئامانجـە داڕێـژراون کـە ژیانـی خەڵـک خۆشــتر بکــەن. ئــەم پێشــنیازانە ڕێگــە بــەو خێزانــە کوردانــە دەدات کــە لــە ناوچــە جەنگیەکانـدا ژیـاون و خێزانـە عەرەبـەکان بـۆ زێدی خۆیـان بگەڕێنەوە. هەوڵی نەهێشـتنی بێـکاری و چەندیـن بابەتیـر دەدرێـت. دوای ئەنجامدانـی سـەرژمێری بڕیـار وایـە گۆڕینـی ئیـداری لـە باکووری عێـراق لـەو ناوچانـە ئەنجـام بدرێـت کـە کـورد زۆرینـەن. ڕێککەوتـن کـراوە لەسـەر دامەزراندنـی پارێزگایەکـی [یەکەیەکـی ئیـداری] تایبـەت بـە کـورد. لەبـارەی چارەســەری پرســێکی ئاڵــۆزی وەک پێگــەی ئاینــدەی هێــزە چەکدارەکانــی کــورد زیــان لـە کەرامەتـی نەتەوەیـی کـورد نادرێـت. بـۆ نموونـە، هێـزی ناڕێکخـراوەی کـوردە وڵات پارێـزەکان (پێشـمەرگە) لـە چوارچێـوەی هێـزی نیشـتیمانیدا دەمێنێتـەوە.

هەروەک لە سەرەتای ئەم گوتارەدا ئاماژەی پێدرا مامەڵەی ڕەقی مێژوو لەگەڵ عێراق بە ڕێککەوت نەبووە. ئاسان نییە کاریگەرییە نەرێنییە کەڵەکە بووەکان بە درێژایی مێژوو لەم وڵاتە خێر لە خۆ نەدیوە وەلابنرێن، بەڵام هەلومەرجێکی پێویست بۆ ئەم وەلانانە بونیاتنراوە و هەنوکەش بۆ سەقامگیرکردنی وڵاتێکی دوو-نەتەوە، زۆر زەرووره ئەم ڕێککەوتنە وەگەڕ بخرێت.

لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ پەیامنێرێکی سۆڤیەتی، محەمەد موجب، سەرکردەیەکی حیزبی بەعس و پارێزگاری بەسرا، کە هەڵسەنگاندنی بو شۆڕشی ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨ دەکرد، لەو بڕوایەدا بوو ئەم شۆڕشە، بۆنموونە، جوتیارەکانی عێراق کە گەورەترین توێژی دانیشتوان پێکدێنن لە ژێر دەستی دەرەبەگەکان ڕزگار کرد و لەمانەش گرنگتر کەرامەتی مرۆڤایەتی ئەوانی بۆ گەڕاندەوە.

ڕێککەوتنی ١١ ئاdار گرنگییەکی تایبەتی هەیە. ئەم ڕێککەوتنە لە چوارچێوەی کۆماری عێراق، شکۆی نەتەوەیی بۆ کورد گەڕاندەوە کە بەهۆی باڵادەستی ئیمپریالیستەکان و هێزە کۆنەپارێزە خۆجێییەکان بە درێژایی چەندین ساڵ لە ناوبرا بوو.

لە میانەی گفتوگۆمان لەگەڵ سەدام حسێن تکریتیدا، کە جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشە، بۆمان ئاشکرا بوو هەوڵەکان دەستی پێکردووە بۆ دۆزینەوەی ئەو پێودانگانەی کە باشترین پێوەرن بۆ نەهێشتنی بێ متمانەیی دوولایەنە کە بە درێژایی چەندین ساڵ لە نێوان کورد و عەرەب دروست بووە. ئێمە هاوڕا بووین کە ئەمە لە میانەی وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی-ئابووریدا بەدیدێت کە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی ستانداردی مادی و کلتوری خەڵک و لە هەمان کاتدا ڕیشەی دەرەبەگایەتی ناوخۆ و گشت هێزە کۆنەپارێزەکانی لایەنگری ئیمپریالیزم هەڵدەتەکێنێت. هێزە ئیمپریالیستەکان ئەو هێزانەن کە ناکۆکی نەتەوەیی و ئایینیان هەڵگیرساند تا یەکێتی خەڵکی عێراق لە ناوبەرن و بەرخودانی وڵات لە دژی دوژمنەکان و دەرون پیسەکان، لاواز بکەن.

سـەرکردەکانی کـورد و عـەرەب زۆر بـە باشـی ئـاگاداری ئەمـەن. دوای واژووکردنـی ڕێککەوتننامەکـە، مسـتەفا بارزانـی ڕایگەیانـد، پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـە تـەواوی پشـتگیریی یاسـای چاکسـازیی زەوی و دابەشـکردنی زەوی لـە نێـوان جوتیـاران لـە باکووری عێراقـدا دەکات؛ هـەروەک چـۆن ئەمـە لـە ناوچەکانـی دیکـەی وڵات ڕوودەدات تـا جوتیـاران لـە چەوسـانەوەی دەرەبەگـەکان ڕزگار بکـەن. هەروەهـا دانوسـتانێکی گـەرم لـە عێـراق لەبـارەی بابەتـی زیندەگـی دامەزراندنـی بەرەیەکـی نیشـتیمانی لـە ئارادایـە کـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان یەکێـک لـە پێکهێنەرانـی دەبێـت.

بـێ زیادەبێـژی دەتوانیـن بڵێیـن جێبەجێکردنـی ڕێککەوتننامـەی ١١ی ئـادار فووتێکردنێکـی بەهێـزە لـە ئیمپریالیـزم و بریکارەکانـی لـە ناوخـۆی عێـراق و وڵاتانـی دیکـەی عەرەبـی. گەلـی عێـراق دەتوانـن وزەی خۆیـان کۆبکەنـەوە بـۆ بەجێگەیاندنـی ئەرکـی سـەرەکیان لـەم قۆناغـەدا، کـە بریتییـە لـە خەباتـی وڵاتانـی عەرەبـی لـە دژی ئیمپریالیـزم و نەهێشـتنی دەرهاوێشـتەکانی دوژمنـکاری ئیسرائیـل کـە بێگومـان دەبێتـە هـۆی قایمترکردنـی یەکێتـی وڵاتانـی عەرەبـی لـەم خەباتـەدا.

چارەسـەری ئاشـتیانەی کێشـەی کـورد لـە عێراقـدا دەبێتـە هـۆی بەرزکردنـەوەی پێگـەی کۆمـاری عێـراق لـە ئاسـتی نێودەوڵەتیـدا و دەبێتـە هـۆی بەهێزکردنـی بزووتنـەوەی ئازادیخوازی-نەتەوەیـی گەلـی ئاسـیا-ئەفریقیا. تەئکیـدی ئەمـەش ئـەو دڵنیاییەیـە کـە لەلایـەن سـەرۆکی پ.د.ک، مسـتەفا بارزانـی، دراوە لەبـارەی ئـەوەی کـورد پاڵپشـتی بـرا عەرەبەکانیـان دەکـەن. واتـە لەلایـەن ئـەو کەسـانەی لـە پێنـاوی زێـدی خۆیـان و گەڕانـەوەی مافـە زەوتکراوەکانیـان دەجەنگـن.

داهاتـوو لـە بـەردەم ئـەم چارەسـەریە ئاشـتیخوازانەدا کراوەیـە، کـە بریتییـە لـە گەشـە و بوژانـەوەی ناوخـۆ و تێکۆشـانێکی سـەرکەووتوانە لـە دژی ئیمپریالیسـتەکان و بەکرێگیـراوە ئیسرائیلیەکانیـان کـە گورزیـان لـە دڵـی عێراقیـەکان وەشـاندو و بـووە هـۆی ئـەوەی عێراقییـەکان بـە ژمارەیەکـی بەرچـاو بێنـە سـەر شـەقامی شـارەکان و لـە ئەنجوومەنـی گوندەکانـدا کۆببنـەوە و بـۆ یەکەمجـار لـە دوای چەندیـن سـاڵ هەسـت بـە بەهێـزی بکـەن. بۆیـە یەکێتـی گشـت خەڵکـی کۆمـاری عێـراق شـتێکی مەحـاڵ

نییــە. ئــەوان هاوڕێکانیــان لــە بیــر ناکــەن و عێــراق بــە پاڵپشــتی ئــەم هاوڕێیانــە کۆتایــی بــە جەنگــی براکــوژی دێنێــت کــە پیــلانی هێــزە کۆنەپارێــزە ئیمپریالیســتەکان بوونــە. لــەم ڕۆژە گرنگانــەی ئــاداردا لــە هــەر شــوێنێک ئێمــە لەگــەڵ عێراقییەکانــدا بیــن، ئێمــە هەســت بــەم ڕۆژە گرنگانــە دەکەیــن.

(Izvestia، March 20، In full)

سنووردار (ل١٤٠)

باڵیۆزی بەریتانیا

ئەنقەرە

(٦/١٨)

٢٥ی ئاداری ١٩٧٠

ڕێککەوتن لە نێوان کورد و حکومەتی عێراق

١. تکایە دەتوانن ئاماژە بە تەلەگرامی بەغدا لەسەر ئەم بابەتە بدەن، دوایین تەلەگرام کە بەدەستمان گەیشتووە، ژمارە ٢٠٧ لە ١٣ی ئادارە. پاش نامەکەی جۆن دودس (John Dodds) بۆ مایک ئۆبرێن (Mick O'Brien) لە ١٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٨ەوە، هیچ شتێکی تایبەتمان لەسەر کوردی تورکیا نەکردووە بە ڕاپۆرت. لەو کاتەوە تا ئێستا سیاسەتی حکومەتی تورکیا لە کەمتر باسکردن لە کورد، بە گشتی سەرکەتوو بووە، بەڵام ڕێککەوتنەکەی نێوان بارزانی و حکومەتی عێراق بووەتە هۆی دروست بوونی هەندێك ڕەخنە لەسەر ئاستی لۆکالی. جێی سەرنجە زۆربەی ئەم تێبینیانە تا دوای یەک حەوتە هەواڵەکان لەبارەی ڕێککەوتنەکە بڵاوبوونەوە، بڵاو نەکرانەوە. خودی ڕێککەوتنەکە زۆر بە کەمی لە ڕۆژنامە تورکیەکاندا ئاماژەی پێکراوە.

٢. تێبینیەکان زۆر خۆپارێزی تێدایە. ئاماژە بەوە دراوە تورکیا بە لانیکەمەوە لە ڕوویەکەوە لە ڕێککەوتنەکە سوودمەند دەبێت ئەویش ئەوەیە: بەهەرحاڵ بۆ کاتی ئێستا، ئاشتی و ئارامی لە سنووری باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا دێتەدی کە عێراق بە درێژایی چەندین ساڵ بە هەڕەمەکی ئەم ناوچانەی لە دژی کوردە سەرهەڵداوەکانی خۆی بۆمباران دەکرد، بەڵام شرۆڤەکارانیتر ئاماژە بە مەترسی شاراوەی ئەم ڕێککەوتنە بۆ سەر سەقامگیریی تورکیا دەدەن. ئاماژە بە قسەی بارزانی دراوە کە چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە دەکات تێیدا ئازادی و یەکێتی بۆ گشت کورد دەستەبەر دەکرێت. هەروەها گومانی ئەوە دەکرێت، هەنوکە حکومەتی عێراق

دەتوانێت بارزانی لە دژی ئێران بەکار بهێنێت (بە هەمان شێوە ئێران بارزانی لە دژی عێراق بەکار دەهێنا)، تورکیا لەبەردەم هەمان مەترسیدایە. هەروەها ئاماژە بە تەنگژەی نێوان ئەتاتورک و کورد دراوە، کاتێک «هێزە دەرەکییەکان» ئامادە بوون دەست لە کاروباری تورکیادا وەر بدەن و زەنگی ئاگادار کردنەوە لێدەن کە تورکیا پێویستە ئاگاداری ئەم مەترسییانە بێت. تێبینییەکان لەگەڵ ڕەشبینییەک تێکەڵ بوونە کە ئەم ڕێککەوتنە لەگەڵ کورد ئەو شانسەی هەیە وەک دوا [قۆناغی] ڕێککەوتن هەژمار بکرێت.

٣. سروشتییە هیچ بەرپەرچدانەوەیەکی فەرمی بۆ ڕێککەوتنەکە نەبێت، بەڵام هەستێک هەیە گوایە زۆربەی کوردی تورکیا چیتر خراپکار نین و جێگەی سەرسوڕمان نییە ئەگەر حکومەتی تورکیا لە بارودۆخی ئێستادا هەڵوێستیکی هێمن بگرێتەبەر. بێجگە لەمەش ئەگەر حکومەتی عێراق خۆشحاڵ بێت بۆ گرتنەبەری سیاسەتێکی هەستیار لە دژی ئێرانییەکان، بەڵام چالاکی خراپکارانە لە دژی تورکیا بابەتێکیترە. وڵاتە میلیتارییە عەرەبییەکان دەیانەوێت هەڵوێستی تورکیا لەبارەی پرسی عەرەب/ئیسرائیل توند بکەن. لەم بەستێنەدا لێدوانی سەرۆکی عێراق، لە ڕۆژنامە تورکیەکاندا کە لە ٢٣ی ئادار بڵاو کراوەتەوە، سەرنج ڕاکێشە، کە عێراق بە تەواوی پشتگیریی تورکیا دەکات لەبارەی کێشەی قوبرس، هەروەها خۆشحاڵە لەبارەی سیاسەتی تورکیا لەبارەی فەلەستین.

(R. G. Short)

P. R. Fearn، Esq

بەشی باشووری ئەوروپا

نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس

هاوپێچ بۆ نووسینگەکانی پاراستنی زانیارییەکان لە: بەغدا، تاران، ڕاوێژکاری گشتی لە ئیستانبول.

نهێنی (١٤١)

نووسینگەی کاروبار دەرەوە و کۆمۆنوێلس

(NEQ 1/2)

ڕاپۆرتی دیپلۆماسی ژمارە ٢٣٤/٧٠

دابەشکاری گشتی

عێراق

٢ی نیسانی ١٩٧٠

**چارەسەری حکومەتی بەعس لەگەڵ کورد**

لەلایەن باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق بۆ سکرتێری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس (٢ی ئادارییە دەست گەیشتووە)

١. هەردوولایەن ڕایانگەیاند چارەسەری ڕاگەیێنراو لە ١١ ی ئادار کۆتا دەقە (to be final) (پەرەگرافی ١).

٢. بەراورد لەگەڵ ڕژێمە جۆراوجۆرەکانی پێشتر کە ١٠ ساڵ جەنگی ناوخۆیان ئەنجامدا، ڕژێمی بەعس، بۆ گرتنەبەری ڕێکاری ئەرێنێ لەبارەی پرسی کورد، ماوەیەکی زەمەنی تەرخان کردووە (پەرەگرافی ٢).

٣. دانوستانەکان لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٩ دەستی پێکرد و ڕووبەڕووی گرفتی چاوەڕوانکراو هاتووە، بەڵام لە ڕێگەی هەردووسەرکردە سەرەکییەکەوە کە سازشێکی نەتەوەییان پەسەند کرد، ڕێ لە شکستهێنانی دانوستانەکان گیرا (پەرەگرافی ٣-٤).

٤. ئەنجامەکان کە بە شێوەیەکی فەرمی بە ڕێککەوتن ناو نابردرێت، بەڵکو بەیاننامەیەکە لەلایەن ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە ڕاگەیێندراوە، بە وردییەوە لەگەڵ کێشە ئاسانەکان مامەڵە دەکات، بەڵام لەبارەی کێشە سەرەکییەکان ناڕوونە. بۆ نموونە، کێشەی هاوبەشی لە دەسەڵاتی ناوەندیدا، ئایندەی ٢٠

هــەزار هێــزە نارێکخراوەکــەی بارزانــی، نەهێشــتنی لایەنگرانــی تاڵەبانــی کــە ڕکابــەری بارزانییــە، واتــای «ئۆتۆنۆمــی›› و پێگــەی داهاتــووی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان و خــودی بارزانــی وەک ســەرۆکێک. ئەگــەری زۆرە پرۆتۆکۆلێکــی بڵاونەکــراوە لــە ئــارادا بێــت (پەرەگرافــی ٥-٧).

٥. بــە شــێوەیەکی فەرمــی جێبەجێکردنــی [ڕێککەوتنەکــە] لــە ڕێگــەی پێکهێنانــی کۆمیتەیەکــی هاوبــەش دەبێــت، بــەڵام نەهێشــتنی لەســەرخۆی نامتمانەیــی گەورەتریــن کێشــەیە (پەرەگرافــی ٨).

٦. بــە دڵنیاییــەوە حکومەتــی ســۆڤیەت لــە چارەســەری کێشــەکەدا ڕۆڵــی هەبــووە، بــەڵام هێشــتاش ڕێککەوتنەکــە بــڕاوە نییــە (uncertain) (پەرەگرافــی ٩).

٧. ئەگــەر ئارامــی پرســی کــورد کاریگەریــی خــۆی بنوێنێــت، بەعســییەکان هێــزی تــوڕەی خۆیــان بــەرەو کــوێ ئاڕاســتەدەکەن و دەیڕێــژن؟ دووبــارە بەهێزکردنــەوەی «فەرماندەیــی ڕۆژهــەڵات›› ؟ دروســتکردنی کێشــە لــە کوردســتانی ئێــران؟ کوێــت؟ یــان خــۆ ئامادەکــردن بــۆ ڕووبــەڕوو بوونــەوەی ئێــران لــە کەنــداو لــە داهاتــوودا؟ (پەرەگرافــی١٠-١٢)؟

٨. بــە دڵنیاییــەوە ئــەوان ئــەم هەلــە دەقۆزنــەوە بۆئــەوەی خۆیــان ڕێــک بخەنــەوە و چــاو بــە کاروبــاری خۆیــان بخشــێننەوە، بەتایبەتــی لەبــارەی پرســی کــورد، بــەڵام ئایــا دەتوانــن؟ بــەرز بوونــەوەی ئاســتی متمانــە بەخۆبــوون، بەلانیکەمــەوە دەتوانێــت هەندێــك ئەنجامــی بەســوودی هەبێــت. (پەرەگرافــی ١٣-١٤).

٩. لەوانەیــە چارەســەری [کێشــەی کــورد] شــتێکی بــاش بێــت بــۆ ئێمــە هەموومــان-ئەگــەر پێــی پابەنــد بــن. (پەرەگرافــی ١٥).

نهێنی (١٤٢-١٤٨)

بەغدا

٢٧ی ئاداری ١٩٧٠

بەڕێز،

١. هەروەک لە تەلەگرامەکەدا ئاماژەی پێدراوە، ئێستا حکومەتی عێراق و کوردی عێراق کە لەلایەن مەلامستەفا بارزانییەوە سەرکردایەتی دەکرێن ڕایانگەیاند بەیاننامەی ١١ی ئاداری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، بۆ چارەسەری کێشەی کورد دەستکەوتێکی ئاشتیخوازانە و دیموکراتیانە دەخاتەڕوو و بووە هۆی کۆتاییهێنان بە شەڕی کورد لە دژی حکومەتی ناوەندی کە بە پچڕپچڕی هەر لە ساڵی ١٩٦١ تا هەنوکە بەردەوامە. لەم نامەیەدا شەڕەفی ئەوەم هەیە لەبارەی کاریگەریی ئەگەری جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە و دەرهاویشتەکانی لەسەر سیاسەتی عێراق لە شوێنەکانی دیکە، هەندێك تێبینی لەبارەی سروشتی چارەسەریەکە بخەمەڕوو.

٢. حکومەتی بەعس کە لە ساڵی ١٩٦٨ دەسەڵاتی گرتە دەست، بەراورد لەگەڵ ئەوانی دیکە لە ساڵی ١٩٦٣ەوە لە سەر دەسەڵات بوون یان بەراورد لەگەڵ حکومەتەکانی دیکەی عێراق کە بە شێوەیەکی کاتی چارەسەری کێشەکەیان کردووە، بەعس بۆ ماوەیەک هیچ ئاماژەیەکی نیشان نەدا کە بۆ کێشەی کورد بیرۆکەیەکی باشتری هەیە. بە کورتی، ئەم ناوچانە لە ژێر دەسەڵاتی کورد بە سەرکردایەتی مەلامستەفا بارزانیدا بوون و لە دەرەوەی کۆنترۆڵی حکومەتی بەغدا بوون. بۆ لاوازکردنی بارزانی حکومەتەکانی عێراق تێکەڵێک لە گوشاری سیاسی و سەربازییان بەکارهێنا کە دواجار لەلایەن ڕکابەری بارزانی، واتە جەلال تاڵەبانیەوە پیادە کرا، واتە ئەو کەسەی حکومەت بە پارە و چەک پشتیوانی لێدەکرد. لەم نزیکانەدا، حکومەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە کۆمەڵێک پێشنیازی کردووە کە لەلایەن عەبدولرەحمان ئەلبەزازەوە خرانەڕوو کاتێک لە ساڵی ١٩٦٦ سەرۆک وەزیران بوو. بەم جۆرەش زانکۆیەک لە سلێمانی کرایەوە و ئەکادیمیای

زمانـی کـوردی دامـەزرا، کـوردی لـە قوتابخانەکانـی ناوچـە کوردییـەکان بـوو بـە زمانـی وانەگوتنـەوە. هەروەهـا لێبـوردن بـۆ ئـەو کەسـانە دەرچـوو کـە بەشـدار بوونـە لە شـەڕ و پێودانگەلێـک بـۆ نا-ناوەندگەرایـی و دابەشـکردنی دەسـەڵات بەسـەر پارێزگارەکانـدا گیرایەبـەر. سـەرەڕای ئەمـەش هەوڵەکانـی پاراسـتنی ئارامی بـە درێژایـی ١٩٦٩ هاوکات بـە پێکدادانـی پچـڕ پچـڕ بـەردەوام بـوو و لـە سـاڵی ١٩٧٠، دەرکـەوت کـە دانوسـتانی جیـدی لـە نێـوان بەعسـییەکان و نوێنەرانـی مەلامسـتەفا بارزانـی لـە ژێر ئاگر بەسـتێکی دیفاکتـۆدا لـە ئارادایـە. ڕەشـبینیەکی زۆر هەبـوو، تەنانـەت وێناکردنەکـەی سـەخت بـوو کـە هەردوولایـەن بەسـەر ڕق لـە یەکـتر بوونـەوە و بـێ متمانەیـی بـە یەکـتردا زاڵ دەبـن و هـەوڵ دەدەن بگەنـە چارەسـەریەک بـۆ گشـت ئـەو پرسـە جیاوازانـەی لـە نێوانیانـدا لـە ئارادایـە.

٣. زانیـاری زۆر کـەم لەبـارەی چۆنیەتـی بەڕێوەچوونـی دانوسـتانەکان هەیـە. وا دیـارە دەستپێشـخەرییەکە لەلایـەن بەعسـییەکانەوە بـووە و پەیوەندییـە دەستپێشـخەرییەکان لـە بەیـروت و لـە ناوچـە کوردییـەکان لـە سـاڵی ١٩٦٩دا ئەنجـام دراون. واتـە کاتێـک شـاندێک لەلایـەن بەغـداوە نێـردرا تـا لایەنگرانـی بارزانـی ڕازی بکـەن کـە حکومـەت بـە بـڕوای تـەواوەوە کار بـۆ چارەسـەرێکی ئاشـتیانە دەکات. گفتوگـۆکان لـە کانوونـی دووەم و شـوبات ئەنجامـدران: لەلایـەن حکومەتـەوە سـەدام حسـێن ئەلتکریتـی، حـەردان ئەلتکریتـی، سـاڵح مەهـدی عەمـاش و مورتـەزا ئەلحەدیسـی، ئـەو ناوانـەن کـە زۆرتریـن ئاماژەیـان پێـدراوە بەشـداری گفتوگـۆکان بوونـە؛ مەحمـود عوسـمان، موحسـین دزەیـی، شـەوکەت ئاکرەیـی، ئیحسـان شـێرزاد و سـاڵح یوسـفی لەنـاو ئـەو کەسـانە بـوون کـە نوێنەرایەتـی کوردیـان دەکـرد.

٤. هـەروەک چـاوەڕوان دەکـرا، ئـەو خاڵانـەی ڕێککەوتـن لەسـەریان سـەخت بـووە ئەوەیە کـە تـا چ ڕادەیـەک کـورد لـە داڕشـتنی سیاسـەت و لـە مومارسـەکردنی دەسـەڵات لـە ئاسـتی نیشـتیمانیدا بەشـدار دەبـن. سـنووری فیزیکـی (جوگرافیایی) ناوچـە کوردییەکان کوێیـە، بـە تایبەتـی ئایـا ئـەم ناوچەیـە شـاری کەرکـووک و کێڵگـە نەوتییـەکان لـە خـۆ دەگرێـت، ڕادەی ئـەو ئۆتۆنۆمیـەی بـە ناوچـە کوردییـەکان دەبەخشرێـت و پشـکی

ئـەم ناوچانــە لــە داهاتەکانــی دەوڵەتــدا، ئــەو بــڕە پارەیــەی بــۆ پەرەپیدانــی ئــەم ناوچانــە تەرخــان دەکرێــت، داهاتــووی پێشــمەرگە (هێــزە چەکدارەکانــی بارزانــی) و دووبـارە جەختکردنـەوەی بارزانـی لـە جۆرێـک لـە گەرەنتـی دەرەکـی [نێودەوڵەتـی]. بـۆ چەندینجـار خەریـک بـوو دانوسـتاندنەکان شکسـت بهێنـن. بـەڵام دانوسـتاندنەکان بەهـۆی پێداگـری سـەدام حسـێن لـە لایـەک و بەهـۆی تێگەیشـتنی بارزانـی لـە لایەکـی دیکـەوە بـەردەوام بـوون کـە شـت لەدەسـت دەدات (هاریـکاری دارایـی ئێـران)، بـەڵام بـە هەوڵدانـی باشـتر دەتوانێـت شـتی باشـتر بەدەسـت بهێنێـت، هەروەهـا ئـەو بـەرەو پیـری دەڕوات.

٥. ئەنجامەکانـی دانوسـتانەکان بریتیبـوون لـە بەیاننامەیـەک کـە لـە ١١ی ئـادار لەلایـەن ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی شـۆڕش دەرکـرا کـە چەندیـن بڕیـار لـە خـۆ دەگرێـت. لـە هەمانکاتـدا تەلەگرامێـک لـە بارزانی بۆ پشـتگیریی و پێزانینـی بەیاننامەکـە بڵاوکرایەوە. (پێویسـتە تێبینـی بکرێـت کـە چارەسـەرە بڵاوکراوەکـە شـێوازی «ڕێککەوتـن›› لـە خـۆ ناگرێـت؛ هەروەهـا زۆر سـەختە بـۆ حکومەتێکـی خـاوەن سـەروەری مامەڵـە لەگـەڵ گروپێـک لـە هاووڵاتییـە سـەرهەڵدراوەکانی بـکات- بـەڵام گومـان لـەوەدا نییـە بارزانـی واژووی لەسـەر بەڵگەنامەکـە کـردووە). ڕاگەیاندنـی بەیاننامەکـە بـووە هـۆی گرێدانـی ئاهەنگـی گـەورە لـە بەغـدا. (بـە پێچەوانـەوە لـە مووسـڵ، کـە لـە کاتـی ڕاگەیاندنـی بەیاننامەکـە لـەوێ بـووم و نوێنـەری تاڵەبانیشـی لێیـە، خۆشـحاڵییەکی وەهـا نەبـوو). سـێ ڕۆژ پشـووی گشـتی ڕاگەیێنـدراوە، سـێیەمین ڕۆژ هاوکاتـە لەگـەڵ سـەری سـاڵی نوێـی کـوردی.

٦. دەقــی بەیاننامەکــەی ئەنجوومەنــی ســەرکردایەتی شــۆڕش ( وەرگێڕانــی خاڵــە جەوهەرییەکانـی هاوپێـچ کـراوە) ڕەنگـدەرەوەی دژواریـی گەیشـتن بـە ڕێککەوتـن لەســەر بابەتــە گرنگــەکان. بەیاننامەکــە کۆمەڵێــک پرســی تایبــەت لەخۆدەگرێــت: وەک لێبـوردن، بەکارهێنانـی زمانـی کـوردی وەک زمانـی فەرمـی و لـە قوتابخانـەکان وەک زمانـی وانەگوتنـەوە لـەو ناوچانـەی کـورد زۆرینـەن، دامەزراندنـی کـورد بـە پێـی ڕێژەکەیـان لـە باڵاتریـن پۆسـتە حکومییەکانـدا (یەکێـک لـە جێگرەکانـی سـەرۆک کوردە

و کـورد ئەندامـی لـە ئەنجوومەنـی یاسـادانانـدا دەبێـت) هەروەهـا دامەزراندنـی کـورد یـان ئـەو کەسـانەی بـە زمانـی کـوردی قسـە دەکـەن لـە پۆسـتەکانی ناوچـە کوردییـەکان، قەرەبووکردنـەوەی ئـەو خێزانـە کوردانـەی بەهـۆی شـەڕ [ئەندامێکیـان] گیانـی لـە دەسـتداوە، گەڕانـەوەی خێزانـە کـورد و عەرەبـەکان بـۆ گونـد و زێـدی خۆیـان و گرتنەبـەری ڕێکارەکانـی دیکـەی نیشـتەجێ کـردن. هەروەهـا ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی شـۆڕش پابەنـدی خـۆی نیشـانداوە بـۆ یەکخسـتنەوەی ئیـداری لـەو ناوچانـەی کـورد زۆرینـەن و لـە چ ڕێگەیـەک کـورد دەیانەوێـت مومارەسـەی مافـە نەتەوەییەکانـی خۆیـان بکـەن و سـوود لـە «ئۆتۆنۆمـی» وەرگـرن. دیارکردنـی سـنووری ئـەم ناوچانـە «بەپێـی سـەرژمێریەک دەبێـت کـە ئەنجـام دەدرێـت». بـۆ زاڵ بـوون بەسـەر بەربەسـتی ڕەتکردنـەوەی حکومـەت بـۆ لـە خۆگرتنـی کەرکـووک بـۆ سـەر ناوچـەی کـورد و بـۆ ڕەتکردنـەوەی کـورد لەسـەر دروسـتی ئـەو ئامـارەی حکومـەت لەبـارەی دابەشـبوونی دانیشـتوانی عێـراق خسـتوویەتیەڕوو، فۆرمۆلێـک داڕێـژراوە. (چەنـد کـورد لـە شـوێنی خۆیـان دەرکـراون پێـش ئەنجامدانـی سـەرژمێری دەگەڕێنـەوە کەرکـووک ؟) بەرپرسـیارێتی لـە دەرهێنانـی سـەرچاوە سروشـتییەکان لـە ناوچـە کوردییـەکان، بـە پلـەی یەکـەم لـە دەسـەڵاتی حکومەتـی ناوەنـدی دەمێنێتـەوە. لـە بەرامبـەردا پلانـی ئابـووری بـۆ «دڵنیـا بـوون لـە گەشـەی یەکسـانی ناوچـە جۆراوجۆرەکانـی عێـراق» دادەڕێژرێـت.

٧. لەبـارەی کۆمەڵێـک پرسـی چارەنووسسـاز، وەک ئەوانـەی لـە پەرەگرافـی چـواردا ئاماژەیـان بـۆ کـرا، بەیاننامەکـە هەندێـك ناڕوونـە. ئـەم کەموکوڕیانـە بـووە هـۆی دەنگـۆی هەبوونـی «پرۆتۆکۆلـی نهێنـی»، کـە بـە مـەرج مامەڵـە لەگـەڵ بابەتەکانـی دیکـە دەکات، لەوانەیـە ئـەم مەرجـە پشـت بـە پێشـڤەچوونی جێبەجێکردنـی بەیاننامە بڵاوکراوەکـە ببەسـتێت. هـەروەک چـۆن بارزانـی مەرجـی بـۆ ڕادەسـتکردنی ئامێرەکانـی وێسـتگەی پەخشـی ڕادیـۆ و چەکـی قـورس دانـاوە. ناڕوونیـە بەرچـاوەکان بریتیـن لـە:

ا ڕێکارەکانـی بەشـداریی کـورد لـە دەسـەڵاتی یاسـادانانـدا، کـە هەنوکـە زۆر بەتونـدی حیزبـی بەعـس قۆرغـی کـردووە. چیرۆکـی نـاڕوون لەلایـەن حکومەتـەوە لەبـارەی

چۆنیەتــی دامەزراندنــی ئەنجوومەنــی نیشــتیمانی دەگێڕدرێــت و چــۆن کــورد و کەمایەتیەکانــی دی دەتوانــن نوێنەرایەتــی خۆیــان بکــەن. بــە بەردەوامــی لێدوانەکانــی مەحمــود عوســمان گوتەبێــژی بارزانــی، بــڵاو دەکرێتــەوە کــە گوایــە لــە میانــەی دوو تــا ســێ مانــگ لەســەر ئــەم پرســە دەگەنــە ڕێککەوتــن. تەرخانکردنــی پێنــج وەزیــر بــۆ کــورد، هــەروەک پارتــی دیموکراتــی کوردســتان بــە ســەرۆکایەتی بارزانــی ڕایگەیانــدووە بەربژێــرەکان لــە مــاوەی نێــوان یــەک بــۆ دوو مانــگ دەستنیشــان دەکرێــن، کەچــی هاوبەشــییەک لــە دەســەڵاتدا پێیــان نابەخشرێــت (چونکــە ئــەم جــۆرە وەزیرانــە زۆر بــە کەمــی وەک دەســەڵاتی جێبەجێکردنــی بــاڵا هەژمــار دەکرێــن).

**ب** داهاتــووی پێشــمەرگە کــە نزیکــەی ٢٠ هــەزار کــەس دەبــن، بارزانــی هێنــدە نــەزان نییــە بــێ هیــچ گەرەنتیەکــی دەرەکــی، چەکیــان بــکات. بەیاننامەکــە داوا نــاکات بارزانــی چەکــی ســوک ڕادەســت بکاتــەوە (تەنانــەت بــە مەرجیــش، هەروەهــا چەکــی قورســیش ڕادەســت ناکرێــت). یــان هێزەکانــی خــۆی قەدەغــە بــکات. وا چــاوەڕوان دەکرێــت پێشــمەرگە لــە ناوچــە کوردییــەکان وەک پاســەوانی ســنوور بناسرێــت و بەلانیکەمــەوە لــە ژێــر کۆنترۆڵــی ڕووکەشــانەی حکومەتــدا بێــت. لێدوانەکانــی ســەدام حســێن و مەحمــود عوســمان لــە ڕۆژنامەکانــدا بڵاودەکرێتــەوە کــە گوایــە پێشــمەرگە «دەبێتــە بەشــێک لــە ســوپای عێــراق»، بــەڵام ئــەم جــۆرە لێدوانانــە کەمــتر تیشــک دەخەنەســەر بێدەنگــی چارەســەریە بڵاوکراوەکــە لەســەر ئــەم بابەتــە.

**ج** نەهێشــتنی هێــزە نارێکخراوەکانــی ‹فورســانی ســەلاحەدین›ی ســەر بــە تاڵەبانــی کــە دژی بارزانیــە. لــە ڕاســتیدا، بەیاننامەکــە زۆر بــە ڕوونــی لەبــارەی پرســی تاڵەبانــی بــێ دەنگــی دەنوێنێــت. ئێمــە شــایەتحاڵمان هەیــە بەچــاوی خــۆی ئــەو ڕاپۆرتانــەی بینیــوە کــە لــەدوای ڕاگەیاندنــی بەیاننامەکــە، دوژمنایەتــی کــۆن لەگــەڵ لایەنگرانــی تاڵەبانــی چارەســەر کــراوە. ســەرەڕای ئــەوەی لــە ١٥ی مانــگ، تەلەگرامێکــی پــڕ لــە خۆشــحاڵی لەلایــەن تاڵەبانیــەوە بــۆ پشــتگیریی لــە بەیاننامەکــە لــە ڕۆژنامەکانــدا بــڵاو کرایــەوە؛ بــەڵام دەگوترێــت ئــەو بــەرەو ســویسرا چــووە. لەوانەیــە حکومــەت وازی لــە دۆســتەکانی خــۆی هێنابێــت بۆئــەوەی بتوانــن هــەر چۆنێــک بێــت خۆیــان لەگــەڵ بارودۆخــی نوێــدا

بگونجێنــن. تەنیــا ئاماژەیــەک کــە مــن لەســەر فورســانی ســەلاحەدین لــە ڕۆژنامــە لۆکالییەکانــدا بینیبێتــم و بیســتبێتم ئەوەیــە کــە بــۆ شــەڕکردن دەنێردرێنــە ئیسرائیــل.

**د** مانــای «ئۆتۆنۆمــی». ئــەم وشــەیە، یــان هاوتــا عەرەبییەکــەی «ئەلحوکــم ئەلزاتــی»، تەنیــا لــە یــەک ڕســتەی بەیاننامەکــەدا هاتــووە (بەنــدی ١٤) و زۆر بــە ســەختی لەســەر ڕادەیەکــی مامناوەنــدی لــە خۆبەڕێوەبردنــی هەرێمــی پێشــبینیکراو، پیــادە دەبێــت. ئەگەرێکــی زۆر هەیــە لــە داهاتــوودا خراپ-تێگەیشــتن لــەم بارەیــەوە هەبێــت. بــۆ بەندەکانــی دیکــە یــش ئەمــە ڕاســتە.

**ه** داهاتــووی پارتــی دیموکراتی کوردســتان و ســەرۆکەکەی مەلامســتەفا بارزانــی. ئەگەرچی میدیــاکان بــاس لــە جەختکردنــەوەی لەڕادەبــەدەر لەســەر بۆچوونــی پ.د.ک و حیزبــی بەعــس لەســەر پرســی فەلەســتین و بیرۆکــەی شۆڕشــگێڕی بڵاودەکەنــەوە، بــەڵام هیــچ ئاماژەیــەک لــە خــودی بەیاننامەکــەدا لەبــارەی داهاتــووی ئــەم پارتــە و پێگــەی ئــەم پارتــە لــە جەســتەی سیاســەتدا بــەدی ناکرێــت. لەوانەیــە نیەتــی حکومــەت ســەرەڕای دانپێدانــان بــەم حیزبــە، بریتــی بێــت لــە ســنووردارکردنی چالاکییەکانــی ئــەم حیزبــە. یــان دەبــێ لــە ناوچــە کوردییەکانــدا ببێتــە بەشــێک لــە بەعــس. لــە کاتێکــدا پ.د.ک ڕایگەیانــدووە کــە کۆنگــرەی حیــزب لــە مانگــی ئایــار یــان حوزەیــران دەبەســترێت.

٨. چــۆن چارەســەریەکە جێبەجــێ دەکرێــت؟ لــە ڕووی ڕێکارەکانــەوە (ئەگەرچــی گەیشــتن بــە ڕەزامەنــدی دوو لایەنــە ســەخترین بابەتــە)، بەیاننامەکــە ئامــاژەی بــە دامەزراندنــی لێژنــەی بــاڵا داوە کــە چاودێــری جێبەجێکردنــی بەیاننامەکــە دەکات. هێــز و پێکهاتــەی ئــەم لێژنەیــە لــە بەیاننامەکــەدا دیــار نەکــراوە. دامەزراندنــی «لێژنــەی ئاشــتی» کــە لــە ١٨ی ئــادار ڕاگەیێنــدرا، لەوانەیــە بــۆ لێژنــەی بــاڵا بگۆڕدرێــت. ســەرۆکی ئــەم لێژنەیــە مورتــەزا ئەلحەدیسیــە. هەروەهــا لێژنەکــە ژەنــەڕاڵ ســەعدون غەیــدان، کەســی ســەربازیی دووەم لــە ئەنجوومەنــی ســەرکردایەتی شــۆڕش، عەزیــز شــەریف وەزیری داد کــە کۆمۆنیســتە، پارێزگارەکانــی هەولێــر و کەرکــووک لەخــۆ دەگرێــت. چــوار ئەندامــی دی کــوردن، دوو کەســیان ئەندامــی مەکتــەب سیاســی پارتــی دیموکراتــی کوردســتانن و دوو کەســی دی ئەندامــی مەکتەبــی جێبەجێکردنــی هەمــان پارتــن. ئــەم دوو کەســەی

دوایـی لـە ڕابـردوودا سـەردانکەرانی بلۆکـی سـۆڤیەت بوونـە.

٩. ئەمـەش سـەرنجی مـن بـۆ ئـەوە ڕادەکێشـێت لەوانەیـە یەکێتـی سـۆڤیەت ڕۆڵـی لـە هانـدان بـۆ چارەسـەری [کێشـەی کـورد] گێڕابێـت. هیـچ کـەس گومانـی لـەوە نییـە کـە ڕووسـیا لـە پشـتی پـەردەوە ڕۆڵـی چالاکـی هەبـووە، بـەڵام ئـەوان وریـان کـە هیـچ سـەرنجێکی گشـتیان لەسـەر نەبێـت و ڕادەی بەشـدارییان لـەم بابەتـەدا گەورەتـر کرابێـت. نـە بەعـس و نـە بارزانـی بـە ئاشـکرا جێبەجێـکاری گوشـاری دەرەکـی نیـن. لـە لایەکـی دیکـەوە، شـتێک زانـراوە کـە بـەردەوام بوونـی ململانێـی کـورد [لەگـەڵ حکومەتـی عێـراق] بابەتـی سەرزنشـتکردنی ڕووسـەکان بـووە لـە مامەڵەکردنیـان لەگـەڵ بەعـس. هەروەهـا هەندێـك کـورد کـە سـەرکردایەتی دانوسـتانەکان [لەگـەڵ بەعسـیان] دەکـرد زۆر دوورن لـە باڵـی چـەپ.

١٠. گریمانەکردنـی ڕێککەوتـن بـە چاودێـری یـان بـێ چاودێـری یەکێتـی سـۆڤیەت، ئـەو دەرفەتـە بـۆ حکومـەت دەڕەخسـێنێت گرنگـی بـە شـوێنی دیکـە بـدات، ئـەم شـوێنە کوێیـە؟ هـەروەک خـودی کـورد دەڵێـن، حکومـەت، ڕایگەیانـدووە بـەم چارەسـەریە دەتوانێـت تەرکیـز و هێـزە چەکدارەکانـی خـۆی لـە بـەرەی جەنـگ لـە دژی ئیسرائیـل کـۆ بکاتـەوە. بێگومـان شـا حسـێن یـان هـەر کەسـێکیتر پێویسـتی بـە بەهێزکردنـی فەرماندەیـی ڕۆژهـەڵات بـە پشـتیوانی عێراقـی هەیـە، هـەر کاتێـک ئەگـەر ئارامـی لـە باکـووری عێـراق بێتـەدی، گواسـتنەوەی هێـزە چەکدارەکانـی عێـراق مومکیـن دەبێـت.

١١. ئـەی چـی لەبـارەی بەرەکانـی دیکـەی عێـراق؟ هەندێـك دەنگـۆ هـەن کـە بێگومـان ئـەم هەلـە لەلایـەن کـوردی ئێـران و تورکیـا دەقۆزرێتـەوە داوای ئۆتۆنۆمییەکـی هاوشـێوە بکـەن. لـە ڕاسـتیدا، ژەنـەڕاڵ عەمـاش کاتێـک کـە لـە کانوونـی دووەم سـەردانی تورکیـای کـرد، ڕایگەیانـد، تورکەکانـی لـەم کاریگەرییـە ئاگادارکردووەتـەوە. لـە ١٦ی ئـادار، ئاژانسـی هەواڵـدەری عێـراق لێدوانێکـی دژبەیەکـی بارزانـی بڵاوکـردەوە کـە «ئەگەرچـی کـوردی ئێـران هیـچ پەیوەندییەکـی ڕێکخسـتنیان لەگـەڵ پارتـی دیموکراتـی عێراقـدا نییـە، گومانـی تێیـدا نییـە کـە گەلـی کـورد وەک گەلانیـتر لەپێنـاو دەسـتەبەرکردنی مافـە نەتەوەییەکانیـان خەبـات دەکـەن، بۆیـە پێویسـتە

پێداگری لەسەر ئازادی خۆیان بکەن››، بەڵام سەرەڕای ئەمە- گومانی تێیدا نییە بەعس خوازیاری ئەوەیە هەمان ڕەفتار لەگەڵ شای ئێران بکات کە ئەو لەگەڵ عێراق کردی- بارزانی هیچ ئاماژەیەکی وای نیشان نەداوە کە سەرکۆنەی زۆرتری شا بکات، چونکە بە ڕازیبوونی لەسەر بەیاننامەی چارەسەری کێشەی کورد، سەرکۆنەی شای ئێرانی کرد.

١٢. لە ١١ی ئادارەوە، هیچ بەڵگەیەکمان لەسەر جێگرکردنی زۆرتری هێزەکانی عێراق لەسەر سنوورەکانی ئێران لەبەردەست نییە. بۆچوونی من ئەوەیە عێراقییەکان هەروەک ئێرانییەکان خوازیاری ئەوە نین، لە ئایندەیەکی نزیکدا هیچ جۆرە پڕوپاگەندەی هەڵگیرسانی جەنگ بڵاوبکەنەوە و دوژمنایەتی نێوانیان قوڵتر بکەنەوە. گومان لەوەدا نییە لە درێژخایەندا، یەکێک لە پاڵنەرە سەرەکییەکانی عێراق لە چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورد، خۆ ڕزگارکردنی بوو تا لە داهاتوودا خۆی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئێران لە کەنداوی فارس ئامادە بکات. ئێرانیەکانیش هەست بە زیاد بوونی هەڕەشەی عێراق دەکەن. بێگومان کوێتیش لە بەیاننامەکە خۆشحاڵ نییە. لەسەرچاوە نهێنییەکانەوە ئاماژە بەوە دراوە حکومەتی عێراق دووبارە چاوی بڕیوەتەوە کوێت. (لە کەوانەدا من ئەمەش زیاد دەکەم ئەگەری زۆرە پێکدادانی خراپکارانە لە کۆمپانیای نەوتی عێراقیدا ڕووبدات و لەوانەیە عێراق بەرەوە سەرکێشی باشوور هان بدات).

١٣. هەڵبەت لە تیۆریدا، ئەم [بەیاننامەیە] بەرەوە سەرکێشییەکی دەرەکی نوێ ئاڕاستەناکرێت، بەڵکو لەپێناو گەشەی ناوچە کوردییەکانە و حکومەت دەتوانێ بەهۆی بەیاننامەی چارەسەرییەوە وزە و سەرچاوەکانی ئەم ناوچەیە بەکار بهێنێت. ئەمەش گریمانەیەکی دادپەروەرانەیە و کورد هەوڵی بۆ دەدەن. بەهەرحاڵ، لە هەر پێنج عێراقی یەکێکیان کوردە. بۆیە قورسایی یەکێتی [خاک و نەتەوەی] عێراق لە باکووردایە، بەڵام ئەم گریمانەیە کە کورد بەڵێنی هاوبەشی دادپەروەرانەیان لە دامودەزگاکانی حکومەت پێدراوە، دەتوانێت گوشاری کاریگەر بخاتە سەر عەرەبە سوننەکان کە لە ئێستا و لە ڕابردوودا

حوکمــی عێراقیــان کــردووە. هەندێــك ناوەنــد هیوایــان بــە بەشــداری کــورد لــە حکومەتــدا دەربڕیــوە کــە ئــەم بەشــدارییە ببێتــە هــۆی ســنووردارکردنی دەســەڵاتی دڕندانــەی بەعــس و هانــی کــورد دەدرێــت وریــا بــن. مــن لــەم هیوایــە بــە گومانــم.

١٤. لەبــارەی تێبینییەکانــی دیکــە، گومــان لــەوەدا نییــە حکومــەت ئیعتیبــاری خــۆی لــە ڕێگــەی ئــەم چارەســەرییەوە لــە بــەردەم ڕای گشــتیدا بــەرز دەکاتــەوە، بەتایبەتــی لــە ڕێگــەی پلــە بەرزەکانــی نــاو ســوپادا، نەخاســمە ئــەو کەســانەی جەنگیــان دوورخســتەوە و لــە جەنــگ بێــزارن. بێگومــان حکومــەت ئــەم چارەســەرەی بــۆ ســەپاندنی سیاســەتە کۆمەڵایەتیەکانــی خــۆی لــە ناوچەکانــی ژێــر دەســەڵاتی بارزانــی کــە [ناوچــەی] سۆشیالســیتی نیــن بــەکار دێنیــت و لــەم ڕیگەشــەوە ئــەم سیاســەتانە لــە ناوچەکانــی دیکــە پیــادە دەکات. ئەگــەر لە میانــەی بەیاننامــەی چارەســەرییەوە متمانــە بەخۆبوونی بەعســییەکان دووبــارە بەهێــز بێتــەوە، مــرۆڤ دەبــێ هیــوادار بێت کــە ئەمــە تاڕادەیەک دەبێتــە هــۆکاری ئارامــی لــە ڕەفتــاری سیاســی نالێبوردوانــەی بەعســییەکان.

١٥. بە گشتی، ســـەرەڕای ریســـکی ئاراســـتەکردنی وزەی حکومەت بۆ گۆڕەپانەکانی دی، چارەســـەری (ئەگـــەر بچەســـپێت) لەوانەیە بۆ گشـــتمان شـــتێکی باش بێـــت، بەڵام ڕێگایەکـــی دوور و درێـــژ لەبەردەممانـــە پێش ئەوەی هیـــچ کەس بڵێـــت، ئایا ئەم چارەســـەرییە شانســـی بەردەوام بوونـــی هەیە یان مێـــژوو نیشـــان دەدات کە ئەم [بەیاننامەیـــە] لـــە مێژووی درێـــژی خەباتی کـــورد لەپێنـــاو شوناســـی نەتەوەییدا، وچانێکی بێ ســـوودە.

١٦. کۆپیــەک لــەم هاوپێچــە بــۆ نوێنەرایەتــی خاوەنشــکۆ لــە عەمــان، بەیــروت، کوێــت، جــەدە، ترابلــۆس، ئەنقــەرە، تــاران، مۆســکۆ، واشــنتۆن، نووســینگەی سیاســی [کاروبــاری دەرەوە و کۆمۆنوێلــس]، بەحرێــن، نێــردراوی شانشــینی یەکگرتــوو لــە نەتــەوە یەکگرتــووەکان، نیویــۆرک و شــاندی شانشــینی یەکگرتــوو لــە ناتــۆ و برۆکســل دەنێــرم.

لەگەڵ ڕێز...

H. G. BALFOUR PAUL

زۆر نهێنی (ل١٤٩-١٥١)

بۆ نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس

تەلەگرامی ژمارە ٢٤٧

٣١ی ئاداری ١٩٧٠

تەلەگرامـی ژمـارە ٢٤٧، لـە ٣١ی ئـاداری ١٩٧٠، کـە ئاڕاسـتەی نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە و کۆمۆنوێلـس کـراوە، بـۆ [نووسـینگەکانی] تـاران، بەحرێـن، بەیـروت، قاهیـرە، عەمـان، کوێـت، جـەدە و واشـنتۆن دووبـارە داوای زانیـاری دەکات.

١. سـەرۆک بەکـر لـە ڕۆژی شـەممە ٢٨ی ئـادار بـۆ خسـتنەڕووی بەرەوپێشـچوونەکانی جێبەجێکردنـی بەیاننامـەی ١١ی ئـادار بـۆ چارسـەری کێشـەی کـورد و هەروەهـا بـە شـێوەیەکی گشـتی، بـۆ وەڵامدانـەوەی پرسـیارەکانی پەیوەسـت بـە سیاسـەتی دەرەوەی عێـراق کۆنفرانسـێکی ڕۆژنامەوانـی بـێ وێنـەی گرێـدا. ئەندامێـک لـە سـتافەکەی مـن بانگێشـت کرابـوو و ئامـادەی کۆنفرانسـەکە بـوو.

٢. لـە سـەرەتای قسـەکانی لەبـارەی جێبەجـێ کردنـی بەیاننامـەی چارەسـەری کێشـەی کـورد، سـێ خاڵـی گرنـگ بریتـی بـوون لـە:

**ا** حکومەتـی عێـراق دەسـتی بـە قەدەغەکردنـی هێـزە ناڕێکخـراوەکان [پێشـمەرگە] کـردووە تـا چـەک و تفاقیـان وەربگرێتـەوە.

**ب** ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی شـۆڕش پـڕۆژە یاسـای ئەنجوومەنـی نیشـتیمانی تـەواو کـردووە و بەمجـۆرش ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی هەندێـك لـە دەسـەڵاتەکانی یاسـادانانی بـۆ ئەنجوومەنـی نیشـتیمانی دەگوازێتـەوە و ئـەم ئەنجوومەنـە دەسـەڵاتی یاسـادانانی تایبەتـی دەبێـت و تەواوکـەری ئـەو دەسـەڵاتە دەبێـت کـە لەلایـەن ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی شۆڕشـەوە پیادەکـراوە. ئەنجوومەنـی نیشـتیمانی نوێنەرەکانـی هـەردوو حیـزب (پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و بەعـس)، هەروەهـا نوێنـەری دەسـتە و ڕێکخـراوەکان، یەکێتـی بازرگانـی و هەندێـك کەسایەتی نەتەوەیـی لـە خـۆ دەگرێـت.

ج  لە ماوەی یەک حەوتەدا دامەزراندنی وەزاری ڕادەگەیێندرێت.

٣. پرسیاری ڕۆژنامەنووسەکان بە پلەی یەکەم لە ڕۆژنامەکانی لوبنان، ئەردەن، سووریا و کۆماری یەکگرتووی عەرەبییەوە دەهات. پرسیاری سەرەکیش بریتی بوو لەوەی، ئایا سوپای عێراق کە ئەرکەکانیان لە باکوور [ناوچە کوردییەکان] تەواو دەبێت لە داهاتوودا لە کوێ بەکاردەهێنرێن. سەرۆک هیچ وەڵامێکی وردی نەدایەوە، بەڵام ئاماژەی بەوەدا کە چارەسەری پرسی کورد ئەو دەرفەتە بە سوپا دەدات لە دژی دوژمنەکانی عێراق بووەستێتەوە، واتە زایۆنیزم و ئیمپریالیزم.

٤. لە ئاماژەیەک بۆ دەیەمین کۆنفرانسی پارتی سۆشیالیستی عەرەبی، سەرۆک ڕایگەیاند ڕەشنووسی چارەسەری کێشەی کورد کە لە ١١ی ئادار ڕاگەیێندرا لەلایەن کۆنفرانسەوە پەسەندکراوە.

٥. لە وەڵامی کۆمەڵێک پرسیاری پەیوەست بە کەنداوی عەرەب، بە تایبەت لەبارەی مومارەسەکانی بەحرێن/ئێران، سەرۆک ڕایگەیاند ‹بەهێزکردن و پارێزگاریکردن لە خەسڵەتی عەرەبی میرنشینەکانی کەنداو، یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی شۆڕشی ١٧ی تەمووزە. هەروەها پێویستە ئەمە یەکێک لە ئەرکە سەرکییەکانی گشت حکومەت و هێزە دیموکراتی و جەماوەرییەکان بێت لە سەرتاسەری جیهانی عەرەبیدا.

٦. کۆمەڵێک پرسیار لەبارەی داهاتووی هێزەکانی پێشمەرگەی سەر بە بارزانی و داهاتووی سیاسی کوردی سەر بە تاڵەبانی کران. سەرۆک دووپاتی تێکەڵکردنی هێزەکانی پێشمەرگەی لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی عێراق کردەوە تا ئەو ئەندازەیەی مومکین بێت، وەک ئەوەی ڕاگەیێندراوە. چارەسەری [کێشەی کورد] بە زیانی هیچ کەسێک نابێت. پێویستە گشت هێزە نارێکخراوەکان نەمێنن.

٧. لە کاتی کۆنفرانسەکە تا هەنوکە، ١٢ پۆستی وەزاری گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە و لە نێوان هەشت وەزیری نوێدا، پێنجیان کوردن و گرنگترین وەزارەتەکانیش بریتین لە کشتوکاڵ، کار و نیشتەجێکردن و کاروباری باکوور. وەزارەتێکی نوێ بە ناوی وەزارەتی گواستنەوە دامەزراوە.

٨. کۆنفرانسـی ڕۆژنامەوانـی سـەرۆک لـە ڕۆژنامـە لۆکالییەکانـدا لـە ژێـر سـەردێری وەک ‹درکاندنـی هەسـتیار لەلایـەن بەکـرەوە› دەنگـی داوەتـەوە، بـەڵام هیـچ شـتێکی هەسـتیار لـە لێـدوان و وەڵامەکانـی بـۆ پرسـیارە ئاڕاسـتەکراوەکان نەبـوو. بـۆ نموونـە، لەبـارەی کەنـداوی عەرەبـی، وڵامـەکان زۆرتـر جێـی سـەرنج بـوون بەهـۆی خۆدوزینـەوە لـە وەڵامدانـەوەی پرسـیارەکان نـەک بـۆ ئـەو شـتانەی کـە ئـەو ئامـاژەی پێـدا. سـەرەڕای ئەمـەش ئیدارەکردنـی بۆنەکـە [کۆنفرانسـی ڕۆژنامەگـەری] وەک سـەرکەوتنێکی تاکەکەسـی بـوو. سـەرۆک بەکـر، زۆر بـە وریاییـەوە خۆی لـە ڕەخنەگرتن لـە دراوسـێیەکانی دوورخسـتەوە. هەروەهـا هیـچ ڕەخنەیەکـی ڕاسـتەوخۆی ئاڕاسـتەی ئێمـەی نەکـرد.

تکایـە نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە و کۆمۆنوێلـس ئەمـە بگـوازەوە بـۆ قاهیـرە، تاران، بەحرێـن کوێت و واشـنتۆن.

MR BALFOUR PAUL

(دووبارە کراوەتەوە هەروەک داواکراوە).

بەشی دابەشکردن

بەشی عەرەبی. بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک.

یۆ، ئێن، دی. بەشی بەرگری، بەشی نەوت، بەشی هەواڵ.

سنووردار (ل ١٥٢)

کۆمیسیۆنی باڵای بەریتانیا

Alexander Pallis Stree، NICOSIA

١ی نیسانی ١٩٧٠

بــە پشــت بەســتن بــە چەنــد وتارێــک لەبــارەی عێــراق و قوبــرس کــە لــە نوســخەی ئــەم دواییــەی [گۆڤــاری] ‹دێ ئیکۆنۆمیســت› (The Economist) دا بڵاوبووەتــەوە، داواتــان لێدەکــەم ئایــا دەتوانــن وردەکارییەکانــی ڕێککەوتنــی چارەســەری نێــوان کــورد و حکومەتــی عێراقــمان بــۆ بنێــرن. بــە پێــی ڕاپۆرتــی ڕۆژنامــەکان و بــە تایبەتــی گوتارەکــەی ‹زە ئێکۆنۆمیســت›، وادیــارە بارودۆخــی عێــراق و بەردەوامبوونــی باردووۆخەکــەی ئێــرە [قوبــرس]، بــە پێچەوانــەی بۆچوونەکــەی ئێمــە زۆر لێــک جیــاواز نیــن.

ئێمــە و باڵیۆزخانــەی ویلایەتــە یەکگرتووەکانــی ئەمریــکا، کــە داوامــان لێکردبــوو ئایــا دەتوانــن وردەکاری ڕێککەوتنەکــە و ســەرنجەکانی پەیوەســت بــە ڕێککەوتنەکەمــان بــۆ بنێــرن، لەنــاو ژمارەیــەک تایبەتمەندیــی ڕێککەوتنەکــە کــە لەلایــەن ڕاپۆرتــە ڕۆژنامەوانیەکانــەوە بڵاوکراوەتــەوە ســەرمان لێشــواوە. بــۆ نموونــە، تــا ئــەو کاتــەی ڕێککەوتنەکــە لەگــەڵ حکومــەت بــە تەواوەتــی جێبەجــێ دەکرێــت، کــورد پارێــزگاری لــە هێــزە چەکدارەکانیــان دەکــەن.

وادیــارە مەرجەکانــی نــاو ئــەم ڕێککەوتنــەی عێــراق، دەتوانێــت یارمەتیــدەری هــەر کەسێک بێــت بــە دوای چارەســەری بــۆ کێشــەی قوبــرس دەگەڕێــت.

(T. L. A. DAUNT) P. R. Fearn، Esq، .

بەشی باشووری ئەوروپا

نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس- لەندەن S، W، 1

نهێنی (ل ١٥٣-١٥٦)

نابێ لەم دۆسیەیە هیچ شتێک بسڕێتەوە

(RR 6/14)

٢ی نیسانی ١٩٧٠

**یاداشتی بەشی توێژینەوە**

**چارەسەری کورد: بەراوردی نێوان پێشنیازەکانیساڵی ١٩٦٦ و ١٩٧٠**

**یەکەم:** پێشەکی مێژوویی

١. کاتێـک لـە سـاڵی ١٩٦٥دا دکتـور عەبدولڕەحـمان بـەزاز بـووە سـەرۆک وەزیرانـی عێـراق، نزیکـەی پێنـج سـاڵ بـوو شـەڕی کـورد بەردەوامبـوو، یەکێـک لـە ئامانجـە سـەرەکییەکانی بـەزاز کۆتاییهێنـان بـوو بـەم شـەڕە لـە نزیکترین مـاوەدا، بـەڵام نەیتوانی دەستپێشـخەری بـکات، تـا ئەوکاتـەی دواییـن هەوڵـی سـوپای عێـراق بـۆ کۆتایهێنـان بـە سـەرهەڵدانی کـورد لـە بەهـاری ١٩٦٥دا شکسـتی هێنـا. لـە کۆتایـی حوزەیرانـدا پەیوەندیکـردن بـە بارزانیـەوە دەسـتی پێکـرد و هەلومەرجـی لەبـار بـۆ گفتوگۆکـردن هاتەکایـەوە. لەمبـەدوا ژمارەیـەک سـەردان لەلایـەن شـاندی نوێنەرایەتییـەوە دەسـتی پێکـرد تـا بیروبۆچوونـەکان ئاڵوگـۆڕ بکرێـن و لـە دواجـاردا بارزانـی پەیامێکـی بـۆ سـەرۆک وەزیرانـی نـارد و هیـوای خـۆی بـۆ گەیشـتن بـە ڕێککەوتـن دەربـڕی. دکتـۆر بـەزاز لـە ٢٩ی حوزەیـران بـە بڵاوکردنـەوەی بەرنامەیـەک بـۆ «گەڕاندنـەوەی بارودۆخـی ئاسایی بـۆ باکووری عێـراق» وەڵامـی بارزانـی دایـەوە. بەرنامەکـە لـە ١٢ خاڵـی سـەرەکیدا کـورت کرابـووە (دوازدە خاڵەکـە).

٢. ئـەو هەسـتەی بەهـۆی ڕاگەیێندراوەکـەوە هاتەکایـەوە بریتـی بـوو لـەوەی ئەمـە خاڵێکـی وەرچەرخانـە بـۆ چارەسـەری کۆتایـی لەبـری ئـەوەی تەنیـا چارەسـەرێک بێـت، بـەڵام زۆربـەی ئـەو دەسـتەواژانەی لـە ڕاگەیێندراوەکـەدا بەکارهاتـوون ڕوون نەبـوون و مامەڵەشـی پێـوە نەکـرا. سـەرەڕای ئەمـەش، هەسـت دەکـرا تـا ئەوکاتـەی بـەزاز لـە

سەر دەسەڵات بێت شانسێک بۆ بەرەوپێشچوونی چارەسەریەکە هەیە. هەروەها دیار بوو کورد بە پێشنیازەکانی بەزاز ڕازین و بارزانی لە میانەی بەشداریکردنی بۆ بەدیهێنانی ئاشتی، پێشوازی لە پێشنیازەکانی کرد. بەهەرحاڵ، لە ناوەڕاستی تەمووزدا کردەوەیەک دەستی پێکرد و بێ هیوایی کورد بەهۆی نەبوونی هیچ ئاماژەیەکی ئەرێنی لە جێبەجێکردنی بەیاننامەکە زیادی کرد. کاتێک بەزاز لە ٦ی ئاب لە دەسەڵات لادرا، هیواکانی چارەسەری لە ناوچوون. کورد حکومەت بەوە تاوانبار دەکەن کە لە پێشنیازەکانی بەزاز پاشەکشەی کردووە. گرفت لە گەڕانەوەی ئەفسەرەکانی کورد سەریهەڵدا و حکومەت دەستێوەردایە کاروباری حکومەتی کورد و بە لای خۆیانەوە گومانی لە بارزانی کرد کە گوایە نایەوێت چەک و تفاقی جەنگی ڕادەستی حکومەت بکاتەوە، بەتایبەتی ئەو چەکانەی لە سوپای عێراق دەستیان بەسەردا گرتووە. لە تشرینی یەکەم، بێ هیچ بەرەو پێشچوونێک، پەیوەندییەکان بە بن بەست گەیشتن. هیچ یەک لە لایەنەکان متمانەی بە ئەویتر نەبوو و هەر کامەیان بانگەشەی نیەتی خراپی لایەنەکەی دیکەی دەکرد. لەمەبەدوا بارودۆخەکە هێدی هێدی بەرەو خراپی ڕۆیشت و دوژمنایەتی زۆرتر جێگەی متمانەی گرتەوە. لە کانوونی دووەمی ١٩٦٧دا، جەنگ لە ئاستێکی فرەواندا سەر لە نوێ دەستی پێکردەوە.

٣. جەنگ بە بێ ئەنجام تا ساڵی ١٩٧٠ بەردەوام بوو، بەڵام لە سەرەتای ئەم ساڵەدا وەک هەوڵدانێک بۆ گەیشتن بە چارەسەری، پەیوەندی نوێ لەگەڵ کورددا بەستراوە. ئەوە زانراوە حکومەت زۆر نیگەرانە لەبارەی ورەی بەشێکی زۆری سوپا کە لە باکووردا گیری خواردووە و تێچووی جەنگ زیادی کردووە و سوپا لە توانایدا نییە فەرمانەکان جێبەجێ بکات، بەڵام وا خۆیایە کە ئەم هەوڵانە سەرکەوتوو نەبوونە و ڕاگەیاندنی بەیاننامەی ١١ ی ئادار لەپڕ بووە. ئەو پێشنیازانەی لە ١٢ی مانگ لەلایەن حکومەتەوە بڵاوکراونەتەوە، نزیکن لەو خاڵانەی لە ١٩٦٦دا ڕاگەیێندران. جارێکیتر بەرنامەکە بەرهەمهێنراوەتەوە: تەنیا ئەوە دەمێنێتەوە کە بەراورد بە ساڵی ١٩٦٦، هەنوکە هەلومەرجەکە زۆرتر لە سوودی جێبەجێکردنی بەیاننامەکەدایە.

## ١٩٦٦

## ١٢ خاڵەکەی عەبدولڕەحمان بەزاز

١. لـەو ناوچانـەی کـورد زۆرینـەن، کـوردی لەپـاڵ زمانـی عەرەبیـدا بـە زمانـی فەرمـی هەژمـار دەکرێـت و لەپاڵ زمانـی عەرەبـی بـە زمانـی خوێنـدن لـەو ناوچانـە هەژمـار دەکرێـت. (بـەزاز، خاڵـی ٣)

٢. گشـت دامـودەزگا گشـتییەکان و دامەزرانـدن بـۆ کـورد کراوەیـە و لەسـەر بنەمـای ڕێـژەی دانیشـتوان دەبێـت؛ ئەمـەش دامـودەزگای وەزاری، داد، سـوپا و پۆسـتە دیپلۆماسـییەکانیش لـە خـۆ دەگرێـت (بـەزاز خاڵـی ٥).

٣. کـورد پشـکی یەکسـانیان لـە زەمالـەی خوێنـدن دەبێـت. زانکـۆی بەغـدا ئاسـانکاری دەکات بـۆ خوێندنـی زمـان و وێـژەی کـوردی و هتـد. (بـەزاز خاڵـی ٦).

٤. بـۆ چاودێریکردنـی دووبـارە ئاوەدانکردنـەوە ناوچـە کوردییـەکان وەزیرێـک دادەمەزرێـت، هـاوکات لەگـەڵ چاودێریکردنـی کاروبـاری ئیـداری، زمانەوانـی و کلتـوری کـە کاریگەرییـان لەسـەر کـورد هەیـە (بـەزاز خاڵـی ١١).

٥. بـە گەڕانـەوەی ژیانـی پەرلەمانـی پێوەرێـک بـۆ ئـازادی ڕادەربڕیـن و ڕێکخسـتنی سیاسـی بـە پێـی یاسـا دادەڕێژرێـت (بـەزاز خاڵـی ٨).

٦. لەپێنـاو کۆتایهێنـان بـە دوژمنکاریـی و چالاکییـە توندوتیـژەکان گشـت بەرپرسـانی کـورد و فەرمانبـەرەکان دووبـارە لـە پیشـە کۆنەکانیـان دادەمەزرێنـەوە، ئەمـە کرێـکارە دەرکراوەکانیـش دەگرێتـەوە (بـەزاز خاڵـی ٩).

٧. بـۆ بەدیهێنانـی دووبارە ئاوەدانکردنـەوە و گەشـەپێدان، گەشـتیاری و چاندنـی توتـن و پاراسـتنی دارسـتان، دامەزراوەیەکـی تایبـەت دادەمەزرێـت، کـە بەرپرسـیارە لەهەمبـەر وەزیرێکـدا (بـەزاز خاڵـی ١١).

٨. تێچـووی جەنـگ بـۆ دووبـارە ئاوەدانکردنـەوەی ناوچـە کوردییـەکان تەرخـان دەکرێـت (بـەزاز خاڵـی ١١).

٩. حکومــەت دووبــارە نیشــتەجێکردنەوەی گشــت تاکــەکان و گروپــەکان لــە شــوێنی بەرایــی نیشــتەجێ بوونیــان لــە ئەســتۆ دەگرێــت و هەروەهــا هــەوڵ دەدات بــۆ گەڕاندنەوەیــان دۆخــی جــاران تــا ئــەو ڕادەیــەی مومکیــن بێــت (بــەزاز خاڵــی ١٢).

١٠. شوناســی نەتەوایەتــی کــورد لــە ڕێگــەی دەســتوری کاتییــەوە دانــی پێــدا دەنرێــت. هەروەهــا لــە دەســتوریی هەمیشــەی داهاتــوودا دووبــارە جەختــی لێدەکرێتــەوە. دوو نەتــەوەی ســەرەکی بــە مــاف و ئەرکــی یەکســان، لــە دەســتوردا دانیپێــدا دەنرێــت (بــەزاز خاڵــی ١).

١١. داننــان بــە مافەکانــی کــورد لــە ڕێگــەی نامەرکەزییــەوە بــەرەو دامەزراندنــی یەکەیەکــی ئیــداری [بــۆ کــورد لــە ناوچــە کوردییــەکان] کــە لــە ڕێگــەی ئەنجوومەنــە هەڵبژێردراوەکانــەوە دەســەڵاتی فــرەوان لــە کاروبــاری خۆجێیــی و شــارەوانیدا هەبێــت (بــەزاز خاڵــێ ٢))

١٢. کــورد بەپێــی یاســای نــوێ هەڵبــژاردن و بەپێــی ڕێــژەی دانیشــتوانیان لــە ئەنجوومەنــی نیشــتیمانیدا نوێنــەری دەبێــت (بــەزاز خاڵــی ٤).

١٣. گشــت هێــزە چەکــدارەکان و پۆلیــس بــۆ یەکەکانیــان دەگەڕێنــەوە. دامــەزراوە ســەربازییەکانی دیکــە لــە ژێــر دەســەڵاتی حکومەتــی ناوەندیــدا دەبــن و بــە گوێــرەی ڕەوتــی ئاوەدانکردنــەوە و نیشــتەجێکردن چەکەکانیــان ڕادەســت دەکەنــەوە (بــەزاز خاڵــێ ١٠)

**دووەم:** پێشنیازەکان

**١٩٧٠**

**بەندە بڵاو کراوەکان**

١. لەو ناوچانەی کورد زۆرینەن، زمانی کوردی لە پاڵ زمانی عەرەبی بە زمانی فەرمی دادەنرێت.

٢. پەسەند کردنی بەشداریی کورد لە حکومەت و لە گشت دامەزراوەکانی حکومەتدا بێ جیاکاری. کاربەدەستان لە ناوچە کوردییەکاندا کورد دەبن، یان ئەو کەسانە دەبن کە بە کوردی قسە دەکەن.

٣. خزمەتگوزاریی کولتوریی و پەروەردەیی بۆ کورد دابین دەکرێت و پەرەی پێدەدرێت.

٤. مافی کوردە کە ‹ڕێکخراوی جەماوەریی› تایبەت بە خۆیان هەبێت.

٥. دووبارە دامەزراندنەوەی گشت سەربازە کورد و فەرمانبەرانی کەرتی مەدەنی، قوتابیان و کرێکاران لە پیشەکانی خۆیان.

٦. دامەزراندنی کۆمیسیۆنی گەشەپێدانی ناوچە کوردییەکان بە بودجەی پێویست.

٧. ئامادەکردنی پلانێکی ئابووری تایبەت بە ناوچە کوردییەکان.

٨. دووبارە نیشتەجێکردنەوەی خێزانە کورد و عەرەبەکان کە لە زێدی خۆیان دەرکراون، یان لە دوژمنکاری [نێوان کورد و عەرەب] زەرەرمەند بوونە. ڕێکاری خێرای بوژاندنەوە، بۆ نیشتەجێبوون و دامەزراندن دەگیرێتەبەر.

٩. یاسای چاکسازی زەوی لە ناوچە کوردییەکان بە خێرایی جێبەجێ دەکرێت.

١٠. هەموارکردنی دەستوری کاتی بە جۆریک کە دان بە دوو نەتەوەی سەرەکی دابنێت، واتە کورد و عەرەب.

١١. دامەزراندنی کوردێک وەک جێگری سەرۆک.

١٢. گرتنەبەری ڕێکاری پێویست بۆ گەرەنتیکردنی مافی نەتەوایەتی کورد و بەخشینی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا.

١٣. دەرهێنانی سامانی سروشتی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە بەرپرسیارێتی دەسەڵاتەکانی کۆماریدا دەبێت.

١٤. کورد بە پێی ڕێژەی دانیشتوانەکەی نوێنەری لە ئەنجوومەنی یاسادانادا دەبێت.

١٥. وێستگەی پەخشی ڕادیۆی کورد و گشت چەکە قورسەکان ڕادەستی حکومەت دەکرێن.

**سێیەم:** تێبینییەکان

١. لە ١٥ مەرجە پێشنیازکراوەکەی ساڵی ١٩٧٠، یازدە مەرج، بە شێوەی تاڕادەیەک جیاواز یان بە جەختکردنەوەیەکی تاڕادەیەک جیاواز دووبارەبوونەوەی خاڵەکانی ساڵی ١٩٦٦ن. بەهەرحاڵ، وا گوزارشت کراوە کورد ڕازین کە دۆخی ئەوان لە ١٩٦٦ەوە بەرەو باشی دەچێت و بارزانی ڕایگەیاندووە ئەوان گشت مافەکانی خۆیان زامن کردووە و تەنیا خزمەت بە ئاڵاکەی خۆیان دەکەن و پشکێکی جێگریان لە داهاتی نەوت هەیە و نوێنەرایەتیان لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشدا دەبێت. هەروەها ئارەزومەندە بەلانیکەمەوە چوار وەزیریان لە حکومەتی نوێدا هەبێت. لەوانەیە هەندێك ڕێککەوتن لەسەر کۆمەڵێک ڕێکار کرابێت کە بڵاو نەکراونەتەوە، [بۆ نموونە] پاشەکشەی بەشێک لە سوپای عێراق، هێشتنەوەی پێشمەرگە وەک پاسەوانی نیشتیمانی لە ناوچە کوردییەکان و وازهێنانی حکومەت لە پشتگیریی کردن لە تاڵەبانی و لایەنگرەکانی.

٢. بەراورد لەگەڵ پێشنیازەکانی ساڵی١٩٦٦، پێشنیازەکانی ساڵی ١٩٧٠ کەمتر لێڵن و ڕوونترن، بەڵام سەرەڕای ئەمەش لەم پێشنیازانەشدا خاڵی ناڕوون زۆرن. هەروەها پێشنیازەکانی ساڵی ١٩٧٠، چوار بەندی لە خۆگرتووە کە لە ١٢ خاڵەکەی بەزازدا نین. بۆ نموونە، دەرهێنانی سامانی سروشتی ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە کورد ناتوانن سوودەکانی دەرهێنانی نەوت لە ناوچە کوردییەکان تەنیا بۆخۆیان ببەن. ئەوەیتریان، داڕشتنی پلانی ئابووری، چاکسازیی [زەوی] کشتوکاڵ و دامەزراندنی جێگری سەرۆک کە لە ڕوانگەی کوردەوە تەنیا لە ساڵی ١٩٧٠دا ئەم بەندانە زیاد کراون. پۆستی جێگری سەرۆک زۆرتر پرسی پێگەیە تا دەستکەوتێکی حەقیقی. لە باکووری عێراقدا چاکسازی [زەوی] کشتوکاڵی هیچکات بە پرسێکی گرنگ هەژمار نەکراوە و پلانی ئابووری بە تەواوەتی پشت بە پارەدارکردن (بودجە) و دەستەی جێبەجێکار دەبەستێت.

٣. گرنگترین بەند، بەندی ١٢یە، کە ئۆتۆنۆمی بە کورد لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا دەبەخشێت. وا دەردەکەوێت سەرەنجام دامەزراندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد دەسەڵاتی ئیدارەی خۆجێی بۆ کورد دەستەبەر بکات، بەم جۆرەش ڕەزامەندی کورد لەسەر داواکانیان بە دامەزراندنی پارێزگایەکی جیا [یەکەیەکی ئیداری] بۆ کورد دەستەبەرکرا.

**ئەنجام:**

تەنیا ئەوە ماوە ببینین، ئایا ڕێککەوتنەکە جێبەجێ دەکرێت، یان هەروەک ساڵی ١٩٦٦، ساردی، بێ متمانەیی و شرۆڤەکردنی جیاواز لە دەستەواژەی درشت دەبێتە هۆی شکستهێنانی لەسەرەخۆی ڕێککەوتنەکە. ئەمەش بە پلەی یەکەم دەوەستێتە سەر حەزی هەردوولایەن بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی کۆتایی و هەروەها تا چ ڕادەیەک ئێرانییەکان ڕێگە دەدەن ئەم شتە ڕوو بدات و تا چ ڕادەیەک هەردوولایەن متمانە بە نیەت-باشی یەکتر دەکەن. وا دەردەکەوێت بەراورد لەگەڵ [بەیاننامەکەی] بەزاز، [بەیاننامەی] ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بناغەی پتەوتری هەبێت. هەروەها ئەو هەلومەرجەی کە بووە هۆی شکستی بەزاز [لە جێبەجێ کردنی بەیاننامەکەدا]، لەوانەیە بەلانیکەمەوە بە هەمان شێوە دووبارە نەبێتەوە. بەهەرحاڵ، بەعس و تاقمە فەرمانڕەواکەی، واتە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، هەردووکیان دوو دامەزراوەی تایبەتن کە نایانەوێت دەسەڵات دابەش بکەن یان واز لە دەسەڵات بهێنن، بۆیە ئەمە پرسیارێکی دروستە، ئایا کورد سەرکەوتوو دەبن لە دەستەبەر کردنی ئۆتۆنۆمی تەواو و ڕادەیەک لە یەکسانی کەوا دەردەکەوێت ڕێککەوتنەکە بەڵێنی ئەمەی دابێت.

کەرتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست،

بەشی توێژینەوە،

نووسینگەی کاروباری دەرەو و کۆمۆنوێلس.

زۆر نهێنی (ل ١٥٧)

## پاشکۆ

## شیکردنەوەی پێشنیازەکانی ساڵی ١٩٧٠

١. زمان: بێ گۆڕانکاریی. تا ڕادەیەکی زۆر هاوشێوەی ساڵی ١٩٦٦ە.

٢. بەشداریکردن لە حکومەتدا: زۆربەی شتەکان هاوشێوەن [وەک ڕێککەوتنەکەی ساڵی ١٩٦٦]. پێشنیازەکەی ئێستا تاڕادەیەکی زۆر وردترە.

٣. پەروەردە و کلتور: زۆربەی شتەکان هاوشێوەن. ڕێکەوتنەکەی ساڵی ١٩٦٦ گشتگیرتر و کەمتر لێڵ بوو.

٤. ڕێکخراوە جەماوەرییەکان: بێ گۆڕانکاریی.

٥. دووبارە دامەزراندنەوەی فەرانبەران: زۆربەی شتەکان هاوشێوەن.

٦. کۆمیسیۆنی گەشەپێدان: هیچ گۆاڕنکارییەکی گەورە ڕوویندەداوە، کۆمیسۆنەکەی ساڵی ١٩٧٠ بەروارد لەگەڵ کۆمیسیۆنی ساڵی ١٩٦٦، دەسەڵاتی زۆرتری هەیە.

٧. نیشتەجێکردنەوە: بێ گۆڕانکاریی. تەنیا ئاماژە بە کورد و عەرەبە ئاوارەکان (displacement) دراوە.

٨. چاکسازیی زەویی: لە پێشنیازەکانی ساڵی ١٩٦٦دا نەهاتووە.

٩. دانان بە شوناسی کوردی: بێ گۆڕانکاریی.

١٠. دامەزراندنی جێگری سەرۆک: لە پێشنیازەکەی ساڵی ١٩٦٦دا نەبووە.

١١. ئۆتۆنۆمی بۆ کورد: بەراورد لەگەڵ پێشنیازەکەی ساڵی ١٩٦٦، ئەم دەستەواژەیە لە پێشنیازەکەی ساڵی ١٩٧٠دا وردترە و ئاستی ئۆتۆنۆمیش فراوانتر و زۆرترە.

١٢. دەرهێنانی سامانی نەتەوەیی: لە پێشنیازەکەی ساڵی ١٩٦٦دا بوونی نییە. ئاماژە بە سامانی نەوت دراوە کە لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتدایە.

١٣. نوێنەرایەتیکردن: بێ گۆڕانکاریی.

١٤. ڕادەستکردنەوەی چەکی قورس: تاڕادەیەک هاوشێوەی خاڵی ١٠ لە پێشنیازەکەی ساڵی ١٩٦٦ە.

سنووردار (ل ١٥٨)

بەڕێز پاول (Mr. Paul)

بەشی توێژینەوە

**کوردی عێراق**

هەروەک ئاگادارن، لە ١١ی شوبات، ڕژێمی بەعس ڕێککەوتنێکی ١٣ خاڵی لەگەڵ کورد ڕاگەیاند.

زۆرێک لە خاڵەکانی ڕێککەوتنەکە هاوشێوەی خاڵەکانی پێشنیازە سەرنەکەوتووەکەی ساڵی ١٩٦٦ی دکتۆر بەزازن. زۆر باش دەبێت ئەگەر بەشەکەی ئێوە بەراوردێک لە نێوان هەردوو بەیاننامەکەی حکومەتی عێراق لە ساڵی ١٩٦٦ و ١٩٧٠ ئەنجام بدات، تا بزانین کام خاڵ لێکچوو و کام خاڵ لێکجیاوازن.

کۆپییەک لە تەلەگرامەکەی ئەم دوایەی بەغدا بۆ بەشەکەتان نێردراوە، هاوکات کۆپییەک لە یاداشتی باڵیۆزخانەی عێراق کە بۆ ئێمە نێردرابوو، بۆتان هاوپێچکراوە کە ژێدەرێکی بەسوودە [و زانیاری باشی تێدایە].

بەشەکەی ئێمە لە ژێر گوشارێکی زۆر دایە و داوای لێکراوە لەسەر ئەم ڕێککەوتنامەیەی [نێوان کورد و حکومەتی عێراق] و پێشینە مێژووییەکەی لێکۆڵینەوە بکرێت؛ ئایا دەتوانم داواتان لێبکەم لە ماوەی دە ڕۆژدا شیکردنەوەیەکی کاتیمان لەسەر ئەم بابەتە بۆ ئەنجام بدەن.

(S. L. Egerton)

١٦ی ئاداری ١٩٧٠

بەڕێز ئیگرتۆن (Mr. Egerton)

هەروەک داواکرابوو، ڕەشنووسەکەی پەرلەمانتان بۆ دەنێرم و خۆشحاڵ دەبم تێبینیەکانتانمان لەسەر ئەم ڕەشنووسە بۆ ڕەوانە بکەن.

هەروەها خۆشحاڵ دەبم، ئاگادارمان بکەنەوە چەند کۆپی دوایین ڕەشنووستان پێویستە.

(A. Paul)

بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (Middle East Section)

بەشی توێژینەوە (Research Department)، ٢٠ی ئاداری ١٩٧٠

ڕووماڵی نهێنی (ل١٥٩-١٦٤)

بەڕێز ئارسور

**کورد**

ڕەشنوسی بابەتێک هاوپێچ دەکەم کە دەربڕی بۆچوونی بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیکە لەسەر «چارەسەری›› ١١ی ئاداری نێوان حکومەتی عێراق و کوردی لایەنگری بارزانی، بە ئاراستەی ئەو گفتوگۆیەی کە لە ١ی نیسان هەمان بوو.

(S. L. Egerton)

بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک

٢ی نیسانی ١٩٧٠

هاوپێچ: (PUSD) ستافی یارمەتیدەر، بەشی عەرەبی، بەشی توێژینەوە، IRD، NAD، بەشی بەرگری.

**نهێنی**

**عێراق: ڕاگەیاندنی چارەسەری لەگەڵ کورد**

١. لە ١١ی ئاداری ١٩٧٠، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە عێراق «چارەسەری تەواو و دەستوری کێشەی کورد››ی ڕاگەیاند. ئەمەش لە دوای سێ مانگ گفتوگۆ لە بەغدا کەوا دیارە حکومەتی سۆڤیەت گوشارێکی زۆری بۆ هەردوولایەن هێناوە بۆئەوەی ناکۆکیەکانیان چارەسەر بکەن. ڕێککەوتنە پازدە خاڵیەکە کە لەلایەن سەرکردەکانی کورد پەسەند کراوە، بە تەواوەتی وەک هاوپێچی (A) بۆ یاداشتەکانی بەشی توێژینەوە دەنێردرێت و هەروەها بەراوردی ئەم ڕێککەوتنە نوێیە لەگەڵ چارەسەرییە شکستخواردووەکەی ساڵی ١٩٦٦ دەکرێت. ئەم ڕێککەوتنەش چاپکراوە. هەردوو ڕێککەوتنەکە زۆر خاڵی هاوبەشیان هەیە.

٢. گرنگترین خاڵەکانی ڕێککەوتنە بڵاوکراوەکەی ١١ی ئادار بریتیین لەمانەی خوارەوە:

ا  حکومەتـی عێراقـی نیەتـی خـۆی ڕاگەیانـدووە بـۆ گەشـەپێدانی یەکـەی ئیـداری لـە ناوچـە کوردییـەکان و بەخشـینی جۆرێـک ئۆتۆنۆمـی بـۆ کـورد لـەم ناوچانـەدا.

ب کـورد «بەشـداریی یەکسـانیان» لـە دامـودەزگای کەرتـی گشـتیدا دەبێـت، هەروەهـا جێگرێکـی سـەرۆک لـە کـورد دەبێـت. کـورد لـە پۆسـتە فەرمییـەکان و پۆسـتە باڵاکانـی سـوپادا بەشـدار دەبـن.

ج کـورد بەپێـی ژمـارەی دانیشـتوانیان [لـە کـۆی گشـتی دانیشـتوانی عێـراق] نوێنەریـان لە ئەنجوومەنـی یاسـادانانـدا دەبێـت (کـە تـا هەنوکـە ئـەم ئەنجوومەنـە دانەمـەزراوە).

د  لەو ناوچانەی کورد زۆرینەن فەرمانبەری کورد دادەمەزرێن.

ه حکومەتـی عێراقـی پێـوەری بوژاندنـەوەی خێـرا و هاریـکاری ئابـووری بـۆ ناوچەکانـی باکـووری عێـراق دابیـن دەکات کـە بەهـۆی شـەڕەوە زیانیـان بەرکەوتـووە.

٣. ئێمـە لـە سـەرچاوە بـاوەڕ پێکراوەکانـەوە دەزانیـن هەندێـك بەنـدی نهێنـیّ لـە ڕێککەوتنەکـەدا هـەن کـە بریتیـن لەمانـەی خـوارەوە:

**یەکـەم:** لێژنەیەکـی هاوبـەش دادەمەزرێـت بـۆ چاودێـری کردنـی تەواوەتـی ڕێککەوتنەکـە بـە ئـاگاداری و گفتوگـۆ لەگـەڵ هەردوولایەنەکـە.

**دووەم:** ژمـارەی هێـزی چەکـدارە ڕێکخـراوەکانی کـورد، ئەگـەر مومکیـن بێـت بـۆ ٦ هـەزار کـەس، کـەم دەکرێتـەوە. لـە مـاوەی چارەسـەردا، کـە بەپێـی پێنـج قۆناغـی دیارکـراو دەبێـت، حکومەتـی عێـراق بودجـەی هێـزەکان دابیـن دەکات.

**سێیەم:** حکومەتـی عێـراق تـەواوی هێـزەکان، ئەگەر دژی سـەرکردەی کورد مەلامسـتەفا بارزانـی بوەسـتنەوە، بـێ چـەک و قەدەغـە دەکات و هێزەکانـی عێـراق لـە [ناوچەکانـی باکـوور] بـۆ «شـوێنی ئاسـایی›› خۆیـان دەگەڕێنـەوە.

**چـوارەم:** ڕێگـە بـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان دەدرێـت بـە ئازادانـە لـە ناوچـە کوردییـەکان چالاکـی هەبێـت و ڕۆژنامـەی تایبـەت بـە خـۆی دەربـکات.

**پێنجـەم:** گشـت ئـەو کەسـانەی پێشـتر فەرمانبـەری حکومەتـی عێـراق بوونـە و بەشـداری سـەرهەڵدانی کوردیـان کـردووە، ڕێگەیـان پێدەدرێـت بـێ لەدەسـتدانی پلەکانیـان بگەڕێنـەوە سـەر پیشـەی خۆیـان. ئـەو کەسـانەی لەنـاو هێـزی ڕێکخـراوی کـورد (پێشـمەرگە)دا بوونـە، ئەگـەر پێشـتر لەنـاو هێـزە چەکدارەکانـی عێراقـدا خزمەتیـان کردبێـت، ڕاژەی خزمەتـی پێشـمەرگایەتیان بـۆ هەژمـار دەکـرێ. [واتـە خزمەتـی پێشـمەرگایەتیان وەک خزمـەت لەنـاو سـوپای عێـراق هەژمـار دەکرێـت].

**شەشـەم:** لـە مـاوەی یـەک سـاڵدا سـەرژمێری سەرتاسـەری ئەنجـام دەدرێـت تـا سـنووری ئـەو ناوچەیـە دیـار بکرێـت کـە کـورد تێیـدا زۆرینـەن.

**حەوتـەم:** ئەگەرچـی ئـاڵای نەتەوەیـی عێـراق هیـچ گۆڕانێکـی بەسـەردا ناهێـت، بۆئـەوەی سـیمبولێکی کـورد لـە خـۆ بگرێـت، بـەڵام هـەر کاتێـک ئـاڵای عێـراق بگۆڕدرێت، ئـەو کارە ئەنجـام دەدرێـت.

٤. لـە کاتـی ڕاگەیاندنـی ڕێککەوتنەکـە، هەردوولایەنـی عێراقـی و کـورد لە ژێر گوشـاردان تا جەخـت لەسـەر پابەنـدی خۆیان بـۆ چەسـپاندنی ڕێککەوتنەکە بکەنەوە. لـە ٣١ی ئادار، وەک بەشـێک لە ئالۆگۆڕی وەزاری، پێنج وەزیری کورد لە وەزارەتەکانی کشـتوکاڵ، کار و نیشـتەجێکردن و گەشـەپێدانی باکوور دادەمەزرێن. سـەرەتای ئەم دەسـتپێکە هاندەرانە (ئـەم جـۆرە پۆسـتانەی کابینە، لە ئەمڕۆکـەی عێراقدا هیچ قورسـاییەکی ئەوتۆیـان نییە)، ئێمـە لـەو بڕوایەدایـن شانسـی گۆڕینـی ئـەم ڕێککەوتنە بە چارەسـەریەکی هەمیشـەیی کێشـەی کـورد، زۆر کەمـە. زۆر ناڕوونـی لـە ڕێککەوتنـە بڵاوکراوەکـەدا هەیـە و لـە پاشـکۆی نهێنیـدا ڕوون نەکراوەتـەوە. ئـەم ناڕوونیـەش بریتیـن لـە ڕووبـەری دروسـتی ناوچـەی ئۆتۆنۆمـی کـورد، مانای وردی وشـەی «ئۆتۆنۆمـی›› و ئەو بڕە پارەیـەی لەلایەن حکومەتـی عێراقـەوە بـۆ گەشـەپێدانی هەرێمی کـورد تەرخانکراوە.

هەمـوو ئـەم خاڵانـە لـە سـەرەتاوە گرفـت دروسـت دەکـەن، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی پێویسـت بـوون بەماویەکـی دورودرێـژ لە دانوسـتاندنی سـەخت. تا ئێسـتا هیـچ بەڵگەیەک لەبـەر دەسـت نییـە ئایا حکومەتـی عێـراق ئـەم کارە ئەنجـام دەدات. لـە لایەکـی دیکـەوە، کـورد بەهـۆی شـەڕکردنەوە پێویسـتیان بـە پشـودانێکە، بـەڵام بەلەبەرچاوگرتنـی مێـژووی

پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولایەن، هیچ هۆکارێکیش نییە بۆئەوەی کورد متمانە بە حکومەتی عێراق بکەن. بە دڵنیاییەوە ئەوان ڕازی نابن بە قەدەغەکردنی تەواوەتی پێشمەرگە و ڕادەستکردنی چەکی قورس و ئێزگەی ڕادیۆ بێتەلەکەیان تا ئەوکاتەی پارەی بەعسیان بەدەست نەگات و تا ئەوکاتەی پێشڤەچوون لە ڕوونکردنەوەی خاڵە ناڕوونەکانی ڕێککەوتنەکە نەهێتەدی.

٥. ئێمە دەزانین ئەم ڕێککەوتنە بووەتە مایەی نیگەرانی شا[ی ئێران]، چونکە بە بڕوای ئەو، ئەگەر ئەم ڕێککەوتنە بە سەرکەوتوویی جێبەجێ بکرێت، دەستی حکومەتی بەعس واڵا دەکات بۆئەوەی گرفت بۆ کوێت و کەنداو بە گشتی دروست بکات. هەروەها شا لەوە دەترسێت حکومەتی عێراق هەوڵ بدات هانی کوردی ئێران لەسەر سنوورەکان بدات کە کەم تا زۆر لە ژێر کۆنترۆڵی [ئێران]دان. بەگشتی، عێراق ئازادتر دەبێت لە دروستکردنی کێشە لە ناوخۆی ئێراندا. بۆ نموونە لە خۆزستان، کە دانیشتوانی عەرەبن و نزیکەی سێ ملیۆنن. بە هەمان شێوە ئێرانیش دەتوانێت هەوڵی چالاکی ئەنجامدان لە ناوخۆی کوردستانی عێراقدا بکات تا ڕێککەوتنەکە لە باربەرێت، کە دەتوانێت فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە بێت، ئەمەش چاوەڕوانکراوە ئەگەر دانوستانەکان لەسەر بابەتە هەستیارەکان توشی سەختی ببنەوە. هەروەها دەتوانین ئەوەش بخەینە بەرچاو کە ئیسرائیلییەکان لە ڕووی دارایی و لەوانەشە بە پتەوکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ ساڤاک یارمەتی ئێران بدەن.

٦. ئەگەر دواجار ڕێککەوتنەکە بە سەرکەوتوویی جێبەجێ بکرێت، لەوانەیە بەشێک لە هێزەکانی عێراق (نزیکەی چوار کەرت) لە باکووری عێراق بگوازرێنەوە بۆ شوێنی دیکە. هەندێك ئاماژە هەن حکومەت مەبەستیەتی هێزی زۆرتر لە ئەردەن و لە سنووری باشووری ڕۆژهەڵات لەگەڵ ئێراندا جێگیر بکات، بەڵام وەک زانراوە تا ئەمڕۆ تەنیا یەک بەتالیۆن لە کوردستانەوە گوازراوەتەوە (ئەردەن). وا دەردەکەوێ کە مومکین نییە، گواستنەوەی فرەوانی [هێزەکانی عێراقی لە باکوور] ئەنجام بدرێت تا ئەوکاتەی بەرەوپێشچوونی زۆرتر لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە بەدی نەکرێت. هەر کاتێک ئەگەر بارودۆخ ڕێگە بەم گواستنەوەیە

بـدات، ئەگـەری زۆرە ئـەم هێزانـە بـەرەو ئـەردەن بجوڵێنرێـن تـا پشـتگیریی ئـەو پـازدە هـەزار سـەربازەی عێـراق بکـەن کـە لەوێـن. عێراقییـەکان هیـچ ئاماژەیەکـی جدیـان لەبـارەی هێرشـکردنە سـەر ئیسرائیـل نیشـان نـەداوە. ئێمـە دەتوانیـن بڵێیـن بەهێزکردنـی بوونیـان لـە ئـەردەن دەتوانێـت تەنیـا خـۆ نمایشـکردن بێـت. هەروەهـا لەوانەیـە هەندێـك لـە سـەربازەکان بـەرەو باشـوور بجوڵێنرێـن تـا لـە شـەتولعەرەب «ڕووبـەڕووی›› ئێـران ببنـەوە. ئـەم دوو کـردارەش [جوڵاندنـی هێـز بـۆ ئـەردەن و شـەتولعەرەب] ڕۆڵێکـی زۆر گـەورەی نمایشـکارانە دەبینێـت، ئەگەرچـی جێگرکردنـی ئـەم سـەربازانە بـە درێژایـی سـنووری باشـووری نێـوان عێـراق و ئێـران دەبێتـە هـۆی زیادکردنـی بارگـرژی. ئـەم کارە هەروەهـا تووڕەیـی کوێـت زیـاد دەکات. سـەرەڕای ئامـاژەی بەعسـییەکان، کـە ئـەوان «کـەم تـا زۆر کوێتیـان لەنـاو دەسـتدایە››، بـەڵام حاڵیحـازر، ئێمـە وا نابینیـن عێراقییـەکان هیـچ مەبەسـتێکی دوژمنکارانەیـان دژی کوێـت هەبێـت (بـە ڕوونـی ئـەم مەبەسـتە بـۆ ڕای گشـتی دەرنەبـڕاوە).

٧. بـە گشـتی دەسـت بەتاڵـی عێراقییـەکان دەبێتـە هـۆی ئازاردانـی لایەنـی دەرەکـی. خۆشـبەختانە توانـای عێـراق لـە ئازاردانـی ئەوانـی دی لـە دەرەوەی عێـراق، بەهـۆی دیپلۆماسـیی خراپیـان سـنووردارە. (ئەویش بەهۆی ناکارایی ئیداریـی و خراپ-دیارکردنی کات). گرفتـی کوردسـتان (جیـا لـە شـەڕکەرەکان) گشـت کەسـی گیـرۆدە کـردووە. وەک مەترسـییەکی تیـۆری سـەخت نییـە کـە ئاسـۆی ئاشـتی ببینێ، بـەڵام بە ئاسـانی دەکرێت پشـت بـە عێراقییـەکان ببەسـترێت بۆئـەوەی شکسـت بـە خۆیـان بهێنـن.

بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک

٢ی نیسانی ١٩٧٠

نهێنی(ل ١٦٥-١٦٧)

باڵیۆزی بەریتانیا

بەغدا

٣ی نیسانی ١٩٧٠

**کێشەی کورد**

١. ڕاپۆرتـی ئێمەتـان لە تەلەگرامی ژمارە ٢٤٧، لە ٣ی ئادار لەبارەی کۆنفرانسـی ڕۆژنامەوانی سـەرۆک بەکر کە لە ڕۆژی شـەممە ٢٨ی ئادار گرێدرا، بینیتان. کۆنفرانسەکە خستنەڕووی ئـەو پێشـکەوتنانە بـوو کە تـا هەنوکە لـە جێبەجێکردنی مانیفێسـتی ١١ی ئـادار لەبارەی چارەسـەرکردنی پرسـی کـورد بەدیهاتوون. لەم کۆنفرانسـە ڕۆژنامەوانیـەدا ئامادە بووم و بۆیـە دەتوانم تـا ڕادەیەک، کورتەیەک لە قسـەکان بخەمەڕوو.

٢. هـەروەک لـە تەلەگرامەکـەدا ئامـاژەی پێکـراوە، گرنگتریـن خاڵـەکان بریتـی بـوون لـە: ئاینـدەی پێشـمەرگە، پێکهێنانـی ئەنجوومەنـی نیشـتیمانی و دامەزراندنـی وەزارەتـی نـوێ. جێنێـر (Jenner) بـە جیـا لەبـارەی دامەزراندنـی وەزارەت بۆتـان دەنووسـێت.

٣. پەیوەسـت بـە پێشـمەرگە هـەروەک دەزانـن، باڵیـۆزی [بەریتانیـا] لـە لێدوانەکـەی ٢٧ی ئـادار ئامـاژەی بـە ناڕوونـی داهاتـووی پێشـمەرگە لـە ڕاگەیانـدراوە ڕەسـەنەکەدا کـرد. سـەرۆک لـە لێدوانەکانیـدا و لـە وەڵامـی پرسـیارەکاندا جەختـی لـەوە کـردەوە ڕاگەیاندنـە ڕەسـەنەکە باسـی لـە چەکدانـان و قەدەغەکردنـی گشـت هێـزە چەکـدارە ناڕێکخـراوەکان کـردووە. ئەمـەش وا نییـە، بۆیـە لەوانەیـە ئـەم بابەتـە لـە «پرۆتۆکۆلێکی نهێنـی»دا، یەکلاکرابێتـەوە. بـە خەیاڵـدا نایـەت بارزانـی ئـەوەی قبوڵکردبێـت کـە تـەواوی سـوپای خـۆی ڕادەسـت بـکات. خـودی سـەرۆک ئامـاژەی بـەوەدا نیـەت ئەوەیـە پێشـمەرگە تێکـەڵ بـە سـوپای عێـراق بکرێـت. هەواڵـە فەرمییـەکان ئـەوە پشتڕاسـت دەکەنـەوە کـە لێدوانێکـی هاوشـێوە لـە ڕابـردوودا لەلایـەن سـەدام حسـێن و مەحمـود عوسـمانەوە دراوە. گومانـی تێیـدا نییـە هەندێـک پێشـمەرگە تێکـەڵ بـە سـوپای عێـراق دەکرێـن.

٤. بەیاننامەی سەرۆک لەبارەی پێشڤەچوون لە داڕشتنی ڕەشنووسی یاسای ئەنجوومەنی نیشتیمانی، لەوانەیە گرنگترین تەوەری کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانیەکە بووبێت. ئەگەرچی ئەم بابەتەش، بابەتێکی لەپڕبوو. بە پێی بەندەکانی بەیاننامەکە دامەزراندنی ئەنجوومەنی نیشتیمانی، هەندێك لە دەسەڵاتەکانی یاسادانانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە ئەستۆ دەگرێت و لە نوێنەرانی «هەردووحیزبە سیاسییەکە›› و ڕێکخراوەکانی دیکە پێکدێت و هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو خاڵانە دەدات کە لەلایەن باڵیۆزەوە لە پەرەگرافی (a)٧ و (e) ڕاپۆرتکراون، بەڵام پێویستە ئێمە چاوەڕوان بین و بزانین ڕەشنووسی یاساکە کە ڕاگەیێندرا چی دەڵێت. لە هەموو حاڵەتێکدا، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەک پارێزەری بەعس دەمێنێتەوە.

٥. یەکێک لە کێشە بەرجەستەکانی پەیوەست بە دووبارە دامەزراندنەوەی ئەنجوومەنی نیشتیمانی بریتییە لە باڵاخانە دۆزینەوە بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە کە بەشێکی گەورەی بینای ئەنجوومەنەکەی داگیر کردووە. پلانەکان لەبەر دەستن بۆ بونیاتنانی باڵاخانەیەکی نوێ بۆ ئەو وەزارەتە کە لە نزیکی کۆشکی سەرۆکایەتیە و یەکێک لە کارمەندانی وەزارەتەکە کە ئەمڕۆ قسەم لەگەڵ کرد، وای بۆ دەچوو لە ماوەی چەند مانگێکی کەمدا بینایەکە تەواو ببێت. بەهەرحاڵ، ئەو نەپرژایە سەر بابەتی ئەوەی کەی ئەنجوومەنە نوێیەکە بۆ کۆبوونەوە بانگێشتی ئەندامانی دەکات. لەوانەیە بۆ ماوەیەک وەزارەتی کاروباری دەرەوە و ئەنجوومەنی نیشتیمانی پێکەوە [لە یەک بینادا] بن.

٦. دەنگۆی بەردەوام هەیە لەسەر پێکدادانی لایەنگرانی بارزانی و تاڵەبانی. ئەم پێکدادانانە زۆر فراوان و جیدی نین و وا دەردەکەوێت بۆ دوژمنایەتی کۆن بگەڕێتەوە. پارێزگاری لایەنگری تاڵەبانی لە دهۆک بەرەو ‹حلە› گوازراوەتەوە و کوردێک بەناوی محەمەد ڕەسوڵ کە پارێزگاری عەمارەیە (Amara)، تا ئەو شوێنەی ئێمە ئاگادارین سەر بە هیچ لایەنێک نییە، بووە بە پارێزگاری دهۆک.

٧. بێگومان هەروەک ئێوە لە کورتەی هەواڵە جیهانییە پەخشکراوەکاندا بیستووتانە،

ڕادیـۆی کـوردی، واتـە ڕادیـۆی دەنگـی کوردسـتان، داخـرا. ئەمـەش لـە بەیاننامـەی [چارەسـەری] ئامـاژەی بـۆ کـراوە. ڕۆژنامـەی لایەنگـری تاڵەبانـی، ئەلنـور، لـە کۆتایـی ئـادار لـە بڵاوکردنـەوە وەسـتا و ڕۆژنامـەی ئەلتەئاخـی کـە لـە سـاڵی ١٩٦٨دا داخرابـوو، لـە ڕۆژی شـەممە ٤ی نیسـان دەسـت بـە بڵاوکردنـەوە دەکاتـەوە. ئێمـە لەلایـەن «نوێنەرێکـی›› پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان کۆپیەکـی مانگـی ئـاداری ڕۆژنامـەی نهێنی «خەبات››مـان بـە دەسـت گەیشـتووە.

٨. هەواڵـی دی بریتییـە لـە ڕاگەیاندنـی کردنـەوەی ناوچەکانـی گەشـتیاریی لـە باکـووری عێـراق لــە وەرزی گەشــتیاریدا و تەرخانکردنــی بودجــە لەلایــەن ئەنجوومەنــی سـەرکردایەتی شـۆڕش بـۆ نۆژەنکردنـەوەی هەندێـك لـە ناوچـە گەشـتیارییەکان. پلانـی ئابـووری پێنـج سـاڵە، ١٩٧٠-١٩٧٤، کـە تـازە بڵاوبووەتـەوە بـاس لـەو ناوچانـە دەکات کـە تێیـدا کەرتـی تایبـەت دەتوانێـت یارمەتیـدەری ئابـووری نەتەوەیـی بێـت و بانگەشـەی سـەرمایەگوزاری کەرتـی تایبـەت دەکات لـە بوارەکانـی هۆتێـل و ڕێسـتورانت لـە سەرتاسـەری وڵاتـدا.

٩. لەپێنـاو نەهێشـتنی تۆمەتـەکان کۆمەڵێـک کـەس لـە ڕێگـەی نەتـەوە یەکگرتووەکانـەوە دەستنیشـان کـراون بـۆ ئەنجامدانـی سـەرژمێری لـە ناوچـە کوردییـەکان لـە مانگـی تشرینـی یەکەمـدا.

١٠. ئەگەرچـی لێژنـەی ئاشـتی هاوبـەش کـە بەرپرسـیارە لـە جێبەجێکردنـی چارەسـەری، تـا هەنوکـە تەنیـا یـەک کۆبوونـەوەی ئەنجامـداوە، بـەڵام حکومـەت بەلانیکەمـەوە لەلایەنـی خۆییـەوە دەسـتی بـەم کارە کـردووە و دەنگـۆی ئـەوە هەیـە تـا ئـەم ڕێککەوتـە لایەنـی دووەم [کوردییـەکان] ناڕازیـن.

(J. H. Symons)

کۆپیەک بۆ: نووسینگەی تاران، نووسینگەی بەیروت.

جیهانی عەرەبی (ل ١٦٨-١٦٩)

کۆماری عێراق

٣ی نیسانی ١٩٧٠

کورد

**بارزانی ڕایگەیاند کورد پابەندی بڕیارەکانی حکومەت دەبن**

**مەلا مستەفا بارزانی**، سەرۆکی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە عێراق، ڕایگەیاند کوردی عێراق لە ئێستاوە پابەندی هەر بڕیارێک دەبن کە حکومەتی ناوەندی لە بەغدا دەریدەکات. ئەم قسانەی لە چاوپێکەوتنی حەوتەنامەی «ئەلسەورەدا›› کە دوێنی بڵاوکرایەوە کردووە کە حەوتەنامەیەکی بەیروتی و لایەنگری عێراقە. پەیامنێری حەوتەنامەکە گوتی چاوپێکەوتنەکە لە ناوپردان ئەنجامدراوە کە دەکەوێتە باکووری عێراق و ٣٥ کیلۆمەتر لە سنووری ئێرانەوە دوورە. ئەم گوندە نزیکەی ٢٠ خانووی لە گڵ دروستکراوە و بە گوێرەی قسەکانی پەیامنێرەکە بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان لەم گوندەیە و ئەو شوێنەیە کە دانوستاندنەکان بۆ ڕێککەوتن لەسەر چارەسەری کێشەی کورد لە نێوان بارزانی و نوێنەرانی حکومەتی ناوەندیدا ئەنجامدراوە.

**سەربەخۆیی نییە**. پرسیار لە بارزانی کراوە لەبارەی پەیوەندییە نوێیەکان کە لە ئەنجامی بەیاننامەی ١١ی ئادار دروست بوونە و کۆتایی بە سەرهەڵدانی کورد هێنا. لە وەڵامدا گوتی پەیوەندی لە نێوان کوردێکی عێراق و عەرەبێکی عێراق لەسەر بنەمای ئەم ڕاستییە دامەزراوە کە ‹عەرەب و کورد یەک شتن. عەقڵ ئەوان پێکەوە گرێدەدات و شێتی ئەوان لێک دوور دەکاتەوە›.

کاتێک پرسیار لە بارزانی کرا، ئایا بەیاننامەی ١١ی ئادار کە ئۆتۆنۆمی بە کورد بەخشیووە بەو مانایە دێت کە کۆمەڵگای کوردی سەربەخۆ دەبێت، ئەو جەختی لەوە کردەوە کە «یاسا و پلان و فەرمانەکانی حکومەتی عێراق بەسەر کوردستاندا جێبەجێ دەکرێت›› و گشت خەڵکی عێراق پشتگیری لە حکومەت دەکەن. هەروەها ئاماژەی بەوە کرد کورد پابەندی بڕیاری گەلی عێراق و بڕیارەکانی حکومەتی عێراق دەبن.

ڕۆڵی داهاتوو. پرسیار لە بارزانی کرا، ئێستا کە کێشەی کورد چارەسەر دەکرێت، ئایا هیچ پلانێکی هەیە بۆ بەشداریکردن لە بەرپرسیارێتیەکی فەرمی. بە پێی قسەکانی چاوپێکەوتنەکە، بارزانی گوتوویەتی «ئەرکی مرۆڤ خزمەتکردنی خەڵکە. بۆیە، من بەردەوام دەبم لە خزمەتکردن بە خەڵک. من ئەم خزمەتکردنە تەنیا لە ڕێگەی سیاسەتەوە نابینم. هیوادارم بەپێی تواناکانم، بتوانم ئەرکەکانم جێبەجێ بکەم».

بارزانی گوتوویەتی ئەو پیر بووە و تەمەنی خانەنشینی بەسەر چووە. «ئاواتی شەخسی من بریتییە لە دوورکەوتنەوە لە هەموو شتێک، من ئەم داوایەم هەیە و چەندین جار هەوڵم داوە کە لەمە تێبگەن، بەڵام هاوڕێکانم ئەمەیان ڕەتکردووەتەوە. بۆیە من بەردەوام دەبم لە خزمەتکردن بە پێی تواناکانم و لەو شوێنەی ئەوان بۆ من دەست نیشانی دەکەن».

**تاڵەبانی**. لەبارەی رکابەرە کوردەکەی، جەلال تاڵەبانی، پرسیار کرا کە تا دەستەبەرکردنی ڕێککەوتنامەی مانگی ڕابردوو لەلایەن حکومەتی بەعسەوە پشتگیریی لێدەکرا. بارزانی جەختی لە گرنگی یەکێتی نەتەوەیی کورد کردەوە. «بەڵام هەندێك خائین و سیخوڕ هەن کە دژی ئایین و ناسیۆنالیزمی کورد و مافی کەمینەکان دەوەستنەوە. بۆیە ناکرێت ئەو وەک کوردێک هەژمار بکرێت و نوێنەرایەتی هیچ کەسیش ناکات. ئەو ڕەتکراوەیە». بارزانی ئاماژەی بە هیچ ناوێک نەکرد.

**کۆماندۆسەکان و فەڵەستین**. پرسیار لە بارزانی کرا لەبارەی ئەوەی ئایا کورد نیەتی یارمەتیدانی بزاڤی بەرگریی فەلەستینیان هەیە. ئەو وەڵامیدایەوە «من خۆم ئەم کارە ناکەم، چونکە ئەم جۆرە کارانە بۆ مرۆڤی بە تەمەنی وەک من نەهاتووە. من هێز و توانایی ئەم کارەم نییە». چاوپێکەوتنکارەکە پرسی «من پرسیار لە توانای تۆ دەکەم وەک سەرکردەی پێشمەرگە (نزیکەی بیست هەزار چەکداری بەهێزی نارێکخراوی سەر بە بارزانی)». بارزانی وەڵامیدایەوە «من سەرکردەی پێشمەرگە نیم. بەرژەوەندی خەڵک سەرکردەیە». چاوپێکەوتنکارەکە پرسی کۆماندۆسەکانی فەڵەستینی دەتوانن داوا لە کێ بکەن بۆئەوەی ئەگەر مومکین بێت سوود لە پێشمەرگە وەرگرن، بارزانی وەڵامێکی سەرڕاستی داوەتەوە: «سەرۆک کۆماری عێراق».

**کۆبوونـەوەی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان.** (دەق) کەرکووک: کۆمیتـەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردسـتان ئەمڕۆ (١٩٧٠/٤//٣) بە سـەرۆکایەتی مەلامستەفا بارزانی کۆدەبێتەوە. وەزیـرە کـوردەکان حکومەتـی عێـراق هاتوونـە تا لـەم کۆبوونەوەیەدا بەشـداربن (ئاژانسـی هەواڵـی عێـراق بـە زمانـی عەرەبی، کاتژمێـر ٩:٣٠ بە کاتی گرێنـچ، ١٩٧٠/٤/٣).

**دامەزراندنــی [ئەندامانــی] پارتــی دیموکراتــی کوردســتان.** (دەق) بەغـدا: نـوری شـاوێس وەزیـری کار و نیشـتەجێکردن و ئەندامـی مەکتـەب سیاسـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، نـاوی ئەندامانـی کۆمیتـەی ناوەنـدی و مەکتـەب سیاسـی ئـەم حیزبـەی ئاشـکرا کـرد. لـە لێدوانێکـی ڕۆژنامەوانیـدا کـە ئەمـڕۆ لـە بەغـدا (١٩٧٠/٤/٤) بڵاوکراوەتـەوە، شـاوێس ئامـاژەی بـەوەدا لێژنـەی جێبەجێکـردن لـە ١٠ ئەنـدام پێکدێـت کـە بریتیـن لـە: عەبدولوەهـاب ئەتروشـی، ڕەشـید سـندی، نەعـمان عیسـا، محەمـەد هەرسـین، عەلـی سـنجاری، محەمـەد ئەمیـن محەمـەد عەلـی، فاتـح محەمـەد، هاشـم ئاکرەیـی، یەدوڵـلا کەریـم و ئیسـماعیل مـەلا عەزیـز. مەکتـەب سیاسـی لـە شـەش ئەنـدام پێکدێـت، سـێ لـەم کەسـانە پاڵێـوراوی پارتیـن بـۆ پۆسـتی وەزاری لـە کابینـەی ئێسـتادا. ئـەم شـەش کەسـە بریتیـن لـە عەلـی عەبـدوڵا، عەزیـز ئاکرەیـی، محەمـەد مەحمـود، دکتـۆر مەحمـود عوسـمان، سـاڵح یوسـفی و نـوری شـاوێس (ئاژانسـی هەواڵـی عێراقـی بـە زمانـی عەرەبـی کاتژمێـر ٩:٣٥ خولـەک بـە کاتـی گرێنـچ ١٩٧٠/٤/٣).

**هەموارکردنـی یاسـای هاووڵاتـی (ناسـنامە) عێراقـی.** بـە پێـی هەمـواری نوێـی یاسـای هاووڵاتـی عێراقـی، وەزیـری ناوخـۆی عێـراق دەسـەڵاتی پێدراوە کـە ژمارەیـەک هاووڵاتیانی عێراقـی داوای ناسـنامەی وڵاتێکـی بێگانەیـان کـردووە لـە مەرجـی بێبەشـبوونیان لـە ناسـنامەی عێراقـی ببوردرێـن. (ئاژانسـی هەواڵـی عێراقـی بـە زمانـی عەرەبـی کاتژمێـر ١١:٥١ خولـەک بـە کاتـی گرێنـچ ١٩٧٠/٤/٣).

**پەیامـی قوتابیـانی فەڵەسـتینی بـۆ قەزافـی** (دەقـی تەلەگرامـی فدراسـیۆنی گشـتی قوتابیـان فەڵەسـتینی). قوتابیـان فەڵەسـتینی لـە سەرتاسـەری جیهانـدا متمانەیەکـی زۆریـان بـە شۆڕشـی فەڵەسـتینیەکان و توانـای توندکـردن و بەردەوامیـدان و لەناوبردنـی گشـت هەوڵـە شـەڕانگێزەکان هەیـە. گەلـی ئێمـەی فەڵەسـتینی، کـە ڕەوتەکەیـان لـە

میانــەی توندوتیــژی شۆڕشــگێڕانە و پشــتگیریی تــەواوی گەلــی عــەرەب بــەرەو پێشــەوە بــردووە سەرسـام بوونـە بـە لێدوانەکەتـان لەبـارەی شۆڕشـی فەڵەسـتینییەکان. ئێمـە لـەو بڕوایەدایـن ئـەو ڕاپۆرتـەی بـۆ ئێـوە نێـردراوە سـاختە و شـێوێندراوە. (دەنگـی فەڵەسـتین بـە زمانـی عەرەبـی کاتژمێـر ١٧:٣٠ خولـەک بـە کاتـی گرێنـچ ١٩٧٠/٤/٣).

**ڕێــکارە ئەمنییەکانــی رفانــدن لــە لوبنــان:** بەیــروت: دوای ئاشــکرابوونی پلانــی ڕفاندنــی ژمارەیــەک لــە نووســەر و سیاســەتمەدارە عەرەبــەکان کــە دژی سیاســەتی هەندێــك لــە فەرمانڕەواکانــی عەرەبــن، ڕێــکاری ئەمنــی گیراوەتەبــەر. ئەمــەش دوای ڕفاندنــی زوهەیــر شــەلاق لــە ٣٠ی ئــاداردا هــات کــە لــە حەوتەنامــەی ئەلجەدیــد، نووســەرێکی سیاسـییە. (ئاژانسـی هەواڵـی عێراقـی بـە زمانـی عەرەبـی کاتژمێـر ١١:٢٢ خولــەک بــە کاتــی گرێنــچ ١٩٧٠/٤/٣).

**لێدوانـی کەمـال حوزەیرانـی بـەلات** (دەق) بەیروت: وەزیـری ناوخۆ، کەمـال حوزەیرانی بـەلات ڕایگەیانـد بـەردەوام دەبێـت لـە هەوڵـدان بـۆ دەرکردنـی تاقمـی دەسـەڵاتدار و گەڕانـەوەی مەشروعیـەت و بەهێزکردنـی دیموکراسـی لـە لوبنانـدا. دوێنـی (١٩٧٠/٤/٢) لـە لێدوانێکـدا لـە دوای کۆبوونـەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران، حوزەیرانی بـەلات ڕایگەیاند هێزە ئەمنییـەکان ناتوانـن ٤٦٠ تاوانبـار دەستبەسـەر بکـەن، چونکـە ئـەوان لـە ناوچـەی شـەڕن لـە بیقـاع. حوزەیرانـی بـەلات داوای نەهێشـتنی ئـەم جـۆرە ناوچانـەی کـرد. ئـەو وێنەکانـی میلیشـیای کەتائیـب نیشـاندا کە لە ڕووداوی کەهالـە (Kahhalah) بەشـداربوونە و ئاماژەی بـەوە کـرد ئـەم جـۆرە ڕووداوانـە بـە ئەنقسـت بوونـە. (ئاژانسـی هەواڵـی عێراقی بـە زمانی عەرەبـی کاتژمێـر ١١:٤٦ خولـەک بـە کاتـی گرێنچ ١٩٧٠/٤/٣).

**تاوانــی خیانــەت لــە دژی ئەحمــەد بــن ســاڵح** (بــژاردە) ســەرۆک وەزیــران لەلایــەن ســەرۆک کۆمــار و بەپێــی بڕیــاری خــۆی لــە ڕێککەوتــی ٢ی نیســانی ١٩٧٠، فەرمانــی دەرکـردووە بـۆ گرتنەبـەری ڕێـکاری یاسـایی لـە دژی داواکـراو ئەحمـەد بـن سـاڵح وەزیـری پێشـووی دەوڵـەت بـۆ ئابـووری نەتەوەیـی و پلاندانـان، بـە تۆمەتـی خیانـەت. (تونیـس بـە زمانـی فەرەنسـی کاتژمێـر ٢١:٣٠ خولـەک بـە کاتـی گرێنـچ و بـە زمانـی عەرەبـی لـە کاتژمێـر ٢٣:٠٠ خولـەک بـە کاتـی گرێنـچ ١٩٧٠/٤/٣).

نهێنی، بخرێتە زەرفێکی زۆر نهێنییەوە (ل ١٧٠)

بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک

نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس

(NEQ. 1/2)

لەندەن، S، W، 1

٧ی نیسان ١٩٧٠

**چارەسەری کێشەی کورد**

١. بەرژەوەندییەکی زۆر لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنامەی ١١ی ئادار لە نێوان کورد و حکومەتی عێراقدا هەیە، بە تایبەتی لەبارەی زیادکردنی ژمارەی سەربازانی عێراق لە ئەردەن بۆ دژایەتیکردنی ئیسرائیل و لە باشووریش بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئێران و ترساندنی کوێت. بۆیە ئەم ڕاپۆرتە کە تەنیا مەزەندەکردنە، هیواداریـن ئامانجەکەی پێکابێت.

٢. خۆشحاڵ دەبین ئەگەر هەر تێبینییەکتان لەسەر ئەم ڕاپۆرتە هەبێت. پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە لە نێوان-بەشەکاندا یان حکومەتی بەریتانیا لەسەر ئەم ڕاپۆرتە هاوڕا نەبوونە، هەروەک ئاماژە پێدرا ئەم ڕاپۆرتە بریتییە لە بۆچوونی بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک.

(S. L. Egerton)

P. McKearney Esq، Baghdad

هاوپێچ کۆپییەک بۆ نووسینگەی پاراستنی زانیارییەکان لە بەحرێن، بەغدا، ئەنقەرە، تاران، کوێت، واشنتن، مۆسکۆ، پاریس، کۆمیسیۆنی شانشینی یەکگرتوو لە جنێڤ، کۆمیسیۆنی شانشینی یەکگرتوو لە نیویۆرک، تەلئەبیب، عەمان

پۆلین نەکراو (ل ١٧١)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

مۆسکۆ

٨ی نیسان ١٩٧٠

وەرگێڕانی وتارێک کە هی نۆڤۆستی (Novosti)یە بۆتان ڕەوانە دەکەم کە لە پراڤدا (Pravda) لە ٥ی نیسان بڵاوبووەتەوە و لەوانەیە بۆ ئێوە بە سوود بێت. ئەم وتارە بەروارد لەگەڵ وتارەکانی دیکە کە تا هەنوکە نووسراون، قووڵتر و فرەوانتر دەڕوانێتە چارەسەرکردنی کێشەی کورد.

(N. H. Livingston)

بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک

نووسینگەی کاروباری دەرەوە

لەندەن، S، W. 1

هاوپێچ کۆپیەک بۆ: نووسینگەی پاراستنی زانیارییەکان (Chanery) لە بەغدا

٦ی نیسانی ١٩٧٠ (ل١٧٢-١٧٦)

## عێراق: سەختی زاڵبوون بەسەر سنوورەکان

(I. Belaey and E. Primakov)

کاتێـک کۆتایهێنـان بـە شـەڕ لـە دژی کـورد لـە بەشـی باکـووری عێـراق، ڕاگەیێنـدرا، بـــە هـــەزاران کـــوردی خۆشـــحاڵ، مەشـــخەڵیان لەســـەر شـــاخەکانی دەورەبـــەری کەرکـــووک هەڵگیرســـاند. ســـەکۆیەکی سەرســـوڕهێنەر لـــە مەیدانـــی ئەلتەحریـــر لـــە بەغـدا ڕازابـووەوە کـە لـە خۆپێشـاندانێکی سەرتاسـەری نیشـتیمانیدا لـە دورگەیـەک دەچـــوو. لـــە پـــاڵ هـــەر یـــەک لـــە ئەحمـــەد بەکـــر ســـەرۆک کۆمـــاری عێـــراق و ســـەدام حســـێن تکریتـــی، ســـەرۆکی ئەنجوومەنـــی ســـەرکردایەتی شـــۆڕش، کوڕەکانـــی مەلامســـتەفا بارزانـــی- ئیدریـــس و مەســـعود- بـــە جلـــی کوردییـــەوە لەگـــەڵ مەحمـــود عوســـمان (دکتـــۆر مەحمـــود) ســـەرۆکی شـــاندنی نوێنەرایەتـــی کـــورد بـــۆ گفتوگـــۆ لەگـــەڵ حکومەتـــی عێـــراق، لەگـــەڵ هەندێـــك كەســـیتر، وەســـتابوون.

ئیدریـس، مەسـعود، دکتـۆر مەحمـود و سـامی ئەندامانـی مەکتـەب سیاسـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، هـەروەک زۆرێـک لـە نوێنەرەکانـی کـورد، لـە ١٩٦١ەوە بەغدایـان بەجێهێشـت. مـاوەی نـۆ سـاڵ شـەڕی براکـوژی لـە وڵاتـدا بـەردەوام بـوو.

بـە ئێمەیـان گـوت زۆرێـک لـە پیـاو و ئەفسـەرانی سـوپای عێـراق چەنـدە خۆشـحاڵ بوونـە کاتێـک هەواڵـی سـەرکەوتنی گفتوگۆکانیـان لەگـەڵ کـورد بیسـتووە. یەکێـک لـە نووسـەرەکانی ئـەم بابەتـە گروپێکـی بچووکـی سـوپای عێراقـی بینـەوە کـە چـۆن یارمەتـی دانیشـتوانی خۆجێییـان داوە تـا ڕێگـەی نێـوان دووڕییانـی ڕواندز-دیانـا پـاک بکەنـەوە کـە لـە کوردسـتانەوە بـەرەو باکـوور دەڕوات. لـە مـاوەی سـاڵەکانی جەنگـدا هیـچ سـەربازێکی عێراقـی یـان بەرپرسـێکی حکومـی لـە باکـوورت نەدەبینـی. ناوچەکـە بـە تەواوەتـی لەژێـر کۆنترۆڵـی پێشـمەرگە جیاخوازەکانـی کـورددا بـوو.

کۆتایـی شـەڕی نـۆ سـاڵە لـە باکـووری عێـراق- بـە ناپاڵـم و بـە سـوتاندنی گونـدەکان و لـە ناوبردنـی ژیانـی هـەزاران خەڵـک- بـە ڕاسـتی هۆکارێکـی گەورەیـە

بـۆ خۆشـحاڵ بـوون لـە کۆتایهاتـن بـە شـەڕ. بەڵـێ، ئەمـەش بـە تەنیـا گرنگتریـن شـت نییـە لـە گەیشـتن بـە لێکتێگەیشـتن لـە نێـوان حکومەتـی عێـراق و بزووتنـەوەی کـورد، لەبـارەی چارەسـەی ئاشـتیانە و دیموکراتییانـەی پرسـێکی زۆر ئاڵـۆزی عێـراق. ئـەم لێکتێگەیشـتنەش لـە شـەوی ١١ی ئـاداری ١٩٧٠دا ڕاگەیێنـدرا و لـە ڕاگەیێندراوێکـدا لەلایـەن سـەرۆک ئەحمـەد بەکـر لـە ڕادیـۆ و تەلەفزیـۆن خوێندرایـەوە، گرنگتریـن خەسـڵەتی ڕاگەیاندنەکـە، ڕاگەیاندنـی ئاشـتی وەک بنەمـای دانپێدانـان بـە مافـی کـورد لـە ئۆتۆنۆمـی نەتەوەیـی لـە چوارچێـوەی دەوڵەتـی عێراقـدا بـوو. لـە پـاڵ عەرەبـەکان کوردیـش داوای مافـی سـەرەتایی هاونیشـتیمانی بـوون لـە عێراقـدا دەکـەن.

ئێسـتا کـورد دەبێتـە جێگـری سـەرۆک کۆمـار و پێنـج وەزیـری کـورد لـە کابینـەدا هـەن. ڕاگەیاندنـی ئۆتۆنۆمـی نیشـتیمانی بـۆ کـورد ئامانجێکـی زەروری بـوو کـە بـێ ئـەو هیـچ هاوپەیمانییەکـی درێـژ خایـەن لـە نێـوان هـەردوو گەلـدا [کـورد و عـەرەب] دروسـت نەدەبـوو. ئەمـەش تەنیـا ڕێچکەیـە بـۆ چارەسـەری کێشـەی نەتەوەیـی لـە عێراقـدا. هەروەهـا لاپەڕەیەکـی نوێیـە نـە تەنیـا لـە مێـژووی وڵاتـدا، بەڵکـو لـە مێـژووی کۆنـی کوردیشـدا، چونکـە لـەم هـەزار ساڵەدا ئەمـە یەکـەم ڕووداوی لـەم چەشـنەیە.

خەڵکێکـی ڕەنجـدەر و سـەرفراز لـە بەشـێک لـە عێـراق، سـووریا، ئێـران و تورکیـا دەژیـن. کـوردی عێـراق، بـە تایبەتـی، بـە نەریتـی شۆڕشـگێڕانەیان بەناوبانگـن. خێڵـی بـارزان یەکێـک لـە سـەرەکیترین خێڵـە کوردییـەکان، هـەر لـە سـەرەتای سـەدەی بیسـتەمەوە تێکۆشـانێکیان دەسـت پێکـردووە (کـە کـردەی چەکداریـش لـە خۆدەگرێـت) لـە دژی کۆلۆنیاڵـی بەریتانـی و دادگای پاشـایەتی گەنـدەڵ و حکومەتـی لایەنگـری ئیمپریالیسـت لـە بەغـدا.

دوای شۆڕشـی تەمـووزی ١٩٥٨ لـە عێـراق، شۆڕشـێک کـە ڕژێمـی نـوری سـەعیدی ڕووخانـد، تەنیـا دەیتوانـی لـە ڕێگـەی پشـتگیری سـەربازیی بەریتانیـاوە لەسـەر دەسـەڵات بمێنێتـەوە؛ هیـواکان بـۆ چارەسـەری دادپـەروەر و دیموکراتییانـەی کێشـەی کـورد لـە وڵاتـدا سـەریهەڵدا بـوو، بـەڵام ژەنـەڕاڵ قاسـم جەنگێکـی تـری لـە دژی کـورد بەرپـا کـرد.

زۆر حکومـەت لـە دوای شۆڕشـی ١٩٥٨ لـە عێـراق هاتـن و تێپەڕیـن، بـەڵام هیـچ کام لەوانـە نەیانتوانـی بـە شـێوەیەکی ڕیشـەیی مامەڵـە لەگـەڵ کێشـەی کـورد بـکات. هیـچ کام لـەم حکومەتانـە نەیانتوانـی هەنگاوێکـی زیاتـر بهاوێـژن، تەنیـا هەنـگاوە بچوکەکانـی ئاگربەسـت نەبێـت. گشـت ئـەم حکومەتانـە بـە ڕادەی جیاواز خۆیـان لە جەنگـی دڕندانەی دژی کـورد هەڵقوڕتانـد کـە بـە ڕای زۆرێـک ئـەو جەنگانـە سروشـتی جینۆسـایدیان هەبـوو.

لــە دوای تەمــووزی ١٩٦٨ بــارودۆخ گــۆڕا، کاتێــک لــە عێراقــدا ڕژێمێــک دامــەزرا کــە لەلایــەن بەعسـییەکانەوە[1] سـەرکردایەتی کـرا، ئـەو بەعسـەی کـە لـە کاملبوونـی بەردەوامدایـە. بەهەرحـاڵ، بـۆ سـەرکردەکانی ئێسـتای [عێـراق] ئاسـان نەبـوو بگەنـە سنوورەکانی ١١ی ئـاداری ١٩٧٠. ئـەم وەسـتانەی ڕابـردوو گرنگـە. بۆشـایی بـێ متمانەیـی لـە ئەنجامـی چەندیـن سـاڵ جەنگـی خوێنـاوی، دوو گەلـی لێـک جیاکـردەوە. ئەرکـی پێکــەوە گرێدانــی ئــەم بۆشــاییە پێویســتە لــە ڕێگــەی زاڵبــوون بەســەر ســەردەمێکی ســەختی پــڕ لــە لەمپــەر و بەربەســت پــڕ بکرێتــەوە کــە کەســانی دژە شــۆڕش و تونـدڕەوەکان لـە بەغـدا و لەنـاو کـورددا ئـەم سـەردەمە سـەختەیان دروسـت کـردووە. هەنوکــە، ســەرکردەکان تێگەیشــتوون چارەســەری کێشــەی کــورد لــە زۆر ڕێگەیــەوە ڕەفتـاری کۆمەڵانـی خەڵـک لەهەمبـەر ڕژێـم و داهاتـووی شۆڕشـی عێـراق و یەکێتـی وڵات دیـار دەخـات کـە ڕووبـەڕووی ئیمپریالیسـتەکان و دوژمنکارییەکانـی زایۆنیـزم لـە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت بووەتــەو.

لـە ١١ی ئـادار، سـەرۆک بەکـر لەسـەر ڕادیـۆ و تەلەفزیـۆن قسـەی کـرد و گوتـی، چارەسـەری کێشـەی نەتەوەیـی لـە عێـراق بەشـێکی سـەرەکییە لـە تێکۆشـان لـە دژی ئیمپریالیــزم و زایۆنیــزم و کۆنەپارێــزی. هەمــان بیرۆکــە لەلایــەن ســەرکردەی کــورد، مەلامســتەفا بارزانییــەوە لــە نامەیەکــدا بــۆ ســەرۆکی عێــراق جەختــی لێکرایــەوە.

ئــەو ســەرکەوتنەی بــۆ چارەســەری کێشــەی کــورد لــە عێــراق بەدەســتهاتووە،

(١) بەعـس کورتکـراوەی بوژانـەوەی حیزبـی عەرەبـی سۆشیالیسـتە. سـەرکردە هەنوکەییەکانـی ئـەم حیزبـە لـە عێـراق هەندێـك پێوەریـان لـە دژی ئیمپریالیسـت و خەبـات لـە دژی دەرەبەگایەتـی و لـە بەرژەوەنـدی کۆمەڵانـی خەڵـک لـە وڵاتەکەیانـدا گرتووەتەبـەر.

تاڕادەیەکـی زۆر پەیوەسـتە بـە تێکۆشـانی بەردەوامـی لایەنـە کۆمۆنیسـتەکانی عێـراق لەپێنـاو چارەسـەرێکی ئاشـتیانە و دیموکراسـیانە لەباکـووردا. پرەنسـیپی ئۆتۆنۆمـی نەتەوەیـی بـۆ کـورد، داننـان بـە مافـە نەتەوایەتییەکانیـان لـە چوارچێـوەی دەوڵەتـی عێراقـدا دەسـتەبەرکرد و بـووە هـۆی پارێزگاریکـردن لـە بەرژەوەندییـە نەتەوایەتیەکانیـان. گشـت ئـەم دروشـم و داواکارییانـە، وەک بنەمایـەک بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد، لەلایـەن پارتـی کۆمۆنیسـتی عێراقـەوە خرابوونـەڕوو کـە لـە هەندێك لـە بەڵگەنامەکانـی ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی شـۆڕش تۆمارکـراوە. بـۆ قسـەکردن لەسـەر گرنگـی لێـک تێگەیشـتن لـە نێـوان حکومەتـی عێـراق و کـورد، عەزیـز محەمـەد، یەکەمیـن سـکرتێری کۆمیتـەی ناوەنـدی حیزبـی کۆمۆنیسـتی عێـراق، پێـی گوتیـن:

«ئـەو بڕیـارەی بـووە هـۆی چارەسـەرێکی ئاشـتیانە و دیموکراتیانـەی کێشـەی کـورد، سـەرکەوتنێکە بـۆ گشـت هێـزە پێشـکەوتنخوازەکانی عێـراق. هەروەهـا سـەرکەوتنێکی گرنگـە بـۆ بزاڤـی دیموکراسـی و پێشـکەوتنخوازی نێودەوڵەتـی».

سـەختە ئـەو ڕۆڵـەی عەزیـز شـەریف، بـراوەی خەڵاتـی لینینـی نێودەوڵەتـی، بـۆ هاندانـی ئاشـتی و بەرجەسـتەکردنی کەسـایەتیە عێراقییەکانـی خـاوەن جەماوەرەییـەکان لەڕادەبـەردەر گـەورە بکەیـن کـە لـە چارەسـەری کێشـەی باکـووری عێـراق پشـکی هەبـوو. هـەروەک لـە لێـک نزیککردنـەوەی بۆچوونـەکان پەیامێکـی نـاوازەی هەبـوو کـە هانـی سـەرکەوتنی گفتوگۆکانیـدا، ئەویـش بەکارهێنانـی وزە گەورەکـەی و ئەزموونـە دەوڵەمەندەکـەی لـە ژیانـدا بـوو، واتـە «بیروبـاوەڕە نێودەوڵەتـی و نیشـتیمانیەکەیەوە».

بێگومـان چارەسـەری کێشـەی کـورد بـە تایبەتـی بـۆ خـودی عێـراق زۆر گرنگـە. بـێ چارەسـەری کێشـەی کورد گەشـەی چەپگەرایانەی وڵات ڕووبەڕووی بەربەسـت دەبوویەوە. لەمپـەری جیـدی لەبـەردەم گەشـەی مەیلـە پێشـکەوتووخوازەکانی سـەرکردایەتی ئێسـتای عێراقـدا هەبـوو. دواجـار نـەک دواییـن جـار، لـەم چەنـد سـاڵەی دواییـدا هەندێـك نیشـانەی مەترسـیدار لـە خـودی بزاڤـی کـورددا دەبیـنرا. هێـزە ئیمپریالیسـتییەکان بـە بەردەوامـی هەوڵـی چوونـە نـاو ئـەم بزاڤەیـان دەدا و هەسـتی دژە عەرەبیـان دروسـتدەکرد و ئـەم بزاڤـەی بەکاردەهێنـا بـۆ مەبەسـتی نادیـار و چالاکـی خراپکارانـە

لە دژی هەر سەرکردایەتیەک لە عێراقدا، بە تایبەتیش سەرکردایەتی نیشتیمانی. لە ئاستێکی فرەوانتریشدا، بۆ لاوازکردنی پێگەی گشت وڵاتە عەرەبییەکان لە تێکۆشانیان بۆ نەهێشتنی لێکەوتە مەترسیدارەکانی دوژمنکاریی ئیسرائیل. ئێستا دەتوانرێت بەربەستەکانی بەردەم گەشەی شۆڕشگێڕانەی عێراق وەلا بنرێت.

بێگومان، نەهێشتنی ئەم بەربەستانە بەو مانایە نایەت کە گشت گرفتەکان لەناو دەچن. بەڵام بێگومان ڕەوتی پێشکەوتن بەردەوام دەبێت. لەمبارەیەوە سەدام حسێن تکریتی، سەرکردەیەکی دیاری حیزبی بەعسی دەسەڵاتدار بە ئێمەی گوت کە چارەسەری کێشەی کورد زەرورەتە و سەرەتایەکی گرنگە بۆ پرۆسەیەک کە دەبێ بەرەو پێشەوە بڕوات.

بێ دوودڵی هەنوکە لە ئاستی نیشتیمانیدا گرنگترین کێشە بریتییە لە دامەزراندنی بەرەیەکی دیموکراتی لە گشت حیزبە پێشکەوتنخوازەکانی عێراق. ئێمە لە گفتوگۆکانمان لەگەڵ مورتەزا ئەلحەدیسی، عەبدولخالق سامەرایی و هەندێک سەرکردەی دیکەی حیزبی بەعس ئەوەمان ڕاگەیاندووە.

مرۆڤ دەتوانێت بڵێت، پێویستی بۆ دامەزراندنی ئەم بەرەیە لەلایەن نیشتیمانپەروەرە خۆڕاگرەکان، واتە کەسایەتییە دژە ئیمپریالیستەکان و گشت کەسایەتییە چەپڕەوەکانی عێراقی مۆدێرن، درکی پێکرا. لە گفتوگۆکانیان لەگەڵ ئێمە، لەلایەن سەرکردەکانی بەعس و سەرکردەکانی حیزبی کۆمۆنیستی عێراقی ئاماژە بە خواستی دامەزراندنی بەرەیەکی نیشتیمانی لە وڵاتدا کراوە. هێشتاش، مرۆڤ دەتوانێت ببینێت کە هەندێک هێزی ناوخۆی بە بڕاوەیی ئامانجی دژیان گرتووەتەبەر. لە ڕابردوودا ئەوان لە توانایاندا نەبوو ڕێگر بن لەبەردەم چارەسەری کێشەی کورد. هەنوکەش ئەوان هەموو کارێک بۆ پوچەڵکردنەوەی ڕەوتی گەشەی ئەو ڕووداوانە دەکەن کە بە دڵی ئەوان نییە. بۆیە هەندێک خەڵک هەن بە دروستی دەڵێن- تەنانەت ئەگەر بە دەنگێکی نزمیش بێت- زەرورە هاوپەیمانییەک لە حیزبە جیاوازەکان بۆ دامەزراندنی بەرەیەکی دیموکراتی نیشتیمانی هەبێت کە حیزبی کۆمۆنیستی عێراقیشی لە خۆگرتبێت، چونکە هەروەک بۆ هەموو کەسێکیش زانراوە

ئـەم حیزبـە خـاوەن دەسـەڵات و دەسـترۆییە لـە وڵاتـدا. ڕوونـە پرسـی پەراوێزخسـتنی ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی شـۆڕش شـتێکی ناواقعیانەیـە. ئەمـەش ڕەنگـدەرەوەی پێکەوەیـی ئـەو هێزانـە نییـە کـە لـەم سـاڵانەی دواییـدا لـە عێـراق گەشـەیان کـردووە. هەروەهـا بـە هیـچ شـێوەیەک هانـی بەدیهێنانـی هەلومەرجـی ناوخۆیـی و دەرەکـی پێویسـت نـادات بـۆ گەشـەی پێشـکەوتنخوازانە لـە عێراقـدا.

چارەسـەری کێشـەی کـورد لـە عێراقـدا بـۆ گشـت عەرەبـەکان گرنگـە. بـە ئێمـە گوتـراوە باڵیـۆزی کۆمـاری سـودان لـە بەغـدا یەکـەم کـەس بـووە کـە بـۆ ئـەم دەسـکەوتە پیرۆزبایـی لـە سـەرکردەکانی عێراقـی کـردووە. زۆر ڕوونـە چارەسـەری کێشـەی دانیشـتوانی خێڵـی نیلۆتیـک لـە باشـووری ئـەم وڵاتـە چ گرنگییەکـی بـۆ خەرتـوم هەیـە. بـە نزیکبوونـەوە لـە هەڵوێسـتێکی دیموکراتـی و ئاشـتیخوازانە بـۆ چارەسـەری کێشـەی کـورد لـە عێـراق، حکومەتـی ئێسـتای عێـراق، بێگومـان نموونەیەکـی دروسـت و بوێرانـە لەبـارەی پرسـی کەمینـە نەتەوەییـەکان بـۆ وڵاتانـی دیکـەی ڕۆژهەڵاتـی ناڤیـن و ئەفریقیـا و گشـت جیهانـی سـێیەم نیشـان دەدات.

ئـەو کردارانـەی بوونـە هـۆی کۆتایهێنـان بـە شـەڕی براکـوژی لـە عێراقـدا، ناکرێـت بـێ لەبەرچاوگرتنـی تێکۆشـان بـۆ نەهێشـتنی دوژمنکاریـی ئیسرائیـل بـاس بکرێـن. ئاشـکرایە تەلئەڤیـڤ و هەندێـك لـە پایەختـە ڕۆژئاواییـەکان بێـزارن لـەو ڕاسـتییەی کـە ئیمکاناتـی ناوخۆیـی عێـراق بـۆ تێکۆشـانی زیاتـر لـە دژی ئیپمریالیسـت بەرزبوونەتـەوە.

هەڵبـەت، هەر ئێسـتا ئەنجامـە ئەرێنییـە گرنگەکان بەدەسـتهاتوون، [بەڵام] چارەسـەری لەگـەڵ کـورد لـە عێـراق، چارەسـەی گشـت کێشـەکە نییـە. ئەزموونـی زۆرێـک لـە وڵاتـان نیشـانیداوە سیاسـەتێکی نیشـتیمانی سـەرکەوتوو، بابەتێکـی سـەختە و پێویسـتی بـە کاری بـەردەوام هەیـە، کـە لـە عێراقـدا، لـە ڕووی پراکتیکیـەوە دەسـتی پێکـراوە. پێویسـتە ئێمـە کاری نەپچـڕاو و هەندێـك جـار گـەورەی بریـکارە دەرەکییـەکان و کەسـایەتییە کۆنەخـوازە خۆجێییەکانیـش پشـتگوێ نەخەیـن، کـە هەمـوو کارێـک دەکـەن بۆئـەوەی جارێکـی دی پەیوەنـدی نێـوان [حکومـەت] و کـورد ئاڵـۆز بکەنـەوە و جێبەجێکردنـی پرەنسـیپەکانی ڕاگەیێنـدراوی ١١ی ئاداریـش مایـە پـوچ بکـەن.

لــە ســەرچاوەی باوەڕپێکــراوەوە، ئــاگادار کراوینەتــەوە کــە گروپــە تیرۆریســتە جیاجیــاکان لــە دەرەوە بــەرەو باکــووری عێــراق نێــردراون و بــۆ ئەنجامدانــی کاری خراپکارانــە یارمەتیــان دەدرێــت؛ تــا ڕێگــری لــە بەهێزکردنــی متمانــە بەیەکــتر بوونــی دوو لایەنــە بکــەن، بۆئــەوەی تــۆی بەدگومانــی لــە نێــوان حکومــەت و کــورددا بڕوێنــن. سروشــتیە لــە هەلومەرجێکــی وەهــادا، هــەروەک لەلایــەن ســەدام تکریتییــەوە جەختــی لەســەر کراوەتــەوە، هەردوولایــەن کاری جیــددی ئەنجــام بــدەن تــا پەیوەنــدی نــوێ لــە نێــوان کــورد و عــەرەب دروســت بکــەن، پەیوەندیــەک کــە لەســەر بنەمــای متمانــەی دوو لایەنــە و دوورخســتنەوەی ئەگــەری ســەرکەوتنی هــەر جــۆرە هاندانێکــی دژە عێــراق دامــەزراوە، کــە بــە کێشــەی ژمــارە یــەک دەمێنێتــەوە.

لــە چاوپێکەتنێــک لەگــەڵ پەیامنێــری پراڤــدا، دکتــۆر مەحمــود، ئەندامــی مەکتــەب سیاســی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان، ڕایگەیانــد لــەو بڕوایــەدام زەروورە بەیاننامەکــە بــە زوتریــن کات جێبەجــێ بکرێــت». «دوژمنــەکان لــە ناوخــۆ و دەرەوەی وڵات هەوڵــی داڕشــتنی پیــلان دەدەن و هیــوادارن ڕێککەوتنەکــە لــە ناوببــەن. پارتیــمان، پارتــی دیموکراتــی کوردســتان بــە جیــدی هەوڵــی زاڵبــوون بەســەر گرفتــەکان دەدات و پابەنــدە بــە بەندەکانــی بەیاننامەکــە. حیزبــی بەعسیش بارگاویــی هەمــان بڕیــارە. گشــت خەڵکــی عێــراق پشــتگیریی لــەم ڕێککەوتنــە دەکــەن و بانگەشــەی جێبەجێکردنــی دەکــەن».

دکتــۆر مەحمــود بــە دەنگــی بــەرز بــاس لــە ســوودی دەســتڕۆیی سیاســەتی ســۆڤیەت لــە ڕۆژهەڵاتــی ناڤیــن دەکات بــۆ گەیشــتن بــە ڕێککەوتــن و گوتــی، یەکێتــی ســۆڤیەتی دۆســت، پشــتگیریی لــە چارەســەری ئاشــتیانەی پرســی کــوردی کــرد. یەکێتــی ســۆڤیەت هەوڵــی ڕەخســاندنی کەشــێکی لەباریــدا بــە مەبەســتی هانــدان بــۆ گفتوگــۆ و ئاســانکاریکردن لــە گەیشــتن بــە ئەنجامــەکان لەپێنــاو دڵنیــا بــوون لــە دەســتەبەرکردنی بەرژەوەندییــە نەتەوایەتییەکانــی کــورد و عــەرەب. هەروەهــا، یەکەمیــن دژواری لەلایــەن عێراقــەوە تێپەڕێــنرا.

(Pravda، April، 5. In full)

(ل ١٧٧)

Mr. P. R. M Hinchcliffe

بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک

**گوتاری نوێنەری پارتی کوردستان لە ئاهەنگەکانی لینین لە مۆسکۆ**

١. ڕۆژنامەی پراڤدا، لە ٢٨ی نیسان، دەقی گوتاری حەبیب. ئا. کەریم، سکرتێری گشتی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستانی بڵاو کردووەتەوە کە لە ئاهەنگەکانی لینین لە مۆسکۆی خوێندوویەوە.

٢. خودی ئامادەبوونەکە شایانی هەڵوەستە لەسەر کردنە، هەروەها سکرتێری یەکەمی حیزبی کۆمۆنیستی عێراقیش ئامادە بوو کە گوتارەکەی لە ٢٦ی نیسان لە پراڤدا، بڵاوکرایەوە. کەریم ستایشی لینینی کرد و بە ‹شانازیەوە› گوتی، ئەو کوردانەی لە یەکێتی سۆڤیەتدا دەژین خاوەن «گشت مافە نەتەوەییەکانی خۆیانن››، بەڵام لە هەموویان گرنگتر پێزانینی کەریم بوو لەبارەی ئەو ڕۆڵەی یەکێتی سۆڤیەت لە «چارەسەریی» ئەم دواییەی پرسی کورد گێڕاویەتی. ئەگەرچی ئەم قسەیە شتێکی ئەوتۆ بەدەست ئێمە نادات، چونکە ئێمە هیچ گومانمان لە بەشداری سۆڤیەت [لەم پرسەدا] نەبوو (بڕوانە هاوپێچی بەغدا (NEQ 1/2) لە ٢ی نیسان)، بەڵام ئەمە بۆ یەکەمجارە خوێنەری سۆڤیەت، گوێی لەم قسانە دەبێت. ئەم بەشەی خوارەوە شایانی تێکەڵکێش کردنە:

٣. «گەلی عێراق- بە کورد و عەرەبەوە- هەوڵەکانی یەکێتی سۆڤیەت بۆ کۆتایهێنان بە شەڕی براکوژی لە نێوان نەوەکانی ئەم وڵاتە و لە دووبارە هێنانەدەی ئاشتی و ئارامی لە عێراقدا زۆر بەرز دەنرخێنێت. لەبارەی ئەو بەیاننامەیەی لە ١١ی ئاداری ئەم ساڵە بڵاوبووەتەوە، گەلی کورد، مافی ڕەوای خۆیان لە ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عێراقدا دەستەبەر کرد. ئێمە هیواداریـن یەکێتی سۆڤیەت بە ڕێککەوتن لەگەڵ دەسەڵاتە نیشتیمانییەکانی عێراق، هەوڵەکانی وەگەڕبخات بۆ دووبارە ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردەکان کە بەهۆی ساڵانی شەڕی برا کوژییەوە وێران کرا بوون››.

٤. شـایانی ئامـاژە پێدانـە، کەریـم هیـچ ئاماژەیەکـی بـە حیزبـی کۆمۆنیسـتی عێراقـی نەکـرد و نوێنـەری ئـەم حیزبـەش لـە گوتارەکەیـدا ئامـاژەی بـە گەلـی کـورد و کوردسـتانی نەکـرد.

(K. A. Bishop)

٣٠ی نیسانی ١٩٧٠

بەشی توێژینەوە، یەکێتی سۆڤیەت

مۆسکۆ و کورد (ل ١٧٨-١٨٠)

یەکێتی سۆڤیەت و حیزبی کۆمۆنیستی عێراق، دەستبەجێ هەڵوێستی خۆیان لەباری بەیاننامەی ١١ی ئاداری پەیوەست بە دەستەبەرکردنی ڕێککەوتن لە نێوان حیزبی بەعسی عێراقی دەسەڵاتدار و کەمینەی کورد، بەسەرکردایەتی مەلامستەفا بارزانی، لە باکووری عێراقدا خستەڕوو.

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق لە ڕێگەی یەکەمین سکرتێرەکەی، عەزیز محەمەد، تەلەگرامێکی بۆ بەعس نارد و بەڵێنی هاوکاری حیزبی کۆمۆنیستی عێراقی لەگەڵ ئەوان و لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان داوە. هەروەها بەڵێنی پشتگیریی بۆ «گشت هێزە نیشتیمانی و پێشکەوتنخوازەکان›› داوە تا ڕێککەوتنەکە جێبەجێ بکرێت. ئاماژەی بەوەش کرد چارەسەری لەگەڵ کورد دەبێتە هۆی بونیاتنانی «ستونەکانی بەرەیەکی نیشتیمانی لە حیزب و هێزە پێشکەوتنخوازەکان››.

هەروەها یەکێتی سۆڤیەت چاودێری پێشنیازی «بەرەی نیشتیمانی›› دەکات و گفتوگۆکان بۆ پتر لە ساڵێک لە نێوان بەعس و حیزبی کۆمۆنیستی عێراق بەردەوامن. لە ١٢ی ئادار، بەشی عەرەبی ڕادیۆی مۆسکۆ، ئاماژەی بەوە کرد شەڕ «کاریگەری پێچەوانەی لەسەر وره و یەکێتی سیاسی عێراق هەبووە و بووە هۆی سوودمەندبوونی ئەکتەرە کۆنەپارێزەکانی ناوخۆ و هێزە دەرەکییە دوژمنەکانی››. پراڤدا، ڕۆژنامەی حیزبی یەکێتی سۆڤیەتی، لە وتارێکدا کە لە ١٤ی ئادار، لەلایەن ئەلێکسی ڤاسێلیف (Alexei Vasilyev) نووسراوە، ڕێککەوتنەکەی بە «دیوارێک... لە بەردەم پیلانی ئیمپریالیزم، لە کۆماری عێراقدا›› وەسف کردووە کە «یارمەتی کۆکردنەوەی گشت هێزە پێشکەوتنخوازەکان لەناو یەک بەرەی نیشتیمانیدا دەدات››. یەکێکتر لە نووسەرەکانی پراڤدا، یوری پریماکۆڤ (Yuri Primakov)، پێش ڕێککەوتنەکە، لەپێناو دەستەبەرکردنی بەشداری کۆمۆنیستەکان لە داهاتوی «بەرەی نیشتیمانی›› لە عێراقدا، جەختی لەسەر گرنگی ئاشتی لەگەڵ کورد کردبووەوە. هەروەها لە ٢٩ی کانوونی دووەمدا ئاماژەی بەوە کرد «خەسڵەتی بەرجەستەی کێشەی کورد، گرفتی جیدی لەبەردەم دامەزراندنی بەرەیەکی نیشتیمانی دروست دەکات، کە حیزبی بەعس و حیزبی کۆمۆنیستی عێراق و ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازەکانی دیکە لە خۆدەگرێت››. زۆرتر دەڕوات و نیگەرانی

خۆی لەسەر کاریگەری ململانێی درێژخایەن لەسەر کارەکتەرە «پێشکەوتنخوازەکان›› لەناو خودی کورد دەردەبڕێت و دەڵێت هێزە دەرەکییەکان «کار لەسەر بزووتنەوەی کورد›› دەکەن بۆئەوەی خەسڵەتی ئەم بزووتنەوەیە بگۆڕن و ناوڕۆکە دیموکراتییەکەی›› لاواز بکەن.

بەشێک لە شڕۆڤەی سۆڤیەت بۆ پرسی کورد پشت بەو گریمانەیە دەبەستێ کە «ئیمپریالیزم›› و کۆنەپارێزەکانی ناوخۆیی، ئەم ململانێیەیان بەکارهێناوە تا لەمپەر لەبەردەم جوڵانەوەی «پێشکەوتنخواز›› لە عێراقدا دروست بکەن. سۆڤێتیسکا ڕووسیا (Sovetskaya Rossiya) ڕۆژنامەی کۆمیتەی ناوەندی [حیزبی کۆمۆنیستی] سۆڤیەت (کە لە ٤ی نیسان لەلایەن تەس (Tass)ەوە ڕاپۆرت کرابوو)، باسی لەو هاندەرە کردبوو کە ببووە هۆی کوشتنی محەمەد ئەلخوزەیری، ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق و ڕەتی کردبووەوە کە ئەم کوشتنە لەوانەیە تاوانێکی سیاسی نەبێت. یان پەیوەندیی بە بابەتی چارەسەری کێشەی کوردەوە نەبێت. ڕۆژنامەی فیدراسیۆنی ڕووسیا ئاماژەی بەوەداوە «ئەم تاوانە ڕێک لە دوای گەیشتن بە ڕێککەوتن بۆ چارەسەری کێشەی کورد ئەنجام درا... بازنەی [هێزە] کۆنەخوازەکان لە عێراقدا هەوڵی بەرەبست دروستکردن لەبەردەم ڕێڕەوە تەندروستەکەی کاروباری ناوخۆی وڵاتدا دەدەن. لێک نزیکبوونەوەی زیاتر لە نێوان حیزبی بەعس و حیزبی کۆمۆنیستی عێراق، ڕق و کینەیەکی تایبەتی لە دەرونی ئەواندا دروست کردووە.... لەم بارودۆخەدا، کوشتنی محەمەد ئەلخوزەیری وەها دەردەکەوێت کە هۆکاری سیاسیی لە پشتەوە بێت».

ماوەیەکی درێژە یەکێتی سۆڤیەت لە تێکۆشانی کورد سوودمەندە و پشتگیریی کردن لە جوڵانەوەی کورد وەک هەلێک بۆ زیادکردنی دەسترۆیی خۆی لە سووریا، ئێران و عێراق دەزانێت کە خاوەن کەمینەیەکی بەرچاوی کوردن. دوای ڕوخانی کۆماری مەهاباد لەساڵی ١٩٤٧، سەرکردەی کورد، مەلامستەفا بارزانی، لە یەکێتی سۆڤیەت ژیاوە. دواتر هەروەک ژەنەڕاڵ حەسەن عارف دەڵێت «دەسەڵاتدارانی سۆڤیەت کاریگەریان نەبووە لە گۆڕین و ئاشناکردنی مەلامستەفا بە بیرۆکەی کۆمۆنیستی، بۆ کوردێکی زیرەک ئەمە بلیمەتیە نیشان بدات کە بەسەر مارکسیزمدا سەرکەتووە››[(١)]. بێجگە لەمەش، تەنانەت ئەگەر یەکێتی سۆڤیەت بیزانیبا مەلامستەفا بارزانی پێش هەموو شتێک کوردێکی نەتەوەییە و حەزێکی

(1) The Kurds, London, 1962; p.102.

کەمی بۆ ئایدیۆلۆژیایی بێگانە هەیە، [بەڵام] وادیارە باڵێ چەپڕەوی پ.د.ک، هەلی گەشەی دەستڕۆیی سۆڤیەت بەسەر گشت جوڵانەوەی [کوردیدا] بڕەخسێنێت.

بارزانی تا شۆڕشی ساڵی ١٩٥٨ نەگەڕایەوە عێراق. بۆ ماوەیەک پەیوەندییەکی باش لە نێوان پ.د.ک و حکومەتی قاسمدا هەبوو، هەروەها پەیوەندی باڵی چەپڕەوی پ.د.ک و حیزبی کۆمۆنیستی عێراق پەیوەندییەکی باش بوو. ئەمەش بووە هۆی پاڵپشتی کردنی کورد لە لایەن حیزبی کۆمۆنیستەوە. کاتێک پەیوەندی قاسم و کۆمۆنیستەکان بەرەو خراپی چوو و قاسم نەیتوانی داوکاری کورد جێبەجێ بکات، ململانێیەکی کراوە لە باکووری عێراقدا هەڵگیرسا. پاساوی پاڵپشتی کۆمۆنیستەکان بۆ ناسیۆنالیستەکانی کورد بۆ ڕوانینی سیاسەتی ناسیۆنالیستانەی لینین دەگەڕێتەوە. بۆیە، هەروەک مارکسیستێکی کورد ئاماژەی بۆ کردووە، دەبێ جەخت لەوە بکرێتەوە کە لینین نیگەرانی بەخشینی مافی نەتەوایەتی نەبوو[1]. «لینین زۆرجار ئاماژەی بەوە داوە، هەر کێشەیەکی نەتەوەیی پێویستی بە چارەسەرێکی تایبەت بە خۆی هەیە. هەروەها پرۆلیتاریەت دانیناوە بە دادپەروەری و یەکسانی بۆ دەوڵەتێکی نەتەوەیی، بەهای ئەمەش لە پێش و لەسەرووی هاوپەیمانێتی نێوان پرۆلیتاریاکانی گشت نەتەوەکان دێت و هەر جۆرە داوایەکی نەتەوەیی و هەر جۆرە جیابوونەوەیەکی نەتەوەیی لە گۆشەنیگای ململانێی چینایەتی کرێکارانەوە هەڵدەسەنگێندرێت››.

هەرچەندە حکومەتە یەک لە دوایەکەکانی عێراق هەر لە ساڵی ١٩٥٨ەوە لەگەڵ کورد لە پێکداداندان، بەڵام یەکێتی سۆڤیەت برەوی بەپێشکەشکردنی یارمەتیە فرەوانەکانی ئابووریی و سەربازیی و کلتوریی بەم حکومەتانە داوە. پێشکەوتنی ئەم پەیوەندییە لەگەڵ عێراق، هاوکات بووە لەگەڵ یارمەتیدانی کورد. ئەمەش هەمیشە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە وەک

(١) عەبدولڕەحمان قاسملو، کورد و کوردستان، بڵاوکراوەی خانەی ئاکادیمیای زانستی چکسلۆڤاکیا (بە ئینگلیزی) ١٩٦٥، لاپەرە ٢٤٩. ئەم پەرتوکە توێژینەوەیەکە لە ئاسۆکانی کوردستانی سەربەخۆی 'سۆشیالیست'؛ کە گشت ناوچەکانی زۆرینەی کوردنشین لە ئێران، عێراق، سوریا، تورکیا و یەکێتی سۆڤیەت لە خۆ دەگرێت. هەروەک بۆچوونی کوردە مارکسیستەکانیتر، [ئەم پەرتووکە] لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی بیردۆزەکانی سۆڤیەت هێزی کوردە چەپڕەوەکان و دەستڕۆیی گروپێکی بچووک لە ڕۆشنبیرە لێکجیاوازەکان لەسەر پ.د.ک لە ڕادەبەدەر گەورە بکەن.

دەستێوەردانێک لە کاروباری ناوخۆیی عێراق هەژمار کراوە و بووە هۆی ڕوودانی هەندێك ڕووداوی دیپلۆماسی شەرمهێنەر، بەڵام لەسەرووی هەموو ئەمانەش، سیاسەتی دەرەوەی پێشکەوتنخواز و دژە ئیمپریالیستی حکومەتە یەک لە دوایەکەکانی عێراق، لەگەڵ مەیلی ئاشکرای حکومەتی عێراق بۆ پەرەپێدان بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتانی دیکەی کۆمۆنیستی، بووە هۆی وەرچەرخانی ڕیشەیی لە ڕەفتاری یەکێتی سۆڤیەت لەبارەی پرسی مافەکانی کورد. تەنانەت لە دوای شۆڕشەکەی قاسم، بەشی عەرەبی ڕادیۆی مۆسکۆ، (١٩ی ئەیلوولی ١٩٥٨)، دووپاتیکردەوە «یەکێتی سۆڤیەت پابەندی سیاسەتی نیشتمانیی لینینە و لەو بڕوایەدایە نەتەوەی کورد لە بوارەکانی کلتوری، ئابووری و سیاسیدا، مافی تەواوی خۆ-بەڕێوەبردنی (self-rule) هەیە››. هاوکات، عەبدولڕەحمان قاسملۆ لە پەرتووکەکەیدا بە ناونیشانی ‹کورد و کوردستان›، و بڵاوکەرە چێکۆسلۆڤاکیەکەی، بە ڕوونی پێشبینی «دامەزراندنی [دەوڵەتی] کوردی لە داهاتوودا›› دەکات، یان پێشبینی دامەزراندنی «کوردستان›› یان وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆیی نەتەوەیی کردبوو.

بەهەرحاڵ، لەم ساڵانەی دواییدا، پڕوپاگەندەچییەکانی سۆڤیەت داواکاری بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستانیان مەحکوم کردووە و پاڵپشتیان لە دروشمی «ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا›› وەک چارەسەریەک [بۆ کێشەی کورد] کردووە. لە ٦ی تەمووزی ١٩٦٦، ساڵێک لەدوای بڵاوبوونەوەی پەرتووکەکەی قاسملۆ، بابەتێک لە پراڤدا بڵاوکرابووە و ئاماژەی بەوە دابوو «بە مەبەست ئاسانکاریی بۆ بەردەوامی شەڕ لە باکووری عێراقدا دەکرێت. ئەویش لەلایەن توندڕەوەکانی ناوخۆی بزووتنەوەی کورد کە ڕەتی لێکنزیکبوونەوەی ئاشتیانە دەدەن و داواکاریی ناواقعیانە دەخەنەڕوو››. ئەمەش بە ڕوونی ئاماژەیە بۆ ئەو کەسانەی بەردەوام بوون لە پشتیوانیکردنی بۆچوونی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق لە ساڵی ١٩٥٦دا، کاتێک دەیانگوت «حوکمی زاتی (self-government)، جێگەی مافی نەتەوەیی کورد لە چارەی خۆنووسین ناگرێتەوە، بەتایبەتی لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە گشت کوردستاندا›› (لە بەڵگەنامەیەکی حیزبی کۆمۆنیستی عێراقدا لە پێداچوونەوەی جیهانی مارکسیدا (World Marxist Review) وەرگیراوە، ئابی ١٩٦٢).

سـەرەڕای سیاسـەتی دژە ئیمپریالیسـتی حکومەتی عێراق، یەکێتی سۆڤیەت لە پشتگیریی کردنـی کـورد بـەردەوام بـووە. هەندێـك لـە کۆمۆنیسـتەکان زۆر بـە ڕوونـی هەسـتیان بەوە دەکـرد کـە تێکۆشـانی کـورد دەرفەتێکـی دیکە بۆ چەوسـانەوە ناڕەخسـێنێت، بۆیە پێویسـتە پشـتگیریی تـەواو بـۆ حکومەتێکـی بەعسـی پێشـکەوتنخواز لـە بەغـدا بـە چاوپۆشـین لـە ڕەفتارەکانـی لەهەمبـەر کـورددا دەسـتەبەر بکرێـت. لـە ئەیلوولـی ١٩٦٩دا، ڕادیـۆی نهێنـی کـورد، واتـە دەنگـی کوردسـتانی عێـراق، زۆر بـە تونـدی بەرپەرچـی جێگـری وەزیـرەی دەرەوەی ئەڵمانیـای ڕۆژهەڵاتـی دایـەوە، کاتێـک بارزانـی بـەوە تۆمەتبار کرد کـە پەیوەندی لەگـەڵ ئیمپریالیسـتەکاندا هەیـە. ڕادیۆکـە ئامـاژەی بـەوەداوە ئەڵمانیـای ڕۆژهـەڵات تـا دانپێدانانـی عێـراق لـە سـاڵی ١٩٦٩دا، پشـتگریی کـوردی کـردووە. ئاماژەشـی بـەوەداوە ئەڵمانیـای ڕۆژهـەڵات «لەپێنـاو دەسـتەبەرکردنی دانپێدانانـی ئـەم حکومەتـە پەراوێزخـراوە [واتـە عێـراق] باجـی زۆری داوە››.

عەزیـز ئەلحـاج، سـەرۆکی حیزبـی کۆمۆنیسـتی عێـراق، دەسـتەی قیـادەی مەرکـەزی کە کۆمۆنیسـتێکی عێراقـی نەیارە، لەسـەر پرسـی کورد لەلایـەن هێڵی کۆمۆنیسـتی تەقلیدییەوە ڕەخنـەی لێگیـراوە. لـە چاوپێکەوتنێـک لەگەڵ ڕادیۆی بەغدا لە ٣ی نیسـانی ١٩٦٩، وەسـفی بارزانی دەکات وەک «سـەرۆکێکی خێڵگەرای سـتەمکار››، هەروەها داوای لەو کۆمۆنیسـتانە کـردووە کـە لـە بزووتنـەوەی کـورددا خزمەت دەکەن «پاشەکشـە بکـەن و لـەم بزووتنەوەیە جیـا ببنـەوە، کـە .... بـەرە بـەرە مەشروعیـەت و شوناسـی نەتەوەیی خۆی لە دەسـتداوە››.

هەروەها عەزیز ئەلحاج دەڵێت «بەشـداری کۆمۆنیسـتەکان لە شۆڕشـی کورددا کەمترین کاریگـەری لەسـەر بەرەوپێشـچوونی ئـەم بزووتنەوەیـەدا نییـە›› و لەوانەیـە خـودی یەکێتی سـۆڤیەت بـەم ئەنجامە بگات کە ئەگەری دەسترۆیشـتنی بەسـەر کورد ئەگەرێکـە، لەوانەیە بەدینەهێـت. جێگـەی سەرسـوڕمان نییـە ئـەم ڕێککەوتنـەی هەنوکـە لەلایـەن هەندێـك لـە پروپاگەندەچییەکانـی یەکێتـی سـۆڤیەتەوە بـە خۆشـحاڵییەوە پێشـوازی لێکـراوە، هـەروەک چـۆن لـە (پراڤـد، ١٤ی ئـادار) بە «سـەرکەوتنێک بۆ هەسـتی هاوبـەش›› ئامـاژەی پێکراوە.

نیسانی ١٩٧٠

(ل ١٨١-١٨٢)

ME/3375/A/5

## چارەسەری کیشەی کورد لە عێراق

بەشی عەرەبی [ڕادیۆی] بەغدا کات ١٥:٠٠ و ١٩:٠٠٠ بە کاتی گرێنچ

**١٥:٠٠ بەکاتی گرێنچ: دەقی ڕاپۆرت**

ئەمڕۆ، عەزیز شەریف، وەزیری داد، نوری شاوێس، وزیری کار و نیشتەجێکردن و محێدین ئەلتای، بریکاری وەزرارەتی کار و نیشتەجێکردن، لەگەڵ وەزیری دەوڵەت سالح ئەلیوسفی، لە گەشتێکی پشکنین بۆ ناوچەکانی باکوور، سەردانی ناحیەی گەڵاڵەی سەر بە پارێزگای هەولێریان کرد و لەلایەن مەلامستەفا بارزانییەوە، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بانگهێشتی نیوەڕۆخوانێک کران.

دوای نانخواردن، وەزیرەکان لەگەڵ بارزانی باسیان لە بابەتەکانی پەیوەست بە جێبەجێکردنی بەیاننامەی ١١ی ئادار کرد. بارزانی بە تۆڕی هەواڵی عێراقی ڕاگەیاند، هەتا ئێستا چەند خاڵێکی گرنگی بەیاننامەی ١١ی ئادار جێبەجێکراون. ئەوەشی خستەڕوو کە بەیاننامەکە، جێبەجێکردنی هیوای گەلی کورد بوو کە بەشەکانی دیکەی بەیاننامەکە بە زوویی جێبەجێ بکرێن.

لەبارەی بەشداری پێشمەرگە لە شەڕی ڕزگاریی لە دژی هێرشی زایۆنیزم، بارزانی گوتی پێشمەرگە بەشێکی جیانەکراوە بووە لە هێزە چەکدارەکانی عێراق. هەروەها بارزانی گوتی پێشمەرگە پلانی حکومەتی عێراقی جێبەجێکردووە و پاڵپشتی پێشمەرگە لە پرسە چارەنوسسازەکانی عەرەب، لە پاڵپشتی بۆ دەسەڵاتدارانی عێراق جیا ناکرێتەوە.

**١٩:٠٠ بە کاتی گرێنچ: پوختەیەک لە کۆمێنتەکان**

کاتێک شۆڕشی ١٧ی پێشکەوتنخواز، بەیاننامەی ١١ی ئاداری دارشت، بانگەشەی چارەسەرێکی دیموکراتیی بۆ پرسی کوردی کرد، ئەویش لە میانەی دانپێدانان بە گشت مافە نەتەوایەتیەکانی کورد و هیواکانیان، بە خۆ-بەڕێوەبەریشەوە. شۆڕش

بێئاگا نەبوو لەو حەقیقەتەی کە بەیاننامەکە دەبێتە هۆی هێنانەکایەوەی دوژمنایەتی کۆنەخوازەکان و ئیمپریالیستەکان کە بە شێوەیەکی شۆڤێنی لە نیشتمانیی عەرەبی دەگەن، ئەمەش بە پێچەوانەی ڕۆحی سەردەم و نیشتمانیی درۆی ئەو کەسانەیە کە بۆ ماوەی چەند ساڵێک لە پەنای ناسیۆنالیزمی عەرەبی خۆیان حەشارداوە.

بە درێژایی ئەم چەند ساڵە، شۆڤێنییەکان و ناسیۆنالیستە درۆزنەکان (pseudo-nationalists)، هەوڵیانداوە بەستێنی مرۆڤایەتی لە ناسیۆنالیزمی عەرەبی و ناوەڕۆکە پێشکەوتنخواز و بونیاتنەرەکەی داماڵن کە لەمیانەی کارلێکەری لە نێوان ناسیۆنالیزمی عەرەبی و ڕەوتە جۆراوجۆرەکانی هزری سۆشیالیستی زانستیی سەردەم، خۆی نمایش دەکات.

ئەم هێزە دەمارگرژانە (پەڕگرانە) دانیان بەوە داناوە کە سەرکەوتنی [هێزی] شۆڕشگێڕی عێراق لە چارەسەری ئاشتیانە و دادپەروەرانە و دیموکراتیانەی پرسی کورد، مەترسی بۆ سەر ئەوان دروست دەکات. واتە مەترسی ئەوەی کە شۆڕش باز بەسەر بیرۆکەکانی ئەوان دەدات و ئەوان بۆ ئەو پێگەیە بگەڕێنێتەوە کە پێگە حەقیقیانە، واتە بۆ ناو کەمپی هێزە کۆنەخوازەکان. بۆیە، ئەم هێزانە فرمێسکی تیمساحی بۆ ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە عێراقدا دەڕێژن، بەو پاساوەی بەخشینی مافی نەتەوایەتی کورد، واتە دۆڕاندنی عەرەبیزم و دۆڕاندنی نوێنەرایەتیکردنی جەماوەری عەرەب لە هەرێمی عێراقدا، چونکە ناسیۆنالیزمی عەرەبی ناتوانێت بژیت یان ببوژێتەوە، ئەگەر شەڕی کورد نەکات. یان ئەوکاتە ناسیۆنالیزمی عەرەبی بەهێز دەبێت کە نەتەوەکانی دیکە لەبەین ببات و مافە مرۆییە ڕەواکەیان بخنکێنێت.

سەرکەوتنی هێزی شۆڕشگێڕی عێراق لە چارەسەرکردنی پرسی کورد بە شێوازی ئاشتیانە و دیموکراسیانە، گەورەترین سەرکەوتنە بۆ هێزە شۆڕشگێڕە عەرەبەکان لە حەوتاکانی [سەدەی ڕابردوودا] هانی بیرۆکەی [شۆڕشگێڕی] دەدات.

حکومەتی شۆڕشگێڕی عێراق لەو بڕوایەدایە بەرزکردنەوەی ئەم جۆرە دەنگانە زیانێکی جیدییە بۆ بیرۆکەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و بە شێوەیەکی نەرێنی بەسەر

یەکێتــی خەباتــی گەلــدا دەشــکێتەوە. یەکێتیــەک کــە بناغــە جەماوەرییەکــەی، لەســەر بنەمــای [بیرۆکــەی] گەلانــی دیموکراتــی بونیاتــنراوە.

هەروەهــا [هێــزی] شۆڕشــگێڕی عێــراق، بــێ هیــچ دوو دڵییــەک بــەرەو جێبەجێکردنــی بەیاننامــەی ١١ ی ئــادار هەنــگاو دەنێــت، چونکــە هــەر هەنگاوێک بەم ئاراســتەیە شــەقێکە لەلایــەن شۆڕشــەوە لــە هێــزە شــەڕەنگێزە کۆنەخــوازەکان دەدرێــت. ئــەم [جێبەجێکردنەش] باشــترین دەربڕینــە لــە هێــزی شــۆڕش و باشــترین نمایشــکردنی یەکێتــی نەتەوەیــی گەلــی عێراقــە. یەکێتیــەک کــە لــە بەیەکەوەبــوونی نێــوان حیزبــی بەعســی سوشیالیســتی عەرەبــی و پارتــی دیموکراتــی کــورد وەک دوو هێــزی پێشــەنگ کــە بەهێزتریــن ســتوونی جوڵانــەوەی جەماوەریــن لــە هەرێمــی عێرقــدا، دروســت بــووە.

نهێنی (١٨٣-١٨٦)

پوختە ژمارە ٥، (i) س

کۆبوونەوەی وەزیرانی سێنتۆ،

واشنتۆن، ١٤-١٥ی ئایاری ١٩٧٠

**عێراق (لەژێر ڕۆشنایی ڕێککەوتن لەگەڵ کورد دا)**

**پوختەی قسەکان**

١. وادیارە ڕژێمی بەعس بەهێز بووە و بەهۆی ڕێککەوتن لەگەڵ کورد پێگەکەی بەرز بووەتەوە؛ تا ئێستا دڵنیایی نییە، ئایا ڕێککەوتنەکە بەردەوام دەبێت؛ ناڕوونی گرنگ لەبارەی ڕێککەوتنەکە لە ئارادایە؛ دانوستاندنی زۆرتر لە نێوان لایەنەکاندا پێویستە.

٢. لەم قۆناغەدا، زووە کاریگەرییەکانی سیاسەتی عێراق لەهەمبەر ئێران، کەنداو و ئیسرائیل گەورە بکەین؛ چاوەڕوان ناکرێت لە ماوەیەکی نزیکدا ئەو ژمارە بەرچاوەی سەربازەکان کە لە کوردستاندا جێگر کراون، بگوازرێنەوە.

٣. عێراق بەردەوامە لە گرێدانی پەیوەندی نزیک لەگەڵ وڵاتانی بلۆکی سۆڤیەت. یارمەتییەکانی سۆڤیەت، دابینکردنی چەک و هاوکاری تەکنیکی (کە زۆرتر لە بواری پەرەپێدانی نەوتە) بەردەوامە.

٤. پەیوەندییەکانی سووریا و عێراق هێشتا ناجێگیرە. بەرەوپێشچوون سەختە؛ هەوڵەکان بەردەوامن تا باز بەسەر بەربەستەکان لەگەڵ ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو و لوبنان بدرێت؛ ویست هەیە بۆ دامەزراندنی پەیوەندی پتەو لەگەڵ هەردوو یەمەن؛ خواست لەسەر کەنداو هەیە؛ ئەگەری بوونی مەترسی لەسەر ئەردەن لە ئارادایە.

**پێشینە**

**ا ناوخۆیی**

١. ڕژێمـی بەعسـی بەرقـەرار لـە تەمـووزی ١٩٦٨ەوە سـەرەڕای بەردەوامـی ململانێـی ناوخۆیـی لـە دەسـەڵاتدا ماوەتـەوە. ئەمـەو سـەرەڕای دوورەپەرێزییەکـەی لـە فیگـەرە سیاسـییەکانی دیکـە (نـاسری و کۆمۆنیسـتەکان) و بـێ متمانەیـی زۆرینـەی شـیعە، بـەڵام بەعـس زۆر بـە مکـوڕی لـە دەسـەڵاتدا ماوەتـەوە.

٢. لـە مـاوەی چەنـد سـاڵی ڕابـردوودا ڕێککەوتنـی جۆراوجـۆر لەگـەڵ وڵاتانـی بلۆکـی سـۆڤیەت گرێـدراوە. بـە تایبەتـی لـە بـواری یارمەتـی تەکنیکـی لـە پیشەسـازیی نەوتـی عێراقـدا. پشـتیوانی سـەربازی ڕووسـیا بـۆ عێـراق بەردەوامـە؛ نزیکـەی ٣٠٠ ڕووسـی لەنـاو هێزەکانـی عێراقـدا خزمـەت دەکـەن. (بـە تایبەتـی لـە بـواری توانـای تەکنیکـی). سـۆڤیەت دەسـترۆیی زۆری لـە عێراقـدا هەیـە، بـە تایبەتـی بەهـۆی پشـتگیری یەکێتـی سـۆڤیەت لـە پرسـی فەلەسـتین. بەهەرحـاڵ، عێـراق دەسـکەلای سـۆڤیەت نییـە.

**ب** چارەسەری کێشەی کورد

١. دوای ڕاگەیاندنـی ڕیککەوتنامـەی ١١ی ئـادار، هـەم حکومەتـی عێـراق و هەمیـش کـورد لـە ژێـر گوشـاردان بـۆ جەختکردنـەوە لـە پابەندبوونیـان بـە چارەسـەرییەکە. بەهەرحـاڵ، ئێمـە لـەو بڕوایەدایـن شانسـی بـرەودان بـەم ڕێککەوتنـە کـە ببێتـە دواییـن چارەسـەری بـۆ کێشـەی کـورد، زۆر کەمـە.

٢. لـە سـەرچاوەی باوەڕپێکـراوەوە ئاگادارکراویـن کـە شـا زۆر نیگەرانـە لـەم ڕێککەوتنـە و لـەوە دەترسـێت، ئەگـەر ئـەم ڕێککەوتنـە بـە سـەرکەوتوویی جێبەجـێ بکرێـت، بەمـەش دەسـتی عێراقییـەکان کـراوە دەبێـت کـە گرفـت بـۆ کوێـت و بـە گشـتی لـە کەنـداوی فـارس و لەوانەیـە لـە خوزسـتانیش (ئەگەرچـی شـا ئەمـەی پشتڕاسـت نەکـردەووە) دروسـت بکـەن.

٣. ژمارەیەکـی بەرچـاوی کـورد لـە ئێـران و تورکیـادا هـەن (لـە تورکیـا ئـەوان بـە تورکـە شـاخاوییەکان نـاو دەبردرێـن). ئـەوان پەیوەندییەکی نەرێنیـان لەگـەڵ حکومەتەکانیاندا

هەیـە. بـەڵام ئەگـەر کـوردی عێـراق جۆرێـک لـە ئۆتۆنۆمـی دەسـتەبەر بکـەن، بـە تێپەڕبـوونی کات، ئەمـە دەبێتـە هـۆی ئـارام نەگرتنـی کـوردی شـوێنەکانی دیکەیـش.

ئێمـە دەزانیـن گوشـارێکی زۆر لەلایـەن یەکێتـی سـۆڤیەتەوە بـۆ سـەر حکومەتـی عێـراق و کـورد هەبـوو تـا ناکۆکییەکانیـان چارەسـەر بکـەن. لەوانەیـە لەبەرئـەوە بێـت کـە ڕووس مەبەسـتیانە بـۆ دەسـتەبەرکردنی ئامانجـە درێژخایەنەکانـی خۆیـان ئیسـتیغلالی خواسـتەکانی عێـراق لەبـارەی کەنـداوی فـارس بکـەن. تەنانـەت ئەگـەر بێـت و ئەم گوشـارە ببێتـە هـۆکاری پابەنـد بوونـی عێـراق بـەم ڕێککەوتنـە، ئـەم ڕێککەوتنـە دەتوانێـت وەک پاراسـتنی هاوسـەنگی لەلایـەن کـوردەوە هەژمـار بکرێـت کـە گومانیـان [لـەم ڕێککەوتنـە هەیـە]؛ یـان ویسـتی شـا بـۆ گەڕاندنـەوەی دۆخـی جـاران [شکسـت بـە ڕێککەوتنەکـە بهێنێـت]؛ یـان، لـە سـەرووی هەموویانـەوە لەلایـەن حکومەتـی ناونـدی عێراقـەوە کـە جێگـەی متمانـە نییـە (incompetence) [شکسـت بـە ڕێککەوتنەکـە بهێنرێـت].

٤. بەهەرحـاڵ، سـەرەڕای گشـت ئـەم شـتانە، ئەگـەر سـەرنجام ڕێککەوتنەکـە بـە سـەرکەوتوویی جێبەجـێ بکرێـت، ئەگەرێـک هەیـە بـۆ دووبـارە گواسـتنەوەی بەشـێک لـە هێزەکانـی عێـراق (هەنوکـە چـوار کـەرت لـە باکـوور جێگـر کـراون) بـەرەو ئـەردەن یـان بـەرەو باشـووری عێـراق تـا بـە درێژایـی شـەتولعەرەب لەهەمبـەر ئێـران بوەسـتێتەوە. ئـەم هێزانـە ڕۆڵێکـی خـۆ نمایشـکردنی ئێجـگار زۆریـان دەبێـت و لەوانەیـە بوونیـان لـە بەشـی باشـووری سـنوورەکانی ئێـران و عێـراق ببێتـە هـۆی زیادکردنـی بارگرژیـی.

٥. هەروەهـا، گواسـتنەوەی ئـەم سـەربازانە لەوانەیـە ببێتـە هـۆی زیادبوونـی تـرس لەبـارەی نیەتـی عێـراق لەهەمبـەر کوێـت، بـەڵام حاڵیحـازر، ئێمـە لـەو بڕوایـەدا نیـن حکومەتـی عێـراق سـەرەڕای ئاماژەکـردن بـەوەی ئـەوان کوێتیـان «لـە گیرفاندایـە»، هیـچ مەبەسـتێکی دوژمنکارانـەی (ئاشـکرای) هەبێـت.

نهێنی (ل ١٨٧-١٨٩)

باڵیۆزی بەریتانیا

بەغدا

١٣ی حوزەیرانی ١٩٧٠

(٤/١)

## کێشەی کورد

١. دواییـن جـار لـە ٣ی نیسـان لەبـارەی پێشـڤەچوونەکانی جێبەجێکردنـی چارەسـەری کێشـەی کـورد، نووسـیم. لەوانەیـە ئێسـتا کاتـی بێـت پێداچوونـەوە بـەو پێشـکەوتنانە بکەیـن کـە لـەو ڕێککەتـەوە تـا هەنوکـە بەدیهاتـوون.

٢. لەوکاتـەوە تا ئێسـتا پێنـج وەزیری کورد دامەزراون. سـەرەڕای بەرزکردنەوەی پۆسـتەکانی عەمـاش و تکریتـی، لـە وەزیـری ناوخـۆ و بەرگـری بـە جێگـری سـەرۆک، بـەڵام جـارێ چاوەڕوانیـن تـا هەواڵـی دەسـتبەکاربوونی [کوردێـک وەک] جێگـری سـەرۆک ببیسـتین. ئێمـە ئاگاداریـن لـە کاندیدکردنـی کوردێـک بـۆ پۆسـتەکەی بـێ هیـچ وەڵامدانەوەیـەک [لەلایـەن حکومەتی بەغداوە]. هەروەها، سـەرەتای مانگـی حوزەیران بەرنامە داڕێژرابوو کۆنگـرەی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان ببەسـترێ؛ بـەڵام دارا تۆفیـق، ئەندامێکـی کۆنـی پ.د.ک بـە ئێمـەی ڕاگەیانـد کۆنگـرە لـە سـەرەتای تەمووز دەبەسـترێت.

٣. بەهەرحـاڵ، هەسـت بـەوە دەکرێـت کردەکانـی حکومـەت لـە باکووردا بـە ڕێژەیەکـی مەعقـول خێراتربوونەتـەوە. ئـەوە ڕاگەیێنـدراوە کـە لـە بەرنامەدایـە ڕێگایەکـی نـوێ لـە نێـوان بەعقوبـە و خانەقیـن، ڕوانـدز و گەڵالە و ڕایەت، دهـۆک و ئامێدی، دهۆک و زاخۆ دروسـت بکرێت. من خۆم بەرەوپێشـچوونم لە دروسـتکردنی ڕێگای ڕواندز بینی، ئەگەر سەرسـوڕهێنەریش نەبێـت، بەلانیکەمەوە هانـدەرە. حکومەت سـەرلەنوێ بیناکردنەوەی شـوێنگەیەکی گەشـتیاری لە باکووردا لە ئەسـتۆگرتووە، هەروەها لەو شـوێنانەی بەهۆی شـەڕەوە وێـران بوونە دەسـتی بـە بنیاتنـانی هەندێك شـارۆچکە کردووە.

٤. بەهەرحاڵ کۆمەڵێک کێشە هەر دەمێننەوە. وا ڕاگەیێندراوە سەرژمێری گشتی لە مانگی تشرینی یەکەمدا ئەنجام دەدرێت. کاتێک ئەنجامەکانی سەرژمێری ڕاگەیێندرا، هەروەک لە مانیفێستی ١١ی ئاداردا ڕاگەیێندراوە، لەوانەیە خولێکی نوێی دامەزراندنی کورد یان ئەو کەسانەی بە کوردی قسە دەکەن لە پۆستەکانی دەسەڵاتدارێتی لە ناوچە کوردییەکاندا دەست پێبکاتەوە. لە ڕاستیدا، لەوانەیە ئەمە بەرچاوترین بابەت بێت کە پشتگوێ خراوە. هیچ یەک لە پارێزگارەکانی پێنج لیواکەی باکوور نەگۆڕدراون و هیچ ڕێکارێکی بەرچاوی دووبارە دامەزراندنەوە لە پۆست و پێگە ئاست نزمەکانەوە لەو ناوچانە نابینرێت کە بە کوردی قسە دەکەن و لە ژێر کۆنترۆڵی سوپای عێراقدایە. بارودۆخەکە لەو ناوچە کوردییانەی لە دەرەوەی دەسەڵاتی سوپای عێراقدان تاڕادەیەکی زۆر هەروەک خۆی ماوەتەوە. لە سەردانێکی ئەم دواییەم بۆ باکوور، بەشێکی کوردستان، واتە ‹ڕواندز›م بینی کە لە دەرەوەی هێڵی سوپادایە وەک بابەتێکی سەرسوڕهێنەر بازگەی سنووری دەستکرد هەن کە لە نێوان سوپای عێراق و پێشمەرگەی کوردستانەوە [بە جیا] کۆنترۆڵ کراون. بۆ یارمەتیدانی بیناکردنەوەی شارۆچکەیەک لە نزیک گەڵاڵە و دووبارە بونیاتنانەوەی پێداویستییە گەشتیارییەکان لە حاجی ئۆمەران، ڕێگە بە هەندێك کەرتی سوپا دراوە ئەم سنوورانە ببەزێنن، بەڵام ئەوان زۆرتر کرێکاری بیناسازین و هەندێك سەربازیش یارمەتیان دەدەن.

٥. نیگەرانترین لایەنی بارودۆخی بەرقەرار لە دژی کورد ئەوەیە لە بەغدا قسەلۆکی بەردەوام هەیە کە بەهۆی لێکدانەوەی جیاواز لەسەر ڕێککەوتنەکە و لەسەر تەرخانکردنی بودجەی پێویست بۆ گەشەپێدانی باکوور بە شێوەیەک بارزانی ڕازی بێت، گرفتی جیددی هاتووەتە بەردەم هەردوولایەن [بەعس و کورد]. ئێمە هەندێك قسەمان لەبارەی بەرپەرچی توندی بارزانی بۆ بڕە پارەی تەرخانکراوی حکومەت بۆ باکوور بیستووە کە گوایە حکومەت لەبری گرێبەستی گونجاو بۆ ئاوەدانکردنەوە، [سیاسەتی] «کاری هەرەوەزی گرتووەتەبەر. ئەگەر ئەمەش بنەمایەک بێت حکومەت لە باکوور جێبەجێی بکات، بەراوردکردنی لەگەڵ

جێبەجێکردنی ستاندەری پڕۆژەکانی کاری جەماوەری لە ناوچەکانی دیکەی وڵاتدا، کەواتە تووڕەیی بارزانی لە جێی خۆیدایە. بەهەرحاڵ، تێبینی من لەسەر کێشانی ڕێگاوبان ئەوەیە ئەم کارە تاڕادەیەک شارەزایانە ئەنجامدراوە و لەگەڵ کەشوهەوای سەختی ناوچەکە دەگونجێت. بە پێی مەرجەکانی تەرخانکردنی بودجە، باڵیۆزی [عێراق] ڕایگەیاند لە وەزارتی چاکسازی زەوی بڕی ٣٥٪ بۆ باکوور تەرخان کراوە، هەمان بڕە پارە لە وەزارەتەکانی دیکەیش بۆ باکوور بڕدراوە.

٦. هەنوکە پێشمەرگە بانگەشەی ئەوە دەکات ئەوان پاسەوانی نیشتیمانی سنوورن. سەعدون غەیدان، وەزیری ناوخۆ، لەگەڵ وەزیرێکی کورد بۆ گرتنەبەری ڕێکاری پێویست بۆ گواستنەوەی پێشمەرگە بۆسەر ئەم هێزە نوێیە، سەردانی باکووریان کردووە. لە سەردانە مەیدانیەکەمدا، پێموایە پێشمەرگە بەردەوام دەبێت لە پیادەکردنی دەسەڵاتی تەواو بەسەر ئەو ناوچانەی پێشتر لە ژێر دەستیدا بوونە. هەنوکە کوردی دەرەوەی ئەم ناوچەیە، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەوان پێشمەرگەن، بۆئەوەی شتێک لە بارەیانەوە ئەنجام بدرێت. بە دڵنیاییەوە ئەوان خۆیان [بە پاراستنی] سنووری نێوان ئێران و عێراق سنووردار ناکەن. لە کاتێکدا مووچەکەیان لە وەزارەتی بەرگرییەوە دێت، ئەوان پێگە سەربەخۆکەیان دەگەڕێننەوە. تەنیا ژمارەیەکی کەمی ئەفسەرانی پێشووی سوپا نەبێت، ئەگەرنا ژمارەیەکی کەم خوازیاری چوونە ناو سوپان.

٧. سەرەڕای دەنگۆی بوونی گرفت لە نێوان هەردوولایەندا، وا دەردەکەوێت هەردوولایەن مەیلێکی ڕاستەقینەیان بۆ بەردەوامیدان بە ڕێککەوتن هەیە، [بەڵام] سەبارەت بە چۆنیەتی جێبەجیکردنی ڕێککەوتنەکە، دەنگۆی تووڕەیی بارزانی لەسەر «کاری جەماوەریی» بووە هۆی سەردانێکی خێرای سەدام حسێن بۆ باکوور. سەرەڕای ئەوەی کاربەدەستە عێراقییە پلە بەرزەکان بەهۆی ئەوەی لە گەڵاڵە خۆشەویستی بێ پایانیان بۆ بارزانی دەربڕی، پێگەیان لەدەستدا، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ سەردانکردنی بەغدا لەلایەن سەرکردەی کوردەوە هیچ وەڵامێکیان دەستنەکەوت. دوو خاڵی سەرەکی کە بە بێ چارەسەری ماونەتەوە

بریتییــن لــە، دەســتبەکار بوونــی جێگــری ســەرۆک و بەپێــی ســەرژمێری بڕیــاردان لەســەر ئــەو ناوچانەیــە کــە زۆرینــەی کوردنشــین. بابەتــی مەترســیدار ئەوەیــە کــورد لــە بەغــدا، هــەر لــە ئێســتاوە دەڵێــن کەرکــووک بەشــێکی دانەبــڕاوی کوردســتانە بــە چاوپۆشــین لــە ئەنجامەکانــی ســەرژمێریش. پرســی کەرکــووک یەکێــک لــە دژوارتریــن خاڵەکانــی گفتوگــۆی گەیشــتن بــە چارەســەری بــوو، ئــەم جــۆرە ڕەفتارانــە بەدڵنیاییــەوە دەبنــە هــۆی ئەگــەری تەقینــەوەی [ناکۆکــی]. ئێمــە تەنیــا دەتوانیــن چــاوەڕێ بکەیــن و ببینیــن. حکومــەت هەوڵــدەدات لــە ســەرژمێریەکەدا هــەر لیوایــەک، وەک یــەک یەکــە هەژمــار بــکات. هەروەهــا دەنگــۆی ئــەوە هەیــە حکومــەت دەســتکاری ســنووری لیــواکان دەکات، ئەمــەش نیشــاندەری ســتراتیژی حکومەتــە. فاکتەرێــک کــە دەتوانێــت یەکلاکــەرەوە بێــت بریتیــە لــە دانیشــتوانی تورکــمان لــە شــار و لــە لیــوای کەرکــووک. حکومــەت بەڵێنــی ئــەوەی بــە تورکمانەکانــداوە مافــە کلتورییەکەیــان پارێــزراو دەبێــت، بــەڵام لەوانەیــە ئــەوان وەهــا هەســت بکــەن کــە بەرژەوەندیەکەیــان لــە تواندنــەوەی شوناســی نەتەوەییەکەیاندایــە و خۆیــان بــە کــورد هەژمــار بکــەن بۆئــەوەی دەســتەبەری ئیدارەیەکــی کــوردی لــە ناوچەکەیــان بکــەن. هەروەهــا ئەمــە گریمانــەی زۆرێــک لــە کوردیشــە. بــە پێچەوانــەوە، لەوانەیــە ئــەوان هەســت بــەوە بکــەن کــە بەرژەوەندییەکانیــان لەگــەڵ عەرەبدایــە (تورکمانــەکان مەیلێکــی کەمیــان لەبــارەی بیرۆکــەی چــارەی خۆ-نووســین لــە چوارچێــوەی کوردســتاندا نیشــان داوە)، لــە هەمــوو حاڵەتێکــدا، دوای ڕاگەیاندنــی ئەنجامەکانــی ســەرژمێری کێشــەی جیــددی لــە کەرکــووک ســەرهەڵدەدات.

(J. H. Symons)

ڕاپۆرتەکان (ل ١٩٠-١٩٢)

پرسی کورد.

دەنگۆکان لەبارەی کورد و ڕەخنە لە چارەسەری کێشەی کورد، گەمارۆی حکومەتی داوە. هەڕەشەی سزادانی ئەو کەسانە کە دەنگۆ بڵاودەکەنەوە بە هەمان شێوەی حکومەت «جاسوسەکان» سزا دەدات، نیشاندەری ئەوەیە کە حکومەت تا چەند بە جیدیانە گرنگی بەم بابەتە دەدات. لە ڕاستیدا، کەسێکی عێراقی بە بڵاوکەرەوەی دەنگۆکان وەسفکرا و بە هەمان شێوەی جاسوسێک لەسەر تەلەفزیۆنی عێراقەوە نیشاندرا، ئەمەش لەپێناو ئەوەی حکومەت ئیمتیازات بە کورد بدات تا لەسەر دەسەڵات بمێنێتەوە. زۆرترین ڕەخنەکان لەلایەن باڵی حیزبی کۆمۆنیستی جیا بووەیەوەبوو کە لەلایەن عەزیز ئەلحاجەوە سەرکردایەتی دەکرێت و حکومەت بەوە تاوانبار دەکات کە ڕێککەوتن لەگەڵ کورد «بە دور لە چاوی خەڵک و هێزە پێشکەوتنخوازەکانەوە ئەنجامدراوە».

هەروەها دەنگۆیەکان بوونەتە هۆی نیگەرانی بارزانی و لایەنگرەکانی، چونکە دەیەوێت حکومەت پابەندی ئەو ئیمتیازاتانە بێت کە بە کوردی داوە. بارزانی چەندین لێدوانی داوە کە لەلایەن ڕۆژنامەی ئەلتەئاخی و ڕۆژنامەکانی دیکەی بەغدا بڵاو بوونەتەوە. بارزانی سەرکۆنەی ئەم دانگۆیانەی کردووە و ئەم کارەی خستووەتە پاڵ کەسانی تێکدەر و داوای لە گشت کورد و خەڵکی عێراقی کردووە کە گوێ لەم دەنگۆیانە نەگرن.

پێدەچێ ئەم بارودۆخە پێویست بەوە بکات حکومەت پەیوەندییەکانی لەگەڵ بارزانیدا بەهێزتر بکات. هەروەها ڕەفتارەکانی «هێزە پێشکەوتنخوازەکان» هانی حیزبی بەعسی دەسەڵاتداری داوە بەربەستەکانی بەردەم پڕۆژەی «بەرەی نیشتیمانی» لە نێوان خۆی و پارتی دیموکراتی کوردستانی سەر بە بارزانی، لا ببات.

سەدام حسێن لە سەردانەکەی ئەم دواییەیدا بۆ لای بارزانی ڕایگەیاند، حکومەت بە خێرایی هەوڵی جێبەجێکردنی بەیاننامەی ١١ی ئادار دەدات. هەروەها گوتویەتی پەیوەندی و هاوکاری نزیکتر لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان دادەمەزرێت.

پ.د.ک لە کۆتایی ئەم مانگە یان لە سەرەتای مانگی داهاتوو کۆنگرە دەبەستێت و لەناو کۆمەڵێک بابەتیتردا، جێگری سەرۆکیش کاندید دەکات. لە دوای چارەسەری پرسی کورد لە مانگی ئایار، ئەمە یەکەمین کۆنگرەی پ.د.ک دەبێت.

لە لایەکی دیکەوە، تا هەنوکە بۆ دیارکردنی ڕێکەوتێک بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری هیچ ئاماژەیەک نییە کە گشت دانیشتوانی عێراق لە خۆبگرێت. ڕاگەیێندراوەکانی بەرایی لەلایەن حکومەتەوە دەڵێن لەوانەیە سەرژمێری لە مانگی داهاتوودا ئەنجام بدرێت و لە ئەنجامدانی سەرژمێریدا، شارەزایانی نەتەوە یەکگرتووەکانیش هاوکاردەبن. بیرۆکەی سەرژمێری بڕیار لەسەر قەوارەی دانیشتوانی کورد و ڕێژەکەی لە کۆی گشتی دانیشتوانی عێراق دەدات کە بۆ دیارکردنی چڕی دانیشتوانی کوردە لە باکووری عێراقدا. ئەمەش گرنگە بۆ دیارکردنی سنووری جوگرافیی ئەو ناوچانەی کورد زۆرینەن، چونکە لەو ناوچانەدا هەروەک لە بەیاننامەی ١١ی ئاداردا ڕاگەیێندراوە، کورد مومارەسەی ئۆتۆنۆمی دەکەن.

**ئاستی ڕێکخستن.** کۆبوونەوەی وەزیرەکان لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا لەگەڵ سەدام حسێن دووبارە ئەوەی خستەڕوو کە ئەو لە دوای سەرۆک ئەلبەکر کەسی دووەمی دەسەڵاتدارە. هەموارکردنەوەی دەستور لە کۆتایی ساڵی ڕابردوودا، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیک سەرۆکی کردە سەرۆک وەزیران. تکریتی، وەک جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، جێگری ڕاستەقینەی سەرۆکە. ئەگەرچی لە هەموارکردنی دەستوردا، ناونیشانی جێگری سەرۆک وەزیران لا براوە.

ئەمەش پێگەی ئەو لە دوو جێگرەکەی سەرۆک واتە مەهدی عەماش و حەردان عەبدولغەفار تکریتی بەرزتر دەکات، کە هەنوکە ئەرکەکانیان وەک جێگری سەرۆک زۆرتر تەشریفاتی و ڕووکەشە. هەرچەندە بەم دواییانە سەرۆکی هەندێك شاند بوونە کە لەلایەن سەرۆک بەکردەوە راسپێردرا بوون. بەهەرحاڵ، بەهۆی ئەندامێتیان لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کە باڵاترین دەسەڵاتی جێبەجێکردنە لە عێراقی هەنوکەدا، کەسانی گرنگی ناو ڕژێمن.

کۆبوونـەوە لەگـەڵ سـەرۆک قـەزاکان بـەو مەبەسـتە بـووە کـە گفتوگـۆ لەسـەر کێشـە جۆراوجـۆرەکان بکـەن تـا چارەسـەریەک بـۆ کێشـەکان بدۆزنـەوە. بـە گوێـرەی ڕادیـۆی بەغـدا، لـەم کۆبوونەوانـەدا جەخـت لەسـەر کێشـەکانی کەرتـی پـەروەردە کراوەتـەوە. حکومـەت بـە جیـدی کار دەکات تـا بارودۆخـی قوتابخانـەکان و دامەزراوەکانـی دیکـەی پەروەردەیـی لـە ناوچەکانـی باکـوور، بـۆ دۆخـی ئاسـایی خـۆی بگەڕێنێتـەوە کـە بەهـۆی چەندیـن سـاڵ شـەڕی کـورد لەنـاو چـوو بـوو.

گەشـەکردن لـە باکـوور. بـە گوتـەی نـوری شـاوێس وەزیـری گەشـەپێدانی ناوچەکانـی باکـووری عێـراق، «پێشخسـتنی خزمەتگوازریـی پەروەردەیـی و تەندروسـتی، گواسـتنەوە و کشـتوکاڵ، ئەرکـی سـەرەکین لـە پلانـی گەشـەپێدانی حکومـەت بـۆ باکـوور و پێویسـتە بـڕی ١٩،٠٠٠،٠٠٠ تەرخـان بکرێـت بـۆ ڕاپەڕاندنـی ئـەم پلانـە. سـەرەڕای ئەمـەش، بـڕی ٨،٤٠٠،٠٠٠ دۆلار لـە بودجـەی ئـەم سـاڵ بـۆ باکـوور تەرخـان کـراوە. لـە کاتـی واژووکردنـی بەیاننامـەی چارەسـەری پرسـی کـورد، دروسـتکردنی ڕێگاوبـان، ٨٠ قوتابخانـەی سـەرەتایی و ٢٠ قوتابخانـەی ناوەنـدی و ٢٠ قوتابخانـەی شـەو و ڕۆژی (boarding schools) لـە جێبەجێکردنـدان. هەروەهـا ڕێـکاری پێویسـت گیراوەتەبـەر بـۆ فراوانکردنـی زانکـۆی کـوردی لـە سـلێمانی و کردنـەوەی کۆلێژێـتر لـەو شـارانەی کـە کوردیـان تێـدا دەژیـن.

(Tanyug in English 09.50 GMT 17.6.70)

سنووردار (ل ١٩٣-١٩٦)

باڵیۆزی بەریتانیا

بەغدا

٢٧ی تەمووزی ١٩٧٠

**کورد**

١. مـن لـە نووسـین لەبـارەی کۆنگـرەی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان دواکەوتـووم کـە لـە ١ تـا ٦ی تەمـووزی خایانـد، ئەمـەش ڕووی نـەدا کـە گوایـە لـە چوارچێـوەی ئاهەنگەکانـی ١٤-١٧ی تەمـووزی یـان کەمێـک دواتـر، بایاننامەیـەک پەیوەسـت بـە بـژاردەی کـورد بـۆ پۆسـتی جێگـری سـەرۆک ڕادەگەیێندرێـت.

٢. ئێمـە لـە شـوێنێکیتر بۆچـوونی خۆمـان دەربڕیـوە (نامـەی جێنێـر ٢/١ لـە ١٨ی تەمـووز) لەبـارەی لایەنێکـی کۆنگـرەی پارتـی دیموکراتی کوردسـتان کە سـەرنجی میدیـای عەربی لـە بەغـدا ڕاکێشـا- ئەویـش بریتـی بـوو لـە لێدوانـی نوێنـەری پارتەکانـی دیکـە. لـە ڕاسـتیدا، ئەمـەش دیارتریـن خەسـڵەتی کۆنگرەکـە بـوو، لەوانەشـە گرنگتریـن ڕووداوی کۆنگرەکــە بێــت. لێدوانــەکان لەلایــەن نوێنەرەکانــی حیزبــی کۆمۆنیســتی عێــراق، حیزبـی دیموکراتـی نیشـتیمانی، دیموکراتـە سـەربەخۆکان، جوڵانـەوەی سۆشیالیسـتی عەرەبـی، حیزبـی بەعـس و ڕێکخـراوەی ڕزگاریخـوازی فەلەسـتین دران.

٣. نوێنــەری بەعــس سیاســەتی حکومەتــی ناوەنــدی دووپاتکــردەوە لەبــارەی گرنگــی بەیاننامــەی ١١ی ئــادار لــە دەســتەبەرکردنی چارەســەری دروســت بــۆ کێشــەی باکـوور و جەختـی لەسـەر گرنگـی هـاوکاری لـە نێـوان هێـزە پێشـکەوتنخوازەکان لـە عێراقـدا، بـە سەرپەرشـتی حیزبـی بەعسـی کـردەوە. نێـردراوی حیزبـی کۆمۆنیسـت، کەریـم ئەحمـەد، لەسـەر بارودۆخـی هەسـتیاری عێـراق وەسـتا و داوای لـە هێـزە جەماوەرییـەکان و حیزبـە نیشـتمانییەکانیان کـرد هۆشـیار و وریـا بـن و گوتـی بـە بـڕوای حیزبــی کۆمۆنیســت، نوێنــەری گشــت حیــزب و هێــزە نەتەوەییــەکان بــۆ خوێندنـەوەی دامەزراندنـی بەرەیەکـی نیشـتیمانی و بڕیـاردان لەسـەر پەیڕەوەکـەی

پێویستە بانگێشتی کۆبوونەوەیەکی هاوبەش بکرێن. سەلمان عەزاوی، نوێنەری حیزبی دیموکراتی نیشتیمانی، پشتگیریی حیزبەکەی بۆ دروشمەکەی کورد واتە «دیموکراسی بۆ عێراق و خودموختاری بۆ کورد» ڕاگەیاند. لەلێدوانێکی لێلدا، عەبدوڵا ئەلنەسراوی، نوێنەری جوڵانەوەی سۆشیالیستی عەرەبی، هێرشی کردە سەر سیاسەتی شۆڤێنیستی حکومەتە یەک لە دوا یەکەکانی عێراق کە گەلی کوردی ناچارکرد بۆ بەرگریکردن لە مافە ڕەواکەیان پەنا بۆ چەک ببەن. ناڕوونبوونەکە لە دەرهاویشتەی لێدوانەکەیدا بوو، نەک لە دەربڕینە ڕوونەکەی، بەوەی کە دەسەڵاتی حیزبی بەعس هەروەک دەسەڵاتەکانی پێشوو تاوانبارە.

٤. هەروەها نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان-سووریا و بزووتنەوەی گەنجانی دیموکراتی کوردستان لە سووریا و لوبنان لە کۆنگرەدا ئامادە بوون. هەردوو نوێنەرەکە لە لێدوانەکانیاندا باسی سەرکوت و ئەشکەنجەدانی کوردیان لە سووریا کرد.

٥. لەبارەی ئەو ئەرکانەی لە کۆنگرەدا لە ماوەی شەش ڕۆژدا بڕیاریان لەسەر درا ئەمانەی خوارەوە هەندێك بڕیار و ڕاسپاردەن کە لە کۆنگرەدا پەسەند کران.

**ا** تێکۆشان بۆجێبەجێکردنی بەیاننامەی ١١ی ئاداری، بە تیۆر و بە پراکتیک، لەپێناو دەستەبەرکردنی خودموختاری بۆ کورد لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا.

**ب** لەبارەی پەیوەندی ئێستا لە نێوان جوڵانەوەی کورد و عەرەب، هەر پێشڤەچوون و گەشەیەک کە لە جوڵانەوەی نەتەوەیی عەرەب لە عێراقدا بەدی بێت، پێویستە هاوتەریب بێت لەگەڵ بەرەوپێشچوون و گەشەی مافی نەتەوایەتی کورد.

**ج** پشتگیریی کردنی هەر یاسایەکی چاکسازیی زەوی، بۆ دڵنیابوون لەوەی گشت جوتیارەکانی کوردستان زەوییان وەبەرکەوتووە.

**د** باشترکردنی ئامرازەکانی پەیوەندی لە ناوخۆی کوردستاندا و کێشانی ڕێگاوبان و هێڵی ئاسنی لەم ناوچەیەدا. هاندانی پڕۆژەکانی نیشتەجێ بوون و ئاوەدانکردنەوەی گوندی نوێ.

**ه** تێکۆشان لەپێناو هێنانەدی حکومەتێکی شۆڕشگێڕانەی دیموکراتی کە لەلایەن

گەلــەوە هەڵبژێــردرا بێــت و دەســتەبەرکردنی گۆڕانــی کۆمەڵایەتــی و ئابووریــی لــە گشــت بوارەکانــدا و گەرەنتــی کردنــی ئــازادی ئاییــن و ئــازادی سیاســی و و ئــازادی ڕادەربڕیــن و ڕۆژنامەگەریــی.

**و** پشــتگیریی کــردنی مافــی کەمینەکانــی عێــراق و کوردســتان و دڵنیابــوون لــە هەبوونــی ئــەم جــۆرە مافانــە.

**ی** پێدانــی مافــی هاووڵاتیبوونــی عێراقــی بــەو کوردانــەی پێنــج ســاڵ زیاتــرە نیشــتەجێی عێراقــن، بــۆ نموونــە فەیلیــەکان و گۆیــان (Goyan) و ئۆمەریــان (Omeryan) و ئەوانــی دی.

هەروەهــا چــوار بڕیــار دەرکــران لەبارەی پێویســتی گەشــەی ئابووری کە زۆر بە خەســتی بــە دەســتەواژەی کۆمۆنیســتی ڕەنگڕێــژ کرابــوون، وەک پێویســتی بــە بەپیشەســازیی بــوون، گەشــەی کەرتــی گشــتی، گەیاندنــی کارەبــا و بەکارهێنانــی ســەرچاوەکان بــە پێی پلان.

٦. لــە ١٠ی تەمــووز، لــە دوای تــەواو بوونــی کۆنگــرەی هەشــت، یاداشــتێک دەرکــرا کــە ٤٨٨ نوێنــەر کۆبوونەتــەوە بۆئــەوەی گفتوگــۆ لەســەر کاروبــاری ئــەم پارتــە بکــەن و گــوێ لــە ڕاپۆرتەکانــی پەیوەســت بــە بەرەوپێشــچوونە سیاســیەکانی پارتەکــە بگــرن. کاروبــاری پەیوەســت بــە شــۆڕش، پەیوەنــدی پارتەکــە لەگــەڵ دەســەڵاتی ناوەنــدی، کاروبــاری ڕێکخســتن و دارایــی حیــزب و هەموارکردنــەوەی هەندێــك لــە بەندەکانــی پەیــڕەوی حیزبەکــە. یاداشــتەکە بانگەشــەی ئــەوە دەکات لەپێنــاو بەهێزکردنــی حیزبەکــە و بەرزکردنــەوەی کارایــی حیزبەکــە لــە گشــت ئاســتەکاندا، کۆنگــرە کۆمەڵێــک بڕیــار و ڕاســپاردەی گرنگــی دەرکــردووە. هەروەهــا فەرماندەیەکــی نــوێ هەڵبژێــردراوە و بــە کــۆی دەنــگ دووبــارە مەلامســتەفا بارزانــی بــە ســەرۆکی حیــزب هەڵبژێردرایــەوە. کۆنگــرە پشــتگیریی خــۆی بــۆ خەباتــی عەرەبــەکان لــە دژی زایۆنیــزم و ئیمپریالیــزم دەربــڕی و پاڵپشــتی لــە مافــی فەڵەســتینییەکان کــرد. کۆنگــرە داوای لــەو وڵاتانــە کرد کە کــوردی تێیــدا دەژیــن، واز لــە سیاســەتی پاکتــاوی نــەژادی بهێنــن و وەڵامــی داواکارییــە نەتەوایەتییــە ڕەوا و دیموکراتییەکانــی کــورد بدەنــەوە. کۆنگــرە جەختــی لەســەر بڕیــاری

حیـزب کـردەوە لـە قایمکردنـی هاوپەیمانـی لـە نێـوان پ.د.ک و حیزبـی بەعـس لەپێنـاو جێبەجێکردنـی بەندەکانـی بەیاننامـەی ١١ی ئـادار.

٧. بـە گەڕانـەوە بـۆ لێدوانـی نوێنـەری حیزبەکانـی دیکـە، یاداشـتنامەکە ئامـاژەی بـەوە داوە کـە کۆنگـرە بـە کـۆی دەنگ بڕیـاری بـۆ بەهێزکـردن و فرەوانکردنـی هاوپەیمانێتی لـە نێـوان پ.د.ک و بەعـس داوە، لەپێنـاو دامەزراندنـی بەرەیەکـی نیشـتیمانی پێشـکەوتنخواز، ئەمـەش گشـت حیزبـە نەتەوەییە پێشـکەوتنخوازەکانی دیکـە لە عێراق لـە خۆدەگرێـت. ئەمـەش ڕوانگەیەکـە بـۆ بەهێزکردنـی بـەرەی ناوخـۆ و دڵنیابـوون لـە باڵادەسـتی گـەل بەسـەر دوژمنەکانـدا هـەم لـە ناوخـۆ و هـەم لـە دەرەوەی وڵاتـدا. هەروەهـا، بـۆ بونیاتنانـی عێراقێکـی نـوێ کـە گەلەکـەی لـە سیسـتەمێکی شۆڕشـگێڕانە و دیموکراتـی حوکمڕانـی سـوودمەند بـن. بـۆ هاتنـەدی ئـەم مەبەسـتە، کۆنگـرە داوای لـە حکومەتـی ناوەنـدی کـردووە کەشـێکی لەبـار بڕەخسـێنێت، ئەویـش لـە میانـەی دامەزراندنـی پەیونـدی برایانـە و دۆسـتانە لەگـەڵ لایەنەکانـی دیکـە .

٨. کۆنگـــرە داوای بەهێزکردنـــی ئـــەم پەیوەندییـــەی کـــردووە لـــە نێـــوان نەتـــەوە جۆراوجۆرەکانـی عێـراق و گشـت هاووڵاتیانـی کوردسـتان و بەرپەرچدانـەوەی ئـەو هەوڵانـە کـە دوژمنایەتـی لـە دژی کـورد لەنێـوان کەمینەکانـی دیکـە دا دروسـت دەکـەن. یاداشـتەکە دەڵێـت کۆنگـرە لـەو بڕوایەدایـە پێویسـتە ئامـاژە بـە دژواری دۆخـی ئابـووری و تەندروسـتی بدرێـت کـە زۆربـەی ناوچـە کوردییـەکان بـە دەسـتیەوە دەناڵێنـن و بانگێشـتی حکومەتـی ناونـدی دەکات هەمـوو هەنـگاوەکان بگرێتەبـەر تـا چەرمەسـەری کـورد کـەم بکاتـەوە، لەڕێگـەی خێراکـردن لـە پیادەکردنـی بەنـدە ئابوورییەکانـی بەیاننامـەی ١١ی ئـادار و لـە ڕێگـەی دروسـتکردنی پـڕۆژەی تەندروسـتی و ئابـووری.

٩. هـەروەک ئامـاژەم پێـدا ئێمـە سـەرنجمان خستەسـەر بەرپەرچـی تـوڕەی میدیاکانـی حکومەتـی ناوەنـدی لەبـارەی ئـەو ڕەخنانـەی لەلایـەن پارتـە سیاسـییەکانی دیکـەوە لـە کۆنگـرە دەربـڕان. حیزبـی بەعـس خۆشـحاڵ نابێـت هـەم لـەو ڕەخنـە توندانـەی لـە ڕاپۆرتەکانـی کۆنگـرەدا بـە ئاشـکرا و بـە نائاشـکرا دەربـڕان و هـەم لـە لێدوانـەکان

لەبارەی جێبەجێکردنی بەیاننامەی ١١ی ئادار. هەروەها کورد جەختیان لەسەر فراوانکردنی بیرۆکەی بەعسییەکان کردووەتەوە لەبارەی بەرەی نیشتیمانی لە نێوان هەردوو حیزبەکە، واتە پ.د.ک و بەعس، بە سەرکردایەتی حیزبی بەعس، کە ببێتە بەرەیەکی نیشتیمانی ڕاستەقینە لە ڕێگەی هاوکاری پێویست لەنێوان گشت هێزە پێشکەوتنخوازەکاندا.

١٠. ئێمە لەوە تێدەگەین کە کۆنگرە لەبری هەڵبژاردنی جێگری سەرۆک، تەنیا ئاماژەی بە بڕیاری مەلامستەفا داوە. تا هەنوکە هیچ ڕاگەیێندراوێک بڵاو نەکراوەتەوە کە کێ ئەم پۆستە وەردەگرێت. لەوانەیە بارزانی هەست بەوە بکات لەم قۆناغەدا ئەم پۆستە کە گرنگیەکی ئەوتۆی نییە، شایانی ئەوە نییە کاندیدێکی بۆ دەست نیشان بکات.

١١. وا دیارە کۆنگرە تیشکی خستووەتە سەر تێکچوونی پەیوەندی گشتی لە نێوان کورد و حکومەتی ناوەندیدا. ئاماژەیەکیتر بۆ ئەم تێکچوونە، ئامادەنەبوونی هیچ نوێنەرێکی فەرمی بوو لەلایەن بارزانییەوە بۆ بەشداریکردن لە ئاهەنگی مانگی تەمووز کە لە بەغدا گێڕدرا. ڕاستە وەزیری کوردی ناو حکومەت لە زۆربەی ئەرکەکانیان ئامادە بوونە، بەڵام بۆچوونی گشتی ئەوەیە بەعس هیوادار بوو خودی بارزانی یان ئیدریسی کوڕی ئامادە بێت. بەهەرحاڵ، سەرەڕای ئەم جیاوازییانە هیچ ئاماژەیەک بە شکستی ڕێککەوتنەکە بەدی ناکرێت.

(J. H. Symons)

کۆپیەک بۆ: نووسینگەی تاران، نووسینگەی بەیروت.

باڵیۆزخانەی بەریتانیا (ل ١٩٧)

بەغدا

پۆلێن نەکراو

٢٨ ئەیلوولی ١٩٧٠

**چاپەمەنی عێراق**

١. ئێمـە ئـەم حەوتەیـە لـە ڕێگـەی تەلەگرامـەوە ڕووماڵـی ڕۆژنامەکانـی عێراقـمان کـردووە لەبـارەی قەیرانەکانـی ئـەردەن. لەوانەیـە ئێـوە بتانەوێـت هەندێـك مانشـێت کـە لـە ڕۆژنامـەی ئەلتەئاخـی بـڵاو بووەتـەوە ببینـن کـە سـەرەڕای بڵاوکردنـەوەی ڕووداوەکانی جیهانـی عـەرەب، سـەرنجێکی زۆر دەخاتەسـەر کاروبـاری ناوخـۆی عێـراق.

٢. لەبـارەی ئەنجوومەنـی نیشـتیمانی لـە ٢٤ی ئەیلـوول کـە لـە دەسـتوری کاتیـدا هاتـووە، ڕۆژنامەکـە دەڵێـت پێویسـتە مەرجەکـەی دەسـتور [واتـە دامەزراندنـی ئەنجوومـەن] پێـش ئەنجامدانـی سـەرژمێری بـە زووتریـن کات جێبەجـێ بکرێـت، تاکـو «وڵات لـە ژێـر ڕۆشـنایی هەلومەرجـی نـوێ لـە عێراقـی دوای بەیاننامـەی ١١ی ئـادار، دۆخـی نائاسـایی هەنوکەیـی بپارێزرێـت».

٣. لـە ٢٧ی سـێپتمبەر، ڕۆژنامەکـە ڕەخنـە لـە داخسـتنی ١١٠ قوتابخانـەی سـەرەتایی لـە پارێـزگای نەینـەوا (مووسـڵ) دەگرێـت. ڕۆژنامەکـە دەڵێـت، بـە دڵنیاییـەوە تێپەڕبـوونی شـەش مانـگ بەسـەر ١١ی ئادارەوە، ماوەیەکـی گونجـاوە بـۆ دروسـتکردنی قوتابخانەی پێویسـت بـۆ قوتابیـە ڕاگوێـزراوەکان و هـاوکات هـەزاران کـەس لـە دەرچـووان و مامۆسـتایان دانەمـەزراوەن.

٤. لــە ٢٨ی ئەیلـوول، ئەلتەئاخــی قســەی لەســەر بێــکاری لــە کوردســتان کــردووە و دەڵێـت کێشـەکە هـەر بەردەوامـە. ئەویـش هـەم بەهـۆی نەبوونـی گەشـەپێدان لـە کوردسـتان لـە مـاوەی شـەڕدا و هـەم بەهـۆی بەردەوامـی ناکۆکـی لـە نێـوان حکومـەت و کۆمپانیاکانــی نــەوت، کــە بووەتــە هــۆی دابەزینــی دەرهێنانــی ڕێــژەی نــەوت.

سەرنووسـەری ڕۆژنامەکـە بـۆ کۆتایهێنـان بـە بێـکاری لـە کوردسـتاندا، بانگەشـەی چارەسـەری بەپەلـە لەگـەڵ کۆمپانیاکانـی نـەوت و پەرەپێدانـی پیشەسـازیی خۆجێیـی لـە کوردسـتان دەکات.

(M. K. Jenner)

P. R. M. Hinchcliffe Esq.،

بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک، نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس،

(LONDON، S، W، 1).

نهێنی (ل ١٩٨-١٩٩)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

١٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٠

(٦/١٣)

**ڕەخنەی ئەلتەئاخی لە حکومەت**

١. لە نامەکەمدا بە ژمارەی (٦/١٣) لە بەرواری ٢٨ی ئەیلوول، بە کورتی باسم لە دوو ڕەخنەی ڕۆژنامەی ئەلتەئاخی کرد. یەکێکیان پەیوەست بوو بە داخستنی قوتابخانەکان لە پارێزگای نەینەوا و ئەوەیتر پەیوەست بوو بە بێکاری لە کوردستان. لەوانەیە ئێوە بتانەوێت وردەکاری زۆرتری ئەم وتارانە بزانن هەم لە ڕووی ناوەڕۆک و هەم لە ڕووی ئەو زمانە میانڕەوەی کە ئەلتەئاخی لە ڕەخنەگرتن لە حکومەتی عێراق هەیەتی.

٢. ڕۆژنامەکە بانگەشەی ئەوە دەکات ١١٠ قوتابخانەی سەرەتایی لە پارێزگای نەینەوادا داخراون. لەوانەیە ئەو قوتابخانانە لە ماوەی جەنگی نێوان کورد و هێزەکانی حکومەتدا داخرابن. بەهەرحاڵ، ڕۆژنامەکە ڕەخنەی ئەوە دەگرێت کە دوای دەرباز بوونی شەش مانگ بەسەر ١١ی ئادار دا، بەڵام حکومەت هیچ کارێکی نەکردووە بۆ سەرلەنوێ کردنەوەی ئەم قوتابخانانە. بە قسەی ڕۆژنامەکە، لە ماوەی ئەم ساڵەی خوێندندا ٥٠٠٠ قوتابی لە هەر جۆرە خوێندنێک بێ بەش بوونە. نووسەرەکە ئاماژە بەوە دەکات بە هەزاران مامۆستای دەرچوو بەدوای کاردا دەگەڕێن و کورتهێنان لە دەستی کاردا نییە. تەنانەت ئەگەر ئامرازی پێویست بۆ داپۆشینی قوتابخانەکان بوونی نەبێت، بەڵام پێویستە دیوار و سەربان بۆ قوتابخانەکان دروست بکرێت و مێزی خوێندن دابین بکرێت. هەروەها نووسەرەکە دەڵێت دەبووایە ئەمە بەرپرسیارێتی سەرەکی حکومەت بێت کە دووبارە قوتابخانەکانی [ناوچە] کوردییەکان بکاتەوە. ئەمەش بەهۆی دڵنیا بوونی نووسەر لەسەر نیەت پاکی حکومەتە کە هانی دەدات ئەم بابەتە بوروژێنێت.

٣. ڕۆژی دواتـر ئەلتەئاخـی لەسـەر بێـکاری لـە کوردسـتاندا قسـەی کـردووە و ئامـاژە بـەوە دەدات زۆربـەی خەڵـک تـا هەنوکـەش لـە کەرتـی کشـتوکاڵدا کار دەکـەن و تەنیـا گەشـەی پیشەسـازیی گرنـگ لـە هەنوکـە و لـە ڕابـردوودا، لـە باکـوور لـە بـواری نەوتـدا بـووە. شـەڕ لـە باکووردا کرێکارەکانـی کەرتـی کشـتوکاڵ و نەوتـی لـە دامەزرانـدن بـێ بـەش کـردووە. هەروەهـا «بەهـۆی ململانێـی عێـراق لەگـەڵ کۆمپانیـا قۆرغکارەکانـی نەوتدا»بـووە هـۆی کەمبوونـەوەی ئاسـتی دەرهێنانـی نـەوت لەلایـەن ئـەم کۆمپانیانـەوە، زۆرێـک لـە کرێـکارەکانی کـورد کارەکانیان لە دەسـت داوە. پێویسـتە دەسـەڵاتداران کۆمپانیـا نەوتییـەکان ناچـار بکـەن گشـت ئـەو کرێـکارە کوردانـەی لـە کارەکانیـان دوورخراونەتـەوە بگەڕێندرێنـەوە سـەر کارەکانیـان و گوشـار بخەنەسـەر ئـەم کۆمپانیانـە تـا ئاسـتی بەرهەمهێنـان بـەرز بکەنـەوە، بـەم شـێوەیە زۆرتریـن کرێـکاری کـورد بخرێتـە سـەرکار. هەروەهـا پێویسـتە ئەولەویـەت بدرێتـە کردنـەوەی پڕۆژەکانـی دیکـەی کشـتوکاڵ و پیشەسـازیی، بـۆ نموونـە، پیشەسـازیی بـەردی مەرمـەڕ، دار، چیمەنتـۆ، بێجگـەرە، قوتـو، کان و بەرهەمـە نەوتییـەکان و ئـەو کەرەسـتە خاوانـەی کـە لـە باکووردا زۆرن. هەروەهـا پێویسـتە پـەرە بـە پێگـەی کەرتـی گەشـتیاری بدرێت؛ لەگـەڵ دروسـتکردنی پەناگـەی مۆدێـرن بـۆ هاوینـان، خانـوو، هۆتێـل و گازینـۆ و کێشـانی ڕێگاوبـان و دروسـتکردنی گونـدی نـوێ. بـە قسـەی سـەروتار نووسـەکە، دەکرێـت لـە مـاوەی شـەش مانگـی داهاتـوودا دەسـت بـەم پەرەپێدانـە بکرێـت.

٤. کێشـەی بێـکاری زۆرتـر پەیوەسـتە بـە کۆمپانیـا نەوتییەکانـەوە و گرنگـی تایبەتـی بـۆ ئێمـە هەیـە؛ دەزانـم کۆمپانیـای نەوتـی عێراقی هـەوڵ دەدات تـا ئەو شـوێنەی مومکین بێـت زۆرتریـن ژمـارەی کـورد دووبـارە دامەزرێنێتـەوە، بـەڵام سـەختە ژمارەیەکـی زۆری کرێـکار بەخێرایـی بخزێنرێتـە نـاو پێکهاتـەی کارمەنـدە لێهاتـووەکان. تـا هەنوکـە کۆمپانیـای نەوتـی عێـراق نزیکـەی ١٠٠ کرێـکاری کـوردی دووبـارە دامەزرانـدووە، بـەڵام گشـت داواکارییـەکان دەبـێ لـە فیلتـەری بەڕێوەبـەری (D. M. I) خۆجێیـەوە دەربـاز بێـت و دەزانـم تـا هەنوکـە ئـەو تەنیـا ٤٠٠ داواکاری بـۆ کۆمپانیـا نـاردووە و چەندیـن هـەزار کەسـیتر چاوەڕوانـن.

٥. ستوونی سەروتاری ئەلتەئاخی بە بەردەوامی بۆ ئەم جۆرە کێشانە تەرخانکراوە و ئەم جۆرە وتارانە ڕەنگدەرەوەی بێ تاقەتی کوردە لە بەهێواشی جێبەجێکردنی پەرەپێدانی باکوور کە بەیاننامەی ١١ی ئادار ئاماژەی بۆ کردووە. بەهەرحاڵ، زمانی ئەم وتارانە، زمانێکی نەرمە و مەبەست لێیان هاندانی حکومەتە نەک خۆ سەپاندن بەسەر حکومەتدا.

M. K. Jenner

زۆر نهێنی (ل ٢٠٠)

بەڕێز ئیگرتۆ (Mr. Egerton)

**کورد لە عێراقدا**

١. تەلەگرامی بەغدا ژمارە ٧١٣ لە ١٢ی تشرینی یەکەم، دواخستنی سەرژمێری لە باکووری عێراقدا، بۆ کاتێکی نادیاری ڕاگەیاند. بە بڕوای من وا دێتە بەرچاو کە ڕێککەوتنی کورد-عێراق لە ١١ی ئادار ڕووبەڕووی ئاستەنگی جیدیی بووەتەوە. ئێمە هەمیشە لەو بڕوایەدا بوون سەرژمێری کە لە ڕێککەوتنەکەدا جێگەی کراوەتەوە، تا ڕووبەری ناوچە کوردییەکان دیار بکات و لەم چوارچێوەیەدا کورد لە ئۆتۆنۆمی سوودمەند بێت، دەبێتە هۆی هێنانەئارای گرفت بە تایبەتی لە کەرکووک کە هەم کورد و هەم عێراقییەکان مەیلیان بۆ کۆنترۆڵکردنی هەمیشەیی کێڵگە نەوتییەکانی هەبووە. بەهەرحاڵ، بە بۆچوونی ئێمە نیشاندانی بڕێک لە نیەت باشی، لە هەردوولایەنەوە شانسێکی باشە لەپێناو ڕێگەدان بە حکومەت تا دەستکاری فیگەرەکانی سەرژمێری بکات بۆئەوەی نیشان بدات عەرەبەکان لە کەرکووک زۆرینەن، بەمجۆرە بۆئەوەی کورد ڕازی بکرێن، پارەیەکی باش دەدرێتە کورد (لەوانەیە پشکێک لە داهاتە نەوتییەکانی کەرکووک). هەنوکە گەڕانەوەی متمانە لە نێوان هەردوولایەن بەو ئاستە دابەزیووە کە ناتوانرێت ئەم جۆرە مانۆڕانە ئەنجام بدرێن.

٢. هەر لە سەرەتای ڕاگەیاندنی بەیاننامەکە لە ١١ی ئادارەوە، بەربەستەکان، گەمارۆی ئەم بەیاننامەی داوە. هێزی ناڕێکخراوی کورد (پێشمەرگە) قەدەغە نەکراوە و چەکەکانیشیان ڕادەست نەکراوەتەوە. هەروەها جێگرە کوردەکەش هەروەک لە ڕێککەوتنەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە، دەستبەکار نەبووە. ڕۆژنامەی کوردی ئەلتەئاخی بە بەردەوامی ڕەخنە لە ڕژێمی بەعس دەگرێت بەهۆی هێواشی لە بەئەنجام گەیاندنی ئەرکەکانی بەتایبەتی لەبارەی بەڵێنەکانی لەبارەی گەشەپێدانی کوردستان. ئێمە لە سەرچاوەی نهێنییەوە ئاگادار کراوین کە سەرکردەی کورد،

بارزانی، سەرەڕای ناڕەزایی دەربڕینی لە نیەت باشی حکومەتی عێراق، پەیوەندییە نزیکەکانی لەگەڵ یارمەتیدەرە ئێرانیە پێشووەکەی پاراستووە. بارزانی (ئەمە لەوانەیە لەبارەی زۆرینەی کورد ڕاست نەبێت) لەوانەیە لەو بڕوایەدا بێت ڕاگرتنی شەڕ لە دوای ١١ی ئادار، بە پلەی یەکەم، وەک هەناسەدانێک بووە پێش دەستپێکردنی هێرشێکیتر، کە لەوانەیە بەهاری داهاتوو دەست پێبکاتەوە. کوردێکی زۆر دواخستنی سەرژمێری لەلایەن بەعسەوە وەک بەڵگەیەک بۆ نیەت خراپی عێراق دەبینن و لەوانەیە بە پێچەوانەی مەیلی شەخسیان، هانیان بدات جارێکیتر پشتگیریی بارزانی بکەن بۆ دووبارە ئامادەبوون بۆ خولێکیتری شەڕ.

(P. R. N. Hinchcliffe)

١٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٠

نهێنی (ل ٢٠١)

باڵیۆزی بەریتانیا- بەغدا

(١٢/١)

١٤ی تشرینی دووەمی ١٩٧٠

**یاسای ئەنجوومەنی نیشتیمانی**

١. وەزیـری کار، سـەید مورتـەزا ئەلحەدیسـی، کـە هـاوکات سـەرۆکی «لێژنـەی ئاشـتی» جێبەجێکردنـی بەیاننامـەی ١١ی ئـادارە، لـە دوای کۆبوونـەوەی ئـەم لێژنەیـە لـە ٩ی تشرینـی دووەم ڕایگەیانـد یاسـای ئەنجوومەنـی نیشـتیمانی لەلایـەن لێژنەیەکـی دادوەریـی سـەر بـە ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی شـۆڕش داڕێـژراوە. بەڵێنیـدا کـە بـەم نزیکانـە یاسـاکە ڕادەگەیێندرێـت.

٢. لـە هەمـان ڕۆژدا، محەمـەد مەحمـود، وەزیـری کـورد بـۆ کاروبـاری باکـوور و ئەندامی مەکتەبـی سیاسـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، ڕایگەیانـد بـۆ دامەزراندنـی هاوپەیمانییەکـی نیشـتیمانی، گفتوگـۆکان لـە نێـوان پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و حیزبـی بەعـس بەردەوامـن؛ [ڕایگەیانـد] پێویسـتە لـە داهاتـوودا «گشـت هێـزە نەتەوەیـی و پێشـکەوتنخوازە نیشـتیمانیەکان» بێنـە نـاو ئـەم هاوپەیمانیـە. ڕاگەیاندنـی یاسـای ئەنجوومەنـی گشـتی و دامەزراندنـی هاوپەیمانـی نیشـتیمانی «لوتکـەی پرۆسـەی شۆڕشـگێڕانەیە کـە بـە بەیاننامـەی ١١ی ئـادار دەسـتی پێکـردووە».

٣. هـەروەک دەزانـن ڕژێمـی بەعـس ڕووبـەڕووی تەنگـژەی ئـەوە بووتـەوە چـۆن لەلایەک، پابەنـدی بەڵێنەکانـی لـە هەمبـەر بـە کـورد بێـت لـە دامەزراندنـی ئەنجوومەنـی نیشـتیمانی لەسـەر بنەمـای دیموکراسـی، لـە لایەکـی دیکـەوە، بـێ بەشـکردنی هـەر حیزبێـک کـە لەوانەیـە لەسـەر سـەرکردایەتی ململانێـی [حیزبـی بەعـس بـکات]. پێدەچـێ ت دامەزراندنـی هاوپەیمانـی لـە نێـوان پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و حیزبـی بەعـس لـە ڕووی تیۆرییـەوە، حیزبەکانـی دیکـە لە داهاتـودا لـەم هاوپەیمانیەدا بەشـدار بـن، ئـەو شـێوازەیە کـە بـۆ دەربازبـوون لـەم گرفتـە گرتوویانەتەبـەر.

٤. بە داڕشتنی ئەو شتەی بە «هاوپەیمانی نیشتیمانی›› ناوەبردرێت و چوونە ناو ئەم هاوپەیمانییە نیشتیمانییە بۆ هەر لایەنێک کە خوازیاری بەشداریکردنە کراوەیە، بەڵام لە ئەرزی واقیعدا، هاوپەیمانیەتی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی بەعس، هاوپەیمانێتیەکە توانا بەم حیزبانە دەبەخشێت کە لە ئەنجوومەنی نیشتیمانیدا بەشدار بن، لەم ڕێگەیەوە هیوادارن بتوانن کارەکتەرە نەویستراوەکانی، وەک حیزبی کۆمۆنیستی عێراق بێبەش بکەن. ئەمجۆرە حیزبانە یان خوازیاری چوونە ناو هاوپەیمانیەکە نین، یان دەکرێت لێی بێبەش بکرێن، بەو بیانووەی کە نایانەوێت قبوڵی سیاسەتەکانی ئەم هاوپەیمانییە بکەن یان پێگەی سەرکردایەتی بەعس ڕەتدەکەنەوە.

٥. بەکارهێنانی چەمکی «هاوپەیمانی» لەبری «بەرە» دەستپێکێکی نوێیە. ئێمە نازانین چ شتێک گرنگە-ئەگەر شتێکی گرنگ هەبێت-. [بەکارهێنانی چەمکی هاوپەیمانی] لەوانەیە تەنیا ئامرازێکی واتایی بێت بۆ دوورکەوتنەوە لە هەرجۆرە مشتومڕێک کە لە ڕابردوودا باڵی بەسەر ئەگەری پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتیمانی، کێشابوو.

(A. C. D. S Macrae)

P. R. M. Hinchcliffe، Esq،.

بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک

نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس

هاوپێچ: نووسینگەی بەیروت و تاران.

نهێنی (ل ٢٠٦-٢٠٢)

نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس

NEQ 1/2

ڕاپۆرتی دیپلۆماسی ژمارە ٥١٣/٧٠

دابەشکردنی گشتی/ عێراق

١٩ی تشرینی دووەمی ١٩٧٠

**دووبارە هەڵسەنگاندنی چارەسەری کێشەی کورد**

لەلایەن باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق بۆ وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس (لە ١٩ی تشرینی دووەم گەیشتووەتە دەست)

**کورتە**

هەشت مانگ بەسەر ڕاگەیاندنی ئادار تێپەڕیوە و کاتی پێداچوونەوە هاتووە. (پەرەگرافی ١).

کێشەی توانا و ڕاکێشانی کورد بۆ بەشداریکردن لە دامەزراوەکانی دەرکردنی بڕیار، تا هەنوکەش چارەسەر نەکراوە. لەوانەیە بەو مەرجانەی خراونەتەڕوو، کورد زۆر خۆشحاڵ نەبووبن (پەرەگرافی ٣).

هێزە ناڕێکخراوەکانی بارزانی، واتە پێشمەرگە، بەشێوەیەکی فراوان چەک نەکراون و قەدەغە نەکراون. ئەگەرچی لەڕێگەی ڕێکخستنی بەشێکی کەمیان لەناو پاسەوانی نیشتیمانی و لەژێر دەسەڵاتی وەزارەتی ناوخۆدان، تاڕادەیەک پێشکەوتن بەدەستهاتووە. [بارزانی] لە مووچەی حکومەت [بۆ ئەو پێشمەرگانەی بوونەتە پاسەوانی سنوور] کەمدەکاتەوە و دەیداتە پێشمەرگەکانی دیکە. هێزەکانی حکومەت هەروەک جاران بە ڕێژەیەکی زۆر لە باکووردا ماونەتەوە. (پەرەگرافی ٤).

هێزە ناڕێکخراوە کوردییە ڕکابەرەکە، واتە فورسانی تاڵەبانی، یان لەگەڵ بارزانی

گەیشـتوونەتە ئاشـتی یـان دیـار نەمـاون (پەرەگرافـی٥).

سروشـتی «ئۆتۆنۆمییـە» بەڵێـن پێدراوەکـە بـۆ کـورد بـە ناڕوونـی ماوەتـەوە، بـەڵام کـورد بـە باشـی دەزانـن پێـش ئـەوەی گوشـار دروسـت بکـەن بـۆ جێبەجێکردنـی ئۆتۆنۆمـی یـان هـەر بابەتێکیـتر، ڕێگـە بـدەن بـە دووبـارە ئاوەدانکردنـەوە و گەشـەی ناوچەکەیـان. (پەرەگرافـی ٦).

هیـچ ڕێگەیەکـی کاریگـەر نەدۆزراوەتـەوە بـۆ ڕاکێشـانی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـۆ نـاو حیزبـی بەعـس (پەرەگرافـی ٧).

حکومـەت پێشـکەوتنی خێـرای لـە کەرتەکانـی دیکـە، واتـە کەرتـە ئاسـانەکان بەدەسـتهێناوە؛ بـەڵام سـەرژمێری چارەنووسسـاز (کـە بڕیـار لەسـەر سـنوورەکانی ئۆتۆنۆمـی و دیارکردنـی کێڵگـە نەوتییەکانـی کەرکـووک دەدات سـەر بـە کام لایـەن بێـت)، بـە ڕەزامەنـدی کـورد، بـۆ کاتێکـی نادیـار دواخـراوە، [پرسـێکە] ئەگـەری تەقینـەوەی هەیـە. لەوانەیـە گەشـەپێدانی [ناوچـە کوردییـەکان] ئەولەویەتـی یەکەمـی کـورد بێـت (پەرەگرافـی ٩-١٠).

تـا ئێسـتا، حکومـەت لـە چارەسـەرکردنی کێشـەکانی تایبـەت بـە کـورد، [وەک] جڵەوکردنـی کـورد، شکسـتیهێناوە. هەروەهـا ئامـاژەی کـەم هـەن، کـە پێشـڤەچوونی ئاگربەسـت ببێتـە هـۆی هێنانـەدی چارەسـەریەکی هەمیشـەیی، بـەڵام هیـچ مەیلێـک بـۆ دووبـارە دەسـت پێکردنـەوەی شـەڕ لـە ئـارادا نییـە. هێشـتا بەعـس، پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی وەک هاوپەیمانێـک دەوێـت و ئاگربەسـت تـا ماوەیەکیـتر بـەردەوام دەبێـت (پەرەگرافـی ١١).

نهێنی

بەغدا

١٣ی تشرینی دووەمی ١٩٧٠

بەڕێز...

١. هەشت مانگ بەسەر دوا چارەسەری بۆ کێشەی کورد لە نێوان حکومەتی عێراق و کوردی عێراقدا تێپەڕیوە، کە لە بەیاننامەی ١١ی ئاداری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشدا، داڕێژرابوو و لە بروسکەکەدا لە ٢٧ی ئادار، لەگەڵ کەسانی بەر لە ئێوە، باسی ئەم پرسەم کردووە. دواخستنی سەرژمێری چارەنووسساز لە عێراق کە ئامانجە سەرەکییەکەی بریتی بوو لە دیارکردنی سنووری جوگرافی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کورد، هەلێکی باشی ڕەخساندووە بۆ پێداچوونەوە بە پێشکەوتنەکانی جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتنە و (ڕوونکردنەوەی خاڵە نارۆوونەکان) و هەڵسەنگاندنی ئاسۆی چارەسەری کێشەی کورد.

٢. نامەی پێشووم، دەستنیشانی هەندێك خەسڵەتی بەرچاوی چارەسەری ئاداری کردووە، جا لە ڕووی درشتی لە داڕشتنی وشەکان بێت، یان بەهۆی ناواقیعی بوونی چارەسەرییەکە بێت کە پێدەچێ ببێتە هۆی دروستکردنی کێشە. بە وردبوونەوەی زۆرتر لەسەر خەسڵەتە کێشەئامێزەکان دەست پێدەکەم.

٣. یەکەمین ناڕوونی پەیوەستە بەو میتۆدەی کورد لە ڕێگەیەوە، لە مومارەسەکردنی دەسەڵاتی ناوەندی بەشدار دەبن. بە پێی ڕێککەوتن کورد پێنج وەزیریان لە حکومەتی ناوەندیدا دەبێت، یەکێک لە جێگرەکانی سەرۆک کورد دەبێت و [بە پێی ژمارەی دانیشتوان] نوێنەریان لە ئەنجوومەنی یاسادانانی دەبێت. لەم سێ خاڵەی سەرەوە تەنیا یەکەمیان جێبەجێکراوە. تاڕادەیەک پێنج وەزارەتی ناگرنگ، بە خێرایی چۆڵکران و وەزیرەکان دەست بەکار بوونە. لەبارەی شکستی دیارکردنی کوردێک وەک جێگری سەرۆک، شرۆڤەی جۆراوجۆر هەن. هەندێک دەڵێن کورد کاندیدەکەیان دەستنیشان کردووە (بۆ نموونە لەلایەن بارزانییەوە، کە وەک

سەرکردەیەکی کاریگەری کورد ماوەتەوە)، بەڵام ئەم کاندیدە ڕەتکراوەتەوە بەو بیانووەی کە شیاو نییە. هەندێکیتر دەڵێن بارزانی بەو ئەنجامە گەیشتووە کە ئەو کەسەی ئەم پۆستە لە ئەستۆ دەگرێت وەک بارمتەیەکی بێهێز لە بەغدا هەژمار دەکرێت، بۆیە هیچ کەسێکی کاندید نەکردووە. لەبارەی بەشداریکردن لە ئەنجوومەنی نیشتیمانی بەپێی ڕێژەی کورد، هەروەک حکومەت بەڵێنی داوە و لەدەستووری کاتیدا ئاماژەی بۆ کراوە کە لە مانگی تەمووز ڕاگەیێندرا، بەڵام پێکهاتەی ئەنجوومەنەکە دیار نییە، دەسەڵاتەکەی سنووردارە و کاتی دامەزراندنی ڕاستەقینەی دیار نەکراوە. بەعس پێداگری لەوە دەکات کە بەشداربووان لە ئەنجوومەنی نیشتیمانی پێشبینیکراو، دەبێ بێ هیچ پرسیارێک سەرکردایەتی بەعس قبوڵ بکەن. پارتی دیموکراتی کوردستان (و پارتی کەمینەکانی دیکە کە کورد زۆر بە زیرەکانە بۆ کۆنگرەی حوزەیران بانگێشتیان کردن)، بەم جۆرە مەرجانە داهاتوویەکی ئەوتۆ بۆ چوونە ناو ئەم تورە جاڵجاڵۆکەیە نابینن.

٤. ئەگەر بەعسییەکان لەسەر ئەمە پێداگر بن، وەک ئەوەی من دەبینم کەوا دەبێت، ئەوان چاوپۆشی لە بەشێک [دەسەڵاتی خۆیان] و بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێشتر دووبارە بانگەشەی [بەشداریکردن لە ئەنجوومەنی یاسادانان‌دا] دەکەن، بەڵام ئایا دواتر کورد مەیلیان بۆ بەشداریکردن دەبێت، ئەمە جێگەی گومانە. بە بۆچوونی تایبەتی خۆم، لە نێوان دوو خەسڵەتی سەرەکی بەیاننامەی ئادار- بەشداری لە حکومەتی ناوەندی و ئۆتۆنۆمی لە حکومەتی هەرێمی- خەسڵەتی دووەم زۆرتر سەرنجی کورد ڕادەکێشێت. هەڵبەت ڕێگەیتر هەن کە لە میانەیدا کەمینەکان دەتوانن زۆر کاریگەرانەتر گوشار بخەنەسەر حکومەتی ناوندی لەبری بەشداری کردن لە دامەزراوە دەستوورییەکاندا.

دووەمین پرس کە لەلایەنی چارەسەرەوە بە ناڕوونی ماوەتەوە، ئایندەی سوپاکەی بارزانی یان پێشمەرگەیە. ئەو حەقیقەتە کە بەیاننامەکە بێدەنگ بووە لەسەر ئەم پرسە بنەڕەتییە بووە هۆی بڵاو بوونەوەی دەنگۆی هەبوونی پرۆتۆکۆلێکی نهێنی لەم بارەیەوە. ئەگەر ئەوە ڕاست بێت کە لەوانەشە ڕاست بێت، هەر لە مانگی

ئــادارەوە، ڕاگەیێنــدراوە و دووپاتکــراوەکان لەلایــەن گوتەبێژەکانــی حکومــەت دەڵێــن پێشــمەرگە دەبێـت- کـە ئێسـتا هـەر وایـە- قەدەغـە بکرێـت، سـەرلەنوێ دابڕێژرێتـەوە و بخزێنرێتـە نـاو هێـزی چەکـداری دەوڵـەت و ڕۆڵـی پاراسـتنی سـنوورەکانی هەبێـت؛ ئەگەرچـی هەندێك بەرەوپێشـچوون لـەم بارەیـەوە هاتوونەتـەدی، بـەڵام هیـچ کـەس بـڕوا بـەم ڕاگەیێندراوانـە نـاکات.

٥. دۆخــی پێشــمەرگە بــەم شــێوەیەی خوارەوەیــە. جیــا لــە ژمــارەی ئــەو کەســانەی پێویسـتە بگەڕێنـەوە بـۆ سـەر پیشـە مەدەنیەکانیـان، چـوار بەتالیـۆن لـە پاسـەوانی سـنوور سـەربە وەزارەتـی ناوخـۆ دەبێـت و مووچـە و بودجەیـان دابیـن دەکرێـت (هـەروەک پۆلیسـی حکومـەت)، بـە پێـی پلەکانیـان دامـەزراون، بـەڵام بەپێی سـەرچاوە باوەڕپێکـراوەکان کـە لـە مانگـی ڕابـردوو ڕاپۆرتیـان داوە، پێکهاتـەی سـەرەکی ئـەم لیوایانـە لـە ٢٤ هـەزار کـەس پێکدێـت. پرسـی ئـەوە دەمێنێتـەوە کـە ئـەوان چـۆن و لـە کـوێ دەبـن. کێشـە لـە سـەر ئـەوە دروسـت بـووە گوایـە بارزانـی بودجـە لـە حکومـەت وەردەگرێـت و دواتـر بـەم پێشـمەرگانە دەدات، ئەویـش لـە سـەر ئـەو بنەمایـەی مانگانـە لـە هـەر سێ هـەزار پێشـمەرگە، بڕێـک لـە مووچەیان کـەم دەکات. بێگومـان ئامانجـی سـەرەکی حکومـەت بەردەوامیدانـە بـەم پرۆسـەیە، لەوانەیـە لەسـەر ئـەم ڕێچکەیـە یەکـەی دیکـەی پاسـەوانی سـنوور دروسـت بـکات، تـا ئـەو کاتـەی پێشـمەرگە بـە تەواوەتـی نەمێنێـت. ئەمـەش گەشـبینانە وەدەردەکەوێـت و تەنانـەت ئەگـەر بارزانـی بـە شـێوەیەکی سـەرەتایی ئەمـە قبـوڵ بـکات هیـچ گومـان لـەوەدا نییـە لەکاتـی کۆتایـی هاتنـی ئاگربەسـت، ئـەوان دووبـارە پشـت بـە چ سـتانداردێک دەبەسـتن [بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەم گرفتـە]. بەهەرحـاڵ، هەنوکـە، بارزانـی ژمـارەی پێویسـت چەکـداری هەیـە و چەکـە قورسەکەشـی هـەر لەبـەر دەسـتە، کـە بـە گوێرەی ڕێککەوتنــی ئــادار «بەپێــی دوایــن قۆناغەکانــی جێەجێکردنــی ڕێککەوتنامەکــە›› پێویسـتە ڕادەسـتی حکومـەت بکرێنـەوە. لەلایەکـی دیکـەوە، تـا هەنوکـە هێزێکـی بەهێـزی حکومـەت لـە باکووردا ماونەتـەوە. تەنیـا تیپێکـی پیـادە و هەندێـك یەکـەی دیکـە کشـاونەتەوە. ئەوانـی دی هێشـتا لـە باکـوور ماونەتـەوە و لـە سـەربازخانەی

گەورەدا کۆکراونەتەوە و بەشێکیان (لەسەر بنەمای ڕۆحی هاوکاریکردن) لە کەرتی گشتیدا دامەزراون. کەواتە بارودۆخەکە لە ئەرزی واقیعدا گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە و لەم هاوسەنگیە نایەکسانەدا، دوو ڕووداوی تازە وا نیشان دەدەن کە دۆخەکە لە سوودی پێشمەرگەدایە. لە مانگی ئەیلوول لە مووسڵ، پارێزگاری مووسڵ ژمارەیەک کوردی بە هۆکاری سیاسی دەستبەسەر کرد؛ داواکاری بارزانی بۆ ئازادکردنیان ڕەتکرایەوە؛ پێشمەرگە چووە سەر باڵاخانەی پۆلیس و بە زەبری هێز؛ ئەم کەسانەی ڕزگارکرد. بە خێرایی پارێزگار بۆ بەسرە گوازرایەوە. لە دوای ماوەیەکی کەم ڕووداوێکی هاوشێوە لە کەرکووک ڕوویدا، کاتێک لایەنگرانی بارزانی لەسەر هەندێك پرسی بێهودە لە بەرپرسانی خۆجێیی ناڕازی بوون. ئەوان چوونە سەر نووسینگەی ئەم کەسانە و ڕەزامەندیان بۆ ئەم پرسانە بەدەستهێنا. خاڵێکیتری ئەرێنی پەیوەست بە بارزانی بریتییە لە هێزە کوردییە ناڕێکخراوە ڕکابەرەکەی، واتە فورسانی سەلاحەدینی سەر بە تاڵەبانی، کە لە ماوەی شەڕدا لە بەرەی حکومەتدا دەجەنگا. هەروەها لەبارەی داهاتووی ئەوانیش ڕێککەوتنەکە بێ دەنگە، بۆیە تاڵەبانی کاتێک هەستی کرد بەم پرسە سنووردار کراوە، بروسکەیەکی خۆشحاڵی بۆ پشتگیریی کردن لە ڕێککەوتنەکە بڵاوکردەوە. لە لێکەوتەیەکی خێرادا، حکومەت ڕێگەی بە پێشمەرگەدا بێ هیچ بەربەستێک، هەندێك لە کۆنە دوژمنایەتیەکان [لەگەڵ فورسانی سەلاحەدیندا] تەسفیە بکات. لەوکاتەوە وا ڕاپۆرت کراوە کە ژمارەیەک لە فورسان، بە تاڵەبانیشەوە، چوونەتە پاڵ بارزانی و ملکەچ بوونی خۆیان ڕاگەیاندووە. لەوانەیە ئەوانی دی پێشنیازەکەی حکومەتیان قبوڵ کردبێت و چووبنە ناو بەرەی فەلەستینەوە، لە شوێنێکی ئارام و دوور لە بارزانی. بەم پێیەش کێشەی تاڵەبانی بە سوودی بارزانی چارەسەر کرا.

٦. خاڵی ناڕوونیتر پەیوەستە بە مانای «ئۆتۆنۆمی». هیچ گومان لەوادا نییە بۆچوونی حکومەت لەبارەی مانای ئۆتۆنۆمی بریتیی بووە لە ڕادەیەکی مامناوەند لە خود-موختاری هەرێمی، بەڵام بۆ کورد ئۆتۆنۆمی مانایەکی زۆرتری هەیە. بەهەرحاڵ، پێدەچێ ت کورد تا هەنوکە هیچ دژایەتیەکیان لەسەر ئەم پرسە دەرنەبڕیوە.

هــەروەک بەشــێک لــە چارەســەرییەکە مەرجــی دەرهێنانــی کێڵگــە نەوتییەکانــی کەرکـووک کـە «لـە ژێـر قەڵەمـڕەوی دەسـەڵاتی کۆماریـدا دەمێنێتـەوە›› قبـوڵ کـراوە. ئەمـەش لەهەمبـەر تەرخانکردنـی پشـکی یەکسـان لـە داهاتەکانـی نەوتـی کەرکـووک بـۆ کـورد. لەوانەیـە کـورد ڕەزامەنـد بـن تـا ڕێگە بـە حکومـەت بـدەن نەوتـی کەرکووک دەربهێنێـت تـا بەڵێنـی گەشـەپێدانی ناوچـە دواکەوتووەکەیـان جێبەجـێ بـکات، پێـش ئـەوەی پرسـی ئۆتۆنۆمـی یـان هـەر پرسـێکیتر جێبەجـێ بـکات. بەهەرحـاڵ، لـەو ناوچانـەی لـە ژێـر دەسـەڵاتی پێشـمەرگەدایە، هیـچ کات بارزانـی لـە مومارەسـەکردنی ئـەم جـۆرە ئۆتۆنۆمیـە نەوەسـتاوە.

٧. پێنجەمیـن لێڵـی کـە لـە نامـەی پێشـتردا ئامـاژەم پێـدا، بریتـی بـوو لـە داهاتـووی ڕێکخراوەکـەی بارزانـی، واتـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان. ئـەم حیزبـە، ئەگەرچـی کەسـانی چەپـڕەوی لـە خۆگرتـووە، بـەڵام بـە واتـا ئاسـاییەکەی، خـاوەن هیـچ ئایدیۆلۆژیایەکـی سیاسـی نییـە. هـۆی بوونـی ئـەم پارتـە بریتییـە لـە بەرگریکـردن لـە بەرژەوەنـدی کـورد بـەو جـۆرەی بارزانـی و لایەنگرانـی دەیبینـن. بـەم پێیـەش ئەگـەر بەعسـیەکان زۆر بەجیـددی وا چـاوەڕوان بـن کـە پ.د.ک لـە ڕووی ئایدیۆلۆژییـەوە لـە پـاڵ ئـەوان بوەسـتێت، ئـەوا پێویسـتە لەبـری پشـت بەسـتن بـە مەیلـی سروشـتی بـۆ ئـەم چوونـە، پشـت بـە هێـزی هەلومـەرج ببەسـتن. ڕاگەیێنـدراوی فەرمـی لەبـارەی شـوناس و ڕوانگـەی ئـەم دوو حیزبـە سیاسـییە جارجـار دەردەچێـت، بـەڵام مانایەکـی ئەوتۆیـان نییـە و تـا ئـەو کاتـەی بەعـس پێداگـری لەسـەر ئـەوە بـکات کـە هـاوکاری فەرمـی واتـە ملکەچـی فەرمـی بـۆ فۆرمۆڵـە جۆراوجۆرەکانـی حکومـەت، کـە بـەم دواییانـەی بانگەشـەی پێکهێنانـی «هاوپەیمانـی نیشـتیمانی›› دەکـرد لەبـری پێکهێنانـی «بەرەیەکـی نیشـتیمانی»، سـەختە ئـەم هاوپەیمانیـە ڕێکبکەوێـت.

٨. لـە تـەواوی ئـەم بابەتانـەی سـەرەوە پێدەچـێ ت بـە گشـتی هیـچ پێشـکەوتنێک لـە جێبەجێکردنـی ڕێککەوتنـی ئـادار بەدینەهاتـووە. لەوانەشـە ئەمـە ئەنجامگیرییەکـی سـەرپێیانە بێـت. حکومـەت، بـێ گرفـت هەندێـك بەڵێنـی جیـددی جێبەجێکـردووە. بەگشـتی، دەبینرێـت لێبوردنـی گشـتی جێبەجێکـراوە. لێژنـەی ئاشـتی لێـرە و لـەوێ، لـە

هاتووچۆدایە. لەو شوێنانەی مومکین بووە فەرمانبەری کورد دامەزراون. بزاڤی جۆراوجۆر لە بواری کولتوری و پەروەردەیی ئەنجام دراون. ڕۆژنامەی کوردی (عەرەبی) ڕادەیەکی بەرچاوی ئازادیی ڕادەربڕینیان پێدراوە. تیشک خراوەتەسەر کێشانی ڕێگاوبان و گەشەپێدانی شوێنە گەشتیارییەکان لە بەرزاییەکانی کوردستاندا. ڕووپێوی ئەو شوێنانەی پێگەی گەشەکردنیان هەیە بە هاوکاری بەرنامەی گەشەسەندنی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNDP) ئەنجامدراوە. بەڵگە هەن لە خۆ خوراندنی (هەوڵدان) حکومەت بۆ دابینکردنی بودجەی گەشەپێدانی [کوردستان]. بەهەرحاڵ، ئەم جۆرە بزاڤانە زۆر بە سەختی دەچنە ناو ڕیشەی کێشەکە و قیسکە تەنگی و گومانی هەندێك کورد بە دڵنیاییەوە بە ڕوودانی هەندێك ڕووداو زۆرتر دەبێت، واتە ئەو شتەی لە یەکەمین پەرەگرافدا ئاماژەم پێدا کە بابەتی سەرەکی بریتییە لە دواخستنی سەرژمێری دانیشتوان بۆ کاتێکی نادیار. ئێستا دێمە سەر ئەم بابەتە.

٩. سەرژمێری کە لە بەیاننامەی ئاداردا بەڵێنەکەی درابوو و ٢٦ی تشرینی یەکەم دیارکرابوو، لە سەرتاسەری وڵاتدا بەڕێوە دەچێت، بەڵام تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بە کوردەوە هەیە، مەبەست لە سەرژمێری دیارکردنی ئەو ناوچانەیە کە کورد تێیدا زۆرینەیە، بۆیە مەبەستی سەرەکی لە سەرژمێری بریتییە لە دیارکردنی سنوورەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی. بابەتی گرنگ لەم بارەوە پەیوەستە بە کەرکووک و کێڵگە نەوتییەکانی. هەروەک ئاماژەی پێکرا، کورد لە ڕێککەوتنی ئاداردا قبوڵیان کردووە کێڵگە نەوتییەکان لە چوارچێوەی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیدا بێت، بەڵام ئەوان ئەوەیان قبوڵ نەکردووە کە لە ڕووی جوگرافییەوە ئەم ناوچەیە لە دەرەوەی هەرێمی ئۆتۆنۆمی بێت. هەروەها بە ڕاشکاوی بانگەشەی ئەوە دەکەن -تەنانەت ئەو کوردانەی لە بەغداشن-کە «کەرکووک پایتەختی ئێمەیە». ئەوان گومانیان لەوە نیە ئەگەر سەرژمێری بە دادپەروەرانە بەڕێوە بچێت، ئەم بابەتە ڕاست دەردەچێت [کە کەرکووک هی کوردە]. بەڵام بە بڕوای من حکومەت هیچ کات قبوڵی ئەو سنوورە ناکات کە کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک بۆ لایەنی بەرانبەر [واتە کورد] بێت. ئەوان زۆر بە باشی ئاگاداری بۆچوونی کوردستانی

سـەربەخۆن کـە تـا هەنوکـەش لەلایـەن کـوردەوە ڕێـزی لێدەگیرێـت. لـە هاوینـدا، حکومـەت هەنگاوینـا، هـەروەک کـورد چاوەڕوانـی ئـەم کارەی حکومـەت بـوون، بـۆ ڕاکێشـانی دەنگـی دانیشـتوانی تورکـمان لـە پارێـزگای کەرکـووک. بـە دڵنیاییـەوە کـورد لـەو بڕوایـەدان دەسـتکاری ژمـارەی سـەرژمێری دەکرێـت. هەندێـك لـە چاودێـران پێشـبینی ئـەوە دەکـەن تەنیـا ئـەو شـارەدێیانەی نەوتـی کەمیـان هەیـە لـەم پارێزگایەدا وا ڕادەگەیندرێـت کـە کـورد تێیـدا زۆرینـەن. بۆچوونـی تایبەتـی خـۆم ئەوەیـە کـورد (ئەگـەر بیانەوێـت ڕێککەوتنـی ئـادار جێبەجـێ بکرێـت) لەوانەیـە پێشـوەختە ئـەو سـنوورە قبـوڵ بکـەن کـە لەلایـەن عەرەبەکانـەوە قبوڵکـراوە، لەهەمبـەر گەرەنتیەکـی پۆڵاییـن بـۆ تەرخانکردنـی بەشـێک لـە داهاتـی نەوتـی [کەرکـووک بـۆ ناوچـە کوردییـەکان]، بـەم جـۆرەش سـەرژمێرییەکە ئەنجـام دەدرێـت، یـان بەلانیکەمـەوە ئەمـە ئەنجامگیریـی حکومەتـە.

١٠. بەهەرحـاڵ، حکومـەت لـەم ڕووداوە دەترسـێت. دیـارە کـەس تووشـی سەرسـوڕمان نەبـووە. کـورد خۆیـان هێمـن دەردەخـەن. هەروەهـا ئـەوان پێشـوەختە ناڕەزایـی خۆیـان لەبـارەی دواخسـتنی سـەرژمێری دەربڕیـوە. یەکـەم ئەولەویەتـی ئـەوان، هـەروەک لـە پەرەگرافـی ٦ خراوەتـەڕوو، بریتییـە لـە ئەگەری ڕێگـەدان یـان ناچارکردنی حکومـەت بـە پابەندبـوون بـە بەڵێنـی دووبـارە ئاوەدانکردنـەوە و گەشـەپێدانی [ناوچە کوردییـەکان]. بـەو بڕاوەیـەی، سـەرژمێری دەبێتـە هـۆی پێکدادانـی جیـددی، یـان لـە باشـترین حاڵەتـدا پچڕاندنـی پرۆسـەکە. تێبینـی خـودی بارزانـی بـۆ ڕۆژنامەنووسـێکی فەرەنسـی کـە لـە ‹ژوێـن ئەفریقیـا (Jenue Afrique)›دا بـڵاو بووەتـەوە، بریتییـە لـەوەی سـەرژمێری گرنگیەکـی کەمـی هەیـە: کەرکـووک ناوچەیەکـی کوردییـە، هیـچ شـتێک ناتوانێـت ئـەم حەقیقەتـە بگۆڕێـت.

١١. بەهەرحـاڵ، پرسـی کەرکـووک بـۆ هەردوولایـەن زۆر گرنگـە کـە شکسـتی حکومـەت لە چارەسـەری دۆسـتانەی ئەم پرسـە- بە تایبەتی بەهۆی نەبوونی بەرەوپێشـچوون لەسـەر بابەتە گرنگەکانی دیکە- ئاسـۆیەک بۆ گەشـەدان بە ئاگربەسـتی ئادار بۆ چارەسەرییەکی هەمیشـەیی پێشـان نـادات. لەوانەیـە ئەمـە ڕاسـت بێـت، ئەمـەش یەکـەم حکومەتـی

عێراقی نابێت کە هەوڵی چارەسەریەکی هەمیشەیی دابێت و شکستی هێنابێت. بەهەرحاڵ، ئەمە بە مانای شکستی تەواو یان سەرهەڵدانی پێشوەختەی شەڕ نابێت. هەردوولایەن، بە هەموو پێوەرێک، خوازیاری ئەوە نین (ئەگەرچی هەندێك کەسی خوێن گەرمی باڵی ڕاسترۆ لەلایەنگرانی بارزانی لەوانەیە خوازیاری ئەمە بن). تەنانەت ڕووسەکانیش کە هەوڵی زۆریانداوە بۆ بەئەنجام گەیاندنی ڕێککەوتنامەی ئادار، نایانەوێت هەوڵەکانیان بێسوود بن. ئایا ئێرانیەکان ڕازی دەبن بە دەست بەستراوی بمێننەوە و دەرفەت لەدەست بدەن بۆ هاندانی بارزانی بۆ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە دژی حکومەت، دەبێ بوەستین و چاوڕوان بین. بە بڕوای من، ئێرانیەکان نایانەوێت وزەی خۆیان لەم ڕێگەیەوە بە فیڕۆ بدەن. پێویستە دوو بابەت کە پەیوەستن بە بەعسەوە وەبیربهێنرێنەوە. یەکەم، بەعس پڕ بەدڵ دەیەوێت لەم کۆمارە شەڕخوازەدا هاوپەیمانی هەبێت. بەو هاوڕێیە پێگەکەیان، واتە کۆمۆنیستەکان، زۆر ئاسودە نین. لە ناسرییەکان بێ ئومێدبوون، ئەوانی دییش بێهێز و بێ کەڵکن. بۆیە تا هەنوکە پارتی دیموکراتی کوردستان سەرنج ڕاکێشترین هاوبەشە، ئەویش ئەگەر گرێبەستێکی پەسەندکراوی هاوبەشیی لە نێوان هەردوو لایەندا ببەسترێت. دووەم، پێویستە لەبیر نەکرێت کە داڕێژەری ڕێککەوتنی ئادار (سەرەڕای هەبوونی ناڕەزاییەکی توند لە ناوخودی حیزبەکەدا) سەدام حسێن بوو؛ کە ناوبانگەکەی پەیوستە بە سیاسەتەکەی لەهەمبەر کورد و ئەویش پیاوێکە کە هەنگاو بەرەو دواوە ناهاوێت. بەلانیکەمەوە من وای دەبینم کە ئەو هەوڵ بدات لە کاتی ئێستادا ئاگر بەستەکە بەردەوام بێت. من سەرمایگوزاری لەسەر هیچ پێشبینییێکی درێژخایەن ناکەم.

١٢. کۆپیەک لەم نامەیە بۆ نوێنەرایەتی خاوەنشکۆ لە، عەمان، بەیروت، کوێت، جەدە، تەرابلس، ئەنقەرە، تاران، مۆسکۆ، واشنتۆن بۆ نووسینگەی سیاسی لە بەحرێن، نێردراوی شانشینی یەکگرتوو لە نەتەوە یەکگرتووەکان، نیویۆرک، و شاندی نوێنەرایەتی شانشینی یەکگرتوو بۆ ناتۆ لە برۆکسل دەنێرم.

لەگەڵ ڕێزدا...

(H. G. BALFOUR PAUL)

نهێنی (ل ٢٠٧-٢٠٨)

Sir P. Adams

c.c. Mr. A. A. Acland، Arabian Dept.

Mr. R. Ellingworth، Oil Dept.

Mr. Tesh، Defence Dept.

Mr. H. A. J. Staples، PUSD (Assessment Staff)

Mr. Cradock، Planing Staff

Mrs. A. Elwell، IRD.

Mr. Bannerman. Research Dept.

**عێراق و کورد**

١. کاتێک لە ١١ ی ئادار حکومەتی عێراق ڕایگەیاند ئەوان لەگەڵ کورد ڕێککەوتوون، هەڵسەنگاندنی بەشی [کاروباری دەرەوە] بریتی بوو لەوەی پەرپێدانی ڕێککەوتنەکە وەک دوایین چارەسەری کێشەی کورد، تاڕادەیەک سەختە. بروسکەی بەڕێز بالفۆر-پاول (Mr. Balfour-paul) لە ٢٧ی ئاداری هیچ جۆرە پێشبینیەکی وردی ماتماتیکیانەی لەخۆ نەگرتبوو. بەڵام ئاماژەی بەوە کردبوو کە لێڵی و دڵنیانەبوونی زۆر لە ڕێککەوتنەکەدا هەیە، هەر شتێک ببێتە هۆی ڕازی نەبوونی یەکێک لە دوو لایەنەکە، لەوانەیە ببێتە هۆی سەر لە نوێ دەستپێکردنەوەی دوژمنکاری.

٢. بەڕێز بالفۆر-پاول نووسراوی زۆرتری بۆ ئێمە ناردووە کە دووبارە هەڵسەنگاندن بۆ ڕێککەوتنامەی چارەسەری کێشەی کورد دەکات. نووسراوەکە لە کاتی خۆی و بە باشی نووسراوە. بە گوێرەی باڵیوز، ئەگەرچی تا هەنوکە زۆرێک لە لێڵییەکانی چارەسەریی ئاداری ڕوون نەکراونەتەوە و هەندێك بەندی تایبەت لە ڕێککەوتنەکە، بە تایبەتیش سەرژمێری بۆ دیارکردنی ناوچەکانی زۆرینەی

کوردنشـین، تـا ئێسـتا جێبەجـێ نەکـراوە، بـەڵام تـا هەنوکـە ئاگـر بەسـت بەردەوامـە و هیـچ ئاماژەیـەک لـە شکسـتی تەواوەتـی [ڕێککەوتنەکـە] یـان دووبـارە دەسـت پێکردنـەوەی دوژمنایـەتی لـە ئـارادا نییـە.

٣. وا دیـارە کـە ئەولەویەتـی کـورد بریتییـە لـە بەردەوامیـدان لـە بەدەسـتهێنانی زۆرتریـن پـارە لـە ڕژێمـی بەعـس بـۆ گەشـەپێدانی کوردسـتان، واتـە ئـەو ناوچەیـەی کـە بەهـۆی شـەڕی بەردەوامـی چەنـد سـاڵی ڕابـردوو وێـران بـووە و دواتـر لەلایـەن حکومەتـی ناوەندییـەوە پشـتگوێ خـراوە. بـە بـڕوای باڵیـۆز، تـا ئـەو کاتـەی کـە ڕێـژەی پێویسـت لـە پـارە بـۆ ئەنجامدانـی کاری بونیاتنانـەوە و گەشـەپێدان [لـە بەغـداوە بێـت] لەوانەیـە کـورد خۆیـان دوور بگـرن لـە هـەر جـۆرە کێشـە نانەوەیـەک لەسـەر ناکۆکییـە بەرجەسـتەکانی نێـوان کـورد و ڕژێـم.

٤. لەکاتێکـدا کـە ئاوەدانکردنـەوە بـە هێواشـی بەردەوامـە، و حکومەتـی عێـراق جەخـت لـە بـەردەوام بوونـی لـە بەدیهێنانـی داواکاری کـورد دەکاتـەوە لـە پێدانـی جۆرێـک لـە ئۆتۆنۆمـی بـۆ ئیدارەدانـی کاروبـاری هەرێمەکەیـان (هەروەهـا هەندێـك پۆسـت کـە زۆر گرنـگ نیـن لـە حکومەتـی ناوەندیـدا)، بـەم هۆیەشـەوە ئاگربەسـت بـۆ ماوەیـەک بـەردەوام دەبێـت. هۆکارێـک کـە لەوانەیـە ببێتـە هـۆی شکسـتهێنانی چارەسـەر بریتییـە لـە هەوڵدانـی ئێرانیـەکان لـە وەرزی بەهـاردا بـۆ گوشـار خستنەسـەر هەندێك کەسـایەتی سـەرگەرمی کـورد تـا دووبـارە دەسـت بـە سـەرهەڵدانێکی فـرەوان بکەنەوە. تـا ئێسـتا هیـچ ئاماژەیـەک لـە ئـارادا نییـە کـە ئێرانیـەکان بـەم ئاڕاسـتەیە کار بکـەن. هـەروەک بەڕێـز بالفۆر-پـاول لـە نووسراوەکەیـدا ئامـاژەی پێـداوە، وەهـا دیـارە کـە ئێرانیـەکان دووبـارە پارەیەکـی زۆر لـەم بـارەوە بـە فیـڕۆ نـادەن. بـە بۆچوونـی مـن، ئـەوان زۆر زیرەکانەتـر ئیـدارەی ئـەم کێشـەیە دەکـەن، لەوانەیـە لـە ڕێگـەی ڕاوێژکردن بـێ بـەو شـارەزا ئیسرائیلیانـەی هـاوکاری پێشـمەرگە دەکـەن.

٥. یەکێـک لـەو نیگەرانیانـەی کـە لـە کاتـی ڕاگەیاندنـی ڕێککەوتنەکـە، دەربـڕدرا (بـە تایبەتیـش لەلایـەن جێگـری هەمیشـەیی وەزیـری (permanent under secretary) [کاروبـاری دەرەوە] لـە یاداشـتەکەیدا لـە ٦ی نیسـان کـە لـە نامەکەمانـدا هاتـووە)،

بریتــی بــوو لــەوەی کــە عێراقییــەکان دوای چارەســەری کێشــەی کــورد، لەوانەیــە دەســتیان کــراوە بێــت، بــۆ نانــەوەی کێشــە لــە شــوێنێکیتر. بــۆ نموونــە لەوانەیــە ئــەو ســەربازانەی کــە لــە کوردســتان جێگــر کــراون بــەرەو ئــەردەن بجوڵێــن، یــان لەبــری ئــەم کارە، ئــەوان ئــەم ســەربازانە ڕەوانــەی باشــوور بکــەن تــا ببنــە مەترســی بــۆ ســەر کوێــت (واتــە ئــەو شــوێنەی کــە پابەنــدی ئێمــە لــە بەرگری لێکردنــی، لــە مانگــی مــەی ١٩٧١دا کۆتایــی هــات) یــان بــۆ ســەر ئێــران، بــەڵام، لەبەرئــەوەی ڕێککەوتننامــەی ١١ ی ئــادار زۆرتــر وەک ئاگربەســتێک نــەک چارەســەریەک بەردەوامــە، نەتەنیــا زۆربــەی هێــزە نارێکخراوەکانــی کــورد هــەروەک خۆیــان ماونەتــەوە و چەکیــان لــە دەســتە، بەڵکــو حکومەتــی عێــراق تــا هەنوکــە تەنیــا توانیویەتــی لیوایەکــی پیــادە و بەشــێک لــە هێــزی پشــتیوانی لــە بەرەکانــی کوردســتان بکێشــێنێتەوە. لەوانەیــە ئــەم بارودۆخــە بــۆ ماوەیــەک بــەردەوام بێــت، و ئەمــەش لــە بەرژەوەنــدی گشــت ئــەو وڵاتانــەدا بێــت کــە گرنگــی بــە کاروبــاری کەنــداوی فــارس دەدەن.

(S. L. Egerton)

بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک

٢٤ی تشرینی دووەمی ١٩٧٠

٢٦ی تشرینی دووەمی ١٩٧٠

(ل ٢٠٩)

نهێنی

**دووبارە هەڵسەنگاندنی چارەسەری کێشەی کورد**

١. بـە تایبەتـی خوازیـاری خوێندنـەوەی نامەکـەی ئێـوە بـووم [ژمـارە] ٤، لـە ١٣ی تشرینـی دووەم پەیوەسـت بـە دووبـارە هەڵسـەنگاندنەوەی ڕێککەوتنـی کـورد لـە ١١ی ئـادار.

٢. نامەکـە (لـە ڕوانگـەی بەرژەوەندییەکانـی بەریتانیـا لـە عێـراق- نـەک لـە کەنـداو)، دڵخۆشـکەرە, کـە دواخسـتنی سـەرژمێری لـە باکـووری عێراقـدا، بـەو مانایـە نایێـت وەک ئــەوەی ئێمــە لێــرە لێــی دەترســاین کــە کــورد و بەعســییەکان جارێکیــتر دەســتەویەخەی یەکــتر بــن. وا دیــارە ئەولەویەتــی کــورد، پێــش ئــەوەی تیشــک بخەنـە سـەر ئـەو پرسـانەی کـە ناکۆکـی لـە ڕادەبەدەریـان لەسـەرە، کـە نامەکـەی ئێـوە زۆر بـە ڕوونـی ئاماژەی پێـداوە، بـەر لەهەمـوو شـتێک، ناچارکردنـی حکومەتـی ناونـدە بـە هەمـوو ئـەو شـتانەی بـۆ دووبـارە ئاوەدانکردنـەوەی کوردسـتان ئـەوان شــایەنن کــە لەشــەڕدا زیانــی بەرکەوتــووە،

٣. گومــان لــەوەدا نییــە، تــۆ لــە نزیکــەوە چــاو دەخەیتــە ســەر کوردســتان و لەهــەر ڕووداوێکــی گرنــگ ئاگادارمــان دەکەیــەوە. مــن لــەو بڕوایــەدام هەنوکــە لــە باکــوور خەریکــە زســتان دادێــت، بــۆ ماوەیــەک ناوچەکــە بــە ســەربازیی دەمێنێتــەوە. هــەروەک چــۆن لــە لوتکــەی ناکۆکیــەکانی ڕابــردوو هــەر وابــووە، بــەڵام لــەو بڕوایــەدام، کاتێــک بەهــار دەســت پێدەکاتــەوە، ئەمــە دەرفەتێکــە بــۆ کــوردە خوێــن گەرمــەکان، ئەگــەر بتوانــن ڕەزامەنــدی بارزانــی دەســتەبەر بکــەن، بانگەشــەی ئــەوە دەکــەن بەغــدا وەک پێویســت بودجــەی گەشــەپێدان تەرخــان نــاکات و ئــەم بیانوویــە بەکاردێنــن تــا هانــی بەعــس بــدەن بــۆ دەســت پێکردنــەوەی شــەڕ. ئەگــەر ئەمجــۆرە دانبەخــۆدا نەگرتنــە سروشــتییە لەگــەڵ هەوڵــە نەبڕاوەکانــی ئێرانییــەکان یەکــتر بگرنــەوە، بــۆ ئیحراجکردنــی ڕژێمــی بەعــس، کەواتــە عێــراق ڕووبــەڕووی شۆڕشــێکی دیکــەی کــورد دەبێتــەوە. بەهەرحــاڵ، ئێمــە بۆچوونــی ئێــوە لەبــارەی

ئــەوەی ئێرانیــەکان نایانەوێــت وزەی خۆیــان لــەو ڕێگەیــەوە بــە فیــڕۆ بــدەن بەهەنـد وەردەگریـن. لەوانەیـە هەوڵەکانیـان چڕبکەنـەوە بـۆ هاندانـی دوژمنایەتـی نێــوان عێــراق و دراوســێ عەرەبەکانیــان لــە دژی ڕۆژئــاوا.

(Philip Adams)

H. G. Balfour-Paul Esq،. C. M.G.

Baghdad

هاوپێچ:

Sir D. Wright، K، C، M، G، Tehran

M. Weir Esq، H. M. Poilitical Residency، Bahrain

نهێنی (ل ٢١٠- ٢٠١٦)

ڕاپۆرتی ڕاوێژکاری بازرگانی لە ٢١-٢٨ی تشرینی دووەم لە گەشتێک بۆ پارێزگاکانی باکوور

**پوختە**

من لەگەڵ هاوسەرەکەم بە فەرمی لە ماوەی نێوان ٢١-٢٨ی تشرینی دووەم سەردانی پارێزگاکانی باکوورمان کرد. سەردانی ئەم شوێنانەی خوارەوەمان کرد: کەرکووک، سلێمانی، بەنداوی دوکان، هەولێر، مووسڵ، دهۆک، سەرسەنگ و ڕواندز.

**کەرکووک**

**کۆمپانیای نەوتی عێراق (I. P. C)**

لە کەرکووک مێوانی کۆمپانیای نەوتی عێراق بووین و ئەوان بەشێک لە کارەکانی خۆیان نیشان داین. هەروەها زۆربەی کارمەندە بەریتانییەکانی کۆمپانیاکەمان بینی کە لە کەرکووک نیشتەجێن. لەگەڵ چەندین فەرمانبەری پلەبەرزی عێراقی بەشداری ئاهەنگێکمان کرد کە لەلایەن بەڕێز و مس گەیلان (Mr and Mrs Gillan) و بەڕێز ج. ئۆبسۆرن (Mr. J. Osborne) ڕێکخرابوو. ورەی فەرمانبەرە بەریتانیەکان زۆر بەرزە و من کەوتمە ژێر کاریگەری ڕێسای عێراقیەکان. پێدەچێ عێراقیەکان خۆشحاڵن لە بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ شانشینی یەکگرتوو و خۆشحاڵن بە وتەکانی ئەم دواییەی وەزیری دەرەوە لەبارەی فەلەستین و ڕەفتارەکانی خودی کۆمپانیای نەوتی عێراق. لەوکاتەوە هەست دەکەن لە ڕێگەی کۆمپانیای نەوتی عێراق دەناسرێنەوە، کە بە «ڕێکخراوێکی ئیمریالیستی-کاپیتالیست [هەژمار دەکرێت] ئەوان بەرژەوەندییەکی تایبەتیان لە بەرەوپێشچوونی ئەم پەیوەندیانەدا هەیە.

**پارسۆنز پاور گاز (Parsons Power Gas)**

ئێمە پەیوەندییمان بە فەرمانبەرانی پارسۆنز پاور گازەوە کرد کە گشتیان لە هۆتێل کەرکووک نیشتەجێن. لە ئێستادا ١٨ کەسیان لەوێن. دوو هاوژین و دوو

منداڵیش- کوڕێکی ١١ ساڵ و کچێکی ٩ ساڵ- لەوێ بوون. لە ڕووی خوێندنەوە منداڵەکان تووشی سەختی زۆر دەبن، چونکە مۆڵەت بە قوتابخانە دەرکراوەکانی کۆمپانیای نەوتی باکوور نادرێت کە ئەم منداڵانە وەربگرن (بەڕێز گەیلا پێی گوتم ئەو دەیەوێت ئەم کارە بکات و منداڵەکان بباتە قوتابخانە، بەڵام ئەم کارە پێشینەیەکی زۆر خراپ لەسەر ئەو دروست دەکات).

**ژووری بازرگانی**

پەیوەندیم بە سەرۆکی ژووری بازرگانی بەڕێز حەسەنی ئەلحەدیسی (Hassani al Hadithi)یەوە کرد کە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ مورتەزا ئەلحەدیسی، ئەنوەر و ناسر ئەلحەدیسی هەیە. ئاشکرا بوو ئەم پڕۆژانەی خوارەوە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە لە کەرکووک ئەنجام دەدرێن:

ا کارگەیەکی بچوکی ئاشی ئارد (تێچوو: نزیکەی ٢٠٠،٠٠٠ دیناری عێراقی)، ئەم پڕۆژەیە بە هاوبەشی لەگەڵ کەرتی گشتی ئەنجام دەدرێت. ئەم کارگەیە تا هەنوکەش لە قۆناغی پڕۆژەدایە و بە دەست پارێزگارەوەیە.

**ب** کارگەی ریسی پەشم.

**ج** کارگەیەکی بچووکی پلاستیک.

**د** کارگەیەک بۆ ئامرازەکانی دارتاشی و دروستکردنی چوارچێوەی وێنەکان.

بەڕێز ئەلحەدیسی پرسیاری کرد، ئایا ئێمە دەتوانین ئەمانەی خوارەوە دابین بکەین:

ا کەتەلۆکی کارگەکانی بەڵێندەران.

**ب** کۆپییەک لە دوایین لیستی کڕیارە عەرەبەکانی کاڵای ئینگلیزی.

جەختم لەوە کردەوە ئێمە دەتوانین چ هاوکارییەک پێشکەش بکەین و پێشنیازی ئەوەم کرد کە فەرمانبەرەکانی دەتوانن پەیوەندی بە (B. C. O) لە بەغدا بکەن.

**پارێزگار**

پەیوەندیم بە پارێزگار (غانم عەبدولجەبار)ەوە کرد. گفتوگۆیەکی زۆر دۆستانەمان هەبوو. جەختی لەوە کردەوە حاڵیحازر، پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی باکوور و (H. H. G) بەرەوپێشچوونێکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە. دواتر ئاماژەی بە داواکاری ٢٢ی تشرینی دووەمی وەزیری نەوت دا لەبارەی ڕێکاری هاوبەش بە ژمارەی (٤٥٧/٥٥٧)، و بەرزبوونەوەی ٩ سەنت بۆ هەر بەرمیلێکی نەوتی خاوی بەسرا. هەروەها پەیوەندیی لۆکاڵی لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی باکوور زۆر پتەوە. کاتێک بەڕێز گەیلان بوو بە بەڕێوەبەری گشتی، غانم، ئامۆژگاری گەیلانی کردووە وەک ‹سکۆتلەندیەک› نەبێت. بەهەرحاڵ، غانم هەست بەوە دەکات کە کۆمپانیا نەوتی باکوور، بۆ دانی بەخششەکان بە پارێزگار، زۆرتر لەگەڵ کەسانی پێشووتر مامەڵە دەکات نەک لەگەڵ ئەو. دواتر باسی ئەوەی کرد کە چۆن کۆمپانیای نەوتی باکوور بە دەست کارگەی قیری باربێر گرین (Barber Green) گیری خواردووە و گوتی هیوادارە بەڕێز گەیلان ئەم کێشەیە چارەسەر بکات. (دواتر بەڕێز گەیلان کێشەکەی ڕوونکردەوە. کۆمپانیای نەوتی عێراق لە کەرکووک لەلایەن نووسینگەی خۆیان لە بەریتانیاوە ئامۆژگاری دەکرێت بۆ دانی ٢٠،٠٠٠ پاوەند بە کارگەی باربێر گرین، بەڵام دواتر ئاشکرا بوو کە ئەم کارە بێ سوودە بێ دروستکردنی کارگەیتر کە نزیکەی هەمان تێچوو هەڵدەگرێت. دواتر ئەوان بە دوای کارگەی دووەمدا گەڕان و لەم بارەوە جێگرەوەیەکی دیکەیان خستە بەردەم پارێزگارەوە، کە تێچووەکەی ١٧ هەزار پاوەند بوو یان دانی ١٠ هەزار پاوەند بۆ هەندێك پڕۆژەیتر. بە بڕوای بەڕێز گەیلان پێویستە کۆمپانیا لەم بارەوە بەخشندە بێت).

پارێزگار ئەوەی بە کۆمپانیا بەریتانیەکان گوت کە بۆ دابینکردنی پاسی یەک قات، بڕی ١٠٠ هەزار دیناری عێراقی لە خەزێنەی خۆیەوە [واتە خەزێنەی پارێزگا] بۆ ئەم کارە تەرخان کردووە.

### سلێمانی

### پارێزگا

پەیوەندیم بە پارێزگار (شوکری ئەلحەدیسی)یەوە کرد، کە بۆ ماوەی ١٠ مانگ لە سلێمانی بووە و دواتر کوردێک لە شوێنی دانراوە. (کوردێکی هاوڕێ لە ژووری چاوەڕوانی پێی گوتم ١٠٠ کورد بۆ فەرمانگەکانی سلێمانی وەرگیراون. بەروپێشچوون لە دامەزراندنی فەرمانبەران بەرچاو دەکەوێت. بۆ نموونە هەنوکە پۆلیس لەلایەن کەسێک کە پێشتر پێشمەرگە بووە بەڕێوە دەبردرێت).

بەڕێز حەدیسی گوتی، لەو بڕوایەدایە، بڕی ٤٠-٥٠ ملیۆن دیناری عێراقی بۆ گەشەپێدانی کوردستان تەرخان دەکرێت، بە تایبەتی بۆ هاوینەهەوارەکان و ڕێگاوبانەکان.

### سەرۆکی زانکۆ

پەیوەندیم بە سەرۆکی زانکۆی سلێمانی، محەمەد ساڵح کرد. ئەو ڕۆشنبیر و بەڕێزە و زۆر ئارەزووی دۆستایەتی هەیە. من ئەوم بانگێشت کرد لە بەغدا سەردانمان بکات و ئەویش قبوڵی کرد. لە ئەمریکا لە شیکاگۆ خوێندوویەتی و بواری زانستییەکەی کۆمەڵناسی و مێژووە. گوتی لە ئێستادا زانکۆ بە هەزاران قوتابی هەیە، بەڵام زانکۆ پارەی نییە. لە چەندین بۆنەدا زانیویەتی سەرۆک بەکر لەم بارەوە یارمەتیدەر بووە. بۆ بیناکانی زانکۆ پێویستی بە دوو ملیۆن دیناری عێراقی هەیە، بەڵام تا هەنوکە تەنیا ٨٠٠ سەد هەزار دیناری عێراقی بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکراوە. زانکۆ ساڵانە بودجەیەک بە بڕی ١٠٠،٠٠٠ دیناری بۆ تەرخانکراوە. حاڵیحازر، زانکۆ سێ بەشی هەیە؛ ئەندازیاری، زانستە بنەڕەتییەکان و کشتوکاڵ، بەڵام بەشەکانی ئەدەب و زمان کە ئینگلیزیش لە خۆ دەگرێت لە ساڵی ١٩٧١ زیاد دەکرێن و بەشی دەرمانسازیش لە ساڵی ١٩٧٥دا دەکرێتەوە، زانکۆ پێویستی زۆری بە:

**ا** پەرتووک و پێداویستیەکانی دیکە هەیە (بە سەرۆک زانکۆم گوت تاڕادەیەک ئێمە لە ڕووی پەرتوکەوە یارمەتیتان دەدەین).

**ب** وانەبێژی بەریتانی.

ج زەمالات. لەم بارەوە داوای پەیوەندی ڕاستەخۆی لەگەڵ کونسولی بەریتانیا کرد بۆ دەستەبرکردنی زەمالات و ناردنی وردەکارییەکان لە ڕێگەی وەزارەتی خوێندنی باڵاوە.

**کارگەی بێجگەرە**

پەیوەندیم بە شەفیق ئەحمەد ئەلچەلەبی، بەڕێوەبەری گشتی کارگە کە سەرۆکی ژووری بازرگانیشە کرد. ئەو یەکسەر بانگەشەی ئەوەی کرد کە بە درێژایی دە ساڵ لەگەڵ شۆڕشی کوردا بووە و لەم ماوەیەدا لە کەرکووک ژیاوە و هەماهەنگی لە نێوان کورد و عەرەبەکاندا کردووە. لە ١٩٧٠وە کارگەکە بەڕێوە دەبات و ئەزموونی لە قۆرغکردنی بازرگانی توتن لە سلێمانی هەیە-واتە شوێنی نیشتەجێ بوونی پێش سەرهەڵدانی پشێوییەکانی کورد. لەبارەی داهاتوو و گەشەی باکوور ئومێدی هەیە. هەم عەرەب و هەم کورد بە ئەندازەی پێویست خوێنیان ڕژاوە و هیچ سودێک بۆ هەردوولایەن لە بەردەوامی ئەم بارودۆخە خراپەدا نییە. لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا هیچ پێشکەوتنێک لە سلێمانی نەهاتووەتە دی.

لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی و ئەندازیارێکی تەکنیکی بە ناوی عەزیز کە لە زانکۆی لیدز خوێندویەتی، کارگەی جگەرەمان بەسەر کردەوە. کارگە پڕە لە کەرەستەی ئەڵمانی، بە تایبەتی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، بەڵام ئامرازی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات زۆر کەمن. بەڕێوبەری گشتی و ئەندازیارە تەکنیکییەکە گوتیان بەرهەمەکانی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا لە هی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات باشتر و تەمەن درێژترن. کۆمەڵێک ئامرازی بەستەبەندیکردن بە بڕی ١٠،٠٠٠ دیناری عێراقی لەلایەن کۆمپانیای مولین (Molines) دابینکراوە.

**هەولێر**

**پارێزگار**

لە هەولێر لەگەڵ بەڕێز جۆرج بۆس (Goerge Booth) کە لەلایەن UNDP شارەزای دارستانە کۆ بووینەوە. بەڕێوەبەری UNDP/FO، توێژینەوەی دارستان/ پرۆژەی ڕاهێنان و ئیدارەدانە. منی بردە لای پارێزگار و کاتی چاوپێکەوتنی لەگەڵ پارێزگار بۆم وەرگرت. لە ڕاستیدا، پارێزگار لەوێ نەبوو و لەگەڵ وەزیری کشتوکاڵ

و ئاودێـری و چاکسـازیی زەوی چووبوونـە سـەردانی دامەزراندنـی پـڕۆژەی کشـتوکاڵی لـە مەخمـور. بۆیـە ئێمـە قسـەمان لەگـەڵ جێگـری پارێـزگار، کانەبـی عەزیـز دزەیـی، کـرد و گوتـی، کوڕخاڵـی موحسـین دزەییـە و هەولێرییـە. مرۆڤێکـی زۆر بـەژن کورتـە و سـەرێکی سـپی وەک مەرمـەڕی هەیـە. گوتـی، بەپرسـی ئیداریـی جێبەجێکردنـە. کاتێـک پشـێوی لـە باکـوور سـەریهەڵدا ئـەو بـۆ ناسریـە گوازرایـەوە، دواتـر لـە بەشـی بەرگـری مەدەنـی لـە بەغـدا، ئەرکێکـی بـێ کەڵکیـان پێسـپارد.

بەڕێـز دزەیـی ئامـاژەی بـەوە کـرد پارێـزگار وەک خـودی ئـەو، کوردێکـی لایەنگـری بارزانییـە. لـە ڕاسـتیدا گشـت کاربەدەسـتە پلـە بـەرزەکان لـە هەولێـر هەنوکـە کـوردن، ئەگەرچـی بەڕێوەبـەری ئاسـایش «یەکێکـە لـە هاوپەیمانەکانمـان، بەعسـییە». بـە قسـەی ئـەو هەولێـر ٩٩٪ کـوردن.

بەڕێـز دزەیـی گوتـی بـڕی ٩٠٠ هـەزار دینـار لەلایـەن حکومەتـی ناوەندییـەوە بـۆ ئاوەدانکردنـەوەی [باکـوور] تەرخانکـراوە، بـۆ نموونـە بـۆ دووبـارە دروسـتکردنی خانـووە بۆمبـاران کـراوەکان، پارێـزگاری هەولێـر گەورەتریـن پشـکی لـە بودجـەی [باکـووردا] هەیـە، چونکـە زیانەکانـی ئـەم پارێزگایـە زۆرتـر بـوون. کـورد خۆشـحاڵن کـە جەنـگ تـەواو بـووە، بـەڵام ئـەوان:

ا داوای پـارەی زۆرتـر بـۆ گەشـەپێدان دەکـەن. بـۆ ئـەم مەبەسـتە بـە تونـدی گوشـار دەخەنـە [سـەر حکومەتـی بەغـدا].

**ب** پشـکێکی زۆرتریـان دەوێـت لـە حکومەتـی ناوەنـدی لـە بەغـدا. وەزیـرەکان ڕازی نیـن و داوای دەسـەڵاتی زۆرتـر دەکـەن، تـا بەرژەوەنـدی کـورد بـە باشـی ڕەچـاو بکرێـت. حکومەتـی ناوەنـدی پۆسـتی جێگـری سـەرۆک کۆمـاری بـە ئیدریـس بارزانـی بەخشـیووە، بـەڵام مەلامسـتەفا نایەوێـت نـە خـۆی و نـە هیـچ یـەک لـە ئەندامانـی خێزانەکـەی ئـەم پۆسـتە وەرگـرن. ئـەو شـتەی کـورد دەیانەوێـت بریتییـە لـە جێگـری سـەرۆکایەتی (the vice presidency)، نـەک یەکێـک لـە چەندیـن پۆستەکانی جێگـری سـەرۆک. کـورد بـۆ هـەر پێشـهاتێک، پارێزگاریـان لـە بەشـێک لـە پێشـمەرگە کـردووە.

بەڕێــز دزەیــی بــە ئامــاژەدان بــە شــێخ مەحمــود، گوتــی بەریتانیــا لــە ڕابــردوودا دۆســتی کــورد نەبــووە. کــورد پێویســتیان بــە یارمەتــی زۆرتــرە و هیــوادار بــوو ئــەم یارمەتیانــە لــە داهاتــوودا زۆرتــر بــن. بــۆ ئێســتا، کــورد تەنیــا بــە هیــوای خود-موختاریــن لــە چوارچێــوەی عێراقــدا، بــەڵام ئامانجــی ســەرەکی بریتییــە لــە کوردســتانی گــەورەی خــاوەن گەلێکــی ١٥ ملیــۆن کەســی (لــە ئێــران و ســووریا و عێــراق و تورکیــا و یەکێتــی ســۆڤیەت) ناکــرێ چاوپۆشــی لێبکرێــت.

ئامــاژەی بــە ئەگــەری هــاوکاری بەریتانیــا کــرد بــۆ دامەزراندنــی کارگــەی کەرپــوچ. پڕۆژەیەکــی ١.٥ ملیــۆن دینــاری عێراقــی. وردەکارییــەکان لەلایــەن بەڕێــز نەجم ئەلقەســابە، کــە یاریــدەدەری وەزیــرە لــە وەزارەتــی پیشەســازیی و هەولێرییــە.

### ژووری بازرگانی

پەیوەندیــم بــە ژووری بازرگانییــەوە کــرد و هەندێــك لــەوان گوتیــان ئــەوان لــە بەغــدا ســەردانمان دەکــەن، بــۆ ئــەو کاتــەی ئــەوان دەیانەوێــت:

ا وردەکاری لەبــارەی کارگــەی ئــارد، بــە توانــای ٢٠-٥٠ تــەن، و نرخەکــەی و بابەتیــتر بزانــن.

ب کەتەلــۆک و زانیــاری، بــە تایبەتــی کەتەلۆکــی بــلاک ســتۆن (black stone) و مەکینــەی ڕۆســتۆن (Ruston engine).

### ژەنەڕاڵ

ئێمــە پەیوەندیــمان بــە عەبــدوڵا ســکۆتلەندییەوە کــرد، پیاوێکــی پیــری ســکۆتلەندی، کە لــە ســاڵی ١٩١٦ هاتووەتــە عێــراق و هیــچ کات نەگەڕاوەتــەوە. لەگــەڵ ژنێکــی مووســڵاوی هاوســەرگیریی کــردووە و هەشــت منداڵــی هەیــە، یەکێکیــان وەک ســکرتێر لــە لای بەڕێــز جــۆرج بــۆس کار دەکات. ئێمــە پێکــەوە لەلایــەن هاشــم کــە کــوردە و بەڕێوەبــەری جێبەجێــکاری بەڕێــز بۆســە، نانــی نیوەڕۆمــان خــوارد.

**مووسڵ**

**پارێزگار**

بە درێـژای ڕۆژ کـە لـەوێ بـووم، مومکیـن نەبـوو پەیوەنـدی بـە پارێـزگاری مووسـڵەوە بکەیـن چونکـە لە دەوام نەبوو. جێگری پارێزگاریش چووبووە سـەردانی پـڕۆژە خۆجێیەکان. بەهەرحـاڵ، پەیوەندیـم بـە عەبدولجـەواد، ئـەی. ئەلنعێمـی، سـکرتێری ژووری بازرگانییەوە کـرد، کـە هـاوکات بەڕێوەبـەری گشـتی کارگـەی چیمەنتـۆی مووسـڵە. دوای ئـەوەی خـۆم پەیوەندیـم پێوەکـرد، هەواڵـی گەیشـتنم گەیشـتە ئـەو. هەروەک چـاوڕوان بـووم، نەمتوانی پەیوەنـدی زۆر لـە مووسـڵ بـە کەسـەکانەوە بکـەم، چونکـە بەهـۆی هەندێـك هـۆکارەوە وا دیـار بـوو سـکرتێر دەیەویسـت مـن لـە لای خۆی ڕاگرێـت. بۆ نموونـە، کاتێک مـن داوام کرد پەیوەنـدی بـە سـەرۆکی ژووری بازرگانییـەوە بکات، پێی گوتم سـکرتێر گرنگترە. سـکرتێرەکە وای نیشـاندا کـە کاتـی بـۆ کەرتـی تایبـەت نییـە و هەندێـك لەسـەر پڕۆژەکەی خۆی قسـەی کـرد. لـەوەی گـە پەیوەنـدی بـەم بابەتەوە هەیـە گوتی:

ا سـێ ملیـۆن دینـاری عێراقـی بـۆ کارگەکانـی چیمەنتۆی مووسـڵ و سـلێمانی تەرخانکراوە (بـڕی ١.٥ ملیـۆن بـۆ هـەر کامەیان).

**ب** کۆمپانیان فایڤلیل (Fivelill)ی فەرەنسی، ئامرازە سەرەکییەکانی دابینکردووە، بەڵام ئەو دەیەوێت ئامرازەکان بەریتانی بن. لەم بارەوە سەردانی بەریتانیا و فەرەنسا دەکات.

**ج** بـەو هیوایـە بـوو کۆمپانیـا بەریتانییـەکان کـە حەزیـان لـەم کارەیـە، پەیوەنـدی بـە وەزارەتـی پیشەسـازیی یـان دامەزراوەکانـی دەوڵەتـەوە بکـەن.

**دهۆک**

**پارێزگار**

پەیوەندیـم بـە عەلـی سـنجاری، جێگـری پارێـزگارەوە کـرد، چونکـە لەوکاتـەدا پارێـزگار لـەوێ نەبـوو. سـنجاری ئەندامـی کۆمیتـەی ناوەنـدی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و فەرماندەیەکـی پێشـووی پێشـمەرگەیە- پیاوێکـی بـاش و زۆر دۆسـتانەیە. ڕەقیـب حسـێن

مەلا، جێگری پارێزگار بۆ کاروباری کارگێڕیی و قایمەقامی لەگەڵدا بوو. گوتی ئێمە هەموومان کوردین و بۆیە ئێمە دەتوانین بە ئازادی قسە بکەین!

سنجاری جەختی لەسەر ناوچە دواکەتووەکان کردەوە و ئاماژەی بە نەبوونی گەشەسەندن لە نێوان سالانی ۱۹۵۲-۱۹۵۸ کرد. لەگەڵ شۆڕشی ١٤ی تەمووز هەموو شتەکان ڕاوەستان و ۱۲ ساڵ جەنگ ئەم ناوچانەی لە دواوەی زەمەن بەجێهێشت. بەهەرحاڵ، هەنوکە شتەکان باشترن و لە داهاتوودا گشت بڕیارەکان لە بەغداوە دەردەچن و ئەم بڕیارانەش لەلایەن پ.د.ک و حیزبی بەعسەوە دەردەکرێن. ئەو خوازیاری یارمەتی بەریتانیا بوو بۆ گەشەپێدانی باکوور و پێشنیازی ئەوەکرد من و باڵیۆزی بەریتانیا پەیوەندی بە وەزیری کاروباری باکوور بکەین کە «یەکێکە لە ئێمەومانان›› [واتە سەر بە ئێمەیە]. (لە ڕاستیدا ئەو، ئەو کەسەیە کە سەرکردایەتی هێرشکردنە سەر ئەو پڕۆژەیەی کرد کە لە بواری جێبەجێکردندا بوو لە کەرکووک لە ئاداری ١٩٦٩). ئەو خوازیارە:

ا کۆمپانیا بەریتانییەکان بەشدار بن لە گەشەپێدانی کەرتی گەشتیاری و کێشانی ڕێگاوبان. بۆئەوەی کەرتی گەشتیاریی گەشە بکات، پێویستە کۆمپانیا بێگانە بەناوبانگەکان، هۆتێلەکان بەڕێوە ببەن؛ چونکە حکومەتی عێراق حاڵیحازر ئەم توانایەی نییە.

ب یارمەتی کۆمپانیا بەریتانییەکان لە کەرتی تایبەت کە حکومەت هەنوکە هانی ئەم کەرتە دەدات. ئەو زۆر هیوای بەمە هەبوو.

ج هاوکاری بەریتانیا، هەڵبەت لە ڕێگەی حکومەتی بەغداوە.

د ڕێککەوتن لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوت، بەمجۆرەش کوردستان پارەی زۆرتری دەبێت.

حکومەت بە توندی لەسەر دووبارە ئاوەدانکردنەوە کار دەکات. ئامانجی حکومەت بریتییە لە دروستکردنی ۱۰،۰۰۰ خانوو، بەڵام ئەولەویەت بۆ ئەو کەسانەیە کە زۆرتر پێویستیان پێیە. ئەوان بودجەیان بۆ دووبارە دروستکردنەوەی ۳۰۰۰ خانوو لەم ساڵەدا تەرخان کردووە و لەم ژمارەیەش تا هەنوکە ۲۸۵۰ خانوو تەواو بوونە.

بەهەرحاڵ، پارەی زۆرتر پێویستە. هەروەها پارە بۆ کێشانی ڕێگاوبان خەرج دەکرێت و ڕێگەی کانی ماسی دروست دەکرێت کە ناوچەیەکی بە پیتی بەرهەمهێنانی سێوە. بە باشتر بوونی ڕێگاوبانەکان، لە داهاتوودا ئەم ناوچەیە دەتوانێت سێوی باش بۆ عێراق دابین بکات.

**ئەنجامەکان**

گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم گەشتە بریتیین لە:

ا کورد خۆشحاڵن بە کۆتاییهاتنی شەڕ و هیچ ئاماژەیەک نییە کە ئەوان خوازیاری دەست پێکردنەوەی شەڕ بن.

ب هەنوکە تاڕادەیەک بارودۆخ لە باکوور ئاسایی و ئارامە. ئەگەرچی ژمارەیەک خاڵی پشکنین لە هەندێك ناوچەدا هەن، بە تایبەتی لە سەر ڕێگای نێوان هەولێر و ڕواندز، بەڵام هاتوچۆ ئاسانە.

ج پ.د.ک خەریکی دامەزراندنی لایەنگرەکانیەتی لە دامودەزگاکانی پارێزگاکانی باکوور و لەم ڕێگەیەشەوە دەیەوێت جۆرێک لە حوکمێزاتی دەستەبەر بکات. بەهەرحاڵ، ئەوان لە حکومەتی ناوەندی پشکێکی گەورەتری دارایی و دەنگێکی زۆرتریان لە خودی حکومەتی ناوەندیدا دەوێت.

د ئەگەرچی ژمارەیەک لە سەربازگە هەن، بەڵام بەڵگەی هەبوونی ژمارەیەکی زۆری سوپا لە ئارادا نییە.

(10 December 1970) (D. F. Hawley)

کۆپیەک بۆ:

H. E.

بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک.

Mr. R. M. Evans،

Mr. T. H. Sinclair، C. R and E. Dept،. (B. of T.) (2)

نهێنی (ل ٢١٧)

باڵیۆزی بەریتانیا

(٤/١)

بەغدا

١١ کانوونی یەکەمی ١٩٧٠

١. باڵیۆز پێشنیازی کرد کۆپیەکی سەرداخراو لە یاداشتەکانی لەبارەی پەیوەندیی ئەم دوایییەی لەگەڵ وەزیری کاروباری باکوور، بۆت بنێرم.

٢. پەیوەست بە پەرەگرافی ٤، پێشنیازی بانگێشتکردنی ئۆکسفام دەکەین [بۆ یارمەتیدانی کورد]. ئەو گەشتانەی دۆنالد هاولێی (Donald Hawley) و دێڤید بارویل (David Barwell) بۆ هەرێمی کوردستانیان ئەنجامداوە، هەژاری و ناڕەحەتی کورد کە لە ماوەی دە ساڵ جەنگ تێیدا ژیاون، پشتڕاست دەکەنەوە. ئاشکرایە ئۆکسفام ناتوانێت بە هەمان شێوەی گولبێنکیان (Gulbenkian) بۆ سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوەی گوندێک پارە دابین بکات، بەڵام هەروەک وەزیر، بە باڵیۆزی ڕاگەیاندووە، لەوانەیە زۆرتر ستایشی هەڵوێستێکی بچووک بکرێت، لەبری هەڵوێستێکی گەورە. هەروەها ئێمە نامانەوێت ڕووس (هەروەها گولبێنکیان و ئیسپانیەکان) لەم کارە دوور بکەونەوە کە ئەمە تەنیا کاری خێرخوازیی ئاشکرایانە.

٣. هەروەها لەوانەیە پێت خۆشبێت بزانی کە لە میانەی ئەم گەشتەدا، دێڤید بارویل، چاوپێکەوتنێکی دوورودرێژی لەگەڵ خودی مەلامستەفا بارزانیدا هەبووە و بەڵێنیداوە کە کورتەیەک لەسەر بۆچوونەکەی لەبارەی کەسایەتی مەلامستەفا و تەندروستیەکەی بنووسێت، تا ئێمە بۆتی بنێرین.

(A. C. D. S. Macrae)

P. R. M. HINCHCLIFFE، Esq.

بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک

کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس.

پەیوەندیکردن بە وەزیری کاروباری دەرەوە (ل ٢١٨-٢٢٠)

١. دوێنــی مــن و بەڕێــز هاولێــی لەلایــەن وەزیــری کاروبــاری باکــوور (کــە پێدەچــێ تایتلێکــی گونجــاو بێــت) بــۆ مــاوەی یــەک کاتژمێــر و چارێکێــک پێشــوازیمان لێکــرا. محەمــەد مەحمــود کــە قســەکەرێکی لەســەرخۆیە و بەکالۆریــۆسی لــە زانســت لــە زانکــۆی مانچســتەر بەدەســتهێناوە، پێموایــە تەمەنــی نزیکــەی ٣٧ ســاڵە. دوور لــە هەرجــۆرە هەســتێکی هێرشــبەرانە، وەک کەسێکی بەهێــز دەرناکەوێت. وەک کەسێکی خــاوەن خەسڵەتی بەهێــز ســەیری منــی دەکــرد و بێگومــان ئــەو کەسێکی پــاک بــوو. هەروەهــا ڕۆحیەتێکــی دۆســتانەی هەبــوو. هــەروەک بەڕێــز هاولێــی لــە باکــوور ئــاگادار کراوەتــەوە، ئــەو بریــکاری ســەرەکی کــوردە لــە حکومەتــدا. ئــەم ناســینەش شــایانی پێزانینــە. ئەمــەی خــوارەوە کورتەیــەک لــەو قسانەیە کــە کــردی و بــە شــێوەی ســەردێر ڕێکخــراوە نــەک بــە پێــی قســەکانی ئــەو.

٢. پەیوەندی لەگەڵ شانشینی یەکگرتوو

ئــەو بــە چــڕی قســەی لەســەر نۆســتالۆژیای کــورد لەبــارەی بەریتانیــا کــرد. لــە ســەرووی هەمــوو شــتێکەوە ستایشــی دیموکراســی بەریتانیــای کــرد و گوتــی هێشــتا بەریتانیــا دەتوانێــت ڕۆڵێکــی گرنــگ لــەم وڵاتــەدا بیگێڕێــت. قســەیەکی بارزانــی گێڕایــەوە کــە «گەلانیــتر گلەیــی ئــەوە دەکــەن لەلایــەن بەریتانیــاوە کۆلۆنیالیــزە کــراون، بــەڵام ئێمــە گلەیــی دەکەیــن، چونکــە کۆلۆنیالیــزە نەکراویــن».

٣. کارکردەکانی وەزارەتەکەی

گوتـــی وەزارەتـــی کاروبـــاری باکـــوور، کارکـــردی جێبەجێکاریـــی هەیـــە، بـــەڵام هیــوادار بــوو کارکردەکانــی دووبــارە دابڕێژرێنــەوە، وەک دەســەڵاتێکی هەماهەنگــەر بــۆ گەشــەپێدانی باکــوور و بــە جۆرێــک لــە جــۆرەکان پەیوەنــدی لەگــەڵ وەزارەتــی پلاندانانــەوە هەبێــت. پــتر لــە جارێــک ئامــاژەی بــە بەندەکانــی ڕێککەوتنامــەی ١١ی ئــادار کــرد کــە دووپاتــی کردووەتــەوە بابەتەکانــی دووبــارە بونیاتنانــەوەی پەیوەســتە بــە وەزارەتەکــەی ئــەو. دەتوانێــت قســە لەگــەڵ وەزارەتێکیــتر بــکات کاتێــک کــە دەســەڵاتە داراییەکانــی ڕووبــەڕووی پرســیار دەبێتــەوە. (بــە بــڕوای مــن ئــەو ئامــاژە

بـۆ پەرەگرافـی ٧ (ئـەی) لـە بەیاننامەکـە دەکات کـە دەڵێـت «لێژنەیـەک لـە شـارەزایان پێکدەهێندرێـت بـۆ چاودێـری کردنـی گەشەسـەندنی گشـتی لـە ناوچەکانـی باکـوور و دیارکردنـی قەرەبـوی دواکەوتنـی ئـەم چەنـد سـاڵەی دوایـی››. هەروەهـا بودجـەی پێویسـت بـۆ ئـەم مەبەسـتە تەرخـان دەکرێـت. لێژنـەی بەرپرسـیار دەتوانێـت بچێتـە ژێـر دەسـەڵاتی وەزارەتـی کاروبـاری باکـوورەوە.)

٤. ئاوەدانکردنەوە

دوای ١٠ سـاڵ لـە جەنـگ و دواکەوتـن، کـورد نـە خۆراکیـان هەیـە نـە پۆشـاک، نـە خانـوو. نزیکـەی ٣٠،٠٠٠ خانـوو بەهـۆی شـەڕ لـە نزیکـەی ٧ بـۆ ٨ هـەزار گونـد زیانیـان بەرکەوتـووە. تـا هەنوکـە دەسـەڵات تەنیـا ٣٠٠٠ خانـووی نـۆژەن یـان دروسـت کـردووە. ژمارەیەکـی زۆری خانـوو مـاون دروسـت بکرێنـەوە، بەریتانیـا ناتوانێـت دووبـارە ئاوەدانکردنـەوەی گوندێـک لـە ئەسـتۆ بگرێـت بـۆ پێشـاندانی مەیلیـان و وەک بیرەوەرییەکـی هەمیشـەیی یـادی بکرێتـەوە. گۆلبێنکیـەکان بـە بـڕی حەوتـا هـەزار پاوەنـد بـۆ دووبـارە ئاوەدانکردنـەوەی گوندێـک لـەم کارەدا بەشـدار بوونـە. پارەکـە ڕاسـتەوخۆ بـە وەزارەتەکـەی ئـەو [وەزارەتـی کاروبـاری باکـوور] دراوە. لەوانەیـە بـە پێـی بەنـدی ٧ (ئـەی).

٥. گەشەسەندن

دوو ڕووپێو لە بواری جێبەجێکردن دان:

**ا** ئیسـپانیەکان ڕووپێوێـک سـەبارەت بـۆ پۆتانسـێلی کەرتـی گەشـتیاری و دابینکردنـی یارمەتیـە لاوەکییـەکان ئەنجـام دەدەن و تـا هەنوکـەش ١٨،٠٠٠ دۆلاریـان وەک پێشـینە بەخشـیووە.

**ب** ئیتالییـەکان ڕووپێوێـک بـۆ دووبـارە نوێکردنـەوەی کەرتـی ئامرازەکانـی گەشـتیاری لـە چـوار ناوچـەدا بەڕێوەدەبـەن.

٦. ئـەوان (چەمکێـک کـە وەزیـری کاروبـاری باکـوور بەکاریهێنـا بـۆ ئامـاژەدان بـە حکومـەت[ی بەغـدا])، لـە ڕووی داراییـەوە، پـارەی پێویسـت تەرخـان ناکـەن،

لەوانەیـە بودجـەی تەرخانکـراو لـە داهاتـوو یارمەتیـدەر بێـت. ئـەوان گشـت یارمەتییەکانـی کۆمپانیـای نەوتـی عێراقیـان بـە بـڕی ٢٠ ملیـۆن پاوەنـد بـۆ وەزارەتـی بەرگـری بـرد بۆئـەوەی کورتهێنانـی مووچـە و یارمەتیـەکان پـڕ بکەنـەوە. ئـەو بـەو هیوایـە بـوو وڵاتـە دۆسـتەکان پـەرە بـە یارمەتییەکەیـان بـدەن بـۆ گەشـەپێدانی باکـوور، ئەویـش لـە ڕێگـەی کەناڵەکانـی حکومەتـی ناوەندییـەوە.

٧. لەبـارەی پڕۆژەکانـی گەشـەپێدان لـە کەرتـی تایبەتـدا، کـە ئێمـە پرسـیارمان لێکـرد، بەڵێنێـدا کۆپیـەک لـە لیسـتێکی بـڵاو نەکـراوە [لـەم کەرتانـە] لـە باکوورمـان بـۆ بنێرێـت. بەمجـۆرەش ئێمـە دەتوانیـن سـەرنجی ژووری بازرگانـی بەریتانیـا ڕاکێشـین. هەروەهـا ئامـاژەی بـەوە کـرد لـەو کاتـەوە کـە ئـەم بابەتـە بـووە بـە دەسـەڵاتی وەزارەتـی پیشەسـازیی، باشـترە کـە ئێمـە ئـەم بابەتـە لەگـەڵ تەهـا ئەلجـەزراوی-یـان (دوای کەمێـک بیرکردنـەوە ئـەو گوتـی کـە) لەگـەڵ عەمـاش ئـەم بابەتـە بـاس بکەیـن کـە بەرپرسـی ڕاسـتەقینەی گشـت ئـەم بابەتانەیـە. ئایـا ئـەو بـە ڕاسـتی لیسـتەکە دەنێرێـت دەبـێ بوەسـتین و چـاوەڕوان بیـن.

٨. هاوکاریی تەکنیکی

ڕووسـیا بێگەڕانـەوە بـۆ حکومەتـی ناوەنـدی، ٢٠ زەمالـەی بـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بەخشـیووە. [وەزیـری کاروبـاری باکـوور] پرسـیاری کـرد، ئایـا حکومەتـی بەریتانیـا ناتوانێـت شـتێکی هاوشـێوە بـکات؟ ئێمـە ئەوەمـان ڕوونکـردەوە کـە ئەنجوومەنـی بەریتانیـا و ئێمـە (نوێنەرایەتـی O. D. M) ئـەو بوارانـە کامانـەن کـە پێویسـتە ئێمـە لەمیانەیـان کاربکەیـن. خۆشـحاڵ بـوو بـە ئەگـەری بەخشـینی زەمالاتـی خوێنـدن لەلایـەن O. D. M بـە قوتابییـانی کـورد و هیـوادار بـوو ئێمـە بتوانیـن لـەم بـارەوە پێشـنیازێک بدەینـە سـورەیا ئەلخوجـە. هـاوڕا بـوو لەسـەر ئـەوەی کەرتـی کشـتوکاڵ، دارسـتان و پلاندانـان بـۆ گەشەسـەندن، کەرتـی سـوودمەند دەبـن بـۆ ڕاهێنانـی قوتابیـانی خوێندنـی بـاڵا. (ئێمـە پێویسـتە بڕوانیـن ئایـا دامـەزراوەی هاوێـل (Howell) لـە کەمبریـج دەتوانێـت یـەک، دوو کـورد وەرگرێـت).

٩. نەوت و کۆمپانیای نەوتی عێراق

ئەگەرچـی نـەوت لـە ناوچـە کوردییـەکان بەرهـەم دەهێنرێـت، بـەڵام کـورد پێشـبینی ئـەوە ناکـەن بتوانـن کۆنترۆڵـی بەرهەمهێنانـی نەوتـی کەرکـووک بکـەن، یـان پشـکێکی دیارکـراو لـە داهاتەکـەی لـە حکومـەت دەسـتەبەر بکـەن. [حکومـەت] بـە پێـی ڕێـژەی دانیشـتوان داهاتـی نـەوت بەسـەر سەرتاسـەری وڵاتـدا دابـەش دەکـەن، بـەڵام ئایـا کۆمپانیـای نەوتـی عێـراق ناتوانـێ ڕاسـتەوخۆ یارمەتـی کـورد بـدات؟ بـە تایبەتـی ئامـاژەی دا بـە دووبـارە لـەکار دوورخسـتنەوەی کـورد، بەهـۆی گوشـاری حکومـەت لـە کاتـی پشـێویەکاندا. بـە بیانـووی ‹ئەلعەهـد ئەلموشـتەرەک› کوردێکـی زۆر [لـە کۆمپانیاکانـی نـەوت] دەرکـران، بـەڵام دەبـێ بگەڕێنرێنـەوە سـەر کارەکانیـان، تەنانـەت ئەگـەر ئەمـە بەمانـای دووبـارە پێدانـەوە و ستایشـکردنی بەشـێک لـە خزمەتکردنیـان بێـت.

١٠. دواتر لەبارەی ئەم بابەتە لە بەڕێز هاهن (Hahn)، پرسیار دەکەم. ئەو پێی گوتم تەواوی ئەو کوردانەی بە خۆبەخشانە ئەرکەکانیان بەجێهێشتوو و بۆ بارزانی شەڕیان کرد، بە پێی داواکاری خۆیان سەر لە نوێ دامەزراونەتەوە؛ کە ژمارەیان تەنیا ٤٠ کەسە. ئەوەشی ڕوونکردەوە کە ئەم بابەتە لە سەردەمی ‹ئەلعەهد ئەلموشتەرەک›، دەگەڕێتەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی «پلانی دوو لایەنەی پەسەندکراو بۆ دووبارە دامەزراندنەوە›› (Muctual Consent Reesettlement Scheme/ MCRS)، کە ٢٣٤٦ کورد لەلایەن حکومەتەوە لە کۆمپانیای نەوت دەرکراون و عەرەب لە شوێنیان دامەزراون. گشت ئەم کەسانە تاڕادەیەک داواکارییەکانی حکومەتیان پەسەندکردووە، ئەوان هیچ هەوڵێک نادەن بۆ دووبارە دامەزراندنەوە. بێ دەرکردنی عەرەب ئەوان ناتوانن بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان. هاهن هەرچی لە توانایدا هەیە دەیکات. شتێکی باش دەبێت ئەگەر بەڕێز هاهن کاتێک کە وەزیر گەڕایەوە پەیوەندی پێوە بکات.

١١. سیاسەتەکانی حکومەت

کورد لەو ڕێگەیانەی حکومەت گرتوویەتەبەر بۆ دوور خستنەوەیان لە دەسەڵاتی ناوەندی لە ناڕازی بوونیان بەردەوامن. ئەوان بە پۆستی جێگری سەرۆک ڕازی نین تا ئەوکاتەی دەسەڵاتەکانی ئەم پۆستە بە وردی دیار دەکرێن. لەناو گشت بابەتەکانی دیکە دا، پێویستە

هەڵگری ئەم پۆستە ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بێت، واتە ئەو ئەنجوومەنەی کە دەسەڵاتداری سەرەکییە. لە خوار ئەم پێگەیە، پۆست و دەسەڵات بە زۆرێک لە کورد لە کەرتی خزمەتگوزاریی گشتیدا دراوە. لەو کاتەوە کە چارەسەریی ڕاگەیێنراوە، هەر کوردێک پۆستێکی وەرگرتبێت، پۆستێکی نزمتریان لە ژێر دەسەڵاتی عەرەبە لێنەوەشاوەکان [بۆ ئەم پۆستانە] وەرگرتووە. بەڵام سەرەڕای ئەم ناڕەزاییانە، محەمەد مەحمود، (کە بەعسی نییە)، پێداگری لەسەر ئەوە دەکات بەراورد لەگەڵ گشت حکومەتە شۆڕشگێڕەکانی پێشوو، کورد لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە دەستکەوتی باشتریان دەستەبەر کردووە.

١٢. بە بڕوای ئەو، پێویستە ئەنجوومەنی وەزیران سەر لە نوێ دابڕێژرێتەوە. لەو کاتەوەی ڕاوێژکاری لە نێوان وەزارەتەکاندا کەم بووەتەوە، پرۆسەی حوکمڕانی تووشی ئاژاوە بووە. تەنیا نیو کاتژمێر بۆ ئەوان [ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش] بەسە دەستور هەموار بکەنەوە. بەهەرحاڵ، وەک یەکەم هەنگاو ئەوان دەتوانن، لەوانەشە بیانەوێت، کۆبوونەوەی بەردەوام لەگەڵ وەزیرەکان بە سەرۆکایەتی سەرۆک یان جێگری سەرۆک ئەنجام بدەن، بە بێ هەموارکردنەوەی دەستور.

١٣. لەبارەی پلانی [دامەزراندنی] ئەنجوومەنی نیشتیمانی، پێشکەوتن تەنیا لە میانەی هاوپەیمانی لە نێوان حیزبی بەعس و پارتی دیموکراتی کوردستان بەدیدێت. ئەندامانی ئەنجوومەن دادەمەزرێن. هیچ ئومێدێک نییە بەعس بۆ دیارکردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتیمانی، هەڵبژاردن قبوڵ بکات. کورد بڕوایان بە هەڵبژاردن هەیە و لە کاروباری تایبەت بە خۆیان بە باشترین شێوەی توانیویانە، ئەم کارەیان ئەنجامداوە. دواجار، لەوانەیە پەرلەمانێکی دەست نیشانکراو، بەرەو پەرلەمانێکی هەڵبژێردراو هەنگاو بنێت.

١٤. وەزیر هیوادار بوو ئێمە پەیوەندی نزیکمان لەگەڵیدا هەبێت. بە بۆچوونی من، ئەو هیواداره ئەم پەیوەندییە هەبێت.

(H. G. Balfour Paul)

٩ی کانوونی یەکەمی ی ١٩٧٠

سنووردار (ل۲۲۱)

باڵیۆزی بەریتانیا

(٤/١)

بەغدا

١٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٠

١. ڕاپورتێک لە جیهانی عەرەب لە ١٠ی کانوونی یەکەمی ، کە لە ڕۆژنامەی ئەلسەورە وەرگیراوە، بڵاوبووەتەوە و باس لە هێرشکردنە سەر سەرکردەیەکی کورد، حەمید بەرواری، دەکات کە بە سەختی برینداربووە.

٢. بەو جۆرەی ئێمە بیستوومانە هێرشەکە لە شەوی ٧/٦ی کانوونی یەکەمی لە دەرەوەی هۆتێل ئۆپێرا لە بەغدا ڕوویداوە؛ واتە شوێنی مانەوەی ئیدریس کوڕی بارزانی. وا دەگوترێت ئامانجی هێرشەکە خودی ئیدریس بارزانی بووە، بەڵام هێرشبەرەکان نەیانزانیوە ئیدریس هەمان ئێوارە بەغدای بە جێهێشتووە. ئێستا ڕۆژنامەی کوردی، ئەلتەئاخی، ئەم ڕووداوەی بڵاوکردووەتەوە.

٣. سەختە بزانرێت تاوانبارانی ئەم هێرشە کێ بوونە و بۆ ئەم کارەیان ئەنجامداوە. ڕۆژنامەی ئەلسەورە ئەم ڕووداوەی خستۆتە پاڵ ئیمپریالیست و بەکرێگیراوە کۆنەپارێزەکان. ڕۆژنامەی ئەلتەئاخیش هەمان ڕێچکەی گرتووتەبەر و ئەم هێرشەی گرێداوە بە هێرشێکی پێشتر کە لەلایەن چەند کەسی چەکدار بۆ سەر بارەگای سەرەکی پ.د.ک لە مووسڵ ئەنجام درابوو. وا خراوەتەڕوو کە ئامانجی ئەم هێرشە لەباربردنی پەیوەندی دۆستانەی نێوان حکومەت و کوردە. نە ئەلسەورە و نە ئەلتەئاخی، دیاریان نەکردووە کە ئەم ئیمپریالیست و بەکرێگیراوە کۆنەپارێزانە کێن.

٤. قسە و قسەڵۆکەکان دەڵێن هێرشبەرەکان لایەنگرانی تاڵەبانی بوونە، بەڵام دیار نییە بۆچی لایەنگرانی تاڵەبانی ئەم کارە تۆڵەسەندنەوەیە وا بە ئاشکرا ئەنجام دەدەن. ئێستا ئەوان لە ڕووی سیاسییەوە لە پێگەیەکی لاوازدان و ژمارەیەکی بەرچاویان

تـا هەنوکـەش لەلایـەن بارزانییـەوە وەک بارمتـە ڕاگیـراون. هـەروەک دەزانـن، خـودی تاڵەبانـی لـەم دواییـەدا، ملکەچـی خـۆی بـۆ بارزانـی ڕاگەیانـدووە. بـە بۆچوونـی مـن هێرشـەکە لەلایـەن توندڕەوەکانـی لایەنگرانانـی تاڵەبانـی بـە دەستپێشـخەریی خۆیـان ئەنجامـدراوە. ئەگەرێکیـتر ئەوەیـە کـە هێرشـەکە بـە ناکۆکـی ناوخـۆی نێـوان خێڵـەکان لـە کوردسـتان گرێـدراوە. ئەمـە تەنیـا بۆچوونـە و هیچیـتر. تەنانـەت ئـەو کەسـانەی لەنـاو پ.د.ک دا پەیوەندیـان پێـوە دەکەیـن، نازانـن کـێ لـە پشـت ئـەم ڕووداوەیـە.

(M. K. Jenner)

P. R. M. Hinchcliffe، Esq

بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک،

کاروباری دەرەوە و کۆمۆنویلس.

کۆپیەک بۆ: نووسینگەکانی بەیروت، تاران، ئەنقەرە

نهێنی (ل ٢٢٢)

مس ئێلویل (Mrs Elwell) بەشی توێژینەوەی زانیاریی

بەڕێز داکێر (Mr Ducker) بەشی سیاسەتی دارایی و هاوکاریی

**هەڵسەنگاندنی دووبارە ئاوەدانکردنەوەی کوردستان**

١. دڵنیـام ئێـوە خوازیـاری بینینـی کۆپییـەک لـە هاوپێچـی بەڕێـز مەکـرەی (Mr MacRae) ن کـە لەبـارەی پەیوەندییەکـی ئـەم دواییـە لەگـەڵ وەزیـری کـورد بـۆ کاروبـاری باکـوور بـە یاداشـتێکی بەڕێـز بالفـۆر پـاول (Mr Balfour Paul)، پاڵپشـتی لێکـراوە.

٢. گشـتمان بـە پێشـنیازەکەی باڵیـۆز هاوڕانیـن لەبـارەی بانگێشـتکردنی ئۆکسـفام بـۆ بەشـداریکردن لـە دووبـارە بوونیاتنانـەوەی ناوچـە خاپورکراوەکانـی کوردسـتان. لەوانەیـە ڕوانگـەی ئێـوە لەبـارەی ئۆکسـفام یاسـایی بێـت، بـەڵام بـە بۆچوونـی مـن هەندێکجـار ئـەوان دەیانەوێـت سیاسـەتی خۆیـان پیـادە بکـەن و بەرژەوەندییەکانیـان لەگـەڵ هـی (HMG) تووشـی پێکـدادان دەبـن، ئەمـەش بـە زیانـی سـوودمەندەکان [گونـدە خاپورکـراوەکان] دەشـکێتەوە. هەوڵـەکان بـۆ ناوەندگیـری لـە سیاسـەتی کـورد لەوانەیـە بـۆ ئۆکسـفام زۆر قـوڕس بێـت، مـن بیـرم لـەوە دەکـردەوە ئـێمە دەتوانیـن سـەرنجی ڕێکخراوێکـی خێرخـوازی بـە کەمـتر بـە ئاراسـتەی سیاسـی ڕابکێشـین. بەهەرحـاڵ، ئەمـە بۆچوونێکـی کەسـی خۆمـە و خۆشـحاڵ دەبـم بەهـەر تێبینییـەک یـان پێشـنیازێک بیخەیتـەڕوو.

٣. هەروەهـا خوشـحاڵ دەبـم ئەگـەر FPAD بتوانێـت ئامۆژگارییەکانـی خـۆی لـەم بـارەوە بخاتـەڕوو و بتوانێـت نـاوی هەندێـك ڕێکخـراو پێشـنیاز بـکات کـە شـایانی نزیـک بوونـەوە بـن. ڕێکخـراوی War on Want›› لـە ئـەردەن کاری زۆر باشـی ئەنجامـداوە. لەوانەیـە ئـەوان بـە دەنـگ ئـەم داواکارییـەی کـورد بێـن.

٤. کۆپییـەک لـەم پێشـنیازانە بـۆ بەشـی نـەوت دەنێـرم (بۆئـەوەی بـە تایبەتـی

پەرەگرافی ٩ لە یاداشتەکانی بەڕێز بالفۆر پاول ببینن) هەروەها کۆپیەک بۆ ODA دەنێرم، لەوانەیە بتوانن تێبینیەکانیان لە بارەی هاوکاری تەکنیکی کە بەڕێز مەحمود داوایکردووە، بخەنەڕوو.

(P. R. M. Hinchcliffe)

بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک

١٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٠

کۆپیەک بۆ:

بەڕێز تانێل (Mr Tunnell) بەشی نەوت.

بەڕێز فرۆست (Mr. Frost) ئیدارەی گەشەپێدانی دەرەوە

نهێنی (ل ٢٢٣-٢٢٤)

باڵیۆزی بەریتانیا- کوێت

٨ی ئایاری ١٩٧٣

G S Burton Esq

بەشی ڕۆژهەڵاتی ناڤین

نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس

١. لـە کاتێکـدا مـن لـە کوێتـم، لەوانەیـە بتوانـم چەنـد سـەرەقەڵەمێک لەبـارەی ئـەو بابەتانـەی پەیوەسـتن بـە بەغـدا لـە نامەیەکـدا کـۆ بکەمـەوە.

**٢. جووڵـەی سـوپا:** هەنوکـە پیتـەر فیلـد (Peter Field) لـە لەندەنـە و لەوانەیـە شانسـی ئـەوەت هەبێـت ببینـی. ئـەو دەنگـۆی جووڵـەی سـوپا لـە مانگـی ئایـار لەسـەر سـنوورەکانی ئێـران بـەرەو سـنوورەکانی کوێت/سـعودیا پشتڕاسـت دەکاتـەوە (پەرەگرافـی ١٤ لـە نامەکـەم لـە ٢٩ی ئـادار). ئەمـەش دەکرێـت لـەم کاتـەی سـاڵدا بـە مانۆڕێکـی ئاسـایی لـە قەڵـەم بدرێـت. وەرزی هاویـن لـە بیابانـدا بـۆ مەشـق و ڕاهێنـانی سـوپا زۆر ناخـۆش دەبێـت.

**٣. سـەدام حسـێن:** سـەدام حوسـێن لـە مـاوەی سـەردانی وەزیـری دەرەوەی ڕۆمانیـا و سـەرۆکی چـاد بۆ بەغدا (لەگـەڵ عەبدولباقی) ئامـادە نەبوو (غایب بـوون). عەبدولباقی بـە هـۆکاری مەعقولـەوە لە سـویسرا بـوو، هەموو کەسـێک دەزانێت لـە دەرەوەیە، بەڵام هۆکارەکـە نازانن. غیابی سـەدام حسـێن بـە هیچ شـێوەیەک ناتوانرێـت ڕوون بکرێتەوە. باشـترین تیـۆر لـەم بـارەوە ئەوەیـە کە خەریکی دانوسـتانە لەگەڵ بارزانی لەسـەر پرسـی ڕیفرانـدۆم و ئۆتۆنۆمـی بـۆ کـورد. بۆ ماوەی شـەش حەوتەیـە میدیاکانی بەغـدا لەبارەی کوردسـتان بێ دەنگن، بەڵام [سـەدام] حسـێن دەتوانێت پشـوویەکی (holyday) کورتی هەبێـت- کـە لـە دانوسـتاندنەکانی پەیوەسـت بـە نـەوت گەورەتریـن ڕۆڵـی هەبـوو و هەنوکـە لەنـاو جەمـاوەردا زۆر چالاکـە.

٤. **باکــووری عێــراق:** هــاوڕا لەگــەڵ زۆرێــک لــە هاوکارانــم لــە بەغــدا، لــە ســەرەتای نیســان، ســەردانێکی (زۆر درەنگــی) ناوچــە ســەرەکییەکانی باکــوورم کــرد. لــە بەهــاران باکــووری عێــراق زۆر جوانــە. بەرهەمەکانــی گەنــم و جــۆ گــوڵ دەدەن و کێڵگەکانــی برنــج لــە هــەژان دان. چاودێــری پۆلیــس لەســەر ڕێگــە شــاخاوییەکان زۆر تونــدە، بــەڵام ئێمــە لــە گەشــتەکەماندا تووشــی هیــچ گرفتێــک نەبوویــن. زۆرێــک لــە خاڵەکانــی پشــکنین بــە هاوبەشــی لــە نێــوان پۆلیســی مەدەنــی و ســەربازەکان و نوێنەرانــی کــورد بەڕێــوە دەبردرێــن. بەهــۆی هاتنــی وەرزی هاویــن کەپــری زۆر دروســتکراون. تەنیــا لــە ســەڵاحەدین ٣٥٠ کەپــر دروســتکراون. گشــتیان پێشــوەختە بــە کــرێ دروان. لــە کوردســتان خاوەندارێتــی زەوی تەنیــا بــۆ کــوردە، بۆیــە عێراقییــەکان تەنیــا دەتوانــن شــوێنی حەوانــەوە بــە کــرێ بگــرن.

٥. مووســڵ لــە کاتــی ئاهەنگــی بەهــاردا پــڕە لــە ســەردانکەر و دیپلۆمــات (نوێنەرێکــی پلــە نزمــی زۆربــەی باڵیوزخانــەکان). ئەگەرچــی مــن بــە فەرمــی بانگێشــت نەکرابــووم بەشــداری ئاهەنگەکــە بــم، بــەڵام ئەندامێکــی بەشــی پرۆتۆکــۆل، هاوســەرەکەمی لــە ناوچــەی ســەوز (Hatra) بینــی و ســەرەڕای ڕەتکردنــەوەی ئێمــە، پێداگــری کــرد کــە بــۆ ئاهەنگــی ئێــوارە گۆرانــی میسرییــەکان و ســەماکردن وەک مێوانــی MFA ئامــادە بیــن کــە بانگهێشــتێکی دۆســتانە بــوو.

٦. ڕەفتــاری بــاو لــە ناوچــە کوردییــە پەراوێزخــراوەکان کــە مــن بینیــم زۆر بەهێــز و متمانە-بەخۆبــوون بــوو کــە ئــەوان لــە هــەر دانوســتانێکدا، لــەوەی هەیــە خراپتریــان بەســەر نایێــت.

I McCluney

باڵیۆزخانەی پاشایەتی سوید (ل ٢٢٥)

بەغدا

G S Burton Esq

بەشی ڕۆژهەڵاتی ناڤین

نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس

٢٨ی حوزەیرانی ١٩٧٣

**عێراق-کورد**

١. هەنوکە دەنگۆی هەندێك بەریەککەوتن لە نێوان بەعس و کورد لە ئارادایە.

٢. ڕاپۆرتە بەردەوامەکان لەبارەی شەڕی باکوور ماوەیەکە فیلتەر دەکرێن. لە ناوەڕاستی مانگی ئایار وەزیری کولتوری ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، لەکاتی سەردانی بۆ شاری عەین سفنە، خۆی لە نێوان گەمارۆی زۆرتر لە ٥٠ پێشمەرگەی کورد بینییەوە و کاتێک کارترایت (Cartwright)، لە ٥ی حوزەیران بۆ گەشتێکی بازرگانی هەوڵی چوون بۆ عەین سفنەیدا، لەلایەن شوفێرەکەیەوە ئامۆژگاری کرا کە نەچێت و گوتی چەک لە ناوچەکانی دەورووبەر هێنراوە بۆئەوەی یارمەتی خەڵک بدرێت.

٣. دەگوترێت لە ٢٠ی حوزەیران، دوو MIGs بە ناپاڵم هێرشیان کردووەتە سەر گوندێک لە نزیک سنێلێ (Sinle).

٤. بەم دواییانە ژەنەڕاڵ بارزانی چاوپێکەوتنی لەگەڵ پەیامنێرێکی ئەمریکی بە ناوی هۆگلەند (Hoagland) کردووە، بە قسەی پەیامنێرەکە پێکدادانێکیتر لە نێوان کورد و بەعس ڕوودەدات و داوای لە ئەمریکا کردووە هاوکاری کورد بکات، تەنانەت ئەگەر پێویستی کرد لە ڕێگەی ئێران و ئیسرائیلەوە بێت.

٥. تا هەنوکە بەعس زۆر بە هێواشی وەڵامی ئەم هێرشانەی داوەتەوە. پارتی شۆڕشگێڕی کورد (کە دژی پ.د.کە)، باس لە پشتگوێ خستنی وتارەکەی هۆگلەند [لەلایەن بەعسەوە] دەکات و ڕۆژنامەی ئەلسەورەش گوتارەکەی بە زمانی عەرەبی

بڵاوکردووەتــەوە و داوای ڕوونکردنــەوە لــە بارزانــی دەکات. (تــا هەنوکــە لەلایــەن ئەلتەئاخیـەوە، ڕۆژنامـەی پ.د.ک، هیـچ جـۆرە پەرچەکردارێک نەبووە، لە سـەروتارێکدا ڕۆژنامـە لەبـارەی سـەردانی سـەرۆک بەکـر بـۆ بولگاریـا و پۆلەنـدا پیشـنیازی ئـەوە دەکات کـە شـاندی سـەرۆک پێویسـت بـوو کـورد و عـەرەبی لـە خـۆ گرتبـا).

I McMluney

کۆپیەک بۆ نووسینگەی تاران

کورد بە تێکچوونی عێراق، وەک پەیمانێک، ئامادەن دەست بەشەڕ بکەنەوە (ل ٢٢٦-٢٣٠)

لەلایەن: جیم هۆگلەند Jim Hoagland

حاجی ئۆمەران، عێراق، ٢١ی حوزەیران.

سێ ساڵ لەمەوبەر شەڕێکیتر لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین تەواوبوو، کاتێک شەڕی عێراق لەگەڵ شەڕکەرە بەهێزەکانی چیا سەختەکانی کوردستان بە بنبەست گەیشت.

بەڵام لە ناوچە شاخاوییە دوورە دەستەکانەوە لەباکووری عێراق، جەنەڕاڵ مەلامستەفا بارزانی، فەرماندەی پێشمەرگەی کورد، لەبارەی پەیوەندییەکان لەگەڵ بەغدا دەدوێت «دیارە ئەم عەرەبانە لە هەموو شوێنێک نە شەڕ، نە ئاشتیان دەوێت. لێرەش ئێمە تووشی هەمان شت بووینەتەوە، ئەوان لە ژێر پەردەی ڕێککەوتنی ئاشتی، شەڕ دەکەن».

ژەنەڕاڵ بارزانی تەمەنی حەوتا ساڵە، زۆربەی تەمەنی لە شەڕی دژی تورکیا، عێراق، ئێران، بەریتانیا و پیاوە خێڵە کوردییەکان بەسەربردووە کە لە دژی دەسەڵاتی ئەو وەستاوون.

نایشارێتەوە کە پێکدادانێکی دیکە لە نێوان کوردە ناسیۆنالیستە توندەکانی ناو چیاکان و عەرەبە ناسیۆنالیزمە سەرگەردانەکانی بەغدا خەریکە ڕوودەدات. ڕێککەوتنامەی ١٩٧٠ کە بەڵێنی خودموختاری و پاراستنی مافی کوردی دابوو، بوونی نەماوە و هێزەکانی پێشمەرگە خەریکی خۆ ڕێکخستنەوەن.

**چەکەکان خێمە دەپارێزن**

چەکی دژە فڕۆکە لە دەورووبەری خێمەیەکی سپی ئامادەکراون. لە یەکێک لە گردە نزیکەکان، پێشمەرگەی تازە دامەزراو لەسەر تۆپەکانی ڕووسیا کە لە سوپای عێراقەوە پێش ئاگر بەستی ١٩٧٠ دەستیان بەسەرداگرتووە، مەشق و ڕاهێنان دەکەن.

کورد کە ڕەگیان بۆ پێش ٤٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر بۆ ئارییەکان دەگەڕێتەوە،

نیشـتەجێی شـوێنێکی سـتراتیژی و سـەخت و چیاییـن کـە لەنـاو سـنوورەکانی تورکیـا، سـووریا، ئێـران و عێـراق دەربـاز دەبـن. هەروەهـا کـورد لـە جوگرافیایەکـی داخـراو لـە یەکێتـی سـۆڤیەت نیشـتەجێن. گشـت ئـەم حکومەتانـە بـە وردی چاودێـری کردەکانـی ژەنـەڕاڵ بارزانـی دەکـەن.

ژەنـەڕاڵ بارزانـی کـە لـە خانووێکـی نیمچـە فەرشـکراو لـە حاجـی ئۆمـەران دەژییێـت و شـنە بایەکـی فێنکـی شـەوانە لـە دەورووبـەری شـاخەکانەوە هەڵـدەکات، داوکارییەکـی ڕاسـتەوخۆی هـاوکاری لـە ئەمریکییـەکان کـرد بـۆ «ئـەم نەتـەوە بچووکـە لـە خەڵکـی هـەژار و چەوسـێنراو. ئـەم هاوکارییـە دەکرێـت، سیاسـیی، مرۆیـی و سـەربازی بێـت، بـە ئاشـکرا بێـت یـان بـە نهێنـی».

ئاشـکرای کـرد ئەگـەر بهاتبـا لەلایـەن حکومەتـەوە ڕاوێـژی پێکرابـا، دژی سیاسـەتی لەنـاکاوی حکومـەت بـووە لـە مانگـی حوزەیرانـی ڕابـردوو لەبـارەی بەنیشـتیمانیکردنی کێڵگـە نەوتیەکانـی کەرکووکـی سـەربە ڕۆژئـاوا، هەروەهـا ئـەو پشـتگوێ خـرا کاتێـک حکومـەت سـێ مانـگ لەمەوبـەر لەگـەڵ کۆمپانیـا نەوتییـە ڕۆژئاواییـەکان گەیشـتە ڕێککەوتـن. ژەنـەڕاڵ بارزانـی لەمبـارەوە گوتـی « ئەگـەر ئەمریـکا ئێمـە لـە دەسـت گورگـەکان بپارێزێـت، لەبـارەی ئـەو بابەتانـەی لـەم ناوچەیـەدا ڕوودەدات، ئێمـە ئامادەیـن لەگـەڵ سیاسـەتی حکومەتـی ئەمریـکادا بیـن. ئەگـەر پشـتگیرییەکە بەهێـز بێـت ئێمـە دەتوانیـن کۆنترۆڵـی کێڵگـە نەوتییەکانـی کەرکـووک بکەیـن و بیدەینـە دەسـت کۆمپانیـا ئەمریکیـەکان تـا کاری لەسـەر بکـەن. ئـەم کێلگانـە لـە ناوچـەی ئێمـەدان و بەنیشـتیمانیکردن کردارێـک بـوو لـە دژی ئێمـە».

**دژایەتیکردنی ڕووسیا**

شـەڕکەری بەهێـزی شـاخەکان [واتـە مەلامسـتەفا بارزانـی] پێداگریـی لـەوە کـرد «ئێمـە لـە ڕۆژهەڵاتـی ناڤینـدا فاکتەرێکیـن».

کـورد بـە تونـدی دژایەتـی فرەوانبوونـی دەسـتڕۆیی ڕووسـەکان دەکـەن، ئـەوان گوشـار بـۆ سـەر سـوپای عێـراق دێنـن- ئەگەرنـا ئـەم سـوپایە لـە دژی ئێـران و کوێـت و لەوانەیـە

ئیسرائیـل بـەکار بهێنرێـت. بـە بۆچوونـی کـورد ڕووسـیا ئـەم کارە دەکات تـا سـوپای عێـراق کات و پـارە و سـەرچاوەکانی لـە بەرزاییەکانـی کوردسـتان بـە فیـڕۆ بـدات.

بــە ژیــان بەســەربردن لــە کێڵگــە بچووکەکانــدا، کــورد لــە ڕێگــەی زمانــی هینــدو ئەوروپـی، ئایینـی سـونەی مووسـڵمان، ناسـیۆنالیزم و کولتـوری چەندیـن سـەدە لـە خوێـن ڕێشــتن و خیانەتکــردن لێیــان، پێکــەوە گرێــدراون.

دوای ڕووخانـی ئیمپراتۆریـی عوسـمانی بەڵێنـی بەخشـینی ئۆتۆنۆمـی بـۆ وڵاتەکەیـان، یەکســەرە لەلایــەن زۆربــەی زلهێزەکانــەوە لەبیرکــرا. تورکیــا خێڵــە کوردییــەکانی لەناوبــرد و بەردەوامــە لــە ڕەتکردنــەوەی ســەربەخۆیی یــان ئۆتۆنۆمــی کولتوریــی بــۆ ســێ ملیــۆن کەمینــە کوردەکــەی. هەروەهــا ئێــران کــوردی لــە سیســتەمێکی سیاســی لەڕادەبــەدر ناوەندگــەرادا گەمــارۆداوە.

ژەنــەڕاڵ بارزانــی بــەردەوام بــوو و گوتــی، بۆیــە گشــت خەونــی کــورد لەبــارەی کوردسـتانی گـەورە مـرد و گوتـی، خواسـتی ئـەو لـە چوارچێـوەی عێراقـدا ماوەتـەوە، واتـە ئــەو شــوێنەی کــە حکومەتێکــی عەرەبــی لاواز لــە ســەرکوتکردنی ناســیۆنالیزمی کــوردی ناتوانێــت ڕکابەرێتــی دراوســێکانی بــکات.

ســوپای عێــراق لــە دەشــتەکانی [کوردســتان] نیشــتەجێ بــووە. کۆنترۆڵــی شــارە کوردییــەکان دەکات و بــە پێــی قســەی کــورد، فڕۆکەخانــە بــۆ هیلیکۆپتــەر و یەکــەی ســەربازی دروســت دەکــەن تــا بخزێنــە نــاو جەنگــەوە، بــەم جــۆرەش بەڵێنــی ئۆتۆنۆمــی لــە مانگــی ئــاداری داهاتــوودا بەســەر دەچێــت.

کــورد ڕوانگــەی خۆیــان لەبــارەی ئۆتۆنۆمــی خســتووەتەڕوو کــە پێویســتە چــۆن بێــت. بــە گوێــرەی قســەکانی ســەرکردە سیاســییەکانی کــورد، مەحمــود عوســمان و حەبیــب کەریــم، پێشــنیازی ئەنجوومەنێکــی یاســادانانی هەڵبژێردراویــان بــۆ کوردســتان کــردووە، کــە لەســەر هەندێــك لــە بڕیارەکانــی حکومەتــی ناوەنــدی خــاوەن دەســەڵاتێکی ســنووورداری ڤیتۆکــردن بێــت.

ژەنــەڕاڵ بارزانــی هیــچ هیــوای نییــە داواکارییەکانــی کــورد قبــوڵ بکرێــن، بــەڵام

لەسەر دانوستانەکان بەردەوام دەبێت تا بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی هێزەکانی کات دەستەبەر بکات.

ژەنەراڵ بارزانی دانی بەوەدانا کە هێزەکانی لەلایەن ئێرانەوە پشتگیریی سیاسی و سەربازی دەکرێن، بەڵام ڕەتی کردەوە بچێتە ناو وردەکارییەکان.

هەندێك ئاماژە هەن ئەو بڕێک هاوکاری دارایی و سەربازی لەلایەن ئیسرائیلەوە پێگەیشتووە. کاتێک لەم بارەوە پرسیاری لێکرا، زۆر بەپارێزەوە دوا و دواجار گوتی «هەندێك شت هەن لەوانەیە ڕاست بن و بۆیە باشترە قسەیان لەسەر نەکرێت».

ژەنەراڵ بارزانی بە ڕاشکاوانە تەئکیدی لەسەر ئەوە کردەوە کە هیواخوازە هاوکارییەکانی ئەمریکا چ لە ڕێگەی ئێرانەوە بێت یان ئیسرائیل وەربگرێت.

هەروەها گوتی «ئەگەر ئەمریکییەکان لەو بڕوایەدا بوون ئەم کارە لۆژیکی و مومکینە، ئێمە ئەم یارمەتیە قبوڵ دەکەین، بەڵام باشتر دەبێت ئەگەر ولایەتە یەکگرتووەکان ڕاستەوخۆ یارمەتیمان بدات».

**پارتی شۆڕشگێڕی کورد** لە بڵاوکردنەوەی ئەم چاوپێکەوتنەدا، تەئکید دەکاتەوە کە پارتی لە ڕێی بارزانیدا وەفاداری خۆی بۆ ئیپمریالیزم کە لەلایەن ولایەتە یەکگرتووەکانەوە سەرکردایەتی دەکرێت ڕاگەیاندووە. هەڵسوکەوتی ئەو لەگەڵ پرسی کورد وەها دەردەکەوێت کە لە بازاڕی سازشی نێودەوڵەتیدا مامەڵەی پێوە دەکات و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕێبازە دیموکراتی و پێشکەوتنخوازەکەی دووردەخاتەوە. بۆیە بارزانی لە دژی کاراکتەرە پاک و پێشکەوتنخوازەکان شەڕی کردووە و تا هەنوکەش شەڕیان لە دژ دەکات. پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان پارێزەری ڕاستەقینەی گەلی کورد و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکەیەتی.

ئەمە یەکەمجار نییە بارزانی ئەم جۆرە لێدوانانە دەدات. ڕۆژنامە سێنترال (Central)ەکەمان پێش ئاداری ۱۹۷۰ لێدوانی هاوشێوەی بڵاوکردووەتەوە، بەڵام ئەمجارە [مستەفا بارزانی] بوێری زۆرتری نیشاندا لە دیارکردنی شوناسەکەی. بارزانی گوتی «پێدەچێ عەرەب، نە سیاسەتی شەڕ، نە ئاشتیان دەوێت››. ئەگەر

ئێمـە ئـەم بارودۆخـە بخەینـە بەرچـاوی خۆمـان، دەبینیـن ئـەو کەسـەی لـە کوردسـتانی عێـراق بـە ڕوونـی لـە سیاسـەتی نـە شـەڕ و نـە ئاشـتی سـودمەند بـووە بارزانـی و تاقمەکەیەتـی. لـە میانـەی ئـەم سیاسـەتەدا ئـەو دەتوانێـت بـە تەواوەتـی بەسـەر کوردسـتانی عێراقـدا زاڵ بێـت و بـەو شـێوەیەی بیەوێـت بەڕێـوەی ببـات. لـە پـاڵ ئەمـەش، حکومەتـی عێـراق لـە ژێـر بیانـووی جیـاواز، وەک نەسریـە بـۆ بارەگاکانـی، مووچـەی پاسـەوانی سـنوور، یارمەتیدانـی پێشـمەرگە دوورخـراوەکان و خێزانـی ئـەو کەسـانەی لـە شـەڕدا کـوژراون، بـڕە پارەیەکـی وێنـا نەکـراو دەداتـە بارزانـی. سـەرەڕای یارمەتـی دارایـی دەرەکـی کـە لـە پێـش بەیاننامـەی ئـادار و تـا هەنوکـەش هـەر دەگاتـە دەسـتی.

چاوەڕوانـی بارزانـی لەبـارەی «پێکدادانێکیـتر لـە نێـوان کـورد و عـەرەب›› کاتێـک جڵـەوی دەسـەڵات لـە کوردسـتان تەنیـا بـە ئـەو دەدرێـت تـا خەڵـک لـە میانـەی کوشـتن و دەرکـردن بـە تەواوەتـی لەنـاو ببـات، ئـەم جـۆرە هێمایانـە پێدەچـێ لەلایـەن ئیمپریالیسـتەکان و زایۆنیـزم دەدرێـن کـە دژی سـەقاگیریی و یەکێتـی نەتەوەیـی و گەیشـتنی کـورد بـە مافـە ڕەواکانیانـن لـە عێراقـدا.

بـە پێـی قسـەی بارزانـی «خواسـتەکەی تەنیـا لـە عێراقـدا مومکینـە››. ئێمـە لـەوە بێگومانیـن کـە بارزانـی هیـچ خواسـتێکی نییـە. خواسـت بریتییـە لـە هیـوا و ئامانجـی نیشـتیمانی کـە ئەگـەر بارزانـی هەیبێـت پێویسـتە پارچەکانـی دیکـەی کوردسـتان لـە خۆبگرێـت کـە تـا هەنوکـەش کـوردی ئـەم بەشـانە لـە سـادەترین مافـە نەتەوەیـی و مرۆییەکانـی خۆیـان بێبەشـکراون. بـە پێچەوانـەی ئـەو بەشـەی لـە چوارچێـوەی کۆمـاری عێراقدایـە کـە کـورد تێیـدا خـاوەن مافـی نەتەوەیـی زۆرن و کـورد دەچـن کـە ئۆتۆنۆمـی لـە چوارچێـوەی کۆمـاری عێراقـدا دەسـتەبەر بکـەن.

داواکاری بارزانـی لـە ئەمریـکا لەژێـر نـاوی «گەلـی کـوردی بچـووک کـە لـە خەڵکـی هـەژار و چەوسـاوە پێکهاتـووە››، لەپێنـاو فراوانکردنـی هاوکارییـەکان بـە مەبەسـتی بەدەسـتهێنانی پـارەی زۆرتـر لـە بانکـی جیهانـی بـۆ تێرکـردنی تەماعەکەیەتـی کـە کۆتایـی بـۆ نییـە.

پەیوەسـت بـە «دژایەتیکردنـی لەبـارەی بەنیشـتیمانیکردنی کێڵگـە نەوتیەکانـی کەرکـووک لـە حوزەیرانـی ڕابـردوو»، ئـەو بەڵێنیـداوە لەکاتـی کۆنترۆڵکردنـی ئـەم کێڵگانـە بیانداتـە کۆمپانیـا ئەمریکییـەکان- لـە میانـی هاوکاریـی ئەمریـکا- شـتێکی نـوێ نییـە لەوکاتـەوە ئـەو دژایەتـی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد و پێشـکەوتنخوازیی دەکات و بۆئـەوەی ببێـت بـە دووانـەی کۆمپانیـا ئیمپریالیسـەکان؛ کـە هـۆکاری سـەرەکی نەهامەتـی گەلـی کـوردە کـە بـە درێژایـی مێـژووی هاوچـەرخ بەردەوامـە.

پەیوەسـت بـە لێدوانـی تایبـەت بـە شـەڕکەرەکانی شـاخ، بـە پێـی ڕاپۆرتـی ڕۆژنامەکـە «ئێمـە فاکتەرێکیـن لـە ڕۆژهەڵاتـی ناڤین...کـورد بـە تونـدی دژی فراوانبوونـی دەسـتڕۆیی سـۆڤیەتن... ئـەوان ژمارەیەکـی زۆر لـە سـوپای عێـراق ناچـار دەکـەن کات، پـارە و سـەرچاوەکان لـە بەرزاییەکانـی کوردسـتان بەفیڕۆبـدەن».

جوڵانـەوەی بارزانـی وەک فاکتەرێـک لـە ڕۆژهەڵاتـی ناڤیـن و کێڵگەیەکـی بەپیـت بـۆ ئیمپریالیـزم و بەکرێگیراوەکانـی، دوژمنایەتیەکـەی بـۆ دەسـتڕۆیی ڕووسـیا کـە لـە کوردسـتانی عێراقـدا بوونـی نییـە، سەرلێشـێواویەکەی لەبـارەی سـوپای عێـراق و ڕق ڕشـتنەکەی لـە شـەڕی نێـوان براکانـدا، ڕێـک ئـەو شـتەیە کـە بارزانـی لـە پشـت جوڵانـەوە خێڵەکیەکەیـدا دەیەوێـت. دەستەبەرکردنی ئۆتۆنۆمـی بـۆ کـورد و دیموکراسـی بـۆ عێـراق، شـتێکە هەرگیـز بـە مێشـکی بارزانیـدا نایێـت. ئەمجـۆرە دەسـتکەوتە لـە ڕێگـەی دەرۆزەکـردن لـە ئەمریـکا، واتـە دوژمنـی گـەل و جوڵانـەوەی ڕزگاریخوازیـی، دەسـتەبەر ناکرێـت.

**جەماوەرە تێکۆشەرەکەمان**

پیلانـی ئیمپریالیسـتەکان، زایۆنیـزم و بەکرێگیـراوە کۆنەپارێـزەکان، و پەیمانـی دوژمنکارانـە، لـە دژی کۆمـاری عێراقەکەمانـدا لـە ئارادایـە بۆئـەوەی کـە ڕۆڵـی پێشـکەوتنخوازی عێـراق لەبـار ببـات و دووبـارە دەسـتڕۆیی کۆمپانیـا قۆرغکارەکانـی نـەوت بگەڕێنێتـەوە کـە سـامانی ئێمـە دەدزن و دەسـتکەوتی گەلـی عێـراق- بـە کـورد و بـە عـەرەب- لەنـاو دەبـەن. ئەمـە لـە گشـت هێـزە نەتەوەیـی و پێشـکەوتنخوازەکان

دەخوازێت لە دژی ئەم پیلانە و ڕێکخەرەکانی بوەستنەوە، خێرایی بە دامەزراندنی بەرەیەکی نیشتیمانی ببەخشن و بەیاننامەی ١١ی ئادار بە قسە و بە کردە جێبەجێ بکەن.

بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی لە کوردستانی عێراقدا لە میانەی تێکۆشانی جەماوەریی دەبێت، نەک لە میانەی هێزە کۆنەپەرستەکان کە ئەمە دژی پێوەرەکانی شۆڕشگێڕانە و هەموو جۆرە چارەسەرییەکی ڕیشەییە بۆ کێشەکە.

٢٦ی حوزەیرانی ١٩٧٣

کۆمیتەی ئامادەکاری

پارتی شۆڕشگێڕیی کوردستان

سنووردار (ل ۲۳۱)

Priority

CYPHER CAT A

FM F C 291440Z

بۆ: ئەولەویەتی تەلەگرامی تاران ژمارە ۳۳۳ لە ۲۹ی حوزەیرانی ۱۹۷۳

**بارودۆخی ناوخۆی عێراق**

١. چاپەمەنییەکانی بەریتانیا ڕاپۆرتێکی ‹گۆڤاری تاران› (Tehran Journal)یان، لە ۲۷ حوزەیران بڵاو کردووەتەوە لەبارەی سەرهەڵدانەوەی شەڕ لە نێوان کورد و هێزەکانی حکومەتی عێراق. بەم هۆیەوە ئێمە چەندین داواکاریمان هەیە.

٢. زۆر خۆشحاڵ دەبین ئەگەر هەر شتێکتان لەبەردەست بێت لەبارەی ڕاستی و دروستی ڕاپۆرتەکەی گۆڤاری تاران.

DOGLAS-HOWE

FILES MED PUSD

MR PARSSONS

MR ROSE

زۆر نهێنی (ل ٢٣٢)

PRIORITY

CYPHER CAT A

FM TEHRAN 021000Z

بـۆ ئەولەویەتـی نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە و کۆمۆنوێلـس، تەلەگرامـی ژمـارە ٥٥٢ لـە ٢ی تەمـووزی ١٩٧٣.

تەلەگرامەکەتان ژمارە ٣٣٣: ناوخۆی عێراق

١. چیرۆکی چاپەمەنی ئێران لەبارەی شەڕی چڕی نێوان کورد و حکومەتی عێراق، لە باشترین حاڵەتدا زیادەگۆییە و لە خراپترین حاڵەتیشدا، دوورە لە ڕاستی. ئێمە ئاگادارین فەرمان بە چاپەمەنی ئێران کراوە تا دەستکاری بابەتەکە بکەن، بەڵام دیار نییە بۆ ئەم کارە دەکرێت. لەوانەیە ئەم کارە بەهۆی ئەوە بێت تا نیشانی حکومەتی عێراق بدرێت کە هێشتا ئەوان کارتی کوردیان لەبەر دەستە، ئەویش لەپێناو ئەوەی لە ئەگەری ئەنجامدانی دانوستاندنەکانی داهاتوو لەگەڵ عێراقیەکاندا پێگەی ئێرانیەکان بەهێز بکات.

٢. لە وەڵامی داوکاری چاپەمەنیەکان، ئێمە هەڵوێستی خۆتێهەڵنەقورتاندنمان گرتووتەبەر، چونکە هیچ بەڵگەیەکمان لەبەردەست نییە، تەنیا ئەوە نەبێت کە هەروەک جاران لێرە و لەوێ پێکدادانی لە نێوان کورد و هێزەکانی حکومەتی عێراق لە ئارادایە.

٣. مانشێتی ئەمڕۆی چاپەمەنی ناوخۆیی بریتی بوو لە هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی کودەتا لە عێراقدا، بەڵام وادیارە ڕاپۆرتەکان هیچ پەیوەندیان بە هاندانی ئێرانیەکانەوە نییە. ئەم مانشێتانە لە ڕۆژنامەکانی بەیروت وەرگیراون کە لە لێدوانی بەرپرسانی عێراقەوە وەرگیراوە.

Ellingworth

Files

MED

PUSD

MR PARSONS

MR ROSE

NEWS DEPT

سنووردار (ل ٢٣٣-٢٣٤)

باڵیۆزی پاشایەتی سوید

بەشی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا- بەغدا

G. S. Burton Esq.

بەشی ڕۆژهەڵاتی ناڤین

نووسینگەی کاروبار دەرەوە و کۆمۆنوێلس- لەندەن

٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٣

ئۆتۆنۆمی بۆ کورد

١. حاڵیحازر، پێدەچێ ئۆتۆنۆمی بۆ کورد لە ١١ی ئاداری ١٩٧٠ گرنگترین و سەخترین کێشەیە کە ڕووبەڕووی حکومەتی بەعس لە بەغدا بووەتەوە. پوختەی پێگەی هەردوولایەن لە [بڵاوکراوەی] «جیهانی عەرەبدا» کە لە ١٤ی ئەیلوولی ١٩٧٣ بڵاوبووەتەوە، هاتووە.

٢. گوتارەکە لەوێوە دەستپێدەکات کاتێک حکومەت ڕەشنووسی پلانێکی پارتی دیموکراتی کوردستان (پ.د.ک)ی لەبارەی ئۆتۆنۆمی ڕەتکردەوە، کورد خوازیاری هەبوونی یاسای تایبەت بە خۆیان بوون کە لەسەر ناوچە کوردییەکان جێبەجێ بکرێت، تەنانەت ئەگەر یاساکە لەگەڵ یاساکانی دەوڵەتی [عێراق]یش ناکۆک بن. بەدڵنیاییەوە، حیزبی بەعس هەر جۆرە پێشنیازێک ڕەتدەکاتەوە کە دەوڵەتی کوردستان بخاتە سەروو یان دەرەوەی [دەسەڵاتی] دەوڵەتی عێراقدا.

٣. هەر لە ئێستاوە، پارتی دیموکراتی کوردستان «بەشداریکردنی ساختەی» لە ئەنجوومەنی گەلی سەربە بەرەی نیشتیمانی ڕەتکردۆتەوە و بەو دەرەفەتانەی لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پێیان بەخشراوە ڕازینین. بە بڕوای ئەوان، بەشداریکردن لەم جۆرە دامەزراوانەدا، دەرفەت بۆ حیزبی بەعس دەڕەخسێنێت کە بانگەشەی کۆدەنگی و پشتیوانی بۆ سیاسەتەکانی بکات. پ.د.ک لە پێگەیەکی بەهێزەوە

قسە دەکات کە ئەوان هەندێك ناوچەی شاخاوی وڵاتیان کۆنترۆڵ کردووە و ئامادەنین دەستبەرداریان بن.

٤. حکومەتی بەعسیش بەهێزە، لەو ڕووەوە کە دەستپێشخەریان [بۆ ئاشتی] کردووە و سەرە داوەکەیان بەدەستەوەیە. هەنوکە پلانی پ.د.ک ڕەتکراوەتەوە و «بەرپرسێکی زۆر پلە بەرزی عێراق» ڕایگەیاندووە «ئێمە پلانی تایبەت بە خۆمان ئامادە دەکەین» ئەگەر زەروری بێت «لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆماندا پیادەی دەکەین». «ئەگەر هەندێك ناوچە یاخی بن، ئێمە دەتوانین بیانخەینە ژێر ڕکێفی خۆمان و بیانگەڕێنینەوە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەت». ئەم وەڵامدانەوەیە توندە نیشاندەری مەیلی سوپایە بۆ هاوکاریکردن لە چارەسەری سەربازیی.

٥. بەخشینی ئیمتیازاتی زۆرتر بە کورد دەتوانێت بۆ حکومەتی ناوەندی بە پێچەوانە بشکێتەوە- بەو پێیەی ئەوان ڕێگەیانداوە زۆرێک لە بەندەکانی بەیاننامەی ١١ی ئادار جێبەجێ بکرێن. زمانی کوردی لە قوتابخانەکاندا دەخوێندرێت، ئەو خێزانانەی لە جەنگدا زیانیان بەرکەوتووە دووبارە خانوویان بۆ دروستکراوە و قەرەبوو کراونەتەوە؛ فەرمانبەری کورد لە ناوچە کوردییەکاندا دامەزراون. ئەم ڕێکارانە و دەرفەت بەخشین بە پ.د.ک تا بەشداریی لە حکومەتی ناوەندیدا بکات، بووە هۆی لاوازکردنی پەیوەندییەکانی نێوان باڵی مەدەنی و سەربازی حیزبی بەعس، لەهەمانکاتدا بووە هۆی ئەوەی کورد متمانەیان بەخۆیان زۆرتر بێت و کەمتر هاوکار بن.

٦. ئەگەر یەکێتی حیزب مەرج بێت، ئەوکات، سەرەڕای دژایەتیکردنی کورد لەو ناوچانەی لە ژێر کۆنترۆڵیاندایە، لەوانەیە بەعس گەشە بە پلانی خۆی بدات و جێبەجێکردنی پلانەکەش بسەپێنێت. نزیکترین ئەنجام لە ١١ی ئاداری ١٩٧٤ لەوانەیە دۆخێکی لەمجۆرە بێت. ئۆتۆنۆمی کورد ڕادەگەیێندرێت و دەسەپێنرێت بەپێی ئەو مەرجانەی لەلایەن بەعسەوە قبوڵکراو بێت. ئەوکات بارزانی و پ.د.ک دەگەڕێنەوە پەناگە شاخاوییەکان و خۆیان لەوێ مەڵاس دەدەن.

I. McCluny

ڕاپۆرتی تایبەت (ل٢٣٥-٢٣٦)

عێراق، کورد

ئایا کوردی عێراق بەرەو جیابوونەوە دەڕۆن

بە بن بەست گەیشتنی دانوستانەکان لە نێوان حیزبی بەعسی دەسەڵاتدار لە عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان (پ.د.ک)ی سەر بە مەلامستەفابارزانی، هەندێك ڕۆژنامەوانی هانداوە لەوە بەگومان بن کە کورد بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتی تایبەت بەخۆیان لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا دەڕۆن. ئەمەش بیرۆکەی زنجیرە گوتارێکە کە حەوتەی ڕابردوو لە ڕۆژنامەی سەربەخۆی بەیروتی ئەلنەهار، لەلایەن عەلی هاشمی پەیامنێریەوە بڵاوبووەتەوە کە لەم دواییانە سەردانی عێراقی کردووە. هەمان خاڵ لە گوتارێکدا دوێنێ لە ڕۆژنامەی سەربەخۆی بەیروتی، ئەلحەوادس، دووبارە جەختی لەسەر کراوەتەوە.

هەردوو بڵاوکراوەکە کۆکن لەسەر ئەوەی دوای ئەوەی سەرکردەکانی بەعس پلانی پارتی دیموکراتی کوردستانیان بۆ ئۆتۆنۆمی لە باشووری عێراق ڕەتکردەوە. دانوستانەکان لە نێوان بەعس و کورد هەڵپەسێردراون، بەرپرسێکی زۆر پلە بەرزی عێراقی بە ئەلنەهاری ڕاگەیاندووە ئێستا کورد سێ ئەلتەرناتیڤیان هەیە:

١. یان دەبێ ڕەشنووسێکی نوێ بۆ ئۆتۆنۆمی بنووسنەوە. ٢. یان بە هاوبەشی لەگەڵ بەعس پلانێکی نوێ دابڕێژن. ٣. یان متمانەیەکی تەواویان بە بەعس هەبێت و ڕێگەی پێبدەن تا پێش ١١ ی ئاداری ١٩٧٤، پلانێکی نوێ ڕابگەیێنێت کە پشت بەستراوە بە بەیاننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، بۆ ڕاگەیاندنی ئۆتۆنۆمی بێت، واتە بەیاننامەیەک کۆتایی بە ١٠ ساڵ یاخیبوونی کوردی لە باکووری عێراق هێنا.

لەوکاتەی حیزبی بەعس پلانەکەیانی ڕەتکردووەتەوە، وەک ئاماژەیەک بۆ پێداگری لەسەر پلانەکەیان، کورد بێدەنگیان نواندووە. بە پێی ئەلنەهار، بەرپرسێکی عێراق، ڕایگەیاندووە بەعس بێ دەنگ نابێت. «ئێمە پلانی تایبەت بە خۆمان ئامادە دەکەین». لە بەرپرسەکە پرسیار کراوە کە ئەگەر کورد ئەمەیان ڕەتکردەوە چی

ڕوودەدات، ئـەو وەڵامیداوەتـەوە «دەوڵـەت، واتـە دەوڵـەت. ئەگـەر هەندێـك ناوچـە یاخبـوون، ئێمـە ملکەچیـان دەکەینـەوە و دەیانگێڕینـەوە ژێـر دەسـەڵاتی دەوڵـەت».

لـە لایەکـی دیکـەوە، بەرپرسـێکی کـورد بـە پەیامنێـری ئەلنەهـاری ڕاگەیانـدووە کـە ئێسـتا پ.د.ک چاوەڕوانـی پلانـە پێشـنیازکراوەکەی بەعـس تایبـەت بـە ئۆتۆنۆمـی کـورد دەکات. پرسـیار لـە بەرپرسـەکە کـراوە، ئەگـەر پلانەکـە لـە دژی خواسـتی کـورد بـوو؟ لـە وەڵامـدا گوتویەتـی، «لـە کاتـی خۆیـدا وەڵامـی ئەمـە دەدەینـەوە».

بـە وتـەی پەیامنێرەکـە، کوردیـش خۆیـان بـۆ شـتێک ئامـادە دەکـەن، بـەڵام باسـی ناکـەن.

ئایـا بەتەنیـا بەجێمـاون؟ بـە گوێـرەی ڕۆژنامـەی ئەلنەهـار و ئەلحـەوادس، پێدەچـێ کــورد ســێیەم هێــزی وڵات پێکبێنــن، هەنوکــە بــە تەنیــا بەجێــماون، بــەڵام نــەک لــە پێگەیەکــی لاوازدا. حیزبــی بەعســی دەســەڵاتدار و حیزبــی کۆمۆنیســتی عێراقــی لایەنگـری سـۆڤیەت، چوونەتـە نـاو بـەرەی پێشـکەوتنخوازیی نیشـتیمانی و دەرگا بـۆ چوونــە نــاوەوەی پ.د.ک کراوەیــە.

بــەڵام پ.د.ک تــا ئەوکاتــەی کێشــە هەڵپەســێردراوەکانی لەگــەڵ بەعســدا بــە تەواوەتـی چارەسـەر نەکرێـن، خـۆی لـە هـەر جـۆرە هەنگاونانێـک بـەم ئاڕاسـتەیەوە دوور خســتووە.

بـە گوێـرەی قسـەکانی هەردووبڵاوکـراوە لوبنانیەکـە، ناوچـە کوردییەکانـی باکـووری عێـراق لـە ژێـر کۆنترۆڵـی کورددایـە. بـە گوێـرەی ئەلحـەوادس، نوێنەرانـی حکومەتـی ناوەنـدی لـە بەغـدا «ناتوانـن بچنـە ئـەو ناوچانـەی کـورد تێیـدا بـاڵا دەسـتن، تەنیـا لـە ڕێگـەی هێرشـکردن نەبێـت یـان لـە ڕێگـەی مۆڵەتـی مـەلا مسـتەفاوە دەبێـت». بــە قســەی ئەلنەهــار، ناوچــە کوردییەکانــی باکــوور «هیچیــتر ملکەچــی حکومەتــی ناوەنـدی بەغـدا نیـن». بـە گوێـرەی ڕۆژنامەکـە، هۆکارەکـەش دەگەڕێتـەوە بۆئـەوەی تاڕادەیـەک بەعسییەکان گشـت ئـەو بەندانـەی بەیاننامـەی ١١ ی ئـادار ١٩٧٠، ئاماژەیـان پێـداوە، جێبەجێـی کـردوون.

جیهانی عەرەب

ڕاپۆرتی تایبەت

١٤ی ئەیلوولی ١٩٧٣

**عێراق-کورد**

بە گوێرەی ئەلنەهار، بەڕێوەبەری زۆربەی ناحیەکان، شارەدار و فەرمانبەرانی کەرتی پەروەردە، لە هەرێمەکەدا [ناوچە کوردییەکان] کوردن. ڕۆژنامەکە دەڵێت زمانی کوردی لە قوتابخانەکاندا دەخوێندرێت و لە پاڵ زمانی عەرەبی زمانی فەرمییە. زۆرێک لە سەرباز و ئەفسەرانی کورد لە کاتی یاخیبوون لە دژی سوپای حکومەت شەڕیان کردووە [....]، هەروەها قەرەبوی ئەو کەسانە کراوەتەوە کە تووشی زیان بوونەتەوە. بە پێی ڕاپۆرتی ئەلنەهار، نزیکەی یەک لەسەر سێی بودجەی حکومەت بۆ دووبارە ئاوەدانکردنەوەی باکوور تەرخانکراوە، بەڵام هەموو ئەمانەش نەیتوانیوە کێشەکە بە یەکجاریی و بۆ هەمیشە چارەسەر بکەن.

دەنگۆ هەیە لەم دواییانەدا، پێکدادان لە نێوان هێزەکانی حکومەت و هێزە چەکدارەکانی کورد لە ناوچەی [...] و گوندەکانی ناحیەی کەرکووک ڕوویداوە. چوار کورد کە مانگی ڕابردوو لەلایەن حکومەتی عێراقەوە لە سێدارە دران، لە ڕووداوەکانی سنجار بەشداربوونە کە بووە هۆی کوشتن و بریندار بوونی چەندین سەرباز و قایمقامی شەنگار. ئەوکات دەسەڵاتدارانی عێراق ڕایانگەیاند ئەو چوار کەسە سەر بە دەزگا سیخوڕییەکان بوونە و کاریان بۆ حکومەتی ئێران دەکرد.

بە قسەی ئەلنەهار، ئەم ڕووداوانە یەکەمجار نیین ڕوودەدەن و پێدەچێ دواجاریش نەبن. ڕۆژنامەکە دەڵێت، ئەو کەسانەی لە نزیکەوە بەدواداچوون بۆ ڕووداوەکانی باکوور دەکەن، دەڵێن بارودۆخێکی نوێ لە ئارادایە، ئەگەرچی بە فەرمیش ڕانەگەیێندرا بێت. ڕۆژنامەکە دەڵێت حکومەتی ناوەندی ئەم شتە دەزانێت، بەڵام پشتگوێی دەخات تا گومانەکانی شەڕ بڕەوێنێتەوە.

**دەوڵەتێک لە سەرووی دەوڵەت.**

ئەلنەهـار بـاس لـە لێدوانـی بەرپرسـێکی زۆر پلـە بـەرزی عێـراق دەکات کـە کـورد نـەک تەنیـا داوای دەوڵەتێـک لەنـاو دەوڵەتێکـدا دەکـەن، بەڵکـو داوا دەکـەن دەوڵەتـی ئـەوان لـە سـەرووی دەوڵەتـی فەرمـی لـە بەغـدا بێـت. بەرپرسـەکە دەڵێـت ڕەشنووسـی پلانــە پێشــنیازکراوەکەی کــورد، ســەرەڕای دابینکردنــی دامــەزراوەی یاســادانان و جێبەجێکردنــی خۆجێیــی، بــاس لــەوە دەکات ئەگــەر یاســایێک لەلایــەن «حکومەتــی کــوردەوە» بەریەککەوتنــی لەگــەڵ یاســاکانی دەوڵەتــدا هەبــوو، لەوکاتــەدا نابــێ یاســای کـورد ڕەت بکرێتـەوە و پێویسـتە لـە ناوچـە کوردییـەکان جێبەجـێ بکرێـت. بەرپرسـەکە بــە بەردەوامــی ئــەوەی دووپــات دەکــردەوە «بەدڵنیاییــەوە ئەمــە لەلایــەن حیزبــی بەعســەوە ڕەت دەکرێتــەوە».

**بەشداریکردن.**

بەرپرســەکە تەئکیــدی کــردەوە تێڕوانینــی بەعــس و کــورد لەبــارەی هاوبەشــی دەسـەڵات لـە حکومەتـدا زۆر لێکجیـاوازە. «گفتوگـۆ لەبـارەی بەشـداریکردن، هـاوکات، هـەم پەسـەندکراوە، هـەم ڕەتکراوەتـەوە». ئـەو ڕوونیکـردەوە «بەشـداریکردن قبوڵکـراوە، ئەگـەر بەمانـای فراوانـی نوێنەرایەتیکـردن بێـت، بـەڵام ڕەتکراوەتـەوە، ئەگـەر بیانەوێـت فەرمـان لەسـەر چارەنووسـی ڕژێـم بـدەن». بـە واتایەکیـتر، حیزبـی بەعسـی دەسـەڵاتدار ئامادەیـە لـە چوارچێـوەی دامەزراوەکانـی دەوڵەتـدا کـورد نوێنەرایەتیـان هەبێـت، بـەڵام دوابڕیـار و دواکۆنـترۆڵ دەبـێ لـە دەسـت بەعسـیەکاندا بمێنێتـەوە.

**تێڕوانینی کورد.**

کــورد لــەم بــارەوە چــی دەڵێــن؟ بەرپرســێکی کــوردی دەســەڵاتدار دەڵێــت: «ئێمــە نامانــەوێ جیاببینــەوە، بــەڵام بەعــس تــەواوی بەندەکانــی بەیاننامــەی ١١ی ئــاداری جێبەجــێ نەکــردووە». کاتێــک پرســیار ئــەوەی لێکــراوە، بەعــس کــوردی بانگێشــت کــردووە بچنــە نــاو بــەرەی نیشــتیمانی پێشــکەوتنخواز، بەرپرســە کوردەکــە

وەڵامیداوەتـــەوە «ئێمـــە بەشـــداریکردنی ســـاختەمان ناوێـــت، هـــەروەک حاڵەتـــی ئەنجوومەنــی وەزیــران، یــان ئەنجوومەنــی پێشــنیازکراوی گــەل. ئێمــە بەشــداریکردنی ڕاســتەقینەمان لــە ئامادەگــی کــورد لــە ئەنجوومەنــی ســەرکردایەتی شۆڕشــدا دەوێــت».

کاتێــک پرســیارکرا ئەنجوومەنــی ســەرکردایەتی شــۆڕش، ئەنجوومەنێکــی تایبــەت بــە بەعســە، بەرپرســە کوردەکــە گوتــی «ئەنجوومەنەکــە دەتوانێــت خــۆی لــە خەســڵەتە بەعــسی بوونەکــەی بــەدوور بگــرێ».

ئــەم بابەتانــەش پرســی ســەرەکین لــە نێــوان حیزبــی بەعســی عێراقــی و ســەرکردەی کــورد، مــەلا [مســتەفا] بارزانــی، کــە بارەگاکــەی لــە ڕانیــە لــە باکووری عێراقــە. کەمــتر لــە شــەش مانــگ مــاوە ڕاگەیاندنــی ئۆتۆنۆمــی بــۆ کــورد بەســەر بچێــت. تەنیــا ئەگــەر بــن بەســتەکە چارەســەر بکرێــت، ئەگــەر نــا وا دەرناکەوێــت داهاتــوو ڕوون بێــت.

سنووردار (ل ٢٣٧-٢٤٥)

باڵیۆزی پاشایەتی سوید

بەشی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا

بەغدا

G. S. Burton Esq.

بەشی ڕۆژهەڵاتی ناڤین

نووسینگەی کاروبار دەرەوە و کۆمۆنوێلس

لەندەن

٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٣

عێراق-کورد

١. سەرەڕای جەنگی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەوڵەکان لە بەغدا بەردەوامن بۆ دۆزینەوەی بناغەیەک بۆ ئۆتۆنۆمی کورد لە مانگی داهاتوودا.

٢. لە ١٧ و ١٨ی تشرینی یەکەم، سەدام حسێن، بەشداریی لە کۆبوونەوەی کاندیدکردنی ‹لایەنە مەیلدارەکان› کرد. لە ١٧ی تشرینی یەکەم، نزیکەی ٢٠٠ نوێنەری کورد بانگێشتی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کران و لە ١٨ی مانگیش هەمان ژمارە لە ئاسوورییەکان و تورکمانەکان بانگێشت کران. ئەنجامەکانی کۆبوونەوەکە نەزانراوە، بەڵام پێش کۆبوونەوەکە ڕۆژنامەی ئەلتەئاخی، سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان، گلەیی کردووە کە بەشداربووان، نوێنەر نین و ناوی زۆر کەسی دەستڕۆیشتوو لە لیستی بانگێشتکراوەکاندا ڕەشکراوەتەوە.

٣. لە ١٦ی تشرینی یەکەم، ئەلتەئاخی، تێڕوانینی پارتی دیموکراتی کوردستانی لەبارەی دەستوری کوردستان بڵاوکردووتەوە. بە دڵنیاییەوە، ئەمەش لە ڕوانگەی حکومەتەوە، بابەتێکی قبوڵنەکراو دەبێت. ڕوانگەکە باس لە هەڵبژاردنی جێگری سەرۆک کۆمار

دەکات لـە ڕێگـەی ئەنجوومەنـی نیشـتیمانی هەرێمـی [ئۆتۆنۆمیـەوە] کـە خـاوەن دەسـەڵاتی تاڕادەیـەک سـەربەخۆ بێـت. ئـەم دەسـەڵاتەش لەلایـەن دادگای بـاڵای دەسـتوورییەوە پارێـزراو بێـت کـە ئەندامەکانـی بـە یەکسـانی لـە نێـوان حکومەتـی هەرێمـی و حکومەتـی ناوەنـدی دابەشـکرا بێـت. مـن یەکـەم وەرگێڕانـی [تێڕوانینەکـە] هاوپێـچ دەکـەم.

٤. بەروپێشـچووونەکانی دیکـە لـەم حەوتانـەی دوایـدا لەبـارەی کـورد بریتییـە لـە دامەزراندنـی وەزیـری کار و نیشـتەجێکردن، موحسـن ئەلدەزاعـی، کـە کـوردە، بـۆ ماوەیەکـی کـورت، لـە سـاڵی ١٩٦٩ وەزیـری گەشـەپێدانی باکـوور بـووە، بـەڵام بەهـۆی گۆڕانکاریـی لـە کابینـەدا لـە تەمـووزی ١٩٦٩دا گوازرایـەوە. ئـەو وەک باڵیـۆزی عێـراق لـە چیکوسـلۆڤاکیا لـە سـاڵی ١٩٧٠، دەسـت بـەکار بـووە و دواتـر لـە سـاڵی ١٩٧٢ بـۆ کەنـەدا گوازرایـەوە.

٥. هەروەهـا ڕاپۆرتـی بـەردەوام هـەن لەبـارەی پێکـدادان لـە نێـوان چەکـدارانی کـورد و ئاشـوورییەکان لـە شـەنگار و دهـۆک.

I. McCluney

## وەرگێڕدراوە لە ئەلتەئاخی لە ١٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٠

## ڕەشنووسی پێشنیازی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ حوکمیزاتی

ئێمە لە خوارەوە دەقی ‹پڕۆژەی› حوکمیزاتی (self-government)، کە لە ٩ی ئاداری ١٩٧٠ لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەخەینەڕوو کە لەسەر داوای پارتی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبی پێشکەش بە حکومەتی عێراق کراوە.

ئێمە بەو هۆیە ‹پڕۆژەیەکە› بڵاو دەکەینەوە، بۆئەوەی جەماوەر بە تێڕوانینی ئێمە لەو بارەوە ئاشنا بێت. لەم گۆشەنیگایەوە، ئێمە ڕادەگەیێنن، لەم بارەوە پێشوازیی لە هەر بۆچوونێک دەکەین. لە هەمانکاتدا، پێداگری دەکەین هیچ پارتێکی سیاسی ناتوانێت ‹پڕۆژەیەک› پێشکەش بکات کە شایانی گفتوگۆ لەسەرکردن و پێداچوونەوە نەبێت.

**١. دێباجە: بنەما سەرەتایی و گشتییەکان.**

١-١ کۆماری عێراق، یەکەیەکی دابەشنەکراوە. گەلەکەی لە دوو نەژادی سەرەکی پێکدێت، واتە نەژادی عەرەب و کورد، لەگەڵ کەمینەکانی دیکە.

١-٢ هاووڵاتیبوون لە عێراقدا یەکانگیرە و هاووڵاتیان خاوەن ماف و ئەرکی یەکسانن.

١-٣ کۆماری عێراق لە یەک یەکەی ئابووری و گومرکی پێکهاتووە، بازرگانی ناوخۆ ئازادە.

١-٤ کۆماری عێراق خاوەن یەک دەستور و یەک ئاڵا و یەک هێمای دەوڵەت دەبێت. یاسای ئاڵا و یاسای هێمای دەوڵەت، پێویستە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت تا ناوەڕۆکی مادەی ١-١ لە خۆبگرێت.

١-٥ یاساکانی ناوەند هاوتەریبی دەستور دەبن و بە پێچەوانەی یاسای حوکمیزاتی نەبن و پێویستە لە سەرتاسەری کۆماری [عێراقدا] جێبەجێ بکرێن. یاساکانی هەرێم پێویستە هاوتەریبی دەستور بن و بە پێچەوانەی یاسای حوکمیزاتی نەبن و لە ناوخۆی هەرێمی حوکمیزاتی دا جێبەجێ دەکرێن. هەروەها یاساکانی ناوەندیش لە چوارچێوەی سنووری حوکمیزاتی دا جێبەجێ دەکرێن.

١-٦ زمانــی کــوردی، لــە پــاڵ زمانــی عەرەبــی، زمانــی فەرمــی هەرێمــی کوردســتانە. زمانــی کــوردی، لــەم ناوچەیــەدا، زمانــی فەرمــی پەروەردەیــە. زمانــی عەرەبــی لــە گشــت ئــەو قوتابخانانــەی بــە زمانــی کــوردی [وانــە دەڵێنــەوە] دەخوێندرێــت. بــە هەمــان شــێوە، پێویســتە زمانــی کــوردی لــە ناوچەکانــی دیکــەی عێــراق، وەک زمانــی دووەم بخوێندرێــت.

١-٧ پێویســـتە مافـــی کولتـــوری و کارگێڕیـــی بـــە کەمینـــەکان بدرێـــت، هەروەهـــا نوینەرایەتییـــان لـــە دامودەزگاکانـــی یاســـادانان و جێبەجێکردنـــدا لـــە سەرتاســـەری کۆماری[عێراقـــدا] هەبێـــت.

١-٨ پێویســتە گەلــی کــورد لــە حکومــەت و لــە بەڕێوەبردنــی کەرتــی گشــتیدا هاوبــەش بێــت، ئەمــەش پۆســتە هەســتیار و گرنگەکانــی دەوڵــەت لــە خۆدەگرێــت، وەک وەزارەتــەکان، ئەنجوومەنــەکان، فەرماندەکانــی ســوپا و پۆســتەکانی دیکــە ، ئەویــش بــە پێــی ڕێــژەی دانیشــتوان.

١-٩ پێویســتە کــورد بــە پێــی ڕێــژەی دانیشــتوانیان لــە کــۆی گشــتی دانیشــتوانی عێــراق پشــکیان لــە دەســەڵاتی یاســاداناندا هەبێــت.

١-١٠ یەکێــک لــە جێگرەکانــی ســەرۆک کۆمــار پێویســتە کورد بێــت و لەلایــەن ئەنجوومەنی یاســادانانی هەرێمەوە هەڵدەبژێردرێت.

٢. هێلــە گشــتییەکانی دامــەزراوەکان و دەســەڵاتەکانی دامــەزراوەی حوکمیزاتــی هەرێمــی کوردســتان و مــەودای کارکردنیــان.

٢-١ ئەنجوومەنی یاسادانانی هەرێم:

٢-١-١ هەرێمــی کوردســتان ئەنجوومەنێکــی یاســادانانی دەبێــت، کــە بــە ئازادانــە و بــە یەکســانی بــە پێــی یاســایەکی تایبــەت هەڵدەبژێردرێــت و بــە ئەنجوومەنــی یاســادانانی هەرێــم ناودەبردرێــت. دەســەڵاتی ئــەم ئەنجوومەنــە بــەم شــێوەیەی خــوارەوە دەبێــت:

٢-١-٢ بۆ دارشتنی یاساکانی هەرێم و سەپاندنی باج و سەرانە و داهاتەکانی دیکەی هەرێم.

٢-١-٣ گفتوگۆکردن و پەسەندکردنی بودجەی هەرێم.

٢-١-٤ پەسـەندکردنی پلانەکانـی گەشەسـەندنی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی و کولتـوری هەرێـم، بـە وردەکارییـەوە، لـە چوارچێـوەی پلانـی گشـتی وڵاتـدا.

٢-١-٥ پێشنیازکردنی کەسایەتییە جەماوەرییەکان بۆ دەسەڵاتی یاسادانانی ناوەندیی.

٢-١-٦ لێپێچینەوە لە سەرۆک و ئەندامانی ئەنجوومەنی جێبەجێکردن.

٢-١-٧ متمانەدان بە ئەنجوومەنی جێبەجێکردن و کێشانەوەی متمانە لەم ئەنجوومەنە.

٢-١-٨ گفتوگۆکـردن لەگـەڵ ئەندامانـی ئەنجوومەنـی جێبەجێکردن، کاروبـار و چالاکیەکانی بەشـەکانیان [واتـە دامەزراوەکانی دەسـەڵاتی جێبەجێکردن].

٢-١-٩ ئەنجوومەنی یاسادانانی هەرێم پەیڕەوی ناوخۆی خۆی دادەڕێژێت.

٢-١-١٠ ئەنجوومەنـی یاسـادانانی هەرێـم سـەرۆکەکەی لـە نێـوان ئەندامەکانـی ئەنجوومەنـدا هەڵدەبژێرێـت و پلـەی سـەرۆک وەک پلەی جێگری سـەرۆکی دەسـەڵاتی یاسـادانانی ناوەنـد، هەژمـار دەکرێـت.

٢-٢ دەسەڵاتی جێبەجێکردنی هەرێم

٢-٢-١ هەرێـم دەزگایەکـی جێبەجێکردنـی دەبێـت کـە لـە سـەرروویدا ئەنجوومەنـی جێبەجێکردنـی هەرێـم دێـت، ئـەم دەزگایـە بەرپرسـیارە لەهەمبـەر ئەنجوومەنـی یاسـادانانی هەرێـم.

٢-٢-٢ ئەنجوومەنـی یاسـادانانی هەرێـم، سـەرۆکی ئەنجوومەنـی جێبەجێکـردن هەڵدەبژێرێـت. بـۆ دامەزراندنـی سـەرۆک، مەرسـومێکی کۆمـاری دەردەچێـت. پلـەی سـەرۆک هاوتـای پلـەی جێگـری سـەرۆک وەزیرانـی [دەسـەڵاتی ناوەنـدە].

٢-٢-٣ ئەنجوومەنـی جێبەجێکـردن، ئەندامانـی ئەنجوومەنـی جێبەجێکـردن کاندید دەکات، ئـەو کاتـەی ئەنجوومەنـی یاسـادانانی هەرێـم، کاندیدکراوەکانـی پەسـەند کـرد، ئـەوان لەلایـەن سـەرۆک کۆمـارەوە بـە پلـەی وەزیـر دادەمەزرێـن.

٢-٢-٤ ئەنجوومەنــی جێبەجێکــردن، چاودێــری بەڕێوەبردنــی دامەزاوەکانــی هەرێــم دەکات. ئەرکەکانــی حکومەتــی ناوەنــدی لەنــاو هەرێمــدا لەبــارەی بابەتەکانــی دەرەوەی دەســەڵاتی حکومەتــی ناوەنــدی لــە بەنــدی ٣، ئاماژەی بــۆ کــراوە. هەروەهــا کاروبارەکانــی لــە یاســای پارێــزگاکان ئاماژەی پێکــراوە، پەیوســتە بــە دەســەڵاتی یەکــە ئیدراییــەکان. ئەنجوومەنەکــە لــە چوارچێــوەی یاســا خۆجییــەکان و یاســا گشــتییەکانی حکومەتــی ناوەنــدی مومارەســەی دەســەڵاتەکانی دەکات.

٢-٢-٥ پێویســتە ســەرۆکی ئەنجوومەنــی جێبەجێکردنــی هەرێــم، جێگــری ســەرۆک وەزیــران و ئەندامــی ئەنجوومەنــی وەزیــران بێــت.

٢-٢-٦ نووســینگەی ســەرۆکی ئەنجوومەنــی جێبەجێکــردن، دەبــێ لــە ڕێگــەی ســەرۆک وەزیرانــەوە یــان ڕاســتەوخۆ پەیوەنــدی بــە وەزیرەکانــی ناوەنــد بــکات.

٢-٢-٧ دامەزراوەکانی ئەنجوومەنی جێبەجێکردن

٢-٢-٧ سەرۆکایەتی دەزگای جێبەجێکردن لەمانەی خوارەوە پێک دێت:

نووسینگە

دەزگای بەدواداچوون

دەزگای لێکۆڵینەوە

ئەنجوومەنی پلاندانانی هەرێم، ئەمانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:

وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا

وەزارەتی ئیدارەی خۆجێیی، کە پۆلیسی و ئاسایشی ناوخۆ لەخۆدەگرێت.

وەزارەتی تەندروستی، کار و خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی.

وەزارەتی کار و نیشتەجێکردن.

وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن.

وەزارەتی دارایی یان خەزێنە.

وەزارەتـــی پلاندانـــان دیراســـە و وردەکاریـــی پلانەکانـــی گەشەســـەندنی هەرێـــم دادەڕێژێـــت. ئەمـــەش بـــە هاوکاریـــی و هەماهەنگـــی لەگـــەڵ وەزارەتـــی پلاندانانـــی حکومەتـــی ناوەنـــدی و لـــە چوارچێـــوەی پلانـــی گشـــتی گەشـــەپێدانی وڵاتـــدا.

وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار.

وەزارەتی کشتوکاڵ، کشتوکاڵ و پێکهاتەی زەوی و ئاودێری لە خۆدەگرێت.

وەزارەتی کولتور و لاوان و زانیاریی.

وەزارەتی داد و کاروباری ئایینی(ئەوقاف).

وەزارەتـی پیشەسـازیی کـە دەسـەلاتەکەی بریتییـە لـە دامەزرانـدن و بەڕێوەبردنـی گشـت پیشـەکان لـە هەرێـم، بـە ڕەچاوکردنـی ئـەوەی کـە دەرهێنانـی نـەوت لـە تـەواوی وڵاتـدا لـە دەسـەڵاتی حکومەتـی ناوەندییـە.

وەزارەتی بازرگانی خۆجێی و دابینکردن

٢-٢-٨ ئـەرک و دەسـەڵاتی پارێـزگاکان و یەکـە کارگێڕییـەکان لـە کوردسـتاندا، پێویسـتە لەگـەڵ یاسـای پارێـزگاگان هاوتەریـب بێـت، ئەویـش دوای هەموارکردنـە پێویسـتەکان. پارێـزگارەکان سـەر بـە ئیـدارە خۆجێییەکانـی هەرێـم دەبـن و ئـەوان پەیوەنـدی بـە سـەرۆک بەشـەکانی ئەندامانـی ‹دڵنیایـی جـۆری› لـە ئەنجوومەنـی جێبەجێکـردن دەکـەن.

٢-٢-٩ هەرێـم کەسـایەتی یاسـایی و مەعنـەوی دەبێـت بۆئـەوەی لـە چوارچێـوەی دەسـتور و یاسـا بـەرکارەکان، ئـەرک و دەسـەڵاتەکانی جێبەجـێ بـکات.

٢-٢-١٠ بەشـی هەرێـم لـە بودجـە و پلانـەکان و پێشـینەکان (سـلفە) بـە پێـی ڕێـژەی دانیشـتوانی لـە کـۆی گشـتی دانیشـتوانی عێـراق دەبێـت.

٢-٢-١١ پایتەختـی هەرێـم بـە پێـی یاسـا دیـار دەکرێت. ئـەم شـوێنە جێگـەی ئەنجوومەنی یاسـادانان و ئەنجوومەنی جێبەجێکـردن دەبێت.

٣. دەسەڵاتەکانی ناوەندی

٣-١ دارشتن و هەموارکردنەوەی دەستور، بڕوانە بەندی ٤-٩.

٣-٢ بابەتەکانی پەیوەست بە ڕاگەیاندنی جەنگ و ئاشتی و ڕاگەیاندنی لێبوردنی گشتی.

٣-٣ پەسـەندکردنی یاسا گشـتییەکان، یاسـای مەدەنـی و یاسـاکانی تـاوان، یاسـای بـاری کەسـی، یاسـاکانی کار، یاسـاکانی خزمەتگـوزاری، یاسـاکانی تایبـەت بـە هاووڵاتیبـوون، مانـەوە، گومرگـەکان، ئاسایشـی دەوڵـەت و یاسـاکانی پەیوەندیکـردن کـە خەسـڵەتی گشـتیان هەبێـت.

٣-٤ دارشتنی سیاسەتی دەرەوە و بابەتە سەرەکییەکانی سیاسەتی گشتی ناوخۆیی.

٣-٥ دانان و پەسەندکردنی پلانی ئابووری، دوای لەبەرچاوگرتنی پلانی گەشەپێدانی هەرێم.

٣-٦ دانانی بودجەی گشتی، دوای لەبەرچاوگرتنی بودجەی هەرێم.

٣-٧ گرێدانی ڕێککەوتنی بازرگانی نێودەوڵەتی.

٣-٨ کاروبـاری تایبـەت بـە هێـزە چەکـدارەکان، پارێزگاریکـردن لـە ئاسـایش و سـەرەوەری و سـنوورەکانی وڵات، گەشـەپێدانی هێزەکانـی بەرگریـی و کاروبـارەی پەیوەسـت بـە ئاسایشـی وڵات.

٣-٩ دەرهێنانی نەوت.

٣-١٠ دانانی سیاسەتی تایبەت بە پارە و پێشینە و بەڕێوەبردنی بانکی ناوەندی.

٣-١١ کاروباری دادگای باڵا.

٣-١٢ چاودێریکردنی دارایی گشتی.

٣-١٣ دانانی ڕێکارەکان و چالاکییەکانی وەزارەتەکانی حکومەتی ناوەندی.

٣-١٤ وەزارەتەکانـی ناوەنـد، لـە چوارچێـوەی دەسـەڵات و کاروباریـان تایبـەت بـەم وەزارەتانـە، بەشـی هەرێمـی گرێـدراو بـە خۆیـان، لـە هەرێـم دەبێـت.

١٥ -٣ وەزارەتەکانـی حکومەتـی ناوەنـد مافـی دانانـی ڕێـکاری گشـتیان هەیـە بـۆ [دڵنیا بـوون] لـە ئاسـتی (quantitative) بەشـە هەرێمییـەکان کـە لـە چوارچێوەی دەسـەڵاتی

حکومەتـی ناوەنـدی دەبێـت و مافـی چاودێـری ڕاسـتەوخۆی ئـەم بەشـە هەرێمیانـەی هەیـە کـە پارەیـان دەداتـێ.

٤. ڕێکخراوەکانی پەیوەندیکردن لە نێوان دەسەڵاتی ناوەندی و دەسەڵاتی حوکمیزاتی.

٤-١ دیارکردنــی دەســەڵات و دەســەڵاتی، دەســەڵاتەکانی ناوەنــد لــە دەســتوردا، یاســا و یاســا گشــتییەکان و دیارکردنــی هێلــە گشــتییەکانی دەســەڵات و دەســەڵاتی دەســەڵاتەکانی هەرێــم لــە یاســاکانی حوکمیزاتــی و یاســا پەیوەندیدارەکانــدا، هــەروەک لــە ســەرەوەدا بــە هەندێــك وردەکارییــەوە باســکرا، بناغەیەکــی باشــتر بــۆ دانانــی هێلــە گشــتییەکانی لێکجیاکردنــەوە [دەســەڵاتەکانی ناوەنــد و هەرێــم] دروســت دەکات، بــەڵام هەندێــك دەســەڵاتی هاوبــەش هــەر دەمێننــەوە و دەســەڵاتەکانی ناوەنـد دەتوانێـت هێلـە گشـتییەکان دیـار بـکات و وردەکارییـەکان بــۆ دەســەڵاتی هەرێــم بەجێبهێڵێــت. پێویســتە هــاوکاری و کۆنــترۆڵ هەبێــت لــە بابەتەکانــی پەیوەســت بــە گەشــەپێدان، کۆنترۆڵــی بودجــە، بــاج، پێشــینە و دامەزرانــدن و بەڕیوەبردنــی هەندێــك دامــەزراوەی گشــتی تایبــەت.

پەیوەسـت بـە وەزارەتەکانـی ناوەنـد، نموونەکانـی خـوارەوە (کـە سـنووردار نیـن) لەوانەیـە بناغەیەکـی بـاش بـۆ ڕێبـاز و ڕێکخسـتنی پەیوەندییـەکان بخاتـەڕوو.

٤-١-١ لـە کەرتـی پـەروەردەدا، دانانـی خشـتەی وانـەکان، جـۆری خوێنـدن و مەرجـەکان و تاقیکردنـەوەکان، دەکرێـت لەلایـەن دامەزراوەکانـی ناوەنـدەوە، دابڕێژرێـت.

٤-١-٢ لــە کەرتــی زانیاریــدا، دانانــی سیاســەتی زانیــاری و بابەتەکانــی پەیوەســت بــە سیاســەتی دەرەوە و ســەردێڕی هەواڵــە گشــتییەکان، لــە دەســەڵاتی دەســەڵاتی ناوەنــد دەبێــت.

٤-١-٣ لــە کەرتــی کشــتوکاڵدا، نوێکردنــەوە و ڕێکارەکانــی دڵنیایــی، لــە دوای وەرگرتنــی بۆچوونـی هەرێـم، دەکرێـت لـە دەسـەڵاتی ناوەنـد بێـت.

٤-١-٤ لەبــارەی گەشــەپێدانەوە، دانانــی مەرجــە گشــتی و تایبەتیــەکان دەکرێــت لــە دەســەڵاتی دەســەڵاتی ناوەنــدی بێــت.

٤-٢ لە کەرتی دامەزراندندا:

٤-٢-١ دامەزراندنـی سـەرۆکی دەزگای جێبەجێکـردن و ئەندامانـی ئەنجوومەنـی جێبەجێکـردن لـە دەسـەڵاتی ئەنجوومەنی یاسـادانانی هەرێمـدا دەبێت، دواتر سـەرۆک کۆمـار پەسـەندی دەکات هـەروەک لـە خاڵەکانـی ٢-٣ و ٣-٣ ئامـاژە پێـدراوە. پارێـزگارە ناوخۆییـەکان و بەرپرسـەکان، واتـە ئەو کەسـانەی بە پێی یاسـا، دامەزراندنیان پێویسـتی بـە مەرسـومی کۆمـاری هەیـە، بـە پێـی بەربژارکردنیـان لەلایـەن دەزگای جێبەجێکردنـی هەرێمـەوە دادەمەرزێـن و بەپێـی فەرمـان سـەرۆک کۆمـار دەبێـت.

٤-٢-٢ ئــەو بەرپرســانەی حاڵیحــازر، دامەزراندنیــان لــە چوارچێــوەی دەســەڵاتی وەزارەتەکانــی ســەر بــە حکومەتــی ناوەنــد و دامەزراوەکانیەتــی، یــان ســەر بــە دەســەڵاتی خزمەتگوزاریــی گشــتی ناوەنــدە، دەکرێــت لەلایــەن وەزارەتەکانــی هەرێــم یــان دەســەڵاتی خزمەتگــوزاری هەرێــم دابمەزرێــن، ئەویــش بــە پێــی مەرجەکانــی یاســای پارێــزگاکان، بــە تایبەتــی لــە دامەزراندنەکانــی پەیوەســت بــە ســەرۆکی یەکــە کارگێڕییــەکان.

٤-٢-٣ دامەزراندنـی بەرپرسـانی سـەر بـە وەزارەتەکانـی ناوەند، بـۆ نموونـە، [فەرمانبەرانی] بەشـە هەرێمیـەکان، کـە دەسـەڵاتی لـە سەرتاسـەری وڵاتـدا هەیـە، لـە دەسـەڵاتی حکومەتـی ناوەنـدی دەبێـت.

٤-٣ دادگای بـاڵا یـان دادگای پێداچوونەوە، خاوەن دەسـەڵاتی پەسـەندکردن و ڕەتکردنەوەی ئـەو فەرمانانەیـە کە لـە دادگا خۆجێییـەکان دەردەچن.

٤-٤ بنەماکانـی پەیوەسـت بـە داهاتـی بودجـە و تێچوونـی پلانـەکان بـە پێـی ڕێـژەی دانیشـتوان دیـار دەکرێـت، هەروەهـا ڕێـژەی باجـی گشـتی و تێچوونـەکان لەلایـەن دەسـەڵاتی ناوەنـدەوە دیـار دەکرێـت.

٤-٥ وەزیرەکانـی حکومەتـی ناوەنـد، لەبـارەی بابەتەکانـی پەیوەسـت بـە وەزارەتەکانیـان بـۆ هەڵسـەنگاندنی دڵنیایـی لـە بابەتـەکان، دەتوانـن بەشـداری لـە دانیشـتنەکانی ئەنجومەنـی جێبەجێکردنی[هەرێـم] بکـەن.

٤-٦ دوای گەیشـتن بـە ڕێککەوتـن لەسـەر ڕەشنووسـی حوکمیزاتـی، هەموارکردنـەوە دەسـتورییەکانی پێویسـت، دەبـێ ئەنجـام بدرێـن تـا پرسـە سـەرەکییەکان لـە دەسـتوردا زیـاد بکرێـن و هەروەهـا پێویسـتە وردەکارییـەکان و یاسـاکانی تایبـەت بـە جێبەجێکردنـی ڕێککەوتنەکـە لـە [دەسـتوردا] پەسـەند بکرێـن.

٤-٧ هـەر یاسـا و بڕیـار و دەقێـک کـە پەیوەسـت بێـت بـە حوکمیزاتـی و یاسـاکانییەوە، پێـش ئـەوەی بچێتـە بـواری جێبەجێکـردن، پێویسـتە ڕەزامەنـدی ئەنجوومەنـی یاسـادانانی هەرێمـی لەسـەر بێـت.

٤-٨ ‹ڕەشنووسـی› هەموارکردنـەوەی بەندەکانـی دەسـتور و یاسـاکانی ناوەند کە پەیوەستن بـە حوکمیزاتیـەوە، پێـش ئـەوەی بخرێتـە بـەردەم دەسـەڵاتەکانی خـاوەن دەسـەڵات لـە هەموارکردنـەوەی دەسـتور و یاسـاکانی ناوەنـد، دەبـێ ڕەزامەنـدی ئەنجوومەنـی یاسـادانانی هەرێمـی لەسـەر بێـت.

٤-٩ دادگای باڵای دەستوری

دادگای بـاڵای دەسـتوری لـە کۆمەڵێـک ئەنـدام پێکدێـت کـە نیوەیـان لەلایـەن دەسـەڵاتی یاسـادانانی هەرێمـەوە دەستنیشـان دەکرێـن. دەسـەڵاتەکانی دادگا بریتیـن لـە:

٤-٩-١ خەسـڵەتی یاسـایی و دەسـتوریی یاسـاکانی هەرێـم. ئەگـەر بـۆ دەسـەڵاتی یاسـادانانی ناوەنـد دەربکەوێـت کـە یاسـایەکی هەرێـم بـە پێچەوانـەی یاسـایەکی دەسـتوری ناوەنـدە، دەکرێـت داوا لـە سـەرۆک کۆمـار بکرێـت بۆچوونـی خـۆی بـۆ ئەنجوومەنـی یاسـادانانی هەرێـم بخاتـەڕوو. ئەگـەر هـەر لایەنێـک پێداگـری لەسـەر بۆچوونـی خۆیـان بکـەن، جێبەجێکردنـی یاسـاکە هەڵدەپسـێردێت و ناکۆکـی بـۆ بـەردەم دادگای بـاڵای دەسـتوری بـەرز دەکرێتـەوە تـا لەسـەر ناکۆکییەکـە بڕیـار بـدات. بڕیـاری دادگا یەکلاکەرەوەیـە.

٤-٩-٢ خەسـڵەتی دەسـتوریی یاسـاکانی ناوەنـد. ئەگـەر بـۆ دەسـەڵاتی یاسـادانی هەرێـم دەرکـەوت کـە یاسـایەکی ناوەنـدی پەیوەسـت بـە حوکمیزاتی بـە پێچەوانەی دەسـتورە، یـان کاریگـەری لەسـەر دەسـەڵاتی هەرێـم دروسـت دەکات یـان پابەنـدی نـوێ بەسـەر

هەرێمدا دەسەپێنێت، دەکرێت داوا لە سەرۆک کۆمار بکرێت کە بۆچوونی خۆی لەبارەی دەسەڵاتی یاسادانانی ناوەند دەرببڕێت. ئەگەر هەر لایەنێک پێداگری لەسەر بۆچوونی خۆیان بکەن، جێبەجێکردنی یاساکە هەڵدەپسێردێت و ناکۆکی بۆ بەردەم دادگای باڵای دەستوری بەرز دەکرێتەوە تا لەسەر ناکۆکیەکە بڕیار بدات. بڕیاری دادگا یەکلاکەرەوەیە.

٣-٩-٤ لە کاتی هەبوونی جیاوازی لەسەر جێبەجێکردنی بەندەکانی ٤-٨، مەرجەکانی بەندی ٢-٩-٤، بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکە دەگرێتەبەر.

١٩٧٣/١٠/١٧

سنووردار (ل ٢٤٦)

باڵیۆزی پاشایەتی سوید

بەشی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا

بەغدا

G. S. Burton Esq.

بەشی ڕۆژهەڵاتی ناڤین

نووسینگەی کاروبار دەرەوە و کۆمۆنوێلس

لەندەن

٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٣

کورد و کۆمۆنیستەکان

پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی کۆمۆنیستی عێراق، ڕێککەوتن ناکۆکییەکانیان لە ڕێگەی گفتوگۆوە چارەسەر بکەن. کۆپییەک لە ‹چارەسەری هاوبەش› کە لە ٢٠ی تشرینی دووەمی دەرچوو، بۆتان دەنێرم کە تێیدا هەردوولایەن ڕێککەوتن بۆ کارکردن لەسەر ‹پەرەدان بە پەیوەندییەکانیان لە داهاتوودا›، هەروەها بۆ ‹قایمکردنی هاوکاریی لە نێوانیان و لەگەڵ هێزە نەتەوەگەرەکانی دیکە دا، بەتایبەتی لەگەل حیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی.

هیچ زانیاریەکم نییە کە چۆن ئەم ئاشتییە قوڕسە دەستەبەرکراوە، یان ئایا هیچ ئۆمێدێک بۆ بەردەوامبوونی هەیە. هەنوکە کەشوهەوا بەرەو ساردی دەچێت و شەڕکردن لە کوێستانەکاندا سەختە. بۆیە هیچ ئاماژەیەک نییە سوپا بچێتە ناو ئەم شەڕە. تێکەڵێک لە کەشوهەوای ناخۆش و گوشاری سوپا، هەردوولایەنی هانداوە بۆ ماوەیەک لەسەر ئاشتی ڕێک بکەون، بەڵام ناکۆکی ڕاستەقینە هەر ماوەتەوە.

I McCluney

باڵیۆزی پاشایەتی سوید (ل ٢٤٧)

بەشی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا

بەغدا

G. S. Burton Esq.

بەشی ڕۆژهەڵاتی ناڤین

نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس

لەندەن

١٩ی کانوونی دووەمی ١٩٧٤

عێراق-کورد

١. بە نزیکبوونەی ١١ی ئادار ١٩٧٤، پرسی ئۆتۆنۆمی کورد زۆرتر فیکری ئێمە بەرەو خۆی کێش دەکات.

٢. لە سەرگوتارەکانی ڕۆژنامەی ئەلسەورە کە لە ١٨ی کانوونی دووەم بڵاو بووەتەوە، هەندێك ڕێنمایی بەدەست دەکەون.

٣. «دوێنێ گفتوگۆکان لەبارەی ڕەشنوسی پلانی ئۆتۆنۆمی لە نێوان لێژنەی باڵای بەرەی نیشتیمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز دەستی پێکرد، کە نوێنەرانی حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبی و حیزبی کۆمۆنیستی عێراق لە لایەک و، نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لایەکی دیکەوە لە خۆ دەگرێت. لەم گفتوگۆیانەدا کەسایتیە ناسیۆنالیستە سەربەخۆ و دیموکراتەکانی کورد و عەرەب ئامادە بوون».

٤. «ئەرکی شوڕش و حیزبە ڕابەرەکەی و بەرەی نیشتیمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخوازە، بە پێی پەیمانی کاری نیشتیمانی لەهەمبەر خەڵک بەرپرسیاربێ، گشت هەوڵەکانیان بخەنەگەڕ بۆ دەستەبەرکردنی ئۆتۆنۆمی لە ماوەی دیاریکراودا.

٥. ‹هیچ سوودێک لە وروژاندنی پرسێکدا نییە کە هەموو کەس دەزانێت پێویستی

بـە قبوڵکردنـی کۆدەنگـی نیشـتیمانی هەیـە. لـە کاتێکـدا قۆناغـی ڕابـردوو ڕێگـەی بـە گفتوگـۆ و مشـتومڕ دەدا کـە مەبەسـت تۆمارکردنـی هەڵوێسـت و دەسـتەبەرکردنی دەسـتکەوتی خێـرای سیاسـی بـوو، قۆناغـی هەنوکـە بـە تەواوەتـی جیـاوازە. ئـەوەی ئێسـتا پێویسـتە، تۆمارکردنـی هەڵوێسـت و بەدەسـتهێنانی دەسـتکەوتی خێـرای سیاسـی نییـە، بەڵکـو گەیشـتن بـە کۆتـا شـێوەی ئۆتۆنۆمـی و جێبەجێکردنـی بـە شـێوەیەکی یاسـاییە تـا بـە یاسـایی بکرێـت و لـە هەرێمـی کوردسـتاندا جێبەجـێ بکرێـت.

٦. سـەرەڕای هەمـوو ئەمانـە، ئامـاژەی کـەم هـەن کـە کـورد ئامـادەن، لەگـەڵ حکومەتـی ناوەنـدا بچنـە نـاو هـەر جـۆرە ڕێککەوتنێکـی درێژخایـەن کـە دەبێتـە هـۆی نەمانـی تەنگـژە لـە گونـدە شـاخاوییەکاندا کـە ماوەیەکـی درێـژە بەردەوامـە.

I McCluney

نهێنی (ل ٢٤٨-٢٤٩)

باڵیۆزی بەریتانیا

کوێت

G. S. Burton Esq.

بەشی ڕۆژهەڵاتی ناڤین

نووسینگەی کاروبار دەرەوە و کۆمۆنوێلس

١٣ شوبات ١٩٧٤

ئاسۆکانی ئێستا بۆ ئۆتۆنۆمی کورد

١. لە نامەکەم بە ژمارەی ٢/١ لە ١٩ی کانوونی دووەم، لەبارەی کۆتایهاتنی ڕێککەوتی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لە ١١ی ئادار ١٩٧٤دا، ڕەشبین بووم. هێشتاش ڕەش بینم، بەڵام هەندێك ئاماژە بۆ هاتنەدی بارودۆخێکی باشتر لە ئارادایە، کە پێویستی بە پێکەوە دارشتنەوەی هەیە. (چونکە من سەرچاوەی دەست یەکم نییە، بۆیە سەرچاوەی ئەم نامەیە دەنگۆ و گومانەکانی بەغدان).

٢. لە کۆتایی هاوینی ١٩٧٣دا حیزبی بەعس ڕەشنووسی پلانی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی دارشت کە لەوکاتەدا لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان ڕەتکرایەوە. ڕەشنووسی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە تشرینی یەکەمی لە ڕۆژنامەی ئەلتەئاخیدا بڵاوکرایەوە، بە هەمان شێوە لەلایەن حیزبی بەعسەوە ڕەتکرایەوە. بەعس لەو بڕوایەدابوو کاتێک ڕێککەوتن لە نێوان دوو یاساکەدا دروست دەبێت، یاسای دەوڵەتی عێراق، لە سەرووی یاسای کوردستان بێت، هەرێمی کوردستان لە ڕووی یاساییەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێرقدا دەمێنێتەوە. خاڵەکانی دیکەی ناکۆکی بریتی بوون لە ئەندامێتی کورد لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و جێگری سەرۆک کۆمار.

٣. ئێمە ڕاپۆرتمان لەسەر سەرهەڵدانی دوژمنکاریی لە نێوان کۆمۆنیست/ئاشورییەکان و کورد بەدەست گەیشت. دەگوترێت بەعس کۆمۆنیست و ئاشورییەکانی چەکدار

کـردووە و هانـی داون کۆنترۆڵـی شـارە تێکەڵـەکان بکـەن، بـە تایبەتـی لـە ناوچـەی سلێمانی. دەگوترێـت لـە یـەک کاتـدا نزیکـەی ٢٠٠ کۆمۆنیسـت لەلایـەن کـوردەوە بـە بارمتـە گیـراون. (لەوانەیـە تـا هەنوکـەش بارمتـە بـن).

٤. لـە ٢٠ تشرینـی دووەمـدا کـورد و کۆمۆنیسـتەکان لەسـەر ئاگربەسـت ڕێککەوتـن و ڕێککەوتـن تـا ناکۆکیەکانیـان لەسـەر مێـزی کۆبوونـەوە چارەسـەر بکـەن. لەوکاتـەوە تـا ئێسـتا، لەوانەیـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکانی لەگـەڵ کۆمۆنیسـت و بەعسـیەکان، لـە ژێـر گوشـاری ڕووسـیادا بێـت. ڕادیـۆی مۆسـکۆ، لـە ٤ی کانوونـی دووەم بـاس لـە کۆبوونەوەیەکـی نێـوان پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و پارتـی کۆمۆنیسـتی یەکێتـی سـۆڤیەت کـرد و ئامـاژەی بـەوەدا «نابـێ ناکۆکـی لـە نێـوان گروپـە شۆڕشـگێڕەکان لـە عێراقـدا ببێتـە هـۆی لەمپەرنانـەوە لەبـەردەم یەکێتـی وڵاتـدا. گەلـی سـۆڤیەت نیگەرانـە لەبـارەی ئـەو ناکۆکیانـەی لـە نێـوان حیزبـی کۆمۆنیسـتی عێـراق و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتاندا ڕوویـداوە و هیواداریـن ئـەوان لەپێنـاو گەشەسـەندنی پێشـکەوتنخوازانە لـە کۆمـاری عێراقـدا بگەنـە لێکتێگەیشـتنێک. کارێـک کـە لـە پێناویـدا یەکێتـی سـۆڤیەت یارمەتـی و پشـتگیریی عێـراق دەکات››. لەوانەیـە ئەمـە هەڕەشـە بێـت لـە کەمکردنـەوەی (یارمەتـی بـۆ کـورد؟)، ئەگـەر هاتـوو ئـەوان لـە هەڵوێسـتی خۆیـان بـەردەوام بـوون.

٥. پارتـی بەعـس لـە کۆتایـی کانوونـی یەکـەم پلانـە ڕەسـەنەکەی خـۆی دووبـارە داڕشـتووە و بـە هەندێـك دەسـتکارییەوە بـۆ پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان نـاردی. لـە کانوونـی دووەمـدا دووبـارە گفتوگـۆکان دەسـتی پێکـردووە. بـە گوێـرەی ‹ئەلسـەورە› بۆچوونـی پەسـەند نەکراویـان نەخسـتۆتەڕوو. هەنوکـە ئێمـە گوێبیسـت دەبیـن (بـە تایبەتـی لـە پاشـکۆی [سـەفارەتەکانی] چیـن و هەنگاریـا]، کـە ڕێککەوتـن بەدەسـتهاتووە و گفتوگـۆکان بەردەوامـن. کـورد شـەنگار و خانەقیـن بەڕێـوە دەبـن و کەرکووکیـش بـە هاوبەشـی بەڕێـوە دەبردرێـت. کوردێکـی جێگـری سـەرۆک دەسـتبەکار دەبێـت. سـەنتەرەکانی هەرێمـی سـەر بـە بـەرەی نیشـتیمانی دروسـت دەکرێـن. هـەروەک لەبیرتانـە کـورد نەدەچوونـە نـاو بـەرەی نیشـتیمانی. هەنوکـە، لەوانەیـە ئـەوان وەک

بەشـێک لـە پاکێجـی [ڕێککەوتـن] بچنـە نـاو بەرەکـەوە.

٦. ئامـاژە هـەن بەعـس ئامـادەی جێبەجێکردنـی ڕێککەوتنەکەیـە. کەرتەکانـی [سـوپای] عێـراق دووبـارە ڕێـک دەخرێنـەوە بـۆ لەخۆگرتنـی سـێ لیـوا لەبـری چـوار، کـە ڕێگـە بـە پێکهێنانـی ٨ کـەرت لـە هەولێـر دەدات. لیواکانـی سـەر بـەم کەرتـە لەوانەیـە هێزی شـاخەکان [واتـە پێشـمەرگە] لەخـۆ بگرێـت. لـە ناوچـەی کەرکـووک، کوریـای باکـوور (Lowrie، US Interests) ڕایگەیانـدووە یارمەتـی ڕاهێنانـی سـوپای تێکـەڵ و گروپـە نیمچـە سـەربازییەکان دەدەن کـە لەلایـەن بەغـداوە کۆنترۆڵکـرا بـن.

٧. بـاس لـە ئەگـەری هێرشـی ئیرانیـەکان دەکرێـت کـە لـە بـەدرە (١٠ی شـوبات) ڕوویـداوە، ئەمـە بـە مانـای هەوڵـی سـوپای عێـراق دێـت لـە ڕێگریکـردن لـە کـورد لـە مەشـق و ڕاهێنـان لـە ئێرانـدا، ئەمـەش بەهـۆی نزیکبوونـەوەی بەسـەرچوونی مـاوەی ڕێککەوتنـی ١١ی ئـادار، وێنـەی چارەسـەرکردنێکی سـەپێنراو لەلایـەن ڕووسـیا، کۆمۆنسـیتەکان، ئاشـورییەکان و بەعسـیەکان بـۆ سـەر کـورد بۆمـان دروسـت دەکات. هەنوکـە عێـراق پـارەی لەبـەر دەسـتە تـا خەرجـی بـکات، جـا چ وەک بەرتیـل دانێـک بێـت، یـان بەهـۆی ئـەو بەڵێنـە بێـت کـە بـۆ گەشـەپێدانی باکـوور داویەتـی. پلاندارێژەرانـی بەریتانـی، بـۆ مـاوەی سـاڵێکە لەسـەر پلانـی گەشـەپێدانی کشـتوکاڵ و پیشەسـازییە پەیوەسـتەکان لەگـەڵ ڕاوێـژکارە عێراقیەکانـدا کار دەکـەن. فەرەنسـا ڕووپێوێکـی نـوێ بـۆ کەرتـی گەشـتیاری لـە باکـوور ڕاگەیانـدووە.

٨. ئەگـەر بەرزبوونـەوەی سـتاندەردە گشـتییەکانی ژیـان، بـۆ بەرزکردنـەوەی مووچـەی فەرمانبەرانـی حکومـەت و سـوپا بەسـوود بێـت، هـاوکات لەگـەڵ دابەزینـی نرخـی گاز و کارەبـا، کـە [حکومـەت] بەڵێنـی داشـکاندنی نرخیـان لـە ١ی نیسـان داوە، لەوانەیـە ئەمـە ببێتـە هـۆی هێنانـەدی ئـەو هەسـتەی ئەگـەری ژیانێکـی باشـتر لەگـەڵ بەعسـدا بوونـی هەیـە.

I McCluney

سنووردار (ل ٢٥٠)

باڵیۆزی پاشایەتی سوید

بەشی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا

بەغدا

G. S. Burton Esq.

بەشی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، نووسینگەی کاروبار دەرەوە و کۆمۆنوێلس

لەندەن، ژێدەری ئێمە (٤/٣)

٤ی ئاداری ١٩٧٤

عێراق-کورد

١. لە ٣ی ئادار لە بەغدا ڕاگەیێندرا «لێژنەی باڵای بەرەی نیشتیمانی و پێشکەوتنخوازی نیشتیمانی، ئەمڕۆ بەیانی بۆ ماوەی دوو کاتژمێر لە کۆبوونەوەدا بوونە و دوایین شێوازی پلانی ئۆتۆنۆمی بۆ ناوچەی کورد داڕێژرا بۆ بەیاسایی کردن پلانەکە بۆ ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش نێردرا. هەروەها لێژنەکە شێوازە گونجاوەکانی بەهێزکردنی چالاکییەکانی بەرە و جێبەجێکردنی ئۆتۆنۆمی لە کوردستان لە ماوەی زەمەنی دیارکراودا، تاوتوێ کرد. ئەویش بە شێوەیەک کە یەکێتی نیشتیمانی، مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، ئارامی، سەقامگیریی، گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی پێگەی ئابووری عێراق و بنەماکانی هەماهەنگییەکی بەهێز لە نێوان گشت نەوەکانی ئەم گەلە و لە نێوان عێراقیە ناسیۆنالیستەکان و هێزە پێشکەوتنخوازەکاندا، پتەو بکات. هەروەها لێژنەکە تاوتوێی سەردانی ئەم دواییەی سەدام حسێنی بۆ یەکێتی سوڤیەت کرد و خۆشحاڵی خۆی لەبارەی ئەم سەردانە بەسوودە و پتەوکردنی پەیوەندی لە نێوان عێراق و یەکێتی سۆڤیەتی دۆست دەربڕی.

٢. وادیــاره حکومــەت هــەوڵ دەدات لــە ١١ی ئادارىــدا، دەســتور بەســەر کــورددا بســەپێنێت. دەگوترێــت ســوپا بەردەوامــە لــە چــوون بــەرەو باکــوور و میلیشــیای کــورد ناچارکــراون شــارەکان بەجێبێڵــن (بــە تایبەتــی ئامــاژە بــە هەولێــر و زاخــۆ کــراوە). یاداشــتی ســەدام حســێن لەبــارەی ســەردانەکەی بــۆ مۆســکۆ ئــەوە دەخاتــەڕوو، لەوانەیــە پەیوەندییــەک لەئــارادا بێــت. ئەگــەر لەبــارەی پلانــی ئۆتۆنۆمــی بــۆ کــورد ڕاوێــژ بــە ڕووســیا کرابێــت، لەوانەیــە پێیــان باشــتر بێــت دەســتێوەردان لــەم بــارەوە نەکــەن. دوێنــێ هــەر یــەک لــە باڵیوزەکانــی ڕووســیا و ئێــران، ٤٥ خولــەک لەگــەڵ ســەدامدا بوونــە.

I. McCluney

هاوپێچ: نووسینگەی پاراستنی زانیارییەکان، مۆسکۆ

نووسینگەی پاراستنی زانیارییەکان، تاران

سنووردار (ل ٢٥١-٢٥٣)

باڵیۆزی پاشایەتی سوید

بەشی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا

بەغدا

G. S. Burton Esq.

بەشی ڕۆژهەڵاتی ناڤین

نووسینگەی کاروبار دەرەوە و کۆمۆنوێلس

لەندەن SW1

١٠ی ئاداری ١٩٧٤

**ئۆتۆنۆمی کورد**

١. دەنگۆ لەبەغدا هەن لەسەر ئەگەری [گەیشتن] بە ئەنجام سەبارەت بە[ڕێککەوتنی] ١١ی ئادار. نزیکەی حەوتەیەک لەمەوبەر باڵیۆزەکانی میسر و فەرەنسا گەشبین بوون لەبارەی ئەوەی ڕێککەوتنەکە بە ئاشتیانە دەستەبەر دەکرێت. لەوکاتەوە تا ئێستا لەگەڵ ئەوان قسەم نەکردووە.

٢. هاوکارێکی هەنگاریی ئەگەرەکانی بەم شێوەی خوارەوە وەسفکرد:

ا ڕێککەوتنێک بەدیهاتووە کە لە ڕێگەیەوە بارزانی و پ.د.ک هاوئاهەنگی بکەن لەگەڵ بەرەی نیشتیمانی و چیتر خوێن نەڕژێت.

**ب** بەعس جۆرێک لە ئۆتۆنۆمی ڕادەگەیێنیت کە بە ئاشکرا لەلایەن پ.د.ک-ەوە ڕەتناکرێتەوە و پ.د.ک دەست بە بژاردەکانی خۆیەوە دەگرێت تا ئەوکاتەی ببینێت پلانەکە چۆن بەڕێوەدەچێت. ئەگەر پلانەکە لە بەرژەوەندیاندا نەبوو، دەتوانن بانگەشەی ئەوە بکەن کە هیچ کات لەسەر هیچ شتێک ڕێک نەکەوتوون.

**ج** ڕێکارەکانی بەعس لەلایەن پ.د.کەوە ڕەتکراونەتەوە و شەڕ لە باکوور سەریهەڵداوەتەوە.

٣. دەترسێم بەدیلی دووەم و سێیەم ئەگەری زۆرتری هەبێت. دەنگۆکان لە باکوورەوە بەم شێوەی خوارەوەن:

ا گشت پیاوە بە تواناکەن لە شارەکان دەرچوونە، لە هەندێک حاڵەتدا گشت گوندەکان چۆڵکراون و بەرەو بەرزاییەکان چوونە. شەوان دەنگی تەقە دەبیسترێت.

**ب** کورد خەریکی دامەزراندنی چەکی دژە فڕۆکەن کە لە ئێرانەوە بەدەستیان گەیشتووە. دەگوترێت هەلیکۆپتەرێک لە کەرکووک خراوەتە خوارەوە.

**ج** سوپای عێراق لە باکوور و لەسەر سنوورەکانی ئێران گردبووەتەوە. ( بە دڵنیاییەوە ژمارەی سەربازەکان لە بەغدا بە شێوەیەکی بەرچاو کەم بووەتەوە و بیستوومانە ٣ کەرت بەرەو باکوور جوڵێنراون. بە گوێرەی پاشکۆی سەربازیی هیندستان، گشت هێزە شەڕکەرەکان ڕوتبەیان (Rutbah) بە جێهێشتووە).

٤. ڕۆژی پێنج شەممە، لەگەڵ مەحمود عوسمان کە پیاوێکی خوێندەوارە و لە ئێستادا سکرتێری شەخسی وەزیری داراییە، قسەم کرد. ئەو زۆر قسەی نەکرد، بەڵام ئەوەی پشتڕاست کردەوە کە هەنوکە لە باکوور بارودۆخەکە ناخۆشە.

٥. بەغدا لە ژێرەوە زۆر ئارام نییە. دەنگۆ هەیە ژمارەیەک لە ئەفسەرانی خانەنشین و لە ڕیزی سوپادان (ئەو ژەنەڕاڵەشی تێدایە کە پێشتر لێپرسراوی بەغدا بوو لە ناویاندایە، یان دەستبەسەر کراون یان لە سێدارەدراون. ژمارەکان جیاوازن، بەڵام کۆدەنگی هەیە کە ١٠ کەس لە سێدارە دراون و ٣٠ کەسیش دەستبەسەر کراون. دەگوترێت نەبوونی سوپا لەبەغدا دەرفەتێک بوو بۆ ئەنجامدانی کودەتا، بەڵام دەرفەتەکە پووچەڵکراوەتەوە بەهۆی دەستبەسەرکردنیان و لە سێدارەدانی کودەتاچیەکان. ژمارەی ئەندامانی دەزگای ئاسایش RPB، سەر بە کەرادەت مەریەم (Karradat Mariam) کە لە ژێر فەرمانی سەدام حسێندایە لە ناوەڕاستی شوباتەوە زیادی کردووە.

٦. نامەی هاوپێچکراو وەرگێڕانێکە لە ڕۆژنامەی ئەلسەورە، کە دەڵێت بۆچوونی حیزبی بەعس ئەم شەو دەخرێتەڕوو. بەعس بە ڕوونی نیەتی خۆی بۆ سەپاندنی چارەسەریی، ئەگەر پێویست بێت، خستووەتەڕوو.

I McCluney

**وەرگێڕانی ڕۆژنامەی ئەلسەورە، ١٠ی ئاداری ١٩٧٤**

لێژنـەی بـاڵای بـەرەی نیشـتیمانی پێشـکەوتنخواز، ئەمـڕۆ یەکشـەممە، ١٠ی ئـاداری ١٩٧٤ کاتژمێـر ٦ی ئێـوارە، لـە هۆڵـی ئەلخالـد (Al Khuld Hall)، بـۆ گفتوگۆکـردن لەسـەر ‹پـڕۆژە› یاسـای حوکمیزاتـی کۆبوونەوەیەکـی ئەنجامـدا.

بانگێشـتنامە بۆ ژمارەیەکی زۆر (٦٦٥ کەس) لە کەسـایەتییە ناسیۆنالیسـتە سـەربەخۆکان نێردرابـوو تـا لـە کۆبوونەوەکـەدا ئامادەبـن. بـۆ ئـەو کەسـانەی دەرفـەت نەبـوو کارتیـان بـۆ بنێردرێـت، بـە پێـی ناویـان لـە لیسـتی خـوارەوەدا، وەک بانگکـراو هەژمـار دەکرێـن و داوایـان لـێ دەکرێـت بەشـداری کۆبوونەوەکـە بـن.

لیسـتەکە کەسـایەتی جۆراوجـۆر لـە گشـت چیـن وتوێـژەکان لـە خۆدەگرێـت. وەک چەندیـن یاسـاناس، دکتـۆر، پرۆفیسـۆری زانکـۆ، بەڕێوەبـەری گشـتی، نزیکـەی گشـت دامەزراوەکانـی کەنیسـە لـە عێراقـدا. ئـەم کەسـانە لـە کـورد و عـەرەب و ئاشـوری و تورکـمان پێکدێـن.

سنووردار (ل ٢٥٥-٢٥٤)

باڵیۆزی پاشایەتی سوید

بەشی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا

بەغدا

G. S. Burton Esq.

(٢/١)

بەشی ڕۆژهەڵاتی ناڤین

نووسینگەی کاروبار دەرەوە و کۆمۆنوێلس

لەندەن

١٢ی ئاداری ١٩٧٤

**ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان**

١. لە ١١ی ئاداری ١٩٧٤، سەرۆک بەکر بۆ ڕاگەیاندنی بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بۆ جێبەجێکردنی ئۆتۆنۆمی لە ناوچە کوردییەکاندا، بە پێی ئەو بەڵێنەی لە ١١ی ئاداری ١٩٧٠ درابوو، لەسەر تەلەفزیۆن قسەی کرد. دەقی گوتاری سەرۆک بەکر و بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە ٢٤٧ لە لاپەڕەکانی ١، ٧ و ٨ لە کۆپی هاوپێچکراوی ‹چاودێری بەغدا› هاتووە. (١٢ ئادار).

٢. ڕۆژنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەلتەئاخی، لە ١٢ی ئادار، هیچ ئاماژەیەکی بۆ بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و قسەی [سەرۆک] نەکردووە، بەڵام لێدوانێکی بەم جۆرەی خوارەوە بڵاو کردەووە:

٣. بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی بەرقەراری سیاسییەوە، مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، بڕیاری هەڵپەساردنی دەرچوونی ڕۆژنامەکانی ئەلتەئاخی و برایەتی تا کاتێکی نادیار دەرکرد››.

٤. ئەمـەش بـەو مانایـە دێـت کـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان پێشـوازی لـە بڕیـاری ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی شـۆڕش نەکـردووە. ‹ئەلجمهوریـە› پەیامـی پیرۆزبایـی ئیسـمائیل مـەلا عەزیـز و هاشـم ئاکرەیـی بـڵاو کردووەتـەوە کـە بـە ئەندامانـی پشـتگیریکەر لـە حکومـەت نـاسراون. لـە لایەکـی دیکـەوە، ئێمـە زانیومانـە یەکێـک لـە کوڕەکانـی مەلامسـتەفا لـە بەغـدا تـا دواییـن چرکەسـاتەکان خەریکـی دانوسـتاندن بـووە. کۆبوونەوەیەکـی جەمـاوەری بـۆ ڕاگەیاندنـی بڕیـاری ئەنجوومەنی سـەرکردایەتی شـۆڕش لـە ١٠ی ئـادار بـۆ ١١ی ئـادار دواخـرا.

٥. بە وردبوونەوە لە خودی بڕیارەکە هەندێك تێبینی هەن کە شایانی لەبەرچاوگرتنن.

**یەکـەم:** هەرێمـی کوردسـتان (بەنـدی یەکـەم (ب))، بـە پێـی سـەرژمێری گشـتی لـەو ناوچانـە پێکدێـت کـە کـورد تێیـدا زۆرینـەن. گەڕانـەوە بـۆ سـەرژمێری سـاڵی ١٩٥٧ زەحمەتـە، چونکـە لـەو کاتـەدا کـورد بـە شـێوەی جیـا دابـەش ببـوون.

**دووەم:** دارایی

سەرچاوەکانی بودجە (بەندی ٨) لە دوو شوێنەوە دابین دەکرێن:

ا داهاتی خۆجێیی، بەشێوەیەکی گشتی لە شارەوانییەکان.

ب ڕێژەیەک لە بودجەی ناوەند.

دیـارە وەک مـاف لـە ژێـر ڕۆشـنایی یاسـای ئێسـتادا، هیـچ داهاتێکـی بـاج یـان داهاتـی نـەوت بـۆ ناوچەکانـی کوردسـتان تەرخـان نەکـراوە.

**سێیەم:** ئەنجوومەنی یاسادانان

دەبـێ ئەنجوومەنـی یاسـادانان(بەندی ١٠) بـە پێـی یاسـایەک کـە تـا هەنوکـە بـڵاو نەکراوەتـەوە، هەڵبژێردرێـت. دەکرێـت ئەنجوومەنەکـە ئەندامانـی خـۆی هەڵبژێرێـت و متمانـەش لـە ئەنجوومەنـی (بـاڵای) جێبەجێکـردن بسـێنێتەوە. بەندێـک هەیـە ڕێگـە بـە سـەرۆک دەدات ئەنجوومەنـی یاسـادانان هەڵبوەشـێنێتەوە (بەنـدی ٢٠ (ئـەی)) ئەگـەر ئەنجوومـەن نەیتوانـی ڕێـژەی یاسـایی تـەواو بـکات. (بـۆ نموونـە لەکاتـی

بایکۆتکردنـی ئەنجوومـەن)، یـان لەوکاتـەدا کـە ئەنجوومەنـی جێبەجێکـردن نەیتوانـی متمانـە دەسـتەبەر بـکات، یـان لەکاتـی پشـتگوێ خسـتنی بڕیارەکانـی لێژنـەی تایبەتـی سـەر بـە دادگای پێداچوونـەوە (بەنـدی ١٩ (ئـەی)).

**چوارەم:** ئەنجوومەنی جێبەجێکردن (بەندی ١٣)

پێدەچـێ ئەمـە شـێوازی پێکهێنانـی کابینـەی ناوچـەی کوردسـتان بێـت کـە ١٣ تـا ١٥، ئەندامـی دەبێـت و ئـەو کەسـانە لـە خۆدەگرێـت کـە شـایانی خزمەتکـردن بـن لـە ئەنجوومەنـی جێبەجێکردنـدا. سـەرۆکی ئەنجوومەنـی جێبەجێکـردن (بەنـدی ١٣ (س)) لەلایـەن سـەرۆک کۆمـارەوە بانگهێشـت دەکرێـت تـا ‹کابینە›کـەی خـۆی پێکبهێنێـت کـە دواتـر دەنگـی متمانـە لـە ئەنجوومەنـی یاسـادانان دەسـتەبەر دەکات. بەهەمـان شـێوە سـەرۆک دەتوانێـت سـەرۆک و کابینـە لـە کار بخـات.

**پێنجەم:** دەسەڵاتی دەسەڵاتی ناوەندی

دەسـەڵاتی بەرچـاو بـۆ ناوەنـد پارێـزگاری لێکـراوە. بەڕێوەبـەری پۆلیـس، ئاسـایش و تەشـکیلاتی نیشـتیمانی ‹national formation›، (لەوانەیـە ئەمـە بـە مانـای پێشـمەرگە بێـت)، بـە وەزارەتـی ناوخـۆ گرێـدراون. (بەنـدی ١٧ (ئـەی)) و لەلایـەن وەزیـرەوە دادەمەزرێـن (بەنـدی ١٧ (س)) بـە ڕاوێـژ لەگـەڵ سـەرۆکی ئەنجوومەنـی جێبەجێکـردن. گشـت وەزیرەکانـی دەوڵـەت لەلایـەن ناوەنـدەوە دیاردەکرێـن (بەنـدی ١٨ (س)) و دەتوانـن لـە گشـت دانیشـتنەکانی ئەنجوومەنەکانـی جێبەجێکـردن و یاسـادانانددا بەشـداربن. یاسـایی بوونـی گشـت بڕیارەکانـی دامـەزراوە ئۆتۆنۆمییـەکان لەلایـەن لێژنەیەکـی تایبەتـی سـەر بـە دادگای پێداچوونـەوە، چاودێـری دەکرێـن (بەنـدی ١٩ (ئـەی)) و جێبەجێکردنـی بڕیارەکـە دەتوانرێـت دوابخرێـت بەهـۆی تانەگرتنـی وەزیرێکـی دەوڵـەت یـان بەهـۆی وەزیـری دادەوە (بەنـدی ١٩ (ب)).

**نۆیەم:** بەندەکانی کەمینەی عەرەب

لە گشت بڕیارەکانی ئەنجووەنی سەرکردایەتی شۆڕشدا ئاماژە بە پاراستنی مافی کەمینەی عەرەب [لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا] کراوە. بۆ ئەوان ئەمانەی خوارەوە گەرەنتی کراون:

- خوێندن بە زمانی عەرەبی (بەندی ٢ (س)).
- مافە دەستورییەکان (بەندی ٣ (ئەی)).
- هەبوونی نوێنەر لە ئەنجوومەنەکانی یاسادانان و جێبەجێکردندا (بەندی ٣ (ب)).

لـە بڕیـاری ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی شۆڕشـدا هیـچ ئاماژەیـەک بـە کـورد وەک جێگـری سـەرۆک کۆمـار و خواسـتی کـورد بـۆ کۆنترۆڵکردنـی کەرکـووک نەکـراوە. ناوەنـدی بەڕێوەبـردن (بەنـدی ١ (ئـی)) لـە هەولێـر دەبێـت. چەنـد حەوتەیـەک بـۆ هەڵسـەنگاندنی هێـزی ڕەتکردنـەوەی کـورد بـۆ بڕیـاری ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی شـۆڕش پێویسـتە، بـەڵام تـا ئـەو کاتـەی ئـەوان دەزانـن کـە مەرجـەکان چیـن، شکسـتهێنان لـەم دۆخـەدا، یـان وەڵامـی نابەرپرسـانە جێگـەی ئۆمێـد نییـە.

I McCluney

کۆپییەک بۆ: تاران، ئەنقەرە، کوێت، دیمەشق، بەیروت.

ئاژانسی هەواڵی عێراق، ١٢ ئاداری ١٩٧٤ ( ل٢٥٦)

عەزیـز ئاکرەیـی، ئەندامـی مەکتـەبی سیاسـیی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و ئیسـمائیل مـەلا عەزیـز و هاشـم ئاکرەیـی، ئەندامـی کۆمیتـەی ناوەنـدی پارتـی دیموکراتی کوردسـتان، بـە بۆنـەی ڕاگەیاندنـی یاسـای حوکمیزاتـی بـۆ ناوچـەی کوردسـتان، تەلەگرامێکیـان بـۆ سـەرۆک ئەحمـەد حەسـەن ئەلبەکـر ناردووە، ئەمـەی خـوارەوەش دەقـی تەلەگرامەکەیـە:

ڕاگەیاندنـی یاسـای حوکمیزاتـی بـۆ کوردسـتانی عێـراق لەکاتـی دیاریکـراوی خۆیـدا بـە دەسـتکەوتێکی گەورەی نیشـیمانی بۆ گەلی تێکۆشـەری ئێمە لە عێراق و بە دەسـتکەوتێکی گرنـگ بـۆ گەلـی ئێمەی کـورد هەژمار دەکرێـت. ئەمـەش بناغەیەکی پتەوە بـۆ بەهێزکردنی یەکێتـی نیشـتیمانی و بـۆ پشـتگیریی کـردن لـە برایەتـی نیشـتیمانی و بـۆ پاراسـتنی دەسـتکەوتەکان و سـەرکەوتنەکان کە لەلایەن حکومەتە نیشـتیمانیەکەی ئێمەوە دەسـتەبەر کـراوە. جێبەجێکردنـی پراکتیکیانـەی حوکمیزاتـی وەک متمانەیەکـی پیـرۆز ‹لەئەسـتۆی هەموومـان› هەژمـار دەکرێـت و لـە گشـت هاووڵاتیانـی کـورد و پارتـە پێشـەنگەکەی واتـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و گشـت هێـزە ناسیۆنالیسـتەکان و خەڵکـی باشـی گەلـی عێـراق دەخوازێـت کـە تواناکانیـان بەگەڕبخەن و هێزەکەیـان بەکاربهێنن بـۆ جێبەجێکردنی حوکمیزاتـی و پاراسـتنی لـە پیلانـی ئیمپریالسـیت و سـیخوڕەکان. ئەمـەش تەنیـا لـە ڕێگەی یەکێتـی نێـوان چیـن و توێـژەکان و بەهێزکردنـی یەکێتی نیشـتیمانی و بەدیهێنانی کەشـێکی دیموکراسـی و هۆشـیاری و ئاگاداربـوون لـە پیلانـی ئیمپریالیسـت و زایۆنیسـت و هێـزە کۆنەپارێـزە بـە کرێگیـراوەکان دەسـتەبەر دەکرێـت کـە بەرژەوەندییەکانیـان لـە ناوچـووە.

ئێمـە دڵنیایـن گەلـی ئێمـەی کـورد، بـە سـەرکردایەتی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، لــە ژێــر قەڵغانــی ڕژێمــی نیشــتمانیی پێشــکەوتنخوازانە لــە عێــراق و لــە میانــەی دامــەزراوە دەســتڕۆییە دیموکراتیانــەی حوکمیزاتــی، ســەرکەوتووانە ئاواتــە نیشــتمانییە پێشـکەوتنخوازەکەی بـەدی دێنێـت و بـە هەمـوو هێـزەوە پارێـزگاری لـەم دەسـتکەوتە دەکات و ڕێگـە نـادات خوێنـی هاووڵاتیـان بـە فیـڕۆ بـڕوا کـە لـە شـاخ و دۆڵەکانـی کوردســتاندا بــۆ بەدەســتهێنانی حوکمیزاتــی ڕژاوە.

INA

پێنج شەممە، ١٤ی ئاداری ١٩٧٤ (ل ٢٥٧)

401b5239/B

ئۆتۆنۆمی بۆ کوردی عێراق

پاڤێل دێمچینکۆ (Pavel Demchenko)

بەڕاستی ڕووداوێکی گرنگی مێژوویی لە ژیانی سیاسی عێراقدا ڕوویدا؛ لە ١١ی ئادار، بە فەرمی لە بەغداوە ڕاگەیێندرا کە کوردستان ئۆتۆنۆمی دەستەبەر کرد. بۆ ئەم دەستکەوتە گەلی عێراق قۆناغێکی سەختیان دەرباز کرد. بە درێژایی چەندین دەیە، ئیمپریالیستی بەریتانی هانی ناکۆکییەکانی نێوان کورد و عەرەبی بە ئامرازێکی گرنگی پاراستنی باڵادەستی خۆی بە سەر خاکی نێوان دوو ڕووباری دیجلە و فورات هەژمار دەکرد، بەڵام تەنانەت ئەوکاتەی کۆلۆنیستەکان لە وڵات دەرکران و ڕژێمی پاشایەتی لە بەغدا ڕووخا، کاربەدەستانی ڕژێمی کۆماریی، نەیانتوانی یەکێتییەکی نیشتیمانی پتەو دەستەبەر بکەن.

لە ساڵی ١٩٦١دا، دوژمنایەتی سەربازیی لە دژی هێزە ئازادیخوازەکان، لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە لە باکووری وڵات کە دانیشتوانی کوردن، برەوی سەند. ئەمە شەڕێکی براکوژی بوو کە لەلایەن تاقمە کۆنەپارێزە شۆڤینیستەکان و قۆرغکارانی نەوت پاڵی پێوەدەنرا کە بەرژەوەندییان لە بەش بەشکردنی نەتەوەدا بوو.

لە هاوینی ١٩٦٨دا، سەرکردایەتی ئێستای حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبی (بەعس) هاتە سەر دەسەڵات و بۆچوونەکان سەبارەت بەکێشەی کورد لە عێراقدا گۆڕانی بەسەردا هات. بەیاننامەی ئاداری ١٩٧٠ی ڕایگەیاند کە بە تەواوەتی کۆتایی بە شەڕی سەربازی لە کوردستاندا هاتووە و مافە سیاسییە سەرەکییەکانی بۆ کوردی عێراق دابین کرد، کە ئەوان لە پێناویدا بە درێژایی چەند ساڵ چەکیان هەڵگرت و جەنگان. هەروەها ڕاگەیێندرا کە دوو ملیۆن کوردی بەهێز لە ماوەی چوار ساڵدا لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی یەکگرتوودا، ئۆتۆنۆمی بەدەست دێنن. هەنوکەش ئەم بەڵێنە لەکاتی دیارکراوی خۆیدا جێبەجێ

دەکرێـت. ئەمـەش هاتـەدی، سـوپاس بـۆ گۆڕانـی بـە سـوود لـە ژیانـی سیاسـی وڵاتـدا.

بەهەرحـاڵ، سـەختییەکانی بـەردەم چارەسـەری کێشـەی کـورد تـا هەنوکـەش بـاز نـەدراون. دەسـتێوەردانی بـەردەوام لـە کاروبـاری کورددا لەلایـەن بریکارەکانـی دەرەکییەوە لـە ئارادایـە. چالاکـی کەسـانی سـەر بـە باڵـی ڕاسـتڕەو کـە بەهـۆی یەکنەبـوونی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانەوە، چوونەتـە نـاو ئـەم حیزبـە، هەوڵـی بەرجەسـتەکردنی هەسـتی جیابوونـەوە دەدەن و لـەم بارودۆخـەدا بوونەتـە داردەسـتەی دوژمنەکانـی عێـراق. جیـاوازی لـە شرۆڤەکردنـی هەندێـك لـە بەندەکانـی بەیاننامـەی ئـادار هەتـا هەنوکـە دەربـاز نەکـراوە. بـە تایبەتـی لەسـەر دیارکردنـی وردی سـنوورەکانی کوردسـتان. هـەروەک لـە بەغـداوە ڕاپـۆرت هاتـووە، بـڕوا هەیـە خاڵـە مشـتومڕئامێزەکان لـە مـاوەی ١٥ ڕۆژدا چارەسـەر بکرێـن. بێگومـان، ڕاگەیاندنـی ئۆتۆنۆمـی بـۆ کـورد، خاڵێکـی وەرچەرخانـی مێژوویيـە لـە گەشـەی پێشـکەوتنخوازی لـە عێراقـدا.

(Pravda، March 14. Abriged)

سنووردار (ل ٢٥٨)

GRS 130

CYPHER CAT A

FM BAGHDAD 160700Z MAR

بۆ: نووسینگەی کاروباری دەرەوە، تەلەگرامی ژمارە ٨٠، لە ١٦ی ئاداری ١٩٧٤.

بۆ بەرچاوڕوونی بنێردرێت بۆ: ئەنقەرە، تاران، دیمەشق، کوێت و بەیروت.

**کێشەی کورد (Kurdish Trouble)**

١. حکومەتــی عێــراق لەبــارەی پێکدادانەکانــی چەنــد ڕۆژی ڕابــردووی کــە لــە باکــوور ڕوویــدا، هیــچ لێدوانێکــی نــەداوە.

٢. لــە لێدوانێکــدا لــە ١٤ی ئــادار، لەبــارەی دانوســتاندنەکانی نێــوان بــەرەی نیشــتیمانی و پارتــی دیموکراتــی کوردســتان کــە بــووە هــۆی هاتنــەدی بڕیــاری ئۆتۆنۆمــی لــە ١١ی ئــاداردا، ســەدام حوســێن گوتــی «هەمــوو کەســێک دەزانێــت چەندیــن ناوچــەی باکــووری وڵات، بــە تەواوەتــی لــە ژێــر دەســەڵاتی دەوڵەتــدا نیــن»، بــەڵام ئەمــەش حەقیقەتێکــی مێژووییــە، نــەک زانیارییەکــی نــوێ.

٣. پێــش ١١ی ئــادار هاووڵاتیانــی بەریتــانی کــە لــە هەولێــر و ســلێمانی کاریــان دەکــرد، [ئــەم ناوچانەیــان] بــەرەو بەغــدا بەجێهێشــت. ئــەم کرێکارانــە و ڕێبوارەکانــی دیکــە، پێــش ســەفەرکردن بــۆ باکــوور، لەگــەڵ ئــەو لایەنــەی کــە لــە عێــراق سپۆنســەریان بوون ڕاوێــژ دەکــەن. ژیــان لــە بەغــدا ئاســایە و هیــچ ئاماژەیەکــی گــرژی بــەدی ناکرێــت.

٤. تکایــە نووســینگەی کاروبــاری دەرەوە ئــەم نامەیــە (Saving) بــۆ دیمەشــق، کوێــت و بەیــروت بنێــرە.
(هەروەک داواکرابوو، دووبارە کراوەتەوە)

MCCLUNEY

FILES:

MED (بەشی ڕۆژهەڵاتی ناڤین)

MENAD (بەشی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و باکووری ئەفریقیا)

CONSULAR D (بەشی راوێژکاریی)

MR WEIR (بەڕێز وییر)

سنووردار (ل ٢٥٩)

باڵیۆزی پاشایەتی سوید

بەشی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا- بەغدا

G. S. Burton Esq.

(٢/١)

بەشی ڕۆژهەڵاتی ناڤین

نووسینگەی کاروبار دەرەوە و کۆمۆنوێلس- لەندەنSW1

١٨ی ئاداری ١٩٧٤

**کوردی عێراق**

١. لە ١٢ی ئادار، سەدام حسێن مۆڵەتی ١٥ ڕۆژی بە پارتی دیموکراتی کوردستاندا کە بچێتە ناو بەرەی نیشتیمانی و بەرپرسیاریّتی بڕیاری ئۆتۆنۆمی کە لەلایەن ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە دەرکرا، لە ئەستۆ بگرێت. دەقی INA هاوپێچ کراوە.

٢. لەوانەیە ئێوە بتانەوێت [ئاگادار بن] لەو پەیامانەی بۆ پشتگیریی لە سەرۆک نێردراون. یەکێک لە تەلەگرامەکان لەلایەن کوڕەکەی بارزانی عوبەیدولا مستەفا بارزانییەوە هاتووە کە ستایشی سەرکردایەتی سەرۆک دەکات و دڵنیایی دەدات «گەلی کورد لە سایەی ئۆتۆنۆمیدا، چاوەڕێی داهاتووی گەش و بوژانەوەی زیاتر و سەرکەوتنی ئەم ئەزموونە هەموو هەوڵی خۆیان دەخەنەگەڕ».

٣. بە گشتی ڕۆژنامەی ڕۆژانە تا ئەم چرکەساتە ئاماژە بە هیچ ڕووداوێک لە سنوورەکانی باکوور نادەن. پەیوەست بە بارودۆخی گشتی، ئێمە بە جودا لەبارەی ئەو شتانەی لێرە دەبیستین، دەنووسین. حاڵیحازر بارودۆخەکە زۆر دڵخۆشکەر نییە.

I. McCluney

مۆڵەتـی ١٥ ڕۆژ بـە نوێنـەری پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان دراوە بۆئـەوەی بچێتـە نـاو بـەری نیشـتیمانی و بەرپرسیارێتی یاسـای ئۆتۆنۆمـی لـە ئەسـتۆ بگرێـت (٢٦٠-٢٦٩)

هـاوڕێ سـەدام حسـێن، جێگـری سـکرتێری گشـتی پارتـی سۆشیالیسـتی بەعسـی عەرەبـی، سـەرکردایەتی هەرێمـی و جێگـری سـەرۆکی ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی شـۆڕش، ڕایگەیانـد دەرگاکان بـۆ مـاوەی ١٥ ڕۆژ کـراوە دەبـن لـە ڕۆژی ڕاگەیاندنـی یاسـای ئۆتۆنۆمـی بـۆ ناوچـەی کوردسـتان و پێـش ئـەوەی نوێنـەری پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بچێتـە نـاو بـەرەی نیشـتمانیی پێشـکەوتنخوازی نیشـتیمانیەوە و بەرپرسـیارێتی یاسـای ئۆتۆنۆمـی لـە ئەسـتۆ بگرێـت.

هـاوڕێ حسـێن ڕایگەیانـد» «ئێمـە نوێنـەری پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانمان ئـاگادار کردووەتـەوە، هـاوکات ئێمـە پابەنـد دەبیـن بـەوەی ئـەوان هاوپەیمانـی ئێمـەن و هیـچ کردەیەکـی نائاسـایی بـۆ پیشـێلکردنی ئاسـایش و یاسـا ئەنجـام نەدرێـت. ئەگـەر ئـەم جۆرە کردارانـە ئەنجـام دران ئێمـە پابەندیـمان نامێنێـت». سـەدام حسـێن لـە کۆبوونەوەیـەک کـە بـەرەی ناسیۆنالیسـت و پێشـکەوتنخوازی نیشـتیمانی بەڕێـوەی دەبـرد، قسـەی کـرد کـە ئێـوارەی دوێنـی لـە هۆڵـی ئەلخالـد (Al Khuld Hall) لـە بەغـدا بەسـترا. نزیکـەی ١٠٠٠ کەسـایەتی نیشـتمانیی پێشـکەوتنخواز و نیشـتیمان پەروەر لە کۆبوونەوەکەدا ئامادە بوون.

لـە وەڵامـی پرسـیارێکدا هـاوڕێ سـەدام گوتـی: «کـورد گەلـی ئێمـەن و ئێمـە زۆرتـر لـە کەسـانیتر داهاتوویـان لەبەرچـاو دەگریـن». هەروەهـا دووپاتـی کـردەوە کـە لـە بونیاتنانـی کۆمەڵگایەکـی نوێـدا، پرسـی گرنـگ «نەتەوەگەرایـی نییـە. پرسـی گرنـگ بریتییـە لـە ڕادەی بـڕوا بـوون بـە هەنگاونـان بـەرەو بونیاتنانێکـی پێشـکەوتنخوازانە کـە ئێمـە بـەدوای بونیاتنانـی سۆشـیالیزم لـەم کۆمەڵگایـە و لـەم وڵاتـەدا، دەگەڕێیـن».

سـەدام گوتـی لەکاتێکـدا ئێمـە چـاوەڕوان بوویـن کەسـایەتییەکی کـورد دەربکەوێـت و لەهەمبـەر هەمـوو کـورد و مافـە ڕەواکانیـان و خواسـتەکانیان بەرپرسـیار بێـت؛ یـان کەسـێک لەنـاو کەمینـەکان سـەرهەڵبدات کـە زۆرتـر لـە ئێمـە بـۆ کەمینـەکان هەسـت بـە بەرپرسـیارێتی بـکات و لـە چوارچێـوەی بونیاتنانـی کۆمەڵـگای عێراقـی یەکگرتـوودا [مافـی

کەمینـەکان دابیـن بـکات]، لـەو کاتـەدا ئێمـە خۆمـان بـە شـایانی سـەرکردایەتیکردنی ئـەم کۆمەڵگایـە نازانیـن.

هـاوڕێ سـەدام گوتـی: «گەلـی کوردمـان، دەتوانـن بـە دڵنیاییـەوە پشـوو بـدەن و جەنگـی سـاڵانی ڕابـردوو بەسـە بۆئـەوەی پشـوو بـدەن. ئێمـە بەقـەدەر ئـەوان پەرۆشـی داهاتـووی ئەوانیـن. ئێمـە نیگەرانـی داهاتـوو و ئاسـایش و سـەقامگیری و پێگـەی ئەوانیـن لـە عێـراق و لەبەشـداریکردنیان لـە بونیاتنانـی نیشـتیماندا».

هەروەهـا دووپاتـی کـردەوە لێپێچینـەوە لـە دژی هیـچ هاووڵاتییەکـی عێراقـی ئەنجـام نادرێـت «ئەگـەر ئـەم هاووڵاتیـە پابەنـدی ڕێچکـەی دیموکراسـی بێـت لـە گفتوگۆکـردن و ئەگـەر گفتوگۆکـەی پشـتی بەسـتبێت بـە بنەماکانـی پلانـی کاری نیشـتیمانی و بنەمـا سـەرەکییەکانی شـۆڕش». لێپێچینـەوە لـە هاووڵاتـی ناکرێـت بەهـۆی تاوانەکانـی دیکـە. سـەدام دووپاتیکـردەوە «هاووڵاتـی عێراقـی بەرپرسـی ڕەفتارەکانـی خۆیەتـی. ڕێـزی لێدەگیرێـت تـا ئـەو ڕادەیـەی ڕەفتارەکانـی بـە پێـی یاسـا بێـت و ئـەو بەرپرسـیارە لـە چوارچێـوەی یاسـادا و بـە پێـی ئـەو ڕادەیـەی لـە یاسـا دوورکەوتووەتـەوە».

هـاوڕێ سـەدام ڕوونیکـردەوە ئـەو کەسـانەی هەوڵـی [ئازاردانـی] ئەندامانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان دەدەن، بـە گوتنـی هـەر شـتێک، دەخرێنـە نـاو زیندانـەوە. تەنانەت ئەگـەر ئامـاژە بـە نـاوی سـەرکردایەتی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانیش نـەدات. پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، وەک حیزبێـک، نوێنەرایەتـی لەنـاو بـەرەدا بـەردەوام دەبێـت. سـەدام گوتـی «ئـەوەی ئێمـە دەیڵێیـن تەنیـا دڵنیاکردنـەوەی قوتابیـان و فەرمانبـەران نییـە، ئێمـە تەنیـا دووپاتـی بنەماکانـی تێڕوانینـی بـەرەی [نیشـتیمانی] بـۆ گەلەکەمـان و تێڕوانینـی دەسـەڵات و دەوڵـەت بـۆ هەمـوو خەڵـک دەکەینـەوە».

بەیاننامەی ئادار

ڕۆژنامە جیهانیەکان، ئاژانسەکانی هەواڵ، وێستگەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، ڕووماڵێکی فرەوان و شرۆڤەی بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بۆ ئۆتۆنۆمی ناوچە کوردنشینەکانی عێراق، لە چوارچێوەی یەکپارچەیی خاکی عێراقیان کردووە. سەرنجدانەکان بە تایبەتی لە پایتەختەکانی عەرەبی و بێگانە بووە؛ هەروەها لەسەر زانیارییەکان لەباری جێبەجێکردنی بەڵێنی شۆڕشی ١٧ تەمووزی پەیوەست بە بەیاننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، بووە تا خود موختاری بداتە ناوچە کوردییەکان و یاسای تایبەتی بۆ دەر بکات.

زۆربەی وێستگەکانی پەخشی عەرەبی و بێگانە و ئاژانسەکانی هەواڵ بەشێکی گرنگیان لە لێدوانەکەی سەرۆک ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر وەرگرتووە کە خۆی شەوی ڕابردوو پەیامەکەی لەسەر تۆڕی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن لەبارەی ئۆتۆنۆمی بۆ ناوچەی کوردستان ڕاگەیاند. پەیامنێرەکانی INA، ڕایانگەیاندووە بڕیارەکە لە سەردێڕی بەرگی یەکەمی میدیای عەرەبی بڵاو بووەتەوە و بڕیارەکەیان بە ڕووداوێکی دیار لە مێژووی عێراقدا وەسف کردووە.

لە بەیروت، ڕۆژنامەی ئەلواس (Al-Lous)، بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بە دەستپێشخەرییەکی فرەوانی بوێرانەی سیاسی وەسفکرد کە بۆ جێبەجێکردنی بەیاننامەی مێژوویی ١١ ی ئادار دەرکراوە. سەرەڕای بارودۆخی هەستیاری ناوچە کوردستانیەکان و «کەشی تەنگژاوی کە لەلایەن دوژمنکاریی بەردەوامی ئێران لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی عێراقدا دروستکراوە، سەرکردایەتی سیاسی عێراق بە پێی ڕۆح و ناوەڕۆکی بەیاننامەی ١١ی ئادار، بڕیاریدا بە دانی حوکمیزاتی بە کورد››.

ڕۆژنامەی قاهیرە و میدیای زانیاری، گرنگی بە ڕووداوەکە داوە و هەندێك لە بەندەکانی یاسای ئۆتۆنۆمی وەرگرتووە. ڕۆژنامەکە بە کۆی دەنگ هاوڕا بووە بڕیارەکە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی یەکێتی نیشتیمانی. لە کوێت سەرگوتاریان لەبارەی

ڕووداوەکـە بڵاوکردووەتـەوە و نووسـیویانە سـەردەمێکی نـوێ لـە باکـووری عێراقـدا دەسـتی پێکـردووە. لـە عـەدەن، پایتەختـی کۆمـاری یەمـەن، عەبدولفەتـاح ئیسـمائیلی، سـکرتێری گشـتی ڕێکخـراوی سیاسـی بـەرەی نیشـتیمانی، ڕایگەیانـد سـەرکەوتنی عێـراق لە چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد لـە میانـەی بەخشـینی حوکمیزاتـی بـۆ کـورد سـەرکەوتنێکی گەورەیـە بـۆ پرسـی نەتەوەیـی عێـراق و هەنگاوەکـە بـەرەو دیموکراسـی و پێشـکەوتن کـە لەلایـەن حیزبـی بەعسـی سوشیالیسـتی عەرەبـی و گەلـی عێـراق دەسـتەبەر کـراوە و گوتـی ئێمـە تێدەگەیـن چارەسـەری کێشـەی کـورد لـە ڕوانگـەی بارودۆخـی سـەخت و ناهەمـواری ڕابـردوودا چەنـد گرنگـە.

لـە عێـراق، خۆپێشـاندانی فرەوانـی جەمـاوەری لـە شـەقامە سـەرەکییەکانی سـەنتەری پارێزگاکانـی عێراقـدا، بەڕێوەچـوو و پێشـوازیان لـە ڕاگەیاندنـی ئۆتۆنۆمـی بـۆ ناوچـە کوردییـەکان لـە ڕێگـەی جیبەجێکردنـی بەیاننامـە مێژوویەکـەدا کـرد. هەروەهـا بڕیـاری ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی شـۆڕش، پشـتگیرییەکی فرەوانـی لەنـاو گشـت چیـن و توێـژەکان، پارتـە سیاسـییەکان، ڕێکخـراوەکان و دامـەزراوە پسـپۆڕییەکاندا بەدەسـت هێنـاوە. تەلەگرامـی پشـتگیریی لەلایـەن کەسـایەتیەکان، ڕێکخراوەکانـی ئافرەتـان، کرێـکاران، مامۆسـتایان، جوتیـاران، ئەندازیـاران و گشـت پسـپۆڕییەکان پشـتگیریی لـە هەنـگاوی بوێرانـەی دەسـەڵاتی نیشـتیمانی دەکـەن.

**پشتگیریی پارتی دیموکراتی کوردستان**

بەڕێـز عەزیـز ئاکرەیـی، ئەندامـی مەکتـەب سیاسـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، ئیسـمائیل مـەلا عەزیـز و هاشـم ئاکرەیـی، کـە هەردووکیـان ئەندامـی کۆمیتـەی سـەرکردایەتی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانن، تەلەگرامـی خوارەوەیـان بـۆ سـەرۆک بەکـر و سـەدام حسـێن، جێگـری سـەرۆکی ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی شـۆڕش و ئەندامانـی سـەرکردایەتی هەرێمـی پارتـی سۆشیالیسـتی بەعسـی عەرەبـی و ئەندامانـی لیژنـەی بـاڵای بـەرەی ناسیۆنالیسـت و پێشـکەوتنخوازی نـاردووە.

«جێبەجێکـردن و مومارەسـەکردنی ئۆتۆنۆمـی کرۆکـی ڕۆحـی ئێمەیـە، ئەمـەش لـە

گەلی ئێمەی کورد و پارتە پێشەنگەکەی واتە پارتی دیموکراتی کوردستان و گشت هێزە ناسیۆنالیستەکان و خەڵکی باشی گەلی عێراق دەخوازێت تواناکانیان بخەنەگەڕ و هێزەکەیان بەکاربهێنن بۆ جێبەجێکردنی حوکمیزاتی و پاراستنی لە پیلانی ئیمپریالسیت و سیخوڕەکان. ئەمەش تەنیا لە ڕێگەی یەکێتی نێوان چین و توێژەکان و بەهێزکردنی یەکێتی نیشتیمانی و بەدیهێنانی کەشێکی دیموکراسی و هۆشیاری و ئاگادار بوون لە پیلانی ئیمپریالیست و زایۆنیست و هێزە کۆنەپارێزە بە کرێگیراوەکان دەستەبەر دەکرێت کە بەرژەوەندییەکانیان لە ناوچووە.

ئێمە دڵنیاین گەلی ئێمەی کورد، بە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ژێر قەڵغانی ڕژێمی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازانە لە عێراق و لە میانەی دامەزراوە دەستورییە دیموکراتییەکانی حوکمیزاتی، بە سەرکەوتووانە ئاواتە نیشتمانییە پێشکەوتنخوازەکەی بەدی دێنێت و بە تەواوی هێزەوە پارێزگاری لەم دەستکەوتە دەکات و ڕێگە نادات خوێنی هاوولاتیان، کە لە شاخ و دۆڵەکانی کوردستاندا بۆ بەدەستهێنانی حوکمیزاتی ڕژاوە، بە فیرۆ بڕوات.

تەلەگرامێک لە پارێزگاری سلێمانی بە وەکالەت، عارف تەها، ئاماژە بەوە دەکات بە ناوی گشت جەماوەری سلێمانی و گشت بەرپرسانی ئیداریی و خزمەتگوزاریی مەدەنی و فەرمانبەرەکان، پشگیریی لە بڕیارە مێژووییەکەی ئێوە دەکەین بۆ ڕاگەیاندنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، ستایشی هەنگاوە بە هێزەکەی ئێوە دەکەین بۆ دانانی بناغەی ئاسایش و سەقامگیریی لە گشت وڵاتە خۆشەویستەکەمان، عێراق. بژی گەلی عێراق، عەرەب و کورد، و برا کەمینەکانمان، بژی ئاشتی و لێبوردەیی. خودا هەنگاوەکانی ئێوە بپارێزت بۆ خۆشگوزەرانی گەلی عێراق».

تەلەگرامی بەڕێوەبەری گشتی ئیدارەی بەندەرەکانی عێراق، عەبدولجەبار ئەلسەعیدی: «ڕاگەیاندنەکەتان لەبارەی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی ئێمەی کورد لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا، گورزێکی بەهێز بوو کە بەر بەکرێگیراوەکان و ئیمپریالیستەکان کەوت و جێبەجێکردنێکی ڕاستەقینەی ئاراستەی مرۆڤایەتی پارتی سەرکردەکەمان، واتە حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبیە. بە ناوی خۆم و بە ناوی فەرمانبەرانی

ئیـدارەی بەندەرەکانـی عێـراق، ستایشـی هەنـگاوە گەورەکەتـان دەکەیـن و بەڵێـن دەدەیـن گشـت هەوڵـی خۆمـان بـۆ جێبەجێکردنـی ئـەو شـتەی کـە لـە بەرژەوەنـدی گـەل و نەتـەوەی ئێمەدایـە و بـۆ بەرپەرچدانـەوەی دەسـتدرێژی ئێرانییـەکان لەسـەر سـنووری وڵاتـە شۆڕشـگێرەکەماندا دەخەینەگـەڕ».

تەلەگرامـی لقـی فدراسـیۆنی گشـتی قوتابیـان ئەریتیریـا، یەکێتـی نیشـتیمانی قوتابیانـی ئەریتیریـا و فیدراسـیۆنی گشـتی قوتابیـانی فەلەسـتین کـە لـە کوێتـەوە هاتـوون، گشـتیان پشـتگیریی لـە ڕاگەیاندنـی ئۆتۆنۆمـی بـۆ کـورد دەکـەن و وەک خواسـتی گەلەکەیـان بـۆ ئـازادی و دیموکراسـی هەژمـاری دەکـەن. تەلەگرامەکـە دەڵێـت بڕیارەکـە ئـەوە پشتڕاسـت دەکاتـەوە کـە [ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی] شۆڕشـی عێـراق، پابەنـدی ڕێـڕەوی شۆڕشـگێرانەی پێشـکەوتنە.

**بڕیاری پشتگیریی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان (KRP)**

مەکتـەب سیاسـی پارتـی شۆڕشـگێڕی کوردسـتان، لـە تەلەگرامێکـدا بـۆ سـەرۆک بەکـر و جێگـری سـەرۆکی ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی شـۆڕش و سـەرکردایەتی هەرێمـی پارتـی بەعسـی سۆشیالسـتی عەرەبـی، لـە بـارەی ڕاگەیاندنـی ئۆتۆنۆمـی بـۆ ناوچـە کوردییـەکان، ستایشـی بڕیـاری ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی شۆڕشـی کـردووە. دەقـی تەلەگرامەکـە دەڵێـت: «مەکتـەب سیاسـی [و] کۆمیتـەی ناونـدی پارتـی شۆڕشـگێڕی کوردسـتان، بـۆ ڕاگەیاندنـی ئۆتۆنۆمـی بـۆ ناوچەکانـی کوردسـتانی عێـراق، ستایشـی هەنـگاوە بوێرانەکەتان دەکات کـە لـە میانـەی ڕاگەیاندنـی یاسـای ئۆتۆنۆمـی بـۆ گەلـی کوردمـان خراوەتـەڕوو.

پیادەکردنـی یاسـای ئۆتۆنۆمـی باشـترین گەرەنتییـە بـۆ فیـداکاری سـەرکەوتووانەی گەلـی عێـراق و گورزێکـی وێرانکـەرە بـۆ ئیمپریالیـزم و بـە کرێگیراوەکانـی لـە دەرەوە و نـاوەوەی وڵاتـدا. ئێمـە، پارتـی شۆڕشـگێڕیی عێـراق بەڵێـن دەدەیـن گشـت هـەوڵ و وزەی خۆمـان بـۆ بەرگریکـردن لـە دەسـتکەوتەکانی شۆڕشـە پێشـکەوتنخوازەکەی ١٧ی تەمـووز، لـە دژی ئیمپریالیـزم و بـە کرێگیـراوەکان بخەینەگـەڕ. بـژی برایەتـی کـورد و عـەرەب. بـژی کۆمارەکەمـان، کۆمـاری عـەرەب و کـورد.

**تەلەگرامی کۆمۆنیستەکان**

تەلەگرامێک لە کۆمیتەی مەحەلی پارتی کۆمۆنیستی عێراق لە کەرکووک دەڵێت: «بە ناوی گشت کۆمۆنیستەکان و هاوڕێیەکانیان لە پارێزگای کەرکووک، پشتگیریی و پشتیوانی تەواوی خۆمان بۆ یاسای ئۆتۆنۆمی لە کوردستان ڕادەگەیێنین. جێبەجێکردنی خودموختاری لە کوردستانی عێراقدا دەستکەوتێکی گەورەی نیشتیمانپەروەرانەی پێشکەوتنخوازییە و ڕەنگدەرەوەی خواستی گەلی کوردمانە بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوەییە ڕەواکانیان. ئەمەش گورزێکی بەهێزە لە دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و پەرەچەکردارێکە لە دژی پیلانە تاوانکارییەکانیان کە لە دژی یەکێتی گەلی عێراق، عەرەب و کورد و کەمینەکان دارێژرابوو.

هەروەها، لقی سەرکردایەتی پارتی سۆشیالیستی بەعسی عەرەب لە کەرکووک تەلەگرامێکی ناردووە و تێیدا هاتووە: «بە ناوی گشت چینی زەحمەتکێش لە کەرکووک، سلێمانی و هەولێر، سڵاو بۆ بڕیارە مێژووییەکەتان دەنێرین، بڕیارێک کە بەڵێن و پابەندی لەپێناو بەرژەوەندی گەلی بە ئەنجام گەیاند. بڕیاری ئۆتۆنۆمی سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ گشت کۆمەڵانی خەڵک، عەرەب و کورد و کەمینەکان. [هەروەها] بە ئەنجام گەیاندنی دوایین هەنگاوەکانی بەیاننامەی ١١ی ئادار بە ڕاگەیاندنی یاسای ئۆتۆنۆمی، دەستکەوتێکیترە دەخرێتە سەر دەستکەوتەکانی بەنیشتیمانیکردنی قۆرغکارییەکانی نەوت [لەلایەن کۆمپانیا بێگانەکانەوە] و دامەزراندنی بەرەی پێشکەوتنخوازی نیشتیمانی و هەڵوێستی بەهێز لە دژی لەڕێگە دەرچوون لە نیشتیمانی عەرەبدا. لە ژێر دروشمی بەرگریکردن لە خودموختاری و بەرگریکردن لە شۆڕشی سەرکەوتوو، بەڵێن دەدەین پشتەوانی لە سەرکردایەتی حەکیمانەی ئێوە بکەین. سەرکەوتن بۆ ئیرادەی پێشکەوتنخواز و دروست».

**تەلەگرام: پشتگیریی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش**

[...] مستەفا بارزانی لە تەلەگرامێکدا بۆ سەرۆک ئەلبەکر و جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و بۆ سەرکردایەتی هەرێمی حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبی، دووپاتیکردەوە کە گەلی کورد لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا چێژی ئاسایش و سەقامگیری چێشتووە و چاوەڕوانی گەشە و بوژانەوەی زۆرترە و بە هەموو تواناوە هەوڵی سەرخستنی بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەدات.

تەلەگرامەکە دەڵێت: «ڕاگەیاندنی یاسای ئۆتۆنۆمی بۆ ناوچەکانی کوردستانی عێراق لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا و بە پشت بەستن بە بەیاننامەی مێژوویی ١١ی ئادار بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ پابەند بوونتان لە تێگەیشتن لە خواستە نەتەوەییەکانی گەلی کوردمان و بەڵگەیە لە وەفاداری ڕاستەقینەتان بۆ بەهێزکردنی یەکێتی نەتەوەیی لە نێوان گەلی عەرەب و کورد و کەمایەتیەکانی دیکە کە بە دۆستایەتی لە عێراقی خۆشەویستماندا دەژین».

«هەنگاوی شۆڕشگێڕانەتان دەبێتە هۆی قوڵکردنەوەی دەستکەوتە گەورەکان کە بەهۆی سەرکردایەتی حەکیمانەتان بۆ وڵاتەکەمان، لە ماوەی پێنج ساڵ و نیوی ڕابردوودا درکی پێکراوە. [هەروەها] بۆ پتەوکردنی یەکێتی نێوان گشت هێزە نیشتیمانپەروەرەکانی عێراق کە بۆ سەرخستنی یاسای ئۆتۆنۆمی دوێنی ئێوارە ڕاتانگەیاند، پێویستە هەوڵەکانیان دوو بەرابەر بکەن».

«گەلی کوردمان، بۆ دەستەبەرکردنی ئەم دەستکەوتە نیشتمانییە بێ وێنەیە، ماوەیەکی درێژ خەباتیان کردووە و لە پێناویدا قوربانی بێ ژمارەی داوە، هەنوکە بانگێشت کراوە تا مومارەسەی مافی ڕەوای خۆی بۆ ئۆتۆنۆمی بکات، ئەویش بە هاوکاری لەگەڵ گشت هێزە پاک و ڕاستەکانی گەلی ئێمەی عێراقی و هێزە نیشتیمانیەکان کە خوازیاری پاراستنی یەکێتی عێراق و بەختەوەری گەلی عێراقن».

«دڵنیام نەوەکانی گەلی کوردمان کە لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا هەستیان بە ئاسایش و سەقامگیریی کردووە و لە سایەی ئۆتۆنۆمی چاوەڕوانی

گەشــە و بوژانــەوەی زۆرتــرن و بــۆ سەرخســتنی ئــەم ئەزموونــە، گشــت توانــای خۆیــان وەگەڕدەخــەن. خــودا لــە خزمەتکردنــی وڵاتەکەمــان و گەلەکەمــان. بــە کــورد و عەرەبــەوە، ســەرکەوتنتان پــێ ببەخشــێت».

هەروەهــا شــێخ عوســمان بارزانــی تەلەگرامــی پشــتگیری نــاردووە و بەڵێنــی داوە گشــت هەوڵەکانــی وەگەڕبخــات بــۆ پیادەکردنــی یاســای ئۆتۆنۆمــی و پشــتگیریی کــردن لــە بڕیــارە مێژووییەکــە:

«بڕیارەکەتــان کــە خودموختــاری بــۆ ناوچــەی کوردســتان دەســتەبەر کــرد، ئاواتەکانــی گەلــی کوردمانــی لەخــۆ گرتــووە و برایەتــی کــورد و عەرەبــی لــەم وڵاتــەدا پتــەو کــرد. ئێمــە بەڵێــن دەدەیــن گشــت توانــای خۆمــان وەگەڕبخەیــن بــۆ جێبەجێکــردن و پاراســتنی ئــەم بڕیــارە مێژووییــە بۆئــەوەی لــە دەوری ئــەم دەســتکەوتە نەتەوەییــە گەورەیــە کۆببینــەوە بــۆ بەرگریکــردن لێــی لــە دژی پیلانەکانــی ئیمپریالیــزم. داوا لــە خــوای گــەورە دەکەیــن ســەرکەوتن بــە هەموومــان ببەخشــێت بــۆ خزمەتکردنــی عێراقــە خۆشەویســتەکەمان».

11 March 974

DA/40

(ل ٢٧٠-٢٧١)

Squadron leader A E Shepherd RAF

D13 WEST

Ministry of Defence

Main Building

White hall

LONDON SW1A 2IB

هەروەک لە ڕاپۆرتی حەوتەی ڕابردوو باسمکرد، حکومەتی تورکیا هەندێك ڕێکاری خۆپارێزی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا لە سەرەتای ئاداردا لە دژی ئەگەری پشێوی نانەوەی کورد گرتووەتەبەر. ئەو ڕێکارە بە شێوەی ئاگادارکردنەوەی پێشوختەی یەکە سەربازییەکانی ئەم سنوورە و مەشقی سەربازی بە ئامادەبوونی فەرماندەی هێزی زەمینی و جەندرمە بووە. ئەم مەشق و ڕاهێنانە هاوکات بووە لەگەڵ ڕاگەیاندنی فەرمی حکومەتی عێراق بۆ ئۆتۆنۆمی ١١ی ئادار بۆ کوردی باکووری عێراق. ئێمە هیچ ئاماژەیەکمان لەبەر دەست نییە لەبارەی هۆکاری پێشبینی تورکیا لە سەرهەڵدانی شەڕ لە باکووری عێراقدا کە لە دوای ڕەتکردنەوەی بارزانی بۆ مەرجەکانی بەیاننامەکە بێت. پێدەچێ جوڵەی پێشگیری کردن زۆرتر لە دژی کوردی تورکیا بێت ئەگەر ئەوان لە دوای تەنازولی حکومەتی عێراق بۆ کوردی عێراق، هەوڵی ڕاکێشانی سەرنج بۆ سەر کەیسی تایبەتی خۆیان بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی بدەن. ئەمەش نموونەیێکی ئاساییە؛ ڕاهێنانەکان لە ناوچە کوردییەکانی دەوروبەری دیاربەکر و بە درێژایی سنوورەکانی عێراق بە بەردەوامی ئەنجام دەدەرێن.

لە ١٢ی ئادار وەزیری بەرگری لێدوانێکیدا و ڕایگەیاند، حکومەتی تورکیا چاودێری ڕووداوەکان دەکات، بەڵام بە کاروباری ناوخۆی عێراق هەژماریان دەکات. ئەو چاوەڕێی پەرەسەندنی ئەم ڕووداوانە ناکات، بەڵام ئامادەکاری بۆ پاراستنی ئاسایش پێویستە.

لـە هەمـان ڕۆژدا ڕۆژنامەیەکـی جەمـاوەری نووسـیویە فراوانبـوونی پێکـدادان لەگـەڵ هێزەکانـی بارزانـی بـە مانـای بڕینـی نـەوت لـە عێراقـەوە دێـت و بارودۆخـی تورکیـا لـەم ڕووداوەدا ڕوون نییـە. ئـەم نووسـینەش لەوانەیـە لـە ڕاسـتییەوە نزیـک بێـت.

ئێمـە لـە ١٤ی ئـادار بیسـتمان تورکیـا سـنوورەکانی بـە ڕووی عێراقـدا داخسـتووە تـا ڕێگـری لـە چوونـە نـاوەوەی پەنابەرەکانـی عێـراق بـکات. بـە پێـی ڕاپۆرتـی ڕۆژنامـەکان، کـورد بـە درێژایـی سـنوور هـەن و دەرگای ئانایـۆل (Anayol pass)یـان لـە نزیـک زاخـۆ داخسـتووە. بـە گوێـرەی ئـەم ڕۆژنامانـە، کـورد دامـەزراوە نەوتیەکانـی کەرکووکیـان وێـران کـردووە و لـە نزیـک خابـور هێرشـیان کردووەتـە سـەر سـەربازگەیەکی سـنووری عێـراق و چـوار سـەربازیان کوشـتووە و چـواردەی تریـان دەستبەسـەر کـردووە. هەروەهـا لــە ڕۆژنامەکانــی تورکیــادا بــە فراوانــی بــاس لــەوە دەکرێــت کــە کــورد یارمەتــی لـە ئێـران و ئەمریـکا وەردەگـرن. دواتـر لـە هەمـان ڕۆژدا گوتـرا زاخـۆ کـە لـە سـەر ڕێگـەی سـەرەکییە بـۆ چوونـە نـاو تورکیـا، کەوتووتـە دەسـتی کـورد، بـەڵام ئەمـەش جێـی گومانـە بەهـۆی هەبوونـی ژمارەیەکـی زۆری سـەربازگەی عێـراق لـەم شـوێنە کـە بـە لانیکـەم ئسـتوڵێکی تانکـی لێیـە. بـاس لـەوە دەکرێـت سـەربازەکانی تورکیـا لـە نزیـک جزیـرە، لـە ڕۆژئـاوای خابـور لەسـەر سـنووری نێـوان سـووریا و تورکیـا، ڕێگایـان داخســتووە تــا کۆنترۆڵــی جموجۆڵــی ناوخــۆ بکــەن. هەروەهــا ڕۆژنامەکانــی تورکیــا ڕاپۆرتیــان بڵاوکردووەتــەوە کــە بارزانــی داوای لــە هەمــوو کــورد کــردووە (کەمینــەی کــورد لــە تورکیــا نزیکــەی دوو تــا چــوار ملیــۆن کەســن) لــە شــەڕی دژی حکومەتــی بەغـدا یارمەتیـان بـدەن. هەروەهـا ڕادیـۆی فەرمـی دەوڵەتـی تورکیـا و ئاژانسـی نیمچـە فەرمـی ئاناتۆلـی، ئاماژەیـان بـە جەنـگ لـە عێـراق نەکـردووە. لەوانەیـە لەمکاتـەدا هەندێـك هێـزی زیاتـر کـە بەشـێک لـە تیپـی کۆمانـدۆش لەخـۆ دەگرێـت بـۆ ئـەم ناوچەیـە بنێردرێـت و دەتوانـم بڵێـم سـەرەڕای پێسـگیریی کـردن لـە هاتنـی پەنابـەرەکان لـە عێراقـەوە بـۆ نـاو تورکیـا، ئـەم جوڵـەی هێـزە، پەیوەسـتە بـە ڕێگـری کـردن لـە کـوردی تورکیـا بـۆ دەربـاز بـوون لـە سـنوورەکان و بەشـداریکردن لـە ڕووداوەکـەدا.

لــە ١٨ی ئــاداردا، ڕۆژنامەکانــی ناوخــۆی [تورکیــا] باســیان لــەوە کــرد کــە شــەڕ

نەمـاوە و شـەوی ڕابـردوو بیسـتم فەرمانـدەی هێـزی زەمینـی و جەندرمـە گەڕاونەتـەوە ئەنقـەرە. ئەمـە گشـت ئـەو هەواڵانـەن کـە تـا ئێسـتا لای مـن هـەن. لـەو بڕوایـەدام ئـەم ڕووداوانـە نابنـە هـۆی نەهێشـتنی زەنگـی ئـاگادار کردنـەوە لەنـاو تاقمـی کاربەدەسـتەکانی ئێـرەدا، دیـارە پێدەچێـت پرسـیاری زۆرتـر لـەم بـارەوە بوروژێنرێـت. دەکـرێ ئـەم ڕێکارانـەی پێشـگیریی کـردن، مەعقولانـە بـن. ئـەو خەڵکـەی شـارەزای ئـەم ناوچەیـەن لـەو بڕوایـەدان بەرپەرچدانەوەیەکـی تونـد لەلایـەن کـوردی تورکیـاوە سـەختە بێتـەدی، بـەڵام ئـەوان خەڵکێکـی نـاخ پـڕن و تورکیـا ناتوانـێ هیچیـان لەگەڵـدا بـکات. دواجـار ئەمـە [ڕووداوە] لێکەوتـەی سیاسـی فراوانـتر هـەن کـە لەلایـەن سـتون نووسـێکی مەحەلیـەوە بـەم جـۆرەی خـوارەوە داڕێـژراوە «لـە لایەکـەوە تورکیـا دۆسـتە تەقلیدیەکـەی واتـە ئێرانـی هەیـە، کـە هەڵوێسـتی لەبـارەی ئـەم کێشـەیە زۆر بـە سـەختی ئـەم وڵاتـە [واتـە تورکیـا] ڕازی دەکات، لـە لایەکـی دیکـەوە عێـراق هەیـە کـە وڵاتێکـە بـە شـێوەیەکی دۆسـتانە لەسـەر نـەوت و بابەتـە ئابوورییـەکان هـاوکاری تورکیـا دەکات. لـەم هاوسـەنگییە هەسـتیارەدا، ویسـتی تورکیـا بریتییـە لـە هیـچ شـتێک و نەبوونـی دوژمـن، لێـرەوە سەرکێشـیەکە دەسـت پێـدەکات». نازانـم ئایـا دەسـتی ئەندامانـی تـاس(Tass) [ئاژانسـی هەواڵـی رووسـیا] گەیشـتووەتە ئـەم نووسـینە یـان نـا. دەزانـم هەمـان ئاژانـس لـە مۆسـکۆ ڕاپۆرتـی نووسـیوە کـە مارشـاڵ گریچکـۆ (Marshal Grechkoo) لـە نێـوان ٢٣ و ٢٧ ئـاداری سـەردانی عێـراق دەکات.

H H H Marston

(Brigadier)

سنووردار (ل ٢٧٢)

باڵیۆزی پاشایەتی سوید

بەشی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا

بەغدا

G. S. Burton Esq.

بەشی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، نووسینگەی کاروبار دەرەوە و کۆمۆنوێلس

لەندەن، ژێدەری ئێمە (٢/١)

٣١ی ئاداری ١٩٧٤

ئەنجوومەنی یاسادانانی کورد

١. ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، یاسای ئەنجوومەنە تازەکەی یاسادانانی کوردانی ڕاگەیاند؛ کە لە نامەکەمدا (٢/١) لە ١٢ی ئادار ئاماژەم پێداوە. بڕیارەکان لە ڕێگەی تەلەڤزیۆن و چاپەمەنییەوە ڕاگەیێندرا و پاکێتی هاوپێچکراو دەقی ئەو یاسا نوێیانەیە کە لە بەغدا ئۆبزێرڤێر (Bagdad Observer)ەوە، لە ٢٧ی ئاداری ١٩٧٤ بڵاو بووەتەوە؛ ئەمەو چوار بڕیاریتریش لەلایەن ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە، لەبارەی لێبوردنی گشتی، زمان، دادگای پێداچوونەوە و خوێندن لە کوردستان لەخۆ دەگرێت.

٢. یاسای ئەنجوومەنی یاسادانان، لە دە مادە پێکدێت، یەکەم مادە پەیوەستە بە ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەنەکە کە لە ٨٠ کەس پێکدێت، مادەکانی دیکە باس لە وردەکارییەکانی مەرج و ڕێکارەکانی ئەنجوومەنەکە دەکەن. وردەکارییەکانی مادەی دەیەم باس نەکراوە، بەڵام ڕێگە دراوە بۆ جاری یەکەم ئەندامەکان لە ڕێگەی دامەزراندنەوە نەک هەڵبژاردنەوە، ببنە ئەندام.

٣. لێبوردنی گشتی، گشت کوردێک دەگرێتەوە، سەرباز، پۆلیس، کاربەدەستانی حکومەت، کرێکار و.... تا لە ماوەی ٣٠ ڕۆژدا بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان و تا ٢٥ی نیسان دەخایێنێت.

٤. زمان: هەردووزمانی کوردی و عەرەبی دەبن بە زمانی فەرمی. هەروەها زمانی کوردی هەندێکجار لە قوتابخانەکانی سەرتاسەری عێراقدا دەخوێندرێت.

٥. دادگایەکی پێداچوونەوە لە هەولێر دادەمەزرێت. هیچ وردەکاری یان زانیاری زیاتر لەسەر دەستور و دەسەڵاتی ئەم دادگایە بڵاو نەبووەتەوە.

٦. خوێندن: ئەم بڕیارە ڕێگە دەدات قوتابخانەی زمانی کوردی لە ناوچەکانی دەرەوەی، ناوچەی ئۆتۆنۆمی دروست بکرێت.

I. McCluney

سنووردار (ل ٢٧٦)

باڵیۆزی بەریتانیا

بەغدا

G. S. Burton Esq.

بەشی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، نووسینگەی کاروبار دەرەوە و کۆمۆنویلس، لەندەن

٢٩ نیسان ١٩٧٤

عێراق/کورد

١. حکومەتی عێراق ڕاپگەیاند لێبوردنی گشتی کە لە ٢٥ی نیسان بۆ کورد دەرچووبوو تا بگەڕێنەوە سەر کاری ئاسایی خۆیان، بۆ ٢٥ی ئایار درێژکرایەوە (یاسای ژمارە ٥٦ لە ١٩٧٤). ئەمەش لە ‹کۆبوونەوەیەکی فرەوانی بەرەی نیشتمانی پێشکەوتنخواز ڕاگەیێندرا کە سەدام حسێن، جێگری سەرۆک، بانگهێشتی مستەفا بارزانی و تاقمەکەی کرد ئاڵای سپی هەڵکەن و وەک هاووڵاتی ئاسایی بژین›.

٢. یەکێک لە کوڕەکانی بارزانی، عوبەیدوڵلا مستەفا، لە ٢٦ی نیسان بابەتێکی بۆ خەڵکی کوردستان بڵاوکردەوە و دەڵێت، سەرەڕای پەیوەندی خێزانی [لەگەڵ مستەفا بارزانیدا، بەڵام] ئەو ڕەتی «ڕێگەی هەڵە، لە ڕێگە دەرچوون و سەرکوتکردن دەکاتەوە. خێزانەکەمان دەبێ خزمەتگوزاری گەلی کورد بێت، نەک تاقمێکی ستەمکاری سەر بە پیلانی بێگانەکان و ئیمپریالسیتەکان بن». ئەو ئەمریکا و کارەکتەرە فەرمانڕەواکانی ئێران و ئیسرائیل بەوە تۆمەتبار دەکات کە بوونەتە دوژمنی کورد.

٣. دەنگۆ هەیە لە بەغدا گرووپێک کورد لە سێدارەدراون، بۆیە کورد بە هەمان شێوە، هەمان ژمارەی سەربازانی عێراقیان وەک تۆڵەسەندنەوە لە سێدارە داون.

٤. هاوڕێ ئەڵمانیەکەم پێی گوتم تورک لەو بڕوایەدان هەندێك لەو چەکانەی کورد بەکاری دێنن بەریتانین، بۆیە گومان هەیە بەریتانیەکان لە ڕێگەی ئێرانەوە چەک بۆ کورد دابین دەکەن.

I. McCluney

هاوپێچ کۆپیەک بۆ: تاران، ئەنقەرە

نهێنی (ل ٢٧٧)

باڵیۆزی بەریتانیا

مۆسکۆ

G S Burton Esq

MED، FCO

LONDON

١٥ی ئایاری ١٩٧٤

عێراق و یەکێتی سۆڤیەت: کورد

١. تـەواوی وەرگێڕانـی بابەتەکـەی ١٤ی ئایـاری ڕۆژنامـەی پراڤـدا لەبارەی کێشـەی کوردتان بـۆ ڕەوانـە دەکـەم، ئامۆژگاریتـان دەکـەم وەکـو یەکێـک لـە بڕواپێکەرتریـن نووسـینی سـۆڤیەت هەتـا ئێسـتا، بـە تـەواوی بابەتەکـەدا بچنـەوە. پەیامەکـە هـەروەک پەیامـی ئـەو گوتارەیـە کـە لـە ٢٦ی نیسـان لـە نامەکەمـدا لـە هەمـان بـەروار بـۆ ئێـوەم نـارد. واتـە- پشـتگیریی کـردن لـە حکومەتـی ناوەنـدی، مەحکـوم کردنـی چالاکییـە ناکۆکیـی دروسـتکەرەکانی تاقمـی ‹ڕاسـتڕەو› لـە بزاڤـی کـورددا و تۆمەتبارکردنیـان بـەوەی ئـەوان یارمەتـی لـە دەرەوە وەردەگـرن. ئێمـە بـەراورد لەگـەڵ ڕابـردوودا وردەکاری زۆرتـر لەبـارەی ناوەڕۆکـی حوکمـی ئۆتۆنۆمـی دەخەینـەڕوو و هـەوڵ دەدەیـن لـە ڕوانگەیەکـی مێژووییـەوە بابەتەکـە بخەینـەڕوو، تـا جەخـت لەسـەر ئـەوە بکەینـەوە کـە تـا چ ئاسـتێک ‹ڕاسـتڕەوەکان› لـە دژی ئامانجـە خوازراوەکانـی پێشـکەوتنخوازەکان لـە تـەواوی عێراقـدا کار دەکـەن. خاڵـە گرینگـەکان بریتیـن لـە (ا) ئامـاژەدان بـە یارەمەتـی دەرەکـی ‹ئیمپریالیسـتەکان› کـە بـە ناڕوونـی بەجێـماوە؛ (ب) سـەرەڕای ناڕەزایـی دەربڕینـی زۆربـەی کـورد، بـەڵام، بـە گشـتی ئـەوە سـەرکردایەتی کـوردە (زۆربـەی ئـەو کەسـانەی پراڤـدا بـە دژایەتیکـەری ئۆتۆنۆمـی پێشـنیازکراویان دادەنـێ) کـە بزاڤـی [ڕزگاریخـوازی کـورد] بـە لاڕێـدا بـردووە.

٢. حەوتە بەراییەکانی دژایەتی کورد لەسەر ئۆتۆنۆمی پێشنیازکراو، لە وانەیە ئێوە لە بیرتان بێت، لەلایەن ڕۆژنامەکانی سۆڤیەتەوە بێدەنگی لێکرا. دوای بەهێزبوونی دژایەتی کورد، سۆڤیەت پێش مەحکومکردنی ڕاشکاوانەی چالاکی کورد، بۆ ماوەیەکی درێژ بێدەنگ بوو، ئەمەش سەرەڕای ئەوەی هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە ئەولەویەتی ئەوان بەهێزکردنی پەیوەندییەکانیانە لەگەڵ حکومەتی عێراقە. لە کۆتایی نیساندا، ئەوان بە ڕاشکاوانە بڕیاریاندا کە بێ دەنگییە لێڵەکەیان زۆری خایاند کە دەستەوەستانانە گیرابووەبەر.

R B Bone

هاوپێچ کۆپیەک بۆ: نووسینەگی بەغدا

سێ شەممە، ١٤ی ئایاری ١٩٧٤ (ل ٢٧٨-٢٨١)

401B9077/B

پێکدادانی چەکداری لە باکووری عێراقدا

پ. نادژدین (p. Nadezhdin)

لەم ڕۆژانەدا هەواڵی وریاکەرەوە لە عێراقەوە دێن. ڕاپۆرتەکان باسی ئەوە دەکەن کە پێکدادانی چەکداری لە باکووری وڵات لە نێوان یەکەکانی سوپا و مەفرەزەکانی کورد ڕوویداوە کە لە دورترین شوێنی کوێستاندا مەشق و ڕاهێنان ئەنجام دەدەن.

دەستپێکردنەوەی دوژمنکاری لە چیاکانی کوردستان دەبێتە هۆی توڕەیی زۆرێک لەو کەسانەی ئەم کارە وەک هەژەندێک دەبینن. هەم لە دەرەوە و هەمیش لە ناوخۆی عێراقدا، هەستێک هەیە بەوەی دواجار کێشەی کورد لە چارەسەری نزیک ببووەوە، ئەمەش وەک پێشینەیەک بۆ بەدیموکراسی کردنی ژیانی سیاسی لە تەواوی وڵاتدا. ئەم هەستەش پشتی بە حەقیقەت بەستووە و وا لە مرۆڤ دەکات دڵی بە بەرەوپێشچوونەکان خۆش بێت.

هەڵبەت، لە عێراق چارەسەری پرسێکی نەتەوەیی بابەتێکی ئاسان نییە، بە تایبەتی ئەگەر ڕەچاوی ئەوە بکەین کە بابەتەکە پەیوەستە بە برینێکی کۆن و پێکدادانێکی درێژخایەنەوە. ئەو ڕێکارانەی لەلایەن کاربەدەستانەوە گیراونەتەبەر پێدەچێ هەمووان پێی ڕازین.

پێویستە وەبیر بهێنرێتەوە ئیمپریالیزمی بەریتانیا کە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی باڵی بەسەر ناوچەی نێوان فوڕات و دیجلەدا کێشا، وای بینی تاودانی دوژمنایەتی نێوان کورد و عەرەب، ئامرازێکی گرنگە بۆ پارێزگاریکردن لە پێگەکەی لە عێراقدا، کەچی تەنانەت لە دوای ئەوە کۆلۆنیالیستەکان دەرکران و لە بەغدا سیستەمی پاشایەتی ڕووخا، حکومەتی کۆماری لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد سەرنەکەوت.

لـە پاییـزی ١٩٦١دا، ئۆپەراسـیۆنی سـەربازی لـە دژی هێـزە کوردییـە ئازادیخـوازەکان بــە ســەرکردایەتی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان (پ.د.ک)، لــە ناوچەکانــی باکــووری وڵاتــدا، بەڕێوەبــرا. ئــەم شــەڕە بــرا کوژییــە لەلایــەن شۆڤێنیســتەکان و کۆمپانیاکانــی قۆرغکردنــی نــەوت لــە عێــراق پاڵــی پێــوە دەنــرادوای ئــەوەی ســەرکردایەتی هەنوکــەی حیزبــی بەعســی عەرەبــی سۆشیالیســت(بەعس) لــە بەغــدا هاتەســەر دەســەڵات کۆتاییــان [بــەم کۆمپانیانــە] هێنــا.

بەیاننامەیـەک لـە ئـاداری ١٩٧٠دا دەرچـوو، کۆتایهاتنـی تەواوەتـی دوژمنایەتـی لـە کوردسـتان و ڕێزگرتـن لـە مافـە نەتەوایەتییـە سـەرەکییەکانی کـوردی عێراقـی ڕاگەیانـد کـە کـورد لـە پێناویـدا چەکیـان هەڵگرتبـوو. هەروەهـا، ڕاگەیێنـدرا لـە مـاوەی چـوار سـاڵدا دوو ملیـۆن کـوردی بەهێـز لـە چوارچێـوەی دەوڵەتـی عێراقـدا ئۆتۆنۆمیـان پـێ دەدرێـت.

گۆڕانـی هەڵوێسـت لەهەمبـەر کێشـەی کـورد لـە چەندیـن لایەنـی ژیـان لـە عێراقـدا دەبینرێـت- لـە کەرتەکانـی سیاسـی، کولتوریـی، ئابووریـی و پـەروەردە. دوای چەندین سـاڵ لێکـدوور کەوتنـەوە، پەیوەندییـەکان لـە نێـوان دەسـەڵاتدارانی ناوەنـد و سـەرکردەکانی کـورد بەرەوپێشـچوو. پێنـچ کـورد بوونەتـە وەزیـر و کـورد لـە چـوار پارێـزگاری باکـووری وڵاتـدا بـوون بـە پارێـزگار. پـارە لـە بودجـەوە بـۆ بونیاتنانـی ئـەو وێرانەیـە تەرخـان کـرا کـە بەهـۆی شـەڕەوە هاتبوونـە کایـەوە، بـۆ ئاوەدانکردنـەوەی گونـدەکان، بـۆ ڕاکێشـانی ڕێگاوبـان و دروسـتکردنی پـرد، قوتابخانـە و دروسـتکردنی خانـوو بـۆ زەرەرمەنـدەکان. جوتیـارەکان بـە گەنـم و پەیـن یارمەتیـدران بۆئـەوەی خێرایـی بـە گەڕانـەوەی خەڵـک بـۆ سـەر کارە ئاشـتیانەکەیان ببەخشـن. زانکۆیەکـی کـوردی دامـەزرا و کورسـی زمـان و ئەدەبیاتـی کـوردی لـە زانکـۆی بەغـدا کرایـەوە.

یاســاکان بــۆ فرەوانکردنــی ئازادییــە سیاســییەکان لــە بەغــداوە دەرچــوون کــە کاریگـەری لەسـەر کوردیـش دەبێـت: پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لقەکانـی لـە شـارە سـەرەکییەکانی وڵاتـدا کردووەتـەوە، ئۆرگانـە سـەرەکییەکەی-ئەلتەئاخی (واتـە برایەتـی) دەســتی بــە بڵاوکردنــەوە لــە بەغــدا کــردووە. بەدیموکراســیکردنی ژیانــی سیاســی لـە عێراقـدا گەرەنتیەکـی گرنگـە هـەم بـۆ وەرچەرخانـی پێشـکەوتنخوازانەی وڵات بـە

گشـتی و هـەم بـۆ [دەسـتەبەرکردنی] مافـە نەتەوەییەکانـی دانیشـتوانی کـوردی عێـراق. لەڕوانگـــەی عێراقیـــە پێشـــکەوتنخوازەکاندا، بەردەوامـــی پرۆســـەی بەدیموکراســـیکردن، بەرژەوەنـدی گشـت خەڵـک دەسـتەبەر دەکات و چارەسـەری کێشـەی کـورد، بەشـێک لـە تێکۆشـان بـۆ دیموکراسـی پێـک دێنێـت.

پـار بـەرەی نیشـتیمانی پێشـکەوتنخواز، بڕیاریـدا ڕۆڵێکـی گرنـگ لـەم بـارەوە بگێڕێـت. ئـەم بەرەیـە لەلایـەن حیزبـی بەعسـی دەسـەڵاتدار و حیزبـی کۆمۆنیسـت و دیموکراتـە سـەربەخۆکان و ناسیۆنالیسـتە پێشـکەوتنخوازەکانەوە پێکهێـنراوە. پارتـی دیموکراتـــی کوردســـتانیش بانگهێشـــت کـــراوە بچێتـــە نـــاو بەرەکـــەوە، بـــەڵام ئـــەم بانگهێشـتەی ڕەتکـردەوە بـە بیانـووی ئـەوەی بەغـدا بەندەکانـی بەیاننامـەی ئـادار کـە هەردوولایـەن جیاوازیـان لەسـەر هەیـە بـە دروسـتی جێبەجـێ نەکـردووە.

جیاوازییـەکان لەسـەر ئـەم بابەتانـە لەکاتـی ئامادەکردنـی یاسـایەک بـۆ دانـی ئۆتۆنۆمـی بـۆ ناوچـە کوردییەکانـی عێـراق، پریشـکی گرتـەوە. بـۆ نموونـە هەندێـك لـە سـەرکردەکانی کـورد داوایـان کـرد کەرکـووک بکەوێتـە چوارچێـوەی ناوچـەی ئۆتۆنۆمـی، واتـە ئـەو شـوێنەی نەوتـی هەیـە و یەکێـک لـە دەوڵەمەندتریـن ناوچـە نەوتییەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ناڤینـە، ئـەم داوکارییـە لەلایـەن حکومەتـەوە قبـوڵ نەکـرا.

یاسـای ئۆتۆنۆمـی کـە لـە ١١ی ئـاداری ئەمسـاڵە دەرچـوو، ڕایگەیانـد کوردسـتانی عێـراق لـە چوارچێـوەی دەوڵەتـی عێراقـدا یەکەیەکـی سـەربەخۆی ئیدارییـە. زمانـی کـــوردی و عەرەبـــی لـــە ناوچەکانـــی ئۆتۆنۆمیـــدا زمانـــی فەرمیـــن. دامەزراوەکانـــی حکومـەت لـەم ناوچەیـە لـە ئەنجوومەنێکـی یاسادانان و کۆمیتەیێکـی جێبەجێکـردن پێکدێـــن کـــە ســـەرۆکەکەی لەلایـــەن ســـەرۆک کۆمـــارەوە لـــە دەرەوەی ئەندامانـــی ئەنجوومەنـی نیشـتیمانی دەستنیشـان دەکرێـت. ناوچـە کوردییـەکان بودجـەی تایبـەت بـە خۆیـان دەبێـت کـە بەشـێکە لـە بودجـەی کۆماریـی.

یاسـای ئۆتۆنۆمـی لەلایـەن جەماوەرێکـی فرەوانـی عـەرەب و کـورد پشـتگیریی لێکـرا. عەزیـز شـەریف، سـکرتێری گشـتی ئەنجوومەنـی نیشـتیمانی بـۆ ئاشـتی و هـاوکاری لـە

عێراقـدا، یاسـاکەی «بـە دەسـتکەوتێکی گرنگـی نیشـتیمانی›› لـە قەڵەمـدا. عەزیـز ئاکرەیی، ئەندامـی مەکتـەب سیاسـیی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، پشـتگیریی لـە یاسـاکە کـرد، بـەڵام زۆربـەی سـەرکردەکانی ئـەم حیزبـە هەڵوێسـتی جیاوازیـان وەرگرتـووە.

پێدەچـێ جیـاوازی لـە نێـوان حکومـەت و سـەرکردەکانی کـورد، لەسـەر هەندێـك ناکۆکـی لەسـەر یاسـاکە، لـە ڕێگـەی گفتوگـۆوە چارەسـەر ببێـت. تەنانـەت بەغـدا ڕایگەیانـدووە دەکرێـت لەمـاوەی ١٥ ڕۆژدا ڕێککەوتـن لەبـارەی بەنـدە هەڵپەسـێردراو و تایبەتـەکان بکرێـت، بـەڵام دواتـر شـتێکی چـاوەڕوان نەکـراو ڕوویـدا: بڵاوکردنـەوەی ڕۆژنامـەی ئەلتەئاخـی وەسـتا، وەزیـرە کـورد و زۆرێـک لـە فەرمانبـەرە پلـە بـەرزەکان بەغدایـان جێهێشـت. ئـەوان بـەرەو شـاخەکان چـوون کـە لـە دوای ١٩٧٠ بارەگاکانـی پ.د.ک و مەفـرەزەی چەکـدارانی کـورد لـەوێ ماونەتـەوە. ئـەو ١٥ ڕۆژەی حکومەتـی بەغـدا بـۆ چارەسـەری ناکۆکییـەکان دیاریکردبـوو، تـەواو بـوو، کەشـی پەیوەسـت بـە پرسـی کـورد بـەرەو تەقینـەوە دەچێـت.

کاتێـک ئـەم ڕووداوانـە هەڵدەسـەنگێنین، پێویسـتە مـرۆڤ ڕەچـاوەی بەرەوپێشـچوونی گشـتی بـارودۆخ لـەم چەنـد سـاڵەی دوای لـە عێراقـدا بـکات. سـەرکردایەتی ئێسـتای بەغـدا کـە پشـتیان بـە هێـزە پێشـکەوتنخوازەکان بەسـتووە، لـە سیاسـەتی دەرەوەدا، پەیـڕەوی ڕێچکـەی دژە ئیمپریالیسـتی دەکـەن و دەسـتیان بـە گۆڕانـکاری کۆمەڵایەتـی لـە بەرژەوەنـدی خەڵکـی کرێـکار لـە ناوخـۆی وڵاتـدا کـردووە. چاکسـازیی زەوی، یاسـای کار، بەنیشـتیمانی کردنـی کۆمپانیانـی نێودەوڵەتـی نەوتـی عێـراق، گەشـەپێدانی پیشەسـازیی نیسـتیمانی و هاوچەرخکـردنی کـەرتی کشـتوکاڵ، پێگەیەکـی تایبـەت لـە نێـوان ئـەو هەنگاوانـە وەردەگـرن کەحکومـەت گرتوویەتەبـەر.

لەبـارەی بزووتنـەوەی کـورد، سـەرەنجام سروشـتی نایەکدەسـتی چینایەتـی و سیاسـییەکەی، وەدەر کـەوت، بـە تایبەتـی لـە دوای ڕاگەیاندنـی بەیاننامـەی ئـاداری سـاڵی ١٩٧٠. ناکۆکییـە ئاشـکرا و شـاراوەکانی نـاو پ.د.ک ئاشـکرا بـوو. هەروەهـا باڵـی چەپـڕەوەی ئـەم بزووتنەوەیـە پشـتگیریی لـە بەهێزکردنـی پەیوەندیـی لەگـەڵ هێـزی وڵاتانـی پێشـکەوتنخواز دەکات و داوای برەوپێدانـی چاکسـازیی کۆمەڵایەتـی کـە لـە

وڵاتە ئەنجام دەدرێت بۆ کوردستان دەکات. هاوکات تاقمی ڕاستڕەو کە نوێنەرایەتی دەرەبەگ و ئۆریستۆکراتی خێڵایەتی دەکەن، دەستیان بە چالاکی کردووەتەوە. ئەوان بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عێراق و لەگەڵ جێبەجێکردنی چاکسازیدا نین کە بە سوودی کۆمەڵانی زەحمەتکێشی خەڵکە، بۆ نموونە ئەوان دژی یاسای چاکسازی زەوین کە خاوەندارێتییە گەورەکانی زەویی ناهێڵێت. بە پێی ئەو ڕاپۆرتانەی لە عێراقەوە دێن، ئەم تاقمە بە دوای دەستەبەرکردنی پشتگیریی ئیمپریالیستەکان و هێزە کۆنەپارێزەکاندا دەگەڕێن کە هەوڵی لاوازکردنی سەقامگیری دەدەن لە بەغدا. لە کۆتایی ساڵی ڕابردوودا، هێزە کۆنەپارێزە کوردییەکان هەلی بەڕێوەبردنی هەڵمەتێکی دژە کۆمۆنیستیاندا و پلانی هێرشکردنە سەر کۆمۆنیستیەکانیان داڕشت.

پێگەی باڵی ڕاستڕەو و دەستێوەردانی دەرەکی کاریگەری لەسەر سەرکردایەتی پ.د.ک دروست کردووە. ئەوان بڕیاری ڕەتکردنەوەی یاسای ئۆتۆنۆمی و گرتنەبەری کردەوەی مەترسیداریان داوە. ئەم بڕیارەی پ.د.ک لەلایەن زۆرێک لە کورد ستایش نەکراوە و ڕەت کراوەتەوە. بۆیە لقی پ.د.ک لە هەولێر/کوردستان واتە دووەم گەورەترین شار، پشتگیریی خۆی بۆ یاسای ئۆتۆنۆمی ڕاگەیاند. هەمان هەڵوێست لەلایەن دەستەی نوێی بەڕێوەبردنی ڕۆژنامەی ئەلتەئاخی- کە بڵاوبونەوەی دەستی پێکردووەتەوە، ڕاگەیێندراوە. بەشێک لە کاربەدەستە باڵاکانی پ.د.ک، ملکەچی خۆیان بۆ سەرکردایەتی حیزب و هاوکاریکردنی حکومەتیان، ڕەتکردووەتەوە.

‹تەریق ئەلشەعب›، ڕۆژنامەی پارتی کۆمۆنیستی عێراق دەڵێت، باڵی ڕاستڕەوی پ.د.ک، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بە ڕێرەوێکی مەترسیدار و هەڵدێردا دەبات. ڕۆژنامەکە دەڵێت، جێبەجێکردنی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی کۆمارێکی دیموکراتیدا، واقعیانەترین شێوازی چارەسەرکردنی کێشەی کوردە. لەبارەی ئیمپریالیستەکان، ئامانجیان بریتییە لە لەباربردنی ڕژێمی نیشتمانی عێراق و دووبارە دەستگرتن بەسەر نەوت و نوێکردنەوەی دەسترۆییان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. تەریقی شەعب لە کۆتایدا دەڵێت، ئیمپریالیستەکان، هەوڵ دەدەن بزووتنەوەی چەکداری کورد وەک

ئامرازێکی کاتی بۆ هێنانەدی ئامانجەکانیان بەکاربهێنن، دواتر ئەم بزاڤە فەرامۆش دەکرێت و ڕۆڵەکەی تەواو دەبێت.

بەهەرحاڵ، هیچ گومانێک لەوەدا نییە، پشتگیری کردن لە کردەوەی کەسە توندڕەوە کۆنەپارێزەکان لەدەرەوە، دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی پێکدادانی چەکداری لە باکووری عێراق و مەترسیە لەسەر یەکێتی وڵات و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی کورد و عەرەب. ناکۆکی نێودەوڵەتی و پێکدادان و جیاوازیی، هەروەک ئەزموونە مێژووییەکان پشتڕاستی دەکەنەوە، دەبێتە هۆی ئاڵۆزترکردنی پرسی کورد، ئەم هۆکارانە لەوانەیە ببنە هۆی لەباربردنی ئەو پێشکەوتنەی لە چارەسەرکردنی پرسی کورد بەدەستهاتووە و زیان لە نەزمی دیموکراتیی شتەکان لە وڵات بدات.

ئەو ڕاپۆرتانەی لە بەغداوە هاتوون، نیشانی دەدەن، لە بارودۆخی ئاڵۆزی عێراق، سەرکردایەتی وڵات، تاقمە پێشکەوتنخوازەکەی وڵات کە تاقمە پێشکەوتنخوازەکەی ناو بزووتنەوەی کوردیش لە خۆ دەگرێت، هەوڵی پێشگرتن لە خوێنڕشتن دەدەن. ئەوان بە پێی یاسا بۆ بەخشینی ئۆتۆنۆمی، هەوڵی چارەسەری ئاشتیانە و دیموکراتیانە بۆ کێشەی کورد دەدەن، ئەمەش دەبێتە هۆی دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی نەتەوەیی بۆ تەواوی گەلی عێراق.

(Pravda، May 14، In full.)

نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس (ل٢٨٢)

لەندەن،

SW1A 2AL

تەلەفۆن: ٠١-٩٣٠-٨٤٤٠

میس ئانجێلا بولبای (Miss Angela Bowlby)

سکرتێری تایبەتی سێر ئالێک دۆگلاس-هۆم، ک.ت م.پ (Sir Alec Douglass-Home، KT، MP)

ئەنجوومەنی نوێنەران، لەندەن SW1A OAA

٢٠ی ئایاری ١٩٧٤

لە دوای گفتوگۆی تەلەفۆنی ئەمڕۆ بەیانی لە نێوانماندا، نامەیەکتان بە زمانی عەرەبی بۆ دەنێرم کە لە کوێت بۆ سێر ئالێک دۆگلاس-هۆم نێردراوە. ئێمە سەیری ئەم پەیامە درێژەمان کرد و نامەکە بانگەشەی ئەوە دەکات کە چەمکی دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ لە باکووری عێراق و لە وڵاتانی دراوسێ واتە تورکیا و ئێران، لە بنەڕەتدا لەلایەن جولەکەکانەوە گەڵاڵە کراوە لەو سەردەمەی عێراق لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی خاوەنشکۆدا [واتە بەریتانیا] بووە. نەک تەنیا جولەکە ئەو توانایییەیان هەبوو گوشارێکی زۆر بخەنە سەر حکومەتی حیزبی کار کە لە دوای شەڕ [واتە جەنگی دووەمی جیهانی] دامەزرا، بەڵکو توانیان بخزێنە ناو جوڵانەوەی بەعسی عێراق. ڕووس لە پشت گشت پیلانێکن و مەبەستیانە لە ڕێگەی کوردەوە بەسەر باکووری عێراقدا زاڵ بن. ئەمەش لە بەرژەوەندی وڵاتانی ئەم ناوچەیە و حکومەتی خاوەنشکۆدا نییە.

لەم بارەوە شتی زۆرتر هەیە، بەڵام لەو بڕوایەدام ئێوە ئەوەی پێویست بوو زانیتان. لە ئەنجامدا، نووسەر داوا لە سێر ئالێک دەکات بەردەوام بێت لە خزمەتکردنی وڵاتەکەی و مرۆڤایەتی بە نائومێدکردنی ڕووسیا و کورد. ناو و

نیشــانی نووســەر بریتیــە لــە:

Yaqdan Muhammad

Al-Aml Grocery

Behind al-Sahil Club

Sha'aibah

Kuwait

ئـەوە بـۆ ئێـوە بەجێـی دێڵـم کـە سوپاسـگوزاری بـۆ بنێریـن یـان نـا، چونکـە لەوانەیـە ئـەو بـە پێنـج لاپەڕەیـتر وەڵامـت بداتـەوە!

A D Harries بەشی ڕۆژهەڵاتی ناڤین

پۆلین نەکراو (ل ٢٨٣)

بەڕێز هاریس (Mr Harris)

بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

١. ئێوە داواتان لێم کردبوو سەیری نامەیەکتان بۆ بکەم کە بە زمانی عەرەبی بۆ سێر، ئەی. دۆگلاس-هۆم نێردراوە.

٢. بیرۆکەی گشتی نووسەر ئەوەیە کە بیرۆکەی دەوڵەتی سەربەخۆ لە باکووری عێراق و وڵاتە دراوسێکانی ئێران و تورکیا بە شێویەکی ترسناک لەلایەن جولەکەی نێودەوڵەتیەوە گیراوەتەخۆ، لەوکاتەی حکومەتی خاوەنشکۆ لەو بڕوایەدا بوو کە ئەو لە پێگەیەکدایە دەتوانێت وەرچەرخانە سیاسییەکان بەسەر عێراق بسەپێنێت، چونکە جولەکەکان لە دوای دووەم جەنگی جیهانی خاوەن پێگەیەکی سیاسی بوون لە ئیدارەی حیزبی کاردا. جولەکەی نێودەوڵەتی توانیان بخزێنە ناو حیزبی بەعسی عێراق و کار لەسەر سیاسەتی هەنوکەیی ئەم حیزبە لەبارەی ئۆتۆنۆمی کورد بکەن، کە لە ژێر کاریگەری جولەکەکاندا [دروست بوو]. تەواوی بابەتەکە بریتییە لە فرتوفێڵی ڕووسەکان کە ئامانجیانە لە ڕێگەی کوردەوە بەسەر باکووری عێراقدا زاڵبن. ئەمەش لە بەرژەوەندی گەلی عێراق و ئەو وڵاتانەدا نییە کە بەرژەوەندی بازرگانی و بەرژەوەندیەکانی دیکەیان لە عێراقدا هەیە، بۆ نموونە حکومەتی خاوەنشکۆ. هاندانی جولەکەکان بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ لە باکووری عێراقدا هەڵەن، ئەوان بتوانن دەست بەسەر ناوچەکەدا بگرن، کورد زۆر دژە-جولەکەن و لەوانەیە بچنە ژێر کاریگەری ڕووس.

٣. نووسەر داوا لە سێر ئالێک دەکات بەردەوام بێت لە خزمەتکردنی وڵاتەکەی و مرۆڤایەتی، لە ڕێگەی نائومێدکردنی کورد و ڕووسەکان.

٤. ناو نیشانی نووسەر بریتییە لە:

Yaqdan Muhammad

Al-Aml Grocery

Behind al-Sahil Club

Sha'aibah

Kuwait

J P Bannerman

کەرتی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، بەشی توێژینەوە، ١٤ی ئایاری ١٩٧٤

سنووردار (ل ٢٨٤)

باڵیۆزی بەریتانیا (ل٢٨٤)

بەغدا

٢١ ئایاری ١٩٧٤

(٢/١)

G. S. Burton Esq.

بەشی ڕۆژهەڵاتی ناڤین

نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس

لەندەنSW1

کوردی عێراق

١. زنجیرەیەکی دورودرێژی بابەتەکانی ڕۆژنامەی ئەلسەورە، سەرکردەی کورد، بارزانی مەحکوم دەکەن، بەوەی داردەستی ئیمپریالسیتەکانە و بە سەرکردایەتی کردنی گەلەکەی بەرەو شۆڕش زیان لەگەلی خۆی دەدات، هەندێك ئاماژە هەن لەبارەی ڕۆڵی پشتگیریی کردنی ئێران لە بارزانی.

٢. بەشێک لەم ڕەخنانە بە وردەکارییەوە (پاژەکان) بۆتان ڕەوانە دەکەم. بیرۆکەی سەرەکی ئەوەیە کە خودی شا[ی ئیران] کێشەی لەگەڵ کەمینەکانی خۆیدا هەیە و باشترە سەرنجی بەرەو ئەم کێشانە بسوڕێنرێتەوە و واز لە عێراق بهێنێت کە خۆی بە شێوازی تایبەت بە خۆی مامەڵە لەگەڵ کێشەی [کوردی] خۆی بکات.

I. McCluney

هاوپێچ: نووسینگەی تاران

باڵیۆزی بەریتانیا (ل ٢٨٥)

بەیروت

٢٥ی ئایاری ١٩٧٥

Mr P A E Long

NENAD

١. لـە ٢١ی ئایـار ڕۆژنامـەی ئەلئەنبـار، ڕاپۆرتێکـی بڵاوکـردەوە کـە تۆڕێکـی خراپـەکاری لایەنگـری بارزانـی ناسـێنراون و پێنـج کـەس لـە ئەندامانـی لەلایـەن دەسـەڵاتە ئەمنیەکانـەوە لـە پارێـزگای هەولێـر لـە باکـووری عێـراق دەستبەسـەر کـراون. وەهـا بـاس دەکرێـت ئـەو کەسـانەی دەسـتگیر کـراون هەوڵـی چوونـە نـاو گروپـی دژە بارزانیـان داوە تـا سـەرکردەکانیان تیـرۆر بکـەن، هەروەهـا زیـان بـە دامـەزراوە نەوتییەکانـی هەولێـر بـدەن. هەروەهـا بـارەگای سـەرکردایەتی پارتـی شۆڕشـگێڕیی کـورد بتەقێننـەوە.

٢. بابەتەکـە بـاس لـەوە دەکات کـە لـە نێـوان چەکەکانـدا، بۆمبـی تەوقیتکـراو، کۆکتێـل مۆلۆتـۆڤ، سـێ پارچـە چـەک و سـێ دەمانچـە و یـەک نارنجـۆک هەیـە.

F Gallagher

هاوپێچ کۆپیەک بۆ بەغدا

نووسینگەی کاروباری دەرەوە (ل ٢٨٦)

لەندەن S. W. 1

٣١ی ئایاری ١٩٧٤

(I. McCluney Esq،)

بەغدا

بەشی عەرەبی بی.بی. سی

١. گراهـام بۆرتـۆن (Graham Burton) لـە بەشـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، کۆپییەکـی لـە نامەکـەی ئێـوە بـە ژێـدەری (١/١)، لـە ٥ی ئایـار بـۆ مـن ناردووە و لـە پەرەگرەفـی ٥دا، سـەرنجێکی شـازیل تەقـە (Shadhil Taqa) لەسـەر بەشـی بی.بی.سـی عەرەبـی لەبـارەی پرسـی کـورد لەخۆگرتـووە.

٢. پوختـەی پەیوەسـت بـەم بابەتـە، بـۆ چارلـس مەکلێلانـد (Charles Mclelland)م نـارد و تێبینـی خـۆی لەسـەر ئـەم بابەتـە دەربڕیـوە. مـن کۆپیەکتـان لـە نامەکـەی ئـەو بـۆ هاوپێـچ دەکـەم. لـە ڕاسـتیدا ئـەو شـتەی ئـەو ئامـاژەی بـۆ دەکات هـەروەک بۆچوونەکـەی خۆتانـە.

J. H. A. Emck

زانیاریی و ڕێنمایکردن

بەشی سیاسی

هاوپێچ کۆپیەک بۆ:

بەڕێز بۆرتۆن (Mr. Burton)

بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

ئاژانسی پەخشی بەریتانی (British broadcasting corporation) (ل ٢٨٧)

PO BOX BUSH HOUE STRAND LONDON WC28 4HP

TELEPHONE: 01-240 35 56   CABLE: BROADBRIT LONDONPS4

TELEGRAMS: BROADBRIT LONDON TELEX TELEX:22182

٢٣ی ئایاری ١٩٧٤

سوپاس بۆ ناردنی نامەکەتان لە ٢ی ئایار و سوپاس بۆ ناردنی گفتوگۆکەی نێوان مەککلۆنی (McCluney) لەگەڵ شازیل تەقە (Shadhil Taqa). باش دەبێت ئەگەر ئاماژە بەوە بکەن کە بەشی هەواڵی عەرەبی لە [بی.بی.سی] و بەشی هەواڵی جیهانی (World Service Bulletin) و لە ڕاستیدا تەواوی هەواڵەکانی تایبەت بە ناوچەکان لەلایەن یەک بەش ئامادە دەکرێن؛ لە ئەگەری مەترسی ئەوەی هەمان هەواڵ لەبەین ببرێت کە لەلایەن بەشە جۆراوجۆرەکانەوە بەشێوازی جیاواز بەکاربهێنرێت.

لەبارەی پێشنیازەکانی دیکەی ئەو [واتە پێشنیازەکانی تەقە]، بۆ من جێگەی گاڵتەپێکردنە کە وا بیربکەینەوە بی.بی.سی عەرەبی زۆرتر لە هەر [ڕادیۆیەکیتری] عەرەبی، لایەنگری کورد دەکات. دەزانم پێویست ناکات وەڵامی پرسیاری کۆنترۆڵ بدەمەوە: هێمای سەرسوڕمان کە ئێوە لەبەرامبەر پرسیارەکەی ئەودا داتانناوە، بەسە و پێویست بە وەڵامی زیاتر ناکات.

(C. J. Mcleland)

سەرۆکی بەشی عەرەبی

Mr. J. H. A. Emck

بەشی سیاسەتی زانیاریی و ڕێنمایی (Guidance and Information Policy Department)

نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس

لەندەن، S، W، 1

سنووردار (ل ٢٨٨-٢٨٩)

باڵیۆزی بەریتانیا

بەغدا

٨ی حوزەیرانی ١٩٧٤

(٢/١)

G. S. Burton Esq..

بەشی ڕۆژهەڵاتی ناڤین

نووسینگەی کاروبار دەرەوە و کۆمۆنوێلس

لەندەنSW1

کێشەی کورد

١. لەوانەیە ئێوە گرنگی بەو بابەتە بدەن کە لەلایەن چاودێری بەغدا، لە ٢٧ی ئایار بۆ ئێوەم ڕەوانە کردووە. عەدنان بەکر، بە پێی تێڕوانینی خۆی، هەوڵیداوە جیاوازییە ڕاستەقینەکانی نێوان باڵی بارزانی و کاربەدەستانی ناوەند، بە وردی دەستنیشان بکات.

٢. بە بڕوای من جەوهەری ئەم بابەتە لە دوایین بەشی بابەتەکەدایە بە ناونیشانی «سروشتی کێشەی بەرقەرار». لێرەدا نووسەر ئاماژە بەوەد دەکات کە پارتی دیموکراتی کوردستان هەمیشە پێداگری لەسەر کەرکووک کردووە وەک بەشێک لە ناوچە کوردییەکان. بەدر دەڵێت، ئەگەرچی دەکرێت ئۆتۆنۆمی بدرێتە هەر ناوچەیەک کە خاوەن زۆرینەی کورد بێت، بەڵام ئەم زۆرینەیە پێویستە لەسەر بنەمای بارودۆخی ئاسایی بەرقەراری پێش سەرهەڵدانی شەڕ دیار بکرێت. بۆ نموونە بە پێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧. بە بڕوای ئەو لە گشت حاڵەتەکاندا، کەرکووک هیچ کات لە پێش و لە میانەی شەڕدا زۆرینەی کوردی نەبووە و هیچ کەسیش ئەمە نازانێت. سەرەڕای ئەمەش بەرەی

ناسیۆنالیسـت و نیشـتمانیی پێشـکەوتنخواز (PNNF)، ‹جۆرێـک لـە ڕۆڵـی خۆجێیـی گرێـدراو بـە ناوەنـدی› بەکەرکـووک بەخشـیووە، بـەڵام ئەمـەش لەلایـەن پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانەوە ڕەتکرایـەوە.

٣. هەروەهـا بـەدر ئامـاژە بـە دانانـی بودجـە بـۆ گەیشـتن بـە ڕێککەوتـن لـە نێـوان دوو لایەنەکـەدا دەکات. پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان داوا دەکات بودجـە بـۆ هـەر ناوچەیـەک لـە عێـراق بـە پێـی ڕێـژەی دانیشـتوانی بێـت. هـەر جـۆرە دابەشـکردنێکی ناوەنـدی بودجـە بـەم شـێوەیە بـەو مانایـە دێـت کـە حکومەتـی بەغـدا تەنیـا بودجـەی لیـوای بەغـدای بەدەسـتەوە دەمێنێـت. ئەمـەش بارودۆخێکـی گاڵتەجارییـە.

٤. بـەدر بـەردەوام دەبێـت تـا هەندێـك لـە هـۆکارە ‹ڕانەگەیێنـدراوەکان› بژمێرێـت کـە بۆچـی کـورد هێنـدە سـەخت بـوو. [بـە گوێـرەی بـەدر] باڵـی ڕاسـتڕەوی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، بـۆ نموونـە، بارزانـی، گەیشـتووەتە ئـەو ئەنجامـە کـە بەهـۆی ئۆتۆنۆمییـەوە کۆنترۆڵـە سیاسـییەکەی ڕووبـەڕووی مەترسـی دەبێتـەوە. تەنانـەت ئەگـەر ئـەوان لـە عێـراق جیـا ببنـەوە، هەسـت بـە مەترسـی زۆرتـر دەکـەن، ئەویـش بەهـۆی هەبوونـی هێـزە پێشـکەوتنخوازەکان لـە ناوچـەی [کورددا]کـە بـە سـوودی فەرمانڕەوایـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان نییـە. بۆئـەوەی کۆنترۆڵـی ڕاسـتەقینە بگرنـە دەسـت، پێویسـتە ئـەوان ئـەم هێـزە پێشـکەوتنخوازانەش لـە ناوبـەرن. بۆئـەوەی ئەمـە دەسـتەبەر بکـەن و چـۆک بـە حکومەتـی ناوەنـدی دابنێـن، پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـە دوای یارمەتـی دەرەکـی دەگەڕێـت. بـەدر بـە ناڕوونـی دەڵێـت، زۆرتـر لـە لایەنێکـی دەرەکـی هـەن بەرژەوەندیـان لـە دووبـارە دەسـتپێکردنەوەی شـەڕ لـە کوردسـتاندا هەیـە.

I. McCluney

زۆر نهێنیی (ل ۲۹۰)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

تاران

T J Clark Esq

بەشی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس

ژێدەری ئێمە (۲/۳)

۱۳ی حوزەیرانی ۱۹۷٤

عێراق و کورد

١. کاتێک باڵیۆز لە ۳۰ی ئایار شای بینی، ئەوان تاوتوێی بارودۆخی کوردیان کردووە.

٢. شا گوتوویەتی پتر لە ٢٦،٤٠٠ کورد دوای ئەوەی گوندەکانیان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بۆمباران کراوە، پەنایان بۆ ئێران هێناوە. شا لەو بڕوایەدا نەبوو عێراق ئەو توانا سەربازییەی هەبێت بتوانێت ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان داگیر بکات، بەڵام نیگەرانی ئەوە بوو کە بە هاتنی وەرزی زستان کورد گرفتاربن، ئەگەر بۆمبارانکردن بەم ئاستەی ئێستای بەردەوام بێت.

٣. باڵیۆز پرسیاری لە شا کرد بڕیاری ئێستای ئەنجوومەنی ئاسایشی [نەتەوە یەکگرتووەکان] دەبێتە هۆی لێک نزیکبوونەوەی ئێران و عێراق، بە بێ دوو دڵی وەڵامی دایەوە کە پشت لە کورد ناکات، چونکە ئەم کارە لە ڕووی پرەنسیپەوە هەڵەیە. هەروەها شا پێویستی بەوەیە پرسی کورد بە زیندوویی بهێڵێتەوە تا وەک کارتی گوشار لە هەر کاتێکدا لە دژی حکومەتی عێراق بەکار بهێنێت. بۆیە شا بەردەوام دەبێت لە پشتگیریی کردنی کورد بە دابینکردنی ڕێژەیەکی زۆر لە چەک و پێداویستیەکان.

٤. شا وا نیشان دەدات سازش لەسەر کورد ناکات. ئێمە لەو بڕوایەدا بوون کە

شـا پشـت لـە کـورد دەکات، ئەگـەر شانسـێک بـۆ گەیشـتن بـە ڕێککەوتـن لەگـەڵ حکومەتـی بەغـدا لـە ئـارادا بێـت. پێموایـە شـا لـەو بڕوایەدایـە هیـچ ئاسـۆیەک نییـە تـا متمانـە بـە حکومەتەکانـی عێـراق بـکات، بۆیـە ناتوانێـت وێنـای دۆخێـک بـکات کـە کـورد ژمارەیـەک نەبـن لـە سیاسـەتدا. هـاوکات شـا هـاوڕا بـوو لەگـەڵ باڵیـوز کـە بەکارهێنانـی کـورد بـۆ ڕووخانـی ڕژێمـی بەغـدا کارێکـی بێسـوودە. دەکرێـت ئـەم کارە تەنیـا لـە ناوخـودی بەغـدا ئەنجـام بدرێـت. بەداخـەوە ئەمـەش کارێکـی سـەختە.

H J Arbuthnott

هاوپێچ: نووسینگەکانی پاراستنی نهێنی لە بەغدا، کوێت، واشنتۆن، مۆسکۆ.

شاندی شانشینی یەکگرتوو بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان (ل ٢٩١)

(845 Third Avenue New York NY 10022)

G S Burton Esq

بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس

ژێدەری ئێمە ٨/٤٤/١٨

١٧ی حوزەیرانی ١٩٧٤

**کوردستان**

لەوانەیە ئێوە بتانەوێت کۆپیەک لە نامەی هاوپێچکراو کە بارزانی و عەبدولڕەحمان لە پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ سکرتێری گشتی [نەتەوە یەکگرتووەکان]یان ناردووە ببینن؛ کە بە نووسینی تێبینی «پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان»، بۆ باڵیۆزی [بەریتانیا] نێردراوە (هەروەها تێبینیەکەش هاوپێچ کراوە). (کۆپیەک لە هاوپێچی نامەکە کە نزیکەی ١٠٠ لاپەڕەیە بۆتان نانێرم، بەڵام تکایە ئاگادارم بکەرەوە، ئەگەر بتەوێ ببینی). بە بڕوای من لەوانەیە دووبارە نامەی هاوشێوە بێتەوە و ئەگەری زۆرە دووبارە پەیوەندی بە مافی مرۆڤەوە هەبێت.

C C R Battiscombe

هاوپێچ: نووسینگەکانی پاراستنی زانیاری لە بەغدا و تاران.

ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی (ل ٢٩٢)

فەرماندەی گشتی هێزی شۆڕشگێری کورد/ پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق

٢٨ی ئایاری ١٩٧٤

بەڕێز

هاوڕێیە خۆشەویستەکەم د. کورت واڵدهیم (Kurt Waldheim)

بارودۆخی تراژیدی کە جارێکیتر خەڵکی کورد خۆیان تێیدا دەبیننەوە، پێویست بەوە دەکات سەرنجی [کۆمەڵگای] جیهانی ڕابکێشین بۆ ئەو تاوانانەنی لەلایەن حکومەتی بەغداوە لە دژی خەڵکی کورد، کە هاووڵاتی خۆیانە، ئەنجامدراوە.

ئەمە پێنجەمین شەڕە کە حکومەتە یەک بەدوا یەکەکانی عێراق بە درێژایی ١٣ ساڵ لە دژی کورد ئەنجامی دەدەن. سێ لەم شەڕانە لەلایەن حکومەتەکانی حیزبی بەعسەوە ئەنجام دراون. لەوانەیە دروستتر بێت بڵێین گەلی کورد بە درێژایی ئەم سێزدە ساڵەی ڕابردوو لە بارودۆخی شەڕ و دانوستانی ناڕوونی ئاشتی و ئاگربەستدا ژیاون، بەڵام ئەم دانوستاندنانەش لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەکارهێنرا تا هێزەکانی بۆ دووبارە دەستپێکردنەوەی شەڕ کۆ بکاتەوە. ڕێک بەم شێوەیە حکومەتی حیزبی بەعس لە وەفاداربوون بە پابەندییەکانی بە پێی ڕێککەوتنی ئاشتیانەی بەناوبانگی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ شکستی هێنا. بەداخەوە لە ١١ی ئاداری ١٩٧٠وە ئەم ڕێککەوتنە بووە بە لاپەڕەیەکی مردوو. دواتر حکومەتی عێراق شەڕی لە دژی گەلی کورد، دەست پێکردەوە.

ئەمڕۆ لەکاتێکدا ئاشتی و دانوستاندن بۆ چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتیەکان [ڕێچکەی] باوە، گەرمترین شەڕ لەسەر گۆی زەوی لە دژی گەلی کورد، لە ڕێگەی خودی حکومەتەکەیانەوە، بەڕێوە دەبردرێت. فەرمان بە جینۆسایدکردن، وێرانکردن، برسیکردن و سوتانی گوند و بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی کوردستانی عێراق دراوە. نیوەی گەلی کورد لە ژێر ترسی بۆمبی ناپاڵم و ترس لە گازی ژەهراوی دەژییێت. نیوەی تریش لە ژێر ترس و تۆقاندنی دەوڵەتدا.

لـە کاتێکـدا سـادەترین مافەکانـی ژیـان بـۆ گەلـی کـورد لەبەرچـاو ناگیرێـت، هیچیـتر ناکرێـت ئـەم بارودۆخـە بـە کاروبـاری ناوخـۆی حکومەتـی عێـراق هەژمـار بکرێـت. ناکرێـت جیهـان لەهەمبـەر حەقیقەتـی ئـەم تاوانانـە لـە دژی مافەکانـی مـرۆڤ بـێ دەنـگ بێـت، بـە تایبەتیـش نەتـەوە یەکگرتـووەکان.

بۆیـە ئێمـە بڕیارمانـدا بـە ناردنـەدەرەوەی م. م. عەبدولرەحـمان، ئەندامـی مەکتـەبی سیاسـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و وەزیـری پێشـووی کاروبـاری باکـوور لـە حکومەتـی عێراقـدا. هەروەهـا، بـە ناردەنـەدەرەوەی م. دزەیـی، ئەندامـی کۆمیتـەی ناوەنـدی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و وەزیـری پێشـووی کار و نیشـتەجێکردن لـە حکومەتـی عێراقـدا، لەپێنـاو بەهێزکردنـی چالاکیەکانـی شـاندی نوێنەرایەتـی کوردسـتان لـە دەرەوە. هەروەهـا بۆئـەوەی بـۆ بەڕێزتـان بابەتەکانـی پەیوەسـت بـە جەنگـی جینۆسـاید [لـە دژی کـورد] و پێشـلکردنی تـەواوی مافەکانـی مـرۆڤ لـە کوردسـتان بسـەلمێنن کـە لەلایـەن حکومەتـی عێراقـەوە ئەنجامـدراون.

بەنـاوی گەلەکەمـەوە، داوا لـە بەڕێزتـان دەکـەم، خۆتـان گرنگـی بـەم پەیوەندییـە بـدەن و بـۆ دامـەزراوە پەیوەندییدارەکانـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان بـەرزی بکەنـەوە.

ئێمـە دەمانەوێـت لـە ئاشـتی و هاوکاریـی لەگـەڵ گەلـی عێراقـدا بژیـن، کـە ئەوانیـش بەدەسـت ئـازار و ئەشـکەنجە و تـرس و تۆقاندنـی حکومەتـەوە دەناڵێنـن، کوڕەکانـی ئەوانیـش بوونەتـە قوربانـی ئـەم جەنگـە دڕندەیـە کـە لـە کوردسـتاندا بەرپایـە.

پەیوەسـت بـە مافەکانـی مـرۆڤ، مامەڵەکـردن لەگـەڵ بەندکـراوەکان، گرتنەبـەری شـەڕی بەرگـری لەخۆکـردن، هـەروەک ئـاگاداری کۆمیتـەی نێودەوڵەتـی خاچـی سـوور کراوەتـەوە، ئێمـە پابەنـدی پەیماننامـەی جنێڤیـن (Geneva Convention). ئێمـە پێشـوازی لـە هـەر تیمێکـی لێکۆڵینـەوە یـان نێردراوی تایبەتـی ئێـوە دەکەیـن. ئێمـە داوا لـە نووسـینگە کاراکەتـان دەکەیـن کۆتایـی بـەم جەنگـەی جینۆسـایدکردن بهێنـن.

گەلی کورد و من زۆر سوپاستان دەکەین

مستەفا بارزانی

پارتی دیموکراتی کوردستان (ل ٢٩٣)

مەکتەب سیاسی

نوێنەرایەتی کورد لە دەرەوە

ناونیشان : (619 W 176 Street، Apt، 5K، New York، H، Y، 10033)

ڕێککەوتی: ٦ی حوزەیرانی ١٩٧٤

بەڕێز...

جارێکیتر بەڕێزتان ئەرکی گرنگی ئاشتیتان لە ئەستۆدایە. گەلی کورد هیوادارە بەڕێزتان لە هەوڵە بەردەوامەکانتان بۆ هێنانەدی داپەروەری و ئاشتی سەرکەتوو بن؛ بە تایبەتی حاڵیحازر، بەڕێزتان نزیکن لە بەدیهێنانی [دادپەروەری و ئاشتی] لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. گەلی کورد هیوادارە بەڕێزتان هەندێك لە کات و هەوڵەکانتان بۆ کەیسی کورد تەرخان بکەن کە لە پێش گشت بزووتنەوە دادپەروەرەکانی ئەمڕۆی جیهاندا دێت.

ڕێگەمان بدە سوپاسگوزاری خۆمان بۆ وەرگرتنی نامەی نوێنەرایەتی کورد لە دەرەوە (SO 215/1 IMAQ، Division of human Rights، 3 May 1974)، لە ڕێکەوتی ٢٦ی نیسانی ١٩٧٤، دەرببڕین، کە لەگەڵیدا کۆمەڵێک زانیاری سەرەتایشی بۆ بەڕێزتان هاوپێچکرا بوو. زۆر سوپاستان دەکەین کە هەنگاوی گونجاوتان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم نامەیە گرتووەتەبەر.

بەداخەوە، ئەو ترسەی لە نامەکەدا دەربڕابوو، بوو بە ڕاستی. شەڕێکی فرەوان لەلایەن سوپای حکومەتی عێراقەوە لە دژی گەلی ئێمە لە کوردستان بەرپاکراوە. ئەو چەکەی لەبەردەستی سوپای عێراق دایە پێشکەتووترین جۆری چەکە. ئەو چەکە زۆر بە دڕندانە لە دژی گەلی ئێمە بەکار دەهێنرێت کە لەپێناو هێنانەدی دادپەروەری، ئازادی و یەکسانی لە وڵاتە جوانەکەیاندا گیانی خۆیان بەخت دەکەن.

هەر لە ناوەڕاستی مانگی نیسانەوە، بۆردمانکردنی گوند و شارەکان، لە سێدارەدانی ئافرەت و پیاو لە مەیدانی شارەکاندا، کوشتنی ئاژەڵ و بۆمبارانکردنی بەروبومی

کشـتوکاڵی، برسـیکردن و کوشـتنی بـە کۆمەڵـی خەڵکـی مەدەنـی لـە کوردسـتاندا بووەتـە بابەتێکـی ڕۆژانـە، ئـەم کردەوانـە لەلایـەن حکومەتێکـەوە ئەنجـام دەدرێـت کـە بـە پێـی گشـت پەیماننامـەکان بەرپرسـە لـە دابینکردنـی خۆشـگوزەرانی بـۆ گەلـە هەژارەکـەی.

لـە سـەردەمی مافـی چـارەی خۆ-نووسـین بـۆ نەتـەوەکان، سـەردەمی سـەربەخۆیی و کۆتاییهاتنـی کۆلۆنیالیـزم، گەلـی ئێمـە داوای سـادەترین مافـی خـۆی، واتـە ئۆتۆنۆمـی لـە چوارچێـوەی سیسـتەمێکی حوکمڕانـی دیموکراسـیدا دەکات.

وەڵامـی حکومەتـی عێـراق بـۆ ئـەم داواکارییـە بریتیـی بـووە لـە هەڵگیرسـاندنی جەنگێکـی نـەژادی و کۆلۆنیالـی و جینۆسـایدکردن و پێشـێلکردنی ئاشـکرای مافـی مرۆڤـی گشـت ئـەو کوردانـەی چ لـە ناوچـە ئازادکراوەکانـی کوردسـتاندا دەژیـن یـان لـە شـار و شـارۆچکەکانی ژێـر دەسـەڵاتی حکومەتـدا دەژیـن. هەروەهـا، پێویسـتە ئامـاژە بـەوە بدەیـن کـە گەلـی عەرەبیـش لـە عێراقـدا، خۆشـحاڵ نییـە، چونکـە ئەوانیـش لـە ژێـر حوکمـی حیزبـی بەعسـدا ئـازادی کەسـی و سیاسـییەکانی خۆیـان لـە دەسـتداوە. مەبەسـتی سـەرەکی حکومەتـی ئێسـتا، هـەروەک حکومەتەکانـی ڕابـردوو، بریتییـە لـە شـاردنەوەی ئـەم شـەڕە وێرانکـەرە لـە چـاوی جیهـان و بـە تایبەتـی لـە چـاوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان. هەروەهـا هـەوڵ دەدات ئـەم بابەتـە، بـە بابەتێکـی تـەواو ناخۆیـی هەژمـار بـکات، بـەڵام جینۆسـایدکردنی گەلـی کـورد و پێشـێلکردنی مافـی کـورد، لای تـەواوی جیهـان بـووە بـە بابەتێکـی ئاشـنا، بۆیـە ناکرێـت ئـەم بابەتـە وەک بابەتێکـی ناوخۆیـی مامەڵـەی لەگەڵـدا بکرێـت.

ئێمـە ئاگاداریـن و خۆشحاڵیشـین کـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان گرنگـی بـە پێشـێلکردنی مافـی مـرۆڤ دەدات کـە تـا ئێسـتا لـە وڵاتانـی دیکـەدا کەمتریـن گرنگـی هەبـوو. بۆیـە خسـتنەڕووی ئـەم نامـە فەرمییـە تایبـەت بـە جینۆسـایدکردن و پێشـێلکردنی ئاشـکرای مافەکانـی مـرۆڤ، کـە پـتر لـە یـەک دەیەیـە لەلایـەن حکومەتـی عێـراق لـە دژی کەمینـەی گەلـی کـوردی عێـراق پەیـڕەو دەکرێـت، لـە هـەر کاتێکیـتر پێویسـترە.

پارتی دیموکراتی کوردستان (ل ٢٩٤)

**مەکتەب سیاسی**

وەک نێردراوی ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد، بەم نامەیە ئێمە زانیاری لەسەر پێشلکردنی توندی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی/عێراقدا ڕادەگەیێنین، کە پوختەی ڕووداوە دڵتەزێنەکانی عێراقە.

تکایە نامەی داخراوی ژەنەڕاڵ بارزانی قبوڵ بکەن، هاوکات لەگەڵ ڕێزی تایبەتی خۆی کە بە ئێمە سپێردراوە تا بیگەیەنینە ئێوە.

بەڕێز، ئێمە سوپاستان دەکەین.

**م. دزەیی**

ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان.

م. م. عەبدولرەحمان

ئەندامی مەکتەب سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان.

بۆ بەڕێز سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، نیویۆرک، ن، ی. ١٠٠١٧

دەقی نامە ئینگلیزیەکە

KURDSTAN DEMOCRATIC PARTY

POLITICAL BUREAU

We are submitting herewith this Communication concerning Gross Violations of Human Rights in Kurdistan، Iraq which sumurizes the sad events in Kurdistan، as envoy of Gerneral Mustafa Barzani، president of Kurdistan Democratic Party and Leader of Kurdish Libreration Movements.

Please accept the covering letter by General Barzani، together with his best personal wishes conveyed through us.

We remains، Sir، respectfully yours

پارتی دیموکراتی کوردستان (ل ٢٩٥)

**مەکتەبی سیاسی**

نوێنەرایەتی کورد لە دەرەوە

ناونیشان : (619 W 176 Street، Apt، 5K، New York، H، Y، 10033)

ڕێککەوتی: ٧ی حوزەیرانی ١٩٧٤

بەڕێز...

ئێمە زۆر بە باشی ئاگاداری حەزی وڵاتەکەتانین بۆ هێنانەدی ئاشتی و داپەرەوەری لە سەرتاسەری جیهاندا.

ڕێگەم پێبدە بۆ حکومەتەکەتان و بۆ مەبەستی تایبەتی خۆم، کۆپیەک لەو نامەیەی (communication) کە لە ٧ی حوزەیران بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان ناردوومانە و پەیوەستە بە جەنگی جینۆسایدکردنی گەلی کورد کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە ئەنجام دەدرێت، بۆتان ڕەوانە بکەم.

هیواداریـن تەواوی دەسەڵاتی خۆتان لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا بۆ کۆتایهێنان بەم جەنگە و بۆ پاڵپشتیکردن لە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد بەکار بهێنن.

لەگەڵ ڕێزدا

م. م. عەبدولرەحمان

ئەندامی مەکتەب سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان.

نهێنی (٢٩٦)

نووسینگەی کاروبار دەرەوە و کۆمۆنوێلس

(٢/١)

لەندەن SW1 2AL

باڵیۆزی بەریتانیا- بەغدا

C C R Battiscombe Esq.

نوێنەری شانشینی یەکگرتوو بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان- نیویۆرک

٢٠ی حوزەیرانی ١٩٧٤

**کوردستان**

١. سوپاستان دەکەم بۆ نامەکەتان لە ١٧ی حوزەیران، تۆ ڕاست دەکەیت من نامەوێت پاشکۆیەکی ١٠٠ لاپەڕەیی ببینم.

٢. من دەمەوێت ئاماژەی مەلامستەفا بارزانی لە نامەکەیدا بۆ سکرتێری گشتی [نەتەوە یەکگرتووەکان] لەبارەی بۆمبی ناپاڵم و گازی ژەهراوی ببینم. لە ڕابردوودا کورد ترسیان دەربڕیوە لەوانەیە عێراقیەکان پەنا بۆ جەنگی کیمیاوی ببەن، بەڵام لە پڕوپاگەندە فرەوانەکەیاندا بۆ ئەم دوژمنکارییانەی ئێستادا، هیچ ئاماژەیەک بۆ پەنابردنە بەر ئەم تەکتیکە نەدراوە. هەر بۆیە سوپاستان دەکەم ئەگەر لە زانیاری زۆرتر ئاگادارم بکەیتەوە لەبارەی جەنگی کیمیاوی کە لەوانەیە شاندی کورد لە نیویۆرک لە داهاتودا باسی بکات.

G S Burton

بەشی ڕۆژهەڵاتی ناڤین

کۆپیەک بۆ:

I McCluney Esq، Baghdad

N W Browne، Tehran

زۆر نهێنی (٢٩٧-٢٩٨)

LKS NR 925/17

PP MODUK ARMY

GRS 600

CYPHER CAT A

FM BAGHDAD 170835Z JUNE

SECRET

TO PRIORITY NODUK ARMY TEL OF 17 JUNE 1974

DIG FOH

FROM SANDER

**کوردستان**

١. نێردراوی (MA) تورکیا سەردانی تورکمانەکان لە مووسڵ، دهۆک، زاخۆ، هەولێر و کەرکووک ی کردووە لە ٨-١٢ی حوزەیرانی . ئەو بەم جۆرە باسی بارودۆخی کردووە:

ا ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەت ئارامن. گشت گوندەکانی سەر ڕێگەی مووسڵ-دهۆک، دهۆک-مووسڵ چۆڵکراون. زاخۆ بە تەواوەتی پڕی سوپا کراوە و لە بەشی باکوور بە تەواوی وێران بووە. ڕێگەی مووسڵ-زاخۆ، بە توندی لە ژێر چاودێری دایە و ژمارەیەکی زۆر لە ئۆتۆمۆبێلی سەربازی بەرچاو دەکەون.

**ب** ڕێگەی نێوان هەولێر-کەرکووک ڕۆژانە لە کاتژمێر ٧ی بەیانی بۆ ٥ی ئێوارە کراوەیە. ئەو، لە بەشی ڕۆژهەڵاتی هەولێر، گوێی لە دەنگی تەقەی زۆر بووە.

**ج** زانیاری کەمتر بە دەست کەوتوون. ئەویش بەهۆی لاواز بوونی نێردراوەکە لە زمانی ئینگلیزی و سنووردارێتی جوڵەکردنی.

٢. وەرگێڕێکی ئاشوری [کە ئافرەتە] لە باڵیۆزخانەدا لە ١٣/١٢ی حوزەیران سەردانی

خێزانەکەی لە مووسڵ کردووە و بەم شێوەیەی خوارەوە ڕاپۆرتی داوە:

**ا** ڕێگای دهۆک-ئامێدی لە باکووری دهۆکەوە داخراوە و بە سەختی لەلایەن کوردەوە بۆمبڕێژ کراوە. هەنوکە عەین سدنە و ئاکرێ لە دەست حکومەتدان و ئاکرێ بە سەختی زیانی بەرکەوتووە.

**ب** ئەو و گشت حیزبەکەی هەوڵی بەجێهیشتنی مووسڵ دەدەن. چەندین ژن بەم دواییانە دەستبەسەر کراون. ڕێژەیەکی باشی چەک و تەقەمەنی (AMMO) لە ژێر چادرەکانیاندا بە قاچاغ هەن.

**ج** ڕێگە بە هیچ کەس نادرێت خۆراک و خواردن بۆ باکوور ببات. تەواوی پێداویستییەکانی خۆراک و پێداویستییە سەرەکییەکان لە ڕێگەی حکومەتەوە بۆ باکوور دەنێردرێت و دەفرۆشرێت. ئەو هاوڕێیانەی لە ئامێدی هاتوونەتە دەرەوە و بە شەوانە لە وڵاتدا هاتوچۆ دەکەن، باسیان لەوە کردووە خۆراک و پێداویستییە سەرەکییەکان زۆر کەم و گرانن. بۆ نموونە یەک کیلۆ شەکر لە بەغدا (٠,١١٠) دینارە، بەڵام لە ئامێدی یەک دینارە (١٠٠٠٪ گرانتر بووە). قاچاغچی تورک لە سەر سنوورەکان زۆریان دەستدەکەوێت.

**د** شێخی ئەلترۆش لەگەڵ ٤٠ کوردیتر دەستبەسەر کران و گوازراونەتەوە بەغدا.

**ه** چاکسازی لە یەکەکانی فۆرساندا کرا. ئەم یەکانە کوردن کە لەلایەن حکومەتەوە پارەیان پێدەدرێت، تا لە دژی کوردی لایەنگری بارزانی چالاکی ئەنجام بدەن و زانیاریی کۆ بکەنەوە. لە ئەرزی واقیعدا، ئەوان لایەنێک لە دژی لایەنیتر هان دەدەن و هێرشیان کردووەتە سەر گوندی ئاشوورییەکان و تاڵانیان کردوون.

**و** هەستی گشتی لەو ناوچانەی ژێر دەسەڵاتی حکومەت ئەوەیە کە ئەمجارە کردەوەکانی حکومەت جیدین و بڕیاریداوە بە خێرایی کۆتایی بە شەڕ بهێنێت.

٣. بەڕێوەبەری ڕاهێنانی سەربازی لە (QBP) لە ١٥ی حوزەیران ئەم لێدوانەی خوارەوەی دا:

**ئالفا:** ئەو و گشت بەڕێوەبەرەکانی وەزارەتی بەرگری (MOF) زۆر بە خێرایی دامەزران، چونکە زۆرێک لە ئەفسەرەکان بەرەو باکوور نێردران.

**براڤۆ:** لەبەر هۆکاری ئەمنی، ئەو زانیاریی تەواوی لەسەر بارودۆخەکە نییە.

**چارلـی:** سـتراتیژی ئێسـتا بریتییـە لـە گەمارۆدانـی کـورد و زیادکردنـی گەمـارۆی ئابـووری و بەکارهێنانـی هێـزی تایبـەت (OPS) و هەلیکۆپتـەری جـۆری (BORN TPS)، لـە هەوڵێکـدا بـۆ دەسـتگیرکردنی بارزانـی. بـە گوێـرەی وێلـی فۆکـس (WILY FOX)، کـە زۆر جـار زانیارییـە هەواڵگرییەکانـی هەڵـەن، هەردوولایـەن لـەم ئۆپەراسـیۆنە تایبەتـەدا (OPS)، زەبـری زۆریـان بەرکەوتـووە و زۆرێـک لەلایەنگرانـی بارزانـی و سـەرۆک خێڵەکانی لایەنگـری بارزانــی دەستبەســەر کــراون و لــە بەندیخانــەی تایبەتــدا (STALAG) لــە باکـوور، ڕاگیـراون. ئـەوان هـاوڕان کـە [ئـەم کێشـەیە] لـە ڕێگـەی بەکارهێنانـی ئامـرازی سـەربازییەوە چارەسـەر نەکرێـت.

**دیڵتا:** ڕێگای هەولێر-ڕواندز، هەنوکە کراوەیە.

McCluney

BT

سەرهەڵدان و حوکمیزاتی لە کوردستانی عێراق (ل ٢٩٩-٣١٨)

ڕاپۆرتی کۆمیتەی دۆزینەوەی ڕاستییەکان

لەلایەن چارلۆت دانێت (Charlotte Dennett) و د. جۆرج هەژار(Dr. George Hajjar) ئامادە کراوە.

پێشکەشی لقی لوبنانی ئافرەتانی کۆمەڵەی نێودەوڵەتی بۆ ئاشتی و ئازادی کراوە

(submitted to the Lebanese section of the women's Internarial league for peace and freedom)

تەمووزی ١٩٧٤

ناوڕۆک

١. دەستپێک

٢. یاخی بوون و لایەنگرانی

٣. حوکمیزاتی و جێبەجێکارانی

**ا** بارزانی: یەکەم دوژمنی دیموکراسی

**ب** بارزانی: تاوانبار بەهۆی نییەتی خراپ

**ج** بارزانی: پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان (international connections)

**د** بارزانی و پ.د.ک

٤. ڕوانگە و لێکەوتەکان (impressions and reflections)

## دەستپێک

مانگــی ڕابــردوو ئافرەتێکــی کــورد کــە لــە عێــراق دەژییێــت نامەیەکــی بــۆ کۆمەڵــەی نێودەوڵەتــی ئافرەتــان بــۆ ئاشــتی و ئــازادی (بەشــی لوبنــان) نووســی و داوای لــە ســەرۆکەکەی کــرد شــاندێک بنێرێتــە عێــراق تــا لــە کێشــەی کــورد بکۆڵێتــەوە. ئافرەتەکــە نائومێــدی خــۆی لەهەمبــەر میدیــای ڕۆژئــاوا دەربــڕی کــە لایەنگــری دەکــەن و بــە ســوودی مەلامســتەفا بارزانــی ڕاپــۆرت بڵاودەکەنــەوە، کــە بــە ‹ســەرۆکی هێــزی نەتەوەیــی کــورد› نــاسراوە و بــۆ چەندیــن مانــگ پێشــمەرگەکانی لــە دژی ســوپای عێــراق بەکارهێنــاوە. هەروەهــا ئــەوە دەخاتــە ڕوو، ئەگــەر شــاندی کۆمەڵــەی نێودەوڵەتــی ئافرەتــان بــۆ ئاشــتی و ئــازادی ســەردانی عێراقــی کــرد و بــە هەڕەمەکــی چاوپێکەوتنــی لەگــەڵ کــورد ئەنجامــدا، بۆیــان دەردەکەوێــت کــە زۆربــەی ئــەو کوردانــەی لــە عێــراق دەژیــن دژی مــەلا مســتەفان و پشــتگیریی لــە بەرنامــەی حکومــەت دەکــەن بــۆ ئۆتۆنۆمــی بــۆ کــورد.

بــەم پێیــەش، کۆمیتــەی دۆزینــەوەی ڕاســتییەکان لەلایــەن کۆمەڵــەی نێودەوڵەتــی ئافرەتــان بــۆ ئاشــتی و ئــازادی (بەشــی لوبنــان) پێکهێــنرا تــا لــە پرســی کــورد لــە عێــراق بکۆڵێتــەوە. ئەندامانــی کۆمیتەکــە بریتیــن لــە چارلــۆت دانێــت، ڕۆژنامەنوســێکی ئــازاد؛ دکتــۆر جــۆرج هــەژار، پرۆفســۆرێکی کەنــەدی لــە تیــۆری سیاســی، هەروەهــا ئەندامێکــی کۆمەڵــەی نێودەوڵەتــی ئافرەتــان بــۆ ئاشــتی و ئــازادی (بەشــی لوبنــان) کــە لــە زانکــۆی عەرەبــی لــە بەیــروت پرۆفیســۆرە.

کۆمیتەکــە لــە مــاوەی نێــوان ٢٨ی حوزەیــران تــا ٣ی تەمــووزی ١٩٧٤ ســەردانی عێراقیــان کــرد و چاوپێکەوتنیــان لەگــەڵ کەســایەتییە بەرجەســتەکانی کــورد و هاووڵاتــی ئاســایی ئەنجامــدا کــە ئەمانــەی خــوارەوە بــوون: ١. عوبەیــدوڵا بارزانــی، کــوڕی مەلامســتەفا بارزانــی و وەزیــری دەوڵــەت، ٢. هاشــم ئاکرەیــی، ئەندامــی مەکتــەب سیاســی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان و وەزیــری شــارەوانی. ٣. عەبدولســتار تاهیــر شــەریف، ســکرتێری گشــتی پارتــی شــۆڕشــگێری کــورد و وەزیــری کار و نیشــتەجێکردن. ٤. عەزیــز ئاکرەیــی، ئەندامــی مەکتــەب سیاســی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان و وەزیــری

دەوڵـەت. ٥. شـێخ عوسـمان ئەحمـەد بارزانـی، سـەرۆکی ڕۆحـی خێڵـی بـارزان و بـرازای مەلامسـتەفا کـە لـە ٤ی حوزەیرانـی ١٩٧٤، چـووە نـاو حکومەتـی نیشـتیمانی.

کریسـتن پراگێـر (Karsten Prager) سـەرۆکی نووسـینگەی ڕۆژهەڵاتـی ناڤینـی گۆڤـاری تایـم (Time Magazine) و ئیـدی ئادامـز (Eddie Adams)، بـراوەی خەڵاتـی پۆلیتزێـر (pulitzer prize) بـۆ فۆتۆگرافـی لـە گۆڤـاری تایـم، بـۆ سـەردانێکی دوو ڕۆژە بـۆ کەرکووک و سـلێمانی، لەگـەڵ کۆمیتەکـەدا بـوون. گروپەکـە چاوپێکەوتنیـان ئەنجامـدا لەگـەڵ هـەر یـەک لـە ١) پارێـزگاری کەرکـووک، خالیـد عەبدولحەمیـد تەبـرە- تەنیـا عەرەبێـک کـە لـە مـاوی مانـەوەی کۆمیتەکـە لـە عێراقـدا چاوپێکەوتنیـان لەگـەڵ ئەنجـام داوە. ٢) قائیمقامی چەمچەمـاڵ، بورهـان شـوانی- فەرمانـدەی پێشـووی پێشـمەرگە. ٣) پارێـزگاری سـلێمانی، بابەکـر پشـدەری ٤) ژمارەیەکـی زۆر لـە هاووڵاتـی ئاسـایی.

لـە تـەواوی گەشـتەکەدا گروپەکـە پشـتی بـە خۆبەسـتبوو، بـێ هیـچ بەربەسـتێک و بـە ترومبێلێکـی مەدەنـی گەشـتیان دەکـرد، بـەڵام لـە ڕێگەیـان لـە چیـای ئەزمـەر لەلایـەن پارێـزگار پشـدەری [پارێـزگاری سـلێمانی] و پاسـەوانەکانی هاوڕێتـی کـراون. لـە لوتکـەی چیـای ئەزمـەر کـە ٧ کیلۆمەتـر لـە سـنوورەکانی ئێـران دوورە، گروپەکـە لەگـەڵ ژمارەیـەک سـەرباز، هـەم عـەرەب و هـەم کـورد، هەروەهـا لەگـەڵ فەرمانـدەی فـەوج و کۆمەڵێـک ئەفسـەر قسـەیان کـردووە. گروپەکـە توانـی وێنـەی سـنوورەکانی ئێـران و نموونەیـەک لـە سـەربازەکان بگـرن- وێنـەی هێـزی چەکـدار و تفاقەکەیـان نەگرتـووە.

**یاخی بوون و لایەنگرانی**

کۆمیتـەی دۆزینـەوەی ڕاسـتییەکان لێکۆڵینەوەیەکـی تەواویـان لەسـەر ڕووماڵـی ڕۆژنامـە نێودەوڵەتیەکانـی پەیوەسـت بـە پرسـی کـورد نەکـردووە، بەڵکـو پشـتی بەسـتووە بـە بەکارهێنانـی نموونەیـەک لـە گوتـاری سـێ ڕۆژنامەنـووس وەک ئامرازێـک بـۆ بەدەسـتهێنانی زانیاریـی لەسـەر ئـەو کەسـانەی کـە کاربەدەسـتن. نموونـەکان، گوتـاری دێڤیـد هێرسـت (David Hirst) لـە ڕۆژنامـەی گاردیـەن، جۆزێـف فیخێـت (Joseph Fitchett) لـە ڕۆژنامـەی ئۆبسـێرڤێر، و جـۆرج گەیێـر (George Geyer) لـە ڕۆژنامـەی

شیکاگۆ دەیلی نیوز وەرگیراوە. کۆمیتەکە، تەرکیزی خستووەتە سەر ئەو پرسیارانەی کە لە گوتارەکەی هێرستەوە وروژێنراون (گاردیەن، ئایاری، ٦،٧،٩، ١٩٧٤) کە لە چاوپیکەوتنەکانی لەگەڵ مەلامستەفا لە ڕێگەیەوە بەرەو ئێران بەدەستهاتوون، چونکە گوتارەکانی هێرست هاندەرانە و سەرنجڕاکێشن، ئەم گوتارانە وەک تەحەدایەک لە دژی وەزیرەکان بەکارهاتوون بۆ دیاریکردنی سەرچاوە، ئەمەش لەپێناو هاندانی وەزیرەکان و بەدەستهێنانی تێبینی و ئەو قسانەی کە بەهەڕەمەکی دەریاندەبڕن.

یەکێک لە خاڵە گرنگەکان کە لە گوتارەکەی بەڕێز هێرست وروژێنراوە بریتی بووە لە ئامانجی مەبەستداری مەلامستەفا لە داواکردنی «ئۆتۆنۆمی بۆ کورد و دیموکراسی بۆ عێراق»، بەڕێز هێرست وەک سەرکردەیەکی نەتەوەیی کورد سەیری مەلامستەفا دەکات کە لە [پرۆسەی] ڕزگارکردنی کوردستاندا چاوی پێکەوتووە. هێرست دەنوسێت «پێدەچێ بارزانی پشتگیریی تەواوی لەلایەن گشت کەسایەتیە گرنگەکانی کوردی هەبێت. لە چیاکان، ئەو خێڵانەی لە کۆنەوە لە دژی بارزانیەکان بوون پشت بە مەلامستەفا دەبەستن. سەدان پیاوی ئایینی پشتگیریان بۆ بارزانی دەربڕیوە، زۆرینەی هەرە زۆری قوتابیانی دەرەوە لەگەڵ ئەودان. لە سەرووی هەمووئەمانە، ئەو کوردانەی ‹پەنابەری› شارە عەرەبیەکانی عێراقن و زۆرینەیەکی بێ دەنگی ناسیاسین، بە گیان و دڵ لەگەڵ بارزانیدان (have voted with their feet). بە دەیان و هەزاران کەس بەرەو ژیانێکی سەخت و مەترسیدار لە ‹کوردستانی ڕزگارکراودا›› چوونە.

بەڕێز هێرست لە ڕوانگەی کەسیاتییەوە دەڕوانێتە ئەم تێکۆشانە نەک لە ڕوانگەی شیکردنەوەی چینایەتیەوە و دەنووسێت «ئەمە بۆ سەدام (سەدام حسێن جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش) کابوسێکە و ناتوانێت تەنیا یەک کوردی بەڕێز بدۆزێتەوە کە پشتگیریی لە پلانەکەی بکات بۆ ئۆتۆنۆمی. جێگری سەرۆک و وەزیرە تازە دامەزراوەکانی، ئەمە خودی کوڕە گەورەکەی بارزانیش دەگرێتەوە کە ماوەیەکی درێژە دەستی لێهەڵگرتووە، قورساییەکی کەمیان هەیە. هەروەها ناتوانێت لە بری ٨٠ پیاوی ئەنجوومەنی هەرێمایەتیەکەی، ٨٠ کورد بدۆزێتەوە کە هەڵبژێردراو بن.

بـە گوتـەی هێرسـت، کـورد یاخیبوونـە، چونکـە حکومەتـی عێـراق ڕەتیکردووەتـەوە پارێـزگای کەرکووکیـان پـێ بـدات، بـە بـڕوای ئـەو «چەندیـن سـاڵە، بـە بەردەوامـی ناوچەیەکـی کـوردی بـووە، حکومەتی عێراق ئامـرازی ناچارکەر و لـەڕێ لادەری بەکارهێناوە تـا ئـەم ناوچەیـە تەعریـب بـکات». هەروەهـا «کـورد داوای ئۆتۆنۆمـی دەکـەن کـە پشـتی بـە دیموکراسـی بـۆ گشـت وڵات بەسـتبێت». لەبـری ئەمـەش، هـەروەک ئـەوان بینیـان، لـە مێـژووی هاوچەرخـی وڵاتـدا، عـەرەب و کـورد لـە ژێردەسـتی [ڕژێمێکـی] دڕنـدەی سـتەمکار و بەرتەسـکدا دەناڵێنـن. دواتـر دەڵێـت کـورد لـە دامەزراندنـی ئەنجوومەنـی نیشـتیمانی هەرێمـی وەک «هێزێکـی بـاڵا دەسـت» نائومێـد بوونـە.

لەبـارەی پێشـمەرگەوە دەڵێـت «بـە خەمڵاندنـی فەرمـی» ٤٥،٠٠٠ میلیشـای خـاوەن چەکـی سـووک، کـە کـەم تـا زۆر لەلایـەن ئێرانـەوە پشـتگیریی دەکرێـن، هاتـوون. هێرسـت بـەم جـۆرە پاسـاو بـۆ پشـتگیریی ئێـران دێنێتـەوە: «(مـەلا مسـتەفا) پێویسـتی بـە پشـتگیریی شـایە. واتـە پشـتیوانە ڕاستەقینەکەی لـە جیهانـی دەرەوە». بۆیـە دەبـێ مەلامسـتەفا شـا دڵنیـا بکاتـەوە کـە لـە بەدەسـتهێنانی ئـەم پشـتیوانیە «دواجـار وەهـا بەهێـز و تەمـاح نابێـت کـە شۆڕشـەکەی بنێرێتـە نـاو ئـەو کوردانـەی هاووڵاتیـی شـان». بێجگـە لەمـەش هێرسـت پشـتگیریی شـا وەک دژە-کردەیەکـی دەسـتڕۆیی سـۆڤیەت لـەم ناوچەیـەدا هەژمـار دەکات: «ئـەم [دەسـتڕۆیی سـۆڤیەت] لـە سـەرووی هەمـوو شـتێک دێـت کـە شـا هـان دەدات بـە گشـت وریاییـەوە پشـتیوانی بارزانـی بـکات».

هێرسـت ئامـاژە بـەوە دەکات، پارێزگاکانـی باکـووری عێـراق لـە ژێـر دەسـەڵاتی بارزانیـدان و لەلایـەن ١٣٠،٠٠٠ کەسـەوە بەرگریـان لێدەکرێـت کـە پەنایـان بـۆ بەرزاییەکان بـردووە و شکسـتێکی سـەختیان بـە هێـزە چەکدارەکانـی عێـراق هێنـاوە. ئـەو قسـەیەکی عەبـدوڵا پشـدەری دەگێڕێتـەوە کـە لـە سـاڵی ١٩٤٦ەوە لەگـەڵ مەلامسـتەفادا بـووە و دەڵێـت «ورەی عێراقیـەکان نـزم نییـە. [بەڵکـو] هـەر بـە تەواوەتـی بوونـی نییـە». هێرسـت ئـەم بانگەشـەیەی خـوارەوە دەکات «بەڵگەنەویسـتە کـە ئامانجـی سـەدام حسـێن تکریتـی، بۆمبـاران کردنـی گشـت ئـەو خەڵکەیـە لـەو شـوێنانەی هاتـوون. ئـەو لێبوردنـی دەرکردووە تـا ئـەوان بـێ هیـچ سـزادانێک بگەڕێنـەوە. ئـەوان دەترسـێن ئەگـەر بۆمبـاران کردنەکـە

سەری نەگرت، لە کاتی گەڕانەوەیدا، سەدام، گازی [کیمیاوی] لە دژیان بەکاربهێنێت». بێ هێنانەوەی هیچ بەڵگەیەک بەڕێز هێرست قسەکانی بارزانی تێهەڵکێش دەکات و حکومەت تاوانبار دەکات بە «شەڕی جینۆساید کە لەلایەن ئاژەڵە دڕندەکانی بەغداوە هەڵگیرساوە». لەوانەیە سەرچاوەی هەواڵی هێرست ڕادیۆی کوردی بێت کە دەڵێت لە نێوان ١٩ی نیسان و چواری ئایار ٢٨١ هێرشی ئاسمانی ئەنجام دراون کە بەهۆیەوە لە ناوچەی قەڵادزێ ٣٠٧ هاووڵاتی گیانیان لە دەستداوە. هێرست بێ هیچ گومانێک ژمارەی قوربانیان قبوڵ دەکات.

هێڵی گشتی هێرست، کە هێڵی فەرمی مەلا مستەفایە، بە شێوەیەکی فرەوان لەلایەن ڕۆژنامە نێودەوڵەتییەکانەوە، بێ هیچ پرسیارێک، هەر لە سەرەتای ١٩٦٠ەکانەوە، ڕەواجی پەیدا کردووە. بەم دواییانە، جۆزێف فیخت لە ڕۆژنامەی ئۆبزێرڤەر (Observer) لە ١٦ی ئادار، هەمان هێڵی لەبارەی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانی مەلا مستەفا دووپات کردووەتەوە و دەڵێت: «لە کاتێکدا لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە پشتگیری دەکرا، هەنوکە [مەلا مستەفا] بارزانی لەو بڕوایەدایە کە ڕووسیا بە تەواوەتی بەرەو بیرۆکەی بەعسیەکان بۆ پرسی ئۆتۆنۆمی بایداوەتەوە و لە دووبارە دەستپێکردنەوەی ناکۆکیەکاندا پشتگیریی لە حکومەت دەکات. بۆ دۆزینەوەی دژە-هاوسەنگی لە دژی یەکێتی سۆڤیەتدا، بارزانی و هاوڕێکانی هەوڵ دەدەن سەرنجی واشنتۆن بەدەست بهێنن، بەڵام کارێکی بێهودە بوو». بێجگە لەمەش فیخت دەڵێت، بەهۆی مەرجەکانی پەیماننامەی سێنتۆ، کە ڕێگری دەکات لە ئەنجامدانی پیلانگێڕی لە دژی وڵاتێکی هاوپەیمان، بەرپرسانی ئەمریکا ڕەتیانکردووە بارزانی ببینن. بۆیە بارزانی گوتی «خۆشحاڵە ڕێککەوتننامەیەک واژوو بکات لەهەمبەر یارمەتیدانی [کورد] لە عێراق، ئەو بانگەشەی کوردە جیاخوازەکان لە تورکیا و ئێران ڕەتبکاتەوە». ڕوونی ناکاتەوە بۆچی ئەم بانگەشەی جیابوونەوەیە تەنیا دەبێ بۆ عێراق سنووردار بێت. ئەگەرچی ئەمە بەباشی زانراوە کە پتر لە پێنج ملیۆن کورد بێ هیچ مافێکی کلتوری و سیاسی لە ئێراندا دەژین و نزیکەی چوار ملیۆن کوردیش لە تورکیا دەژین کە بە «تورکی شاخاوی» ناسراون.

دواجار جۆرج ئانا گێیر، لە ڕۆژنامەی شیکاگۆ دەیلی نیوز (١٨ی نیسان) هەمان بیرۆکەی سەرەوەی هەیە و ئەم ئەنجامگیرییەی خوارەوە دەکات «ئەو شتەی گۆڕاوە، سیستەمی سیاسی نییە-ترس و تۆقاندن، هێدی هێدی نامێنێت، ئەمەش بەهۆی ئەوەی بەعسییەکان لە دەسەڵاتدا هەست بە ئاسایش دەکەن، چونکە زۆریک لە دوژمنەکانیان لەناو بردراون››

## حوکمزاتی و جێبەجێکارەکانی

## Self-Rule and its Executors

### بارزانی: «یەکەم دوژمنی دیموکراسی»

کۆدەنگـی گشـتی لـە نێـوان ئـەو کوردانـەی چاوپێکەوتنیـان لەگـەڵ ئەنجامـدراوە بریتییـە لـەوەی کـە مەلامسـتەفا بارزانـی زۆر بـە تونـدی لـە دژی ئۆتۆنۆمـی و دیموکراسـی وەسـتاوەتەوە. ئـەو دیکتاتۆرێکـە لەلایـەن لـۆردە دەرەبەگەکانـەوە دەورە دراوە کـە مەبەسـتیان مانەوەیـە لـە دەسـەڵاتدا، لـە کۆمەڵگایەکـی تەقلیدیـی و خێڵەکیـدا. بـە گوێـرەی قسـەکانی عوبەیـدوڵا بارزانـی کـە لـە سـاڵی ١٩٧١، لـە دەسـت باوکـی هەڵاتـووە، مەلامسـتەفا تاکتیکـی پەرتکـە و زاڵبـە و تـرس و تۆقانـدن بـەکار دێنێـت تـا لـە پێگـە بـاڵا دەسـتیەکەیدا بمێنێتـەوە. عوبەیـدڵا گوتـی «کەمـتر لـە ٢٥٪ی کـورد پشـتیوانی لـە بابـم دەکـەن» و «زۆربەیـان سـیخوڕی لـە دژی یەکـتر دەکـەن، ئەو کەسـانەی دەیانەوێـت بژین، پشـتگیریی خۆیـان بـۆ ئـەو دەردەبـڕن، ئەگـەر کەسـێک کەمتریـن ناڕەزایـی دەرببڕێـت، مـەلا مسـتەفای لـێ ئـاگادار دەکرێتـەوە و کەسـەکە یـان دەکوژرێـت یانیـش دەستبەسـەر دەکرێـت». لـەو ١٠٠،٠٠٠ کەسـەی بـاس کـراوە کـە لـە ژێـر دەسـەڵاتی مـەلا مسـتەفادا دەژیـن، «٩٠٪یـان لـە ڕێگـەی زۆرلێکردنـەوە ماونەتـەوە نـەک بـە ڕێگـەی بەشـداریکردنی خۆبەخشـانە لـە کاروبـاری ئـەو ناوچانـەی مەلامسـتەفا دەسـتی بەسـەرداگرتووە». ئەگـەر هەسـت بـەوە کـرا سـەرۆک خێڵێـک مەترسـییە بـۆ سـەر مـەلا مسـتەفا، ئـەو بـە ڕەقـی مامەڵـەی لەگەڵـدا دەکات و لـە پلـەی نوخبـە دەیخـات. بێجگـە لەمـەش، لـە زۆر بۆنـەدا، پەیـڕەوی لـە سیسـتەمی بارمتەگرتـن دەکرێـت تـا ڕێگـری بکرێـت لـە ئەگـەری ڕکابەرێتـی مەلامسـتەفا بـکات. بـە پێـی قسـەکانی عوبەیـدوڵا بارزانـی، ئەمـە [بارمتەگرتنـە] بـەو جۆرەیـە کـە خزموکـەس و کار لەلایـەن پێشـمەرگەوە بـۆ ئێـران دەگوازرێنـەوە و وەک ئامرازێکـی گاڵتەکـردن بـە ئۆپۆزیسـیۆن [ی مـەلا مسـتەفا] لـەوێ ڕادەگیرێـن.

بـە بـڕوای عوبەیـدوڵا بارزانـی، پشـتکردن لـە باوکـی کارێکـی ئاسـان نەبـوو، بـەڵام «ئەو شـتەی ناچـاری کـردم ئـەم کارە بکـەم، خیانەتـی ئـەو بـوو، لـە دژی بەرژەوەندیـی کـورد.

گەلەکەمان زۆر لە بابم گرنگترن. ئەو یەکەم کەسە دژی دیموکراسی بێت و ناتوانێت ئۆتۆنۆمی قبوڵ بکات، چونکە ئەو دەبێتە کەسێک وەک کەسانیتر. ئێمە دەمانەوێت بگەڕێینەوە بۆ «ناوچە ئازادکراوەکان». ئەگەر ١٠٠٠ کوردی مەدەنی دەنگ بە بابم بدەن من و وەزیری کوردیتر دەست لە کار دەکێشینەوە. [ئەو کات] ئێمە دەڵێین ئەو نوێنەری ئێمەیە و ئێمە دەبینە شوێنکەوتەی».

هاشم ئاکرەیی، وەزیری دەوڵەت لەم بارەوە قسەی زیاتر دەکات: «با مەلامستەفا ڕێگاکان بکاتەوە و ڕێگە بدات کۆمیتەیەکی نێودەوڵەتی لە خەڵک بپرسێت کێ دەیەوێت بڕوات و کێ دەیەوێت بمێنێتەوە». ئاکرەیی دووپات دەکاتەوە ٢٠ بۆ ٣٠ خانەوادە و هاوڕێی خێڵەکی، وەک موریدی وەفاداری مەلامستەفا ڕەفتار دەکەن، لە گشت بەشەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیدا دەسەڵاتیان پیادە دەکەن و تەنیا لەهەمبەر مەلامستەفا بەرپرسیارن نەک لەهەمبەر پ.د.ک و دەزگا بەرپرسیارەکانی. لە ڕاستیدا، مەلا، پ.د.ک و بزووتنەوەی نەتەوەیی لە خۆیدا وێنا دەکات و جارناجار، حیزب بەکار دێنێت بۆ خزمەتکردن بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی خۆی». ئاکرەیی بەردەوام دەبێت و دەڵێت « ئەو شێوازە دیموکراسییەی بارزانی مومارەسەی دەکات، بریتیی نییە لە دیموکراسی لە ڕێگەی خەڵک و بۆ خەڵک، بەڵکو دیموکراسیەکە بۆ سەرۆک خێڵەکان». ئاکرەیی ڕۆژنامە بێگانەکان تاوانبار دەکات بە بڵاوکردنەوە و بەئایدیالیزەکردنی ئۆتۆکراسی خێڵایەتی کە گۆشت و خوێنی گەلی کورد دەخۆن و تەحەدای پەیامنێران دەکات کە بێن و بەچاوی خۆیان ببینن چۆن عێراقی نوێ بونیاتنراوە و چۆن نوێنەرایەتیکردنی موڵکداری، بووەتە هۆی هاتنەدی گۆڕانی کۆمەڵایەتی. لە ڕاستیدا، هاووڵاتییەکی نوێی کوردستانیی دروست کردووە کە خاوەن مافی تەواو و خاوەن ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی تەزمینکراوە.

عەبدولشەریف، سکرتێری گشتی پارتی شۆڕشگێڕی کورد، هەمان بۆچوونی هەبوو. دووپات دەکاتەوە کە زیاتر لە دوملیۆن کورد لە عێراقدا دەژین، زۆربەیان وەک هاووڵاتییەکی ئاشتیخواز دەژین و هاوکارن لە بونیاتنانی کوردستانێکی نوێ و خۆیان لە هەڵگیرسانی کاری تیرۆریستی دوورخستووە کە بە ناوی ئەوانەوە لەلایەن تاقمێکی

لـە ناوچـوو ئەنجـام دەدرێـت، کـە نـە تەنیـا نوێنەرایەتـی جوتیـاران و کرێـکاران ناکـەن، بەڵکـو نوێنـەری دەرەبەگەکانـی کۆمەڵـگای کوردیـن. جوتیـاران و کرێـکاران لـەو بـاوەڕەدان پێگـە ڕاستەکەی ئـەوان لـە برایەتـی نێـوان کـورد و عەرەبدایـە. عەبدولشـەریف، تەئکیـدی کـردەوە ئـەو و هاوڕێکانـی نوێنەرایەتـی هیـوا و خواسـتی جوتیـاران و کرێـکاران دەکـەن، نـەک مەلامسـتەفا و تاقمەکـەی.

شـێخ عوسـمان ئەحمـەد بارزانـی، کـوڕ و جێگـری ڕۆحـی سـەرکردەی مێـژووی بارزانیـەکان، شـێخ ئەحمـەد، بـۆ کۆمیتـەی دۆزینـەوەی ڕاسـتییەکان ڕوونـی کـردەوە چـۆن مـەلا دامودەزگاکانـی تیـرۆر و دەسـەڵاتە تاکگەراکـەی پاراسـتووە و چـۆن هیـچ یـەک لـە کەسـوکار و هاوڕێکانـی پێشـووی ئـەم چاوڕوانیەیـان لـە ئـەو نەبـووە. شـێخ عوسـمان بـە ڕاشـکاوی گوتـی، «ئێمـە، بـارزان، زێـدی خۆمـان لـەو پـەڕی ناخۆشـییەوە بەجێهێشـت. هەڵاتـن ئاسـان نەبـوو. دوو حەوتـەی خایانـد تـا لـە ناوچـە شـاخاوییەکاندا لـە بارزانـەوە گەیشـتینە مووسـڵ، ناوەنـاوە پێکدادانـی چەکـداری هەبـوو. بێجگـە لەمـەش، پێـش ئـەوەی بڕیـاری ڕاکـردن لـە دەسـت چاودێرەکانمـان بدەیـن و ژیانـی خۆمـان ڕزگار بکەیـن، مـن و هاوڕێکانـم بـۆ مـاوەی چەندیـن حەوتـە لـە ژێـر چاودێـری بەردەومـدا بوویـن». کۆمیتـەی دۆزینـەوەی ڕاسـتییەکان لەبـارەی هـۆکاری بەجێهێشـتنی [بـارزان] پرسـیاری لێکـرد. ئـەو وەڵامیدایـەوە: «ئەگەرچـی بـە بـڕوای مـن، بەرگریکـردن لـە بـارزان گرنگتریـن شـتە، مـن هەڵاتـم، چونکـە وا دیـار بـوو حکومەتـی نیشـتیمانی عێـراق ڕاسـتە لـە هەوڵەکانـی لـە جێبەجێکردنـی حوکمیزاتـی بـۆ گەلەکـەم. بەهـۆی ئـەم هەسـتە، داوام لـە هەندێـك لـە پەیڕەوەکانـم کـرد لـەوێ بمێننـەوە، لـە کاتێکـدا نزیکـەی ٥٠٠ پیـاوی خۆمـم هێنـا وەک پشـتگیریی کردنێـک بـۆ حکومەتـی نیشـتیمانی. ئێمـە هیواداریـن ئـەوان بخەینـە خزمـەت حکومـەت، تـا لـە دژی مەلامسـتەفا و پشـتیوانە ئێرانییەکـەی و پێشـمەرگە پشـتگیرەکانی بجەنگـن».

## ب: بارزانی تاوانباری نەهامەتییەکان

## (B: Barzani Guilty of bad faith)

ئەگەرچــی هــەردوو لایــەن هەڵەیــان کــردووە، ئــەوەش بەهــۆی میراتــی کۆنــی گومــان و متمانــە نەبــوون، بــەڵام لــە ڕوانگــەی وەزیــرە کوردەکــەوە، مەلامســتەفا تاوانبــاری گشــت نەهامەتییەکانــە، بــە تایبەتــی لــە دوای ڕاگەیاندنــی بەیاننامــەی ١١ی ئــاداری ١٩٧٠. بــۆ نموونــە، لەســەر پرســە گرنگەکانــی وەک چەکدارانانــی پێشــمەرگە، ســەروەری یاســا، خەســڵەتە دیموگرافییەکانــی کەرکــووک، مــەلا مســتەفا، پێشــێلی ئــەو ڕێککەوتنانــەی کــردووە کــە لــە دوای دانوســتاندنی چــڕ و پابەنــدی بــە ئەنجامەکانــی دانوســتاندنەکان، بەدەســت هاتــوون.

پێشــمەرگە، لــە ســاڵی ١٩٧٠ ئەوپــەڕی لــە ٢٠ هــەزار چەکــدار پێکدەهــات، بڕیــار بــوو بەشــێکیان ببنــە پاســەوانی ســنوور و لــە ژێــر دەســەڵاتی هێــزە چەکدارەکانــی عێراقــدا بــن و ئەوانــی دییــش بگەڕێنــەوە ســەر ژیانــی مەدەنــی خۆیــان. مــەلا مســتەفا، لەبــری پابەنــد بــوون بــە ڕێککەوتنەکــە و پچڕاندنــی پەیوەندییەکانــی لەگــەڵ ئێــران، پەیوەندییەکانــی لەگــەڵ ئێرانــدا توندوتــۆڵ کــرد و هێزەکانــی ڕەوانــە کــردووە تــا لــە کۆلێــژە ســەربازییەکانی ئێــران مەشــق و ڕاهێنــان ئەنجــام بــدەن، بــە تایبەتــی لــە ڕووی بەکارهێنانــی چەکــی قــورس. بێجگــە لەمــەش، پێشــمەرگە نــەک لەنــاو نەبــردرا، بەڵکــو گەورەتریــش کــرا و خســتییە ژێــر دەســەڵاتی ڕاســتەخۆی خــۆی. بــە گوێــرەی قســەکانی ئاکرەیــی، دیــار بــوو ئــەو شــتەی مەلامســتەفا هــزری لێدەکاتــەوە، بریتــی بــوو لــە هەناســەدانێک بۆئــەوەی دەســەڵاتێکی دووانەیــی دروســت بــکات و لــە هەرێمــی باکــووردا جــێ پێــی خــۆی قایــم بــکات.

بێجگــە لەمــەش، بارزانــی پشــتگیریی لــە ســەروەری یاســا نــاکات، لەبەرئــەوەی ئــەو و هاوڕێکانــی لــە یاســای چاکســازیی زەوی زەرەر دەکــەن و کاریگەریــی خــراپ لەســەر چینــی دەرەبــەگ دروســت دەکات کــە پشــتگیریی لــە بارزانــی دەکــەن، هەروەهــا لــە ناوچــەی [کوردســتان]دا لــە ڕێگــەی ترســاندنی جوتیــارەکان کــە داوکارییەکانیــان لەلایــەن

بارزانییـەوە پشـتگوێ خـراوە، ئـاژاوەی دروسـت کـردووە. بـە قسـەی گشـت ئـەو وەزیـرە کوردانـەی چاوپێکەوتنیـان لەگەڵـدا ئەنجامـدراوە، بارزانـی دەیەوێـت ناوچـەی باکـوور لـە دواکەوتوویـی و هەژاریـدا بهێنێتـەوە، کـە پێشـمەرجی سـەرەکین بـۆ بـەردەوام بوونـی بـاڵا دەسـتی ئـەو. لـە ئەنجامیـش، پلانەکانـی دەسـەڵاتی ناوەنـد ناتوانـن لـەم ناوچەیـەدا کارگـە پێشـنیازکراوەکان دروسـت بکـەن، یـان کەرتـی تەندروسـتی و کۆمەڵایەتـی نـۆژەن بکەنـەوە. لایەنگرانـی بارزانـی نـەک تەنیـا ژیانیـان لـەو هاووڵاتییانـە قـوڕس کـردووە کـە پابەنـدی یاسـان، بەڵکـو باجیشـیان بەسـەردا سـەپاندوون و مۆرکـی خیانەتیـان لێـدەدەن بـە بیانـووی هاوکاریکردنیـان لەگـەڵ دەسـەڵاتەکانی ناوەنـد دا.

لەبـارەی کەرکـووک، مەلامسـتەفا پێداگـری دەکات وەک شـارێکی کـوردی مامەڵـە لەگـەڵ کەرکـووک بکرێـت، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا کەرکـووک دانیشـتوانی کەمینـەی تێیدایـە کە هیـچ کام لـەم کەمینانـە ناتوانـن بانگەشـەی دەسـەڵاتی تـەواو بـۆ خۆیـان بکـەن. (تەبـرە، پارێـزگاری کەرکـووک گوتـی، کـورد ٤٠٪، لـە ٦٠٠ هـەزار دانیشـتوی تـەواوی پارێزگاکـە پێکدێنـن و کەمـتر لـە ٣٠٪ی ئـەو ٢٤٠،٠٠٠ کەسـە پێکدێنـن کـە لـە شـارەکەدا دەژیـن). حکومـەت و مەلامسـتەفا گەیشـتنە ڕێککەوتـن خەمڵاندنـی ژمـارەی دانیشـتوان بـە پێـی سـەرژمێری سـاڵی ١٩٥٧ کاری پێدەکرێـت، ئەویـش بەهـۆی ئـەو ئاراميیـە ڕێژەییـەی دواتـر بەدیهـات. لـە دواییـن چرکـەدا بارزانـی پشـتی لـەم ڕێککەوتنـە کـرد. لەوانەیـە درکـی بـەوە کردبێـت، تەنانـەت بـە پێـی سـەرژمێری ساڵی ١٩٥٧یـش کـورد لـە کەرکـووک کەمینـە بوونـە. حکومـەت پێشـنیازێکی بەدیلـی خسـتە بـەردەم بارزانـی، ئـەو ناوچانـەی پارێزگاکـە، کـە کـورد زۆرینـەن دەتوانـن ئۆتۆنۆمـی دەسـتەبەر بکـەن و ئـەو ناوچانـەی دانیشـتوانی لـە کەمینـەکان پێکدێـت لەلایـەن عەرەبەکانـەوە ئیـدارە دەکرێـت. بارزانـی ئەمەشـی ڕەتکـردەوە. دواجـار حکومـەت پێشـنیازی کـرد کەرکـووک لـە ژێـر دەسـەڵاتی هاوبەشـی کـورد و عەرەبـدا بێـت. بارزانـی ئـەم دواییـن پێشنیازەشـی ڕەت کـردەوە.

هاشـم ئاکرەیـی پرسـی «کەواتـە ئـەو چـی دەوێـت؟». «ئێمـە پێشـتر گومانمـان لـە مەلامسـتەفا هەبـوو، بـەڵام بیرمـان کـردەوە کاتێـک ڕووبـەڕووی ڕەش و سـپی دەبێتـەوە، دەگۆڕدرێـت. بـەڵام کاتێـک هـەر سـێ پێشـنیازەکەی پەیوەسـت بـە کەرکووکـی

ڕەتکــردەوە، ئێمــە گەیشــتینە ئــەو قەناعەتــە کــە ئــەو بــە هێــزە دەرەکییەکانــەوە گرێـدراوە. حکومـەت هەمـوو شـتێکی بـە ئـەودا، لەپێنـاو ئـەوەی بسـەلمێنێت کـە ئـەو پیـاوی خەڵکـی دیکەیـە. تەنانـەت ئەگـەر ئێمـە ئێـراق لـە دابـەشی دوو بکەیـن، ئـەو قبوڵـی نـاکات.» (یـان هــەروەک عوبەیـدوڵا بارزانـی ئامـاژەی پێـدا، «ئەگـەر بەغـدای پــێ بــدەن، ئــەو داوای بــەسراش دەکات»).

## پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی بارزانی

**(Brazani’s International Connections)**

یەکێک لە هۆکارە سەرکییەکانی پێکدادان لە نێوان بارزانی و دەسەڵاتی ناوەندی ئەوەبوو کە بارزانی ڕەتی کردەوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران و بە شێوەی ناڕاستەوخۆ لەگەڵ هێزەکانی سێنتۆ و سپۆنسۆرەکەیان، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بپچڕێنێت. هەروەها، کوردە پێشکەوتنخوازەکان لەو بڕوایەدان بارزانی وەک داردەستی ئێرانیەکان لە دژی عێراقدا هەڵسوکەوتی دەکرد، بە تایبەتی لە ماوەی سەرهەڵدانی قەیران لە نێوان عێراق و ئێراندا. لەو کاتەوە لە نێوان ئێران و عێراق لەسەر ڕووباری شەتولعەرەب ناکۆکی هەیەوە لەوکاتەی ئێران و ئەمریکا بانگەشەی باڵا دەستی لە کەنداوی عەرەب دەکەن و عێراق بە وڵاتێکی خراپکار و یاخی دەزانن کە پێویستە بڕوخێت، ئەمانە هەموویان زۆر لە بەرژەوەندی بارزانیدا بوو ڕژێمی بەعس لەناو بچێت. بێجگە لەمەش کاتی چالاکی و جووڵەی هێزەکانی بارزانی، هاوکات بووە لەگەڵ جوڵەکانی ئێران و ئەمریکا لەم ناوچانەدا. هەر کاتێک بەرکەوتە لە سەر سنوورەکانی نێوان عێراق-ئێراندا هەبووبێت، بارزانی چالاکییە سەربازییەکانی چڕتر کردووە. بە شێوەیەکی ڕوونتر، هەر کاتێک ئاشکرا بوو عێراق سەرکردایەتی بەرەی ڕەتکردنەوەی چارەسەری لە نێوان ئیسرائیل-عەرەبی کردووە کە بە سوودی ئەمریکا و ئیسرائیل بێت، بارزانی بە گشت هێزەکانی خۆیەوە شەڕی دەست پێکردووەتەوە.

وەزیرە کوردەکان هەست دەکەن ئەم بارودۆخە، وەفاداری مەلامستەفا بارزانی لەهەمبەر عێراق و خۆشگوزەرانی گەلی کورد، دەخاتە ژێر گومان. هەروەها لەوکاتەی بارزانی بەڵێنی داوە پرسی کورد لە ئێران و تورکیا نەوروژێنێت، ئەمەش لۆژیکییە کە ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە، وا بیر بکەنەوە ئەو لەگەڵ دوژمنەکانی عێراق، هاوتەریب لەگەڵ خواستی ئیمپریالیستەکان و زایۆنیزم و عەرەبە کۆنەپارێزەکان (ڕەجعی) کار دەکات.

بـۆ زۆرتـر ڕوون کردنـەوەی ئـەم خاڵـە، کریسـتێن پراگێـر لـە ڕۆژنامـەی تایم، لە شـوانی، قایمقامـی چەمچەمـاڵ پرسـی بەڵگەکانـی خـۆی بخاتـەڕوو لەبـارەی تۆمـەت خسـتنە پاڵـی بارزانـی کـە پەیوەنـدی لەگـەڵ ئیمپریالیسـەکاندا هەیـە. قایمەقـام وەڵامیدایـەوە: «بەڵگەکـە بریتییـە لـە پەیونـدی پێشـمەرگە لەگـەڵ ئێرانییـەکان، بـەڵام بەهـۆی نزیکـی مـن لـە ناوەنـدی دەسـەڵات و زانیاریـم لەسـەر ئـەو شـاندەی لەگـەڵ ئەمریکییـەکان و ئیسرائیلیەکانـدا دانوسـتاندنیان کـردووە، دڵنیـام مەلامسـتەفا زۆر لـە نزیکـەوە هـاوکاری ئێرانییـەکان، ئەمریکییـەکان و ئیسرائیلیـەکان دەکات. هەروەهـا بـە داخـەوە هەندێـك لـە باڵـی ڕاسـتڕەو ڕایانگەیانـدووە پشـتگیریی لـە بارزانـی دەکـەن››. (بـە بـڕوای لێژنەکـە مەبەسـتی لـە باڵـی ڕاسـتڕەو هەندێـك وڵاتـی عەرەبـی بـووە).

بـۆ پشتڕاسـت کردنـەوەی قسـەی شـوانی، عوبەیـدولا بارزانـی بانگەشـەی ئـەوە دەکات پێـش پچڕاندنـی پەیوەنـدی لەگـەڵ باوکـی لـە سـاڵی ١٩٧١دا، «بـە لانیکەمـەوە ١٠ ئیسرائیلـی و ٨ یـان ٩ ئێرانـی وەک شـارەزای چـەک بـۆ باوکـم کاریـان دەکـرد. تەنیـا دەتوانـم ئـەو بەڵگەتـان بدەمـێ کـە مـن کـوڕی بارزانیـم و لـەوێ بـووم››.

هــەر کاتێــک ئــەم ئاشــکراکردنە دەخرایــەڕوو، کۆمیتەکــە تێبینیــان کــردووە کــە لەنـاو زۆر دەسـتە و گروپـدا، مەلامسـتەفا بـە مـەلا سـورەکە نـاسراوە، ئەویـش بەهـۆی پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ کۆمۆنیسـتەکانەوە. گشـت ئەوانـەی چاوپێکەوتنیـان لەگەڵـدا کـراوە، زەردەخەنەیـان دەهاتـێ و دەیانگـوت ئەمـە لـە ١٩٦٠ەکان بـوو، بـەڵام لـەو کاتـەی حکومەتـی عێـراق یاسـای چاکسـازیی زەوی پەسـەند کـردووە و کۆمپانیـا نەوتییەکانـی بەنیشـتیمانی کـردووە، بەیاننامـەی ١١ی ئـاداری ڕاگەیانـدووە و بـەرەی نەتەوەیـی و پێشـکەوتنخواز و نیشـتمانی پێکهێنـاوە، یەکێتـی سـۆڤیەت و کەمپـی سۆشیالسـیتی بڕیاریانـداوە پێویسـتە برایەتـی کـورد و عـەرەب بـەردەوام بێـت و یارمەتـی حکومەتـی عێـراق بـدات لـە دژی ئیمپریالیسـت و هێرشـەکانیان لەسـەر عێـراق و کەنـداو بوەسـتێت. خـودی وەزیـرەکان [کـورد] سەرسـوڕمانی خۆیـان دەربـڕی کــە تــا هەنوکــەش کەســایەتییە پێشــکەوتنخواز و ئازادیخــوازەکان وا بیردەکەنــەوە مەلامســتەفا هێشــتا پاڵەوانــی پرســی کــوردە.

## د. بارزانی پارتی دیموکراتی کوردستان

پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، کـە پێشـینەی مێژووییەکـە دەگەڕێتـەوە بـۆ بیسـتەکانی [سـەدەی ڕابـردوو]، بـووە بـە قارەمانـی پرسـی کـورد.

کێشـەیەک کـە هەمیشـە نائۆمێـدی لێکەوتووەتـەوە، تەنیـا لـە مـاوەی کورتـی سـاڵی ١٩٤٦ نەبێـت، کاتێـک کۆمـاری مەهابـاد لـە ئێـران بـە هـاوکاری یەکێتـی سـۆڤیەت دامەزرا، بـەڵام شـا، کۆمـارە سـاواکەی ڕووخانـد و لەوکاتـەوە، ئـەو هـەر کوردێـک دەچەوسـێنێتەوە کـە خـۆی بـۆ [پرسـی] نەتەوەیـی تەرخـان کـرد بێـت.

بەهـۆی ڕۆڵـی مەلامسـتەفا لـە کۆمـار و بەهـۆی بەشـداریی چالاکانـەی لـە پرسـی کـوردا، ئـەو بـووە بـە «کەسـایەتی ئەفسـانەیی گەلـی کـورد»، بـەو هۆیـە و بەهـۆی هۆکارەکانـی دیکـەوە، کۆمیتـەی ناوەنـدی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، لـە سـاڵی ١٩٥٩دا، ئـەوی بـە سـەرۆکی [پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان] هەڵبـژارد، بـێ ڕاوێژکـردن بـە خـودی مـەلا مسـتەفا، کـە لـە یەکێتـی سـۆڤیەت دەژیـا. کاتێـک ژەنـەڕاڵ قاسـم، بەهـۆی شۆڕشـی ١٤ی تەمـووزی ١٩٥٨ لێبوردنـی بـۆ مەلامسـتەفا دەرکـرد و بانگێشـتی کـرد بگەڕێتـەوە نـاو بـەرەی نیشـتیمانی، مەلامسـتەفا ئـەم کارەی کـرد، بـەڵام لـە ماوەیەکـی کورتـدا ئـەو یاخیبوونـی لـە دژی ڕژێمـی قاسـم بەرپـا کـرد و بـە نهێنـی هاوپەیمانەکانـی گـۆڕی. بەهەرحـاڵ، کاتێـک بـۆ کۆمیتـەی ناوەنـدی دەرکـەوت کـە ئـەو بـۆ ئێرانییـەکان و ئەمریکییـەکان کار دەکات و هەوڵـی جێبەجێکردنـی پلانەکانـی سـەنتۆ لـە ناوچـەدا دەدات، کۆمیتـەی ناوەنـدی لـە ١٩٦٤دا، بەهـۆی لـە ڕێ دەرچـوون مەلامسـتەفای دەرکـرد و ئـەوی بـە هاوپەیمانێتـی گرێـدان لەگـەڵ کۆنەخـوازان مەحکـوم کـرد. لـەو کاتـەوە، مەلامسـتەفا پارتێکـی تایبـەت بـە خـۆی دامەزرانـد و هەردووبـاڵ پارێزگاریـان لـە نـاوی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان کـرد.

مەلامسـتەفا کـە دەگوترێـت مرۆڤێکـی نا-ئایدیۆلۆژیسـت، هەڵپەرسـت و کەسـێکی دژە حیزبـە، تاقمێـک لـە کەسـایەتی کۆکردووەتـەوە و پارتێکـی دامەزرانـدووە کـە نوێنەرایەتـی بەرژەوەندییەکانـی ئـەو و دەرەبەگـەکان و چینـە سـەرمایەدارەکان دەکات.

بــە گوێــرەی هاشــم ئاکرەیــی، مــەلا مســتەفا، زۆر بــە تونــدی پشــتی بــە پاراســتن بەســتووە -هێــزە ئەمنییــەکان- کــە چووەتــە نــاو هەمــوو ئاســتەکانی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان تــا ســیخوڕی لەســەر ئەندامەکانــی حیــزب بــکات و ڕێ لــە دابەشــبوون بگــرن. کاتێــک لێژنەکــە لــە ئاکرەییــان پرســی بۆچــی ئــەو و هاوڕێکانــی لــە دژی ئــەم تاکتیکــە نەوەســتانەوە، وڵامیدایــەوە و گوتــی، «هیــچ کــەس لــەم دامەزراوەیــە تێنــاگات، تەنیــا ئــەوکات نەبێــت کــە کەســێکی ئەندامــی دەزگاکــە بێــت. ئەندامەکانــی حیــزب بــە ڕۆژی ڕوونــاک ون بوونــە، هــەر ئێســتا ئــەوان بــە دوای فەخــری محەمــەد، ئەندامــی مەکتــەب سیاســی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان دەگەڕێــن، بــەڵام تــا هەنوکــە هیــچ کەســێک شــوێن پێــی ئــەوی نەدۆزیوەتــەوە››.

ژمارەیەکــی زۆر لــە پێشــکەوتنخوازەکان وازیــان لــە مەلامســتەفا نەهێنــاوە و بەڵگــە دێنــەوە کــە بۆئــەوەی ئامانجــە نەتەوەییەکانمــان، واتــە دانپێــدان بــە مافــە ڕەواکانــی کــورد دەســتەبەر بکەیــن، پێویســتە ئێمــە لەگــەڵ شــەیتانیش مامەڵــە بکەیــن››. بەهەرحــاڵ، کاتێــک حکومەتــی عێــراق بــە دەستپێشــخەری حیزبــی بەعــس، نــەک تەنیــا دانــی بــە مافــە کلتورییــەکان دانــا، بەڵکــو دانــی بــە ئۆتۆنۆمــی ناوچەیــی دانــا و گەرەنتــی ئــەم ئۆتۆنۆمییەی کــرد، پێشــکەوتنخوازەکان هانــی مــەلا مســتەفایاندا [ئۆتۆنۆمــی] قبــوڵ بــکات. ئاشــتەوایی نەتەوەیــی کــورد دەســتەبەرکرا، بــەڵام لــە مــاوەی دوو ســاڵدا، ژمارەیــەک لــە کەســایەتی ڕادیــکال و ئازادیخــواز بڕیاریانــدا نیەتــی مەلامســتەفا ئاشــتی نییــە، بەڵکــو شــەڕە. لــە ئەنجامــدا، ئــەوان لــە ســاڵی ١٩٧٢دا، پارتــی شۆڕشــگێڕی کوردیــان دامەزرانــد و بانگەشــەی گشــت کەســە پێشــکەوتنخوازەکانی کــرد کــە لــە پشــتی بوەســتن.

لــە پــاڵ پارتــی شۆڕشــگێڕی کــورد و پارتــی پێشــکەوتنخواز، پارتــی دیموکراتی کوردســتان، ســەریهەڵدا و ڕەتی کردەوە ســەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانی بارزانی بێت. بە واتایەکیتر، ســەرەڕای کەسایەتییە ئازادیخوازەکان، ســێ جوڵانەوەی سیاســی لە نێوان کورددا سەریهەڵدا و ئامانجــی گشــتیان بریتــی بــوو لــە دژایەتــی کــردن و ئاشــکراکردنی هێــزە پەراوێزخــواز و شۆڤێنیســتەکانی پارتــی دیموکراتــی کوردســتانی ســەر بــە مەلامســتەفا. لــە ڕاســتیدا، هەنوکە هەوڵــەکان خراونەتەگــەڕ بــۆ دامەزراندنی پارتێکی یەکگرتووی کوردی کە لە کۆمۆنیســتەکان

و پارتەکانـی سـەرەوە پێکدێـت، تـا پارتەکەی مەلامسـتەفا، واتـە پارتی دیموکراتی کوردسـتان لەنـاو ببـەن و جێگـەی بگرنـەوە. بێجگـە لەمـەش، ئەوانـەی چاوپێکەوتنیـان لەگـەڵ کـراوە، پێداگریان لەسـەر ئەوە کرد کە حیزبەکەیان لە هەموو شـوێنێکی کوردسـتاندا پەرەدەسـێنێ و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی سـەر بـە بارزانی لە پـەرت بووندایە.

## ڕوانگەکان و لێکەوتەکان

بەرجەستەترین خەسڵەتی ئەو کەسانەی چاوپێکەتنیان لەگەڵدا ئەنجامدراوە بریتی بوو لەوەی بڕوایان بەخۆیان بوو و قەناعەتیان بە دادپەروەربوونی پرسەکەیان بوو. زەردەخەنە و بێدەنگبوونیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی تەحدیەکان بە ڕوونی ئەوەی نیشان دەدا کە کێشەکە چارەسەر کراوە و ئەوان پابەندی جێبەجێکردنی ئۆتۆنۆمی هەرێمین.

خەسڵەتێکیتر بریتی بوو لە بڕوا بوونی تازە پێگەیشتوو و ئاشکرایان بە تەبایی و برایەتی نێوان کورد و عەرەب. ئەوان زۆر بە بڕوا بەخۆبوونەوە، دەریان دەبڕی کە زۆر گەشبینن لە بارەی داهاتوو و دڵنیابوون لەوەی سەردەمێکی نوێ بۆ کورد و عەرەب هاتووەتە پێش و لە داهاتوویەکی زۆر نزیکدا مەلامستەفا و تاقمەکەی لەناو دەچن.

لە سەردانی کۆمیتەی دۆزینەوەی ڕاستیەکان بۆ پارێزگاکانی کەرکووک و سلێمانی گەیشتنە ئەو ڕاستییەی کە پێشمەرگە لە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ هێزی پێشکەوتووی عێراقدا سیاسەتی سوتاندنی زەوی، پەیڕەو دەکات. کۆمیتەکە لەلایەن ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە چ کەسی فەرمی بن یان مەدەنی ئاگادار کرانەوە کە هیچ چوونەناوەیەکی درێژخایەنی سوپا بۆ ناو شارەکان و دەوروبەری شارەکاندا نەبووە، بەڵام پێشمەرگە سەرەڕای سوتاندنی بەروبوومی کشتوکاڵی، کەلوپەلی خەستەخانە و خواردن و کەرەستەکانی دیکەیان لەگەڵ خۆیان بردووە و ئاگریان لە موڵکە گشتیەکان بەرداوە تا لەکار بوەستن. خەستەخانەیەک لە چەمچەماڵ نیشانی کۆمیتەکە دراوە کە هیچ شتێکی تێدا نەماوە تەنیا هەندێک ژووری چۆڵی سوتاو نەبێت. کوردێکی دکتۆری بەرپرس لە خەستەخانەکە بە ‹کارستن پارگێر› لە ڕۆژنامەی تایم ڕاگەیاند، دکتۆر و پەرستارەکان ناچارکراون بە ئامرازە پزشکییەکانیانەوە لەگەڵ پێشمەرگە بڕۆن. هەروەها دکتۆرەکان بە کۆمیتەکەیان ڕاگەیاند هەوڵەکان بەردەوامن کە لە نزیکترین کاتدا خەستەخانە و قوتابخانەکانی چەمچەماڵ سەرلەنوێ بونیات بنرێنەوە، شارێک بە ٦٠٠٠ دانیشتووەوە کە لەناکاو ڕێژەکە بۆ ١١ هەزار دانیشتوو بەرزبووەتەوە. چاوەڕوان دەکرێت ژمارەیەکی زۆرتر بێن و هەزاران کورد

دەیانەوێت بگەڕێنەوە سەر کێڵگە و زێدی خۆیان. پێشمەرگە، کە نزیک ١٦٠٠٠-٢٨٠٠٠ چەکدارن، گوشاریان خستۆتە سەر ژمارەیەکی زۆری پیاوی گەنج تا بچنە ناو ڕیزەکانی پێشمەرگەوە. لە هەندێك بارودۆخدا، گوشاری کۆمەڵایەتی و وێران کردنی دەروونی بەسە بۆ هاندانی گەنجەکان تا بچنە ناو پێشمەرگە.

حاڵەتی زانکۆی سلێمانی ئاماژەیەکە بۆ پیادەکردنی گوشاری کۆمەڵایەتی. لە ٥٠٠ قوتابی کورد، ٣٠٠یان چوونەتە شاخەکانی نزیک قەڵادزێ، واتە ئەو شوێنەی بەڵێنی دروستکردنی زانکۆیەکی تێدا درابوو. قوتابییەک کە لەوێ گەڕاوەتەوە بە کۆمیتەی دۆزینەوەی ئاشتی ڕاگەیاندووە، چوونی ئەو بۆ شاخ بەهۆی باوەڕی بە بزووتنەوەی نیشتیمانی بووە و نایەوێت بەوە تاوانبار بکرێت کە لەهەمبەر گەلی کورد خائین بووە. بەڵام کاتێک بۆی دەرکەوتووە کە نە زانکۆ و نە هیچ ئاسۆیەک لەوێ بوونی نییە و پرسی کورد بەو جۆرەی لە ڕابردوودا لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بانگەشەی بۆ دەکرا، بۆ بارزانی شتێکی نامۆیە، ئەو و زۆر کەسیتر گەڕاونەتەوە سلێمانی. هەروەها، قوتابیەکە بە کۆمیتەکەی گوتووە لەو ٣٠٠ قوتابییەی هاندراون تا بچنە قەڵادزێ، تەنیا ٥٠ یان ٦٠ کەسیان ماونەتەوە «چونکە ئەوانیش خێزانەکانیان لەوێن و ناتوانن بگەڕێنەوە». لە ئەنجامدا، بە گوێرەی خەملاندنی پارێزگاری سلێمانی و کەسانیتر ژمارەی پێشمەرگە بەهۆی شکستی دانوستاندنەکانی ئادار زۆر دابەزیوە و لە ١٠،٠٠٠ کەس دەرباز ناکات.

پارێزگاری سلێمانی زۆر جیدی بوو لەوەی بە کۆمیتەکەی گوت نەتەنیا کۆمیتەکە دەتوانێت بە ئازادانە بچێتە دەوروبەری شار و شوێنەکانی دیکە، بەڵکو ئامادەیە لەگەڵ کۆمیتەکە بچێتە لوتکەی چیای ئەزمەر، واتە ئەو شوێنەی سەربازەکانی کورد و عەرەب نە تەنیا ڕۆحێکی بەرزیان هەیە، بەڵکو دڵنیان کە سەرکەوتن و ئاشتی لە عێراقدا لە داهاتوویەکی نزیک بەدیدێت.

کاتێک کۆمیتەکە پرسیاری لە ئەفسەرەکان کرد لەبارەی جیاکاری نەکردن لە بۆمبارانکردن و کوشتنی هاووڵاتییە کوردە هاوڕێکانیان، ئەوان لەژێر فەرمانێکی توندا بوون نەچنە ناو شەڕەکە و گشتیان لە دەرەوەی شەڕ بن، چونکە حکومەت بە

نیـازە یاخیبـووەکان هـان بـدات چـەک فـڕێ بـدەن و سـەرکردایەتی ژیانێکـی ئاشـتیانە لـە عێراقـی یەکگرتـوودا بکـەن. ئەفسـەرەکان دانیـان بەوەدانـا لـە جەنگـدا زۆر کەسـی بـێ تـاوان دەکوژرێـن، ئەمـەش سـەختە بـۆ ئـەوان کـە هاووڵاتـی کـوردی خۆیـان بکـوژن، بەڵام لەبەرئـەوەی یەکگرتوویـی کۆمـاری عێـراق گرنگـترە و بەهـۆی دەسـتێوەردانی دەرەکـی لـە ناوچەکـەدا، ئـەوان ئامـادەن لـە پێنـاو ئـاڵای وڵاتـدا بجەنگـن. ئـەوان دەخـوازن ئاشـتی هەبێـت و چاوەڕوانـی برایەتـی نێـوان کـورد و عـەرەب دەکـەن.

هەسـتی گشـتی کۆمیتەکـە ئەوەبـوو کـە هـەم کـورد و هـەم عـەرەب لـە شـەڕ ماندووبوونــە و داوای ئاشــتی دەکــەن. بەشــێک لــە ماندووبوونەکــە لــەو گفتوگۆیانــە دەردەکەوێـت چـۆن حکومـەت کـەم تـا زۆر هێزەکانـی بارزانـی بـەرەو سنوورەکانی ئێـران پـاڵ پێوەنـاوە، واتـە ئـەو شـوێنەی تەنافـی ژیانەکـەی لێـوە دێـت. بـە تایبەتـی لـە ناوچـەی قـەڵادزێ کاتێـک هێـزی ئاسـمانی عێـراق ئـەو ناوچەیـەی بۆمبـاران کـرد کـە دەگوترێـت ناوچەیەکـی بەهێـزی ڕاهێنانـی سـیخوڕی و شـوێنی هەبوونـی هێـزی دەرەکـی بـووە.

پارێــزگاری ســلێمانی بــە غەمگینیــەوە ڕایگەیانــد، نزیکــەی ٢٠ هاووڵاتــی برینــدار بوونـە و ٧ یـان ٨ کەسـیش کـوژراون. هـاوکات پارێـزگاری کەرکـووک تەحـەدای ڕۆژنامـە نێودەوڵەتیـەکان دەکات کـە بێـن و بانگەشـە زیادەبێژیـەکان و بەربەریـەت بوونـی هێـزە چەکدارەکانـی عێـراق بسـەلمێنن. ئـەو کۆمیتەکـەی دڵنیـا کـردەوە حکومەتـی عێراقـی زۆرتر لـەو ڕۆژنامەنووسـانەی بـە دوای سـوودی خۆیـان دەگەڕێـن، لـە خەمـی خۆشـگوزەرانی هاووڵاتیانـی خۆیدایـە. هەروەهـا، داوای وێنەیەکـی لـە کارسـتن پراگێـر کـرد و دواتـر بـە پراگێـری گـوت تـا بـە چـاوی خـۆی ببێنێـت کەچـی لـە عێراقـدا ڕوو دەدات و هۆشـیاری دایـە پراگێـری کـە «ئەگـەر تـۆ شکسـتت هێنـا لـە گواسـتنەوەی بابەتیانـەی ڕاسـتییەکان، مـن دادەنیشـم و لەعنـەت لـە وێنەکـەت دەکـەم».

Charlotte Dennett

Dr George Hajjar

وەزارەتی ناوخۆ (ل ٣١٩)

WHITEHALL SW1A 2AP

٢ی تەمووزی ١٩٧٤

پێتان ڕادەگەیێنم سێر ئارسور درێو (Sir Arthur Drew) لەبارەی ئەگەری وەرگرتنی هەندێك قوتابی کورد بۆ ئەم وڵاتە [واتە بەریتانیا] لەبری بەڕێز جێرالد هاوسێر (Mr. Gerald Hauser) داوای لە من کرد. کاتێک ئەم داواکارییەی ئاڕاستە کردم، من تێگەیشتم ئەم کوردانە، ئەگەرچی نیشتەجێی عێراقن، بەڵام هەڵگری پاسپۆرتی ئێرانین (یان هەر ناسنامەیەکیتر)، چونکە حکومەتی عێراق پاسپۆرتیان ناداتێ.

بۆ تۆمارکردن، من ئێوارەی هەینی ڕابردوو لەگەڵ بەڕێز درێو قسەم کرد. لەبارەی وەرگرتنی قوتابیەکان من یاساکانی پەنابەریم بۆ ئەو خوێندەوە و ئەوەم ڕوونکردەوە هەندێك یاسایتر هەن دەتوانێت کاریگەرتر بن لەسەر وەرگرتنی کەسێکی تایبەت. گوتم بە شێوەیەکی ئاسایی لەم جۆرە کەیسانەدا، ئێمە ئامۆژگاری دەکەین کە قوتابیەکان ئامۆژگاری بکرێن داواکارییەکانیان بۆ بەدەستهێنانی مۆڵەتی هاتنە ناوەوەی بەریتانیا، پێشکەش بە شاندی بەریتانیا لە وڵاتی خۆیان بکەن. لە ڕاستیدا لە ڕووی پراکتیکییەوە، ئەم ڕێگایە زۆر کاریگەرترە، لەبری ڕاگرتنی کەسێک لەبەردەم ئەفسەری وەرگرتنی پەنابەر. لە ڕوانگەی ئاڵۆزییە سیاسییەکانەوە، کە لەوانەیە کاریگەری بخاتە سەر داواکاری (application) کورد، عاقڵانەترە داواکارییەکان لە ڕێگەی نووسینگە خۆجێیەکانەوە [واتە نووسینگەی بەریتانیا لە وڵاتانی دیکەدا] مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. ئامۆژگاری من ئەوەیە کە دەتوانن داواکارییەکانیان بخەنە بەردەم باڵیۆزی بەریتانیا لەو وڵاتەی تێیدا دەژین و گوتی، لەوانەیە کورد داوکارییەکانیان لە تاران پێشکەش بکەن. گوتم ناتوانین ڕێگری لەوان بکەین داواکارییەکانیان پێشکەش بە چ باڵیۆزخانەیەک دەکەن، بەڵام ناتوانم دەستێوەردان لە ئەگەری سەرهەڵدانی هەر ناکۆکیەکی پەیوەست بە هاووڵاتیبوونیان [واتە هاووڵاتی چ وڵاتێکن] بکەم، بە ئامۆژگاری کردنیان کە لە تاران داواکارییەکانیان پێشکەش بکەن، تەنیا ئەوکاتە نەبێت

کـە دانیشـتوی ئێـران بـن. بـە بەڕێـز درێـم گـوت داواکاریـان پێشکەشـی [باڵیۆزخانـەی] ئـەو وڵاتـە بکـەن کـە تێیـدا دەژیـن. ئـەو گوتـی مـن تێدەگـەم و ئەگـەر کـوردی عێـراق هاتنـە ئێـران، ئـەم هاتنـە بـەو هۆیـە نەبێـت کـە ئێمـە ئەوانمـان ئامـۆژگاری کـردووە. هەروەهـا بەڕێـز درێ ئێمـە لـەم کارە هەڵناقورتێنێـت.

N. F. CAIRNCROSS

C. P. Scott Esq.، CMG، OBE،

Room 116،

Foreign and Commonwealth Office، Curtis Green Building، SW1.

نهێنی (ل ٣٢٠)

Mr Williams

Mr Burton

سەردانکەرە کوردەکان

١. بەڕێز ڤان کێسمیچ (Mr van Kessemich)، سکرتێری یەکەمی باڵیۆزخانەی هۆڵەندا، ئەم ئێوارەیە تەلەفۆنی بۆ کردم تا پێم رابگەیەنێ ڕاپۆرتێکی هۆگی (the Hague) پێ گەیشتووە کە دوو وەزیری کورد داوایان کردووە سەردانی وەزارەت دەرەوەی هۆڵەند بکەن. بە گوێرەی قسەی دوو وەزیرەکە، ئەوان لەلایەن وەزارەتەکانی دەرەوەی لەندەن و پاریس پێشوازیان لێکراوە. بەڕێز ڤان کێسمیچ، پرسیاری لێ کردم ئایا هیچ زانیاریم لەسەر ئەم بابەتە هەیە. لە وەڵامی پرسیارەکەمدا، گوتی ناوی یەکێک لەم دوو کەسە عەبدولرەحمانە.

٢. تەنیا بۆ زانیاری بەڕێز ڤان کێسمیچ، پێم گوت لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا، ئێمە داواکاریەکی ناڕاستەوخۆمان بە دەست گەیشتووە کە پێشوازی لە دوو کەسایەتی پلە بەرزی کورد بکەین، بەڵام بە شێوەیەکی فەرمی لە نووسینگەی وەزارەتی دەرەوە پێشوازیمان لەو کەسانە نەکردووە.

٣. لەبارەی ئەم پرسە [داواکاری بۆ سەردانکردن]، ئەگەر داواکاری زۆرتر کرا، دەتوانین پاریس، هۆگ و بەغدا لەم پرسە ئاگادار بکەینەوە.

P R H Wright

بەشی ڕۆژهەڵاتی ناڤین

٥ی تەمووزی ١٩٧٤

هاوپێچ کۆپیەک بۆ: PUSD

نهێنی (ل ٣٢١)

نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس،

لەندەن، SW1A 2AL

R Giddens Esq

باڵیۆزی بەریتانیا بەغدا

٨ی تەمووزی ١٩٧٤

سەردانکەرە کورد

١. ئاگادارتـان دەکەینـەوە کـە ڤـان کێسـمیچ (Mr van Kessemich)، سـکرتێری یەکەمـی باڵیۆزخانـەی هۆڵەنـدا، لـەم دواییانـەدا تەلەفۆنـی بۆ پاتریـک رایـت (Patrick Wright) ی کـردووە بۆئـەوەی کـە بڵێـت ئـەو ڕاپۆرتێکـی لـە هـۆگ بـە دەستگەیشـتووە کـە دوو وەزیـری کـورد داوا دەکـەن کـە سـەردانی وەزارەتـی دەرەوەی هۆڵەنـدا بکـەن. بـە پێـی قسـەکانی دوو وەزیرەکـە، ئـەوان لەلایـەن وەزارەتەکانـی دەرەوەی لەنـدەن و پاریـس پێشـوازیان لێکـراوە. ڤـان کێسـمیچ، ئامـاژەی بـەوە کـردووە کـە نـاوی یەکێـک لـەم دوو کەسـە عەبدولڕەحمانـە.

٢. پاتریـک رایـت بـۆ زانیـاری خـودی بەڕێـز ڤـان کێسـمیچ، بـە ئـەوی گوتـووە کـە لـە مـاوەی دوو مانگــی ڕابــردوودا، ئێمــە داواکارییەکــی ناڕاســتەوخۆمان بــە دەســت گەیشـتووە کـە پێشـوازی لـە دوو کەسـایەتی پلـە بـەرزی کـورد بکەیـن. ئێمـە ئـەم داواکاریەمــان ڕەتکردووەتــەوە.

G S Burton

بەشی ڕۆژهەڵاتی ناڤین

هاوپێچ: نووسینگەی پاراستنی زانیارییەکانی پاریس،

نووسینگەی پاراستنی زانیارییەکانی هۆگ

کۆپیەکی بێ دەنگ (silent copy) بۆ: PUSD

نهێنی (٣٢٣)

بەپەلە

CYPHER/CAT A

GRPS 270

FM F. C. O 111755Z

DESKBY 120900Z

٥ی تەمووزی ١٩٧٤

بۆ: تەلەگرامی بەپەلەی کوێت ژمارە ٢١٤ لە ١١ی تەمووزی ١٩٧٤

نامەی هینچکلیف/کینچن (Hichcliffe/Kinchen) لە ٨ی تەمووزی و تەلەگرامی ئێوە بە ژمارە ٤٢٣: عێراق

١. هەرچەندە جاروبار بۆ شکاندنی گەمارۆی سەر بارەگا سەربازییەکانی حکومەتی عێراق و هێشتنەوەی ڕێگای نێوان شارەکان بەکراوەیی، شەڕێکی قورس لە کوردستان ڕوو دەدات، بەڵام بە بڕوای ئێمە تا هەنوکە عێراق هیچ هێرشێکی گەورەی ئەنجام نەداوە. حکومەتی عێراق ئەزموونێکی تاڵی لە شەڕکردن لە دژی کورد لە ناوچە سەختەکاندا هەیە. ئەستەمە بتوانین بڵێین یەکێک لە دوولایەنەکەی شەڕەکە براوەیە. ئاسۆی چارەسەکردنێکی نزیک نابینرێت. کورد دڕکی ناو چاوی بەعسییەکانن، دیارە لە ناوخۆیاندا بۆ گرتنەبەری باشترین سیاسەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەی کورد یەکگرتوو نین.

٢. هیچ زانیارییەکمان لەبارەی دانوستاندنەکەی سەدام حوسێن لە تەرابلۆس نییە. بەڵام لە لێداونێکی ڕۆژنامەوانیدا لە ئەلجەزایر، کەنداوی [فارسی] بە «بەشێکی گرنگی خاکی عەرەب وەسف کرد کە بووە بە ئامانجی پلانێکی دەرەکی، ئەویش پلانی ئیمپریالیستەکانە لە هەرێمەکەدا». ئەمەش بۆ کوێت ئاماژەیەکی گرنگە و ئاماژەیەکە بۆ دۆژمنایەتیکردنی ئێران، هەروەها ئێران ڕەگەزێکی سەرەکی

لـە سیاسـەتی عێـراق لـە کەنـداو پێکدێنێـت. ئەگەرچـی تـا ئێسـتا بەعـس لـە ڕووی ئایدیۆلۆژییـەوە دژایەتـی شـێخلی (Shaikhly) و ڕژێمـە تەقلیدییەکانـی دیکـە دەکات و بەردەوامـە لـە پشـتگیریکردنی کاری تێکدەرانـە لـە کەنـداودا، بـەڵام لـە ئێسـتادا سـەرقاڵی سـەرەکی ئـەوان بریتیـە لـە: ١، کێشـە ناوخۆییەکانیـان. ٢، خواسـتیان بـۆ شـکاندنی دورەپەرێـزی سیاسـی لەگـەڵ جیهانـی عـەرەب. (ئێمـە دەزانیـن گەشـتەکەی سـەدام حوسـێن بـۆ باکـووری ئەفریقیـا، کـە لەسـەر داواکاری خـودی خـۆی بـووە، بەشـێکە لـەم سیاسـەتە).

٣. ئێمـە بـە باشـی دەزانیـن ئـەو هەنگاوانـە بگرنەبـەر کـە لـە تەلەگرامەکەتـان بـە ژمـارە ٤٢٣ ئاماژەتـان پێـداوە.

CALLAGHAN

نهێنی (ل ٣٢٤)

بەڕێز ڕیگنێی (Mr Rigney)

لــە داوایەکــی دیکــەدا، عێراقییــەکان لــە هەوڵەکانیانــدا بــۆ ڕازیکردنمــان لــە قەدەغەکردنــی هاتنــی قوتابیــانی کــورد [بــۆ بەریتانیــا] ســەرکەتوو نەبــوون، کــە ئێمــە دەتوانیــن ڤیــزا بــەم قوتابیانــە نەدەیــن، بەهەمــان ئــەو شــێوەیەی ڕەتمانکــردەوە ڤیــزا بــە ئەفســەرانی هەواڵگریــی عێــراق بدەیــن.

هیــچ هۆکارێــک بــۆ ڕەتکردنــەوەی ڤیــزای ئــەم قوتابیانــە لەئــارادا نییــە. تەنانــەت هــەر کاتێــک داوای ئاســانکاری بــۆ هاتنــی خەڵــک بــۆ نــاو خاکــی [بەریتانیــا] بکەیــن، دەکــرێ ئــەم قوتابیانــە بــە نموونــە بهێنینــەوە. لــە مــاوەی یــەک یــان دوو حەوتــەی ڕابــردوودا حکومەتــی عێــراق پاســەپۆرتی نوێــی بــۆ باڵیۆزخانەکــەی لــە تــاران و قوتابیانــی عێراقــی لــە ئێــران دەرکــردووە. لەبــری بەشــەکانی دیکــە ئێمــە ئامــاژە بــەم خاڵــە دەکەیــن، هەروەهــا بەردەوامیــن لــە پێدانــی ڤیــزا بــە پێــی ڕێســاکانی کۆچکــردن.

مــن نازانــم، ئایــا نامەکــەی بەڕێــز کێیرنکــرۆس (Mr Cairncross)، پێویســت دەکات وەڵامبدرێتــەوە یــان نــا.

J. H. Mallett

بەشی ڤیزا و کۆچ

١٩ی تەمووزی ١٩٧٤

لەلایەن: پەرلەمانتار ڕۆزێل جۆنستۆن (Russell Johnston) (٣٢٥-٣٣٠)

ئەنجوومەنی گەل

لەندەن SWIA OAA

٢٢ی تەممووزی ١٩٧٤

کۆپییەک لە یاداشتی پەیوەست بە بارودۆخی کوردستانی عێراقتان بۆ دەنێرم کە لەلایەن نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بە دەست من گەیشتووە.

دەمەوێت لەبارەی ئەم بارودۆخە بزانم، ئایا حکومەتی بەریتانیا داوای ڕوونکردنەوەی لە حکومەتی عێراق کردووە.

The Rt. Hon. James Callaghan، MP

Secretary of the State for Foreign and Commonwealth Affairs.

جارێکیتر حکومەتی عێراق شەڕی لە دژی کوردستان بەرپا کرد

ا پێشینەیەک لەسەر کێشەی کورد

١. بەپێی پەیماننامەی سیڤەر لە ساڵی ١٩٢٠، گەلی کورد بە یەکسانی لەگەڵ گەلانی دیکەی ئیمپراتوری عوسمانی، مافی چارەی خۆنووسینی پێدرا، بەڵام بەرژەوەندی نێودەوڵەتی ڕێگەی نەدا پەیماننامەکە جێبەجێ بکرێت. لە ساڵی ١٩٢٥دا، ویلایەتی مووسڵ (کوردستان) لە ژێر ئینتدابی بەریتانی بە عێراقەوە لکێنرا. بەریتانیا لە کۆمەڵەی گەلان بەڵێنیدا مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد دەستەبەر بکات- ئەمەش وەک مەرجێک بۆ لکاندنی کوردستان بە عێراق دانرا، بەڵام لەوکاتەوە، گەلی کورد بە هەموو ئامرازە مومکینەکان بە درێژایی شۆڕشی ئێستا، خەباتی کردووە تا مافە نەتەوەییەکانی، واتە هیوای ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی حکومەتێکی دیموکراسیدا دەستەبەر بکات.

٢. شۆڕشی ئێستای کورد لە ١١ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١دا دەستی پێکرد. واتە ئەوکاتەی [ڕژێمی] دیکتاتۆری سەربازی [لە عێراق] شەڕی لە دژی بزووتنەوەی نیشتیمانی

کورد بە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرکردەکەی ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی بەرپا کرد. لەو کاتەوە ٥ ڕژێم و ٩ حکومەت لەناو چوونە- هیچ کامیان لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە نەهاتوون- بە پێچەوانەوە، ئەوان دیکتاتۆریەتی تاکەکەسی، سەربازی و تاقمێک بوون و هەوڵیاندا پرسی کورد لە ڕێگەی [بەکارهێنانی] هێزی ڕەهاوە چارەسەر بکەن. ئاشکرایە تا ئەوکاتەی ئەم کێشەیە بە شێوازی ئاشتییانە و دیموکراسییانە چارەسەر نەکرێت، سەقامگیریی لە عێراقدا بەدی ناهێت.

٣. لە ساڵی ١٩٧٠دا، ڕژێمی بەعس کە لاواز ببوو و لە دوای چەندین شەڕی سەخت لە دژی کوردە شۆڕشگێڕەکان شکستی خوارد. ئەوکات درکیان بەوە کرد، چیتر ناتوانن لەسەر دەسەڵات بمێننەوە، ئەگەر بەردەوامی بە شەڕ بدەن. بۆیە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، دەستیان بە دانوستاندن کرد. بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی خەڵک، پارتی دیموکراتی کوردستان چووە ناو دانوستاندنەکان، ئەگەرچی لەوکاتەدا گومانیشی لە نیەت باشی بەعسیەکانی هەبوو. لە ئەنجامدا ڕێککەوتنامەی بەناوبانگی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ واژوو کرا، بە پێی ئەم ڕێککەوتنامەیە حکومەت دانی بە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان دانا و بەڵێنیدا لە ماوەی ئەوپەڕی چوار ساڵدا، ڕێککەوتنامەکە جێبەجێ بکات و ئەنجوومەنێکی نیشتیمانی لە بەغدا دابمەزرێنیت و گەلی عێراق-کورد و عەرەب- بە یەکسانی نوێنەریان تێیدا هەبێت. هەروەها، ڕێککەوتنامەکە ئەوەشی لەخۆگرتبوو کە بە پێی ڕێژەی دانیشتوان، گەلی کورد نوێنەریان لە حکومەتی ناوەندیدا دەبێت.

٤. دوای ئەوەی چەند مانگێکی کەم لە ڕێککەوتنامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ [تێپەڕبوو]، حکومەتی عێراق لە دژی بزووتنەوەی کورد دەستی بە پیلانگێڕی کرد: سیاسەتێکی ڕێکخراوی بەعەرەبیکردنی ناوچەکانی دەوڵەمەند بە نەوتی کوردستان دەستی پێکرد، بە تایبەتی لە کەرکووک و خانەقین و شەنگار. هەوڵیاندا بزووتنەوەی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان دابەش بکەن و بە دەستکراوەیی پارەی بەسەر بەکرێگیراوەکان و هەرکەسێکدا دابەشکرد کە ویستی خۆی بۆ دژایەتیکردنی بزووتنەوەی کورد دەربڕی. ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەندکراوەکان تا ئاستی مردن لە

«قـەسری نیهائـی»دا (Palace of End) ئەشـکەنجە دران. هەوڵی زۆر درا سـەرکردەکانی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان تیـرۆر بکرێـن، دوو کـردەوەی تیرۆریسـتی لـە دژی خودی مەلامسـتەفا ئەنجـام دران. هـەر زوو ئاشـکرا بـوو کـە ڕژێمـی بەعـس هـەوڵ دەدات ئـەوەی بـە ئامـرازی سـەربازییەوە لـە بەدیهێنانیـدا شکسـتی خـواردووە، لـە ڕێگـەی پیلانگێڕییـەوە دەسـتەبەری بـکات، بـۆ نموونە، لەناوبردنـی بزووتنەوەی کورد. سروشـتییە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و سـەرکردەکەی مەلامسـتەفا بارزانـی لـە دژی ئـەم ئامرازە پیلانگێڕییانـە وەسـتانەوە و ڕژێمـی بەغـداش شـتێکی ئەوتـۆی دەسـتەبەر نەکـرد.

٥. ئەگەرچـی [بەعسـییەکان] لـە پیلانگێڕییەکانیانـدا شکسـتیان هێنـا، بـەڵام هیشـتاش بـەراورد لەگـەڵ ڕابـردوو هەسـت بـە بەهێـزی دەکـەن؛ ئەویـش بەهـۆی لـە ناوبردنـی گـروپ و پارتـە ئۆپۆزیسـیۆنەکانی عـەرەب و بەدەسـتهێنانی داهاتـی لەڕادەبـەدەری نـەوت و ڕێژەیەکـی زۆری چەکـی مۆدێرنـی خـاوەن کۆالێتـی بـەرز. [بۆیـە] بڕیاریانـدا شـەڕ لـە دژی بزووتنـەوەی کـورد دەسـت پێبکەنـەوە، بـەڵام ئەمجـارە لـە ژێر دروشـمی جێبەجێکردنـی یاسـای ئۆتۆنۆمـی لـە کوردسـتاندا.

٦. ئـەم یاسـایەی ئۆتۆنۆمـی کـە ئـەوان دایانڕشـتووە، ئۆتۆنۆمـی نییـە، بەڵکـو جۆرێکـە لـە نا-ناوەندنگەرایـی کردنـی کارگێڕیـی. بێجگـە لەمـەش، داوا لـە خەڵکـی ئێمـە دەکـەن دەسـت لـە یـەک لەسـەر سێی زەویەکانیـان هەڵگـرن- بەتایبەتـی لـە ناوچـە نەوتییـە دەوڵەمەندەکانـی کەرکـووک و خانەقیـن و زەمـان [لەوانەشـە مەبەسـت زومـمار بێـت. وەرگێـڕ]، کـە ڕژێمـی بەعـس پێداگـری دەکات ئـەم ناوچانـە نابـێ بخرێنـە چوارچێـوەی ناوچـەی ئۆتۆنۆمـی.

٧. بـە پێچەوانـەی ڕێککەوتننامـەی ١١ی ئـاداری ١٩٧٠، ئـەم یاسـا بەدنـاوە، ئامـاژە بـە بەشـداریی کردنـی گەلـی کـورد لـە حکومەتـی ناوەندیـدا نـادات. هەڵبـەت، پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان ئـەم یاسـایە ڕەتدەکاتـەوە و زۆرێـک لـە وەزیـرەکانی کـورد، پارێـزگارەکان و سـەدان کـەس لـە فەرمانبـەران وەک پرۆتێسـتێک [بـۆ ئـەم یاسـایە] وازیـان لـە پۆسـتەکانیان هێنـاوە. لـە دوای ڕاگەیاندنـی ئـەم یاسـایە لـە ١١ی ئـاداری ١٩٧٤دا، ڕژێمـی بەغـدا شـەڕی لـە دژی کوردسـتان دەسـت پێکـردەوە.

**ب** کێ لەگەڵ حکومەتی بەعسییەکانە و کێ لەگەڵ شۆڕشی کوردە.

١. لە عێراقدا بەعسییەکان بە دژایەتیکردنی گشت کەسایەتی، گروپ و پارتە سیاسییەکان ناسراوان. وەک ڕاستییەک، ئەندام و سەرکردەکانی گشت پارت و گروپەکان یان تیرۆر کراون یان، لە بەندیخانەکانی بەعسدا لە سێدارە دراون و تا مردن ئەشکەنجە دراون. سەرکردە ناڕازییەکانی خودی حیزبی بەعس و پتر لە نیوەی ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کوژراون، بەند کراون یان نەفی کراون. پێویست ناکات بگوترێ نە دیموکراسی و نە ئازادییە تاکەکەسیەکان بوونی نییە.

٢. گشت، پارت و گروپە دیموکراتی، نەتەوەگەرا و ئازادیخوازەکان لە دژی دیکتاتۆرییەتی بەعسییەکانن، بەڵام درندانەترین ڕێگا لە دژی ئەوان گیرایەبەر. بۆیە ناتوانن بە ئاشکرا چالاکی ئەنجام بدەن. لە ڕاستیدا، هەر کەسێک بەعسی نەبێت، بە دژە بەعس هەژمار دەکرێت. تەنیا باڵی کۆمۆنیستی لایەنگری یەکێتی سۆڤیەت نەبێت. لە دوای دەستپێکردنەوەی دوژمنایەتی بەعسییەکان لە دژی کوردستان، حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکان هیوایەکی بەرزیان هەیە کە لە داهاتوویەکی نزیکدا لە دەست ئەم ڕژێمە قورتار بن.

٣. ڕژێمی بەعس لە بەغدا بە بێ ڕێزپەڕ، بە پەیوەندییە خراپەکانی لەگەڵ دراوسێکانیدا بە ناوبانگە. ئەوان لە هەمبەر ئێران و سووریا وەستاونەتەوە و دەستوەردەدەنە کاروباری ناوخۆی کوێت، چونکە پلانی دەست درێژیکردنیان [بۆ سەر ئەم وڵاتانە هەیە]. زۆر جار ڕایانگەیاندووە لە دژی سعودیە و ئەردەنن. تەنانەت میسر ڕایگەیاندووە عێراق چالاکی لە دژی میسر ئەنجام دەدات. دواتر ڕژێمی بەعس شەڕی پارتیزانی نە تەنیا لە ناوخۆی وڵاتەکەیدا، بەڵکو لە میسر و فەلەستینیش ئەنجامدا. کەچی، یەکێتی سۆڤیەت لە گشت بوارەکاندا زۆر چالاکانە پشتگیریی لە ڕژێمی بەعس دەکات.

٤. کاتێک ڕژێمی بەعس دووبارە شەڕی لە دژی گەلەکەمان لە کوردستان بەرپا کرد، گشت گەلی کورد بە خۆڕاگرییەوە لە پشت سەرکردایەتیەکەیان، واتە پارتی

دیموکراتی کوردستان و سەرۆکەکەی،، ژەنەڕاڵ بارزانی وەستان. نزیکەی ١٠٠،٠٠٠ کەس، شارەکانیان بەجێهێشتووە و چوونەتە ناوچە ڕزگارکراوەکان، کە لەلایەن [دەسەڵاتی] شۆڕشی کوردەوە بەڕێوە دەبردرێت. لەم ژمارەیەش ٤،٠٠٠ مامۆستان، ٥،٠٠٠ پۆلیس و ئەفسەری پۆلیسن، ١٠،٠٠٠ قوتابی دواناوەندی و زانکۆن و چەندین هەزار سەرباز و ئەفسەر و ئەفسەری ڕێگە پێنەدراون (non-commissioned). هەنوکە لەناو شۆڕشگێڕەکاندا، نزیکەی ١٠٠ دکتۆر، ٣٠٠ ئەندازیار و ژمارەیەکی زۆر بەڕێوەبەر و پارێزگار هەن. لە ڕاستیدا، خەڵک لە گشت چین و توێژەکان هاتوونەتە ناوچە ڕزگارکراوەکان. ژیان لە دۆخی سەخت و نالەباری شەڕ بە باشتر دەزانن تا لە ژێر سەرپەرشتی و ئەشکەنجەی بەعسیەکاندا بژین.

**ج** دۆخی هەنوکەی شەڕ

١. دیکتاتۆریەتی بەعس ژمارەیەکی زۆر لە سوپای عێراقی لە کوردستان جێگر کردووە، کە بریتین لە ٤ کەرتی پیادە و ٦ کەرتی زرێپۆش. فڕۆکە شەڕکەرەکانی میگ ١٧، میگ ١٩، میگ ٢١، سیخۆ ٧، باجار و تۆپۆلۆڤ ٢٢، لە مەیدانی جەنگی بەردەرگای شارەکانی کەرکووک و مووسڵ و هەولێر جێگر کراون.

٢. بەهۆی بارانی توند لە نێوان ١١ی ئادار و ١٥ی نیسانی ١٩٧٤، شەڕ شێوازی پێکدادانی پچڕپچڕی وەرگرتبوو، بەڵام دواتر بەعسیەکانی تێنوی خوێن، لە ناوەڕاستی نیساندا، گشت توانای خۆیان لە شەڕی دژە کورد بەکارهێنا.

٣. سوپای پارتیزانی کورد، واتە پێشمەرگە بە سەرکردایەتی ژەنەراڵی بە ئەزموون مەلامستەفا بارزانی، لە سەرتاسەری کوردستاندا هەڵوێستی بەرگریکردنیان لە خۆگرتەبەر و سوپای عێراقیان ناچار کرد لە زۆربەی شارۆچکە شاخاوییەکانی کوردستان بکشێتەوە. زۆربەی شەڕەکان لە ڕێگاکانی دەورەدراو بە بەرزاییەکان لە کەرکووکەوە بۆ سلێمانی، لە کەرکووکەوە بۆ ڕواندز لە ڕێگەی هەولێر و لە مووسڵەوە بۆ زاخۆ، لەسەر سنووری تورکیا هەڵگیرسا. ئەوان نەیانتوانی هیچ ڕێگەیەک بکەنەوە یان لە چوونە ناوەوەی [ناوچە کوردییەکان] سەرکەتوو بن. بە پێچەوانەوە، ورەی سوپا لە ئاستێکی زۆر نزمدا بوو و سەربازەکان هەستیان

بەوە کرد کە لە شەڕێکی نادادپەروەرانە و دۆڕاودا دەجەنگن. پێشمەرگە بە ڕۆحیەتێکی بەرزەوە، بەرگری لە زێد و خانوو و خێزانەکەیان دەکەن. چونکە دەزانن شکستیان بە مانای لە ناوچوونی جوڵانەوەی کورد و گەلی کورد دێت. لە ماوەی یەک مانگدا پێشمەرگە ٥ تانک و ٣٠ زرێپۆشی لەناوبرد. ٤ فڕۆکە و ٤ هەلیکۆپتەریان خستووەتە خوارەوە. بەهۆی دەست بەسەرداگرتنی پێگەکانی سوپا [عێراق]، ئەوان چەکی زۆریان دەست کەوتووە.

٤. بۆ تۆڵە سەندنەوە، دیکتاتۆریەتی ڕەگەزپەرستی بەعس جەنگی جینۆسایدی لە دژی گەلی کورد بەرپا کردووە و لە بەرزاییەکانی ئاسمانەوە، فڕۆکە مۆدێرنەکانیان بەکاردێنن و بە خەستی بۆمبارانی شارۆچکە و گوندەکان دەکەن. بۆمبی ئاگرین (ناپاڵم) لە دژی هاووڵاتی مەدەنی بەکاردێنن. ئەمەی خوارەوە هەندێك لە دڕندایەتی ئەوانە کە لە دژی گەلی کورد ئەنجامیانداوە:

- لە ٢٥ی نیسانی ١٩٧٤، شارۆچکەی قەڵادزەیان بۆمباران کرد کە دانیشتوانی ٢٠ هەزار کەسن. ١٣١ هاووڵاتی کوژراون و پتر لە ٥٠٠ کەس بریندار بوون. بەشی زۆری شەهیدەکان ئافرەت، منداڵ، قوتابی و قوتابی سەرەتایین. بەئەنقەست دوو قوتابخانەیان بە بۆمباران کرد.
- لە ٢٠ی نیسان، شارۆچکەی هەڵەبجە بۆمباران کرا و نزیکەی ١٠٠ خانوو خاپوور کران. ٤٢ کەس کوژران و پتر لە ١٠٠ کەس بریندار بوون. دانیشتووان شارۆچکەیان چۆڵکرد و پەنایان بۆ شاخەکان برد.
- لە نێوان ٢١ بۆ ٣٠ی نیسانی ئەم ساڵە، شارۆچکەی زاخۆ بە دانیشتووانی ٢٥ هەزار کەس بە سەختی بۆمباران کرا. لەم ١٠ ڕۆژەدا، شارۆچکەکە دەسووتا. لە ١ی مانگی ئایاردا، سوپای عێراق چووە ناو شارەکە و بێ جیاوازی هەرکەسێکی بەرچاوی دەکەوت گولەبارانی دەکرد. ٦٥ کەس کوژران و پتر لە ١٥٠ کەس برینداربوون. دووبارە، زۆربەیان ئافرەت و منداڵ بوون.
- لە ١٦ی نیسان، ئاکرێ کە ژمارەی دانیشتوانی ٧ هەزار کەسە بە قورسی بۆردمان کرا. مزگەوت و کەنیسە و خانوو بەسەر دانیشتوانەکەیدا وێران کرا.

- لە نێوان ٢٣ و ٢٧ی نیسانی ١٩٧٤، ناوچەکانی باڵەکایەتی بۆمباران کرا، هەروەها گەڵاڵە کە ٥ هەزار دانیشتووی هەیە بۆردمانکرا. ٤٥ کەس کوژران و ٥١ کەسیش بریندار بوون.
- شـارۆچکەکانی دیانـا، ئامێـدی، بامەڕنـێ، مانگێـش و هیـران لـەو شـارۆچکانەن کـە لـە ژێـر بۆردمانێکـی خەسـتدان. لـە ٢٥ و ٢٦ی نیسـاندا، دهـۆک، بـە دانیشـتوانی ٤٠ هـەزار کـەس بۆردومانکـرا. خەڵکێکـی زۆر کـوژراون و بریـندار بـوون.
- تا هەنوکە زیاتر لە ١٥٠ گوند بۆمباران کراون.
- لـە ١٤ی نیسـان، ١١ کـوردی نیشـتیمانپەروەر، دوای ئـەوەی سـزای مەرگیـان بـۆ دەرچوو و لـە بەغـدا ئەشـکەنجە دران، لـە هەولێـر لـە سـێدارەدران. هەروەهـا، هەندێـك لـەم کەسـانە دەسـتیان بـڕدرا بـوو یـان چاویـان دەرهێـنرا بـوو، بـەڵام لـە ژێـر پەتـی سـێدارە هاواریـان دەکـرد «بـژی کوردسـتان، بـژی بارزانـی».
- لـە ٣٠ی نیسـان، پێنـج قوتابـی کـوردی زانکـۆ کـە لـە کۆلێـژی ئەدەبیـات لـە بەغـدا دەیانخوێنـد، سـزای مەرگیـان بـۆ دەرچـوو. یەکێـک لەوانـە کچێکـە بـە نـاوی لەیـلا قاسـم.

گشـــت ئـــەم کارە دڕندانـــە لـــە مـــاوەی یـــەک مانگـــدا، لەلایـــەن بەعســـییەکانەوە ئەنجامـــدراوە. بۆیـــە مـــرۆڤ دەتوانێـــت وێنـــای ئـــەوە بـــکات کـــە ئێمـــە لەبەرانبـــەر کێدایـــن. شـــتێکی براوەیـــە، ئەویـــش ئەوەیـــە کـــە ڕێـــک ئـــەم شـــەڕە کۆتایـــی بـــە ڕژێمـــی بەعـــس لـــە بەغـــدا دێنێـــت. هـــەر لـــە ١٩٦١ەوە تـــا هەنوکـــە، یـــەک ڕژێمیـــش نەیتوانیـــووە بـــۆ پـــتر لـــە پـــازدە مانـــگ شـــەڕی کـــورد بـــکات و باڵـــی فەرمانـــڕەوای بەعســـیش زۆر بـــە باشـــی ئـــەم حەقیقەتـــە دەزانێـــت.

نزیکـەی یـەک میلیۆنێـک و نیـو کـەس، لـە ناوچـە ڕزگارکراوەکانـی کوردسـتاندا دەژیـن و لـە ژێـر هەلومەرجێکـی نالەبـاری شـەڕدان. زۆربەیـان کەسـانی ئـاوارەن. تەنیـا یـەک ڕۆژیـش بـێ بۆمبـاران کـردن تێناپەڕێـت. تەنیـا یـەک ڕۆژیـش بـێ شـەهید تێپەڕنابێـت. ڕژێمـی عێـراق، کوردسـتانی خسـتووەتە ژێـر گەمارۆیەکـی تونـدی ئابـووری. سـەرەڕای هەبوونـی هـەزاران بریـندار، هـەزاران کەسـی نەخۆشـیش هـەن کـە دەسـتیان ناگاتـە دەرمـان و چارەسـەریی پزیشـکی.

هەنوکـە ئـەو پرسـیارەی هەمـوو کـەس دەیخاتـە بـەردەم هـەر سـەرکردەیەک، لـە

ڕاستیدا بۆ بەردەم هەر پیاو و ژنێکی بە ویژدان لە جیهانی ئازاد ئەوەیە:

«ئایا دەکرێت گەلی کورد بۆ چارەنوسیان بەجێبهێڵرێن و لەلایەن دیکتاتۆریەتی ڕەگەزپەرستی بەعس لەناو ببرێن، یان پێویستە یارمەتییان بدرێت تا زیندوو بمێننەوە».

ڕێگای زۆر و ئامرازی زۆر هەن کە لە میانەدا دەکرێت یارمەتی گەلی کورد بدرێت و ڕزگار بکرێت. پێش هەموو شتێک و جیا لە پشتیوانی ئەخلاقی ڕای گشتی جیهانی ئاگادار، پێویستی هەنوکەیی [بۆ کورد] یارمەتی مرۆیی و داراییە.

م. م. عەبدولڕەحمان.

م. دزەیی.

ئەندامانی مەکتەب سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان.

سنووردار (ل ٣٣١)

(٥/٣)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا، عەدەن

J R Young Esq

بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەزارەتی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس

٢٤ی تەمووزی ١٩٧٤

١. لەم دواییانەدا، لەگەڵ باڵیۆزی کوبا جاسینتۆ ڤازکۆز دێ لا گارزا (Jacinto Vazquez de la Garza) لە دوای گەڕانەوەی لە عێراق، قسەم کرد؛ ئەویش سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوە، لەبارەی بارودۆخی عێراق ئەو شتانەی گرنگە من لێرەدا بۆتان دەنووسم. ئەو قسەکانی لەوەوە دەست پێکرد کە هیچ دادوەریەکی سیاسیانە لەسەر ڕژێمی عێراق ناکات، بەڵکو تەنیا گوزارشت لەو شتانە دەدات کە بینیویەتی.

٢. ئەو گوتی حکومەتی عێراق جەنگێکی بێ ڕەحمانە لە دژی کورد بەڕێوە دەبات، وەکو بۆمبارانکردن بێ جیاوازی کردن [لە نێوان خەڵکی مەدەنی و چەکدارەکان]. سەرەڕای ئەمەش، لەو بڕوایەدا نییە عێراقییەکان بتوانن سەرکەون: [گوتی] لەناو حکومەتدا لەبارەی سیاسەتی حکومەت لەهەمبەر کورددا ناکۆکی هەیە، کورد بە تەواوەتی جیابوونەتەوە و شانازی بە خۆیانەوە دەکەن، هەرگیز بەوە ڕازی نابن بە تەواوەتی ملکەچی حکومەتی عێراق بن؛ هەروەها حکومەت بووە هۆی دروستکردنی هەستێک، تەنانەت لە نێوان کوردە میانڕەوەکانیشدا، هیچ ڕێگایەک بۆ ڕێککەوتن نەماوە. ئەو ڕوانگەیەکی میانڕەوانەی لەبارەی یارمەتی ئێرانییەکان بۆ کورد هەبوو و گوتی، بێگومان ئێران یارمەتی کورد دەدات، بەڵام ئەو یارمەتییە لە ئاستێکی زۆر نزمدایە، تەنیا بۆ ئەوەیە نیشانی بدات ئێران هاوخەمی کوردە، ئەمەش لەبەرئەوەیە کوردی خۆی ئارام بکاتەوە، بەڵام ئەو یارمەتییە لە ئاستێکدا نییە بە یارمەتییەکی

ڕاستەقینە هەژماربکرێت. سەرەنجام، ئێرانییەکان وەک عێراقیەکان، نەتەوەیەکی کوردی سەربەخۆیان لەسەر سنوورەکانیان ناوێت. لەبارەی تورکەکان، ئەوان گوێ بەم کێشەیە نادەن و بەو هیوایەن بە کۆتا بێت.

٣. دڵنیام ئەم قسانە تازە نین. تەنیا شتێک کە هەیە بریتییە لەوەی ئەگەر باڵیۆزی کوبا بەم جۆرە بیر بکاتەوە، لەوانەیە حکومەتەکەی ئاگادار بکاتەوە. ئەمە و شتێکیتر کە پێی گوتم، لەوانەیە ڕژێمی عێراق و کوبا سەرەڕای لەیەکچوونی باوەڕی سیاسییەکەیان، کەمتر لەو شتەی سەرپەرشتیارەکەیان واتە سۆڤیەت دەیەوێت، کەمتر هاوسۆزی یەکتر بن.

A Prosser

هاوپێچ: نووسینگەی پاراستنی زانیارییەکان لە بەغدا، هاڤانا،

بەشی ئەمریکای لاتین، نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمونوێلس.

نهێنی (٣٣٢-٣٣٣)

GR 410

PRIORITY

CYPHER CAT A

FM BAGHDAD 240930Z

ئەولەویەتی وەزارەتی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس، تێل ژمارە ٢٥٩ لە ٢٤ی تەمووزی ١٩٧٤.

کورد لە لەندەن.

١. ئەمڕۆ بەیانی (٢٤ی تەمووز) لەلایەن سەرۆکی بەشی پەیوەندییە گشتیەکانەوە (mfa) بانگێشتکرام، کە بە پێی ڕێنمایی وەزیرەکەی قسەی دەکرد و گوتی، حکومەتی عێراق زۆر نیگەرانە لە چالاکییەکانی کوردە ناڕازییەکان، لە دژی حکومەتی عێراق کە لە لەندەن ئەنجام دەدرێن.

٢. بە تایبەتی، [چالاکیەکانی] محەمەد مەحمود عەبدولڕەحمان و موحسین دزەیی، کە هەردووکیان لە حکومەتی ڕابردوو وەزیر بوون. هەنوکە لە لەندەن خۆیان وەک ‹نێردراوی› بارزانی ناساندووە. لە سێ بۆنەدا (٢٣، ٢٤ و ٢٥ی حوزەیران) لەلایەن بەرپرسانی بەریتانیاوە لە هۆتێلەکانیاندا (Hilton) لە لەندەن سەردان کراون، واتە ئەو کەسانەی پڕوپاگەندە دژی حکومەتی [عێراقی] دەگێڕن و پاکەتێکیشیان وەرگرتووە کە دەگوترێت پارەی تێیدا بووە. دەگوترێت پروپاگەندەکە لە ژوورەکەیاندا لە هۆتێل کۆپی کراوە.

٣. خادم، گوتی، حکومەتەکەی بە جیددی ئەم ڕاستییە لەبەرچاو دەگرێت و پێدەچێ کاربەدەستانی بەریتانی ڕێگەیانداوە ئەم جۆرە چالاکییانە بێ هیچ سنووردارێتییەک بەردەوام بن. هەروەک حکومەتی خاوەنشکۆ باش دەزانێت دۆخی «ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی» لە نێوان حکومەتی ناوەندی و بارزانیدا لە ئارادایە. چالاکی نوێنەرەکانی بارزانی لە دەرەوە بۆ زیان گەیاندن بە حکومەتی ناوەندی [عێراق]، لە بەغداوە زۆر بە جیددی سەیر دەکرێت. ئەگەر حکومەتی بەریتانیا خوازیار بێت پەیوەندی ئاسایی و دۆستانەی لەگەڵ عێراقدا

دەست پێبکاتەوە، پێویستە هەنگاوی خێرا بۆ کۆتایهێنان بەم جۆرە چالاکییانە بگرێتەبەر.

٤. حکومەتی عێراق ڕێگە نادات ئەم جۆرە چالاکییانە لە دژی حکومەتێکیتر لە بەغدا ئەنجام بدرێت. حکومەتەکەی داوای ڕوونکردنەوە لە حکومەتی بەریتانیا دەکات و دەخوازێت دڵنیایی بدرێت کە ئەم جۆرە چالاکییانە بە یەکجاری بوەستێنرێن.

٥. وەڵامم دایەوە مومکین نییە چالاکی هەموو ئەو کەسانەی دێنە ناو بەریتانیا و لەگەڵ حکومەتەکەیان هاوڕانین، کۆنترۆڵ بکەین. هەروەها ئێمە خوازیارنین ئەم جۆرە کۆنترۆڵە ئەنجام بدەین، تەنیا ئەوکاتە نەبێت کە ئەم جۆرە چالاکییانە پێچەوانەی یاسا بن. وەڵامیدایەوە کە چاوەڕوانی ئەم وەڵامەی دەکرد و بە ڕازینەکەر وەسفی کرد. هەوڵیدا گوشار بخاتە سەرم کە حکومەتەکەی زۆر بە جیددی ئەوە دەخاتەبەرچاو کە ڕێگەدراوە ئەم جۆرە چالاکییانە ئەنجام بدرێن و هیوای خواست بۆ بەردەوامبوونی پەیوەندی باش [لە نێوان عێراق و بەریتانیا] بتوانم وەڵامێکی پەسەندکراو بگەیێنمە ئەو.
من بەرپرسیارم ئەو شتە بگەیێنم کە ئەو چی گوت.

GIDDNES

FILES

M E D

PUSD

I RD

PRIVATE SECRETARY

P.S/NR ENNAIS

P.S/PUS

SIR G ARTHUR

MR WEIR

MR CAMPBELL

MR THOMSON

نهێنی (ل ٣٣٤)

Mr Weir

Mr Coles

**کورد لە عێراقدا**

١. پەرلەمانتــار بەڕێــز رۆســێل جۆنســتۆن (Russel Johnston) ســەربە کوتلــەی (Liberal-Innverness)، نامەیەکــی بــۆ وەزیــری دەرەوە نووســیەوە و پرســیویەتی، ئایــا لەلایــەن حکومەتــی بەریتانیــاوە لەبــارەی بــارودۆخ لــە کوردســتانی عێراقــدا، داوای ڕوونکردنــەوە لــە حکومەتــی عێــراق کــراوە. لەگــەڵ نامەکەیــدا یاداشــتێکی لەســەر ئــەم بابەتــە هاوپێــچ کــردووە کــە لەلایــەن نوێنەرانــی پارتــی دیموکراتــی کوردســتانەوە بــە دەســتی گەیشــتووە.

٢. کێشــەی کوردســتان، کــە هەنوکــە ســوپای عێــراق و پێشــمەرگەی کــوردی لــە جەنگێکــی کــراوەدا لەهەمبــەر یــەک وەســتاندووە، یەکێــک لــەو کێشــانەیە حکومەتــی عێــراق لەهەمبەریــدا زۆر هەســتیارە. هەروەهــا لەبــارەی چالاکــی کــورد لــە لەنــدەن، حکومەتی عێــراق داوای ڕوونکردنــەوەی کــردووە (تەلەگرامــی بەغــدا ژمــارە ٢٥٩ لــە ٢٤ی تەمــووزی). هــەر پــرس و دەربڕینێــک لــە بــارەوە لەلایــەن ئێمــە، لەوانەیــە ببێتــە هــۆی هەڵگیرســاندنی دوژمنکارییەکــی تونــد [لــە نێــوان عێــراق و بەریتانیــا] و دەتوانێــت پەیوەنــدی بەســودی بازرگانــی لەگــەڵ عێــراق، کــە حکومەتــی بەریتانیــا دەســتی بــە دامەزراندنــی ئــەم پەیوەندییانــە کــردووە، ڕووبــەڕووی مەترســی جیــددی بکاتــەوە. هــاوکات بەهــۆی نزیکبوونەوەمــان لــە بەرپرســە ئاســت نزمەکانــی (low-key) ســووریا لەســەر پرســی جولەکــەکان، لێــرە مەترســی داخســتنی هەمــوو [پەیوەندیــەک] هەیــە.

٣. لــە هەمــوو حاڵەتێکــدا، کاری حکومەتــی خاوەنشــکۆ لــەم جــۆرە بارودۆخــەدا بریتییــە لــەوەی کــە ڕوونبکاتــەوە، ئێمــە هیــچ هەڵوێســتی دانپێدانانمــان نەگرتووەتەبــەر بــۆ داواکردنــی ڕوونکردنــەوە لــە حکومەتەکانــی دیکــە (حکومەتــە دەرەکییەکان) ســەبارەت بــەو پرسانــەی پەیوەســتن بــە هاووڵاتییانــی ئــەو حکومەتانــەوە. بێجگــە لەمــەش، ئێمــە

ئـەم ئاڕاسـتەمان لەهەمبـەر وەڵامـی پرسـیاری پەرلەمانتارەکانیـش گرتووتەبـەر کـە پەیوەسـت بـە دانیشـتوانی جولەکـە لـە عێراقـدا دەپرسـن (لـە ڕابـردوودا هەندێـك بابەتـی وا لـە ئـارادا بـوو).

٤. ڕەشنووسی وەڵامدانەوەی بەڕێز ‹جانستۆن›تان بۆ ڕەوانە دەکەم.

P R H Wright

بەشی ڕۆژهەڵاتی ناڤین

٢٦ی تەمووزی ١٩٧٤

هاوپێچ: PUSD ....... NENDA

باڵیۆزی بەریتانیا (ل ٣٣٥)

بەیروت- ٢٧ی تەمووزی ١٩٧٤

(٨/١)

G J B Williams Esq

MENAD

**چاوپێکەوتن لەگەڵ عوسمان بارزانی**

١. لـە ٢٣ی تەمـووز ڕۆژنامـەی ئەلنەهـار گوتـی کـە شـێخ عوسـمان ئەحمـەد بارزانـی، سـەرکردەی ئایینـی کـورد، لـە دژی ئامۆزاکـەی، مسـتەفا بارزانـی، پشـتگیری خـۆی بـۆ حکومەتـی عێـراق ڕاگەیانـدووە. ڕۆژنامەکـە هەروەهـا ڕایگەیانـدووە کـە یاخـی بوونـی کـورد گەمـارۆدراوە و هەنوکـە ڕێـگای پایتەخـت بـەرەو کوردسـتان کراوەیـە.

٢. شـێخ عوسـمان لـە هۆتێلەکەیـدا لـە مووسـڵ بـە ڕۆژنامـەی ئەلنەهـاری ڕاگەیانـدووە کـە هەنوکـە گەلـی کورد مافەکانیان دەسـتەبەر کـراوە، بە مافی ئۆتۆنۆمییـەوە، کە بۆ ماوەی ١٤ سـاڵ ئـەوان لـە پێناویـدا جەنـگاون. ئـەو بانگەشـەی ئـەوەی کـردووە کـە لایەنگرانی بارزانـی کەمینەیەکـی بچوکن.

٣. پەیامنێرەکـە بـاس لـەوە دەکات لەگـەڵ کاروانێکـی سـوپای عێراقـی سـەردانی مووسـڵی کـردووە. ڕێگاکـە کـراوە بـووە و بـە بەردەوامـی بەڵگەنامەکانـی لەلایـەن سـەربازەکانی عێراقـەوە پشـکێنراون. پەیامنێرەکـە دەڵێت بە گەیشـتنی بۆ مووسـڵ، نزیکـە ٥٠٠ کوردی بینیـووە کـە لـە پێگەکانی پێشـەوەی شـاردا جێگربوونـە و دواتـر زانیویەتی ئەم کەسـانە لەگـەڵ عوسـمان لـە ناوچەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی بارزانییـەوە، بـەرەو مووسـڵ هاتوونە.

٤. لە ٢٣ی تەمووزی، ڕۆژنامەی ئەلنەهار باسی لەوە کردووە کە کوڕی [مەلا] مستەفا، واتە عەبدوڵا بارزانی [لەوانەیە مەبەستی عوبەیدوڵا بێت] دەڵێت ٩٠٪ی گەلی کورد پشتگیری لە حکومەت دەکەن و ئەگەر ڕێگەیان پێ بدرێت ئەوان دەڵێن عوسمان سەرکردەیانە.

F Gallagher

هاوپێچ: بەغدا

نووسینگەی کاروباری دەرەوە (ل ٣٣٦)

S. W. 1لەندەن

٢٩ی تەمووزی ١٩٧٤

لەلایەن وەزیری دەرەوە

The RT. Hon. David Ennals، MP

وەزیـری کاروبـاری دەرەوە و کۆمۆنوێلـس داوای لـێ کـردم وەڵامـی نامەکـەی ٢٢ی تەمووزتـان، لەبـارەی بارودۆخـی کوردسـتان بدەمـەوە و ئـەو یاداشـتنامەیەی لەبـارەی بارودۆخەکـە هاوپێچـت کردبـوو، بۆتـان بگەڕێنمـەوە.

حکومەتـی بەریتانیـا لـەم بـارەوە داوای هیـچ ڕوونکردنەوەیەکـی لـە حکومەتـی عێـراق نەکـردووە. مـن دڵنیـام، ئێـوە لـەوە تێدەگـەن پێویسـتە لـە بیرمـان نەچێـت، ئێمـە هیـچ بەڵگەیەکـی شـیاومان لەبەردەسـت نییـە، لەبـری دانیشـتوانی کـورد (Kurdish community)ەوە کـە مـن دەزانـم هاووڵاتـی عێراقـن، دەسـتوەربدەینە [ کاروبـاری ناوخـۆی عێـراق].

Russell Johnstone، Esq.، M.P.

ئەنجوومەنی گەل

S. W. 1لەندەن

نهێنی (ل ٣٣٧)

CYPHER/CAT A

FM FCO 02155Z

TO ROUTINE BAGHDAD TEL NO 179 OF 2 AUGUST 1974.

تەلەگرامەکەتان ژمارە ٢٥٩

١. هەروەک ئێوە بە ڕوونی باستان کردووە، (بەشی ٤ لە تەلەگرامی ئاماژە پێکراو)، هەڵوێستی [حکومەتی بەریتانیا] ئەوەیە چالاکی سەردانکەرەکانی شانشینی یەکگرتوو، تەنیا ئەو کاتانە دەخرێنە ژێر چاودێرییەوە ئەگەر ئەو چالاکییانە بە پێچەوانەی یاسا بن. بۆچوونی سیاسی سەردانکەرێک تەنیا لە کاتێکدا بە هەند وەردەگیرێت و ئەم گریمانەیە دروست بکات کە دەرفەتی سەردانکردنی شانشینی یەکگرتوو بۆ خۆهەڵقرتاندن لە چالاکیەکی نایاسایی و نا دەستوری قۆزراوەتەوە. لە وەڵامدانەوەی پرسیاری یەکێک لە پەرلەمانتارەکان [کە بەم دواییە ئاراستەی ئێمەی کردبوو]، گوتراوە،،ئەوەی ناتوانین بیکەین و ناشمانەوێت بیکەین گۆڕینی یاسای شانشینی یەکگرتووە لە ڕێگری کردن لەو خەڵکەی بۆچوونەکانیان لەگەڵ بۆچوونەکانی ئێمە کۆک نین، هەروەک لە یاسادا هاتووە، ئەوان دەتوانن لە چوارچێوەی یاسادا ئەم کارە ئەنجام بدەن،،.

٢. وزیری کاروباری دەرەوەی عێراق، ئەم وەڵامەی بە وەڵامێکی قەناعەتپێکەر دانەنا، بەڵام ئێمە هیچ هۆکارێکمان نەدۆزییەوە کە داوای لێبوردن بکەین. لە ڕوونکردنەوەی هەڵوێستماندا، دەتوانن بڵێن حکومەتی خاوەنشکۆ بە تەواوەتی لە لێکەوتەکانی دۆخی «ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیی،، ئاگادارە، کە لە نێوان حکومەتی عێراق و کوردی سەر بە بارزانی لە ئارادایە و ئەو کاتەی داوا لە ئێمە کرا کە دوو سەردانکەرەکە [واتە موحسین دزەیی و سامی عەبدولرەحمان] لە نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنویلسدا ببینن، ئێمە ئەو داوایەمان ڕەتکردەوە، ئەویش بەهۆی پەیوەندییە دیپلۆماسیەکان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی

[عێراق]. بەڵام وەک دەگوترێت هاووڵاتیانی بەریتانی لە لەندەن [هۆتێل] هیلتۆن (Hilton) (پەرەگرافی ٢ لە تەلەگرامی ئاماژە پێکراو) چاویان [بەم دوو کەسە کەوتووە]، ئەوان [واتە هاووڵاتییە بەریتانیەکان کە سامی و موحسینیان بینیووە] بەهیچ شێوەیەک پەیوەندییان بە حکومەتی خاوەنشکۆوە نیە.

CALLAGHAN

FILES، MED، PUSD، IRD، M AND VD، MR WEIR، MR CAMPBELL.

نهێنی (ل ٣٣٨-٣٣٩)

باڵیۆزی بەریتانیا

(٢/١)

بەغدا

٦ی ئابی ١٩٧٤

T J Clark Esq

بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس، لەندەن

چالاکی کوردە ناڕازییەکان لە لەندەن

١. سوپاس بۆ بەرچاوڕوونی تەلەگرامی ژمارە ٢٥٩ی ٢ی ئاب، پەیوەست بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ناڕەزایەتی [حکومەتی عێراق] لەبارەی چالاکییەکانی دوو وەزیری پێشووی کورد.

٢. لە ٥ی ئاب بەڕێوەبەری گشتیم بینی [واتە بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی عێراق]. بینینەکە چاوپێکەوتنێکی دورودرێژ بوو، ئەمانەی خوارەوە خاڵە سەرەکییەکانی چاوپێکەوتنەکە بوون. ڕوونمکردەوە حکومەتی خاوەنشکۆ نایەوێت دەستێوەردان لە ناکۆکی نێوان حکومەتی ناوەندی و کوردی لایەنگری بارزانی وەربدات، چونکە بە بابەتێکی ناوخۆیی دەزانێت. بەم هۆکارەشەوە، ڕەتمان کردەوە لە نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس، پێشوازی لە دوو وەزیرەکەی پێشوی [حکومەتی عێراق] بکەین. لە هەمانکاتدا، حکومەتی بەریتانیا ئامادە نییە دەستوەربداتە چالاکی ئەو سەردانکەرانە کە بیروبۆچوونیان وەک بیروبۆچوونی حکومەتەکەیان نییە، هەڵبەت، بە مەرجێک پێشێلی یاسا نەکەن. بۆ نموونە، ئاماژەم بەوە کرد لەکاتی جەنگی ڤێتنام، پرۆپاگەندەیەکی زۆری دوژمناکارانە لە دژی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

لـە شانشـینی یەکگرتـوو ئەنجـام دەدرا، بەشـێکی زۆری ئـەم چالاکییـە لەلایـەن ئەمریکەییـە نارازییەکانـەوە بـوو. بۆیـە، هەڵوێسـتی ئێمـە نەگـۆڕاوە و تـا ئەوکاتـەی چالاکییـەکان لـە چوارچێـوەی یاسـادا بـن، ئێمـە هیـچ دەسـتێوەردانێک ئەنجـام نادەیـن. هەروەهـا ئـەوەم ڕوونکـردەوە ئـەو کەسـانەی لـە مانگـی حوزەیرانـدا ،سـەردانی وەزیـرە کوردەکانـی پێشـووی [حکومەتـی عێراق]یـان لـە هۆتێـل لۆنـدن هیلتـۆن کـردووە، هیـچ پەیوەندییـەکان لەگـەڵ حکومەتـی خاوەنشـکۆ نییـە.

٣. بەڕێـز خالـد ڕایگەیانـد، ئـەم پوختەیـەی خـوارەوە بـە وەزیرەکـەی ڕادەگەیێنێـت، ئەگـەر مـن هـاوڕا بـم:

**یەکـەم:** حکومەتـی بەریتانیـا نازانێـت ئـەو کەسـانە کێـن کـە پەیوەندیـان بـە وەزیرەکانـی پێشـووە [واتـە سـامی عەبدولرەحـمان و موحسـن دزەیـی] کـردووە.

**دووەم:** ڕێگـەی بـە نەیارەکانـی حکومەتێکـی دۆسـت دراوە چالاکیەکانیـان ئەنجـام بـدەن، هەڵبـەت لـە چوارچێـوەی یاسـادا، حکومەتـی بەریتانیـا دەسـت لـەم چالاکییانـەدا وەرنـادات (ئەگەرچـی چالاکییەکـە لـە دژی حکومەتـە دۆسـتەکەیە).

**سـێیەم:** ئەگـەر هەلومەرجـی هاوشـێوە لـە عێراقـدا سـەریهەڵدا (بـۆ نموونـە، پروپاگەنـدەی دوژمنکارانـە لـە دژی حکومەتـی خاوەنشـکۆ لەلایـەن هاووڵاتیانـی بەریتانیـا [لـە دژی حکومەتـی بەریتانیـا])، ئـەوکات حکومەتـی خاوەنشـکۆ مافـی گلەیـی کردنـی نییـە.

٤. هـاوڕا بـووم، هەروەهـا وەبیـرم هێنـاوە کـە ڕێژەیەکـی بەرچـاو لـە پروپاگەنـدەی دوژمنکارانـە جـار نـا جـار لـە ولایەتـە یەکگرتـووەکان [لـە دژی حکومەتـی بەریتانیـا] دەبیـنرا. بـۆ نموونـە، لەلایـەن ئـەو هاووڵاتییانـەی بەریتانیـا کـە لـە دژی سیاسـەتی خاوەنشـکۆ لەبـارەی پرسـی باکـووری ئیرلەنـدا بـوون. سیاسـەتەکانی ئێمـەش لەلایـەن ئـەو کەسـانەی هـاوڕای نیـن زۆرتـر لـە هـەر وڵاتێکیـتر ڕەخنـەی لێگیـراوە .

٥. بەڕێـز خـادم بـە دڵ فراوانیـەوە ئـەم قسـانەی وەرگـرت و ڕێککەوتیـن بابەتەکـە

لێــرەوە بوەســتێنین. هەروەهــا پێــی گوتــم دڵنیایــە، ئەگــەر ئێمــە بمانەوێــت وەزیرەکانــی پێشــووی کــورد، لــە بڵاوکردنــەوەی پڕوپاگەنــدە بوەســتێنین، ئێمــە دەتوانیــن ئــەم کارە بکەیــن، بــەڵام نامانەوێــت کــە ئــەم کارە بکەیــن.

R G Giddens

SWB

ME/4689/D/T

D. IRAN

(ل ٣٤٠-٣٤١)

٢٩ی ئابی ١٩٧٤

پرسی ئێران و کوردی عێراق

بەشی تاران (i) ١٠٣٠ و (ii) و (iii) ١٨٣٠ ج م ت. ٢٧ی ئابی ١٩٧٤

(i) بە چاوخشاندنێک بە شەڕ لە کوردستانی عێراق لە ٢٤ کاتژمێری ڕابردوودا، ڕادیۆی دەنگی کوردستان ڕایگەیاند، لە ماوەی ئاماژە پێکراودا، ڕژێمی بەعس پاکسازییەکی فرەوانی لەناو هێزە چەکدارەکاندا ئەنجام داوە و تا ئەم ڕێککەوتە ١٥٠ فەرماندە دەستبەسەر کراون. بە پێی ڕادیۆکە: دەسەڵاتدارانی بەعس لە عێراقدا، بەردەوامن لە دەستگیرکردنی سەرکردە ئایینیەکانی عێراق و سێ کورد و یەک عەرەب لە مووسڵ لە سێدارە دراون.... هەروەها ڕادیۆکە ڕایگەیاند، لە میانەی سێ ساڵی ڕابردوودا پتر لە ١٦٠٠٠ مەسیحی بەهۆی سەرکوتکاری سەرکردەکانی بەعس، عێراقیان بەجێهشتووە. لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەیدا، ڕادیۆی دەنگی کوردستان، سوپاسنامەیەکی لە وێنەگرێکی بێگانە خوێندەوە کە بۆ ڕادیۆی دەنگی کوردستان نێردرا بوو. ئەم پەیامنێرە چەند ڕۆژ لەمەوبەر لە کاتی وێنەگرتنی دیمەنەکانی شەڕ لە کوردستانی عێراقدا بریندار ببوو و لەلایەن پێشمەرگەوە هەڵگیرابووەوە و چارەسەری پزیشکی بۆ کرابوو.

(ii) [لێدوانێکی تۆمارکراوی بەڕێوەبەری شێر و خورشید ئێران و کۆمەڵگای ڕۆژ (The Iranian Red Lion and Sun Society)، حسێن خیتابی، لە میانەی چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانی، ڕادیۆ و تەلەفزیۆندا].... بەهۆی هێرشی هێزە چەکدارەکانی عێراق بۆ سەر ژمارەیەک لە گوندە بێ دەرەتانەکانی کوردستانی عێراق و بۆمبارانکردنی دڕندانەی ئەم گوندانە لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا، ژمارەیەکی زۆری خەڵکی بێ بەرگری و بێ تاوانی ئەم ناوچانە کوژراون یان بە سەختی بریندار بوونە. زۆربەی ئەو کەسانەی خانوو و موڵک و کەسوکاریان لە دەستداوە، ناچار بوونە شوێنەکانیان بەجێبهێڵن و پەنا بۆ وڵاتی ئێمە بێنن.... شێر و خورشید ئێران و کۆمەڵگای ڕۆژ،

ئـەم خەڵکـەی لـە خـۆ گرتـووە.... و لـە ژێـر چەتـری خۆیـدا پارێزگاریـان لێـدەکات و خـواردن و پەناگـە و چاودێـری تەندروسـتی بـۆ دابیـن کـردوون. حاڵیحـازر، ئـەم خەڵکانـە لـە چەندیـن کەمپـدا دەژیـن کـە بـە خێرایـی لەلایـەن شـێر و خورشـید ئێـران و کۆمەڵـگای ڕۆژ، لـە پارێزگاکانـی ڕۆژئـاوای ئازەربایجـان، کرماشـان و کوردسـتاندا، بونیـات نـراون... پێشـبینی دەکرێـت لـە وەرزی سەرماشـدا لـە شـوێنەکانیاندا بمێننـەوە، بـۆ بەخێـرا ئاواکردنی خانـوو لـە نزیـک کەمپەکانیـان تـا منـداڵ و بـە سـاڵاچووان بتوانـن لـە وەرزی زسـتاندا بـە ئاسـودەیی بژیـن ڕێـکارەکان گیراونەتەبـەر.

هەڵبـــەت پێویســـتە ڕێکخـــراوە نێودەوڵەتییـــە پەیوەندیـــدارەکان لەبـــارەی ئـــەم خەڵکـە بـێ پەنایانـە ئـاگادار بکرێنـەوە. بۆیـە، شـێر و خورشـید ئێـران و کۆمەڵـگای ڕۆژ، داوای لـە لیژنـەی خاچـی سـووری نێودەوڵەتـی و کۆمیسـیۆنی بـاڵای پەنابـەران کـردووە نوێنەرەکانیـان بـۆ ئـەم کەمپانـە بنێـرن، تـا ئـاگاداری بارودۆخەکـە بـن. نوێنـەری ئـەم ڕێکخراوانـە هاتنـە وڵاتەکەمـان و لێکۆڵینەوەیـان لەسـەر بارودۆخـی کەمپـەکان ئەنجامـداوە، بـەڵام تـا هەنوکـە لێکۆڵینـەکان بـە هیـچ ئەنجامێـک نەگەیشـتوونە و هیـچ زانیارییـەک لەبـارەی بەرپرسـیارێتی ئـەم دوو ڕێکخـراوە نێودەوڵەتیـە بـە ئێمـە نـەدراوە؛ بەهەرحـاڵ، شـێر و خورشـید ئێـران و کۆمەڵـگای ڕۆژ، ئەرکـی خۆیـان لـە گەیاندنـی ئـەم بابەتـە بـە ڕێکخـراوە نێودەوڵەتیـەکان بەجێگەیانـدووە و هەنوکـە چاوەڕوانـی هەڵوێسـتی خێـرا و ئەرێنـی ئـەوان دەکەیـن....

کـۆی گشـتی پەنابـەران ٧٠ هـەزار کەسـە، لـەم ژمارەیـە، ٤٦،٨٥٢ کـەس گەنـج و منداڵن و ئەوانـی دی ژن و پیـاوی بەسـاڵاچوون. هەڵبـەت ژمـارەی پەنابـەرەکان بەخێرایـی لـە بەرزبووندایـە، ئەمـەش بـەو مانایـە دێـت پێویسـتە وڵاتـی ئێمـە بـاری قورسـی تێچونەکانـی داڵـدەدان و نیشـتەجێکردنیان بگرێتـە ئەسـتۆ. ئێمـە وەک شـێر و خورشـید ئێـران و کۆمەڵـگای ڕۆژ، ناتوانیـن ئـەو پارەیـە دابیـن بکەیـن کـە لـە حکومـەت داوامـان کـردووە، تـا هەنوکـە نزیکـەی ٦،٥٠٠،٠٠٠،٠٠٠ ڕیـاڵ لەلایـەن حکومەتـەوە خراوەتـە سـەر ژمـارەی شـێر و خورشـید ئێـران و کۆمەڵـگای ڕۆژ، بـۆ پاراسـتن و نیشـتەجێکردن و دابینکردنـی خـۆراک و چاودێـری تەندروسـتی بـۆ ئـەم کەسـانە....

(iii) [پێداچوونــەوەی ڕۆژنامەوانــی] جارێکیــتر ســەرنجی مــرۆڤ لــە ڕێگــەی ڕۆژنامەکانــەوە بــەرەو ڕۆژئــاوا دەشــکێتەوە کــە هێرشــێکیتر لەســەر ســنوورەکانی ئێــران لەلایــەن ســوپای عێراقــەوە ئەنجــام دراوە و لەلایــەن پاســەوانە بوێرەکانــی سنووری ئێـران بەرپـەرچ دراونەتـەوە. مـرۆڤ سـەرنجی دراوسـێیەک بـە نـاوی عێـراق دەدات کـە جـار ناجـار ئاشـوب دروسـت دەکات و بەهـۆی پێشـێلکردنی ڕێسـا و یاسـا نێودەوڵەتیەکانــەوە، ئاشــتی تێکــدەدات. بــە درێژایــی ئــەم ماوەیــە، ئێــران پابەنــدی بەرپەرچدانــەوەی ســنووردار بــووە، ئەویــش بــۆ پاراســتنی ســنوورەکانی. خاڵــی سەرنجڕاکێشـی شـایانی کـە خوێندنەوەیـە، ئەوەیـە عێـراق سـکاڵای تۆمـار کـردووە کـە ئێـران هێـزی لەسـەر سـنوورەکان کۆکردووەتـەوە. هەروەهـا جـاری پێشـووش، عێـراق [لەسـەر سـنوورەکان] چەکـی بەکارهێنابـوو، بـەڵام لـە دوای لێکۆڵینـەوەی شـارەزاکانی نەتــەوە یەکگرتــووەکان [لەســەر ناوچــە ســنوورییەکان]، ئاشــکرا بــووە کــە هەرگیــز ئێــران دەستپێشــخەری هێرشــەکان نەبــووە.

لـە مانشـێتی ئـەم شـەوەیدا، ڕۆژنامـەی ‹پەیغامـی ئێمـروز›، ئامـاژە بـە پڕوپاگەنـدەی قۆنــاغ بــە قۆنــاغ ڕژێمــی بەغــدا دەکات و ســکاڵای عێــراق وەک گریانــی بکوژێکــی تاوانبــار وەســف دەکات تــا ســەرنجی [کۆمەڵــگای نێودەوڵەتــی] لەســەر خــۆی دوور بخاتــەوە....

نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس، (ل ٣٤٢-٣٤٣)

لەندەن،

SW1A 2AL

R G Giddens Esq

بەغدا

٣ی ئەیلوولی ١٩٧٤

شاندی بەرەی عێراق

١. تەلەگرامەکەتان بە ژمارە ٢٧٨ باس لەوە دەکات، شاندێک لە بەرەی نیشتیمانی گەشتێک بۆ ئەوروپا ئەنجام دەدات تا بۆچوونی حکومەتی عێراق لەسەر کوردستان بۆ سەرکردە سیاسییەکان ڕوون بکاتەوە و شاندەکە بە سەرۆکایەتی نەعیم حەداد دەبێت. ئەوان لە کۆتایی ئاب سەردانی بەریتانیایان کرد و بۆ ماوەی یەک حەوتە مانەوە.

٢. بە بێ دوو دڵی، ئێمە ڕێنمایی وەزیرەکانمان دەکەین کە چ سیاسەتێک بگرنەبەر ئەگەر شاندەکە، هەروەک چاوەڕوان دەکرێت، بابەتەکە بخاتە بەردەم حکومەتی خاوەنشکۆ. لەم ڕووەوە، تا هەنوکە داواکاریی لەمجۆرە نەخراوەتەڕوو؛ ئەگەرچی باڵیۆزی عێراق ماوەیەکی باشی لەبەردەست بوو تا لە کاتی پەیوەندیکردن بە شاندەکەوە لە چوارچێوەی پاڵپشتیکردن [لە حکومەتی عێراق] ئەم بابەتە لە کۆبوونەوەیەکدا بخاتەڕوو. تا ئەو شوێنەی ئێمە ئاگادارین، تەنیا پەیوەندییەک کە شاندەکە لە ماوەی مانەوەیان لێرە ئەنجامیداوە ئەو پەیوەندییە بووە کە لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی بەریتانی گەورە، گرێیانداوە کە دێیلی وۆرکێر (Daily Worker) لە ٢٠ ئابدا بڵاوی کردەوە (کۆپییەک هاوپێچ کراوە).

٣. خۆ دەرخستنی شاندەکە لە ماوەی مانەوەیاندا، بەکەمی (low profile)، لەوانەیە وەک ئاماژەیەک بێت بۆ هەڵوێستی ئێمە لەسەر پرسی کورد وەک بابەتێک

کــە چارەســـەر ناکرێــت. خۆشــحاڵ دەبیـــن هـــەر زانیارییـــەک کـــە ئێـــوە بتوانـــن لــە هاوڕێیــە ئەوروپیەکانتــان بەدەســتی بهێنــن، بــە تایبەتــی فەرەنســا و ئەڵمانیــا، لەبــارەی ســەردانی تیمــی حــەداد بــۆ پایتەختــی هەریــەک لــەم وڵاتانــە. هەروەهــا لەبــارەی ئێمــە، ئەگــەر شــاندی عێــراق لەبــارەی ڕەفتــاری حکومەتــی خاوەنشــکۆ لەســەر پرســی کــورد نارەزایــی دەربــڕی (تەلەگرامەکەتــان بــە ژمــارە ٢٥٩)، ئێــوە دەتوانــن سەرســوڕمانی خۆتــان دەرببــڕن لــەوەی شــاندەکە نەیتوانیــوە لــە لەنــدن چاویــان بــە [حکومەتــی خاوەنشــکۆ] بکەوێــت.

P K Williams

Cc: A F Smith Esq PUSD

نهێنی (ل ٣٤٤-٣٤٥)

Mr Williams

قوتابییە کوردەکان

١. ئەمڕۆ بەیانی، سێر ئارسور درێو، پەیوەندی پێوە کردم تا بابەتی قوتابییە کوردەکان تاوتوێ بکەین (بڕوانە نامەی بەڕێز کارنکرۆس (Mr Cairncross) بۆ بەڕێز سکۆت (Mr Scott) لە ٢ی تەمووزی).

٢. سێر ئارسۆر ئەوەی ڕوونکردەوە، خولیای ئەو بۆ ئەم بابەتە بۆ پەیوەندی پێشوی لەگەڵ ژەنەڕاڵ سێر جۆن هاکێت (Sir John Hackett) لە کۆلێجی زانکۆ (University College)ی لەندەن دەگەڕێتەوە، ئەویش بۆ گەڵاڵەکردنی پلانە کۆمەڵایەتییەکانی تایبەت بە باکووری ئیرلەندا، پەیوەندی بە بەڕێز ڕیچارد هاوسێر (Mr Richard Hauser)ەوە دەکات. سێر ئارسۆر درێو بەمجۆرە باس لە بەڕێز هاوسێر دەکات (کە هاوکات براژنی یەهودی مێنۆهێنە (Yehudi Menuhin))، «وەک لەزگە دەچەسپێت››، و هۆگری پرسی کوردە پەنابەرەکان بووە.

٣. داوای بەڕێز هاوسێر ئەوە بوو کە سێر ئارسۆر، ڕەزامەندی دەربڕیوە چاوی بە دوو سەرکردەی کورد بە ناوەکانی جوامێر عەلی و عەبدولڕەحمان بکەوێت. یەکەمیان نیشتەجێی لەندەنە و دووەمیشیان کوردێکە بۆ سەردان هاتووەتە بەریتانیا. ئەوان بە بەڕێز هاوسێریان ڕاگەیاندووە نزیکەی ١٠٠٠ قوتابی کورد لە زانکۆی سلێمانی خوێندنەکەیان لە دەستداوە و هیوادارن لە شانەشینی یەکگرتوو خوێندنەکەیان تەواو بکەن. خوێندنەکە چەندین بوار لە خۆ دەگرێت. گشت ئەم قوتابیانە بە باشی بەئینگلیزی قسە دەکەن. لە وەڵامی پرسیاری سێر ئارسۆر، کورد ئەویان دڵنیا کردووەتەوە، قوتابیەکان بۆ چەند ساڵێک لە بەریتانیا دەمێننەوە و بۆ هەمیشەیی نامێننەوە. هەروەها، کورد گوتویانە گشت تێچوونی سەفەری قوتابیەکان دەدرێت، هەرچەندە پاسپۆرتیان نییە، بەڵام دەتوانن «بەرگەی سەفەر› لە ئێران وەرگرن. کاتێک سێر ئارسۆر پرسیاری کرد، بۆچی بۆ خوێندن بەریتانیایان هەڵبژاردووە،

لـە وەڵامـدا گوتیـان، قوتابییـەکان پەیوەندییـان بـە ویلایەتـە یەکگرتـووەکان، کەنـەدا و نیوزیلەنـدا کـردووە، بـەڵام حکومەتـی خاوەنشـکۆ بەرپرسـیارە لەهەمبـەر ئـەو بەڵێنـەی لـە کاتـی ئینتیـدابی بەریتانیـا لـە عێـراق بـە کـوردی داوە.

٤. ئەوەنـدەی مـن دەزانـم، سـێر ئارسـۆر گوتـی، ئـەو پەیوەنـدی بـە بەڕێـز کارینکـرۆس لـە وەزارەتـی ناوخـۆوە کـردووە، ئەویـش ڕێنماییەکانـی هاتنـە نـاوەوەی قوتابیـانی بـۆ ئـەم وڵاتـە بـۆ بەڕێـز کارینکرۆسـی ڕوون کردووەتـەوە. هەروەهـا سـێر ئارسـۆر، پەیوەنـدی بـە بەشـی دامەزراندنـەوە کـردووە و ڕایانگەیانـدووە ئەگـەر دەرفەتـی هاتنـە نـاوەوە بـە قوتابیـان بدرێـت، هیـچ هۆکارێـک نییـە نەتوانـن کار بکـەن و هەندێـک پـارە بەدەسـت بهێنـن. بەهەرحـاڵ، داوای کـرد پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ ئێمـە بـەردەوام بێـت، بـەڵام ئەگـەر لـەم کارەدا هـەر جـۆرە سـەرکێشی یـان وروژانـدن و تەڵەیەکـی سیاسـی هەبێـت، خـۆی لـەم کارە بـە دوور دەگرێـت. مـن بـۆ ئـەم کارە سوپاسـی سـێر ئارسـۆرم کـرد و ئامـاژەم بـەوەدا تـا هەنوکـە تەڵەکـە حکومەتـی عێراقـە، لەوانەیـە زۆر بـە تونـدی بەرپەرچـی هەرجـۆرە کارێـک بداتـەوە کـە حکومەتـی خاوەنشـکۆ بـۆ ئاسـانکاری هاتنـە نـاوەوەی قوتابییـە کـوردەکان بـۆ ئـەم وڵاتـە بگرێتەبـەر. تەنیـا بـۆ زانیاریـی ئـەو، ئامـاژەم بـە هەندێـك گرفـت کـرد کـە ئێمـە لـە دابینکردنـی ڤیـزا بـۆ عێراقییـەکان ڕووبـەڕووی بووینـەوە و ئاماژەشـم بـەوە کـرد هەندێـك جـار بـێ مەیلـی ئێمـە لـە پێدانـی ڤیـزا بـۆ پاسـپۆرتی عێراقـی دەبێتـە هـۆی ئـەوەی عێراقیـەکان وەهـا بیـر بکەنـەوە ئێمـە لـە دژی ئەوانیـن، بـە تایبەتـی ئەگـەر بـە ئـازادی ڕێگـە بدەیـن کـورد بێنـە نـاو بەریتانیـا.

٥. سـێر ئارسـۆر بـە باشـی لـە قسـەکانی مـن تێگەیشـت و پرسـیاری ئـەوەی کـرد، ئایـا بـە بۆچوونـی مـن، ڕای گشـتی هیـچ گرنگییـەک بـە پرسـی کـورد دەدات. وەڵامـم دایـەوە تـا هەنوکـە ئامـاژەی زۆر کـەم هـەن، بـەڵام مانشـێتی ڕۆژنامـەی ‹تایمـز›ی شـەممەی ڕابـردووم پـێ نیشـاندا. بەڕێـز ئارسـۆر گوتـی، لەوانەیـە لـەم بـارەوە نامەیـەک بـۆ وەزیـرە پەیوەندیـدارەکان بنووسـێت، بـەڵام ئـەوەش بـە وەزیـرەکان دەڵێـت کـە خـۆی دژی ئـەم کارەیـە.

٦. لەوانەیە سێر ئارسۆر، ڕێنمایی بەڕێز هاوسێر بکات، تا هیچ مامەڵەیەکی جیاواز لەگەڵ کورد ئەنجام نەدرێت، ئەگەر ئەوان پێیان خۆشە دەتوانن، بە پێی ڕێسا ئاساییەکان داوکارییەکانیان بۆ هاتنە ناوەوە پێشکەش بکەن. هەروەها ڕوونی کردەوە بە هیچ جۆرێک ئاسانکاری لەلایەن حکومەتی خاوەنشکۆ [بۆ ئەم قوتابییە کوردانە ئەنجام نادرێت]. هەروەها، جەختی لەوە کردەوە کە پرسی هاتنە ناو بەریتانیا، پرسێکی تایبەت بە وەزارەتی ناوخۆیە.

P R H Wright

١٠ی ئەیلوولی ١٩٧٤

CC: Mr Mallett، M and VD.

لەلایەن: پەرلەمانتار راسێل جۆنستۆن (Russell Johnston) (ل ٣٤٦)

ئەنجوومەنی گشتی (House of Common)

London SWIA OAA

١٠ی ئەیلوولی ١٩٧٤

بەڕێز دێڤید

سوپاس بۆ نامەکەتان لەبارەی پێگەی کورد لە عێراق.

ئیوە ئاماژەتان بەوە کردبوو حکومەتی بەریتانیا هیچ دەستێوەردانێک لەم بابەتەدا ناکات، بۆیە ناتوانرێت هیچ نارەزاییەک لەهەمبەر حکومەتی عێراق دەرببڕدرێت.

لە لۆژیکی ئەم هەڵوێستە تێناگەم؛ لەکاتێکدا ئێمە دەتوانین نارەزایی لەبارەی بارودۆخی ناوخۆیی کۆمەڵێک وڵاتی وەک ئەفریقیای باشوور، یەکێتی سۆڤیەت، یۆنان، ڤێتنامی باشوور، کۆماری دیموکراتی ئەڵمانیا و چەندین وڵاتیتردا بکەین [کەچی ناتوانین ئەم کارە لە عێراقدا ئەنجام بدەین].

بەدڵنیاییەوە، ئەگەر نووسینگەی کاروباری دەرەوە، بەڵگەی لەسەر ئەنجامدانی نادادپەروەری لە هەر شوێنێک هەبێت، پێویستە لە دژی بوەستێتەوە.

خزمەتکارتان (Your sincerly)

Russell

دووبارەکراو لەلایەن بەڕێز جانستۆن (Mr. Johnston)

لە غیابی ئەودا واژووکراوە

The Rt. Hon. David Ennals، P.M.

وەزارەتی کاروباری دەرەوە- نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس

نهێنی (ل ٣٤٧)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

١٠ی ئەیلوولی ١٩٧٤

P K Williams Esq

بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس

لەندەن

شاندی بەرەی عێراق

١. سوپاس بۆ نامەی ڕێکەوتی ٣ی ئەیلوولتان، لەبارەی سەردانی نەعیم حەداد و شاندی یاوەری.

٢. لە ڕاستیدا، بەداخەوە عێراقییەکان لە سەردانەکەیاندا، شتێکی ئەوتۆیان دەست نەکەوت. هەروەک ئاماژەتان پێدا، شکستی ئەوان لەم سەردانەدا، ئامرازێکە بە دەست ئێمەوە بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەگەری هەر ڕەخنەیەک عێراقییەکان لەداهاتوودا لەبارەی هەڵوێستەکەمان لەهەمبەر کێشەی کورد ئاڕاستەمان دەکەن، سەرەڕای ئەمەش، جێگەی داخە ئەوان شاندێکیان بۆ ئەورووپا نارد، بەڵام نەیانتوانی باشترین سوودی لێوەرگرن.

٣. لە هەواڵەکانی ئاژانسی هەواڵدەری عێراق لە ٢٠ی ئاب ڕاپۆرتێکم بینی گوایە شاندی حەداد، کاتێک لە لەندەن بوون، چاویان بە بەڕێز ڕۆن هێوارد (Mr Ron Heyward)، سکرتێری گشتی حیزبی کرێکاران و بەڕێز کێیت هیل (Mr Keith Hill)، بەرپرسی بەشی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حیزب و بەڕێز لان میکاردۆ (Mr Ian Mikardo) کەوتووە. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە «لە ماوەی چاوپێکەوتنەکەدا، شاندەکە باسی لەو وەرچەرخانە سیاسی و کۆمەڵایەتییانە کردووە کە لە عێراقدا ڕوویانداوە». لە ڕاپۆرتی (Morning Star)دا، ئەو پەرەگرافەی تایبەتە

بــە ئەنجوومەنــی نیشــتیمانی عێــراق، بــە تەواوەتــی لــە ڕاســتییەوە دوورە. ئامــاژە بــە ٦٠ پاڵێــوراو بــۆ ئەنجوومەنــی نیشــتیمانی هەرێمــی کوردســتان کــراوە. هــەروەک ڕۆژنامەکــە بــاس دەکات، بــەرەی ئەنجوومەنــی نیشــتیمانی، بــێ بەشــداریکردنی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان هــەر دادەمەزرێــت. لــە ڕاســتیدا، ئــەم بەرەیــە، دامەزراوەیەکــی نیشــیمانییە.

٤. هیــچ یــەک لــە هاوڕێیــە ئەوروپیەکانــم، لەبــارەی ســەردانی ئــەم شــاندە بــۆ وڵاتەکەیــان زانیارییەکــی ئەوتۆیــان لەبەردەســت نییــە. زۆربەیــان هیــچ شــتێکیان لەلایــەن حکومەتەکانیانــەوە گــوێ لــێ نەبــووە، ئەوانــەی زانیاریەکیشــیان هەیــە (فەڕەنســی و فنلەندییــەکان) دەڵێــن پێدەچــێ شــاندەکە هیــچ دەســتکەوتێکی ئەوتــۆی دەســت نەکەوتــووە.

R. G. Giddens

زۆر نهێنی ( ٣٤٨-٣٤٩)

GRS 410

PRIORITY

CYPHER/CAT 4

FM TEHRAN 111145Z

UK EYES BRAVO

بـۆ: تەلەگرامـی ئەولەویەتـی نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە و کۆمۆنوێلـس، ژمـارە ٤٨٩ لـە ١٩٧٤/٩/١١.

دووپاتکردنـەوەی ئەولەویەتـی بەرچاوڕوونـی بـۆ نووسـینگەکانی بەغـدا، واشـنتۆن، کوێـت، ئەنقـەرە.

تەلەگرامەکەم بە ژمارە ٤٧٦ (بۆ هەموو کەسێک نییە NAT TO ALL): کوردستان

١. کاتێـک پەیوەندیـم بـە عالـەم (ALAM)ەوە کـرد (ڕەنگـە مەبەسـتی عەلەمـدار نێـت) و لەبـارەی بارودۆخـی کوردسـتان گفتوگۆمـان کـرد. عالـەم، گوتـی بارودۆخەکـە زۆر دژوارە. تەنیـا هیـوا ئەوەیـە زسـتان بێـت و گیانـی کـورد بپارێزێـت. حاڵیحـازر، عێـراق لـە گشـت بەرەکانـدا سـەرکەتوو بـووە، بـەڵام بـە هێواشـی. سـوپای عێـراق قوربانـی زۆری داوە، بـەڵام ڕۆحێکـی بـەرز لەخـۆ نیشـان دەدەن. هەنوکـە تاکتیکـی نـوێ بـەکار دێنـن. بێگومـان لەلایـەن سـۆڤیەتەوە فێربوونـە. ئـەوان، پێـش ئـەوەی دەسـت بەهێرش بکـەن، بۆمبارانێکـی سـەختی هەوایـی و تۆپخانەیـی دەکـەن. دواتـر لـە پشـت هێـزی پیـادەوە، زۆر بـە خێرایـی ڕێـگاکان دروسـت دەکـەن تـا تانکەکانیـان بتوانـن بـەرەو پێشـەوە بچـن. ئـەم تاکتیکـە سـەرکەوتنێکی گـەورەی بەدەسـتهێناوە.

٢. ئەگـەر بـە شـێوەیەکی بەرپرسـانە قسـە بکەیـن، عالـەم گوتـی، لـەوە نیگەرانـە، ئەگـەر عێـراق سـەرکەوتنی تـەواو دەسـتەبەر بـکات، دواتـر بـەرەو ئامانجـی ژمـارە دوو، واتـە کوێـت دەسـوڕێتەوە. ئێـران تـەواوی توانـای خـۆی وەگـەڕ خسـتووە تـا کـورد [لەشـەڕ] بـەردەوام بـن. هەڵبـەت، ئـەوان دەتوانـن ئـەو شـتە بکـەن «کـە تورکـەکان لـە قوبـرس

کردیـان››. هێـزی ئاسـمانی ئێـران بـە توانایـە و دەتوانێـت سـتونەکانی [سـوپای] عێـراق تێـک بشـکێنێت، بـەڵام بێگومـان دەسـتێوەردانێکی لـەم جـۆرە زۆر مەترسـیدارە (سـەرکێشی). لەوانەیـە ئـەم کارە ئێـران لەهەمبـەر سـۆڤیەت بوەسـتێنێتەوە. لـە هەمانکاتـدا، بارزانـی هێشـتا وا بیـر دەکاتـەوە کـە دەتوانێـت بەرگـری بـکات. ئەگـەر زسـتان بێـت و کـورد بـە تەواوەتـی شکسـتیان نەخواردبێـت، بـۆ عێـراق سـەخت دەبێـت تـا هاتنـی بەهـار پارێـزگاری لـەو شـارۆچکانە بـکات کـە کۆنترۆڵـی کـردوون. بەمجـۆرەش کـورد دەتوانـن شانسـێکیتر بـۆ ژیـان بەدەسـت بهێنـن.

٣. عالـەم جەختـی لەسـەر ئـەوە کـردەوە ئەگـەری هێرشـی ئاسـمانی ئێـران، بۆچوونێکـی تـەواو کەسیە و دەربـڕی ڕوانگـەی حکومەتەکـەی نییـە، بـەڵام مـن دڵنیـام ئـەم جـۆرە ئەگەرانـە، پڕوپاگەنـدەن.

٤. عالـەم لـە تـەواوی قسـەکانیدا، بـە بـڕوا بەخۆبوونێکـی تـەواوەوە قسـەی دەکـرد. بۆیـە مـن ئـەم نامەیـە تەنیا بـۆ یۆکـەی ئایـز (UK EYES) دەنووسـم.

٥. (لـە کاتـی نووسـینی خاڵەکانـی سـەرەوەدا) عالـەم پەرچەکـرداری شـای لەبـارەی ئـەو خاڵانـەی مـن و ئـەوی نـاردووە کـە لـە ١٠ ئەیلـوول گفتوگۆکانمـان لەبـارەوە کـرد. پەیوەسـت بـە کوردسـتان، شـا پشـتگیری لـە قسـەکانی عالـەم کـردووە کـە لـە خاڵـی ١ی سـەرەوە باسـکراوە. [شـا] تەنیـا ئـەوەی زیـاد کـردووە کـە پێدەچـێ کـورد وەک ڕابـردوو ڕۆحـی شـەڕکردنیان نەمـاوە.

PARSONS

FILES

MED

DEFENCE DEP

PS

PS/MR ENNAS

PS/PUS

MR CAMPBELL

MR WEIR

نهێنی ( ٣٥٠-٣٥١)

GRS 250

PRIORITY

CYPHER/CAT 4

FM TEHRAN 121000z

CONFIDENTIAL

UK EYES BRAVO

بۆ: تەلەگرامی ئەولەویەتی نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس، ژمارە ٤٩٤ لە ١٢١٢ی ئەیلوولی ١٩٧٤.

هەروەها بۆ MOD [وەزارەتی بەرگری] (for D14B)

بۆ بەرچاوڕوونی نووسینگەکانی بەغدا، واشنتۆن، کوێت، ئەنقەرە.

کوردستان

١. ئاندرۆ مۆری (Andrew Murray، Threipland)، ڕۆژنامەنووسێکی ئازادە کە بۆ سەندەی تایمز دەنووسێت، دوای سەردانەکەی بۆ مەیدانی جەنگی ژێر دەسەڵاتی کورد، پەیوەندی بە ئێمەوە کرد. کەسێکی خاوەن ئەزموون نییە و لەوانەیە ڕوانگەیەکی ڕۆمانتیکی هەبێت. لە لایەکی دیکەوە، مرۆڤێکی عاقڵە و لە نزیکەوە پرسیارمان لێکرد، دیارە هەڵسەنگاندنەکەی بە پێی چاودێری ڕاستەوخۆیە.

٢. هەڵسەنگاندنی ئەو بۆ ورەی کورد و جیدیەتی کورد لەبارەی ئەو ناوچانەی سوپای عێراق لەم دواییانەدا کۆنترۆڵی کردووە، زۆر لە ڕاستییەوە نزیکترە، بەراورد بەو ڕاپۆرتانەی لەلایەن ئێرانیەکانەوە بەدەستمان دەگات.

٣. کورد لە ئاندرۆیان نەشاردووەتەوە عێراقیەکان لە ئەرزی واقیعدا سەرکەتوو بوونە، بەڵام ئەمەش تەنیا بەهۆی ئەو چەکانە بووە کە بەکاریان هێناوە. ئەوان، هیچ

ئاماژەیەکی لەبارەی نائومێد بوون لە دوایین چرکەساتەکانی شەڕ نیشان نەداوە. هەروەها، لەبارەی کێشەی پەنابەرەکان بە پێویستیان زانیوە ژن و منداڵەکان لە ناوچەکانی ژێر بۆردوماندا دوور بخەنەوە، ئەمەش لەبەرئەوە نەبووە کە سوپای عێراق سەرکەوتنی بەدەست هێناوە. بۆیە ئەوانەی دەستیان بۆ سنوورەکانی کورد درێژ کردووە بەم نزیکانە ڕۆژی ناخۆشیان دێت.

٤. ئەو بەڵگەی هەیە کە ڕاوێژکارانی ڕووسیا بە کرێگیراون.

٥. بۆ ژمارەی ئەم حەوتەی ڕۆژنامەکە، گوتارێکی هەیە.

٦. وردەکاری ئەو شتانەی باسیکردووە لەلایەن بەشی بەغداوە بۆ بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، D14B و بەغدا نێردراوە.

Parsons

FILES

MED

DEFENCE DEP

PUSD

PS

PS TO MR ENNAS

PS TO PUS

MR CAMPBELL

MR WEIR

DIS MOD

نهێنی (ل ٣٥٢)

کۆپیەک بە جیا بۆ هەریەک لەم بەشانەی خوارەوە:

Mr Cornish، SEED

Mr Everett، SEED

Mr Ford، CSAD

Mr Astley، SEAD

Mr Meyer، EESD

Mr Le Breton، WED

Mr Richardson، MENAD

ناڕەزایی دەربڕین (representations) لە وڵاتانی دیکە لەبارەی جۆری ئەو ڕەفتارەی لەگەڵ هاووڵاتیانی خۆیاندا ئەنجامی دەدەن.

١. پەرلەمانتار بەڕێز ڕاسێل جۆنستۆن (Mr Russell Johnston) گوشاری خستووەتە سەر ئێمە تا لەبارەی بارودۆخی کورد ناڕەزایی لەهەمبەر حکومەتی عێراق دەرببڕین. لەبارەی هەڵوێستی حکومەتی بەریتانیا لەهەمبەر کەمینەکانی وڵاتانی دیکە (locus standi) نامەیەکی بۆ وەزیری کاروباری دەرەوە نووسیوە (کۆپیەک لە نامەکە هاوپێچکراوە) و تیشکی خستووەتە سەر بنەما گشتییەکانی ئەم ناڕەزاییە دەربڕینە و ئارگیۆمێنتەکەی لە چوارچێوەی نموونەی کورد فراوانتر کردووە.

٢. کۆپیەک لەم یاداشتە بۆ ئەفسەرەکانی بەرپرس (desk officers) لە دۆسێی ئەو وڵاتانە دەنێرم کە لەلایەن بەڕێز جۆنستۆنەوە ئاماژەیان بۆ کراوە، هەروەها بۆ یەک یان دوو ئەفسەریتری بەرپرس (desk officer) دەنێرم کە لەوانەیە ئەم پرسە ئەوانیش بگرێتەوە. ڕەشنووسی وەڵامەکەی وەزیری کاروباری دەرەوەتان بۆ دەنێرم؛ هەروەها، خۆشحاڵ دەبم ئەگەر وەرگرانی ئەم نامەیە، بە پێی کاتی دیاریکراو، واتە تا ڕۆژی دووشەممە، ١٦ی ئەیلوول، تێبینیەکانیان لەسەر ڕەشنووسەکە بخەنەڕوو.

P K Williams

بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

١٣ی ئەیلوولی ١٩٧٤

زۆر نهێنی (ل ٣٥٣)

بەپەلە

CYPHER CAT A

GRPS 250

FM TEHRAN 161340Z SEPT

SECRET

DESKBY 170830Z SEPT

بـۆ تەلەگرامـی بەپەلـەی نووسـینگەی کاوربـاری دەرەوە و کۆمۆنوسـێل بـە ژمـارە ٤٩٨ لـە ١٦ی ئەیلوولـی ١٩٧٤

بۆ ڕاپۆرتی بەپەلەی وەزارەتی ناوخۆ (FOR D14B)

بۆ بەرچاورِوونی زیاتر بۆ نووسینگەکانی بەغدا، کوێت، ئەنقەرە و واشنتن.

تەلەگرامەکەم بە ژمارە ٤٨٩ و ٤٩٤: کوردستان

١. لەوانەیـە بەڕێزتـان تێبینـی جیـاوازی نێـوان ڕوونکردنـەوەی بەڕێـز عالەمتـان لەسـەر بارودۆخـی کـورد لەگـەڵ بۆچوونەکـەی مۆرێـی (Murray) کردبێـت. دوایین ڕاپـۆرت کـە لەلایـەن ئێرانییەکانـەوە بەدەسـتمان گەیشـتووە و پوختەیەکـم لـەم ڕاپۆرتـە بـە تەلەگـرام بـۆ نـاردووم، بـەراورد لەگـەڵ بۆچوونەکـەی عالـەم لەسـەر کـورد ڕەشـبینی کەمـتری تێدایـە کـە دەڵێـت کـورد تـا سـەرەتای وەرزی زسـتان دەتوانـن بەرگـری بکـەن و لەگـەڵ بۆچوونەکـەی مۆرێـی کـە دەڵێـت وەرەی کـورد بـە بـەرزی ماوەتـەوە لێکنزیکـە. سـەرۆکی نووسـینگەی ئیسرائیـل لـە تـاران، کـە زۆر ئـاگاداری ئـەم بابەتەیـە، ئەمـڕۆ پێـی گوتـم گومانـی نییـە کـورد بەردەوامـی بـە بەرگریکـردن دەدەن.

٢. لێـرەوە ناتوانـم بڵێـم پێگـەی ڕاسـتەقینەی [کـورد] چۆنـە، بـەڵام بێگومـان، بارزانـی نەهامەتـی کـوردی بـۆ ئێرانییـەکان لـە ئاسـتی ڕاسـتەقینەی خـۆی گەورەتـر کـردووە

تـا بـەم جـۆرە یارمەتـی زۆرتـر لـە ئێرانییـەکان وەرگرێـت. بـە پشـت بەسـتن بـە دواییـن ڕاپـۆرت (پەرەگرافـی ١، لـە سـەرەوە) پێدەچـێ تئێسـتا ئێرانییـەکان بـەو ئەنجامـە گەیشـتوون کـە هێشـتا لـەم شـەڕەدا نەیاندۆڕانـدووە و کـورد دەتوانـن بەردەوامـی بـە بەرگریکـردن بـدەن بـێ ئـەوەی ئێـران تووشـی ڕووبەڕووبوونـەوەی ڕاسـتەوخۆ لەگـەڵ عێـراق ببێتـەوە.

کۆپیەک بۆ: DIS MOD

FILES: MED، DEFENCE DEP، PUSD، PS، PS TO MR ENNAS، PS TO PUS، MR CAMPBELL، MR WEIR، DIS MOD

نهێنی (ل ٣٥٤)

٢٦ی ئەیلوولی ١٩٧٤

بەڕێز بۆرتن (Mr Burten) MED[بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست]

بەڵێنی حکومەتی خاوەنشکۆ بۆ کورد (Pledge by HMG to the Kurds)

١. بەڕێز ویلیامس (Mr Williams) داوای لێم کردووە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو بەڵێنە بکەم کە دەگوترێت حکومەتی خاوەنشکۆ لە سەردەمی ئینتیدابدا بە کوردی داوە. ئێمە لەو بڕوایەدا بووین دەکرێت تەنیا ئاماژە بە ڕێککەوتنامەی سیڤەر بکەین، بەڵام دواتر بە سەیرکردنە پەرتووکی ‹کورد، تورک و عەرەبەکان›، کە لەلایەن س. ج. ئەدمۆندس (C J Edmonds) نووسراوە، بە بڕوای من باشترە بڕوانینە ئەم ڕاگەیاندنەی (announcment) خوارەوە کە لە دێسەمبەری ١٩٢٢دا دەرکراوە:

«حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیا و حکومەتی عێراق دان بە مافی گەلی کوردی چوارچێوەی سنوورەکانی عێراقدا دەنێن، حکومەتێکی کوردی لە چوارچێوەی ئەم سنوورە دابمەزرێنن و هیواداریـن لایەنە جۆراوجۆرەکانی کورد، لە زووترین کاتدا لە ناوخۆیاندا لەسەر فۆرمی حکومەتەکەیان و سنووری ئەم حکومەتە بگەنە ڕێککەوتنێک؛ هەروەها شاندێکی بەرپرسیار [لەم کارەدا] سەردانی بەغدا دەکات، تا لەسەر پەیوەندییە سیاسی و ئابورییەکانی ئەم حکومەتە، لەگەڵ حکومەتی عیراق و حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیا گفتوگۆ بکەن».

٢. سبەی ئێرە بەجێدێڵم و لە کاتی گەڕانەوەمدا زۆرتر لەسەر پێشینەی ئەم بابەتە کار دەکەم، بەڵام دیارە لەوکاتەدا ڕکابەرێتی نێوان خێڵە کوردییەکان و کێشە نانەوەی تورکیا، دامەزراندنی [حکومەتێکی] خۆ-بەڕێوەبەری بۆ کوردستان ئەستەم کردووە. لەوانەیە ئێوە زانیاریی زۆرتر لەسەر کێشەی کورد لە یاداشتنامەی (memorandum) ساڵی ١٩٤٦ بدۆزنەوە کە من بۆ بەڕێز ویلیامسم ناردووە.

C J S Rundle

بەشی توێژینەوە

١٧ی ئەیلوولی ١٩٧٤

پۆلێن نەکراو (ل ٣٥٦)

GRS

120

IMMEDIATE

DESKBY 170030Z (FCO AND MOD)

EN CKAIR

FM TEHRAN 170600Z

UNCLSSIFIED

بـۆ: تەلەگرامـی خێـرای نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە و کۆمۆنوێلـس ژمـارە ٤٩٩ لـە ١٧ی ئەیلـوول.

هەروەها بۆ: تەلەگرامی خێرای وەزارەتی بەرگری (FOR D14B)

شێوازی زانیارییەکان، بەغدا، کوێت، ئەنقەرە و واشنتۆن

تەلەگرامەکەم ژمارە ٤٩٨: کوردستان

ئەمـڕۆ بەیانـی، [بڵاوکـراوەی] کەیهانـی نێودەوڵەتـی (International Kayhan)، لەبـارەی بەرەوپێشـچوونی کـورد لەشـەڕدا، ڕاپۆرتێکـی بـە [پیتـی] درشـت و بـە پشتبەسـتن بـە چاودێریکردنـی ڕادیـۆی کوردسـتان بڵاوکردووەتـەوە. بـە گوێـرەی ڕادیۆکـە، کـورد شـێخان و ڕواندزیـان لـە دەسـت سـوپای حکومەتـی عێـراق وەرگرتووەتـەوە و ڕێگـەی کەرکـووک -سـلێمانیان داخسـتووە و هەڕەشـەیان بـۆ سـەر خـودی کەرکـووک دروسـت کـردووە. هەروەهـا، بـە گوێـرەی ڕادیۆکـە، سـوپای کـورد لـە باڵـەک، زاخـۆ، خەبـات و سـلێمانی، دژە هێرشـێکیان لـە دژی هێزەکانـی عێـراق دەسـت پێکـردووە. بانگەشـەی ئـەوە کـراوە کـە بۆڕیەکـی نەوتـی کەرکـووک لەلایـەن هێـزی کـوردەوە داخـراوە. هەروەهـا ڕادیـۆی کوردسـتان باسـی ئـەوەی کـردووە «بـە هـەزاران تورکمانـی عێـراق»

چوونەتـە نـاو هێزەکانـی بارزانـی.

کۆپیەک بۆ: DIS، MOD

Parsons

FILES، MED، DEFENCE DEP، PUSD، PS، PS TO MR ENNAS، PS TO، PUS، MR CAMPBELL، MR WEIR.

بەڕێز بۆرتون (Mr Burton) (ل ٣٥٧)

١٩ی ئەیلوولی ١٩٧٤

پەنابەرە کوردەکان

بۆ ئاگاداریتان، نوێنەری ڕێکخراوێکی خێرخوازی، لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆ بەیانی لە ‹کۆنفرانسی بەردەوامی ڕێکخراوە بەریتانییەکان› (Standing Conference of British Organisations) بۆ یارمەتیدانی پەنابەران، گوتی، لە کاربەدەستێک گوێبیست بووە نزیکەی ١٠٠،٠٠٠ پەنابەری کورد لە ئێران و ٨٠،٠٠٠ پەنابەریتریش لەسەر سنوورەکانی ئێران چاوەڕوانی دەرباز بوونن. پتر لە ١٠٠،٠٠٠ پەنابەریتریش هەوڵی دەرباز بوون لە سنووری تورکیا دەدەن. [سەرچاوەکە ئاماژەی بەوە کرد کە]: کورد هەندێك ‹کەرەسەتی تەختکردنی زەوی›یان لە سوپای ئێراق بەقەرز (borrowed) وەرگرتووە و ڕێگایەک بە درێژایی سنووری ئێران دروست دەکەن. ئەوان نزیکەی یەک لەسەر سێی ڕێگاکەیان دروست کردووە.

D E S Blatherwick

بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک و باکووری ئەفریقیا

١٩ی ئەیلوولی ١٩٧٤

نهێنی (ل ٣٥٨)

نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس

London SW1A 2AL

R Giddnes esq

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

٢٠ی ئەیلوولی ١٩٧٤

کورد

بەڕێزتـان ئـاگادار دەکەینـەوە لـەو تێبینیـەی لەگـەڵ نامەکـەی کۆمەڵـەی مانگـی سـووری کـورد (Kurdish Red Crescent Society) بۆتـان هاوپێچکـراوە، کـە ‹ATV›، لـە ٢٩ی تشرینـی یەکەمـدا [فلمێکـی] بەڵگەیـی لەسـەر شـەڕی کـورد بڵاودەکاتـەوە. بـە بۆچوونـی خـۆم ئـەم [فلمـە بەڵگەییـە] دەبێتـە هـۆی ئـەوەی سـەرنجی زۆرتـر بخرێتـە سـەر ئـەم شـەڕە و ببێتـە هـۆی ناردنـی نامـەی زۆرتـر لەلایـەن خەڵـک و پەرلەمانتارانـەوە؛ هـەروەک نامـەی ئـەم دواییـەی (کۆپیـەک لـەم نامەیـە بۆتـان هاوپێچکـراوە) کـە پەرلەمانتـار بەڕێـز راسـێل جۆنسـتۆن (Mr Russell Johnston) بـۆ ئێمـەی ناردبـوو. بـۆ زانیـار بەڕێزتـان کۆپیـەک لـە وەڵامـی بەڕێـز ئێنالـس (Mr Ennals) کـە بـۆ بەڕێـز جۆنسـتۆن نێـردراوە، بۆتـان دەنێـرم.

G S Burton

بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

کۆمەڵی مانگی سووری کورد (ل ٣٥٩)

کۆمیتەی هاوکاری ئەوروپا (European Liaison Committee)

P. O. Box 668

London S، W، 1

بەڕێز...

ئـەوناميلکەيـەی (booklet) بۆتـان نێـردراوە، بريتييـە لـە پوختەيـەک لـە بارودۆخـی پزيشـکی کـە حاڵيحـازر لـە کوردسـتانی عێـراق لـە ئارادايـە.

ناوەڕۆکـی ناميلکەکـە مـرۆڤ تووشـی خەمۆکـی دەکات، بـەڵام ئـەم ناوەڕۆکـە بـێ کـەم و زيادکـردن، حەقيقەتەکـە دەخاتـەڕوو. لەوانەيـە پێـش ئێسـتا هيـچ شـتێکتان لەبـارەی شـەڕی کوردسـتان نەبيسـتبێت، بـەڵام دڵنيـام بـە خوێندنـەوەی ئـەم ناميلکەيـە ئێـوە هـاوڕا دەبـن کـە گەلـی کـورد بووەتـە قوربانييەکـی بـێ تاوانـی، بارودۆخێکـی سياسـی ئەهريمەنـی.

ڕۆژانـە بەهـۆی شـەڕەوە چەنديـن کەس گيـان لەدەسـت دەدەن و چەندين کەسيتريش بەهـۆی گەمـارۆی ئابـوری و وەسـتاندنی يارمەتـی پزيشـکی، هەڕەشـەی لەدەسـتدانی ژيانيـان لەسـەرە. بەروبومـی کشـتوکاڵی ئاگريـان تێبـەردراوە، نەخۆشـييە ترسـناکەکان سـەريانهەڵداوەتەوە و بەهاتنـی وەرزی سـەرما، بەسـەدان خێـزان بـێ خانـوو دەمێننـەوە.

مـن پەرەگرافێکـی زۆر گرنـگ لـەم ناميلکەتـان وەک خـۆی بـۆ دەخەمـەڕوو «ئێمـە پێداگـری لەسـەر ئـەوە دەکەيـن، ئاسـتی نەهامەتـی مـرۆڤ لـە کوردسـتاندا بەهـۆی شـەڕ و نەبوونـی خزمەتگـوزاری پزيشـکييەوە سـنووری کێشـەی ناخۆيـی بەزانـدووە و بـێ يارمەتـی دەرەکـی، خزمەتگوزاريـی ئێسـتای پزيشـکی ماوەيەکـی زۆر ناخايەنێـت، ئەمـە بەرپرسـيارێتی ڕاسـتەوخۆی ڕێکخراوەکانـی پزيشـکی و خێرخـوازی نەتەوەيـی و نێودەوڵەتـی سەرتاسـەری جيهانـە [کـە خزمەتگـوزاری پزيشـکی بـۆ ئـەم خەڵکـە دابيـن بکـەن]. ئێسـتا بەرپرسـيارێتی ئـەم ڕێکخراوانەيـە ئەرکيـان بەجـێ بگەيێنـن و بنەماکانـی

مرۆڤایەتـی بەرانبـەر گەلـی کـورددا جێبەجـێ بکـەن». بێجگـە لەمـەش، ئێسـتا ئەمـە بەرپرسـیارێتی ڕێکخراوەکانـی جیهانـی دەرەوە و مرۆڤەکانیشـە. تکایـە یارمەتـی ئێمـە بـدەن.

پـتر لـە نیـو ملیۆن کەس پێویسـتی بەیارمەتـی ئێوەیە، سـەرەڕای پێویسـتی بەرکەوتووانی شـەڕ بـەم یارمەتیانـە، ئەرکـی سـەر شـانی ئێمـە سـووکتر دەکات و یارمەتیـمان دەدات ئەرکەکانمـان بـە شـێوەیەکی گونجاوتـر و مرۆڤایەتیـتر جێبەجـێ بکەیـن.

زۆر سوپاسی هاوکارییەکانتان دەکەین

لەگەڵ ڕێزدا....

Professor K. I. Majid، Univecity of Aston-Birmingham

یارمەتی قوربانیانی شەڕی کوردستان بدەن (ل ٣٦٠-٣٧١)

(Help the victims of Kurdistan war)

ئێمە داواکارین لە:

سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، دکتۆر ک. والدهایم (Dr K. Waldheim)

کۆمەڵەی ئەنجوومەنەکانی خاچی سوور

کۆمیتەی نێودەوڵەتی خاچی سوور

ڕێکخراوەکانی خاچی سووری نەتەوەیی (مانگی سوور (Red Crescent)، شێر و ڕۆژی سوور)

ڕێکخراوەکانی خێرخوازیی نەتەوەیی

گشت ئەو کەسانەی گرنگی بە نەهامەتییەکانی مرۆڤ دەدەن

لە سەرتاسەری جیهاندا

یارمەتی قوربانیانی شەڕ لە کوردستان بدەن

دەستپێک

کۆمەڵەی مانگی سووری کوردستان، ڕێکخراوێکی مرۆیی و ناحکومییە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی خەڵکی کوردستان دامەزراوە لەپێناو یارمەتی و چاودێریکردنی پزیشکی بێ جیاکاری (تبعیض) لە نێوان بەرکەتووانی مەدەنی و سەربازیی شەڕی نێوان هێزەکانی حکومەتی بەغدا و هێزە کوردییەکان (پێشمەرگە) کە لە باکووری عێراق لە ئارادایە.

ئامانجی ئەم ڕێکخراوە دابینکردنی خزمەتگوزاریی پزیشکی ڕۆژانەیە بۆ پاراستنی ژیان و تەندروستی ئەو کەسانەی لە ناوچەی [کوردستاندا] دەژین و بۆ دڵنیا بوون لە ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤەکان.

ئەم ڕێکخراوە بڕوای پتەوی بە بنەماکانی خاچی سوور و پەیماننامەی جنێڤ هەیە.

(ئەو وێنانەی لە دەقە ڕەسەنەکەدا لە لاپەڕەکانی ٥، ٨، ٩، ١٢ و ١٦دا هاتوونە لێرەدا زیاد نەکراون).

کەیسی ئێمە (Our Case)

مانگـی سـووری کوردسـتان (K. R.C.S) هەوڵـدەدات لـە ڕێگـەی ڕێکخـراوە مرۆییـە نەتەوەیـی و نێودەوڵەتیەکانـەوە (وەک خاچـی سـووری نێودەوڵەتـی و ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان)، ئەنجوومەنـە پزیشـکییەکان، حکومەتـەکان، دامـەزراوە نـاسراوەکان، کەسایەتییەکان و چاپەمەنـی ناوخۆیـی و دامەزراوەکانـی پەخـش و بڵاوکردنـەوەی [تیڤـی و ڕادیـۆ] وڵاتـە جۆراوجـۆرەکان، کەیسـەکەی خـۆی بخاتـە بـەردەم ڕای گشـتی جیهـان.

ئـەم کەیسـە، چیرۆکـی نەهامەتـی بەردەوامـی گەلـی کـوردە کـە لـە ئەنجامی شـەڕێکی درێژخایـەن [بەسـەریدا هاتـووە] و بـە هۆکارگەلـی سیاسـییەوە، لـە دەرەوەی عێـراق کەمتر گـوێ بیسـتی ئـەم شـەڕە بووینە.

ئامانجـی ئێمـە خسـتنەڕووی لایەنـی مرۆیـی ئـەم شـەڕە و سەرنجڕاکێشـانی جیهانـە بـۆ سـەر کارەسـاتێکی مرۆیـی کـە لەهـەر چرکەسـاتێکدا ئەگـەری ڕوودانـی لـە ئارادایـە، کارەسـاتێک کـە دەکرێـت بـە لـە ناوچوونـی گەلـی کـورد کۆتایـی پێبێـت.

## حەقیقەتە جیوگرافی و کۆمەڵایەتییەکان (Geographical and Social Facts)

(بڕوانە نەخشەی کۆتایی ئەم بابەتە)

کوردسـتان دراوسـێی عێـراق، ئێـران، تورکیـا و سـووریایە (هەروەهـا کەمینـەی کـورد لـە یەکێتـی سـۆڤیەت هەیـە). ئـەو بەشـەی لـەم داواکارییـەدا (appeal) مەبەسـتی ئێمەیـە، بریتییـە لـە کوردسـتانی عێـراق، ناوچەیەک بـە ڕووبـەری ٨٠،٠٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشـە کە دانیشـتووانەکەی نزیکـەی ٢ ملیـۆن بۆ دوو ملیۆن و دووسـەد و پەنجا هـەزار کەس دەبێت.

بـەراورد لەگـەڵ وڵاتانــی گەشەسـەندوودا، سـتانداردی ژیــان لــە کوردســتان لــە ئاســتێکی نزمدایــە؛ زۆربــەی خەڵــک لــە گونــدی بچووکــی دوور لــە یەکــتر دەژیــن و خەریکــی بەرهەمهێنانــی دانەوێڵــە و توتنــن. بەشــێکی دیکــەی دانیشــتووان لــە شــارۆچکەکاندا دەژیــن؛ پیشــەی ســەرەکی دانیشــتوانی شــار بریتییــە لــە: بازرگانــی بچـووک، دوکانداریـی، پیشـەی دەسـتی، فەرمانبـەری حکومـەت، مامۆسـتا و ژمارەیەکـی

بچووکیش بریتین لە چینی مامناوەند و خەڵکی پسپۆڕ. ژمارەیەکی زۆری خەڵک لە گوندەکان [بەرەوە شارەکان] کۆچیان کردووە. ژمارەی کارگەکانی کوردستان لە پەنجەکانی یەک دەست تێپەڕ ناکات. جوگرافیای کوردستان لە چیای بەرز و دۆڵی قووڵ پێکهاتووە. دۆخی ڕێگاوبانەکان خراپە، ئەمەش وایکردووە پەیوەندیکردن ئاستەم بێت و هەڵمەتی ڕزگارکردن زۆر بە لەسەرخۆیی بەڕێوە بچێت، بە تایبەتی لە وەرزی ساردی دورودرێژی زستاندا.

ئابوری بێ نەوت (٧٥٪ نەوتی عێراق لە کوردستان دەردەهێندرێت) کە لە دەست حکومەتی بەغدادایە، ئابوریەکی لەرزۆکە. هەروەها بەروبومی کشتوکاڵی بەهۆی کەمی باران یان سوتاندنی ئەم بەروبومە بەهۆی شەڕەوە، خەڵکی لە دۆخی قات و قڕی نزیک کردووەتەوە.

### مێژووی پێکدادانەکانی ئێستا (History of the recent conflicts)

مێژووی جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد، مێژوویەکی درێژ و ئاڵۆزە. ئەم جوڵانەوەیە لە سەرەتای ئەم سەدەیە دەستی پێکردووە. هەرچەندە ئەم جوڵانەوەیە بەهێزتر بوبێت، زۆرتر ڕووبەڕووی حکومەتی ناوەندی بووەتەوە. درێژخایەنترین ڕووبەڕووبوونەوە لە کوردستانی عێراق لە نێوان ساڵانی ١٩٦١-١٩٧٠دا بوو. ئەم شەڕە بە ئاگربەستێک لە ئەنجامی بەڵێنی حکومەتی بەغدا بە بەخشینی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد بۆ ماوەی چوار ساڵ وەستا.

ناوەڕۆک و سنوورەکانی ئۆتۆنۆمی لەلایەن هەر لایەنێک لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکرا و دانوستاندنی ئاشتیخوازانە بۆ لێکنزیک کردنەوەی لایەنەکان سەرکەتوو نەبوو. بەداخەوە، ئەمەش بووە هۆی دەستپێکردنەوەی شەڕێکی دڕندانە و ستەمکارانە کە ئەم ناوچەیە هەرگیز بەخۆوە نەبینی بوو. لە سەرەتای مانگی نیسانەوە، بە هەزاران خەڵک، بە تایبەتی ئافرەت و منداڵ و خەڵکی بەساڵاچوو کوژران و ژمارەیەکی زۆری خەڵکیش بریندار بوونە یان سوتێنراون. بە سەدان گوند بە تەواوەتی خاپور کراون و شارۆچکەکان بۆمباران کراون. هەزاران کەس لە ترسی بۆمبارانکردن و گازی ژەهراوی،

ماڵەکانیـان بـە جێهێشـتووە و لـە شـاخەکاندا خۆیـان حەشـار داوە. لەلایـەن سـوپاوە گەمـارۆی ئابـوری و پزیشـکی خراوەتەسـەر ناوچەکـە.

بەڕێوەبردنـی شـارە گەمـارۆدراوەکان لـە دەسـت حکومەتـی بەغـدا دایـە و گونـدەکان و شـارۆچکەکانیش لەلایـەن پێشـمەرگەوە بەڕێـوە دەچـن.

شـەڕەکە، شـەڕێکی پارتیزانیـە؛ هاوکاتـە لـە هەڵگیرسـانی لـە نـاکاوی توندتیـژی لـە هـەر بەشـێکی کوردسـتان. ئـەم شـەڕە مـاوەی نـۆ سـاڵی خایانـدووە و لـە سـاڵی ١٩٦١ەوە دەسـتی پێکـردووە. بۆیـە بـە دڵنیاییـەوە ئـەم شـەڕە پـڕ لـە توندوتیژییـە و لەوانەیـە کاتـی زۆرتـر بخایێنێـت و ژیانـی خەڵکـی زۆرتـر تێبچێـت و وێرانـی زۆرتـری بـەدوادا بێـت.

**تەندروستی و خزمەتگوزاریی لە کاتی شەڕ و جەنگدا**

**(Health and Medical Services in the Peace and War)**

پێویسـت بـە خسـتنەڕووی داتـا نـاکات، چونکـە تەنانـەت لـە سـەردەمی ئاشتیشـدا، خزمەتگوزاریــی پزیشــکی لــە نزمتریــن ئاســتی خۆیــدا بــووە. ژمــارەی فەرمانبەرانــی پزیشـکی لـە کوردسـتان وەک پێویسـت نییـە. ئـەو ژمـارە کەمـەی تەختـی خەسـتەخانەکان و خزمەتگوزاریــی پزیشــکییە ســەر پێییــەی هەبــوون، حاڵیحــازر کار ناکــەن؛ ئەمــەش نـەک بەهـۆی سـتاندارد نەبوونـی ئاسـتی ئـەم خزمەتگوزارییانـە یـان گرانـی چارەسـەری پزیشـکی وەک ئـەوەی لـە ڕۆژئـاوا هەیـە، بەڵکـو بەهـۆی نەبوونـی دەرمانـی سـادەی وەک ئاسـپرین، ئەنتـی بایۆتیـک، دژە میکـرۆب، پەمـوی دەرمـان و برینپێـچ.

ڕۆژانــە بــە ســەدان نەخــۆش ســەردانی بەشــی چارەســەریی ســەرپێیی دەکــەن، دوای چەنـد کاتژمێـر چاوەڕوانـی تەنیـا نەخۆشـییەکە دەستنیشـان دەکرێـت، یـان ئـازار شــکێنی پێدەدرێــت. تەنیــا لــە شــارە گــەورەکان نەبێــت. فریاگوزاریــی لــە نەبــوون نزیکـە. دۆخـی خراپـی ڕێگاوبانـەکان و زسـتانی دورودرێـژ، وای کـردووە ژمارەیەکـی زۆری گونـدەکان لـە یەکـتر دابڕێـن.

بەهـۆی نەبوونـی خزمەتگوزاریـی گشـتی پێشـگیریکردن لـە نەخۆشـی و بەهـۆی

هەژارییـــەوە، ئاســـتی نەخۆشـــی هەوکـــردن و نەخـــۆش بـــوون بەهـــۆی [بـــەد] خۆراکییـــەوە بـــەرز بووەتـــەوە؛ بـــۆ نمونـــە ســـیل، تیفویـــد، مالاریـــا، کـــەم خوێنـــی، نەخۆشـــی گورچیلـــە و جـــەرگ.

چاودێـری ئافرەتـی دوو گیـان (چاودێـری پێـش لـە دایـک بـوون) لەسـەر شـێوازی ڕۆژئاوایـــی بوونـــی نییـــە. بەهـــۆی نەبوونـــی دەرمانـــی پێکوتـــەی دژی نەخۆشـــییە ســـەختەکانی وەک تیفویـــد، کۆخـــە ڕەشـــە، کـــوزاز و ســـیل و خۆپاراســـتن لـــە مالاریـــا و دەرمانـــی کوشـــتنی کـــرم، ڕێـــژەی مردنـــی منـــداڵ بـــەرزە. بەهـــۆی بەدخۆراکـــی، نەخۆشـییە گـوازراوەکان و تەنانـەت نەخۆشـییەکانی وەک سـورێژە، دەبنـە هـۆی گیـان لەدەســـتدانی ژمارەیەکـــی زۆری خەڵـــک.

لـــە سەرتاســـەری کوردســـتاندا نەخۆشـــخانەیەک یـــان ناوەندێکـــی چارەســـەری نەخۆشـــی دەروونـــی، خـــاوەن پێداویســـتییەکانی مێشـــک و جەســـتەیی یـــان نەخۆشـــییەکانی تایبـــەت بـــە بەســـاڵاچووان بوونـــی نییـــە.

کاتێـک حەوتانـە بەسـەدان بەرکەوتـوی شـەڕ [کـوژرا و برینـدار] کـە زۆربەیـان ژن و منداڵـــن و هەروەهـــا چارەســـەرییە ســـەرەتاییەکانیش بوونـــی نییـــە و لەلایـــەن حکومەتـەوە گەمـارۆ خراوەتـە سـەر گشـت جـۆرە دەرمانـە پزیشـکییەکان و خـۆراک، تەنیـا بـە چـاو بەسـتنێک مـرۆڤ دەتوانێـت وێنەکـە بخاتـە بەرچـاوی خـۆی کـە چ بارودۆخێـک لـە ئارادیـە.

لـە دوو مانگـی سـەرەتای شـەڕدا بەهـۆی بۆمبـاران، ١،٥٣٤ مەدەنـی کـوژراون و ٣،٥٠٠ کەسـیش برینـدار بوونـە؛ هەروەهـا، نزیکـە ١٥ شـارۆچکە و ٢٠٤ گونـد بۆردمـان کـراون. یەکێـک لـە خراپتریـن حاڵەتـەکان بۆردمانکـردنی شـارۆچکەی قـەڵادزێ بـووە کـە تێیـدا گشـت دوکانـەکان، خانـووەکان، قوتابخانەیـەک و بەشـێک لـە نەخۆشـخانە خاپـور کـراون. لـەم هێرشـەدا، ١٣٠ کـەس کـوژراون کـە ٨٠ کەسـیان منداڵـن.

## ڕۆڵی مانگی سووری عێراق

مانگی سووری عێراق هیچ هەنگاوێکی بۆ سووککردنی ئازارەکانی خەڵکی ئێمەی [کورد] نەگرتووەتەبەر. ئەوان هیچ هاوکارییەکیان بۆ ئەم ناوچەیە نەناردووە؛ جا بە دەستپێشخەری خۆیان بێت یان بە هانا هاتنی داواکاری خەڵک بێت کە داوای کەرەستەی پزیشکی، دەرمان، خۆراکی منداڵان، چادر و ستافی پزیشکیان دەکرد. ئەم ڕەفتارە بە درێژایی جەنگی ساڵانی ١٩٦١-١٩٧٠ بەردەوام بووە.

بە پێچەوانەوە، ئەم ڕێکخراوە ڕێگە نادات یارمەتییەکان بگاتە دەست قوربانیانی شەڕ. ئەمەش چەندین جاریتر ڕوویداوە، کاتێک هاوکارییەکانی وەک دەرمان و خواردن لە ڕێگەی مانگی سووری عێراقییەوە بۆ کوردستان نێردراوە. ئەم یارمەتییانە یان هیچ کاتێک نەگەیشتوونەتە کوردستان، یان دوای بەسەرداچوونی ماوەی دەرمان و کەرەستەکان، گەیشتوون بۆئەوەی نەتوانرێت بەکار بهێنرێن.

ئەم کارەی مانگی سووری عێراق جێگەی سەرسوڕمان نییە، چونکە سیاسەتمەدارە پلە باڵاکان و دەسترۆکانی حکومەتی عێراق ئەندامی کۆمیتەی جێبەجێکاری مانگی سووری عێراقن.

ڕەفتار و کردەوەکانی مانگی سووری عێراق، دوورە لە بنەما سەرەکییەکانی ڕێکخراوی خاچی سووری [نێودەوڵەتی].

## مانگی سووری کوردستان چییە؟

بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی شەڕێکی وێرانکەر لە ناوچەیەکی زۆر بچووکدا، ڕێکخراوەکەی ئێمە لە دایک بوو. بنەماکانی ئێمە بریتین لە بنەمای مرۆڤایەتی و بێلایەن بوون. ئەم ئەنجوومەنە، ڕێکخراوێکی ناسیاسی و خۆبەخشانەیە. ئامانجەکەی بریتییە لە پاراستنی ژیان و تەندروستی مرۆڤەکان و پێشگیریکردن و کەمکردنەوەی نەهامەتییەکانی مرۆڤ، ئەمەش بەچاوپۆشین لە نەتەوە، نەژاد، ئایین، چین و بۆچوونی سیاسی؛ ئەم ڕێکخراوە تەنیا بە پێی پێداویستییەکانی مرۆڤ ئاڕاستەدەکرێت.

سـەربەخۆ بوونـی ئێمـە لەهـەردوو لایەنـی ناکۆکییەکـە [واتـە کـورد و حکومەتـی بەغـدا] بـەردەوام دەبێـت و پابەنـدی بنەماکانـی خاچـی سـووری [نێودەوڵەتـی] دەبیـن.

لـە ڕووی جوگرافییـەوە ئێمـە لـەو ناوچانـە کار دەکەیـن کـە لـە ژێـر کۆنتڕۆڵـی پێشـمەرگەدان. هـەر کاتێـک حکومەتـی عێـراق ڕێگـەی بـە ئێمـەدا، ئێمـە خزمەتگوزارییەکانمـان بـۆ سەرتاسـەری کوردسـتان فـرەوان دەکەیـن. بـۆ ئـەم مەبەسـتەش داواکارییەکـی فەرمـی ئاڕاسـتەی دەسـەڵاتدارانی عێـراق دەکرێـت.

هیواداریـن بـە فەرمـی لـە کۆمەڵـەی ئەنجوومەنەکانـی خاچـی سـوور (League of Red Cross Societies) ببیـن بـە ئەندام.

**پلانەکانی ئێمە**

هێڵە سەرەکییەکانی کاری ئێمە بریتین لە:

١. لە ناوەوەی کوردستان

زۆرینـەی ئەندامەکانـی ئەنجوومەنەکـەی ئێمـە لـە ناوچـەی شـەڕ و گەمـارۆدراوی کوردسـتاندا کار دەکـەن. ئـەم کەسـانە بریتیـن لـە پزیشـک، نەشـتەرگەر، دەرمانسـاز، پەرەسـتار و دەسـتەی پزیشـکی و ناپزیشـکی. سـەرەڕای کەمـی ئـەو کەرەسـتانەی لەبـەر دەسـتی ئێمـەدان، ئێمـە گشـت تواناکانـی خۆمـان دەخەینەگـەڕ تـا کێشـەکانی تایبـەت بـە پزیشـکی چارەسـەر بکەیـن.

ئێمـە بـەردەوام دەبیـن لـە دابینکردنـی خزمەتگوزاریـی پزیشـکی بـۆ نزیکـەی نیـو ملیـۆن کـەس لـە ڕێگـەی دامەزراندنـی کلینیکـی چارەسـەری سـەرپێیی، چارەسـەرکردنی ژمارەیەکـی زۆر نەخـۆش، ڕێنماییکـردن لەبـارەی چۆنیەتـی خۆپاراسـتن لـە نەخۆشـییە گـوازراوەکان، کوتـانی منـداڵان و دابەشـکردنی خـۆراک و شـیر بەسـەر منداڵانـدا. کەیسـە مەترسـیدار و خێـراکان بـۆ خەسـتەخانە دەگوازرێنـەوە. هەروەهـا، چاودێـری بەرکەوتووانی شـەڕی سـەر بـە هەردوولایـەن دەکەیـن. ئێمـە خزمەتگوزاریـی پزیشـکی بـۆ زیندانیانـی شـەڕ و پەنابـەرەکان دابیـن دەکەیـن.

٢. لە دەرەوەی کوردستان

ئەندامانـــی ئێمـــە، بـــە تایبەتـــی لـــە وڵاتانـــی ئەوروپـــا، پەیوەنـــدی بـــە گشـــت ڕێکخراوەکانـــی جیهانـــەوە دەکـــەن بـــە چاوپۆشـــین لـــە شوناســـی نەتەوایەتـــی ئـــەم ڕێکخراوانـــە و لـــە ڕۆژئـــاو و ڕۆژهـــەڵات وەکـــو یـــەک، ســـەرنجی ئـــەم ڕێکخراوانـــە بـــۆ بارودۆخـــی مەترســـیداری وڵاتەکەمـــان ڕادەکێشـــن و داوای یارمەتـــی و هاوکارییـــان لـــێ دەکـــەن. هیواداریـــن دۆســـتەکانمان لـــە سەرتاســـەری جیهـــان بـــە هانامانـــەوە بێـــن. مەتەڵێکـی کـوردی هەیـە دەڵێـت «تەنیـا لـە کاتـی تەنگانـەدا دەردەکەوێـت کـە کـێ هاوڕێـــی تۆیـــە»، مەتەڵێکـــی ڕاســـتە.

ئێمـــە پێداگـــری لەســـەر ئـــەوە دەکەیـــن کـــە ئاســـتی نەهامەتـــی مـــرۆڤ لـــە کوردســـتاندا بەهـــۆی شـــەڕ و نەبوونـــی خزمەتگـــوزاری پزیشـــکییەوە ســـنووری کێشـــەی ناوخۆیـــی بەزانـــدووە. بـــێ یارمەتـــی دەرەکـــی، خزمەتگوزاریـــی ئێســـتای پزیشـــکی ماوەیەکـــی زۆر ناخایێنێـــت، بۆیـــە ئەمـــە بەرپرســـیارێتی ڕاســـتەوخۆی ڕێکخراوەکانـــی پزیشـــکی و خێرخـــوازی نەتەوەیـــی و نێودەوڵەتـــی لەسەرتاســـەری جیهاندایـــە [کـــە خزمەتگـوزاری پزیشـکی بـۆ ئـەم خەڵکـە دابیـن بکـەن]. ئێسـتا بەرپرسـیارێتی ئـەم ڕێکخراوانەیـــە ئەرکیـــان بەجـــێ بگەیەنـــن و بنەماکانـــی مرۆڤایەتـــی بەســـەر گەلـــی کـــورددا جێبەجـــێ بکـــەن.

ئێمـە لـە پایتەختـی وڵاتانـی ئەوروپـا و باکـووری ئەمریـکا دەسـت بـە کۆکردنـەوەی پـارە دەکەیـن، تـا دەرمـان و کەرەسـتەی پزیشـکی بکڕیـن کـە پێداویسـتی خێـران.

## چۆن دەتوانن یارمەتی ئێمە بدەن

هەر تاکێک لە ئێوە، بە پێی توانای خۆی دەتوانێت یارمەتی ئێمە بدات، جا ئێوە ئەندامی ڕێکخراوێکی خێرخوازی بن یان تاکێکی ئاسایی. ئێمە پێویستییەکی بە پەلە و زۆرمان بەم یارمەتییانە هەیە. هەر یارمەتییەکی پزیشکی کە ئێوە بۆ ئێمەی دەنێرن، یارمەتیدەرێکی گەورەیە. ئەگەر ناتوانن کەرەستەی پزیشکی دابین بکەن، زۆر سوپاستان دەکەین ئەگەر پارەمان بۆ بنێرن.

داواتان لێدەکەین بە پێی ڕێنماییەکانی کۆمەڵەکەمان، پێداویستی پزیشکی بۆ ناوچەی شەڕ بنێرن، ئەمەش تاکە ڕێگەی گەرەنتی کردنی گەیشتنی ئەم پێداویستییانە بۆ شوێنی مەبەست.

دەکرێت کارتی پۆستە و چەکی بانکی بۆ ئەنجوومەنی مانگی سووری کوردستان بنێردرێت.

یان بە ڕاستەخۆ هاوکارییەکانتان بنێرن بۆ:

Kurdistan Red Crescent Society

Account No. 19085834

The National Westminster Bank Ltd (U. K)

Earl's Court Branch

195 Earl's Court Road

London، S.W.5

## سوپاسگوزاریی

ئێمــە سوپاســی گشــت ئــەو کــەس و ڕێکخراوانــە دەکەیــن کــە یارمەتــی خەڵکــی ئێمەیــان داوە.

Write:

KURDISTAN RED CRESCENT SOCIRTY

EURPEAN LIAISON COMMITTEE

P.O.BOX 668

LONDON، SW5 0HD



نهێنی (ل ٣٧٢)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

١ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٤

G S Burton Esq

بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس

لەندەن

کورد

١. سوپاس بۆ نامەکەی ڕۆژی ٢٠ی ئەیلوول کە کۆپییەک لە نامەگۆڕینەوەی نێوان پەرلەمانتار بەڕێز راسیڵ جۆنستۆن (Mr Russel Johnston) و بەڕێز ئێنالس (Mr Ennals)؛ و هەروەها کۆپییەک لە نامەی ئەنجوومەنی مانگی سووری کوردستانتان هاوپێچ کردبوو. ئەگەر دەتوانن کۆپییەک لە نامیلکەکەی (booklet) ئەنجوومەنی مانگی سووری کوردستانمان، بە ناونیشانی «یارمەتی قوربانیانی شەڕی کوردستان بدەن»، بۆ بنێرن.

٢. هەروەها سوپاستان دەکەین بۆ ئاگادار کردنەوەمان لەبارەی فلمی بەڵگەیی ‹ATV› [لەسەر شەڕی کورد] کە لە ٢٩ی تشرینی یەکەم بڵاودەکرێتەوە، دوای بڵاو بوونەوەی فیلمەکە ئێمە چەندین ناڕەزایەتی وەزارەتی کاروباری دەرەوەمان بەدەست دەگات.

R G Giddens

زۆر نهێنی (ل ٣٧٣)

R R JISNE

GR 420

CYPHER CAT A

FM BAGHDAD 241020Z

SECRET

بـۆ تەلەگرامـی بەپەلـەی وەزارەتـی بەرگـری شانشـینی یەکگرتـوو (MODUK) لـە ٢٤ی ئەیلـوول.

بۆ بەرچاوڕوونی بنێردرێت بۆ تاران، دیمەشق جیسن (JISNE).

پوختەی حەوتانە

کوردستان

جیـا لـە فەوجەکانـی ١٥ و ١٩ی بـەسرا و فەوجـی ١٠ کـە لـە سـەلمان پـاک جێگیـر بـووە و هەندێـك یەکـەش کـە لـە نێـوان مەندەلـی و بـەدع (Badaa) جێگیـر بوونـە، گشـت یەکەکانـی دیکـەی سـوپا، لـە کوردسـتان سـەرقاڵی جەنگـن. ڕاپۆرتـەکان بـاس لـەوە دەکـەن شـەڕێکی قـورس لـە ناوچـەی ڕوانـدز، ڕانیـە و قـەڵادزێ لـە ئارادایـە. ئـەو دەنگۆیانـە ڕەتکراوەتـەوە کەلـە ١٠ ڕۆژی ڕابـردوو لـە بەغـدا بـاس دەکـرا ڕوانـدز کەوتووەتـە دەسـت کـورد. بـاس لـەوە دەکرێـت حکومـەت بـە نیـازە بـە هـەر نرخێـک بێـت ڕوانـدز لـە دەسـت نـەدات. ئـەو ڕاپۆرتانـەی بـاس لـەوە دەکـەن کـورد قەڵادزێیـان وەرگرتووەتـەوە، ڕاسـتن. ورەی کـورد زۆر بـەرزە و دەتوانـن پارێـزگاری لـە ناوچەکانـی خۆیـان بکـەن، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی گوشـاری هێـزە کوردییـەکان بـۆ سـەر ڕوانـدز و ڕانیـە تـا لـە ناوەڕاسـتی مانگـی تشرینـی یەکـەم وەرزی زسـتان دەسـت پێـدەکات. هەروەهـا کـورد بەردەوامـی بـە چالاکـی پارتیزانـی خۆیـان لـە گشـت ناوچەکانـی کوردسـتان، لـە زاخـۆوە تـا خانەقیـن دەدەن. ئـەو

ڕاپۆرتانــەی باســیان لــە بوونــی ڕاوێــژکاری ڕووســی لــە جەنگــی زەمینــی (دووبــارەی دەکەمــەوە جەنگــی زەمینــی) دەکــرد لــە لایــەن بەغــداوە ڕەتکراونەتــەوە؛ ئەویــش بەهــۆی مەترســیدار بوونــی ئــەم کارە.

چاپەمەنییەکانــی ســەر بــە حکومــەت لــە پشــتگوێ خســتنی شــەڕی باکــوور بەردەوامــن، تەنیــا بــاس لــە زیانەکانــی کــورد دەکــەن. ئــەو هێزانــەی حکومــەت کــە بــۆ مــاوەی ٥ ڕۆژ گەڕاونەتــەوە بەغــدا، بــاس لــە شــەڕێکی قــورس و زۆری برینــدار و کوژراوەکانــی ســەربازان و بەردەوامــی کــورد لــە بەتەنگهێنانــی ســوپای عێــراق دەکــەن.

Giddens

نهێنی (ل ٣٧٤-٣٧٧)

GRS 200A

PRIORITY

CYPHER CAT A

FM FCO 261420Z

CONFIDENTIAL

بۆ تەلەگرامی پێشینەی تاران بە ژمارە ٣٩٩ لە ٢٦ی ئەیلوول.

لەلایەن رایت (Wright)ەوە. بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

ژەنەڕاڵ سێر ئارسور درۆمۆند (Sir Arthur Drummond)،

١. ئەمڕۆ بەیانی لەلایەن جێگری وەزیری (nder Secretary) کاروباری دەرەوە [عێراق] بانگێشتکرام تا فەرمانەکانی وەزارەتەکەی پێم ڕابگەیێنێت و ئاماژەی بە «نیگەرانی قووڵی» دەسەڵاتدارانی عێراقی کرد لەبارەی ساردبوونی پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە [واتە عێراق و بەریتانیا].

٢. جەمالی گوتی هەروەک ئاگادارم، ژمارەیەک لە پاسەپۆرتی عێراقی چیتر لە بەریتانیا کاریان پێ ناکرێ. فەرمانی پێکرابوو بڵێت ئەم هەنگاوە بەم هۆکارانەی خوارەوە گیراوتەبەر:

ا دەستگیرکردن و زیندانیکردنی هاووڵاتیانی عێراقی بەهۆی دزیکردن، کارێکە کە لەلایەن زایۆنیستەکانەوە ڕێکخراوە. کاربەدەستانی بەریتانیا هیچ ڕێکارێکیان بۆ ڕێگریکردن لە ڕوو نەدانی ئەم جۆرە کردەوانە نەگرتووەتەبەر.

ب بەردەوامبوونی سیاسەتی ئێمە لە گرتنەبەری ڕێکاری توند لەسەر ڤیزای هاتنەناوەوەی بەریتانیا. سەرەڕای داواکاری خودی وەزیر (تەلەگرامەکەم بە ژمارە ٣٢٥) ئێمە درەنگ ڤیزامان داوە بە سێ فەرمانبەری وەزارەتی [باڵیۆزخانەی عێراق لە بەریتانیا] کە لە لەندەن پێویستیان پێیە.

ج بەریتانیا سیاسەتێکی گرتووتەبەر کە زۆرتر پشتگیریی لە کوردە بەرهەڵستەکانی [حکومەتی عێراق] دەکات تا لە خودی حکومەتی عێراق. فەرمانبەرانی بەریتانیا لە لەندەن پێشوازی لە نوێنەری کوردە بەرهەڵستکارەکان دەکەن. هەروەها، ڕۆژنامەکانی بەریتانیا پڕن لە ڕاپۆرتی ڕەخنەگرانە لەسەر سیاسەتی حکومەتی عێراق لەهەمبەر کورد دا.

(دوایین دێڕی ئەم پەرەگرافە لە بەڵگەنامە ڕەسەنەکەدا نەماوە).

د ئێمە لە بابەتی سنوورەکان و پرسی کورد پشتگیریی لە ئێران دەکەین. لە زۆربەی بابەتەکاندا سیاسەتی ئێمە بە ئاشکرا بە سوودی ئێرانە نەک عێراق.

٣. بەردەوام بوو لە قسەکردن لەسەر زۆرێک لەو بابەتانەی پێشتریش لەبارەی عێراق ئاماژەی پێدابوو. بۆنموونە، بێ ئومێدبوون لە خواستیان بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانی [نێوان عیراق و بەریتانیا] (نامەکەم بە ژمارە ٢٦٢). بۆ دەسەڵاتدارانی عێراقی سەختە لەوە تێبگەن کە بۆچی پەیوەندییەکانمان بەم شێوەیەن، بە بۆچوونی ئەو، باڵیۆزی خاوەنشکۆ لە عێراق کاتێک دەست بەکار دەبێت ئەرکەکانی زۆر قورس دەبێت، ئەگەرپەیوندییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە بەرەو باشتر نەچێت. بە بۆچوونی ئەو، سەرەکیترین کێشە، کێشەی ڤیزایە. ئەگەر ئێمە بەربەستەکانی سەر ڤیزا هەڵبگرین، عێراق زۆر خۆشحاڵ دەبێت، بەڵام تا ئەوکاتەی ئەم ڕێکارە نەگیرێتەبەر، ئەوان ناتوانن هیچ بکەن، تەنیا تۆڵەسەندنەوە نەبێت.

٤. بۆ وەڵامدانەوەی ئەو خاڵانەی جەمال، وروژاندنی من بوو کە گوتم لەلایەن دادگای بڕیتانیاوە دوو هاووڵاتی عێراقی بە دزی تۆمەتبارکراون؛ ئاگاداری ئەو بەڵگانە نیم کە بۆ بەرگریکردن لەم دوو کەسە خراونەتەڕوو، بەڵام من دڵنیام بەڵگەی بەهێز خراونەتە بەردەم دادوەرەکان. هیچ تێبینیەکم لەسەر قسەی جەمال نەدا کە گوایە ئەم کارە لەلایەن زایۆنیستەکانەوە ئەنجامدراوە.

٥. پەیوەست بە کورد، زۆر بەجیددی پێداگریم لەسەر ئەوە کرد کە فەرمانبەرانی نووسینگەی کاروباری دەرەوە پێشوازییان لە هیچ کوردێکی بەرهەڵستی

حکومەتـی عێـراق نەکـردووە (تەلەگرامەکەتـان بـە ژمـارە ١٧٩). وەبیـری ئـەوم خسـتەوە کـە لـە بەریتانیـا هیـچ کۆنترۆڵێـک لەسـەر چاپەمەنـی نییـە. ڕۆژنامـەکان ئـازادن لـە پشـتگیریکردن لـە لایەنێـک لـە دژی لایەنێکیـتر. مـن غەمبـاری خـۆم دەربـڕی لەسـەر ئـەوەی شـاندەکەی حـەداد نەیتوانیـوە لـە سـەردانەکەی لەنـدەن بـە باشـی سـوود لـە کاتەکـەی وەرگرێـت (تەلەگرامەکـەی ویلیـام لـە ٣ی ئەیلـوول کـە بـۆ منـی ناردبـوو). بـە پێـی زانیارییەکانـی مـن، ئـەم شـاندە هیـچ وادەیەکـی وەرنەگرتبـوو بـۆ چاوپێکەوتـن لەگـەڵ نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، هەروەهـا ڕێـکارەکان بـۆ ئەنجامدانـی کۆنفرانسـی ڕۆژنامەگـەری لەلایـەن ئـەم شـاندەوە، بـە باشـی نەگیرابوونەبـەر. گوتـم ئەگـەر حکومەتـی عێـراق نارەزایەتـی هەیـە لەسـەر چۆنیەتـی مامەڵەکردنـی چاپەمەنـی بەریتانیـا لەسـەر پرسـی کـورد، یەکەمیـن هەنـگاو ئەوەیـە، حکومەتـی عێـراق زۆر بـە ڕوونـی بـاس لـە سیاسـەتی خـۆی لەبـارەی [پرسـی کـورد] بـکات. دیـارە عێراقیـش ئـەم کارە نـاکات. جەمیـل لەسـەر ئـەم بابەتـە هەندێـك تێبینـی خسـتەڕوو و ئامـاژەی بـەوە کـرد، ئـەم بابەتـە بـۆ وەزارەتەکـەی [وەزارەتـی کاروبـاری دەرەوەی عێـراق] بـەرز دەکاتـەوە.

٦. لەبـارەی ئێـران، جەختـم لـەوە کـردەوە بـە دڵنیاییـەوە پەیوەندییەکانـی ئێمـە لەگـەڵ ئێـران لـە ئاسـتێکی زۆر باشـدان و مێژوویەکـی دوورودرێژیـان هەیـە، بـەڵام ئـەم پەیوەندییـە لەسـەر حیسـابی عێـراق نییـە. ئامـاژەم بـەوە کـرد هیـچ هۆکارێـک نییـە پەیوەندییەکانـی ئێمـە و عێـراق بـاش نەبـن، بـەڵام ئەمـەش کاتـی پێویسـتە. لەبـارەی ئـەوەی ئێمـە لەسـەر پرسـی کـورد یارمەتـی ئێـران دەدەیـن و بەشـدارین (abetting) لـەم کارەدا، ئەمـە دوورە لـە ڕاسـتییەوە، چونکـە هـەروەک ئامـاژەم بـۆ کـرد، ئێمـە پرسـی کـورد لـە عێراقـدا، بـە بابەتێکـی ناوخۆیـی عێـراق هەژمـار دەکەیـن.

٧. لەبـارەی ڤیـزا، ئـەو قسـانەم دووبـارە کـردەوە کـە پێشـتر گوتبـووم (تەلەگرامەکـەم بـە ژمـارە ٢٦٠)، واتـە ئێمـە غەمباریـن بـە هاتنـەدی ئـەم جـۆرە بارودۆخـە کـە بووەتـە هـۆی ئـەوە [فەرمانبەرانـی باڵیۆزخانـەی عێـراق لـە بەریتانیـا] ڤیـزا وەربگـرن، بـەڵام مـن لـەو پێگەیـەدا نیـم بڵێـم کـەی و چـۆن ڕێکارەکانـی تایبـەت

بـە ڤیـزا گۆڕانـی بەسـەردا دێـت، بـەڵام ئێسـتا، وەرگرتنـی ڤیـزا پێویسـتە. ئێمـە لەلایـەن خۆمانـەوە گشـت هەوڵەکانـی خۆمـان وەگـەڕ دەخەیـن کـە ئـەم ڕێـکارە کەمتریـن ئاسـتەنگ بـۆ گەشـتیاران دروسـت بـکات. حاڵیحـارز، ئێمـە خێراتـر لـە حکومەتـی عێـراق ڤیـزا دەردەکەیـن.

٨. هیـوادارم گشـت ئـەوە قسـانەی کـردم ببیتـە هـۆی ئـەوەی کاریگەریـی لەسـەر جەمـال دروسـت بـکات کـە هیـچ پاسـاوێک لـە ئـارادا نییـە بـۆ بەربەسـت دروسـتکردن بـۆ گەشـتکردن بـۆ بەریتانیـا و بـاوی ئـەم جـۆرە ڕێکارانـە نەمـاوە و خزمـەت بـە هیـچ ئامانجێـک نـاکات. ئـەو تەنیـا ئـەوەی گـوت، لـەم بـارەوە وەزارەتەکـەی ئـاگادار دەکاتـەوە.

٩. جەمـال جیـددی بـوو لـە ناڕەزایـی دەربڕینـی لەبـارەی هەڵوێسـتی ئێمـە لـە پێدانـی ڤیـزا [بـە شـاندی باڵیۆزخانـەی عێـراق] و ئـەو کاریگەرییـە نەرێنیانـەی کـە ئـەم هەڵوێسـتە لەسـەر پەیوەنـدی نێـوان ئـەم دوو وڵاتـەدا دروسـت دەکات. سـەبارەت بـە بابەتەکانـی دیکـە جەختـی لەسـەر بابەتـی دزیکردنـی [هاووڵاتیانـی عێـراق] و ئـەو فەرمانانەکـردەوە کـە لـەم بـارەوە لەلایـەن وزرارەتەکەیـەوە پێـدراون، لەوەشـدا هـاوڕای وەزارەتەکـەی نییـە.

١٠. بـەڕای مـن پێویسـتی نەدەکـرد لەسـەر بابەتەکانـی دیکـە قسـە بەکـەم، بـەڵام لەوانەیە ئێـوە پێتـان باشـتر بـوو بێـت لەسـەر بابەتـی ئیعتیبـاری پاسـەپۆرتەکان زۆرتـر قسـە بکـەم، بـەڵام بـە بـڕوای مـن بـە دامەزراندنـی باڵیـۆزی خاوەنشـکۆ [لـە عێـراق] ئـەو، بـە تەواوەتـی تیشـک دەخاتـە سـەر ئـەم بابەتـە. بەهەرحـاڵ، پرسـی پێدانـی ڤیـزا بـە شـاندی باڵیۆزخانـەی عێـراق، گرنگـترە [لـە پرسـی ئیعتیبـاری پاسـەپۆرتەکان].

سنووردار (ل ٣٧٨)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا- بەغدا

١ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٤

G S Burton Esq

بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنویڵس- لەندەن

ئەنجوومەنی یاسادانان بۆ کوردستان

١. حەوتـەی ڕابـردوو ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی شـۆڕش ڕایگەیانـد ١٢ ئەندامیـتری بـۆ ئەنجوومەنـی یاسـادانانی کوردسـتانی دامەزرانـدووە و چـاوەڕوان دەکرێـت خـودی ئەنجوومەنەکـەش ٨ کەسـیتر کاندیـد بـکات، تـا ژمـارەی یاسـایی ئەنجوومەنەکـە کـە ٨٠ کەسـە تـەواو بێـت. گرنگتریـن نـاو لـە نێـوان ئـەم ١٢ کەسـەدا، نـاوی هاشـم حەسـەن ئاکرەییـە، کـە وەک سـەرۆکی ئەنجوومەنـی جێبەجێکارییـش لـە کوردسـتان دامـەزراوە.

٢. ئەنجوومەنـی یاسـادانان لـە ٥ی تشرینـی یەکـەم دەکرێتـەوە. هەروەهـا، ژمارەیـەک وتـاری گرنـگ لـە ڕۆژنامەکانـدا لەبـارەی گرنگـی ئـەم ئەنجوومەنـە بڵاوکراونەتـەوە. نزیکـەی ١١٠ ڕۆژنامەنووسـی عـەرەب و بیانـی لـە ڕۆژی کردنـەوەی ئەنجوومەنـی یاسـادانانی کوردسـتان، بەشـدار دەبـن.

K D Temple

کۆنفرانسی بەردەوامی ڕێکخراوە بەریتانییەکان بۆ هاوکاریکردنی پەنابەران (ل ٣٧٩)

(Standing Conference of British Organisations for Aid to Refugees)

بە هاوکاری لەگەڵ کۆمیتەی خۆبەخش بۆ گەشەپێدان و هاریکاری دەرەوە

International Development Centre، Parnell House25 ، Wilton Road، London SW1V 1JS

Telephone: 01-828 7611

Chairman: Secretary: Miss N. Rice-Jone MBE

Airey Nesve DSO. OBE. MC. TD. MP Ass to. Secretary: Mrs. E. Dony

**کۆبوونەوەیەکی تایبەت لەسەر کورد**

ئـەم کۆبوونەوەیـە لـە ڕۆژی پێنـج شـەممە، ١٠ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٧٤، لـە کاتژمێـر ٢:٣٠ خولەکـی پـاش نیـوڕۆ لـەم ناونیشـانەی خـوارەوە بەڕێـوە دەچێـت:

Room 15، Friends House، Euston Road، London، NW1.

هیوادریـن گشـت ئـەو کەسـانەی گرنگـی بە پرسـی کـورد دەدەن و نیگەرانـی بارودۆخی کـوردن لـەم کۆبوونەوەیەدا بەشـدار بن.

سکرتێر:

N. Rice-Jones

(ل٣٨٠)

ME/4721/A/3

٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٤

پێوەرەکانی حکومەتی عێراق بۆ ئیدارەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان

INA 1121 gmt 3 Oct 74

پوختەی ڕاپۆرت:

بەغدا، ٣ی تشرینی یەکەم: سەرۆک ئەحمەد حەسەن بەکر، تەها محێدین مەعروف، جێگری سەرۆکی ڕاسپارد یەکەم دانیشتنی ئەنجوومەنی یاسادانانی کوردستان بەڕێوە ببات. دانیشتنەکە لە یەکشەممەی داهاتوو دەبێت و ئەنجوومەنەکە بۆ ماوەی نۆ مانگ بەردەوام دەبێت. مەعروف لەبری سەرۆک، لێدوانی کردنەوەی ئەنجوومەن پێشکەش دەکات.

(INA) [ئاژانسی هەواڵی نێودەوڵەتی] زانیاری هەیە هاشم حەسەن ئاکرەیی، کە لە ٢٤ی ئەیلوول لەلایەن سەرۆکەوە متمانەی پێدرا بۆئەوەی ئەنجوومەنی جێبەجێکاری ناوچەی ئۆتۆنۆمی پێکبێنێت و سەرۆکایەتی بکات، گەڵاڵەنامەیەک لەبارەی پێکهێنانی ئەنجوومەنی جێبەجێکاری پێشکەش بە ئەنجوومەنی یاسادانان دەکات.

هەروەها (INA) زانیاری هەیە گەڵاڵەنامەکەی ئاکرەیی بۆ پێکهێنانی ئەنجوومەنی جێبەجێکاریی کە دەخاتە بەردەم ئەنجوومەنی یاسادانان لەم کەسانەی خوارەوە پێکدێت:

| | |
|---|---|
| سەرۆک | هاشم حەسەن ئاکرەیی |
| جێگر سەرۆک | سعود ئەدین |
| بەشی [وەزارەتی] ناوخۆ | سعود ئەدیب |

| | |
|---|---|
| دارایی و ئابوری | نوری ڕەشید مەحمود |
| کاروباری کۆمەڵایەتی | محەمەد زێوار شەریف |
| گەشتیاری و پەناگەی هاوینان | سیروان جاف |
| کشتوکاڵ و چاکسازیی زەویی | بەشیر عەبدولرەشید ئەتروشی |
| وەقف | عەلائەدین نەجمەدین ساجدی |
| گواستنەوە و گەیاندن | عادل حاج سەلیم |
| کلتور و لاوان | عوسمان محەمەد فایق |
| پەروەردە | موسا عەبدولسەمەد |
| کار و نیشتەجێکردن | شێروان عەلی ئەمین |

هەروەهـا، ئەنجوومەنـی جێبەجێکاریـی، ئـەم کەسـانەش لەخـۆ دەگرێـت: ئیحسـان تاهیـر موفتـی، ئەحمـەد عەبدولقـادر نەقشـبەندیی، ئەحمـەد حەمیـد قـادر.

بـە پێـی یاسـای ئۆتۆنۆمـی، سـەرۆکی ئەنجوومەنـی جێبەجێکاریـی دەبێـت لـە پێشـنیازکردنی ئەندامانـی کابینەکـەی، دەنگـی متمانـە لـە ئەنجوومەنـی یاسـادانان دەسـتەبەر بـکات. دواتـر، سـەرۆکی ئەنجوومەنـی جێبەجێکاریـی گەڵالەنامەکـە دەخاتـە بـەردەم سـەرۆک کۆمـار. [پێداچوونـەوەی یاسـای ئۆتۆنۆمـی].

نهێنی (ل ٣٨١-٣٨٢)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٤

P K Williams

بەشی ڕۆژهەڵاتی ناڤین

نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس

لەندەن

ئەنجوومەنی یاسادانانی کورد

١. ئەنجوومەنەکە لەلایەن جێگری سەرۆک کە کوردە و ناوی ‹تەها مەعروف›ە لە ڕۆژی یەکشەممە ٥ی تشرینی یەکەم بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆری ڕۆژنامەنووسی بێگانە کە بە پێی کۆمەڵێک مەرج بانگهێشت کرابوون، کرایەوە. لەناو ڕۆژنامەنووسەکاندا هەر یەک لە ئیان کۆلڤین (Ian Colvin) لە ڕۆژنامەی دێیلی تەلەگرام و گوین ڕۆبێرتز (Gwynne Roberts) لە فایناشنال تایمز ئامادە ببوون (تەلەگرامەکەی ئێوە بە ژمارە ٢٤٨ لە ٣ی تشرینی یەکەم). زۆربەی زانیارییەکانی ئێمە لەسەر پێشکەوتنەکان لەلایەن کۆلڤین و ڕۆبێرتزەوە دێن، کە ئێمە توانیمان پێش دەرچوونیان بیانبینین.

٢. هەردووڕۆژنامەنووسەکە لەو بڕوایەدا بوون جۆش و خرۆشێکی جەماوەری ئەوتۆ لە خودی هەولێردا بەدی نەکرا. پێدەچێ خەڵک کۆنەبووەتەوە. چەپڵە لێدانی ناو ئاهەنگەکەش تەنیا بۆ دەربڕینی ئەدەب بوو. کۆلڤین گوتی، ئەندامانی ئەنجوومەنەکە لە کورد و عەرەب پێکدێن کەواتە ‹ناوچەی خۆبەڕێوەبەری›› لەسەر بنەمای قەبارەی جوگرافی نەک نەژادی دامەزراوە.

٣. زۆربەی ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان چاوەڕوانکراو بوون، بەڵام یەک، دوو خاڵی سەرنج ڕاکێش هەن:

- سوێندخواردنی ئەندامانی ئەنجوومەن ئەمەی خوارەوە لەخۆدەگرێت «... بۆ پاراستنی ئاسایش و یەکپارچەیی خاکی عێراق».
- مەعروف گوتی، ئەندامانی ئەنجوومەنی لە فەرمانەکانی سەرۆک ئاگادار کردووەتەوە.

٤. ئەنجوومەن لە ماوەی یەک مانگدا، دانیشتنەکانی دەست پێدەکاتەوە.

٥. لە کاتێکدا سوپا بە تەواوەتی لە خۆ دڵنیایە دەرفەت بدات دانیشتنی ئەنجوومەن لە هەولێر بەڕێوە بچێت، بەڵام ڕۆژنامەنووسەکان بە فڕۆکە نەک بە ئۆتۆمبێل چوونەتە کەرکووک. دیارە ڕێکارە ئەمنییەکان زۆر توند و تۆڵن، [چونکە پاسەوانەکان] لە سەربانەکان و شوێنەکانی دیکە دا دەبینران. عێراقییەکان بە باشی مامەڵەیان لەگەڵ ڕۆژنامەنووسەکاندا کردووە، تێچووی گەشتی هەر ١١٠ کەسە بانگهێشتکراوە، خەرجکرا و هەندێك لەو کەسانە (‹دانا سمیت›یش لە (Christian science monitor) لە گەڵیاندا بووە) لەسەر تێچووی عێراق وێنەگریشیان لەگەڵ خۆبردبوو. هیچ سانسۆرێک لەسەر ڕاپۆرتەکانیان نەبووە، بەڵام کاربەدەستانی وەزارەتی زانیاری داوای کۆپیەکی لە هەموو ئەو شتانە کردووە کە نێردراون.

٦. شاندە دیپلۆماسییەکان بانگێشت نەکرابوون.

٧. ئەگەر شتێکی گرنگ هەبێت، ئەو شتە گرنگە چییە کە بەم دامەزراوە نوێیە دەلکێنرێت؟ ئەم ئەنجوومەنە هیچ نییە، تەنیا ڕووکەشێک نەبێت. گشت ئەندامانی لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە دامەزراون و دیموکراسییەکی کەم لە گفتوگۆکانیاندا (deliberations) هەیە. ڕاستە پارچەکانی دیکەی وڵات ئەم جۆرە دامەزراوەیەی نییە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەنجوومەنەکە دەسەڵاتی جێبەجێکردنی نییە، کەواتە مانایەکی ڕاستەقینەی ئەوتۆشی نییە. کاتێک لە میانەی سەردانەکەیدا، لەگەڵ جێگری سەرۆکی بەرەی ڕزگاریخوازی ئەریتریا قسەمان دەکرد، عەلی چەنان (لە سەرکرایەتی نیشتیمانی بەعس)

پێداگریی لەسەر «خێراکردنی دیالۆگی دیموکراتیانە بۆ گەیشتن بە یەکێتی نیشتیمانی›› دەکرد. ئەگەرئەم ئەنجوومەنە وەک بەڵگەیەک بۆ ئەم دیالۆگە هەژمار بکرێت، کەواتە ئەم کارە کاریگەرییەکی ئەوتۆ لەسەر ژمارەیەکی زۆری خەڵک دروست ناکات.

R G Giddens

هاوپێچ: نووسینگەی پاراستنی زانیارییەکان، تاران

هاوپێچ: وەزارەتی بەرگری، کاپیتان (D Norbury D١٤)

نهێنی (ل ٣٨٣)

Mr Giddens

Mr Temple

## پرسی کورد

١. ئەمڕۆ بەیانی کاتێک پەیوەندیم بە وەزیری کاروباری دەرەوە بە وەکالەت کرد، داوای هەندێك کۆنتێنەری بۆمبی لێم کرد، بەدڵنیاییەوە بۆ بەکارهێنانی لە هێرشی زەمینیدا بوو. سوودم لە دەرفەتەکە وەرگرت و باسم لە پرسی کورد کرد و گوتم، بە دڵنیاییەوە حکومەتی بەریتانیا هاوسۆزی زۆر باشی لەگەڵ ئەو حکومەتانە هەیە کە تووشی کێشەی کەمینەکان بوونەتەوە، چونکە ئێمە خۆامن پرسی سەختی لەم جۆرەمان هەن. باسی سەردانی ڕۆژنامەنووسێکی بەریتانیم کرد کە لە ڕابردوودا زۆر دۆستی حکومەتی عێراق نەبووە. هەروەها پێم گوت، کاتێک یەکێک ڕاسپێردرا بە پێی سیاسەتێکی تایبەت، سەرەدەری لەگەڵ بابەتێکدا بکات، پێویستە لەوکاتەدا هەوڵ بدات لەو کێشانە تێبگات کە ڕووبەڕووی حکومەتی عێراق بوونەتەوە، تا بتوانێت لەسەر ئەم کێشانە بە هاوسۆزیەوە بنووسێت.

٢. وەزیرەکە گوتی، لە ڕاستیدا، ئەمە کێشەیەکی زۆر سەختە. مەلامستەفا کەسێکی زۆر ئاڵۆزە، بەڵام بە بۆچوونی ئەو چیتر ئەم بابەتە پرسێکی تایبەت بە کەمینە نییە: لە ڕاستیدا، ئەگەرچی خودی بارزانیەکان کوردن، بەڵام ژمارەیەک لە پەیڕەوانی بارزانی بریتین لە عەرەب، تورکمان، ئاشوری و ئەوانی دی. هەندێك لەم کەسانە تەنانەت زمانی هاوبەشیان نییە. ئەمە جوڵانەوەیەکی سیاسییە وەک پەرچەکردارێک بۆ هەندێك بابەت، بۆ نموونە [لە دژی] بەرنامەی چاکسازیی زەوی کە حکومەتی عێراق هەوڵی جێبەجێکردنی دەدات. هەروەها ئامانجی [جوڵانەوەکە] لەناوبردنی ڕژێمی بەرقەراری عێراقە. هەر بەم هۆیەشە، حکومەتی عێراق ناچارە جوڵانەوەکە لەناو ببات، بەڵام ئەمەش

کارێکـی سـەختە. وەک ئێمـە دەزانیـن، ئـەوان کێشـەیان لەگـەڵ دراوسـێی خۆیـان، واتـە ئێرانـدا هەیـە (ئەگەرچـی ئامـاژەی بـە نـاوی ئێـران نەکـرد).

J A N Gerham

١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٤

کۆپیەک بۆ:

P R H Wright Esq

بەشی ڕۆژهەڵاتی ناڤین

زۆر نهێنی (ل٣٨٤-٣٨٥)

بۆ دیسکبای (DESKBY 150600Z) بە پەلەی وەزارەتی بەرگری شانشینی یەکگرتوو، تەلەگرامی ژمارە (1141900Z).

بۆ بەرچاوڕوونی زیاتری [باڵیۆزخانەکانی] تاران، ئەنقەرە، دیمەش، بەیروت و جسێن (JISNE).

DIG FOH

DA'S WEEKLY SUMMARY

**یەکەم:** کوردستان

لە میحوەرەکانی، ڕواندز، ڕانیە و قەلادزێ شەڕێکی قورس بەردەوامە. هەر سێ شارۆچکەکە لە دەست حکومەتدان و لەوانەشە جارێ لە دەستیدا بمێننەوە. هێرشی کورد لە میحوەری (ل) بۆ (س)، و ناوچە دوورە دەستەکان و پێشڕەویان لە بەرەیەکی فرەوانەوە لە زاخۆ لە باکوورەوە بگرە تا دەگاتە خانەقین لە باکووری ڕۆژهەڵات، بەردەوامە. تۆپخانە و بۆردمانی ئێرانییەکان هەم لەناو خاکی ئێران و هەم لەناو خاکی کودستان بۆ پشتگیریی کردن لە کورد بەردەوامە. حکومەتی عێراق دەستی بە جوڵاندنی تۆپخانەی قورس کردووە بۆ ناوچەی قەڵادزێ و ڕواندز تا بەرپەرچی بۆردمانکردنی ئێرانییەکان بداتەوە.

**دووەم:** هەندێك ڕاپۆرتی بەهێزی پشتڕاست نەکراو لە بەغداوە باس لە هێرشکردنە سەر چیای زۆزک دەکەن کە ٦٦٥٠ پێ لە ئاستی دەریا بەرزە و دەکەوێتە باکووری کوردستان، هەروەها هێرشکردنە سەر ڕێگەی سەرەکی نێوان ڕواندز و بەرسیرین (Barsarin) کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵات. ئەم هێرشانە لە نێوان ٥ بۆ ٧ی تشرینی یەکەم ڕوویاندا و سوپای عێراق قوربانی زۆری داوە (٨٥٠ کوژراو)، بەڵام دواتر حکومەت توانیویەتی دەست بەسەر ئەم بەرزاییانەدا بگرێت. هەروەها دەنگۆکان باس لە گرتنی هەندرێن دەکەن کە ٨٦٣٠ پێ لە ئاستی دەریا بەرزە و باس لەوە دەکرێت ناوچەکانی زۆزکیش دەستیان بەسەردا گیراوە. ئەگەر سوپای

عێراق بیەوێت لە بەشی ڕۆژهەڵاتی ڕواندز بەردەوامی بە پێشڕەوییەکانی بدات یان لە وەرزی زستاندا لەم ناوچەیەدا بمێنێتەوە، دەبێ دەست بەسەر بەرزاییەکانی ئەم ناوچەیەدا بگرێت.

**سێیەم:** کەشوهەوا: بەغدا، بەرزترین پلە، ٣٦؛ نزمترین پلە ١٣. مووسڵ بەرزترین پلە ٣٣، نزمترین ١٥. لە کۆتایی ئەیلوولدا بارانێکی کەم لە کوردستان باریوە. تا ئێستاش کەشوهەوا وەک خۆیەتی، ئاسمان هەورە، پلەی گەرما لە ڕواندز لە ڕۆژدا نزیکەی ٢٥ پلەی گەرمییە، بەڵام لە شەودا لە ژێر سفرە. پێشبینی دەکرێت کەشوهەوا بۆ دوو تا سێ حەوتەی داهاتوو وەک خۆی بمێنێتەوە [واتە بەفر و باران نەبارێت].

**چوارەم:** لیوا تەها شەکەرجی (Taha Sekergi)، کە فەرماندەی پێشووی کەرتی ٨ بووە و دواتر لە کۆتایی مانگی ئاب کرا بە فەرماندەی کەرتی ٤، خانەنشینکراوە و ئێستا فەرماندەی کەرتی ٤، سەرۆک ئەرکانی پێشوو، کۆلۆنێل سەعدوڵا یونسە، تا فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی باکوور بکات.

**پێنجەم:** لە ٥ی تشرینی یەکەمدا ئەنجوومەنی یاسادانانی کوردستان لە هەولێر کرایەوە. پتر لە سەد ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنووس وەک (COLVIN)، (D.T) (ROBERTS)، و (FT) بە هەلیکۆپتەر بۆ کەرکووک و دواتریش بۆ هەولێر هێنران. ئامادە نەبوونی سەرۆک و سەدام لە بۆنەکەدا زۆر بەرچاوبوو. ڕێوشوێنی ئەمنی زۆر توند گیرابووەبەر. هەوڵەکانی (COLVIN) و (ROBERTS) بۆ گەڕانەوە بۆ باکوور و ڕاپۆرتکردنی بارودۆخەکە وەک خۆی، بێ سوود بوون.

**شەشەم:** عوبەیدوڵا بارزانی، کوڕی بارزانی کە وەک وەزیری کاروباری باکوور لە کابینەی عارف لە ٧ی نیسانی ١٩٧٣دا، دەستنیشانکرا بوو؛ دەگوترێت بەهۆی کێشەی خێزانییەوە لە سەرەتای ساڵانی ١٩٦٠، لە بابی جیابووەتەوە. ئەم دووانە لە ساڵی ١٩٧٠ پێکهاتنەوە، بەڵام لە سەرەتای ئەم ساڵە دووبارە لێک جیابوونەتەوە.

**حەوتەم:** سوپای عێراق خۆی بۆ وەرزی زستان ئامادە دەکات. بۆ سەدان هەزار کەس، پەتوو لە هیند یان چین کڕدراوە. داوای چەکی پێشکەتوو لە

پاکستان، تورکیا و ئیسپانیا و بێگومان وڵاتانی دیکەیش کراوە. دەنگۆی ئەوە هەیە حەوتەی ڕابردوو سەرۆک ئەرکان و فەرماندەی هێزی ئاسمانی عێراق (COMD IAF) بە مەبەستی دابینکردنی پارچەی یەدەک بۆ چەک و تەقەمەنی سەردانی مۆسکۆیان کردووە، بەڵام وەک ئەوەی ئەوان چاوەڕوانیان دەکرد، سەردانەکە سەرکەوتوو نەبووە.

**هەشتەم:** مقەدەم سالم شاکر ئەلعەماش، وەک باڵیۆزی نوێ لە لەندەن دەست نیشانکراوە. من ئەم کەسە دەناسم و زانیاری زۆرتر لە هەگبەکەدایە.

**نۆیەم:** لە ١٢ی تشرینی یەکەم، باڵیۆزی خاوەنشکۆ بۆ عێراق، ئیعتیبارنامەکەی ڕادەستی سەرۆک کرد. بەکر زۆر ناخۆش و ماندوو دێتە بەرچاو و چاوەکانی سوور هەڵگەڕاون.

GRAHAM

BT

نهێنی (ل٣٨٦)

FO 714/E 19/16

LLC NR 692/16

PP MODUK

RR BAGHDAD

GR 100

CYPHER CAT A

FM TEHRAN 160600Z OCT

CONFIDANTION

تەلەگرامی ‹ئەولەویەتی› وەزارەتی بەرگری شانشینی یەکگرتوو بە ژمارە ١٢٢٩ لەسەر (160500Z)، تشرینی یەکەمی.

بۆ بەرچاو ڕوونی زیاتر بۆ [باڵیۆزخانەی] بەغدا بنێردرێت.

FOR D14BN BAGHDAD FOR DA. FROM AMA

کوردستان

ژێدەری آ: بەغدا، تەلەگرامی ژمارە ٢٢ لە ١٠ی تشرینی یەکەم.

ژێدەری ب: تەلەگرامەکەم بە ژمارە (11/DA) لە ١١ی ئەیلوول.

١. لە کاتی گەڕانەوەدا هێرست (HIRST) ببینە. ئەو هیچ شتێکی بۆ سەر تەلەگرامی ژێدەری ‹ب› زیاد نەکرد، تەنیا ئەوە نەبێت کە ئەستەمە کورد بشکێنرێن.

٢. گوتی چاوی بە قوتابخانەی تۆپخانەی کورد کەوتووە. بە پێی ئەو شتەی ئەو باسی دەکرد ئەم چەکانە دەبێت هاوەنی ١٢٢( ملم)، (م ٣)، یەک دانە ١٢٢(م) ٢ یەک (د٧٤) بووە.

٣. هەروەک جاران دەکرێ تەلەگرامی ژێدەری ب بۆ بەغدا بنێردرێت. تکایە دەتوانن ئەم تەلەگرامەیان بۆ بنێرن.

PARSONS

BT

بەڕێز بۆرتن (Mr Burton) جێگری بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (W 92) (ل ٣٨٧)

١. دوێنێ بەڕێز ئیان کۆلڤین (Mr Ian Colvin)، پەیامنێری دەیلی تەلەگرام، کە تازە لە بەغدا گەڕابووەوە، پەیوەندی پێوە کردم.

٢. دەیەویست ئێمە لە بۆچوونی خۆی لەسەر سەردانەکەی بۆ [عێراق] ئاگادار بکاتەوە و هەروەها بە پێی قسەکانی ئەو عێراق زۆر بە جیددی کار دەکات تا ڕوخسارێکی نوێ نیشانی جیهانی دەرەوە بدات.

٣. لەگەڵ نزیکەی ١١٠ ڕۆژنامەنووسی دیکەی سەرتاسەری جیهان، زۆر بە باشی لەلایەن [کاربەدەستانی] عێراق پێشوازیان لێکراوە. ئاماژەی بە دوو کێشە کرد: نزیکەی ٣٠ تا ٤٠ کەس لەم ڕۆژنامەنووسانە داوایان کرد سەردانی کوردستان بکەن، بەڵام ئەم کارە ڕێک نەخرا. دووەم، ئەم ڕۆژنامەنووسانە نەیانتوانی هیچ وەزیرێک ببینن. بە واتایەکی دی، دەسەڵاتدارانی عێراق نەیانویست پڕۆگرامێکی گونجاو [بۆ سەردان و داواکاریی ئەم ڕۆژنامەنووسانە] ئامادە بکەن.

٤. بە بڕوای بەڕێز کۆلڤین ئەو کەسەی بەرپرسی باشترکردنی پەیوەندییەکانی عێراقە کەسێکی فەڵەستینییە و نووسینگەیەکی لە بەیروت هەیە و پەیوەندییەکانی نێوان قەتەر و ئەبوزەبی بەڕێوە دەبات (handle) (کۆلڤین ناوی ئەم کەسەی بەبیر نەدەهاتەوە). دیارە ڕێبازی کاری ئەم کەسە بریتییە لە کردنەوەی عێراق [بەڕووی] جیهانی دەرەوە دا.

٥. ئەنجامگیریی بەڕێز کۆلڤین بریتی بوو لەوەی دەسەڵاتدارانی عێراق بۆ کردنەوەی پەیوەندییەکانیان پشتیان بە پسپۆڕێک بەستووە، بەڵام تا ئێستا هیچ دەسکەوتێک بەدی نەهاتووە.

D A MacLeod

News Department

W 21

١٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٤

نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس (ل ٣٨٩)

لەندەن SW1A 2AL

N Browne Esq

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

تاران

١٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٤

کوردستان

سوپاس بۆ نامەکەتان لە ڕێکەوتی ١٠ی تشرینی یەکەم. زۆر بە خێرایی ئەم نامەیە دەنووسم تا بە جانتای [ناردنی نامەکان] ڕابگەم و دڵنیاتان دەکەمەوە (پەرەگرافی ژمارە ٦ی نامەکەتان) لەبارەی ئەو گرنگییەی ئێمە بە ڕاپۆرتەکانتان لەسەر باردۆخی کوردستان دەدەین. هیواداریـن ڕاپۆرتی ‹سەنتەری هاوبەشی زانیاریی› (JIC) لەسەر بارودۆخی کوردستان لە سەرەتای حەوتەی یەکەمی ١٠ی تشرینی دووەم ئامادە بکرێ. ئێمە بە ئەنقەست ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتەمان پاشخستووە، چونکە لەوانەیە بەهۆی کەشوهەواوە شەڕی [نێوان کورد و حکومەتی عێراق] لە کۆتایی مانگی تشرینی یەکەمدا بوەستێت، بۆیە ئەوکات بارودۆخەکە ڕوونتر دەبێت.

P K Williams

بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

نهێنی (ل ٣٨٩)

نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس

لەندەن

SW1A 2AL

R G Giddens Esq

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

١٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٤

کوردستان

١. ڕەنگە بەهۆی تێکچوونی ڕەوشی کەشوهەوا، لە کۆتایی مانگی تشرینی یەکەمدا شەڕ لە باکوور بوەستێت، ئێمە بە نیازین هەڵسەنگاندنێک بۆ بارودۆخی باکووری [عێراق] و کاریگەرییەکانی لەسەر بارودۆخی ناوخۆیی حیزبی بەعس ئەنجام بدەین، ئەم ڕاپۆرتەی لە حەوتەی یەکەمی ١٠ی تشرینی دووەمدا ئامادە دەبێت. هەندێك ئاماژەمان لەبەردەستە کە بەکر زۆر نەخۆشە و بۆیە حاڵحازر سەدام حوسێن کۆنترۆڵێکی زۆری بەسەر هێزە چەکدارەکاندا هەیە (تەلەگرامەکەتان لە وەزارەتی بەرگری شانشینی یەکگرتوو 161015Z). کشانەوەی هێزەکان بەهۆی هاتنی وەرزی زستان بۆ بەغدا و لەدەستدانی ژمارەیەکی زۆر سەرباز، بوونەتە هۆی فرەوانکردنی ناکۆکی لەناو حیزبی بەعسدا لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی هەڵمەتەکانی هێرشکردنە سەر باکوور . زۆر خۆشحاڵ دەبەم لەسەرەتای مانگی تشرینی دووەمدا بۆچوونی خۆتان لەسەر سەقامگیری ڕژێم، ڕووداوەکانی کوردستان، پەیوەندیی نێوان عێراق و سۆڤیەت و پەیوەندییەکانی ئێران و عێراقمان بۆ بەڕێ بکەیت.

٢. لەوانەیە چاوتان بە وتارێک کەوتبێت کە لەلایەن گریس گۆدارد (Chris Goddard)

نـووسراوە و لـە ١٦ی تشرینـی یەکـەم لـە ڕۆژنامـەی ‹The Times›دا بڵاوکراوەتـەوە. ئێـدوار مۆرتیمێـر (Edward Mortimer) کـە لـە ‹The Times› کار دەکات و لـە نووسـینی ئـەم ڕاپۆرتـەدا یارمەتـی گـۆداردی داوە، بەنیـازە لـە سـەرەتای مانگـی داهاتـوودا لـە ڕێگـەی تـاران، سـەردانی کوردسـتان بـکات و پێـی ڕاگەیانـدم، گـۆدارد بـۆ ‹ATV› کار دەکات و فیلمـە بەڵگەییەکـەی ‹ATV› [لەسـەر کـوردی] ئامادەکـردووە کـە بڕیـارە لـە ٢٩ی تشرینـی یەکەمـدا پەخـش بکرێـت. وتارەکـەی ئـەو بـە تەواوەتـی لایەنگـری لـە کـورد دەکات و لـەو بڕوایـەدام فیلمەکـەش بـە هەمـان شـێوە بێـت. لەوانەیـە عێراقییـەکان چاوپۆشـی لـەم فیلمـە بکـەن، ئەگـەر تەلەفزیۆنەکـە دوایـن ڕسـتە لـە پێشـنیازەکەی گـۆدارد کـە لـە وتارەکەیـدا ئامـاژەی پێکـردووە، بخاتـەڕوو.

G S Burton

بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست

زۆر نهێنی (ل٣٩٠-٣٩١)

GRS

CYPHER CAT A

FM BAGDAD 210700Z OCT

SECRET

بـۆ: تەلەگرامـی ‹ئەولەویەتـی› وەزارەتـی بەرگـری شانشـینی یەکگرتـوو لـە ٢١ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٧٤.

بـۆ بەرچـاو ڕوونـی زیاتـر بـۆ نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، [باڵیۆزخانـەی] بەیـروت، کوێـت، تـاران و ئەنقـەرە بنێردرێـت.

DIG FOH

ڕاپۆرتـی حەوتانـە (سـەرەڕای تەلەگرامەکـەم بـە ژمـارە ١٦١٠١٥ بـۆ نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە (FOH) بـۆ هەمـوو کەسـێک نیـە ببینێـت).

١. کوردستان

**ا** یاریـدەدەری سـەربازیی (MA) کـورد: دوای دوو حەوتـەی شـەڕێکی قـورس لـە بەرزاییەکانـی زۆزک و هەندرێـن، کـورد توانیـان ئـەم دوو ناوچەیـە لـە ١٧ی تشرینـی یەکەمـدا لـە دەسـت هێزەکانـی حکومەتـی عێـراق دەربێننـەوە.

**ب** یاریـدەدەری سـەبازیی (MA) ئێـران، پشتڕاسـتی کـردەوە ژمارەیـەک لـە یەکەکانـی سـوپای عێـراق کـە تـا ئێسـتا ژمـارەی دروسـتیان دیـار نییـە، حەوتـەی ڕابـردوو، لـە کوردسـتانەوە بـەرەو بەغـدا و باشـووری عێـراق گوازراونەتـەوە.

**ج** کەشـوهەوا تـا ئێسـتاش وەک خۆیەتـی. کەشـوهەوای دوێنـێ: بەغـدا بەرزتریـن پلـە ٣٤، نزمتریـن پلـە ٩. مووسـڵ بەرزتریـن پلـە ٣٢، نزمـتری پلـە ٨.

٢. بەڕێـز ڕۆبینسـۆن (Mr Robinson) لە ترێڤۆر کرۆکێـر (Trevor Crocker) و هاوڕێکانی

لـە چاودێریکردنـی هێڵـی شـەمەندەفەر کـە مووسـڵ بـە هەولێـر گـرێ دەدات و سـەرلەنوێ ڕێکخسـتنەوەی هێڵـی ئاسـنی نێـوان هەولێـر و کەرکـووک گەڕوانەتـەوە، پێـی گوتـم هەمیشـە مەفرەزەیـەک پاسـەوانی بـە ئۆتۆمۆبێلێکـی سـەربازییەوە لەگەڵـدا بـووە. هەروەهـا ڕێگـەی پێـدراوە سـەردانی شـەقڵاوە بـکات، بـەڵام ڕێگـەی پێنـەدراوە زۆرتـر بـەرەو ناوچـەی ڕۆژهـەڵات بچێـت. لـە ٥ی تشرینـی یەکـەم زنجیرەیـەک ئاڵـۆزی لـە دەوروبـەری هەولێـر ڕوویـداوە، بۆیـە لەکاتـی کردنـەوەی ئەنجوومەنـی یاسـادانان هەلیکۆپتـەر پاسـەوانی لـە ناوچەکـەی دەکـرد و لـە کاتژمێـر ١١ی شـەویش دەنگـی تەقـە بیسـتراوە. شـەوانە، لەسـەر ڕێـگای مووسـڵ-هەولێر-کەرکووک، بـاری سـەربازیی ڕاگەیێنـدراوە. خەڵکـی مەدەنـی تەنیـا بـە ڕۆژ دەتوانێـت لـەم ڕێگایـەدا هاتووچـۆ بـکات و پۆلیسـیش لـە هـەردوو سـایدی ڕێگاکـەدا هەیـە. زانیاریـی تـەواو لـە ڕاپۆرتـی مانگانەدایـە.

٣. دواکاری بۆ دابینکردنی چەک

یاریـدەدەری سـەبازیی (MA) ئیتاڵـی، لەبـارەی سـەردانی ئـەو دواییـەی بـۆ بەغـدا کـە لـە بەیروتـەوە هاتبـوو پێـی گوتـم هاتـووە لەبـارەی داواکاری عێـراق بـۆ دابینکردنـی هەلیکۆپتـەر قسـە بـکات، هەلیکۆپتەرەکـەش هەردووجـۆر بـن؛ هـەم هـی گواسـتنەوەی سـەرباز و هـەم لـە جـۆری هەواڵگریـی ‹RECCE› بـن. سـەرەڕای دابینکردنـی ئۆتۆمبێلـی سـەربازیی، چـەک و تەقەمەنـی تۆپخانـە و ڕاهێنـەر.

٤. ‹Bagdad Observer› لە ١٤ی مانگدا ڕاپۆرتێکی بڵاوکردووەتەوە لەسـەر دەسـتگیرکردنی یـەدوڵا عەلـی قەنبـەر قەنەواتی، سـەرۆکی سـاواک لـە بەغدا.

GRAHAM

FILES

MED (بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست)

DEF D (بەشی بەرگریی)

MR WEIR

MR THOMSON

زۆر نهێنی (٢/٣) (ل ٣٩٢)

باڵیۆزی بەریتانیا

تاران

٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٤

P R H Wright Esq

بەشی ڕۆژهەڵاتی ناڤین

نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس SW1

**کوردستان**

١. کاتێک لە ٢٣ تشرینی یەکەم چاوم بە شا کەوت، بەکورتی باسی بارودۆخی کوردستانمان کرد. پشتڕاستی کردەوە کە هەنوکە بارودۆخەکە بەراورد بە یەک مانگ لەمەوبەر، یان زۆرتر نەختێک باشترە. بارزانی لە تاران بووە و ڕۆژی ڕابردوو شای بینیوە. زەحمەتە بگوترێت ئایا بارزانی هەوڵی داوە شا نیگەران بکات تا هاوکاری زیاتر بەدەست بهێنیت، یان ئەو لە قسەکانیدا ڕاستگۆ بووە.

٢. شا گوتی ئەو ڕووبەڕووی دووڕیانە کۆنەکە بووتەوە. پێویستە پشتگیریی کورد بکات. ئەگەر ئەو پشتگیریی کورد نەکات یان ڕژێمی بەعس لە عێراقدا بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو بەهێز دەبێت، یان هەموو کورد دەبنە کۆمۆنیست، یان هەردوو حاڵەت ڕوودەدەن. هاوکات، پابەندییەکەی زۆر بووە. بە بڕوا بەخۆبوونێکی سنووردارەوە تەئکیدی کردەوە ڕێگەی داوە لە ئێرانەوە ئۆپراسیۆن لەوبەر و ئەوبەری سنوور (cross border) ئەنجام بدرێت.

٣. لەم قسانەی سەرەوەدا شتێکی ئەوتۆ نییە، تەنیا ئەوە نەبێت کە بۆ یەکەم جارە شا یان هەر کەسێکی دی بۆی پشتڕاست کردمەوە کە ئۆپەراسیۆن لەمبەر و ئەوبەری سنوور ئەنجام دەدرێت و بارزانی خۆی سەردانی تارانی کردووە

[واتــە وەک جــاران ســەردانی تــاران دەکات]. هەروەهــا ئــەوەی ســەرنجڕاکێش بــوو، شــا داوای یارمەتــی لــە ئێمــە نەکــرد.

A D Parsons

هاوپێچ:

JAN Grahan CMG، Baghdad

RA Sykes Esq CMG MC، Washington

نهێنی (٣٩٣-٣٩٤)

GRS 325

PRIORITY

CYPHER CAT A

FM BAGHDAD 260955Z OCT

CONFIDENTIAL

نامەی بۆرتن (Burton) بۆ گیدێنز (Giddens) لە ڕێکەوتی ٢٠ی ئەیلوولی: کۆمەڵەی مانگی سووری کوردستان.

١. ئەمڕۆ بەیانی لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی بەشی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و کۆنفرانسەکانی سەر بە وەزارەتی کاروباری دەرەوە (MFA) بانگهێشتکرام و سەرنجێکی لەسەر ئەم کۆمەڵەیە ڕادەستم کرد. (وەرگێڕانی بەیاننامەی کۆمەڵەکە بە جانتا دەنێردرێت). بەڕێوەبەری گشتی لە قسەکانیدا زۆر میانڕەو بوو، بەڵام باسی لەوەکرد لە گفتوگۆی نێوان ئەو و وەزیری تەندروستی کە هاوکات ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشە (R.C.C. بەو ئەنجامە گەیشتوون حکومەتی عێراق دژی کوردستانی سەربەخۆیە و دامەزراوەیەک مافی ئەوەی نییە ناونیشانی کۆمەڵەی مانگی سووری کوردستان بەکاربهێنێت. بێجگە لەمەش چالاکییەکانی ئەم کۆمەڵەیە هەڕەشەن بۆ سەر عێراق و بانگەشەکانیشی دوورن لە ڕاستییەوە. دامەزراندنی ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی لە باکوور، هیچ بیانوویەکی بۆ ناڕەزایەتی و بەرهەڵستی کورد نەهێشتووەتەوە. بەم هۆیانەشەوە حکومەتی عێراق خوازیارە، لاپەڕەیەکی نوێ لە پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و بەریتانیادا بکاتەوە. بەڕێوەبەری گشتی هیواداربوو حکومەتی بەریتانیا چالاکی ئەم کۆمەڵەیە بەرتەسک بکاتەوە یان کۆتایی پێبهێنێت.

٢. ڕاسپێردراوم ئەم بابەتەتان پێ ڕابگەیێنم؛ بەڵام ئاماژەشم بەوەکرد بە پێی یاسای بەریتانیا حکومەت ناتوانێت ڕێگریی لە دامەزراندنی ئەم جۆرە کۆمەڵانە بکات.

ئـەم کۆمەڵەیـەش بـە پێـی یاسـا دامـەزراوە. مـن چالاکییەکانـی ڕۆژنامەی مـارک (Mark Press) لەبـارەی بیافـرا (Biafra)م لـە سـاڵانی ١٩٦٨-٧٠، وەک نموونـە هێنایـەوە. مـن ئامـاژەم بەوەکـرد ئێمـە هەمـوو هەوڵەکانمـان بـۆ مامەڵەکـردن لەگـەڵ ئـەم بابەتـە دەخەینەگـەڕ، بـەڵام ناتوانیـن بەڵێنێـک بدەیـن نەتوانیـن جێبەجێـی بکەیـن.

٣. بەڕێوەبـەری گشـتی گوتـی لەگـەڵ خاچـی سـووری [نێودەوڵەتـی] قسـە دەکات؛ چونکـە بەپێـی ڕێسـاکانی ئـەم کۆمەڵەیـە، هـەر کۆمەڵێـک کـە ناونیشـانێکی نەتەوەیـی بـەکار بهێنێـت، دەبێـت نوێنەرایەتـی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ بـکات.

٤. ئـەو بەڵگەنامانـەی لەبەردەسـتی حکومەتـی عێراقـن بەهەمـان ژێـدەری سـەرەوە هاوپێچـی نامەکـەی بۆرتـن (Burton) کـراون. هـەر ڕێنماییـک کـە بـۆ وەڵامدانـەوەی حکومەتـی عێراقـم پـێ بدرێـت، دەمەوێـت بزانـم ئایـا کۆمەڵـەی مانگـی سـووری کوردسـتان هیـچ جیاوکێکـی هەیـە یـان نـا، بـۆ نموونـە جیاوکـی باجـدان لەسـەر ئـەو کەسـانەی یارمەتـی ئـەم کۆمەڵەیـە دەدەن [واتـە ئـەو کەسـانەی یارمەتـی ئـەم کۆمەڵەیـە دەدەن، باجـی کەمتریـان لـێ وەردەگیرێـت]، یـان هیـچ هاوکارییەکـی ئـەم کۆمەڵەیـە دەکرێـت یـان نـا.

٥. تکایە نووسینگەی کاروباری دەرەو ئەم نامە پارێزراوە (Saving) بۆ تاران بنێرە.

GRAHAM

(دووبارەکراوەتەوە هەروەک داواکراوە)

FILES

MED (بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست)

MR CAMPBELL

MR WEIR

وەرگێران (ل ٣٩٦-٣٩٥)

کۆماری عێراق

ژمارە (٣١٤٣٨/١٠/٣١/٤)

وەزارەتی کاروباری دەرەوە

ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و بەشی کۆنفرانسەکان

بەغدا، ٢٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٤

وەزیـری کاروبـاری دەرەوە سوپاسـگوزاری خـۆی بـۆ باڵیـۆزی شانشـینی یەکگرتـوو دەربڕی و ڕایگەیانـد لـەم دواییانـەدا کۆمیتەیـەک لـە شانشـینی یەکگرتـوو دامـەزراوە بـە نـاوی کۆمیتـەی مانگـی سـووری کوردسـتان کـە چالاکـی گومانلێکـراو و لـە ڕێگـە لادەری دوور لـەو [شـتانەی لـە] واقیعـدا ڕوو دەدەن، ئەنجـام دەدات. لـە نێـوان ئـەم چالاکیانـە بانگهێشـتکردنی هاووڵاتیانـی بەریتانـی بـوو تـا یارمەتـی کـورد بـدەن بـەو بیانـووەی ئەوان نیازمەنـدی ئـەم هاوکارییانـەن. هێـرش دەکاتـە سـەر کۆمەڵـگای مانگـی سـووری عێـراق و تاوانبـاری دەکات. ئاشـکرایە کوردسـتان ناوچەیەکـی جوگرافییـە کـە بەسـەر وڵاتانـی دراوسـێدا دابـەش بوونـە و ئـەم وڵاتانـە سـەروەری تەواویـان بەسـەر ناوچەکانـی خۆیانـدا هەیـە، بـە ناوچـەی کوردسـتانەوە. ڕێگـە بـە کۆمەڵێـک سـەرەڕۆی نەنـاسراو نادرێـت بـە نـاوی گشـت کـوردەوە قسـە بکـەن. بۆیـە ناکرێـت ڕێگـە بـەو سـەرەڕۆیانە بدرێـت کـە چالاکـی دوژمنکارانـە ئەنجـام بـدەن و خۆیـان لـە پێگەیەکـدا دابنێـن کـە لـە ڕووی یاساییەوە شایسـتەی ئـەو پێگەیـە نیـن. یاسـای ئۆتۆنۆمـی بـۆ کوردسـتانی عێـراق دەرچووە و ئـەم یاسـایە جێبەجـێ دەکرێـت و لەلایـەن گەلـی کـورد و ڕێکخـراوە جۆراوجۆرەکانـەوە پێشـوازی لێکـراوە. ئەنجوومەنـی جێبەجێکـردن و یاسـادانان کـە نوێنەرایەتـی کـوردی عێـراق دەکـەن، لەبـری گەلـی کـورد قسـە دەکـەن و پیـادەی دەسـەڵاتێکی فرەوانـی دەسـتوری دەکـەن کـە کاروبـاری جۆراوجـۆری ڕۆژانـەی کـورد لـە خۆدەگرێـت. سـەرەڕای ئـەو ئـەرک و مافانـەی بـە پێـی دەسـتوری کۆمـاری عێـراق بـۆ کـورد دەسـتەبەر کـراوە.

تەنیـا بـۆ وڵاتانـی ئیسـلامی سـەربەخۆیە کـە نـاوی مانگـی سـوور بـەکار بهێنـن؛

ئەویش وەک دروشمێکی جیاکەرەوەی ئەوان. هەروەها کۆمەڵگای نێودەوڵەتی خاچی سوور ڕێگە نادات هیچ لایەنێکیتر جیا لە دەوڵەتە سەربەخۆکان ئەم ناوە بەکار بهێنن. بێجگە لەمەش حکومەتی کۆماری عێراق مەبەستیەتی لەسەر بنەمای نیەت باشی و هاوکاریکردن پەرە بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی شانشینی یەکگرتوو بدات و خوازیارە بەرژەوەندییە دوو لایەنەکان دەستەبەر بکرێن و لاپەڕەیەکی نوێ لە پەیوەندی نێوانیان هەڵبدرێتەوە.

بۆیە حکومەتی کۆماری عێراق داوا لە باڵیۆزخانەی [شانشینی یەکگرتوو] دەکات کە لە ڕێگەی حکومەتە بەڕێزەکەیەوە نێوانگیریی بکات تا کۆتایی بە چالاکییە گومانلێکراوەکان و ئەو چالاکییانە بهێنێت کە لە دژی حکومەتی عێراق لەلایەن ئەو کەسانەوە ئەنجام دەدرێن کە هیچ شوناسێکی فەرمیان نییە و تەنیا نوێنەرایەتی خۆیان دەکەن؛ چونکە ئەوان لەلایەن هیچ پارتێکی دانپێدانراوەوە، ڕێگەیان پێنەدراوە چالاکی ئەنجام بدەن. پشتگوێ خستنی ئەم کەسانە ئەنجامی خراپی بۆ خودی هاووڵاتیانی بەریتانی لێدەکەوێتەوە، چونکە بڵاوکردنەوەی درۆ لە نێوان هاووڵاتیاندا و شێواندنی ڕاستییەکان زیان بە ناوبانگی عێراق دەگەیەنێت و دەبێتە هۆی هێنانەدی کەشێک کە خزمەت بە پەیوەندییە باشەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە ناکات. بۆیە، وەزارەتی کاروباری دەرەوەی کۆماری عێراق، خوازیاری گەشەپێدانە بەم پەیوەندییانە و دوورکەوتنەوە لە هەر شتێک کە زیان بەم پەیوەندییانە بگەیێنێت. هیواداریـن کاربەدەستانی بەریتانیا هەوڵی تایبەت بدەن تا ئەوەی بە کۆمیتەی مانگی سوور بۆ کوردستان ناودەبردرێت، دابخەن و ڕێگە نەدەن بەو کەسانەی ئەم کۆمیتەیە بەڕێوە دەبن، درۆ بڵاوبکەنەوە و کێشە بۆ عێراق دروست بکەن.

بە چاوەڕوانکردن لە خستنەگەڕی هەوڵە خێراکەیان، وەزارەتی [کاروباری دەرەوەی عێراق] سوود لەم دەرفەتە وەردەگرێت تا ڕێز و پێزانینی بێ پایانی خۆی دەرببڕێت.

(ل ٣٩٧-٤١٠) بە سوپاسەوە لەلایەن

کۆمەڵەی منداڵ پارێزانی کوردستان

SAVE CHILDERN OF KURDISTAN SOCIETY

c/o The Centre

St. Martin in-the-Fields

12 Adelaids Street

London WC2N 4HW

ئێمە بانگهێشتی:

- نەتەوە یەکگرتووەکان
- خاچی سووری نێودەوڵەتی و نەتەوەیی
- ڕێکخراوەکانی خۆشگوزەرانی منداڵان لە سەرتاسەری جیهان
- گشت ڕێکخراوە خێرخوازییەکان کە لە هەوڵەکانی فریاگوزاری لە ناوچە کارەساتاوییەکاندا بەشدارن.

**دەستپێکێک بۆ کۆمەڵەی منداڵ پارێزانی کوردستان**

(SCKS)

کۆمەڵەکەی ئێمە بەهۆی شەڕی بەرقەراری ناو کوردستان دامەزراوە. لە ڕوانگەی ئێمەوە، ئەم شەڕە دڕندانەترین شەڕ بووە کە تا هەنوکە لە دژی گەلی کورد بەرپا کراوە و وەها هەست دەکەین پێویستە تا ئەوپەڕی دەکرێت کات و هەوڵەکانمان تەرخان بکەین بۆ یارمەتیدانی ئەو منداڵانەی کەوتوونەتە ئەم دۆخە تراژیدیە. حاڵیحازر زۆرێک لەم منداڵانە گیانیان لە دەستداوە.

کۆمەڵەی ئێمە لە ئەوروپا بەشێکە لە ڕێکخراوێکی گەورەتر کە شوێنە سەرەکییەکەی لە ناوخۆی کوردستاندایە و بە شێوەیەکی سەرەکی ئەندامانی لە ئافرەت پێکدێن. ئەم

کۆمەڵەیە ڕێکخراوێکی نا-سیاسییە و ئامانجی سەرەکی خزمەتکردنی ئەو منداڵانەیە کە لە دۆخی شەڕدا دەژین. ئێمە توانایەکی کەممان هەیە بۆ ڕێگری کردن لە ئازار گەیشتن بەم منداڵانە کە جەنگ ناخۆشترین ئەزموونیان بووە، بەڵام ئەو شتەی ئێمە دەتوانین ئەنجامی بدەین، بریتییە لە یارمەتیدانیان لە ڕووی مادییەوە. ئەوەش لە ڕێگەی کۆکردنەوەی پۆشاک و پەرتووک و خۆراک، بەڵام هەنوکە، لە کوردستاندا بەشێک لەم پێداویستییانە پێویستی خێرانن.

بۆئەوەی بتوانین زۆرترین هاوکاری کۆبکەینەوە، ئامانجی ئێمە بریتییە لە پەیوەندی کردن بە ڕێکخراوە مرۆییە نێودەوڵەتییەکان، بۆ نموونە خاچی سوور، سندوقی پاراستنی منداڵان و ڕێکخراوەکانی دیکە. هەروەها ئێمە پشت بە تاکە کەسەکان دەبەستین تا ئەو ڕادەیەی لە توانایاندایە یارمەتیمان بدەن، جا یارمەتیەکە هەرچەند بێت. هەڵبەت لە سەرووی لیستی ئەولەویەتەکانەوە، پۆشاک و خۆراک دێت. بۆیە بۆئەوەی بتوانین بەکۆ پێداویستییە خۆراکییەکان بکڕین، پێویستیمان بە پارە هەیە و داوا دەکەین ئەوەی دەیبەخشن بە ئێمەی بدەن. دووبارە، گرنگ نییە ئەم بەخششانە چەند بچوک بن، چونکە لە ڕێگەیەوە دەتوانین هەندێك ئاسودەیی و یارمەتی بۆ منداڵانی کوردستان فەراهەم بکەین.

## دەستووری کۆمەڵەکە

١. ناوی تەواوی کۆمەڵەکە بریتییە لە: کۆمەڵەی منداڵ پارێزانی کوردستان.

٢. بنکەی کۆمەڵەکە لە شانشینی یەکگرتوو دەبێت.

٣. کۆمەڵەکە، کۆمەڵەیەکی خۆبەخشانەی خێرخوازییە. ئامانجی سەرەکی یارمەتیدانی منداڵانی کوردستانە کە بوونەتە قوربانی ئەو جەنگەی ئێستا لە کوردستاندا بەرپایە. هەروەها یارمەتیدانی منداڵە هەژارەکان و ئەوانەیە کە گیرۆدەی دەستی ستەمن.

٤. یارمەتیەکە پشتی بەستووە بە بەخششی خۆبەخشانەی ئەندامانی خودی کۆمەڵەکە، یان بەخششی تاکەکان و ڕێکخراوەکانی دەرەوەی کوردستان.

٥. دەرگای ئەندامێتی کراوەیە بۆ گشت ئەو کەسانەی خاوەن نیەتی باشن و دەیانەوێت گوێ لەو تراژیدیە بگرن کە منداڵانی کوردستان تێیکەوتوون. پێویستە ئەندامێتی تاکەکان بونیاتنەر و بە پێی بنەماکانی ڕێکخراوەکە بێت. بە پێچەوانەوە، ئەندامێتی لەلایەن کۆمیتەی جێبەجێکارەوە هەڵدەپسێردرێت و لە دانیشتنی گشتیدا لەلایەن دوو لەسەر سێی ئەندامەکان، ئەندامێتی لێ دەسێنرێتەوە. ئابوونەی ئەندامێتی ساڵانە شەش پاوندە.

٦. کۆمیتەی جێبەجێکار لە شەش ئەندام پێکدێت، لە دانیشتنی گشتی ساڵانە لە مانگی ئەیلوول گرێ دەدرێت، بە پێی دەنگدانی نهێنی هەڵدەبژێردرێن. ئەوان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە سیفەتی سەرۆک، جێگری سەرۆک، سکرتێری گشتی، خەزنەدار و ئەندام هەڵدەبژێردرێن. بڕیارەکانی کۆمیتە و ئەو بڕیارانەی لەلایەن دانیشتنی گشتی ساڵانە دەردەکرێن، ئەگەر زۆرینەی سادەی کۆمیتە و کۆمەڵەکە ئامادە نەبووبن، بەهەند وەرناگیردێ. لە دانیشتنی گشتی ساڵانەدا، دەکرێت لە دانیشتنی دوای ئەودا، زۆرینەی سادەی ئەندامەکان ئامادەی دانیشتنەکە بن.

٧. دەکرێت ئەم دەستورە بگۆڕدرێت یان هەموار بکرێتەوە، ئەویش لە ڕێگەی دانیشتنی گشتی ساڵانە یان لە ڕێگەی دانیشتنێکی گشتی تایبەت کە بۆ ئەم مەبەستە گرێدرا بێت. ئەوکات بەدەستهێنانی زۆرینەی سادە بەسە بۆ گۆڕین یان هەمواركردنەوەی دەستورەکە.

٨. ئەم دەستورە بە کۆدەنگی لەلایەن ئەندامانی دامەزرێنەری کۆمەڵەکە، لە دووەمین دانیشتن، لە ١ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٤ لە لەندەن داڕێژراوە.

بە مێژوویەک کە بۆ ٣٠٠٠ ساڵ پیش زایین دەگەڕێتەوە، نەتەوەیی کورد یەکێکە لە کۆنترین نەتەوەکان کە لە ڕووی زمان و نەژادەوە و سەر بە نەتەوەی هیندو-ئەورووپیەکانە.

ئەگەرچی ئەمڕۆ کوردستان بەشێکە لە وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، بەڵام لە ڕووی جوگرافی و نەژادییەوە ئەم بەشانەی کوردستان یەکەیەکی یەکدەست و پێکەوە گرێدراون کە کورد زۆرینەی دانیشتوانی پێکدێنن.

کوردستان دووجار بە دەست دوو دابەشبوونی گەورەوە ناڵاندویەتی. یەکەمجار لە سەدەی هەڤدەیەم وەک ناوچەی دەسترۆیی بۆ سەر دوو ئیمپراتۆریی عوسمانی و فارسدا دابەشکرا و دواتریش لە جەنگی یەکەمی جیهانی کاتێک بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بەسەر دەوڵەتە مۆدێرنەکانی ئێران، سووریا، عێراق و ئێراندا دابەشکران. بۆیە، حاڵیحازر کوردستان بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا، باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا و باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراق و بەشێک لە ئەرمەنیای سۆڤیەت و ڕۆژئاوای ئێران پێک دێنێت. کۆمەڵگای کوردی، هەروەک کۆمەڵگاکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، کۆمەڵگایەکی لادێی و شارنشینە، لەوانەیە باشترین خەسڵەتی کورد ئەوە بێت کە خەڵکی شاخ نشین، بوێر و وەفادارن. ئافرەتانی کورد، بەراورد بە ئافرەتانی وڵاتانی دراوسێ ئازادترن.

ئەگەر لە ڕووی فلکلۆرە دەوڵەمەندەکەیانەوە، بڕوانینە خەڵکی کورد، ئەوان هۆگری مۆزیک و سەما و هۆزانن. یەکەم ڕۆژنامەی کوردی کە لە قاهیرە لە ساڵی ١٨٨٢ بڵاوکرایەوە. ڕێکخراویی خۆیی بوون کە لە ساڵی ١٩٢٧ و هیوا لە ساڵی ١٩٣٨ دامەزران، ئەمانە مشتێکن لە هەوڵە سیاسی و ئەدەبییەکان کە لەلایەن کوردەوە لە میانەی سەدەی نۆزدەیەم و بیستەمدا، لە خەبات بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی، هەوڵی بۆ درا.

دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، کورد بەردەوام بوون لە خەباتیان بۆ ئازادی و مافی چارەی خۆ-نووسین. بۆ دەستەبەرکردنی چارەی خۆ-نووسین ئەوان وەک نەتەوەیەک لە چوارچێوەی پەیماننامەی سیڤەر لە ساڵی ١٩٢٠دا، دانیان پێنرا، کە مافی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی دەستەبەر کردبوو، بەڵام کورد لەلایەن هێزە سەرکەوتووەکانی بەریتانیا و فەرەنساوە خیانەتیان لێکرا و لەلایەن تورک و فارس و عەرەبەوە بەردەوام چەوسێنرانەوە. کوردی عێراق لە ساڵی ١٩٦١دا، لە بەردەوامیدان بە خەباتیان بۆ گەیشتن بە ئازادی، چەکیان کردە شان.

لە ساڵی ١٩٦١ەوە تا ساڵی ١٩٧٠، حکومەتە یەک لەدوا یەکەکانی عێراق هیچ کارێکیان نەکرد بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەی کورد، لەبری ئەمەش، پەیڕەویان

لـە هەمـان سیاسـەتی دڕندانـەی خۆیـان کـرد. لـە ئەنجامـی شکسـتیان لـە چارەسـەرکردنی ئــەو کێشــەیەی بــۆ کوردیــان دروســت کــرد، جەنــگ دووبــارە دەســتی پێکــردەوە و ئەنجامەکانـی شـەڕ بـووە هـۆی وێرانکـردنی شـار و گوندەکانـی کوردسـتان، بـەڵام لەمـەش تراژیدیـتر مردنـی ژن و منـداڵ و هاووڵاتـی بـێ تـاوان بـوو.

گرنگتریـن ڕێککەوتنامـە کـە لەلایـەن ڕژێمـی عێـراق و شۆڕشـی کـورد دەسـتەبەرکرا، ڕێککەوتنامــەی ١١ ی ئــادار ١٩٧٠ بــوو کــە بــە پێــی ڕێککەوتنەکــە کــوردی عێــراق لــە چوارچێــوەی کۆمــاری عێراقــدا مافــی ئۆتۆنۆمیــان پێــدرا. زۆر بەداخــەوە، لــە چــوار ســاڵی دوای واژووکردنــی ڕێککەوتنامەکــە، کــورد بینیــان کــە ڕژێمــی بەعــس پابەنــدی ڕێککەوتنەکـە نەبـووە و دەسـتی بـە بەرنامـەی تەعریبکـردنی ناوچـە کوردییـەکان کـرد و هەوڵـی تیرۆرکردنـی سـەرکردەی کـورد، مەلامسـتەفا بارزانـی دا و هەمـوو جـۆرە تـرس و تۆقاندنێکـی تاقیکـردەوە. لـە ئەنجامـدا، لـە ١٢ی ئـاداری ١٩٧٤، دووبـارە کـورد بـۆ بەرگـری کــردن لــە مافەکانیــان چەکیــان هەڵگــرت و ڕژێمــی عێراقیــش گشــت هێــزە یــەدەک و بەکرێگیراوەکانـی بەکارهێنـا و دەسـتی بـە هەمـوو جـۆرە هێرشـکردنێک بـۆ سـەر کـورد کــرد. لــە ئــادارەوە تــا هەنوکــە هێــزی ئاســمانی عێــراق بەرنامەیەکــی تۆپبارانکردنــی چـڕی لـە دژی گونـد و شـارۆچکە بـێ دیفاعەکانـی کوردسـتان دەسـت پێکـردووە و تـا بـە شـێوەیەک لـە شـێوەکان ورەی گەلـی کـورد تێـک بشـکێنن. لـە ئەنجامـدا سـەدان ژن و خەڵکـی بەسـاڵاچوو بوونـە قوربانـی. بـە بـڕوای ئێمـە ئـەم جەنگـە دڕندانەتریـن و پیسـترین جەنگـە کـە لـە دژی گەلـی کـورد بەرپـا بـووە. ڕژێمـی عێـراق نەتەنیـا پێشـێلی مافـە سـەرەتاییەکانی گەلـی کـوردی کـردووە، بەڵکـو بـە تەواوەتـی پێشـێلی بنەماکانـی مافـی مرۆڤـی کـردووە کـە لەلایـەن ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتووەکانـەوە داڕێـژراوە، کـە ئەمانـەی خـوارەوەن

١. مافی چارەی خۆنووسین

٢. یەکسانی نەژاد

٣. یەکسانی ڕەگەز

ڕژێمـی عێـراق پێشـێلی پەیماننامـەی نەتـەوە یەکگرتووەکانـی مافـی مرۆڤـی کـردووە بـە ئەنجامدانـی ئـەم کارانـەی خـوارەوە:

ا  بۆمبارانکردنی شار و گوندەکان

ب  سەپاندنی گەمارۆی ئابووری وەک ئامرازێک بۆ برسیکردن.

ج  بەکارهێنانی گشت ئامرازەکانی جەنگی مەدەنی بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی.

د  بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی، واتە بەکارهێنانی ناپاڵم.

ه  تەقەکردن لە گوندەکان و جوتیارەکان

و  پێشێلکردنی تەواوەتی مافەکانی پەروەردە، کار و ...

شۆڕشـی کـورد، جوڵانەوەیەکـی کۆمەڵایەتیی پشـت بەسـتراوە بـە پشـتیوانی گەلەکەی و هـەوڵ دەدات دەسـکەوتەکانی گەلـی کورد بخاتە بـواری جێبەجێکردنێکی هەسـت پێکراودا.

گەلـی کـورد چەندیـن سـاڵە بەدەسـت پشـتگوێ خسـتنی فەرمـی [حکومەتـی عێـراق] و دواکەوتوویـی دەناڵێنێـت، گەلـی کـورد ڕووبەڕووی گەلێـک دژواری کۆمەڵایەتـی و ئابووری بووەتـەوە، کە پێویسـتی بـە ئاوڕدانەوەی خێرا هەیـە. پتر لە ٧٥٪ خەڵکی کوردسـتانی عێراق نەخوێنـدەوارن و ئـەم بارودۆخـەش بەهـۆی وێرانکردنـی گونـدەکان لـە مـاوەی هەڵمەتـی سـەربازی کـە لەلایـەن دەسـەڵاتدارەکانی بەغـداوە ئەنجامـدراوە، خراپتر بووە.

پوختەیەک لە بارودۆخی هەنوکەیی کوردستانی عێراق لە خوارەوە خراوەتەڕوو:

لـە ناوەڕاسـتی ئەپرێـل تـا ١٥ی حوزەیرانـی ١٩٧٤، فڕۆکـە جێتەکانـی عێـراق ١٣٢٨ هێرشـیان ئەنجامـداوە و تەرکیزیـان لەسـەر ناوچـە پـڕ دانیشـتووانەکان بـووە. ئـەو هێرشـانەش بـە بەردەوامـی ئەنجـام دەدرێـن. بـۆ نموونـە، شـارۆچکەی چۆمـان لـە مـاوەی ٣ ڕۆژدا ٢٢ جـار بۆردمانکـراوە. لـە ئەنجامـدا ٣٦٨ گونـد خاپـور کـراون. ٤٤٠ هاووڵاتـی کـوژراون و ٥٠٠ کەسـیش برینـدار بوونـە. شـایانی ئامـاژە پێدانـە زۆرینـەی بەرکەوتـووەکان ئافـرەت و پیـر و منداڵـن. لـە خـوارەوە ڕێککەوتـی هێرشـی جێتەکانـی عێـراق و نـاوی منداڵـە کـوژراوەکان بەهـۆی ئـەم هێرشـانەوە، خراووەتـەڕوو.

٧٤/٥/٢٤ گونـدی کەرنکـس (Kernec) لـە تەلەعفـەری نزیـک مووسـڵ، چەندیـن ژن و منـداڵ کـوژران.

٧٤/٦/٦ ناوچـەی باڵـەک- کوڕێـک بـە نـاوی ڕەحـمان کەریـم کـە ١٥ سـاڵە لەگـەڵ منداڵێـک کـوژران.

٧٤/٦/١٠ شـەمێران گونـدی کاکەییـەکان. دوو منـداڵ کـوژران بەناوەکانـی: فەیـل حـاج فـەرەج. تەمـەن شـەش سـاڵ. محەمـەد مەحمـود. تەمـەن پێنـج سـاڵ.

٧٤/٦/١٥ گونـدی دلێـزا، خەڵکێکـی زۆر کـوژران. لـە نێویانـدا پیرەمێردێکـی ٩٠ سـاڵ و منداڵێکـی دوو سـاڵی.

سـەخترین بۆمبـاران لەنـاو و لـە دەوروبـەری قـەڵادزێ ڕوویـدا کـە نزیکـەی ٩٠ میـل لـە سـلێمانی دوورە. ئەمـەش لـە ٧٤/٧/٢٤ و لـە ئەنجامـدا ١٣٤ کـەس کـوژران و ٥٢ کەسـیش برینداربـوون. زۆربـەی ئەوانـەی کـوژراون منـداڵ و قوتابـی و ژمارەیـەک لـە فەرمانبەرانـی زانکـۆی سـلێمانی بـوون کـە وەک پرۆتێسـتێک لـە دژی سیاسـەتەکانی عێـراق لەهەمبـەر گەلـی کـورد، زانکۆیـان بەجێهێشـتبوو. لـەم هێرشـەدا یـەک خێـزان بـە تەواوەتـی کـە لـە دایکێـک و هەشـت منـداڵ پێکهاتبـوون کـوژران.

فەخرییە-دایک

ساڵح ئەحمەد حاجی سابیر- منداڵ

سەلام « « « «

جەبار « « « «

جوان « « « «

پاکیزە « « « «

کەژاڵ « « « «

شەهلا « « « «

ڕزگار « « « «

خێزانێکیتر کە لە دایکێکی دوو گیان و پێنج منداڵ پێکهاتبوون، کوژران. زۆر منداڵیتریش کە ناوی هەندێکیان لە خوارەوە هاتووە کوژراون.

گوڵالە عەلی خدر

سۆران محەمەد خدر

دیمەن عەبدولرەحمان خدر

پەرژین خدر خدر

قومری خدر

ئامانج خدر

حەبیب خدر

پیرۆز خدر

دوو ڕۆژ لە دوای بۆردومانکردنی قەڵادزێ، جێتەکانی دیکەی عێراق شارە گەورەکەی هەڵەبجەیان لە ٣٠ میلی ڕۆژهەڵاتی سلێمانی بۆردمانکرد. ٣٢ کەس کوژران و ٤٠ کەسیش بریندار بوونە. دووبارە زۆربەیان ژن و منداڵن. ئەمانەی خوارەوە ناوی منداڵە کوژراوەکانن:

ئاکۆ عەلی ئیسماعیل

ئایار عەلی ئیسماعیل

بورهان عەلی ئیسماعیل، لەگەڵ چەندین کەسیتر.

سێ ژن کوژراون: حەمیدە محەمەد، کافیە حاجی مەجید، بەیان حەسەن خدر.

لە ١٦/١٥ حوزەیران، هێزی ئاسمانی عێراق، گوندی ----- سەر بە ئاکرێی بۆردمانکرد. لە ئەنجامدا، دوو ژن، منداڵێک و چەندین پیرەمێرد کوژران کە گشتیان خەڵکی مەدەنی بێ دیفاع بوون و لە گوندەکەدا دەژیان.

ئەمانـەی لەسـەرەوە ئاماژەیـان پێـدراوە، بەشـێکی کەمـن لـەو کەسانەی لە کوردسـتانی عێراقـدا لـە مـاوەی ئـەم شـەڕە سـەختەدا کـوژراون. هەڵمەتـی سـەربازیی نامرۆیـی بەعسـیەکانی عێـراق لـە خاپورکردنـی شـار و گوندەکانـی کوردسـتان بەردەوامـە کـە بووەتە هـۆی کوشـتن و وێرانکـردن و هەڵاتنـی خەڵـک بـۆ شـاخەکان، لـە ترسـی بۆمبارانکـردن و هێرشـی سـەربازیی. تاکتیکێکیـتر کـە لەلایـەن ڕژێمـی عێراقـەوە پیـادە دەکرێـت، خسـتنە نـاوەوەی ژمارەیەکـی زۆرە لـە خێزانـە کـوردەکان لـە ناوچـە جۆراوجۆرەکانـدا، بـە کـوردی بەغداشـەوە، بـۆ نـاو لـۆری سـەربازیی و گواسـتنەوەیان بـۆ بەرەکانـی جەنـگ. بـۆ نموونـە:

- ٧٤/٦/١ نزیکـەی ٢٨ خێـزان، کـە لـە ٩٢ کـەس پێکدەهاتـن زۆربەیـان لـە ژن و منـداڵ بـوون، لـە مووسـڵ و دهـۆک بـە زۆر دەرکـران.
- ٧٤/٦/٧، (١٢) خێـزانی کـوردی شـاری خانەقیـن لـە دەوری یەکـتر کۆکرانـەوە و ناچارکران کـە خانـوو و گشـت مـاڵ و موڵکیـان بەجێبهێڵـن.
- ٧٤/٦/٢٠ (٤٠٠) ژن و منداڵ لە مووسڵ و دهۆک لە قوتابخانەیەکدا بەندکران.
- ژنێـک بـە نـاوی سـەمیرا محەمـەد، لـە کەرکـووک دەرکـرا و ڕێگـەی پێنـەدرا منداڵـە چەنـد مانگیەکـەی لەگـەڵ خۆیـدا ببـات. دواتـر لـە ڕێگـەی دەنگـی کوردسـتانەوە، داوای لـە دراوسـێکانی کـرد، پشـتگیریی بکـەن تـا ژیانـی منداڵەکـەی ڕزگار بـکات.

ئەمانـە چەنـد نموونەیەکـی کـەم بـوون، سـەدان خێـزان بـەرەو ئێـران هەڵاتوون و ئێسـتا لـەوێ پەنابـەرن، ئەوانـی دییـش بـێ پەناگـەن و خۆراکێکـی کەمیـان هەیـە و دەرمـان و پێداویسـتییەکانی دیکـە یـان نییـە.

لـە نێـوان ئەو میتۆدە زۆرانەی کوشـتن کە لەلایەن حکومەتی عێراقـەوە لە دژی منداڵانی کـورد گیراونەتەبـەر، یەکێـک لـە خراپترین شـێوازەکان، بەکارهێنانـی یاری منداڵانـە (لەعابە) کـە دەتەقنـەوە. تەقینـەوەکان دەخرێنـە نـاو لەعابـەی منـداڵان و بەسـەر منداڵەکانـدا فـڕێ دەدرێـن و ئەمـەش دەبێتـە هۆی کوشـتن و بریندار بوونـی منداڵەکان.

دووبـارە دەسـتپێکردنەوەی شـەڕ لـە کوردسـتانی عێراقـدا بـووە هـۆی دروسـتکردنی نەوەیەکیـتری نەخوێنـدەوار، ئەمـە لەگـەڵ نەخۆشـییە کۆمەڵایەتییـەکانی دیکـە، هـاوکات

لەگــەڵ ئاماژەکــردن بــەوەی کــە فڕۆکــە جێتەکانــی عێــراق لــە بۆمبارانکردنیانــدا تیشــک دەخەنەســـەر بۆردمانکردنـــی قوتابخانـــەکان، بـــەم هۆیەشـــەوە ئاســـتی نەخوێنـــدەواری بەرزتــر بووەتــەوە.

لــە کۆتایــی ئــاداری ڕابــردووەوە، زنجیرەکــی بــەردەوام لــە قوتابــی و مامۆســتا، شــار و شــارۆچکە و گونــدەکان بەجێدێڵــن تــا بچنــە نــاو ســوپای شۆڕشــگێڕی کــورد (پێشــمەرگە) تــا بەرگــری لــە ماف و ئــازادی گەلەکەیــان بکــەن. هەرچەنــد بەڕێوەبەرایەتی شــۆڕش بەردەوام جەخــت لــە پێویســتی بەردەوامــی خوێنــدن و پــەرەوەدە دەکاتــەوە، بــەڵام بۆردومانکردنــی بەردەوامــی قوتابخانــەکان، خوێندنــی نامومکیــن کــردووە و قوتابیــان ناچــارن واز لــە خوێنــدن بێنــن. پــتر لــە ٤٠٠٠ قوتابــی لــە ســاڵی شەشــەمی ســەرەتایی ناتوانــن بەشــداری لــە تاقیکردنەوەکانــی کۆتایــی ســاڵ بکــەن، پــتر لــە ٢٠٠٠ قوتابــی دواناوەندیــش لــە هەمــان دۆخــدا بــوون. زۆربــەی ئــەم قوتابیانــە ئێســتا لــە ئێــران لــە ئۆردۆگاکانــدان.

بــە نــاوی تــەواوی ئــەو دایــک و منداڵانــەی لــە ژێــر ئــازار دان، ئێمــە داوا لــە کەســانی ئاشــتیخواز دەکەیــن لەبــارەی ئــەم مامەڵــە نامرۆڤانەیــەی لــە هەمبــەر گەلــی کــورد ئەنجــام دەدرێــت دژی حکومەتەکانیــان بوەســتنەوە.

بــۆ وەرگرتنــی زانیــاری لەســەر کۆمەڵــەی منــداڵ پارێزانــی کوردســتان، تکایــە بــە ڕۆژ یــان بــە شــەو پەیوەنــدی بــەم ژمــارەوە بکــەن: ٤٥٩٥١٣٩

یان نامە بنێرن بۆ کۆمەڵەی منداڵ پارێزانی کوردستان

c/o The Centre

St. Martin-in-the-Field

12 Adelaide Street

LONDON WC2N 4HW

هەروەها دەتوانن یارمەتیەکانتان بۆ ئەم ئەدرەسەی سەرەوە بنێرن،

SAVE THE CHILDREN OF KURDISTAN SOCIETY

National westminester Bank، Ltd.، (U.K)

Account Number: 39354180

Walham Green Branch

Fulham Broadway

LONDON. S. W. 6

بـۆ ئـەم زسـتانە پێویسـتی خێرامـان بـە جلوبەرگـی گـەرم بـۆ منـداڵان هەیـە. تکایـە یارمەتیـمان بـدەن تـا ژیانیـان بپارێزیـن.



زۆر نهێنی (ل ٤١١-٤١٢)

GRS 450/2

IMMEDIATE

CYPHER CAT A

FM BAGHDAD 290700Z OCT

SECRET

DESKBY 290900Z

بـۆ تەلەگرامـی بەپەلـەی وەزارەتـی ناوخـۆی شانشـینی یەکگرتـوو بـە ژمـارە (290700Z) لـە تشرینـی یەکـەم؛ هەروەهـا بـۆ ئەولەویەتـی (JISNE)، [نووسـینگەی] پارێـزراو (Saving) کوێـت، دیمەشـق، بەیـروت، ئەنقـەرە و تـاران.

DIG FOH

**ڕاپۆرتی حەوتانە**

ک ١. کوردستان

**ئالفـا:** شـەڕێکی قـورس لـە بەرزاییەکانـی زۆزک کـە دەکەوێتـە ڕۆژهەڵاتـی ڕوانـدز، بەردەوامـە؛ بـەڵام ئێمـە نازانیـن کام لایـەن دەسـتی بەسـەر ئـەم بەرزاییانـەدا گرتـووە.

**براڤـۆ:** شـەڕ لـە ناوچـەی ڕانیـە و قـەلادزێ بەردەوامـە. هێـزی ئاسمانی بەردەوامـە لـە بۆردمانکردنـی ڕێگاوبانـەکان.

**چارلـی:** تورکـەکان بـاس لـەوە دەکـەن نزیکـەی ١٥ ڕۆژ لەمەوبـەر کۆبوونەوەیـەک لـە نێـوان سـەدام حسـێن و سـەرۆک ئەرکانـی سـوپا (CGS) و فەرمانـدەی ئـەو کەرتانـەی بەشـداریان لـە شـەڕی [کوردسـتاندا] کـردووە ئەنجامـدراوە و فەرمانـدەی کەرتـەکان ئاماژەیـان بـەوە کـردووە ناتوانـن ئامانجەکانیـان لە باکـوور دەسـتەبەر بکـەن. ئەنجامەکانی ئـەم کۆبوونەوەیـە نەزانـراوە، بـەڵام ئـەو دەنگۆیانـە پشتڕاسـت دەکەنـەوە کـە لەسـەر

دەستکەوتەکانی شەڕی کوردستان و خواست بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لە ڕێگەی سیاسییەوە، ناکۆکیەکی زۆر لە نێوان ئەندامە پلە باڵاکانی [حیزبی بەعس] لە ئارادایە.

**دێلتا:** ڕەوشی کەشوهەوا باشە. کەشوهەوای بەغدا لە ٢٧ی تشرینی یەکەمی، بەرزترین پلە ٣٣، نزمترین ١١؛ مووسڵ بەرزترین پلە ٣١، نزمترین پلە ١١؛ کەرکووک بەرزترین پلە ٣٠، نزمترین پلە ٢١ (دوو جار لەگەڵ فڕۆکەخانە کەش و هەوای کەرکووک وەرگیراوە).

**ئێکۆ:** یاریدەدەری سەربازیی (MA) تورکیا لە ٢١-٢٣ی تشرینی یەکەم سەردانی هەولێر و کەرکووکیان کردووە. لەم سەردانەدا ئۆتۆمۆبێلێکی ئاسایش لە پێشەوە بووە، یەکێکیش لە دواوە و کەسێکی سەر بە ئاسایشیش لە ئۆتۆمۆبێلەکەیدا بووە.

**فۆکستڕۆب:** پەرەگرافی ٦، پوختەی حەوتانەی نووسینگەی کاروباری دەرەوە، بە ژێدەری تشرینی یەکەم (141100Z). حکومەتی عێراق داوای تۆپخانەی قورسی، هاوەن، چەک و تەقەمەنی و چەکی سووکی لە هەر یەک لە وڵاتانی ئەردەن، بەلجیکا، سویسرا و ئەڵمانیای ڕۆژئاوا کردووە.

نووسینگەی کاروباری دەرەوە تکایە ئەم تەلەگرامە بۆ [نووسینگەی] پارێزراو (Saving) کوێت، دیمەشق، بەیروت، ئەنقەرە و تاران، بنێرە.

GRAHAM

(دووبارەکراوە هەروەک داواکراوە)

FILES MED

DEFENCE DEPT NENDA

PUSD MR CAMPBELL

MR WEIR SIR G ARTHUR

MR THOMSON

نهێنی (ل ٤١٥-٤١٦)

GRS 350، CYPHER CAT A

FM TEHRAN 030800Z

CONFIDENTIAL

بــۆ تەلەگرامــی ڕۆتینــی نووســینگەی کاروبــاری دەرەوە بــە ژمــارە ٥٨١ لــە ٣ی تشرینــی یەکەمــی ١٩٧٤.

بۆ بەرچاو ڕوونی، [بنێردرێتە باڵیۆزخانەی] بەغدا.

کوردستان

١. عالــەم لــە ١ی تشرینــی دووەم [پەیامێکــی] بــۆ نــاردم و گوتــی، شــا ڕایســپاردووە لەســەر بەرنامەکــەی ‹ITV› لەســەر کوردســتان، کــە لــە ٢٩ یــان ٣٠ تشرینــی یەکــەم پەخشــکرا، قســەم لەگــەڵ بــکات. پوختەیەکــی لەســەر بەرنامەکــە بــۆم خســتەڕوو کــە کۆمەڵێــک ڕســتەی تێدایــە وەک ‹شــای ئێــران لەپێنــاو بەرژەوەندییەکانــی خــۆی ئیســتیغلالی ناســیۆنالیزمی کــورد دەکات، تــا لــەم ڕێگەیــەوە پشــتگیریی نێودەوڵەتــی دەســتەبەر بــکات. سیاســەتی لەهەمبــەر کــورد بریتییــە لــە بەردەوامیــدان بــە شــەڕ نــەک کۆتایهێنــان بــە شــەڕ، ئەمــەش بــە واتــای بەردەوامیــدان بــە بێزارکردنــی دراوســێکەی، واتــە عێراق››دێــت، یــان « دژایەتیکردنــی دوورودرێــژی شــا لــە دژی کــورد وایکــردوە بــە هاوڕێیەکــی متمانــە پــێ نەکــراو هەژمــار بکرێــت››.

٢. عالــەم گوتــی، شــا فەرمانــی پێکــردووە جەخــت لەســەر ئــەوە بکاتــەوە کــە ئێمــە هیــچ ناڕەزاییەکــمان لەهەمبــەر بەرنامەکــەدا نییــە. شــا تەنیــا ویســتویەتی ئاگادارمــان بکاتــەوە کــە پەخشــی ئــەم جــۆرە قســانە (بــۆ نموونــە نوێنەرێکــی کــورد لەنــاو بەرنامەکــەدا بەشــدار بــووە) زیــان بــە «پرســە هاوبەشــەکەمان›› دەگەیێنێــت. منیــش باســم لــە گرنگــی بێلایەنــی میدیــا کــرد.

٣. بــڕوا ناکــەم پێویســت بێت بــۆ ئەم مەبەســتە هیــچ ڕێکارێکیــتر بگرینەبەر. ئەمــە خاڵێکی باشــە شــا ئامــاژەی بــەوە داوە، ئــەو ناڕەزایەتــی [لەســەر ئــەم بەرنامەیــە] دەرنابڕێــت

-هـەروەک چـۆن سـاڵی پـار لەسـەر کاروباری بی.بی.سـی هەیبـوو. هەروەهـا لەوکاتەوە مـن لێـرەم ئەمـە یەکـەم ناڕەزایـی دەربڕینـە لەسـەر میدیـای بەریتانیـا.

٤. شـا لـەم دواییانەدا سیاسـەتێکی نـوێ لەبـارەی ڕەخنەکانی میدیـای ڕۆژئـاوا گرتووەتەبەر. لــەم دواییــەدا ڕاپۆرتێــک لــە نیوزویــک (Newsweek) لەســەر ئێــران بڵاوکرایــەوە، هەندێـك تۆمـەت دەخاتـە پـاڵ ئێـران، بـە تایبەتـی لەبـارەی سـاواک. چەنـد مانـگ لەمەوبـەر بابەتـی پێشـێلکارییەکان وەسـتان یـان هەڵپسـێردران. لەبـارەی ئـەم کارەش وتارێکـی تـەواو بـە زمانـی ئینگلیـزی بڵاوکرایـەوە؛ هەروەهـا وتارەکـە وەرگێڕدرایە سـەر زمانـی فارسـی و لـە گشـت ڕۆژنامەکانـی فارسـی زمانـی ئێرانـدا بڵاوکرایـەوە.

Parsons

FILES: MED، GIPD، NEWS DEPT، MR CAMPBELL، MR WEIR،

بەڕێز کلارک (Mr Clark) (ل ٤١٧)

بەڕێز بۆرتن (Mr Burton)

١. نامەی ژەنەڕاڵ سێر ئەلکساندر درۆمۆند (General Sir Alexander Drummond) کە بۆی ناردوم، لەگەڵ ڕاپۆرتێک لەسەر سەردانی ئەم دواییەی بۆ کەمپەکانی پەنابەرانی کوردی [عێراق] لە ئێران (تەلەگرامی نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس بە ژمارە ٣٩٩ لە ٢٦ی ئەیلوولی بە ژێدەری تاران) بۆتان هاوپێچ دەکەم. سوپاسی درۆمۆندم کرد بۆ ناردنی نامەکە.

٢. لە ١ی تشرینی دووەم ژەنەڕاڵ درۆمۆند تەلفۆنی بۆم کرد و پێی ڕاگەیاندنم لە بارودۆخی کەمپەکانی پەنابەران تووشی سەرسوڕمان بووە و ڕێژەی مردن لەناو پەنابەرەکاندا لە ڕادەبەدەر بەرزە. لە تارانەوە پەیوەندی بە وەزارەتی کاروباری دەرەوە کردووە و لەلایەن ئەوانەوە ئامۆژگاریی کراوە کە بە هیچ شێوەیەک نەچێتە ناو خاکی عێراقەوە، چونکە ئەمە هەم گرفت بۆ حکومەتی ئێران و هەم بۆ باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە بەغدا دروست دەکات. ژەنەڕاڵ درۆدمۆند گوێی لەم ئامۆژگارییە گرتووە.

٣. ژەنەڕاڵ درۆمۆند گوتی، هەوڵ دەدات پەتو (بەتانی) و پۆشاکی زیادەی وەزارەتی بەرگری بکڕێتەوە، بەڵام هەندێك کێشە لەم کارەدا هەن و گوتی، (DS13!) ‹PS13› ڕێگە نادات ئەم پۆشاکە زیادەیە لە وڵاتی [بەریتانیا] بچێتە دەرەوە و هێمای بەوە کرد لەوانەیە نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس لەم کارەدا یارمەتی درۆمۆند بدات. پرسیاری ئەوەم کرد، ئایا دەکرێت ئەم پۆشاکانە بدرێنە ‹کۆمەڵەی شێر خورشید و خۆری ئێران› (Iranian Red Liona and Sun Society). درۆدمۆند گوتی، ئەم کۆمەڵەیە حەز ناکات ئەم کارە بکات، بۆیە ئەم پۆشاکانە ڕاستەخۆ بۆ کەمپەکان بەڕێ دەکات. گوتم، ئێمە ناتوانین لەگەڵ وەزارەتی بەرگریی هیچ کارێک بکەین، تەنیا ئەوە نەبێت ئەم کاڵایانە (بەتانی و پۆشاک) بۆ ڕێکخراوێکی حکومی بکڕین، بەڵام گرنگی بەم پێشنیازە

نـەدا، بۆیـە لـە نامەکەیـدا هیـچ ئاماژەیـەک بـۆ ئـەم پێشـنیازە نەکـراوە.

٤. تکایـە کۆپیـەک لـە نامـە و ڕاپۆرتەکـەی ژەنـەڕاڵ درۆدمۆنـد لەگـەڵ ڕوونکردنەوەکـە لەبـارەی هەردووکیـان بـۆ تـاران و بەغـدا بنێـرن.

P R H Wright

بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

٥ی تشرینی دووەمی ١٩٧٤

لەلایـەن فەریـق سـێر ئەلکسـاندر درۆمۆنـد (General Sir Alexander Drummond Lieutenant) (ل ٤١٨-٤١٩)

Chase lodge

27 North Side

Clapham Common، S، W، 4

٢ی تشرینی دووەمی ١٩٧٤

هاوپێچکـراو، ڕاپۆرتێکـە لەسـەر دۆخـی پەنابەرانـی کـورد لـە کەمپـی ڕەزایـە کـە بـۆ بەڕێوەبـەری گشـتی ‹کۆمەڵـەی شـێر خورشـید و خـۆری ئێـران›م نـاردووە.

نزیکتریـن کەمـپ لـە ڕەزایـە ٤٠ کیلۆمەتـر لـەم شـارە دوورە. پەنابـەران لـە ژێـر چاودێریـدان و لـە قەرەنتینــەدا ڕادەگیرێـن. فەرمانبەرێکـی مەدەنـی ئێرانـی بەرپرسـی کەمپەکەیـە و بەڕێوەبردنـی کاروبـاری ناوخـۆی کەمپەکـەش بەدەسـت فەرمانبەرێکـی کـوردە. ئـەم دوو کەسـە پەیوەنـدی باشـیان لەگـەڵ یەکـتردا هەیـە.

بـۆ خۆپاراسـتن لـە ڕەخنەکانـی ‹کۆمەڵـەی شـێر خورشـید و خـۆری ئێـران› پەیوەندیـم بـە ئیـدارەی کوردەکـەی [کەمپەکـەوە] کـرد.

بـۆ هـەر خێزانێـک دوو خێمـە دابینکـراوە، بـەڵام کەپـر زووتـر ئامادەکـراون. ‹کۆمەڵــەی شـێر خورشـید و خـۆری ئێـران› خـۆراک و حەوتانـە پێنـج ژەم شـیر بـۆ پەنابـەرەکان دابیـن دەکات. هەروەهـا ئـەم کۆمەڵەیـە پزیشـکێکی ئێرانـی لەگـەڵ ڕێژەیەکـی زۆر کـەم دەرمـان و پێداویسـتییەکانی پزیشـکی بـۆ ئـەم کەمپانـەی دابینکـردووە.

کـوردی [ئێـران] پۆشـاک و بەتانـی و پێداویسـتی سـەرەکیان بـۆ پەنابـەرەکان دابینکـردووە. سـەرەڕای، ناردنـی سـێ پزیشـک، سـێ پەرسـتار و دوو سـەرتاش.

لەبـارەی ڕێکخراوەکانـی خاچـی سـوور، هـەروەک هەمیشـە، ئـەم ڕێکخـراوە ناتوانێـت یارمەتـی کـوردە مەدەنییەکانـی سـەر سـنوورەکانی ئێـران بـدات، تـا ئەوکاتـەی

داواکارییەکـی تایبـەت لـە عێراقـەوە لـە ڕێگـەی بـارەگای سـەرەکی خاچـی سـوور لـە جنێـف دەسـتەبەر نەکـەن کـە ئـەم خەڵکـە پێویسـتیان بـە یارمەتیـە.

بـە هەرحـاڵ، ‹کۆمەڵـەی شـێر خورشـید و خـۆری ئێـران› و ئاژانسـەکانی سـەر بـە حکومەتـی ئیمپراتۆریـی پاشـایەتی (Royal Imperial Government) هیـچ کێشـەیەکیان نییـە لـە ڕێگـەی (corridor) ڕەزایـەوە یارمەتـی پەنابـەرە کـوردەکان بـدەن.

ئۆکسـفام بڕیاریـداوە ٥٠٠٠ بەتانـی و دەرمـان لـە ڕێگـەی ڕەزایـە بـۆ پەنابـەران بنێرێـت. سـەرەکیرتین کێشـەی پزیشـکی حاڵیحـازر، بریتییـە لـە نەخۆشـی سـیل (pulmonary tuberculosis) کـە لەنـاو پەنابەرەکانـدا بڵاوبووەتـەوە. لەهـەر کەمپێکـدا نزیکـەی ٢٠ حاڵەتـی ئـەم نەخۆشـیە دۆزراوەتـەوە؛ هەروەهـا نزیکـەی دە هـەزار منـداڵ هـەن لەوانەیـە تووشـی ئـەم نەخۆشـیە بـن. ئەگـەر ئـەم منداڵانـە نەکوترێـن لـە داهاتوویەکـی نزیکـدا کێشـەیەکی زۆر گـەورە دروسـت دەبێـت.

بـە تێکچوونـی کەشـوهەوا و هاتنـی سـەرما ئـەو پەنابەرانـە پێویسـتیان بـە گەرمـی هەیـە. مەترسـی گـەورە، تـای تیفـۆ و هەوکـردنی مێشـکە. مەترسـی ئـەم نەخۆشـییە وەک شمشـێر دێمۆکلیـس (Damocles) لەسـەر سـەری ئێرانییـەکان و کـورد وەسـتاوە. ئەگـەر یـەک حاڵـەت لـەم نەخۆشـییە بدۆزرێتـەوە، ڕیگـەی گەیاندنـی یارمەتـی بـە پەنابـەران بـە تەواوەتـی دادەخرێـت.

دوای دابینکردنـی دەرمـان و پۆشـاک پێداویسـتی سـەرەکیتر بریتییـە لـە مەشـق و ڕاهێنـان بـە گەنجـە ڕۆشـنبیرەکان تـا وەک سـتافی پزیشـکی یاریـدەدەر (paramedical personnel) لـە بوارەکانـی کوتـان، بەکارهێنانـی میکرۆسـکۆپ بـۆ پشـکنینی سـلایدەکانی تایبـەت بـە نەخۆشـی باکتریـای توبرکلـوز (tubercle bacillus)، کرمـی مالاریـا و چاودێریکردنـی نەخۆشـەکان کار بکـەن.

بـۆ ئـەم مەبەسـەتە داوام لـە کۆمەڵـەی شـێر خورشـید و خـۆری ئێـران کـردووە ڕێگـەم پێبـدەن منـداڵان لـە دژی نەخۆشـی سـیل، بکوتـم و لـە هەمانکاتـدا مەشـق و ڕاهێنـان بـە سـتافی پزیشـکی یاریـدەدەر بکـەم.

نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێڵس

لەندەن S.W.1

٤ی تشرینی دووەمی ١٩٧٤

Lt General Sir Alexander Drummond KBE CB

Chase Lodge

27 North Side

Clapham Common SW4

بەڕێز ئەلکساندر

سوپاس بۆ ناردنی کۆپیەک لە نامەکەتان بە ڕێکەوتی ٢ی تشرینی دووەم کە تایبەت بوو بە سەردانی ئەم دواییەتان بۆ ئێران.

زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ناردنی ئەم نامەیە.

P R H Wright

بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک

سەرنجێک لەسەر سەردانەکەی مانگی تشرینی یەکەم بۆ تاران (ل٤٢١)

باڵیۆزخانەکــەی بەڕێزتــان زۆر بــە وریایــی و بەڕێــزەوە پێشــوازیان لــێ کــردم و ئامۆژگاریــان کــردم ســەردانی وەزارەتــی تەندروســتی بکــەم و ڕێکارەکانــی ئــەم ســەردانەش ڕێکخــرا بــوو.

وەزارەتـی تەندروسـتی [ئێـران] لـە کارەکانـی حکومەتەکـەی لەهەمبەر پێشکەشـکردنی یارمەتـی بـۆ پەنابەرەکانـی کـوردی [عێـراق] زۆر ڕازی بـوو و ڕێگەیـان پێـدام سـەردانی گشـت کەمپـەکان بکـەم. لەهەمانکاتـدا ڕێکخـەری پەیوەندییـە گشـتییەکانی وەزارەتەکـە (P.A) ژوورەکـەی بەجێهێشـت و دواتـر پەیامێکـی هێنـا کـە دەبـێ بـە زووتریـن کات سـەردانی نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە بکـەم، ئەگەرچـی کاتژمێـر لـە ١٢ی نیـوەڕۆ تێپـەڕی بـوو و ڕۆژەکـەش ڕۆژی پشـوو بـوو.

نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، تـاران: چـاوم بـە بەڕێـز قاسـمی سـەرۆکی یەکەمـی بەشــی سیاســی (First Political Department) کـەوت کـە کاروبــاری ســنوورەکانی ئێـراق و تورکیاشـی بەڕێـوە دەبـرد. ئـەو لەگـەڵ هاوڕێکـەی بەڕێـز پەرڤیـزان (Parvizan) بـوو، تـا لـە ئینگلیزیـدا یارمەتـی بـدات؟؟

بــە خواردنــەوەی کوپێــک قــاوە ئێمــە چاوپێکەوتنێکــی زۆر دۆســتانە و باشــمان هەبــوو، ئــەم چاوپێکەوتنــە بــەم داواکارییــەی خــوارەوە کۆتایــی پێهــات:

- ئەگــەر مــن ســنووری عێــراق ببەزێنــم، ئــەم کارە عێراقییــەکان بێــزار دەکات، لەوانەشــە ببێتــە هــۆی بێزارکردنــی هاووڵاتیانــی خــۆم لە[باڵیۆزخانــەی بەریتانیــا] لــە بەغــدا. ئەوانــم دڵنیــا کــردەوە کــە لــە ســنوور دەربــاز نابــم.

لـە ڕەزایـە فێـری زۆر شـت بووم. بـێ هیچ پاشـکەوتن و درەنـگ بوونێک بـە بەردەوامی سـتافی سـەربازیی و مەدەنـی سـەردانی بـارەگای ژەنـەڕاڵ بارزانـی دەکـەن. بـارەگای کـورد لـە ڕەزایـە لـە ‹هۆتێـل کارون›ە کە دەکەوێتـە شـەقامی بێلاڤـی (Belavi Street).

دیــارە پــارە وەک پێویســت لەبــەر دەســتە. جلوبەرگــی ئەفســەرە پلــە بــەرزەکان باشــە و یەکپۆشــییەکی ڕەنگــی خاکــی کراوەیــان (light Khaki) لەبــەردا بــوو. لــە

دەرەوەی بارەگاکــە لــە ‹مەلیــوان*› (Maleewan) لەگــەڵ کــوڕ و برازاکــەی ژەنــەڕاڵ بارزانــی نووســتم. خــواردن و خزمەتگوزاریــی زۆر بــاش بــوو.

دڵنیــا بــوون کــە لــە وەرزی زســتاندا ســوپای حکومەتــی عێــراق گیــر دەخــوات و کوردیــش دەتوانێــت ســوود لــەم دەرفەتــە وەرگرێــت.

[*لەوانەیــە مەبەســت لــە مەلیــوان، نەلیــوان بێــت کــە دەکەوێــت نێــوان شــنۆ و ڕەزایــە. وەرگێــڕ]

ڕاپۆرتێک لەسەر: (ل ٤٢٢- ٤٣٣)

لەبارەی سەردانەکەی سێر ئەلێکساندر درۆمۆند،(K. B. E.، S.Pk.، LL، D.، R.R.، C. S) ڕۆژی تشرینی یەکەمی ١٩٧٤دا، بۆ کەمپی پەنا بەرانی کوردی [عێراق] لە ئێران بە چاودێری (auspices) کۆمەڵەی شێر خورشید و خۆری ئێران (Iran Red Lion and Sun Society).

زۆر نهێنی و تایبەت

ڕاپۆرتێک لەسەر ڕەوشی تەندروستی کەمپی پەنابەرانی کورد لە زێوە و ئاغ بلاغ (AG Blag) و مەلیوان لە هەرێمی ڕەزایە کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای ئێران.

تشرینی یەکەمی ١٩٧٤

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی: بەم شێوەیەی خوارەوە باس لە نەخۆشییە بەربڵاوەکانی باکووری عێراق دەکات:

گروپی توشبووان (Ingestion Group): سکچوون و هەوکردنی گەدە (gastroenteritis)، بە تایبەتی لەناو منداڵەکاندا، تیفوید.

نەخۆشی گوازراوە لە مێروولە (Insect Borne): مالاریا، هەوکردنی سپڵ، تای دینگی (dengue fever)، تیفوس و گرانە تا (relapsing fever).

نەخۆشی گوازراوە لە هەوا (Air Borne): سیل، سورێژە، کۆخە ڕەشە (diphtheria) و ئابلە (smallpox).

هەوکردنی چاو: تراکۆما و هەوکردنی گۆشەی چاو (angular conjunctivitis and trachoma)

نەخۆشییەکانی کەش و هەوا: لە ناوچە شاخاوییەکاندا سڕبوونی جەستە بەهۆی سەرماوە (frostbite).

تێبینی: هەر نەخۆشیەک لە بەریتانیای گەورە بوونی هەیە، لە باکووری عێراقیشدا بوونی هەیە، بەڵام بە شێوازێکی زۆر توندتر.

نەخۆشییە گوازراوەکان (epidemic): ئەم نەخۆشییەنە لەم کەمپانەدا دۆزراوانەتەوە:

هەوکردنی گەدە: ١٠٠٠ کەس، ٨٩ کەس گیانیان لەدەست داوە.

تیفۆ و تای ڕۆماتیزم (enteric fever): ٦٠ کەس

هەوکردنی سپڵ: ٥٠٠ کەس، کەس نەمردووە.

سورێژە: ٢٠٠٠ کەس، ٥ کەس گیانیان لەدەستداوە.

نەخۆشی و هەوکردنە گوازراوەکان (endemic infections and disease): مالاریا،

نەخۆشی منداڵان (Infantile Gastroenteritis)

سیلی سییەکان (pulmonary tuberculosis)

جۆرە ‹تا›یەک کە نەناسراوە کە ئایا (PUO)یە یان ڤایروسی هەوکردنە؟

هەوکردنی ڕیخۆڵە، بۆ نموونە نەخۆشی (گرێ) غودە (abscess).

ڕێکارەکانی پێشگیریی کردن:

کاتێک تاکەکان زۆر لە نزیک یەکتر دەژین، هەروەک ئەوەی لە کەمپی پەنابەراندا هەیە، زۆر پێویستە ئەم کەسانە بکوترێن، تا ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکان بکرێت یان مەترسی تووش بوون بە نەخۆشی کەم بکرێتەوە، ئەگەر نەخۆشییەکان گوازراوە بن.

تیفۆ: ڤاکسینی پاراتیفۆ لە جۆری ‹ئە› و ‹ب› و ‹ت. ئە. ب›. کە بۆ منداڵی تەمەن دوو ساڵان بۆ سەرەوە لە ژێر پێستیان دەدرێت.

سیلی سییەکان (pulmonary tuberculosis): ڤاکسینی (B.C. G) بە شێوەی ژێر پێست بێت یان چەند خاڵی بێت. ئەم ڤاکسینە جەستە لە ئەگەری تووشبوون بەم نەخۆشیە و هەوکردن دەپارێزێت.

ئابلە (smallpox): باشترە پێش تەمەنی دوو ساڵ ئەم ڤاکسینە لێبدرێت. ڤاکسینەکە هەر جۆرێک بێت دروستە.

نۆڕینگـە (pathology laboratory): بـۆ گشـت پەنابەرانـی کەمپەکـە دابیـن بکرێـت. بـۆ دەستنیشـانکردنی هەوکـردن یـان پیسـبوونی جەسـتە، یـان بەشـێکی جەسـتە، بـۆ نموونە دۆزینـەوەی کرمـی مالاریـا، یـان هـەر کرمێکیـتر، نۆڕینگەیـەک بـۆ دەستنیشـانکردنی جۆری نەخۆشـییەکە هەبێـت تـا چارەسـەری پێویسـت بـۆ نەخۆشـییەکە بکرێـت.

لــە حاڵەتــی هەوکــردن بەهــۆی بەکتریــاوە، هەســتیاری بەکتریــای دروســتکەری نەخۆشـییەکە لەهەمەبـەر دەرمانێکیـدا، دەبـێ دەستنیشـان بکرێـت تـا چارسـەری خـراپ یــان دەرمانــی نەشــیاو بــە نەخۆشــەکە نەدرێــت. هەروەهــا پۆشــاک و کەرەســتەکان پێویســتیان بــە تەعقیــم (sterilizing) هەیــە.

بــۆ ڕووبەڕووبوونــەوەی ئــەم کێشــانە پێویســتیمان بــە نۆڕینگەیــەک هەیــە کــە پســپۆڕێکی نەخۆشــییەکان تێــدا کار بــکات.

ڕەوشی ناو کەمپەکان

سکچوون (diarrhoea) لەناو کەسانی پێگەیشتوو زۆر باوە.

هەوکردنــی گــەدە (Infant Gastroenteritis)، زۆر بــاوە و بووەتــەوە هــۆی کوشــتنی چەنــد کەسـێک.

زێوە: ١٠٠٠ حاڵەت، کە ٩٨ منداڵ گیانیان لەدەستداوە.

ئاغ بلاغ (Ag Blag): ٥٠ کەس گیانیان لە دەستداوە کە ٤٥یان منداڵن.

مەلیوان: ١٢٠ کەس گیانیان لەدەستداوە، زۆربەی هەرە زۆریان منداڵن.

ســەرەڕای ئەمانــەش، ژمارەیەکــی زۆری منــداڵ گیانیــان لەدەســتداوە، بــەڵام تۆمــار نەکــراون. هــۆکاری ســەرەکی ئــەم ئاســتە بــەرزەی مــردن گــەڕان بــەدوای چارەســەری پزیشـکی و دەرمانـە [ ئەویـش بوونـی نییـە]. ئەمـەش حاڵەتێکـی بەربـڵاوە لـە کەمپەکانـدا. دەکرێـت لـە ڕێگـەی دابینکردنـی پەرسـتارێک پێـش لـەم حاڵەتانـە بگیرێـت.

ڕاهێنانــی ئافرەتانــی گەنــج وەک یاریــدەدەری پزیشــک (paramedical)، کــە هــەر کەسـێکیان ئەرکـی بەشـێک لـە کەمپەکـە لـە ئەسـتۆ بگـرن و ڕۆژانـە سـەردانی خێزانـەکان

بکـەن و ڕێنمایـی بدەنـە دایـکان و خێزانـەکان، لەم ڕێگەیەوە دەکرێت کەسـە نەخۆشـەکان دەستنیشـان بکرێـن و پزیشـک ئـاگادار بکرێتـەوە.

هەروەهـا ئـەم کەسـانە دەتوانـن بەرپرسـیارێتی چاودێـری نەخۆشـەکان لـە ئەسـتۆ بگـرن و ڕۆژانـە سـەردانیان بکـەن تـا لـە خواردنـی دەرمانـەکان و تەواوکردنـی مـاوەی دەرمانـەکان دڵنیـا بـن. ئەمـەش مەترسـی ئـەوە هەیـە پێـش تەواوکردنـی مـاوەی دەرمانـەکان، دەرمانەکانـی بـە هاوڕێیەکیـتری بـدات. دەکرێـت ئـەم ئافرەتانـە بەکردەنـی فێـری خوێـن وەرگرتـن بکرێـن لـەو نەخۆشـانەی تـا یـان مالاریایـان هەیـە، یـان بـۆ دەستنیشـانکردنی باکتریـای نەخۆشـی سـیل فێـری چۆنیەتـی بەکارهێانـی سـلایدەکانی [میکرۆسـکۆپ] بکرێـن. ئـەوان دەتوانـن فشـاری خوێـن بگـرن. لـە ماوەیەکـی کەمـدا ئـەوان دەتوانـن ببنـە یاریدەدەرێکـی بـاش بـۆ پزیشـکەکان.

تیفۆ و گرانەتا (Typhoid and Enteric Fever)

زێوە: ٦٠ حاڵەت.

مەلیـوان: ١٠ حاڵـەت. هیـچ یەکێـکان بەهـۆی پەیوەنـدی خوێنییـەوە نەبـووە. مەترسـییەکە تەنیـا لـە بەهەڵـە دەستنیشـانکردنی نەخۆشـییەکەدا نییـە، بەڵکو لـە لێکنزیک بوونـەوە و گواسـتنەوەی نەخۆشـیەکەدایە. ئـەو کەسـەی ئـەم نەخۆشـییەی هەیـە، دەبـێ لـە ژێـر چاودێـری ورددا بێـت.

ئـاگاداری بەربەسـتەکانی [دابینکردنـی چارەسـەری] بـۆ ئـەم کەمپـە دوورە دەسـتانەین. دووبـارە جەخـت لـەوە دەکەمـەوە بوونـی نۆڕینگەیـەک بـۆ دەستنیشـانکردن و سـنووردارکردنی نەخۆشـییەکان زەرورە.

مالاریـا: مالاریـا نەخۆشـییەکی گوێزراوەیـە. ڕاپۆرتـەکان بـاس لـە بوونـی ئەم نەخۆشـییە لـە گشـت کەمپەکانـدا دەکـەن. ئـەم نەخۆشـییە لـە کەمپەکانـی زێـوە و ڕەزایـە لەلایـەن نۆڕینگـەی خەسـتەخانەی مەدەنییـەوە، دەستنیشـانکراون.

لـە ئـاغ بـلاغ ڕۆژانـە ٧ حاڵـەت تۆمـار دەکرێـن. گشـت حاڵەتـەکان لـە نوورینگـە دەستنیشـان کـراون. مەترسـییەکە لێرەدایـە، ئەگـەر ئـەم نەخۆشـییە زوو کۆنـترۆڵ نەکرێـت،

کرمـی ئـەم نەخۆشـییە، هەوکـردن لـە جەسـتەدا دروسـت دەکات، ئەمـەش وا دەکات چارەسـەریی ئـەم نەخۆشـییە زۆر سـەخت بێـت. ئەمـەش لـە وڵاتـی مالایـا، لـە سـاڵی ١٩٥٢دا بەرچـاو کـەوت، کاتێـک سـتافی سـەربازیی کـە لـە دەرمانـی پێشـگیری کـردن لـەم نەخۆشـییەیان پێبـوو، چوونـە نـاو ناوچەیـەک، بەهـۆی کۆنتـڕۆڵ نەکردنییـەوە ئـەم نەخۆشـییە بڵاوبوویـەوە. ئـەو پێشـگیریکردنەی ئـەو دەرمانـە کـە ئـەم سـتافە هەیانبـوو، بـە کەڵـک چارەسـەرکردنی نەخۆشـییەکە نەدەهـات.

هەوکردنـی سـپڵ: ئـەم ڤایرۆسـە گەیشـتووەتە ئاسـتێکی مەترسـیدار. لـە مـاوەی دوو مانگـی ڕابـردوودا لـە زێـوە ٥٠٠ حاڵـەت تۆمـار کـراوە. لـە ئـاغ بـلاغ و مەلیوانیـش ٢٠ حاڵـەت. بـە خۆشـحاڵییەوە، هیـچ حاڵەتێکـی مـردن تۆمـار نەکـراوە. ئەگـەری زۆرە ئـەم هەوکردنـە مەترسـیی ڕشـت دروسـت بـکات.

یەکێـک لـە ئەگەرەکانـی بڵاوبوونـەوەی ئـەم نەخۆشـییە، لەوانـە بەهەڵـە تەعقیمکردنی سرەنـج (syringes) و دەرزییـەکان بێـت. لـە دوو خەسـەتخانە بڵاوبوونـەوەی نەخۆشـی دوای لێدانـی دەرزی ژێـر پێسـتی زۆر بـاوە، ئەمـەش بەهـۆی بـاش تەعقیـم نەکردنـی دەرزی و سرنجـەکان. بۆیـە پێویسـتە ڕێـکاری تەعقیمکردنـی دەرزی و سرنجـەکان [بـۆ پێشـگری کـردن لـە بڵاوبوونـەوەی نەخۆشـی] بگیرێتەبـەر.

تای جۆری دێنگۆ (Dengue Type of Fever)

تـا ئێسـتا هیـچ حاڵەتێـک لـەم نەخۆشـییە تۆمـار نەکـراوە، بـەڵام ئـەو نەخۆشـانەی تایـان هەیـە بـاس لـە ئازارێکـی زۆر لـە پشـت و بەشـەکانی خـوار ڕانیـان دەکـەن، دەکرێت ئەمانـەش ئاماژەیـەک بـن بـۆ ئـەم جـۆرە ڤایرۆسـە. چاودێـری وردی گەرمـای جەسـتە، بـۆ مـاوەی پێنـج ڕۆژ، یارمەتیـدەری دەسـت نیشـانکردنی ئـەم جـۆە نەخۆشـییەیە.

سیلی سییەکان (pulmonary tuberculosis):

لـە مەلیـوان لـە ڕێگـەی تیشـکی ئیکـس (X-ray)، ١٦ حاڵـەت لـەم نەخۆشـییە دەسـت نیشـانکراون. لـە زێـوە ٢٠ حاڵـەت و لـە ئـاغ بـلاغ ١٢ حاڵـەت تۆمـار کـراون (لـە مـاوەی دوو حەوتـەی ڕابـردوو لـە ڕێگـەی نۆڕینگـەوە ئـەم نەخۆشـییە دەسـت نیشـان کـراوە).

یەکێکیان لە کۆنەوە نەخۆشی گەرووی هەبووە (discharging empyema sinus).

ئەم ٤٨ حاڵەتە بە چیای سەهۆڵی سەر ئاو دەچێت [کە تەنیا لوتکەی لە دەرەوەیە و بەشی زۆری لە ژێر ئاوە]. پێویستە پشکنین بۆ گشت ئەندامانی خێزانی ئەم نەخۆشانە ئەنجام بدرێت و هاتووچۆیان لە ژێر چاودێری پزیشکدا بێت.

ئاگادار کرامەوە کە خەستەخانەی خۆجێیی تاقیکردنەوەی خوێن بۆ دیارکردنی نەخۆشی مالاریا ئەنجام نادات، هەروەها ئاسانکاری بۆ دابینکردنی سلایدی میکرۆسکۆپ بۆ دەستنیشان کردنی باکتریای سیل ناکات.

[بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە] دەکرێت مەشق و ڕاهێنان بە ستافی یاریدەردەری پزیشک (para-medical personnel) بکرێت، باشترە ستافەکە ئافرەت بن (بۆ ئەم جۆرە کارە سەلیقەی ئافرەت لە هی پیاو باشترە). ئەم ستافە دەتوانن لە خەسەتخانەی زێوە میکرۆسکۆپ بەکاربهێنن و سلایدەکان بۆ دەستنیشانکردنی باکتریای سیل ئامادە بکەن.

پێویستە پێش پێدانی دەرمان، پەرەچەکرداری جەستە لەهەمبەر دەرمانەکان تاقی بکرێتەوە. مەترسییەکە لێرەدایە لەوانەیە ئەو کەسانەی لەناو کەمپەکاندان و ئەو کەسانەی پەیوەندیان پێوە دەکەن، ڤایرۆسەکە بۆ کەسانی تەندروست بگوازنەوە. کۆمەڵێک منداڵ بە شێوەی هەڕەمەکی وەک نموونە وەرگیراون و تاقیکردنەوەیان بۆ ئەنجامدراوە و دەرکەوتووە کە زۆربەیان کۆخە ڕەشەیان هەیە و کێشیان کەمە و لاوازن و گرێی گەورەیان لە گەروودا هەیە، ئەمەش دەبێتە هۆی تووشی سکچوون بوون.

لەم دۆخەدا پێویستە پێکوتی دژە (Bacillus Calmette-Guerin/B.C.G) لەو منداڵانە بدرێت کە لە سەرووی یەک ساڵن.

سورێژە (Measles): لە زێوە ١٠٠٠ حاڵەت تۆمار کراوە، ٢ کەس گیانیان لەدەستداوە. لە مەلیوانیش هەمان ڕێژە تۆمار کراوە و ٣ کەس گیانیان لە دەستداوە.

هەوکردنی چاو: سێ حاڵەتی نەخۆشی گۆشەی چاویش تۆمار کراوە (angular conjunctive) کە بە سووربوونی چاویش ناودەبردرێت. ئەگەری بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشییە لە ئارادایە.

تراخما (Trachoma): ئەگەرچی هیچ حاڵەتێک نەبینراوە، لەگەڵ ئەمەشدا لە کەمپی زێوە ١٥ حاڵەت لەم نەخۆشییە چاودێری دەکرێن.

ڕەوشی جەستەیی (Verminous conditions): لە میانەی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی پزیشکی بۆ منداڵان هیچ حاڵەتێک لەم نەخۆشییە تۆمار نەکراوە، بەڵام بەرپرسانی پزیشکی لە ئاغ بلاغ و مەلیوان باسی ئەوە دەکەن کە ژمارەیەک منداڵ تووشی ئەم نەخۆشییە بوونە.

لە گشت کەمپەکاندا، جەستەی منداڵەکان پیسە و پێویستیان بە سەرشوشتنی بەردەوام هەیە.

تەندروستی گشتی

بەراورد بە دانیشتوانی مەدەنی ڕەزایە، گەوەرکان و بەساڵاچووان دۆخی تەندروستیان باشترە. لە زێوە کە کۆنترین کەمپە دۆخی منداڵان بەراورد بە کەمپەکانی ئاغ بلاغ و مەلیوان باشترە.

بەد-خۆراکی (ill-nourished): ژمارەیەکی کەمی منداڵان لە گشت کەمپەکاندا بەد-خۆراکن.

خۆراک (food): گشت خۆراکی پەنابەران لەلایەن کۆمەڵەی شێر خورشید و خۆری ئێران دابین دەکرێت. گۆشت حەوتانە پێنج جار دەدرێت. خودی خێزانەکان خۆراکی خۆیان ئامادە دەکەن. هیچ گلەییەک لەبارەی چەندایەتی و چۆنایەتی خۆراک تۆمار نەکراوە.

پەناگە (accommodation): حاڵیحازر، پەنابەران لە چادر دەژین. دوو چادری ٧٢.٥ کیلۆیی (160 Ib).

وره (morale): لە هەرسێ کەمپەکەدا خەڵک سوپاسی دابینکردنی خۆراک لەلایەن حکومەتی ئیمپریالی پاشایەتی ئێران و هەروەها کۆمەڵەی شێر خورشید و خۆری ئێران دەکەن دەکەن. هاوکات، نیگەرانی خزم و کەسوکاری خۆیانن کە لە دۆخێکی نالەبار و لە ژێر شەڕ و سەرما لەو دیوی سنوور [واتە لە عێراقدا] دەژین.

زۆرێــک لــە ئافرەتــەکان بەشــێک لــە مووچــەی هاوەســەرەکەیان کــە لــەو دیــوی ســنووره وەردەگــرن، ئــەم بــڕە مووچەیــە یارمەتیــان دەدات پێداویســتییەکانیان بکــڕن، بەتایبەتــی پێداویســتی منداڵەکانیــان.

دابینکردن ئاو و پێداویستییەکانی دیکە .

جیــا لــە ئــاغ بــلاغ، ئاوێکــی زۆر لــە کانیاوەکانــی دەوروبــەرەوە بــۆ کەمپــەکان دەگوازرێتــەوە. لــە ئــاغ بــلاغ بەهــۆی کەمــی کانیاوەکانــەوە، خێزانــەکان دەبــێ شــەوانە ئــاو ئەنبــار بکــەن و بــە ڕۆژ بەکاریبهێنــن.

پاکــی جەســتەیی (cleanliness): لــە مەلیــوان و زێــوە سەرشــۆر دابینکــراون کــە ڕۆژێــک بــۆ پیاوانــە و ڕۆژێکیــش بــۆ ئافرەتــان. لــە ئــاغ بــلاغ ئــەو کەســانەی پێویســتیان بــە ســەر شوشــتن هەیــە بــە پــاس دەگوازرێنــەوە ڕەزایــە.

پاک ڕاگرتن و تەندروستی

نەهێشتنی زبڵ

پەیــڕەوی لــە شــێوازی ئێــران بــۆ لەناوبردنــی زبــڵ دەکرێــت. زبــڵ لــە حاویــەی زۆر گــەورەدا کۆدەکرێتــەوە و ڕۆژانــە دەســوتێنرێت. لــە کەمپەکانــدا ئــەم زبڵــە ســەرچاوەی پەیــدا بوونــی مێــش و مەگــەزە. جۆگەلــە (ئــاوڕۆ) کــە بــە تەنیشــت خێمەکانــدا تێدەپەڕێــت بــۆ گواســتنەوەی ئــاوی پیســە، بــەڵام بەهــۆی زبڵــەوە دادەخرێــن.

لەبەیــن بردنــی پاشــماوەیتر (disposal od extrera): چاڵــی زۆر قــووڵ هەڵکەنــدراون. ئــەم کەناڵانــە زۆرن، بــەڵام بــۆ نەهێشــتنی بۆنــی ئــەم پاشــماوانە دەبــێ ئــاو بڕێژرێتــە نــاو ئــەم چاڵانــە. کەمپــەکان پێویســتیان بــە چاودێــری تەندروســتی هەیــە، تــا کەموکوڕییــەکان بــە بەرپرســی کەمپەکــە ڕابگەیێنێــت.

١. سەرچاوەکانی دەرمان

پزیشک: ژمارەکە بەش دەکات.

پەرستار: لە ئاستی ستانداردا نییە.

پۆشـــاکی پزیشـــکی و کەرەســـتەی تەندروســـتی ســـتافی یاریـــدەدەری پزیشـــکی: دڵنیـام ئەگـەر ڕاهێنانـی باشـتر بـەم سـتافە بکرێـت، دەتوانـن بارگرانـی سـەر ئەسـتۆی پزیشـکەکان کـەم بکەنـەوە.

٢. کەرستەی خەستەخانە:

زێـوە: باشـترین ژووری هەیـە، بـەڵام بـە باشـترین شـێواز بـەکار ناهێنرێـت. کەرسـتەی دەسـت شوشـتن بـۆ پزیشـک و سـەردانکەران دەبـێ دابیـن بکرێـت، یـان ئـەوەی هەیـە باشـتر بکرێـت. تەنیـا ئـەوە بـەس نییـە فێریـان بکەیـت چـۆن دەسـتەکانیان بـە چەنـد دڵۆپێـک لـە مـاددەی پاککـەرەوە بشـۆن.

مەنجەڵـی پاککـەرەوەی پۆشـاکی پزیشـکی لـە خەسـتەخانەی ڕەزایـە، پۆشـاکی دوو خەسـتەخانەیتریش پـاک دەکات. ئەگـەر خەسـتەخانەی زێـوە ئـەم کارانـە بـکات، دەبـێ خزمەتگـوزاری باشـتر، مەنجـەڵ و مـادەی پاککـەرەوەی پۆشـاکی خەسـتەخانە، بـۆ ئـەم خەسـتەخانەیە دابیـن بکرێـت تـا جلوبەرگـی پاککـراو بـۆ پەرەسـتاری خەسـتەخانەکانی دیکـە بنێردرێـت.

نەبوونی شوێنی تایبەت بە کەسەکان

هیـچ پەردەیەکـم لـە خەسـتەخانەکاندا نەبینـی [بـۆ جیاکردنـەوەی نەخۆشـەکان لـە یەکـتر]. نازانـم بۆچـی ڕێگـە بـە دارتاشـەکانی زێـوە نادرێـت چوارچێـوەی پـەردە بـۆ خەسـتەخانەکان دروسـت بکـەن، تـا ئـەو نەخۆشـەی زۆر نەخۆشـە و لـە ژێـر پشـکنینی پزیشـکیدایە، هەسـت بـکات تەنیایـە.

خەسـتەخانەکەی ئـاغ بـلاغ و مەلیـوان لـە شـوێنێکی کاتیـدان، واتـە لـە خێمـەدان. بۆیـە دەبـێ زۆربـەی نەخۆشـییەکان بـە تایبەتیـش ئەوانـەی نەخۆشـی هەسـتیاری پەڵـەی پێسـتیان هەیـە دەبـێ لـە یـەک ڕیـزدا لـە پـاڵ یەکـتردا بـن.

باشـترە ئـەم نەخۆشـانە بـە زووتریـن کات، بـۆ شـوێنی دیکـە بگوازرێنـەوە بـە تایبەتـی بـۆ خەسـتەخانەی زێـوە.

پوختە:

کەمپەکان: زێوە، مەلیوان، ئاغ بلاغ.

دانیشتووان: پیاو، ٥،٩٦٤ کەس. ئافرەت، ٦،٣٧١ کەس. منداڵ، ٨،٠٩٤ کەس. منداڵی ساوا، +١،٤٢٨ کەس.

کۆی گشتی، ٢١،٨٥٧ کەس، لەم ژمارەیە ٢،٣٧٥ ئافرەت دووگیانن و پتر لە ٥٠٠ لەم ئافرەتانە لە قۆناغی شەش مانگ بەرەو سەرەوەی دوو گیانیدان.

لەدایک بوون: ٤٧٣ کەس تۆمارکراوە. (گشتیان تۆمار نەکراون).

زێوە: ٢٠٣ منداڵ زۆربەی لە دایکبووان لەماڵەوە لە دایکبوونە.

ئاغ بلاغ: لە ماوەی سێ حەوتەدا، ٢٠ لەدایکبوو لە خێمەی تایبەت بە لە دایکبووەکان لە دایکبوونە.

مەلیوان: لە ماوەی پێنج مانگی ڕابردوودا ٢٥٠ منداڵ لە دایکبوونە، زۆرتریان لە ماڵەوە لە دایکبوونە.

نۆڕینگەی چاودێری و پشکنینی پێش لەدایکبوون و دوای لە دایکبوون بوونی نییە.

نەخۆشی: تێکڕا، ڕۆژانە لە گشت کەمپەکاندا پزیشک چاوی بە ٤٥١ نەخۆش دەکەوێت.

زێوە: ١٢٠ هەوکردنی مرازە؛ ٣٠ هەوکردنی کۆئەندامی هەناسە؛ ٤٠ هەوکردنی گەدە و ڕیخۆڵە.

ئاغ بلاغ: ١٣١ هەوکردنی مرازە؛ ٤٠ هەوکردنی کۆئەندامی هەناسە؛ ٥٠ هەوکردنی گەدە و ڕیخۆڵە، ٧ مالاریا؛ ٧ قوڕگ و برینداربوون؛ ٧ ژانە گوێ.

مەلیوان: ڕۆژانە ٢٠٠ نەخۆش پشکنینیان بۆ دەکرێت؛ ڕەوشەکە هەروەک دوو کەمپەکەیترە. نەخۆشی سیل بوونی هەبووە و چارەسەر بوونە؛ ١٠ حاڵەتی تیفۆ؛ ٢٠ حاڵەتی هەوکردنی سپڵ؛ ٢٠ حاڵەتی مالاریا کە گشتیان چارەسەر بوونە.

کۆی گشتی: ٤٥١ نەخۆش.

**تۆماری ئەو نەخۆشیانەی لە باکووری عێراقدا هەیە و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان:**

By: professor W. O'Brien M.D.، F.R.C.P. Royal Army Medical College: London Hospital For Tropical Disease، London.

١. سیل (tuberculosis):

گشت جۆرەکانی بوونی هەیە. جۆرەکان لە جۆری پێشکەوتوون. باشترین چارەسەری بۆ ئەم جۆرە خەڵکانە بریتییە لە:

Streptomycin: 1g

Isoniazid: 300 mg

Rifampicin: 500 mg

پێویستە هەموو ڕۆژ، بۆ ماوەی شەش مانگ ئەم چارەسەرییە بخوات.

٢. گوێ ڕەپانە:

نەخۆشییەکی بەربڵاوە، تا ئێستا باشترین چارەسەری بریتییە لە د.د.س. (Diamino-diphenyl sulphone).

٣. تیفوس (Typhus):

کەسەکە توندوتیژ دەبێت. نەخۆشییەکە گوازراوەیە. دەرمانی تێتراساکلینە.

٤. بڵاوبوونەوەی کولێرا:

I.V. Saline + Tetracycline

٥. مالاریا:

Benign Tertain- Proguanil،

لە حاڵەتی زۆر توند، دەرمانی کلۆرۆکین (Chloroquine) بەکار دێت.

٦. لیێشمینیا (Leishmaniasis):

Cutaneous- Tropica (minor and major) Kala Azar: Petastom Dysenterise

٧. باسیلیس (Bacillary):

Sulphonamides، Tetracycline

٨. ئامۆبیک (Amoebic)

Emerine EBI، Metronidazole

٩. گەروو ئێشان (Diphtheria)

Vaccination، Antitoxin، Penecillin

١٠. سیفیلیس (syphilis)

بۆ هەردووحاڵەتی جووت بوون و جووت نەبوون، پێنیسیلین بەکار دیت.

١١. هاری (rabies)

Antisera+Vaccine

١٢. تیفوید (Typhoid)

Chloramphenicol

١٣. کرم (worms)

Ankylostomiasis Bephenium Hydroxynaphthoate

Ascaris Ferrous sulphate

Strongyloides Piperazine

Tape Warm Thiabendazole

Niclosamide (Yomesan)

١٤. هەوکردنی چاو (Eye Lesions)

بۆ کەمی ڤیتامین ‹A› لە منداڵاندا، دەرمانی (oral water) و (Vit A. Palmitate)

١٥. کوزاز (tetanus)

١٦. تراخما (Trachoma)

دڵۆپی ئۆرامیسیۆن (Aureomycin drop)

ڤاکسینی (کوتان) پێویست.

کوتان (Vaccination)

Bacillus Calmette-Guerin/B.C.G

١٧. تیفۆی ڕیخۆڵە (Typhoid Enteric)

ئارامکەرەوە باشترین وهەرزانترین چارەسەرییە.

١٨. ئابلە (Smallpox)

١٩. دیفتری (Diphtheria)

نهێنی (ل ٤٣٤-٤٣٥)

FO 980/E106/85

LKS NR 191/6

PP FCO

PR TEHRAN

RR TEL AVIV

GRS 570

CYPHER CAT A

FM BAGHDAD 060910Z NOV.

CONFIDENCIAL

بۆ تەلەگرامی ئەولەویەتی نووسینگەی کاروباری دەرەوە بە ژمارە ٤٠٦ لە ٦ی تشرینی دووەمی ١٩٧٤.

بۆ بەرچاو ڕوونی [کۆپیەک بنێردرێتە نووسینگەکانی] تاران، تەلەبیب، پارێزراوی (Saving) پاریس، واشنتن، مۆسکۆ، پەکین و نوێنەرایەتی شانشینی یەکگرتوو لە نیویۆرک.

کوردستان:

١. ئەمڕۆ بەیانی لەلایەن حەدیسی، جێگری وەزیری کاروباری دەرەوە، تایبەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ پرسە ناعەرەبییەکان بانگێشت کرام. لە گۆشەیەک [لە وەزارەت] ژوورێک بە من نیشاندرا کە پڕ بوو لە چەکی سووک. حەدیسی گوتی دەیەوێت لەبارەی دەستێوەردانی ئێران لە کاروباری ناوخۆی کوردستانی عێراق قسەم لەگەڵ بکات. عێراق خوازیارە پەیوەندی باشی لەگەڵ ئێراندا هەبێت، بەڵام دەستێوەردانی ئێران لە کوردستان، ئەم پەیوەندییەی نامومکین کردووە. ئەگەر ئێران پشتیوانی لە سەرهەڵدانی کورد نەکات، ئەم سەرهەڵدانە بە ئاسانی تێکدەشکێندرێت. لە ٢٩ و

٣٠ تشرینــی یەکەمــدا لــە قــەڵادزێ ئێرانییــەکان [پاڵپشــتیان لــە کــورد کردووە] و دەســت بەســەر چەنــد پارچــە چــەک و کەرەســتەی ســەربازیی ئێرانیــدا گیــراوە. حەدیســی وەک نوێنــەری یەکێــک لە وڵاتە زلهێزەکانی جیهان بانگهێشــت کردم تا بەڵگەی دەســتێوەردانی ســەربازیی ئێرانییــەکان بــۆ من بســەلمێنێت.

٢. کاپتنێکــی ســوپا، گولــە هاوەنێکــی ١٥٧ ملمــی پێــم نیشــاندا کــە نەتەقیبــووەوە. ئــەم گولــە هاوەنــە لــە بەرهەمــی ئەمریکایــە و تەنیــا ســوپایەک لــەم ناوچەیــەدا ئــەم جــۆرە هاوەنــەی هەیــە، ســوپای ئێــران و ئیسرائیلــە. ئــەم گولــە هاوەنــە لــە خاکــی ئێرانــەوە هاوێــژراوە. چەندیــن پارچــە گولــەی کالیــبری ٢٠٣ ملــم، ١٥٥ ملــم و ١٢٢ ملــم، کــە گشــتیان لــە بەرهەمــی ئەمریــکا بــوون، بەڵگــەی بەهێــز بــوون لــە دەســتێوەردانی ڕاســتەوخۆی ســوپای ئێــران، چونکــە ئــەم چەکانــە بــە پارتیزانــەکان نادرێــن و هینــدەش قورســن ئــەوان نەتوانــن بیگوازنــەوە.

٣. چەکەکانــی دیکــە بریتــی بــوون لــە هاوەنــی ٦٠ ملــم، ئەویــش بەرهەمــی ئەمریــکا بــوو؛ هەروەهــا جەنتایەکــی هەڵگرتنــی بۆمــب کــە نەخشــی تاجــی پاشــایەتی ئێــران و هێــمای (ST M50 A2)ی لەســەر بــوو، نیشــانیدەدا لــە بەرهەمهێنانــی ئێرانــە. هەروەهــا دژە تانکــی بــێ تــەل کــە لــە بەرهەمــی ئەمریــکا بــوو؛ دوو تفەنــگ، چەکێکــی نیمچــە ئۆتۆماتیــک و چەکێکــی ئۆتۆماتیکــی ســووکیش دەســتی بەســەردا گیرابــوو کــە گشــتیان لــە ئێــران بەرهەمهێنرابــوون و چەکــی ســەرەکی کــورد بــوون. گشــت چەکــە ســوکەکان هێــمای پاشــایەتی ئێرانیــان لەســەر بــوو؛ هەروەهــا چەکــە ئۆتۆماتیکیــە ســوکەکەش چەنــد وشــەیەکی زمانــی فارســی لەســەر بــوو کــە بریتــی بــوون لــە «کارخانــە اســلحە ســازی بانــو». هەروەهــا هەندێــك پارچــە کاغەزیــش بــۆ پارچــە چەکــەکان لــەوێ بــوون کــە بــە ئینگلیــزی لەســەریان نووسرابــوو، ‹Imperial Iranian Armed Forces›، هەروەهــا لەســەر چەکێکیتریــش نووسرابــوو ‹28KG-111E›.

٤. حەدیســی گوتــی، مەبەســتی ئــەو لــە نیشــاندانی ئــەم چەکانــە بــە مــن، بــۆ ئــەوە نییــە ڕێکارێکــی تایبــەت بگرمەبــەر، بەڵکــو گوتــی، لــەم بــارەوە لەگــەڵ باڵیــۆزی یەکێتــی ســۆڤیەت قســەی کــردووە و بەنیــازە لەگــەڵ باڵیــۆزی چیــن و فەرەنســاش قســە

بـکات. چونکـە ئەمانـە ئەندامـی هەمیشـەیی ئەنجوومەنـی ئاسایشـی نێودەوڵەتیـن. پرسـیاری ئـەوەم کـرد، ئایـا عێـراق بـە نیـازە ئـەم بابەتـە لـە ئەنجوومەنـی ئاسایشـی [نێودەوڵەتـی] بوروژێنێـت. حەدیسـی گوتـی، لەوانەیـە ئـەم کارە ئەنجـام بـدەن، بـەڵام نـەک لـە ئێسـتادا.

٥. گوتـم، تێبینییـەکان لەسـەر ئـەم بابەتـە تۆمـار دەکـەم و بـۆ سـەرووی خـۆم بەرزیـان دەکەمـەوە. هەروەهـا، ئامـاژەم بـەوە کـرد حکومەتـی خاوەنشـکۆ پەیوەنـدی باشـی لەگـەڵ حکومەتـی ئێـران هەیـە و خوازیـارە پەیوەنـدی باشـی لەگـەڵ عێراقیشـدا هەبێـت. حکومەتـی خاوەنشـکۆ خوازیـارە ئێـران و عێـراق پەیوەنـدی باشـیان لەگـەڵ یەکـتردا هەبێـت، حەدیسـیش خوازیـاری ئـەم جـۆرە پەیوەندییـە بـوو.

٦. نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە تکایـە ئـەم نامەیـە بـۆ پارێـزراوی (Saving) پاریـس، واشـنتن، مۆسـکۆ، پەکیـن و نوێنەرایەتـی بەریتانیـا لـە واشـنتن بنێـرن.

GRAHAM

نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس، (ل ٤٣٦)

لەندەن

SW1 2AL

٧ی تشرینی دووەمی ١٩٧٤

R G Giddens

Baghdad

دابینکردنی دەرمان بۆ کورد

١. لە مانگی ئەیلوولی ئەمساڵدا، ژەنەڕاڵ ئەلکساندر درۆمۆند، بەڕێوەبەری گشتی پێشووی خزمەتگوزاریی پزیشکی سوپا، پەیوەندی بە پاتریک رایت (Patrick Wright)ەوە کرد تا پێی بڵێت ئەرکی ڕووپێوکردنی پێداویستی پزیشکی [پەنابەرە] کوردەکانی [ئێران] پێ سپێردراوە. کۆپیەک لە تەلەگرامەکەم بە ژمارە ٣٩٩ بۆ تاران دەنێرم و لە سەردانەکەی بەڕێز درۆدمۆند [بۆ ئێران] ئاگاداریان دەکەمەوە.

٢. ژەنەڕاڵ درۆدمۆند، ئێستا گەڕاوەتەوە و لەبارەی سەردانەکەی ڕاپۆرتێکی بۆ پاتریک ڕایت نووسیووە (کۆپیەک لە ڕاپۆرتەکە هاوپێچکراوە). لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بەوە کراوە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران زۆر بە باشی قسەی لەگەڵ ژەنەڕاڵ درۆدمۆنددا کردووە و لەبارەی لێکەوتەکانی ئەگەری بەزاندنی سنووری عێراق ئاگادار کراوەتەوە.

٣. ژەنەڕاڵ درۆدمۆند، بە پاتریک ڕایتی گوتووە، بەنیازە بەتانی و پۆشاکی زیادەی وەزارەتی بەرگری بەریتانیا بکڕێتەوە، بەڵام لەم کارەدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کێشە بووەتەوە. پاتریک لە ژەنەراڵی پرسیووە، ئایا دەکرێت ئەم پۆشاکە بدرێتە کۆمەڵەی شێر خورشید و خۆری ئێران؛ بەڵام وادیارە ئەم کۆمەڵەیە نایەوێت ئەم بەرپرسیارێتییە لە ئەستۆ بگرێت، بۆیە ئەم پێداویستییانە

ڕاسـتەخۆ بـۆ کەمپـەکان دەنێردرێـت. پاتریـک گوتویەتـی، ئـەوان ناتوانـن هیـچ کارێـک لەگـەڵ وەزارەتـی بەرگریـدا بکـەن، تەنیـا ئـەوە نەبێـت ژەنـەڕاڵ درۆدمۆنـد، ئـەم پێداویسـتییانە بـۆ ڕێکخراوێکـی حکومـی بکرێـت. ژەنـەڕاڵ درۆدمۆنـد، لەگـەڵ ئـەم پێشـنیازەدا نەبـووە.

G S Burton

بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنویلس، (ل ٤٣٧)

لەندەن

SW1 2AL

N W Browne

Tehran

٧ی تشرینی دووەمی ١٩٧٤

**دابینکردنی دەرمان بۆ کورد**

١. تکایە ئاماژە بە نامەی پێشوو بکە کە بە سەردانەکەی ژەنەڕاڵ سێر ئەلکساندر درۆدمۆند بۆ کوردستان پەیوەستە. کۆپیەک لە نامە و ڕاپۆرتەکەی ژەنەڕال درۆدمۆندتان بۆ دەنێرم کە بۆ ‹پاتریک ڕایت›ی ناردووە.

٢. ژەنەڕاڵ درۆدمۆند، بە تەلەفۆن بە پاتریک ڕایتی گوتووە کە بەنیازە بەتانی و پۆشاکی زیادەی وەزارەتی بەرگری بەریتانیا بکڕێتەوە، بەڵام لەم کارەدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کێشە بووەتەوە. پاتریک پرسیاری کردووە، ئایا دەکرێت ئەم پۆشاکە بدرێتە کۆمەڵەی شێر خورشید و خۆری ئێران؛ بەڵام دیارە ئەم کۆمەڵەیە نایەوێت ئەم بەرپرسیارێتیە لە ئەستۆ بگرێت، بۆیە ئەم پێداویستییانە ڕاستەخۆ بۆ کەمپەکان دەنێردرێت. پاتریک گوتوویەتی ئەوان ناتوانن هیچ کارێک لەگەڵ وەزارەتی بەرگریدا بکەن، تەنیا ئەوە نەبێت ژەنەڕاڵ درۆدمۆند، ئەم پێداویستییانە بۆ ڕێکخراوێکی حکومی بکڕێت. ژەنەڕاڵ درۆدمۆند، لەگەڵ ئەم پێشنیازەدا نەبووە.

G S Burton

بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

نهێنی (ل ٤٣٨-٤٤٠)

بەڕێز بۆرتن (Mr. Burton)

بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

**کۆمەڵەی مانگی سووری کوردستان**

**Kurdish Red Crescent Society**

١. ئێمە لەبارەی ئەو کێشەیەی لە نامەکەتان کە لە ڕێککەوتی ١ی تشرینی دووەم بۆ بەڕێز فەیسی (Mr Facey)، نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان ناردبووتان گفتوگۆمان کرد. بە ڕوخسەتی بەڕێزت، مۆڵەتێکم لە بەڕێز برایان هۆگسن (Mr Brian Hodgson) بەڕێوەبەری گشتی کۆمەڵەی خاچی سووری بەریتانی (British Red Cross Society) و بەڕێز دۆناڵد پیگۆت (Mr Donald Piggott)، سکرتێر نێودەوڵەتی ئەم کۆمەڵەیە وەرگرتووە کە سبەی پێکەوە لە کاتژمێر ٣ی پاش نیوەڕۆ چاومان بە بەڕێز ڕایت (Mr Wright) لە نووسینگەکەیدا بکەوێت. هەروەک ئاگادارم کردیەوە، لە گفتوگۆی نێوان من و بەڕێز پێگۆتدا، زانیم خاچی سووری بەریتانیا، ئەزموونێکی زۆری لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەدا هەیە کە لەم وڵاتەدا نوێنەرایەتی پرسی کورد دەکەن. هەروەها لە سەرەتاوە ئاگاداری پێشنیازی دامەزراندنی کۆمەڵەی مانگی سووری کوردستان بوونە کە لە دەوروبەری مانگی ئابی ئەم ساڵەدا پێشنیازیان کردووە و بەدواداچوونیان بۆ پەیوەندی نێوان ئەم کۆمەڵەیە و دەسەڵاتدارانی ناوەندی خاچی سوور لە جنێف کردووە. هەروەک چۆن ئەم پرسە بۆ ئێمە هەستیارە، بۆ ئەوانیش بە هەمان شێوە هەستیارە. هەروەها بەڕێز پێت گوتم خۆشحاڵە لەسەر ئەم بابەتە لەگەڵ ئێمەدا گفتوگۆ دەکات.

٢. ئامادەی کۆبوونەوەکە دەبم و ڕوونکردنەوەیەک لەسەر لایەنە یاساییەکانی ئەو بابەتە دەخەمەڕوو کە قسەمان لەسەر کرد. بەهەرحاڵ، کارێکی باش دەبێت، پێشوەختە ئەم لایەنە یاساییانە بنووسم.

٣. بەڕێز فەیسی، ئاماژەی بەوەکرد، پێویستە وەڵامی یاداشتی ٢٦ی تشرینی یەکەمی حکومەتی عێراق ئەو هێڵە سەرەکیانە لەخۆ بگرێت کە پێشتر باڵیۆزی [بەریتانیا] ئاماژەی پێکردبوو و بریتییە لە: «بە پێی یاسای بەریتانیا حکومەتی بەریتانیا ئەو دەسەڵاتەی نییە ڕێگری لە دامەزراندنی ڕێکخراوی لەم چەشنە بکات، ئەگەر ئەم ڕێکخراوانە هاوتەریبی یاسا بن». (پەرەگرافی ٢ لە تەلەگرامی بەغدا بە ژمارە ٣٨٨ لە ڕێکەوتی ٢٦ی تشرینی یەکەمی).

من لەوە دەترسم لەم جۆرە بارودۆخەدا بە پێچەوانەی ئەو دوو نموونەیەی باڵیۆز ئاماژەی پێکرد، واتە ‹PLO Office› و هەڵمەتی ‹Mark Press Biafra›، بەڵام بە پێی یاسا هەندێك مادە هەن دەتوانن ڕێ لە ئەنجامدانی ئەم شێوازە چالاکییەی کۆمەڵەی مانگی سووری کوردستان بگرێت.

٤. ئەم یاسایە لە مادەی ٦ی پەیماننامەی جنێڤ لەساڵی ١٩٥٧دا ئاماژەی پێکراوە. بەندی ١، لە مادەی ٦ دەڵێت:

«(١). ئەو لایەنەی مەرجەکانی ئەم مادەیە دەیناگرێتەوە، دەبێ ئەنجوومەنی سەربازی [ئەنجومەنی بەرگریی] ڕێگەیان پێ بدات لە بەکارهێنانی هەر یەک لەم هێما یان نازناوانەی خوارەوە:

ا هێمای خاچی سوور....یان نازناوی خاچی سوور....

**ب** هێمای مانگی سوور، لەسەر زەمینەیەکی سپی، یان بەکارهێنانی نازناوی مانگی سوور....».

بە پێی مادەی ٣، هەر کەسێک سەرپێچی لەم مادەیە بکات بە تاوانبار هەژمار دەکرێت ئەگەر هەر هێما یان نازناوێک بەکار بهێنیت کە پەیوەندی بەم بابەتەوە هەبێت و غەرامە (بژاردن) دەکرێت کە بڕەکەی لە ٥٠ پاوەند زۆرتر نەبێت.

بە پێی مادەی ٧، ئەم جۆرە ڕێکارانە لە ئینگلەند پەیڕەو ناکرێن، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە خودی بەڕێوەبەری بەدواداچوونی گشتی (Director of Public Prosecution) ئەم کارە بکات یان داوای ئەنجامدانی ئەم کارە بکات.

٥. ئـەم مادەیـە لـەم پەیماننامەیـەدا، بـەو مەبەسـتە داڕێـژراوە تـا ئـەو لایەنانـەی واژوویان لەسـەر ئـەم پەیمانامەیـە کـردووە پابەنـدی یەکەمیـن پەیماننامـەی جنێـڤ بـن کـە لـە سـاڵی ١٩٤٩دا گرێـدرا و تایبـەت بـوو بـە نەخـۆش و برینـدارەکان کـە لـە مـادەی ٥٣ و ٥٤دا ئامـاژەی پێکـراوە. مـاددەی ٥٣ دەڵێـت:

«بەکارهێنانـی هێـما یـان نازنـاوی خاچـی سـوور یـان خاچـی جنێـف لەلایـەن تاکـەکان، کۆمەڵـەکان، کارگـەکان و کۆمپانیـاکان، جـا سـەر بـە کەرتـی تایبـەت بـن یـان گشـتی، یـان لاسـاییکردنەوەی هێـما و ناسـناوەکانی ئـەم کۆمەڵەیـە بـە هـەر مەبەسـتێک بێـت، بـە چاوپۆشـین لـە ڕێکەوتـی بەکارهێنانـی، لـە گشـت کاتێکـدا قەدەغەیـە».

بەپێـی دواییـن پەرەگرافـی هەمـان مـاددە ئـەم قەدەغەکردنـە بەسـەر گشـت هێماکانی دیکەیشـدا جێبەجـێ دەکرێـت کـە لەلایـەن پەیماننامەکـەوە بـەکار دەهێنرێـت، بـۆ نموونە، مانگـی سـوور. بـە پێـی مـاددەی ٥٤، ئـەو لایەنـە باڵایانـەی واژوو دەکـەن، پێویسـتە لـە گشـت کاتێکـدا ئـەو ڕێکارانـە بگرنەبـەر و ڕێگـری بـکات لـە خـراپ بەکارهێنـانی ئـەو بابەتانـەی کـە لـە مـادەی ٥٣ دا ئامـاژەی بـۆ کـراوە، ئەگـەر یاسـای ناوخـۆی ئـەم وڵاتانـە ئاماژەیـان بـەم جـۆرە ڕێکارانـە نەکردبێـت.

٦. بـەم پێیـەش کۆمەڵـەی مانگـی سـووری کوردسـتان ئەگـەر ڕەزامەنـدی ئەنجوومەنـی بەرگریـی دەسـتەبەر نەکـەن کـە ئـەوان ئـەو کـەس و لایەنـەن دەتوانـن بەپێـی یەکەمیـن پەیماننامـە [سـاڵی ١٩٤٩] هێـما و ناسـناوەکانی مانگـی سـوور بـەکار بهێنـن، بـە پێچەوانـەوە لـە بەکارهێنانـی هێـما و ناسـناوەکانی ‹مانگـی سـوور› پێشـێلی یاسـای کـردووە. مـادەی ٤٤ ئامـاژەی بـەم کەسـانە کـردووە کـە بریتیـن لـە یەکـە و سـتافی پزیشـکی لـە دۆخـی شـەڕدا و ڕێکخـراوە نێودەوڵەتییەکانـی سـەر بـە خاچـی سـوور لـە گشـت کاتێکـدا.

تەنیـا پێوەرێـک کـە دەکرێـت بەسـەر کۆمەڵـەی مانگـی سـووری کوردسـتاندا جێبەجـێ بکرێـت، بریتییـە لـە پێـوەری پەیوەسـت بـە ئەنجوومـەن مانگـی سـوور نەتەوەیـی (National Red Crescent Society) کـە لـە پەرەگرافـی ٢ی مـادەی ٤٤دا دەڵێـت «لـە کاتـی شـەڕدا و بەپێـی یاسـایی ناوخۆیـی دەکرێـت نـاوی خاچـی سـوور بـەکار بهێنرێـت

بۆ ئەو چالاکییانەی کە دژی ئەو بنەمایانە نەبن کە ‹کۆنفرانسی نێودەوڵەتی خاچی سوور› ئاماژەی پێداوە. کێشەکە لێرەدایە، ڕێکخراوی [مانگی سووری] کوردستان ناچێتە چوارچێوەی پێوەرەکانی ‹کۆمیتەی مانگی سووری نێودەوڵەتی (International Committee of the Red Cross (ICRC)).

کۆپییەک لە ‹ڕێکارەکانی دانان بە ئەنجوومەنە نوێیەکانی خاچی سووری نەتەوەیی› (Regulations on Recognition of New National Red Cross Societies) و ڕێکارەکانی وەرگرتنی ئەنجوومەنە تازە دامەزراوەکانی نەتەوەیی خاچی سوور و بوون بە ئەندامی کۆمەڵەی ئەنجوومەنەکانی خاچی سوور (League of Red Cross Societies)تان بۆ دەنێرم. مەرجەکانی ٢ و ٣ لە یاساکانی دانپێدانان، تا ئەوکاتەی ئەوان بە بەشێک لە عێراق (وڵاتانی دیکە) بمێننەوە و نەبن بە دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ کورد ڕێسای کوشندەن. بۆیە جێگەی سەرسوڕمان نییە بەڕێز پێگۆت گوتی، کورد وەڵامێکی تەمومژاویان وەرگرت کاتێک چوونە جنێف و داوایان لە کۆمەڵەی ئەنجوومەنەکانی خاچی سوور کرد تا دانیان پێدا بنێن.

٧. هەر جۆرە پرسیارێک لەبارەی جێبەجێ کردنی پەیماننامەی جنێف لەسەر مانگی سووری کوردستان یان ئاگادارکردنەوەی ئەم کۆمەڵەیە دەبێ بە ڕاوێژ بێت لەگەڵ وەزارەتی بەرگریی؛ چونکە لەوانەیە ئەم وەزارەتە لەسەر ئەم بابەتە ئامۆژگاری بداتە ‹ئەنجوومەنی بەرگریی› و لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ کە بە پارێزەری پەیماننامەی ١٩٥٧ هەژمار دەکرێت؛ ڕوانگەی جیاوازیان بۆ مەرجەکانی ئەم پەیماننامەیە هەبێت. بەهەرحاڵ، ئەگەر بڕیاردرا بەدواداچوون بۆ ئەم بابەتە بکرێت ئەمە ئەرکی بەڕێوەبەری بەدواداچوونی گشتییە ئەم کارە ڕاپەڕێنێت و لەوانەیە بەڕێوەبەر بڕیار بدات ئەم کەیسە، کەیسێکی گونجاو نییە بۆ بەدواداچوون.

بەهەرحاڵ، یەکەم پرسیار ئەوەیە ئێمە چی بە دەسەڵاتدارانی عێراق بڵێین؟ بۆچوونی من ئەوەیە ئێمە ناتوانین بە عێراقییەکان بڵێین دەسەڵاتی یاسایمان نییە بۆ ڕێگریکردن لەم چەشنە چالاکییەی کۆمەڵەی مانگی سووری کوردستان. بەهەرحاڵ

ئەگـەر ئـەم کۆمەڵەیـە نـاوی بـۆ ڕێکخـراوی فریاگـوزاری کوردسـتان (Kurdish Relief Organisation) بگۆڕێـت، یـان ناوێکـی هاوشـێوە هەڵبژێـرن، هیـچ کێشـەیەک ڕوو نادات. بەهەرحـاڵ، ئـەوان بـە بەکارهێنانـی هێـما و نازنـاوی ڕێکخـراوی خاچـی [مانـگ] سـووری کوردسـتان، ئـەم ناوەیـان هەڵبـژاردووە و ناوبانگیـان دەرکـردووە. بەدڵنیاییـەوە ئـەم جـۆرە ناسـناو بەکارهێنانـە ڕێگـە پێنـەدراوە، بۆیـە پەیماننامـە و یاسـای [جنێـف] هـەوڵ دەدات ڕێگـری لـەم بەکارهێنانـە بـکات و بەکارهێنەرانـی سـزا بـدات.

٨. لـە کۆتاییـدا، لەبـارەی پرسـیارە تایبەتەکـەی باڵیـوزی [بەریتانیـا] کـە لـە پەرەگرافـی ٤ی تەلەگرامەکەیـدا ئامـاژەی پێـداوە، لـە بەڕێـز پیگـۆت وا تێگەیشـتم کـە کۆمەڵـەی مانگـی سـووری کوردسـتان هـەوڵ دەدات وەک ڕێکخراوێکـی خێرخـوازی نـاوی خـۆی تۆمـار بـکات، بـەڵام ئـاگادار نیـن تـا چەنـد لـەم کارەدا سـەرکەتوو بوونـە.

M R Eaton

ڕاوێژکاری یاسایی

٨ی تشرینی دووەمی ١٩٧٤

نهێنی (٤٤١-٤٤٣)

نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس

لەندەن،

SW1 2AL

His Exellency

Mr J A N Graham CMG

BAGHDAD

کۆمەڵەی مانگی سووری کوردستان

١. دەسەڵاتدارانی عێراق، هەروەک لە تەلەگرامەکەی ڕێکەوتی ٢٦ی تشرینی یەکەم ئاماژەتان پێداوە، کێشەیەکیان بۆ ئێمە دروست کردووە. لە ڕاستیدا عێراقییەکان ڕاستن کە دەڵێن ئەو ڕێکخراوە [کوردییەی] کە لەم دواییە لە لەندەن و هەندێک ناوچەیتری ئەوروپا چالاکی ئەنجام دەدات، ناتوانێت خۆی بە ‹کۆمەڵەی مانگی سوور› ناو ببات و ناتوانێت هێمای فەرمی مانگی سوور بەکار بهێنێت. هەروەها بە پێی یاسا دەکرێت ڕێگری بکرێت لەم جۆرە چالاکیانەی کۆمەڵەی مانگی سووری کوردستان.

٢. لەبارەی ناوەڕۆکی ٣ی پەرەگرافەکەیتر، ڕاوێژم لەگەڵ ڕاوێژکاری یاسایی کردووە. دەسەڵاتی ڕێگری کردن لە ئەنجامدانی ئەم جۆرە چالاکییانە لە بەشی شەشەمی پەیماننامەی جنێف لە ساڵی ١٩٥٧دا ئاماژەی پێدراوە. بەندی یەکەم لە بەشی شەشەمی ئەم ڕێککەوتنە دەڵێت:

ئەو لایەنەی مەرجەکانی ئەم مادەیە دەیناگرێتەوە، دەبێ ئەنجوومەنی سەربازی [ئەنجومەنی بەرگریی] ڕێگەیان پێ بدات لە بەکارهێنانی هەر یەک لەم هێما یان ناسناوانەی خوارەوە:

ا    هێمای خاچی سوور....یان ناسناوی خاچی سوور....

**ب** هێمای مانگی سوور، لەسەر زەمینەیەکی سپی، یان بەکارهێنانی ناسناوی مانگی سوور....››.

بە پێی مادەی ٣، هەر کەسێک سەرپێچی لەم مادەیە بکات بە تاوانبار هەژمار دەکرێت ئەگەر هێما یان ناسناوێک بەکار بهێنێت کە پەیوەندی بەم بابەتەوە هەبێت و سزا دەدرێت (بە پێ بژاردن) کە بڕەکەی لە ٥٠ پاوەند زۆرتر نەبێت.

بە پێی مادەی ٧، ئەم جۆرە ڕێکارانە لە ئینگلەند پەیڕەو ناکرێن، تەنیا ئەوکاتە نەبێت کە خودی بەڕێوەبەری بەدواداچوونی گشتی (Director of Public Prosecution) ئەم کارە بکات یان داوای ئەنجامدانی ئەم کارە بکات.

٣. ئەم مادەیە لەم پەیماننامەیەدا، بەو مەبەستە داڕێژراوە تا ئەو لایەنانەی واژوویان لەسەر ئەم پەیمانامەیە کردووە پابەندی یەکەمین پەیمانامەی جنێڤ بن کە لە ساڵی ١٩٤٩دا گرێدرا و تایبەت بوو بە نەخۆش و بریندارەکان کە لە مادەی ٥٣ و ٥٤دا ئاماژەی پێکراوە. ماددەی ٥٣ دەڵێت:

«بەکارهێنانی هێما یان ناسناوی خاچی سوور یان خاچی جنێف لەلایەن تاکەکان، کۆمەڵەکان، کارگەکان و کۆمپانیاکان، جا سەر بە کەرتی تایبەت بن یان گشتی، یان لاساییکردنەوەی هێما و ناسنامەکانی ئەم کۆمەڵەیە بە هەر مەبەستێک بێت، بە چاوپۆشین لە ڕێکەوتی بەکارهێنانی، لە گشت کاتێکدا قەدەغەیە››.

بەپێی دوایین پەرەگرافی هەمان مادده ئەم قەدەغەکردنە بەسەر گشت هێماکانی دیکەشدا جێبەجێ دەکرێت کە لەلایەن پەیماننامەکەوە بەکار دەهێنرێت، بۆ نموونە، مانگی سوور. بە پێی مادەی ٥٤، ئەو لایەنە باڵایانەی واژووەکەیان کردووە، پێویستە لە گشت کاتێکدا ئەو ڕێکارانە بگرنەبەر و ڕێگری بکات لە خراپ بەکارهێنانی ئەو بابەتانەی لە مادەی ٥٣دا ئاماژەیان پێکراوە، ئەگەر یاسای ناوخۆی ئەم وڵاتانە ئاماژەیان بەم جۆرە ڕێکارانە نەکردبێت.

بەم پێیەش کۆمەڵەی مانگی سووری کوردستان، ئەگەر ڕەزامەندی ئەنجوومەنی بەرگریی دەستەبەر نەکەن کە ئەوان ئەو کەس و لایەنەن دەتوانن بەپێی یەکەمین

پەیماننامە [ساڵی ١٩٤٩] هێما و ناسناوەکانی مانگی سوور بەکار بهێنن، بە پێچەوانەوە لە بەکارهێنانی هێما و ناسناوەکانی ‹مانگی سوور› پیشێلی یاسای کردووە. مادەی ٤٤ ئاماژەی بەم کەسانە کردووە ئەم کەسانە بریتین لە یەکە و ستافی پزیشکی لە دۆخی شەڕدا و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی سەر بە خاچی سوور لە گشت کاتێکدا.

تەنیا پێوەرێک دەکرێت بەسەر کۆمەڵەی مانگی سووری کوردستاندا جێبەجێ بکرێت، بریتییە لە پێوەری پەیوەست بە ئەنجومەن مانگی سوور نەتەوەیی (National Red Crescent Society) کە لە پەرەگرافی ٢ی مادەی ١٤٤دا دەڵێت «لە کاتی شەڕ بەپێی یاسایی ناوخۆیی دەکرێت ناوی خاچی سوور بەکار بهێنرێت بۆ ئەو چالاکیانەی دژی ئەو بنەمایانە نەبن کە ‹کۆنفرانسی نێودەوڵەتی خاچی سوور› ئاماژەی پێداوە. کێشەکە لێرەدایە ڕێکخراوی [مانگی سووری] کوردستان ناچێتە چوارچێوەی پێوەرەکانی ‹ئەنجومەنی مانگی سووری نەتەوەیی›.

٤. کۆپییەک لە ‹ڕێکارەکانی دانپێدان بە ئەنجومەنە نوێیەکانی خاچی سووری نەتەوەیی› (Regulations on Recognition of New National Red Cross Societies) و ڕێکارەکانی وەرگرتنی ئەنجومەنە تازە دامەزراوەکانی نەتەوەیی خاچی سوور و بوون بە ئەندامی کۆمەڵەی ئەنجومەنەکانی خاچی سوور (League of Red Cross Societies)تان بۆ دەنێرم. مەرجەکانی ٢ و ٣ لە یاساکانی دانپێدانان، تا ئەوکاتەی ئەوان بە بەشێک لە عێراق (وڵاتانی دیکە) بمێننەوە و نەبن بە دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ کورد ڕێسای کوشندەن.

٥. لە ٨ی تشرینی دووەم، کۆبوونەوەم لەگەڵ بەڕێز برایان هۆگسن (Mr Brian Hodgson) کە بەڕێوەبەری گشتی کۆمەڵەی خاچی سووری بەریتانیایە (British Red Cross Society) و بەڕێز دۆناڵد پیگۆت (Mr Donald Piggott)، سکرتێر نێودەوڵەتی ئەم کۆمەڵەیە هەبوو. ئەوان گوتیان ئاگاداری چالاکییەکانی کۆمەڵەی مانگی سووری کوردستانن لە لەندەن و شوێنەکانی دیکە. هەروەها ئاگادارن ‹کۆمیتەی مانگی سووری نێودەوڵەتی (International Committee of the Red Cross (ICRC)) لە جنێف ڕەتیکردووەتەوە دان بە کۆمەڵەی مانگی سووری

کوردستاندا بنێت. بەڕێز هۆگسن گوتی کۆمیسیۆنی [ڕێکخراوە] خێرخوازییەکانی ئاگادارکردووەتەوە کە چالاکییەکانی کۆمەڵەی مانگی سووری کوردستان نایاساین، بۆیە ناکرێت وەک ڕێکخراوێکی خێرخوازی تۆمار بکرێت.

٦. دۆخی ئێستا ئەوەیە، بەڕێز هۆگسن بە شێوەیەکی نافەرمی پێشنیازی بۆ دکتۆر هناری (Dr. Hanari) کردووە کە بۆ نوێنەرایەتی لەندەنی کۆمەڵەی مانگی سووری کوردستان ڕوون بکاتەوە ناسناو و هێماکەیان بگۆڕن، ئەگەرنا کۆمەڵەی خاچی سووری [بەریتانیا] ناچارە وەزارەتی بەرگریی ئاگادار بکاتەوە و ئەوانیش بەڕێوەبەری بەدواداچوونی گشتی لەم بابەتە ئاگادار بکەنەوە. لەوانەیە کورد ئەم پێشنیازە قبوڵ بکەن و ناوی ڕێکخراوەکە بگۆڕن، هاوکات بەم شێوەیە دەتوانن وەک ڕێکخراوێکی خێرخوازی ناوی خۆیان تۆمار بکەن. ئەگەر ئەوکات عێراقییەکان نارەزاییان دەربڕی، ئێمە دەتوانین پاساوی «ئەو دەسەڵاتەمان نییە دەستێوەردان» لەم کارەدا بکەین، بهێنینەوە. هاوکات بەڕێز هۆگسن دەتوانێت بە وریاییەوە پەیوەندی بە جنێڤ بکات و بزانێت، ئایا دەسەڵاتدارانی عێراق هەڕەشەیان لە کۆمیتەی مانگی سووری نێودەوڵەتی کردووە [کە کۆمەڵەی کورد نایاساییە] (پەرەگرافی ٣ لە تەلەگرامەکەتان).

٧. هیوادارم ئەم کێشەیە بە بێ دەمەقاڵێ لەگەڵ عێراقییەکان یان گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی لە دژی کورد چارەسەر بکرێت. بە دڵنیاییەوە وەزیرەکان نیگەرانی ڕای گشتی دەبن ئەگەر ڕێگە چارەی دووەم هەڵبژێردرێت. لەم بارەوە لە هەر پێشهاتێک ئاگادارتان دەکەمەوە، هاوکات پێشنیاز دەکەم وەڵامی یاداشتی عێراق (Iraqi Note) مەدەنەوە، تەنیا ئەوە نەبێت کە بە فەرمی سوپاسیان بکەن.

P R H Wright

بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست

Enclose: c.c. HE Mr A D Parsons CMG CVO MC (Tehran)

VII (ل ٤٤٤-٤٤٧)

## دانان بە ئەنجوومەنە نەتەوەییە تازە دامەزراوەکانی خاچی سوور

## (Recognition of New National Red Cross Societies)

بۆ بوون بە ئەندام لە خاچی سووری نێودەوڵەتی، ئەو ئەنجوومەنەی داواکاری ئەندامێتی پێشکەش دەکات، دەبێ ئەو ١٠ مەرجەی لە خوارەوە ئاماژەی پێکراوە جێبەجێ بکات و داوکارییەک هاوپێچ لەگەڵ بەڵگەنامە داوا کراوەکان بۆ دانپێدانان پێشکەش بە کۆمیتەی نێودەوڵەتی خاچی سوور بکات؛ بەتایبەتی ئەم بەڵگانەی خوارەوە:

ا  بە پێی مەرجی ٣ کە لە خوارەوە ئاماژەی پێکراوە، کۆپیەک لە نوسخەی ڕەسەنی فەرمانی حکومی دانپێدانان بەم ئەنجوومەنە لە ئاستی نەتەوەییەوە پێشکەش بکات.

ب  کۆپییەک لە پەیڕەو و پڕۆگرامی ناوخۆیی ئەنجوومەنەکە.

ج  کۆپییەک لە دوایین چالاکییەکانی ئەنجوومەنەکە.

داواکاری دانپێدانان دەبێ بەیاننامەیەکی لەخۆگرتبێت ئاماژە بدات بەوەی ئەنجوومەنەکە گشت مەرجەکانی پەیوەست بە دانپێدانان جێبەجێ دەکات.

### مەرجەکانی دانپێدانان بە ئەنجوومەنەکانی خاچی سووری نەتەوەیی

بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمیسیۆنی کۆمیتەی نێودەوڵەتی خاچی سوور و کۆمەڵەی ئەنجوومەنەکانی خاچی سوور کە لەلایەن هەڤدەمین کۆنفرانسی خاچی سووری نێودەوڵەتییەوە لە ستۆکهۆڵم لە ساڵی ١٩٤٨دا پەسەند کراوە، ئەنجوومەنەکانی [خاچی سوور بۆ وەرگرتنی دانپێدانان] دەبێ:

١. سەر بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ بێت و لەم دەوڵەتەدا پەیماننامەی جنێف بۆ باشترکردنی دۆخی نەخۆش و بریندارەکان بە پێی ڕێککەوتنی ١٢ی ئابیی ١٩٤٩ جێبەجێ بکرێت[1].

(١) بە پێی مەرجەکانی پەیماننامەی جنێڤ لە ساڵی ١٩٤٩، بۆ باشترکردنی رەوشی تەندروستی

٢. تەنیا ڕێکخراوی خاچی سووری وڵاتەکەی بێت و لەلایەن دامەزراوەیەکی ناوەندییەوە بەڕێوببردرێت کە دەسەڵاتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەندامانی ئەنجوومەنی خاچی سووری نێودەوڵەتی هەبێت.

٣. وەک ڕێکخراوێکی خۆبەخشی هاریکاریکردن، لەلایەن حکومەتی وڵاتەکەیەوە دانپێدانراو بێت و یارمەتیدەری دەسەڵاتە گشتییەکان بێت؛ بە تایبەتی بە پێی بەندی ٢٦ی یەکەم پەیماننامەی جنێڤ لە ساڵی ١٩٤٩. یان لەو وڵاتانەدا کار بکات کە هێزی چەکداری تێدا نەبێت و وەک ڕێکخراوێکی یارمەتیدەری خۆبەش هاوکاری دەسەڵاتە گشتییەکان بکات و لە خزمەت خەڵکی مەدەنیدا بێت.

٤. سەربەخۆ بێت تا بتوانێت بە پێی بنەما سەرەکییەکانی خاچی سووری نێودەوڵەتی کە لەلایەن کۆنفرانسی نێودەوڵەتی خاچی سوور داڕێژراون، ئەرکەکانی بەڕێوە ببات.

٥. بەکارهێنانی هێما و نازناوی خاچی سوور، (مانگی سوور، شێر خورشید و ڕۆژ) بە پێی پەیماننامەی جنێڤ.

٦. بە شێوەیەک ڕێکخراو بێت بتوانێت ئەرکەکانی ڕاپەڕێنێت. هەروەها ئامادەی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی بێت لە کاتی جەنگ و ئاشتیدا.

٧. لە سەرتاسەری وڵات و هەرێمەکانی سەر بە وڵاتەکە چالاکی ئەنجام بدات.

٨. مافی ئەندامێتی لە هیچ یەک لە ئەندامەکانی لەسەر بنەمای نەژاد، ڕەگەز، چین ،ئایین و بیروبۆچوونی سیاسی نەسێنێتەوە.

٩. پابەندی پەیڕەوی خاچی سووری نێودەوڵەتی بێت و هاوکاری ئەندامانی خاچی سووری نێودەوڵەتی بدات- جا نەتەوەیی بن یان نێودەوڵەتی- و پەیوەندی نزیکیان لەگەڵدا هەبێت.

---

بریندار و نەخۆشەکانی سوپا لە مەیدانی جەنگدا، بۆ چوونەناوەوەی حکومەتەکان بۆ ناو پەیماننامەی جنێڤ دەبێ داواکاریەکی نووسراو پێشکەش بە ئەنجوومەنی فیدرالی سویس بکرێت و دوای شەش مانگ لە گەشتنی ئەم داواکارییە بۆ بەردەم ئەم ئەنجوومەنە، داواکارییەکە دەچێتە بواری جێبەجێکردندا. ئەنجوومەنی فیدرالی سویس ئەم داواکارییە لە گشت ئەو حکومەتانە وەردەگرێت کە پەیماننامەی جنێڤیان واژوو کردووە یاخود چوونە ناوەوەیان پەسەندکراوە.

١٠. پابەنــدی بنەمــا ســەرەکییەکانی خاچــی ســوور بێــت کــە لەلایــەن کۆنفرانســی نێودەوڵەتــی خاچــی ســوور داڕێــژراون: واتــە بێلایەنــی بــوون، ســەربەخۆیی سیاســی، ئایینــی و ئابوریــی. بــڕوای بــە جیهانیبوونــی خاچــی ســوور و یەکســان بوونــی گشــت ڕێکخراوەکانــی نەتەوەیــی خاچــی ســوور هەبێــت. هەروەهــا لــە گشــت کارەکانیــدا پابەنــدی ڕێنماییەکانــی پەیماننامــەی جنێــڤ و پەیمانامــە تەواوکەرەکانــی دیکــەی ئــەم پەیمانەمــەی جنێــڤ بێــت.

## VIII

## ڕێکارەکانی وەرگرتنی ئەنجوومەنە نەتەوەییە تازە دامەزراوەکان لە کۆمەڵەی ئەنجوومەنەکانی خاچی سوور

### لەلایەن دەستەی فەرماندارەکان لە ساڵی ١٩٤٨دا داڕێژراوە

**بەندی ١:**

داواکاری بــۆ بــوون بــە ئەندامــی کۆمەڵــەی ئەنجوومەنەکانــی خاچــی ســوور کــراوە، بــۆ گشــت کۆمەڵەکانــی مانگــی ســوور و خاچــی ســوور کــە بــە فەرمــی لەلایــەن دەوڵەتەکانیانــەوە دانیانپێدانرابێــت و بــە پێــی بنەمــا ســەرەکییەکانی ئــەم کۆمەڵەیــە کار بــکات و [مەرجەکانــی] دانیشــتنی نۆزدەیەمــی دەســتەی فەرمانــدارەکان کــە لــە ســاڵی ١٩٤٩ لــە ئۆکســفۆرد بەڕێوەچــوو، پەســەند بــکات.

**بەندی ٢:**

کۆمەڵــە نەتەوەییەکانــی مانگــی ســوور و خاچــی ســوور کــە داوای ئەندامێتــی دەکــەن، دەبــێ لــە وڵاتەکەیانــدا هیــچ کۆمەڵەیەکیــتری مانگــی ســوور یــان خاچــی ســوور بوونــی نەبێــت و لــە سەرتاســەر وڵات و هەرێمەکانــی ســەر بــە وڵاتەکــە کار و چالاکییەکانــی بەڕێــوە ببــات.

**بەندی ٣:**

پێویستە کۆمەڵە نەتەوەییەکانی مانگی سوور و خاچی سوور داواکاری ئەندامێتی پێشکەش بە سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمیتەی کۆمەڵەی ئەنجوومەنەکانی خاچی سوور بکەن.

**بەندی ٤:**

ئەم بەڵگانەی خوارەوە هاوپێچی داواکارییەکە بکرێن:

**ا** پەیڕەو و پرۆگرامی کۆمەڵەکە.

**ب** چالاکییەکانی کۆمەڵەکە لە ماوەی ئەو ساڵەی داوای بوون بە ئەندامێتی دەکات.

**ج** بەڵگەنامەیەک کە نیشانی بدات، کۆمەڵەکە لەلایەن وڵاتەکەیەوە بە فەرمی دانی پێدانراوە.

**د** بەیاننامەیەکی نووسراو لەلایەن کۆمەڵەکەوە کە تێیدا ئاماژە بەوەکرابێت پابەندی یاسای کۆمەڵەی ئەنجوومەنەکانی خاچی سوورە.

**ه** بەیاننامەیەک تێیدا ئاماژە درابێت ئەو کۆمەڵەیەی داوای ئەندامبوون دەکات ئابوونەی ساڵانە بدات.

**بەندی ٥:**

سکرتێری کۆمەڵەی ئەنجوومەنەکانی خاچی سوور، پێداچوونەوە بە داواکاریی و بەڵگەنامەکانی ئەو کۆمەڵەیە دەکات کە داوای مافی ئەندامێتی دەکات. ئەگەر بەڵگەنامەکان لەگەڵ بنەماکانی ئەم کۆمەڵەیە یەکتر بگرنەوە، ئەوکات داواکاریی ئەندامێتی و تێبینی سکرتێری کۆمەڵە دەخرێتە بەردەم کۆبوونەوەی داهاتووی کۆمیتەی جێبەجێکاری کۆمەڵەی ئەنجوومەنەکانی خاچی سوور.

ئەگەر سکرتێر تێبینی کرد بەڵگەنامەکان لەگەڵ بنەما سەرەکییەکانی کۆمەڵەی ئەنجوومەنەکانی خاچی سوور یەکناگرنەوە، ئەوکات ڕاپۆرتێک بۆ کۆمیتەی جێبەجێکاری بەرز دەکاتەوە تێبینییەکانی خۆی لە ڕاپۆرتەکەدا دەنووسێت.

**بەندی ٦:**

کۆمیتـــەی جێبەجێــکار بـــە شــێوەی ســـەرەتایی بڕیـــار لەســـەر وەرگرتنـــی داوکاری ئەندامێتـــی  دەدات.

**بەندی ٧:**

ئـــەو کۆمەڵەیـــەی لەلایـــەن کۆمیتـــەی جێبەجێکارییـــەوە وەک ئەنـــدام وەردەگیرێـــت، ئـەم ئەندامێتیـە بەشـێوەیەکی کاتییـە تـا ئەوکاتـەی لـە کۆبوونـەوەی داهاتـووی دەسـتەی فەرماندارەکانـی کۆمەڵـەوە دواییـن بڕیـاری لەسـەر دەدەرێت. ئەگـەر بڕیارەکە پەسـەندکرا، داواکار دەبێتـە ئەندامـی کۆمەڵـەی ئەنجوومەنەکانـی خاچـی سـوور. ئەگـەر کۆمیتـەی جێبەجێـکاری مافـی بـوون بـە ئەندامـی ڕەتکـردەوە، داواکار دەتوانێـت داواکارییەکـەی بخاتـە بـەردەم دەسـتەی فەرمانـدارەکان.

**بەندی ٨:**

هــەر کۆمەڵەیەکـی نەتەوەیـی بخوازێـت پاشەکشـە لـە ئەندامێتـی بـکات، دەبێـت شـەش مانـگ پێشـتر داواکارییـەک پێشـکەش بـە سـەرۆکی دەسـتەی فەرمانـداران بـکات.

زۆر نهێنی (ل ٤٤٨-٤٤٩)

FO 928/E/ 991/12

LKS 248/12

OO MODUK

PP JISNE

GRS 500A/2

DESKBY 121300Z NOV

CHPHER CAT A

FM BAGHDAD

SECRET

DESKBY 121300Z NOV

بـۆ تەلەگرامـی بـە پەلـەی وەزارەتـی بەرگـری شانشـینی یەکگرتـوو بـە ژمـارە **(١٢١١٢٠Z)** لـە مانگـی تشرینـی دووەمـی.

بـۆ بەرچـاو ڕوونـی [کۆپیـەک بنێردرێتـە] پارێـزراوی (Saving) کوێـت، دیمەشـق، بەیـروت، ئەنقـەرە و تـاران.

DIG FOH

**ڕاپۆرتی حەوتانە: کوردستان**

**ئەلفا:** بارودۆخـی ناوچەکانـی ڕوانـدز و ڕانیـە سـەقامگیرە. سـوپای عێـراق هەوڵـی خـۆ قایمکـردن لـە زۆزک و چـون بـەرەو باشـوور دەدات تـا بەرزاییەکانـی هندرێـن بپارێزێـت و لەگـەڵ ئـەو هێزانـە یەکـتر بگرنـەوە کـە لـە باکـووری ڕانیـە جێگیربوونـە.

**براڤۆ:** باکووری ڕانیە ئارامە و تەنیا شەڕێکی بچووک هەیە.

**چارلی:** ڕاوێژکاری سەربازیی (MA) فەرەنسا پشتڕاستی کردەوە کە کورد لە ٨ی تشرینی دووەم هێرشێکی قورسیان بۆ سەر قەڵادزێ ئەنجامداوە و لە ١٠ی مانگ چوونەتە ناو شارەکە. بەڵام نازانێت حاڵیحازر شارەکە بەدەست کێیە، تەنیا باس لەوە دەکات کە شەڕێکی قورس لە ئارادایە.

**دێلتا:** ڕاوێژکاری سەربازی میسر (MA) کە حەوتەی ڕابردوو لەگەڵ شاندێکی سەربازیی میسر سەردانی باکووری [عێراقی] کردبوو، ژەنەڕاڵ سەعید حەسۆ فەرماندەی ناوچەی باکوور پێی گۆتبوو بە نیازن هێزەکانیان لە هەندرێن و ڕانیە بگەیێننەوە یەک تا بەم شێوەیە پێش هاتنی وەرزی زستان پەیوەندی هێزەکانی کورد لە [میحوەرەکانی] (L) بۆ (C) بپچڕێنن. بۆیە حاڵیحازر زۆربەی کەرتە سەربازییەکانی باکوور لە چوار فەوج هێزی ڕێکخراو و چوار فەوج هێزی یەدەک پێکهاتووە. ئەرکی هێزە یەدەکەکان پاراستنی [ئارامی] ناو شارەکان و بەکراوەیی هێشتنەوەی ڕێگاوبانەکانە. هەروەها ژەنەڕاڵ لەسەر نەخشەی ئۆپەراسیۆنی سەربازی پێگەی فەوجەکانی ١٠٠، ١٠١ و ١٠٢ی بە ڕاوێژکاری سەربازیی میسر نیشانداوە.

بە پێچەوانەی چاوەڕوانی ئێمە هێزی تۆپخانەی ئێران هێندە کاریگەر نییە، یان زیانەگەیاندنی [بە هێزەکانی عێراق] ئەوەندە نین کە چاوەڕوان دەکرا. لە کاتی سەردانی شاندی سەربازیی میسر بۆ ژووری ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای عێراق، تۆپخانەی ئێران بۆ ماوەی چوار کاتژمێر بەردەوام بوو، کەچی تەنیا یەک سەرباز بریندار بوو.

**ئێکۆ:** ڕەوشی کەشوهەوا باشە. کەشوهەوای بەغدا لە ١١ی تشرینی دووەم بەرزترین پلە ٢٨، نزمترین پلە ١٠؛ مووسڵ بەرزترین پلە ٢٨، نزمترین ٨؛ کەرکووک بەرزترین پلە ٢٩، نزمترین پلە ١٧.

**فۆکستڕۆت:** باڵیۆزی فەرەنسا پێی گوتم ڕۆژنامەنووسە فەرەنسییەکان کە سەردانی ڕواندزیان کردبوو، پێیان ڕاگەیێدراوە دەتوانن سەردانی زۆزکیش بکەن. ڕۆژنامەنووسەکان گوتویانە وەک پێویست شوێنەکانی [شەڕیان] نەبینیووە.

**گۆلف:** ئێمە لە ماوەی نێوان ١٤ بۆ ١٨ی تشرینی دووەم سەردانی گشت

شــارۆچکەکانی باکــوور دەکەیــن.

**تــوو (two):** ڕێگـە بـە شـاندی میـسر نـەدراوە سـەردانی ئـوم قـەسر بکـەن، بـە بیانـووی ئـەوەی هیـچ شـتێکی سـەرنجڕاکێش لـەوێ نییـە ببینن.

**سری (three):** لـە تەلەگرامـی ژمـارە ٤١٨ لـە ڕێکەوتـی ١٢ی تشرینـی دووەم کـە بـۆ نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە نێـردراوە، ئامـاژە بـە گۆڕانکارییەکانـی کابینـەی حکومەتـی عێـراق کـراوە.

نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە و کۆمۆنوێلـس، تکایـە ئـەم نامەیـە بـۆ [نووسـینگەی ئەرشـیفی کوێـت، دیمەشـق، بەیـروت، ئەنقـەرە و تـاران بنێـرن.

GRAHAM

باڵیۆزی کۆماری عێراق (٤٥٠-٤٥٢)

21. Queen Gate

London SW7 5JG

ژمارە ٦٨٥

باڵیـۆزی کۆمـاری عێـراق سـکاڵانامەی، پێشـکەش بـە نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە و کۆمۆنوێلـس دەکات، شـەرەفی ئـەوەی هەیـە ئامۆژگاریتـان بـکات کـە حکومەتـی عێـراق زانیاریـی پێگەیشـتووە بـەم نزیکانـە کۆمیتەیـەک لـە شانشـینی یەکگرتـوو دامـەزراوە بەنـاوی «کۆمیتـەی مانگـی سـووری کوردسـتان»، ئـەم کۆمیتەیـە چالاکـی گومانلێکـراو و لـەڕێ لادەر ئەنجـام دەدات کـە بـە تەواوەتـی لـە ڕاسـتییەوە دوورن؛ بـۆ نموونـە داوا لـە هاووڵاتیانـی بەریتانیـا دەکات یارمەتـی ئـەو کۆمیتەیـە بـدات بـە بیانـوی کـە کوردسـتان پێویسـتی بـەم جـۆرە یارمەتیانـە هەیـە. هەروەهـا بەدناوکردنـی کۆمەڵـەی مانگـی سـووری عێراقـی و تۆمەتـی نـاڕەوا دەخاتـە پـاڵ ئـەم کۆمەڵەیـە.

هــەروەک ئاشــکرایە، کوردســتان چەمکێکــی جوگرافییــە کــە بــۆ ئامــاژەدان بــە ناوچەیەکـی جوگرافـی سـەربە وڵاتانـی دراوسـێ بـەکار دەهێنرێـت کـە خـاوەن سـەروەری تـەواون بەسـەر گشـت ناوچەکانـی وڵاتەکەیانـدا، بـە ناوچـەی کوردستانیشـەوە. بۆیـە مافی کۆمەڵێـک سـەرەڕۆی نەنـاسراو نییـە بـە نـاوی گشـت کوردسـتانەوە قسـە بکـەن. بۆیـە لـە ڕوانگـەی حکومەتـی عێراقـەوە نابـێ ڕێگـە بـەم سـەرەڕۆیانە بدرێـت چالاکـی دوژمنکارانـە ئەنجـام بـدەن و ئـەو ئەرکانـە لـە ئەسـتۆ بگـرن کـە شـایەنی نیـن.

پێویسـتە ئـەم حەقیقەتـە ڕەچـاو بکرێـت، هەنوکـە یاسـای ئۆتۆنۆمـی بـۆ کوردسـتانی عێـراق ڕاگەیێنـدراوە و دەسـت بەجێبەجێکردنـی کـراوە و کۆمەڵانـی خەڵکـی کوردسـتان پشــتگیریی لێدەکــەن و ستایشــی دامــەزراوە جۆراوجۆرەکانــی [ئۆتۆنۆمــی دەکــەن]، هەروەهـا ئەنجوومەنەکانـی یاسـادانان و جێبەجێکـردن پێکهێـنراون و نوێنەرایەتـی گەلـی کـوردی عێـراق دەکـەن و لەبـری ئـەوان قسـە دەکـەن و خـاوەن دەسـەڵاتی دەسـتوریی فرەوانـن کـە گشـت لایەنـی ژیانـی ڕۆژانـەی تاکـی کـورد لەخـۆ دەگرێـت. سـەرەڕای مافـی

ئـەوەی تـاک بـە پێـی دەسـتوری کۆمـاری عێـراق مـاف و ئەرکیـان دیارکـراوە.

هەروەهـا بەکارهێنانـی ‹مانگـی سـور› وەک دروشـمێکی جیاکـەرەوە، تەنیـا سـنووردارە بـە وڵاتانـی ئیسـلامی سـەربەخۆ و لەلایـەن مانگـی سـووری نێودەوڵەتیـەوە ڕێگـە نـەدراوە جیـا لـە دەوڵەتـە سـەربەخۆکان [هیـچ ڕێکخراوێکیـتر] ئـەم چەمکـە بـەکار بهێنێـت.

هەروەهـا، لـەو ڕوانگەیـەوە حکومەتـی کۆمـاری عێـراق مەبەسـتیەتی پەیوەندییەکانـی لەگــەڵ شانشــینی یەکگرتــوو لەســەر بنەمــای هاوکاریــی و نیەتپاکــی، پتــەو بــکات و هیـوادارە بەرژەوەنـدی هاوبەشـی هـەردوو وڵات دەسـتەبەر بکرێـت و لاپەڕەیەکـی نـوێ لـە پەیوەندییەکانیـان هەڵبداتـەوە.

بۆیـە باڵیـۆزی کۆمـاری عێـراق خوازیـارە سـەرنجی نووسـینگەی دەرەوە و کۆمۆنوێلـس بـۆ ئـەم بابەتـە ڕابکێشـێت و هیـوادارە حکومەتـی شانشـینی یەکگرتـوو کۆتایـی بـەم چالاکییــە گوماناویانــە لــە دژی کۆمــاری عێــراق بهێنێــت کــە لەلایــەن ئــەو کەســانەوە ئەنجـام دەدرێـت خـاوەن پێگـەی فەرمـی نیـن، تەنیـا نوێنەرایەتـی خۆیـان دەکـەن و لەلایـەن هیـچ دامەزراوەیەکـی فەرمییـەوە دەسـەڵاتی ئەنجامدانـی چالاکـی پـێ نـەدراوە.

بــەردەوام بوونــی ئــەم جــۆرە چالاکیانــە لەلایــەن کەســانی ئامــاژە پێکــراو، بەهــۆی ئەنجامدانــی پڕوپاگەنــدەی بەئەنقەســت و درۆکــردن و پێچەوانەکردنــەوەی ڕاســتیەکان زیـان بـە هەڵسـەنگاندنی دروسـتی هاووڵاتیانـی بەریتانیـا دەگەیێنێـت، بێگومـان ناوبانگـی کۆمـاری عێـراق لەکـەدار دەکات و بـەم هۆیەشـەوە کەشـێکی سـاختە دروسـت دەکرێـت کـە خزمـەت بـە پەیوەنـدی باشـی نێـوان دوو دەوڵەتەکـە نـاکات.

باڵیـۆزی کۆمـاری عێـراق، لەجێبەجێکردنـی ویسـتی حکومەتـی عێـراق بـۆ هانـدان و پاراســتنی پەیوەنــدی نێــوان هــەردوو وڵات، داوا لەلایەنــە پەیوەندیدارەکانــی شانشــینی یەکگرتـوو دەکات گرنگـی بـەم بابەتـە بـدەن و کۆتایـی بـەو ڕێکخـراوە بهێنرێـت کـە بـە ‹کۆمەڵـەی مانگـی سـووری کوردسـتان› ناودەبرێـت و ڕێگـە لـەو کەسـانە بگیرێـت کـە لـە دژی حکومەتـی عێـراق پڕوپاگەنـدە دەگێـڕن.

لــە کاتێکــدا باڵیــۆزی کۆمــاری عێــراق، لــەم بــارەوە چاوەڕوانــی هەوڵــی جیــددی

نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە و کۆمۆنوێلـس دەکات، سـوود لـەم دەرفەتـە وەردەگرێـت ئەوپـەڕی ڕێـزی بـۆ نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە و کۆمۆنوێلـس دەرببڕێـت.

١٣ی تشرینی دووەمی ١٩٧٤، لەندەن

نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس

لەندەن

کۆمەڵەی خاچی سووری بەریتانی (ل ٤٥٣-٤٥٤)

(THE BRITISH RED CROSS SOCIETY)

9 GROSVENOR CRESCENT

LONDON، SW1X 7EJ

Telephone:

Overseas Cable:

01-235 5454

REDCROS

LONDON، SW1

Telex

Land Telephon:

918637 REDCROS، LONDON، TELEX

A/S BRITREDCROS، LDN

Petror and President: HER MAJESTY THE QUEEN

Chairman of the Council:

Executive Committee:

Chairman: SIR EVELYN SHUCKBURGH G.C.MG cs

Vice-Chairman: DAME ANNE BRYANS، D.B.E

Director General: A. S. HODGSON، ESQ، C.M. G

ABH/DJP/SW

P. R. H. Wright، Esq.

Meddle east Department

Foreign and Commonwealth Office

King Charles Street

London، SW1 2HD

14th Novamber 1974

## کۆمەڵەی مانگی سووری کوردستان

ئامـاژەم بـە گفتوگـۆی ٨ی تشرینـی دووەم کـرد. لـە ڕۆژی سێشـەممە نوێنەرانـی کـورد، دکتـور هنـاری (Dr Henari) و بەڕێـز کواتـن (Mr Quatan) سـەردانیان کـردم، بەڕێـز پیگـۆت (Mr Piggott)یـش لـەوێ بـوو.

لەبـارەی بەکارهێنانـی هێـما و نازنـاوی خاچـی سـوور، ئامـاژەم بـە بەربەسـەتەکانی بەشـی ٦ لـە پەیماننامـەی جنێـف لـە سـاڵی ١٩٥٧ کـرد. هەروەهـا ئامـاژەم بـە بەکارهێنانـی نازنـاوی ‹کۆمەڵـەی مانگـی سـووری کوردسـتان› و هێماکـەی کـرد کـە بـە پێـی ڕێنماییەکانـی ‹کۆمیتـەی هـاوکاری ئەوروپـا› (European Liaison Committee) نایاسـاییە، تەنیـا ئەوکاتـە نەبێـت ئەنجوومەنـی بەرگریـی ڕێگـەی بـە بەکارهێنانـی ئـەم نازنـاوە و هێمایەکـەی دابێـت.

ئامـاژەم بـەوە کـرد بەکارهێنانـی ناسـناوی مانگـی سـوور و هێماکـەی بـە پێچەوانـەی (counter-productive) چالاکییەکانـی ئەوانـە بـۆ بەدەسـتهێنانی هاوخەمـی بـۆ پرسـەکەیانە، ئەگـەر ئـەم کارە پێشـێلکردنی یاسـاکەی ئەنجوومەنـی بەرگـری بێـت، دەبێتـە هـۆی ئـەوەی [ئەنجوومەنـی بەرگـری] بەدواداچـوون بـۆ ئـەم حاڵەتـە بـکات (ئەگـەری زۆرە ئـەم کارەش بـکات).

بەڕێز هەناری بۆ ڕوونکردنەوەی لایەنە یاساییەکانی ئەم بابەتە سوپاسی کردین و بەڵێنیدا لەگەڵ هاوکارانی باس لەم بابەتە بکات و گوتی، بارەگای سەرەکی ‹کۆمەڵەی مانگی سووری کوردستان› لە کوردستانە و ئاماژەی بە تەلەگرامێکی ئەم کۆمەڵەیە لە ڕێکەوتی ١ی تشرینی یەکەم کرد، کۆپییەک لە تەلەگرامەکە [لەگەڵ ئەم نامەیە] بۆتان هاوپێچکراوە.

بەهەرحـاڵ، بەڕێـز هەنـاری جەختـی لـەوە کـردەوە، ئامانجـی ئـەم کۆمەڵەیـە بریتییـە لـە دابینکردنـی هاوکاریـی بـۆ هاووڵاتییەکانـی و هیـچ مەبەسـتێکی سیاسـی نییـە. بۆیـە ئێمـە پێشـنیازمان کـرد نـاوی کۆمەڵەکەیـان بگـۆڕن.

هەروەهـا ئامـاژەی بـەوە کـرد لەنـدەن تەنیـا ناوەندێکـە تێیـدا ‹کۆمیتـەی هـاوکاری ئەوروپـا›، تێـدا کار دەکات.

کۆبوونەوەکە بە ڕۆحیەتێکی زۆر دۆستانە بەڕێوەچوو و هیواداریـن نوێنەرانی کـورد ڕەچاوی ئامۆژگارییەکانی ئێمە بکەن کە لە بەرژەوەندی ئەواندایە.

لەوانەیە پێتان باش بێت کۆپییەک لە ناوەرۆکی ئەو کۆبونەوەیەی لەلایەن کۆمیەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ‹کۆنفرانسی بەردەوامی ڕێکخراوە بەریتانییەکان بۆ یارمەتیدانی پەنابەران› (Standing Conference of British Organisations for Aid to Refugees)، ببینن کە تایبەت بووو بە کێشەی کورد. دکتۆر هەناری وەک نوێنەری ئەنجوومەنی پزیشکی کوردستان (Kurdistan Medical Association) لەم کۆبوونەوەیەدا بەشدار بوو. (ئەگەرچی بابەتەکە هەمان ئەو بابەتە بوو کە کۆمیتەی هاریکاری ئەوروپا لەسەر کۆمەڵەی مانگی سووری کوردستان هەیبوو).

هەروەها لە مانگی ئابی کۆبوونەوەی گایس هاسپیتال (Guys Hospital) لەلایەن ‹کۆمیتەی هاریکاری پزیشکی بۆ کوردستان (Kuristan Medical Aids Committe) گرێدرا، تێیدا بڕیاردرا بە گۆڕینی ناوی ئەم کۆمیتەیە بۆ ‹کۆمیتەی هاریکاری مرۆڤایەتی کوردستان› (Kurdistan Humanitarian Aids Committee).

ئێمە ئەوەمان بۆ دکتۆر هەناری پێشنیاز کرد کە دەتوانن لە ژێر ناوی یەکێک لەم دوو کۆمیتانە، داواکاری [بەیاسایی بوون و تۆمارکردنی ناویان لەلایەن ئەنجوومەنی بەرگرییەوە] بخەنەڕوو و بەم جۆرەش لەبەکارهێنانی هێما و نازناوی مانگی سوور، ڕووبەڕووی هیچ گرفتێکی یاسایی نابنەوە کە ڕووبەڕووی بوونەتەوە.

لە پێشهاتەکانی دیکە ئاگادارتان دەکەمەوە.

(A. B. Hodgson)

بەڕێوەبەری گشتی

نهێنی (ل ٤٥٥)

بەڕێز بۆرتن (Mr Burton)، بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

بەڵێنی حکومەتی خاوەنشکۆ بە کورد ١٩١٩-١٩٣٢

( HMS's Pledges to the Kurds، 1919-1932)

١. بـە پێـی ڕاپـۆرتی سـاڵانەی ئیسـتعماری عێـراق، دۆسـیەکانی نووسـینگەی تۆمـاری گشـتی، [پەرتووکـی] کـورد، تـورک و عـەرەب لـە نووسـینی ئێدمۆنـدز و هەروەهـا بـە پێـی یاداشـتنامەی لێکۆڵینەوەیـی سـاڵی ١٩٤٦، هەندێـك سـەرنج لەبـاری [بەڵێنـی حکومەتـی خاوەنشـکۆ بـە کـورد] دەخەمـەڕوو.

٢. بەبـڕوای مـن هـۆکاری سـەرەکی ڕەتکردنـەوەی ئـەوەی ئێمـە لەمبـارەوە قـەرزداری کوردیـن بریتیـن لـە:

ا بەرهەڵسـتی تورکیـا لـە دامەزراندنـی دەوڵەتـی کوردسـتانی سـەربەخۆ، دامەزراندنـی ئـەم دەوڵەتـەی نامومکیـن کـرد.

ب حکومەتـی خاوەنشـکۆ لەگـەڵ حکومەتـی عێـراق لـە ڕاگەیێنـدراوی سـاڵی ١٩٢٢دا دانی نـاوە بـە مافـی کـوردی عێراقـی لـە بەدەسـتهێنانی ئۆتۆنۆمـی، بـەڵام یـەک نەبوونـی کـورد و بـێ یاسـایی [کۆمەڵـگای کوردسـتان] و پیلانـی حکومەتـی تورکیـا وایکـرد، لکاندنـی کوردسـتان بـە عێراقـەوە تەنیـا سیاسـەتێکی واقعبینانـە بێـت. زۆرینـەی کوردی [عێـراق] بـە بەشـداریکردن لـە ئەنجوومەنـی دامەزرێنەرانـی (constituent assembly) عێـراق لـە سـاڵی ١٩٣٢ بـەرەو سـەرەوە، لەگـەڵ ئـەم سیاسـەتە هـاوڕا بـوون.

ج بەلانیکەمـەوە لـە ڕووی تیۆرییـەوە، مافەکانی گەلـی کورد بە پێـی مەرجەکانی کۆمەڵەی گـەلان لـە سـاڵی ١٩٢٥ و بەپێـی بەیاننامەی حکومەتی عێـراق گەرەنتیکـراوە کە لە کاتی سـەربەخۆیی [و دەرچـوون لـە ئینتیـدابی بەریتانیا] لە سـاڵی ١٩٣٢دا ڕایگەیاند.

٣. بۆیـە مـرۆڤ لـەوە تێـدەگات، بۆچـی کـورد دەڵێـن لـە ڕووی ئەخلاقییـەوە ئێمـە قـەرزداری ئەوانیـن، چونکـە سیاسـەتی ئێمـە لەسـەردەمی ئینتیدابـدا لـە چارسـەرکردنی

کێشـەی کـورد شکسـتی هێنـا، بـەڵام دەکرێـت ئـەم تۆمەتانەمـان لەلایەن تـەواوی گەلی ئـەو هەرێمانـەوە ئاڕاسـتەمان بکرێـت کـە لـە کاتـی خۆیـدا لـە ژێـر بەڕێوەبەرایەتـی ئێمەدابـوون.

C J S Rundle

بەشی توێژینەوە

١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٧٤

نهێنی (ل ٤٥٦-٤٥٧)

بەڵێنی [حکومەتی خاوەنشکۆ] بە کورد ١٩١٩-١٩٣٢

(Pledges to the Kurds، 1919-1932)

١. ڕاگەیێنـدراوی هاوبەشـی فەرەنسـی-بەریتانی لـە تشرینـی دووەمـی ١٩١٨دا، بەمجـۆرە پێناسـەی ئامانجـی شـەڕی حکومەتەکانـی فەرەنسـا و بەریتانیـا لـە ڕۆژهەڵاتـدا دەکات: «ئازادکردنـی یەکجارەکـی و تەواوەتـی ئـەو خەڵکانـەی لەژێـر سـەرکوتکاری تورکەکانـدان و دامەزراندنـی حکومەتگەلـی نەتەوەیـی و بەڕێوەبەرایەتیـەک [لـەم حکومەتانـەدا] کـە دەسـەڵاتەکانی بـە دەستپێشـخەریی و هەڵبژاردنـی ئازادانـە خەڵکـی خۆجێییـەوە بەدەسـتهێنابێت». ئەگەرچـی لـەم ڕاگەیێنـدراوەدا ئامـاژە بـە نـاوی کـورد و هیـچ نەتەوەیەکیـتر نـەدراوە، بـەڵام بـە ڕاشـکاوی کوردیـش لەخـۆ دەگرێـت.

٢. بـە پێـی پەیماننامـەی سـیڤەر لـە سـاڵی ١٩٢٠دا، دەبـوو بەریتانیـا، فەرەنسـا و ئیتالیـا پلانێکیـان بـۆ ئۆتۆنۆمـی خۆجێیـی بـۆ «ناوچـەی زۆرینـە کوردنشـین دابڕێـژن کـە دەکەوێتـە ڕۆژئـاوای دیجلـە، سـنووری باشـووری ئەرمەنیـا کـە دواتـر دەکرێـت بڕیـار لەسـەر ئـەم سـنوورە بدرێـت و باکـووری سـنووری سـووریا و تورکیـا و میزۆپۆتامیـا». ئەگـەر لـە مـاوەی یـەک سـاڵدا زۆرینـەی دانیشـتووانی ئـەم ناوچەیـە بڕیاریـدا دەوڵەتی سـەربەخۆیان هەبێـت، دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ بـە پێـی ڕاسـپاردەی کۆمەڵـەی گـەلان دادەمەزرێـت و کـوردی ویلایەتـی مووسـڵ دەچەنـە پـاڵ ئـەم دەوڵەتـە، بـەڵام بەهـۆی بەرهەڵسـتی تورکیـا، پەیماننامـەی سـیڤەر بـە مردوویـی لـە دایکبـوو و دامەزراندنـی دەوڵەتـی کوردسـتان لەباربـرا.

٣. پێگـەی یاسـایی ناوچـە کوردییەکانـی عێـراق لـە سـاڵانی نێـوان ١٩٢٠ بـۆ ١٩٢٣ بڕیـاری لەسـەر درا کـە ئـەوکات نائارامییەکـی فرەوانـی خێڵایەتـی لـە ئارادابـوو. زۆربـەی ئـەم نائارامییـە لەلایـەن تورکەکانـەوە دەوروژێـنرا کـە بەتەمـای دووبـارە گەڕاندنـەوەی ویلایەتـی مووسـڵ بـۆ ژێـر دەسـەڵاتی خـۆی بـوو. لـە سـاڵی ١٩٢١دا، کـوردی ناوچـەی دەوروبـەری هەولێـر و مووسـڵ بـۆ دووجـار هیوایەتـی خۆیـان بـۆ لکانـدن بـە عێراقەوە

دەربڕی. جارێک لە مانگی حوزەیران و پێش ئەوەی مەلیک فەیسەڵ ببێتە سەر دەسەڵات و جارێکیتریش لە مانگی ئاب- تەنیا قەزای ڕواندز نەبێت- کورد سوێندی وەفاداریان بۆ مەلیک فەیسەڵ خوارد؛ هاوکات کورد داوای ناناوەندگیرییان کرد. (زۆربەی دانیشتووانی قەزای کەرکووک ڕای خۆیان سەبارەت بەچوونە پاڵ عێراق هەڵپەسارد و سلێمانیش بە تەواوەتی ئەم چوونە پاڵەی ڕەتکردەوە).

٤. لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٢دا کۆمسیاری باڵای عێراق ئەم تەلەگرامەی خوارەوەی بۆ وەزیری موستەعمەرات نارد:

«بەڕێزتان ئاگاداری سەرهەڵدانی شەپۆلی نیشتمانیی کوردن و بزوێنەرەکەشی سەرکەوتنی گفتوگۆکان لەگەڵ مەلیک فەیسەڵ و ڕاگەیاندنی پەیماننامەی سیڤەرە. بەهۆی دوودڵی خودی کورد و دڵنیا نەبوون لە مەبەستەکانی ئێمە لەهەمبەریان، کوردە ڕۆشنبیرەکان بێ مەیلن لە دەرکردنی بەرنامەیەک [بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی] کەچی زۆربەی کەسایەتییە کوردە نەزان و دەمارگرژەکانی وەک شێخ مەحمود و پەیڕەوانی، کۆمەڵێک داواکاریی دەمارگرژانەیان خستووەتەڕوو کە بە بڕوای ئەوان ئەم داواکارییە دەربڕی ویستی گشت کوردێکی ڕاستەقینەکانە. بە بڕوای من ئەگەر حکومەتی خاوەنشکۆ لەگەڵ حکومەتی عێراق دان بە مافی کورد بنێن لەچوارچێوەی سنوورەکانی عێراقدا حکومەتێکی نیشتیمانی سەربەخۆیان هەبێت، ئەمەش یارمەتیدەری سەقامگیرکردنی بارودۆخەکە دەدات و دەبێتە هۆی خستنەڕووی پێشنیازگەلی میانڕەوانەش. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کورد ئارام ڕاگرین و لە دەوری خۆمان کۆیان بکەینەوە و دەبنە بەبایەخترین چەک بۆ بەرپەرچدانەوەی چالاکی تورکەکان کە حاڵیحازر ئێمە بەدەست ئەم چالاکیانەوە دەناڵێنین، هەروەها بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر جۆرە هێرشێک ئەگەر [لەلایەن تورکەکانەوە] کرایە سەر ئێمە».

٥. هەروەها ئەم بەیننامەییەی خوارەوەش لە مانگی دێسەمبەری ساڵی ١٩٢٢دا دەرکراوە:

«حکومەتی خاوەنشکۆ و حکومەتی عێراق دان بە مافی ئەو کوردانەدا دەنێت کە لە چوارچێوەی سنوورەکانی عێراقدا دەژین و لە چوارچێوەی ئەم سنوورەدا

حکومەتێکی کوردی دابمەزرێنن و هەروەها ئەم دوو حکومەتە هیوادارن لایەنە جیاوازە کوردییەکان بە زووترین کات لەسەر شێوازی ئەم حکومەتە لە نێوان خۆیاندا ڕێک بکەون و سنووری ئەم حکومەتەش دیار بکەن؛ بەم پێیەش شاندێکی بەرپرس لەمبارەوە بنێرنە بەغدا تا لەسەر جۆری پەیوەندییە ئابوری و سیاسییەکانی ئەم حکومەتە لەگەڵ حکومەتی خاوەنشکۆ و حکومەتی بەغدا گفتوگۆ بکەن».

٦. لەم بەیاننامەیەدا دیارە کە مەبەستی حکومەتی عێراق بەخشینی سەربەخۆیی ئابوری و سیاسی نەبووە بە کورد، بەڵکو بەخشینی ئۆتۆنۆمی تەواو بووە.

٧. بە پێی پەیماننامەی لۆزان (تەمووزی ١٩٢٣)، ڕێککەوتن لەسەر ئەوە کرا پێویستە سنوورەکانی نێوان عێراق و تورکیا بە گرتنەبەری ڕێکاری دۆستانە لە نێوان تورکیا و بەریتانیا دابڕێژرێت و ئاماژە بەوە کرا هەر ناکۆکییەک لەم بارەوە پێویستە بخرێتە بەردەم کۆمەڵەی گەلان. بەهۆی هەڵوێستی تورکیا، [لەم پەیماننامەیەدا] هیچ ئاماژەیەک بە کورد نەدرا. بەمجۆرەش پابەندی تیۆریانەی حکومەتی خاوەنشکۆ لەهەمبەر کوردی ویلایەتی مووسڵ کە دەتوانن دەوڵەتێکی سەربەخۆ دابمەزرێنن کۆتایی پێهات. بەم هۆکارە و هەروەها بەهۆی یەک نەبوونی کورد و نەبوونی یاسا [لەناو کورددا] و بەهۆی پیلانگێڕی تورک، بۆ کاربەدەستانی بەریتانیا ڕوون بووەوە کە لکاندنی [کورد] بە عێراقەوە، تەنیا [بژاردەی] داهاتوویەکی باشە بۆ کورد.

٨. لە ساڵی ١٩٢٣دا، گشت ناوچە و قەزاکانی کوردستان جیا لە سلێمانی، بەشداریان لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی دامەزرێنەرانی عێراقدا کرد. پێش هەڵبژاردن حکومەتی عێراق ئەم بەیاننامەییەی خوارەوەی دەرکرد:

«حکومەتی عێراق بە نیاز نییە هیچ کاربەدەستێکی عەرەب لە ناوچەی کوردییەکاندا دابمەزرێنێت، تەنیا فەرمانبەری تەکنیکی نەبێت، هەروەها حکومەت دانیشتووانی ئەم ناوچانە ناچار ناکات زمانی عەرەبی لە کاروباری فەرمیدا بەکاربهێنن. مافی ئەم دانیشتووانە و مافی پێکهێنانی ئەنجوومەنی ئایینی و مەدەنی بۆ ئەم دانیشتووانە گەرەنتی دەکرێت».

٩. چونکە بەریتانیا و تورکیا لەسەر دارشتنی سنووری نێوان عێراق و تورکیا نەگەیشتنە هیچ ڕێککەوتنێک، هەروەک لە پەیماننامەی لۆزاندا ئاماژی پێکرابوو، کۆمەڵەی گەلان کۆمیسیۆنێکی بۆ دیارکردنی سنوور پێکهێنا (ئەم کۆمیسیۆنە بە کۆمیسیۆنی مووسڵ ناسراوە). بە پێی ڕاسپاردەکانی ئەم کۆمیسیۆنە، لە ساڵی ١٩٢٥دا کۆمەڵەی گەلان، ویلایەتی مووسڵی بەخشییە عێراق، بەو مەرجەی «ڕەچاوی ویستی کورد بکرێت کە دەبێ فەرمانبەری کورد بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەکەیان دابمەزرێت، هەروەها دادپەرەوەری بەرقەرار بکرێت، خوێندن بە زمانی کوردی بێت و کوردی [لە دامەزراوەکانی حکومەتی خۆجییدا] زمانی فەرمی بێت».

١٠. لە ساڵی ١٩٣٢دا، کاتێک عێراق بووە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و بوو بە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان، حکومەتی عێراق بەیاننامەیەکی نوێی لەبارەی مافی کورد و مافی کەمینەکانی دیکە دەرکرد (پاشکۆی «بەشی توێژینەوە لە ساڵی ١٩٤٦، [بە ناونیشانی] یاداشتێک لەسەر کێشەی کورد).

نهێنی (ل ٤٥٨)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٧٤

G S Burton Esq.

بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس

لەندەن

کوردستان

١. ئاماژە دەدەین بە تەلەگرامەکەمان بە ژمارە ٣٨٩ لە ٢٨ی تشرینی یەکەم کە تایبەتە بە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی باکووری [عێراق].

٢. ڕەوشی کەشوهەوا باشە و شەڕ بەردەوامە. پاشکۆی سەربازی [باڵیۆزخانەی بەریتانیا] لەگەڵ هاوکارانی بانگێشت کراون کە لە ماوەی نێوان ٢٢ بۆ ٢٤ی تشرینی دووەمی سەردانی باکوور بکەن. زۆربەی تێبینیەکانی پاشکۆی سەربازی پەیوەندیان بە داواکارییەکانی ئێوە دەبێت. ئێمە پێشنیاز دەکەین تا گەڕانەوەی ئەو خستنەڕووی بۆچوونی خۆمان [لەبارەی دۆخی باکوور ] دوا بخەین.

R G Giddens

زۆر نهێنی (ل ٤٥٩-٤٦٠)

IMMEDIATE(بەپەلە)

CYPHER CAT A

GRPS 180/2

FM BAGHDAD 190710Z NOV

SECRET

DESKBY 191200Z NOV

بـۆ تەلەگرامـی بەپەلـەی وەزارەتـی بەرگـری شانشـینی یەکگرتوو بـە ژمـارە (190710Z) لـە ڕێکەوتـی تشرینـی دووەمـی ١٩٧٤.

بـۆ بەرچـاو ڕوونـی [زێـتر کۆپیـەک بێنردرێتـە نووسـینگەی] ‹JINSE SAVING›، کوێت، دیمەشـق، بەیـروت، ئەنقـەرە و تاران.

DIG FOH

ڕاپۆرتی حەوتانە: کوردستان

ئالفـا: شـەڕ لـە ڕانیـە، ڕوانـدز و قـەڵادزێ بەردەوامـە. ڕاپۆرتـی پشتڕاسـت نەکـراو هـەن کـە ئێـران هەوڵـی کردنـەوەی ڕێـگای نێـوان دهـۆک و ئامێـدی دەدات.

براڤـۆ: ڕاپۆرتـی پشتڕاسـت نەکـراو هـەن کـە دەروازەی نێودەوڵەتـی سـنووری تورکیـا لـە زاخـۆ بـۆ مووسـڵ داخـراوە و لـە ژێـر بۆردمانـی کـورد دایـە.

چارلـی: کەشـوهەوا تێکچـووە. بارانێکـی بەلێزمـە لـە بەغـدا و باکـووری عێـراق باریـوە. ڕەوشــی کەشــوهەوای دوێنــێ: بەغــدا بەرزتریــن پلــە ٢٨، نزمتریــن پلــە ١٤؛ کەرکــووک بەرزتریــن پلــە ٢٦، نزمتریــن ١٥؛ مووســڵ بەرزتریــن پلــە ١٩، نزمتریــن پلــە ١٤.

دێلتـا: پلانـی سـەردانی پاشـکۆی [سـەربازی باڵیوزخانـەکان] دواخـرا کـە بڕیاربـوو لە ٢٣ بـۆ ٢٥ی تشرینـی دووەم ئەنجامبدرێـت، بـە بیانـووی ئـەوەی هـاوکات سـەردانی مووسـڵ،

هەولێر، سلێمانی و کەرکووکیش بکرێت. گومانی تێدا نییە [لەم سەردانەدا] دووبارە ئێمە دەبینەوە بابەتی پڕوپاگەندەکان.

لە ١٧ی تشرینی دووەم هاوسەری سەرۆک بەکر بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد. سەرۆک لە بۆنەی فاتیحە و بەخاکسپاردن ئامادە نەبوو. ئەمەش ئێمە و ئامادەبووانی تووشی سەرسوڕمانکرد و دەنگۆی ئەوە هەیە یان بەهۆی خەمۆکی [کۆچی دوایی هاوسەرەکەی] یان بەهۆی تێکچوونی تەندروستییەکەی نەیتوانیووە ئامادەی بۆنەی بەخاکسپاردنی هاوسەرەکەی بێت.

١. هێزی دەریایی (Navy) عێراق بە بەردەوامی لە کەنداوی [فارس] لە هاتوچۆدایە، دوایین جار لە دامان (DAMMAN)ی سەر بە عەرەبستانی سعودیە بینراوە.

٢. گۆڕینی کابینەی وزاری: تکایە بڕوانە تەلەگرامەکەمان بە ژمارە ٤١٨ و ٤١٩ی ڕێکەوتی ١٢ی تشرینی دووەم کە بۆ نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس نێردراوە.

تکایە ئەم نامەیە بۆ نووسینگەی پارێزراوی زانیارییەکان لە کوێت، دیمەشق، بەیروت، ئەنقەرە و تاران بنێرن.

GRAHAM

(هەروەک داواکراوە دووبارە کراوەتەوە)

FILES

MED

DEFENCE D

PUSD

MR CAMPBELL

MWR WEIR

نهێنی (ل ٤٦١)

50/2

IMMEDIATE CAYPHER CAT A

FM BAGHDAD 190925Z NOV CONFIDENTIAL

بـۆ تەلەگرامـی بەپەلـەی نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە و کۆمۆنوێلـس بـە ژمـارە ٤٢٩ لـە ڕێکەوتـی ١٩ی تشرینـی دووەمـی ١٩٧٤، هەروەهـا بـۆ تەلەگرامـی بـە پەلـەی تـاران.

تەلەگرامەکەتان بە ژمارە ٢٩٨: کوردستان

١. پاشـکۆی سـەربازی [باڵیۆزخانـەی بەریتانیـا] و هاوڕێکانـی [لەبالیۆزخانەکانـی دیکـە] بانگێشـتکراون بـۆ ئەنجامدانـی گەشـتێک بـۆ باکـوور کـە لـە ڕۆژانـی نێـوان ٢٣ بـۆ ٢٦ی تشرینـی دووەم بەڕێـوە دەچێـت. ئەمـەش یەکەمیـن دەرفەتـە بـۆ کۆکردنـەوەی کۆمەڵێـک زانیـاری کـە ڕاسـتەوخۆ بـە بینینـی ناوچەکـە بەدەسـتمان دەکەوێـت.

٢. هەروەهـا زۆربـەی ڕاپۆرتەکانـی پاشـکۆی سـەربازی لـەم گەشـتەدا پەیوەندیـان بـە [ڕاپۆرتەکـەی ئێمـە لەبـارەی] هەڵسـەنگاندنی [دۆخـی کوردسـتانەوە] هەیـە. بۆیـە پێشـنیاز دەکـەم بـۆ مـاوەی ١٠ ڕۆژ ئامادەکردنـی ڕاپۆرتەکـەی ئێمـە دوا بخرێـت.

GRAHAM

FILES

MED

DEFENCE D

MR CAMPBELL

MWR WEIR

نهێنی (ل ٤٦٢)

GRS 100

PRIORITY

CYPHER CAT A

FM BAGHDAD 201415Z

بۆ تەلەگرامی ئەولەویەتی نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنویڵس بە ژمارە ٤٣٣ لە ڕێکەوتی ٢٠ تشرینی دووەمی ١٩٧٤.

بۆ بەرچاو ڕوونی تاران و کوێت.

کوردستان

١. ئەگەرچی خۆم نەمبیستووە، بەڵام ڕاپۆرتێکم بە دەست گەیشتووە، گوایە بەشی بی.بی. سی جیهان لە ٢٤ کاتژمێردا، ڕاپۆرتێکی بڵاو کردووەتەوە کە شەڕی کوردستان زۆر بە زیانی سوپای عێراق شکاوەتەوە و ئەم سوپایە لە لێواری راپەڕینە. لەبارەی [ئەم ڕاپۆرتە] عێراقییەکان هیچ پرسیارێکیان لێم نەکردووە؛ خۆشحاڵ دەبم پوختەیەک لەم ڕاپۆرتە و تێبینیەکانی سەر ئەم ڕاپۆرتە بە تەلەگرامێک بۆ من بنێردرێت.

٢. ئەم ڕاپۆرتە پەیوەندیەکی کەمی بەو شتانە هەیە کە هەست دەکرێت لێرە ڕوو دەدات. ئەو شتانەی لێرە ڕوودەدات وەک ئەوە نییە لە ڕاپۆرتەکاندا باسی لێوە دەکرێت.

GRAHAM

FILES

MED

GIP D

NEWS D

MR CAMPBELL

MWR WEIR

نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس (٤٦٣)

لەندەن،

SW1A 2AL

R G Giddes Esq

NBR 1/2

بەغدا

٢١ی تشرینی دووەمی ١٩٧٤

کۆمەڵەی مانگی سووری کوردستان

١. لە پەرەگرافی ٦ی نامەکەی پاتریک ڕایت (Patrick Wright)ی ڕێکەوتی ١٢ی تشرینی دووەم کە بۆ باڵیۆز ناردوویەتی، بەڕێز هۆگسن (Mr Hodgson) سەر بە کۆمەڵەی خاچی سوور لەگەڵ دکتۆر هەناری (Dr. Hanari) نوێنەری کۆمەڵەی مانگی سووری [کوردستان] لە لەندەن، باسیان لە پرسی ناسناوی ئەم کۆمەڵەیە کردووە. ئێمە هیچ نامەیەکمان لەلایەن بەڕێز هۆگسن لەبارەی گفتوگۆی نێوان ئەو و دکتۆر هەناری بەدەست نەگەیشتووە. هیوادارین بەم زووانە گوێبیستی ئەم هەواڵە بین کە ناسناوی کۆمەڵەی مانگی سووری [کوردستان] هەڵگیراوە.

٢. ئاگادارتان دەکەینەوە ئێمە لێرە [واتە لە بەریتانیا] یاداشتێکمان لەلایەن باڵیۆزخانەی بەغدا بەدەست گەیشتووە کە هاوشێوەی ئەو نامەیەیە ئێوە لە بەغدا بەدەستتان گەیشتووە. سوپاسی ناردنی ئەم یاداشتەمان کرد.

G S Burton

بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس (ل ٤٦٤-٤٦٥)

لەندەن،

SW1A 2ALR G Giddes Esq

NBR 1/2

بەغدا

٢١ی تشرینی دووەمی ١٩٧٤

بەڵێنی [حکومەتی خاوەنشکۆ] بە کورد

١. لەبارەی پەرەگرافی ١ی تەلەگرامی نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمونوێلس بە ژمارە ٣٩٩ بۆ تاران کە کۆپیەک لەم تەلەگرامە هاوپێچی نامەکەی من کرابوو و لە ٧ی تشرینی دووەم بۆتان نێردرا، ئێمە پوختەیەکی کورتمان لەسەر سەرقاڵ بوونی بەڕێز ڕیچارد هاوسێر (Mr Richard Hauser) بە کێشەی کورد ئامادە کردووە. هاوکات زانیوومانە لەکاتی گفتوگۆی نێوان هاوسێر و سێر ئارسور درێو (Sir Arthur Drew) لەگەڵ بەرپرسێکی کورد لە لەندەن، ئەم بەرپرسە کوردە گوتوویەتی لەبارەی داواکاریی بۆ وەرگرتنی مۆڵەت بۆ یارمەتیدانی قوتابیانی کورد تا لە لەندەن بخوێنن، حکومەتی خاوەنشکۆ لەوکاتەدا ئینتیدابی بەسەر عێراقدا هەبووە، بەهۆی ئەو بەڵێنەی بە کوردی داوە، لەهەمبەر کورددا بەرپرسیارە.

٢. ئێمە لە کریستۆفەر راندێل (Christopher Rundil) کە لە بەشی توێژینەوە کار دەکات داوامان کردووە بە بەڵگەنامەکانی ڕابردوودا بچێتەوە و بزانێت ئایا لە کاری خۆیدا ئێمە هیچ بەڵێنێکمان بە کورد داوە. کریستۆفەر بە پشت بەستن بە ڕاپۆرتی ساڵانەی موستەعمەرات لە عێراق (Annual Colonial Reports for Iraq)، دۆسێکانی نووسینگەی تۆماری گشتی، (Files in Public Records Office) و کورد، تورک و عەرەب لە نووسینی ئێدمۆندز و هەروەها بە پێی یاداشتنامەی لێکۆڵینەوەیی (Research Memorandum) ساڵی ١٩٤٦، هەندێك تێبینی

سەرنجڕاکێشــی لــەم بــارەوە خســتووەتەڕوو -- کۆپیــەک لــەم تێبینیانــە هاوپێچکــراوە. لــەو بڕوایــەدام ئێــوەش لەگــەڵ مــن هــاوڕا دەبــن کــە ئەمــە لێکۆڵینەوەیەکــە، بــە پێــی ئــەم لێکۆڵینەوەیــە هــۆکاری ســەرەکی ڕەتکردنــەوەی ئــەوەی ئێمــە لــەم بــارەوە قــەرزداری کوردیــن بریتیــن لــە:

ا بەرهەڵستی تورکیـا لـە دامەزراندنـی دەوڵەتـی کوردسـتانی سـەربەخۆ، دامەزراندنـی ئـەم دەوڵەتـەی نامومکیـن کـرد.

**ب** حکومەتـی خاوەنشـکۆ لەگـەڵ حکومەتـی عێـراق لـە ڕاگەیێنـدراوی سـاڵی ١٩٢٢دا دانی نـاوە بـە مافـی کـوردی عێراقـی لـە بەدەسـتهێنانی ئۆتۆنۆمـی، بـەڵام یەکنەبوونـی کـورد و بـێ یاسـایی [کۆمەڵـگای کوردسـتان] و پیلانـی حکومەتـی تورکیـا وایکـرد لکاندنـی کوردســتان بــە عێراقــەوە، تەنیــا سیاســەتێکی واقعبینانــە بێــت. زۆرینــەی کــوردی [عێـراق] بـە بەشـداریکردن لـە ئەنجوومەنـی دامەزرێنەرانـی (constituent assembly) عێـراق لـە سـاڵی ١٩٣٢ بـەرەو سـەرەوە، لەگـەڵ ئـەم سیاسـەتە هـاوڕا بـوون.

**ج** بەلانیکەمــەوە لــە ڕووی تیۆرییــەوە، مافەکانــی گەلــی کــورد بــە پێــی مەرجەکانــی کۆمەڵـــەی گـــەلان لـــە ســـاڵی ١٩٢٥ و بەپێـــی بەیاننامـــەی حکومەتـــی عێـــراق گەرەنتیکـراوە کـە لەکاتـی سـەربەخۆیی [و دەرچـوون لـە ئینتیـدابی بەریتانیـا] لـە سـاڵی ١٩٣٢دا ڕایگەیانـد.

٣. بۆیــە قــوڕس نییــە مــرۆڤ لــەوە تێبــگات بۆچــی کــورد لــە ڕووی ئەخلاقییــەوە ئێمــە قــەرزدار دەزانــن، چونکــە سیاســەتی ئێمــە لەســەردەمی ئینتیدابــدا لــە چارســەرکردنی کێشــەی کــورد شکســتیهێنا.

G S Burton

بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

نهێنی (ل ٤٦٦)

بەڕێز بۆرتن (Mr Burton)

چارەسەری پزیشکی بۆ کورد

١. هەروەک بە ئێوەم ڕاگەیاندبوو، بەڕێز پیگۆت (Mr Piggott) لە کۆمەڵەی خاچی سووری بەریتانیا، ئەمڕۆ بەیانی تەلەفۆنی بۆم کرد و گوتی، لەلایەن ‹شێر خورشید و خۆری ئێران› ‹تێلێکس›ێکیان بەدەست گەیشتووە و ئاماژەی بەوە کردووە یەکێک لە پەنابەرانی کوردی عێراق کە 'شێر خورشید و خۆری ئێران› بەرپرسیارێتییەکەی لە ئەستۆ گرتووە، بە دەست سوتانی فۆسفۆرییەوە دەناڵێنێت، بۆیە ئەو برینداره بۆ چارەسەر بە تێچوونی خۆیان بۆ بەریتانیا دەنێرن. ناوی ئەو کوردە زاهیر سەعیدە.

٢. بەڕێز پیگۆت گوتی، ئەم داواکارییەی بۆ بەڕێز جان گرێی (Mr John Gray)، ڕاوێژکاری پزیشکی خاچی سوور ناردووە؛ ئەویش گوتویەتی دەکرێت لە خەستەخانەیەکی بەریتانیا بۆ ئەم برینداره مۆڵەتی چارەسەری وەربگیرێت. لە ڕوانگەی ئەو گفتوگۆیەی پێشتر لەگەڵ بەڕێز پێگۆت هەمانبووە، ئەو دەیویست بزانێت، ئایا ئەم کاره هیچ گرفتێکی سیاسی دروست ناکات.

٣. بە بەڕێز پیگۆتم گوت، لەو بڕوایەدا نیم ئەم کاره هیچ کێشەیەک دروست بکات، هەروەها لە سەرەتای ئەم ساڵەدا حکومەتی عێراق داوای لە ئێمە کردووە یارمەتیان بدەین بریندارەکانیان لە یەکێک لە خەستەخانەکانی بەریتانیا چارەسەری پزیشکی وەرگرن. ئەگەرچی ئێمە ئاسانکاریمان بۆ کردوون لە وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی، بەڵام هیچ ڕێکارێکی تایبەتیمان نەگرتووەتەبەر بۆ دابینکردنی ئەم ئاسانکارییە، بۆیە بەرپرسەکانی خزمەتگوزاریی بەریتانیا کێشەمان بۆ دروست دەکەن، ئەگەر ببینن ئێمە بەراورد بە سەربازە عێراقییەکان، مامەڵەی باشتر لەگەڵ پەنابەری کورددا دەکەین. گوتم نامەوێت ئەم خاڵە زۆر زەق بکەمەوە، بەڵام بە باشترم زانی ئەم کاره بۆ ڕاوێژکاری پزیشکی بەجێ بێڵین.

ئەگەر بەڕێز گرێی ویستی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئێمەوە بکات، ئێمە خۆشحاڵ دەبین قسەی لەگەڵدا بکەین. بەڕێز پیگۆت بە سینگ فراوانییەوە گوێی لەم ڕوونکردنەوەیەی گرت و گوتی، تێبینیەکانم دەخاتە بەردەم بەڕێز گرێی.

٤. بە بڕوای من، ئەگەری ئەوە هەیە دابینکردنی چارەسەری پزیشکی بۆ پەنابەرێکی کورد وەک بە هاناهاتنی داواکاری ئێرانییەکان، سەرنجی [حکومەتی عێراق] ڕانەکێشێت، هەروەها لەو بڕوایەدا نیم بە دابینکردنی ئاسانکاریی پزیشکی لە سیاسەتی خۆمان لادابێت و خاچی سوورمان نائومێد کردبێت. بەهەرحاڵ، باشترە هەر جۆرە چارەسەرییەک لە ڕێگەی کەرتی تایبەتەوە ئەنجام بدرێت.

P R H Wright

بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

٢٥ی تشرینی دووەمی ١٩٧٤

نهێنی (ل ٤٦٧)

تێبینی بۆ هەڵگرتن (Note for the file)

کورد و بەڕێز هاوسێر (The Kurds and Mr Hauser)

١. لە ٢١ی تشرینی دووەم، بەڕێز کێنس لی (Kenneth Lee) کە تا ئەم دواییانە سکرتێری کۆمیتەی نێودەوڵەتی بۆ کۆمەڵگای دۆستایەتی (International Committee of Friends/ Quakers ) بوو، تەلەفۆنی بۆ کردم. کێنس دووەمین کەسی ئەم ڕێکخراوەیە. یەکەمین کەس ژەنەڕاڵ ‹ئەلکساندر درۆمۆندە› (Alexander Drummond)؛ ئەلکساندر ئەو کەسەیە کە بە نوێنەرایەتی بەڕێز ڕیچارد هاوسێر پرسی کوردی لەگەڵ ئێمە باسکرد. بەڕێز ڕیچارد کاری مرۆڤ دۆستانە (philanthropist) ئەنجام دەدات و زڕبرای یەهودی مێنیهین (Yehudi Menyhin)ە.

٢. بەڕێز لی پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد هۆگری ئەو و بەڕێز هاوسێر بۆ کورد تەنیا پرسێکی مرۆڤایەتییە و نایانەوێت دەرگیری پرسە سیاسییەکان بن. بۆ بەڕێز لی باسم لە پێشینەی ناکۆکی نێوان کورد و حکومەتی ناوەندی کرد؛ هەروەها بە پێی ئەو ڕوونکردنەوەیەی نامەی وەزیری دەوڵەت لە ٢٠ی ئەیلوول بۆ پەرلەمانتار ڕاسێل جۆنستۆن (Russell Johnston) ناردبووی، باسم لە سیاسەتی حکومەتی خاوەنشکۆ لەمبارەوە کرد. باسم لەوە کرد ‹کۆمەڵەی ’شێر خورشید و خۆری ئێران› بۆ ١٠٠،٠٠٠ پەنابەری کوردی عێراق لە [ئێران نیشتەجێن] چ کارێک دەکات؛ هەروەها ئاماژەم بە نامەکەی بەڕێز درۆمۆند کرد، کە بەڕێز لی ئەم نامەیەی بینیبوو. هەروەها من ئاماژەم بەوە کرد کە لە نێوان فیلمە بەڵگەییەکەی ‹ITV› و چەندین ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی ئەو پەیامنێرانەی ڕێگەیان پێدراوە سەردانی کوردستان بکەن، بە دوای ئاماژەیەکی ڕاستەقینە دەگەڕێم کە نیشانی بدات دۆخی کورد زۆر نالەبارە.

٣. بەڕێز لی گوتی، بە پشت بەستن بە ڕاپۆرتەکەی بەڕێز درۆمۆند، ئەو و بەڕێز هاوسێر زۆر بە باشی لە ڕەوشی سنوورەکانی دیوی ئێران تێدەگەن، هەروەها

تووشـی سەرسـوڕمان بوونـە لـەو کارە [باشـانەی] کـە کۆمەڵـەی ’شـێر خورشـید و خـۆری ئێـران ئەنجامیـداوە. ئـەو شـتەی ئـەوان دەیانەوێـت حاڵیحـازر بزانـن بریتیـە لـە زانینـی بارودۆخـی ڕاسـتەقینەی کوردسـتانی عێـراق و ناوچـەی باکووری ڕۆژئـاوای [کوردسـتان]، واتـە ئـەو شـوێنەی بـە بـڕوای ئـەوان ٥٠،٠٠٠ کـوردی پەنابـەری لێیـە و لەسـەر سـنووری تورکیایـە. ئـەو لەوە دەترسا بەهـۆی هاتنـی وەرزی زسـتان و پەڕینەوە لـە سـنووری ئێـران و چوونـە نـاو کەمپـەکان، دەسـت گەیشـتن بـەم پەنابەرانـە سـەخت بێـت. بۆیـە پێشـنیازی ئـەوەی کـرد کـە بەڕێـز هاوسـێر کەسـێکیتر بنێرێـت بۆئـەوەی لـە ڕێگـەی ئێرانـەوە بـەرەو کوردسـتانی عێـراق بچێـت.

هەروەهـا بـە پشـت بەسـتن بـەو ڕاپۆرتانـەی لەبەردەسـتدان (پێموایـە کەیسـێک لەبـەر دەسـتە بۆ دەسـتێوردانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی نێودەوڵەتی لەم پرسـەدا) گوشار بخرێتە سەر خاچـی سـووری نێودەوڵەتی، کۆمیسـیۆنی بـاڵای پەنابەرانی سـەر بە نەتـەوە یەکگرتووەکان (UNHCR) و یونیسـێف بۆئـەوەی لـەم بارەوە کارێکـی نێودەوڵەتـی ئەنجام بدرێت.

٤. بەڕێـز لـی بەڵێنیـداوە هـەر بڕیارێکیانـدا، ئـاگادارم بکاتـەوە. دووبـارە ئـەوم ئـاگادار کـردەوە کـە ئـەو و بەڕێـز هاوسـێر هـەر پلانێکیـان لەبـارەی ناردنـی نوێنەرێـک بـۆ کوردسـتان هەبـوو، دەبـێ باڵیـۆزی ئێـران لـە بەریتانیـا ئـاگادار بکەنـەوە.

G S Burton

بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

٢٥ی تشرینی دووەمی ١٩٧٤

هاوپێچ کۆپیەک بۆ: نووسینگەی پاراستنی زانیارییەکان، بەغدا

بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (ل ٤٦٨)

بارودۆخی کورد

١. کۆپیـەک لـەو نامەیەتـان بـۆ دەنێـرم کـە بەڕێـز لـی لـە سـەنتەری مافـی مـرۆڤ و بەرپرسـیارێتییەکان (Centre for Human Rights and Responsibilities) بـۆ وەزیـری کاروبـاری دەرەوەی نـاردووە. هـەروەک دواتـر دەبینیـن، ئـەو لـە نامەکـەدا ئامـاژەی بـەوە داوە «هیواخـوازە لەسـەر بارودۆخـی کـورد قسـە بـکات».

٢. وەزیـری کاروبـاری دەرەوە سوپاسـتان دەکات، ئەگـەر بەشـی [ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بـۆ بەڕێـز لـی] ڕوونبکاتـەوە کـە وەزیـر (Mr Ennals) حاڵیحـازر زۆر سـەرقاڵە، بۆیـە لەبـری ئـەو دەتوانێـت چـاوی بـە فەرمانبەرانیـتری [ئـەم وەزارەتـە] بکەوێـت.

A J CLOES

٢٥ی تشرینی دووەمی ١٩٧٤

سەنتەری مافی مرۆڤ و بەرپرسیارێتییەکان (ل ٤٦٩-٤٧٠)

(Centre for Human Rights and Responsibilities)

Telephone No: 01 834 6326 Registered

Office:

Or 01 834 2475 (after office hours) nasan House

64 Millbank

London SW1

David Ennals: FAO

Rt. Hon. David Ennals

Secretary of State.

Foreign and Commonwealth Office

Whitehall، London SW1

19th November 1974

بەڕێز دێڤید ئێنالس

بـۆ مـاوەی چەنـد سـاڵێک ڕاوێـژکاری سـەنتەرەکەی ڕیچـارد هاوسـێر بـە نـاوی سـەنتەری توێژینـەوە لەسـەر گروپـەکان (Centre for Group Studies) بـووم و حاڵیحـازر مـن و ئـەو پێکـەوە لـە سـەنتەری مافەکانـی مـرۆڤ و بەرپرسـیارێتی، سـەرقاڵی کارێکـی نوێیـن. وەک سـکرتێری گشـتی کۆمیتـەی ئاشـتی هاوڕێیـان (General Secretary of Frriends Peace Committee) خانەنشـینکراوم، بـەڵام تـا ئێسـتاش لەگـەڵ ئـەم سـەنتەرە (و ئەنجوومەنـی بەریتانیـا بـۆ یارمەتیدانـی پەنابـەرەکان، کـە جێگـری سـەرۆکی ئـەم سـەنتەرەم)، پەیوەندیـم هەیـە و حەوتانـە چەنـد ڕۆژێـک کار دەکـەم.

لـەم دواییانـەدا لەسـەر بارودۆخـی سـەختی عێـراق و ترسـی کـورد لـەوەی

پەیوەندییەکانیـــان لەگـــەڵ حکومەتـــی عێراقـــدا گەیشـــتووەتە خاڵـــی پچـــڕان، ئـــاگادار کراومەتـــەوە.

هـــەروەک ئێـــوە دەزانـــن، بـــە چاوپۆشـــین لـــەوەی لـــە ڕووی سیاســـییەوە چـــی ڕاســـتە و چـــی هەڵەیـــە، بـــەڵام شـــەڕ ســـەریهەڵداوە و کێشـــەی چۆنیەتـــی هاوکاریکردنـــی پەنابـــەران هاتووتەکایـــەوە. ئێـــران نزیکـــەی ١٠٠،٠٠٠ پەنابـــەری لەخۆگرتـــووە، بـــەڵام نزیکـــەی ٥٠،٠٠٠ پەنابـــەر کـــە زۆربەیـــان ژن و منداڵـــن، لـــە بەشـــی باکـــووری ڕۆژئـــاوا لـــە نزیـــک ســـنووری تورکیـــا و لـــە بەرزایـــی چیاکانـــدا گیریـــان خـــواردووە؛ ســـەرەڕای هاتنـــی وەرزی زســـتان. تورکیـــا ئـــەم پەنابەرانـــەی لەخۆنەگرتـــووە و سنوورەکانیشـــی داخســـتووە. لـــە ڕووی تەکنیکییـــەوە، ئەگەرچـــی تـــا ئێســـتاش ئـــەم کەســـانە لـــە عێراقـــدا ماونەتـــەوە، بـــەڵام بـــە ئـــاوارە هەژمـــار دەکرێـــن. هەروەهـــا ڕوون و ئاشـــکرایە حکومەتـــی عێـــراق ناتوانێـــت و نایەوێـــت یارمەتـــی ئـــەم کەســـانە بـــدات. لەلایـــەن ئۆکســـفام و کۆمەڵـــەی منداڵپارێـــزان کۆمەڵێـــک یارمەتیـــمان بەدەســـت گەیشـــتووە.

لەوانەیـــە باشـــترین کار بتوانرێـــت ئەنجـــام بدرێـــت، ئەوەیـــە هانـــی تورکیـــا بدەیـــن ئـــەم کەســـانە وەک پەنابـــەر لەخۆبگرێـــت. حاڵەتـــی دووەم بریتییـــە لـــەوەی کۆمســـیاری بـــاڵای پەنابەرانـــی ســـەر بـــە نەتـــەوە یەکگرتـــووەکان، وەک کەیســـێکی تایبـــەت ئـــەم کەســـانە لەخـــۆ بگرێـــت، هـــەروەک چـــۆن لـــە ڕابـــردوودا ئـــەم کارەی ئەنجامـــداوە. لـــە هەردووحاڵەتـــدا، پێویســـتە حکومەتـــەکان بڕیـــار لـــەم بـــارەوە بـــدەن. لەوانەیـــە گرنگتریـــن کار ئـــەوە بێـــت کـــە ژمارەیـــەک حکومـــەت ڕێـــک بکـــەون و هانـــی حکومەتەکانـــی دیکـــە بـــدەن ئـــەم کەســـانە لەخـــۆ بگـــرن. لێـــرەدا دەســـتڕۆیی حکومەتـــی بەریتانیـــا زۆر یارمەتیـــدەر دەبێـــت- چونکـــە هەمیشـــە جەخـــت لەســـەر لایەنـــی مرۆڤایەتـــی ئـــەم جـــۆرە کەیســـانە دەکاتـــەوە.

دیـــارە هاتنەکایـــەوەی هـــەر کێشـــەیەکی بچـــووک لـــە داهاتـــوودا، دەبێتـــە هـــۆی ســـەرهەڵدان و بەردەوامبوونـــی توندوتیـــژی و ناکۆکـــی [لـــە نێـــوان کـــورد و حکومەتـــی ناوەندیـــدا]، بۆیـــە مـــن دڵنیـــام ئـــەم ناوچەیـــە، ناوچەیەکـــە کـــە گرتنەبـــەری هـــەر سیاســـەتێکی نـــوێ، دەبـــێ لەلایـــەن کۆمەڵـــگای نێودەوڵەتیـــەوە دابڕێژرێـــت.

پێداچونەوەیەکــی گشــتی دەریدەخــات ئــەم بارودۆخــە، بارودۆخێکــی تایبەتــە، بۆیــە پێویســتە حکومــەتی بەریتانیــا حکومەتەکانــی دیکــە هــان بــدات ڕێبازێکــی مرۆڤدۆســتانە بگرنەبــەر تــا ڕێگــری لــە دەرکەوتنــی هــەر جــۆرە کێشــەیەک بکرێــت و لەکاتــی ســەرهەڵدانی کێشــەدا بتوانــن چارەســەری بکــەن. هەروەهــا دەکرێــت داوا لــە نەتــەوە یەکگرتــووەکان بکرێــت تەکنیــک و ڕێــکاری گونجــاو بــۆ ئــەم جــۆرە کێشــانە بدۆزێتــەوە.

زۆر خۆشــحاڵ دەبــم، ئەگــەر ئێــوە بتوانــن نیــو کاتژمێــر لــە کاتــی خۆتــان تەرخــان بکــەن تــا مــن بتوانــم لەســەر بارودۆخــی کــورد قســە بکــەم، یــان دەتوانیــن لــە کاتــی نانــی نیــوەڕۆ لەســەر ئــەم بابەتــە قســە بکەیــن. ئەگــەر خوازیــار بیــت تەلەفــۆن بــۆ ســکرتێرەکەتان دەکــەم تــا کاتێکــی گونجــاو بــۆ ئــەم گفتوگۆیــە دیــار بــکات.

خزمەتکارتان

Kenneth A. Lee

بەڕێوەبەر

زۆر نهێنی ( ل٤٧٣- ٤٧١)

CRS 800

IMMEDIATE

CYPHER CAT A

BAGHDAD 260745Z

SECRET

DESKBY 261200Z

بۆ: وەزارەتی بەرگری شانشینی یەکگرتوو، تەلەگرامی خێرا، ٢٦ تشرینی دووەمی ١٩٧٤.

کاری لەپێشـینە (JISNE) و پاراسـتنی [زانیارییـەکان] کوێـت، دیمەشـق، بەیـروت، ئەنقـەرە و تـاران.

پوختەی حەوتانە، ئاماژە بە توریست و ١:٢٥٠٠٠٠ ک. ئا. پ. س

یەکـەم. کوردسـتان. سـەردانی باکـوور لـە ٢٣-٢٥ تشرینـی دووەم. سـەردانی مووسـڵ، هەولێـر، سـەڵاحەدین، کەرکـووک و کۆیسـنجەق کـرا. بـە [فڕۆکـەی] (m18) بـۆ پێگـەی فەوجـی ١٠٢ (102 BDE POSNS) لـە کۆیسـنجەق. سـەردانی هێلـی بـۆ پێگـەی فەوجـی (HELI TO BDE POSNS) باکـووری ئاکـرێ بەهـۆی خراپـی کەشـوهەوا دواخـرا. گەشـتکردن بـە پـاس لـە مووسـڵەوە بـۆ کەرکـووک بـە بـێ پاسـەوانی کەسـی و زرێپـۆش گواسـتنەوەی سـەرباز (APC FRONT) نەبـوو. میوانداریيەکـی گـەرم بـوو، بـەڵام لـە ئاهەنگەکانـدا ڕۆژانـە دووجـار هێـزە ئەمنییەکانـی بەعـس ئامـادە دەبـوون. ژمارەیەکـی زۆر لـە ئەفسـەرە کۆنـەکان لەلایـەن بەریتانیـاوە مەشـق و ڕاهێنانیـان ئەنجـام دابـوو. یـەک یـان دوو کەسـیان دوای خواردنـەوەی وێسـکییەکی زۆر و بـێ تەقـەی هەوایـی هێـزە ئەمنییـەکان هاتنەپێشـەوە. وێنەگرتـن سـەختە و لـە کۆیسـنجەق کامێـرەی تیمەیـان وەرگـرت. فەرمانـدەی تۆڕەکـە و دەسـتەی ٤ (بریـگاردی تەهـا شـەکرچی کـە زۆر ئامـادە دەبـوون) لەگـەڵ کەرتـی ٢، دەسـتەی ٨، پێکـەوە لەگەڵ دوو تێڕوانینی کەسـی سـەرچاوەی

ئـەم زانیارییانـەی خـوارەوەن:

ئالفـا: حکومـەت لـە هێڵـی ڕۆژئـاوا ئامادەگـی هەیـە کـە زاخـۆ و بەرزاییەکانـی دەوروبـەری، جـادە و بەرزاییەکانـی ئالـوکا لەبەردەسـتی حکومەتـە کـە زاویتـە و ئەتروش و دەشـتەبەرزەکانی ڕۆژهـەڵات (Chiyakira and Aqran Daghs) تـا بجیـل لـە ڕۆژهەڵاتـی ئاکـرێ و ڕێـگای ئاکـرێ بـۆ ئامێـدی بـۆ هەولێـر لـە خـۆ دەگرێـت. ڕێـگای هەولێـر بـۆ ناوچەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ڕوانـدز و چیـای زۆزک لـە خـۆ دەگرێـت، بـەڵام تەنیـا بەشـێک لـە چیـای هەندرێـن و ڕێگـەی هەولێـر، کۆیسـنجەق بـۆ ڕانیـە و قـەڵادزێ و ڕێگـەی مێرگـێ بـۆ سـلێمانی. هەروەهـا ڕێگـەی سـلێمانی بـۆ خانەقیـن و سـنوورەکانی ئێـران.

براڤـۆ: حکومـەت بـە نیـازە بـە درێژایـی زسـتان لـەم پێگانـەدا بمێنێتـەوە تـا لـە وەرزی بەهـاردا دووبـارە دەسـت بەهێرشـکردن بکاتـەوە. حاڵیحـازر هیـچ هێرشـێکیتر ئەنجـام نادرێـت جیـا لـە پلانـی هەوڵـدان بـۆ گرتنـەوەی باکـوور لـە ئاکرێـوە تـا بـارزان (کـە ئێسـتا هێزیکـی تۆپخانـە لـەم کارەدا بەشـدارە) تـا هندرێـن بگرنـەوە. پێگـەی حکومـەت پشـتگیرییەکی باشـی ئاسـمانی هەیـە. بـۆ سـێ مانـگ ئەنبارەکانـی خـۆراک و خـواردن و جلوبـەرگ لـە گشـت بەرەکانـی (FWD)دا دامـەزراوە.

چارلـی: تـا عەیـن سـفنە، ئاکـرێ، ڕوانـدز، کۆیسـنجەق، ڕانیـە و قـەڵادزێ، ڕێـگای هاتووچـۆ دروسـتکراوە.

دێلتـا: ئەگەرچـی کەشـوهەوا گـۆڕاوە و بارانـی بـە لێزمـە دەبارێـت، بـەڵام بەفـر تەنیـا لـە بەرزاییەکانـی ٦٠٠٠ پێـدا دەبینرێـت. چوونـە دەرەوە لـە ڕێـگاکان زۆر سـەختە و ڕێـگاکان قوڕاویـن. چـاوەڕوان ناکرێـت تـا سـێ یـان چـوار حەوتەیـتر بەفرێکـی قـورس ببارێـت. پلـەی گەرمـی دوێنـێ لـە کەرکـووک، بـەرزی ١٥ پلـە و نزمـی ٨ پلـە بـوو.

ئێکـۆ: پێدەچـێ کەشـوهەوا ئاسـایی بێـت. هێـزە کاتییـەکان (TPS) زۆر بـە باشـی جلوبـەرگ و چـەک و تفاقیـان دراوەتـێ. پێگەکانـی (FMD)، زۆر بـە باشـی قـوڵ کـراون و دەوروبەریـان پارێـزراون و تەلبەنـد و بۆمبڕێژکـراون. هێزەکانی (TPS) ڕادیـۆ و تەلەفزیۆنی خۆیـان هەیـە و هـەر ٤٥ ڕۆژ جارێـک یـەک حەوتـە مۆڵـەت وەردەگـرن.

فۆکس تـرۆت: زۆر بـە چـڕی پۆلیـس و هێـزی یـەدەک بـۆ بەرگـری کـردن لـە شـارەکان خراوەنەتەگـەڕ و کـوردە وەفادارەکانـی [ڕژێـم] لـە ئۆپراسـیۆنەکاندا بـەکار دەهێنرێـن. بـە گشـتی هێـزە ڕێکخـراوەکان، یـەدەک و ناڕێکخـراو، نزیکـەی ٢٠٠ هـەزار کـەس دەبـن.

گۆلـف: ڕێگـەی سـەرەکی کـوردەکان بـەرەو ناوچـەی بـارزان داخـراوە و حکومـەت دەخوازێـت دانیشـتوانەکەی برسـی بـکات. فەرمانـدەکان ئـەوە پشتڕاسـت دەکەنـەوە کـە چوونـە نـاوەوەی کـورد بـۆ ناوچـەی ئامێـدی و ناوچەکانـی نێـوان ئاکـرێ و بێخمـە و نێـوان ڕوانـدز و ڕانیـە لـە وەرزی زسـتاندا دەبنـە هەڕەشـە [بـۆ سـەر سـوپای عێـراق].

هۆتێـل: بۆمبارانـی ئێرانیـەکان بـە چەکـی ١٧٥ ملـم، ١٥٥ ملـم و ١٣٠ ملـم لـە ناوچەکانـی ڕوانـدز و ڕانیـە و قـەڵادزێ بەردەوامـە و بـە ئاشـکرا باسـی دەکرێـت. فەرمانـدەکان دەیانەوێـت لـە ڕێگـەی هێـزی ئاسـمانی و بـە تاکتیکـەوە تۆڵـە بکەنـەوە و ئـاگاداری مەترسـییەکانی بەرفراونـتر بوونـی پێکدادانەکانـن.

ئینديـا: فەرماندەیەکـی پلەبـەرز پشتڕاسـتی کردووەتـەوە، تەنیـا چارەسـەر، چارەسـەری سیاسـییە. ئـەو پێشـنیازە سیاسـییەی پێشـکەش بـە کـورد کـراوە بریتییـە لـە پێدانـی ١٠٠ دینـاری عێراقـی بـۆ چەکەکانیـان و ١٠٠ دیناریـش بـۆ دروسـتکردنی خانـوو. بەڵگـەی ڕوون هـەن لەبـارەی دروسـتکردنی خانـوو بـە چـڕی لەلایـەن حکومـەت و لەلایـەن کـوردەوە لـە هەولێـر و کەمـتر خانـوو لـە ناوچەکانـی قەرەقـوش و مووسـڵ و کەرکـووک دروسـت دەکرێـن. بـڕە پارەیەکـی زۆر بـۆ کرانـەوەی باکـوور و لـە پڕۆژەکانـی پیشەسـازیی و کشـتوکاڵ تەرخـان کـراوە. هیـچ بەڵگەیـەک لەسـەر خاپورکردنـی گونـدەکان و کێڵگەکانـی ناوچەکانـی بـن دەسـتی حکومـەت بوونـی نییـە.

جولییێـت: کەرکـووک، ١٠٢٣ (NDB K1) کێڵگـەی باکـووری ڕۆژئـاوا بـووە بـە بنکـەی هەلیکۆپتـەر. جاروبـار گلۆپەکانـی هەڵدەکرێـن. بانـدی فڕۆکەخانـە نەمـاوە. قەبارەکـەی بریتییـە لـە (12M18، 4*M16 and 4*M14).

کیلـۆ: لـە بەڕێوەبـەری کۆمپانیـای نـەوت لەبـارەی سـەردانی کێڵگـەی نەوتـی کەرکووک، پرسـیار کـرا. ئـەوەی پشتڕاسـتی کـردەوە کـە لەلایـەن کـوردەوە زیـان بـە بۆڕیەکـی

بەکارنەهێنراو، هێلێکی گاز و هێلێکی نەوت گەیشتووە، بەڵام لە ئابەوە هیچ کارێکی تێکدەرانە ئەنجام نەدراوە. ڕێکارە ئەمنییەکان لە دەورووبەری کێڵگەکانی نەوت چڕتر بوونەتەوە.

دوو: بە خۆشحاڵییەوە ڕاپۆرتەکان لەسەر گفتوگۆکان، بەرنامە، کەسەکان، سوتەمەنی، ڕێگاوبان و پێداویستیەکان، لە پاکێجی داهاتودا دەبن.

سێ: تێبینیە گشتییەکان لەسەر ئەوەی (JIC A 74 NOV 48 of 5 Sept) لە نامەکەتان بە ناونیشانی (D14/IQ of OCT) دەکرێت لە ڕێگەی تەلەگرام یان پاکێجەوە بەدواداچوونی بۆ بکرێت. تکایە بڕوانە تەلەگرامەکەمان بە ژمارە ٤٤٦ لە ٢٦ی تشرینی دووەم لە نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس و ئامۆژگارییەکان بخەڕوو.

چوار: تکایە ئەم [نامەیە] بنێردرێت بۆ نووسینگەی پاراستنی [زانیارییەکان] لە کوێت، دیمەشق، بەیروت، ئەنقەرە و تاران.

GRAHAM

هەروەک داواتان کردبوو دووبارە کراوەتەوە.

FILES

MED

DEFENCE DEP

PUSD

MR CAMPBELL

MR WEIR

زۆر نهێنی (ل ٤٧٤)

بەڕێز ویلیامس (Mr Williams)

بەڕێز بۆرتن (Mr Burton)

## سندوقی ڕزگارکردنی منداڵان و کورد

## (Save the Children Fund and the Kurds)

١. دکتـۆر نۆئێـل مۆینیهـان (Dr Noel Moynihan)، سـەرۆکی کۆمیتـەی هاریکاریکـردن سـندوقی ڕزگارکردنـی منـداڵان (Overseas relief Committee of the Save Children Fund) لـە دەرەوە، ئەمـڕۆ بەیانـی تەلەفۆنـی بـۆ کـردم و گوتـی، سـندوقی ڕزگارکردنـی منـداڵان نیگەرانـی ئـەو هەواڵانەیـە کـە لـە ڕۆژنامـەکان بڵاوبووەتـەوە کـە ڕێکخراوەکانـی هاریکاریکردنـی بەریتانیـا، وەک پێویسـت گرنگـی بـە بارودۆخـی کوردسـتان نـادەن؛ هەروەهـا ئـەو نامەیـەی ئـەو و لـۆرد جـۆرج بـووس (Lord Gore-Booth) لــە ١٦ی تشرینــی دووەم بــۆ ‹Times› نووســیویانە، هەوڵیانــداوە تــا ئــەو ڕادەیـەی ڕێـی تێدەچێـت ئـەو هەڵانـە ڕاسـت بکرێنـەوە کـە خروانەتـە پـاڵ سـندوقی ڕزگارکردنـی منـداڵان.

٢. دکتـۆر مۆرینیهـان پێشـنیازی کـرد لـە ٢ی کانوونـی یەکـەم بـەرەو تـاران سـەفەر بـکات تــا لەمبــارەوە لەگــەڵ ئێرانییــەکان قســە بــکات (هەروەهــا پێــی گوتــم پەیوەنــدی بــە ژەنــەڕاڵ سـێر ئەلکسـاندر درۆمۆندیشـەوە کـردووە). ئـەو گوتـی بەڕێـز پارسـۆنز (Mr Parsons)ی لــەم گەشــتەی ئــاگادار کردووەتــەوە و ئەویــش پەیوەنــدی بــە بەڕێـز ئۆکسـمەنتاون (Mr Oxmantown) دەکات کـە ئەندامـی دامـەرزاوەی نەتـەوە یەکگرتووەکانــە لــە تــاران. دکتــۆر مۆرینیهــان گوتــی، ئایــا مــن هیــچ ئامــۆژگاری یــان تێبینییەکـم لەسـەر ئـەم پرسـە [گەشـت بـۆ تـاران] هەیـە یـان نـا.

٣. گوتـم دوو خـاڵ هـەن باشـترە ڕەچاویـان بـکات. خاڵـی یەکـەم کۆمەڵـەی ’شـێر خورشـید و خـۆری ئێـران بەرپرسـیارێتی کەمپـی پەنابەرانـی [کـوردی عێـراق] لـە ئێرانـی لـە

ئەستۆ گرتووە، بۆیە هەر جۆرە پێشنیازێکی یارمەتیدان دەبێ بە شێوازێکی تەکتیکانە بخرێتەڕوو، ئەگەرنا لەوانەیە ئێرانییەکان وەها تێبگەن کە مەبەست لەو یارمەتیدانە ئەوەیە، ئەوان ناتوانن بەرپرسیارێتی ئەم کەمپانە لەخۆ بگرن. خاڵی دووەم لە ڕووی پەیوەندییەکانی ئێمە لەگەڵ عێراقەوە گرنگە، بۆیە ڕێکخراوەکانی هاریکاریکردنی بەریتانیا ناتوانن بێ وەرگرتنی ڕەزامەندی حکومەتی بەغدا لە خاکی عێراقدا هیچ چالاکیەک ئەنجام بدەن.

٤. دکتۆر مۆرینیهان گوتی، ڕەچاوی هەردووخاڵەکە دەکات. لە وەڵامی پرسیارەکەمدا گوتی، ئەگەر دەکرێت ئێمە، هەر کاتێک ئەو گەیشتە تاران بەڕێز پارسۆنز ئاگادار بکەینەوە؛ ئەگەرچی خودی ئەویش بە نامە بەڕێز پارسۆنزی ئاگادار کردووەتەوە. من گوتم ئەم کارە دەکەم، بەڵام ئاگاداریشم کردەوە کە ڕاوێژکاری ئەڵمانیا لە لەنکاستر (Lancaster) لە ٢ی کانوونی یەکەم دەچێتە ئێران، بۆیە لەوانەیە ئەوکات بەڕێز پارسۆنز زۆر سەرقاڵ بێت.

٥. تکایە لەم بارەوە تەلەگرامێکی پوخت بنووسن.

P R H Wright

بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

٢٦ی تشرینی دووەمی ١٩٧٤

سنووردار (ل٤٧٥)

160A

CYPHER CAT A RESTRICTED

FM FCO 261755Z (NBR 1/2)

بۆ تەلەگرامی ڕۆتینی تاران بە ژمارە ٤٩١، لە ٢٦ی تشرینی دووەمی ١٩٧٤.

**سندوقی ڕزگارکردنی منداڵان و کورد**

١. دکتـۆر نۆئێـل مۆینیهـان (Dr Noel Moynihan)، سـەرۆکی کۆمیتـەی هاریکاریکـردن سـندوقی ڕزگارکردنـی منـداڵان، لـە ٢٦ی تشرینـی دووەم تەلەفۆنـی بـۆ بەڕێـز ڕایـت (Mr Wright) کـردووە و گوتویەتـی لـە ٢ی کانوونـی یەکـەم دەچێتـە تـاران تـا لەگـەڵ بەرپرسـانی ئێـران لەبـارەی چۆنیەتـی هاریکاریکردنـی [پەنابـەرانی] کـورد گفتوگـۆ بـکات. دکتـۆر مۆینیهـان، لـەم بـارەوە نامەیەکیشـی بـۆ ئێـوە نـاردووە.

٢. هەروەها لەمبارەوە مۆینیهان، پەیوەندی بە سێر ژەنەڕاڵ ئەلکساندر درۆمۆند و ئۆکسمەنتاون کردووە. بەڕێز ڕایت مۆینیهانی ئاگادار کردووتەوە کە لەوانەیە ئێوە سەرقاڵی سەردانەکەی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا لە لەنکاستێر بن؛ هەروەها مۆینیهانم ئامۆژگاری کرد کە:

ا کۆمەڵـەی 'شـێر خورشـید و خـۆری ئێـران بەرپرسـیارێتی کەمپـی پەنابـەرە کوردەکانـی لـە ئێـران لـە ئەسـتۆ گرتـووە، بۆیـە هەرجـۆرە پێشـنیازێکی یارمەتیـدان دەبـێ بـە شـێوازێکی تەکتیکانـە بخرێتـەڕوو.

**ب** لـە ڕووی پەیوەندییەکانـی ئێمـە لەگـەڵ عێراقـەوە ڕێکخراوەکانـی هاریکاریکردنـی بەریتانیـا بـە بـێ وەرگرتنـی ڕەزامەنـدی حکومەتـی عێـراق ناتوانـن لـە خاکـی عێراقـدا هیـچ چالاکییـەک ئەنجـام بـدەن.

CALLAGHAM

FILES

MED

MR WER

نهێنی (ل ٤٧٦-٤٧٩)

GRS 1130

IMMEDIATE

CYPHER CAT A

FM BAGHDAD 270600Z NOV

DESKBY 271500Z NOV

بۆ: تەلەگرامی بەپەلەی نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس ژمارە ٤٤٦ لە ٢٧ی تشرینی دووەمی ١٩٧٤، [نووسینگەی] زانیارییەکانی تاران و مۆسکۆ.

**تەلەگرامەکەتان ژمارە ٣٠٠ (بۆ مۆسکۆ نییە): کوردستان**

١. ئەمەی خوارەوە هەڵسەنگاندنی ئێمەیە لەبارەی بارودۆخی سەربازی هەنوکەیی لە باکوور، لەوانەیە لەسەر سەقامگیری ڕژێم و پەیوەندییەکانی نێوان عێراق لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت و تاران کاریگەری دروست بکات.

٢. (ئەی): بارودۆخی سەربازیی

٣. ئەو ناوچانەی لەژێر دەستی حکومەتدان بە درێژایی هێڵی ڕۆژئاوا لە زاخۆ تا دهۆک، ئاکرێ، خەزنە، هەولێر، سپیلک، ڕانیە، ڕواندز و بەرزاییەکانی زۆزک و بەشێک لە چیای هندرێن، کویسنجەق، ڕانیە، قەڵادزێ، دوکان، سلێمانی و خانەقین تا سەر سنووری ئێران و ڕێگە سەرەکییەکان لە خۆدەگرێت ( وردەکاری زۆرتر لە تەلەگرامی ٢٦١٢٠٠z NOV FOH بۆ MOD هاتووە). زۆربەی سوپا جیا لە ١٠ کەرت و ٢ لیوا لە ٥ کەرت لەگەڵ ١٠ لیوای یەدەک و ژمارەیەکی زۆر لە پۆلیس، گشتیان پێکەوە لە باکوور کۆکراونەتەوە. ژمارەکەیان نزیکەی ٢٠٠ هەزار کەسە. گەمارۆی ئابووری بەسەر ئەو ناوچانەی لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتدان هەڵگیراوە. دانیشتوانی گوندەکان گەڕاونەتەوە، کشتوکاڵ لە گەشانەوە دایە و بە ڕۆژ گشت ڕێگاکان کراونەتەوە. ورەی ئەفسەرەکان بەرزە و بە شانازییەوە باس

لـە دەسـتکەوتەکانی ئـەم سـاڵە و دەسـتێوەردانی ئێـران دەکـەن کـە ڕێگـر بـووە لـە بەدەسـتهێنانی سـەرکەوتنی زۆرتـر و بـە نیگەرانییـەوە بـاس لـە تۆپبارانـی ئێـران لـە ناوچەکانـی ڕوانـدز و ڕانیـە و قـەڵادزێ دەکـەن.

٢. (بی): ئاسۆ

بەڵگـەی ئاشـکرا هـەن کە سـوپا بـە پێچەوانەی سـاڵی ڕابردوو، مەبەسـتیەتی لـە پێگەیی هەنوکەیـی خۆیـدا بمێنێتـەوە. هەروەهـا پێشـبینی ناکرێـت پێـش بەهـار هێرشـێتر ئەنجـام بدرێـت. (جیـا لـە هەوڵـدان بۆ گەڕاندنـەوەی بـارزان و بەشـەکانی دیکەی چیـای هندرێن). بڕیاریانـداوە هەمـوو هێرشـێکی پێشـمەرگە بـۆ پاشەکێشـە پێکـردن بـە سـوپا پووچـەڵ بکەنـەوە. دەنگـۆی بەربـڵاو هەیـە لەبارەی دروسـتکردنی سـەربازگەی باش-پارێـزراو لەگەڵ زەخیـرەی سـێ مانـگ خـۆراک و تەقەمەنـی و سـوتەمەنی و بەکارهێنانی چـڕی هەلیکۆپتەر بـۆ دووبـارە دابینکردنـەوەی پێداویسـتییەکان. ئەوان دان بە مەترسـی چوونە نـاوەوەی کورد دەنێـن لـە داخسـتنی پێگەکانیـان لـە (L of C) و لە ناوچە دووره دەسـتەکان، بـەڵام دەزانن زسـتان پێویسـتی بـە زنجیرەیـەک لـە سـەربازگەی دوور لـە یەکتر هەیـە. بـە هەبوونی هێزی مرۆیـی و چەکـی نـوێ هیـوادارن لـە بەهـاردا لـە پێگەیەکـی بەهێـزەوە دەسـت بە هێرشـی نـوێ بکەنـەوە و سـەرکەوتنی خێـرا دەسـتەبەر بکـەن تا ببێت بـە بنەمایەک بۆ چارەسـەریی سیاسـی، ئەفسـەرەکانی سـوپا ئەمە بـە پێویسـت دەزانن.

٣. سەقامگیریی ڕژێم.

هەوڵـدان بۆ چارەسـەری کێشـەی کورد لە ڕێگـەی بەکارهێنانی ئامرازی سـەربازییەوە کە سـەدام حسـێن زۆر بـە فرەوانـی پشـتی پێدەبەسـتێت، [داهاتـووی] ڕوون نییـە. بەهەرحاڵ، پێدەچێ سـوپای عێراق، ئەمجارە بەراورد لەگەڵ جارانی پێشـووتر، سـەرکەوتنێکی بەرچاویان بەدەسـتهێناوە، ئەگـەر پشـتگیریی بەهێـزی ئیرانییـەکان لـە کـورد نەبوایا، دەیانتوانـی سـەرهەڵدانی کـورد، سـەرکوت بکـەن. ئـەم ڕادەیـە لـە سـەرکەوتن، بەسـە بۆئەوەی سـەدام حسـێن لـە پێگـەی خۆیـدا بمێنێتـەوە. هەروەهـا، حیزبی بەعـس، لـە دووبـارە پێکهێنانەوەی کابینـەی نوێـدا، دەسـەڵاتی خـۆی بەسـەر حکومەتـدا بەهێـز کـردووە و نوێنەرایەتـی سـوپا

تێیدا کەمبووەتەوە (نامەکەم لە ٢١ی تشرینی دووەم). لەم گۆڕانکاریانەدا سەدام حسێن ڕەچاوی مەزاجی سوپا دەکات کە مەترسی سەرەکی بووە بۆ گشت ڕژێمەکانی عێراق. لە ژێر ڕۆشنایی شەڕ لە باکووردا، ئەم گۆڕانکارییەوە پێویستە وەک ئاماژەیەک بۆ دڵنیایی لە ملکەچی بۆی نیشان بدرێت. ئەو هۆکارانەی کاریگەریی لەسەر ڕەفتاری سوپا دەکەن لەوانەیە بریتی بن لە (ئەی) گومان لە ئامانجەکانی هەڵمەتی دژی کورد (بی) تێچوونی بەرکەوتووەکانی [شەڕ] (cost of cousalities). (س) ڕادەی بەشداری خەڵکانی مەدەنی لە هەڵمەتەکانی ڕۆژانەی سوپادا.

بەڵام بە بۆچوونی من ئەم خاڵانەی سەرەوە تا ڕادەیەکی زۆر پوچەڵکراوەتەوە بەهۆی پشتیوانی لە سەرۆک بەکر لەلایەن ئەفسەرە پلە بەرزەکانی و کەسانیترەوە بە تایبەتیش لەلایەن ئاژانسە هەواڵگرییە بێ ڕەحم و کارامەکەی سەدام حوسێنەوە. بە بۆچوونی من لەوانەیە ئەم هۆکارانە، نەبنە هەڕەشەیەک بۆ سەر ڕژێم تا ئەوکاتەی بەکر بە سەرۆک بمێنێتەوە. لەکاتی مردن ( ئەو لەو کاتەی خێزانی کۆچی دوایی کردووە نەبینراوە) یان لەکارلادانی، ئەو کەسانەی لەناو سوپادا نیگەرانن، دەتوانن بڕیار لەسەر پێشگیریی لە بەجێگربوونی سەدام حسێن بدەن.

١. ئەگەر کودەتا لەلایەن تاقمێکی بچوکی نیگەرانی ناو حیزبی بەعسدا ئەنجام بدرێت، هەروەک ئەوەی لە حوزەیرانی ١٩٧٣دا ڕوویدا، ئەم ئەگەرە لە هەر کاتێکدا لە ئارادایە، بەهۆی کۆمەڵێک هۆکارەوە کە بە پرسی کوردەوە پەیوەست نین. بەم جۆرەش، ئەگەری زۆرە ئێمە نەتوانین پێش لە ئەگەری ڕوودانی ئەم جۆرە پیلانە بگرین.

٢. پەیوەندییەکانی عێراق و سۆڤیەت لەبارەی سیاسەتی عێراق لەهەمبەر کورد یەکێتی سۆڤیەت، هەستیارە و هانی گەیشتنە چارەسەری دەدات لە ڕێگەی دانوستاندنەوە. ئەمەش نەبووە هۆی لەمپەرنانەوە لەبەردەم دابینکردنی، (ئەی) چەک بۆ بەکارهێنانی لە هەڵمەتی [شەڕ لە دژی کورد]. (بی) ئامۆژگار و تەکنیککاری. (س) لەوانەیە، دانانی هەندێك پیلان. گوێ نادرێتە داواکاریی سۆڤیەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە بە ئامرازی ئاشتیخوازانەوە، بەڵام گوشارەکان لە ڕێگەی بەکارهێنانی هەر جۆرە سزایەک [بەسەر عێراقدا] زیاد ناکرێن. بۆ نموونە لە ڕێگەی بڕینی چەک و کێشانەوەی

ئامـۆژکارەکان. پەیوەنـدی عێـراق و سـۆڤیەت بەهێـزە و لەلایـەن هەردوولایەنەوە وەها سـەیر دەکرێـت، پێویسـتە ئـەم پەیوەندییـە بـەردەوام بێـت. تـا هەنوکـەش پرسـی کـورد بـۆ ڕووسـیا بەربەسـت نەبـووە، تەنیا لـە ڕووی پەیوەندییەکانـی لەگەڵ ئێرانـەوە نەبێت. بۆیـە وا دەرناکەوێـت بـەردەوام بوونـی پێکـدادان لـە کوردسـتاندا، کاریگەریـی خێـرای بەسـەر پەیوەندییەکانـی نێـوان عێـراق و سـۆڤیەتدا هەبێت.

٣. عێـراق و ئێـران لێـرەدا ئـەو شـتەی سـەختە بزانرێـت، ئایـا شـا لـە پشـتیوانی کردنـی کـورد بـەردەوام دەبێـت. ئێرانییـەکان بەرپرسـیارێتی ئەویـان دەخرێتـە ئەسـتو کـە بەرپرسـیارن لـە بەرگـری کردنـی بارزانـی و ئەگـەر لـە بەهـاری سـاڵی ١٩٧٥دا، واتـە ی کـە لەوانەیـە هێرشـەکان دەسـت پێبکاتـەوە، ئـەم ئاسـتەی پشـتگیریی ئێرانییـەکان بـۆ بارزانـی بـەردەوام بێـت، مـن بـە دووری نازانـم عێـراق هێـز لـە دژی ئێـران بـەکار بهێنێـت.

٤. سـەرەڕای پەرەگرافـی ٦، مـن لـەو بڕوایـەدام عێراق پێی باشـترە ناکۆکییـە جۆراوجۆرەکانی لەگـەڵ ئێراندا چارەسـەر بـکات. ئەمەش بەهۆی بەرژەوەندی تایبەتی عێراق و پێویسـت بوونی بە تەرکیزکردن لەسـەر گەشـەی ناوخۆیی. هەروەها بەهۆی هاندانی وڵاتانی تری عەرەبـەوە، چونکـە ئـەوان لەبـارەی پرسـی فەلەسـتین و نـەوت پێویسـتیان بـە هـاوکاری ئێـران هەیـە. شـایانی ئامـاژە پێدانـە سـەرەڕای بوونـی بەڵگـە لەسـەر دەسـتێوەردانی ئێرانییەکان لە باکووری عێراق، پەیوەندییە دیپلۆماسـییەکان کە لەسـەر پرسـی تاڕادەیەک کـەم گرنگـی دورگـەکان لە سـاڵی ١٩٧١دا پچـڕان، دووبـارە نەپچڕاوەتەوە.

GRAHAM

Department Distribution

MED

NENAD

EESD

DEFENCE DEPT

RES DEPT (SOV SECT)

MOD INTERNAL

نهێنی (ل ٤٨٠-٤٨١)

GRS 600

IMMEDIATE

CYPHER CAT A

FM TEHRAN 280830Z

CONFIDENTIAL

DESKBY 280830Z (FCO)

بۆ: تەلەگرامی بەپەلەی نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس ژمارە ٦٥١ لە ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩٧٤. بۆ بەرچاو ڕوونی [کۆپیەک بنێردرێتە نووسینگەکانی] تاران و مۆسکۆ.

تەلەگرامەکەتان بە ژمارە ٣٠٠ بۆ بەغدا

کوردستان

١. دوایین زانیارییەکانی ئێمە، کورد دەستیان بەسەر چیای زۆزکدا گرتووە و ورەیان بەرزە و کەشوهەوا بەرەو ساردی دەچێت.

٢. بە کەمبوونەوەی ئاستی شەڕ، سەرەکیترین کێشە بۆ ئێرانییەکان، کێشەی پەنابەرەکانە. بە گوێرەی قسەکانی سەرۆکی کۆمەڵەی 'شێر خورشید و خۆری ئێران کە بەرپرسیارێتی ئەم پەنابەرانەی لە ئەستۆگرتووە، ژمارەی پەنابەرەکان گەیشتووتە ١٢٠،٠٠٠ کەس. ئێرانییەکان شانازی بە خۆیانەوە دەکەن، توانیوایانە بە تەنیایی و بێ یارمەتیی نێودەوڵەتی، ئەم کێشەیە لە ئەستۆ بگرن. ئەگەرچی ئاگادارم نوێنەرەکانی یونیسێف و کۆمیتەی نێودەوڵەتی خاچی سوور (ICRC)، چاودێری بارودۆخەکە دەکەن.

٣. بەهاتنی وەرزی زستان و یارمەتیدانی کورد، شای ئێران ئامانجە خێراکانی

پێـکاوە و ئێسـتا ئـەو دەرفەتـەی هەیـە هەناسـەیەک بـدات و بـە سیاسـەتەکەیدا بچێتـەوە. بـە هەرحـاڵ، شـای ئێـران لـەم دووڕیانـەدا دەمێنیتـەوە کـە ڕێگـە نـەدات کـورد بـە تەواوەتـی بدۆڕێـن و بـە تەواوەتیـش سـەرکەون (شـا زۆر بـە جیـددی ڕەچـاوی سیاسـەتی خاڵـی دووەم (بـە تەواوەتـی سـەرنەکەوتی کـورد] دەدات؛ بڕوانـە تەلەگرامەکـەم بـە ژمـارە ٥٨١). شـا زۆر ئـاگاداری ئەوەیـە، چـۆن لـەم مانگانـەی دوایـدا خـۆی [لـە شـەڕی نێـوان کـورد و حکومەتـی عێـراق] هەڵقورتانـدووە و (تەلەگرامەکـەم ٣/٢ لـە ٢٤ی تشرینـی یەکـەم کـە بـۆ بەڕێـز ڕایـت لـە بەشـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت ناردوومـە)، هەروەهـا ئـاگاداری ئـەو کاریگەرییـە نەرێنیانەیـە کـە ئـەم خـۆ تێهەڵقورتاندنـە دەیهێنیتەکایـەوە. هەروەهـا ئـاگاداری مەترسـییەکانی بەرپەرچدانـەوەی عێراقـە. بـە تایبەتـی ئـاگاداری ئەوەیـە ناتوانێـت لەهەمبـەر هێرشـی ئاسـمانی عێـراق بەرگـری لـە گونـدە سـنوورییەکانی خـۆی بـکات و ئـاگاداری ئەوەشـە کـە ئـەم هێرشـانە چ کاریگەرییـەک لەسـەر ناوبانگـی هێـزی بەرگـری ئێـران دروسـت دەکات.

٤. لـەو بڕوایـەدام ئێسـتا شـا ئامـادەی هـەر جـۆرە دەستپێشـخەرییەکە ببێتـە هـۆی چارەسـەرکردنی ئـەم کێشـەیە؛ بـە مەرجێـک کوردیـش لەسـەر ئـەم چارەسـەرییە ڕازی بـن. شـا ئەگـەر بتوانێـت کاریگـەری لەسـەر حکومەتـی عێـراق دروسـت بـکات، بـە شـێوەیەکی سـەرەتایی ناوبژیوانـی ڕیبـات قبـوڵ دەکات. هـاوکات لەمەشـدا ڕەچـاوەی ئـەوە دەکات سـۆڤیەت چ پێگەیەکـی گرنگـی لـە ئاراسـتەکردنی سیاسـەتی عێراقـدا هەیـە. هـەوڵ دەدەم بزانـم شـا دوای سـەردانەکەی بـۆ مۆسـکۆ چـۆن لـەم بـارەوە دەڕوانێتـە سیاسـەتی سـۆڤیەت.

٥. ئەگـەر لـە مـاوەی وەرزی زسـتاندا هیـچ هەنگاوێـک بـەرەو چارەسـەری ئـەم کێشـەیە [کێشـەی نێـوان عێـراق و ئێـران؛ کـورد و عێـراق] نەگیرایەبـەر و دووبـارە شـەڕ [لـە نێـوان کـورد و حکومەتـی عێـراق] هەڵگیرسـایەوە، ئـەو دووڕیانـەی [شـای ئێـران] ڕووبـەڕووی بووەتـەوە دووبـارە سـەر هەڵدەداتـەوە و شـا بـە هەمـوو شـێوەیەک یارمەتـی کـورد دەدات تـا بەردەوامـی بـە شـەڕ بـدەن؛ بـۆ نموونـە، یارمەتیدانـی

[کـورد] لـە ڕووبـەڕوو بوونـەوەی سـوپای عێـراق.

PARSONS

FILES

MED

EESD

MR WEIR

نهێنی (ل ٤٨١)

GRS 155

CYPHER CAT A

FM BAGHDAD 010620Z

CONFIDENTIAL

DESKBY 280830Z (FCO)

بـۆ: تەلەگرامـی رۆتینـی نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە و کۆمۆنوێلـس ژمـارە ٤٥٥ لـە ١ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٧٤. بـۆ بەرچـاو ڕوونـی [کۆپیـەک بنێردرێتـە نووسـینگەکانی] تـاران و مۆسـکۆ.

تەلەگرامی تاران بە ژمارە ٦٥١: کوردستان

پەرەگرافی ٤

١. لـە گفتوگۆیـەک کـە چەنـد شـەو لەمەوبـەر لەگـەڵ ڕاوێـژکاری سـۆڤیەتدا هەمبـوو، کـە چەنـد سـاڵ لەمەوەبـەر لـە کوێـت بینیومـە و دەیناسـم، ئامـاژەم بـەوە کـرد ئەگەرچـی پێویسـتە ئـەم کێشـەیە [کێشـەی کـورد و عێـراق] بـە شـێوازی ئاشـتیانە چارەسـەر بکرێـت، بـەڵام بەهـۆی هەڵگیرسـانەوەی شـەڕ، تـا ئەوکاتـەی یەکێـک لـە دوو لایەنـە شـەڕکەرەکە واز لـە شـەڕکردن نەهێنـن، چارەسـەری ئـەم کێشـەیە سـەخت بـووە. هیـچ ئاماژەیەکیـش لـە ئـارادا نییـە [ هەردوولایەنەکـە] گەیشـتبنە ئـەم خاڵـە.

٢. خانـۆڤ (Khanov) هـاوڕای ئـەم بۆچوونـە بـوو، بـەڵام ئەوەشـی زیادکـرد دەبـێ چارەسـەرییەکی جێگـرەوەش هەبێـت، ئەویـش ئەوەیـە لایەنـی سـێیەم بێتـە نـاو ئـەم پرسـەوە. کۆتایهێنـان بـە شـەڕی نێـوان هینـد و پاکسـتان لـە تاشـکەند نموونـەی ئـەم چارەسـەرەیە.

٣. خانـۆڤ زۆر بـە گشـتی ئـەم خاڵـەی خستەڕوو، بـەڵام مـن هـزرم لـەوە کـردەوە دەکرێـت ڕووسـەکان بیـر لـە شـتێکی لـەم جـۆرە بکەنـەوە. بـە ڕەچاوکردنـی

پەیوەنـدی باشـی ڕووسـیا لەگـەڵ هەردوولایەنەکـە، هیـچ کـەس لـەوان باشـتر نییـە بـۆ ئەنجامدانــی ئــەم کارە.

GRAHAM

FILES

MED، EESD

MR CAMPBELL

SIR J KILLICK

باڵیۆزی بەریتانیا (لاپەرە ٤٨٣ )

(٨/١)

بەیروت

٥ی کانوونی یەکەمی ی ١٩٧٥

G B J Williams Esq

MENAD

عێراق: ڕاپەڕینی کورد

١. ئەلسەیاد (Al Sayyad)، لە ٤ی کانوونی یەکەم بەڵگەی کۆکردووەتەوە و نیشانی دەدات کە مستەفا بارزانی کۆچی دوایی کردووە. لە نامەیەکدا کە لە بەغداوە هاتووە، گۆڤارەکە ڕوونی دەکاتەوە، گوایە دوو هێڵی تەلەگراف (cable) لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراقەوە پچڕاون کە لە «کوڕە دڵخوازەکەی›› بارزانی واتە ئیدریس و لە فەرماندەیەکی خۆجێیی ڕاپەڕیوەکان، واتە ئازاد شێخ جەلالەوە هاتبوون. تەلەگرامی یەکەم، لە ٢٠ تشرینی دووەم، ئاراستەی گشت فەرماندە سەربازییەکانی کورد کراوە و بە ڕاشکاوی دەڵێت «قارەمانەکانی باکوور›› نابێت چیتر بیر لە بارزانی بکەنەوە، چونکە ئەو کۆچی دوایی کردووە. تەلەگرامی دووەم، لە ڕێکەوتی ٢٣ تشرینی دووەم کە ئاراستەی سەرکردەیەکیتری شۆڕشگێڕان کراوە، واتە بابە تاهیر شێخ جەلال، دەڵێت پرسە بۆ ‹کۆچی مستەفا لە پێنجوێن (Banguin) بەڕێوە دەچێت.

٢. گۆڤارەکە ئاماژە بەوە دەکات، ئێرانیەکان ئەم ڕاپۆرتەیان پشتگوێ خستووە، بەڵام لەو بڕوایەدایە ئەم پشتگوێ خستنە دەکرێ وەک ڕەتکردنەوەی ڕاپۆرتەکە لێکبدرێتەوە، کە گوایە بارزانی لە تاران کۆچی دوایی کردووە، نەک پشتگوێ خستنی ئەوەی بارزانی مردووە. هەروەها گۆڤارەکە بانگەشەی ئەوە دەکات کە لە دوای ٢٠ی تشرینی دووەمەوە، ڕادیۆی دەنگی کوردستان پەخشی میوزیکی شادی ڕاگرتووە.

گۆڤارەکـە دەڵێـت، حکومەتـی عێـراق، گرنگیەکـی ئەوتـۆی بـە هەواڵـی کۆچـی دوایـی بارزانـی نـەداوە لـە ترسـی ئـەوەی لەوانەیـە هەواڵەکـە درۆ بێـت.

F Gallagher

c.c. Baghdad

Tehran

زۆر نهێنی (ل ٤٨٥-٤٨٤)

GRS 500

IMMEDIATE

CYPHER CAAT A

FM BAGHDAD 101030Z DEC

SECRET

بـۆ: تەلەگرامـی خێـرای وەزارەتـی بەرگـری شانشـینی یەکگرتـوو (MODUK) لـە ١٠ کانوونـی یەکەمـی ١٩٧٤، ئەولەویەتـی زانیـاری، نووسـینگەی پاراسـتنی زانیـاری لـە کوێـت، بەیـروت، ئەنقـەرە، دیمەشـق و تـاران.

DIG FOH

FROM NORBURY FOR MCKAY

پوختەی حەوتانە

**یەکـەم:** کوردسـتان: حەوتەیەکـی نەختێـک هەسـتیار بـۆ ڕاپۆرتکردنـی ئـەو شـتانەی کـە تـا ئێسـتا لـە سـەرچاوەکانی دیکـە ەوە بەدەسـتهاتووە:

**ئالفــا:** لــە ڕێگــەی گفتوگۆکــردن لەگــەڵ کەسـێک کــە بــەم نزیکانــە ســەردانی سـلێمانی کــردووە، ئاشــکرایە کــە ژیــان لــە ســلێمانی ئاســایی نییــە و کــورد بــە بەردەوامــی هێرشــی خراپــکاری و تاڵانــی ئەنجــام دەدەن. ئەمــەش ئاماژەیەکــە بــۆ ئــەوی کــە کــورد بڕیاریانــداوە کــە لــە وەرزی زســتاندا و لــە ئاســتێکی بــەرزدا، بەردەوامــی بــە چالاکییەکانیــان بــدەن.

**براڤــۆ:** باڵیـۆزی میـسر بـە (DA) ڕاگەیانـدووە کـە ورەی زۆرێـک لـە ئەفسـەرانی سـوپا کـە لـە باکـوورن بـەرزە. ئـەوان شـانازی بـەو دەسـتکەوتانەوە دەکەیـن کـە لــە میانــەی چەنــد مانگــی ڕابــردوودا دەســتەبەریان کــردووە. ئەفســەرانی ســوپا

تەئکیـد دەکەنـەوە کـە ئـەوان ئەمسـاڵە پـتر لـە هـەر کاتێکیـتر دەسـتکەوتیان هەبـووە و کارەکانیـان بـە باشـی ئەنجـام داوە و ئـەوان ئـاگاداری گرنگـی ئەنجامدانـی ئۆپراسـیۆنێکن کـە کاریگـەری بخاتـە سـەر دڵ و دەروونـی خەڵـک لـەو ناوچانـەی کـە لـە ژێـر کۆنترۆڵـی حکومەتـدان.

**چارڵـی:** ئەمـڕۆ بەیانـی باڵیـۆز پەیوەنـدی بـە سـەرۆک ئەرکانـەوە (CGS) کـردووە و (CGS) تەئکیـدی لەسـەر گرنگـی ئەنجامدانـی ئۆپراسـیۆنێک کـردووە کـە کاریگـەری لەسـەر دڵ و دەرونـی خەڵـک دابنێـت، هەروەهـا باڵیـۆز پرسـیاری لەبـارەی کۆچـی دوایـی بارزانـی کـردووە. سـەرۆک ئـەرکان (CGS) ڕایگەیانـدووە گشـت بەڵگـەکان ئامـاژە بـەوە دەکـەن کـە بارزانـی کۆچـی دوایـی کـردووە، بـەڵام ناتوانێـت ئـەم هەواڵـە پشتڕاشـت بکاتـەوە. بـۆ پشتڕاسـتکردنەوەی قسـەکانی ئامـاژە بـە بەڵێنـی پەخشـکردنی بابەتێـک لـە ڕادیـۆی دەنگـی کوردسـتان دەدات کـە بەڵێنەکـەی بەجێنەگەیانـدووە و لـە ئەنجامـدا ڕاپۆرتێـک بڵاوبووەتـەوە کـە کۆمەڵێـک پرسـیار دەخاتـە بـەردەم بارزانـی و وەڵامەکانـی بارزانـی.

**دوو:** بەشـداریی لـە پێکدادانـی ڕۆژهەڵاتـی ناڤیـن. باڵیـۆزی میـسر بـە (DA) گوتـووە ئەگەرێکـی زۆر هەیـە بـە هاتنـی بەهـار شـەڕ لـە لـە بەرەکانـی جـۆلان (Golon) و سـینا (Sinai) دەسـت پێبکاتـەوە و دڵنیایـە عێـراق لـەم شـەڕەدا بەشـدار دەبێـت.

**سـێ:** فەرمانـدەی هێـزی ئاسـمانی عێـراق. باڵیـۆزی میـسر بـە (DA) گوتـووە، ئۆپەراسـیۆنی ئـەم دواییانـەی لیـوا دۆلانـی (Dulanyi Brig) بـۆ فەرمانکـردن بـە هێـزی ئاسـمانی لەوانەیـە ئاماژەیـەک بێـت بـۆ دەسـتپێکردنی مەیلێـک لـە دژی کۆنترۆڵکردنـی هێـزە چەکدارەکان لەلایـەن بەعسـەوە. دووپاتـی کـردەوە کـە دۆلانـی ئەندامـی بەعـس نییـە و زۆرتـر بەهـۆی تواناکانیـەوە هەڵبژێـردراوە نـەک بەهـۆی لایەنگرییـە سیاسـییەکەیەوە. بـە بـڕوای ئـەو بەعـس درکـی بـەوە کـردووە کـە لـە هەڵبژاردنـی کارەکتـەرەکان کورتبیـن بـووە، چونکـە بەهێـز نەبوونـە و نەیانتوانیـوە فەرماندەیـی ئۆپەراسـیۆنەکان بکـەن.

**چوارەم:** تکایە، نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنویڵس ئەم نامەیە بۆ نووسینگەی پاراستنی زانیارییەکان لە کوێت، بەیروت، ئەنقەرە، دیمەشق و تاران بنێرە.

Graham

(هەروەک داواتان کردووە دووبارە بووەتەوە)

FILES

DEFENCE DEPT

PUSD

MR CAMPBELL

MR WEIR

SIR G ARTHUR

MR THOMSON

نهێنی، بیخەنە پاکێتی زۆر نهێنیەوە (ل ٤٨٦)

Mr weir o. r

شەڕی کورد

١. ئاماژە بە یاداشتی بەڕێز وییر (Mr weir) لە ٤ی کانوونی یەکەم.

٢. کاتێک ئێمە لە جاری پێشوو یاداشتێکمان لەسەر ئەم زانیارییانە نووسی هیچ بەڵگەیەکمان لەبەر دەست نەبوو، بەڵام لەبارەی ئەگەری سەردانی شا بۆ ئێران سەرچاوەمان لەبەردەستە لەلایەن باڵیۆزی ئەردەن لە دوبەی ئەنجامدراوە.

٣. لەوانەیە پێتان باش بێت دووبارە هاوپێچی هەڵسەنگاندن ببینن کە حەوتەی ڕابردوو لەلایەن (JIC)یەوە ئامادە کراوە و بەو ئەنجامە گەیشتووە، ئەگەرچی بە ڕەچاوکردنی داواکاریی کورد و عێراقییەکان ئەگەری ئەنجامدانی هەندێک مانۆڕ لە وەرزی زستاندا لە ئارادایە، پێشبینی ناکەین ئەگەری ئاسۆی چارەسەری سیاسیانەی [کێشەی کورد] لە ئارادا بێت. هیچ هۆکارێکی باش بۆ ئێران و عێراق (ئاماژە بە ڕووسەکان نەدراوە) نییە کە خوازیاری چارەسەری بن، وەک ڕاپۆرتەکان ئاماژەی بۆ دەکەن، عێراقییەکان لەسەر کێشەکانی سنووری شەتولعەرەب لەسەر بنەمای تالوگ (Thalweg principle) بەجیدی ئامادەی گفتوگۆکردنن، بۆ ئەمەش پێویستە ڕێژەیەک بۆ سەرکەوتوو بوونی هەبێت. بنەماکانی تالوگ و پێداگری عێراق لەسەر ڕەتکردنەوەی ئەم بنەمایە وەک بناغەیەک بۆ دانوستاندنەکان بە بەردەوامی ئاستەنگ بووە لە باشترکردنی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران.
١٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٤

T J Clark

بەشی ڕۆژهەڵاتی ناڤین

هەڵمەتی جیهانی دژی برسێتی (ل ٤٨٧-٤٩٠)

(467 Caledonian Road، London NZ 9BE 01-609 0211 telex 24784)

Mr. T. Dalyell، M. P.،

House of Commone

London، S. W. I

١٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٤

بەڕێز بەڕێز دالییێل

بە ئاماژەدان بە گفتوگۆ تەلەفۆنیەکەتان، دەمەوێت پوختەی ئەو فاکتەرانە لەبارەی بارودۆخی پەیوەست بە کوردستانی عێراق بنووسم کە بە بڕوای من بە بەرێزتان و کۆمیتەی کاروباری دەرەوەی پارتی کار گرێدراون،.

هەروەک ئاگادارن، سەربەخۆیی عێراق بە پێی ڕێککەوتنێکی نێوان تورکیا و بەریتانیا بووە (لە ژێر چاودێری کۆمەڵەی گەلان). هەروەها، حکومەتی بەریتانیا لە ساڵی ١٩٣١دا لەگەڵ حکومەتی عێراق واژووی لەسەر پەیمانامەی «هێزی دەستوری›› (constitutional force)، کردووە، کە بە پێی ئەم پەیماننامەیە حکومەتی عێراق گەرەنتی مافەکانی گەلی کوردی لە عێراقدا کردووە. دواتر، حکومەتی بەریتانیا لە ماوەی گفتوگۆکردن بۆ چوونە ناو عێراق بۆ ناو کۆمەڵەی گەلاندا، ‹بەرپرسیارێتی ئەخلاقی›ی پەیماننامەکەی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە لەبارەی کەمینەکان خستە ئەستۆی. هەنوکە، مەعقول نییە چاوەڕوانی حکومەتی بەریتانیا بکەین کە بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەم خواستە [لەهەمەبەر کورد] بەجێ بگەیێنێت، لەهەمانکاتدا پابەندییەکەی بە وردی دیارنەکراوە. بێجگە لەمەش، ئەمە یەکێک لەو فاکتەرانەیە کە بە هۆیەوە حکومەتی بەریتانیا بەردەوام بێت لە دەستێوەردانی ئەخلاقی لە کاروباری ناوخۆی عێراق. هۆکاریتر بریتییە لە دەستێوەردانی سەربازی بەریتانیا لە ئارام ڕاگرتنی کورد لە سەرەتای بیستەکاندا و دواجار لکاندنیان بە دەوڵەتی عێراقدا.

بارودۆخی بەرقەرار کۆمەڵێک هۆکاریتر دەوروژێنێت کە بە بڕوای من دەبنە هۆی ئەوەی بەریتانیا هان دەدات سەرلەنوێ پێناسەی بەرژەوەندییەکانی بکاتەوە. یەکەم شت ئەوەیە هەنوکە، کۆمەڵێک ڕاپۆرتی پشتڕاست کراو هەن لەبارەی بەکارهێنانی کۆمەڵێک چەک کە بە پێی ڕێککەوتنامەی جنێڤ قەدەغەکراون. گەنجێکی ١٨ ساڵانەی کورد لە خەستەخانەی کۆلێژی زانکۆ لە لەندەن (university college hospital) نوێنراوە کە بە دەست سوتانەوە دەناڵێنت. [دکتۆرەکان] لەو بڕوایەدان سوتانەکە بەهۆی بۆمبی فۆسفۆری بووە و دەنگۆی بەردەوام هەیە لەسەر بەکارهێنانی ناپاڵم و ئەم جۆرە بۆمبانە لە دژی خەڵکی مەدەنی (سەیری وێنە هاوپێچکراوەکان بکە). سیاسەتی بۆمبارانکردنی ناوچە مەدەنییەکان کە حکومەتی عێراق گرتوویەتەبەر، لەلایەن چەندین ڕۆژنامەنووس و کەسانی سەربەخۆوە پشتڕاست کراوەتەوە، ئەم جۆرە سیاسەتەش بە ئاسانی دەکرێت ڕوون بکرێتەوە کە هێزی ئاسمانی عێراق لە بەرزایی زۆر بڵندەوە هێرشەکانی ئەنجام دەدات و ئەمەش ناچێتە خانەی بەکارهێنانی چەک بە شێوەیەکی تەکتیکی لە هێلەکانی پێشەوەی شەڕدا، بەڵکو وەک چەکێک لە دژی هاووڵاتیانی مەدەنی و وەک چەکێکی نائەخلاقی بەکاردەهێنرێت. لەوانەیە یەکێک لە بێزارکەرترین فاکتەرەکان لە دۆخی هەنوکەدا بریتی بێت لە داخستنی سنوورەکانی نێوان تورکیا و عێراق، کە بووەتە هۆی بەرگرتن لە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی مەدەنی بۆ [چوونە ناو تورکیا] کە ژمارەکەیان نازانرێت، بەڵام ژمارەیەکی بەرچاوە (بە پێی بەراوردی دەسەڵاتە کوردییەکان، نزیکەی ٥٠٠٠٠ کەس دەبن). ئەم کەسانە لە بەرزاییەکانی ناوچەی بادینان بە بێ خۆراک، پەناگە و هیوایەک بۆ دەرباز بوون، گیریان خواردووە، تەنیا ڕێگەی دەربازبوونیان بەرەو ئێران لە ژێر تۆپبارانی چڕی سوپا[ی عێراق] دایە. هیچ زانیارییەکیش لەبارەی دۆخی ئەو کەسانە لەبەر دەست نییە کە زووتر چوونەتە ناو تورکیا. تەنیا ڕاستییەک کە دەزانرێت ئەوەیە کە بە پێی لێدوانی وەزیری دەرەوەی عێراق لە میانەی سەردانێکدا بۆ ئەنقەرە، هەندێك لەم پەنابەرانە گەڕاونەتەوە، بەم هۆیەشەوە وەزیری دەرەوەی عێراق سوپاسی تورکیای کرد، ئەمەش کۆمەڵێک پرسیار دەوروژێنێت لەبارەی ویستی ئەو کەسانەی گەڕاونەتەوە. ڕاپۆرتی جۆراوجۆر لەبارەی دۆخی ئەو پەنابەرانەی کەبەرەو

ئێران چوونە هەن و لە ژێر هاوکاری مانگی سووری ئێراندان و پێدوایستی زۆر کەمیان بۆ فەراهەم کراوە. بەهەرحاڵ، زانیارییەکی کەم هەیە لەبارەی ژمارەی پەنابەرەکان، هەروەها ڕاپۆرتەکان ئاماژە دەدەن بە دۆخی نالەباری ئاوارەکانی ناوخۆی عێراق، واتە ئەو کەسانەی لە بەرشەڕ ڕایانکردووە.

بە لەبەرچاوگرتنی بژاردەکانی بەردەم پەرلەمان و حکومەتی بەریتانیا، ئەم بژاردانە سنووردارن. سەرەڕای ئەمەش، هەروەک هەلومەرجی جاران، پەرلەمان و ئەندام پەرلەمانەکان، ئەم دەرفەتەیان هەیە هەندێك پرسیار لەبارەی هەڵسوکەوتی حکومەتی عێراق و تورکیا لە ژێر ناوی مرۆڤایەتی هاوبەش بورووژێنن؛ بێ ئەوەی تیشک بخەنە سەر دروستی و نادروستی جەنگی دڕندانەی بەرقەرار لە عێراقدا. هەروەها، هەمان دەرفەت لەبەردەم حکومەتی بەریتانیادا کراوەیە کە لە ڕێگەی کەناڵی دیپلۆماسیەوە، هەمان پرس بە هەمان شێوە لەگەڵ هەردوو حکومەتی [تورکیا و عێراق] بوروژێنن، هەروەها پیشنیاز دەکەین هەندێك دادوەری دەرەکی دەتوانن یارمەتیدەر بن لە پەیوەندی دروست کردن لە نێوان هەردوولایەنی شەڕکەر [واتە کورد و حکومەتی عێراق]. بەلانیکەمەوە دەکرێت دڵنیایی وەربگیرێت کە نابێ چیتر هاووڵاتی مەدەنی بێگوناح وەک بارمتە لە جەنگدا بەکار بهێنرێت. بێجگە لەمەش، حکومەتی بەریتانیا دەتوانێت داوا لە کۆمیسیۆنی کۆمەڵەی ئابووری ئەوروپا (EEC) بکات وەک ئەندامی وابەستەی (EEC) و واژووکەرانی مەنشوری ئەوروپا بۆ مافی مرۆڤ داوا لە حکومەتی تورکیا بکات، ڕێگە بە پەنابەرە مەدەنییە هەڵاتووەکان لە شەڕ بدرێت تا لە سنوورەکانی عێراق و تورکیا بپەڕنەوە و بۆ ماوەیەکی کاتی لەناو تورکیادا جێگر بن. سروشتییە ئەم داواکاریانە بە کەمێک دوو دڵییەوە دەخەمەڕوو و پێخۆشحاڵم لەگەڵ ئێوە لەسەر ئەم بابەتە زۆرتر گفتوگۆ بکەم. بەهەرحاڵ، لەوانەیە من لە ماوەیەکی زۆر نزیکدا سەردانی ناوچە کوردییەکان لە عێراقدا بکەم- بەریتانیا لە ڕۆژی پێنجشەم ١٩ی دێسەمبەر بەجێ دێڵم- و زۆر خۆشحاڵ دەبم پێش چوونم یان لە دوای گەڕانەوەم بتبینم.

لەگەڵ ڕێزدا..

Iain O Macdonald

بەڕێوەبەری نێودەوڵەتی

سوپای عێراق چەکێکی نوێ لە سۆڤیەتەوە هێناوە کە بۆ بەکارهێنانی پێویستی بە کەرەستەی ڕەق (Hardware) هەیە؛ واتە قازیفەی فۆسفۆریک کە خانەکانی مرۆڤ ژەهراوی دەکات.

شرۆڤەکارە پزیشکییەکانی کورد ڕاپۆرتێکیان ئامادە کردووە، ئاماژە بەوە دەدات ئەم چەکە تازەیە بۆ یەکەم جار لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەم لە بەرەکانی ڕواندز بەکار هاتووە.

بە پێی قسەکانی ئیدریس بارزانی، ئەندامی مەکتەب سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە چاوپێکەوتنێکی کورتدا لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێکی بێگانە لە سەرەتای تشرینی دووەمدا، چەکە کیمیاوییەکانی فۆسفۆر یان لەڕێگەی بۆمبەوە یان بە تەنیا بەکار دەهێنرێن و لە کاتی گەیشتن بە پێستی مرۆڤ، پێست دەسوتێنێت و دوای ماوەیەکی زۆر لە چارەسەریش خانەکان ژەهراوی دەکات.

هەروەها گوتی «بە دڵنیاییەوە [ئەم چەکانە] چەکی ئاگرین نین. ئەم چەکانە نوێن. پەرچەکردارێکی کیمیاوی لەهەمبەر ئەم چەکانە هەیە و جەستە دەسوتێنێت». «ئەم چەکانە، چەکی قەدەغەکراون. ئەم چەکانە تەنیا دەرەجەیەک کەمترن لە بەکارهێنانی گازی ژەهراوی».

(لەلایەن ڕووسیاوە دوو جۆرە چەکی ژەهراوی بۆ سوپای عێراق دابینکراوە. ئەم چەکانە لە فەرماندەیی کەرتی دوو لە کەرکووک و کەرتی چوار لە مووسڵ، سەربازگەی تاجی لە نزیک بەغدا، ئەنبارکراون).

دکتۆر کەمال ناجی لە خەستەخانەی ناوەندی کورد لە گەلاڵە دەڵێت «دوو پێشمەرگە لە ٢٣ی تشرینی یەکەم لە گەروی عومەر ئاغا، لە بەرەی ڕواندز بەرکەوتوون. ناوەکانیش بریتین لە مەحمود ڕەشید و زاهیر سەعید. ئەوان بە شەو لەناو ئەمبۆلانسدا لێدراون. ڕوخسار و پۆشاکیان سوتاوە، گوێیان بۆ نیوەی قەبارەی خۆی بچووک بووەتەوە. ئەمە بۆ یەکەمجارە ئەم چەکە لەم ناوچەیەدا بە کاربێت».

هەنوکە بۆمبی ناپاڵم چەکێکی ئاساییە کە لەلایەن عێراقیەکانەوە لە دژی کورد بەکار دێت، بەڵام ئەنباری چەکی عێراق ئامرازی زۆر پێشکەتووتری هەیە››.

چەکی تازە لە بەرەکانی جەنگدا بریتییە لە موشەکی زەوی بەزەوی عێراق کە لەسەر ئۆتۆمبێلی سەربازییەوە لە دژی پێگەی کورد بەکار دێت. ئیدریس بارزانی یەکێک لە فەرماندە سەربازییەکانی کورد ئاماژە بەوە دەدات بۆمبهاوێژەکانی عێراق چەکی هێشوویی تایبەت و تەوقیتکراو فڕێ دەدەنە خوارەوە کە دواى ٧٢ کاتژمێر لە فڕێدانە خوارەوەی ناوچەیەکی فرەوان دەگرێتەوە.

هەروەها هێزی عێراق خاوەن فڕۆکەی جەنگی جێت لە جۆری (swing wing NIG 23) و جێتی بۆمبهاوێژی سۆپر سۆنیکی تۆپۆلۆف ٢٣یە کە تا هەنوکە بە دەست وڵاتانی بلۆکی یەکێتی سۆڤیەت نەگەیشتووە.

ڕووسەکان کوردستانیان کردووتە کێڵگەی تاقیکردنەوەی چەک و تفاقە نوێیەکانیان. زیاد لە فڕۆکە (swing wing)ەکانیان و دوایین نەوەی بۆمبی دژە نەفەر، قازیفەی فۆسفۆر دوایین جۆری ئەم جۆرە چەکە کوشندەیەیە و بەکارهێنانی پێشێلکردنی ئاشکرای ڕێککەوتنامەی جنێڤە کە هەردووووڵاتی عێراق و ڕووسیا واژوویان کردووە.

دۆخی پەنابەرەکان لە کوردستانی عێراقدا کە شەڕ لە دژی کورد و وڵاتەکەیاندا لە دوای شکستی ئاگربەست لە ئاداری ١٩٧٤دا دەستی پێکردووە، بە قۆناغێکی زۆر هەستیار گەیشتووە. مانگی ڕابردوو ٤٠٠ هەزار کەس ئاوارە بوونە، ئەم مانگە بەهۆی بۆمبارانکردنەوە، ژمارەکە بۆ ئاستی نیو ملیۆن کەس بەرز بووەتەوە. شەڕ بە چڕی بەردەوامە و پێشکەوتووترین چەکیش لە دژی نەتەوەی کورد بەکار دەهێنرێت، نەتەوەیەک کە هیچ بژاردەیەکیتری لەبەردەم نییە جیا لە خۆ بەدەستەوەدان بەم وەحشیگەرییە بێ کۆتاییە. سەرەڕای ئەمەش، زستانی سەخت دەبێتە هۆی مردنی سەدان هەزار کەس، ئەویش لە ئەنجامی جەنگێک کە دەبێ وەک جینۆساید هەژمار بکرێت.

نالەبارترین دۆخی ئاوارەکان بەهۆی ئەنجامە قورسەکانی نەگرتنەبەری

هیــچ ڕێکارێکــە لەناوچــەی بادینــان. لەلایەنــی دۆخــی هاووڵاتیانــی مەدەنیــەوە، ئــەم ناوچەیــە، زۆرتریــن ناخۆشــی بەســەردا هاتــووە. لــە کــۆی گشــتی ٢٥٠ هــەزار دانیشــتوو، نزیکــەی ١٠٠ هــەزار کــەس لــە ناوچەکانــی وەک ســنجار، مووســڵ، زاخــۆ و ناوچەکانــی دیکــەی ژێــر کۆنترۆڵــی حکومــەت لــە باکــووری ڕۆژئــاوای کوردســتان ئــاوارە بوونــە. بەلانیکەمــەوە ٥٠ هــەزار کــەس لــە ناوچــەی بادینــان لــە ســەر ســنووری تورکیــا گیریــان خــواردووە. ڕێــگاکان کــە دەروازەی دەرچوونــی ئــەم کەســانەن بۆمبــاران دەکرێــن و تورکیــاش ســنوورەکانی داخســتووە، ئەمــەش بــە مانــای ئــەوە دێــت کــە گشــت ڕێــگاکانی دەرچــوون داخــراون. ناوچەکــە زۆر شــاخاویە و ناتوانرێــت بــێ بوونــی هیــچ ڕێگەیەکیــتر، کەناڵێکــی دەرچــوون بدۆزرێتــەوە. نزیکــەی ١٣٥ هــەزار پەنابــەر لــە کەمپەکانــی ئێرانــن لــە ترســی بۆمبارانکــردن ســنوورەکانیان بەزانــدووە و هــەزاران کەســیش بــە نیــازن ناوچەکانــی جەنــگ بەجــێ بهێڵــن و پەناگەیــەک بدۆزنــەوە.

بــە ڕەچاوکردنــی دۆخــی بادینــان، ئاســانترین ڕێــگای دەرچــوون تورکیایــە، بــەڵام ئــەم ســنوورە وا کۆنترۆڵکــراوە لۆرییــەکان ڕێگایەکــی دوورودرێــژ لــە ناوچــە ئازادکراوەکانــدا دەبــڕن تــا بگەنــە ناوچــە دوورە دەســت و وێــران کــراوەکان. شــتی ناخــۆش ئەوەیــە ڕۆژانــە نزیکــەی دە منــداڵ دەمــرن. خــۆراک، دەرمــان، پەناگــە و پۆشــاکی گــەرم بوونــی نییــە، لــە باکــوورەوە بــە لــۆری ١٦ کاتژمێــر دەخایێنێــت تــا بگەنــە ئــەم ناوچەیــە و یــەک ڕۆژی تریشــیان پێویســتە تــا دەگەنــە زاخــۆ. بارانــی بــە لێزمــە و بەفــر باریــن ئــەم ڕێگایــەی گواســتنەوەی هێــواش کــردووە. بــە هێســتر حــەوت ڕۆژ دەخایەنێــت تــا لــە کاتــی پێویســتدا بگاتــە نزیکتریــن ناوچــە، واتــە ئامێــدی.

لــەم دۆخــە پــڕ مەترســییەدا، هەمــوو شــتێک بــە دەســەڵاتدارانی تورکیــاوە بەســتراوەتەوە. تەنانــەت دابینکردنــی خــۆراک، جلوبــەرگ و دەرمــان، دەبــێ لــە ڕێگــەی ســنوورەکانەوە بهێنرێــت، ئەویــش بــە ڕەچاوکردنــی ئــەوەی کــە بەلانیکەمــەوە ٥٠ هــەزار ژن و منــداڵ دەبــێ بــە شــێوەی کاتــی لــە ژێــر چاودێریــدا بــن، هەروەهــا پێویســتە ناوچەیەکــی پارێــزراو بــۆ ئــەم کەســانە دروســت بکرێــت جــا چ لــە دیــوی عێــراق بێــت یــان لــە دیــوی تورکیــا و لەلایــەن کۆمیســیۆنی بــاڵای پەنابەرانــەوە چاودێریــان بکرێــت،

گومـان لـەوەدا نییـە ڕێکخـراوە نێودەوڵەتییـەکانی دیکـە بـۆ هاریـکاری مرۆیـی، هـاوکار دەبـن و بـەم جـۆرەش قورسـاییەکە بـە تەنیـا ناکەوێتـە سـەر شـانی تورکیـا، بـەڵام دەبـێ هـاوکاری مرۆیـی دەسـتەبەر بکرێـت. یـان پێویسـتە ڕێگەیـان پێبدرێـت تـا سـنوورەکان ببەزێنــن و بگەنــە شــوێنێکی ئــارام تــا ئــەم دۆخــە ترســناکە ڕابگیرێــت پێــش ئــەوەی مردنــی ڕۆژانــە و ســەختی ژیــان ببێتــە هــۆی جینۆســایدکردن لــە ئاقارێکــی فرەوانــدا.

حاڵیحــازر، لایەنــی مرۆڤایەتــی ئــەم جەنگــە بــە قۆناغێــک گەیشــتووە پێویســتە لــە ســەرووی گشــت هەلومەرجــە سیاســییەکانەوە بێــت. دوای هەشــت مانــگ لــە ڕووبەڕووبوونــەوەی جەنگێکــی مۆدێــرن، ناپاڵــم، گەمــارۆی ئابــووری و نائارامــی فــرەوان و خاپورکردنــی خانــووەکان، ڕێگاوبــان، گواســتنەوە و ئامرازەکانــی ژیــان، خەڵکــی مەدەنــی کوردســتان لــە بارودۆخێکــی نالەبــاردا بەجێهێڵــراون. دابینکردنــی خــۆراک لــە ڕێگــەی [بەرهەمەکانــی ناوخــۆوە] تــەواو بــووە، ڕێــگاکان بەهــۆی بەفــرەوە داخــراون و تەنیــا شــاخەکان ئەویــش بــێ خــۆراک و ســەرپەناگە و دەرمــان بوونەتــە شــوێنی حەوانەوەیــان. هەمیشــە لــە دۆخــی لەمشــێوەیەدا کــە دۆخــی دروســتکردنی کارەســاتە بــە دەســتی مرۆڤــەوە، ئــەو گروپــەی ڕووبــەڕووی زۆرتریــن نەهامەتــی دەبێتــەوە ژن و منداڵەکانــن.

نهێنی (ل ٤٩١)

GRS 350

IMMIEDIATE

CYPHER CAT A

RM TEHRAN 180730Z

بۆ: تەلەگرامی خێرای نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس ژمارە ٦٩٥ لە ١٨ کانوونی یەکەمی ی ١٩٧٤/ زانیاری خێرا بەغدا. تەلەگرامەکەم بە ژمارەی ٦٩٣ ئێران/عێراق.

١. کاتێک عالەم (Alam)م لە ١٧ی کانوونی یەکەمدا بینی، دڵشاد بوو و خۆشحاڵی خۆی بۆ کارامەیی چەکی راپیەر (rapier) و بکەرەکانی واتە ئێرانییەکان، دەربڕی. ئاماژەی بەوەدا کە ئەم چەکە دوو فڕۆکەی خستۆتە خوارەوە (هەروەک چۆن ڕۆژنامەکانی ئەمڕۆی ئێران بڵاویان کردووەتەوە).

٢. من بە عالەمم گوت، لەو بڕوایەدا بووم لەوانەیە تەکنیکەکانی ئێوە زۆر خۆشحاڵ بن لە بەدەست گەیشتنی هەر جۆرە پارچە چەکێکی خراپ بوو. عالەم گوتی لەمبارەوە هیچ کێشەیەک لە ئارادا نییە. گرنگترین شت ئەوەیە تەکنیککارەکانی ئێمە بتوانن ئەم پارچە خراپانە تاقی بکەنەوە. ئەمڕۆ لەگەڵ شا قسە دەکات.

٣. لەبارەی جەنگ لە کوردستاندا، عالەم گوتی هەنوکە کورد لە پێگەیەکی باشتردان. خستنە خوارەوەی فڕۆکەکانی عێراق ورەیانی بەرز کردووەتەوە کە پێشتر لە دەستیان دابوو. ئەو دڵنیابوو لەوەی کورد لە زستاندا زیندوو دەمێننەوە. ئەوەشی زیاد کرد حکومەتی ئێران دەتوانێت یارمەتی زۆرتری کورد بدات و هاوکاریان بکات تا پاشەکشە بە هێزەکانی عێراق بکەن، بەڵام ئەوان ئەم کارە ناکەن. شا کارێک ناکات ببێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕ لەگەڵ عێراقدا. مەبەستی ئەوان بریتییە لەوەی کورد لە دۆخی ناجێگیردا بهێڵنەوە و یارمەتیان بدات تا لە کاتی

زستاندا پێگەکەیان بەهێز بکەن و بتوانن بەرپەرچی هێرشەکانی عێراق لە وەرزی بەهاردا بدەنەوە. ئەوەی کورد پێویستیانە بریتییە لە تۆپی دوورهاوێژ. ئەوەندی من ئاگادارم، ئێران بڕێک لەم چەکەی دابین کردووە، بڵاوکراوەی ئێکۆنۆمیستیش بێ بەرپرسیارێتی لەم حەوتەیەدا ئاماژەی بۆ ئەم بابەتە کردووە و هەوڵی عێراق بۆ لەناوبردنی چەکی ئێران لە ڕێگەی ئاسمانەوە بێ سوود بووە.

Parsons

DEPARTMENTAL DISTRIBUTION، NENAD، MND، DEFENCE D، GIPD NEWS D، MOD INTERNAL.

نهێنی (ل ٤٩٢-٤٩٣)

GRS 600

IMMEDIATE

CYPHER CAT A

FM BAGHDAD 191430Z DEC، 1974

CONF IDENTIAL

بـۆ: تەلەگرامـی بەپەلـەی نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە و کۆمۆنوێلـس بـە ژمـارە ٤٩٣ لـە ١٩ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٧٤. بـۆ بەرچـاو ڕوونـی زیاتـری نووسـینگەی پاراسـتنی زانیـاری (Saving) لـە واشـنتن و نوێنەرایەتـی شانشـینی یەکگرتـوو لـە نیویـۆرک.

تەلەگرامەکەم بە ژمارە ٤٩٢: ئێران/عێراق: کوردستان

١. بانگێشـتکراوم ئەمـڕۆ ئێـوارە وەزیـری کاروبـاری دەرەوەی [عێـراق] ببینـم. وەزیـر، باسـی لـەوە کـرد ڕاپۆرتێکـی بەدەسـت گەیشـتووە، گوایـە شـاندی پزیشـکی بەریتانیـا (British Medical Mission) بـۆ کوردسـتان دەسـتی بـە کارەکانـی کـردووە. وەزیـر گوتـی، بـە بۆچوونـی عێراقییـەکان حکومەتـی بەریتانیـا هـەر لـە ڕاگەیاندنـی بێلفـۆرەوە (Balfour Declaration) تـا ئێسـتا، بەرپرسـیارە لـە هەندێـك کـردەی نادادپەروەرانـە لـەدژی عـەرەب بـە گشـتی و لـەدژی عێـراق بـە تایبەتـی (بـۆ نموونـە، وەزیـر ئامـاژەی بـە هەڵسـوکەوتی خراپـی ‹bad handling› بەرامبـەر عێراقییـەکان لـە بەریتانیـا، لێکۆڵینـەوە لەسـەر ئەنجامدانـی کـردەی دزیـن لـە دوکانـەکان، هاوپەیمانێتـی بەریتانیـا و ئێـران کـرد). بـە تونـدی ئـەم قسـانەم ڕەتکـردەوە و ئامـاژەم بەوەکـرد ئەگـەر بـاس لـە کـردەوە نادادپەروەرەکانـی ڕابـردوو بکـەن، دەتوانـم تۆمارێـک لـە کـردەوە نادادپەرەرەکانـی خـۆم ڕیـز بکـەم؛ بـەڵام بـە پێـی ئـەو بنەمایـە کار دەکـەم کـە سـەرۆک ڕایگەیانـدووە، واتـە کردنـەوەی لاپەڕەیێکـی نـوێ.

٢. حامـدی (Hammadi) ئامـاژەی بەوەکـرد لـە مـاوەی چەنـد سـاڵی ڕابـردوودا عێـراق تـەواوی هەوڵەکانـی وەگەڕخسـتووە تـا لەگـەڵ بەریتانیـا و کۆمەڵێـک وڵاتـی ڕۆژئاوایـی پەیوەنـدی دۆسـتانە دابمەزرێنێـت، بـەڵام بـۆ عێـراق، کوردسـتان بابەتێکـی زۆر جیددیـە بۆیـە قبـوڵ نـاکات هیـچ لایەنێـک دەسـت لـەم بابەتـە وەربـدات و یارمەتـی کـورد بـدات. لەوانەیـە هەندێـك کـەس وا بیـر بکەنـەوە کاری شـاندی پزیشـکی تەنیـا یارمەتیـی مرۆڤایەتییـە، بـەڵام بـۆ عێـراق ئەمـە بـە مانـای یارمەتیدانـی دوژمـن دێـت. بۆیـە حکومەتـی عێـراق زۆر بـە تونـدی دژی ئـەم کارەی بەریتانیـا دەوەسـتێتەوە.

٣. گوتـم ئەگـەر ئـەم ڕاپۆرتـە دروسـت بێـت، هیـچ پەیوەندییەکـی بـە شـاندی فەرمـی [حکومەتـی بەریتانیـاوە] نییـە. دەکرێـت ئـەم شـاندە شـاندێکی ناحکومـی بێـت و ئەگـەر حکومەتـی عێراقیـش بخوازێـت دژی ئـەم کارە بوەسـتێتەوە، ئـەوە مافـی خۆیەتـی، بـەڵام تاوانبارکردنـی بەریتانیـا کـە بەرپرسـیارە لـە ئەنجامدانـی ئـەم جـۆرە چالاکییـە ناحکومیانـە، بـەو مانایـە دێـت کـە داوامـان لێبکرێـت گشـت سیسـتەمی [بەریتانیـا] هەڵبوەشـێنینەوە و دەسـتوەربدەینە کاروبـاری ناوخـۆی وڵاتانـی دەرەوە. خـودی مـن و حکومەتـی بەریتانیـا، لـە قووڵایـی دڵـەوە کار دەکەیـن تـا پەیوەندییەکـی دۆسـتانە لەگـەڵ حکومەتـی عێـراق دابمەزرێنیـن؛ ڕابـردوو، ڕابـردووە، بـەڵام بـە گوێـرەی زانیاریـی و ئەزمونـی مـن لەکاتـی جەنگـی بیافـرەن (Biafran War)، ئێمـە هیـچ دەسـەڵاتێکمان نەبـوو ڕێگریـی لـە ئەنجامدانـی چالاکـی لـەم جـۆرە بکەیـن.

٤. حامـدی دووپاتـی کـردەوە، کەواتـە حکومەتـی عێـراق هیـچ کاتێـک حکومەتـی خاوەنشـکۆ بـە یارمەتیدانـی کـورد تاوانبـار نـاکات، بـەڵام «بـە ناڕاسـتەوخۆ» ئـەم کارە ئەنجـام دەدرێـت، بۆیـە ئێمـە بـە تونـدی لـە دژی ئەو شـاندە پزیشـکییە دەوەسـتینەوە کـە لـەم ڕاپۆرتـەدا باسـکراوە. گوتـم لـەم بابەتـە تێدەگـەم و سـەرنجەکان بـۆ سـەرووی خـۆم بـەرز دەکەمـەوە.

٥. وەزیـر لەسـەر ئـەم بابەتـە کـەم قسـەی کـرد، بـەڵام بـە گشـتی دیدارەکـە، دیدارێکـی وشـک بـوو. سـەختە بزانیـن حکومەتـی عێـراق چـۆن سـەیری شـاندێکی لـەم جـۆرە دەکات. بـە بـڕوای مـن ئـەوان لـە ناڕەزایـی دەربڕیـن لەهەمبـەر ئـەم شـاندە پزیشـکییە

بـەردەوام دەبـن و بەربەسـت دەخەنـە بـەردەم کارەکانـی ئێمـە؛ بـۆ نموونـە لـە پێدانـی ڤیـزا و لەوانـەش بەربەسـت بخەنـە بـەردەم پەیوەنـدی بازرگانـی.

٦. لـە کاتـی نووسـینی ئـەم ڕاپۆرتـە چـاوم بـە تەلەگرامـی تـاران بـە ژمـارە ٧٠٠ کـەوت، کـە تـازە بـە دەسـتم گەیشـت. ئەگـەر ئـەم تەلەگرامـە زووتـر بەدەسـتی مـن گەیشـتبا لـە پێگەیەکـی بەهێزتـرەوە لەگـەڵ وەزیـری [کاروبـاری دەرەوەی عێـراق قسـەم دەکـرد]. دڵنیـام ئەگـەر پێداگـری بکەیـن (پەرەگرافـی ٤ لـە تەلەگرامـی تـاران بەهەمـان ژمـارەی سـەرەوە) دەتوانیـن هـەر ئەوەنـدە [بـە حکومەتـی عێـراق بڵێیـن، پێکهێنانـی ئـەم جـۆرە شـاندانە] پرسـێکی ئەوتـۆ نییـە کـە حکومەتـی خاوەنشـکۆ، پەسـندی بـکات یـان ڕەتـی بکاتـەوە: ڕێکخـراوەکان، ئاژانسـگەلی ئـازادن.

٧. تکایـە نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، کۆپیـەک لـەم تەلەگرامـە بـۆ نووسـینگەی پارێـزراوی (Saving) واشـنتن و نوێنەرایەتـی شانشـینی یەکگرتـوو لـە نیویـۆرک بنێـرە.

GRAHAM

DEPARTMENTAL DISTRIBUTION،

NENAD

MND

DEFENCE D

GIPD NEWS D، MOD INTERNAL.

نهێنی (ل ٤٩٤-٤٩٥)

بەڕێز ویێر (Mr Weir)

بەڕێز کۆلی (Mr Colee)

پەنابەرە کوردەکان: نامەی بەڕێز دەلیل (Mr Dallyell) لە ڕێکەوتی ٢٥ی کانوونی یەکەم.

١. لە نامەی «شەڕ بە ویستی خۆت» کە بۆتان هاوپێچکراوە، بەڕێز دەلیل دوو پرسیاری سەرەکی دەوروژێنێت: ئەگەری دەستێوەردانی حکومەتی خاوەنشکۆ لە [کاروباری ناوخۆی] حکومەتی عێراق؛ هەروەها ئەگەری دەستێوەردانێکی هاوشێوە لە [کاروباری ناوخۆی] حکومەتی تورکیا، جا بە ڕاستەوخۆ بێت یان لە ڕێگەی کۆمەڵەی ئابوری ئەوروپاوە (EEC). بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری یەکەم، پشتم بە نامەکەی بەڕێز ئێنالس (Mr Ennals) بەست کە لە ٢٠ی ئەیلوول، بۆ پەرلەمانتار راسیڵ جۆنستۆن ناردبووی.

٢. لەبارەی ئەوەی حکومەتی تورکیا ئەو سنوورەی خۆی لە دراوسێتی ئێراندا، لەسەر پەنابەرانی کوردی عێراق داخستووە، لەوانەیە بەهۆی ئەوە بێت کە هەوڵی باشترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق دەدات. ئێمە لەو نیگەرانییەی لە نامەی «شەڕ لەسەر ویست››دا دەربڕاوە تێدەگەین، بەڵام دەبێ لەو ڕاستیەش بگەین کە هەردوو حکومەتی تورکیا و عێراق لە ناڕەزای دەربڕینی حکومەتی خاوەنشکۆ لە حکومەتی تورکیا تووڕە دەبن. هەروەها لەوانەیە تورکیا لە وروژاندنی پرسی پەنابەرە کوردەکان لە دژی ئێمە بوەستێتەوە، چونکە بە بڕوای ئەوان ئێمە بۆ ماوەی پێنج مانگ ڕێگەمان بە ٨،٥٠٠ پەنابەری تورکی قوبرس نەدا لە کەمپی خاوەن سەروەری بەشی ڕۆژئاوای قوبرس نیشتەجێ کرابوون، (Western Sovereign Base Area) بگوازرێنەوە تورکیا. ئێمە دەتوانین ئەم بانگەشەیە ڕەتبکەینەوە کە بە بۆچوونی ئێمە ئەو کەسانە کۆچبەر نەبوون، بەڵکو ئاوارە بوو، بۆیە ئێمە ڕێگەمان بەو کەسانەدا

کـە لـە کەمپەکـەدا نیشـتەجێ بـن. هەروەهـا داوا دەکەیـن حکومەتـی تورکیـا ڕێگـە بـدات پەنابـەرە کـوردەکان بێنـە نـاو خاکـی تورکیـا. بـەڵام هیـچ ئەنجامێـک بـۆ ئـەم ناڕەزایـی دەربڕینـەی حکومەتـی خاوەنشـکۆ نابینیـن، هەروەهـا بـە دڵنیاییـەوە ئـەم ناڕەزایـی دەربڕینـە پەیوەندیـی لـەرزۆک و هەسـتیارەکەی ئێمـە لەگـەڵ حکومەتـی تورکیـا ئاڵۆزتـر دەکات، بـە تایبەتـی حاڵیحـازر پێویسـتیمان بـە هەماهەنگـی تورکیـا لـە پرسـی قوبرسـدا هەیـە.

٣. بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا لەسەر ئەم بۆچوونە هاوڕاییە.

T J Clark

بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

١٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٤

چـی دەڵێـن بـۆ خسـتنەخوارەوەی دوو فڕۆکـەی عێـراق لەلایـەن ئێرانـەوە و بـەو موشـەکانەی لـە بەریتانیـا بەرهەمهێـنراون؛ هەروەهـا بوونـی شـاندی سـندوقی بەریتانیـا بـۆ پاراسـتنی منـداڵان (British Save the Children Fund)کـە لـە دیـوی سـنووری ئیرانـە تـا یارمەتـی پەنابـەرە کـوردەکان بـدەن. مـن لـەوە دەترسـم پرسـی کـورد لـە پەیوەندییەکانـی نێـوان بەریتانیـا و عێراقـدا، ببێتـە خاڵێکـی ئـازار هێنـەر. تـا ئەوکاتـەی ئێمـە لـە پێگەیەکـدا نەبیـن کـە دەسـت لـەم کارە وەربدەیـن، پێویسـتە ئێمـە لەهەمبـەر گوشـارەکان بـۆ دەسـتێوەردان [لـە پرسـی پەنابـەرانی کـورددا] خۆڕاگـر بیـن و [دەسـت لـەم کاروبـارەدا وەرنەدەیـن]؛ بەهەرحـاڵ، لەوانەیـە مـرۆڤ بکەوێتـە ژێـر کاریگەریـی لایەنـی مرۆڤدۆسـتی ئـەم کارە.

MSwEIR

٢٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٤

نهێنی ( ل٤٩٦)

GR 200، IMMEDIATE

CYPHER CAT A

FM TEHRAN 191000Z DEC

بـۆ تەلەگرامـی بـە پەلـەی نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە و کۆمۆنوێلـس بـە ژمـارە ٧٠٠ لـە ١٩ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٧٤، هەروەهـا بـۆ بەغـدا.

تەلەگرامەکەتان بە ژمارە ٤٩١: یارمەتی سندوقی ڕزگارکردنی منداڵان بۆ کورد

١. لـە ٢٦ی تشرینـی دووەم موینیهـان (Moynyhan) نامەیەکـی بـۆم نووسـیوە و تێیـدا ئامـاژەی بـەوە داوە پێـش دەرچوونـی لـە تـاران ئـاگادارم دەکاتـەوە تـا لەسـەر ئـەو ڕاسـتییانەی لـە سـەردانەکەی بـۆ کوردسـتان بەدەسـتی هێنـاون قسـەم لەگـەڵ بـکات. ئـەو نـە لـە پێـش گەشـتەکەی و نـە لـە دوای گەشـتەکەی منـی ئـاگادار نەکردووەتـەوە.

٢. ڕۆژنامەکانـی ئەمـڕۆی ئێـران کۆنفرانسـە ڕۆژنامەوانیەکـەی موینیهانیـان بڵاوکردووەتـەوە کـە لـە لەنـدەن ئەنجامـی دابـوو و ئامـاژەی بـەوە کردبـوو لـە حەوتـەی داهاتـوودا چـوار کـەس لـە تیمـی سـندوقی ڕزگارکردنـی منـداڵان لـە حاجـی ئۆمـەران دەسـت بـەکار دەبـن.

٣. چونکـە ئـەوان هەوڵـدەدەن خۆیـان لـە ئێمـە دوور بگـرن، لەوانەیـە باشـتر بێـت لەگـەڵ سـندوقی ڕزگارکردنـی منـداڵان قسـە بکەنـەوە و ئامـاژە بـەوە بـدەن کـە لـەم بارودۆخـەدا پشـتیوانی کۆنسـولگەریی [بـۆ ئـەو کارەی ئـەوان ئەنجامـی دەدەن] سـنووردارە.

٤. باشـترە چوارچێوەیـەک بـۆ چۆنیەتـی مامەڵەکـردن لەگـەڵ ئـەم جـۆرە پرسـیارانە دابڕێژیـن. بـێ مۆڵـەت وەرگرتـن لـە حکومەتـی عێـراق، ئێمـە بـە فەرمـی ناتوانیـن پشـتگیریی لـە ناردنـی تیمـی بەهانـاوە هاتـن بـۆ عێـراق بکەیـن. لـە

لایەکــی دیکــەوە، ئێمــە نامانەوێــت بەهــۆی ناردنــی شــاندێک کــە ئامانجــی تەنیــا کاری مرۆییــە، ڕووبــەڕووی ڕەخنەگرتــن ببینــەوە. لەبــارەی بۆچوونتــان (لەســەر پێشــینەی ئــەم جــۆرە کارانــە لــە بیافــرا)؛ بــە بۆچوونــی مــن باشــترە ســندوقی منداڵپارێــزان، بەڕێکخراوێکــی خێرخــوازی بناســێنین کــە لەســەر بنەمــای مرۆڤایەتــی کارەکانــی ئەنجــام دەدات و لــە حکومەتــی خاوەنشــکۆ ســەربەخۆیە، بۆیــە حکومەتــی خاونشــکۆ دەســتێوەرناداتە کاروبــاری شــاندی پزیشــکی، بــەڵام پرســیاری ئــەوە دەکرێــت، بەهەرحــاڵ، حکومەتــی خاوەنشــکۆ مۆڵەتــی بــە ناردنــی ئــەم شــاندە داوە، بۆیــە دەمەوێــت بزانــم بــۆ وەڵامدانــەوەی ئــەم جــۆرە پرســیارە چ چوارچێوەیــەک بگرینەبــەر.

PARSONS

FILES: MED، MR WEIR

نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس (ل ٤٩٧-٤٩٨)

London SW1A 2AH

٣١ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٤

لەلایەن: وەزیری کاروباری دەرەوە، بەڕێز دێڤید ئێنالس.

سوپاس بۆ نامەکەتان لە ڕێکەوتی ١٥ی کانوونی یەکەم کە نامەکەی ئیان مەکدۆنالد (Ian McDonald) بە ناونیشانی «شەڕ لەسەر ویست›› (War on want) یش لەگەڵیدا هاوپێچکرابوو کە پەیوەست بوو بە بارودۆخی باکووری عێراق.

ناکۆکی ناوخۆیی لە هەر وڵاتێکدا، شتێکی ناخۆشە؛ بەتایبەتی ئەگەربەهۆی ئەم ناکۆکییەوە خەڵکی بێ تاوان و خێزانەکانیان دەربەدەر و ئاوارە بن. لەبارەی ئەم کەیسە، دەزانم پتر لە ١٢٠،٠٠٠ کورد لە ڕۆژئاوای ئێران پەنابەربوونە و بە پێی ئەو زانیارییانەی بە من دراون حکومەتی ئێران لە ڕێگەی کۆمەڵەی ’شێر خورشید و خۆری ئێران زۆر بە باشی چاودێری ئەم پەنابەرانە دەکات. حکومەتی ئێران ڕایگەیاندووە بە تەنیا دەتوانێت چاودێری ئەم پەنابەرانە بکات و ئاگادارم کە چەندین ڕێکخراوی خێرخوازی بەریتانی و نێودەوڵەتی لەم کارەدا هاریکاری کۆمەڵەی ’شێر خورشید و خۆری ئێران دەکەن. هەروەها هەندێك دەنگۆم بیستووە، ئەگەرچی هیچ بەڵگەیەکم بۆ پشتڕاست کردنەوەی ئەم دەنگۆیانە لەبەدەست نییە، گوایە پەنابەران لەسەر سنووری نێوان تورکیا و عێراق ڕووبەڕووی کێشەی جیددی بوونەتەوە.

لەبارەی داواکارییە تایبەتەکەی بەڕێز مەکدۆنالد، دەبێ ئاماژە بەوە بکەم حکومەتی خاوەنشکۆ لەو پێگەیەدا نییە بتوانێت بە فەرمی بەرگری لە هاووڵاتیانی وڵاتانی دیکە بکات. بەڵام کاتێک هەستی گشتی خەڵکی بەریتانیا لەبارەی کێشەیەکی ناوخۆیی وڵاتێکیتر هێندە بەهێز بێت، لەوانەیە لەم جۆرە بارودۆخەدا پەیوەندی لە نێوان ئێمە و وڵاتەکە ڕووبەڕووی مەترسی ببێتەوە، بۆیە لەم جۆرە بارودۆخەدا ئێمە ئەم حەقیقەتە [هەستی گشتی خەڵکی بەریتانیا] دەخەینە بەردەم حکومەتی پەیوەندیدار. هەڵبەت تەنیا لەو کاتانەدا ئێمە ئەم

هەنــگاوە دەگرینەبــەر کــە بزانیــن هەندێــك دەســکەوتی باشــی لێدەکەوێتــەوە؛ یــان ئــەم هەنــگاوە نەبێتــە هــۆی دەســتوەردان لــە کاروبــاری ناخۆیــی وڵاتێــک و دواتــر باردۆخەکــە لــە کۆنــترۆڵ دەربچێــت؛ و هەروەهــا دژە پەرەچەکردارییــی (counter-productive) [لــە لایــەن وڵاتــی پەیوەندیــدار] لــێ نەکەوێتــەوە.

ئێــوە لــەم قســەیەی مــن تێدەگــەن ئەمــە لــە دەســتی حکومەتدایــە بزانێــت کــەی دەتوانێـت ئـەم هەنگاوانـە بگرێتەبـەر و چ جـۆرە کردارێـک ئەنجـام بدات. ئێمـە پەیوەندی جیاوازمــان لەگــەڵ وڵاتــە جۆراوجۆرەکانــدا هەیــە، بۆیــە جــۆری گوشــار خستنەســەر ئــەم وڵاتانــە جیــاوازە. کۆمەڵێــک ڕاســتی هــەن پێویســتە سیاســەتی ئێمــە ڕەنگدانــەوەی ئــەم ڕاســتیانە بێــت، بــەڵام ئــەوە بــەو مانایــە نایێــت کــە هەڵوێســتی ئێمــە لەهەمبــەر پێشــێلکردنی مافەکانــی مــرۆڤ لــە وڵاتــە جۆراوجۆرەکانــدا جیــاوازە.

لــە کەیســی کــورد و حکومەتــی عێــراق، ئێمــە نەتەنیــا لــەو پێگــە فەرمیــەدا نیــن بتوانیــن دەســت لــەم کارە وەربدەیــن، بەڵکــو تەنانــەت بــە بــڕوای ئێمــە ئــەو هەنگاوانــەی لــە ســەرەوە ئامــاژەم بــۆ کــردن، هیــچ کاریگەرییــەک لەســەر ئــەم کەیســە دروســت نــاکات و یارمەتــی ئــەو کەســانەش نــادات کــە پەیوەســتن بــەم کەیســەوە [واتــە بــۆ کــورد یارمەتیــدەر نییــە].

زۆر بــە وردییــەوە ڕەچــاوی داواکاریــی نارەزایــی دەربڕینــم لــە حکومەتــی تورکیــا کــرد، کــە ســنوورەکەی لەســەر پەنابــەرانی کــورد داخســتووە. بەداخــەوە دەڵێــم هــەردوو حکومەتــی تورکیــا و عێــراق لــەم جــۆرە ڕێــکارە تــوڕە دەبــن و نابێتــە هــۆی دووبــارە کردنــەوەی ســنوورەکان.

زۆر نهێنی (ل ٤٩٩-٥٠٠)

IMMEDIATE

CYPHER CAT A

GRS 460/4

FM BAGHDAD 17130Z DEC

DESKBY 171400Z DEC

بـــۆ: تەلەگرامـــی خێـــرای وەزارەتـــی بەرگـــری شانشـــینی یەکگرتـــوو (MODUK) ژمـــارەی ١٧١٣٠ز.

بـۆ تەلەگرامـی خێـرای واشـنتۆن و تـاران (deskby moduk only) ئەولەویەتـی زانیاری، نووسـینگەی پاراسـتنی زانیـاری لـە کوێـت، بەیـروت، ئەنقەرە و دیمەشـق.

DIG FOH

پوختەی حەوتانە

**یەکەم:** کوردستان

دوێنـێ وەزارەتـی بەرگـری عێـراق (MOD) بەیاننامەیەکـی فەرمـی بڵاوکـردووە کـە لـە شـەپۆلی ١٧٠٠ هێرتـس لـە ١٤ دیسـەمبەر وەرگیـراوە و دەڵێـت، لـە کاتێکـدا فڕۆکەکانـی ئێمـە سـەرقاڵی بەجێگەیاندنـی ئەرکەکانیـان بـوون لـە باکـووری خاکـی عێراقـدا و یەکێـک لـەوان لـە بەرزییەکـی زۆردا دەفـڕی لەلایـەن موشـەکێکی هۆکـی ئـەرز بـۆ ئاسـمانەوە خرایەخـوارەوە کـە لەلایـەن ئەمریـکاوە دروسـت دەکرێـت و هێزەکانـی ئێـران هەیانـە.

لـە شـەپۆلی ١٦٠٠ هێرتـس لـە ١٥ی کانوونـی یەکـەم، هەمـان کـردەوە دووبـارە کرایـەوە و یەکێکیـتر لـە فڕۆکەکانـی ئێمـە بـە هەمـان شـێوەی پێشـوو بـە موشـەکی هـۆک و لەنـاو خاکـی عێراقـدا پێکێـنرا. دەسـتدرێژی ئێرانییـەکان و کردارەکانـی دەستێوەردان و کـردارە دوژمنکارییەکانیـان بـە پاڵپشـتی ئیمپریالیزمـی ئەمریـکا، چووەتـە

قۆناغێکـی مەترسـیدارەوە. ئێـران و ئـەو کەسـانەی لـە پشـت ئـەم کردارانـەدان، دەبـێ بەرگــەی ئەنجامــەکان بگــرن.

**دووەم:** ئـەم کردارانـە بـە خسـتنەڕووی حەقیقـەتی لاواز و ڕوونکردنەوەیەکـی کـەم، بوونەتـە مانشـێتی ڕۆژنامـە ناوخۆییـەکان. بـە بڕوای ئێمـە هـەردوو فڕۆکەکە لەنـاو چوونە.

**سـێیەم:** وەرزی زسـتان بـە بارینـی بەفرێکـی زۆر لـە بەرزاییەکانـی باکـووردا دەسـتی پێکـردووە. لـە کەرکـووک نزمتریـن پلـە و بەرزتریـن پلـە ١٤. لـە مووسـڵ نزمتریـن پلـە ٤ و بەرزتریـن پلـە ١٢. لـە بەغـدا نزمتریـن پلـە ٧ و بەرزتریـن پلـە ١٠.

**چـوارەم:** هێزەکانـی حکومـەت بەردەوامـن لـە ئەنجامدانـی گەشـتی چـالاک (دوریـات الفعالـة) و تەقەکـردن و بۆمبارانکردنـی چـڕ لـە گشـت بەرەکانـدا.

**پێنجەم:** دەنگۆی کۆچی دوایی بارزانی هەر بەردەوامە.

**شەشــــەم:** کۆپیــــەک لــــەم تەلەگرامــــە لەســــەر داواکاری (Lowre U. S. Interests Section) بــــۆ واشــــنتۆن نێــــردراوە.

تکایـە نووسـینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس کۆپیەک بۆ گشـت [نووسـینگەکانی] پاراسـتنی [زانیـاری] پەیوەندیدار بنێرە.

GRAHAM

FILES:

DEF D

MR. THOMSON

MR. CAMPBELL

MR. WEIR

نهێنی (ل ٥٠١-٥٠٤)

DESKBY 311100Z DEC، CYPHER ACT A

FM BAGHDAD 311100Z DEX

SECRET، DESKBY 319815 Z DEC

بـۆ: تەلەگرامـی خێـرای وەزارەتـی بەرگـری شانشـینی یەکگرتـوو (MODUK) ژمـارەی ٣١٠٨١٥ز، کانوونــی یەکەمــی . ئەولەویەتــی زانیــاری، نووســینگەی کاروبــاری دەرەوە و کۆمۆنوێلــس و (JISNE). نووســینگەی پاراســتنی زانیــاری لــە کوێــت، بەیــروت، ئەنقــەرە، دیمەشــق و تــاران. DIG FOH

**کوردستان:**

**یەکــەم:** لەلایــەن (DMI) لــە وەزارەتــی بەرگرییــەوە، گشــت هاوپێچــەکان لــە ٣٠ی کانوونــی یەکــەم کۆکراونەتــەوە تــا پوختەیــەک لەســەر بارودۆخــی باکــوور بخاتــەڕوو. هیواداریــن ئەمــەش بــە شــێوەی مانگانــە بێــت. حکومەتــی عێــراق ئــاگادارە لــەوەی پێویســتە ڕووبــەڕووی پڕوپاگەنــدەی ئێرانییــەکان و کــورد ببێتــەوە. پەیامنێــری ڕۆیتــەرز، هۆگـۆ ئانسـۆن (Hugo Anson) بـۆ دروسـتکردنی ئـەم پوختەیـە پەیوەنـدی بـە باڵیـوزەوە کـردووە و دەبێتـە یەکـەم پەیامنێـری بەریتانـی کـە ڕێگـەی پێـدراوە سـەردانی ناوچەکانـی باکـوور بـکات، ئەمـەش جیـا لـەو کەسـانەی لـە ٥ی تشرینـی یەکـەم سپۆنسـەر کرابـوون تـا سـەردانی هەولێـر بکـەن.

**دووەم:** بـە شـێوەیەکی سەرسـوڕهێنەر کورتـەی وەزارەتـی بەرگـری زۆر بـێ گرێیـە و دوورە لـە پڕوپاگەنـدەی ئاسـایی و کلێشـەی بەعسـییەکان.

**سێیەم:** هەروەک لە ڕاپۆرتەکەم (FOH 262745Z) ئاماژەم پێداوە هێلەکانی هەنوکەیی لە دەستی حکومەتدان، هەندێك پێشبینی هەن کە لە خوارەوە ئاماژەم پێداون:

١ ڕێـگای زنتـا کـە لـە باکـووری ئاکـرێ و لەسـەر ڕێـگای ئاکـرێ بـۆ بـارزان، ئێسـتا لـە دەسـت هێزەکانـی حکومەتدایـە.

**ب** هەنوکە، بەرزاییەکانی زۆزک بە تەواوەتی لە دەست حکومەتدایە، هەروەها بەرزاییەکانی تاتان کە لە باکووری ڕۆژئاوای زۆزکە. کەواتە دووەم هێڵی پشتیوانی کورد بۆ ناوچەکانی باڵەک و بادینان پچڕاوە (بۆ نموونە، ناوچەکانی بارزان و ئامێدی).

**ج** تەنیا لێژییەکانی باکووری هندرێن بە دەست حکومەتەوەن.

**چوارەم:** هێزەکانی عێراق خەریکی خاوێن کردنەوەی ئۆپۆزیسۆنن (OPS) لە ناوچەکانی سلێمانی، کۆیسنجەق، ڕانیە، دهۆک، زاخۆ و ئاکرێ.

**پێنجەم:** ئەو کوردانەی لەم دواییە خۆیان بەدەستەوە داوە، ورە و ویستێکی لاواز بۆ شەڕکردن نیشان دەدەن. لەم دواییانە عێراق کۆمەڵێک کوردی ئێران و سەربازی ئەسیر کردووە کە خۆیان وەک پێشمەرگە نیشانداوە.

**شەشەم:** مەبەستی عێراق ئەوەیە وا نیشان بدات کە زۆرینەی کورد دەخوازن بگەڕێنەوە سەر گوندەکانیان و شەڕ بوەستێت، بەڵام ڕێگریان لێ دەکرێت لەلایەن:

**ا** بوونی خێزانەکانیان لە ئێران.

**ب** گوشاری سەرکردە کوردەکان کە وایان نیشان داوە خۆ بەدەستەوەدان، واتە لە سێدارەدان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە.

**ج** خستنەڕووی کردەوە گەلێکی بێ بەزەییانە لەلایەن سەرکردەکانی کوردەوە، لەوانە لەسێدارەدان بۆ بەرگرتن لە چوونی کورد بۆ پاڵ حکومەت.

**حەوتەم:** بە زیادبوونی خۆبەدەستەوەدانی کورد (ژمارەی گشتی دیار نییە) و کەمبوونی ویستی شەڕ کردن، یارمەتی ئێرانییەکان بۆ کورد زیادی کردووە.

**هەشتەم:** پشتگیریی ئێرانییەکان تەنیا هۆکاری بەردەوامیدان نییە بە شەڕ لەلایەن کوردەوە. پشتگیرییەکە بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیە.

**نۆیەم:** پشتگیری ڕاستەوخۆ ئەمانە لە خۆ دەگرێت:

**ا** یەکەکانی سوپای ئێران لە ناوچەکانی گەڵاڵە، ڕانیە و قەڵادزێ، تۆپبارانی پێگەکانی حکومەت دەکەن.

**ب** یەکەکانـی (AA) ئێـران پشـتگیری پێگـە سـەربازییە سـەرەکییەکانی ئێـران و پێشـمەرگە لەنـاو عێراقـدا دەکـەن.

**ج** هێـزی پیـادەی ئێـران و هێـزی تایبـەت پشـتگیری پێگـە سـەربازییەکانی ئێـران دەکـەن و بـە تەنیـا یـان لەگـەڵ پێشـمەرگە کار دەکـەن.

**دەیەم:** یارمەتی ناڕاستەوخۆ ئەمانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێت:

**ا** لێـدان بـە قازیفـەی قـورس 100S و موشـەکی زەوی بـۆ زەوی. وەک ڕۆکێتـی گـراد. سـەرەڕای چەندیـن پرسـیار ئـەم بابەتـە بـە وردی ڕوون نەکراوەتـەوە یـان دەستنیشـان نەکـراوە. ئـەم لێدانـە هـەردوو ڕۆژ جارێکـە ئەویـش لـە ئێرانـەوە بـۆ ئێـراق بـە تایبەتی لـە ناوچـەی قەڵادزێیـەوە.

**ب** بەردەوام بوونی یارمەتی چەک و تفاق و خۆراک.

**ج** دابینکردنی ئامرازی ڕاهێنان و ناردنی گروپی پارتیزانی لەلایەن ئێرانەوە.

**د** گوشارخسـتنە سـەر کـورد بـۆ ناردنـی خێزانەکانیـان بـەرەو ئێـران. ئەگەرچـی ئـەم کارە لـە بەرژەوەنـدی ئێرانـدا نییـە، ئەمـە وەک ئامرازێکـە بـۆ بەردەوامـی دان بەشـەڕ و ڕاگرتنـی کـورد بـۆ شـەڕ کـردن.

**ه** ڕێگەدان بە ڕۆژنامەنووسەکان بچنە ناو کوردستانی عێراق.

**و** پاڵپشـتی میدیایـی لەگـەڵ گەورەکردنـی بانگەشـەی چالاکییەکانـی کـورد و پڕوپاگەنـدەکانی دیکـە.

**ی** بەزاندنی ئاسمانی عێراق بۆ بەهێزکردنی ورەی کورد.

**یازدەیـەم:** خسـتنە خـوارەوەی باجـەر ئەی/سـی کـە ئێرانیـەکان و کـورد بانگەشـەی دەکـەن. موشـەکەکانی هـۆک لەنـاو خاکـی عێراقـدا جێگیـر کـراون. دەنگـۆ هەیـە لـە حاجی ئۆمـەران بـن. باجەرێـک نزیکـەی ١٠ کیلۆمەتـر دوورتـر لـە هێلەکانـی شـەڕ لـە عێـراق نزیـک ڕۆژئـاوای گەلاڵـە، تێکشـکێنراوە. ئەی/سـی یەکێـتر کـە خراوەتـە خـوارەوە بریتییـە لـە SUV، سـەرەڕای ڕەتکردنـەوەی ئەمریـکا لـە دابینکردنـی هـۆک بـۆ ئێـران. (DMI) دوو

وێنـەی لـە ڕۆژی نمایشـی سـەربازیی ئازەربایجـان لـە تـاران لـە سـەرەتای کانوونـی یەکـەم کـە دوو موشـەکی هـۆک لـە نمایشـەکەدان، نیشـان دەدات.

**دوازدەیـــەم:** ئێمـــە کەرەســـتەی جۆراوجـــۆر دەخەینـــەڕوو کـــە لـــە کەرەســـتەی ئێرانییەکانــەوە گیــراوە و هەروەهــا چەکــی نەتەقیــو یــان پارچــە قازیفــەی ١٧٥ ١٥٥ ٢٠٣ ١٣٠ ١٢٢ و ١٦٣. ئەمەی خوارەوە چەکە نیشاندراوەکەیە: ٨٢ ملم م.و.ر، ٦٣ ملم م.و.ر،     س س١٠ و ١١، ئارپیجــی ٢ و ٧، برنــۆ ل م ج، چەکــی چینــی، ڕووســی، ئەمریکــی و تفاقــی بەریتانــی کــە لەدەســت کــوردەوە گیــراوە. ئــەوان دەڵێــن هەندێــك لــە کەرەســتە ڕووســییەکان لەلایــەن ئیسرائیلــەوە لــە ســینا دەســتی بەســەردا گیــراوە و بــۆ کــورد نێــردراوە.

**سـێزدەیەم:** نوێنــەری ئێــران (Iranian MA) هەوڵــی بەرگریکــردن لــە هەڵوێســتی ئێرانیــدا و بــە شــێوەیەکی سیاســیانە گوتــی، ئەگــەر ویســتبای پەیوەنــدی بــە عێراقیــە درۆزنەکانــەوە بـکات، دەیتوانــی بەخــۆی بــە پێــی ڕێــکارە تایبەتییەکانــی خــۆی ئــەم کارە ئەنجـام بـدات. هەروەهـا نوێنـەری چینییـەکان بـە نیشـاندانی چەکـی چینـی، بـە توندی ئــەوەی ڕەتکــردەوە [کــە ئــەم چەکانــە لەلایــەن چینــەوە بــە کــورد درا بێــت].

**چواردەیەم:** لە بەرزاییەکان بەفرێکی زۆر باریوە، بەڵام تەواوی ڕێگاکان کراوەن.

**پانزدەیـەم:** ئێـراق ئـەوەی پشتڕاسـت کردووەتـەوە کـە کـورد لـە پشـتەوەی پێگەکانـی عێراقـدا، بەردەوامـن لـە ئەنجامدانـی چالاکـی پارتیزانـی.

**شانزدەیەم:** دووبارە سەرۆک بەکر دەرکەوتووەتەوە.

تکایـە نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە و کۆمۆنوێلـس کۆپیـەک لـەم نامەیـە بـۆ گشـت نووسـینگەکانی پاراسـتنی زانیاریـی پەیوەندیـدار بنێـرە.

BT GRAHAM

پوختە (ل ٥٠٥-٥٠٧)

نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس، لەندەن

ئاداری ١٩٧٩

**کێشەی کورد**

کـورد نزیکـەی ١٠ ملیـۆن کەسـن، ژمارەیەکـی بەرچـاو لـە دانیشـتوانی تورکیـا، ئێـران و عێـراق پێـک دێنـن و ژمارەیەکـی کەمیـش لـە سـووریا، لـە یەکێتـی سـۆڤەت و لوبنانـدا دەژیـن. زۆربەیـان لـە ناوچـە شـاخاوییەکانی ڕۆژهەڵاتـی تورکیـا و وڵاتانـی دەورووبـەردا دەژیـن. هەروەهـا، کـورد لـە کۆمارەکانـی سـۆڤیەت وەک ئەرمەنیـا، جۆرجیـا و ئازەربایجانـدا هـەن (بڕوانـە خشـتەکە). زۆربـەی کـورد مووسـڵمانن و سـەر بـە ئایینـزای سـونەن.

کـورد بـۆ نزیکـەی ٣٠٠٠ سـاڵ وەک گەلێکـی خێڵەکـی کـە خـاوەن کولتـور و زمانـی تایبـەت بـە خۆیانـن لـەم ناوچانـەدا ژیـاون، بـەڵام تەنیـا لـە کۆتاییەکانـی سـەدەی نۆزدەیـەم بـووە کـە سـەرکردەیەکی کـورد بـە بیرۆکـەی یەکگرتـووی گشـت کـورد لـە دەوڵەتێکـدا، سـەریهەڵداوە. لەوکاتەشـەوە تـا هەنوکـە [بـۆ گەیشـتن بـەم ئامانجـە] هەوڵـی زۆر دراوە. یەکێـک لـە کێشـەکانی بـەردەم دامەزراندنـی شوناسـێکی یەکگرتـوو بریتییـە لـەو ڕاستییەی کـە زمانـی کـوردی دوو شـێوەزاری سـەرەکی هەیـە، لـە لایەکـی دیکـەوە، نزیکـەی ٨٥٪ کـورد نەخوێنـدەوارن. هەروەهـا جیـاوازی خێڵایەتـی، لەمپـەر بـووە لەبـەردەم یەکێتـی کـورد دا.

لـە سـەدەی هەڤدەیـەم بـۆ سـەدەی نۆزدەیـەم، سـێ یەکـی کـورد لـە ژێـر فەرمانـڕەوای دەوڵەتـی عوسـمانیدا بـووە، ئەویتریـش لـە ژێـر دەسـەڵاتدارێتی دەوڵەتـی سـەفەوی فارسـدا. سـەرهەڵدانی کـورد بـەردەوام بـووە بـە تایبەتـی لـە دژی تورکـەکان لـە سـاڵانی ١٨٢٦، ١٨٣٤ و لـە میانـەی شـەڕی ڕووس و تـورک لـە ١٨٥٣-٥٦.

بـە شکسـتی تورکـەکان لـە یەکـەم جەنگـی جیهانیـدا، وا چـاوەڕوان دەکـرا هـەر یـەک لـە گەلانـی جیـاواز ببنـە خاوەنـی دەوڵەتـی تایبـەت بـە خۆیـان. بەرنامـەی

سـەرۆک ودرۆ ویلسـۆن «بەرنامـەی ئاشـتی جیهانـی›› لـە ١٩١٨دا ئامـاژەی بـەوە کـرد، پێویسـتە بـۆ کەمینەکانـی ئیمپراتـۆری عوسـمانی «دەرفەتێکـی لەبەیـن نەبـراو بـۆ گەشـەی سـەربەخۆیانە›› دابیـن بکرێـت. پەیماننامـەی سـیڤەر کـە لـە ئابیـی ١٩٢٠ لـە نێـوان هاوپەیمانـان و سـوڵتانی تورکیـا واژوو کـرا، مافـی دامەزراندنـی دەوڵەتـی کوردسـتان و ئەرمەنیـای فەراهـەم کـرد، سـەرەڕای دامەزراندنـی سـێ دەوڵەتـی عەرەبـی واتـە حیجـاز کـە دواتـر بـوو بـە عەرەبسـتانی سـەعودی، سـووریا و عێـراق. بـە گوێـرەی پەیماننامەکـە دامەزراندنـی دەوڵەتـی کـوردی بـە پێـی ویسـتی زۆرینـەی کـورد دەبێـت کـە لـە ناوچەیەکـی دیارکـراودا دەژیـن و ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گەلانـی ڕاسـپارد تـا بزانێـت، ئایـا ئـەوان دەتوانـن مومارەسـەری سـەربەخۆیی بکـەن.

پەیماننامەکــە هەرگیــز لەلایــەن ئەنجوومەنــی نیشــتیمانی تورکیــاوە پەســەند نەکـرا و لـە تشرینـی دووەمـی ١٩٢٢دا، سـەڵتەنەت لـە تورکیـا لەنـاو بـردرا. هەڵمەتـە سـەربازییە یـەک لـە دوا یەکـەکان کـە لەلایـەن کەمـال ئەتاتورکـەوە ئەنجامـدرا، کۆمـاری ئەرمەنیـای سـەرکوت کـرد کـە تـازە دامەزرابـوو و هیـوای دامەزراندنـی دەوڵەتـی کوردستانیشـی لـە بەیـن بـرد. پەیماننامـەی لـۆزان لـە سـاڵی ١٩٢٣دا کـە لەلایـەن تورکەکانـەوە پەسـەند کـرا، دان بـە دامەزراندنـی سـێ دەوڵەتـی عەرەبیـدا دەنێـت، بـەڵام هیـچ ئاماژەیـەک بـە کوردسـتان یـان ئەرمەنیـا نـاکات. ئـەم پرسـەش هەرگیــز بــۆ جارێکیــتر بــە جیــددی بــاس نەکرایــەوە.

لـەم سـاڵانەی دوایـدا، جوڵانـەوەی کـوردە ناسیۆنالیسـتەکان لـە عێـراق، ئێـران و تورکیـادا، کـە بـە سـەربەخۆیانە لـە یەکـتر کار دەکـەن، چالاکـی بەرچـاوی ئـەم دیـو و ئـەو دیـو سـنوور ئەنجـام دەدەن. تەنیـا لـە عێراقـدا ئـەوان ئـەم تواناییەیـان هەیـە، هەڕەشـەی جیـدی بـۆ سـەر حکومـەت دروسـت بکـەن. ئـەوان خۆیـان بـە دوور گرتـووە لـە پەنابردنـە بـەر کـردەوەی تیرۆریسـتی هاوچەشـنی ئـەوەی لـە ڕێکخـراوی ڕزگاریخـوازی فەلەسـتینی ئەنجـام دەدرێـت.

**تورکیا**

دوا بەدوای سەرکوتکردنی سەرهەڵدانی کورد لە ١٩٢٠ و ١٩٣٠یەکاندا، دەسەڵاتدارانی تورک بەرپەرچی هەر جۆرە خستنەڕوویەکی شوناسی جیاوازی کوردی کردووە. لە ساڵی ١٩٦٧دا، بە نایاسایی پارتی دیموکراتی کورد دامەزرا، کە خاوەن کەسایەتی بەهێزی سۆشیالیست بوو و دواتر بووە هاوپەیمانی پارتی کاری تورکیا کە پارتێکی یاسایی بوو. ئەنجامی سەرەکی ئەم هاوپەیمانییە بریتی بوو لە بەرزبوونەوەی ئاستی سەرکوتکردن لە ناوچە کوردییەکاندا. لەم ساڵانەی دواییدا ئامادەیی سەربازیی تورکیا لە ناوچە کوردییەکاندا بە وریاییەوە بووە و هەندێك چالاکی کوردەکان لە ئارادا بوونە، بەڵام کورد وەک هێزێکی پێگە لە دروستکردنی ناسەقامگیریدا ماونەتەوە.

بە پێچەوانەی کوردی ئیمپراتوری عوسمانی، کوردی ئێران لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیدا بە ڕاستەوخۆ هان نەدران بیر لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بکەنەوە. دراوسێتی ئەوان لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا، ئەو توانایەی پێ بەخشین هەر لە زوودا پەیوەندی لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای سۆڤیەت ببەستن و سۆڤیەتێکی تەمەن کورت لە هەندێك بەشی کوردستانی ئێران لە ساڵانی ١٩٠٥ و ١٩١٨دا دامەزرا. دوای داگیرکردنی ئێران لە ساڵی ١٩٤١دا لەلایەن بەریتانیا و یەکێتی سۆڤیەتەوە، ئەو کورد و ئازەریانەی لە زۆنە داگیرکراوەکەی یەکێتی سۆڤیەتدا دەژیان، توانیان حوکمڕانی بەسەر خۆیاندا بکەن، بە پێچەوانەوە لە زۆنی بەریتانیادا، سوپا توانی کۆنترۆڵی ناوچەکە بکات. لە ساڵی ١٩٤٥دا، دوو دەوڵەتی کۆماری لە زۆنی یەکێتی سۆڤیەتدا دامەزران: کۆماری دیموکراتیکی ئازەربایجانی ئێران و کۆماری کورد لە مەهاباد. دوای پاشەکشەی هێزەکانی سۆڤیەت لە مانگی مەی ١٩٤٦دا، یەکێتی سۆڤیەت لە کانوونی یەکەمی ١٩٤٦دا، هیچ هەوڵێکی نەدا بۆ ڕاگرتنی ئێرانییەکان لە دەستبەسەردا گرتنی هەردوو کۆمارەکەی ئازەربایجان و مەهاباد و لەسێدارەدانی سەرکردەکانی دوو کۆمارەکە. دواتر شا بەردەوام بوو لە سەرکوتکردنی کوردە ناسیۆنالیستەکان و قەدەغەکردنی پارتی دیموکراتی کورد،

کـە بانگەشـەی ئۆتۆنۆمـی لـە چوارچێـوەی خاکـی ئێرانـدا دەکـرد، بـەڵام تەحـەدای دەسـەڵاتەکانی حکومەتـی ناوەنـدی لەبـارەی سیاسـەتی دەرەوە و پلانـی درێژخایەنـی ئابـووری و بەرگـری نەدەکـرد.

بـە کۆتایهاتنـی ڕژێمـی شـا، پرسـیاری جـۆری پەیوەندییەکانـی داهاتـووی نێـوان کـورد و حکومەتـی ئیسـلامی سـەریهەڵداوەتەوە. لـە داڕشـتنی دەسـتوری تـازەی ئێـران، حکومـەت بـە ئاشـکرا خـۆ دوورخسـتەوە لـە دۆخـی ڕابـردوو و بەخشـینی ئیمتیـازات بـە کـورد، چونکـە ئـەوان تەنیـا کەمینەیەکـن لـە نێـوان چەندیـن کەمینـەدا، واتـە لـە نێـوان ئەفغانـی، بەلـوچ، تـورک و عەرەبەکانـی ئێرانـدا. هـەر لـە دوای گەشـتنە دەسـەڵات لـە سـاڵی ١٩٧٩دا، حکومـەت شـاندێکی نـارد تـا لێکۆڵینـەوە لـە ناوچـە کوردییـەکان، واتـە لـە کوردسـتاندا ئەنجـام بـدات. ئەمـەش لـە دوای کۆمەڵێـک ڕاپـۆرت هـات لەسـەر خۆپێشـاندانی کـورد و پێکـدادان لـە نێـوان خێڵـە کوردییـەکان کـە لەلایـەن سـەرکردەی کـوردی عێـراق، واتـە جـەلال تاڵەبانییـەوە سـەرکردایەتی دەکـرا، لەگـەڵ لایەنگرانـی حکومەتـی نـوێ. شـاندەکە چـاوی بـە شـێخ عزەدیـن حسـێنی سـەرکردەیەکی ئایینـی لـە مەهابـاد کـەوت. شـێخ جەختـی لەسـەر ئۆتۆنۆمـی بـۆ کـورد کـردەوە و بابەتەکانـی سیاسـەتی دەرەوە و پلانـی ئابـووری و بەرگـری بـۆ حکومەتـی ناوەنـدی بەجێهێشـت. بەهەرحـاڵ، جێگـری سـەرۆک وەزیـران، ئەمیـر ئینتـزام، جەختـی لـەوە کـردەوە حکومـەت ڕێگـە نـادات هیـچ پارچەیەکـی وڵاتی لـێ جیـا ببێتـەوە.

ڕادیکالتریـن پارتـی دیموکراتـی کـورد کـە لەلایـەن ئابوورنـاس عەبدولرەحمان قاسـملووە سـەرکردایەتی دەکـرا و ٣٢ سـاڵ لەمەوبـەر لەلایـەن قـازی محەمـەدەوە دامـەزرا بـوو، (واتە سـەرۆکی کۆمـاری تەمـەن کورتـی مەهابـاد)، بـۆ یەکـەم جـار چالاکـی ئاشـکرا ئەنجـام دەدات و لـەوە دەترسـێت ئایەتـولا خومەینـی دانوسـتاندن لەگـەڵ سـەرکردەی پارێـزگاری پلـە دوو، واتـە ئەحمـەدی مستەفازادە لـە سـەنەندەج ئەنجـام بـدات. دەنگـۆی ئـەوە هەیە یەکێکیـتر لـە سـەرکردەکانی کـورد، عەلـی حومـام غـازی، گوتوویەتـی ئەگەرچـی کـوردی ئێـران ئامانجـی جیاخوازیـان نییـە، بـەڵام ئەگـە رجارێکیـتر داواکاریـان بـۆ دامەرزاندنـی هەرێمیکـی ئۆتۆنۆمـی دیموکـرات پشـتگوێ بخرێـت، دووبـارە ئاڵـۆزی دێتەکایـەوە.

**عێراق**

کورد لە عێراقدا، لە ناوچە شاخاوییەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتدا چڕبوونەتەوە و نزیکەی یەک لەسەر پێنجی دانیشتوان پێکدێنن و بە کۆتایهاتنی ئیمپراتوری عوسمانی، ئەوان لەگەڵ حکومەتی بەغدا لە ململانێدان. بە پێچەوانەی دراوسێکانی، عێراق، لە میانەی دوو جەنگی جیهاندا، هەم لە ژێر ئینتیدابی بەریتانیا و هەم وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ، ڕووبەڕووی داواکاریی دەستوری بۆ دانی ڕادەیەک لە ئۆتۆنۆمی بۆ کورد، ئەویش لەسەر داوای کۆمەڵەی گەلان بووە. بەهەرحاڵ، دەسەڵاتدارانی عێراق ترسیان لەوە هەبووە کە بەدانی ئۆتۆنۆمییەکی زۆر بە کورد، کورد هەوڵی جیاکردنەوەی ناوچەکانی سەرەکی بەرهەمهێنانی نەوت کە لە کەرکووکن و دەکەونە ناوچەی کورد لە عێراق بدەن. بۆ چەندین ساڵ شەڕ لە نێوان کورد و هێزەکانی عێراقدا بەردەوامە. پارتی دیموکراتی کوردستان، بانگەشەی ئەوە دەکات تێدەکۆشێت نەک تەنیا بۆ دەستەبەرکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، بەڵکو لەپێناو ئازادی و دیموکراسی لەسەرتاسەری عێراقدا. باڵی سەربازی ئەم حیزبە پێشمەرگەیە کە نزیکەی ٥٠ هەزار کەس دەبن.

ڕکابەرێتی لە نێوان عێراق و ئێراندا، بارودۆخەکەی ئاڵۆزتر کردووە. تا ساڵی ١٩٧٥، شا چەک و تفاقی بۆ کوردی عێراق دابین دەکرد، بەڵام لە دوای ڕێککەوتننامەی ئەلجەزایر لە ساڵی ١٩٧٥دا، پشتگیریی ئێرانیەکان بە کۆتا هات و سەرهەڵدانی کوردیش لە ناوچوو. لەوانەیە بە بەراورد لەگەڵ گشت وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، عێراق، زۆرترین ڕادەی ئۆتۆنۆمی بە کورد دابێت؛ ئەگەرچی بە گوێرەی قسەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەم دواییانە، نزیکەی ٢٥٠ هەزار دانیشتوو لە شوێنەکانیان گواستراونەتەوە تا ناوچەیەکی ئازاد بە درێژایی سنووری عێراق لەگەڵ تورکیا و ئێراندا دروست بکرێت. هەروەک تورکیا، حکومەتی عێراق نیگەرانە لە ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکانی ئەم دواییەی ئێران. بە ڕەچاوکردنی هاتوچۆی بەردەوامی عەشیرەتەکان لە هەردوو دیوی ناوچە سنووریەکاندا، کوردی ئێران لەو بڕوایەدان ئەوان دەتوانن سوود لە لاوازیی حکومەتی نوێی ئێران وەرگرن و هانی کوردە دراوسێکان بدەن کە یارمەتی ئەم هەنگاویان بدەن یان هەوڵەکانیان چڕ بکەنەوە تا ئۆتۆنۆمییەکی فرەوانتر دەستەبەر بکەن.

### یەکێتی سۆڤیەت

کـورد لـە چوارچێـوەی یەکێتـی سـۆڤیەتدا، وەک یەکێـک لـە کەمینـە بچووکـەکان، وەک نەتـەوەی سـۆڤیەت دانـی پێـنراوە و دەرفەتـی [ئـازادی] دەربڕینـی کولتوریـان بـۆ ڕەخسـاوە، بـەڵام دەسـەڵاتدارانی سـۆڤیەت، خوازیـاری سـەرهەڵدانی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆی پان-کوردسـتان نیـن، تەنانـەت ویسـتیان نییـە بـۆ دانـی ئۆتۆنۆمـی فرەوانـتر لـە چوارچێـوەی سـنوورە بەرقەرارەکانـدا. کـوردی سـۆڤیەت، پەیوەنـدی کەمیـان لەگـەڵ کـوردی پارچەکانـی دیکـە هەیـە و پەیوەندیـان لەگـەڵ خواسـتە نیشـتمانییەکاندا نییـە. لـە ئەنجامـدا، هەڵوێسـتی دەسـەڵاتدارانی سـۆڤیەت لەهەمبـەر ڕێکخـراوە کوردییەکانـی وڵاتانـی دراوسـێ، بـە بەردەوامـی لـە گۆڕاندایـە. هـەر کاتێـک بەرژەوەندییەکانـی کـورد هاوتەریبـی ئامانجـە سیاسـیەکانی سـۆڤیەت بـن، بـۆ نموونـە لـە پشـتگیریی کردنـی کـورد لـە پارتـە کۆمۆنیسـتیە لۆکاڵـەکان لـە دژی حیزبەکانـی دیکـە، ڕووسـەکان پاڵپشـتی بەرچـاوی کـوردی کـردووە. ئەمـەش لـە عێراقـدا دەبینرێـت، کاتێـک ڕووسـەکان پەیوەندییەکانیـان لەگـەڵ سـەرکردە کوردەکانـدا پاراسـت و دوای ڕووخانـی کۆمـاری تەمـەن کورتـی مەهابـاد، لـە سـاڵی ١٩٤٧ەوە تـا گەڕانـەوەی بـۆ عێـراق لـە سـاڵی ١٩٥٨دا، مافـی پەنابـەری بـە سـەرکردەی کـورد مەلامسـتەفا بـارزانی بەخشـی (بارزانـی لـە مەنفـا لـە ولایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا لـە ١ی ئـاداری ١٩٧٩دا کۆچـی دوای کـرد)، بـەڵام دوای ڕەتکردنـەوەی کـورد بـۆ چوونـە نـاو بـەرەی نیشـتیمانی کـە لـە سـاڵی ١٩٧٣دا دامـەزرا، پشـتگیری سـۆڤیەت بـۆ کـورد کەمبـووەوە. لـە ئێرانـدا، ڕووسـەکان وریـا بـوون کـە بـە پاڵپشـتی کردنـی ڕاشـکاوانەی کـورد، پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ شـای ئێرانـدا تێـک نـەدات. لەکاتێکـدا هـاوکاری نیشـتیمانی سـۆڤیەت بـۆ ڕاپەڕینـی کـورد کـەم بـوو، بـەڵام ڕووسـەکان بـەو هیوایـە بـوون لـە میانـەی دامەزراندنـی پەیوەندیـی درێژخایـەن لەگـەڵ سـەرکردە کـورددا، ئەگـەر کـورد مەرجـی کـورد بـۆ ئۆتۆنۆمـی لـە ئێـران و شـوێنەکانی دیکـە سـەرکەوت، بتوانـن هەندێـك کاریگـەری لەسـەر ڕووداوەکان دروسـت بکـەن.

**سووریا**


کورد لە سووریادا دەرفەتێکی کەمیان پێدراوە تا لەپێناو ئۆتۆنۆمیدا گوشار [بخەنە سەر حکومەتی سووریا]، هەروەها دەسەڵاتدارانی سووریا لە ناوچە کوردییەکاندا، سیاسەتی بەعەرەبکردنیان پیادە کردووە. لە سووریا لەم ساڵانەی دواییدا، ناسیۆنالیزمی کورد پرسێکی زیندوو نەبووە. لە نێوان ١٩٧٥ و ١٩٧٨دا، سوورییەکان پشتگیریی چالاکییەکانی جەلال تاڵەبانییان لە عێراق دەکرد، بەڵام بەهۆی لێک نزیک بوونەوەی ئەم دواییانە لە نێوان عێراق و سووریادا، ئەم پشتگیرییە وەستاوە. لە بنەڕەتدا، کوردی لوبنان پەنابەرن و خاوەن هەرێمی جوگرافی نین. بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، کوردی لوبنان خاوەن مافێکی زۆرتر خۆدەربڕینن، لە ئەنجامدا ئەوان بەسەر چەندین پارتی سیاسیدا دابەش بوونە. بەهەرحاڵ، ئەوان دەتوانن لە هەر کاتێکدا بتەقێنەوە. [واتە ببنە گرفت].

**خشتە**

خستنەڕووی ژمارەی دروستی کورد کارێکی سەختە، چونکە زۆر بە کەمی سەرژمێری ئەنجام دەدرێت و جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان ئەو ژمارانەی لەلایەن سەرکردەکانی کوردەوە دەخرێتەڕوو لەگەڵ ژمارەی ئەو وڵاتانەی کە خاوەن ڕێژەیەکی بەرچاوی کەمینەی کوردن. خشتەی خوارەوە، دوایین بەراوردەکان بە پێی کەمترین و بەرزترین ژمارەی کورد دەخاتەڕوو.

| | کەمترین | بەرزترین | ژمارەی گشتی دانیشتوانی وڵات |
|---|---|---|---|
| تورکیا | ٣،٢٠٠،٠٠٠ | ٨،٠٠٠،٠٠٠ | ٣٥،٦٦٦،٥٠٠ |
| ئێران | ١،٨٠٠،٠٠٠ | ٥،٠٠٠،٠٠٠ | ٢٨،٤٤٨،٠٠٠ |
| عێراق | ١،٥٥٠،٠٠٠ | ٢،٥٠٠،٠٠٠ | ٩،٤٩٨،٠٠٠ |
| سووریا | ٣٢٠،٠٠٠ | ٣٠٠،٠٠٠ | ١٦،٢٩٤،٠٠٠ |
| یەکیتی سۆڤیەت (ئەرمەنیا، جۆرجیا، ئازەربایجان) | ٨٠،٠٠٠ | ٣٠٠،٠٠٠ | ١٣،١٣٢،٠٠٠ |
| لوبنان | ٤٠،٠٠٠ | ٧٠،٠٠٠ | ٢،٦٤٥،٠٠٠ |
| | ٦،٩٩٠،٠٠٠ | ١٦،٤٧٠،٠٠٠ | |

ســـەرچاوە: «کـــورد» (گروپـــی مافـــی کەمینەکانـــی)، ١٩٧٥ (The Kurds، minority reights group، ١٩٧٥)



پوختە (ل ٥١٠-٥١٥)

نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس، لەندەن

حوزەیرانی ١٩٨٣ (پێیداچوونەتەوە)

کێشەی کورد

کـورد کـە ژمارەیـان نزیکـەی ١٠ ملیـۆن کەسـە، ڕێژەیەکـی بەرچـاو لـە دانیشـتوانی تورکیـا، ئێـران، عێـراق پێکدێنـن و ژمارەیەکـی کەمـتر لـە سـووریا، یەکێتـی سـۆڤیەت و لوبنانـدا هـەن. ئـەوان بـە شـێوەی سـەرەکی لـە ناوچـە شـاخاوییەکانی ڕۆژهەڵاتـی تورکیـا و وڵاتـە دراوسـێیەکاندا دەژیـن. زۆرینـەی کـورد سـونەی مووسـڵمانن، بـەڵام هەندێـك شـیعەش لـە ئێرانـدا هـەن.

کـورد وەک خێـڵ لـە چوارچێـوەی زمـان و نەریتـی کولتـوری تایبـەت بـە خۆیـان، نزیکـەی ٣٠٠٠ سـاڵە بوونیـان هەیـە، لـەم ماوەیـەدا ئـەوان گەشـەیان بـە نەریتێکـی بەهێـزی سـەربەخۆییان داوە. لـە مـاوەی نێـوان سـەدەی هەڤدەیـەم تـا سـەدەی نۆزدەیـەم نزیکـەی یـەک لەسـەر سـێ کـورد لەلایـەن عوسـمانیەکان و ئەوانـی دیـش لەلایـەن فارسـەکانەوە فەرمانڕەوایـی کـراون. بـەردەوام سـەرهەڵدانی کـورد هەبـووە، بـە تایبەتـی لـە نیـوەی یەکەمـی سـەدەی نۆزدەیەمـدا، لـە دژی عوسـمانییەکان، بـەڵام تەنیـا لـە کۆتایـی سـەدەی نۆزدەیـەم بـوو کـە سـەرکردەی کـورد، عوبەیـدوڵا، بـە بیرۆکـەی یەکگرتنـی گەلـی [کـورد] لـە یـەک دەوڵەتـدا سـەریهەڵدا. هەوڵـی زۆر درا بـۆ دروسـتکردنی شوناسـێکی یەکگرتـووی نەتەوەیـی کـە زاڵ بێـت بەسـەر جیاوازییـە خێڵەکییـەکان و کۆتایـی بـە ڕکابەرێتییـەکان بهێنێـت کـە حکومەتـە ناوەندییـەکان دەیانتوانـی ئـەم جیـاوازی و ڕکابەرییانـە بقۆزنـەوە.

گەورەتریـن ئاسـتەنگی بـەردەم جوڵانەوەیەکـی نیشـتیمانی یەکگرتـوو، بریتییـە لـە جیـاوازی سیاسـی لـە نێـوان سـەرکردە دەرەبەگـە پارێـزگارەکان (محافـظ) و ڕادیکالـە چەپڕەوەکانـدا. ڕێـژەی بـەرزی نەخوێنـدەواری لـە نێـوان کـورد ئـەو ڕاسـتییەی کـە زمانەکەیـان دوو شـێوەزای هەیـە، بـە گەورەتریـن لەمپـەر هەژمـار دەکـرێ.

شکستی تورکیا لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا، گەلەکان هەوڵی دەوڵەتی سەربەخۆیاندا. پەیماننامەی سیڤەر کە لە ئابی ١٩٢٠ لە نێوان هاوپەیمانان و حکومەتی سوڵتاندا واژوو کرا، سەرەڕای دروستکردنی سێ دەوڵەتی عەرەبی لە حیجاز (کە دواتر چووە ناو عەرەبستانی سعودیدا) سووریا و عێراق، پەیماننامەکە بۆ یەکەمجار [بەڵێنی] ئاسۆی دەوڵەتێکی سەربەخۆی بە کورد بەخشی. بەهەرحاڵ، پەیماننامەکە هەرگیز لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتیمانی تورکیاوە پەسەند نەکرا. لە تشرینی دووەمی ١٩٢٢دا [سیستەمی] سوڵتانی لە ناوبرا و جێگرەکەی واتە کۆماری تورکیا، زۆر بە کارامەیی کۆتایی بە ئاواتی کوردستانی سەربەخۆی هێنا. پەیماننامەی لۆزان لە ساڵی ١٩٢٣دا، (کە لەلایەن تورکیاوە پەسەندکرا) هیچ ئاماژەیەکی بە کوردستان و دیارکردنی سنووره نەتەوەییەکانی ئێستای نەکرد و کوردی بۆ سەر چەندین وڵات دابەش کرد و گرفتی زۆرتری بۆ خواستی کورد دروست کرد.

لەم ساڵانەی دواییدا، جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد لە تورکیا، ئێران و عێراقدا، بە شێوەی سەربەخۆ لە یەکتر کاریان کردووە، لەگەڵ ئەمەشدا، چالاکی زۆر سنووربڕ ئەنجام دراون. تەنیا لە عێراقدا کورد ئەو هێزەیان هەیە هەڕەشە بۆ سەر حکومەتی ناوەندی دروست بکەن. کورد خۆیان لە تیرۆریزمی نێودەوڵەتی وەک ئامرازیک بۆ پێشخستنی دۆزەکەیان دوور گرتووە.

**ئێران**

چەمکی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد، کە لە میانەی پەیماننامەی سیڤەرەوە بەرجەستەکرا، بەسەر هەرێمی کوردستان لە ئێراندا جێبەجێ نەکرا. لە ساڵانی ١٩٢٠ و ١٩٣٠یەکاندا، شۆڕشەکانی کورد زۆر بە دڕندانەوە لەلایەن ڕەزا شاوە سەرکوت کران. داگیرکردنی ئێران لە ساڵی ١٩٤١ لەلایەن بەریتانیا و سۆڤیەت و دەست لەکار کێشانەوەی ڕەزاشا، بووە هۆی ئەوەی حکومەتی ناوەندی کۆنترۆڵی گشت پارێزگاکان لە دەست بدات. لە ئازەربایجان و کوردستان کە لە ژێر کۆنترۆڵی سۆڤیەتدا بوو،

هانی ڕادەیەک لە ئۆتۆنۆمی لە ژێر کاریگەری ڕووسیا درا. ئەمەش لە کانوونی یەکەمی ١٩٤٦ بووە هۆی دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی ئازەربایجان و کۆماری کورد لە مەهاباد. ڕەتکردنەوەی هێزەکانی سۆڤیەت بۆ پاشەکشە لە باکووری ئێراندا، کە دەبوو بە پێی پەیماننامەی داگیرکردن پاشەکشەی بکردبا، لە دوای شەڕ [دووەمی جیهانی] بووە هۆی هێنانەدی قەیرانێکی بنەڕەتی لە پەیوەندییەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و بووە هۆی بەهێزکردنی پاڵپشتی ئەمریکا بۆ حکومەتی ناوەندی لە تاراندا. لە مانگی ئایاری ١٩٤٦، هێزەکانی سۆڤیەت هاندران لە ئێران پاشەکشە بکەن، ئەویش لەهەمبەر ئیمتیازی دەستگەیشتن بە کێڵگە نەوتییەکانی سەرەخس لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێراندا (مەرجێک کە پەرلەمانی هەڵبژێردراوی ئێران لە ساڵی ١٩٤٧دا ڕەتی کردەوە ئەم پەیمانەیە پەسندبکات). لە دێسەمبەری ساڵی ١٩٤٦ هێزی ئێران توانی ناوچە داگیرکراوەکەی ژێر دەسەڵاتی سۆڤیەت کۆنترۆڵ بکاتەوە، کردەوەیەک کە بووە هۆی ڕووخانی ڕژێمی پیشەوەری لە ئازەربایجان و ڕژێمی کورد لە مەهاباد. قازی محەمەد، سەرۆکی کۆماری کورد لە مەهاباد، لە سێدارە دراو و ڕووخانی کۆماری مەهاباد هاوکات بوو لەگەڵ دووبارە سەپاندنی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی بەسەر سەرتاسەری کوردستانی ئێراندا.

پارتی دیموکراتی کورد لە ساڵی ١٩٤٥دا لەلایەن قازی محەمەدەوە دامەزرا. لەو کاتەدا، ئەم حیزبە ڕادیکالترین و بەهێزترین و گرنگترین گروپی نیشتمانیی بوو کە فەرماندەیی پیشمەرگەکانی دەکرد. لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە، حیزبەکە مەیلی بۆ یەکێتی سۆڤیەت هەبوو، واتە بۆ ئەو شوێنەی پاڵپشتی لێدەکرا. هەنوکە پارتی دیموکراتی کورد، بانگەشەی ئەوە دەکات پەیوەندییەکانی لەگەڵ حیزبی تودە (کۆمۆنیست) پچڕاندووە. لە تشرینی دووەمی ١٩٨١، پارتی دیموکراتی کورد چووە ناو بەرەی ئەنجوومەنی بەرگری نیشتیمانی کە بنکەکەی لە پاریس بوو و لەلایەن مەسعود ڕەجەڤیەوە دامەزرا بوو، واتە سەرۆکی دورخراوی (تەبعیدی) موجاهدینی خەلق. پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ژێر سەرکردایەتی، سەرۆکی هەنوکەی، عەبدولرەحمان قاسملو، چەمکی کوردستانی گەورەی ڕەتکردەوە کە زۆرێک لە کورد بڕوایان پێ هەیە و خاکەکەی لە تورکیا، سووریا،

ئێـران، عێـراق و یەکێتـی سـۆڤیەت پێکدێـت، ئەویـش لەپێنـاو بوونـی هەرێمێـک کـە مافـی ئۆتۆنۆمـی هەبێـت. کۆمەڵـە، هاوپەیمانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانە کـە گروپێکـی بچوکی مارکسیست-لینینیسـت/مائوییە. شـێخ عزەدین حسـێنی، کە سـەرکردەیەکی ئایینی و کەسـایەتیەکی نەتەوەیـی کـوردە و ڕێکخـراوی نەتەوەیـی سـەرکردایەتی دەکات کە ئەویش گروپێکیـتری چەپـڕەوە و لە کەسـایەتیە ئایینـی و نەتەوەییەکان پێکهاتـووە، داوای ئۆتۆنۆمی دەکات و پرسـەکانی سیاسـەتی دەرەوە و بەرگـری و بەرنامـەی ئابـووری بـۆ دەسـەڵاتی ناوەنـدی بەجێ هێشـتووە.

بـە نەمانـی ڕژێمـی شـا لـە شـوباتی ١٩٧٩، کـورد گوشـاریان بـۆ سـەر حکومەتـی ئیسـلامی تـازە دامـەرزاو هێنـا تـا هەندێـك ئیمتیـاز دەسـتەبەر بکـەن. لـە دوای دەنگـۆی پێکـدادان لـە نێـوان خێڵـەکان و لایەنگرانـی حکومـەت، سـەرۆکی تـازەی ئێـران شـاندێکی نـارد تـا لێکۆڵینـەوە لەسـەر بارودۆخـی ناوچـە کوردییـەکان بکـەن. گفتوگـۆکان لـە نێـوان هـەردوو لایەنـدا [کـورد و حکومـەت] شکسـتیهێنا و ئایەتـولا خومەینـی فەرمانـی کـرد کۆتایـی بـە سـەرهەڵدانی [کـورد] بهێنرێـت. لـە تشرینـی دووەمـی ١٩٨١، بـۆکان کـە دواییـن شـار بـوو لـە ژێـر کۆنترۆڵـی ناسیۆنالیسـتە کـورددا بـوو، دەسـتی بەسـەردا گیـرا و لـەو کاتـەوە هێزەکانـی ئێـران سـەرکەوتوو بوونـە لـە پاڵدانـی کـورد بـەرەو ناوچـە شـاخاوییەکاندا. هێرشـی پێکەوەیـی لەلایـەن هێزەکانـی حکومـەت لـە کۆتایـی ١٩٨٢ و سـەرەتای ١٩٨٣دا، بـووە هـۆی گرتنـەوەی ڕێـگای سـتراتیژی پیشـمەرگە، واتـە ڕێـگای سەردەشـت، بـووە هـۆی بڕینـی هێڵـی کـورد بـۆ چوونـە نـاو عێراقـدا، واتـە ئـەو شـوێنەی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و کۆمەڵـە هاوکاریـان بەدەسـت دەگەیشـت. ئەمـەش بـووە هـۆی پاشەکشـەی کـورد و لـە نیسـانی ١٩٨٣دا، داواکاریـەک لەلایـەن دکتـۆر قاسـملوە کـە دوای هـاوکاری نێودەوڵەتـی لـە دژی حکومەتـی ئێرانـی دەکـرد، لـە ڕادیـۆ بەغـدا بـڵاو کرایـەوە.

بـە سـەرقاڵکردنی هێزەکانـی حکومـەت [لەلایـەن کوردەوە، ئەگـەر ئـەم کارە ئەنجـام نەدرابـا] دەکـرا ئـەم هێزانـە لـە دژی عێـراق بەکارهێنرابـا، سـەرهەڵدانی کـورد زۆرتـر لـە نائارامـی کەمینەکانـی دیکـەی نـاو ئێرانـدا، حکومەتـی ئێرانـی نیگـەران کـردووە.

**عێراق**

کـورد لـە عێراقـدا، لـە ناوچـە شـاخاوییەکانی باکـووری ڕۆژهەڵاتـدا نیشـتەجێن و یـەک لەسـەر پێنجـی کـۆی گشـتی دانیشـتوانی عێـراق کـە زۆرینەیـان عەرەبـن پێکدێنـن. لـە دوای نەمانــی ئیمپراتۆریــی عوســمانی تــا هەنوکـە کـورد لـە ململانێـدان لـە دژی حکومەتـی بەغـدا. بـە پێچەوانـەی دروسـێکانی، عێـراق لـە نێـوان دوو جەنگـی جیهانیـدا، هـەم لـە ژێـر ئینتیـدابی بەریتانیـا و هـەم وەک دەوڵەتێکـی نوێـی سـەربەخۆ، ڕووبـەڕووی داواکارییەکـی دەسـتوری لەلایـەن کۆمەڵـەی گەلانـەوە بووەتـەوە بـۆ دابینکردنـی ڕادەیەک لـە ئۆتۆنۆمـی بـۆ کـورد. دەسـەڵاتدارانی عێـراق لـەوە دەترسـان بەخشـینی ڕادەیەکـی زۆر لـە ئۆتۆنۆمـی لەوانەیـە ببێتـە هـۆی دابڕانـی هەرێمـی بەرهەمهێنـەری نـەوت لـە کەرکـووک لـە خاکـی عێـراق. بـۆ مـاوەی چەنـد سـاڵ بـە دوای یـەک شـەڕ بـەردەوام بـووە، قورسـترین شـەڕ لـە نێـوان سـاڵانی ١٩٦١، واتـە کاتێـک مەلامسـتەفا بارزانـی بانگەشـەی بـۆ دەوڵەتـی سـەربەخۆ کـرد و سـاڵی ١٩٧٠ بـووە، واتـە کاتێـک ئاگـر بەسـت ڕاگەیێـنرا. لەوکاتـەوە ئاشـتییەکی لـەرزۆک تـا سـاڵی ١٩٧٤ بـەردەوام بـوو.

پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان (پ.د.ک)، کـە لـە ١٩٤٦ دامـەزراوە، بانگەشـەی ئـەوە دەکات نەتەنیـا لەپێنـاو ئۆتۆنۆمـی بـۆ کوردسـتان، بەڵکـو لەپێنـاو ئـازادی و دیموکراسـی بـۆ سەرتاسـەری عێـراق خەبـات دەکات. کـورد خۆیـان خسـتووەتە پـاڵ پارتە ئۆپۆزیسـیۆنەکانی عێـراق و ئەندامـی ئـەم پارتانـەش بوونە کـە پارتی کۆمۆنیسـتی عێراقیش لـە خۆدەگرێت. لە سـاڵانی سـەرەتای دامەزراندنـی، پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لایەنگـری کۆمۆنیسـتیەکان و کـوردە ناسـیۆنالیزمەکانی دەکـرد، بـەڵام لـە ژێـر سـەکردایەتی مـەلا مستەفادا، ئایدیۆلـۆژی ڕادیکاڵــی ئــەم پارتــە بــە ســوودی بەرژەوەندییــە خێڵەکییەکانــی بارزانییــە زاڵەکانــدا وەرچەرخـا. هەنوکـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان کـە لەلایـەن دوو کـوڕی مەلا مسـتەفاوە بەڕێـوە دەبردرێـت، گەورەتریـن و باشـترین گروپـی پڕچەککـراوی کـوردە. پێشـمەرگە، باڵـی سـەربازی ئـەم پارتـە توانـای ئیدارەدانـی ٢٠ هـەزار شـەڕکەری ڕێکخـراوی لـە لوتکـەی چالاکییەکانیـدا هەیـە. (هەندێـك ڕاپـۆرت بـاس لـەوە دەکـەن ژمـارەی پێشـمەرگە دەگاتـە ٤٠ هـەزار کـەس). دووەم گەورەتریـن گـروپ، یەکێتـی نیشـتیمانی کوردسـتان (ینـک)ە، کـە

لـە سـاڵی ١٩٧٥ لەلایـەن جەلالەدیـن تاڵەبانیـەوە دامـەزراوە. ئـەو کەسـێکی مارکسیسـتە و لـە ڕووی سیاسـییەوە سـەربازیترین هێـزە کـە پشـتیوانی لیبیـا و سـووریای هەیـە. لـە سـاڵانی نێـوان ١٩٧٦-١٩٨٠ینـک و پ.د.ک لەسـەر کۆنترۆڵکردنـی ناوچـەی دەسـتڕۆیی لـە دژی یەکـتر جەنـگاون. ڕێکخراوەکانـی دیکـە بریتیـن لـە پارتـی سۆشیالیسـتی کـورد کـە لـە سـاڵی ١٩٧٩ دامـەزراوە؛ پارتـی سۆشیالیسـتی یەکگرتـووی کـورد لـەم ساڵانەی دواییـدا بەهـۆی بـە بارمتەگرتنـی کرێـکارە بێگانـەکان کـە لـە عێراقـدا کار دەکـەن لەپێنـاو پـارە وەرگرتـن، دەسـەڵاتی پەیـدا کـردووە. هەروەهـا پارتـی گەلـی دیموکراتـی کوردسـتان کـە لـە سـاڵی ١٩٨١دا دامـەزراوە، [پارتێکیـتری کوردسـتانی عێراقـە].

دەسـتوری کاتـی عێـراق لـە سـاڵی ١٩٦٨دا، دان بـە شوناسـی نەتەوەیـی کـورددا دەنێـت. ئاگربەسـتی ئـاداری ١٩٧٠، پێشـبینی چـوار سـاڵ گفتوگـۆی کردبـوو بـۆ گەیشـتن بـە شـێوازێکی پەسـەندکراوی ئۆتۆنۆمـی و لـە ئـاداری ١٩٧٤دا، ئاسـتێکی سـنووردار لـە ئۆتۆنۆمـی بـە کـورد درا. لـە تشرینـی یەکەمـی ١٩٧٤دا، ئەنجوومەنێکـی یاسـادانانی هەڵنەبژێـردراوی کـورد لـە هەولێـر کرایەوە. ئـەم ئیمتیازاتانـە لەلایەن کـوردەوە ڕەتکرایەوە کـە لـەو بڕوایەدابـوون نوێنەرایەتییەکـی ئەوتۆیـان لەنـاو حکومەتـدا نییـە. جەنگێکـی نـوێ سـەریهەڵدایەوە. بـۆ دروسـتکردنی ناسـەقامگیریی لـە عێراقـدا، ئێـران یارمەتـی کـوردی دا.

لـە ئـاداری ١٩٧٥، ئێـران و عێـراق ڕێککەوتنامـەی ئەلجەزایریـان واژوو کـرد. بـە پێـی ڕێککەوتنەکـە عێـراق لەهەمبـەر دەسـتبەردار بوونـی ئێرانییـەکان لـە پاڵپشـتی کردنـی کـورد، داوای ئێرانیەکانـی لەبـارەی سـنوور پەسـەند کـرد. لـە ئەنجامـدا شۆڕشـی کـورد لـە ناوچـوو. لـە ئەنجامـی ئـەم ڕێککەوتنـەدا، حکومەتـی عێـراق ڕەفتارێکـی ئاشـتیخوازانەی گرتەبـەر و بەرنامـەی ئاوەدانکردنـەوەی لـە ناوچـە کوردیەکانـدا گرتەبـەر، زەوییەکانی سـەر لـە نـوێ دابەشـکردەوە و ڕێگـەی دا ژمارەیـەک لـەو ٤٠ هـەزار کەسـەی کـە بـە زۆر لـە باشـووری عێراقـدا نیشـتەجێ کرابـوون بگەڕێنـەوە بـۆ شـوێنەکانیان. لـە ئەیلوولـی ١٩٨٠، هەڵبـژاردن بـۆ ئەنجوومەنـی یاسـادانانی هەرێمـی ئۆتۆنۆمـی کوردسـتان بەڕێوەچـوو.

بەهەرحـاڵ، شـەڕی ئێـران و عێـراق ئـەم هەلـەی بـە کـورد بەخشـی دووبـارە لـە دژی حکومەتـی عێـراق چـەک هەڵگـرن. هەڵوەشـانەوەی ڕێککەوتننامەکـەی نێـوان

ئێـران و عێـراق ئـەم هەلـەی بـۆ کـورد ڕەخسـاند لـە هـەردوو دیـوی سـنوور هاتوچـۆ بکـەن و ئێرانیـش یارمەتـی دان. لـە سـاڵی ١٩٨١دا، هاوپەیمانییـەک لـە نێـوان ڕێکخـراوە جۆراوجۆرەکانـی کـورددا بەسـترا، کـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، گروپـە چەکدارەکانـی شـیعەی ئۆپۆزیسـیۆنی عێـراق، پارتـی ئەلدەعـوە و ڕێکخـراوە ئۆپۆزیسـیۆنەکانی دیکـەی عێراقــی لــە خۆدەگــرت. نیگەرانــی حکومــەت لــە نەبوونــی ســەربازی پێویســت بــۆ جێگیرکردنیـان لـە باکووردا بـووە هـۆی پێشکەشـکردنی ئیمتیازاتـی زۆرتـر. بـە جۆرێـک ڕێگـە بـە سـوپای کـورد درا لـە کوردسـتاندا خزمـەت بکـەن، کـوردە ناڕازییـەکان لـە زیندانەکانــدا ئــازاد کــران و لــە ســاڵی ١٩٨٢دا لێبوردنێــک دەرچــوو بــۆ گشــت ئــەو کەسـانەی تاوانـی کوشـتن و بەبارمتەگرتنـی بێگانەکانیـان لەسـەر نەبـوو بێـت.

**تورکیا**

ئـەو ڕووداوانـەی بوونـە هـۆی دامەزراندنـی کۆمـاری تورکیـا، وەک ئیهانەیـەک بـوو بـۆ هەسـتی ئایینـی کـورد و بەربەسـتێک بـوو لەبـەردەم خواسـتی نیشـتمانیی کـورد. نەهێشــتنی خەلافــەت لــە ئــاداری ١٩٢٤، بــووە هــۆی تووڕەیــی لــە فەرمانڕەوایــی تورکــەکان و بــووە هــۆی هەڵگیرســانی یەکــەم ڕاپەڕینــی گــەورەی کــورد. حکومەتــی تورکیــا هەرگیــز دانــی بــە کــوردی تورکیــادا نەنــاوە وەک گەلێکــی جیــاواز یــان وەک کەمینەیــەک لــە تورکیــادا و بــە بەردەوامــی هــەر جــۆرە نمایشــکردنێکی شوناســی جیــاوازی ســەرکوت کــردووە. هەروەهــا، نائارامییەکانــی ســاڵانی ١٩٣٠ بــە تونــدی ســەرکوتکران. دامەزراندنــی نایاسـایی پارتــی دیموکراتــی کوردسـتان لـە سـاڵی ١٩٦٧دا، کـە کەسـایەتی سۆشیالیسـتی بەهێـزی لـە خۆگرتبـوو و دواتـر بـووە هاوپەیمانـی پارتـی کار کـە پارتێکـی یاسـایی بـوو، بـووە هـۆی زیادبوونـی کۆنترۆڵـی سـەربازی لـە ناوچـە کوردییەکانـدا. نەمانـی یاسـا و نـەزم لەسـاڵانی ١٩٧٠دا، بـووە هـۆی سـەپاندنی یاسـای ســەربازی بەســەر ناوچــە کوردییــەکان و ناوچەکانــی دیکــەی تورکیــادا. هەوڵەکانــی پارتــی کۆمۆنیســتی تورکیــا کــە پارتێکــی نایاســاییە و لــە ئەڵمانیــای ڕۆژهەڵاتــەوە بەرنامەکانــی پەخــش دەکــرد، هانــی خەڵکــی دەدا ناڕەزایــی دەربــڕن و بانگەشــەی ئەنجامدانــی ســەرکوتکاری و ئەشــکەنجەدانی دەکــرد لەلایــەن ســوپاوە لــە ناوچــە

کوردییەکان، بەڵام هەوڵەکانی سوودی ئەوتۆی نەبوو. کۆمەڵگای کوردستان، بە نەریتی دوژمنایەتی دێرین لە ناوخۆیان و ئەنجامدانی کاری قاچاخی، هەمیشە ئەگەری نانەوەی نائارامیان هەیە، بەڵام وەها دەردەکەوێت بارودۆخی ئەمنی لە دوای کودەتای ساڵی ١٩٨٠وە باشتر بووە. سەرەڕای ئەوەی لەوانەیە کوردی تورکیا هێزێکی پۆتێنسێل بن بۆ ناسەقامگیرکردنی تورکیا، بەڵام ئاماژەیەکی ئەوتۆ لە ئارادا نییە زۆرینەی خەڵک بەدوای چالاکی چەپڕەوەکان بکەون، یان وەک کوردی ئێران و عێراق ڕێگای ناسیۆنالیزمێکی سەربازی بگرنەبەر.

### یەکێتی سۆڤیەت

کورد لە چوارچێوەی یەکێتی سۆڤیەتدا، کەمینەیەکی بچووکن، بەڵام وەک کەمینەیەکی نەتەوەیی دانیان پێدراوە و ڕادەیەک لە ئازادی سیاسی بۆیان دابین کراوە (ڕادیۆ و ڕۆژنامەی کوردیان هەیە). کوردی سۆڤیەت پەیوەندییەکی کەمیان لەگەڵ کوردی دراوسێیان هەیە و تێکەڵ بە خواستە فرەوانەکەی کورد نەبووە. ئەمەش وەک حەقیقەتێک دەرفەتی بۆ یەکێتی سۆڤیەت ڕەخساندووە بە پێی بەرژەوەندیەکانی خۆی، پشتیوانی چالاکی کورد لە هەر شوێنێک بکات. بۆ نموونە، کاتێک کورد پشتگیریی لە پارتە کۆمۆنیستە لۆکاڵییەکان دەکەن. هەروەها لە عێراقدا، سۆڤیەت بۆ چەندین ساڵ پەیوەندی خۆی لەگەڵ سەرکردەکانی کورد پاراست و مافی پەنابەری بە مەلامستەفا بەخشی کە لە ١٩٤٥ لە عێراق دوورخرایەوە و لە ساڵی ١٩٥٨دا بۆ عێراق گەڕایەوە. پشتگیریی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٧٢، دوای باشتربوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق، دابەزی.

### سووریا و لوبنان

کورد لە سووریادا دەرفەتێکی کەمیان پێدراوە تا لەپێناو ئۆتۆنۆمیدا گوشار [بخەنە سەر حکومەتی سووریا]، هەروەها دەسەڵاتدارانی سووریا لە ناوچە کوردیەکاندا، سیاسەتی بەعەرەبکردنیان پیادەکردووە. ئەگەرچی ڕەتکردنەوەی سیاسەتی بەعەرەبکردنی [ناوچە کوردییەکان لە ئاردا بووە، بەڵام] لە سووریا لەم

ساڵانەی دواییدا، ناسیۆنالیزمی کورد، پرسێکی زیندوو نەبووە. سووریەکان پشتگیریی چالاکییەکانی جەلال تاڵەبانی لە عێراقیان دەکرد.

لە بنەڕەتدا، کوردی لوبنان پەنابەرن. بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، کوردی لوبنان خاوەن مافێکی زۆرتری خۆ دەربڕینن و بەسەر چەندین پارتی سیاسیدا دابەشبوونە. بەهەرحاڵ، ئەوان دەتوانن لە هەر کاتێکدا بتەقێنەوە. [واتە ببنە گرفت].


**خشتە**

خستنەڕووی ژمارەی دروستی کورد کارێکی سەختە، چونکە زۆر بە کەمی سەرژمێری ئەنجام دەدرێت و جیاوزیەکی زۆر هەیە لە نێوان ئەو ژمارانەی کە لەلایەن سەرکردەکانی کوردەوە دەخرێتەڕوو لەگەڵ ژمارەی ئەو وڵاتانەی کە خاوەن ڕێژەیەکی بەرچاوی کەمینەی کوردن. خشتەی خوارەوە، دوایین بەراوردەکان بە پێی کەمترین و بەرزترین ژمارەی کورد دەخاتەڕوو.

| | کەمترین | بەرزترین | ژمارەی گشتی دانیشتوانی وڵات |
|---|---|---|---|
| تورکیا | ٣،٢٠٠،٠٠٠ | ٨،٠٠٠،٠٠٠ | ٤٥ ملیۆن (١٩٨١) |
| ئێران | ١،٨٠٠،٠٠٠ | ٥،٠٠٠،٠٠٠ | ٣٤ ملیۆن (١٩٨٠) |
| عێراق | ١،٥٥٠،٠٠٠ | ٢،٥٠٠،٠٠٠ | ١٢.٢ ملیۆن (١٩٧٧) |
| سووریا | ٣٢٠،٠٠٠ | ٦٠٠،٠٠٠ | ١٨.٩٨ ملیۆن (١٩٨١) |
| یەکێتی سۆڤیەت (ئەرمەنیا، جۆرجیا، ئازەربایجان) | ٨٠،٠٠٠ | ٣٠٠،٠٠٠ | ١٤.٤ ملیۆن (١٩٨١) |
| لوبنان | ٤٠،٠٠٠ | ٧٠،٠٠٠ | ٣.١٦ ملیۆن (١٩٨١) |
| | ٦،٩٩٠،٠٠٠ | ١٦،٤٧٠،٠٠٠ | |

١. بـە گوێـرەی سـەرژمێری سـاڵی ١٩٦٥ دانیشـتووە کـورد زمانـەکان ڕێژەیـان ٢.٢ ملیـۆن کـەس بـووە.

سـەرچاوە: «کـورد» (گروپـی مافـی کەمینەکانـی)، ١٩٨١ (The Kurds، minority reights group، ١٩٨١)




Map Section. T and R Dept. FCO، May 1983

پوختە (ل ٥١٨-٥٢٣)

نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس، لەندەن

مەی ١٩٧٢

کێشەی کورد لە عێراقدا

«کێشـەی کـورد بریتییـە لـە... کێشـەی هەڵاتـن لـە مەترسـی لەناوبـردن و جینۆسـاید و دوورخسـتنەوە»

(جەلال تاڵەبانی، سەرۆکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، نیسانی ١٩٩١)

کـورد، کـە ژمارەیـان لـە ١٥ ملیـۆن کـەس زۆرتـرە، وەک خێـڵ و لـە چوارچێـوەی زمـان و نەریتـی کولتـوری تایبـەت بـە خۆیـان، نزیکـەی ٣٠٠٠ سـاڵە بوونیـان هەیـە، سـەرەڕای ویسـتی بەهێـزی کـورد بـۆ سـەربەخۆیی، بـەڵام ئـەوان هەرگیـز یەکگرتـوو و لـە ژێـر فەرمانـی یـەک فەرمانـڕەوادا نەبوونـە. کـورد بـە شـێوەیەکی سـەرەکی لـە ناوچـە شـاخاوییەکانی باکـووری عێـراق، باکـووری ڕۆژهەڵاتـی ئێـران و باشـووری ڕۆژهەڵاتـی تورکیـادا دەژیـن. ژمارەیەکـی کەمـتر لـە سـووریا و دەوڵەتەکانـی قەفقازیـای یەکێتـی سـۆڤیەتی پێشـوو و لوبنانـدا دەژیـن. زۆربـەی کـورد سـونەی مووسـڵمانن و ژمارەیەکیـان لـە ئێـران و عێـراق شـیعەن. هەمیشـە جیـاوازی خێڵەکـی لـە نێـوان کـورددا قـووڵ بـووە و حکومەتـە ناوەندییـەکان توانیویانـە سـوود لـەم جیاوازانـە وەرگـرن، سـەرەڕای هەبوونـی جیـاوازی لـە نێـوان سـەرکردە دەرەبەگـە کۆنەپارێـزەکان و سـەرکردە چەپـڕەوە ڕادیکالەکان. بەربەسـتەکانی دیکـەی بـەردەم یەکێتـی کـورد بریتییـە لـە ڕێـژەی بـەرزی نەخوێنـدەواری لـە نێـوان کـورد و جیـاوازی شـێوەزار لەنـاو زمانـی کوردیـدا.

**ویستی ئۆتۆنۆمی**

لـە سـەدەی هەڤدەیـەم بـۆ سـەدەی بیسـتەم، زۆرینـەی کـورد لەژێـر فەرمانڕەوایـی ئیمپراتـۆری عوسـمانیدا بـوون و گروپێکـی بەرچاویـش لەژێـر فەرمانڕەوایـی فارسـەکاندا بـوون. دوای هەڵوەشـاندنەوەی ئیمپراتـوری عوسـمانی لـە ئەنجامـی جەنگـی یەکەمـی

جیهانیـدا، پەیماننامـەی پەسـەند نەکـراوی سـیڤەر لـە نێـوان هاوپەیمانـان و سـوڵتانی عوسـمانی، ئۆتۆنۆمـی خۆجێیـی بـۆ ناوچەکانـی زۆرینـەی کوردنشـین دەسـتەبەر کـرد، بـەڵام پەیماننامەکـە لەلایـەن تورکیـای نوێـی کەمـال ئەتاتـورک ڕەتکرایـەوە و پەیماننامـەی ئاشـتی لەگـەڵ هاوپەیمانـان کـە لـە ٤ی تەمـووزی ١٩٢٣ لـە لـۆزان بەسـترا، شـوێنی سـیڤەری گرتـەوە و هیـچ ئاماژەیەکیـش بـە کوردسـتان نـەدرا. لەمەبـەدوا کـورد بەسـەر تورکیـا، ئێـران و دەوڵەتـە تـازە دروسـتکراوەکانی سـووریا و عێـراق دابەشـکران، بـەڵام سـنووری نێـوان عێـراق و تورکیـا دیارنەکـرا تـا ئەوکاتـەی پەیماننامـەی ئەنگلۆ/تورکـی/عێراقـی لـە ٥ی حوزەیرانـی ١٩٢٦ واژوو کـرا، ئەویـش لـە دوای ئـەوەی کۆمیسـیۆنی کۆمەڵـەی گـەلان بڕیاریـدا ویلایەتـی مووسـڵ کـە زۆرینـەی دانیشـتوانی کـورد بـوون، بـە عێراقـەوە بلکێنرێـت.

لـە سـاڵانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠کانـدا، پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـە سـەرکردایەتی مەلامسـتەفا بارزانـی، هەڵمەتێکـی لـە دژی حکومەتـی بەغـدا بەرپاکـرد بـەو ئامانجـەی ئۆتۆنۆمـی خۆجێـی بـۆ کـوردی عێـراق دەسـتەبەر بـکات. شـۆڕشی کـورد لـە ١٩٦١دا هەڵگیرسـا و بـە درێژایـی سـاڵانی ١٩٦٠دا، جەنگێکـی سـەخت ڕوویـدا، سـەرەڕای ئـەوەی دەسـتوری کاری عێـراق لـە سـاڵی ١٩٦٨دا، دانـی بـە بوونـی نەتـەوەی کـورد لـە عێراقـدا دانابـوو. دەسـەڵاتدارانی عێـراق ترسـیان لـەوە بـوو سـەرکەوتنی کـورد ببێتـە هـۆ دابڕانـی ناوچـە نەوتیەکانـی کەرکووکـی باکـوور لـە عێـراق. لـە ئـاداری ١٩٧٠دا، سـەرکردەکانی کورد و ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی شـۆڕش لەسـەر پلانێکـی ئاشـتی ١٥ خاڵـی ڕێککەوتـن. لـەو کاتـەدا سـەدام حسـێن جێگـری سـەرۆک بـوو، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا ئـەو تاکـە دەسـەڵاتی حەقیقـی لەنـاو حیزبـی سۆشیالیسـتی عـەرەب واتـە بەعسـیەکان بـوو. لـە سـاڵی ١٩٧٩دا، سـەدام بـوو بـە سـەرۆکی عێـراق. بـە پێـی پلانەکـە کـە دەبوایـا لـە مـاوەی چـوار سـاڵدا جێبەجێکرابـا، هاتـووە کـە:

- کـورد بـە تـەواوی لەنـاو حکومـەت و سـوپادا بەشـدار دەبێـت و یەکێـک لـە جێگرەکانی سـەرۆک کۆمـار کـورد دەبێت.
- فەرمانبەرانی کورد ئەو ناوچانە بەڕێوەدەبەن کە زۆرینەی دانیشتوانی کوردن.

- ناوچە کوردییەکان پشکێکی دادپەروەرانە لە سەرچاوە ئابوورییەکانیان وەبەر دەکەوێت.
- دان بـە شوناسـی نەتـەوەی کـورددا دەنرێـت و زمانـی کـوردی لـە ناوچـە کوردییەکانـدا زمانـی فەرمـی دەبێـت (هەروەهـا زمانـی عەرەبیـش).
- بۆ دیارکردنی ناوچەکانی زۆرینەی کوردنشین، سەرژمێری ئەنجام دەدرێت.

پێدەچـێ ڕێککەوتنێکـی نهێنـی لـە پـاڵ ڕێککەوتنەکـەی ئـاداری ١٩٧٠دا هەبێـت، کـە تایبەتـە بـە مامەڵەکـردن لەگـەڵ شـەڕکەرە کـوردەکان (پێشـمەرگە) و قەدەغەکردنـی هێـزە لۆکاڵییەکانـی دژی [پ.د.ک] و مافـی پ.د.ک لـە ئەنجامدانـی چالاکـی لـە ناوچـە کوردییـەکان و ئەنجامدانـی سـەرژمێری لـە مـاوەی یـەک سـاڵدا. پێشـکەوتنێکی کـەم لـە جێبەجێکردنـی ڕێککەوتنەکـە بەدیهاتـووە و پەیوەندییەکانـی نێـوان حکومـەت و کـورد هێـدی هێـدی بـەرەو خراپـی دەچێـت. دوای تێپەڕینـی چـوار سـاڵ بەسـەر ڕێککەوتنەکـە، حکومـەت تـاک لایەنـە یاسـای ئۆتۆنۆمـی ڕاگەیانـدووە، ئەمـەش وەک بانگەشـەیەک بـۆ جێبەجێکردنـی ڕێککەوتنـی سـاڵی ١٩٧٠ کـە لـە ڕاسـتیدا لـە جێبەجێکردنیـدا شکسـتی هێنـاوە.

لـە تشرینـی یەکەمـی ١٩٧٤دا، ئەنجوومەنێکـی یاسـادانانی کـورد لـە هەولێـر کرایـەوە، بـەڵام ئـەم ئیمتیازاتانـە لەلایـەن کـوردەوە ڕەتکرانـەوە، ئەویـش بەهـۆی جێبەجـێ نەکردنـی داوکارییەکانیـان بەتایبەتـی لەبـارەی نوێنەرایەتـی کـردن لەنـاو حکومەتـدا. (کوردێـک وەک جێگـری سـەرۆک دیـار کـراوە، بـەڵام ئـەو دەسـەڵاتێکی کەمـی هەیـە و لەلایـەن کـوردەوە بـە نوێنەرایەتیەکـی ڕاسـتەقینە هەژمـار ناکرێـت). هیـچ پێشـکەوتنێک لەبـارەی سـەرژمێرییەوە نەهاتووتـە ئـاراوە تـا ناوچـەی زۆرینـەی کوردنشـین دیـار بـکات. شـەڕێکی نـوێ دەسـتی پێکردووەتـەوە و ئێـران سـوودی لـەم دەرفەتـە وەرگرتـووە و یارمەتـی مـادی کـورد دەدات تـا ڕژێمـی سـەدام حسـێن ناسـەقامگیر بـکات. حکومەتـی عێـراق دەسـتی بـە گواسـتنەوەی دەیـان هـەزار کـورد کـردووە، بـە تایبەتـی بـۆ ناوچەکانـی باشـووری عێـراق. بـە گرتنەبـەری سیاسـەتی خاکـی سـوتاو، سـەدان گونـد خاپـوور کـراون تـا ڕێگـری بکرێـت لـە گەڕانـەوەی دانیشـتووەکانیان. ڕژێـم بـەو هیوایەیـە بناغـەی هێـزی پێشـمەرگە لاواز بـکات و هـەر

جـۆرە هەسـتێک بـۆ شوناسـی نەتەوەیـی کـورد لـە بەیـن ببـات، تـا بـەم شـێوەیە ڕێگـە بـە گەشـەی ناسـیۆنالیزمی عێراقـی بـدات.

کاتێــک لــە ســاڵی ١٩٧٥، شــا بــە پێــی ڕێککەوتنامــەی ئەلجەزایــر لەهەمبــەر دانپێدانانــی عێــراق بــە بانگەشــە ســنوورییەکانی ئێــران، دەســتی لــە پشــتگیری کردنـی کـورد هەڵگـرت، شۆڕشـی کـورد لـە ناوچـوو. دواتـر حکومەتـی عێـراق دەسـتی بــە جێبەجێکردنــی پلانــی ئاوەدانکردنــەوەی ناوچــە کوردییەکانــی کــرد و ســەر لــە نــوێ زەوییەکانــی دابەشــکردەوە و ڕێگــەی بــە گەڕانــەوەی بەشــێک لــەو ٤٠ هــەزار کەســەدا کــە بــە زۆری لــە باشــووری عێراقــدا نیشــتەجێ کــرا بــوون. لــە ئەیلوولــی ١٩٨٠دا، هەڵبــژاردن بــۆ هەڵبژاردنــی ٥٠ نوێنــەری ئەنجوومەنــی یاســادانانی هەرێمــە ئۆتۆنۆمییەکــی کــورد بەڕێوەچــوو.

یەکێکیــتر لــە پارتــە ســەرەکییە بەرهەڵســتکارەکانی کــورد، یەکێتــی نیشــتیمانی کوردســتانە کــە لــە ســاڵی ١٩٧٥ بــە جیابوونــەوە لــە پارتــی دیموکراتــی کوردســتان دامــەزراو لەلایــەن جــەلال تاڵەبانییــەوە ســەرکردایەتی دەکرێــت. لەهەمبــەر پارتــی دیموکـرات کوردسـتان کـە بـە پارتێکـی خێڵەکـی و تەقلیـدی هەژمـاری دەکات، یەکێتـی نیشــتیمانی کوردســتان، خــۆی بــە پارتێکــی چەپــڕە و شــاریی و مۆدێــرن لــە قەڵــەم دەدات. لــە ســاڵانی ١٩٨٠کانــدا یەکێتــی نیشــتیمانی کوردســتان، خــۆی لــە حکومەتــی بەغــدا نزیــک کــردەوە، بــەڵام دواتــر لەگــەڵ پارتــی دیموکراتــی کوردســتان دژی حکومــەت وەســتایەوە، کاتێــک بینیــان حکومەتــی عێــراق ســەرقاڵی شــەڕکردنە لەگــەڵ ئێرانییــەکان، ئــەوان گەیشــتنە ئــەو بڕوایــە دەرفــەت ڕەخســاوە ئۆتۆنۆمــی بــۆ خۆیــان دەســتەبەر بکــەن. لــە ســاڵی ١٩٨٣دا پارتــی دیموکراتــی کوردســتان لەلایــەن ســوپای ئێــران و شــیعە ناڕازییەکانــی عێــراق پشــتیوانی دەکــرا و بــە بەکارهێنانــی چەکــی ئێرانـی توانیـان چیـای دەوروبـەری حاجـی ئۆمـەران کـە شـەش کیلۆمەتـر لەنـاو خاکـی عێراقدایــە بگرنــەوە کــە هەشــت ســاڵ لەمەوبــەر لــە دەســتیان دابــوو. لــە مــاوەی هاویــن و پاییــزی ســاڵی ١٩٨٣دا، ئێرانییــەکان هێرشــی زۆرتریــان لــە نــاوەوەی ناوچــە کوردییەکانــی عێــراق ئەنجامــدا.

### تەکتیکەکانی سەدام

لـە کاتـە سـەختەکاندا، سـەدام حسـێن هەوڵیـدا لـە ڕێگـەی دانوسـتاندنەوە کـورد ئـارام بکاتـەوە، بـەڵام گفتوگـۆکان شکسـتیهێنا لـە دوای ئـەوەی یەکێـک لـە دوو لایەنەکـە ڕازی نەبـوو. گفتوگـۆکان لەگـەڵ یەکێتـی نیشـتیمانی کوردسـتاندا، کـە یەکێـک لـە دوو هێـزە گەورەکانـی کـوردە لـە سـاڵی ١٩٨٣وە دەسـتی پێکـرد (واتـە ئەوکاتـەی حکومەتـی عێـراق تووشـی کێشـەی کەمـی سـەرچاوەی دارایـی و سـەربازیی ببـووە لـە شـەڕی دژی ئێرانـدا)، بـەڵام لـە دوای چەنـد مانگێـک شکسـتیهێنا. ئەگەرچـی ئـەم گفتوگۆیانـە جـار ناجـار تـا سـاڵی ١٩٨٥ هـەر بـەردەوام بـوون. یەکێتـی نیشـتیمانی کوردسـتان، داوای گەڕانـەوەی هەشـت هـەزار خێزانـی کـوردی کـرد کـە بـۆ ناوچەکانـی باشـوور نێـردرا بـوون، هەروەهـا ئازادکردنـی زیندانییـە سیاسـییەکان، لـە ناوچـەی ئۆتۆنۆمیـدا کۆنترۆڵـی هێزەکانـی ئاسـایش لـە دەسـت خۆیانـدا بێـت، لـە خۆگرتنـی ناوچـە نەوتیەکانـی دەوروبـەری کەرکـووک بـۆ نـاو هەرێمـی ئۆتۆنۆمـی و دیارکردنـی ڕێژەیەکـی دیارکـراو لـە داهاتـی نـەوت [بـۆ هەرێمـی ئۆتۆنۆمـی]. هەروەهـا یەکێتـی نیشـتیمانی کوردسـتان، داوای هەڵوەشـاندنەوەی جاشـەکانی کـرد بـوو -واتـە ئـەو هێـزە ناڕێکخـراوەی لـە چوارچێـوەی ‹هێـزی سـووکدا خزمەتـی حکومەتـی بەغدایـان دەکـرد. جاشـەکانی سـەربە خێڵگەلێکـی زۆر لـە باکووری عێـراق بـوون و لـە میانـەی شـەڕی ئێران-عێراقـدا پشـتیوانی فەرمیـان لێدەکـرا.

سـاڵی ١٩٨٧ بزووتنـەوەی کـورد پێشـکەوتنی بـە خـۆوە بینـی، لـە میانـەی لێـک نزیکبوونـەوەی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و یەکێتـی نیشـتیمانی کوردسـتان و دواتـر دامەزراندنـی بـەرەی کوردسـتانی عێـراق کـە لـە پێنـج حیـزب پێکهاتبـوو. کاتێـک مەترسـییەکانی ئێـران لـە سـنوورەکانی باشـووری عێراقـدا نەمـا، ڕژێمـی سـەدام حسـێن بـەرەو باکـوور هەڵگەڕایـەوە تـا کـورد بەهـۆی هاوکاریکاردنیـان لەگـەڵ ئێرانـدا تەمبـێ بـکات. ئامـۆزای سـەدام، عەلـی حەسـەن ئەلمەجیـد، کـە هەنوکـە وەزیـری بەرگرییـە، [لـەم بـوارەدا] بـوو بـە سەرپەرشـتیاری سیاسـەتەکانی سـەدام. لـە سـاڵی ١٩٨٨دا، مەزەنـدە دەکرا نزیکـەی ٣٠٠٠ گونـدی کـورد خاپـور کرابێـت. یـەک لەسـەر سـێی ناوچـە کوردییـەکان لـە دانیشـتوان چۆلکـران. کوردێکـی زۆر بـە سـپڵە [بـۆ ڕژێـم] هەژمـار کـران کـە زۆرێـک لـە

پیاوانـی خێڵـی بارزانـی لـە خۆدەگـرت و پێدەچـێ گشـتیان لەنـاو بـراون؛ ئەوانـی دی بـۆ نـاو کەمپەکانـی باشـووری عێـراق گوازرانـەوە. دواتـر ئـەو کوردانـەی گوندەکانیـان وێـران کرابـوو، لـە باکـووردا خرانـە نـاو کەمپـەکان، واتـە لـە شـوێنێک کۆکرانـەوە کـە بـەراورد لەگـەڵ گونـدە شـاخاوییەکانیان، کۆنترۆڵکردنیـان ئاسـانتر بـوو. نزیکـەی ٦٠ هـەزار سـەرباز نێـردراون تـا هێـرش بکەنـە سـەر چەکـدار و خەڵکـی مەدەنـی. چەکـی کیمیـاوی بـە کارهێـنرا و لـە بەناوبانگتریـن حاڵەتـدا لـە شـاری هەڵەبجـە، نزیکـەی ٥٠٠٠ کـەس کـە زۆربەیـان ژن و منـداڵ بـوون بـە گازی ژەهراوییـەوە خنکێنـدران. بـە پێـی هەندێـك ڕاپـۆرت ژمارەیـەک لـە گوندەکانـی دیکـە بـە سـەدان هـەزار قوربانیـەوە بـە دەسـت هێرشـی گازی [کیمیاوییـەوە] دەناڵێنـن.

لــە ئەیلوولــی ١٩٨٨، هەڵمەتــی کۆمەڵــگا زۆرەملێــکان چڕتربــووەوە. هێزەکانــی عێــراق بــە درێژایــی ســنووری ئێــران و عێــراق، ناوچەیەکــی ئەمنــی ٣٠ کیلۆمەتــری چۆڵکـراو لـە دانیشـتوانی دروسـت کـرد. سـاڵی دواتـر نزیکـەی ٣٠٠ هـەزار کـەس لـەم ناوچانـەدا گوازرانـەوە. حکومـەت بانگەشـەی ئـەوەی دەکـرد بـۆ ئـەوان خزمەتگـوزاری باشــتر دابیــن دەکات.

بـە درێـژای دەیـەی ڕابردوو، هـەزاران کورد بێ سەروشـوێن کراون. لـە حوزەیرانی ١٩٩٠، ڕاپۆرتێـک لەلایـەن لێبوردنـی نیودەوڵەتیـەوە، کـە گروپێکـی مافـی مرۆڤـی سـەربەخۆیە، بڵاوکراوەتـەوە، ئامـاژە بـەوە دەدات لـە سـاڵی ١٩٨٨ەوە، ژمـارەی بـێ سەروشـوێنکراوەکان و لـە سـێدارە دراوەکانـی کـورد زیـادی کـردووە. هەندێـک لـە قوربانیـان ئـەو کەسـانەن کـە بەهـۆی لێبوردنـی گشـتی حکومەتـەوە لـە باشـوور گەڕاونەتـەوە.

تەنانـەت ئەگـەر کـوردی عێـراق، بـە بەردەوامـی ڕووبـەڕووی ئـازار و ئەشـکەنجە نەبنـەوە، بـەڵام لـە مافـە سیاسـی و ئابوورییـە سـەرەتاییەکان بـێ بەشـکراون. کاندیدەکانـی ئەنجوومەنـی یاسـادانانی کورد، پێشـوەختە لەلایەن حکومەتەوە وردبینیان لەسـەر دەکرێت و ئەنجوومەنەکـە وەک دەسـکەلای ڕژێمـی سـەدام هەژمـار دەکرێـت. تـا دۆزینـەوەی نـەوت لـە سـاڵی ١٩٦٩ لـە باشـووری عێـراق، کـوردی باکـوور لـە ڕێگـەی بەرهەمـە نەوتـی و کشـتوکاڵیەکانیانەوە، زۆرینـەی سـامانی عێراقیـان دابیـن دەکـرد. باکـوور تـا هەنوکـەش

بەردەوامـە لـە بەرهەمهێنانـی ڕێژەیەکـی سـەرەکی نەوتـی عێـراق. ڕژێـم هەوڵیـدا ناوچـە کوردییـەکان لـە ڕووی ئابوورییەوە وابەسـتەی بەغدا بن و چالاکییـە ئابوورییە خۆجێییەکانی لەناوبـرد. حکومـەت بـێ مەیلـە لـە ئەنجامدانـی سـەرژمێری، چونکـە لـەوە دەترسـێت سـەرژمێری نیشـان بـدات کـە کـورد (و لەوانەیـە تورکمانیش) لـە ناوچـە بەرهەمهێنەرەکانی نـەوت لـە کەرکـووک زۆرینە بـن و داواکاری ئەوان بـۆ چوونە ناو هەرێمـی ئۆتۆنۆمی بەهێز بـکات. حکومـەت ژمارەیەکـی زۆری خێزانی عـەرەب (و نەتەوەکانی دیکەی) لە باشـوورەوە بـۆ کەرکـووک هێنـاوە تـا ڕێـژەی دانیشـتوانی کـورد و تورکـمان کـەم بکاتـەوە (کەمینەیەکی هەرێـم، کـە چەنـد سـەدە لەمـەو بـەر بـۆ ئـەم ناوچەیە هاتـوون).

**پێشکەوتنەکانی ئەم دواییە**

دوای هێرشـی عێـراق بـۆ سـەر کوێـت لـە ئابـی ١٩٩٠دا و تێکشـکاندنی لەلایـەن هێزەکانـی هاوپەیمانـی فرەنەتەوەییـەوە، لـە کۆتایـی شـوباتی ١٩٩١دا، ڕووبەرێکـی فرەوانـی شـیعەکان لـە باشـووری عێـراق بـە تایبەتـی لـە بـەسرا و لـە ناوچەکانـی نێـوان بـەسرا و بەغـدا لـە دژی دەسـەڵاتی ناوەنـدی ڕاپەڕین. سـەدام حسـێن پاشـماوەی هێزەکانی [لـە شـەڕی کوێـت] و هێزەکانـی لـە بنکەکانـی باکـووردا بـۆ ئـەم ناوچەیـە ڕەوانـە کـرد تـا کۆنترۆڵـی بارودۆخەکـە بـکات. گروپـە ئۆپۆزیسـیۆنەکانی کـورد سـوودیان لـەم دەرفەتـە وەرگـرت و ڕاپەڕیـن. زۆرینـەی دانیشـتوان پشـتیوانی ئـەم گروپانەیـان کـرد و سـەرۆک جاشـەکان بڕیاریانـدا دژی حکومەتـی بەغـدا بوەسـتنەوە.

لـە کاتێکـدا ڕژێـم لـە ناوچەکانـی دیکـە سـەرقاڵ بـوو، کـورد دەسـتکەوتی بەرچاویـان بەدەسـتهێناوە و دەسـتیان بەسـەر زۆربـەی ناوچەکانـی باکـووری ڕۆژهەڵاتـی عێراقـدا گرتـووە بـە سـلێمانی، هەولێـر، دهـۆک و کەرکووکیـش لـە ٢٥ی ئـاداردا بـۆ ماوەیەکـی کـورت، بـەڵام کاتێـک ڕاپەڕیـن لـە باشـوور تێکشـکێنرا، حکومـەت هێزەکانـی بـەرەو باکـوور جوڵانـد. بەرگـری چەکدارانـە شانسـێکی کەمـی هەبـوو و لـە ٣ی نیسـاندا، حکومـەت دووبـارە دەسـتی بەسـەر زۆربـەی ناوچەکانـی باکـووردا گرتـەوە. ژمارەیەکـی زۆری هاووڵاتیـان لـە ترسـی هێرشـەکانی حکومـەت کـە هلیکۆپتـەر و تانـک و ڕۆکێـت و تۆپبارانـی بـەکار دەهێنـا، مـاڵ وحاڵیـان بەجێهێشـت.

نزیکـەی یـەک ١.٥ ملیـۆن کـورد و عێراقیەکانـی دیکـە خانووەکانیـان بـەرەوە ناوچـە شـاخاوییەکانی عێـراق و ئێـران و تورکیـا بەجێهێشـتووە و ناچـارن لـەم شـوێنانەدا لـە هەلومەرجێکـی دژواردا بژیـن و ڕۆژانـە خەڵـک بەدەسـت سـەرما و برسـێتی و تەقینـەوە و برینداریـەوە دەمـرن. ئازارەکانـی ئـەوان شـەوانە لەسـەر شاشـەی تەلەفزیۆنەکانـی جیهانـدا بڵاودەکرێتـەوە. کۆمەڵـگای نێودەوڵەتـی بـە خێرایـی بارودۆخەکـەی لەبەرچاوگـرت. لـە دەستپێشـخەرییەکی سـەرۆک وەزیرانـی بەریتانیـادا، ئۆپراسـیۆنی ‹دابینکردنـی ناوچـەی ئـارام› دەسـتی پێکـرد و ناوچـەی باکـووری عێراقـی کـردە کەمپێـک تـا پەنابـەرەکان و بـە تایبەتـی کـورد لـە دەسـت هێرشـەکاندا پارێـزراو بـن. نەتـەوە یەکگرتـووەکان دەسـتی بـە ئۆپراسـیۆنی فریاگـوزاری لـە باکـووری عێراقـدا کـرد و نزیکـەی ٦٠٠ فەرمانبـەر خەریکـی دابەشـکردنی خـۆراک و دابینکردنـی ئـاوی خواردنـەوە، تەندروسـتی و پرۆژەکانـی ئاوەڕۆن. ژیانـی هـەزاران کـەس پارێـزراوە.

دابینکردنـی ئاسایشـی ئـەم ناوچـە کاتیانـە لـە ئەسـتۆی هێـزە زەمینـی و ئاسـمانییەکانی بەریتانیـا، دانیـمارک، ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا، تورکیـا و فەرەنسـادایە. ئـەم ڕێکارانـەش، ڕێـکاری کورتخایەنـن تـا پێداویسـتییە سـەرەکیەکانی پەنابـەرەکان دابیـن بکرێـت. ئامانجـی سـەرەکی لـەم کارە بریتییـە لـە دڵنیـا کردنـەوەی پەنابـەرەکان بـەوەی کە داهاتوویـان پارێـزراوە تـا لـە چیاکانـەوە بێنەخـوارەوە و دواتـر بـۆ شـوێنەکانیان بگەڕێنەوە. حکومەتـی عێـراق یاداشـتنامەیەکی لەگـەڵ نەتـەوە یەکگرتـووەکان واژوو کـردووە کـە ڕێگـە دەدات بـە ئەنجامدانـی ئۆپراسـیۆنی فریاگـوزاری گشـتگیر. ئـەم یاداشـتنامەیە لێکتێگەیشـتنە لـە کانوونـی یەکەمـی ١٩٩١دا بـۆ شـەش مانگـیتر درێـژ کرایـەوە.

لـە ئـاداری ١٩٩١، حکومەتـی عێراقـی دەستپێشـخەری دەسـتپێکردنەوەی گفتوگۆکانـی لەگـەڵ بـەرەی کـوردی خسـتەڕوو و لەسـەر بنەمـای باشـترکردنی ڕێککەوتنامـەی ١٩٧٠ پێشـنیازی ئۆتۆنۆمـی کـرد. سـەدام حسـێن لـەوە تێگەیشـتووە کـە لـە پێگـە لاوازەکەیـدا دەبـێ لەگـەڵ کـورد پێـک بێـت. ئـەو ڕیسـواییەی سـەدام حسـێن سـەبارەت نەهامەتـی پەنابـەرە کـوردەکان تووشـیهات، بـوو بـە بەربەسـت تـا نەتـەوە یەکگرتـووەکان ڕازی بـکات گەمـارۆی سـەر عێـراق هەڵبگرێـت. سـەدام بـەو هیوایـەدا بـوو هێـزە نێـو

نەتەوەییەکان کە پاراستنی ئۆپراسیۆنی فریاگوازریان لە ئەستۆ بوو، بە خێرایی باکووری عێراق جێ بهێڵن، بەڵام ئەو مکوڕ بوو ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ کورد بە پێی مەرجەکانی خۆی بێت.

سەرکردەکانی کورد، پێشنیازی گفتوگۆیان قبوڵ کرد کە لە بەغدا ئەنجام درا. پارتی دیموکراتی کوردستان پتر لە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان پەرۆشی گفتوگۆکردن بوو. تەکتیکی سەدام بریتی بوو لەوەی لە کاتێکدا بەردەوامی بە گفتوگۆکان لەگەڵ سەرکردەکانی کورد بدات، لە هەمانکاتدا گوشاری سەربازی و ئابووری بەسەر کورددا بهێڵێتەوە، مەبەستی سەرەکیش بریتی بوو لە گوشار هێنانەسەر سەرکردەکانی کورد کە یان گەڕانەوەی حکومەت [بۆ ناوچە کوردییەکان قبوڵ بکات کە پێشتر پاشەکشەی لێکردبوو] یان بە ڕادەیەکی کەمتر لە ئۆتۆنۆمیەک ڕازی بن، کە پێشتر هەبوو.


دوای ئەوەی بەغدا گەمارۆی ئابووری بەسەر ناوچە کوردییەکاندا سەپاند، بارزانی لە پاییزی ١٩٩١دا، گفتوگۆکانی هەڵپسارد. پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند ئەوان ئامادەن دەست بە گفتوگۆکان بکەنەوە هەرکاتێک گەمارۆکە لابردرا. زۆرینەی فەرمانبەرانی کەرتی گشتی لە باکوور (کە لە نەتەوەی کوردن) چیتر لە لیستی مووچەی حکومەتدا نین. فەرمانبەرە پلە بەرزەکانی کەرتی گشتی کە سەربە بەغدان وەک پارێزگار (و هەروەها یەکەکانی هێزی چەکدار) لە ناوچە کوردییەکان پاشەکشەیان کردووە. مووچەی خانەنشینی و پارەدارکردنی گشت پرۆژەکانی کەرتی گشتی سەربە حکومەت وەستاوە. بەغدا تا ئاستێکی بەرچاو بەشە خۆراک و سوتەمەنی باکووری لە ئەنبارەکانی حکومەتدا، بۆ فرۆشتن بە نرخێکی دیارکراو، کەمکردووەتەوە. بازگەکانی پشکنینی لەلایەن سوپای عێراقەوە بەسەر گشت ڕێگاکانی بەرەو باکوور توندکردووە. ئۆتۆمۆبێلەکان دەپشکێندرێن و خۆراک و سوتەمەنی و کاڵا بەکاربەرەکان دەستی بەسەردا دەگیرێت. لە وەڵامدا سەرکردەکانی کورد پێداگری لەسەر ڕادەیەک لە سەربەخۆیی ئابووری دەکەن. فەرمانە لە شۆفێری بارهەڵگرە تورکیەکان وەردەگیرێت کە دەچنە عێراق و بەرەی کورد بە بەردەوامی بەشە کۆپۆنی (ration cards، بطاقات التموين) تایبەت بە


خـۆی دابـەش دەکات. حکومەتـی عێـراق بـە پێچەوانـەی بڕیـاری ٦٨٨ی ئەنجوومەنـی ئاسایشـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان هەڵسـوکەوت دەکات، کـە داوا لـە حکومەتـی عێـراق دەکات کۆتایـی بـە سـەرکوتکردن بهێنێـت و هـاوکاری هەوڵـە مرۆییـەکان بێـت. سیاسـەتەکانی عێـراق لـە دژی پەنابەرەکانـی شـیعە لـە باشـووردا زۆر سـەرکوتکارانەترە.

لـە مانگـی ئایـار، بـۆ هەڵبژاردنـی سـەرۆکێکی کـورد و ئەنجوومەنـی هەرێمـی کـوردی عێـراق، هەڵبژاردنـی ناوچەیـی لـە باکـووری عێراقـدا بەڕێـوە دەچێـت تـا بەرپرسـیارێتی ئیـدارەی مەدەنـی لـە ئەسـتۆ بگرێـت و پێشـمەرگە یـەک بخاتـەوە. پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان پێداگـری لەسـەر ئـەوە دەکات کـە هەڵبژاردنـەکان بەپێـی ڕێککەوتنامـەی ١٩٧٠یـە کـە ناوچەیەکـی ئۆتۆنۆمـی بـۆ کـوردی دامەزرانـد و پێداگریـش لـەوە دەکات ئـەم هەڵبژاردنـە بـۆ دامەزراندنـی حکومەتێکـی بەدیلـی [حکومەتـی بەغـدا نییـە].

سـەدام حسـێن بـەو هیوایەیـە کـوردی باکـوور بگەڕێنێتـەوە ژێـر کۆنترۆڵـی دەسـەڵاتی ناوەنـدی، ئەویـش بـە وروژاندنـی دەسـتێوەردان لەلایـەن کۆمەڵـگای نێودەوڵەتیـەوە. هاوپەیمانـان، هێـزە ئاسـمانیەکەی لـە باشـووری تورکیـادا جێگـر کـردووە تـا بەرپەرچـی، سـەرلەنوێ سـەرکوتکردنی خەڵکـی باکـووری عێـراق بداتـەوە. نەتـەوە یەکگرتـووەکان بەردەوامـە لـە بەجێگەیاندنـی ئۆپراسـیۆنی فریاگـوزاری لـە عێراقـدا، هـاوکاری بەریتانیـا لـەم ئۆپراسـیۆنەدا لـە نیسـانی ١٩٩١ گەیشـتووتە ٥٠ ملیـۆن پاوەنـد.

[تێبینی: لەسەر ئەم نەخەشەیەی خوارەوە نووسراوە زۆر نهێنی (secret). وەرگێڕ]


TURKEY
Van
Diarbakr
Siirt
Mardin
Cizre
Zakho
Amadia
Dohuk
Aqra
Ain Zalah
Hasseche
Balad Sinjar
Tall Afar
Mosul
Great Zab
Erbil
Shaqlawa
Qala Dizeh
Sardasht
Qaiyara
Altun Kopru
Kirkuk
Chemchemal
Sulaimaniya
Penjwin
Marivan
Qal'a Sharqat
Fatha
Tauq
Qaradagh
Halabja
Baiji
Tuz Khurmatli
Tikrit
Kingirban
Deir ez Zor
Abu Kemal
Ana
Al Qaim
Haditha
Samarra
Qara Tepe
Qaraghan
Jalaula
Khanaqin
Naft-i-Shah
Qizil Rabat
Shahraban
Baquba
Mandali
Ramadi
Habbaniya
Fallujah
BAGHDAD
IRAQ
SYRIA
IRAN
Shahpur
Tabriz
Rezaieh
Maragheh
Saqqiz
Sannandaj (Sinneh)
Sunqur
Hamadan
Kermanshah
Karind
Shahabad
Zenjan
Khorramabad
Muhaiwir
Rutba
Al Aziziya
Tigris


OR 5395
IRAQ
SCALE 1:2,000,000 OR 47 MILES TO 1 INCH
REFERENCE
International Boundary
Railways
Pipe Line
Main Roads
Other Roads
KUWAIT
Neutral Zone
TAPLINE
TO SIDON
TO BAHRAIN
EUPHRATES
BAGHDAD
Sakaka
Salman
Shabicha
Busaya
Ansab
Lina
Nukaib
Hille
Basra
Zubair
Ahmadi
S
A
U
D
I
A
R
A
B
I
A
I
R
A
Q

# ناسنامەی دەستە

پرۆژەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پێناو ناساندن، کۆکردنەوە، بە دیکۆمێنتکردن و بڵاوکردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەریی کار و خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر پێشنیازی ڕێزدار مەسرور بارزانی، لە ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە.

ئەم بەرهەمەی بەردەستی بەڕێزتان بەشێکە لە هەوڵ و ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیە.

P.D.K ENCYCLOPEDIA